تصویر ابو عبدالرحمن الكردي

سەرجەم بەرهەمەکانی

مامۆستا هێمن

www.iqra.ahlamontada.com
منتدى إقرأ الثقافي

تاریک و ڕوون، ناڵەی جودایی، بارگەی یاران و نامە و پەخشانەکان

بۆدابەزاندنی جۆرەها کتێب:سەردانی: (مُنتَدى إقْرَأ الثَقافِي)

لتحميل انواع الكتب راجع: (مُنتَدى إقْرَأ الثَقافِي)

براي دانلود كتابهاى مختلف مراجعه: (منتدى اقرأ الثقافي)

www. Iqra.ahlamontada.com

منتدى إقراء الثقافي

www.iqra.ahlamontada.com

للكتب (كوردى ,عربي ,فارسي)

ناوی کتێب: سەرجەم نووسینەکانی مامۆستا هێمن

ساڵی چاپ: ٢٠١٤

تیراژ: ٢٠٠٠ دانە

چاپخانەی: هەولێر

نرخ: ٣٨ هەزار تمەن

نرخی هەردوو بەرگ: ٨٠ هەزار تمەن

کتێبی یەکەم:

سەرجەم شێعرەکانی هێمن

....

کتێبی دووهەم:

سەرجەم نووسراوەکانی هێمن

ناوەرۆک

کتێبی یەکەم: سەرجەم شێعرەکانی هێمن

دیوانی تاریک و ڕوون ۱۳
لە کوێوە بۆ کوێ؟ ۱۵
کوردم ئەمن ٦۳
وتوویژی کچ و کوڕ ٦٤
خاوەنی زێڕ ٦٦
دەڵێم و بێ باکم ٦٧
قەڵای نیشتمان ۷۰
ئەمەکی گوڵان ۷۱
بەهاری لادێ ۷۳
تۆم هەر لەبیرە ۷۷
کیژی لادێ ۷۹
دوارۆژی ڕووناک ۸۱
ڕۆژی شادی ۸٤
یادگاری شیرین ۸٦

ڕێبەندان و شاعیر ٨٩
بژی دیموکرات ٩٢
ڕۆژی خۆشی ٩٤
هەتاوی ئیقباڵ ٩٦
ڕەشەمە ٩٨
دایکی نیشتمان ١٠٠
نەورۆزی ڕزگاری ١٠٢
پێکەنینی گوڵ ١٠٤
بلوێری شوان ١٠٦
کورد و ئازەربایجانی ١٠٨
ڕۆژگاری ڕەش ١١٠
کچی مەهاباد ١١٨
بەهاری کوردستان ١١٩
بابردەڵە ١٢٧
فرمێسکی گەش ١٣٠
گریانی نیوەشەو ١٣١
ئارەزووی فڕین ١٣٢
خونچەی سیس ١٣٤
گۆمی خوێن ١٣٦
ئاواتی بەرز ١٣٧
بەغدا نیوەی ڕێیەت بێ ١٤٢
موو ناپسێنم ١٤٤
تووڕەیی ١٤٦
بۆسەی ڕۆژگار ١٤٧
چارەنووسی شاعیر ١٤٨
جۆلانە ١٥٠
ماچی شیرین ١٥١
هێلانەی بەتاڵ ١٥٢

گلێنەی شاعیر	١٥٣
گێژەڵووکەی خەزان	١٥٤
گوڵی هیوا	١٥٦
ڕاوە بەراز	١٥٨
شینی گۆران	١٦٥
تەپڵی ئەمان	١٦٨
پەری شێعر	١٧٠
ناسۆری تەشەنا	١٧٤
ڕەق هەڵاتم	١٧٦
گەرمەشین	١٧٧
مەتەرێزی شەرەف	١٧٩
شەنگەبێری	١٨٢
ئامێزی ژن	١٨٤
شەپۆلی تۆڵە	١٨٦
ترۆپکی ڕزگاری	١٨٩
گاو و گەردوون	١٩١
شەو و شەیتان	١٩٣
سنوور	١٩٧
ئارەق و تین	١٩٨
فریشتەی پەرپوە	٢٠٣
کاروانی خەبات	٢٠٦
لە بیرم مەکە	٢١٠
یادم بکەن	٢١٧
دەسکەوتی خەبات	٢١٩
شەوگاری تەنیایی	٢٢٥
شەوی شاعیر	٢٢٦
بناری هەڵگورد	٢٢٩
پەیامی ڕانەگەیەندراو	٢٣٥

وردەواڵە	٢٣٧
دڵی شاعیر	٢٣٨
تەرجەمە لە ئەنوەریەوە	٢٣٨
بۆ چمن	٢٣٩
بۆ کچە کوردێک	٢٣٩
پەری ئازادی	٢٤٠
بۆ خانمی لازار	٢٤٠
دیلی دیل	٢٤١
شنە	٢٤١
بۆ ئاغای لبادی دارایی	٢٤٢
رقی پیرۆز	٢٤٢
دیوانی نالەی جودایی	٢٥٠
پێشەکی	٢٤٥
مانگەشەو	٢٤٩
ناڵەی جودایی	٢٥٠
جوانی ڕەشپۆش	٢٦٠
تاوانی بێ هێزی	٢٦١
ئێوارەی پایز	٢٦٢
بەرەو ئاسۆ	٢٧٠
جوان ئاسووتێ	٢٧٢
سازی ناساز	٢٧٣
ماچی خودایی	٢٧٥
دەستی تەزیو	٢٧٧
کوانێ؟	٢٧٧
جوانی بەس نییە	٢٧٨
پەرستاری ڕەشپۆش	٢٨٠
چاویلکە	٢٨١

خۆزگه ٢٨٢
عیشق و ئازادی ٢٨٣
سووڕی دەوران ٢٨٥
خاک ٣١٢
شەرابی خەست ٣١٣
خەوم نایە ٣١٤
ڕێژنە ٣١٥

دیوانی بارگەی یاران ٣١٧
بەهاری زەرد ٣١٩
زیندەبەچاڵ ٣٢١
بەهار هەر دێ ٣٢٤
ڕەوەز ورد نابێ ٣٢٦
بەهاری ئاڵ ٣٢٨
فرمێسکی ڕونوو ٣٣٥
خانەنشین ٣٣٩
ئاپۆلۆی ماچ ٣٤٠
بارگەی یاران ٣٤١
تەوەری جەور ٣٤٣
شینگێڕی ٣٤٥
جێژوان ٣٤٨
دەسرێژی لاوان ٣٤٩
چوارینە ٣٥٢
بۆ شەهیدانی کوردی تورکیا ـ گریانی ڕونوو ٣٥٣
چەند بەرهەمێکی بەرایی ٣٥٥
کوردم ئەمن ٣٥٧
مەحکەمەی ئیستیقلال ٣٥٩
هەڵدەکەم ٣٦١

بەهاری زانین ٣٦٣
جێژنی ئازادی ٣٦٥
دەمەتەقەی دوو خوێنمژ ٣٦٨
شینی ژنە کوردێک ٣٧١
کوردەگیان ٣٧٤
نامەیەکی هێمن بۆ هەژار ٣٧٥
نامەیەکی هەژار بۆ هێمن ٣٧٧
ژارگەی ماران ٣٧٩
فەرمەنگۆک ٣٨٣

کتێبی دووهەم: سەرجەم نووسراوەکانی هێمن (هەواری خاڵی)

هێمنی شاعیر و مروڤ ٤٢٧
شاعیری گەل ٤٣٥
شێرەژن ٤٥١
یەکەم ڕۆژنامەی کوردی لە کوردستانی ئێران ٤٥٩
نامەیەکی ئەدەبی ٤٦٧
ئەرکی بەیان لە هەلومەرجی ئێستادا ٤٧٥
مامۆستای شاعیرانی موکریان ٤٨٣
حاجی قادری شۆڕشگێڕ ٤٩٧
عەلی ئاشق ٥١١
زۆرزانیش بەهەڵە دەچن ٥٢١
ئەرکی نەتەوایەتی ئێمڕۆی شاعیر و نووسەرەکانمان ٥٢٧
وەڵامێکی دۆستانە ٥٣١
ئەزموونی شاعیریم ٥٣٩
ئاسۆگە ٥٥٣
کورد بۆ گشتی شاعیرە ٥٥٧
چەند نوکتەیەک لەبارەی مێژووی ئەدەبی کوردییەوە ٥٦٣

پێشەکییەک بۆ «پێکەنینی گەدا»ی حەسەن قزڵجی ٥٧١
پێشەکی بۆ قەڵای دمدم ٥٧٧
هەژار و شەرەفنامە ٥٨٩
پێشەکی بۆ دیوانی نالی ٥٩٧
ڕاوە تاژی ٦٠٥
نەورۆز ٦١٧
جوانترین دیمەن ٦٢١
بووکی یەکشەوە ٦٢٥
هەواری خاڵی ٦٣٣
مەهاباد ٦٣٩
لە ڕۆژێکی پایزیدا ٦٤٣
شیری بەدەستێکەوە بوو هەتاوی بەدەستی دیکەوە ٦٤٧
ئەو جۆرەی بتەوێ ٦٥٩
ڕێزی نان بگرن ٦٦٧
کورتەی ئۆدیسە ٦٧١
وشە ونبووەکان ٦٧٩
لامەزەبی خێرەومەند ٦٨٥
تەنیا هەمیشە تەنیا ٦٩٣
چیرۆکی کولەکە ٦٩٧
مامۆستا هێمن و دیوانی تاریک و ڕوون و چەند پرسیارێک ٧٠٥
وتووێژ دەگەڵ مامۆستا هێمن ٧١٣
دەگەڵ مامۆستا هێمن ٧٢١
وتووێژێکی بڵاونەکراوە دەگەڵ مامۆستا هێمن ٧٢٥
لە بەهاری شیلاناوێوە تا پایزی ورمێ ٧٣٩
نامە بۆ کەریمی قەییومی: یەکەم ٧٧٩
نامە بۆ کەریمی قەییومی: دووەم ٧٨١
نووسینەکانی بەرایی ٧٨٣
خۆت بناسە ٧٨٥

ڕۆژی کارە ٧٨٧
سکاڵایەک لەگەڵ نیشتمان ٧٨٩
شێخ یوسف شمس الدین البرهانی ٧٩١
نامەی کچێکی دیل ٧٩٣
ئازایەتی سمایل ئاغای سمکۆ ٧٩٧
ئازادیمان دەوێ ٧٩٩
نامەیێکی سەرئاوەڵە ٨٠١
ئەی دنیا بزانە کورد سەربەخۆی دەوێ ٨٠٣
ژوانی دوو خوێنمژ ٨٠٥
بۆچی کوردستانو لەبیر کردووە؟ ٨٠٧

تاریک و روشن

له كوێوه بۆ كوێ!

من بۆخۆم وام، ڕەنگە زۆر کەسیش وابن، کە شێعری شاعیرێک یا نووسراوەی نووسەرێک دەخوێنمەوە «چ زیندوو چ مردوو» پێم خۆشە خۆشــی بناسم. بزانم کێیە؟ خەڵکی کام وڵاتە؟ کاری چییە؟ چۆن دەژی و ئەگەر مردووە چۆن مردووە؟ لە کوێ نێژراوە؟

بۆیە بڕیارم دا سەرگوزشتەی خۆم لە سەرەتای ئەم بەشەی دیوانەکەم دا بنووسم. بە کێم گووتبا ئەو سەرگوزشتە بنووسێ؟ کێ من لە خۆم باشتر دەناسێ؟

پێوە بووم زۆر درێژی بنووســم. تەماشــام کرد دەبێتە چیرۆکیکی درێژ و شیرین و پڕ کارەســات. چ چیرۆکیک لە بەسەرهاتی ئینسانێک لە واقیع نیزیکترە؟ ئەویش بەسەرهاتی ئینســانێکی نیزیکەی پەنجا ســاڵی لە ساڵەکانی چەرخی بیســتەم، ئەو چەرخە سەیر و سەمەرەیە، ئەو چەرخە پڕ کێشە و شەڕ و شووڕە، ئەو چەرخە پڕ لە کارەسات و پەلامارە، ئــەو چەرخە پڕ لە شــۆڕش و ئاڵوگۆڕە وەبیر بێ. بەتایبەتی ئەگەر ئەو ئینســانە کورد بــێ. کوردیکی بێ بەش و چارەڕەش بێ و تا ڕادەیەک لــە خەباتی ڕزگاریخوازی نەتەوە زۆرلێکراوەکەیدا بەشــداربووبێ. بەڵام بەداخەوە بۆم نەکرا. بەشی زۆری لەبەر تەوەزەلیی خۆم. با بمێنێ بۆ هەلێکی تر ئەگەر مام وازی لێ نەهێنم.

خوێنــەری خۆشەویســت! پێت وا نەبێ لێفەم لەســەر هەتیــوان هەڵداوەتەوە و لە بنی کوولەکەم داوە و هەرچیی هەیە نووســیومە. نا هەر وا کورتە سەرگوزشــتەکەمت بۆ دەگێڕمەوە.

شاعیری هیچ قازانجی بۆ من نەبووبێ ئەو قازانجەی هەبووە کە ئەو ناوە دوور و درێژەی «سەید محەممەد ئەمینی شێخەلئیسلامی موکری» لە کۆڵ کردوومەتەوە.

باوکم ناوی ســەید حەسەنی شێخەلئیسلامی موکری بوو. لە تۆرەی مەلا جامی چۆڕی بوو کە سێســەد ساڵ لەوە پێش هاتۆتە سابڵاخ و بنەماڵێکی گەورەی لەو مەڵبەندە پێک هێناوە. دایکم ناوی زێنەب و کچی شـێخی بورهان بوو کە ئێســتا بنەماڵەیەکی گەورەی موکریانن.

بەهاری ســاڵی ١٣٠٠ی هەتاوی (١٩٢١ی زایینی) بە شــەوی جێژنی بەراتێ لە گوندی لاچین نزیکی سابڵاخ لەدایک بووم. مێژوکم لە مەمکی دایکم نەکردووە و فرچکم بە شیری دایەن گرتووە.

دایکم زۆری بەچاوی دادەدامەوە و دەیگوت: تۆ پێوقەدەم ڕەش بووی. هەر تۆم وەزگ کەوت لەشی ســاغم بەخۆمەوە نەدی. نەخۆشیم پێوە نووسا، کوێرەوەری و پەژارە ڕووی تــێ کردم. لەســەر مانگ و ڕۆژی خــۆم بووم کە ناچاربووین بڕەوێــن و بچینە لادێ. کە بەڕێوویــەوە، نە من تلْپاتی تەڕم لە مەمکیدا بوو، نە باوکت ســیپاڵێکی لە ماڵێدا مابوو. لەشــکری شــکاک وەک ئێمەشی وەک هەموو خەڵکی سابڵاخ ســاف لەساف تاڵان کرد و گەسکی لەو ناو ماڵەدا کە سێسەد ساڵ بوو وەسەریەک نرابوو و بەمیرات بۆ باوکت بەجێ مابوو.

منیش جارجار بەپێکەنینەوە دەمگوت دایەگیان سووچی من چییە؟

دایەنەکەم ناوی یاســەمەن و خەڵکی ئازەربایجان بــوو. لەلەکەم کە ناوی عیزەت بوو خەڵکی تورکیا بوو، ئەو دووانە لەبەر هەژاری و نەداریی خۆیان پەڕیوەی کوردستان ببون و لە گوندەکەی ئێمە گیرســابوونەوە و لە سەروبەندی لەدایکبوونی مندا منداڵێکیان ببوو. منداڵەکەی ئەوان لە من بەختەوەرتر بوو، نەژیابوو و تووشــی کوێرەوەریی دنیا نەهاتبوو و عەمری درێژی بۆ من بەجێ هێشتبوو و پارووی دایک و بابیشی لە ڕۆنی هاوێشتبوو.

ئــەو ژن و پیاوە هەژارە و ئاوارە بەدڵ و گیــان منیان بەخێو دەکرد و زۆریان خۆش دەویستم. منیش ئۆگری ئەوان ببووم وەک دایک و بابی خۆم خۆشم دەویستن.

لەبیرمــە زمانی ئەوانم وەک بلبــل دەزانی، جا نازانم تورکیم دەزانی یا ئازەری؟ ڕەنگ بێ ئازەری بووبێ، چونکە منداڵ زمانی دایکی باشتر فێر دەبێ.

مردنی عیزەت و تۆرانی یاسەمەنم باش وەبیر دێ. ئەم ڕووداوە یەکەم زەبری توند بوو کە وەهەســتی ناسکی منداڵانەی من کەوت و یەکێکە لە بیرەوەرییە هەرە تاڵەکانی ژیانم.

لە ڕاســـتیدا من دوو جار هەتیو بووم و دووجارم دایک و باب مردوون: جارێک بەساوایی و جارێک بە پیری.

بابم هەم دەوڵەمەند بوو، هەم بەدڵ و دەسبڵاو، چاکی بەخێو دەکردین، پێنج خوشک و دوو برا بووین، کاکم و خوشکێکم لە من گەورەتر بوون. بەمنداڵی زۆر تێروتەسەل و کۆک و پۆشتەبووم. بەڵام کۆیلە و دیل بووم، کۆیلەی ناو قەفەزی زێڕ، کۆیلەی ڕێوشوێنی کۆن.

ڕێوشـــوێنی بنەماڵەکەمان ئیجازەی نەدەدا من لەگەڵ هاوتەمەنەکانم گاڵتەوگەپ بکەم. چونکە من کوڕە دەوڵەمەند بووم و ئەوان کوڕە هەژار. من کوڕی شێخەلیسلامیی بەناوبانگ بـــووم، ئەوان کوڕی لادێییەکی بێ ناوونیشـــان. من بەروپشـــت ئەتلەس بـــووم و ئەوان کەڕەکرمانج. من کۆک و پۆشتە بووم و ئەوان ڕووت و ڕەجاڵ.

ئاخ...! گەورەکانم تێ نەدەگەیشتن من چەند پەرێشان و کەلەلام، ئەوان نەیاندەزانی بەو کردەوەی خۆیان چۆن هەستی من بریندار دەکەن، برینێک کە دەبێتە گریمانەی ڕووحی و تا مردن سارێژ نابێ.

ئێســـتاش کـــە وەبیرم دێتەوە کزەم لە جەرگی دێ و خەمێکـــی گران دام دەگرێ، کە من لە هەموو خۆشـــیی ســـەردەمی منداڵی بێبەش بووم. لەپێش چـــاوی من منداڵەکانی گوندەکەمـــان، ئەو ڕەش و ڕووتانەی هاوشـــانی من نەبـــوون! بەئازادی و بێباکی گاڵتە و گەمەیان دەکرد، لە خاک و خۆڵ دەگەوزین، لە ســـەربانان هەڵدەبەزین، لە قوڕ و چڵپاودا غارغارێنیان دەکرد، لەسەر تەپۆلک و کۆپەین ملانەیان دەگرت، لەسەر سەهۆڵ خلیسکیان دەکرد، لەسەر لۆدە کا بازبازێنیان دەکرد، بەگژ یەکدا دەچوون، پێک هەڵدەپڕژان، ئاشت دەبوونـــەوە، ئاورۆچکەیان دەکردەوە و خانووچکەیان دروســـت دەکرد. هێلانە چۆلەکەیان دەردەهێنا، تەبکەیان دەناوە. هەلووکێن، تۆپێن، هەمزەل، هەنگڵەشـــەلە، دایە من مەمدە بەگورگی، هەڵوای بەشـــەپان، قەرەقەرێ و دەیان جۆرە گاڵتـــەی دیکەیان دەکرد. بەڵام من بەو تاوانەی کە نەجیبزادە بووم دەبوو وەک گەورە گەوران لە دیوەخان لەســـەر چۆک دابنیشم و متەقم لەبەر نەیەتە دەر! بۆ بەدبەختی لە ماڵی ئێمەاد نێرینەی لە من بچووکتر نەبوو. دەبوو لەبەر هەموویان یەک پێ هەســـتم و تا ئیزنم نەدەن لەبەر دەسیان ڕاوەستم و دانەنیشـــم، لەدوای هەمـــووان نان و چام بۆ دابنێن. چەندم پـــێ خۆش بوو نە کەوای مەخمـــەر و تاقـــە و قوتنی و خەزەلم لەبەردا با، نە پانتۆڵی ئاڵمانی زەردم لە پێدا با، نە کاڵەی شەمامەبەندی ئاوریشم چنم لە پێدا با و نە شەدەی سەوزم لەسەر با و نە پشتێنی پەشمینەی کەسکم لە پشتدا با و وەک منداڵە ڕووتەڵانەکان ئازاد بام.

نەڵێن ماشاڵڵا کوڕەکە لەو تەمەنەشدا ئازادیخواز بووە و هەستی بەجیاوازیی چینایەتی کـــردووە و ڕقی لێ بـــووە، نەخێر نەوەڵڵا نە ئازادیخواز بووم و نە تڕەماش، وازم لە گەمە و یاری بوو و براوە.

تەنیا بیرەوەرییکی خۆشم لە زەمانی منداڵیم هەیە، ئەویش ئەوەیە شەوانە دەچوومەوە ژووری و ســـەرم وەســـەر ڕانیَ دایە مرۆت دەکرد و ئەویش حیکایەتی بۆ دەکردم، تا خەو دەیبردمەوە. دایە مرۆت پیرێژنێکی دنیادیدەی کۆنســـاڵ بوو. بۆ خۆی نەیدەزانی تەمەنی چەندە، بەڵام بێگومان زۆری لە ســـەد ســـاڵ هەڵبواردبوو. شەش پشتی بنەماڵەی ئێمەی دیبوو، سەرسپی و هاودەمی دایکم بوو. ڕووح سووک، قسە خۆش و نوکتەباز بوو، هەزاران نەقل و نەزیلەی خۆشـــی دەزانی و بۆی دەگێڕامەوە. زۆر شـــتی بەنرخ لەو فێربووم کە لە ژیاندا کەڵکم لێ وەرگرتن. ڕووحی شاد بێ.

ئەلفوبێم لە خزمەت مامۆســـتا ســـەعید ناکام خوێند، کە ئەودەم مێرمنداڵ بوو. کاکم کە مامۆســـتای تایبەتی بـــۆ ڕاگیرابوو، زۆر لـــە خوێندن دەترســـا و خەریک بوو منیش بترســـێنێ و بەمەرەدی خۆی بەرێ. بەڵام مامۆســـتا ناکام نەک هەر ســـامی لە خوێندن شکاندم، بەڵکە تێی گەیاندم خوێندن خۆش و شیرینە. پێش ئەوەی ئەلفوبێم پێ بناسێنی بزنۆکە و مەڕۆکەی حوسێن حوزنیی ئەوەندە بۆ خوێندبوومەوە هەمووم لەبەر بوو. کتێبی ئەنجومەنی ئەدیبانی ئەمین فەیزیمان هەبوو. شـــێعرە گاڵتەکانی شێخ ڕەزای فێر دەکردم. لەبیرمە قەســـیدە درێژەکەی عارف سایبم کە وا دەس پێدەکا: «ئاوارەیی خاکی وەتەن و سەیر و سەفا خۆم» لەسەرڕا بۆ خوارێ لەبەر بوو، وەک تووتی دەمخوێندەوە و لە مانای نەدەگەیشتم.

کە ســـامم شکا بابم ناردمیە سابڵاخ تا لە مەدرەسەی دەوڵەتی بخوینم. لەپێشدا زۆرم پێ خۆش بوو. لە مەدرەسەی «سەعادەت» ناونووسیم کرد. بەڵام کە ڕۆژی هەوەڵ چوومە سەر کلاس تۆقیم و وەختابوو شێت بم. من منداڵێکی لادێیی نازداربووم، لە کوردی بەولاوە هیچ زمانم نەدەزانی لە مەدرەسەش کەس نەیدەوێرا بە کوردی قسە بکا.

مـــن لـــە ژیانمدا ڕۆژی ڕەش و تاڵم زۆر دیون، بەڵام ڕۆژی ڕەشـــتر و تاڵترم لەو ڕۆژە نەدیوە کە چوومە مەدرەسە. مامۆستاکەم کە خۆی کورد بوو و دوایەش تێگەیشتم فارسی باش نازانێ، بەفارســـی تێی ڕاخوڕیم هیچی تێ نەگەیشتم. هاودەرسەکانم کە هەموویان لە من باوخۆشـــتر بوون پێم پێ کەنین، زۆر بەخۆمدا شکامەوە. ماوەیەک بەشەو لەبن لێفەدا لە ترسی مەدرەسە دەگریام و بەیانی بەقرخەمەرەسی دەچوومەوە. منداڵ هەموو گاڵتەیان

پـــێ دەكردم و پێیان دەگوتـــم «كرمانج». لە مەهاباد بەخەڵكـــی لادێ دەڵێن كرمانج و بەوشـــەیەكی ســـووكی دەزانن. دوایە بۆیان گێڕامەوە دەیانگوت بەفارســـی جنێومان پێ داوی و حاڵی نەبووی. چابوو سێ چوار كوڕەپوورم لەو مەدرەسە دەیانخوێند و لەسەریان دەكردمەوە. دەنا منداڵە وردكە لەوانە بوو شـــێتم بكەن. ئێستاش نازانم كوێڕا فارسی فێر بووم و لەگەڵ وەزعەكە ڕاهاتم.

مەدرسەكەمان خانوویێكی گەورە و كۆن و كەلاوە بوو. تاقە چاوەیەكی ئاودەست هەبوو قەت وەبەر نەدەكەوت. مزگەوتمان لێ نیزیک بوو، بەڵام نە فەڕاشـــی مەدرەسە دەیهێشت وەدەركەوین و نە مجێوری مزگەوت ڕێگای دەداین بچینە ئاودەســـتی مزگەوت. بۆشكەیەک ئاوی چۆمی بۆگەن لە بن دیوارێک داندرابوو. دەفرێكی تەنەكەیان لەسەر دانابوو، ئەو هەموو منداڵە بەو دەفرە ئاویان دەخواردەوە. هەمیشـــە لەسەر چوونە ئاودەست و ئاوخواردنەوە شـــەڕ لەنێو شـــاگردەكاندا پەیدا دەبوو و «نازم»ی مەدرەسە، كە پیاوێكی زۆر زاڵم بوو بیانووی وەگیر دەكەوت كە داركاریان بكا.

ژووری دەرس خوێندنمـــان تەنـــگ و تاریـــک بـــوو. پەنجەرێكی تێدا بـــوو كە لەباتی شووشـــە كاغەزی لێ درابوو. بۆ ئەوەی ڕووناكتر بـــێ كاغەزەكەیان بەڕۆن چەور كردبوو. كورســـییەكانی چەپرەک و شـــكاو بوون. مێز و كورسی مامۆستاش لە ئێمە باشتر نەبوو. مامۆســـتاكەمان پیرەپیاوێكی كوێرەمووشەی زۆر تووڕە و تۆسن بوو. هەمیشە سێ چوار شووڵی ئاڵووباڵووی لووس و لێک و ئەستووری لەسەر مێزەكە داندرابوو. هەركەس دەرسی نەزانیبـــا یا ورتەی لەبەر هاتبا دەر زۆر بێ ڕەحمانە وەردەگەڕا ســـەروگوێلاكی. تا فێری فارسی بووم دوو سێ جاری بیزار كردم. بەڵام لەدواییدا لێی نەدام. كە مامۆستا چووبا دەر شـــاگردێک كە پێیان دەگوت «موبســـیر» لە جێگای ئەو دادەنیشت. ئەركی ئەوەبوو هەر كەس برۆزی بكا بەمامۆستا بڵێ. هەموومان لە موبسیر پتر دەترساین تا لە مامۆستا. هۆی ئەوەبوو مامۆســـتا ڕقی لە كەس نەبوو و لە خۆڕا لە كەسی نەدەدا، بەڵام موبسیر ئەوەی نەیدەزانی ڕقی لە هەر كەس بایە با هیچیشـــی نەكردبا شكایەتی لێ دەكرد و مامۆستاش بێ لێپرسینەوە و بێ ڕاگەیشتن دەیكوتا.

بەرنامەی دەرسەكانیشـــمان تازە فیكری لێ دەكەمەوە زۆر گران بوو. ئەو ســـاڵی وام ڕابوارد و لە ئاخری ســـاڵێدا یەكێک بووم لە باشـــترین شاگردەكانی كلاس و لە ئیمتیحانی ئاخری ساڵدا زۆر باش دەرچووم.

هاوینێ چوومەوە گوند. حەیف مامۆستا ناكام لەوێ نەمابوو. بەڵام میرزایەكمان هەبوو

زۆر لە مامۆستاکەی مەدرەسەم خوێندەوارتر بوو. لەکن ئەو و بابم کتێبی دووەمم تەواو کرد. بەرنامەی ئەودەمی وابوو دەبوو هەموو کتێبەکە لەبەر بکەی و من هەمووم لەبەر کردبوو.

ساڵی دووەم زۆر ئاسوودە بووم. هەر مەشق و حیساب و دیکتە مابوو لەوانیشدا باش بووم. بۆیە هەر لە هەوەڵەوە یەکێک بووم لە شاگردە باشەکان و پێم وانییە لەو ساڵیدا لەسەر دەرس لە شووڵێک زیاتریان لێدابم. وەزعی مەدرەسەش لە پار باشتر بوو، ژوورەکەمان لە هی پار زۆر خۆشتر و ڕووناکتر بوو، مامۆستاکانیشمان باشتر بوون. بەڵام یەکیان کە کورد بوو و دەرسی فارسی پێ دەگوتین زۆر توند و بەزاکوون بوو، هەموو ڕووحمان لێی تۆقیبوو. مامۆستای حیسابمان ئازەری بوو. فارسی ئەوەندە خراپ دەگوت کە ئێمەی منداڵ گاڵتەمان پێ دەکرد. بەڵام حیسابی باش فێر کردین. لەبیرمە ئێوارێک جەدوەلی زەربی بۆ نووسینەوە و هەریەکە دانەیەکی داینێ و حاڵی کردین چۆنی لەبەرکەین. گوتی سبەینێ ئێوارە لێتان دەپرسمەوە و هەرکەس ڕەوانی نەکردبێ غەڵەت و شوولی لێ دەدەم. من ئەو شەوەی نەنووستم تا لەبەرم کرد. سبەینێ لێی پرسینەوە، کەس نەبوو بەتەواوی لەبەری بێ و وێی نەکەوێ. تەنانەت من کە زۆر چاکم لەبەر کردبوو شوولێکم ئافەریمانە هەر خوارد. خۆش ئەوە بوو مامۆستای حیسابمان بۆ خۆی لێی نەدەداین و مامۆستاکەی ترمان ئەو زەحمەتەی لەباتی ئەو دەکێشا.

چوار کلاسم لە مەدرەسەی سەعادەت و پەهلەوی خوێند. هاوینانیش لە گوند لەکن بابم تۆمار و کتێبی ئینشام دەخوێند و لەبەر خەتی ئەمیر نیزامی گەرووسی و میرزا حوسێنی ڕەشەم دەنووسیەوە. ئینشای فارسی باش فێر ببووم و خەتم یەکجار خۆش بوو، زۆر لە ئێستام خۆشتر دەنووسی.

دەڵێن دەعبای زیرەک بەدندووکێ پێوە دەبێ. بابم کە خەت و ئینشای منی دیت، گوتی ڕۆڵە بوویە میرزا و خوێندنی مەدرەسە بەسە، بچۆ لە مەدرەسەی دینی بخوێنە و جێی مەلا جامی چۆڕی بگرەوە. زۆرم پێ ناخۆش بوو دەست لە خوێندنی مەدرەسە هەڵبگرم، نازانم بۆ هیچ پێم خۆش نەبوو ببمە مەلا. ڕقم لە بەرگەکەیان بوو. کەوای درێژ و تەشک و پاڵدێمی مەلایانەم پێ جوان نەبوو. بەڵام چار چبوو؟ حوکمی حاکمە و دەردی موفاجا. تەسریفی زەنجانیان لەبن هەنگڵ نام و هەی دێ بۆ خانەقای شێخی بورهان تا دەس بکەم بەڕایەڵەکردن وئالێ باباگوتن. جا پاش ماوەیەک کەوای ئاودامێن لەبەر بکەم و سیواک لە لاسەر بچەقێنم و شاڵی گەرگەڕی لەسەر ببەستم و جێگای مەلا جامی چۆڕی نگرمەوە و وەجاغی بنەماڵەکەمان کوێر نەکەمەوە.

چوار ســاڵ لە خانەقا خوێندم یا باش ئەوەیە بڵێم نەم خوێند. بەڵام تۆڵەی کۆیلەتی ساوایەتیم ئەستاندەوە. لەگەڵ گەلی خاڵۆزاکانم کە وەک بەرانی سوڵتان مەحموود بەرەڵڵا و تەرخان بوون و لە هیچ جێگایەک دەنگ نەدەدران و کەس بەرپەرچی نەدەدانەوە، گەلێکم بەدفەڕی و بزۆزی و دەس بزێوی کرد.

نەوەشێخ، ئەویش نەوەشێخی چل ساڵ لەوەی پێش ئەگەر کەس دەستی وەبەر نەیەنێ و بەرپەرچی نەداتەوە لە سەروبەندی بلووغدا چ دەمێنێ نەیکا؟

ئەو چوار ســاڵە خۆشترین ساڵەکانی ژیانی منن. زۆر خۆشمان ڕادەبوارد. دەستەیەکی ٨ ـ ٩ کەسی هاوتەمەن بووین، هەموو خاڵۆزا و پوورزا بووین. هەر هەژارمان بێگانە لەگەڵ بوو کە لە خۆمان هەڵنەدەبوارد. ئەویش بۆ خۆی زۆر قســەخۆش و خوێن شــیرین بوو و باوکیشی پیاوێکی زۆر ماقووڵ و لە خانەقا زۆر خۆشەویست بوو.

شاعیرێکی فارس دەڵێ:

مــرد خردمنــد هنــر پیشــه را
عمــر دو بایســت در ایــن روزگار
تــا بیکــی تجربــه آموختــن
بــا دگــری تجربــه بســتن بــکار

بــۆ پیــاوی خاوەن هونــەر و زانا دوو جار ژیان پێویســتە تا لــە یەکیاندا تەجرەبە وەسەریەک بنێ و لەوی تریاندا تەجرەبەکەی لەکار بێنێ.

دەســتی شــکاو و ڕانی وردم، ئەوی ئێســتای دەزانم ئەگەر ئەودەم دەمزانی کار لە جێگایەکی دیکە بوو و منیش شتێکیتر بووم. بەڕاستی خانەقا زانستگایەکی گەورە بوو و دەمتوانی زۆر شت فێر بم.

خانەقای ئەو ســەردەمانە زۆر ئاوەدان بوو. خەڵک دەهــات و دەڕۆیی و کەس هەقی بەســەر کەســەوە نەبوو. فەرق و جیــاوازی زۆر کەم بوو. جارێکی دیکەشــم گوتووە و دووپاتەی دەکەمەوە دەتگوت کەشتی نووحە. لە هەموو تۆو و تۆرە و ڕەگەزێکی لێ بوو، پەنای بێکەسان و لێقەوماوان و ئاواران بوو. پیاوچاک، خۆپارێز، دیندار، موسڵمان، مەلا، ســەید، زانا، خوێندەوار، چەتە، دز، پیاوکوژ، نەزان، شــێت، بێکارە، پەککەوتە، کوێر، شــەل تەنانەت بێ دینیش لە بــن میچێکدا کۆببونەوە و پێکــەوە دەژیان و هەموو یەک

جیرەنانیـــان وەردەگرت. ئەفغانی، فارس، تورک، ئازەری و تەنانەت هیندیشـــی لێ بوون. کوردی هەموو ناوچەکانی کوردستانی لێ هەبوون. کە بەشێوەی جۆربەجۆر قسەیان دەکرد و هـــی وا هەبوون بەزەحمەت تێک دەگەیشـــتن. پیاوی گـــەورە و زانا بەناوبانگەکانی ئەو سەردەمەی موکریان وەک مامۆستا فەوزی، سەیفی قازی، پێشەوا قازی موحەمەد، حاجی مەلاموحەمەدی شـــەرەفکەندی، عەلیخانی ئەمیری بەتایبەتـــی ئاغا خوێندەوار و زاناکانی فەیزوڵڵابەگـــی هاتوچۆی خانەقایان دەکرد و بەمانـــگ و دوو مانگ لەوێندەرێ دەمانەوە. مەلای گەورە گەورەی لێ بوون و دەرســـیان دەگوتەوە. پڕ بوو لە سوختە و موستەعیدی باش. کەسێک ویستبای بخوێنێ و شت فێر بێ جێگای خوێندن و شت فێربوون بوو. بەڵام من لە کیســـم چوو و ڕەفاقەتی خاڵۆزاکانم و فیز و هەوای نەوەشـــێخی نەیهێشت لەو هەلە کەڵکی پێویســـت وەرگرم. بێجگە لەوە لە ماوەی ئەو چوار ساڵەدا دووجار خراپ نەخۆش کەوتم و لە خوێندن بووم. جارێک کەوتوویيم گرت و لە مردن گەڕامەوە. تەنانەت دەیانگوت ئاومان بۆ گەرم کردووی و کفنمان بۆ بڕیوی. جارێکی تر کوانێکی گەورەم لە لامل هات و شەش مانگ لەبەری کەوتم و پاشان عەمەلیان کرد و ماوەیەکی دووروودرێژ بناوبوێر بووم. ئەو کوانە بەجارێک هێز و بڕستی لێ بڕیم و هەرگیز وەک خۆم لێ نەهاتەوە. من بە منداڵی قەڵەو و پتەو و بەهێز و هەرەکەت بووم. کەم منداڵی هاوتەمەنی خۆم بەزۆرەوانی دەرۆستم دەهاتن. بەڵام کە ئەو کوانەم لێ هات ئیتر هێز و توانام لە کەمایەسی دا.

ئەودەمی لە سابڵاخ دەمخوێند هەژارم دەناسی، هاتوچۆی دوکانی بابی هەژارم دەکرد. مەلایەکی پیری زۆر قسەخۆش بوو. کە چووەمە خانەقا یەکترمان گرتەوە و بووینە دۆست. جاروبار خۆمان لەگاڵتەوگەپ دەدۆزیەوە و شـــێعرمان دەخوێندەوە. هەموو شوێنەوارەکانی ســـەعدی و حافز و مەولەوی و کەلیم و ســـایب و شـــاعیرە بەرزەکانی فارسیمان پێکەوە دەخوێندەوە و هەر تێگیراوییەکی هەشـــمان با ڕەهاکردنی هاسان بوو. خانەقا ئەدیبی زۆر گەورەی لێ بوون، لێمان دەپرســـینەوە. مەلا قادرێکی پیری لەرزی دەنگ نووســـاوی لێ بوو، هەر بەحاڵ مابوو. ئەگەر بڵێم ئەو مەلایە ئاســـاری سەعدی لە خودی سەعدی باشتر دەزانێ پێم وایە موبالەغەم نەکردووە. کەیفی بەوە دەهات شێعرێکی سەعدی لێ بپرسیەوە، جا بەو دەنگە نوســـاو و لەرزە سەعاتێک بۆت شـــی بکاتەوە. خۆ شێخ موحەمەدی خاڵم چ ئەدیبێک بوو من ناتوانم تاریفی بکەم. ئەودەمی شەڕەشـــەقی ژیان وای لێ نەکردبووم ناوی خۆشـــم لەبیر بچێتەوە. هەر شێعرێکم خوێندباوە دەستبەجێ دەهاتە بەرم. هەزاران شـــێعری فارسیم لەبەر بوو. شێعری کوردیشمان هەرچی وەگیر کەوتبا لەگەڵ هەژار دەمان نووسیەوە و لەبەرمان دەکرد.

لە ئاخریدا من و هەژار بەتەواوی لە تاقمی کوڕە شێخەکان جوێ بووینەوە و شەووڕۆژ خەریکی شـیعر خوێندنەوە بووین. چەند چیرۆکی گەورە و چووکی وەک ئەسـکەندەرنامە و ئەمیر ئەرسـەلان و شـیرۆیە و حوسـێنی کوردمان پەیداکردن و خوێندمانەوە. شەوی سێشـەممو و جومعـەی وا هەبوو هەمـوو فەقێیەکانی خانەقا دەکەوتنـە لایەک و من و هەژاریش لەلایەک و شێعرێنمان دەکرد. بڕوا بکەن بۆڕمان دەدان.

ئەو هەموو شێعر خوێندنەوە و ڕەفاقەتی هەژار و هاتوچۆی مەجلیسی ئودەبای خانەقا زەوقی ئەدەبی لە مندا بەوجوود هێنا و تەنانەت شـیعری فارسیشـم دەگوت. بەڵام تەنیا لـەڕووم هەڵدەهات بۆ هەژاریان بخوێنمەوە. ئـەو خوداگرتووەش لەباتی ئەوەی بۆم چاک بکا و هانم بدا گاڵتەی پێ دەکردم. لەبیرمە جارێکی شـیعری شـاعیرێکی فارسـم دزیبو و لەناو شـیعری خـۆم ئاخنیبوو، بۆم خوێندەوە. گوتی وەڵـڵا ئەوانی خۆت زۆر خراپن، بەڵان هینەکەی ئیبنویەمین زۆر باشە. زۆر بەخۆمدا شکامەوە و دەستم لەو کارە ناڕەوایە هەڵگرت. خەریک بووم شـتێک بە شتێک بکەم کە بابم تێگەیشت ئەو ماوە عومرم بەزایە چـووە و لـە خانەقا نەمخوێنـدووە، ڕای گوێزتم بۆ کولیجە. ئەویـش ملکی خالم بوو و مامۆستا فەوزی لەوێ مەلایەتی دەکرد.

دەبێ بڵێم من دەسکردی فەوزیم. ئەو هەڵی وەشاندمەوە و تێکی هەڵشێلامو سەرلەنوێ دروسـتی کردمـەوە. ئەو دەرکی زانیـن و فێربوونی بۆ کردمەوە. ئـەو ڕێگای ژیانی پێ نیشـاندام. بێگومان ئەگەر نەچووبامە خزمەتی فەوزی و لەکن ئەو مامۆستایم نەخوێندبا ڕێبازی ژیانم ئەو ڕێبازە نەدەبوو کە گرتم و پێیدا ڕۆیشتم و ئێستاش بەرم نەداوە.

ئـەو تێی گەیاندم مـن ڕۆڵەی کوردم و کوردیش نەتەوەیەکـی بێ بەش و چارەڕەش زۆرلێکـراوە و دەبـێ ڕۆڵەکانی لەپێناوی ڕزگارکردنیدا فیـداکاری بکەن و لەخۆبوردوویی نیشـان بدەن. ئەو فێری کردم زەوقی ئەدەبیم چۆن تیف تیفە بدەم و مشـتوماڵی بکەم. ئەو فێری کردم چۆن بنووسم و چۆن شێعر بڵێم. ئەو فێری کردم وڵاتەکەم خۆش بوێ و پێـی هەڵبڵێم. ئەو حاڵـی کردم کوردی زمانێکی ڕەوان و بەربڵاو و دەوڵەمەندە و دەکرێ ئەدەبێکی گەورە و دنیاپەسندی هەبێ.

ئەو حاجی قادری کۆیی، نالی، کوردی، سـالیم، مەولەوی، حەریق، مەحوی، ئەدەب و وەفایی پێ ناسـاندم و شێعرەکانی ئەوانی بۆ شی کردمەوە. ئەو فێری ڕۆژنامەخوێندنەوە و ڕۆمان خوێندنەوەی کردم. ئەو دیوانی شـاعیرە شۆڕشگێڕەکانی فارسی بۆ پەیداکردم و هانی دام بیانخوێنمەوە و شتیان لێ فێربم. بەڵام سوێندی دام قەت بەفارسی شێعر نەڵێم

هەتا بۆم دەکرێ بەکوردی بنووسم.

ســاڵ و نیوێــک لە خزمەت ئەو خوێندم. بەیانان لەگــەڵ گزینگ دەکەوت، دەچوومە ماڵی مامۆستا و زۆر ڕۆژی وا هەبوو، تا بانگی نیوەڕۆی دەدا و مامۆستا هەڵدەستا بۆ نوێژ دەرســم دەخوێند و هیچمان ماندوو نەدەبووین. کەم وابوو لەســەر کتێب دەرسم پێ بڵێ، دوڕوگەوهەری نایابی لە دەریای قووڵ و بێ بنی زانستی خۆی دەردێنان و لە کۆشی منی هەژاری چاو لەدەســتی دەکردن. بەڕاستی مامۆستا و شاگرد نەبووین پیر و مورید بووین. من تا ڕادەی پەرســتن ئەوم خۆش دەویســت و ئەویش منی بەکوڕی خۆی دەزانی. ئەگەر ڕۆژێک نەمدیبا ئارەزووم دەکرد. جومعە و سێشەممۆمان نەبوو. ئەو لە پێگەیاندنمدا بەپەلە بوو، منیش تامی تێگەیشــتنم کردبوو و قەت لە خوێندن و خوێندنەوە و گوێ ڕاگرتن لە مامۆستا وەڕەز نەدەبووم.

پاش نیوەڕۆیانیش لەباتی مامۆســتا دەرســم بەکچ و کوڕە گچکەکانی خاڵم دەگوت، ئەویش دوو قازانجی هەبوو. هەم زانیاری خۆم بەرەوژوور دەچوو هەم زەحمەتی مامۆستام کەم دەکردەوە.

فــەوزی بەبڕوای مــن یەکێکە لــە گەورەپیاوانی مێژووی کوردســتان، کە داخەکەم شوێنەوارەکانی فەوتان و خۆشی لەبیر چۆتەوە. ئەو لاوە کوردانەی لە سەردەمی پاتشایەتی ڕەزاخانی پەهلەویدا کە بەتەقلیدی ئاتاتورک خەریک بوو گەلی کورد لە کوردستانی ئێراندا بتوێنێتەوە و یەکێک لەو ســێ کوچکە ئاورە بوو کە پەیمانی ســەعدآبادی پێک هێنابوو، ئازایانە کوردایەتیان دەکرد، یا ڕاســتەوخۆ شاگردی فەوزی بوون یا شاگردی شاگردەکانی ئەو. بەتایبەتی پێشەوا قازی موحەمەدی شەهید شانازی بەوەوە دەکرد کە شاگردی فەوزی بووە.

مــەلا ئەحمەدی فــەوزی یا مەلای ســولێمانی کێ بوو؟ چکارە بــوو؟ بۆ پەڕیوەی مەڵبەنــدی ئێمە ببوو؟ نازانم. من ئەودەمی ئەوەندەم مەبەســت نەبــوو ئەوانە بزانم. لە ڕووشم هەڵنەدەهات لێی بپرسم، بۆ خۆشی هیچ باسی خۆی بۆ نەکردووم. ئەوەندە دەزانم دەیانگوت خەڵکی شــاری ســولێمانییە و لە کوردســتانی عێراقەوە لەگەڵ شێخەلیسلامی گەورەدا کە لە پێش بابمدا شێخەلیســلامی موکریان بووە و هەر لە بنەماڵەی مەلا جامی بووە، هاتۆتە موکریان. پاش مردنی شێخەلیســلام ژنەکەی ئەوی مارە کردبۆوە و کچێکی لێ هەبوو کە بەجوانەمەرگی مرد. ژنێکی دیکەشــی هێنا و کچێکی تریشــی لەوی بوو. وا بزانم ماوە و مێردی کردووە. بۆ خۆی لە ســاڵی ١٣٢٢ـ١٩٤٣ دا لە گوندی حاجی کەند

مرد و لە خانەقای شـێخی بورهان نێژراوە. کتێب و نووسـینەکانی وەگیر زاواکەی کەوتن کە هیوادارم نەفەوتابن. وەک بیسـتوومە پاش مردنی ١٤٠ تمەن دراو و دوو ماینی میرات لێ بەجێماوە.

فـەوزی زانایەکـی گەورە، ئەدیبێکی کەم وێنە، کوردێکی پـاک و بێباک بوو. بەڵام شاعیرێکی باش نەبوو. بیرێکی تیژ و وردی هەبوو، ئەمما تەبعەکەی ئەوەندە ڕەوان نەبوو بتوانێ بیخاتە ناو چوارچێوەی شێعری عەرووزییەوە. ئەو دەمیش شێعری سپی نەبووە باو. جاروبار شـێعری خۆی بۆ دەخوێندمەوە. بەڵام هیچ بەدڵم نەبوون. جارێکی قەسیدەیەکی درێژی فارسـی بۆ خوێندمەوە و نەشیگوت پێت چۆن بوو؟ گوتم باش نەبوو. وا دیار بوو خۆشـی زۆری خۆش نەدەویست پێکەنی و گوتی: هی خۆمە. بەڵام بۆ کەس وەک تۆ بیر و بڕوای خۆی دەرنابڕێ و بۆ هەرکەسـم خوێندۆتەوە گوتوویانە زۆر باشـە؟ گوتم قوربان لەسایەی تۆوە من وام لێ هاتووە شێعری باش و خراپ لێک بکەمەوە. ئەوجار قاقا پێکەنی و گوتی دیارە نەک هەر باش نین، بەڵکە خراپیشن و کاغەزەکەی ورد ورد کرد.

درۆ نەبێ لە خۆیم نەبیستووە، بەڵام بیستوومە زۆر دۆستی عاریف سایب بووە. ئەوەشم بیستووە چەند جار مەحموود جەودەت هاتۆتە موکریان و لە ماڵی ئەودا خۆی شاردۆتەوە و لەگەڵ خەڵک تەماسـی سیاسـی گرتووە، تەنانەت بیسـتوومە کۆمەڵەی ژینەوەشیان دروست کردووە. بەڵام هەر گوتەیە و زۆر جێگای متمانە نییە. مامۆستا غەزەلێکی حافزی تەخمیس کردبوو کە لەناو شێعرەکانیدا پەسندم کردبوو. ئەوەش بەندێک لەو تەخمیسەیە کە بەبڕوای من وەستایانەیە.

گهـی شـوی ز امیـران پادشـه محسـوب
گهـی وزیـر و بـدرگاه پادشـه محبـوب
گهـی شـوی بسـر دار ناگهـان مصلـوب
«بچشـم عقـل درایـن رهگـذار پـر آشـوب»
«جهـان و کار جهـان بـی ثبات و بی مِحل اسـت»

بێجگە لە فەوزی من لە کولیجە مامۆسـتایەکی دیکەشم هەبوو کە زۆری لێ فێربووم. سـەید عەبدوڵای سـەید مینە پیاوێکی یەکجار درێو و ناشـیرین و زۆر ناقۆڵا و نالەبار و زۆر شـپرێو و ئاڵۆز بـوو. نەخوێندەوار بوو، بەڵام زۆر زانا و تێگەیشـتوو بوو. ڕەنگە

بڵێن نەخوێندەوار و زانا وەک کۆڵە و شـــاخدارە و چۆن شـــتی وا دەبێ؟ بەڵێ ئەو پیاوە نەیخوێندبوو، تەنانەت حەرفێکیشی نەدەناسی. بەڵام لە ئەدەبی فارسی و کوردیدا دەستێکی باڵای هەبوو. هەرچی جارێکی گوێ لێ بووبا دەهاتە بەری و قەتی لەبیر نەدەچۆوە. بەشی زۆری شانامەی فیردەوسی، خەمسەی نیزامی، مەسنەوی، غەزەلیاتی سەعدی و بەتایبەتی سەرتاســـەری دیوانی حافزی لەبەر بوو. خۆ باسی شێعری شاعیرەکانی کورد هەر ناکەم. کام شـــێعری هەرە گرانت لێ پرسیباوە وردترین مەعنای لێ دەداوە. لەبیرمە جارێک کۆنە مەلایێک ئەو شێعرە فارسییەی لێ پرسیمەوە.

آنچـه بـر مـن میـرود گـر بـر شـتر رفتـی ز غـم
میزدنـدی کافـران در جنـت المـاوا قـدم

من ئێستاش و ئەو دەمیش ئەو جۆرە شێعرانەم پێ خۆش نەبوون و نین، نەمزانی و مەلا گاڵتەی پێکردم. لە خاڵ عەولام پرسییەوە گوتی هەی لەمنت نەکەوێ، ئەوە ئیشارە بەو ئایەتەیە کافر هەنگین دەچنە بەهەشت کە وشتر لە کونی دەرزییەوە بچێ. یانی ئەوەی لە شـــاعیر قەوماوە ئەگەر لە وشـــتر قەومابا وا باریک دەبوو لە کونی دەرزییەوە دەچوو و کافریش بە بەهەشت وەردەبوون.

بۆخۆشی شێعری دەگوت و بەخوێندەوارێک دەینووسینەوە. شێعرەکانی وەک شێعری شاعیرەکانی پێشوومان پڕ بوون لە وردەکاری شاعیرانە و وشەی بێگانە. بەڵام لە گۆرانی گوتندا بەندی وای دەگوتن سەربەســـەر گەوهەریان دێنا. وشەی ساکاری کوردی و قافیەی جوان و مانای وردیان هەبوو. ئەو دوو شێعرەی ئەوم لەبیر ماون.

جـــــەفـــا و وەفـــا، ڕاســـتی و درۆ
بوونـــە کـــردەوەی ئـەمـــن و ئەتـــۆ
جەفـــا پیشـــەی تـــۆ وەفا پیشـــەی من
ئەمـــن ڕەپ و ڕاســـت ئەتـــۆ درۆزن

ســـەڵت و ڕەبەن بوو، لە دیوەخانی خاڵم دەژیا. بەتەواوی مەعنای کەلیمە هونەرمەند بوو. گوێی نەدەدا ســـەر و بەرگ و دەموچاوی، زۆر بەرزەفڕبوو، چاوی لە بەرات و خەڵات و شـــاباش و دیاری نەبوو. دەنگی خۆش بـــوو، بۆ خۆی و بۆ دڵی خۆی گۆرانی دەگوت. بۆخۆی وازی لێ نەبا، شـــاش لەبەری پاراباوە متەقی لێ نەدەهات. چاک لەگەڵ من ڕێک کەوتبـــوو. شـــەوانە پێکەوە لە دیوەخـــان دەماینەوە. من کتێبم بـــۆ دەخوێندەوە و ئەو بەیتی بۆ دەگوتم. من لەو بەیتانەوە فێری وشـــەی ڕەسەنی کوردی بووم. ئەگەر مامۆستا فەوزی شاعیرە بەرزەکانی کوردی پێناساندم و ئەدەبی فارسی فێرکردم، سەعید عەوڵاش فۆلکلۆری ئەدەبی کۆنی نەتەوەکەمی پێناســـاندم و فێری وشـــەی ڕەسەنی کوردی کردم. هاونشـــینیی ســـەعید عەولا تەئســـیرێکی قووڵی لە ژیانی ئەدەبی مندا هەبوو و ئێستاش هەیەتی. ئەو پیاوە نەخوێندەوارە یەکێکە لە مامۆستا هەرە گەورە و بەنرخەکانی من.

با ئەوەش بڵێم من لە کولیجە بۆ یەکەم جار ئاشـــق بووم، عیشـــقێکی پڕ سۆز و کوڵ و ئەفلاتوونی، عیشقێکی پاک و خاوێن و ئاسمانی، عیشقێکی ساکار و منداڵانە و دوور لە هەوەس و هەوا. بەڵام ئەو عیشقە زۆری دەوام نەکرد. ئەو گڕوکفە زوو دامرکا و خۆڵەمێشی فەرامۆشـــی دایپۆشی. گراویەکەم گاڵتەی بەهەستی پاکی من کرد. ئەو لە من بەئەزموونتر بوو، ئەو هەوەســـباز بوو نە عاشـــق. بەڵام هەرچی بوو ئەو گڕوکفەش تەئســـیری لەسەر قریحەی شاعیرانەی من بوو.

ساڵی ١٣١٧ کە لاوێکی ١٧ ساڵە بووم. مامۆستاکەم لە کولیجە ڕۆیشت و منیش دەستم لە خوێندن هەڵگرت و چوومەوە ماڵێ و دەستم کرد بە کاروکاسبی. ئێستا ماڵمان لە گوندی شـــیلان ئاوێ بوو، بابم ســـامانەکەی جارانی نەمابوو. بەڵام هیمەتەکەی هەر مابوو. برا و ئامۆزاکانی لێ جوێ ببوونەوە و هەر گوندێکی بۆ مابۆوە. چاک خەریکی کاسبی بووم و زوو فێری کاری کشتۆکاڵ کرام. بەڕۆژ کارم دەکرد و بەشەو موتالا. هەرچەند کتێب و ڕۆژنامەم کڕیبا بابم دەســـتی نەدەهێنام. زۆر شـــەوی وابوو تا بەری بەیان نەدەنووســـتم و تەماشام دەکـــرد. بڕوام پێ بکەن ژوانی لەگەڵ کیژانم لەبەر خوێندنەوەی کتێب لەبیر چۆتەوە و لێم تۆراون و گلەییان لێ کردووم. ئەو ڕۆژەی پیاومان لە شـــار دەهاتەوە و کتێب و ڕۆژنامەی بۆ دێنام نیوێکی ڕێگای بەپیرەوە دەچووم.

چاپەمەنی ئەو ســـەردەمی ئێران پێشـــکەوتوو نەبوو. چەند گـــۆواری وێنەدار و جوان دەردەچـــوون، کە لەلایان ســـەفارەتی ئاڵمانـــی نازییەوە یارمەتـــی دەدران و بەقازانجی نازیسمیان دەنووسی. کتێبی سیاسی ئەودەمی هەموو لەبارەی هیتلەر و مۆسۆلینیدا بوون. ڕۆژنامەکانیـــش تەبلیغاتیان بۆ ئاڵمان دەکـــرد و بە بەژن و باڵای پەهلەوییان هەڵدەکوت.

تەنیـــا ڕۆژنامەیەک کە ئەودەمی شـــیرین بـــوو و تا ژیاش هەر شـــیرینتر بوو و نەحلەت لەو کەســـەی مراندی تەوفیق بوو. ئـــەو ڕۆژنامەیە ڕۆژانی پێنجشـــەممو دەردەچوو و لە هەموو ژمارەکەیدا دەینوســـی: «شەوی جومعە دوو شتت لەبیر نەچێ. دووهەم ڕۆژنامەی تەوفیق». من ڕەبەن بووم، دەنا ئەوی تریشم لەبیر دەچوو. بەڵام شەوی جومعە تەوفیقم نەدەچۆوە. ئەو چیرۆکانەی تەرجەمەی دەکران زیاتر پۆلیســـی بوون. چیرۆکنووســـی زۆر چاک هێشـــتا لە ئێران پەیدا نەببوو. بەڵام من بۆژۆم نەدەکرد و هەموو شتم دەخوێندەوە. هاتوچۆی مەهابادیشم دەکرد و دۆست و ئاشنای چاکم پەیدا کردبوون. جارێ ئەوە ئەرکێک بوو بابم پێی ئەســـپاردبووم هەرچەند جارێ چووبامە شـــار دەبوو بچمە مەحکەمەی قازی موحەمەد و دیوەخانی میرزا ڕەحمەتی شـــافیعی و ســـڵاوی بابمیان پێ بگەیەنم. ئەو دوو جێگایە قەوغاترین دیوەخانی مەهاباد بوون و خەڵکیان زۆر لێ دەبوو و وردە وردە چاو و گوێم دەکراوە و گەورەپیاوەکانی وڵاتم دەناســـین و ئەوانیش لەبەر خاتری بابم حورمەتیان دەگرتـــم. بێجگـــە لەو دوو جێگایە کە ئەگەر لەبەر قســـەی بابم نەبـــا هێندە نەدەچووم، جێگایەکی تریش هەبوو کە ناکرێ ناوی بێنم. ئەو جێگایە مەکۆی ئەو لاوانە بوو کە هەوای نیشتیمانپەروەرییان کەوتبووە ســـەر. زەبیحی و ڕەسولی میکاییلی قزڵجی و نانەوازادە و ئیلاهی و ســـەیدی و زۆر کەســـی ترم لەوێ ناسین. هەژاریش هەرچەند جاری هاتبا شاری بەماڵـــی ئێمەدا دەهات. ئەو ڕفیقانە کۆڕی ئەدەبی بچووکی کوردیان پێک دێنا و بەنهێنی شـــێعری کوردییان دەخوێندەوە. دەیان ناردە کوردســـتانی عێراق و هەرچی کتێبی لەوێ چاپکرابـــان بۆیان دەهات و دەیاندا بەمنیش. قەت نەمپرســـی کـــێ بۆتان دەنێرێ و کێ دەیانهێنێ؟ من کاڵەک خۆر بووم نە بیستان ڕێ. چەند شاعیریش هەبوون شێعری خۆیان بەنهێنی بڵاو دەکردەوە. بەتایبەتی سەیفی قازی و... ئاگریان دەکردەوە.

ســـاڵی ١٣٢٠ (١٩٤١) من لاوێکی پێگەیشتوو بووم. لە کاروباری کشتوکاڵ و ئاژەڵداری کارامە ببووم و لە ئەدەبیاتی فارسی و کوردیشدا شارەزایی تەواوم پەیدا کردبوو. بۆخۆشم شێعرم دادەنا. دیوانێکی گەورەم دروست کردبوو. بابم ئەگەرچی بۆخۆی ئەهلی زەوق بوو و شـــێعری زۆر پێ خۆش بوو، زۆری پێ ناخۆش بوو من ببمە شـــاعیر. لەکن ئەو ببڕای ببڕای باســـی شـــاعیری خۆم نەدەکرد. دەفتەری شـــێعرەکانم وەک بێچووە پشیلە لە بابم دەشاردەوە.

ڕۆژێک خەریکی شێعر نووسینەوە بووم. کارێکم هاتە پێش وەدەرکەوتم و دەفتەرەکەم لەگۆڕێ بەجی هێشت. ترسی وەم نەبوو بابم لەو وەختەدا بێتە دیوەخان. زۆرم پێ نەچوو کە هاتمەوە دەفتەرە ســـوور دیار نەبوو. پرسیارم کرد گوتیان بابت دەستی دایە و بردی،

لە پشتێن بەرەژێرم مرد. پێم وا نەبوو بەهاسانی نەجاتم دەبێ. زانیم خراپم لێ قەوماوە. شـێعرەکانم پوختە نەبوون، لاسـای شـاعیرە کۆنەکانم کردبۆوە. هەموو جۆرە شێعرێکم دانابوو. تەنانەت لە فرهاوێشـتندا لاسای شـێخ ڕەزا و ئیرەج میرزای فارسیشم کردبۆوە. بۆیە هەقم بوو بترسم. گاڵتە نەبوو، من هەم شاعیر بووم و هەم ئیعترافم بەگوناه کردبوو، با بە خەیاڵیش بێ. منیش وەک شـێخ ڕەزا بوختانم بەخۆم کردبوو و بابم شـتی وای پێ قبووڵ نەدەکرا، بەڵام وا دیار بوو نەیخوێندبوونەوە. چوومەوە ژوورێ و گوتم ئەگەر کارەکە گەند بوو دایکم دەکەمە تکاکار. پرسـیم گوتم کوا بابم؟ گوتیان بەتووڕەیی چووە متبەخ. خۆم وەپەنا دا، بەبۆڵەبۆڵ هاتەدەر و لەبەر خۆیەوە دەیگوت: خوێڕی کارم بۆ فێر بووە. شاعیری شـاعیری! دەیەوێ لەبرسان بمرێ. خۆم بەمتبەخدا کرد، تەماشام کرد دەفتەرە سوور لەسەر کڵی تەندوور بۆتە قەقنەس.

ئەو دەمی زۆرم پەرۆش بوو. بەڵام پاشـان گوتم دەسـتی خۆش بێ. چونکە بێگومان ئێستا مابان بۆخۆم دەمسووتاندن. ڕاستە هەموو مەوزوون بوون و قافیەیان هەبوو. بەڵام لاساکردنەوەی تەواوبوون و هەستی شاعیرانەی خۆمیان کەم تێدابوو. پاشانیش زۆری وام فڕێ داون.

بێجگە لە کاروکاسبی ڕۆژانە و موتاڵا و خوێندنەوەی شەوانە لە دێ سەرگەرمی دیکەشم بوون، سواری و تەقڵە و ڕمبازی و ڕاوە کەو و ڕاوە تاژی و ڕاوە تفەنگ.

بابم ئەسـپی زۆر ڕەسەن و باشـی هەبوون کە زۆری خۆش دەویستن و باشی ئاگا لێ بوون. من و کاکم هەمیشـە ئەسـپ و ماینی تایبەتی خۆمان هەبـوون. هیچمان هەقمان نەبوو سـواری ئەسپی ئەوی‌تر بین، دیارە کاکم سەرپشک بوو و ئەسپی باشتری بۆ خۆی هەڵدەبژارد. بەڵام لە دواییدا هەمیشە ئەسپی من باشتر دەردەچوون. چونکە لەوی هێدی‌تر بـووم و کەمترم ماندوو دەکردن و لەوی بەمشـوورتر بـووم و چاکترم ئاگا لێ دەبوون و باشـترم بەخێو دەکردن. زۆرجاریش گرنەی تێ دەهاڵاندم و ئەسپەکەی لێ دەستاندمەوە و یەکی دیکەی دەدامێ. بەڵام بابم بۆی تێهەڵدەهێنامەوە و ئەسـپ و ماینەکانی‌تری دەدا بە من سواریان بم و تەعلیمیان بدەم. سوارێکی باش بووم و لاغم چاک دەعاملاندن. بەڵام قەت ڕاوکەری چاک نەبووم. نە تەماڵ و دیاردیم باش دەدیتەوە، نە شـوێنم چاک دەگێڕا، نـە داوم بەپەلە بۆ دەچەقا، نە تفەنگم باش دەنگاوت. دیارە بەتاپڕ کەم وابوو لە هەردی ببوێرم. بەڵام نەمدەگەیاندە ئەو تفەنگچیانەی لە هەوا دەیاندەبوارد.

ڕۆژانـی جێژن و بووکهێنان و خەنەبەندان و کچ بەمێرددان داوەت و ڕەشـبەڵەکمان

دەگرت. هەموو جارێ پیاوێکی ماقووڵ و ڕدێن سـپیمان دەنارد کن بابم و ئیجازەمان لێ وەردەگرت. هەموو جـارێ موخالەفەتی دەکرد. بەڵام هێندی لەبـەر دەپاڕاینەوە دەهاتە ڕەدایە و بەو شـەرتەی لە نەدیوی دیوەخانی ئێمە داوەت بگیرێ ئیزنی دەداین. بەڕاستی خـۆش بوو، کـچ و کوڕ و ژن و پیـاوی گوندەکەمان هەڵدەپەڕین. من ئەو ڕەسـمەم لە ڕەشبەڵەکی لادێدا زۆر پێ جوان بوو کە پیاو مەگەر ژن بۆخۆی بانگی کردبا، دەنا هەقی نەبوو بچێتە دەستی دۆیان. پیاو دەبوو هەمیشە لەپێشەوەڕا بچێتە نێو گەڕی داوەت، دەنا عەیب بوو. بەڵام دۆ دەبوو لە پاشـەوەڕا بێتە نـاو داوەت و هەڵبژاردن بەخۆی بوو. ئەو ڕەسمە دەگەڕێتەوە سەر ئەو زەمانەی کە ژن لە کوردەواریدا ئازادی پتر بووە.

بۆ شەوداوەت ئیجازەمان لە کەس وەرنەدەگرت. شەوی مانگە شەوی هاوین لە حەوشەی مەڕی کچ و کوڕی ئاوەدانی تێکەڵ دەبوون و داوەتیان دەگرت و هەمیشە لەدووی منیشیان دەنارد. زسـتانان لە ئاخەل و هۆڵاندا شـەوداوەتمان دەگرتن. جارجارە سۆفی شەیتان و شـۆفار خەبەری ئەو شـەوداوەتانەیان بە بابم ڕادەگەیاند. ئەویش لەپێشدا جنێوی بە من و دوایە بەچەند کوڕەجحێڵەی دێ دەدا و کەمێکی هەڕەشـە لێ دەکردین و دەبڕاوە. بەڵام بەقسـەی شەیتان و شـۆفار دەستمان لە شـەوداوەت هەڵنەدەگرت و جنێوی گەورانیش بەقەولی کوڕەجحێڵەکان خەڵات بوو.

زسـتانان بەشەو جۆرابێن و کاڵەمسـتێن و فەلەی بێدەنگ و کۆسەبازی و تەڕکی بن بەڕەیان لە مزگەوت دەکرد و بە ڕۆژ جگێن و ماتێن و مێشێن و هێلکەشکێن و شێروخەتیان دەکرد. من تا کتێبم وەگیر کەوتبایە لە دیوەخانی خۆمان وەدەر نەدەکەوتم و نەدەچوومە سەیری ئەوانە. بەڵام سەرە بەهاران هەموو ڕۆژێ دەچوومە تۆپێن.

لە مانگی خەرمانانی ١٣٢٠ـ١٩٤١ ڕۆژێکی سـەر خەرمانـان. کرێکارەکانمان خەریکی مالووسک زرینگاندنەوە و باڵەکەو بوون و منیش لەکنیان دانیشتبووم و ئەسپەکەم وەسەر کوێزر کردبوو. ئەوەدەمی فڕۆکە و ماشـێن زۆر کەم بوون و خەڵک پێی سەیر بوون. لە پڕ دوو فڕۆکەی ڕەشی زەلام پەیدا بوون. ئێمە تا وێستا فڕۆکەی ئەوەندە زلمان بە ئاسمانەوە نەدیبو. هەموو دەستیان لە کار هەڵگرت و تەماشای فڕۆکەکانیان دەکرد. دیمان فڕۆکەکان نیزیـک بوونەوە و نەوی بوون و کاغەزیان بەردانـەوە. هەموویان ڕایان کرد بزانن چییە؟ ژنێـک لەپێش هەمواندا گەڕاوە و کاغەزێکی دامێ و گوتی ها بەقوربانت دەبم بیخوێنەوە بزانە چییە و چێ تێدا نووسراوە؟

بڕوا بکەن وەختابوو لە خۆشـیان باڵ بگرم. ئەو کاغەزە بەیاننامێک بوو کە بە زمانی

کوردی نووسرابو. چۆن ئەوە خەونە، یا ڕاستییە؟ لە دەوڵەتێکی گەورەی وەک یەکێتی سووییێتی بەزمانی کوردی بەیاننامە بڵاو بکاتەوە؟ بۆ من هەروا کەم نەبوو.

بۆ من کە شێت و شەیدای زمانی کوردی بووم ئەو پەڕە کاغەزە بەس بوو کە لە خۆشیان شاگەشکەم بکا. ئەو دەمی وا وردم لێک نەدابۆوە، بەڵام لە واقیعدا لە باری سیاسییەوە ئەو کارەی دەوڵەتی شوورەوی ئەوپەڕی ئازادیخوازی تێدا بوو و نیشانەی ئەوەبوو کە ئەو دەوڵەتە ئیعتراف بەبوونی گەلانی جۆربەجۆری ئێران دەکا.

ئەو بەیاننامە بۆنی شەڕی لێدەهات. دیاربوو لەشکری سوور هاتبوو دەئێرانەوە. هەرچەند لە بەیاننامەکەدا دڵخۆشی خەڵکیان دابۆوە و هەڕەشە و شتی وای تێدا نەبوو، بەڵام ئێمە زۆر لە ڕووسان دەترساین. پیرەکان نەقڵی بەدفەڕی و بێڕەحمی و دەستوەشێنی لەشکری تەزاریان لە شەڕی یەکەمدا بۆ گێڕابووینەوە. لە سەرتاسەری ڕۆژگاری حکوومەتی پەهلەویدا ڕۆژنامەکانی ئێران هەر شتی خراپیان لە دژی شوورەوی نووسیبوو. باڵشویک لەو سەردەمەدا لە ئێران گەورەترین جنێو بوو. خۆ بەتایبەتی پاش ئەوەی شەڕ لەنێوان ئاڵمانی نازی و یەکێتی سوویێتیدا هەڵگیرسا، چاپەمەنی ئێران هەموو نووسینەکانی بەسوودی ئاڵمان و بەزیانی شوورەوی بوو. ماوەیەک بوو شارەوانی مەهاباد ڕادیۆیەکی هێنابوو و بەرنامەکانی «بێرلەنی» بەزمانی فارسی بڵاو دەکردەوە، کە سەرتاپا جنێو بە کۆمۆنیزم و باڵشوێزم بوو. بەڵام ئەوانە هیچی بۆ من لەو وەختەدا گرنگ نەبوون. گرنگ ئەوە بوو کورد میللەتێکە دەوڵەتان دەیناسن و بەیاننامە بەزمانی ئەو بڵاو دەکەنەوە.

نازانم چۆن خۆم گەیاندە ئەسپەکەم و سواربووم و پێم پێوەنا و لەسەر جڵەوان چوومەوە ماڵ، بەیاننامەکەم بۆ بابم خوێندەوە. بەڵام ئەو بەپێچەوانەی من ڕەنگی بزڕکا، شڵەژا و بەکاوەخۆ گوتی: ڕۆڵە قەوما، وا دیارە ڕووس هاتوونە دەئێرانەوە. شەڕ و کێشە پەیدا دەبێ، وڵات دەشێوێ. کوڕی خۆم تۆ نەتدیون و نایانناسی. زۆر خراپن، زۆر پیاوکوژ و بێ بەزەیی و دەستڕەشن. من کوشتاری سابڵاخم بەچاوی خۆم دیوە و لە بیرمە چۆن خەڵکی بێ دەرەتان و لێقەوماویان بەشیران شەق شەق دەکرد. دەبێ زوو خۆمان خڕ کەینەوە و خۆ بگەیەنینە قایمە. خودا بمانپەرێزێ. ڕۆژی پیاوانە، بۆ ئەو ڕۆژە بوو دەمگوت فێری سواری و تفەنگ هاویشتن بن. بۆی مات بوو و دووَ سێ جار لەبەر خۆیەوە گوتی: «هەرزن و بزن چیایە مەزن». بابم هەقی بوو نیگەران بێ چونکە ئەو لەشکری تەزاری دیبو. ئەو کوشتاری بێ ڕەحمانەی ژەنەراڵە کۆنەپەرستەکانی ڕووسی لە کوردستاندا دیبوو. ئەو وەکو زۆربەی ئێرانییەکان ئاگای لە ئاڵوگۆڕی پاش شۆڕشی ئۆکتۆبەر لە یەکێتی سووییێتیدا نەبوو. نەیدەزانی لەشکری سوور چۆن عاملاوە؟

بۆ ئێوارێ چەند پیاوی ماقووڵی مەهاباد پەیدا بوون. ئەوانیش دۆســـت و هاوتەمەنی بابم بوون. شەڕی یەکەمیان وەبیر دەهات. زۆر لە بابم پتر نیگەران بوون. یەکیان گێڕایەوە و گوتی نۆ کەس لە بنەماڵەی ئێمە بەڕۆژێک بەدەستی ساڵداتی ڕووس کوژراون.

ئەو قســـانە منیشی بڕێک نیگەران کردبوو. بەڵام لە خۆشی بەیاننامەکە هەر شاییم لە دڵـــدا دەگەڕا. خەریکی خزمەتی میوانـــەکان بووم. بەڵام هەر دەمە نادەمێک بەیاننامەکەم دەردێنا و دەمخوێندەوە و سەرلەنوێ لە تەنکەی گیرفانم دەناوە.

شـــەو کاکم و پیاوەکانمان چوون و ژن و منداڵی ئەو میوانانە و خزمەکانیان لە شـــار هێنادەر.

بەیانی دوو فڕۆکە هاتن و چەند نارنجۆکی بچووکیان بەشار دادا، ئەرتەشی شاهەنشاهی، ئەو ئەرتەشەی لە کوشتنی میللەتی ئێراندا لاسای داگیرکەرانی مەغوول و نازی دەکردەوە، تاوێکی بەربەرەکانی نەکرد و پێش ئەوەی لەشکری سوور بگاتە مەهاباد چەکی فڕێ دا و وەک تۆوی هەرزن بڵاو بوو. هەژار لەو بارەوە هەر ئەودەم چەند جوانی گوت:

«بەبڵاوبوونـــی دوو پـــەڕ ئاگاهـــی»

«بوو بـــڵاو ئەرتەشـــی شەهەنشـــاهی»

تفەنگـــی برنۆیان دەدا بەنانێک. ئەویش ئەوی ئازایان، دەنا ئەوی ترســـەنۆک بەرتیلی دەدا تفەنگەکەی لێ وەرگرن.

بەشـــی زۆری خەڵکی مەهاباد ڕوویان لە گوندەکەی ئێمە کرد. بابم پێشوازێکی باشی لـــێ کردن و هەرچی هەمان بوو لە ئیختیاری نان. عەمباری گەنمی کردەوە و ئاشـــەکانی گوندەکەمانی دا بەخەڵک و هەرکەس هەرچەندی ئارد ویستبا دەیاندایە.

هەموو ڕۆژێ جاڕیان دەکێشا هەر کەس هەرچی پێویستە بێ لەڕوودامان و شەرم کردن داوا بـــکا. خەڵکی مەهاباد ئەو پیاوەتییـــەی بابمیان لەبیر نەچوو و تا ما زۆریان ئیحترام گرت.

چوار پێنج ڕۆژ کەس بەســـەر کەســـەوە نەبوو. لەپێشدا لەشـــکری ئینگلیس گەیشتە سابڵاخ و دەستێکیان ڕە سەربازخانە خست و چەکی قورسیان برد. دوایە لەشکری سوور هـــات. بەپێچەوانەی ئەوەی چاوەنۆڕی دەکرا نە کەســـیان تاڵان کرد، نە ئازاریان بەکەس

گەیاند. ئەوەندە باش لەگەڵ خەڵک جووڵانەوە کە کەس بەلەشکری داگیرکەری نەدەزانین.
نەقڵێکی خۆشـم وەبیرهاتەوە: لە زەمانی پەهلەویـدا کابرایەکی دز و چەتە و پیاوکوژ و خـراپ پەیدا بوو. بەتاقی تەنێ کەڵەگایی لە خەڵک دەکرد. کەتە پێنج تیرێکی کۆنی پێ بوو و لەو ناوەدا دەگەڕا و هەرچی وازی لێ با دەیکرد. پۆلیسی ئێران بۆی نەدەگیرا. بەڵام زانیبای چۆتە هەر ماڵێک خـاوەن ماڵەکەی دەگرت. کابرایەکی پیریان بەو تاوانە گرتبوو کە شەوێک «سۆغرە» یانی ئەو چەتە پیاوخراپە نانی لە ماڵی خواردبوو، دوو ساڵ بوو لە ورمـێ گیرابوو. کە هاتەوە پێوەی چووم و گوتم مامە چۆنت نەجات بوو؟ گوتی چووزانم، فریشتێکی سووری چاوشین هات و دەرکی لێ کردمەوە و گوتی برۆ.

لەشـکری تاران لە موکریان نەما. لەپێشدا عەشـیرەتەکان تا ڕادەیەک ئاڵۆزییان کرد و یەکتریان کوشـت. بەڵام وردە وردە وڵات ئارام بـۆوە و وەزعێکی لەبار بۆ جووڵانەوەی سیاسی پێک هات.

ئێمە یانی ئەو پۆلە لاوەی لە زەمانی پەهلەوییەوە یەکترمان گرتبوو و دۆستانە پێکەوە کارمان دەکـرد. مەیدانمان بۆ ئاوەڵا بۆوە و چالاکی خۆمان پەرە پێدا. دەماننارده عیراق ڕۆژنامە و گۆواری کوردییان بۆ دەهێناین و دەمانخوێندنەوە. من شـێعری خۆم و شـێعری شاعیرەکانی ترم بەخەت بۆ لاوەکان دەنووسینەوە و بڵاوم دەکردنەوە. دڵشادی ڕەسووڵی لە عیراقەوە هاتبۆوە. ئەو ئیملای کوردی لە هی ئێمە باشـتر بوو و خەتیشی خۆشتر بوو و زۆریشـی شـێعری بێکەس و پیرەمێرد و ئەحمەد موختاری جاف و حەمدی لەبەر بوون و بەخەت بڵاوی دەکردنەوە. گۆواری گەلاوێژ ڕۆڵێکی باشـی یاری کرد و لاوەکانمان فێری کـوردی خوێندنەوە بوون. هەلومـەرج بۆ پێکهاتنی حیزبێکی ناسیونالیسـتی کوردی لە مەهاباد پێک هاتبوو.

پـاش دامەزراندنی حیزبی تودەی ئێـران چاپەمەنییەکانی ئەو حیزبەش ئاڵوگۆڕێکی فیکرییان لەناو کۆمەڵی کوردەواریدا پێک هێنابوو. تەنانەت چەند کەسی کورد و ئەرمەنی تێکۆشـان لکی ئەو حیزبە لە موکریان دابمەزرێنن. بەڵام خەڵک پێشـوازی لێ نەکردن. حیزبێکیش بەناوی حیزبی ئازادی بە بەرنامەیەکی چەپییەوە سەری هەڵدا و نەژیا.

تـا ڕۆژی ٢٥ ی گەلاوێژی ١٣٢١، ١٦ی ئابی ١٩٤٢ کۆمەڵەی «ژ. ک» دامەزرا. ئەوانی ئەو کۆمەڵەیان دامەزراند دۆستانی پێشووی من بوون. من لەو سەروبەندیدا لە تەورێز بووم و لە ڕۆژی دامەزرانی کۆمەڵەدا حوزوورم نەبوو. کە هاتمەوە بەهۆی زەبیحی کە لەمێژ ساڵ بوو دۆسـت بووین بە کۆمەڵە ناسـێندرام. لە ماڵی یەکێک لە دۆستەکانی خۆم کە پاشان

زانیم ئەندامی ژمارە یەکی کۆمەڵەیە و بەڕاستی تێکۆشەرێکی بەجەرگ و ئازا و نەبەز و کۆڵنەدەر بوو، بەقورئان و بەئاڵای کوردستان و بەشەرەفی خۆم و بەشمشێر سوێندیان دام کە بەزمان و بەقەڵەم و بەئیشارە خەیانەت بەنەتەوەی کورد و ئەندامی کۆمەڵە نەکەم. ناوی نەهێنی حیزبیم «هێمن» بوو و ژمارەی ئەندامەتیم ٥٥. من هەقم نەبوو هیچ لەوان بپرسم. بەڵام ئەوان ئەوەندەیان مۆتمانە بە من بوو، پێم بڵێن هەژاریش ئەندامی کۆمەڵەیە و خۆت لەکن ئەو مەشارەوە ئەوەش بەو ڕادەگەیەنین.

بەو جۆرە من لە ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئەدەبیمدا پێم نایە قۆناخێکی نوێ.

ئەندامەتی کۆمەڵەی «ژ. ک» گۆڕانێکی سەیری بەسەر مندا هێنا. شەو و ڕۆژ لە بیری کۆمەڵەدا بووم کە ئەویش ئامانجی ڕزگارکردنی نەتەوەکەم بوو. هەموو ئاوات و ئارەزووی تایبەتی خۆم وەلا نا. ئیتر نەتەنیا دەستم لە شەوداوەت و هەڵپەڕین و ڕێبازگرتن و لەسەر سوانە وەستان هەڵگرت، بەڵکو وەک سۆفی تۆبەکار تووشی هەر کیژ و ژنێکی کورد دەهاتم سەرم دادەخست و چاوم لێ نەدەکرد. چونکە ئەوەشم بەخەیانەت دەزانی. بۆ خاتری کۆمەڵە من دەستم لە یارێک هەڵگرت کە بەگەورەترین مەحروومییەتی ژیانمی دەزانم و ڕابردنی زەمانیش لەبیری نەبردوومەوە و ناسۆری لە دڵمدا هەر ماوە.

لەو ساڵانەی دواییدا دۆستێکم کە باش لە شێعر بەتایبەتی لە سەبکی شاعیری من دەگا، گوتی: تۆ بۆ گوتووتە: ئاشقی چاوی کەژاڵ و گەردنی پڕ خاڵ نیم؟

گوتم کاکە من قەت درۆم لەگەڵ ئیحساسی دەروونی خۆم نەکردووە. ئەگەر تۆ دەتزانی من ئەو شێعرەم لە چ هەلومەرجێکدا گوتووە، بڕوات دەکرد هەستی دەروونی خۆم دەربڕیوە و بەڕاستی لەو کاتەدا من لە خەیاڵی چاوی کەژاڵ و گەردنی پڕ خاڵدا نەبووم.

«کۆمەڵە» بێجگە لەوەی کۆمەڵەیەکی سیاسی بوو کۆمەڵەیەکی کۆمەڵایەتی و ئەخلاقیش بوو. زۆربەی ئەندامانی کۆمەڵە بڕوایان بەو سوێندە هەبوو کە خواردبوویان و دەستیان لە ئاکاری دزێو هەڵگرتبوو. دزی، خراپە و نێوان ناخۆشی لە کزی دابوو و دەتوانم بڵێم لە هێندێک جێگایان هەر نەما.

هێندی پێ نەچوو کۆمەڵە سەرانسەری کوردستانی ئێرانی تەنیەوە و پەلی هاویشت بۆ پارچەکانی تری کوردستان، بەتایبەتی لە کوردستانی عێراقدا لکی کۆمەڵە زۆر پەرەی گرت و بەهێزبوو.

ئەندامانی کۆمەڵە لە هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵی کوردەواری پێک هاتبوون و جیاوازی بیروباوەڕی سیاسی و فەلسەفییان هەبوو. ئەگەر چاوێک بەئۆرگانی کۆمەڵەدا

بخشێنن ئەو ڕاستییەتان بۆ دەردەکەوێ، کە من لێرەدا مەجالم نییە بۆتان شی بکەمەوە. بەڵام هەموو لەسەر شتێک ڕێک کەوتبوون. ئەویش ڕزگاری کوردستان بوو. ئەندامی کۆمەڵە خاوەنی هەر بیروبڕوایەک با و لە هەر چین و توێژێک بایە بۆ فەرمانی لای سەروو نەک ئامادە بەڵکە بەڕاستی فیدایی بوو.

داهاتی کۆمەڵە تەنیا و تەنیا مانگانەی ئەندامان و فرۆشی چاپەمەنییەکان و داهاتی تیئاتر و نومایشەکانی بوو. کەچی زۆر بەباشی بەڕێوە دەچوو. هۆی ئەوە بوو هەموو کەس بەوپەڕی دڵخۆشییەوە مانگانەی دەدا و چاپەمەنی کۆمەڵەی بەچەند هێندی نرخی دیاریکراو دەکڕی. من خۆم دیومە ژمارەی «نیشتمان»یان بە ٢٠٠ ئەوەندەی نرخەکەی کڕیوە، نیشتمان قەت دانەیەکی نەدەماوە. کۆمەڵە لەپێشدا کتێبێکی بچووکی شێعری بڵاو کردەوە بەناوی دیاری کۆمەڵەی «ژ. ک» کە شێعرە نیشتمانییەکانی حاجی قادر و مەلای گەورەی کۆیە و هەژار و شێخ ئەحمەدی حیسامی تێدا چاپکرابوون و دەسبەجێ تەواوبوو. دوایە گۆواری نیشتمانی وەک ئۆرگانی کۆمەڵە چاپ کرد.

یەکەم شێعری من لە ژمارەی دووی نیشتماندا بەناوی م. ش هێمن بڵاو کرایەوە و ئیتر بوومە ئەندامی دەستەی نووسەرانی ئەو گۆوارە و لە هەموو ژمارەکانیدا شێعر و وتارم بڵاو کردەوە.

زەبیحی سەرنووسەری نیشتمان بوو و بەڕاستی لە چاپکردنی ئەو گۆوارەدا زەحمەتی کێشا و وریایی نیشاندا. جگە لە زەبیحی و چەند کەسی باوەڕپێکراوی تر کەس دەستەی نووسەرانی نیشتمانی نەدەناسی و نەیدەزانی ئەو گۆوراە لە کوێ چاپ دەکرێ.

ئەندامی کۆمەڵە وەک ئەندامی حیزبێکی نەهێنی و بەدیسپلینی توند هەر ئەوەندەی دەزانی کە پێویست بوو بیزانێ.

لەبیرمە نیشتمانم بۆ بابم دەخوێندەوە. بەتایبەتی شێعرەکانی خۆم و دەیگوت کوڕە ئەو هێمنە کێیە؟ لەدڵی خۆمدا پێدەکەنیم، بەڵام نەدەکرا بڵێم ئەو کەسەیە کە تۆ دەفتەری شێعرەکانت لێ لە تەندووری بەکەمران هاویشت. کۆمەڵە گۆواری ئاواتیشی چاپ کرد و من لەویشدا نووسیم.

تیئاتری «دایکی نیشتمان» گەورەترین تەبلیغاتی بۆ کۆمەڵە کرد. ئەو تیئاترە کە زۆریش ساکار بوو و دەتوانم بڵێم لەباری هونەری و تەنانەت فیکرەوە ناتەواویش بوو. سێ چوار مانگ لە مەهاباد و شارەکانی تری موکریان لەسەر شانۆ مایەوە. کەم کەس هەبوو نەچووبێ و هەر کەسیش چووبا دەگریا و هەستی کوردایەتی دەبزووت. لە دێهاتی زۆر

دووره‌ده‌سته‌وه خه‌ڵک بۆ دیتنی ئه‌و نومایشه ده‌هاتن. بێجگه له ته‌بلیغاتی سیاسی له‌باری ماددیشه‌وه داهاتێکی زۆری هه‌بوو و کۆمه‌ڵه‌ی ده‌وڵه‌مه‌ند کرد.

کۆمه‌ڵـــه هه‌ر بــه‌و داهاتانه توانی چاپخانه‌یه‌کی ده‌ســتی بکڕێ و لــه مه‌هاباد دای بمه‌زرێنێ.

تا زیاتر له کۆمه‌ڵه‌دا کارم ده‌کرد پله‌ی زانیاریشـــم پتر ده‌چووه ســـه‌ر و له پیاوی زانا و ئه‌دیبی وه‌ک پێشـــه‌وا قازی موحه‌مه‌د و کاکه ڕه‌حمانـــی موهته‌دی نیزیکتر ده‌بوومه‌وه و شـــتیان لێ فێر ده‌بووم. هیـــچ کام ئه‌و پیاوه گه‌ورانه‌ی کورد کـــه له پارچه‌کانی تری کوردســـتانه‌وه ده‌هاتن له من شاراوه نه‌بوون. هه‌مزه عه‌بدوڵڵا، مسته‌فا خۆشناوی شه‌هید و میرحاج و قودسی شه‌هید و زۆری ترم له‌و تێکۆشه‌رانه دیتن و ئاڵوگۆڕی فیکریم له‌گه‌ڵ کردن. چاپه‌مه‌نییه‌کانی ئێران پێشـــکه‌وتووانه‌تر بوون و شتی تازه‌یان تێدا بوو. به‌تایبه‌تی چاپه‌مه‌نییه‌کانی حیزبی توده‌ی ئێران له ڕوونکردنه‌وه‌ی بیروڕای سیاسی مندا کاریان کرد. ڕه‌وابیتی فه‌رهه‌نگی ئێران و شـــووره‌وی لقی له مه‌هابادیش دامه‌زرا. منیش یه‌کێک له‌وانه بووم که له‌وێدا کارم ده‌کرد. هه‌رچه‌ند به‌داخه‌وه ئه‌و بنکه پێشـــنیاره‌کانی منی جێبه‌جێ نه‌کرد و هیچی به کوردی بڵاو نه‌کرده‌وه، به‌ڵام زۆر شتی به نرخی به‌فارسی بڵاو ده‌کرده‌وه و که‌ڵکم لێ وه‌رده‌گرتن. شـــێعر و نووسراوی کوردی به‌ئازه‌ری و ڕووسی ته‌رجه‌مه ده‌کران و ئه‌وه‌ش ده‌ســـکه‌وتێکی باش بوو بۆ ئێمه. یه‌کێک له‌و شـــتانه‌ی ته‌رجه‌مه کران و منیش له ته‌رجه‌مه‌کردنیدا به‌شـــداربووم ئاڵه‌کۆکی هه‌ژار بوو، که له‌لایان ئینســـانێکی واقیعی و شاعیرێکی باشی ئازه‌ربایجانی شووره‌وی مامۆستا جه‌عفه‌ر خه‌ندانه‌وه به ئازه‌ری و به‌شێعر ته‌رجه‌مه‌کرا.

شـــه‌ڕی ماڵ وێرانکه‌ری دووه‌م به‌تێکشـــکانی فاشـــیزم و نازیسم و شرت و گوم بوونی هیتله‌ر و کوژرانی مۆســـۆلینی و گیران و له‌ناوچوونی شـــه‌ڕ هه‌ڵایسێنه‌کان ته‌واوبوو. هیوا و هومێدی گه‌لانی ژێرده‌ســـت و زۆرلێکراو گه‌شه‌ی په‌یدا کرد. له‌شکری هاوپه‌یمانه‌کان له ئێران چوونه‌ده‌ر. له حاڵێکدا که جوولانه‌وه‌ی ڕزگاریخوازی گه‌لانی ئێران ڕۆژ به‌ڕۆژ په‌ره‌ی ده‌گرت. گه‌لی کورد یه‌کێک بوو له‌و گه‌لانه‌ی که هیوای به‌دواڕۆژی گه‌شـــه‌داری خۆی ده‌م به‌ده‌م په‌ره‌گرتر ده‌بوو.

ده‌ســـته‌یه‌ک له ڕووناکبیران و ئه‌ندامانی کۆمه‌ڵه‌ی «ژ.ک» هاتنه سه‌ر ئه‌و بڕوایه که جێبه‌جێ‌کردنی به‌رنامه‌ی کۆمه‌ڵه له هه‌لومه‌رجی ئێســـتای جیهان و کوردستاندا ئیمکانی که‌مه. بۆیه به‌رنامه‌یه‌کی کورت و نوێیان که له‌گه‌ڵ هه‌لومه‌رجی ئه‌و ســـه‌رده‌میدا ده‌گونجا

گەلاڵە کرد و لە ڕۆژی ٣ی خەزەڵوەری (١٣٢٤) ١٩٤٥ یەکەم کۆنگرەی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە شاری مەهاباد گیرا و ئەو بەرنامە پەسندکرا و ڕێکخراوی حیزبی دیموکراتی کوردســـتان هەر لەســـەر بناخەی ڕێکخراوی کۆمەڵەی «ژ. ک» دامەزرا و تەنیا لە کادری ڕابەریدا ئاڵوگۆڕێک پێکهات و پێشەوا قازی مەحەمەد کە ئەندامێکی سادەی کۆمەڵە بوو و ناوی نەهێنی «بینایی» بوو بەپێشەوای حیزب هەڵبژێردرا و سەرۆکی کۆمەڵە کە پیاوێکی زۆر تێکۆشـــەر و ئازا و پاک بوو لە کادری ڕابەریدا نەما. ئەم ئاڵوگۆڕە هیچ کاری نەکردە ســـەر ئەو پیاوە و لە ڕیزەکانی خوارەوەی حیزبدا درێژەی بەخەبات و کاری خۆی هەر دا و ڕەنجێکی زۆری کێشا.

لەکۆبوونەوەکانـی کۆنگرەدا من بۆ یەکەم جار لە ژیانمدا لە بەرامبەر خەڵکدا شـێعرم خوێندەوە. کاتێک بەڕێوبەری کۆبوونەوە گوتی: ئێســـتاش «ئاغای هێمن» شـــێعرتان بۆ دەخوێنێتەوە و من بۆ شـــێعر خوێندنەوە بەشـــەرمەوە چوومە ســـەر مینبەری مزگەوتی ســـووری مەهاباد، هەمووکەس تەنانەت پێشەواش واقی وڕما و لە خۆیان دەپرسی: چۆن هێمن شـــاعیر و نووسەری نیشتمان (ســـەید موحەمەد ئەمینی شێخەلیسلامی) بوو و ئێمە نەمان دەناســـی؟ بابیشم کە ئەوەی بیستەوە لە گفتی خۆی پەشیمان بۆوە و گوتی هێمن شاعیرێکی باش نییە.

حیزبی دیموکراتی کوردســـتان کۆڕێکی بەناوی «هەیئەتی ڕەئیسەی میللی» هەڵبژارد کە منیش یەکێک بووم لە ئەندامەکانی. لە هەڵبژاردنی ناوخۆدا حاجی بابەشێخ کە پیرترین ئەنـــدام بوو، بەســـەرۆک و من کە لاوتریـــن ئەندام بووم بەســـکرتێر هەڵبژێردراین. چەند مانگ لەو کۆڕەدا کارم کرد. کارێکی گران بوو. هەر من بەتەنێ بەکارەکان ڕادەگەیشـــتم و حاجی بابەشـــێخی ڕەحمەتی هەر ئەوەندەی لەســـەر بوو ئەوی من دەینووسم ئیمزای بکا. هەرچەند لەبارەی دەســـتەڵات و ناوبانگەوە کارێکی گرینـــگ بوو، بەڵام لەگەڵ زەوقی من ڕێک نەدەکەوت. بەتایبەتی بەڕێ چوون لەگەڵ حاجی بابەشـــێخی خۆبەزۆرگر و کەللەڕەق کارێکی هاسان نەبوو.

لێرەدا کە باسی حاجی بابەشێخ هاتە گۆڕێ دەمەوێ شتێکی مێژوویی ڕوون بکەمەوە. لە نووســـراوی چەند پیاوی بێ خەبەردا دیومە و لە خەڵکێ ساکاریشـــم بیســـتووە تاوانی خەیانەت وەباڵ حاجی بابەشـــێخ دەدەن. من حاجی بابەشێخم خۆش نەدەویست. چونکە لەگەڵ ئەوەشـــدا دەیانگوت لە علوومی دینیدا زۆر شـــارەزایە و ڕیازیاتی کۆن زۆر دەزانێ، پیاوێکی زۆر کۆنەپەرست و کەللەڕەق و خۆپەرست و ناشارەزا بوو. بەڵام زۆر ڕاست و پاک و ئازا و بەبیروباوەڕ بوو. بەهیچ بارێک تاوانی خەیانەتی پێوە نانووســـێ. لەکاتی وتووێژ

لەگــەڵ نوێنەرانی دەوڵەتی مەرکەزیدا دوور نییە فریوی خواردبێ و بەهەڵە چووبێ. بەڵام لە ڕێگای ڕاست لای نەداوە.

بڵاوە پێدانی گەمارۆی دەوری سەقز و سەردەشت و خوڕ خوڕە کە تاوانەکەی دەخەنە سەر حاجی بابەشێخ پێوەندی بەمەسەلەیەکی قووڵ و نەهێنی سیاسییەوە هەیە کە لێرەدا جێگای باس کردن نییە و با جارێ دەرخۆنەی لەسەر دابنێین و زۆر لە دەستەڵاتی حاجی بابەشــێخ بەرەژوورتر بوو. حاجی بابەشــێخ ئەوەندەی دەســتەڵات نەبوو فەرماندەیەکی دەوروبەری ئەم شــارانە بەقسەی بکەن و بکشێنەوە. خۆ ئەو هیچ مەسئولییەتی لەشکری نەبوو، لەشکری کوردستانیش وەک لەشکرێکی ڕەسمی بەقسەی فەرماندەکانی خۆی دەکرد نە بەقسەی سەرەک وەزیرێکی بێ دەستەڵاتی غەیرە نیزامی. هیوادارم بەم کورتە نووسینە خوێنەرەکانم ڕوون کردبێتەوە.

من وازم لە ســکرتێری هەیئەتی ڕەئیســەی میللی هێنا و لە کومیســیونی تەبلیغاتی حیزبدا دەســتم بەکارکرد. لە هەموو چاپەمەنییەکانی حیزبدا دەســتم بەنووسین کرد. لە ڕۆژنامەی کوردســتان و گۆواری هەڵاڵەدا شێعر و وتارم بڵاو دەکردنەوە و لە میتینگەکانی حیزبدا بەشــدار دەبووم. لە دەســتەیەکدا کە بــۆ دانانی کتێبی کــوردی بۆ فێرگەکانی کوردستان کاریان دەکرد، ئەندام بووم. ئەندامە ئەسڵیەکانی ئەو لیژنە وەک لەبیرم مابێ، زەبیحی و هەژار و برایمی نادری و دلشادی ڕەسولی و من بووین. پێشەوا بۆ خۆی و چەند مامۆســتای شــارەزاش یارمەتیان دەداین. هەرچەند هیچمان لەو کارەدا پسپۆڕ نەبووین، بــەڵام چونکە زۆر بەدڵســۆزییەوە کارمان دەکرد پێم وایە کتێبــەکان کە بەداخەوە چاپ نەکران خراپ نەبوون.

ڕۆژی بیســت و شەشی سەرماوەز ئاڵای کوردســتان لە مەهاباد هەڵکرا و ڕۆژی دووی ڕێبەندانی ١٣٢٤ کۆماری کوردســتان دامەزرا. من نامەوێ لەو بارەوە بدوێم چونکە زۆری باس کراوە و تەنیا دەڵێم من لەو ڕۆژە پیرۆزانەدا بەشداربووم و شێعرم خوێندەوە.

لــەو ماوەدا من و هەژار یەکماڵ بووین، شــەو و ڕۆژ پێکــەوە دەگەڕاین. ماوەیەکیش قزڵجیمــان لەگەڵ بوو. کاتی بێکاری و ســانەوەمان زۆر خــۆش ڕادەبوارد. من کە پایەی خوێندەواری و زانیاریم زۆر لەوان کەمتر بوو، لە هاونشینی ئەوان کەڵکم وەردەگرت و شت فێر دەبووم. چونکە من و هەژار بۆ هەموو جێگایەک پێکەوە بووین و لێک هەڵنەدەبڕاین، زۆر کــەس نەیاندەزانی کاممان هەژارە و کاممــان هێمن و ئەگەر یەکمان بەتەنێ گەڕابایـن دەیانگوت کوا ئەوی تر؟

پـــاش دووی ڕێبەندان و پێکهاتنی کۆماری کوردســـتان کوردەکانـــی پارچەکانی تری کوردســـتان ڕوویـــان لە مەهاباد کرد و مـــن و هەژار لەگەڵ هەموو پیـــاوە بەناوبانگەکان پێوەندی دۆستایەتیمان دامەزراند. مامۆستا قانیعیشم ناسی و لە ئەزموونی ئەدەبی ئەویش کەڵکم وەرگرت. زۆرم بیرەوەری خۆش لە هاونشـــینی مامۆســـتا قانیع هەیە کە بەداخەوە لێرەدا مەجالی گێڕانەوەیان نییە.

دایکم لەمێژ بوو دەیویست ژنم بۆ بێنێ و تا نەمردووە من بەزاوایی ببینێ. بەڵام من ملم ڕانەدەکێشا و نەدەچوومە ژێر بار. خۆم بەخوێندەوار دەزانی و پێم وابوو هەق نییە دایک و بابم ژنم بۆ بێنن. بۆ خۆشم لە هەڵبژاردنی دەزگیراندا دڕدۆنگ بووم و هەتا گەورەتر دەبووم ئەو دڕدۆنگییە زیادی دەکرد. لەو ئاخیرانەدا هاتبوومە ســـەر ئەو خەیاڵە کە ئەســـڵەن ژن نەهێنـــم و بەڕەبەنی بمێنمەوە. هیچ کچێک تەبعی جوانی پەرســـتی منی ڕازی نەدەکرد و ڕەنگ بێ ئەگەر دایکم نەبووبا ئێســـتاش بوخچەی نەکراوە بووبام. بەڵام دایکم ئەو ساڵی پێی لێ لە کەوشان کردم و گوتی: ئیللا بیللا، پێت خۆش بێ و پێت ناخۆش بێ ژنت بۆ دێنم. لەولاشەوە هەژاری لێ دنە دابووم و شەو و ڕۆژ لەبن هەنگڵمدا بوو. هەژار بەتەمەن چی وا لە من گەورەتر نەبوو. بەڵام ســـارد و گەرمی ڕۆژگاری لە من زۆر پتر چێشـــتبوو. دوو جاری ژن هێنابوو وئەزموونی لەو بارەوە زۆر بوو. توندی و سەرەڕۆیی دایکم و نەرمە نەرمە و دنەدانی هەژار دڵیان نەرم کردم.

دایکم برازایەکی خۆی کە کچی پیاوێکی بەدەســـتەلات و دەوڵەمەند بوو بۆ خواســـتم کە نە دیبووم و نە دەمناســـی. درۆ نەبێ جارێکی دووربەدوور لەبەر مانگادۆشین دیبووم. ئەویش ڕوخســـارم نەدیبو. بەڵام دەمزانی کورتە باڵایە. ئەوەش سەیر بوو من ئەو خۆوێژە نەبووم کە گوتوویەتی: «ســـەد نەحلەت لە حاڵەتم هەر ئەی کورتم خۆش دەوێن» من لە ژندا ئەوی لە هەموو شت پتر سەرنجم ڕادەکێشێ بەژن و باڵای ڕێکوپێک و بەرزە. ئەوەشم بە دایکم گوت. گوتی: ڕۆڵە ئەو قســـانە چن؟ زێڕیـــش بچووکە. دایکم ژنێکی دنیادیدە و بەئەزموون و کارامە و زۆر بەدەستەلات بوو. خزم و کەسوکار و دۆست و ئاشناشمان زۆر بـــوون، لەناو ئەو هەموانەدا ئەو برازایەی هەڵبژاردبوو. دیارە ئەو بەدوای کچی شـــۆخ و شـــەنگ و جوان و چەلەنگدا نەگەڕابوو. ئەو دەیویست بووکێکی ئاکارباش و ڕەفتارچاک و وریا و بەمشوور و ماڵداریکەری هەبێ.

شـــایی هێمن دەســـت پێکرا، هەژار هەڵبەزی، سەرچۆپی کێشـــا، دەستی دۆی ناسک و نازداری گوشـــی، چاوی لە کیژۆڵان داگرت و شـــەوانەش بەو قسە قۆڕانەی خۆی کۆڕی دیوەخانی وەپێکەنین دەخست. بەڵام هێمن نیگەران بوو، نیگەرانی دواڕۆژی خۆی و بیری

لەوە دەکردەوە چۆن لەگەڵ ژنێک کە هەڵبژاردەی دایکیەتی و بۆ خۆی نەیدیوە و نایناسێ، دەتوانێ ژیان بەرێتە سەر. نەیدەزانی تۆقی لەعنەتی بۆ دێنن یا فریشتەی ڕەحمەت.

ڕۆژی ٢٥ی خەزەڵوەری ١٣٢٥ بووکیان بۆ دابەزاندم. دیارە ئەو پەری ناســک و نازدار و شۆخ و شەنگ و جوان وچەلەنگە نەبوو کە خەیاڵی شاعیرانەی من بەشوێنیدا دەگەڕا و هێشتاش تووشی نەبووە. بەڵام زۆر زوو توانی خۆی لە دڵی مندا جێ بکاتەوە و وا لە خۆی بکا کە لە قووڵایی دڵمەوە خۆشم بوێ و ببێ بەیاری هەمیشەیی و خەمڕەوێنی ڕۆژانی تاڵ و تفتی ژیانم. بیســت و سێ ساڵ پێکەوە ژیاین و لە پەنا ئەودا هەستم بەسانەوە دەکرد. قەتی ئەوەندە دڵ نەشکاندم ڕۆژێک تا ئێوارێ لێی زیزبم و دەنگی لێ بگۆڕم. زۆر لە ژیانی ژن و مێردایەتیــم ڕازیم. ئیقرار دەکەم ژیانی خۆشــی ژن و مێردایەتیمان زیاتر ئەو پێکی هێنابوو. چونکە من دەزانم حەساس و تووڕە و تەنانەت بیانووگر و جینگنۆکەم، بەڵام ئەو هێدی و ئارام و ژیر بوو و بیانووی نەدەدا دەســتم. تاقە کوڕێکمان بوو ناوی نا (سەلاح)، ئەوە ماوەیەکی زۆرە لە دیداریان بێ بەشم و دەردی دووری دەچێژم. یادیان بەخێر.

هێشتا مانگێک بەسەر شەوی زاوایەتیمدا ڕانەبردبوو و بەقسەی ئەوڕۆ مانگی هەنگوێنم تەواو نەکردبوو، کە بەداخەوە ئەوەی نەم دەویســت رووبدا ڕوویدا و ئەوەی پێم خۆشبوو بمرم و نەیبینم دیتم. ڕیســەکەمان لێ بۆوە خوری. هێلانەکەمان لێ شێوا و کۆمارەکەمان ڕووخا و دوژمن بەسەرماندا زاڵ بۆوە.

ماوەیەک بوو هەســت بەمەترسی دەکرا. جەبهەی سەقز و سەردەشت قایمتر دەکران. چەنــد دەرەبەگی بەناوبانــگ و خاین ڕایان کردبوو بۆ عێراق و یەک دوو مەلا و شــێخی خوێڕیەپیاو دەسبەســەر کرابوون. حکوومەتی ئازەربایجان لەشــکرێکی ساز و تەیاری بۆ پشــتیوانی پێشــمەرگە ناردبووە جەبهەی ســەقز، چونکە وا بەراورد کرابوو کە تەنیا لەو جەبهەڕا ترسی پەلاماری دوژمن هەیە. لەپێشداش چەند جار لەو جەبهەڕا دوژمن پەلاماری هێنابوو، بەڵام زۆر خراپ شکابوو و زەبری دەستی پێشمەرگەی کوردستانی چێشتبوو.

ئازەربایجــان حکوومەتێکــی گەورەتــر و بەهێزتر و زۆر تەیارتر و پــڕ چەکتر بوو لە کوردســتان. خەتی دیفاعی ئازەربایجانیش زۆر قایمتر بوو. کەوابوو کەم کەس بەخەیاڵیدا دەهات لە ڕێگای ئازەربایجانەوە پەلامار بۆ ســەر جووڵانەوەی ڕزگاریخوازی گەلانی ئێران بهێنرێ.

ماوەیەک بوو بۆ ئەوەی کارەکانی حیزبی باشــتر ڕابپەڕن پاش ئەوەی شەوانە پێشەوا کە زۆر شــەو تا درەنگ لە دەفتەری حیزبدا دەماوە دەچۆوە ماڵی خۆی، کادرێکی حیزبی

لە دەفتەری حیزبدا دەماوە بۆ ئەوەی ڕاپۆرتی خوارەوە - ئەگەر پێویست بوو - بەپێشەوا ڕابگەیەنی و دەستوراتی پێشەوا بۆ خوارەوە بنێرێ. ئەو شەوی نۆرەی منی تازە زاوا بوو. لە دەفتەری حیزب دانیشـــتبووم و خەریکی نووسینی مەقالەیەک بووم بۆ «کوردستان»، ئەفســـەرێکی بچووک بەڵام دۆســـتێکی گەورەی من و ئەندامێکی زۆر بەوەفای حیزب هاتە ژوور. زۆرم پێ ناخۆش بوو کە دەستی بۆ ڕادیۆکەی سەرمێزەکە برد. چونکە نووسینەکەی لێ تێک دەدام. بەڵام چم نەگوت و قەڵەمەکەم دانا. لەپڕ شـــتێکی وامان گوێ لێ بوو کە وەختابوو پێمان بەعەرزەوە وشک بێ. ڕادیۆ تاران تەلگرافی پیرۆزبایی دوکتور جاوید وەزیری ناوخۆی ئازەربایجانی دەخوێندەوە کە بەبۆنەی گەڕانەوەی ئەرتەشی شاهەنشاهی بۆ تارانی ناردبوو. دوایە خەبەری ڕاکردنی «موتەجاســـیرین»ی ڕاگەیاند. موتەجاســـیر و ماجەراجوو دوو ناو بوون کە لەو شـــەوەڕا بەســـەر بەڕێوەبەرانی جووڵانەوەی ئازادیخوازی کوردستان و ئازەربایجاندا بڕان و ئێستاش دەزگای تەبلیغاتی ڕێژیم دووپاتەیان دەکاتەوە و دەیانهێنێتەوە کاوێژ.

دەســـبەجێ بەتیلفوون ئەو خەبەرەم بەپێشـــەوا ڕاگەیاند. گوتـــی بۆ خۆت وەرە ئێرە و بەئەوانـــی تریـــش ڕابگەیەنە بێنە ئێرە. بەدوای ئەوانمدا نـــارد و بۆخۆم چووم بۆ ماڵی پێشەوا. سەدری قازی برای پێشەوا کە نوێنەری مەجلیس بوو لە تاران و بەڕواڵەت نەدەبوو لەو واقیعە بترسێ، لە هەموو کەس پتر شڵەژابوو. ئەو دەسبەجێ گەڕاوە بۆ تاران و لەوێ گرتیان و هێنایانەوە مەهاباد.

ئازەربایجانی وا تەیار پڕ چەک بەلەشـــکری ساز و پەرداخ و فەرماندە لێزانەکانیەوە بۆ وا زوو تەســـلیم بوو؟ پیشـــەوەری کارامە و شۆڕشگێڕ و کۆنەپیاو و ئازا و ڕابەرەکانیتری ئازەربایجـــان بۆ وا بەپەلە ڕایان کرد؟ پرســـیارێکە کەس بەتـــەواوی جوابی نەداوەتەوە و منیـــش جوابم بـــۆ نادرێتەوە بەڵام دڵنیام ئەگەر فیدایی دەســـتی کردباوە و ئەگەر فیرقە بەریەرەکانی بکردایە، لەشـــکری شڕوشـــپڕێوی تاران نە تەنیا پێی لە تەورێز نەدەنا و ئەو هەموو کوشـــتاری نەدەکرد، بەڵکە تارانیش دەشـــێوا و لەوانەبوو لە سەرتاسەری ئێراندا جووڵانەوەی ئازادیخوازی بەســـەر کۆنەپەرستیدا سەرکەوێ و تەنانەت نفووزی ئیمپریالیزم لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاســـتدا زووتر بنەبڕبێ. بەڵام وەک زانایان گوتوویانە مێژوو ئەوەیە ڕوو دەدا نەک ئەوە کە ئێمە دەمانەوێ.

بەڵێ کوتوپڕ تەورێز گیراوە و کوردســـتانیش لە هەموو لاوە گەمارۆ درا. پاش ئەوەی ســـەدری قازی نازانم بۆچی بەرەو تاران گەڕایەوە ڕابەرانی حیزبی دیموکراتی کوردســـتان لە ماڵی پێشـــەوا کۆبوونەوە و ئەو شـــەوی ڕووحیەی هەموو کەس دەتوانم بڵێم باش بوو.

شــورای جەنگ بەسەرۆکایەتی حاجی بابەشێخ پێک هات و سورەت جەلسەی یەکەم ئیمزا کــرا و قەراری بەربەرەکانی درا. بەڵام هێشــتا مەرەکەبی بڕیارنامەکە وشــک نەببۆوە کە خەبەر هات یەکێک لە ئەندامەکانی ئەو شورایە ڕای کردووە.

بۆ بەیانی وەزع گۆڕا و بڕیاری بەربەرەکانی هەڵوەشــاوە و بەپێشمەرگە دەستوور درا بێ دەســتکردنەوە پاشەکشە بکا و ڕێگا بۆ ئەرتەش بەتاڵ بکا و خەڵک دەستێکی کەوتە ئەولای و یەکێکی کەوتە ئەملای.

پێشمەرگە لە جەبهەی سەقز و سەردەشتەوە بەڕێکوپێکی پاشەکشەی کرد. فیداییەکان کە فەرماندەکانیان ڕایان کردبوو وەک مەڕی بێشوان بڵاوبوون و عەشایر لێیان وەخۆکەوتن و هەموویان داپڵۆسین و نەیانهێشت تاقە فیشەکێک لەگەڵ خۆیان بەرنەوە، بەڵام نەوێرانە پێشـــمەرگە. تەنیا لەناو مەنگوڕان پێشـــی دەســـتەیەکیان گرت کە بەفەرماندەیی زێڕۆی دەگەڕانەوە، زێڕۆش کە بۆ خۆی شـــڕەخۆرێکی وەک ئەوان بوو، دەســـتی نەدا و بەگژیاندا هاتەوە و تەنانەت چەند گوندیشـــی تاڵان کرد و گەیشـــتەوە مەهاباد. ئەوانی فیداییەکانی ئازەربایجانیان ڕووت کرد کەســـیان نەکوشـــت. ئەوی من وەبیرم بێ لەو کارەساتەدا تەنیا پێشمەرگێکی کوردی عێراق شەهید کرا و هێندێکیشیان ناپیاوانە ڕووت کردن. فەرماندەی ئەرتەش بێ هیچ زەحمەت گەیشتە گوندی حەمامیان و پێشەوا لەوێ دیتی.

لەو ماوەدا من هەمیشە لەگەڵ پێشەوا بووم. دیارە لەگەڵی نەچوومە حەمامیان، بەڵام لە شـــاری بەجێم نەهێشت. دەمدیت پەشۆکابوو. بەڵام نەک لە ترسان، بەڵکە لە داخان و لەبەر ناهومێدی.

من لەمێژ بوو پێشەوام دەناسی و لە ڕۆژی تەنگانەدا دیبووم. بەدەست و تفەنگی خۆی پیاوێکی زۆر ئازا بوو. پێش دامەزراندنی کۆماری کوردستان چەند جار عەشایر هاتنە سەر مەهاباد و پێشەوا بۆخۆی لە یەکەم سەنگەردا بۆ دیفاع ئامادەبوو. ئەدی چۆن بوو ئەوجار تەســـلیم بوو؟ بۆخۆم لێم بیست گوتی لەسەرمانەوە ناچن و دەمانکوژن. بەڵام پێم خۆش نییە گەلەکەم بەجێ بێڵم و دەمەوێ لەناو ئەواندا بمرم.

ڕاســـتە کوردستان پاش گیرانەوەی ئازەربایجان و لەدەستدانی ئەو هاوپەیمانە بەهێزە لە هەموو لایەکەوە گەمارۆ درابوو، ڕاســـتە بەشـــێکی عەشایر گوێیان لە کڵاو پەڕاندبوو و چاوەنـــۆڕی خراپەیان لێ دەکرا، ڕاســـتە خەزێنەی کۆمار بەتـــاڵ و حەتاڵ بوو و هەمووی درابوو بەتووتن و هێشتا نەفرۆشرابۆوە و لە عەمباردا مابۆوە، ڕاستە لە هەموو یارمەتییەکی دەرەوە هیوابڕاو کرابوو، بەڵام من بەش بەحاڵی خۆم لەو بڕوایەدام ئەگەر دەســـتەوەکەری

کرابـــا و ئێمە ئەزموونی شۆڕشـــگێڕمان هەبا مێژووی کۆماری مەهابـــاد بەو جۆرە دوایی نەدەهات کە هات.

ڕۆژی ۲۶ی ســـەرماوەزی ۱۳۲۵ - ۱۹٤٦ ئەرتەشـــی شرۆشـــپرێوی شاهەنشاهی تەواو ساڵەوختێک پاش هەڵکردنی ئاڵای کوردستان شاری مەهابادی گرتەوە.

هێندێک لە بەڕێوەبەران و کادرەکانی حیزب ڕایان کرد و خۆیان شاردەوە و هێندێکیش دانیشـــتن و چاوەنۆڕی گرتن بوون. من ئەو ڕۆژی لە شـــار وەدەرکەوتم و چوومە خانەقای شـــێخی بورهان. لەوێ شـــێخ موحەمەدی خاڵم حەشـــاری دام و لەبن باڵی خۆی گرتم. لە خانەقا بووم کە خەبەری گیرانی پێشـــەوا و ڕابەرانی حیزب و کۆمارم بیســـت. پیاوم وەدووی هەژار خســـت بیبینمەوە و پێکـــەوە تەگبیرێک بکەین. ئەویش بۆی دەرچووبوو و بۆم نەدۆزراوە.

نەخۆشی کەوتوویی لە خانەقا هەبوو، زۆر کەس گرتبووی و چەند کەسیشی کوشتبوو. مـــن جارێکـــی تر هەر لـــەو خانەقایەدا ئەو نەخۆشـــییەم گرتبوو و زۆری لێ دەترســـام. گوتوویانە هەرچی بترسێ ناخەلسێ، هێندە پێ نەچوو گرتم و کەوتم. بەفرێکی یەکجار زۆر و ئەســـتوور کەوتبوو، هیچ دوکتۆرێک بەو بەفرە نەدەگەیشـــتە خانەقا. دوو مانگی ڕەبەق بۆی لەسەر ڕەقی پشتی کەوتم. ئەسپەک لەسەری دام و قسەی هاتەران پاتەرانم دەکرد. هەموو بەدەنم بەنوێنانەوە چوو و توێخی هاویشـــت. بەڵام ئەوجاریش لە دەســـت ئیزرائیل ڕزگاریم هات.

کە لە نەخۆشـــی هەستامەوە بەفریش کەم ببوو، ڕێگا کرابوونەوە. وایان بەمەسڵەحەت زانـــی بۆ ئەوەی کەمێک ژیوەلە ببمەوە و گـــورد بگرمەوە بەدزی بچمەوە ماڵی خۆمان کە لە شار نیزیک بوو و دەرمان و خواردنی باشتری لێ وەدەست دەکەوت. چاک لەبیرم نییە چەند ڕۆژان لە ماڵێدا تەماڵم هەڵگرت و خۆم مەڵاس دا.

ڕۆژێک لە ژوورێ دانیشتبووم و کتێبم دەخوێندەوە، لەپڕ لەناوێدا بوو بەشین و گابۆڕ. ناردم بزانم چییە؟ قاسید بەگریان و لەخۆدان هاتەوە و گوتی ئەوانەی لە شاری هاتوونەوە دەڵێن دەوری شار گیراوە و نایەڵن کەس بچێتە ناو شار یا وەدەرکەوێ و دەنگۆیە و دەڵێن پێشـــەوا شـــەهید کراوە. هێندەی پێ نەچوو قسەکە دڕا و مەعلووم بوو پێشەوا و سەدری قازی برای و سەیفی قازی ئامۆزای لە چوارچرا لەدار دراون.

ئەو ڕووداوە دڵتەزێنە و ئەو کارەساتە جەرگبڕە هەموو کوردێکی بەشەرەفی خەمناک و تازیەبار کرد. بەتایبەتی دڵی منی بەناسۆر ئەنگاوت. ناسۆرێک کە بۆتە تیراوێ و ئێستاش

هەروەبن دەداتەوە و هەڵدەداتەوە و بێگومان سارێژ نابێ و لەگەڵم دێتە بن گڵ.

من پێشەوام لە دڵەوە خۆش دەویست. بەڕابەرێکی دڵسۆز و ژیرم دەزانی، بەکوردێکی پاک و چاکم دەناسی و بەموسلیحێکی یەکجار گەورە و مەزنم دەزانی. دەمزانی نەتەوەکەی خۆی چەند خۆش دەوێ و چەندی پێ خۆشـــە خزمەتـــی بکا. چەند بەئاواتەوە بوو کورد بگاتـــە ڕیزی نەتەوە بەختەوەرەکان. زۆرم هیوا پێ بوو گەلەکەمان بەپەلە بەرێتە پێش و لاتەکەمـــان زوو ئاوەدان بکاتەوە. لەو ماوە کورتەشـــدا دەزانین چەندی خزمەتی بەکەڵک کردن. بەڕاســـتی مەرگی پێشـــەوا نەک هەر بـــۆ نەتەوەی کورد بەڵکە بـــۆ جووڵانەوەی ئازادیخوازی و دژی ئیمپریالیستی سەرانسەری ئێران زیانێکی گەورە بوو. دەریایەک زانست و ئەدەب، دەریایەک فیکر و بیر، بەدەســـتی زۆردارێکی ســـەرەڕۆ و نەزان وشـــک کرا و لەناوچوو.

سێ ڕۆژ پاش شەهیدبوونی پێشەوا یانی ڕۆژی سێزدەبەدەر ـ قەلفرەم بۆ کرد و لەگەڵ پیاوێکی هەژار و هاواڵێکی زۆر بەنرخی حیزبی بەرەو کوردســـتانی عێراق وەڕێ کەوتین. بەدوو ڕۆژ و دانێک سنوورمان پەڕاند. لەوبەری جۆگەوە بازم دا ئەوبەری جۆگە بەڕواڵەت هیچ فەرقێکم نەهاتە پێش چاو. بەڵام لە واقیعدا ســـنووری سیاســـی وڵاتێکم پەڕاندبوو و چووبوومە وڵاتێکی دیکە. گەیشـــتمە شاری قەڵادزە، وەنێو بازاڕ کەوتم و نەکەوتم بەبەرگ و لیباس پۆلیس ناسیمی و زانی لەو دیوڕا هاتووم. پیلیان گرتم و خەریک بوون تێکمەوە پێچن. بەڵام مەلایەک و حاجییەک بێ ئەوەی بمناســـن باڵیان بەسەردا کێشام و نەجاتیان دام. نەقلەکە ڕاســـت لە من ڕووی دابوو لە ترســـی ئاگر پەنام بـــۆ مار بردبوو. مەلا پێی خۆش بوو بمناســـێ. منیش لەگەڵ ئەوەشدا پێم خۆش نەبوو کەس بمناسێ و ناوی خۆم بەکەس بڵێم خۆم پێ ناســـاند. دیاربوو مامۆســـتا منی لە دوورەوە دەناسی. ئەو شەوەی زۆری حورمەت گرتم و لە حوجرەی فەقێیان نووســـتم و بەیانی بۆخۆی وەپێشـــم کەوت و بردمـــی بۆ گوندی گردبوداغ. من بەهیوا بووم ســـۆراخی هـــەژار و زەبیحی و قزڵجی و دڵشـــاد بکەم و قســـەی خۆمان بێ لە دڵی خۆمدا وام دانابوو یەک بگرینەوە و سەرلەنوێ دەست بەکاربینەوە. دیارە ئەو قسەم بەمامۆستا عەرز نەکردبوو، بەڵام پێم گوت دەمەوێ ئاواڵەکانـــم ببینمەوە. مامۆســـتا گوتی جارێ ڕووبار زۆرن و بـــوار نین و بێجگە لەوە ئەو کوردانەی ئێرە کە هاتبوونە ئێران هاتوونەوە و دانگەریزە دەکەنەوە بۆ لای شاران و پۆلیس ئامادەیـــی هەیە. جارێ ماوەیـــەک لێرە بە تا وڵات کەمێک ئـــارام دەبێتەوە. هاوڕێیەکەم ناردەوە و بۆ خۆم دەستم کرد بەخوێندن و سەرلەنوێ بوومەوە فەقێ؛ زۆر چاکم دەخوێند. هەم خۆم دەخافڵاند و وەڕەزی خۆم دەشکاند و هەم دەمویست ئەوی لە سووریم دۆڕاندووە

له کایەی تێ هەڵبێنمەوە. هێشتا لاو بووم و ئەگەر خوێندبام دەمتوانی شتێک بکەم. بەڵام خوێندنەکەم زۆری نەخایاند. بیستم وەزعی ئێران ئارام بۆتەوە و دەستیان له خەڵک گرتن هەڵگرتووه و لێکم داوه پاش ئەوەی لێرەش هەر قاچاغم و ناوێرم بگەڕێم بۆ سەرێک لە وڵاتی خۆمان نەدەمەوە؟ ئەگەر زانیم دەحاوێمەوە ئەوە هەر لەوێ خۆم حەشار دەدەم. بەتاقی تەنێ ڕووم له کوێستانە خۆشەکانی کوردستان کرد بەنێو چادر و هۆبە و گوڵ و گوڵزاراندا گەڕام. شەنگەبێری کێل گەردنم دین. لەو گەشت و گەڕانەدا بووم کە پارچە شێعری بەهاری کوردستانم گوت، کە بۆخۆم ئێستاش زۆرم خۆشدەوێ و بەشاکاری دەزانم. ژاندارم و پۆلیس لە هیچ کوێ تووش نەبووم و بێ سەدەمە گەیشتمەوە گوندەکەی خۆمان.

ڕاوەستام تا شەو بەسەر دەستاندا هات و بەتاریکی چوومە ماڵێ. یەکسەر چوومە پشت دەرکی ژووری بابم. بۆ یەکەم جار لە ژیانمدا خۆم گرت. چونکە بابم خۆ لە خەڵک گرتن و گوێ لە قسەی خەڵک هەڵخستنی زۆر پێ ناخۆش بوو. تەنانەت ژنی ماڵی ئێمە لە ترسی بابم قەت نەیان دەوێرا شەمۆڵە بگرنەوە کە ئەودەم لە لادێدا زۆر باو بوو. لە درزی دەرکەوە دیتم بابم بەحەواوە ڕاوەستاوە و لەگەڵ ئەو پیاوەی کە لەگەڵم هاتبوو بۆ کوردستانی عێراق قسە دەکا و پێی دەڵێ ڕۆڵە پێم بڵێ لە کوێیە بۆخۆم پیاو دەنێرم. ئەویش دەڵێ دوو ڕۆژی دی بۆخۆم دەچم و دەیهێنمەوە. قەولم پێداوە جێگا و شوێنی ئەو بەکەس نەڵێم. بابم کەمێک بەتووڕەییەوە گوتی چۆن بەمنیش ناڵێی. گوتی نەخێر بەتۆش ناڵێم: بەدایکیشی ناڵێم، قەولم پێداوە و قەولی خۆم دەبەمە سەر. ماندوویی ڕێگا و کوێرەوەری غەریبی و لێ قەوماویم لەبیر چۆوە و لە دڵی خۆمدا گوتم چۆن زەحمەتکێشانی کورد کوڕی وایان لێ پەیدا بووە؟

بەڵێ زۆر قارەمانی وا لە خەباتی ڕزگاریخوازی گەلەکەماندا هەن کە بەشەرەفەوە ژیاون و بەشەرەفەوە دەمرن و مێژووش لەبیریان دەکا. ئەو پیاوە، پیاوێکی هەژار و زەحمەتکێش و نەخوێندەوار بوو. لەسەرەتای کۆمەڵەوە بەبڕوایەکی قایم و تەواوەوە هاتبووە ناو کۆڕی خەبات و بێ ئەوەی خۆی ڕانێ خزمەتی زۆر گەورەی کردبوون و کەسیش باشی ناناسێ و منیش لێرەدا ناوێرم ناوی بەرم. چونکە نازانم ماوە یا نەماوە و دەشزانم ئەگەر مابێ تووشی دەردی سەر دەبێ.

چیدی خۆم پێ ڕانەگیرا و چوومە ژوورێ. دایکم و بابم و کابرا واقیان وڕما. دایکم ئامبازم بوو و تێروپڕی ماچ کردم. بەڵام بابم ئەو بابەی کە قەت ڕووی نەدامێ و لەبەر

هیچ کارەساتێک نەدەچۆما و بەمەتانەت و خۆڕاگری لە وڵاتدا ناوبانگی هەبوو و هەتا ما یەکمان جگەرەمان لەکن نەکێشا و بێئیجازە دانەنیشتین. خۆی پێ ڕانەگیرا و بەلووزەوەو فرمێسکی لە چاو هاتە خوار و هەتا ماوەیەک هیچ قسەی بۆ نەکرا. دوایە بۆ یەکەم جار و ئاخر جار لە ژیانمدا بەخێرهاتنی کردم و گوتی چاک بوو هاتیەوە. ئەوە لە دوام دەناردی عەفوی عمومی بۆ عەشیرەتان دەرچووە. ڕاستە ئێمە عەشیرەت نین. بەڵام خەڵکی گوندین و دەتوانین لەو دەرفەتە کەڵک وەرگرین. ماڵی دنیام زۆرە و ئێستا هەموو شت بە بەرتیل دەکرێ. جارێ ماوەیەک لە ماڵێ دانیشە و هاتوچۆی شار و باران مەکە تا بزانین دنیا چی لێ دێ.

لە ماڵێ دانیشتم و چ باس نەبوو وردە وردە خەڵکیان بەردا. منیش دەستم کردەوە بەجووت و گا و ئاژەڵدارییەکەی خۆم و هاتمەوە سەر حووللەمەرەسێ. حیزبی تودەی ئێران بەئاشکرایی خەباتی دەکرد و ڕۆژ بەڕۆژ کۆمەڵانی خەڵکی ئێرانی زیاتر لێ کۆ دەبوونەوە. لە ڕۆژنامەکانی خۆیدا ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستی بەتوندی دەکوتا و تیئۆری زانستی بڵاو دەکردەوە.

حیزبی دیموکراتی کوردستانیش کەم کەم بووژاوە و کادرە لاوەکانی دەستیان کردەوە بەخەبات. پیاو هەق بڵێ حیزبی تودە لەو سەردەمەدا لە بووژاندنەوەی حیزبدا ڕۆڵێکی باشی یاری کرد. تەنانەت لە پاراستنی ناوی حیزبدا. چونکە هێندێک لە لاوە ئازادیخواز و کەم ئەزموونەکان خەریک بوون ناوی حیزب بگۆڕن و بیکەنە کۆمەڵەی کۆمۆنیستی کوردستان و وەک بیستوومە بەڕێوەبەرانی حیزبی تودە مانیع بوون.

ژمارەیەک نیشتمان بڵاو بۆوە گەیشتە دەستم و هۆمێدم پەیداکرد کە خەباتەکەمان پەرە بگرێتەوە. هەرچەند ڕاپۆرتیان لێ دام کە لە نووسینی ئەم گۆوارەدا دەستم هەیە و برێکیان ئەمبەر ئەوبەر پێکردم و بەخوای دەستێکیشیان بەیاڵ و بژیدا هێنام و پووڵ چایەکیان لێ ئەستاندم. بەڵام ئەوە چوو و ڕابرد نەمزانی لە کوێ چاپ کرا و هەر بەشێوە نووسین نووسەرەکانم ناسین. ژمارەیەکیش ڕێگا دەرچوو و پێم گەیشت. یەکێک لە نووسەرەکانم دیت و بەڵێنی هاوکاریم پێدا، بەڵام بەداخەوە ئەویش تێداچوو.

لە ڕۆژی ١٥ی ڕێبەندانی ١٣٢٧ ناسری فەخرارایی لە دانیشگای تاران شای وەبەر دەمانچان دا تۆزکاڵێکی دەم و لێو و پشت پووشاند. ئەو تاوانەیان هاویشتە سەر حیزبی تودە و ئیجازەی ڕەسمی کارکردنی ئەو حیزبەیان هەڵوەشاندەوە و ڕابەرەکانیان گرتن و دەرکی ڕۆژنامەکانیان داخستن و لە سەرتاسەری ئێراندا حکوومەتی نیزامی دامەزرا.

ئەوەش زەبرێک بوو کە بەنەخشـــەی ئیمپریالیزم و بەدەستی کۆنەپەرستی وەجوولانەوەی ڕزگاریخوازی ئێران کەوت.

بەڵام زۆری پێ نەچوو ڕۆژنامەکانی حیزبی تودە بەنهێنی دەرچوونەوە و رابەرانی حیزب توانیان لە زیندان رابکەن.

سەیر ئەوە بوو پاش ڕووخانی کۆماری مەهاباد من یەکەم جار دوو ڕۆژ پێش واقیعەی دانیشـــگا وێرابووم بەئاشکرایی بچمە مەهاباد و بەڕۆژی ڕووناک بگەڕێم کە ئەو ڕووداوە لە تاران قەوما و لە مەهابادیش دەستیان کردەوە بەخەڵک گرتن. ناچار منیش خۆم شاردەوە. لەو خۆشاردنەوەدا شێعرێکی زۆر باشم لەژێر عینوانی «ژوانی ئاغا»دا گوت کە بەداخەوە خۆم نەمماوە و تکا لەو کەسانە دەکەم کە هەیانە بیپارێزن و ئەگەر کرا بۆم بنێرن. ساڵی ١٣٢٧ ســـاڵێکی یەکجار تووش و شـــووم بوو. من بە عومری خۆم زســـتانی وا سەختم لە وڵاتی خۆمان نەدیبوو. پازدە ڕۆژی پایز مابوو بەفرێکی ئەســـتوور و وشک باری. یەک نوا لە هەموو جێگایەک لە میترێک پتر بوو. وشـــکەبەند و ســـەرما و سابیقەی بەدوادا هات و یەکسەر بوو بە ڕوو، بەفری دیکەشی بەسەردا بارین، ڕێ و بان گیران، قات و قڕی پەیدا بوو، ئاو وشـــک بوون و خەڵک ناچار بوو بەفر بتوێنێتەوە و بیخواتەوە. نەوت و ئاوردوو وەگیر نەدەکەوت. ئاژەڵ و ماڵات قڕانی کرد. ڕەپستە ڕزین و نەوەندە گنخان و گرانییەکی زۆر بەسامی بەدوادا هات.

من بۆخۆم لە ئەزموونی پیاوێکی دنیادیدە و کۆنساڵ کەڵکم وەرگرت و توانیم بەشێکی زۆر لە دەغڵودانی خۆمان لە ڕزین و زایەبوون ڕزگار بکەم.

بەهـــار درەنگ بوو، هەوا گەرم ببوو. بەڵام بەفر ئارەقیشـــی نەدەکرد. ڕۆژێک چوومە مزگەوت تەماشام کرد پیرەپیاوێک بەتەنێ لە تەنیشت سۆبە سارد و سڕەکە هەڵکورماوە. هەر منی دیت گوتی: منداڵی ئەو زەمانە ئێمەیان پێ خەرفاوە. گوتم مامەگیان چ قەوماوە؟ گوتی: بەســـەری تۆ ئەوە چەند ڕۆژە بەو هەتیوە گێژانەی خۆم دەڵێم بچن بەفری ســـەر ڕەپســـتەکەمان کون کون بکەن گوێشـــم نادەنێ. گوتم جا بۆ کون کونی بکەن؟ گوتی بۆ تۆش نازانی؟ گوتم نەوەڵڵا. گوتی بیلامانێ کە ساڵ درەنگ بوو هەرد گەرم دادێ و هەڵمێ دەکا. بەفریش نایەڵێ هەڵمەکە بێتەدەر و لەناو خۆیدا دەگەڕێتەوە و دەغڵەکە دەسووتێ. ئەگەر کون بکرێ هەڵمەکەی دێتەدەر و ناســـووتێ. قســـەی مامەپیرەم بەدڵیەوە نووسا، چەند ڕۆژان پیاوم هەڵگرتن و چوومە زک بەفر کون کردن.

هەوا خۆش بوو، بەڵام کارەکە زۆر گران بوو. بەفرەکە ئەوەندە ڕەق بوو بە لۆسە کون

نەدەكرا. بەڵام پاشـــان تێگەیشتم پەندی پێشـــینیان چەند ڕاستە كە گوتوویانە (دەستی ماندوو لەســـەر زگی تێرە). بەشـــی زۆری دەغڵی ئێمە ئەو ســـاڵی نەڕزی و نان و تۆوی خۆمان بوو.

ئەو ســـاڵی لە هیچ كوێ دەغڵ نەبوو. ئەو جووتبەندانەی زەوی ئاویژەمان بەدەستەوە بوو، هەرزن و گەنمەشـــامییان چاند و نێوەنانیان پەیدا كرد. منیش هەرزن و گەنمەشامی زۆرم چاند و بەرهەمێكی باشـــیان دا. بەڵام لە گوندەكەمان هیچ داهاتمان وەگیر نەكەوت، چونكە بۆخۆیان هیچیان نەبوو تا بەشی ئێمە بدەن.

بۆ زســـتانی داهاتوو گرانییەكی بەســـام سەرانســـەری ئێران بەتایبەتی كوردستان و ئازەربایجانی داگرت. دەغڵی فرۆشتن هەر نەبوو، هەشبا لە كڕین نەدەهات. هیچ شتیتریش دراوی نەدەكرد. دوو مەڕی داشـــتی پووتە گەنمێكی نەدەكرد. كەویژە گەنمیان بەجووتێك كەڵی خاوێ نەدەدا. هاواری سەروماڵ بوو، برا ئاوڕی وەسەر برا نەدەدا. بەڵام من نەمدی و نەمبیست لە كوردستان كەس ڕاستەوخۆ لەبرسان بمرێ، هەرزن و گەنمەشامی خۆڵاتی و گەنم و جۆ و خورمای عێراق هۆیان داوە.

لەگەڵ ئەوەشدا دەزگای تەبلیغاتی پادشایەتی ئێران لەو ساڵانەدا شەو و ڕۆژ و وەخت و بێ وەخت پەلاماری دەبردە سەر دەوڵەتی شوورەوی، ئەو دەوڵەتە وەك جیرانێكی باش و دڵســـۆز گەنمێكـــی زۆری دا بە ئێران. ئەویش چ گەنمێك بـــە ڕوحی پیاوی پێدەكەنی. بەهاتنی ئەو گەنمە خەتەر كەم بۆوە و قاتوقڕی لە شاران نەما.

دەوڵەت لە دابەشكردنی ئەو گەنمەدا دێهاتیشی لەبیر نەكردبوو و لە ڕووی شوناسنامە میقدارێكی گەنم بۆ هەر خێزانێك دانابوو. بەڵام دەبوو ئاغا بەقەرزی ســـەرخەرمان وەری بگرێ و ســـەنەد بدا، جا بەســـەر خەڵكی گوندەكەدا دابەشـــی بكا. ئاغاكان گەنمەكەیان بەزیادەوە وەرگرت و وەك پیاوی چاك لەپێش چاوی كاربەدەســـتانی دەوڵەت بەسووت و ســـەلەم خۆرەكانی شاریان فرۆشـــت و دراوەكەیان نەخد و پوخت لە تەنكەی گیرفان قایم كرد. ئەوان ئەنگڕان، سووت خۆری شار قازانجیان كرد، سمێڵی پیاوی دەوڵەت چەور كرا و ئەوی لەو ناوەدا هیچی پێ نەبڕا هەژار و نەداری لادێ بوو.

لـــە بەهاردا خەڵكی دێهاتی ئازەربایجان لە حاڵێكدا كە وەك خەزەڵی پاییز لەبرســـان هەڵدەوەرین و پیاو ئاگری بۆ تێ بەردەبوون بە كوردستان وەربوون.

گەلی كورد جارێكی دیكەش پیاوەتی و نان بدەیی و میوانداری خۆی نیشاندا.

هەر دەستەیەك ڕووی لە هەر ئاوەدانییەك دەكرد، خەڵكی ئەو ئاوەدانییە بەپیریانەوە

دەچــوون و ژەمێکیان تێر دەکــردن. زۆر ماڵی وا هەبوون ئەو ژەمــە بۆ خۆیان هیچیان نەدەخوارد و دەیان دا بەو میوانە ڕەش و ڕووت و برسی و خوڕێنانە. ژاژ و پەنیر و لۆرک تایبەتی ئەوان بوو. ماڵی زۆر لەچەر و پیسکە نەبا ئەو ساڵی ڕزقی بۆ نەگیرا.

ئەگەر گەلی کورد بۆخۆی لە وەزعێکی وادا نەبوو بتوانێ میوانەکانی خۆی باش بەخێو بکا، کە بەهار کامل بوو نیشــتمانەکەی، کوردســتانی ڕەنگین و بژوێن باوەشی دایکانەی بۆ ئەو برســی و ڕەشــوڕووتانە، بۆ ئەو لاواز و لەجەرانە، بۆ ئەو لێقەوماو و دەربەدەرانە کردەوە. لە نواڵە زەنویرەکانیدا سفرەی نیعمەتی بەهەڵز و مەندوک و بیزا و کارگ و کوڕادە و زرەمەندی و ســیوەڵووکە و وێنجە کێویلکە و کەنگر و ڕێواس و ئەســپنک و ئاڵەکۆک و دۆری و ترشۆکە بۆ ڕازاندنەوە.

بەڵێ دیتم لە چەرخی بیســتەمدا، لەو چەرخەدا کە ئینســان ئەتۆمی شکاند، ڕاداری دروســت کرد، تەنانەت مانگی داگیر کرد، ئینســانیش وەک ئاژەڵ و وڵسات لە کێو و کەژ بلەوەڕێ. دەمدیتن بەگیاخواردن بایان دەکرد. بەڵام نەدەمردن.

ئەو مێگەلە شپرزە و سەرگەردان و بێ شوانە بەچیا سەرکەشەکانی کوردستانی ئێراندا هەڵکشا و گلۆپکی ئەو گیایانەی هەڵپساند و خۆی پێ تێر کرد و شۆڕبۆوە بۆ گەرمەسێری کوردســتانی پڕ خێر و بەرەکەتی عێراق و وردە وردە دانگەرێزەی کرد تا بەســەر خێر و خۆشــیاندا کەوت. لەوێ کەوتە فەرعانە. دەغڵــودان فەریکە ببوو، خانەخوێش هەر کورد بوو، بەدڵ بوو، بەبەزەیی بوو، ئینسان بوو و دڵسۆزانە میوانداری کرد و بەخێوی کرد.

من لەو ماوەی ئەو گرانییەدا پیاوەتی ئەوتۆم بەپیاوی نەدار و زەحمەتکێشــەوە دیتن کە بەڕاستی مایەی شــانازی ئینسانیەت بوون. بەڵام بەداخەوە کارەساتی زۆر دڵتەزێن و دیمەنی زۆر دزێویشم دیتن. من بەچاوی خۆم دیتم ئینسان لەبرسان مرد. من ئینسانم دیت لەبەر موحتاجی خەریک بوو نووری چاوی خۆی بەئارد سەودا بکا و هەروەها زۆر حەیوانی دووپێی وام دیتن بەڕواڵەت ئینســان بوون کەچی لەو وەزعە نالەبارە بۆ ئاخنینی گیرفان یا دامرکاندنی هەوەسی خۆیان کەڵکیان وەرگرت.

ڕۆژێــک لەبن دیوارێکی خــوارو خێچ خۆم لەبەر بەرۆچکە هەڵخســتبوو و چیلکەم لە هــەردی دەوەژاند، هێشــتا خاکەلێوە بوو وڵات نەخەملیبوو. بیــرم لە حاڵی ئەو خەڵکە هەژارە دەکردەوە، چەند منداڵی دێ هاتنە لام یەکیان گوتی: فلانەکەس خەریکە ژن بێنێ. ئەو فلانە کەسە پیرەپیاوێکی دڵڕەش و کۆنەگزیرێکی بەدفەڕ بوو. کەس کچی نەدەدایە و بــێژن مابۆوە. پێکەنیم و گوتم: ئای لەو درۆیە! منداڵ تێکڕا وەجواب هاتن، بەپەلەپەل و

سوێند و قوران خواردن گوتیان درۆ ناکەین. ئەوە خەریکە کچی ئەو کابرا حەجەمە بکڕێ و لە خۆی مارە بکا. ماشاڵلا جوانیشە.

- چی چی؟ بیکڕێ؟!

- بەڵێ، بەڵێ، بیکڕێ و لە خۆی مارە بکا.

وەک فیشـــەک لە جێی خۆم دەرپەڕیم و منداڵ کەوتنە شـــوێنم. کە چوومە حەوشەی کابرا، دیتم بۆخۆی لەســـەر کورسییەک دانیشـــتووە و لاقی هاوێشتووە سەر لاق و هەروا بزەی ســـمێڵانی دێ. پیرەپیاوێکی کەڵەگەت و تەژە و وشک و ڕەق، بەڵام بەداروبار لەبن دیوار هەڵترووشـــکاوە و چوار منداڵی ڕەشـــوڕووت و کز و لەجەر لە دەوروبەری کەوتوون. کچێکی باڵابەرز و ئەسمەر و چاو و برۆ جوان، بەڵام لەڕولاوازیش پاڵی وەکۆڵەکەی بێلاکە داوە. چارەڕشی و نەگبەت لەو دیمەنە دەباری.

- ها کوێخا! ئەوە چییە؟

- قوربان چت لێ وەشارم ئەو کچەم لەو پیرە مەشەدییە کڕیوە.

- کڕیوتە؟ بەچەند؟

وەڵڵا قوربان بەگران، بەپووتێک ئارد. (زەردەخەنەیەکیشی بۆ کرد).

ئاگرم لە جەرگ بەربوو، مچوڕکێکم لەبەری پێوە هات و لە تۆقی سەرم دەرچوو، بەری چاوم تاریک بوو خەریک بووم بەگژ ئەو پیاوە دڵڕەشەدا بێم، بەڵام پیشم خواردەوە، خۆم ڕاگرت و لە مەشـــەدیم پرســـی: ئەو کچە بۆ دەفرۆشی؟ ملی بەلاوە نا، هەناسێکی ساردی هەڵکێشـــا، ئاوی لە چاوی گەڕا و گوتی: دایکی دوو ڕۆژ پێش لە برســـان مرد. بۆخۆشی کەنەفت بووە و هەربینا سلار بۆوە. دەستی بۆ لای منداڵەکان ڕاداشت و گوتی: ئەوانەش برســـین. بۆیەی دەفرۆشم تا بۆخۆی لەبرســـان نەمرێ و ئەوانەش بژێوی چەند ڕۆژێکیان هەبێ. سەربەسەر بەزێڕم نەدەدا و ئێستا بەئاردی دەفرۆشم.

لە کچەکەم پرســـی: تۆ بەو کارە ڕازی؟ مێرد بەو کابرایە دەکەی؟ فرمێسکی بەچاوە جوانەکاندا هاتە خوار، بەشەرمەوە گوتی: «نینم ئوشاقلار ئاچدلار» . ـ چ بکەم منداڵەکان برسین ـ گوتم ئەگەر خێرۆمەندێک ئەوەندە ئارد بدا بە باوکت هێشتا حازری مێرد بەو کابرا پیرە بکەی؟ بە بێزارییەوە گوتی: «یوخ وەڵڵا» ـ نە بەخودا ـ.

لـــەو کەیـــن و بەینـــەدا ژن و منداڵی ئاوەدانـــی ئاپۆرەیان لە دەوری مـــن دابوو. لە قســـەکانمان نەدەگەیشتن. نەقڵەکەم لەسەرڕا بۆ گێڕانەوە، ژنەکان تێکڕا گوتیان: ئەیەڕۆ، چ خێر بوو کافرســـتانییە؟ گزیـــرە پیرەیان تف باران کرد و هەموویـــان بەغار چوونەوە

ماڵی خۆیان. ئینسـانییەت گەیشـتە ئەوپەڕی، دەوڵەمەند و هەژار كەس بەدەستی بەتاڵ نەگەڕاوە. هەریەكە لە قەدەر خۆیان، نان، كولێرە، ئاردی گەنم، جۆ، گەنمەشامی، هەرزن، ماش، نۆك، نیسك، تەنانەت برینج و ڕۆن و جلكە كۆنیان لەگەڵ خۆیان هێنابوو.

زگی منداڵەكانیان تێر كرد و توورەكەی مەشەدییان ئاخنی. ئەو وەختە من لە خۆشیان گریام كە دیم منداڵە قۆشمەكانی دێ كە لەسەر دوو شایی میشێن و جگێن و شێر و خەت سـەری یەكترییان دەشـكاند، بەپەلەپەل و هەلەهەل زاركی كیسە پەڕۆكانیان دەكردەوە و هەرچی قەرەپووڵی هەیانبوو لە مسـتی پیرە مەشـەدییان دەكـرد و بۆخۆیان مافنگی دەمانەوە.

هەسـتی ئینسـانی ئەو كیژە كوردانە ئاواتی شـەیتانی ئەو دیوەزمە بلەوەزەی كردە بلقی سـەر ئاو كە قرمی لەو كچۆڵە بێ دەرەتانە خۆش كردبوو. باربووی ئەو ئینسـانە سـاكار و پاكانـە چەنـد ئەوەندەی ئەو نرخە بـوو كە ئەو گورگە پیرە دەیویسـت ئەو بەرخۆڵە بێ ئازارەی پێ بكڕێ چەند دڵخۆش بووم كە بەهەمووان نەمانهێشـت لە گوندە خونچیلانەكەماندا ئینسان بە ئارد سەودا بكرێ.

تەنگانە بەریان كورتە. گرانی دوایی هات. قاتوقڕی تەواو بوو. خەڵك كەوتەوە سـەر كار و كاسـبی. بەڵام زۆر كەس لەبرسـان مردن، زۆر پیاو لە پیاوەتی كەوتن، زۆر ماڵ لە ماڵ بوون، زۆر كەس لەسـەر ساجی عەلی دانیشتن و زۆر ناكەس پێگەیشتن. زۆر گیرفان ئاخندران. زۆر كۆشك قوت بوونەوە و زۆر مافووره ڕاخران و زۆر ماشێن كڕدران.

لـە وڵاتێكی بێ سـەرەوبەرەدا، لـە ڕێژیمێكی كۆنی دەرەبەگایەتیدا هەمیشـە بەڵای تەبیعەت زوڵم و زۆر و خراپە و دزی و دەسدرێژی پیاوخراپانیشی لەگەڵە.

ئەو ڕووداوە ناخۆشە زۆری كار كردە سەر هەستی ناسك و شاعیرانەی من و هەروەها زۆریشی تەئسیر كردە سەر وەزعی ئابووری و كۆمەڵایەتی و تەنانەت سیاسی كوردەواری. وەزعی خراپی ئابووری و كۆمەڵایەتی و سیاسـی وڵات و نەداری و دەسـتكورتی زۆربەی خەڵك و زۆرداری كاربەدەستانی دەوڵەت و تاوان و خەیانەتی چینی دەستەڵاتدار بوو بەهۆی ڕاپەڕینێكی فیكری بێ وێنەی زەحمەتكێشـانی كوردستان و هەست بەمەسئوولیەتكردنی ڕووناكبیرانی شۆڕشگێڕ و لەخۆبوردووی نەتەوەكەمان.

ئەو ڕاپەڕینە فیكرییە و ئەو هەست بەمەسئوولیەت كردنە بوون بەهۆی ئەوە كە چینی چەوساوە و توێژی ڕووناكبیری كورد زۆر لە جاران بەبڕواتر و ئامادەتر لە دەوروبەری حیزبی دیموكراتی كوردسـتاندا كۆ ببنەوە. پاش ڕووخانی كۆماری مەهاباد قەت وەك ساڵەكانی

٢٩ و ٣٠ و ٣١ و ٣٢ هەلومەرجی لەباری عەینی و زەینی بۆ خەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران هەڵنەکەوتووە.

هەرچەند لەو ساڵانەدا حیزبی دیموکراتی کوردستان لەژێر تەئسیری حیزبی تودەی ئێراندا بوو و ئەوەندە بەرەو خەباتی چینایەتی دەڕۆیشت کە لە خەباتی نەتەوایەتیدا کەمتەرخەمی دەنواند و ئەوەندە بۆ ڕووخاندنی کۆنەپەرستی و دامەزراندنی دیموکراتی لە ئێراندا تێ دەکۆشا کە ئەستاندنی مافە ڕەواکانی گەلی کوردی لە پلەی دووەم دادەنا، بەڵام دیسان بەپشتیوانی چین و توێژە چەوساوەکانی گەلی کورد پشت ئەستوور بوو.

من هەرچەند بەپێی توانای خۆم لەو خەباتەدا بەشدار بووم. بەڵام لەبەر نەبوونی چاپەمەنی کوردی نەمتوانی هونەرەکەم وەک پێویست لە ڕێگای خزمەتی گەلەکەمدا لەکار بێنم. لەوکاتەدا کە ڕۆژنامەکانی فارسی بەنهێنی بڵاو دەبوونەوە و پۆلیس نەیدەتوانی بیان دۆزێتەوە، بێگومان دەشکرا چاپەمەنی کوردی بڵاو بێتەوە. بەڵام بەڕێوەبەرانی ئەو سەردەمی حیزب لەبەر بێ ئەزموونی ئەوەیان بەلاوە گرینگ نەبوو.

ئەودەمیش بڕوام وابوو و ئێستاش هەر لەسەر ئەو بڕوایەم کە دەبێ زەحمەتکێشانی کورد بەزمانی خۆیان بدوێنین و دەبێ ڕووناکبیرانی کورد بەزمانی ساکارترین ئینسانی کورد مەسایلی سیاسی و کۆمەڵایەتی بنووسن و کۆمەڵانی گەلەکەیان ڕێنوێنی بکەن. بەڕاستی هەم لەباری خزمەتکردن بەزمان و ئەدەبی کوردی و هەم لە باری ڕووناک کردنەوەی بیروڕای سیاسی چینە چەوساوەکانی کوردستان هەلێکی گەورەمان لەدەست دا.

حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی ئێران بەتایبەتی حیزبی تودەی ئێران و جەبهەی میللی و پیاوە ئازادیخوازە سەربەخۆیەکان خەباتێکی ڕێکوپێکیان دەست پێکردبوو. ڕۆژنامەکان حەقایقیان ڕوون دەکردەوە و تاوانەکانی ڕێژیم و گەندەڵ فێڵی ئیمپریالیزمیان ئاشکرا دەکرد. کۆنەپەرستی لە مێژینەی ئێران ڕۆژ بەڕۆژ پاشەکشەی دەکرد و سەنگەرەکانی لێ دەستێندران. دەوڵەتەکانی دەستکردی ئیمپریالیزم و نوێنەری کۆنەپەرستی خۆیان نەدەگرت و یەک بەدووی یەکدا دەڕووخان. ڕەزمئارا ئەفسەری بەهێز و بەدەسەڵاتی ئەرتشی ئێران وەک ئاخرین تیری تەرکەشی کۆنەپەرستی هاتە سەر کار. بەڵام بێگومان ئەگەر نەشکوژرابا نەیدەتوانی بەری لافاوی بەتەوژمی خەباتی ئازادیخوازان بگرێ و قازانجی شیرکەتی نەوت بپارێزێ و دەستەڵاتی دەرباری کۆنەپەرست و سەر بەئیمپریالیزم بێنێتەوە سەر دەقی جاران و ئەویش هەر تێدا دەچوو و مێژووش ڕێگای خۆی هەر دەبڕێ.

خەباتی شێلگیر و بێ وچانی گەلانی ئێران نیشتمانپەروەری بەناوبانگ دوکتور

موسەدیقی هێنا سەر کار. ئەو پیاوە بەجەرگ و نەبەزە خەباتی گەلانی ئێرانی ژیرانە ڕابەری کرد و توند بەگژ ئیمپریالیزمدا چوو. سەنگەرەکانی یەکیەک پێ بەتاڵ کرد تا بەجارێکی پشتی شکاند و نەوتی ئێرانی میللی کرد و دەستەڵاتی شوومی شیرکەتی نەوتی ئینگلیسی لەناو برد کە لەمێژساڵ بوو وەک دەوڵەتێکی گچکە و بەهێز لەناو دەوڵەتی بێ هێزی ئێراندا ڕەگی داکوتابوو.

بەبڕوای شەخسی من ئەو پیاوە مەزنە هەڵەیەکی مێژوویی کرد، ئەویش ئەوە بوو ئەوەندەی بەگژ دوژمنی دەرەوەدا چوو بەگژ دوژمنی ناوخۆدا نەچوو. ئەو کەسەی لە ڕۆژی ۳۰ی پووشپەڕی ۱۳۳۱دا ئەو فیداکاری و گیانبازی و پشتیوانییەی لە گەلانی ئێران دیبو نەدەبوو بەسەر کۆنەپەرستییەوە بچێ و دەبوو ڕەگوڕیشەی دەربهێنێ. کۆنەپەرستی لە هەموو شوێنێکی جیهاندا بۆ پاراستنی دەستەڵاتی خۆی دەست لە هیچ تاوانێک ناگێڕێتەوە. بۆیە دەبێ ئازادیخوازانیش لە دەرفەتی ئەوتۆدا دەستی لێ نەپارێزن. دەیتوانی هەر لە ڕۆژەکانی پاش ۳۰ پووشپەڕی ۱۳۳۱دا شوێنەواری کۆنەپەرستی لە ئێراندا نەهێڵێ و ئەوەندەی بێهێز بکا کە نەتوانێ ڕاست بێتەوە و سەرلەنوێ وەک داردەستی ئیمپریالیزم بێتەوە سەر کار.

بەدرێژایی حکوومەتی دوکتور موسەدیق کۆنەپەرستی لە ئێراندا بەرەو کەم هێزی دەچوو و لە هێندێک جێگادا تەواو بێ دەستەڵات ببوو. بەڵام بەداخەوە لە کوردستاندا هەرچەند هێز و گوڕی جارانی نەبوو هێشتا بەتەواوی لێ نەکەوتبوو.

ئەرتەش بەپشتیوانی دەرەبەگەکانی خۆوڵاتی زۆرجار بەرەنگاری خەباتی گەلی کورد دەبوو و زەبری لێدەوەشاند.

جووتیارەکانی کوردستانی ئێران لە ساڵی ۱۳۳۱ ـ ۱۹۵۲دا لە دژی زوڵم و زۆر و چەوساندنەوەی دەرەبەگەکان ڕاپەڕین و بۆ یەکەم جار لە مێژووی کوردستانی ئێراندا ناتەبایی چینایەتی گەیشتە ڕادەی تەقینەوە و چینی چەوساوەی وڵاتەکەمان بۆ ماوەیەکی کورت لە بەشێکی کوردستاندا توانی بەسەر چینی دەستەڵاتداردا زاڵ بێ.

جووتیارەکان هەر بەهێزی خۆیان توانیان لە بەری فەیزوڵڵابەگیان و چۆمی بۆکان و چۆمی مەجیدخان و شامات و بەشێکی محاڵ بێ خوێنڕێژی و ئازاردان و خراپە لەگەڵ کردن ئاغاکان لە گوندان دەربکەن و بەخاو و خێزانەوە لە شاری بۆکانیان پەستێون و لەوێشدا گەمارۆیان بدەن و بەپەلە خەریکی چەکداربوون بن.

بێگومان ئەگەر لەو سەردەمەدا ڕابەرایەتی حیزبی دیموکراتی کوردستان درۆشمی

خەباتــی چەکدارانــەی هەڵبگرتبایە و ئەزموونی شۆڕشــگێڕانەی هەبایــە و جڵەوی ئەو ڕاپەڕینــەی بەدەســتەوە گرتبایە و چیــن و توێژەکانی دیکەی بۆ یارمەتی و پشــتیوانی جووتیاران هان دابایە، ئەو ڕاپەڕینە زۆر زوو دەبوو بەناوەندی شۆڕش. شۆڕشێکی ڕەسەن و بەرین، شۆڕشــێکی سەرانسەری کوردســتان و لەوانەبوو زۆر زوو بتوانێ مافە ڕەواکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دیموکراتدا بچەسپێنێ و جووتیارانی کوردستان ڕزگار بکا. داخی گرانم ئەو هەلە لەبارە و ئەو دەرفەتە باشە کەڵکی لێ وەرنەگیرا. بێ ئەزموونی خۆمان پتر لە هەموو هۆیەک شۆڕشــی کوردستانی ئێرانی وەدواخست. چین و توێژەکانی دیکەی کوردســتان یارمەتی ڕاپەڕینی جووتیارانی کوردســتانیان نەدا و دەستیان لەسەر دەست دانا.

ســەرتیپ موزەفــەری فەرماندەی تیپی مەهاباد بەســوپا و لەشــکر و تانک تۆپەوە بەهــاواری دەرەبەگەکانــەوە چــوو و ڕاپەڕینی جووتیاران و وەرزێرانــی زۆر بێڕحمانە و بەتوندی سەرکوت کرد.

دەرەبەگەکانی فەیزوڵڵابەگی و دێبوکری بەپشتیوانی ئەرتەش و یارمەتی قوڵەئاغاکانی محاڵ و شــارۆیران لە وەرزێران وەخۆکەوتن. لێیــان دان، دەریان کردن، تاڵانیان کردن و کوشتیانن و لاشەی دەیان وەرزێری شۆڕشگێڕ و تێکۆشەریان بەچۆمی بۆکان دادا.

حکوومەتی نیشتمانی موسەدیق نەیتوانی پێشی ئەو تاوان و جینایەتە ئاشکرایە بگرێ. حیزبــی تودەی ئێران بەو هەموو هێزەی کە ئەو ســەردەمی هەیبو نەیتوانی ئەو ڕاپەڕینە بپارێزێ و بچووکترین یارمەتی پێ بگەیەنێ.

جارێکی تر بەچاوی خۆم تێشــکانی ڕەســەنترین ڕاپەڕینی گەلەکەم دی. ئەگەر گوتم ڕەسەنترین ڕاپەڕین پێم وایە بەهەڵە نەچووم، چونکە ئەو ڕاپەڕینە لەناو زەحمەت کێشترین چینەکانی خەڵکی کــوردەواری و لەخۆوە هەڵقوڵیبو. یەک دوو کەس نەبێ نوێنەری هیچ چین و توێژێکی کوردستان تەنانەت وردە بۆرژوازیشیان لەگەڵ نەبوو. ڕاستە بەشی زۆری ئەو وەرزێرانە ئەندامی بەوەفای حیزبی دیموکراتی کوردســتان و دۆستی بەئیمانی حیزبی تــودەی ئێران بوون. بەڵام بەداخــەوە ڕابەرایەتی حیزبی دیموکراتی کوردســتان درەنگ جووڵایەوە و نەیتوانی ئەو ڕاپەڕینە ڕەســەنە بەچاکی بەڕێوەبــەرێ. بێگومان ئەگەر ئەو ڕاپەڕینــە باش ڕابەری کرابا لەو کاتەدا کە کۆنەپەرســتی لەوپەڕی بێهێزیدا بوو زۆر زوو دەیتوانی هەموو کوردستان بتەنێتەوە و ببێتە سەرەتای شۆڕشێک کە پێم وایە درێژخایەن نەدەبوو.

له ساڵی ١٣٣٢دا خەباتی گەلانی ئێران بەڕابەرایەتی موسەدیق سەرنجی دنیای بۆ لای خۆی ڕاکێشا و موسەدیق بەیەکەم شەخسی ساڵ ناسرا.

خەباتی حیزبی دیموکراتیش بارێکی لەبارتری بەخۆیەوە گرت و تا ڕادەیەکی زۆر پێشی چەپڕەوی منداڵانە کە ڕاست و ڕاست بەقازانجی کۆنەپەرستی تەواو دەبوو گیرا.

منیش پاش چەند ســاڵ تووشی لاوێکی ڕووناکبیر و تێکۆشەری کورد هاتم کە چونکە ئازادیخوازێکی شــێلگیر بوو بڕوای بەچارەســەرکردنی مەســەلەی نەتەوایەتی هەبوو و لە زمانی یەک دەگەیشتین.

من لەمێژ بوو هاوارم دەکرد، بابە ڕاســتە ڕۆژنامەکانی سەر بەحیزبی توودە ڕۆژنامەی چاک و بەکەڵکن (بەڕاســتیش وا بوون)، بەڵام دەردی ئێمە دەرمان ناکەن. بەشــی زۆری گەلەکەمان فارسی نازانێ و لە مەبەستی ڕۆژنامەکان ناگا و لەسەر مەساییل ڕوون نابێتەوە، بــەڵام بەداخـــەوە زۆرم گوێ نەدەدرایە و تەنانەت چەپڕەوی وامــان هەبوون کەلە عەینی نەخوێنــدەواری و نەزانیدا گاڵتەیــان بەو جۆرە بیروبڕوایە دەکــرد و بەردیان لە ئەژنۆی خۆیان دەدا.

ئەو لاوە لە قسەم گەیشت، دەستەڵاتیشی زۆر بوو. بڕیارمان دا ڕۆژنامەی «کوردستان» ڕۆژنامەی حیزبی دیموکراتی کوردستان یادگار و خۆشەویستی پێشەوای نەمرمان سەرلەنوێ چاپ بکەینەوە و بەزمانی ســاکاری کوردی لەگەڵ زەحمەتکێشــانی گەلەکەمان بدوێین و لەســەر مەســاییل ڕوونیان بکەینــەوە. خەریک بوو ئاواتی لەمێژینــەی من بێتە دی، کە بەداخەوە کودێتای شــووم و ڕەشــی ٢٦ی گەلاوێژ بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ لێکی جوێ کردینەوە و وەک بابردەڵە هەریەکەی بۆ لایەک هەڵداشتین.

ئەو لاوە تێکۆشەرە پاش چەند ساڵ ئاواتی منی هێنا دی و توانی ڕۆژنامەی کوردستان چاپ و بڵاو بکاتەوە. چوار ژمارەی ئەو ڕۆژنامەم پێگەیشت. بەڵام ژمارەی پێنجی هەرگیز نەگەیشتە دەستم، چونکە ئەو کەسەی ڕۆژنامەکەی بڵاو دەکردەوە بەخۆی و ڕۆژنامەکەیەوە گیرا و هەموو ژمارەکانی لەناو چوون. من ئەگەرچی زۆرم پێ خۆش بوو لەگەڵ ئەو ڕۆژنامە هاوکاری بکەم و شــتی بۆ بنووســم، هەلومەرجێکی نەهێنی ئەوتــۆ لەگۆڕێدا بوو کە پێ ڕانەگەیشتم هیچی بۆ بنووسم.

زۆر شــت لەســەر کودێتای ڕەش و شــوومی ٢٨ی گەلاوێژ نووســراوە و گوتراوە و دووپاتەکردنەوەیان لێرەدا بێجێیە. بەڵام چونکە ئەو کودێتایە تەئســیری ڕاســتەوخۆی لەســەر ژیانی من هەبووە و منیش یەکێکم لەو کەسانەی وەبەر پەلامار هاتم و زۆرم ڕەنج

و کوێرەوەری و ئازار دیت و گەلێکم زیانی ماڵی پێگەیشت و دەرد و سزام چێشت، ویستم هەروا بەسەریدا تێنەپەڕم.

لە ریفراندۆمی موســەدیقدا هێزی کۆنەپەرســتی و هێزی ئازادیخوازی زۆر باش ڕادەی دەستەڵاتیان دەرکەوت، بەتایبەتی لە کوردستاندا، بۆ نموونە لە شاری مەهاباد کە دەنگدان ئازاد بوو و وەک گوتم هێشــتا کۆنەپەرستی و ئەرتەش کەم تا کورتێک جووڵەیان مابوو، تەنیا دوو کەس بەقازانجی دەربار دەنگیان دا، ئەویش وەک شــاهیدێکی زیندوو ئاگام لێ هەیە لاوێکی زۆر پاک و چاک لە داخی چەپڕەوی ئەندامێکی بێکەڵکی حیزب دەنگی دا و پتر لە پێنج هەزار دەنگ بەقازانجی موسەدیق درا. بەوەڕا دیارە خەباتی دژی ئیمپریالیستی چەنــدی پەرە گرتبوو. خەڵک لەمێژبوو خەریک بوو جێژنی دامەزراندنی حیزبی دیموکراتی کوردســتان بگرێ. کەچی خواوڕاســتان لەڕۆژی ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٣٢دا جێژنەکەیان بوو بەدوو جێژن. لەو ڕۆژەدا بوو کە شا لەبەر تەوژمی شەپۆلی تووڕەیی خەڵک خۆی نەگرت و ڕای کرد و بەرەو بەغدا هەڵات. لەوێش نەگیرساوە و هەی دێ بۆ ئیتاڵیا. بەڕاستی ڕۆژێکی خۆش بوو. دوکان و بازاڕ داخران و خەڵک ڕژانە ناو کووچە و خەیابان. بوو بەهوڕاکێشان و چەپڵەڕێــزان و ســەما و هەڵپەڕین. ژن و پیــاو و گەورە و بچووک لــەو زەماوەندەدا بەشــداربوون. کۆبوونەوەیەکی گەورەی حیزبی لە مەیدانی شار کرا. منیش پاش ڕووخانی کۆماری کوردســتان بۆ یەکەم جار شێعرم بۆ خەڵک خوێندەوە. دیارە شێعرەکانم بەپەلە دروســت کردبوو و لە باری هونەرییەوە زۆر باش نەبوون، بەڵام چونکە ئیلهامم لە خەڵک وەرگرتبــوو و بۆ خەڵک بوون، دوو ســەعات پێ نەچوو گــەورە و بچووک و ژن و پیاو و منداڵی شارەکەمان سەربەندی شێعرەکەمیان دەخوێندەوە و دەیانگوت (دەبڕۆ ئەی شاهی خائن بەغدا نیوەی ڕێیەت بێ).

ســێ ڕۆژان دەنگی دەهۆڵ و زوڕنا و تریقەی پێکەنین و ڕمبەی هەڵپەڕین لە مەهاباد نەبڕایەوە. بەڵام بەداخەوە ئەم کەیف و نەهەنگ و بەزم و زەماوەندە زۆری درێژی نەکێشا و ڕۆژی ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٣٢ کودێتای شووم و ڕەش و دژی گەلی ـ دالیس ـ ئەشرەف ـ زاهیدی ســووک و هاسان سەرکەوت. زاهیدی ئەو ئەفسەرە فاشیست و کۆنەپەرستەی کە ڕۆژگارێک بەتاوانی جاسووســی ئاڵمانی نازی لەلایەن ئینگلیس و ئەمریکاوە گیرا. ئێســتا بەقازانجی ئەوان و دەرباری کۆنەپەرست ڕابەری کودێتای بەدەستەوە گرت و بەسەرکردەیی ژمارەیەکی کەم لە ئەفســەرانی کۆنەپەرست و دەرکراوی ئەرتەش و دەستەیەک پیاوخراپ و کەتە و کۆشــە و بەپشــتیوانی ئیمپریالیزمی ئینگلیس و ئەمریــکا توانی جووڵانەوەی ئازادیخوازی پەرەگرتوو و بەربڵاوی ئێران ســەرکوت بکا و دەوڵەتی نیشــتمانی موسەدیق

بڕووخێنێ و دەســـتەڵات بداتەوە دەست کۆنەپەرستی و شای ڕاکردوو، شای بەزیو و شای خوێنڕێژ و پیاوکوژ بگەڕێنێتەوە سەر تەختی شوومی پاشایەتی و ڕۆژی ۲۸ی گەلاوێژ بکا بەسەرەتای سەردەمێکی ڕەش و شووم و خوێناوی مێژووی ئێران.

من بۆخۆم پێم وانەبوو کۆنەپەرستی بەهەڵاتنی شا لە ئێراندا بنەبڕ دەبێ و ئیمپریالیزمی جیهانی وا ســـووک و هاسان دەست لە خەزوبەز و خێروبێری ئێران هەڵدەگرێ، بەڵام قەت خەیاڵیشـــم نەکرد وا بەهاســـانی زاڵ بێتەوە. چونکە جووڵانەوەی ئازادیخوازی ئێران زۆر بەهێزتر لەوە دەهاتە پێش چاو.

من نامەوێ بچمە قووڵایی مەسەلەکەوە. بەڵام ئەوەندە دەڵێم ئەگەر ڕابەرانی جووڵانەوەی ئازادیخـــوازی لە تاران وەدەســـت دەهاتن و بەرەنگاری کودێتاچییـــەکان دەبوون، هەرگیز کۆنەپەرســـتی نەیدەتوانی بەسەر جووڵانەوەی ئازادیخوازیدا زاڵ بێ و شا بگەڕێتەوە ئێران وڵاتەکەمان بکاتە گۆمی خوێن و ئەو هەموو ئینسانە بەشەرەفە بکوژێ و ئەو هەموو خوێنە پاکانە بڕێژێ و ئەو هەموو خەیانەتە بەگەلانی ئێران بکا.

پاش نیوەڕۆی ڕۆژی ۲۸ی گەلاوێژ زۆر بەزەحمەت توانیم خۆم دەرباز بکەم و لە مەهاباد وەدەرکـــەوم و ملی چیا بگرم. ماوەیەکی زۆر بەکێوانەوە بووم، شـــەوانە خۆم لە گوندێک دەکوتا و نان و ئاوێکم دەخوارد و بەڕۆژ وەچیا دەکەوتم.

پۆلیس زۆر بەتوندی لێم دەگەڕا و هەڕەشـــەی کوشـــتنی لێ دەکردم. بەڵام شوێنی بۆ هەڵنەدەگیـــرام. ئەوەش لە ســـایەی یارمەتیدانی خەڵک بوو. هەمـــوو کەس ڕای دەگرتم، نانی دەدامێ، دەیشـــاردمەوە، تەنانەت ئەوانەی زۆر بەشاپەرست مەشهوور بوون بەڕاستی چاکەیـــان لەگەڵ کـــردم و زۆریان مەمنوونم. بەڵام بۆیە ناویـــان نابەم بۆخۆیان ڕەنگ بێ پێیان باش نەبێ.

پۆلیس کە دەستی وەمن ڕانەگەیشت کەوتە ئازاردانی بابم. ئەوە منی زۆر ناڕاحەت کرد. بابێکی پیر و موحتەرەم کەماڵی پەناگای لێقەوماوان بوو، ئێســـتا لەسەر من سووکایەتی پێدەکرا. ئێستاش کە ئەوەم وەبیردێتەوە ناڕاحەت دەبم. بەوەشەوە ڕانەوەستان و گیشەی گوندەکەیان تێکڕا ســـووتاندین. وڵاتی ئێمە زۆر کوێستانە.ساڵی وا هەیە پێنج مانگ بەفر عەرز بەرنادا و حەیوان و ئاژەڵ لەســـەر ئاخۆر و دانگەیە. لەبەر ئەوە ناچارە گیا و وێنجە و کۆدە و گزرە تفاقێکی زۆر داخا. بەداخەوە لە قەدیمەوە عادەتێکی خراپ لە کوردەواریدا هەیە هەر کەس ڕقی لە یەکێک هەســـتا و بەئاشـــکرایی نەیوێرایە گیشـــەی دەسووتێنێ. پیاوەکانی پۆلیس بەدزی گیشـــەی گوندەکەی ئێمەیان کە بەسەر یەکەوە داندرابوون ئاگر

تێبەردا. بێگومان زەرەری ئەو سووتمانە لە سەد هەزار تمەن زیاتر بوو. ئێستاش کە وەبیرم دێتەوە خەڵکی هەژار و زەحمەتکێش و بێتاوان لە سۆنگەی مندا ئەو هەموو زیانەیان پێگەیشت و بەرهەمی شان و پیلیان بوو بەژیلەمۆ و ئاژەڵە بەستەزمانەکانیان بێ تفاق مانەوە، کزەم لە جەرگی دێ و لەکن ویجدانی خۆم شەرمەزار دەبمەوە و خۆم بەپشیلەی ڕەجەبە شێت دەزانم.

پاش ٢٨ی گەلاوێژ زۆر لە ئەندامانی حیزب ڕوویان لەنێو مەنگوڕان کرد. عەشیرەتی مەنگوڕ بەپانەوە، بەئاغا و ڕەعیەتەوە، بەنەدار و دەوڵەمەندەوە باوەشیان بۆ کردنەوە.

هەرچەند هێندێک لە تێکۆشەران پێشنیاری هەڵاییساندنی شۆڕشی چەکداریان دا و لە بیرمە کاغەزێکم بۆ هات کە چاوەنۆڕ بە بەو زووانە چەک بڵاو دەکەینەوە و شۆڕش دەست پێ دەکرێ، بەڵام چ باس نەبوو. بێگومان لەو وەختەدا کە عەشیرەتی مەنگوڕ لەو شوێنە سەخت و قایمەدا هاوکاری حیزبی دەکرد، دەس پێکردنی شۆڕشی چەکدارانە کارێکی محاڵ نەبوو. پێم وایە دەوڵەت هەستی بەوە کرد و گیراوەکانی بەردان و خەڵکی دامەزراندەوە. منیش پاش چوار مانگ دەربەدەری توانیم بچمەوە ماڵی خۆم و دامەزرێمەوە. لەو ماوەدا بەڕاستی ڕەنج و کوێرەوەرییەکی زۆرم دی و هێز و توانام لەدەست دا.

ئەوەبوو بەسەرهاتی منداڵی و لاوی من. چونکە ڕەنج و کوێرەوەری ژیان لە ٣٠ ساڵیدا منی پیر کرد، سەروڕیشم بۆز بوو، ددانم شاش و واش بوون، چاوم حوکمی کەم بوو، هێز و توانام ڕۆژ بەڕۆژ لە کەمایەسی دا، هەموو شتم بەرەو نەمان چوو. بێجگە لە هەستی شاعیرانەم کە بەبڕوای خۆم تا ئێستاش هەر لە زێدەییە و کەمی نەکردووە.

لە ساڵی سی و دووڕا هەمیشە لەژێر چاوەدێری پۆلیسدا بووم و پۆلێکم جاسووس لە دەوروبەری گەڕان.

ساڵی ١٣٣٨ ساڵێکی زۆر شووم بوو لە مێژووی ژیانی مندا. لەو ساڵەدا سازمانی ئەمنیەت گەورەترین زەبری لە حیزبی دیموکراتی کوردستان و جوولانەوەی ئازادیخوازانەی گەلی کورد وەشاند، کە بێگومان لەو سەردەمیدا دەکرا بە بەهێزترین ڕێکخراوی سیاسی ڕێکوپێکی ئێرانی بزانی.

منیش لەو سەردەمەدا تووشی نەخۆشییەکی ڕووحی هاتم. ناهومێدییەکی ڕەش ئاسۆی ژیان و بیرکردنەوەی داگرتم. ئەو ناهومێدییە زۆر جار تا حاڵی خۆکوشتن پاڵی پێوەنام. نامەوێ ئەو تاوانە باوێژمە سەر ئەستۆی کەس. بەڵام ئەوەندە دەڵێم ناتەبایی و ناکۆکی ناو خێزان و بنەماڵەی خۆمان زۆری کار کردە سەر من. هەڵەی وام کردن کە نەدەبوو بەهیچ

نرخێک بیانکەم و بەسەر پەلی وادا کەوتم کە دەبوو خۆیان لێ بپارێزم. دوو ساڵی زۆر تاڵ و تفت و پڕ ڕەنج و کوێرەوەریم ڕابوارد و هەزارجار مەرگم بەئاوات خواست. بەڵام لەپڕ ئەو مژ و هەورە ڕەوی و گزنگی هیوا سەرلەنوێ لە ئاسۆی ژیانمدا ئەنگوت.

لاوێکی ڕووناکبیر و کوردێکی پاک و بەشەرەف کە بەداخەوە ناکرێ ناوی بەرم خۆی و ڕەفیقانی ئەو لەو ماوەدا زۆر لە هانام هاتن و زۆرم لەگەڵ ماندوو بوون. لە ساڵی ١٣٤٠دا سەرلەنوێ تێ هەڵچوومەوە و هاوکاری ئازادیخوازانم دەست پێکردەوە، دەستەیەک ڕەفیقی تازە و تێگەیشــتوو و ڕووناکبیرم پەیداکردن، لەباری هونەریشـــەوە شێعرەکانم نەک هەر باشتر بوون، بەڵکە بەبڕوای خۆم تێیان پەڕاند.

لە ساڵی ١٣٤٤دا لاوێکی یەکجار خۆشەویست و خزمێکی زۆر نیزیکم کە لە دەرەوەی وڵات دەژیـا و دەیخوێنـــد و هیوایەکی زۆرم پێ هەبوو مرد، ئەو ڕووداوە زۆری پەرێشـــان کردم.

هێندە پێ نەچوو لە سەفەردا بووم کە خەبەری جەرگبڕی مردنی بابمیان دامێ. ناتوانم شــەرحی تەئسیری ئەو خەبەرە لەسەر هەستی خۆم بدەم. ئێستا کە ئەو دێڕانە دەنووسم بەزەحمەت فرمێســکم بۆ ڕادەوەستن. ئەوەندە دەڵێم دەردی باب مردن دەردێکی گرانە و پیاو لە هەر تەمەنێکدا بابی بمرێ هەست بەهەتیوی دەکا.

دوو ســاڵ پاش دایکیشــم مرد. بابم پیاوێکی بەزیبک و زاکوون بوو. قەتی ڕوو نەدەدا منداڵەکانی. تەنانەت بەپیریش من جگەرەم لەکن نەدەکێشـا. دایکم زۆر سەر و ڕووخۆش بوو و منی لە هەموو منداڵەکانی خۆشــتر دەویســت، کەچی پێم سەیرە مەرگی بابم زۆر پتری کار کردە سەر من و پتری پەرێشان کردم.

ساڵی ١٣٤٧ لە حاڵێکدا کە زۆر دەوڵەمەند و تێروپڕ بووم و ماڵ و دەوڵەتێکی زۆر لە پێویستی خۆم زیاتر هەبوو و پیر و کەنەفتیش ببووبووم و دەمەویست گۆشەگیری بکەم و لەناو ژن و منداڵی خۆمدا بحەسێمەوە، زوڵم و زۆری ڕێژیم نیسبەت بەگەلی کورد گەیشتە ڕادەیەک کە بۆ هیچ ئینســانێکی خاوەن شــەرەف قبووڵ نەدەکرا. من چۆن چاوم بەرایی دەدا لاوانی تێکۆشــەر و ڕووناکبیری کوردم هەر بەو تاوانە داوای مافی ڕەوای نەتەوایەتی خۆیان دەکرد، لە پێش چاو بکوژن و بەوەشــەوە ڕانەوەســتن تەرمــی خوێناوی و کون کراویان بەشار و بازێڕاندا بەچەپڵەڕێزان بگێڕن و داوەت و سەمای لە دەوری بکەن؟ ناچار بەپیری ســەری خۆم هەڵگرت و بەداری دەستی ڕووم لە وڵاتی غەریبایەتی کرد و دەستم لە ژن و منداڵ و کەســوکار و یار و دیار هەڵگرت. ئەوە پێنج ســاڵ و چەند مانگە ئاوارە

و دەربەدەر دەخولێمەوە و هەزار گوتەنی هەر شەوە میوانی خانەخوێیەکم و هەر ڕۆژە لە جێیەک. زۆرم کوێرەوەری و چەرمەسەری چێشتوە، زۆرم شەو و شەونخونی کێشاوە، زۆرم نەداری و ڕووتی دیوە. ئەگەر ژیانی ئەو چەند ساڵە بنووسم خۆی سەدان لاپەڕە کاغەزی بەش ناکا. بەڵام نەهێنی کاری ئیجازە نادا.

خۆێنەوەری خۆشەویست هیوادارم توانیبم تا ڕادەیەک خۆم بە تۆ بناسێنم. دیارە تۆش چاوەنۆڕی ئەوە نی هەموو ڕازەکانی خۆم بۆ تۆ گێڕابێتەوە.

من ئینسانم نە مەلاییکەم و نە پەری، دەخۆم، دەنووم، شاد دەبم، وەڕەز دەبم، دەگریم، پێدەکەنم، دەترسم، ناهومێد دەبم، داروبەرد نیم. لەو ماوە دوور و درێژەی ژیانمدا زۆر کاری چاکم کردووە و بەسەر خراپەشدا کەوتووم. تەنیا کارێکی خراپی کە دڵنیام قەتم نەکردووە دزییە. ئەویش قەت ئەوەندە موحتاج نەبووم مەجبوور بم دزی بکەم. بەچی مەعلووم ژیان ئەوەندەم موحتاج نەکا تووشی ئەو گوناهەش بم کە زۆرم پێ گەورەیە؟

نیوە شەوی سێی ڕێبەندانی ١٣٥٢، ٢٤ی ژانویەی ١٩٧٤ و یەکەمی موحەڕڕەمی ١٣٩٤ لە نووسینەوەی ئەو سەرگورشتە بوومەوە. ئێستا لە شارێکی دوور وڵات بەتاقی تەنێ لە ژوورێکی ڕەق و ڕووق دانیشتووم. هەموو سامانم تەختێک و دەستێک نوێن و دوو دەست بەرگی کۆن و نوێ و چەند کراسی چڵکن و چەمەدانێک و ساکێکی دەستی و چەند جلد کتێب و کۆڵێک کاغەزی بڵاوە و ئەسپێ لە گیرفانمدا سەوزەڵەتان عەرز دەکا. بەڵام زگتان پێم نەسووتێ. ئەو ژیانەم بۆخۆم هەڵبژاردووە و دەنا دۆستی وام هەن ئەگەر حەز بکەم پارووی لە زاری خۆیان دەردێنن و لە زاری منی دەنێن.

تا ئەو نوختەم دانا زیندوو بووم و پشووم دەهات و دەچوو و هیچ ڕەنگ مردن نەبووم. جا نازانم کەی سەر دەنێمەوە و کۆچی دوایی دەفەرمووم؟

لێرەشدا دەمەوێ شتێک بڵێم، بەپێچەوانەی زۆر هونەرمەندی کورد من لە نەتەوەکەی خۆم ڕازیم. کەس تا ئێستا بێ حورمەتی پێ نەکردووم. داوای دراو و ماڵیشم لە کەس نەکردووە تا بزانم دەمداتێ یا نا. لە لێقەومانیشدا نانیان داومێ و ڕایان گرتووم.

شێعریشم تەنیا بۆ دەربڕینی ئیحساسی خۆم داناوە و هیچ هەقم نییە منەتیان بەسەردا بکەم. ئەوان پێیان ناخۆش بێ یا خۆش من کە شێعرم بۆ هات ناتوانم نەیڵێم.

«گەلێک قسەم لە دڵا بوو، حیکایەتم مابوو
کەچی لە بەختی کەچم خامە نووکی لێرە شکا»

لەبەر شکانی نووکی خامە نییە کە لە گێڕانەوەی حیکایەتی خۆم واز دێنم. تا من وەک هەموو ئینســانێکی کورد بەتایبەتی کوردێکی ئێرانی هێشــتا لە دنیایەکی پڕ لە ئەسراردا دەژیم و ناکرێ ڕازەکانی دەروونم هەڵڕێژم. تۆ بڵێی کورد بگاتە جێگایەک و منیش ئەوەندە بژیم هەرچی دەیزانم بینووسم و قازانجی لە زیان پتر بێ؟

ئینسانم.

ژیانم پێ خۆشە.

پێم خۆشـــە لە شـــاری ئاوەدان، لە شـــەقامی پاک و خاوێن لەگەڵ خۆشەویستەکانم بگەڕێم. پێم خۆشـــە لە ژووری گەرموگوڕ لەســـەر نوێنی نەرم وەرکەوم. پێم خۆشە سەر وەباسکێکی نەرم و نۆڵ بکەم. پێم خۆشە کام خۆراک خۆشە لەپێشم بێ، پێم خۆشە کام شـــەراب چاکە لە جاممدا بێ. دەمەوێ سەما و هەڵپەڕینی نازداران تەماشا بکەم. دەمەوێ جوانترین بالە ببینم، بۆ چاکترین ئۆپێرا گوێ ڕابگرم. دەمەوێ بەرزترین سەمفۆنیم بۆ لێ بدرێ. نامەوێ دەربەدەر و سەرگەردان بم، بەتەنێ بەکێو و شاخاندا بگەڕێم. لە ئەشکەوت و زەندۆڵان بخزێم، لەسەر بەردی ڕەق بنووم. قۆنداغی ڕەق و ساردی تفەنگ بکەمە سەرین. نانی وشـــک و کەڕاوی بخۆم، ئاوی ســـوێر و گەرم بخۆمەوە، پێم خۆش نییە لاقەفرتە و چەنگەکـــڕەی نیوەگیانان ببینم، خوێن و فرمێســـکم وەبەر چـــاو بکەوێ، پێم خۆش نییە بەتەقەی تفەنگ و گرمەی تۆپ و هاڕەی تەیارە ڕابچەنم.

بەڵام چبکەم؟!

کوردم

کۆیلەم

ئەوانە هەموو و تەنانەت کوژران و کوشتنم پێ لە کۆیلە خۆشترە.

هێمن

٣/ ١١/ ٥٢

کوردم ئەمن

گەرچی تووشی ڕەنجەڕۆیی و حەسرەت و دەردم ئەمن
قەت لەدەس ئەم چەرخە سپڵە نابەزم، مەردم ئەمن
ئاشقی چاوی کەژاڵ و گەردنی پڕ خاڵ نیم
ئاشقی کێو و تەلان و بەندەن و بەردم ئەمن
گەر لەبرسان و لەبەر بێ بەرگی ئیمڕۆ ڕەق هەڵێم
نۆکەری بێگانە ناکەم تا لەسەر هەردم ئەمن
من لە زنجیر و تەناف و دار و بەند باکم نییە
لەت لەتم کەن، بمکوژن، هێشتا دەڵێم کوردم ئەمن

شیلان ئاوێ ١٣٢١ ـ ١٩٤٢

***

وتوووێژی کچ و کوڕ

کاکــە گیان لاوی کوردی شــۆخ و شــەنگ
تــا کەنگێ دەبــێ وا بــێ هەســت و دەنگ
دیلــی، ژێر دەســتی، ئەســیری، تــا کەی؟
ڕووتــی، نــەداری، فــەقیــری، تــا کــەی؟
لــە ژێـــــر زنجیـــر و کــۆتـــا دەناڵــی
مەگـــــەر دێوانــەی، شــێــتی، عەوداڵی؟
تێــفکــرە خــەڵکــی هــەمــوو ئــــازادە
هــەر تــۆ خەمناکــی هەمــوو کەس شــادە
وەرە مـــەیــدانــی لــــــە ڕێــی نیشــتمان
بکــە قوربانــی ســەر و مـــــاڵ و گیــان

کوڕ:

دێــدە گیــان کچــی کـــــوردی ژیکەڵــە
داوێنــی پاکـــــت دووربـــــێ لــە پەڵــە
(لینیــن) ڕاپــــەڕی ماڵــی چــار شــێوا
تــۆ هێشــتا حەپســی لــە ژێــر چارشــێوا
کچــی هەمـــوو کــــەس ئیمڕۆ سەربەســتە

هـــەر هەقـــی کچـــی کـــــوردە پێ پەســـتە

بپســـێنە لـــە پـــــێ تـــۆ زنجیـــر و کـــۆت

دێـــدە گیـــان بـــــدە یـــاری بـــرای خـــۆت

لـــە گوێـــن (ژانـــدارک) هەســـتە وەک مەردان

دوژمـــن وەدەرنـــێ لـــە خاکـــــی کـــــوردان

١٩٤٢ ـ ١٣٢١

***

خاوەنی زێڕ

لەبـــار و قیـت و قـۆزە خاوەنــی زێــڕ
ئەگــەر کــوورە و وەگەر گۆجە و شــەل و گێژ
بــەژن باریــک و شـــووش و شـــۆڕەلاوە
ئەگــەر پیرێکــی خوێـن تاڵــە و ورگ تێــڕ
دەڵێــن زانـــا و ئەدیــب و خۆێنــدەوارە
ئەگــەر نەیخوێندبــێ شــەش پیــت و دوو دێڕ
بــەلام زێــڕت نەبــێ ســووکی ئەگــەر تۆ
بـــدەی دەرســـــی هەزاری وەک شکســپێر

١٣٢٠ ـ ١٩٤١

***

دەڵێم و بێ باکم

هەچێکی بێتە سەر زارم
ئەمن دەڵێم و بێ باکم
ئەگەرچی بێکەس و زارم
ئەمن دەڵێم و بێ باکم

ئەوی ئاغا بێکارە
جەبوون و قەڵس و لاسارە
دزی و ڕێگرتنی کارە
ئەمن دەڵێم و بێ باکم

گەلی بێ فیکر و ئیدراکن
گەلێ بێ خێر و ناپاکن
توخواکەی کامەیان چاکن
ئەمن دەڵێم و بێ باکم

ئەوەندە گێژ و بێ هۆشن
حەیا و ناموسێ دەفرۆشن
لەبۆ ئازادی ناکۆشن
ئەمن دەڵێم و بێ باکم

خودای ئاغاوەتان قەندە
لەبۆ قەندن هەموو بەندە
بەحاڵی وان دەکەن خەندە
ئەمن دمێلێم و بێ باکم

نییانە بیری سەربەستی
دەکەن فەخرێ بەژێردەستی
دەڕۆن هەروا بەرەو پەستی
ئەمن دمێلێم و بێ باکم

لە تالان و بڕۆ ئازان
لە ڕێگرتن هەموو وریان
درۆ ناکەم بپرسە وان
ئەمن دمێلێم و بێ باکم

ئەوانەی ئێستە سەردارن
جەفاجۆن و ستەمکارن
غولامی پوول و دینارن
ئەمن دمێلێم و بێ باکم

بەشەو تا ڕۆژ دەکەن تەکبیر
چ ملکێکی بکەن داگیر
چ داماوێک بکەن یەخسیر
ئەمن دمێلێم و بێ باکم

لەبەر زوڵم و جەفای وانە
وەتەن یەکبارە وێرانە
هەزار خۆزگەم بەبێگانە
ئەمن دمێلێم و بێ باکم

لــــە شــــەرم و شـــــوورەیی مــــردم
بەخـــۆم من چـــۆن بڵێـــم کوردم
کـــە ئاغـــــا ئابـــڕووی بـــردم
ئەمن دەیڵێم و بێ باکم

منــــم لاوێکـــی بــــێ پـــەروا
لــــە کـــەس باکـــم نییـــە بەخـــوا
ئەگـــەر ئاغـــا لــــە حەبســـم کا
ئەمن دەیڵێم و بێ باکم

***

قەڵای نیشتمان

وەتەن گیان و سەر و ماڵم فیدای تۆ
وەگیانی من کەوێ دەرد و بەلاّی تۆ
لە پێناوت دەنێم سەر تا بزانی
منم رۆڵێکی ئازا و باوەفای تۆ
لە بۆ پاراستن و حیفزی سنوورت
لەباتی (ماژینۆ) سینگم قەلاّی تۆ
دەبێ من چۆن بژیم مەسروور و دڵشاد
کە دەتبینم لەدەس بێگانەدای تۆ
دەبێ کەی سەربەخۆ بی تۆ هەتا من
بە سەربەستی بکەم سەیر و سەفای تۆ؟
بەشینکە و گوڵ سەراسەر سوور و شینە
چ جوانە دیمەنی کێو و چیای تۆ
لەگەڵ تۆ بۆ نەجاتی نیشتمانت
دەدەن (هێمن)! هەوڵ خۆشک و برای تۆ

ئەمەگی گوڵان

هاتـــــه دەر مانگــــــی یەکەمـــــی بەهـــــار
مێلاقـــــە ســــــوورە لــــــە لێـــــوی جۆبـــــار
هـــەروا کەمێـــک دوور وەنەوشـــێک بـــوو شـــین
وەنەوشـــێکی چـــۆن؟ ملکـــــەچ و سەرشـــــین
بـــە وەنەوشـــــەی گـــــوت مێلاقـــــە جارێک
لەمێـــــژە هەمـــــە لـــــە تـــــۆ پرســـیارێک
ئەتـــــۆ کـــــە پەلکـــت وا ســـوور و گەشـــە
دەروونـــــــت بـــــۆچـــی خەڵـــــووزی ڕەشـــە؟

مێلاقە:

چـــــت لـــــەوەی داوە دەس هەڵگـــرە لێم
ڕازی دەروونـــــــم بـــــۆ بــــــە تـــۆ بڵێم

وەنەوشە:

ســـوێـــــندت بـــــۆ دەخـــۆم هـــەتـــا بمێنـــم
ئـــەو ڕازە لـــەکـــــن کـــــەس نەدرکـــێنـــم

مێلاقە:

دەس هەڵناگری گوێ ڕاگرە بۆم
تاکو پێت بڵێم دەردی دڵی خۆم
ئەمن لە خاکی کوردی ڕواوم
بە ئاوی ساردی کانی دێراوم
بە شەوبای چیای بڵند و سەرکەش
ڕەنگی پەلکی من بووە سوور و گەش
چاکەی کوردانم لە چاوی دایە
لەناو گوڵاندا ئەوە ڕەوایە؟
کورد وا هەژارن من هەژار نەبم؟
ئەوان داخدارن من داخدار نەبم؟
دەروونم ڕەشە، جەرگم سووتاوە
وەتی کوردستان داگیر کراوە
لۆمەی من دەکەن وەنەوشە کەچی
بۆخۆت سەرشین و دژ و ملکەچی

وەنەوشە:

منیش بە دەردی تۆ گرفتارم
پەروەردەی خاکی کوردی هەژارم
کە تۆ هەناوت بۆ کورد بووە ڕەش
منیش بۆ کوردی سەرم نا لە هەش
بە ملی کەچم وەک کوردی دەچم
کە کورد ملکەچن منیش ملکەچم

شیلان ئاوێ ـ ١٣٢٢

بەهاری لادێ

بەهارە، کاتی کارە، خۆشەویستم بۆچی بێم بۆ شار
ئەگەر من بێمە شاری، کێ وەئەستۆ بگرێ کاروبار؟
ئەمن کرمانجم و کرمانج کە هات فەسڵی بەهار، وەک هار
دەبێ بخولێتەوە کێو و تەلان و بەندەن و نیسار
هەتا پەیدا بکا نان و نەبا بۆ خەڵکی شار، هاوار

***

لەوەی دواوە دەبێ قۆڵی هەتا ئانیشکی هەڵماڵێ
هەموو ڕۆژێ هەتا ئێوارێ بچتە جووت و جۆماڵێ
کە بوولێڵی شەوێ پەیدا بوو ئەنجا بێتەوە ماڵێ
بەبێ وەی کەس هەبێ بیشێلێ، یا خۆ پشتی داماڵێ
کە نانی خوارد و لێی نووست تا بەیان نابێ لە خەو بێدار

***

ئەوێستا کاکی جووتیاری بەکاری چابووک و مەزبووت
بەبێ باکی، بەدڵپاکی، بەپێخواسی بەسینگی ڕووت
دەڕێژێ ئاو، دەچێنێ تۆو، دەکا جێ شەتڵی پەین و کووت
دەڕێژێ ئارەقە، پەیدا بکا تا بۆ منالی قووت

پشوو نادا، وچان نادا، وەڕەز نابێ لە ئەرک و کار

***

هەموویان توندوتۆڵ و گورجوگۆڵ و چوست و چالاکن
هەموویان بێ فرۆفێڵ و بەکار و سادە و پاکن
لە لادێدا خراب زۆر کەم دەبینی نێر و مێ چاکن
نە ئالوودە بە ئالکۆڵ و نە فێری بەنگ و تریاکن
دەبێ بێ دەرسی ئەخلاق لێرە بخوێنێ کوڕیژگەی شار

***

بەتاڵ و تفت و سارد و گەرم و ناخۆشی ژیان ڕادێن
بەگژ تین و بلێسە و بەفر و باران و هەوردا دێن
پەنیر و ڕۆن و ماست و هێلکەت بۆ لە دێڕا دێن
خوری، مازوو، کەتیرە، دەغڵ و تووتن بەرهەمی لادێن
نمەک خوردەی دەسی وەرزێرە شێخ و حاکم و سەردار

***

دەکێشن زەحمەت و ناخۆن وەکو وان نانی خۆڕایی
دەکەن کار و دەڕێژن ئارەق و ناژین بەڕیسوایی
لە سەریاندا نییە پۆز و ئیفادە و فیزی ئاغایی
لە سایەی زەحمەت و ڕەنج و لە سایەی کار و ئازایی
بەسەربەرزی دەژین بۆ کۆمەڵ و گەل نابنە سەربار

***

نییە داوێن و دەستی خەڵکی لادێ پیس و ئالوودە
لەدەس ناچێ وەخت لێرە بەخۆڕایی، بەبێهوودە
ئەوان وەک ئێوە ناژین تەمبەڵ و بێکار و ئاسوودە
ئەوان وەک ئێوە ناخۆن شەربەت و شەکراو و پاڵوودە

لــه کــوێ بێنن پڵاو و گۆشــت و خۆرشــت و فرِ و فیســـار؟

***

ئــەوان وەک ئێــوە ناکــەن پۆکــەر و پاســۆر و ئــاس و نەرد
یەکێک ســەرگەرمی شــێوە ئێســتەکانە، یەک خەریکی وەرد
ئــەوەی تریــان خەریکــە هەڵدەوێژێــرێ لــە کێڵگــەی بەرد
یەکێــک ماڵــوو دەکا یــەک دادەچێنــێ تــازە شــیناوەرد
ئــەوی تــر هــەڵــدەپەرتێــوی لــک و پــۆیــی چڵووکی دار

***

دەبینــی یــەک ئــەوە مەشــغووڵی هەڵگێڕانــەوەی بانــە
ئــەوەی تــر دادەمەزرێنــێ پلووســک و چۆتــە گوێســوانە
یەکێــک کوتکی لــەدەس دایە، یەکێک بێڵی لەســەر شــانە
یەکێــک دەشــکێنێ بــەرد و یــەک خەریکی شــوورەهەڵدانە
بەڵــێ نابینــی کاکــی خــۆم لــە دێــدا کەســێ بێــکار

***

کچێــک پێیەتــی دوو گــۆزە بەلەنجــە دەچتە ســەر ئاوێ
کچێکــی تــر شــەکۆی هەڵگرتــووە دەڕواتــە پــاراوێ
ژنێــک چەنــد ماشــەری پێیــە، دەیانهێنێتــە بــەر تــاوێ
ژنێکــی تــر بەدەســتاڕی دەهــاڕێ گەنمــی بــۆدراوێ
بــەرەو مــاڵ بوونــەوە پۆلێــک و پۆلێــک دەچنەوە بــۆ بژار

***

عەزیــزم تــۆ وەرە ئێــرە کــە چــاو لــە جوانــی نابــێ تێــر
ببینـــــە خــاو و گیابەنــــد و هەڵاڵــە و سوێســن و شــلێر
لەلایــەک زاوەمــــاک دەڕوا، لەلایەکـــــی دەکــەن هاوێـــر
لەلایــەک باســـــکی هەڵماڵیــوە بێــری مــەڕ دراوە بێــر

دەبینی دیمەنی وا جوان لەناو بازاڕی پڕ ئازار؟

***

چ خۆشە کاڕ و کووڕی مەڕ، چ خۆشە پڕمەکەی کەحلان
چ خۆشە فیتە فیتی شوان، چ خۆشە ئوحەکەی گاوان
چ خۆشە خرمەکەی خڕخاڵ و بازن و ژێرچەنەی کابان
چ خۆشە نەغمەکەی بلوێر، چ خۆشە لاوک و حەیران
چ خۆشە دەنگی باللۆرە، چ خۆشە هۆوەرەی جوتیار

***

وەرە ئێرە و مەپرسە تۆ ئەدی چارشێو و ڕووبەند کوان؟
وەرە ئێرە و ببینە چاوی مەست و بەژن و باڵای جوان
وەرە ئێرە و ببینە وردە هەنگاوی بەرەو جێژوان
وەرە ئێرە و ببینە نازی بێری و دەسبزێوی شوان
بچۆ ناو ڕەشبەڵەک بگوشە دەسی دۆی ناسک و نازدار

شیلان ئاوێ - ١٣٢٢-١٩٤٣

***

تۆم هەر لەبیرە

لە شاییدا لە وەختی هەڵپەڕینا
لە خۆشیدا لە کاتی پێکەنینا
لەکۆڕی ماتەم و گریان و شینا
ئەمن ئەی نیشتمان تۆم هەر لەبیرە

بەشەو تاکو بەسەرما زاڵ دەبێ خەو
بەڕۆژ تاکو دووبارە دێتەوە شەو
لە کاتێکدا کە دەدوێنم ئەم و ئەو
ئەمن ئەی نیشتمان تۆم هەر لەبیرە

زەمانێکی کە دەچمە سەیری گوڵزار
لەگەڵ پۆلی ڕەفیقانی وەفادار
تەنانەت وەختی دەسبازی لەگەڵ یار
ئەمن ئەی نیشتمان تۆم هەر لەبیرە

لە کوێستانێ دەمی ڕاو و شکارێ
لە مەزرایە کە خۆم هەڵکرد لە کارێ

لە جێژوانێ کە دەکوشم مەمکی یارێ
ئەمن ئەی نیشتمان تۆم هەر لەبیرە

دەکەم تەرخان لە ڕێی تۆدا ژیانم
لە سەنگەردا بەرەو ڕووی دوژمنانم
بە خاکی تۆ دمی ئاویلکەدانم
ئەمن ئەی نیشتمان تۆم هەر لەبیرە

شیلان ئاوی ١٣٢٣-١٩٤٤

***

کیژی لادێ

کیژی لادێی نەشمیلی جوان چاک
بێ فرۆفێڵ و هێدی و داوێن پاک
ئەتۆ هەر زگماک وەها جوانی
تەوالێت چییە؟ ناوی نازانی
نیتە کراسی حەریر و پۆپلین
گەوهەری پێچراو لەناو خامی شین
(پۆدر) و (کرێم) و ماتیکت نییە
هەر نەتبیستووە (ئۆدی کلۆن) چییە؟
نەتکرد سووراو و سپیاو چون دووری
لە شاری، کەچی هەر سپی و سووری
(فێڕ)ت لێ نەدا بسکەکەت لوولە
ڕێژیمت نەگرت بەژنت وەک توولە
لاجانگت وەکو گزنگی تاوێ
هەر بۆخۆی جوانە تیف تیفەی ناوێ
کوڵمەکەت وەکو گوڵاڵەی گەشە
بێ سوورمەش چاوە مەستەکەت ڕەشە
وەکو فرمێسکی ئاشق ڕووناکی

وەکــــو ئـاونگــــــی بـەیانــــــی پاکــــی
فێـــــر نەبووی سـیحر و گشـــــتەک و نوشــتوو
نــەجگـــــه گــورگــــــت هەیــــه نــــه مـــووروو
مایــــەی هــــومێـــــدی کیـــژی چاوهـــەڵــۆ!
نازانـــــــی مەکـــــر و جامبـــــــازی و درۆ
چارشــــــێوت نییــه ڕوو ناگـــــری لــــه کــەس
ناموسـ‌ــــــــی خۆتـــــه پاســــەوان و بـــەس
بـــــه تاســـکه تاســــک و بەلەنجـــەولارت
بـــــه بــــەژن و بـــاڵای بـــــەرز و لەبــارت
بەدڵـــــــی ســــــادە و بەهەســــتی پاکــــت
بـەشـــــــەرم و حــەیـا و ئـــــاکاری چاکــت
منــــــــت کــــــردووە شـــێت و وێتـــــی خــۆت
وەختــــــه لـــــه سـوێیان گیانم دەرچــێ بــۆت

مەهاباد ـ ١٣٢٤

***

دواپۆشی ڕووناک

لەمێژ بوو هەققی کورد دەخورا بەفیڕۆ
لەمێژبوو کوردبوو دەیکرد شین و ڕۆڕۆ
لە مەیدانی شەقێنی دوژمنیدا
سەری سەرداری کوردی بوو وەکو گۆ
بەدەوری لاشی نیوەگیانی ئەودا
هەزار گورگ و چەقەڵ دەیکرد ملۆمۆ
دەیانبەست بۆ کوتانی مەرج و پەیمان
هەناوی لێی دەهات بۆچڕووک و بۆسۆ
لە دێدا ئەمنیەی لێ ببووە مێمڵ
لە شاری (شارەبانی) لێ ببۆ سۆ
هەزار لاوی لە بەندیخانەدا مرد
هەزار پیاوی تەنافی خرایە ئەستۆ
کوڕی کوردی لە خوێنی خۆی دەگەوزی
کچی کوردی سەری کردبوو وەشەژنۆ
ئەوەی سووکایەتی بوو کردی پێمان
نەدەکرا کەس بڵێ بۆ وا دەکەی بۆ؟
بڕا نێفەک، دڕا سەرپێچ و دەسماڵ

بـــرا کیــژ و درا کـــوڕ پاڵـەپـەســـتۆ
گوڵســـــتان و زەمەنــــدی کـــوردەواری
بەپێــــی دوژمـــن دەبـــوو پێشــــێل و بـۆژۆ
دەیانکـــــرد دەغَلۆدانـــی ئێمـــە بـــەش بەش
دەیانکـــــرد دانەوێڵـــەی ئێمـــە کۆکـــۆ
ئـــەوی گەنمــــی ڕەنێـــو دێنـــا بەزەحمـــەت
لـــە ماڵیـــدا نەبـــوو خـــۆی زمهەڕێـــک جـۆ
لــــە کیســـــەیدا نەبـــــوو تالاّیـــی تووتـــن
ئــــەوی ســـازی دەکـــرد ســـیگاری (ئوشـــنۆ)
بـــــەدوو گـــــەز جـــاوەوە خەونـــی دەبینـــی
ئـــەوی عەمبـــاری شـــای پـــڕ کـــرد لـــە پەمۆ
پەنیـــرو ڕۆنەکـــــەی ئێمـــــە بــــــە زاری
ئـــەوان دەخـــورا، دەمـــا بـــۆ ئێمـــە هـــەر دۆ
مریشــــک و قـــاز و باڕۆکـــــە و مـــراوی
بەشــــی وان بـــوو، بەشـــی ئێمـــەش پەڕوپـــۆ
لــــە شـــارا تاکـــو (تابیـــن) جـــەردە و دز
وڵاتیـــان کـــردبــــوو تـــالاّن و تاپـــۆ
هەمـــوو ســـووک و چرووک و پەســـت و بەدخوو
هەمـــوو ناپـــاک و نـــا ئینســـان و نامـــۆ
لەبـــەر زوڵـــم و فشـــار و جـــەور و بێـــداد
چلـــۆن تێـــک چووبـــوو لێمـــان ڕایـــەڵ و پـۆ
جلیتبـــاز کەنگـــێ دەیوێـــرا بڵـــێ هەو
فەلەخـــوێ کوانـــێ دەیوێـــرا بڵـــێ هۆ
لـــە ژێـــر بـــاری گرانـــی زوڵمـــی دوژمن
دەیانبـــــرد مەزنەکانـــــی گـــەورە نســـکۆ

لەپڕ جووڵاوە خەڵک و تێکی ڕووخاند
بناخەی کۆشکی ئیستبدادی یارۆ
شکا بێگانە، پاڵاوتی لەترسان
کوڕی کورد، هاتەوە دیسان هەلی تۆ
مەوێستە، خۆت مەگنخێنە، مەترسە
لە فیشاڵ و لە بوختان و لە دەمگۆ
هەتا حیزبێکی دێموکراتی پێشڕەو
کە پێویستە لە دەوری کۆوەبی کۆ
لە سایەی حیزبی دێموکراتی خۆمان
لە باڵدار تێپەڕی ئەوڕۆکە پێڕۆ
دەسا خۆت هەڵکە ڕێ ببڕە بەگورجی
بڕۆ پێش بێوچان، لێ بخورە، بازۆ
نەما داخ و پەژارە و ماتەم و خەم
زەمانی هەڵپەڕین و بەزمە ئیمڕۆ
لە شایی ئێمەدا نابینی ئێستا
کچێکی دڵ بەخەم، لاوێکی بێ دۆ
درۆزن بۆی بزر بوو، هاتە مەیدان
کچی ئازا، کوڕی لێزان و هەقگۆ
توخوونی دوژمنی بەدکارە نابین
کە سووتاوە دەسی ئێمە بەپشکۆ
زمانی ئێمە گەر نازانی دوژمن
دەبێ حاڵی بکەین ئەوجار بە برنۆ
لە پێشمان دایە دوارۆژێکی ڕووناک
ئیتر ناخوری هەقی ئێمە بەفیڕۆ

مەهاباد - ١٣٢٤

پەرچەی شادی

ڕۆژی خــۆشـــی و پێکەنیـــن و داوەتـــە
هــەی چ ڕۆژێکـــی بەقـــەدر و قیمەتــە
جێژنـــی سەربەســتی و دەمـــی ئازادییــە
کاتـــی عەیــش و نــۆش و شــایی و شــادییە
بەرگـــی ڕەش ئیتـــر لەبەرمـــان دادڕا
بەندەکـــی دیلـــی و ئەســـارەت هەڵبـــڕا
ســـەر بڵێندیــن چــونکـــە وا ئاڵاکەمــان
هەڵکـــراوە گەیییــە ئەشـــقی ئاســمان
پەرچەمی ســـوور و ســپی و ســـەوزی ئەمە
شـــادیهێنـــە لابـــەری دەرد و خـــەمـــە
ســـوورەکەی یانـــی ئـــەوەی بێتـــە بنم
خوێـــن دەبـــێ بڕژێنـــێ بۆ پاراســـتنم
ســـپیەکەی یانـــی کەســـێکە ڕوو ســپی
هیــچ شـــتێک نەیکردبـــێ مـــات و کپـــی
ســـەوزەکەی دێنێتـــە بـــەچـــاوان وڵات
ئـــەو دەمـــەی فەســـڵی بەهـــاری جوانی هات
تیشـــکی ڕۆژی کـــورد لەژێـــر هەوری ســـیا

هاته دەر ئەنگاوتی وا لووتکەی چیا
دوو گوڵی گەنمیش دەڵێ هەر کشتوکاڵ
زۆر بکەن مشتی بکەن عەمبار و چاڵ
پێت دەڵێ نووکی قەڵەم؛ نووکی قەڵەم
زۆر لە شیر باشتر دەپارێزێ عەلەم

مەهاباد ـ ١٣٢٤

***

یادگاری شیرین

چاوەکەم! چاوی ڕەشی تۆ ئافەتی گیانی منە
گیانەکەم! برژانگی تیژت نووکە ڕمبی دوژمنە
شیری دەستی شێری ئاڵایە بڕۆ ڕاکشاوەکەت
جەرگی لاوێکی هەزاری کوردی ورد پێ بنجنە
دیدەکەی بەخوماری تۆ تورکانە بەدمەستی دەکا
بۆیە مەیلی وا بەکێشە و فیتنە و خوێن ڕشتنە
بەژنەکەت سێدارەیە، کەزیەت تەنافە زوویە دەی
بیخە ئەستۆی من کە کوردم بەشی خنکاندنە
زامی جەرگی من بەفەرموودەی گراوی سواری کورد
مەڵهەمی هەر ژەنگی گوارە و ئارەقی بەر گەردنە
ئارەزۆمە هیچ نەبێ جارێکی ماچ کەم زاری تۆ
ئارەزۆی من چووکە، ئەمما تا بفەرمووی شیرنە
دڵ بەگرمەی تۆپی گەورەی دوژمنیش ڕانەچڵەکێ
دادە خورپێ ئەم دڵە ئەمما بەخرمەی بازنە
خەڵکی دنیا ڕازی دڵداری بە بێتەل پێک دەڵێن
ڕاسپاردەی لاو و کیژی کوردە ئێستاکەش شنە
ڕۆژی بەختی هەر لە ژێر هەورێکی ڕەشدا لاوی کورد

تاکـــو ڕوخســـاری کچـــی شـــاری لـــە پێـــش چـــاوان ونە
نایــەڵــێ گــۆشــەی برۆکــەت دەرکــەوێ چارشــێوەکەت
ئــەی لە دەس ئــەو چڵکــە هــەورە مانیعی مانــگ دیتنە
چۆن دەبێ سەربەســت گەلی ژێردەست کە کچ دابــەســتە بێ؟
بــەس نەبێ ئــەو کۆیلەتی و ئــەو کچ لە ژوور دابەســتنە؟!
دەرکـــی داخســـتووە لـــە تـــۆ بابـــت کەچـــی دەرکـــی نییە
دەرکــە داخســـتن لـــە تـــۆ دەرکـــی هـــۆمێـــد داخســـتنە
داڕزینـــــە، مردنـــــە، ئاخـــــر هەتـــا کــەی پێــت بڵێن
نابـــێ بێتـــە دەر لـــە مـــاڵ، مافـــی ژیانـــی کـــوا؟ ژنـــە
لادە چارشـــێوی ڕەشـــت بـــا دەرکــەوێ کولمـــەی گەشـــت
چـــون لـــە قەرنـــی بیســـتەما زۆر عەیبـــە ئـــەو ڕوو گرتنە
کیـــژی خەڵکـــی بۆمـــی ئاتۆمی دروســـت کـــرد و ئەتۆش
هـــەر دەزانی ناوی (ئەســـــتێولک) و (دەرخـــۆنـــە) و (پنـــە)
فێـــری زانســـت و هونـــەر بـــوو ئـــەو لـــە ســـایەی خوێندنی
تـــۆش تەشـــیمان بـــــۆ دەڕێســـی یـــادگاری شـــیرنە
ئـــەو بەئاســـمانا فـــڕی، دنیـــا گـــەڕا، چـــووە بـــن بەحـــر
دەک نەمێنـــم کاری ئێـــوەش هـــەر لـــە ژوور دانیشـــتنە
کـــوڕ بـــەزێنـــە ئـــەو لە عیلـــم و ئەو لـــە کار و ســـەنعەتا
گـــۆرەویشــــە ســـەنعەتی تـــۆ، پێـــت خەنـــی بـــووم بیچنە
ئەو پنەچـــە و ڕووبـــەنـــد و چارشـــێوەی نـــەدیوە نـــەنکی تـــۆ
ئـــەو شـــــڕ و شـــــاڵاتە دیـــاری دوژمنـــی دڵ چڵکنـــە
کیژی شــــێخ و کیـــژی حاجی و کیـــژیَ ئاغـــا ڕەنجەڕۆن
کیـــژی ئـــــازادە ئـــــەوی ژینـــی بـــەنـــووکی گاســـــنە
شـــەنگەبێری یـــار و دەســـــباری کـــوڕی کـــۆچـــەر نەبـــێ
چـــۆن دەگاتـــە جـــێ هـــەوار و هۆبـــە ئـــەو بارگـــە و بنە؟

قەڵشی دەست و کولمی سووتاوی کچی لادێ نەبێ
چۆن دەگاتە دەستی دەسبڕ ئەو هەموو تا تووتنە؟
نیسک و نۆک و ماشی ناو عەمباری ئاغای مفتەخۆر
پاک لە سایەی ڕەسکەنەی ژین و مرۆت و سوێسنە
شۆڕەژن بنکۆڵ نەکا بڕکەی بەقرچەی نیوەڕۆ
چۆن لە کاڵەک تێر دەبێ ئەو زگ زلە بێستان ڕنە؟
کوا مەتاعی کوردەواریمان دەچوو بۆ هەندەران؟
گەر بەسەربەستی نەژیبا ئەو کچە مازووچنە
بێر و هاوێری لەگەڵ کاکی نەکردبا بن پشک
چۆن دەمانبوو ئەو هەموو گۆشت و پەنیر و بەرگنە؟
دەست و کەرکیتی کچی نازداری هەوشاری نەبا
چۆن دەڕازاوە بەقاڵی شار و بازاڕی سنە؟
با هەزار (زێ) و (گادەر) و (لاوێنی) ڕوونیشمان هەبێ
تاکو ژن ئازاد نەبێ، سەرچاوەکەی ژین لیخنە
کۆیلەتی باوی نەماوە، کیژی کوردی خۆشەویست!
ڕاپەڕە، هەستە لە خەو، ئاخر چ وەختی خەوتنە؟
دەرکە بشکێنە، پەچە بدڕێنە، ڕاکە مەدرەسە
چاری دەردی کوردەواری خوێندنە، هەر خوێندنە
دایکی زانایە کوڕی ئازا دەنێرێتە خەبات
من گوتم تۆش تێبگە (ناگاتە دەریایە زنە)
گوارەکەی زێڕت بەکار نایە، لە گوێ بگرە قسەم
لایقی گوێی تۆ عەزیزم شێعری سادەی (هێمنە)

مەهاباد - ١٣٢٤

***

ڕێبەندان و شاعیر

ڕێبەندان! دیسان هاتیەوە سەرمان
ڕەقمان هەڵێنی دیسان لە سەرمان
بەسۆزەی زریان پیاوی دەکەی سڕ
بەکڕێوە و باکوت ئاژەڵ دەکەی قڕ
ڕێ و بان دەبەستی بە بەفر هەموو
لەبەر پەساران هەڵدەنێی ڕنوو
پڕووشە و مژ و کەڕەسیسەکەت
تەپ و تومان و هەوا پیسەکەت
پێیەوە هەزار ئازار و ئاهۆ
کۆخە و هەڵامەت، لەرز و چەق و چۆ
کە تۆ تەشریفی ناشەریف دێنی
دڵی گەلی کور دادەخورپێنی
ماشین و ڕێگای ئیسفالتی نییە
بەو سارد و سۆڵە عیلاجی چییە
بە هەچەهەچی کەرێ، چۆن باری
لادێیی کوردی دەگاتە شاری؟
هەزار لێی دەبڕێ ئاوردوو و زمهەڕ

کـــورووژمــــەی دەکا فەقیــر، ماڵانگەڕ
ســەر دەنێنـــــەوە پیـــر و نــۆجـــوان
بــێ پەرســـتار و بــــێ داو و دەرمــــان
بەخێــر نەهاتـــی مانگـــی مــژ و تـــەم
دێنــی بـــۆ ئێمـــە گەلێــک دەرد و خـــەم

ڕێبەندان:

شـــاعیر مـــاڵ شـــێواو بـــۆ دژ دامـــاوی؟
گێـــژی، خەوئاڵـــووی، شـــێتی خەرفـــاوی؟
بـــۆچـــی تـــۆ ئـــاگات لـــە دنیـــا نییە؟
بـــۆچـــی نازانـــی دەنگوبـــاس چییـــە؟
بۆ بـــە مـــن دەڵێی قســـەی ســـوێر و تاڵ؟
بۆچـــی نازانـــی بـــێ خەبـــەر ئـــەو ســـاڵ
زریانـــم هێنـــای بـــۆ کـــورد ئـــازادی
شـــەماڵم هێنـــــای بـــــۆ ئێـــــوە شـــادی
مـــــژی مـــن هـــــات و مـــــژی هەژاری
ڕەوانـــد یەکجـــــاری لــــــە کـــوردەواری
بەکەڕەسیســـــــە و پڕووشـــــــە و ســـــیخوار
ئاواتــــــی کۆنـــــی کـــوردم هێنـــا خـــوار
لـــە ڕۆژی منـــدا کـــورد بـــەڕووســـووری
هەڵـــی بـــژاردووە ڕەئیـــس جـــەمهـــووری
جـــا ئـــــەو جـــار بـــاوی کـــوردی دێتەوە
ئاســـــــووودە دەبـــــــێ، دەحەســـــــێتەوە

شاعیر:

گیانـــی شـاعیرت دەکـەم بـەقـوربـان
وا هاتــووی ئەوســاڵ مانگــی ڕێبەنــدان!
دەک بـەخێرهاتــــی قـەدەمـت پیــرۆز
بـەقوربانـت بـــێ جێژنەکـەی نـەورۆز
ڕۆژی تــۆ جێژنـــی گـەورەی کـوردانە
نـاوت دەرمـانـــی ژان و دەردانـــە
ئەوســـاڵ بـەهـارە بـۆ ئێمـە زسـتان
بمـرێ دوژمنـی کـــورد و کوردسـتان

هەواری کرماویلە ـ ١٣٢٥

***

بژی دێموکڕات

مزگێنیم دەیە دەگەی بە ئاوات
کوردە لە سایەی حیزبی دێموکڕات
حیزبی دێموکڕات تۆ دەدا نەجات
پیادەی ئەو، شاهی دوژمن دەکا مات

بژی دێموکڕات بژی دێموکڕات

کوردە گیان! ئەورۆ چاو و دڵت ڕوون
لاوانی وڵات پاک ئامادە بوون
تەماشای وەیانە ڕاپەڕن، ببزوون
لێوی دوژمنی هەرزەگۆ بدروون

بژی دێموکڕات بژی دێموکڕات

پێکیان هێناوە لەشکرێکی چاک
لە لاوی ئازا و بەکار و چالاک
هومێدم وایە لاوانی خوێن پاک
بە خوێنی خۆیان بپارێزن خاک

بژی دێموکڕات بژی دێموکڕات

هەمــوو بــە جــەرگ و ئــازا و دلێــرن
هەمـــوو بێ‌بــاک و دڵپــاک و مێــرن
لەنــاو ســەنگەردا لــە وێنــەی شــێرن
نــەتــەوی بێ‌شــک پێیــان ناوێــرن

بــژی دێموکــڕات بــژی دێموکــڕات

پێشــمەرگەی کــوردی لــە مەیدانــی جەنــگ
بەرگــەی ناگــرێ نە شــێر نــە پڵەنگ
دوژمنـــی ئێمـــە تـــازە بـــکا دەنــگ
ســینگی دەســمن بــە گوللــەی تفەنــگ

بــژی دێموکــڕات بــژی دێموکــڕات

ڕۆژی بەرگــری و شــەڕ و تەنگانــە
پاڵەوانێکــە هــەر یــەک لــەوانــە
بــەکوێــری چــاوی پیســی بێگانە
ئەوڕۆکــە ڕۆژی جێژنـــی کوردانــە

بــژی دێموکــڕات بــژی دێموکــڕات

مەهاباد، ڕەشەمەی ـ ١٣٢٤

***

ڕۆژی خۆشی

ڕۆژی جێژن و خۆشییە تێپەڕ بوو ڕۆژی دەرد و خەم
هات شنەی ڕەحمەت بەجارێک ڕای ڕفاند و بردی تەم
دێ لە هەر لایێکی قاقای پێکەنینی کیژ و کوڕ
دێ لە هەر سووچێکی نەغمەی ساز و تار و زیل و بەم
گەرچی زستانە بەفر داپۆشی ئەوڕۆ گشت وڵات
خاکی پاکی ئێمە خەملیوە وەکو باخی ئیرەم
جێژنی ئیستقلالی کوردستانە، ڕۆژی شادییە
جێژنە پیرۆزە لە لاوی هاووڵاتی خۆم دەکەم
نۆجوانان! دەی بەقوربانتان دەبم کارێ بکەن
بۆ تەرەققی کورد و بۆ پاراستنی خاک و عەلەم
بۆ نەجاتی نیشتمانی خۆشەویست کارێ بکەن
زوو دەری بێنن لە چەنگی دوژمن و دەستی ستەم
هەر کەسێ بۆ لای سنووری نیشتمانی ئێوە بێ
بیکوژن، وردی بکەن، بینێرنە مولکی عەدەم
لاوەکان! دڵپاکەکان! چالاکەکان! پێشمەرگەکان!
ئێوە شێری لێ بسوون و ئێمە پڕدینە قەڵەم
هەر بەیەکگرتن لە دەستی بێگانە دێنینە دەرێ

خاکی پاکی کوردەواری، نایەڵین بۆ کەس ئەلەم
جێژنە پیرۆزە دەکەم لێت و دەڵێم خۆش بی، بژی
ئەی ڕەئیس جەمهووری کورد و پیاوی زانا و موحتەرەم
تۆم بەخوا ئەسپارد و ئەسپاردم بە تۆ ئەی (پێشەوا)
میللەتی دڵپاک و چاک و نیشتمانە جوانەکەم

مەهاباد، ڕێبەندانی ـ ١٣٢٤

***

هەتاوی ئیقباڵ

ڕۆیی خەم هاتەوە هەنگامی سروور
جێژنەیە بەزمە زەماوەندە، سوور
تیشکی زێڕینی هەتاوی ئیقباڵ
لە کولاوکەی گەلی کورد هاتەوە ژوور
کوانێ؟ لەکوێیە؟ ببینێ بەزمم
بدڕێ دوژمنی خوێڕی مەغروور
سەربەخۆ بووین و لەژێر باری خەم
هاتە دەر میللەتی ئازاد و جەسوور
هەڵکراوە لە وڵاتی ئێمە
پەرچەمی بەرزی سپی و سەوز و سوور
خومی شێواوە، پەرێشانە، کزە
دوژمنی قین لتەزگی ڕق ئەستوور
کوڕی کورد حازرە بەخوێنی خۆی
لە هەموو لاوە بپارێزێ سنوور
کچەکەی حازرە فیشەکدانی
لە ملیدا بێ لەباتی بەرموور
تازە ناوێرێ بە خاکی کوردا

نەتەوی ئێمە بکا چیدی عبوور
هەر بەرز بێتەوە ئاڵای کوردی
نیشتمانی ببێ خۆش و مەعموور
بۆ فیداکاری لە ڕێی میللەتدا
هەربژی (قازی) ڕەئیسی جەمهوور

***

ڕەشەمە

دەک بەخێرێی قەدەمت خێرە چ خۆشی ڕەشەمە
تاکو تۆ هاتی نەما و تێپەڕی ڕۆژی ڕەشی مە
ئیستەکە کوردە هەموو بێ هەم و بێ دەرد و خەمە
شادە، ئازادە، دەکا گاڵتەوگەپ، کەیف و گەمە
نیشتمانی هەموو ڕازایەوە، باخی ئیرەمە

***

شین و ڕۆڕۆ بوو بەشی کورد و سەری نابوو لە هەش
چون لە ئازادی بڕێک نەیبو ئەویش بەهرە و بەش
کوردەواری هەموو داگرتبوو هەور و تەمی ڕەش
نەدەبینرا لە چ لا تیشکی گەلاوێژی گەش
بەشنەبایەکی ڕەحمەت ڕەوی ئەو هەور و تەمە

***

هاتە مەیدانی کوڕی کوردی وەکو فیلی دەمان
هەوڵی ئازادی دەدا ئەو بەهەموو وەخت و دەمان
دوژمنی کوردی ئەوەی دیت و ترووسکایی نەمان
دەشکێنێتەوە با ئێستەکە ئاڵایەکەمان
سەر و ماڵ و کەس و کارم بەفیدای ئەو عەلەمە

***

لاوی کــــــوردی لــە هەمـــــوو لاوە وەکـــو شـێری ژیـــان

دێتـــــە مەیـــدان و دەڵـــێ: مـــن دەمـــەوێ مافـــی ژیـــان

تــــازە هەڵــسناخەڵەتـــێ ئـــەو، بەقســەی نـــەرم و نیـــان

دوژمنـــی میللەتـــی کـــوردی هـــەمـــوو تـــووڕەن کـــە دییـــان

ئـــەو بەسەربەســــتی دەژی، دوژمنـــی زۆر و ســــــتەمە

مەهاباد ـ ١٣٢٤

***

دایکی نیشتمان

لە کاتی نیوەشەودا بوو شەوێ دی
ژنێکی پیر ڕەشپۆشم لە خەو دی
بەپارێز چوومە پێش لێی و گوتم پێی
چکارەی دایە پیرە، پێم بڵێ کێی؟
لەبەر چی وا دژ و داماوی دایە؟!
چ قەوماوە کە وا شێواوی دایە؟!
چییە؟ چۆنە لەبەر تۆدا جلی ڕەش؟
سەر و شان و ملت بۆ ناوەتە هەش؟
گوتی نازانی ڕۆڵەی هیچ نەزانم
ئەمن کێم ڕۆڵە! دایکی نیشتمانم
لە تاوی ئێوەیە وا مات و گرژم
لە سوێی ئێوە دەسووتێم و دەبرژم
دەبینم ئێوە داما و هەژارن
کز و خەمبار و زار و لێو بەبارن
منیش بۆیە پەرێشان و پەشێوم
دەبینی باری خەم نیشتووە لە لێوم؟
نەخۆشن ئێوە، بۆیە من نەخۆشم

ئەسـیرن ئێـوە، بۆیە ڕەش دەپۆشم
بەقوربانت دەبم ئەی دایکی دڵسۆز
مەبە چیدیکە تۆ دڵتەنگ و ئاڵۆز
تەماشاکە کوڕی تۆ شادن ئێستا
هەموو سەربەستن و ئازادن ئێستا
دەزانم ڕۆڵە گیان خەڵکی مەهاباد
لەژێر دەستی کران ڕزگار و ئازاد
بەڵام ڕۆڵەم برای ئێوە لە سەقز
تەماشاتان دەکەن داما و سەرکز
چ شەرمە کاری ئێوە پێکەنین بێ
بەڵام کاری ئەوان گریان و شین بێ
ئەگەر پێت خۆشە جلکی ڕەش نەپۆشم
بکەن ئازاد کوڕانی دیم و خۆشم
لەبەر خۆت دارنە دایە جلی ڕەش
دڵت ڕوون بێتەوە کوڵمەت ببێ گەش
هەنیسکان بەس بدە چیدی مەکە شین
ببینە بەیرەقی سوور و سپی و شین
ببینە (پێشەوا)ی مەشهووری ئێمە
ببینە تۆ ڕەئیس جەمهووری ئێمە
ببینە هێزی پێشمەرگە و بزانە
کە نووکی نێزە شمشێری ئەوانە
لەژێر دەستی دەکا ڕزگار وَ ئازاد
تەواوی کوردەواری وەک مەهاباد

مەهاباد ـ ١٣٢٤/١١/١٢

نەورۆزی ڕزگاری

بە بەرگی سەوزە ڕازاوە قەد و لاپاڵ و شیو و دۆڵ
چرۆی دەرکردووە دار و ملی دا یەکتری گیا و گوڵ
بەسەر بەفری کەویدا کرد شەماڵی خاکەلێوە خوڵ
ڕەفیقان ڕۆژی کوردانە، بەهارە، جێژنی نەورۆزە
بەدڵ لێتان دەکەم لەو ڕۆژەدا من جێژنە پیرۆزە

***

چلەی زستانی ناخۆش بوو تەزووی سەرمایە پیاوی سڕ
دەکرد و کووچە و کۆڵان لە بەفر و لیتە بوو بوون پڕ
بەهار هات و دەخەملێ کێو و دەشت و بەندەن و لاخڕ
ڕەفیقان ڕۆژی کوردانە، بەهارە، جێژنی نەورۆزە
بەدڵ لێتان دەکەم لەو ڕۆژەدا من جێژنە پیرۆزە

***

بەسۆزەی بای بەیان لێوی کراوە خونچەیی خەندان
لەسەر چڵ بلبلی شەیدا لە خۆشی گوڵ دەڵێ بەندان
بەجێ هات ئارەزووی لاوان و گەرمە کۆڕی گۆوەندان
ڕەفیقان ڕۆژی کوردانە، بەهارە، جێژنی نەورۆزە
بەدڵ لێتان دەکەم لەو ڕۆژەدا من جێژنە پیرۆزە

***

لە خۆی داوە بەرەڵبێنە کچی کابانی گەردن کێل
بەناز و غەمزە دەڕوانێ، دەکا شینکەی نەرم پێشێل
لەگەڵ بۆنی وەنەوشە تێکەڵاون بۆنی عەتر و هێل
ڕەفیقان ڕۆژی کوردانە، بەهارە، جێژنی نەورۆزە
بەدڵ لێتان دەکەم لەو ڕۆژەدا من جێژنە پیرۆزە

***

سەری کوێستانی بەرزی کوردەواری تێی نەکەوتووە خاڵ
لە دەشت و بەرپەساران هەڵدراون چادر و ڕەشماڵ
نەما بێگانە تاکو جێژنەمان لێ تاڵ بکا ئەوساڵ
ڕەفیقان ڕۆژی کوردانە، بەهارە، جێژنی نەورۆزە
بەدڵ لێتان دەکەم لەو ڕۆژەدا من جێژنە پیرۆزە

***

حەساوە پیاوی ڕووتوقووت و بێ ئەنوا و بێ ئیروو
ژیاوە گیانلەبەر دیسان، لە کون هاتە دەرێ مێروو
لەسەر گوێسوانە دەخوێنن بەپۆل پاساری و سێروو
ڕەفیقان ڕۆژی کوردانە، بەهارە، جێژنی نەورۆزە
بەدڵ لێتان دەکەم لەو ڕۆژەدا من جێژنە پیرۆزە

***

لە دنیادا کەمە هاوتای بەهاری جوانی کوردستان
ئەویش ئەوساڵ کە لایێکی نەجاتی بوو لەژێر دەستان
لە خۆشی ئەم وڵاتە شاعیریش بۆتە هەزار دەستان
ڕەفیقان ڕۆژی کوردانە، بەهارە، جێژنی نەورۆزە
بەدڵ لێتان دەکەم لەو ڕۆژەدا من جێژنە پیرۆزە

تەوریز ـ ١٣٢٥/٢/٦

پێکەنینی گوڵ

کاتـــی کازیـــوە پێـــش گزنـــگ بولـــبوڵ
لـــە شـــەقەی باڵـــی دا هەتـــا کـــن گـــوڵ
گوتـــی ئـــەی نازەنینـــی عیشـــوە فرۆش!
کـــــەم کەمـــــە دیـــارە بـــێ وەفـــایی تۆش
بـــــۆ شـــــنەبا هـــەیەتـــی لـــێرە ڕێ؟
بـــــۆ پـــەپـــوولـــە بەدەورەتـــــا دەگـــەڕێ؟
چـــەپکی تـــۆ باغـــەوان دەکـــەن دەســـگیر
لـــــە خـــەیابـــان و کـــــووچـــە و بـــــاژێـــــر
دەتـــفرۆشـــــن بـــــەقیمەتـــــی هـــــەرزان
دەتـــدەنـــە دەســـتی نـــاکـــەس و هـــــەرزان
بـــۆیە ســـــووک و چـــرووکـــی نـــاو چەمەنـــی
لەوەتـــــی بـــــووی هەمیشـــــە پـــێ دەکەنـــی
هەڵگـــــەڕاوە بەنـــاز و گـــــوڵ پێـــی گـــوت
شـــێت و شـــووری کە شـــرت و شۆمـــت شـــوت
وەکـــــو تـــــۆ ئـــاشـــــقە پـــەپـــوولـــەی زار
بـــۆ بـــنـــە خۆڕایـــی ئـــەو بـــدەم ئـــازار
شـــــنەبـــا ڕێ نـــــەدەم کـــــە بـــــۆ لای خۆم

کـــێ دەبـــا بـــۆ هەمـــوو وڵاتـــێ بـــۆم؟
گـــوڵ لەکـــن کـــەس نییە عەزیزم ســـووک
ســـەری زاوایە جێـــی و باوەشـــی بـــووک
مـــن کـــە نـــاگـــاتـــە هەفتەیەک تـــەمـــەنـــم
بـــۆچـــی بگریم و بـــۆچی پـــێ نـــەکـــەنـــم

مەهاباد ـ ١٣٢٥

***

بلوێری شوان

نیوەشەوە، دنیا خامۆش
دێتە گوێم ئاهەنگێکی خۆش
ئاهەنگێکی گیان پەروەرە
شادی هێنە، خەفەت بەرە
ئاهەنگێکی دڵنەوازە
تارە، ویۆڵۆنە؟ یا سازە؟
نا... نا... ئاهەنگی بلوێرە
جا وەرە گوێی بۆ ڕادێرە
هەزار خۆزگەم بەخۆت شوانە
کە بەو مانگەشەوە جوانە
دانیشتووی لە ڕژد و هەڵدێر
پەنجە دەبزێوی لە بلوێر
دەگەڵ تەبیعەت هاودەمی
شادی، بەکەیفی، بێ خەمی
ئاغاش بە نۆکەر ناگری
وەک من لە داخا نامری
وەرە شوانە هەموو شەوێ

نیــــوەشــــەوێ، کاتـــــی خـــەوێ
لـــەو کێــــو و نـــواڵە زەنـــــوێرە
تــــــێ تــــووڕێنە لـــەو بــــلوێرە
لەســــــەر ترۆپکـــــی ئەو کێـــــوە
پەنجــــــە لـــــە بلوێـــــر ببزێـــــوە
با کێــــوەکــــە دەنـــــگ داتــــەوە
شـــاعــــیریش خــــــەو بیبـــــاتەوە

هەواری کرماویلە ـ ١٣٢٥

***

کورد و ئازەربایجانی

تێپەڕی ئەییامی دیلی ئێستە هەنگامی ژیانە
خۆی مەلاس دا مامەڕێوی نۆبەتی شێری ژیانە
هەرچی پێت دەکرێ بکە ئەی دوژمنی خوێڕی و بزانە
باوی لاوی کورد و تافی گەنجی ئازەربایجانە
خۆی لە خوێناودا دەبینێ هەر کەسێک دوژمن بەوانە

***

با لە قوڕ نیشێ و لە هەش نێ دوژمنی وان پیل و شانی
چونکە ئەوڕۆ یەکتری گرت کورد و ئازەربایجانی
ئەوکی ئیستیعماریان گرت وەک بەلاکەی ناگەهانی
تازە بەربوونی مەحاڵە تا نەدا یەکجاری گیانی
سوحبەتی پێ ناکرێ پەنجە بەهێزی ئەو دووانە

***

ئەو کەسەی چەندێک لەوەی پێش لێی دەدا لافی خودایی
نەیدەهێشت ئێمە هەمانبێ قەت لەگەڵ یەکتر برایی
کوانێ لەکوێیە ببینێ پۆلی پێشمەرگە و فیدایی؟
تێ بگا نای بێ لەدەست ئەو نۆجوانانە ڕەهایی
ئەو کوڕی سمکۆی دلێرە، ئەو نەوەی سەتتارخانە

***

لاوی ئازای کوردەواری نێرە شێری کاتی جەنگە
گەنجی ئازەربایجانی وەک پڵەنگی تیژە چەنگە
تێگەیشتن نۆکەری بێگانە بۆ وان عار و نەنگە
پەنجەیان ئێستا لەسەر شیرە، لەسەر ماشەی تفەنگە
هەر بەئاستەم بێتە ڕوو بێگانە دەکرێتە نیشانە

***

کۆشکی زۆرداری جمیوە، هەر نەماوە زوڵم و بێداد
وەک بەهەشت خەملیوە خاکی پاکی کوردستانی ئازاد
موڵکی ئازەربایجانیش بۆتەوە مەعموور و ئاباد
دوژمنی بێگانە بتبینم هەمیشە پەست و ناشاد
چۆن ببویە باعیسی وێرانە ئەم دوو خاکە جوانە

***

کورد و ئازەربایجانی هەردوو داوایان ڕەوایە
هەر بژین و پایەداربێ یەکیەتی ئەم دوو برایە
میللەتی ئێمە هومێدی زۆر بەکاری پێشەوایە
ئەو کوڕە ئازا و نەبەرد و مەردە بۆ میللەت قەڵایە
دەک بمێنێ تا ئەبەد ئەو کوردە زانا و قارەمانە

تەوریز - ١٣٢٥/٢/٦

***

ڕۆژگاری ڕەش

ئەو ساڵ جێژنەمان تاڵە
دوژمنی زاڵم زاڵە
لاو جێیان سیاچاڵە
دەستی دۆیان بەتاڵە

***

گاڵتەوگەپ و پێکەنین
شەوداوەت و هەڵپەڕین
جێگای خۆیان دا بە شین
دیسان خەمیان دابەشین

***

پۆلی جوان نەشمیلان
دەستەی دەسماڵ تەنزیلان
ئەو ساڵ ناچن بۆ دیلان
نەنگە دیلان بۆ دیلان

***

بەڕا نانی سەرخوانان
گرا لاوی گوێسوانان

کاڵ بۆوه پەنجەی جوانان
کوانێ گەمەی جێژوانان؟

***

وەپاش کەوت خەباتمان
داگیراوه ولاّتمان
تێپەڕی ڕۆژی هاتمان
ڕووخا کۆشکی ئاواتمان

***

نەهاتی و تەنگانەیە
باو باوی بێگانەیە
خەزری ئەو یەکانەیە
لێمان لە بەهانەیە

***

بووینەوە دیل و یەخسیر
ولاّتمان کرا داگیر
ڕاوکەر بوونەوە نێچیر
یووسف خرانە ناو بیر

***

حکومەت نیزامییە
تۆزێک ئازادی نییە
ئامانجی دوژمن چییە؟
قڕکردنی خەڵکییە

***

کە شەو داهات دیژبانی
لێمان دەچتە سەربانی

تفەنگی لەسەر شانی
بۆتە ڕۆستەمی سانی

***

دەڵێ فەرمووی فەرماندەر
لە شامەوە تا سەحەر
هەر کەس لە ماڵ هاتە دەر
(کلکش بکن پسر)

***

داخرا دەرکی ڕۆژنامە
شکاون نووکی خامە
کوردی نووسین حەرامە
دوژمن دەڵێ بێ تامە

***

دڕان کاغەز و دەفتەر
گیران شاعیر و نووسەر
کۆمەڵێک بوون دەربەدەر
کۆمەڵێکیش دەسبەسەر

***

خوێندن بەزمانی خۆمان
سووچ و تاوانە بۆمان
چاپخانە و بڵیندگۆمان
بوونە بەردی بن گۆمان

***

لەلایەک قات و قڕە
لەلایەک کوشت و بڕە

هەمـــوو کـــەس حاڵـــی شـــڕە
دوژمـــــن نـــــان و دۆ بـــــڕە

***

ئـــاژان وەکـــــو ســـــەگی هـــار
دەخـــــولێنـــــەوە لـــە ناو شــــار
درۆزن و ڕیـــــــاکـــــــار
دز و جـــــەردە و بـــــەدکـــــردار

***

بەرتیل خــــۆر و گورگـەمێـــش
وەک ســـەگی ســـەر خـۆڵەمـــێش
چەنـــە ســـووک و دەم لـــەپـــێش
بـــەفیشـــــاڵ و کێشـــەکێـــــش

***

ئەمنیـــــە وەک داڵ و قـــــــەل
بـــڵاو بـــوونـــەوە نـــاو گـــەل
کـــــێ ئـــازایـــە بڵـــێ لـــەل!
هەتـــا بیکـــەن شـــێـــت و شـــەل

***

بـــۆخۆیـــان پـــــێ ڕادەگـــــەن
خـــەڵکی لە کـــونـــەڕەش دەکـــەن
تـــا پشـــــووی دێ لێـــــی دەدەن
بـــەقـــەمچـــــــی وەک خـــەرەزەن

***

لە پیـــاوی ئـــازا و ســــەرکەش
لـــە زەحـــمەتکێشی بـــێ بـــەش

ئاخنراوە کونەڕەش
نابینی کەسێ ڕووگەش

***

دەستیان کرد بە ڕەشبگیر
ناپارێزن جوان و پیر
دێ زرەی کۆت و زنجیر
هەر لێمان دەسوون شمشیر

***

پیاوی مازاد و ماڵیات
دەسوورێنەوە دێهات
دەستێنن دەغڵ و داهات
لە کرمانج و ئاغاوات

***

ئاغا زانی ئەو جارە
ئەو قەندە ژەهری مارە
پێشبینی کاک هەژارە
ئێستا شەق بەخەروارە

***

قەندی بە زاری تاڵە
دەدا باجی پێنج ساڵە
چاو لێ پۆشین مەحاڵە
کار ئێستا بەگۆپاڵە

***

نۆشی گیانی بێ هەی گۆڕ
گێژی، گەوجی، لەخۆگۆڕ

بـــا هـــەر ســـــەری بکا شـــۆڕ
بـــۆ دوژمنـــــی مـــچ و مـــۆڕ

***

بـــەقـــەند و شـــەکـــر و کـــووتاڵ
بـــۆ ئێـــــمەی دێنـــــا ڕامــــاڵ
ئێستـــــتا کـــــەوتووە وەک سیپـــــاڵ
لــــــە گشـــــت لا دمیـــدەن ڕەپاڵ

***

ســـــواریان کـــــــردن پیـــــادە
جـــامیان کـــــردن بـــێ‌بـــادە
داریـــان کـــــــردن ئـــامـــــادە
شـــەهید کـــــران (بـــەگـــزادە)

***

لـــــە ســـــــەقـــز و لـــە بـــۆکان
شـــین و شـــــەپۆڕە و گـــــریـــان
تێـــکـــۆشـــــەر لـــــە دار دران
قـــــارەمـــــان لـــــەنـــاو بـــــران

***

لـــە چـــوارچـــرای مـــــەهـــابـــاد
لـــــە کـــانـــگای بیـــری ئـــازاد
دەســـتـــی ڕەشـــــی ئیســـتیبـــداد
چـــەقـــانـــــدی داری بێـــــداد

***

لـــــە کاتـــــــی نیوەشـــــــەوا
لـــە جـــەنگـــەی شـــــیرن خـــەوا

کرا کاری ناڕەوا
لە دار درا پێشەوا

***

ڕۆڵەی وەفاداری کورد
پێشەوای ئارام و ورد
بۆ کورد ژیا، بۆ کورد مرد
گیانی فیدای گەلی کرد

***

زانا بوو، کوردپەروەر بوو
پێشەوا بوو، ڕابەر بوو
هەر کورد نەبوو بەشەر بوو
خەمی خەڵکی لەبەر بوو

***

بۆیە دێوی ئیستیعمار
کۆنەپەرستی زۆردار
زاڵم، خوێنڕێژ، بەدکردار
بۆیان ئامادە کرد دار

***

ڕۆڵەی کوردی بلیمەت
نەترسا لە دار و پەت
پشتی نەکرد لە میللەت
وا دەبێ زیپک و هیممەت

***

بەڵام کوردە نابەزێ
بەو زەبرانە ناتەزێ

له ڕقان لێو دەگەزی
که سوار بوو دانابەزی

***

داخداره، خوێنی دیوه
بێداره، خۆی ناسیوه
له دوژمن ڕاپەڕیوه
باسکی لێ هەڵماڵیوه

***

بەکار و توند و تۆڵه
خۆی ساز دەکا بۆ تۆڵه
ورد دەکا وەک پەڕپۆڵه
تاج و تەختی ئەو زۆڵه

***

کوڕ و کچ و پیاو و ژن
ئیستا لێوان دەکرۆژن
دەڕۆستیان نایه دوژمن
دەی ئەنجن، دەیکوژن

گردبداغ ـ ١٣٢٦

***

کچی مەهاباد

لەباری، نازەنینی، نەرم و نۆڵی، دڵتەڕی، شادی
لە چاوی بەد بەدوور بی ئەی کچی جوانی مەهابادی
لە جوانیدا، لە پاکیدا، نییە هاوتات و نازانم
فریشتەی ئاسمانی یانە پەروەردەی پەریزادی؟
سەری کوڵمت گەشە هەروەک گوڵی کوێستانی کوردستان
لەبەر بەژنت دەبێ سەر دانوێنێ خەڵفی شمشادی
دڵی سەد عاشقت کردە نیشانەی تیری موژگانت
کچی کوردی! لە تیر ئاویتنا مەعلوومە ئوستادی
بە شمشیری دوو ئەبرۆت جەرگی خەڵکی لەت دەکەی دیارە
دەزانی چەک لەکار بێنی، کچیش بی تۆرمەی مادی
لەسوێیانت وەها دێوانە بووم چاوەمەستی خوێن شیرن
لە قەڕنی بیستەما ڕەنگە ڕەچاو کەم کاری فەرهادی
ئەوێستا تۆ لەوێ دیلی دەسی بێگانەی و ئەمنیش
لە دووری تۆ دەکێشم ڕەنج و دەرد و داخی بێمرادی
زەمانە (هێمن)ی تۆی وێڵی دەشت و چۆڵ و سەحرا کرد
فەرامۆشی مەفەرموو، جارویارە هەر بکە یادی

شیوە ڕەزان ـ ١٣٢٦

بەهاری کوردستان

شەماڵ هات بەگاڵەگاڵ
هەور بوون گەواڵ گەواڵ
پشکووت گوڵی گەش و ئاڵ
بلبل کەوتە ناڵە ناڵ

***

بە لەنگێزە، بە باران
بە شنە بای بەهاران
توانەوە وەک جاران
کەوی بەفری نیساران

***

نەما مژ و سەرما و سۆڵ
نە سیخوار ما نە سەهۆڵ
تەرت و ڕژد و شیو و دۆڵ
لێی هاتە دەر گیا و گوڵ

***

دەشت و چیمەن ڕازاوە
کێو بەندەن نەخشاوە

زۆنگ و چێنکە ژیاوە
گیا سەری پێوە ناوە

***

لە هەوشین و گەدە و لەند
لە کوێستانی دە سامرەند
هەڵز بیزا و گیابەند
تێک چڕژا، بۆتە زەمەند

***

مەندۆک و خاو و کەما
لە نەرمان و ئەستەما
بەسروە هاتنە سەما
وەیشوومە و سەرما نەما

***

وێستاوە زەنگوڵ زەنگوڵ
ئاونگ لەسەر پەلکی گوڵ
لەسەرچڵی سوورەگوڵ
بلبل دەخوێنێ بەکوڵ

***

دیسان لە چیا و لە ڕازان
دێ سیرەی سەقر و بازان
پێم خۆشترن لە سازان
لە ئاهەنگ و ئاوازان

***

بزوێنە هەموو وڵات
زیندوو بۆتەوە ماڵات

جــــەنگـــەی بــــانــــەمەڕێ هات
بەرەو کـــوێــستان چـــوو خێـــڵات

***

دیســــــان هــــــات وەکــو جــاران
هــــــەوهـــــەوی شـــــۆڕەســواران
ویـــــــڕەی جلیــــــــت و داران
خرمــــــــەی نــــــاڵ و بـــــزماران

***

هـــات خرینگـــەی زەنـــگ و قـــۆڕ
لوشـــــمەلوشـــم و هـــۆڕە هـــۆڕ
هـــۆقـــە هـــۆق و بـــۆڕە بـــۆڕ
حیلــــەی جانـــوو ئەســــپی تـــۆڕ

***

کـــــار و کـــووری بـــــزن و مــــەڕ
لـــــرفـــە لـــــرفی لـــۆک و نــــەڕ
کـــــــوڕژنــــی ئــەســـپی بـــەدفەڕ
گوێچـــــکەی پیاوی دەکـــــا کەڕ

***

وەنــــەوشـــەی جوانــــــی خۆشـــبۆ
هــــاتـــــە دەر لــــــە لێــوی جــــۆ
دار دەری کـــــــــــردووە چـــــرۆ
کەروێشــــکەی کـــرد گـــەنم و جۆ

***

سوێســــــــن و بەیبــــوون و شـــــلێر
ڕواون لـــــــە جێـــــگای زەنـــوێر

قــــەڵبەزی بـــەست ئــــاوهـەڵدێر
شـەپـــــۆڵان دەدا ئـــــەستێـــــر

***

بـــۆنی خـــــۆشـــی هـــەلاڵـــە
پیــاو مەســت دەکا لـــە نـــواڵـــە
وەک شـــــەهیدە گـــولاڵـــــــە
لــــــە خوێنـــــــاوا شـــــەلاڵـــە

***

گـــــــرمەی هـــەوری بـــەهـــاران
دێ بــــــەیـــان و ئێـــــــواران
خـــــونــــــاوەی وردە بـــــاران
تــــــەڕ دەکـــــا گــــەڵای داران

***

ئـــەو تـــرۆپـــک و نشـــــــیوە
ئــــــەو یـــاڵ و خــــڕ و شــــیوە
لــــەگوێـــن بـەهەشــت خــەملیوە
کـــــــێ مـــــەڵبـــەندی وای دیوە؟

***

تیــرەگ و گــــــەوە و لاپـــــاڵ
پێـــــــی دادرا تـــــارای ئــــاڵ
ســــــەرچـــــاوەی ســــارد و زوڵاڵ
هـــــەڵقـــوڵـــی وەک زیوی قــــاڵ

***

هــــــات لـــــــــە ڕەوەز و زەردان
قاســــــــپەی کـــەوی ســـەر بەردان

ورتەورتی هەوێردان
دێ لەناو شیناوەردان

***

لەکن کارژیلە و بەرخەل
لەکن بزن و مەڕی شەل
کە بۆیان هەڵکەوێ هەل
کچ و کوڕ دەکەن هەمزەل

***

کیژۆڵەی شۆخی جوان چاک
شۆڕەژنی داوێن پاک
ڕووهەڵماڵا و بێ باک
دەرەتێنن زاو و ماک

***

فیتەی شوان، ئۆحەی گاوان
دێ لە مۆڵگە و دەراوان
دێتە گوێ لاوکی لاوان
باڵۆرەی بەڵەک چاوان
منداڵ لە ڕژد و هەڵدێر
بەر دەدەنەوە تاوێر
شوانە لەسەر بەردەبێر
تێی تووڕاندووە لە بلوێر

***

مەڕ لە گۆشتا بووە سوور
خۆ هەڵداوێن شەک و کوور
گەماڵ دەکەن چەق و لوور

سەوەڕیان دەچێ بۆ دوور

***

کچی لەباری ڕەوەند
هەڵی کرد بەلەک و زەند
کەزی هۆنیەوە وەک بەند
کوڕان دەگرێ بە کەمەند

***

لەبەر دەرکی ڕەشماڵان
دەبینی چاو کەژاڵان
دڵان دەبەن بەتاڵان
کاس دەکەن کوڕ و کاڵان

***

لێوئاڵن، دەم بچووکن
خوێن شیرن، ڕەزا سووکن
کوڵمەیان وەک گوڵووکن
گەورە کچن، نۆبووکن
شل و مل و لەبارن
چاو بەکل، گوێ بەگوارن
دەسماڵ پووڵەکەدارن
شەدە و گێل گێلە لارن

***

ناسک نەرم و نۆڵن
خاوێنن، سپی و سۆڵن
بڵباسی و توند و تۆڵن
بەمژۆڵ جەرگان دەکوڵن

***

هەڵیان ماڵیوە باسک
باسکی قەڵەو و ناسک
کە دەکەن تاسکە تاسک
ڕەوەکترن لە ئاسک

***

کیژی مەرزینگ و سەکرن
بەلەنجەولار ڕادەبرن
ناز دەکەن، چاو دادەگرن
کوڕگەل دەبەریان دەمرن

***

کابانی قۆڵ بەبازن
شەنگەبێری کێل گەردن
لەنێو مەڕ دێن و دەچن
وەک پۆلی پۆڕان دەچن

***

سوێسن و وەنەوش و هەمین
کەژێ و خەندان و جەمین
خاسێ، کەوێ، خاتووزین
بەپۆل دەچنە مەڕدۆشین

***

زێڕن و کابان و مێرێ
دانیشتوون لەبەر بێرێ
ئەستی دەکا هاوێرێ
گوڵێ بەرخان دەژمێرێ

***

خونچە و گوڵووک و گەوەر
شەم و کەژاڵ و دڵبەر
زین وَ مروَت و ئەسمەر
لە تاوڵی هاتوونە دەر

***

مامز دایگرتووە شیری
ناسک دەکوشیَ پەنیری
ناز دەشێلیَ هەویری
کاڵیَ دەکا نان تیری

***

ئامان چۆتە کولێنیَ
پەری مەشکەی دەژێنیَ
بەسیَ لۆرکیَ دەکولێنیَ
خەیاڵ ئاوردووی دێنیَ

***

(هێمن) لەسەرەخۆبە
نەکەی بچی بۆ هۆبە
دەنا دەشکێنی تۆبە
ئاور دەگری وەک سۆبە

نێزە ـ خاکەلێوەی ـ ١٣٢٦

***

بابردەڵە

لەبەر ئازاری ژینی نالەباری
دەناڵێ بلبلی شەیدا بەزاری
بەسۆز و داخەوە دەیگوت فەقیرم
پەڕوپۆم هەڵوەری، بێ وادە پیرم
مەلێکی فێری دارستان و لێڕ بێ
قەفەز پیری دەکا با شووی لە زێڕ بێ
تەلار و سەرسەرا و کۆشک چ دێنێ
کە کۆیلە وەرهەمی تێدا هەڵێنێ
لەگەڵ کازیوە بۆی نەفەڕم چڵاوچڵ
نەبینم گوڵ، چلۆن ئارام دەبێ دڵ
چ خۆشە عیشق و سەرمەستی، چ خۆشە
چ خۆشە ژین بەسەربەستی، چ خۆشە
چ تاڵە کۆیلەتی و دیلی، چ تاڵە
بەکەم بێ ژینی وا پڕ ئاه و ناڵە

***

من و کونجی قەفەز ئەی داد و بێداد
ئەمن دیلم، قەلیش سەربەست و ئازاد
لە سوێ هێلانەکەم لەت لەت بوو جەرگم
لە تاوی گوڵ نەمام، نیزیکە مەرگم

دەبێ چەند بەرد لە هێلانەم گرابێ؟
گوڵی سوورم چلۆن پەڕپەڕ کرابێ؟
دەبێ چۆن فێر کرابێ باڵ بکا کل
لەبەر پلاری دوژمن بێچوە بلبل
دەسا ئەو ڕاوکەرە کوێر بێ لە چاوان
منی خستە قەفەز بێ سووچ و تاوان
چ ئینسافە ئەمن بەو دەنگی خۆشم
ئەسیر و دیل و زیندانی و خەمۆشم
بەڵام ئێستا قەلی ڕووڕەش لە گوڵزار
بە قارەقارِ دەدا گوێی خەڵکی ئازار
گوتم ئەی بلبلی خەمگینی دڵمەند
مەناڵێنە لە دەس داو و لە دەس بەند
بزانە تۆ ئەوەی ئەهلی هونەر بێ
دەبێ یا دەسبەسەر یا دەربەدەر بێ
هونەرمەند و ژیانی خۆش محاڵە
هونەرمەند ڕەنجەڕۆیە، ژینی تاڵە
ورینگە خۆشەکەت بۆ تۆ بەڵایە
ئەتۆ خۆش خوێنی حاڵت بۆیە وایە
ئەگەر نەتبا ورینگە و دەنگی وا خۆش
بەرەڵلا بووی وەکو ئەو ڕووڕەشە تۆش
منیش ئەی بلبلی بەندی وەکو تۆم
وەها دوورم لە هێلانە و گوڵی خۆم
منیش وەک تۆ لەکیسم چوو گوڵی سوور
منیش هێلانەکەم لێ کراوە خاپوور
منیش بابردەڵەی بەر گێژەڵووکەم

دەمێک لەو قوڵکە، تاوێک لەو چڵووکەم
منیش زۆرداری پرزەی لێ بڕیوم
منیش بەدکاری بواری لێ تەنیوم
منیش بێدادی شاباڵی شکاندم
بەناکامی لە خوێناوی تلاندم
منیش چونکە بڕێک خاوەن هونەر بووم
هەمیشە ڕەنجەڕۆ بووم، دەربەدەر بووم
هەزار گۆوەند و سەد پەندم بەسەرهات
لە ئامێزم نەگرتووە بووکی ئاوات
هەزار سوڕکەم لەبن هەنگڵ دراوە
دەمم گیراوە، چاوم بەستراوە
لە ئامێزی گەرم بێ بەش کراوم
وەکو تۆ تووشی ڕۆژی ڕەش کراوم
ژیانم پڕ لە ڕەنج و دەرد و داخە
ئەوە گیرساومەوە لەو کێو و شاخە
کەسێک نەی پرسی، نەیزانی چلۆنم
لە یادان چوومەوە، چیرۆکە کۆنم
بەشەو ژان و پەژارەم دێنە پاڵێ
بەڕۆژ ئۆقرەم نییە ساتێک لە ماڵێ
بەڵام هاودەردی ئازیزم هەتا هەم
وەکو تۆ دەردی دڵ ناکەم لە دەس خەم
ئەمن پێم خۆش نییە ئاودەنگی قەل بم
ئەمن پێم خۆش نییە بێزراوی گەل بم
هەتا دوژمن نەگەوزێنێ دەخوێنم
دەخوێنم بۆ گەلی خۆم، هەر دەخوێنم

فرمێسکی گەش

قەت لە دنیادا نەبوو بێجگە لە ناخۆشی بەشم
مات و داماو و پەشێو و بێکەس و چارەڕەشم
سەردەمێک ئاوارە بووم و ماوەیێکیش دەسبەسەر
نەمدی ڕووی ئاسوودەیی، هەر تووشی گێرە و قەرقەشم
دابی کوردی وایە، کەس لاگیری لێقەوماو نییە
بۆچی سەرکۆنەی بکەم لێم زیزە یاری مەهوەشم؟
تیغی بێ مەیلی و جەفای ئەو نازەنینە دڵڕەقە
جەرگی لەت کردم بەجارێک ئەنجنیویە سینەشم
کوشتمی و شەش خانی ئومێدی لەمن گرتن حەریف
مۆرە هەڵداوێم و بێهوودە بەهیوای دووشەشم
نابینی زەردە لەسەر لێوی کەسێ لەم شارەدا
گەر خەم و دەردی دڵی خۆمیان بەسەردا دابەشم
خۆشەویستی گۆشەکەی تەنیایی هەر ئەژنۆکەمە
بۆیە ڕۆژ و شەو وەها گرتوومەتە نێو باوەشم
نایەڵێ دوژمن بەڕەنگە زەردەکەی من پێکەنێ
تا دەمی مردن ئەمن مەمنوونی فرمێسکی گەشم
شاعیرێکی ڕاست و یەکڕووم و فیداکار و نەبەز
کوردە موحتاجی محەک نیم زێڕی بێ غەلل و غەشم

شیلان ئاوی - ١٣٢٧

گریانی نیوەشەو

شـــــەوانە ئـــــەو دەمانـــەی شـــەو دەگاتـــە کاتـــی نیـــوە شـــەو
خەڵک نووســـت و لە چـــاوی من کەســــــەر دیســـان ڕەواندی خەو
ســـکووتێکی بـــەســـام سەرتاســــەری ئـــــەم دێیـــە دادەگرێ
دەڵێـــی هــــەر زینـــدەوارێکـــی هەیـــە لـــەو دێیـــەدا دەمـــرێ
لــــە هیـــچ لا خشـــپـــەیەک نایـــە، چـــرای ماڵێکی نابیســـێ
بـــەئـــەسپایی لـــە مـــاڵ دێمە دەرێ دەخـــوشـــم وەکـــو نیســـێ
تـــەک و تـــەنیـــا بـــەئـــارامی دەچم بۆ گـــردەکەی بـــەر دێ
بـــەدڵتـــەنگی و کـــز و خـــەمناکی ڕادەکشـــێم لەســـەر بەردێ
دەکـــەم جـــا ســـەیری ئەســـتێـــران و هەڵـــدەمژم شـــنەی شـــەویا
شـــەو و بێدەنگـــی چەند خۆشـــە، هەمیشـــە خۆزگە هـــەر شـــەو با
وەکـــو ئاواڵـــی چـــاک ئـــەســـتێرەکان گـــوێ ڕادەدێـــرن بۆم
هەتـــا بۆیان بـــەیـــان کەم مـــوو بـــەمـــوو ڕازی دەروونـــی خۆم
کـــوڵـــم هـــەڵـــدەســـتێ ئـــەو جـــــارە و لـــەبـــەر دەردم دەناڵێنم
هـــەتـــا ئـــاوری دڵـــم دەکـــوژێتـــەوە ئـــەسرین دەبارێنـــم
شـــەوانە گـــــەر نەکـــــەم ئەو شـــیوەن و ناڵیـــن و گـــریانە
دەســــــووتێنی وجـــوودم ئاگـــری ئـــــەم جەرگـــــە بـــریانـــە
بەڵـــێ گریانـــی نیـــوەی شـــــەو دەکا ناســـــۆری دڵ مـــەرهـــەم
کـــوڵ و کـــۆم دادەمـــرکێنێ و بەجـــێ دێڵـــێ دڵـــی من خەم

شیلان ئاوی ـ ١٣٢٧

ئارەزووی فڕین

ژین بەیخسیری و دیلی بێ کەڵکە
بۆیە لەمێژە لە ژینم تێرم
گوزەران بۆ من لەناو ئەم خەڵکە
سەختە، ناخۆشە، چۆنی ڕابوێرم

***

هێزم لێ بڕا تاکەی دەربەرم
لەناو مەینەت و دەردی سەرزەمین
ئەوە بەینێکە کەوتۆتە سەرم
بیری ئازادی و ئارەزووی فڕین

***

بەڵام داخەکەم نیمە باڵ و پەڕ
کە بفڕم، بڕۆم خۆم بدەم نەجات
بچمە شوێنێکی لێی نەبێ بەدفەڕ
لەباوەش بگرم نۆبووکی ئاوات

***

ئەی سروە باکەی بەیانی! وەرە
بە شنەشن و پشووی خۆت توندکە

لەسەر ئەو دونیا نەویەم لابەرە
هەتا دەتوانی ئەمن بڵندکە

***

نانا هەورەڕەش! ئەورۆ نەوی بە
لەو بەرزانەوە وەرە خوار
کەم کەمە وەرە ڕێکی زەوی بە
لەسەر پشتی خۆت ئەمن بکە سوار

***

ئەوجار هەستەوە بڕۆ بەرەو ژوور
مەوێستە هەتا تەشکی ئاسمان
بمبەرە نیزیک ئاسۆی جوان و سوور
نەجاتم بدە لە کاولی خەمان

شیلان ئاوی ـ ١٣٢٨

***

خونچەی سیس

دیتم لەناو دار و دەوەن
لەسەر چڵی سوورە گوڵێک
هەڵکورمابوو، دەیکرد شیوەن
بەری بەیانی بولبولێک
گوتم ئەی مەلی دڵسووتاو
چییە، بۆ دەناڵی بەتاو؟
کە ناڵینت بۆ ئەوەیە
گوڵت وا زوو هەڵوەریوە
ئەو ناڵینە بێ فایدەیە
بۆچی نازانی، نەتدیوە؟
گوڵ هەفتە ناباتە سەرێ
سیس دەبیت و هەڵدەوەرێ
وەڵامی دامەوە بولبول
بەشێنەیی، بەکاوەخۆ
گوتی ناناڵێنم بۆ گوڵ
کە سیس بووە، دەزانی بۆ؟
ئەو عومرێکی ڕابواردووە

پشکووتووە جا سیس بووە
ناڵینی من بۆ خونچەیە
بۆ خونچە پەشێو حاڵم
ئەو داخە لە دڵمدا هەیە
بۆیە هەمیشە دەناڵم
ئەو، پێش پشکووتن سیس بووە
بەجوانەمەرگی مردووە

شیلان ئاوی ١٣٢٨

* * *

گۆمی خوێن

عــــەزیزم بــۆچــی تــۆراوی لـــەخـــۆڕا؟
چ قـــەومـــاوە؟ دڵـــی تـــۆ بـــۆچی گـــۆڕا؟
ئـــەتـــۆ وا زوو لـــەبیـــرت کـــردم ئـــەمما
فـــەرامـــۆشـــت نەکـــەم شـــــەرتە لــە گـــۆڕا

***

لـــە من ڕا خـــۆ خـەتـــایـــەک ڕووی نـــەداوە
ئـــەدی بـــێ مـــەیلی بـــۆ ڕووی دا لـــە تـــۆ ڕا
ئـــــەسیری کەزیەتـــە کـــۆتری دڵـــی مـــن
دەبـــێ حـــاڵـــی چ بـــێ کـــۆتـــر لـــە تـــۆڕا؟

***

ســـەر و مـــاڵ و کـــەماڵ و بیر و هـــۆشم
لـــە نـــەردی عیشــــقی تـــۆدا پاکـــی دۆڕا

***

لـــە چـــاوم دێ بەخـــوڕ فرمێســـکی خوێنیـــن
کـــەچی ئـــەم گـــۆمە خوێنـــە هەڵنـــەچۆڕا
مـــن و لاشـــەی پـــەپـــوولە مـــاینـــەوە و بـــەس
شـــەوی دووری، شـــەمیش تـــواوە لـــە کۆڕا

١٣٣٢

ئاواتی بەرز

لاگری سوڵحە تەواوی ڕەنجبەری وشیاری کورد
چاوەنۆڕی دەرفەتێکە خەڵکی لادێ و شاری کورد
کوندی شوومی شەڕ لە زەندۆڵان خزی بەدزی و فزی
کۆتری سوڵح و ئاشتی نیشتووە لەسەر دیواری کورد

***

دەستی دا دەستی برای و هاتە ناو کۆڕی خەبات
کیژی نەشمیل و لەبار و شۆخ و گوێ بەگواری کورد
کورد گوتوویە سوار هەتاکو نەگلێ قەت نابێ بەسوار
ئێستە چابوک سوارە، چونکە زۆر گلاوە سواری کورد

***

فێری زۆر دەرسی بەکەڵک و باشی کردین تێشکان
جا ببینە ڕاپەڕین و شۆڕشی ئەم جاری کورد!
بەیت و باڵۆرەی هەزار جار بۆ بڵێ کۆنەپەرست
تازە وێژینگێکی نادا دیدەکەی بێداری کورد

***

ڕۆژ بەڕۆژ قایمترە، مەحکەمترە، بڕوایەکەی
دەم بەدەم چاکتر دەبێ، باشتر دەبێ، ئاکاری کورد

بــــێ وچــان دەڕواتـــە پێـــش و ڕێگـــــە دەبــڕێ بــۆ هــەدەف
زۆر لـــە ســـالان ڕوونتـــــرە ئـــــەو ســالەکە ئەفـــکاری کـــورد

***

کــورد بەزینـــی بـــۆ نەبـــــوو دەســـتی نــەدا، بــا دوژمنیــش
ڕانەوەســـــتابێ لـــە تـــــالان و بـــــڕۆ و کوشـــــتاری کـــورد
ئـــــەو لـــــە ئـــازار و شــکنجەی قــەت نەبـــــوو خافـــڵ، بــەڵام
کــــــوردی کـــــردۆتە ســــماتە جــــەزرەبــە و ئـــــازاری کـــورد

***

ســـــەد هـــەزار بـــەرگێــڕەوەی با بێتـــــە ســــەر ڕێ، ئــاخــری
هــەر دەگاتـــە مـــەنـــزڵـــی ئـــاوات و خــــۆشــی بـــاری کـــورد
مافــــــی کـــــوردی هــــەردەبـــێ بســـــتێندەرێ بســــتێندەرێ
دوژمنـــــی کـــورد تـــێ گەیشــــــتووە ناکـــرێ باشـــاری کـــورد

***

وا گــزینگـــــی دا بـــەیـــانـــی جـــوانـــی ئـــازادی بــــەشــەر
ڕۆژی ڕوونــاکـــە، نــــەمـــاوە زوڵمـــــەتـــی شــــــەوگاری کـــورد
نایـــــەوێ یاریـــدەدان و کــــــۆمـــەکـــی نەســـڵی چـــــوار
جووجەڵـــەی ئاغـــای (ترۆمـــن) وێـــی کـــەوت پلـــلاری کـــورد

***

هەرکـــە تووشـــی بـــوو دەڵـــێ: (یانکـــی گۆهوم یانکـــی گۆهوم)
تـــازە دەســــتی ئەجنـــەبـــی ناتوانـــێ بگـــــرێ زاری کـــــورد
تووڕەیـــی خەڵکـــی کــــە دی وا کلکـــی گرتـــە نـــاو گەڵـــۆز
دوژمنـــی خوێـــــڕی، وەکـــــو ڕێـــوی لـــە ترســـی داری کـــورد

***

دێتــــــە ســــەر ڕێبـــازی راســـت و دێتــــــە نـــاو کـــۆڕی خەبات
خـــوارەپێچـــەی لێ بـــڕاوە پیـــــاوی خێـــچ و خـــــواری کـــورد

هێزی بێگانەی لەپشت خۆی دیبوو، بۆیە وای دەکرد
باری هێلکان نابزێوێ خاینی لاساری کورد

***

دانەنیشێ گەر لەسەر ئەو پەتک و سینگە بێگومان
تۆ لە ئەستۆیدا دەبینی پەتک و گوێلەوساری کورد
تێک دەدەن کۆشکی بڵێندی مفتەخۆری زگ زەلام
پاڵە و جووتیاری برسی، کارگەری بێکاری کورد

***

دیوتە چۆن خۆی شاردەوە خوێڕیانە وەک ئاغایەکەی!
ئەو گزیرە بەدفەڕەی دەنگی دەدا بێگاری کورد
خۆی لەبەر لافاوی قینی توندی گەل ڕاناگرێ
دوژمنی وەحشی و دڕندە و زاڵم و زۆرداری کورد

***

دەچتە سەر دارێ لە ڕۆژی ئینتیقام و تۆڵەدا
ئەو کەسەی کوشتی بەناهەق پێشەوا و سەرداری کورد
نایەڵن ئادار بەسەر پاداری ئەو دەربارەوە
چونکە دەیگوت نایەڵم ئاداری کورد، پاداری کورد

***

«پاش قڕانی مودەعی دەس پێ دەکەن تەعمیری مولک»
دێتە دی ئاواتی بەرزی «ئەحمەدی موختاری کورد»
«ڕێگەیی ئاسن دەچێتە شاخی هەورامانەوە»
هەر کە کەوتە دەستی کوردی چارەنووس و کاری کورد

***

مەدرەسە و دانیشکەدە بۆ شار و لادێ دادەنێن
خوێندەواریێ تاکو ڕۆڵەی زیرەک و نازداری کورد

ئـــەو زمانـــە شـــیرنەی ئێمـــە پـــەرەی دەگرێتـــەوە
نـــادڕێ چیـــدی کتێـــب و دەفتـــەری ئەشـــعاری کـــورد

***

بـــێ بـــــرەو نابـــێ مەتاعـــــی کـــوردەواریمـــان ئیتـــر
ڕەونـــەقـــی پـــەیـــدا دەکا ئـــەو جـارەکـــە بـازاڕی کـــورد
دادەمـــەزرێنـــن لـــە گشـــت شـــاری وڵات کارخـــانەیـــەک
تـــا بەدەســـتی خـــۆی ڕەنیـــو بـــێ بەرهـــەم و کـــرگاری کـــورد

***

بـــەر دەدەن گاجـــووتـــی لـــەڕ، ســـواری تەڕاکتـــۆران دەبـــن
دێتـــە دەر بـــوورە و بـــەیـــار و بـــەندەن و نیســـاری کـــورد
کشـــتوکـــاڵ و جـــووت و گامـــان دێتـــە ســـەر بـــاری لـــەبار
پـــڕ دەبێ تێـــر و جـــەواڵ و مشـــت دەبـــێ عـــەمباری کـــورد

***

خەســـتەخانەشـــمان دەبـــێ، دوکتـــــۆر و دەرمـــانیـــش فـــــرە
ناکـــەوێ تـــازە لـــە کووچـــان خەســـــتە و بیمـــــاری کـــورد
بـــەختیـــــار و خوێنـــــدەوار و ســـــاغ و تێـــر و پـــڕ دەبـــێ
دێتـــە دەر ماکـــەی نەهاتـــــی و نەگبەتی و ئیدبـــــاری کـــورد

***

دەســـت لە ئەســـتۆی یەک دەکـــەن ئـــازاد و شـــــاد و بەخـــتەوەر
کیـــژ و کـــوڕ، لاو و گـــراوی، دڵبـــــەر و دڵـــداری کـــورد
بۆنـــی ڕزگاریـــت لـــە شـــێعری دێ چ جوانـــت هـــۆنـــدەوە
ئـــەی هـــەژار، ئـــەی شـــاعیری تێکۆشـــەری نـــاوداری کـــورد!

***

(کۆتـــری پیکاســـۆ کـــە مـــوژدەی هێمنـــی هێنـــا گوتـــی:)
مـــرد، بـــەســـەرچـــوو، ڕۆژی ئیســـتیعباد و ئیستســـماری کورد

ئـــەی مـــەلی خـــۆش خـــوێنی ئاوارە و تـــەرە و بـــێ‌ئاشـــیان
مـــوژدە بـــێ زوو دێیـــەوە نـــاو میـــللەتـــی ڕزگاری کـــورد
بلبلــــە سەرمـــەســـتەکەی باخـــی مـــوکـریـــان ئەوچەلیـــش
تێـــر بخوێنـــە، دەنـــگ هەڵێنـــە تـــۆ لەنـــاو گوڵـــزاری کـــورد
خۆشەویســـــتی میللەتـــی خۆتـــی لەبیـــر چـــۆن دەچییـــەوە؟
چاوەڕێتـــە ئێســـتەکانە شـــاری بـــــێ ئەغیـــاری کـــورد
ئـــەو ژیانـــەی بـــێ تـــۆ ڕای دەبوێـــری «هێمـــن» مـــردنە
یێکەســێکە پاشـــی تـــۆ و پاشـــی ســـەرەک کـــۆماری کـــورد

مەهاباد ـ ١٣٣٢

***

بەغدا نیوەی ڕێیەت بێ

خاین، خوێڕی، درۆزن، بەدفەڕ، شەڕانی، سەرشۆڕ!
پیاوکوژ، تاوانبار، ڕووڕەش، ناکەس، ملهوڕ، دیکتاتۆڕ!
خەڵکی ئێران بەدەس تۆ کرابوون زیندەبەگۆڕ
ئەوە تۆی لێت قەوماوە، دەریان پەڕاندووی، هەی گۆڕ
دەبڕۆ ئەی شاهی خاین بەغدا نیوەی ڕێیەت بێ

***

ئەی دوژمنی ئازادی، نۆکەری ئیستعمار!
بەدەس تۆ چوونە سەر دار مەزن، پێشەوا، سەردار
بەدەستووری بێگانە دەسووڕا چەرخی دەربار
زاڵ بوو بەسەر دەربارا پاڵە، جووتێر و کرێکار
دەبڕۆ ئەی شاهی خاین بەغدا نیوە ڕێیەت بێ

***

کەی سێبەری خودا بووی، ئەی سێبەری نەهاتی
لە سایەی تۆدا دیمان شەڕ و گرانی و قاتی
لە خزمەتی باوکی خۆتدا لە پیاوکوشتن ڕاهاتی
هەر کە خەڵک لێت ڕاسا، بۆی دەرچووی و هەڵاتی
دەبڕۆ ئەی شاهی خاین بەغدا نیوەی ڕێیەت بێ

***

پشتت لە میللەت کردووە پەنات بردووە بۆ دوژمن
بەدرەقەی ڕێگای تۆ بێ تووک و نزای پیاو و ژن
دوژمنی گەل هەمیشە بەمەرەدی شا دەچن
هەر دیکتاتۆر تێدەشکێ، هەر گەلن ڕزگار دەبن
دەبڕۆ ئەی شاهی خاین بەغدا نیوەی ڕێیەت بێ

***

گزیری گوێ لەمست بووی تۆ بۆ شیرکەتی نەفتی
کلکی ئاغات کێشراوە بۆیە هێندە کەنەفتی
پێمانەوە نووسابووی، هەروەکو قیل و زەفتی
نەکەی بگەڕێیەوە، حالا کە رفتی... ڕەفتی
دەبڕۆ ئەی شاهی خاین بەغدا نیوەی ڕێیەت بێ

مەهاباد - ١٣٣٣/٦/٢٦

***

موو ناپسێنم

ئەمن دەمگوت لە دنیا تا بمێنم
لەبەر کەس ئەستەمە سەر دانوێنم
کەچی ئێستا لە داوی بسکی تۆدا
گرفتارم گوڵم موو ناپسێنم

***

ژیانم پڕ لە ڕەنجە و نامرادی
بە هەڵکەوتیش نەهاتم تووشی شادی
دڵم هێند تەنگە هەر جێی تۆ دەبێ و بەس
ئەتۆش مەحکوومی حەپسی ئینفیرادی

***

قەرار بوو بێی لەگەڵ خۆت شادی بێنی
نەهاتی، گەرچی پێت دابووم بەڵێنی
لەناو کوردا نەبوو پەیمان شکاندن
لەکوێ فێر بووی گوڵم پەیمان شکێنی؟

***

ئەگەرچی ڕۆیی، قەت ناچی لە یادم
دەکەم یادت، بەیادی تۆوە شادم
کە بارگەت بۆ هەوار تێک نا عەزیزم

شکا ئەستوونەکی تاوڵی مرادم

***

شەوانە هاونشینی جامی بادەم
بە بادە با پەژارە و غەم بە با دەم
کە دەستی ڕۆژگار بای دا سەری من
سەری شووشەی شەراب وا چاکە بادەم

***

تووڕەیی

ساقیا کوشتمی خەم و مەینەت
دەوەرە لەو شەرابە مەستم کە
نامەوێ جام و ساغەر و پیاڵە
بەشی خۆم بۆ لە لوێچی دەستم کە

***

وەرە ئەی نازەنین بەخێرا خۆت
گێژ و وێژم بکە بە بادە و مەی
با منی ڕەنجەڕۆ لە ژینمدا
هیچ نەبێ جارەکی بڵێم ئۆخەی

***

حاسڵی تێگەیشتن و زانین
چ بوو بۆ من جگە لە کوێرەوەری؟
سەردەمێکیش پەنا دەبەم بۆ مەی
تا بزانم چلۆنە بێ خەبەری

***

لەو وڵاتە کەسێک لە خەو ڕابێ
بەشی چارەڕەشی و خەم و شینە
تێگەیشتم عیلاجی دەردی من
مەستی و شێتی و نەزانینە

بۆسەی ڕۆژگار

نیمە ئاواڵێ لە گۆشەی بێکەسیدا غەم نەبێ
چاکە ئەو لێرەش وەفای هەر ماوە، سایەی کەم نەبێ
لاپەڕەی ژینم هەموو هەڵدەیتەوە تێیدا نییە
باسی فرمێسک و هەناسە و شیوەن و ماتەم نەبێ
ڕۆژگاری سپڵە بۆ من بۆسەیەکی نایەوە
نەمدی هەر تیرێکی دەیهاوێ بەرەو سینەم نەبێ
ڕەنجی دووری دڵبەرم بۆ کوشتنی من کافییە
گەر لە دنیادا ئەمن هیچ مەینەتی دیکەم نەبێ
کوا دەزانێ چەند پەرێشان و پەشێوە حاڵی من؟
ئەو کەسەی گیرۆدەیی ئەگریجەو پەرچەم نەبێ
ڕەمزی دڵداری لە زینێ فێر نەبوو یارم دەنا
کوا ئەوینداری وەفاداری وەکو من، مەم نەبێ؟
کیژی شاریمان لەخۆی وەرگرتووە چارشێوی ڕەش
داخەکەم نەمدی لەوێ مانگێکی دەورەی تەم نەبێ
شادی جارێکی بەمیوانی نەهاتۆتە دڵم
ڕەنگە خەڵوەتخانەیی خەم شوێنی نامەحرەم نەبێ
خۆم دەسووتێنم هەتا بەزمی خەڵک ڕۆشن بکەم
کێ لەڕێی خەڵکا وەکو شاعیر دەسووتێ شەم نەبێ

١٣٣٨

چارەنووسی شاعیر

بەهار بوو فەسڵی زستانم، ئەگەر یارم لەگەڵ بایە
درۆیە گەر گوتوویانە بەخونچێکی بەهار نایە
لە بارانی مەپرسە تا هەور بگرێ بەری ڕۆژێ
دەبێ بگریم هەتا ڕووی تۆ لە ژێر چارشێوی ڕەشدایە
هەناسەم لادەدا چارشێو و ڕووبەندی ڕەشت ئاخر
هەور هەرچەندە پڕ بێ کوا حەریفی قودرەتی بایە؟
لەژێر سایەی بڕۆکەتدا حوکمرانی دەکا چاوت
لە سایەی دووخی شمشیرە کە حاکم حوکمی ئیجرایە
لەسەر بەفرێ بەکار نایە وەکو بیستوومە داوی ڕەش
لەسەر کوڵمەت ئەدی بۆ دلگرە ئەو بسکە تاتایە؟
هونەر ناتوانێ جوانی تۆ بەهیچ شێوێکی بنوێنێ
لە مەڕمەڕ چۆن دەتاشرێ هەیکەلی ئەم بەژن و باڵایە؟
بەڕیشی بۆزەوە سوجدەی دەبەم من بۆ جەماڵی تۆ
ئەدی بۆچی دەیانگوت دار کە پیر بوو تازە دانایە؟
بزەت نایێتە سەر لێو و بەزەت نایە بەحاڵمدا
ئەگەرچی زۆر لە مێژساڵە لە دووت دەخشێم وەکو سایە
دەزانی بۆچی من هێندە پەرێشان و خەفەتبارم

لــــه بــــازاڕی ژیــــان غەیــــری هونــــەر نیمــــه چ ســـەرمایه
بــەتـــوو تـــووش تـــووشی مـــەکتەب بـــۆ دەهاتم مـــن کـــه زانیبـــام
خەفـــەت، مەینـــەت، کەســـەر، حەســـرەت، بەشـــی ئینســـانی زانایه
لـــەگەڵ چارەڕەشـــی و دوورەبــــەشی و نـــەگبەت دەبـــێ هـــەڵکـــەم
لـــەمێژه چـــارەنووســـی شـــاعیرانی کـــــوردی هـــــەر وایـــــه

١٣٣٨

***

جۆلانە

چووومە لای دوکتۆر و گوتی
نەخۆشیی دەردەکەت سەختە
گوتم: تۆ پێت وایە دەمرم؟
بەداخەوە، گوتی: وەختە

***

ئەو دڵەکوتەی گرتووتە
پیاوی بەهێزیش بیگرێ
بێتوو ئاگای لە خۆی نەبێ
هێندە پێ ناچێ دەمرێ

***

پێکەنیم و گوتم دوکتۆر!
نالێم زانا و شارەزا نی
بەڵام تۆ پزیشکی ویشکی
باری دڵداری نازانی

***

دڵەکوتەم نییە، دڵم
جێی کیژێکی خانومانە
منداڵە، ئۆقرەی ناگرێ
بۆم دروست کردووە جۆلانە

١٣٣٩

ماچی شیرین

بەمنداڵی لە لێوی ئاڵی تۆم ئەستاندووە ماچێ
بەپیریش لەززەتی ئەو ماچە شیرینەم لەبیر ناچێ
بەسەد دکتۆر و دەرمان و پەرستار ناکرێ چارەی
کەسێک تیری مژۆڵی ئەو کچە کوردەی لە دڵ ڕاچێ
دەکا گیرۆدەتر پیرانی دڵتەڕ ئەو کچە کوردەی
بچێتە مەکتەب و بسکی بەمۆدەی تازە هەڵپاچێ
خەم و دەردی زەمانە پیری کردم وشک و بێ زەوقم
کە شاعیر وشک و بێشۆر بوو لەناو خەڵکی دەبێ لاچێ
لە گۆشەی بێکەسیدا ئێستە وا دڵتەنگ و خەمبارم
نییە باکم ئەگەر ماڵم بەجارێکی بەقوڕدا چێ
بەشی کوردێکی زانا لەم وڵاتە مەینەت و دەردە
ئەوەی نەتویست بڵێ ڕەببی بەدەردی کوردی زانا چێ
لەناو بازاڕی ئەوڕۆکەی ئەدەبدا شێعری تۆ (هێمن)
وەکو پووڵی چرووکە، هیچ ڕەواجێکی نییە، ناچێ

تەورێز - ١٣٣٨

***

هێلانەی بەتاڵ

نییە باکم ئەگەر زاڵم شکاندوویەتی باڵی من
ئەوە سەختە کە وا ناگاتە گوێی کەس ناڵەناڵی من
بەهار هات و تەبیعەت حوکمی ئازادی مەلانی دا
لەناو کونجی قەفەزدا دیارە چۆنە ئێستە حاڵی من
لە گوڵزاری ورینگەی بلبلی سەرمەست و شەیدا دێ
بەڵام نایە جریوێکیش لە هێلانەی بەتاڵی من
لەسەر ناچێتە دەر ساتێ خەیاڵی بسکی خاوی تۆ
ئەگەرچی تێگەیشتم چاوەکەم خاوە خەیاڵی من
ئەرێ ئەی ئاسکی ناسک هەتا کەی دەستەمۆ نابی؟
ئەرێ پیرۆزەکەی خۆشفەڕ هەتا کەی نایە ماڵی من؟
گوتت: بۆت دێمە جێژوانێ، هەزار سوێندت بەشاڵم خوارد
لە ئاهی عاشقانەی من بترسە، نەک لە شاڵی من
کە ماڵت بێ کەماڵت بۆ چییە لەو شارە وێرانە
کە ماڵی دەوڵەمەندی دی، گوڵم نەیویست کەماڵی من
ئەگەر دەیزانی مانای خۆشەویستی ئەم کچە کوردە
بەسەد یاقووت و گەوهەر نەیدەدا فرمێسکی ئاڵی من
ڕەش و تار و درێژ و پڕ لە ئازار و خەم و دەردە
بەڵێ شەوگاری دووری بوو سەراسەر ژینی تاڵی من

مەهاباد ـ ١٣٣٩

گلێنەی شاعیر

ئەگەر خەرمانی عومرم ئێستەکانە پاکی با بیبا
بەمەرگی تۆ مچوڕکیشم بەدڵدا نایە، با بیبا
هونەر گەر خۆی پەرێشانی نەبایە لەم وڵاتەیدا
بەشی من بۆ دەبوو چارەڕەشی و خانەخەرابی با
لەکوێ حاڵی من و تۆ وا دەبوو ئەی خۆپەرەست ئێستا
ئەگەر دنیا ئوسوول و قاعیدە و نەزم و حیسابی با
بەجامێ بادە تێر نابم، گەر مەیلت هەیە ساقی
گلێنەی خۆم دەنێرمە خزمەتت، بۆم تێکە تا بیبا
وەبەر من نایەڵێ لێرەش مەی و ساقی جەنابی شێخ
دەنا لەولا شەراب و حۆری با هەر بۆ جەنابی با
هەموو عومری ئەبەد تێیدا نییە خۆشی دەمێک مەستی
خدر ئاوی حەیاتی بۆ چ بوو؟ فێری شەرابی با

١٣٤٠

***

گێژەڵووکەی خەزان

گێژەڵووکەی بەسام و توندی خەزان
کە پەلاماری دایە باخ و ڕەزان
دەشکێنێ نەمامی شلک و تەڕ
گوڵی بۆنخۆش و تەڕ دەکا پەڕپەڕ
ئەو گوڵەی باخی پێ دەڕازاوە
داخەکەم ئێستە هەڵپرووکاوە
هەروەها دەستی بێ بەزەی تەقدیر
نایەڵێ چووک و گەورە جوان و پیر
تازەلاوان لە خوێن دەگەوزێنێ
جەرگی دایکی هەزار دەبرژێنێ
زەبری توندی زەمانی بەدکردار
شاری کردینە شاری پڕ ئازار
هەرچی دەیبینی دەس بەئەژنۆیە
لە هەموو لاوە شین و ڕۆڕۆیە
بزە نابینی تۆ لەسەر لێوێ
چاوە فرمێسکی خوێن دەپاڵێوێ
سەربەقوڕ، مل بەکوینە گەورە و چووک
خەنە شۆرایەوە لە پەنجەی بووک

مەرگی ئەو سێ جەوانە بێ مرادە
ماتەمی خستە ئەو مەهابادە
گەرچی (یوسف) ئەسیری بەندی گڵە
ئێستە لەو (میسرە) هەر عەزیزی دڵە
گەرچی بۆخۆی خرایە چاڵی گۆڕ
شوێنەواری بەنرخی ماوە لە گۆڕ
خزمەتی خەڵکی زۆر بوو ئەو لاوە
جا چلۆن دادەمێنێ لەولاوە؟
گەر (سولەیمان) نەما لە کۆڕی خەبات
نەگەیشتووە بەئارەزوو و ئاوات
زیندووە تا ئەبەد لەناو خەڵکی
چونکە بۆ کۆمەڵێک هەبوو کەڵکی
خزمەتی عیلمی کردە پیشەی خۆی
خوێندەوار کۆڕی شین دەبەستن بۆی
ڕەنگە شاگردی کوردی وریا و ژیر
دەرسی ئەو لاوەیان بمێنێ لەبیر
کاکە (داوود) ئەگەر لە ڕێی ژیانا
گیانی شیرین و پاکی خۆی دانا
فێری کردین دەبێ لە کارکردن
نەبەزین تاکو سەردەمی مردن
یادی دوو پیاوی چاکی زەحمەتکێش
یانی کاکە عەزیز و مام دەروێش
خەڵکی ئەم شارە قەت لەبیر ناکەن
خەڵکی ئەم شارە ئۆگری چاکەن

مەهاباد - ١٥ی بەفرانباری - ١٣٤١

گوڵی هیوا

ئەختــەر کچی کوردی چاومەســت!
ئیلهام بەخشــی شــێعری پڕ هەســت!
ئەی پێشــمەرگەی میللەت پەرەســت
کــە دیتمــی تفەنــگ بەدەســت
زانیم گوڵــی هیـــوا پشــــکووت
بەیانــــی ئـــازادی ئەنگــــووت
ئەختــەر پێشــمەرگەی کۆڵنــەدەر!
ئەختــەر ئــەی گوڵی نێو ســەنگەر!
خوێنــت دەتکێ لــە دمــی خەنجەر
دەگــری بــەری هێرشــی ئەســکەر
ســێرەت گرت بەوچــاوە جوانــە
لــە کەلــەکــەی ئــەم بیــژوانــە
شــەقت هەڵــدا لــە زێــڕ و جــل
تــوورڕت داوە کلــدان و کـــل
توندت کــردووە پشــتێنی شــل
فیشــەکدانت کــردۆتــە مــل
پســاندت بازنـــە و پاوانـــە

دەســـــتت دا تفەنـــــگ پیـــــاوانە
نارِێـــژی چـــاو، ســـوور ناکـــەی لێو
شـــــانە ناکــــەی بســـکی پەشـــێو
یەکجـــاری فرِێـــــت دا چارشـــێو
ئـــەوە رِووت کـــردە چـــــرِ و کێـــو
دەبـــرِی جەرگـــــی دوژمنـــی زۆڵ
بەســـەرنیزە نـــــەک بـــــە مـــژۆڵ

١٣٤٢

***

ڕاوه بەراز

تفەنگـــی ڕاوێ ئەســـتێنراوه یەکســـەر
بـەقـەولـــی کاک هەژار، بـــێ ڕاوه ڕاوکـــەر
مـــەفەرمـــوو ڕاو نـــەمـــا لـــەو شـــاره تـــازه
کـــه ســـــەیری ڕاوکــــەران ڕاوه بـــــەرازه
ئیتـــــر دەرچـــــوو بڵێـــــن بـــاوی کـــوڕانه
نەخێـــر بـــاو بـــاوی (ســـۆنه) و (دوو کوڕانـــه)
قورینگ و (ڕەش بەشـــه) و (دوڕنا) و (هەڵەتانج)
نـــه ئاغایـــان لـەکـــن پییـــاوه نـــه کـــرمـــانـــج
بەکەیفـــی خـــۆی لەســـەر ئـــەو ئـــاوه ڕوونـــه
دەکـا گـــاڵته و قـــومـــاری (پێ بـــەقـــوونـــه)
ســـەری چـــۆن لـــێ دەشـــێوێ ســـی لـــه قۆپی
کـــه ڕاوکـــەر چونکـــه بـــێ ڕاو مـــاوه تۆپـــی
(بنـــه) ڕووخـــان و (ســـــیپه) چـــۆل و هـــۆلـــن
بـــڵاون ڕاوکـــــەر و بـــاڵنــــــده پـــۆلـــــن
ڕفـــانـــدوویـــه (قـــەلـــەســـابـــوونـــی) ســـابـــوون
کـــه هەســـتی کـــردووه لاگـــیریـــه قـــانـــوون
ئـــەوا (کـــەروێشـــکه)کـــەی ســـیخوار لـــەپشته

قوڵەشینی بەهەست و گورج و گشتە
لە لانا کەوتووە و نایێتە بیری
کە جاران شۆرەتی بوو سەنگەسیری
دەکا سمکۆڵ و چاوی هەر لە کۆیە
کە نێری تێگەیی پارێز درۆیە
ئیتر کەس ڕووی نەماوە بچتە کێوی
بەشێر گاڵتە دەکا ئەورۆکە ڕێوی
لەسەر بەردی دەخوێنێ (کەو) بەدەستە
دەڵێ ڕاوکەر ئەگەر پیاوی دە هەستە
لە چاوان هەڵوەرین فرمێسکی گوڕگوڕ
کە دێ و دەڕوا بەدەستە (چرگ) و (کوڕکوڕ)
هەوێردە و (زرڕەکەو) دێنە ڕەپستە
بەڵام چ بکەم چەکم پلار و مستە
لە سوور کێڵان دەنیشن پۆلەکۆتر
لە جاران زۆرتریش و سەربەخۆتر
(فەقێ ڕەحمانی) ئاواڵت چلۆنە
چلۆن بێ ڕاو دەژی کالیارە کۆنە؟
گەرم داهاتووە وەک پیرە لۆکی
لە سوێ ساچمەزەنی کۆنەڕەشۆکی
ئەوی زۆر تووڕە بێ (دەروێش کەریمە)
کە پیری ئێمەیە و پیاوی قەدیمە
گەلێکی دی هەرا و بەزم و تەق و تۆق
چرای ژینی نەبوو وەک ئێستە بێ شۆق
بزەی نایێتە سەر لێوی وەکو میر
ڕەبی بێ ڕاو نەبێ قەت ڕاوکەری پیر

وەکـــو (ئەحمـــەد) گوتی ئـــەی پیری مەشـــهوور
مەخـــۆ خـــەم بـــۆ تفەنگـــی عەهـــدی تەیموور
ئـــەوەی چابـــوو لـــە شـــانی ئێـــوەدا بـــوو
بەڕەحمـــەت بـــێ دەنـــا بـــۆ بســـتە چابـــوو
دەبـــێ حاڵـــی چبـــێ (کاخـــدری) خۆمـــان
کـــوڕی کێـــوان و ڕۆڵـــەی بەنـــد و چۆمـــان
مـــەگـــەر نـــۆکان بخـــوات و بچێتـــە ڕاوێ
دەنـــا تـــازە دەوێـــرێ ســـاچمـــە باوێ
ڕەبـــی دوژمـــن بـــەحـــاڵـــی (بـــەهمـــەنی) بێ
لـــە داخـــا ڕەنگـــە لـــووتـــی داژەنیبـــێ
کەســـێکی بچێتـــە لای و کـــەڵپـــی بێشـــێ
وەهـــا پـــەرتـــە خلێنـــەی بـــۆ دەکێشـــی
جـــەنـــابـــی (ئـــەردەلان) شـــێواوە حـــاڵی
وەکـــو جیبـــی منـــە ســـاکی بـــەتـــاڵـــی
ڕەئیســـە گـــەورەکـــەی کـــانـــوونـــی ڕاو بـــوو
ئەویشـــی چـــوو لـــە دەس دەســـتە شـــکاو بـــوو
(رهـــاکـــرد اســـت او خـــوی پـــلنگی)
نـــەمـــاوە پـــوز و فیـــز و زەبـــر و زەنـــگی
کـــە ســـایەی کـــەم کـــراوە ئـــەو لە ســـەرمان
لـــەســـەر کێ لـــێ دەدا ئـــەو جـــارە فـــەرمان؟
گـــەلێکـــی گۆشـــتی کێوی خـــوارد بـــەمـــفتە
لـــە گۆشـــت کەڵ ســـاز بکا بـــا ئێســـتە کـــفتە
یـــەقیـــن (مـــەحمـــوود) بـــا نـــادا ســـمێڵی
ســـمێڵ بـــادانـــی پـــێ حـــەیفـــە بـــەدیێڵـــی
کـــە ڕاوکـــەر بـــێ تفەنـــگ ئەڵبەتتـــە دێڵـــە

لــە هــەموان دیڵتریش (مــەحمــوود سمێڵە)
دەڵێـــن دوکتــۆر خـــەوی نایــە شنــەوانــە
لــە تـــاوی ڕاوی (مالـــۆس) و (یــەکــانــە)
نییــە هــۆشــی لە کـەس وەربــگـــریٚ ویــزیـت
دەدا دەرمانـــــی (تیفـــۆس) ۆ (بــڕۆنشـــیت)
لــەکـن خانـم یــەقیـن نــامێنـــی نـــازی
لـــە کـــووپــەی ببــڕیٚ قــاورمـــەی بــەرازی
بــەشــی ئێمــەی نــەدا لــەو خەســت و خۆڵــە
مــەســیحی گـــەورە ئــەستاندوویــە تــۆڵــە
(مەمـــی خـــان) چاکـــە هـــەر مـــاوە جەفەنگی
ئــەوەش قازانـــج و ســـوودی بـــیٚ تفەنگـــی
بـــــەڵام (میـــرزا حـــەســـــەن) کاری کــــراوە
تفــەنگێکـــی کـــڕی و تــەحـــویلـــی داوە
لــە دەســتی مفتـــی زادە کـــیٚ دەکا خێـــر
تفەنگـــی دایـــە، ڕاوی پـــیٚ نــەکــرد تێــر
تفــەنگـــی تـــازە هێنـــابـــوو حیجـــــازی
بـــــەڵام مـــــەودای نــەبوو بـــۆ تـــورکــتازی
فـــەڕوفیکـــی ئـــەوە گـــرتـــی هەمووەمـــان
لــە داخانـــی دەبـــوو بگـــرن هەمـــوو مـــان
چـــلۆنـــــە کــەیفــەکــەت ڕەحمانـــی قـــازی
دەخـــۆی ئێســـتاش کەبابـــی جەرگـــی قـــازی
ئەوێســـتاش لـــیٚ دەنێـــی تـــۆ سەنگەســیران
دەنێـــری کاســـــە ســـفرە بـــۆ فـــەقیـــران
مـــەزەی وودکاتـــە هێشـــتا ســـینگی بـــاڕی
نــەوەڵـــلا هێنـــدە بـــرســـی بــەرد دەهــــاڕی

ئەوەت چاکە لە قەسسابخانە دوور نی
وەکو عەولای برات بۆ گۆشت زەروور نی
هەڵەم کرد لێم ببورە تاکو مابی
هەڵۆی و کاکە بۆ کۆلارە نابی
ئەتۆ پەڕکووری توند و تیژ و دڕ بووی
ئەتۆ سوڵتانی شاخ و کێو و چڕ بووی
زەمانە داخەکەم باڵی شکاندی
لەناو داڵ و قەل و کوندی خزاندی
حەیف ئەی شاهەڵۆ بۆ باڵ و چەنگت
حەیف سەد حەیف بۆ دەست و تفەنگت
حەیف ئەی نابیغەی ڕاوی موکریان
کە باڵندە لەترسانت دەگریان
دەبینم ئێستەکانە چەک کراوی
دەترسم چاوی تۆ کوێرکەن مراوی
ڕەفیقان چاکە ئێوە خەڵکی شارین
وەکو من نین، بەشی زۆرتان ئیدارین
(بیحەمدیللا) هەتانە کار و بارێک
بەڕۆژ کار و بەشەو گاڵتە و قومارێک
ڕەفیقێک، خەمڕەوێنێک، ئاشنایەک
کتێبێک، تەختە نەردێک، سینەمایەک
بەلای ماڵی خەلیفەیدا گەڕانێک
لە خزمەت ئەرمەناکیش ئیستیکانێک
بەڵام من خەڵکی لادێم سەگ بەحاڵم
دڕ و دامав، کەنەفت و دەس بەتاڵم
پەرێشان و کزم بێ کاروبارم

بە بێ ڕاویش بەجارێک کوڵەوارم
کە زۆری بۆ دەهێنام دەرد و مەینەت
دەچوومە ڕاو و ئامێزی تەبیعەت
خودایە تازە چۆنی بگوزەرێنم
کە تەنیا تۆپەڕەش بوو خەمرەوێنم
لە ژوورێ دادەنیشم هێندە، دەمرم
کە دەچمە دەشت و مەزرا سەکتە دەگرم
لە ناو داچێندراوی سەوز و شینم
هەزار جاش و کەر و گوێلک دەبینم
لە باغمدا هەیە سەد بزنە گڕوێ
بزن ئازاد کرابێ، ڕیشە دەڕوێ!
بەجوتیاری بڵێم چاکت نەکێڵا
دەزانم دەسبەجێ ڕۆبۆتە تێڵا
بەگاوانێ بڵێم زیانێ مەفەرموو
دەڵێ لاچۆ بڕۆ وەختێ بەسەرچوو
بەشوانی گەر بڵێم مەیکە لە مێشە
دەڵێ دیارە دەمت ئێستاش لەپێشە
لە ناو دێدا کە دەچمە بەربەرۆچکە
دەدەن دەورم مناڵی سەر بەکۆچکە
ئەوەندە گوێ لەمست و توند و تۆڵن
ئەگەر زوو هەڵنەیەم چاوم دەکۆڵن
خەریک بووم ڕاگرم دوو گۆڵە تاجی
بەوان ڕاوێ بکەم بۆ ناعیلاجی
حیسابم کرد کە نیمە نانی خۆشم
بەبارانێ ڕزی ئەو ساڵ کڵۆشم

چەلان چابوو هەمان بوو تەختەدامە
بەڵام ئەو ساڵ لە دێ دامە حەرامە
ئەگەرچی زۆر لەمێژە دامە فێرم
بەڵام زەحمەت بەمام سۆفی بوێرم
چلۆن ئاغای بکەم ئێستا لە سۆفی
کە سۆفی تازە ئاغای هەڵگلۆفی
بڵێم ئاغا دەڵێ سندان، دڵە دەرد
دەوێری ناوی ئاغا بێنی نامەرد!
لە مەڵبەندێ کە ئازادی نەبێ پیاو
بە ساچمەزەن بچێتە کێوی بۆ ڕاو
سەگی تێ ڕی چ نرخێکی هەیە ژین
ستەم تا کەی، مەگەر ئێمە بەشەر نین

١٣٤١

شینی گۆران

هەر لە بۆتانەوە هەتا سۆران
هەموو سۆرانی شینە بۆ گۆران
هەر لە کوێستانەوە هەتا گەرمێن
یەخەمان دادڕاوە تا دامێن
لە جزیرە هەتاکو بەحری ڕەش
نییە کیژێ سەری نەنابێ لە هەش
لە دیاربەکرەوە هەتا ورمێ
سەر بەقوڕ، مل بەکوێنە نێر و مێ
هەر لە کەرکووکەوە هەتاکو سنە
شین و ڕۆڕۆ و فغانی پیاو و ژنە
لە مەریوانەوە هەتا زێبار
وەک زرێبارە چاوی کوردی هەژار
هەر لە زاخۆ هەتاکو کرماشان
پرسەیە، ماتەمە، بەخۆدادان
لە مەهاباد هەتا سلێمانی
نالە نالە لەباتی گۆرانی
هەر لە بیجارەوە هەتا شەمزین

کــــچ و کـــوڕ، لاو و پیـــری کـــورد شـــەمزین
لـــــە شـــــنۆوە هـــەتـــاکـــو ســـەنـجابی
تووشـــــی کـــــوردێـکـــی بـــێ کـــەســـەر نابی
هـــــەر لـــــە هـــەولێـــرەوە هـــەتـــا پـــــاوە
نـــەتـــەوەی کـــــورد پـــەشـــێوە، تـــاســـاوە
جـــا چلـــۆن دڵ بـــەخـــەم نـــەبیـــن، نـــەگریـــن
جـــا چلـــۆن کـــۆڕی شـــینی بـــۆ نـــەگریـــن
شـــاعیرێـــک بـــوو بـــەنـــرخ و بـــێ وێنـــە
بیـــــری ڕۆشـــــن بـــــوو، چـــەشـــنی ئاوێنە
شـــاعیرێـــک بوو بـــەجـــەرگ و هـــەڵکـــەوتوو
پێشـــڕەوی گـــەل بـــوو نەک لـــە گـــەل کەوتوو
تاکـــی کـــەم بـــوو لـــە جـــوان پەرســـتیدا
وەکـــو مێـــو بـــوو وشـــە لـــە دەســـتیدا
هەســـتی پـــاک، مێشـــکی تـــازە، بیـــری نوێ
شـــێعری پـــڕ ســـۆز، قســـەی بەتـــام و خـــوێ
دڵتـــەڕ و خـــۆش خەیـــاڵ و ناســـک بیـــن
بـــەهـــونـــەر، شـــــارەزا، وشـــــە ڕەنگیـــــن
پێـــم پـــــەری شـــــێعر و مـــۆســـیقا تـــۆران
بـــۆیـــە بـــــردیـــانـــەوە ســـــەرێ گـــۆران
یـــــا خـــودای جوانـــی تـــوورە بـــوو لێمـــــان
ئـــــەو چـــرایـــەی ڕەوا نـــــەدی پێمـــــان
ڕۆژگـــــار گـــەوهـــەری وەبـــــن گـــــڵ دا
داخـــی ئـــەو مـــایـــەوە لـــــە نـــاو دڵـــــدا
داخـــەکـــــەم ئـــــەو بلێســـــە دامرکـــــا
کـــە خەریـــک بـــوو وڵاتـــی ڕوونتـــر کـــــا

ڕۆیــی گــۆرانــی خــۆشــەویســت ڕۆیــی
شــین و ڕۆڕۆی گــەلــی نەبیســت ڕۆیــی
ڕۆیـــی بــێ وەی گــەلی بــگا بــەمــراد
ڕۆیـــی بــێ وەی ببینـــێ کــورد ئــازاد
ڕۆیــی ئاواتــی بـــردە بـــن گڵــی ڕەش
ڕۆیــی کــورد مــاوە بــێ کــەس و بــێ بەش
حاجـــی، گــــۆران و پیـــرەمێـــرد مـــردن
«داخـــەکـــەم کـــوردی ئێمـــە هـــەر کـــوردن»
کــــوردن و تـــووشـــی ڕۆژی تــەنــگانــەن
مــــەردن و دیلـــــی دەســـــتی بێــگانــەن

مەهاباد - ١٩٦٢

***

تەیلی ئەمان

قـــەڵەم ســـــەركێشـــە، بیـــریش مــووقـــەڵێشە
بـــەڵام یاڕەببـــی ڕووی ڕەش بـــێ زەمـــانـــە
دڵـــی تـــەنگم لـــە دەســـتانی هـــــەمیشـــــە
مـــەكـــۆگـــەی مـــەینـــت و دەرد و خـــەمـــانـــە
هـــەمـــوو تیـــری بــــەڵای ئـــەو ڕۆژگـــــارە
دەكـــــا بـــۆ ســـینگی پـــڕ زامـــم كەمانـــە
بــــرا و خــــزم و كـــەســوكارم بـــەجـــارێ
ئـــەوان لێـــم بـــوونـــەتـــە داســـی ڕەمانـــە
لــــە ماڵـــی خـــۆم دەكـــەم بۆنـــی غەریبـــی
كـــــە بێـــزارم لـــە هـــەرچێكـــی هـــەمـــانـــە
ئـــەوی خۆشـــم دەویســـت وەك گیانـــی شـــیرن
تـــەماشـــای بـــۆتە مشـــتەی نـــاو هـــەمانـــە
لـــــەڕاس مـــن دێـــڵەڕێـــوی تـــرســـنۆكـــیش
وەهـــــا ڕاســـا دەڵێـــــی فیلـــی دەمـــــانـــــە
ئـــــەوی دایـــم لـــە ژێـــر خـــەڵـــكا ژیـــاوە
لـــەســـەر مـــــن پـــاڵـــەوان و قـــارەمـــانـــە
دەمـــــی خـــۆشـــم لـــە ژینمـــــدا نەدیـــوە

بخوازم تاکو خۆزگەم بەو دەمانە
گەمەی تۆشم بەلاوە سەهلە خوێڕی
گەلێکم پێ کراون لەو گەمانە
هەمە هیوا بەدوارۆژێکی ڕووناک
بەشی ئینسانی بێ هیوا نەمانە
بەشیوەن چاری کاری ئێمە نایە
خەبات، کەڵکی نییە مامەخەمانە
لەبەر تۆ چارەنووسی شووم و بەدفەڕ
ئەوی قەت لێی نەدەم تەپڵی ئەمانە

١٣٤٢

***

پەری شیعری

ئـــەی کچـــی جـــوان! کچـــی لەبار!
ئـــەی کچـــی زانـــا و خوێنـــدەوار!
ئـــەی گوڵاڵـــەی نواڵی کوێســـتان!
مایـــەی شـــانـــازی کـــوردســـتان!
تیشـــکی هیـــوای دواڕۆژی ڕوون!
ســـاڕێـــژکـــەری زامـــــی دەروون!
گـــەلاوێژی بـــەشـــۆقی گـــەش!
ڕووناک کـــەرەوەی شـــەوی ڕەش!
بەهـــاری خێـــر و بێـــر و هـــات!
گـــزنگـــی بـــەیـــانـــی ئـــاوات!
شـێعرت دەوێ لـــە منـــی پیـــر
لـــە منـــی پیـــری گـــۆشـــەگیـــر
لـــە شـــاعیری زەمـــان بـــڕاو
لـــە شـــاعیری دەفتـــەر دڕاو
لـــە شـــاعیری بـــەســـاڵا چـــوو
لـــە شـــاعیری وشـــک هـــەڵاتـــوو
شـــێعرێکی تـــەڕ، شـــێعرێکی خـــۆش

شێعرێک دڵان بێنێتە جۆش
شێعرێک دامرکێنێ دەروون
بە برینان بێنێ گۆشتە زوون
شێعرێک وەک خوناوەی باران
شێعرێک وەک سرتەی دڵداران
ناسکتر لە هەودای خەیاڵ
شیرنتر لە بزەی مناڵ
وەک ئارەقەی هەنیەی جوانان
وەک دڵەخورپەی جێ ژوانان
وەکو کەشم و نەشمی بووکێ
وەک ڕەنگ و بۆنی گوڵووکێ
بێ خەوش وەک ئاونگی گوڵ
پڕپڕ لە هەست و سۆز و کوڵ
لە ئاوی کانی ڕەوانتر
لە پەلکەزێڕینە جوانتر
شێعرێک وەک سێبەری بژانگ
وەکو خەرمانەی دەوری مانگ
ڕێکتر لە گەڕی ڕەشبەڵەک
خۆشتر لە خرمژنی کرمەک
لە کوشینی دەستی دۆ خۆشتر
لە مەکە و ئەیەڕۆ خۆشتر
وەک نیگای چاوی خەواڵوو
بە لەشاندا بێنێ تەزوو
وەک شەراب بگەڕێ لە خوێن
خەمڕەوێن بێ و نەشەبزوێن

شـــێعرێک وەکـــو دەریای بـــێ بـــن
گەرمتـــــر لـــــە باوەشـــــی ژن
شـــێعرێک ســـروودی شـــادی بێ
شـــێعرێک دەنگـــی ئـــازادی بێ
شـــێعرێک مزگێنـــی نەجـــات بـــێ
شـــەوچەڵەی کـــۆڕی خەبـــات بـــێ
شـــێعرێک ڕەق بـــێ، ڕق بـــێ، قین بێ
گـــڕ بـــێ، بڵێســـە بـــێ، تیـــن بـــێ
شـــێعرێک ســـەنگچنی سەنگەر بێ
شـــێعرێک بریقـــەی خەنجـــەر بـــێ
هێزێـــک بـــێ دوژمـــن بەزێـــن بـــێ
مســـتێک بـــێ گورچـــوو تەزێـــن بێ
بڵێســـەی گوللـــەی هـــەڵمـــەت بێ
شـــەپۆلی ڕقـــی میللـــەت بـــێ
شـــێعرێک نـــووســـتو ڕاپـــەڕێنێ
شـــێعرێک دوژمـــن داپـــەڕێنـــێ
بشـــکێنێ دەرکـــی باســـتیلان
ئـــازاد بـــکا کـــۆیلـــە و دیـــلان
هەڵبـــڕێ قـــەفـــی زەنجیـــران
چـــەک بداتـــە دەســـت یەخســـیران
بپـــەڕێنـــێ دەســـتی جـــەلـــلاد
بهـــاڕێ ســـاتـــۆری بێـــداد
نـــرکەی ســـینگی کرێـــکار بـــێ
ئـــاڵای شـــۆڕشـــی جـــووتیـــار بـــێ
هـــەروەک گـــڕی ئاگـــری نـــەورۆز

ڕەمزی ئازادی بێ و پیرۆز
هەزاران کاوەی زەحمەتکێش
پاڵ پێوە بنێ بەرەوپێش
شێعرێک هەم توند بێ و هەم ورد بێ
یانی شێعری ئەوڕۆی کورد بێ
بەڵام ئەی فریشتەی جوانی
ڕەنگ بێ ئەم نوکتە نەزانی
پەری شێعر وەک کچی جوان
بۆ پیاوی پیر نایەتە ژوان

مەهاباد ـ ١٣٤٢

ئاسۆری تەشەنا

وەرە مەیگێڕ دەمەوێ ئەوشۆ خەمی دڵ کەم کەم
لووزەوم بەردە سەرێ نامەوێ جورعەی کەم کەم
تەشەنا بۆتەوە ئاسۆری دەروونم دیسان
زامی کۆنە و بەمەیی کۆنی دەبێ مەڵهەم کەم
مشتومالّی دەوێ ئاوێنەیی ژەنگاوی خەیاڵ
مەست و گێژم کە، هەتا گاڵە بەجامی جەم کەم
ئێستە بۆ چاری خەمم گۆشەیی مەیخانەیە جێم
من کە ڕۆژێک دەمەویست میللەتەکەم بێ خەم کەم
تا نەڕووخاوە، بەلا پڕ بێ لە خۆشی و مەستی
تازە پێی ناوێ ئەمن هۆدەیی خۆم مەحکەم کەم
چۆن نەبەم بۆ مەی و مەیخانە پەنا تێ گەییوم
لەو وڵاتە هەموو شت زۆرە، بەنی ئادەم کەم
پیر و زورهانم و ئێستاش دڵەکەم هەر دەیەوێ
سەر و ماڵم بەفیدای خاڵ و خەت و پەرچەم کەم
داستانی مەم و زین کۆنە، کچێکم گەرەکە
شلکەڕانی بگوشم بۆنی لە سینگ و مەم کەم
من لە جوانی دەگەڕێم، تێپەڕە زستانی دزێو

کچ کە ڕووم نادەنێ، با سەیری گوڵ و شەونەم کەم
شەڕەبایە لە چیاکان و هەوا تووشە دەنا
وەکو شێتان دەمەویست ڕوو لە چیای ئەستەم کەم

مەهاباد - ١٣٤٦

***

ڕەوە هەڵاتم

مــن لــە داخــی خزمــی خوێــڕی و ئاشــنای ئەحمــەق هەڵاتــم
مــن لــە ترســی زاق و زووقــی ئەمنیــەی چــاو زەق هەڵاتــم
کــوا بەخۆشــی خــۆم بەجــێ دێڵــم وڵاتــی خۆشەویســتم؟
مــن لــە ترســی زللــە و باتــووم و دار و شــەق هەڵاتــم
هــەر بــەپێیــان و بــەکۆمــەکۆمــە گەیمــە ئــەم وڵاتــە
ڕەنگــە پێــت وابــێ بەســواری مایەنــی گــوێ لــەق هەڵاتــم
(نۆکــەری بێگانــە ناکــەم) هاتــە جــێ فەرمایشــی خــۆم
وا لــە برســان و لەبــەر بــێ بەرگــی ئیمــڕۆ ڕەق هەڵاتــم

١٣٤٧

***

گەرمەشین

بۆ شەهیدێکی کە گەوزیوە لەنێو خوێن دەگریم
بۆ هەڤاڵێکی کە چوو بێ سەر و بێ شوێن دەگریم
بۆ هەموو پیر و جوانێکی لەسەر کوردستان
چوونە بن دارێ بەبێ وەی کە بشلوێن دەگریم
بۆ کوڕێکی نەبەزیوی کە لە سەنگەردا مرد
نەک بە سەرشۆڕی و بێ شەرمی لەسەر نوێن، دەگریم
ماچ دەکەم ئەو مەچەکانەی بە کەلەبچە دێشن
بۆو سەرانەی بە گرێی قەمچی دەگروێن دەگریم
گەنجی کوردی وەکو گەنجینە لە هەردی خستن
دوژمنم، تاکو نەزانم هەموو لە کوێن، دەگریم
شۆڕەژن سەبەقوڕ و گەورەکچیش مل بەکوێن
تا بمێنێ سەری بەقوڕ و ملی بەکوێن دەگریم
بۆ ژنێکی کە لەسەر تەرمی کوڕی تاقانەی
شین دەکا، جەرگ و دڵی لەت لەت و توێ توێن، دەگریم
دوور لە ئازادی لە زیندانی ڕەش و بۆگەندا
بۆ کەسانێکی دەژین چڵکن و دژوێن دەگریم
بووکی کۆست کەوتوو دەبینم لە پەژارەی زاوا
سەری کوڵمانی دەڵێی زەردەیی سەر سوێن، دەگریم

بۆ پەنا سیلە و بن گیشە و جێ ژوانی چۆڵ
بۆ گڕاوی و کوڕە حەیرانی کە لێک جوێن دەگریم
بۆ وڵاتێکی بە فرمێسک و بە خوێن دێرابێ
من کە سەیرانی دەر و دەشتی دەکەم، خوێن دەگریم
تا وەکو مولگە و پێشێلی سوپای دوژمن بێ
کێڵگە پڕ پیتەکەم و بەندەنی بژوێن، دەگریم
تا گوڵاڵەی گەشی بۆنخۆشی ترۆپکی کوێستان
بەگڕی مووشەکی بێگانە بپروێن، دەگریم
بەسیەتی دووبەرەکی و ملهوڕی و لاساری
تا برایانە هەموو پێکەوە نەدوێن، دەگریم
دەمەوێ ڕێگەیی ڕزگاری تەخت بکرێ دەنا
تاکو نسکۆیە بەرن، تاکو هەڵەنگوێن، دەگریم
تا کرێکار و فەلا، ڕەنجبەر و ڕۆشنبیر
دەست لە یەک نەگرن و پیاوانە نەبزوێن دەگریم
تا لەژێر ڕەشبەڵەکی کیژ و کوڕی ڕق هەستاو
جەندەکی دوژمنی بەدکارە نەپەستوێن دەگریم
تاکو بۆ تۆڵەیی ئەو ڕۆڵە شەهیدانەی کورد
خەنجەری ڕۆڵەیی ئازا هەموو نەسوێن دەگریم
تا بەداسی دەسی ئەو پاڵە بەکارەی کوردی
دڕک و داڵی سەرەڕێ گشتی نەدروێن دەگریم
تاکو نەسڕێتەوە فرمێسکی هەتیوباری هەژار
تا هەتیو لێوی وەکو خونچە نەپشکوێن، دەگریم
تا بەدەستی پەری ئازادی لەسەر گۆڕی شەهید
گوڵە شللێرە لەگشت لایەکی نەڕوێن دەگریم

١٣٤٧

مەتەرێزی شەرەف

لێـــرەش لەنێــو ئــەو لێــڕ و شــاخ و بــەردە
لێـــرەش لەگــەڵ ئــەو هــەمــوو داخ و دەردە
لێـــرەش لــەنێــو شــۆڕشــی خــوێنــاویــدا
لێـــرەش لە ســەرکــەوتــن و تــەنگــاویدا
لێـــرەش لــەنێو زەبــر و زەنــگی زاڵــمدا
لەنێــو ســاچمە و دووکــەڵی نــاپــاڵمدا
لێـــرەش لەنێــو گــڕ و ئاگــر و ئاســندا
لــە بــەرامبەر تانــک و تــۆپــی دوژمــندا
لێـــرەش لــەنێــو دەریای ڕقی بێ بــەستێن
لێـــرەش لــەنێــو کوڕانــی تــۆڵــەئەستێن
لێـــرەش لــەنێــو شــەپۆڵی خوێن و کــەفدا
لێـــرەش لــەنێــو مــەتــەرێــزی شــەرەفدا
خــۆشــەویســتم لــەبیــرم ناچــی تــاوێ
دەم فــڕێنــێ باڵــی خــەیاڵــم تــا وێ
هەرچەنــد دوورم، بــەڵام خــۆش بــێ خەیاڵــم
ئــاوارە نیــم وا دەزانــم لــە ماڵــم

***

هەر بینا دیت ڕمی کۆشکی زۆرداری
گەیشتینە لووتکەی چیای ڕزگاری
ڕەوی تەمی خەم و مژی پەژارە
بووژانەوە ئەو هەتیوە هەژارە
کوتکی کاوە و هێزی پێشمەرگەی دڵسۆز
ڕۆژی ڕەشی کردە نەورۆزی پیرۆز
مێشکی پڕژا ئەژدەهاکی مێشکخۆر
جەللادەکەی ئەستۆی کەوتە بەر ساتۆر
گیرا، ڕووخا، خاپوور بوو قەڵای سەختی
وەبەر پێلاقان درا تاج و تەختی
هەترەشی چوو ئەرتەش لە ترسی لاوان
خوێڕی بەزین، هاتەوە ڕۆژی پیاوان
نەترەی نەما دوژمن لەبەر پێشمەرگەم
لەگشت لاوە هەڵات و نەیگرت بەرگەم
زۆردارت دی هەڵاوەسرا سەرەوبن
ئۆخژنی هات دڵی گەرمی بێوەژن
خوێنڕێژت دی گەوزی لەنێو خاک و خوێن
ڕازایەوە گڵکۆی شەهیدی بێ شوێن
توانەوە دەسبەند، کەلەپچە، زنجیر
کرانەوە دەرکی قەفەز لە یەخسیر
ئەستراوە فرمێسکی ڕۆڵە کوژراو
ئەستێنراوە تۆڵەی بێ کفن نێژراو
بزەی هاتێ لێوی لە خۆشی بێ بەش
جلکی گۆڕی سۆرانی شین، بەرگ ڕەش
لە شینگایان گەڕا گەڕی ڕەشبەڵەک

(شـــەم) و (شــەمزین) گرتیانەوە دەســتی یەک
گـــەڕانـــەوە ئـــاوارە بـــۆ جێـــژوانـــان
گرانـــــەوە لـــە خەنـــە پـــەنجـــەی جوانـــان
جـــا ئـــەو کاتـــە بـــە هـــەتـــوانـــی ئازادی
ســـــاڕێژ دەبـــــێ برینـــــی نامـــــرادی

چیا - ١٣٤٧

***

شەنگەبێری

شــەنگەبێری! ســاڵی ســاڵان لــە کــوێســتانی، لەنــاو مەڕی
بــۆ مەڕدۆشــین هەڵــت دەکــرد ئــەو باســکی ســپی مەڕمــەڕی
لــەبــەر هــاڕەی گۆبــەرۆک و گــوارە و کرمــەک و ژێــرچەنە
نیــوەڕۆیــە لــەبــەر بێــری کــۆڕی مــەڕی ڕادەپــەڕی

***

کــە ئێــواران کەزیــت دەکــردن ســێ بەنگــێ و چــاوت دەڕشــت
بــەو کــەزی و چــاوە نــەرمانــە بێ ڕەحمانــە شــوانت دەکوشــت
شــەنگەبیــزا بــەســروەبــا ســــوژدەی دەبــردە بــەر بــەژنت
ئاخــر تــۆش هــەوای کوێســتانی ئــەو کوردســتانەت هەڵدەمشــت

***

چێشــتەنــگاوان لــە دەراوان کــە خــۆت لــێ دەکــرد پــێ خاوس
بــە لــەنجــەولاری کیژانــەت شــەرمــەزار دەبــۆوە تــاوس
ئاهەنگــی ژیــن و شــادی بــوو بــەیانــی کــە تێکــەڵ دەبوو
شمشــاڵی مــن، خرمــەی بازن، گــرم و هــۆڕی مەشــکەی گاوس

***

شــەنگەبێری گــراوی خــۆم وێنووســی جەمــاڵ و جوانــی؟
ئێســتاش پاڵێنــێ وەک جــاران لــە شــوان و مێگــەل دەڕوانــی؟

وا مـــن پێشـــمەرگەم دەجـــەنگـــم بـــۆ وڵاتـــی لـــە تـــۆ شـــیرنتر
نـــەم دەدا بـــەتـــەختـــــی شـــایی دەنـــا بـــەردەبێـــری شـــوانی

***

ڕاســـتە تـــۆ جوانـــی، لەبـــاری، نـــازداری، شـــۆخی، نەشـــمیلی
کوڵمـــت گەشـــترن لـــە گـــوڵ و خاڵـــت ڕەشـــترن لـــە زیلـــی
جیـــابـــوونـــەوەت دەردە، بـــەڵام تـــۆش دەزانـــی تامـــی نییـــە
ژوان و شـــــەوڕاو و دڵـــــداری، ڕاز و نیـــــاز بـــە دیلـــــی

***

زۆری نـــەمـــاوە بێتـــــە بـــەر نەمامـــی هـــــەوڵ و خـــەبـــاتـــم
لـــە داگیرکـــەر پـــاک بێتـــــەوە خاکـــی پیـــرۆزی وڵاتـــــم
چەک دادەنێـــــم، گـــۆچـــانەکـــەی جارانـــم هـــەڵـــدەگـــرمەوە
تـــۆ هـــەر بێـــری بە، مـــن هـــەر شـــوان، فریشـــتەی تاســـە و ئاواتم

چیا ١٣٤٧

***

ئامێزی ژن

جاران پەناگای شەوانم
ئامێزی ئاوەڵای ژن بوو
گەرمی و نەرمی ئەو ئامێزە
مایەی حەسانەوەی من بوو

***

دەردی ژیان، ڕەنجی خەبات
ماندووبوونی ڕۆژی ناخۆش
بەشەو لە ئامێزی ئەودا
هەمووم دەکردن فەرامۆش

***

نیگای چاوی، بزەی لێوی
برینی دەکردم سارێژ
برینی ئەو دڵەی دوژمن
بەتیر دەیکرد دابێژ دابێژ

***

نازی، تۆرانی، زیزبوونی
لاواندنەوەی، ئاشت بوونەوەی

هەموو لە جێـی خـۆی شـیرین بـوون
زۆر سـەختە لە بیـرچـوونـەوەی

***

بەڵـێ سـەختە، یەکجار سـەختە
دووری لـــە ژن، نـامـــرادی
بـەڵام لـە ژن خـۆشـەویســتتر
لـە لای مـن ئەتــۆی ئـازادی

١٣٤٩

***

شەپۆلی تۆڵە

کوردە ئەی کوردی لە خۆشی بێ بەش!
بەس نییە کۆیلەتی دێوەزمەی ڕەش؟
بازوێ ئەسپی هەوەسی خۆی هەروا
بتگری بتکوژی وا بێ پەروا؟
ئەو (قزل قەلعە) کە بۆتە (باستیل)
هەردەبێ پڕ بێ لە یەخسیر و دیل؟
تاکو کەی نەشکێ کەلەپچە و دەسبەند؟
زەجر و ئازار و شکەنجە تا چەند؟
خوێنی لاوانی بەبیر و بڕوا
هەر دەبێ بڕژێ، بەفیڕۆ بڕوا؟
هەڵوەرێ گەوهەری فرمێسکی هەتیو
دەربەدەر بێ کوڕی ئازا و نەبەزیو؟
بێوەژن تەڕ بێ بەگریان چاوی
کچ نەبینێتەوە شۆڕە لاوی؟

***

وەختی وەی هاتووە خۆت ڕاپسێنی
تۆڵە وەرگریەوە، هەق بستێنی

ڕاپەڕە، هاتەوە دووبارە هەلت
سەر و ماڵت بکە قوربانی گەلت
کۆبەوە ڕێککەوە، لێک بەستە پشت
ڕاکە مەیدانی خەبات گورج و گشت
هاتەوە کاتی خەباتی شێلگیر
هەڵبڕە بەندەک و کۆت و زنجیر
کوڕبە، ئازابە، نەبەزبە، ڕۆڵە
گژەبای ڕق بە، شەپۆلی تۆڵە
تووڕەبە، سووربەوە لێی وەک پۆلوو
ئاگری دە وەکو پووش و پووشوو

***

ئەو لە خوێن مژتنی تۆ تێر نابێ
تۆ دەبێ بۆ بەزەییت پێی دابێ
لە هەموو لایەکەوە پێی دادە
ڕاوی نێ، زوو لە وڵاتی ڕادە
دەس و خەنجەر کوتوپڕ ڕاکە سەری
وەدەری نێ وەدەری نێ وەدەری
هەڵمەتی بۆ بەرە وەک شێری دڕ
لەشکری لێ بکە دابڕدابڕ
کۆستەکی خەنجەری تۆ بترازێ
ئەو بەسەرنیزە کولەی نانازێ
ویزە گوللەی چەکی تۆی بێتە گوێ
ناپەڕێنێ لە سنووریشت سوێ
بیتەزێنە بە پەلاماری توند
بیبەزێنە لە چیا و شار و گوند

بەنـــدەن و دەشــــت و چــڕی لــێ بتەنــە
نەوەکـــو دەرچـــی پــڕی لــێ بتەنــــە
مـــەپرینگێـــوە لـــە ئـــاگــر و ئـــاسـن
تێـــدەگــەیَ چـــۆن بەگــــەلـت ناناســـن؟
تاکـــو شـــۆڕش نـــەکــریَ تونــد و تیـــژ
تاکـــو ســەنـــگەر نـــەگــریَ لاو و کیــژ
نـــادریَ مافـــی گـــەلـــی کــوردی دلێـــر
هەردەبـــی وا لـــە قەفـــەزدا بـــیَ شـــێر
ئـــەو ڕق و قیـــن و بـــەگــــژداچـوونــــە
تاقـــــە ڕێـــگایـــەکــــی ڕزگــاربـــوونە

١٩٤٩

***

ترۆپكی ڕزگاری

ڕێبوارێكم ئازا و بەزیبك و زاكوون
دەبڕم چۆڵ و چیا و پێدەشت و بێروون
بەرهەڵستم دەكەم هەپروون بەهەپروون
دەڕۆم بەرەو ئاسۆ، بەرەو ئاسۆی ڕوون
دەڕۆم دەڕۆم تا ترۆپكی ڕزگاربوون

***

كەند و كۆسپ هەنگاوم پێ ناكا شل
بێتە سەر ڕێم هەزاران گابەردی زل
بەهێزی شان و باهۆ پێی دەدەم تل
دەڕۆم بەرەو ئاسۆ، بەرەو ئاسۆی ڕوون
دەڕۆم دەڕۆم تا ترۆپكی ڕزگاربوون

***

پێم گرتەوە، دەرچووم لە دارەدارە
ڕێم گرتەوە ڕێگای (قازی)ـ و (ئاوارە)
نامترسێنی گوللە، پەتك، سێدارە
دەڕۆم بەرەو ئاسۆ بەرەو ئاسۆی ڕوون
دەڕۆم دەڕۆم تا ترۆپكی ڕزگاربوون

***

بەو خوێنانەی لەو ڕێبازە ڕژاوە
گوڵی ئاڵی سەربەستی کورد ڕواوە
منیش بەدڵی پڕ لە هیوا و بڕواوە
دەڕۆم بەرەو ئاسۆ، بەرەو ئاسۆی ڕوون
دەڕۆم دەڕۆم تا ترۆپکی ڕزگاربوون

***

ڕۆڵەی کوردم فێری هەوراز و لێژم
تا زۆر بڕۆم زیاتر ئارەق بڕێژم
کورتتر دەبێ ڕێگای دوور و درێژم
دەڕۆم بەرەو ئاسۆ، بەرەو ئاسۆی ڕوون
دەڕۆم دەڕۆم تا ترۆپکی ڕزگاربوون

***

نارەومەوە لە داوەڵ و تارمایی
زۆرم دیوە بوولێڵ و تاریکایی
دێنم بەو شەوگارە ڕەشە دوایی
دەڕۆم بەرەو ئاسۆ، بەرەو ئاسۆی ڕوون
دەڕۆم دەڕۆم تا ترۆپکی ڕزگاربوون

***

من پەروەردەی بن سێبەری ئەشکەوتم
گەلێک جاران لە چاڵاوی ڕەش کەوتم
هاتمە دەرێ، هەدام نەدا، نەسرەوتم
دەڕۆم بەرەو ئاسۆ، بەرەو ئاسۆی ڕوون
دەڕۆم دەڕۆم تا ترۆپکی ڕزگاربوون

١٣٥٠

گاوو گەردوون

شەتەک درا لە دار دەرنگانی شەو
لاوێک لەسەر ڕزگاربوونی وەتەنی
وێڕای تەقەی دەسڕێژی دەستەی ئاگر
دێوەزمەی ڕەش دەیگوت و پێی دەکەنی:
جێژنی شایان گاو و گەردوونی دەوێ
خوێنی گەش و فرمێسکی ڕوونی دەوێ

***

هەڵوەری فرمێسکی دڵسۆزانی گەل
خوێنی شەهید ئاڵی کردەوە وڵات
بەڵام لەگەڵ شین و شەپۆڕ و گریان
بۆڵەبۆڵی دێوەزمەکە هەر دەهات:
جێژنی شایان گاو و گەردوونی دەوێ
خوێنی گەش و فرمێسکی ڕوونی دەوێ

***

گوللەی ستەم دابێژدابێژی دەکرد
سەری پڕ ئەوین و دڵی پڕ هەست
لە گۆڕستانی کۆنی پێرس پۆلیس

خوێن دەڕشـــاوە و دەیخوێند کوندی شـــوومی مەست:
جێژنـــی شـــایان گـــــاو و گـــەردوونـــی دەوێ
خـــوێنـــی گـــەش و فرمێســـکی ڕوونـــی دەوێ

١٣٥٠

***

شەو و شەیتان

ئەستێرە یەک یەک ڕاخوشین
ڕەش هەڵگەڕا ئاسمانی شین
هەورێک شۆڕابەی بەرداوە
دەڵێی لە قیرپیان وەرداوە
تاریکانە، شەوەزەنگە
وڵات بێ هەست و بێ دەنگە
گۆڕستانی خامۆشە شار
تێیدا نەماوە زیندەوار
نە ڕادەژێ گەڵای دارێک
نە دێ هەستی پێی ڕێبوارێک
هەرچی کۆڵان و شەقامە
دەڵێی کاولاشی بەسامە
دنیا دەریای بێ شەپۆڵە
لاو دامـاوە، جێژوان چۆڵە
پەردەی کۆشکان دادراوە
ڕۆچنەی کۆختانیش گیراوە
لە تالار و سەرسەرایان

بڕا تررووسکەی چرایان
شەمی سەرچاکیان لابردن
مردووش هێندەی دیکە مردن
دامرکا، بوو بە ژیلەمۆ
لە ناو ئاورگاندا پشکۆ
ژیان ڕووگرژە و مچ و مۆڕ
دێ بۆنی کفن تات و گۆڕ
شەو زرینگاوە، ڕاشکا
شەیتان سامی لە خوا شکا
کەڵپی خوێناوی گر کردن
فریشتەی پشووبڕ کردن
خەم و خەفەت دادەبێژێ
شادی و ئازادی دەنێژێ
داسی مەرگ و نەمان دەسوێ
هەوەڵ گەوزی داوێتە کوێ؟
دێن و دەچن بە ئەسپایی
لە چوار چرا چەند تارمایی
خێوی شەو و خودای شەڕن
بێچووە شەیتانی بەدفەڕن
ئاخ، دیسان سێدارە چەقی
کوردی چۆ بن لەسەر هەقی
لەپڕ دەنگێکی نێرانە
نرکەی کوڕانە و شێرانە
پەردەی بێدەنگی دادڕاند
خەواڵووی لە خەو ڕاپەڕاند

خەڵک هەمـــوو ئەو دەنـــگەی بیســـت
دەیگوت (پێشـــــەوای) خۆشەویســـت:
کـــە مـــن مـــردم کـــــورد نامـــرێ
دەس لـــە خـــەبـــــات هەڵنــــاگـــرێ
هـــارووژا وەکـــو پـــوورەی هـــــەنـــگ
(مەهابـــاد) گۆڕخانەی بـــێ دەنـــگ
لە دەوروبـــــــەری چـــــوارچـــــــرا
هـــەزاران ســـــەر لـــــە قـــورِ نـــرا
کام نــــازداری شـــــۆخ و جـــوانـــە
دای لە خـــــەم لکـــــی کـــۆڵـــوانە
لـــە چـــاوی کیـــژی مـــل بەکوێـــن
بـــــەخورِ دەهات فرمێســـکی خـــوێـــن
شـــــۆڕەلاو هاتـــە کـــۆڕی شـــین
ئەویـــــش ســـــۆرانی کـــردن شـــین
پیرەپیـــــاو بانــــگ دەکـــــا ڕۆڵە
لەبیـــر نـــەکـــەن تـــۆڵە، تـــۆڵـــە
تێکــــــڕا دەڵێــــن درشـــــت و ورد:
کـــورد نەمـــرد، پێشـــــەواش نـــەمـــرد
بـــا تەرمیشـــــی بخرێتـــــە گـــڵ
چـــۆن یـــادی دەردەچـــێ لـــە دڵ؟

***

شـــادبـــە ئەی پێشـــــەوای نەمـــر
هەتـــن ڕۆڵـــەی ئـــازا و خـــوێنگـــر
بـــــۆ فیـــــداکاری ئامـــــادەن
ڕێـــگای ڕاســـــتی تـــۆ بـــەرنـــادەن

پەڕكووری ڕق ئەستووره كورد
لەسەر تۆڵەی تۆ سووره كورد
كچ و كوڕ و ژن و پیاوی
دەكا خەباتی خوێناوی
تا مافی ڕەوای دەستێنێ
ئاواتی تۆ وەدی دێنێ

١٣٥١/١/٨

***

سنوور

ئەی ئەو کەسەی دەتپەرستم و لێم ونی
تۆ خودا نی، تۆ خۆشەویستی منی

***

لە ئاسمان نی تا وێت ڕانەگا دەستم
لە قاف نی کاڵەی ئاسنت بۆ هەڵبەستم

***

تۆی لە من ون کرد و منی لە تۆ دوور
ئەو بستۆکەی دوژمن ناوی نا سنوور

بەفرانباری - ١٣٥١

ئارەق و تین

پێش ئەوەی گزنگی هەتاو
ترۆپکی چیا بنگێوێ
پێش ئەوەی شنەی بەیانی
بسکی بەرەزا ببزێوێ

* * *

پێش ئەوەی قاسپەی خاسەکەو
لە زەرد و ما دەنگ داتەوە
پێش ئەوەی بلبل بخوێنێ
خونچە دەمی بکاتەوە

* * *

پێش ئەوەی سیرەی هەڵۆیان
پەردەی بێدەنگی دادڕێ
پێش ئەوەی چووڕە پۆپنەکی
بەرەو ڕووناکی هەڵفڕێ

* * *

پێش ئەوەی شەمی سەر چاکی
ئاخر فرمێسکی هەڵوەرێ

پێش ئەوەی گژەبای تووڕە
ژیلەمۆی پەپوولە بەرێ

***

پێش ئەوەی لاوی بەختەوەر
دەم ڕاگوێزێ لەسەر خاڵان
پێش ئەوەی شەوگەڕی دڵتەڕ
وەڕەز بێ لە ماڵە و ماڵان

***

پێش ئەوەی بێری شل و مل
چاوی خەواڵووی هەڵبێنێ
پێش ئەوەی شوان مەڕی شەوێن
وەگێڕێ، بەردا دەسبێنێ

***

پێش ئەوەی پۆلی نەشمیلان
شل شل داگەڕێن بۆ کانی
پێش ئەوەی سەرکانی و دەراو
ژاوەی بێ لە پەری جوانی

***

پێش ئەوەی حاجی سەلەمخۆر
هەژارێک هەڵنێ بە تەماڵ
پێش ئەوەی ڕێچکە ببەستن
بۆ مزگەوتێ شان بەبەرماڵ

***

پێش ئەوەی دەروێشی چلکن
پەنجەی خەلیفەی کوشیبێ

پێش ئەوەی شـێخ وەک تــارمـــایـــی
بــــەرەو خانـــەقــــا خوشــــــیبێ

***

پێــش ئــەوەی گزیــری بـــەدفـــەڕ
لـــــە دیـــوەخــــــان پــاروو بــادا
پێش ئـــەوەی خاتوونێــــــک بـــەناز
پـــەردەی کۆشـــــکی ئــــاغــا لادا

***

مـــــن کاوی خـــۆم لـــە کار دیـــوە
مـــــن جـــەرگـــی زەویـــم دڕیـــوە
مـــــن شـیلەگــــەم هـــەڵبـــڕیوە
مـــــن یـــەک ســــەریـم ئاخنیـــوە

***

مـــــن ڕیـــــزە ســـــواڵەم دانـــاوە
شــــەغرە وێنجـــــەم پێــــوە داوە
مـــــن گاگێــــرەم تێــــر کـــراوە
یـــا خــــۆیــــانـــم وەرگێـــــڕاوە
هاویــــــن و پایـــــز و بـــەهـــــار
هەتـــــاو لێـــــی نـــەداوم بێـــکار

***

مـــــن جووتیــــــارم، مـــــن جووتیـــــارم
مـــــن لـــەگـــەڵ هەتـــاو هاوکـــارم
مـــن بـــە ئـــارەق و ئـــەو بـــە تیـــن
دامـــــان ڕشـــــتووە بناخـــەی ژیـــن
باســــکی مـــن و تیشــــکی ئەوی

بژیو دەستێنن لە زەوی
گەر جووتیار ئارەق نەڕێژێ
گەر هەتاو تیشک ناوێژێ
دانیشتووی ناو کۆشک و قەڵا
دەخۆن نانی گەڵا گەڵا؟

***

بەڵام حەیف ئێستاش لێرە
من برسیم و کەسێک تێرە
نە قەت ئارەقی ئەسڕیوە
نە قەت گەوزی هەڵبڕیوە
نە مەچەکی جەمام بووە
نە چۆڵەمەی لە جێ چووە
نە ئەنگوستی ڕاگیراوە
نە داسوو لە چاوی داوە
نە دڵی پێی دڕ دڕ بووە
نە بن هەنگڵی خڕ بووە
نە کەفی دەردا بە کڵۆ
نە پەنجەی دەری کرد دڵۆ
نە دەستی پاشبارەی ناسی
نە ساوێکی دا لە داسی
نە بەگەرما داهێزا
نە خەوی لە چاوی زاوە
نە بەسەرمایە تەزیوە
نە لە کای پایز خزیوە
نە نووسەکەی پێوە نووسا

نە لەبەر بارانێ خووسا
نە زوقمی بەسەردا باری
نە لە قوڕدا کەوت باری
نە دیٚ شەو و شەونخوونی
نە چێشتی دەردی نەبوونی

***

تا کەی وا بم، تا کەی وا بم
دەس بەتاڵ و ڕەنج بە با بم
تاکەی ڕەنجی شان و پیلم
بۆ دوژمن بێ، بۆ من دیلم؟
نا نا، تازە ڕاپەڕیوم
ناتوانم بدەن فریوم
ڕێبازی شۆڕش بەرنادەم
مەودا بە داگیرکەر نادەم
لە شان و باهۆی خۆم ڕادی
هەڵگرم ئالآی ئازادی

***

فریشتەی بەرپیوە

سەرنجم گەر دەبرمە بەژن و بالات
کچی جوان! بۆچی ڕووگرژی چ قەیدی؟
منم ئەو شاعیرە جوانی پەرستە
کە چاوی من جگە لە جوانی نەیدی

***

بەمندالی کە پەروەردەی چیا بووم
کەوم دی، پۆڕ و سوێسکە و ئاسکم دی
بە لاوچاکی لە شاری کوردەواری
کچم دی، نازەنین و ناسکم دی

***

گەڕاوم چۆم و نوالە و مێرگ و بژوێن
بەماە و زەردی ئەستەم هەڵگەڕاوم
تەماشای سوێسن و بەیبوون و شللێر
بە دینی جوانی ڕاهێناوە چاوم

***

لەبەر تاوێ لەسەر پشت ڕاکشاوم
لەدەم جۆگە لەسەر فەرشی وەنەوشان

لەسەر گوێسوانە کردم چاوەبڕکێن
لەگەڵ گەورەکچی بەردەرکی حەوشان

***

بەڕۆژی سارد و ساو دیومە بە زستان
ترووسکەی بەفری بەرتیشکی هەتاوێ
شەوی هاوین لەناو ئەستێرەکاندا
گەلاوێژم دەدی پرشنگی داوێ

***

لەناو گۆم و گەرمگ و چۆم و قۆپی
بەپۆلم دین قورینگ و سی و هەڵەتانج
لەبەر بێر و لە هاویر و لە پاراو
گەلێکم دیوە کیژی شۆخی کرمانج

***

لەمەیدان دیومە نێسکەی ئەسپی خۆشبەز
لەگەڵ دەستوجلیتی شۆڕەسواران
گەڕی شاییم لەپێش چاوی گەڕاوە
لەرەی مەم، سووکە ڕەوتی گوێ بەگواران

***

خوڕینی شوور و بازی مامزم دی
شەپۆلی گۆم و کەف هەڵدانی تاوگە
بە مێرۆژ و سیاسووتی بەهارێ
گەلێک شەو ماومەوە تا ڕۆژ لە ڕاوگە

***

لەسەر دوندی چیای سەربەرزی هەڵگورد
ڕەوەی هەورم پێمدا بەدی کرد

تەماشای دیمەنی سەوزی وڵاتم
منی سەرسام و شاگەشکە و خەنی کرد

***

بەهەشتە کوردەواری من، بەهەشتە
فریشتەم من، فریشتێکی پەریوە
بە جوانی تۆ دەژیم لەم دوور وڵاتە
وەرە لێم مەبڕە ئەو تەنیا بژیوە

***

بەڵێ تۆ کیژی، نازداری، لەباری
منیش پیرێکی زورهان و دزێوم
بەڵام شیرنترە لەو شەکرەلێوە
وشەی کوردی کە هەڵدەڕژێ لە لێوم

١٣٥١

***

کاروانی خەبات

زەردە پەڕی، سوور بوو ئاسۆ
خەریک بوو سێرە هەڵگیرێ
لەباتی قاسپە قاسپی کەو
دەهات قرمژنی شێست تیرێ

***

ئاوری بەردەدا لە بەندەن
گڕی خومپارە و بازووکا
کام گوڵ گەش بوو، کام گیا شلک
بەو بڵێسە هەڵدەڕووکا

***

داوەستا لەو خڕ و شیوە
دووکەڵ و بۆگەنی بارووت
نەمامی ناسک و ساوا
بەدەسڕێژ دەبوونە بزووت

***

دەیشێلا هەڵاڵە و سوێسن
ناڵچەی پۆتینی ژاندەرم

نێرکی بیزا و مەندۆکی تەڕ
دەپەڕین بەگوللەی گەرم

***

کێوی لە حەوت کێوان تەقین
هەڵۆ دای شەقەی باڵان
کەروێشک تەماڵی هەڵگرت
ڕێوی خوشی بۆ کەنداڵان

***

کۆترە شینکەی قەدی شاخی
لوور بوونەوە ناو ئەشکەوت
سوێسکە لە بن پنچک خزا
چۆلەکە لە جریوە کەوت

***

خۆی لە رەندۆڵان هەڵکێشا
لە ترسان مار بەپەلەپەل
لە پەڕ پەڕۆچکەی ئاسمانێ
دیاری دا تارمایی خەرتەل

***

هەر چوار تەنشتی گیرابوو
لە سەنگەرێکدا بەتەنێ
ئەو لاوەی بەڵێنی دابوو
هەتا مردن چەک دانەنێ

***

پشوو سوار و گەروو وشک
گەرم ببوو چەکی دەستی

بەڵام هێشتا نەلەرزی بوو
دڵی پڕ لە هیوا و هەستی

***

هەرچەندە ئاڵقەی گەمارۆ
هەر وا دەهات تەنگتر دەبوو
ئەستێرەی هیوای دەدرەوشی
تا وەخت درەنگتر دەبوو

***

پەندی کوردانەیە و کۆنە
کە شەو قەلاتی مێرانە
هەروا تاریکان پەیدا با
دڕی پێدەدان شێرانە

***

ڕووناکبیرێکی تا ئیمڕۆ
دەچوو بەرەو ئاسۆی ڕوون
ئێستا هیوای بە بوولێڵ بوو
بۆ لە گەمارۆ دەربازبوون

***

بڵێسەی دا لوولەی چەکێک
تێک هەڵگلا لاوچاکی کورد
ئەفسەر یەک بەخۆی قیژاندی
(بەپیش بەپیش گلولە خورد)

***

لەبن پەسیوان دەرپەڕین
هێزی ڕەش و ئەهریمەنی

دێرا بەخوێنی شەهیدێک
(کوردستان) مێرگ و چیمەنی

***

دیسان خوێنی قارەمانێک
نەخشاندی ڕێگای ڕزگاری
دیسان لاپەڕەیەکی ڕەشتر
کەوتە سەر مێژووی زۆرداری

***

دوا نیگای بڕیە لای ئاسۆ
بەمۆلەق ڕاوەستا چاوی
شنەبای شەو هات ئەستری
وەک پەنجەی جوانێک جواناوی

***

لەناو خوێندا دەتلێنەوە
لاوی بەزیپک و بەسبات
بەڵام هەروا دەچێتە پێش
بێ وچان کاروانی خەبات

ڕێبەندانی - ١٣٥١

لە بیرم مەکە

وەهـــــام بیســــــتووە ســــــەردەمی پێشــــــوو
لـــــە گـــــەورە شـــــارێک نـــــازدارێـــک هەبوو
کچێکـــــــی قیـــت و قـــــۆز و کـــەڵـــەگـــەت
شاکـــاری دەســـــت و نـــەخشـــــی تەبیعـــەت
شـــــۆخ و لەبـــــار و جـــــوان و ڕەزا ســـــووک
لەڕاســـــت ڕووی دەچـــوو ئابڕووی گـــوڵـــووک
دڵتـــــەڕ، مـــەشـــرەف خـــۆش، زار بەپێکەنیـــن
شـــــل و مـــــل، ئەســـــمەر، ناســـــک، نازەنیـــن
دیـــدەکاڵ، لێوئـــــاڵ، بســـــک سێ بـــــەنگـــی
خاڵـــی ســـــەر کوڵمـــــەی ڕەشـــتر لـــە زەنگـــی
مەمـــک خـــڕ و تونـــد، ســـــینە نـــەرم و پان
گـــەردن درێـــژ و چەنـــــە کـــــورت و جـــــوان
کـــــەی گـــــەزۆ شـــــیرن وەکو دەمـــــی بـــوو
کـــەنگـــێ بـــەڕەزا وەک پـــەرچـــەمـــی بـــوو
مانـــگ لـــە ئاســـت هەنیـــەی شـــەرمەزار بـــۆوە
بـــرۆی دی هیـــــلال خـــۆی لەبیـــر چـــۆوە
جـــــەرگ دەبـــــڕیـــن تیـــری بـــــژانگـــی

دڵگــر بوو بســـکی، لــووس بــوو، لاجــانگــی
زەندی گــۆشـــتن و شـــووش و نـــەرم و نـــۆڵ
بــەلــەکــی خــڕ و پــڕ و ســـپی و ســـۆڵ
چـــەنـــەگــەی خــڕی وەکــو گــۆی زێــو بوو
بــەرخــەبــەبــەکەی وەک شــەکــرەســێو بــوو
خـــەڵفـــی شـــــۆڕەبی و مــــەنــدۆک و بیـــزا
لـــەبـــەر ئـــەو بـــاڵا بـــــەرزە دەفیـــــزا
نـــــاز و کریشـــــمە و لەنجـــــە و لارەکــەی
پـــــڕی کـــردبــوو هـــەمـــوو شــارەکــەی
جـــوانـــی وا کـــەم بـــوو لـــەســـــەر زەمـــینێ
کـــــەم دایـــــک کیـــژی وا جـــوان دەبینـــێ
لـــە شـــــارا هـــەچی هـــەبوون کـــوڕ و کـــاڵ
لـــــەدووی ئـــــەو شـــــۆخە ببوونـــــە عـــەوداڵ
لێیـــــان گرتبـــــوو گـــوێســوانە و ڕێبـــــاز
کڕیـــار گـــەلێکـــــە بـــۆ کـــڕینـــی نـــاز
وەک مانگـــــی جێـــــژن لێیـــــان دەڕوانـــــی
پێیـــــان هـــەڵـــدەگوت بـــەســـــتە و گـــۆرانـــی
بـــەڵام لـــە هەمـــوان داوخـــوازتـــر لاوێـــــک
بـــوو، کـــە نـــەدەژیـــا بـــەبـــێ ئـــەو تـــاوێک
گیـــرۆدەی کـــــردبـــوو بـــەبسـکی خـــــاوی
دێـــوانـــــەی کـــــردبوو بـــەســیلەی چـــاوی
ئـــــاوری ئـــــاوری لـــــە دڵ بـَــەردابـــــوو
نـــــازی وەرهـــــەمـــی پـــێ هـــەڵێنـــابوو
وەختابـــوو بمـــــرێ بـــۆ ماچـــی لێـــوی
یـــا وەکـــــو شـــــێتان ڕوو بـــکاتە کێـــوی

نەیمابوو هۆش و هەدادان و خەو
ئۆقرەی بڕابوو بەڕۆژ و بەشەو
قسەی دڵسۆز و دۆستی نەدەبیست
لە دنیای ڕووناک هەر ئەوی دەویست
لە دڵی بەربببوو ئاگری بێ ئامان
دەستی بەردابوو لە ماڵ و سامان
شێت و شەیدا بوو، هۆشی نەمابوو
ئاگای لە حاڵی خۆشی نەمابوو
شین وگریان و ڕۆڕۆ بوو پیشەی
هەر بیری ئەو بوو یادی هەمیشەی
ناهومێد نەبوو دەستی بەرنەدا
تا ئەو نازدارەی بۆ هاتە ڕەدا
بەهار بوو دیسان خەملی وەک بەهەشت
مێرگ و لاپاڵ و بەندەن و پێدەشت
کانی وەک دیدەی ئاواران پڕ جۆش
شنە وەک پشووی نازداران بۆنخۆش
گوڵ پشکووت، بلبل وەورینگە کەوت
کەو لەسەر ڕەوەز هەڵی گرت ڕەوت
مێلاقە بادەی ئاونگی دەمشت
شللێر فرمێسکی شادی هەڵدەڕشت
خونچە دایدڕی بەرۆکی کراس
لە خیز هاتە دەر چووزەڵە ڕێواس
بۆن و بەرامە و هەوای بەهاری
عیشق و هەوەس و مەستی لێ باری
بەهار کە بەزمی تەبیعەت گەرمە

دڵی نازداری بێ بەزەش نەرمە
بەڵێنی پێ دا کیژۆڵەی چاوجوان
لە دەری شاری بۆی بچێتە ژوان
لاوی دڵسووتاو گەیشت بەئاوات
کە ئەو نازدارەی بۆ لە ژوانێ هات
ئاوێزانی بوو، گرتی لە ئامێز
گووشی بەباهۆی مەردانەی بەهێز
ڕایمووسی لێوی شیرنتر لە قەند
لە دەستی هاڵاند کەزی وەک کەمەند
گووشی مەمکۆڵەی وەک زەردە لیمۆ
بڕا، لاکەوە، مەکە، ئەیەڕۆ
دەیانکرد یاری و دەسبازی و گەنگەڵ
یەکتریان دەگرت لە مێز و باخەڵ
درێژ دەبوون و هەڵدەستانەوە
لەناو شێنکەدا دەتلانەوە
لاوی تامەزرۆ، کیژی گەردن کێل
سوێسنە و بەیبوونیان دەکردن پێشێل
ڕێکتر دەکەوتن بۆ ئەم لا و ئەولا
قانەقەندیلەی یەکتریان دەدا
سێبەر شۆڕ ببوون، ئێوارە داهات
ئاخ لە خۆشیدا زوو ڕادەکا کات
هەرچەند لە دینی یەکتر تێر نەبوون
ناچار بوون هەستن بەرەوماڵ ببزوون
شل شل داگەڕان بۆ دەم ڕووباری
تا پێش تاریکان بچنەوە شاری

لەسەر کەندی چۆم ڕاوەستان تاوێ
کچ دیتی لەناو نێرینەی ئاوێ
چەپکە گوڵێکی وەکو پتی خوێن
گوتی ئای َجوانە! ئەوە گوڵی کوێن؟
بریا هی من با ئەو گوڵە سوورە
حەیفە کەوتە ناو ئەو شیت و شۆڕە
هێشتا قسەکەی نەکردبوو تەواو
کە دڵداری شێت خۆی خستە ناو ئاو
بە پەلەقاژە گوڵی هێنا دەست
هاویشتی بۆ لای کیژی دیدەمەست
گوتی ئەی یاری ژیکەڵە و ژیرم
هانێ گوڵەکەت مەکە لە بیرم
گێژاو لوولی دا، شەپۆڵ نوقمی کرد
خوڕێنی چۆمی کەلاکیشی برد
تۆماری ژینی کورتی پێچراوە
ئەو تەنیا ڕۆژە خۆشەی بۆ ماوە
ساردی کردەوە چۆمی سارد و سڕ
دڵی پڕ هەست و بلێسە و گڕ
کە ئەوەی بینی کیژی شەنگ و شۆڕ
لەوێ ڕانیشت و کردیە زیڕ و هۆڕ
قژی ڕنینەوە دای لە سینگی خۆی
بەرۆکی دڕی قوڕی پێوا بۆی
لەوێ هێند گریا هەتا بوو شەلاڵ
بە دارەمەیت بردیانەوە ماڵ
هەتا ماوەیەک دژ و وەڕەز بوو

کەم کەم دڵداری پێشووی لەبیر چوو
یەکی تری گرت لە کوڕانی شاری
سەرلەنوێ دەستی کرد بە دڵداری
ژین ڕاناوەستێ، هەوەس نامرێ
دڵداری لەگەڵ مردوو ناکرێ
زیندوو پێویستی بەهاودەم هەیە
بۆ مردوو مردن، هەر ئەفسانەیە
تا خوێن ببزوێ، تەزووی بێ، هەوەس
بێ جووت دژوارە بۆ گشت کەس
کە ویستت دڵی جوانێک ڕابگری
دەبێ بۆی بژی، نابێ بۆی بمری
ژن پیاوی دەوێ، پیاو دەیەوێ ژن
هەزارانی واش بێ سەروشوێن بن
بۆ ژین پێویستە لەشی گەرم و گوڕ
نەک ئاڵا و کێل و گڵکۆ و بەرد و قوڕ
لە یەسکی ڕزیو وەرناگیرێ کاو
بێ کاو دژوارە ژینی ژن و پیاو
تێ نەگەیشتبوو دڵداری بێ هۆش
کە کچ زوو کوڕان دەکەن فەرامۆش
هیچ کەس بەو کارە نالێ ئازایی
خۆ بەکوشت بدا پیاو بەخۆڕایی
خۆی بەئاو دادا بۆ هەوەسێ چووک
پێی وابێ پاش ئەو کچ نابێ بەبووک
کەسێک دەیەوێ قەت نەکرێ لە بیر
ناوی لاپەڕەی مێژوو بکا داگیر

خــەڵــک بــەمەردی و ئــازایــی و پیــاوی
هــەتــا هــەتــایــە هــەر بــەرن نــاوی
ببــێ بــەمــایــەی ســەربــەرزی کــۆمــەڵ
بــۆی دروســت بکــەن پــاش مــردن کــۆتــەڵ
لــە ڕیــزی گــــەوران نــاوی بنـــووســرێ
ســەت شــێعری بــاشــی پــێ هەڵبگوترێ
جێــی شــانازی بــێ بــۆ نــەتـــەوەی خــۆی
گــۆڕی مــەزار بــێ، کڕنــووش بــەرن بــۆی
خــۆ فیــدا بــکا بــۆ گـــەل و خاکــی
نـــاوی نــەمــرە بــەپــاکی و چــاکــی

١٩٧٣/١٠/٦

***

یادم بکەن

لەو دەمەیدا پیاڵە دەدرێن لە پیاڵە
لەو دەمەیەدا لێوتان بە بادە ئاڵە
لەو دەمەیدا کۆڕی شادی دەبەستن
لەو دەمەیدا سەرخۆش و مەستن
لەو دەمەیدا کە دەگرن باز و دەوران
لەو دەمەیدا دەس دەگێڕن لە بەروان
لەو دەمەیدا دەس لە بەژنان وەردێنن
لەو دەمەیدا بەرکۆژە دەترازێنن
لەو دەمەیدا گەڕی ڕەشبەڵەک گەرمە
لەو دەمەیدا دەکوشن کام پەنجە نەرمە
لەو دەمەیدا دۆ دەکەونە خۆڕانان
لەو دەمەیدا کە دەکوشن گوڵمەی ڕانان
لەو دەمەیدا تامەزرۆن لە جێژوانان
لەو دەمەیدا بەخۆوە دەکۆشن جوانان
لەو دەمەیدا گڕ دەگرێ مەیل و تاسە
لەو دەمەیدا تێک هەڵدەنگون هەناسە
لەو دەمەیدا کە دەمژن شەکرە لێوان

لــەو دەمـــــــەیــدا نەبــێ لــەمپــەر و نێـــوان
لــەو دەمـــــــەیــدا پــۆڵــی بێریــان ڕادەبـــرن
لــەو دەمـــــــەیــدا کیــژ چاوتــان لــێ دادەگرن
لــەو دەمـــــــەیَـدا گــوێ هەڵدەخــەن بــۆ تارێ
لــەو دەمـــــــەیــدا (مامـلــێ) دەڵــێ قەتــارێ
یــادم بکـــــەن، یــادی منـــــی دوور وڵات
یــادی منـــی ڕێبــواری ڕێــگای خەبــات
یــادی منـــی بــێ بــەش لە خۆشــی و شــادی
یــادی منـــی ســـەوداســـەری ئـــازادی

١٩٧٣/١١/٢

***

دەسکەوتی خەبات

نە بلوێرژەن دەتووڕێنێ لە بلوێر
نە شۆڕەژن ورینگەی دێ لەبەر بێر
نە نارەناری کیژی مەشکەژێنە
نە سیرەسیری شمقاڕ و شەهێنە
نە بۆڕە بۆڕی مانگای تازە زاوە
نە شڵقەشڵقی مەشکەی نیوەژاوە
نە فیتە فیتی شوان و کاڕەیی مەڕ
نە باللۆرەی کچی چاوەمەست و دڵتەڕ
نە ئۆحە ئۆحەکەی گاوانی باسک
نە بگرە بەردەکەی کابانی ناسک
نە کۆڕەژنی حدوودی سووکە سواران
نە خرمژنی هەیاسەی گوێ بەگواران
نە قاڕەی سی و چریکەی باز و پەرکوور
نە دەنگی ئاسمانی و شادیی شالوور
نە گرمەی هەور و هاژەی ڕێژنە باران
نە سروەی با و شنەی سوورە چناران
کەوی کێوی نە قاسپەی ما نە سیرە

بەرەو گەرمێن فڕیوە زەردەزیڕە
لە هێلانەی خزی و بێ دەنگە سێروو
دەڵێی خۆشخوانی کوردە و نیەتی ئێروو
گوڵاڵە وَ سوێسنە و خار و کەنێرە
هەموو پرزەن، زەمان کردوونی گێرە
نەماوە ڕەنگ و بۆی بەیبوونی نواڵە
کرانە گزرە مێژوەرد و هەڵاڵە
پەڕیوە سوورگوڵ و پێ خوستە سونبوڵ
ڕزیوە نووسەکە و خاو بۆوە پێکوڵ
کرانە دەستەچیلە لاسکە گۆگەم
خەزانە و جوانی ناوێری بڵێ هەم
کەما و مەندۆک و هەڵز و لۆ پەڕیون
لە ترسی با لەناو قوولکە وپەسیون
لە باخ و چڕ ئەوی دار و درەختە
هەموو زەردن لە ترسی هێرشی شەختە
چەمەن کاڵ بۆتەوە ڕوخساری ئاڵی
لەسەر گۆنەی وەلاچوو دەنکە خاڵی
«گوڵ و حاجیلەکانی دەشتی هاموون»
بەجارێکی بەتاڵانی خەزان چوون
مەلای گوندە چیا، نەک شێخی ورگن
هەیەتی مێزەرێکی بۆر و چڵکن
کەوا سەوزی لەبەر داماڵدراوە
سیواک و تەیلەسانیشی نەماوە
چ بێ نازن، هەوارگەی خۆش و زەنوێر
چ نازن چیا و لاپاڵ و هەڵدێر

خەزانە بێ بەزە و ناخۆش و تووشە
مژە و زوقمە و کەڕەسیسە و پرووشە
لە کوێستانی نەماوە خێر و خۆشی
تەبیعەت هەر بینا کفنیشی پۆشی
ئیتر کەس ناگرێ داوێنی کێوان
لە جێیان باری خەم نیشتووە لە لێوان
بەڵام بنواڕە ئەورۆ شارەکەی کۆ
«قوبەی کشمیری دا بەر شەق وەکو گۆ»
ئەوا پڕ بوو لە خۆشی و کامەرانی
بەهاری شامە ئەییامی خەزانی
دەر و دیواری شادی لێ دەباری
خەزانی خۆشەویستە وەک بەهاری
قریوە و داوەت و چۆپی و سەمایە
گەپ و گاڵتە و زەماوەند و هەرایە
تریقە و پێکەنینە و چەپڵەڕێزان
هەموو بەشداری بەزمن خاو وخێزان
هەموو چاوێک گەشە، گشت کوڵمە سوورە
کەسەر لەو شارە بێ ئازارە دوورە
دەبینی تۆ ئەگەر چاوێک بگێڕی
کچی وەک دوڕ، کوڕی جوانتر لە زێڕی
کە دەچنە داوەتێ سەرمەست و دڵخۆش
فرێ دراوە پەچە و ڕووبەند و سەرپۆش
هەڵە هەڵکەوتووە بۆ کیژ و لاوان
نییە ئەورۆکە باخی سینە پاوان
چلۆن ئەورۆ نەبێتە ڕۆژی جێژن؟

چلۆن خەڵكی كوڵ و كۆیان نەڕێژن؟
لەلای ئازادیخواز و كوردی دڵسۆز
بەڕێزتر بۆ نەبێ ئەوڕۆ لە نەورۆز؟
كە پاش ئەو ڕەنج و دەرد و كفتوكۆیە
دەبینن كۆتەڵی (حاجی) لە كۆیە
دەبینن كۆتەڵی شاسواری كۆیە
كە ڕۆژێكی بەپێیان لێرە ڕۆیی
چلۆن بۆ سورمە نابێ خاكی شارێك
كە حاجی پێی لەسەر دانابێ جارێك

***

ئەوە كۆتەڵ نییە ڕەمزی نەجاتە
ئەوە دەسكەوتی چەند ساڵەی خەباتە
ئەوە ڕووگەی هەموو كوردێكی پاكە
ئەوە جێگای نیازە، پیرە چاكە
بوتی ساحەب دڵانی دڵ بەسۆیە
كە ئەوڕۆ پێی دەنازێ شاری كۆیە

***

سڵاو ئەی حاجی ئەی ڕۆڵەی زەمانە!
لە سایەی تۆوە هەرچێكی هەمانە
هەموو ژینت لە ڕێی گەلدا بەخت كرد
هەتا ڕێگای خەباتت بۆ تەخت كرد
گەلێكت دی غەریبی و تاڵ و سوێری
نەبوو ساتێ لە خزمەت خۆ ببوێری
بەگژ بێگانە و خۆمانەدا چووی
لەگژ دێوەزمە و دێوانەڕا چووی

نەترسای و نەخەجلای و نەلەرزی
چ مەشهووری، چ ڕووسووری، چ بەرزی
هەموو شاگردی تۆن شیرن کەلامان
لە تۆ فێر بوون خەبات قازی و مەلامان
بەدەنگی تۆ خەواڵوو ڕاپەڕیون
لە ترسی تۆیە دوژمن داپەڕیون
گەرای ئەفکاری تۆیە باڵی گرتن
کەوا ڕۆڵەی گەلت سەریاڵی گرتن
بەئازایی، بەزانایی، بەوردی
چەکت دا دەستی شۆڕشگێڕی کوردی
پەڕی دیوانەکەت گەنجە و خەزێنە
وشەی شیرینی تۆ دوژمن تەزێنە
هەموو پەندن قسەی سووک و دزێوت
وەکو باڵی پەری پاکە جنێوت
بەنرخە، تازەیە، بەرزە، بەهێزە
ئەوەی فەرمووت لە بارەی پیاوی دێزە
«ئەگەر کوردێک قسەی بابی نەزانی
موحەقەق دایکی حیزە و بابی زانی»
کە شێعری تۆ بزاوتی هەستی هەستان
هەموو سەوداسەری سەربەستی هەستان
لە کوردستان گەلێک شۆڕش بەرپا بوون
کوڕی کوردی بەگژ بێگانەدا چوون
لەمێژساڵە دەڕێژن ئارەق و خوێن
بەڵام داخی گرانم هێشتە لە کوێن؟
ئەوێستاش دەردەکورد نەکرا عیلاجی

ئەوێستاش کوردی کۆیلە ماوە حاجی
گەلی کوردت نەبوو هێشتا نەجاتی
بەخوێنی لاوەکان سوورە وڵاتی
ئەوێستاش دوژمنی لاسار و بەدفەڕ
دەکووژێ کوردی بێ تاوان و لاشەڕ
ئەوێستاش هەر دەمانکەن تیرەباران
دەنەخشێنن بەخوێن کۆڵانی شاران
ئەوێستاش پڕپڕن زیندان لە لاوان
بەغەیری وەی کە کوردن نیانە تاوان
ئەوێستاش گۆڕ غەریب زۆرن وەکو تۆ
ئەوێستاش بێ نەسیب زۆرن وەکو تۆ
ئەوێستاش بێ کەس و دوورە وەتەن هەن
ئەوێستاش شاعیری پیر و ڕەبەن هەن
ئەوێستاش شێعری وردی کوردی دەدڕن
زمانی شاعیرانی چاکی دەبڕن

***

بەڵام تۆ دڵنیابە پیری زانا!
بناغێکی وەهات بۆ کوردی دانا
ئیتر سەنگەر بەتاڵکردن مەحاڵە
ئیتر کورد و بەزین خەون و خەیاڵە

بەرەبەیانی - ١٩٧٣/١١/٢٦

***

شەوگاری تەنیایی

هــەتــا نێڵــەی نەیــە ئاورگــی دڵ، چــەم پــڕ لە نــەم نابێ
هــەتــا نــەم دانەبــارێ تینــی ئــەم ئاورگــە کــەم نابــێ
لەنــاو ئاورینــگ و ئاونــگا شــەوم ڕادەبــڕێ بــێ هەمــدەم
بەڵــێ شــەوگاری تەنیایــی بەبــێ فرمێســک و خــەم نابــێ
ســتەمکاری منــی دوور خســــتەوە لــەو یــارە شــــیرینەم
ئیتــــر مــــن چۆن ڕقــی زۆرم لە ئــــازار و ســــتەم نــابــێ؟
ئــــەوی ســـەربەرزە لــــەم وێرانــەدا تووشــــی خــــەم و دەردە
چیــای ســـەرکەش ببینــە قەت ســـەری بێ هــەور و تــەم نابێ
لەنــــاو دەریــای خــەیــاڵم دیمەوە مــن گــەوهــەری نــایــاب
هەمــە گــەوهەر، ئیتــــر چــاوم لــــە دینــــار و درەم نابــێ
وەرە نــاو باوەشــــی گــەرم و گــــوڕ و پڕ تاســە و مــەیلم
ڕەدیفیــــش تێــک بچــێ پێم خۆشــە من دەســتم لە مــەم دابێ
وەرە بــا هەڵمــژم ئــەو لێــوە شــیرینە بــە کەیفــی خــۆم
لەپــاش ئــەو تاڵییــە بــا مــن دەمێــک شــەکرم لــە دەم نابێ
پەلــەت بــێ، چاوەڕێتــم، زوو وەرە، بــەس خــۆت بخافڵێنــە
هــەزار جــار هێمنیــش بــم بــۆ ویســاڵت چــۆن پەلــەم نابێ؟

١٩٧٤/١/١٤

شەوی شاعیر

بابـــە تاهیـر! منیـــش دەڵێـــم وەک تـۆ
«ئـاخ لـەدەس دیـدە، وای لـەچـەنگی دڵ»
دڵـی جوانـی پەرسـت و چـاوی هـەوەس
شـــەو هــەتا ڕۆژ بــەمــن دەدەن گیـنگڵ

***

کــێ دەزانــێ بــەشــەو لــە مــن چ دەکا
ئـەو خـەیـاڵە پـەشـێو و ئـاڵـۆزەم؟
کـێ دەزانێ کـە چیـم بـەسـەر دێنـێ
ئــەو دڵــە پـڕ بڵێســـە و ســـۆزەم؟

***

کـــێ دەزانـــێ چلـــۆن بـەیـان دادێ
لە منـــی شـــێت و شـــاعیری دڵتـەڕ؟
کـــێ دەزانـــێ خـەیاڵـــی بـن لێفـەم
چـۆن بەســـەر کەوشـەنا دەکـا شـەوپـەڕ؟

***

ئـــەرێ ئـــەی بـەدری ئاسـمانی جـەمـاڵ
هیـــچ دەزانـــی چلۆنـــە حاڵـــی من؟

شەو هەتا ڕۆژ لە کونجی تەنیایی
وەک هیلال ئاوەڵایە باڵی من؟

***

گیانە! هێشتاکە دانەمرکاوە
ئاگری عیشقی توند و سەرکەشی من
لەشی گەرم و گوڕی دەوێ هەر شەو
بۆیە وا ئاوەڵایە باوەشی من

***

لێوی وشک و بەباری من دەیەوێ
هەڵمژێ لێوی گۆشتن و ئاڵت
دەستی سارد و تەزیوی من دەیەوێ
بیکوشێ مەمکی وەک بەهێی کاڵت

***

دەمەوێ بەو سمێڵە زوورانەم
ئارەقی سینگ و باخەڵت بسڕم
دەمەوێ بسکە نەرمەکەت بگرم
دەمەوێ چاو لە چاوەکەت ببڕم

***

دەمەوێ گوێم لە دەنگی نەرمت بێ
دەمەوێ هەست بکەم هەناسەی تۆ
دەمەوێ من بگەم بەکاوی دڵ
دەمەوێ دابمرکێ تاسەی تۆ

***

دەمەوێ هیممەت و هومێدی من
ئەتڵەسی ناهومێدی دابدڕێ

دەمـــەوێ پـــەنجـــەکەت بـەئـەسـپایی
تـۆزی غـــوربـــەت لـــە ڕوومـــەتم بســـڕێ

***

ئــەی هومێدَ ئـــەی ڕەفیقـــی دێـــرینـــەم
تـــۆ نـــەبـــی کێـــم هەیـــە منـــی بێکـــەس؟
گـــەر هەمـــوولا لـــە مـــن بهـــارووژێ
نابـــەزم تـــۆم لەگـــەڵ بمێنـــێ و بـــەس

***

تـــۆم هەبـــی ئـــەو شـــەوانـــە ڕادەبـــرن
تـــۆم هەبـــی دوایـــی دێ بـــەڕۆژی ڕەش
تـــۆم هەبـــی هـــەر دەگـــەم بـەئـامـانجـم
تـــۆم هەبـــی ئـــەو دەگـــرمـــەوە بـاوەش

١٩٧٤/١/٢٥

***

بناری هەڵگورد

لە خەودا دیم لەسەر هەڵگورد
لەسەر چیای سەرکەشی کورد
ماندوو، خەستە، شەکەت، کەفت
لەسەر تەختێکی زڕ کەفت
لەبن لێفەی ئەتڵەسی سوور
لەسەر دۆشەگێکی ئەستوور
بۆ حەسانەوە درێژ ببووم
بەبۆنی گوڵان گێژ ببووم
کەوی گرتبووی دەوروبەرم
غورڕەکەو بوو لەبن سەرم
شنە کاکۆڵی دەبزاوتم
گزنگ ڕوومەتی دەنگاوتم
لە فریشتان بەرزتر بوو جێم
هەور دەڕەوێن لەبەر پێم
هەوایەکەم هەڵدەمژی
کورد و کەودەری پێ دەژی
گەیبوومە پۆپەی ئاواتم

لێم دیار بوو هەموو وڵاتم
وڵاتی باب و باپیرم
جێی هەڵدانی خۆم و بیرم
وڵاتیِ جوان و دڵگرم
هەزار جاری دەبەر مرم
وڵاتی ڕەنگین و نەخشین
وڵاتی سوور و سپی و شین
خێری خودا، باخی بەهەشت
کوێستان و بەندەن و پێدەشت
تەلان، گەوە، بانوو، بستوو
کانی، زنە، رنوو، پزوو
مێرک، نواڵە، دەریا، ڕووبار
نەرمان، هەڵەمووت، لێرەوار
ئاوهەڵدێر، خوڕێن، گۆمی مەند
کێڵگە، بەیار، بژوێن، زەمەند
جێ جێ کۆدە، جێ جێ ڕووتەن
جێ جێ چێنگ، جێ جێ ڕەقەن
جێ جێ ئاوگر، جێ جێ شۆنە
جێ جێ شوورە و قەڵاکۆنە
کوردستانی بەخێر و بێر
«پێی ڕوون دەبۆوە چاوی کوێر»

***

پۆلێکی پەری شل و مل
بەرموور و ملوانکە لە مل
برژانک درێژ و چاو بەکل

شان بەکۆڵوانە شەدە شل
ناسک و نازدار و شۆخ و شەنگ
تەنک و شلک و جوان و چەلەنگ
بەژن باریک و خڕ و پڕ
سەری کولمەیان دەیدا گڕ
نەشمیل، ڕەزا سووک، نازەنین
لەبەر دڵان و خوێن شیرن
چاویان مەست و پڕ شەرم بوو
بسکیان ئاوریشمی نەرم بوو
لەشیان بەتین و گەرم بوو
باسکیان سەرینی سەرم بوو

***

یەکێک خۆی لەباڵ دەخزاندم
یەک یەخەی بۆ دەترازاندم
یەک بەناز خۆی ڕێ دەخستم
یەک مەمکی دەنا لە مستم
یەک دەیشێلام ئارام ئارام
یەک قانە قدیلەی دەدام
یەک بۆی دەگوتم گۆرانی
بەچریکەی خۆشی ئاسمانی
یەکێک سەمای بۆ دەکردم
یەک دەستی لەستۆ دەکردم
یەک بەبالۆران دەیدواندم
یەک بەسپایی ڕایدەژاندم

***

لەو خەوەدا هێشتا لاو بووم
هێشتا بەنموود و بەرچاو بووم
هێشتا مابوو گوڕ و هێزم
هێشتا هەمبوو باهۆی قەوی
ڕەوەکم دەکردن کەوی
لە جێژوانی خۆم ڕادەگرت
مێزم بەبزۆزاندا دەگرت
هێشتا پێم دەکرا دەسبازی
گراویم دەکردن ڕازی
هێشتا کەنفت و پیر نەبووم
«لە باڵ جوانانـدا تیر نەبووم»

***

دڵتەڕ و جوانی پەرست بووم
شاعیرێکی خاوەن هەست بووم
هێشتا دوور نەبووم لە هەڵگورد
کیژم دەهاتن لە شەوگورد
لەپڕ لەو خەوە ڕاچەنیم
بەحاڵی زارم پێکەنیم
لە نێو ماڵێکی بێ ژندا
لە بن لێفێکی چڵکندا
لەسەر تەختێکی ڕەق و تەق
سەرتاپام شەلاڵی ئارەق
پیر و کەنەفتت و کەلەلا
هەموو لەشم هەلا هەلا
پشتم ڕەق و باسکم تەزیو

پێم نەدەکرا ئەم دیو ئەودیو
کز و گۆد و سڕ و بێ ناز
پێچم دەدا وەک مارانگاز
تازە کوا خەو دەمباتەوە؟!
هەستام وەبیرم هاتەوە
ئاوارەم و دوورە وەتەن
بێ تەماڵ و سەڵت و ڕەبەن
سەرم وڕە و گیانم دێشێ
کەس نییە نازم بکێشێ
چم کردووە بۆ وام بەسەر هات؟
بۆچی تەرە بووم لە وڵات؟
بۆ هێلانەم لێ شێواوە؟
ئەو هەموو ڕێگەم پێواوە؟
بۆ لە خۆشی دوورە بەشم؟
بۆ ئەوەندە چارەڕەشم؟
چییە گوناه و تاوانم
تەریدەم؟ جەردەی کاروانم؟
پیاوکوژم؟ ڕێگرم؟ دزم؟
بۆ دوورم لە کەس و خزم؟
تاوانم ئەوەیە کوردم
خەڵکی بناری هەڵگوردم
بەو هەوایە پەروەردە بووم
بۆیە تووشی ئەم دەردە بووم
کۆیلەتیم بەلاوە نەنگە
بۆیە وڵاتم پێ تەنگە

دەڵێم مافی خۆمم دەنێ
ڕەپێم دەنێ بۆ بەندەنێ
دەڵێم ئینسانم، بەشەرم
ئەو پەندە دێنێ بەسەرم

***

بەڵام هەڵگوردە و نانەوێ
بەڵام کوردە و مافی دەوێ
هەزاری وەکو من بمرێ
دەست لە خەبات هەڵناگرێ
زۆر کەسی وەک من نەمێنێ
ئەو مافی ڕەوای دەستێنێ

٥٢/١٢/١

***

پەیامی ڕانەگەیەنراو

پــەیامـــــی مـــن بـــەگوێــی ئـــەم دڵبـــــەرە نــــازدارە ڕانـــاگا
نەســیم بــێ ســــیم دەبینــێ، شــل دەبــێ، بــەم کارە ڕانـــاگا
گـــوتـــی ســـەبرت هـــەبــێ دووبـــارە دێمـــەوە دیتنــت ئەمـــا
لــە کــورتــی دا تــەمــەن، وا دیـــارە بــەو کـــارە ڕانـــاگا
وەکــو پــەروانــە دەوری لـــێ دەدەن لاوانــــی خـــۆولاتـــی
گـــوڵـــی ئێـــرە بـــەژوانــی بـــولبـــولـــی ئـاوارە ڕانـــاگا
نــەخـــۆش و دەردەدار و دڵ بـــرینـــــدارم، پـــەرســـتارێک
بـــەحـــاڵـــی ئـــەم دڵـــە پـــڕ ژان و پـــڕ ئـازارە ڕانـــاگا
دەکـــەی ماچـــی دەم و لێـــوان ئەگـــەر هێـــز و گوڕێکـــت بـــێ
دەنـا جوانێـــــک بـــەدەردی عـــاشـــقی بـــێ چـارە ڕانـــاگا
هـــەتـــا کـــۆمتـــر دەبـــێ پشـــتم پتـــر هەڵدەکشـــێ مینـــی ژوپ
ئیتـــــر دەســـــتم بەداوێنـــــی کچـــــی ئـــەم شـارە ڕانـــاگا
دەبـــێ بولبـــول لـــە مـــن فێربـــێ غـــەزەل خوێنـــی، بـــەڵام چبکـــەم
گرفتــــارم، چریکـــــەم بـــەو گـــوڵ و گـــوڵـــزارە ڕانـــاگا

١٣٥٣-٣-٢١

وردەواڵە

دڵی شاعیر

دڵـــی شـــاعیر وەکـــو ئاوێنـــە دەچـــێ
گـــوڵـەکـەم! تـــۆ دڵــەکـەم مـــەشـــکێنە
ڕاســـــتە زۆر ناســـــکە، ئەممـــا کــە شـــکا
وەکـــــو خـــەنجــــەر دەبـــــڕێ ئاوێنـــــە

***

تەرجەمە لە ئەنوەریەوە

هـــــەر بەڵایـــــەک لـــە ئاســـــمانەوە بـــێ
بـــا لەوێشـــــڕا نـــەهاتبـــێ بـــــۆ مـــن
کـــــە گـــــەیشـــتە زەوی دەکـــا پرســـــیار
ئـــەرێ لـــە کوێیـــە ماڵـــی مـــام هێمـــن؟

بۆ چەم

ئـەی خـودای گـەورە! خالیقـی بـێ چـوون
ئـەی ئـەوەی دات بەئێمـە زار و قـوون
یـا ئـەوان بگـرە یـا بکـە تێـرم
تێـر نەبـم بـۆ چەمـن سـەر و ژێـرم

***

بۆ کچە کوردێک

کچـە کـوردێکـی نەشـمیل و لەبـاری
بـەوەی نییـە ماوەیێکـە چوویە شـاری
ئەگـەر پێـت خۆشـە هـەروا بتپەرسـتم
نەکـەی لادەی لـە دابـی کـوردەواری

***

پەری ئازادی

شـــــینم گـــەلێـــک گێـــــڕا و شـــادیـــم کـــەم دیـــوە
خـــۆشـــی دەڵێـــن هـــەیـــە، بـــــەڵام نـــەمـــدیـــوە
هـــەڵـــوەدا بـــووم لــــە دووی پـــــەری ئـــازادی
تـــووشـــی نـــەبـــووم نـــــە لــەودیـــو نــە لــەمــدیــوە

***

بۆ خانمی لازار

ژیـــانـــی دوویـــارە دەبـــەخشـــیەوە بـــەمـــردووی عیشـــقت
تـــۆ مـــەســیحا نـــەفـــەســی خـــۆزگـــە منیـــش لازار بـــام

دیلی دیل

ئەسیری بسکی ئاڵۆزی کچە کوردێکی نەشمیلم
تەماشا کەن چ سەیرێکە بەدەستی دیلەوە دیلم

***

شنە

شنە نەبزێوی سەری بسکی ڕەشی
کە لەسەر ڕوومەتی ئارامی گرت
گوێ مەدە ئەو قسە کۆنەی کە دەڵێ
لەشکری کافرە ئیسلامی گرت

***

بۆ ئاغای لبادی دارایی

بـــە لبـــاد دەبـــڕێ ســـەری پیـاوی لبـادیـــە کــوێــرە
یاڕەبــی کـــەس نــەخــەیــە داوی لبادیـــــە کــوێــرە
ئـــەی ئــەوەی شـــاخ بـــەکـــەر و بـــاڵ بــەپشـــیلە نـــادەی
بـــۆچـــێ ســـــۆمایی هـــەیــە چـاوی لبـادیـــە کوێرە؟

***

ڕقی پیرۆز

دەمگـــــرێ، ئـــەمـمــا لـــەگـــرتووخانـــە ڕق ئەســـــتوور تـــرم
لێـــــم دەدا، ئەمـمــــا لــــەســــەر داوا ڕەواکـــەم ســــوور تـــرم
دەمکـــــوژێ، ئەمـمــــا بەگـــــژ جــــەللادەکـــــەم دا دێمـــــەوە
کـــــوردم و نـــــاتـــــوێمـــەوە، نـــــاتـــــوێمـــەوە، ناتوێمـــەوە

١٩٧٤/١٣٥٣

ناڵەی جودایی

پێشەکی

محەمەدی مەلا کەریم

وەنەبێ هەر کەســێ پێشەکیی بۆ کاری کەسێکی تر نووسی، ئەوە وا بگەیەنێ خاوەن کارەکە کەسێکی نەناسراوە، یا هیچ نەبێ پێشەکی نووسەکە لەو ناسراوترە. ئەگەر وا بوایە، نە ئەبوو کەس پێشەکی بۆ کاری شاعیرێکی وەک کاک هێمن بنووسێ. ئەگینا کێ بێ لەناو کوردی ئەم عێراقەدا، ئەگەر هێمنیش نەناسێ، هیچ نەبێ شێعری نەخوێندبێتەوە یا ناوبانگی نەبیستبێ! ئەگەر تا پێنج شەش ساڵ لەمەوبەر تەنها کەم و بێشێکمان هێمنمان ناسیبێ یــا بڵێین ناویمان بەرگوێ کەوتبێ، ئەوا لەم ســاڵانەی دواییدا کە لەلایەکەوە هێمن خۆی ڕاستەوخۆ ڕووبەڕووی خەڵکەکە بووەتەوە و لە لایەکی کەشەوە تەوژمی هەستی ئەدەبدۆستی و بەشداربوون لە کۆڕ و دیداری ئەدەبیدا، وەک بارانی پەڵە، دێبەری دڵ و دەروونی هەزاران لاوی تازە هەڵچووی ئەمڕۆ و، جێگای ئاوات و متمانەی سۆزمانی ئاوداوە، مەگەر ئەوەی بۆی ڕێ نەکەوتبێ و هەل مەودای نەدابێ، ئەگینا کەسێکی ئەوتۆ نەماوە، بەجۆرێ بەبینین، یا بەگوێ لێبوون، یا بەبەرهەم خوێندنەوە، لەگەڵ هێمن نەبووبێ بەئاشنا.

لەگەڵ ئەوەشــدا کە هێمن ئەوەیە باســم کرد، وا من بۆخۆمی ڕەوا ئەبینم پێشکەشی خوێندەوارانــی بکەم و ڕێگای خۆم ئەدەم بەناوی پێشــەکی نووســینەوە بۆ ئەم کۆمەڵە شێعرەی ئەم چەند ساڵی دواییەی، لاپەڕە پێشووەکانی ئەم دەفتەرەی بەم چەند ڕستەیە ڕەش بکەمەوە.

بەر لە هەرچی، حەز ئەکەم ئەوەی چەند جار بە هێمن خۆیم وتووە بەئێوەشی بڵێم: لەناو ئەوانەدا کە پەخشانیش و شێعریش ئەنووسن و من هەردوو جۆرە بەرهەمەکەیانم خوێندووەتەوە، لە عەرەبدا نەزار قەببانی و لە کورددا هێمن، من پەخشانیانم لە شێعریان لا دڵگیرترە. ئاواتم ئەوەبوو کاری سەرەکیی هێمن پەخشان نوسین بوایە لەجیاتیی شێعر وتن. ڕەنگبێ هێمن خۆی هێشتا بایەخی پەخشانی خۆی بەتەواوی نەزانێ... ئەگەر وایە دەسا با بەچاوی مشتەری پێشەکی (تاریک و ڕوون) هـ کەی خۆی، پێشەکییەکەی بۆ (تحفەی مظفریە)، سەرەتاکەی بۆ (قەڵای دمدم)ەکەی عەرەبی شەمۆ کە مەلا شوکر هێناویەتە سەر دیالێکتی لای خۆمان، بخوێنێتەوە.

بەڵام، با کەس وا نەزانێ من مەبەستم لەم ڕایەم ناڕەزاییە لە شێعری هێمن، ڕاستەکەی هێمن شێعری ناسکی زۆرە کە لە دڵدا جێگای شایانی خۆی ئەگرێ. دەردەکە لە شێعری هێمندا نییە ئەوەندەی لەو دەورەدایە کە پاشکەوتوویی و نەخوێندەواریی کۆمەڵی کوردەواری خستوویەتە ئەستۆی شێعر و هێمنیش وەک شاعیری بەشێکی هەرە پاش خراوی کۆمەڵەیەکی پاشکەوتوو دەستەویەخەی وەستاوە.

من لام وایە لە بناخەدا ئەرکی شێعر قسەکردنە لەگەڵ سروشت، لەگەڵ جوانی، لەگەڵ ئافرەت، لەگەڵ دەروون، لەگەڵ هەستی بەرز و خاوێنی مرۆڤایەتی... ئەبێ لەم ڕێگایانەشەوە بۆ بابەتەکانی تری ژیان بچێ و ببێ بەچەکی خەبات... بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا ئەڵێی چی! مۆسیقاوییەتیی شێعر لە لایەکەوە و نەخوێندەواریی کۆمەڵ لەلایەکی کەوە و نەبوونی چەکێکی تری ڕاگەیاندنیش سەرباری هەمووی، لە هەموو کۆمەڵەیەکی پاشکەوتوو، بەوێنە لە کوردستانەکەی ئێمەشدا، شێعری کردووە بەداردەست و پێپیلکەی پیاوی ئایین بۆ خەڵک فێرە تارەتگرتن و دەستنوێژ شتن کردن... کردوویەتی بەکتێب بۆ مەلا بۆ نەحو و سەرف و مەنتیق و بەلاغە و تەجوید و فەرایز وتنەوە بەفەقێ... بەپەندی پێشینان بۆ قسەی نەستەق و فەلسەفەی کۆمەڵایەتی بەخەڵک گەیاندن... بە ڕۆژنامە و بەیاننامەی نهێنی بۆ وریاکردنەوەی جەماوەر و ورووژاندنیان بۆ ناو کۆڕی خەبات... تەنانەت بەفەرهەنگیش بۆ فێرکردنی زمانی بێگانە بەمنداڵان.

کە ئەمە هەموو ئەرکی سەرشانی شۆڕەکچی ناو پەنجەرە و دوودەریی باڵەخانەی بەرزی شێعر بێ، ئیتر چۆن نایەتە خوارەوە بۆ کۆڕی ڕەنجکێشان، بۆ کوندە و گۆزەهەڵگرتنی سەر کانی... بۆ دروێنە و گێرە و کێشەی سەر دەغڵی بەرخۆری دوا بەهار و سەرەتای هاوین... بۆ گوڵۆچنیی سەر خەرمان لەگەڵ بێوەژنی کۆشێ هەتیو بەسەراکەوتوو... بۆ گسکدانی بن دارتوو و تووچنینەوەی ناو باخەکانی جارانی هەورامان... بۆ کۆڵەدار

هەڵگرتنی زســتانان بەپێی پێخاوس و لەناو بەفرا... کە ئەمە ئەرکی سەرشــانی شیعری کۆمەڵەی کوردەواری بێ، دیارە ئەبێ هێمنی شاعیر و دەیان کەسی وەک هێمنیش بەشێ لەم ئەرکەیان بکەوێتە ئەســتۆ و شیعریان لەژێر ئەم بارە قورسەدا بناڵێنێ... پێڵاو پێ و پێ بکا، کۆڵی لاســەنگ بێ... تایەکی باری قورس و ئەو تاکەی ســووک بێ... دەرگای لە گرێژەنە بچێ!

شێعر ئەبوو تاوە بارانێک بێ پەڵە هەورێکی بەهار یا سەرپەڵە لەلاوە، بای ئیلهامەکەی لەگەڵ گرمە و برووسکەی دەروونی شاعیردا ڕاپێچ بکا و پارچە زەویی دەروونی شاعیرەکەی پێ ئاوڕشــێن بکا، تا نێرگسی تەڕ و پاراوی شــێعرێکی پڕ هەست و عاتیفەی پێ بڕوێ، بۆ ئەوەی شــێعرێکی ڕاســتەقینە بێ، بشێ پێی بڵێن شــێعر... ئەگینا ئەگەر وەک چۆن باخەوانێکی شارەوانییەکان، نەک باخەوانی ڕاستەقینە کە بە کۆڵ خۆڵی هێناوە و ڕەقەنی هەورامانــی پێ کردووە بەتەڵان و نەمامی تیا ناشــتووە و پێ گەیاندووە، ســۆندەیەکی لاســتیک بگرێ بەدەســتەوە و بەلووعەیەک بکاتەوە و بن دارێک ئــاو بدا و چڵ و پۆپی تۆزاویی گوڵێک بشــواتەوە، شــاعیریش هەروا، هەر کاتێ پێویستی پێ بوو، دەس بەرێ بەلووعەی (بەهرە)ی بکاتەوە و پارچە شــێعرێک بەبۆنەیەکەوە بنووســێ، ئەوە بەپێودانی فەرهەنگی ڕاستەقینەی شێعر نەوتووە، بەڵکو کاسبی کردووە و قسەی ڕێک خستووە...

بۆیــە، ئەگەر لە هەندێ شــێعری هێمنیشــدا لاوازییەک بەدی بکەیــن، ئەبێ بزانین هێمــن کوردەو کوردەواریش لە فێربوونی دەســتنوێژگرتن و نوێژکردنەوە بیگرە تا ئەگاتە پێکەوەنانی کۆڕ و کۆمەڵی سیاســی و بڵاوکردنەوەی هۆشــیاریی نیشتمانی و نەتەوەیی و چینایەتــی، هەمووی هەر لە شــێعر ویســتووە و ڕووی دەمی بۆ کردووەتە شــێعر، یا هەر هیچ نەبێ شــێعری بۆ هەموو ئەم مەبەســتە دوور و درێژ و بەدەرەتانانە خستووەتە کار... هێمنیــش لە گەڵی لەم ئەرکانەدا یەکێ بووە لەو شــاعیرە کوردانەی بۆ کۆمەڵەی کوردەوارییان نووســیوە. شۆڕە کچی شــێعری لە پەنجەرە و دوودەریی بەرزی باڵەخانەی دووری لە پاڵە و ڕەنجبەرانی نەتەوە و وڵاتەکەیدا ڕانەگرتووە بۆ خۆی تا لەوێ لە ئامێزی گرێ و دەســەملانێ بێ... لەگەڵ خۆی دایگرتووەتە خوارێ بۆ ناو خەڵک... بۆ بەشداری لە تاڵی و سوێری ژیاندا، تا ئەگەر ئەمڕۆش گوڵاڵە سوورەی ڕوومەتی ئەم لەبەر ئارەقەی ڕەنجکێشان بژاکێ، گوڵی ڕەنگاوڕەنگی شێعری کوردستانی سبەینێمان هەمیشە هەر گەش بێ و سیس بوون نەزانێ.

جــا لە بارێکی نالەباری وەک ئــەوەدا کە هێمن و هێمنەکانی هەمولایەکی وڵاتەکەمان شــێعری تیا ئەڵێن، بەهرەمەندیی هونەرمەند لەوەدا دیاری ئەدا کە چەند ئەتوانێ ئەرکی

سەرشـــانی خۆی بەرامبەر بەهونەرەکـــەی و بەرامبەر بەکۆمەڵیش لەیەک کاتدا لە کارێکی هونەریدا بخاتە یەک و نەهێڵێ هیچ کامیان ببن بەکۆســـپ لە ڕێی ئەویاندا، یا هیچ نەبێ یەکێکیان ئەویان بکا بەژێر پێوە... من لام وایە لەم تاقیکردنەوە قورســـەدا هێمن لە زۆر بەشیدا گرەوی سەرکەوتنی بەباشی بردووەتەوە.

برادەرینە!

ئەزانـــم زۆرتان هێمنتـــان بەڕادەیەک خۆش ئەوێ ناتانەوێ بەهیچ کلۆجێک شـــتێکی لەبـــارەوە بنووســـرێ بۆنی ڕەخنەگرتنی لێوە بێ. بەڵام منیـــش هێمنم وەک ئێوە و بگرە زیاتریش خۆش ئەوێ. ســـەرەڕای شـــاعیرییەتییەکەی، من بۆیەشـــم خۆش ئەوێ چونکە ڕەمزی مەسەلەیەکە کە بەیەکێ لە پیرۆزترین مەسەلەکانی ئەم چەرخەی ئەزانم: مەسەلەی خەبات لەپێناوی ئازادیی نیشـــتمان و ســـەربەرزیی هاوولاتی و ڕێز لێ گرتنی هەموو ئەو مافانـــەی ئادەمیزاددا کـــە ئەگەر یەکێکیانی لێ زەوت بکرێ وا ئەزانم بەشـــێکی گەورەی مرۆڤایەتییەکەی پێشێل کراوە.

بەڵام لەگەڵ ئەم خۆشەویستییەشـــمدا بۆ هێمن، هەرگیـــز لەو باوەڕەدا نیم و لام وایە ناشـــبم کە ئەبێ خۆشەویستی وا بگەیەنێ ئەو ڕەخنەیەی لە دڵتدایە بۆ خۆشەویستەکەتی دەرنەبڕی، نەوەک ئەوەندە لە پێویســـتییەکانی شارســـتانەتیی ئەم چەرخە دووربێ دڵی گەرد بگرێ لێت.

مانگەشەو

بــــەڵێنـــــی ڕاگـــەیـــانـــدیٚ ڕاســــــپاردە
گوتـــی: بــۆت دێتــە بــن ئــەم پــاردە، غــاردە
لــــە جێـــژوانـــیٚ لــەمێـــــژە چاوەڕێتـــــم،
نـــەهاتــــی، کیـــژی جـــوانــــی هەڵبــــژاردە!
تــــەزووی گــــەرمـم بـــەلـــەشـــدا دیٚ، ئــەگـــەرچی
تـــــەزانـــدی شـــــان و پیلـــم بـــــەردی پـــاردە
وەرە بــــــا ڕەنـــــگ و ڕوخســــــارت ببینـــــم
بـــەمـــن چـــی تیشـــکی داویٚ مانگـــی چـــاردە
گـــڕی ئـــەم ڕوومەتـــەی تــۆ گــــــەرم و جوانـــــە
تریفـــەی مانگــــەشـــەو، جوانیــــــش بیٚ، ســــاردە

١٩٧٤

***

ناڵەی جودایی

ساقییا! وا بادەوە، وا بادەوە
ڕوو لە لای من کە بەجامی بادەوە
موشتەری وەک من لە مەیخانێ کەمن
زوربەیان شاد و بەکەیف و بێ خەمن
مەی حەرامە بۆ سەهەندە و بێ خەمان
مەستی بێ خەم بۆچی بگرن ئێخەمان؟
ئەم شەرابە تاڵە دەرمانی خەمە
لێی حەرام بێ ئەو کەسەی دەردی کەمە
ئەم شەرابە ئاڵە بۆ بێ دەرد نییە
لێی حەرام بێ ئەو کەسەی ڕەنگ زەرد نییە
بۆ کەسێکە مەی: چزیلکی پێوە نێ
بۆچی ملهوڕ لێرە بینی پێوە نێ؟!
بۆ کەسێکە مەی: کە دەردی کارییە
بێ خەمێک بیخواتەوە، زۆردارییە
بۆ کەسێکە مەی: دڵی پڕ بێ لە داخ
بۆچی لێی بخواتەوە بەرزە دەماخ؟!
ئەو کەسەی بێ کەس نییە و خانە خەراب

دەک بەزاری ماری بێ بادە و شەراب!
ئەو کەسەی نەیچێشتووە دەردی ژیان،
ئەو کەسەی نەیدیوە ئێش و برک و ژان،
ئەو کەسەی نەکرا نیشانەی تیری خەم،
شانی دانەخزا لەبن باری ستەم،
ئەو کەسەی هەستی بەزۆرداری نەکرد،
تیخی زۆرداری برینداری نەکرد،
ئەو کەسەی دەستی لە ئەوکێ بەردرا،
ئەو کەسەی دوژمن لە ماڵی دەرکرا،
ئەو کەسەی نەیبینی هاتی دوژمنی،
نیری یەخسیریی لە ئەستۆ داڕنی،
ئەو کەسەی هێندە نەبوو زویر و زگار،
وا نەکەوتە بەر چەپۆکی ڕۆژگار،
ئەو کەسەی نەیهاڕی بەرداشی زەمان
ئەوکەسەی «زیرەی نەگەییە ئاسمان[1]»
ئەو کەسەی دووریی عەزیزانی نەدی،
تیر و تانەی بێ تەمیزانی نەدی،
تۆزی بەدبەختی لەسەر شانی نەنیشت،
لێی نەگیرا دەورووپشت و چوار تەنیشت،
ئەو کەسەی خواردی و لە بن سێبەر کەوت
شەو لەبۆ کەیفی لە ماڵێ دەرکەوت:
بۆ دەبێ بێت و بکا مەیخانە تەنگ؟!
شوێنی دیکە زۆرە بۆ گاڵتە و جەفەنگ...

***

ئەو کەسەی ڕاوی نەنێن لێرە و لەوێ،

ئـەو کـوڕەی ماچـی کچانـــی دەس کـەوێ،
ئـەو کـوڕەی هێشـتا لـە ژوانـێ ڕێـی هەیـە،
سـەیـرە، زۆر سـەیـرە کە ئالـــوودەی مـەیـە،
ئـەو کـوڕەی دۆی داوەتـی دەسـتی دەنـــێ،
بێتـە ئێـرە، چـۆنـە هـەی دێـی ناکـەنـێ!؟
ئەو کـەسـەی «دەسـتی لە مەمـکان گیر ببێ[٢]»
ئـەو کـەسـەی «تفلّـی دلّـی بـۆ ژێـر ببێ[٣]»
ئـەو کـوڕەی کیژێـک بـەرەو ڕووی پێـکەنـێ
ئـەو کەسـەی هـەر سـووکـە ئاوڕێکـی دەنـێ
ئـەو کـەسـەی پەنچـۆڵـە بکوشـێ جـاروبار،
ئـەو کـەسـەی دەسـتی بگاتـە گەردنـی یـار،
ئەو کـەسـەی رامـووسـێ کـولّمی تاسولـووس،
ئـەو کـەسـەی تێـی هەڵنەدابـێ چارەنـووس،
ئـەو کـەسـەی بمـژێ خونـاوەی گـەردەنـێ،
کوفـرە یـەک قـەترە شـەرابی گـەر دەنـێ...

***

ئـەو کەسـەی ئاسـووودەو و خـۆش ڕایبـوارد،
قەت خـەمی یـەخسـیر و کۆیـلانـی نـەخـوارد،
یـەک لـە ماڵـێ چاوەڕێـی بـوو بێتـەوە،
دەرکـی نێـومالێکـی لـێ بکـرێتـەوە،
خـەمـرەوێنێـک گـوێ بـداتـە ڕازی ئـەو
نازەنینێـتـک بـێ بکێشـێ نـازی ئـەو،
بگـرێ پـەنجـەی نـەرم و نـۆڵـی ناسـکێ،
بـۆی کرابێتـە سـەرینـێ، باسـکێ،
هەیبـێ هێـز و گـورد و تیـن و تـار و گـوڕ،

ڕۆژگاری ڕەش نەبێ، بەختی مکوڕ،
ئەو کەسە جێگای لە مەیخانە نییە.
ئەو کەسە بادە و شەرابی بۆ چییە؟!

***

ساقییا، وا وەرگەڕێ، وا وەرگەڕێ!
ڕوو لە لای من کە، مەچۆ بۆ سەرپەڕێ...
لەنگەرێ بگرە، مەبە وا بەرزەفڕ
بێنتە بۆ من، بێنە بۆ من، جامی پڕ
مەی حەلاڵە بۆ منی وێرانەماڵ
بۆ منی سەرگەشتەو و ڕووت و ڕەجاڵ
بۆ منی بابردەڵەی گردەنشین
بۆ منی دڵ پڕ لە ناسۆر و برین
بۆ منی ئاوارەو و دوورە وەتەن
بلبلی بێ بەش لە گوڵزار و چەمەن
پەڕ وەریوی، باڵ شکاوی، دەنگ بڕاو
بێ بژیوی، بەش خوراوی، دەرکراو
پیری زورهانی، کەنفتی، دەربەدەر
دیدە سووری، دڵ مەکۆی دەرد و کەسەر
داتەپیوی، بێ پەسیوی بێ قەرار
بێ کەسی، دەستە شکاوی، کوڵەوار
لێو بەباری، دەردەداری، ڕەنجەڕۆ
شاعیری جوانی پەرستی دڵ بەسۆ...

***

ساقییا! بۆ کوێ دەچی، بۆ کوێ دەچی؟
تۆش لەبەر ئەو ملهوڕانە ملکەچی؟

تۆش بەرەنگ و بۆی ئەوان خواردت فریو؟
چاوی تۆشی هەڵفریواند زێڕ و زیو؟
تۆش دەگۆڕیەوە دەگەڵ گەوهەر هونەر؟
کەنگێ گەوهەر جوانی کردن بەختەوەر!
زێڕ بەڵایە، بێ وەفایە دەوڵەمەند
هەر هونەر نەمرە، هونەروەر مەرد و ڕەند
«چڵکی دەستە ماڵی دنیا»[٤] وەک دەڵێن
ماڵپەرست پەیمان شکێنە و بێ بەڵێن
قەدری جوانی کوا دەزانێ ماڵپەرست!
جوانپەرستە پیری خاوەن زەوق و هەست

***

نا مەچۆ، جوانێ مەچۆ، واوە مەچۆ؟
تۆ فریوی زێڕ و زیوی وان مەخۆ!
ئەو هەوەسبازانە جێی متمانە نین
هەر دەزانن گوڵ چنین و بەی ڕنین
وا وەرە، دەی وا وەرە، نێزیک بە لێم
بمدەیە مەی، بمدەیە مەی تا دەڵێم:
«مست مستم ساقیا، دستم بگیر!
تا نه افتادم ز پا دستم بگیر!»[٥]
جا کە سەرخۆش بووم بەدەنگێکی نەوی
بۆت دەڵێم ئەو شێعرە بەرزەی مەولەوی[٦]
«بشنو از نی چون حکایت میکند
از جدائیها شکایت میکند»
گوێم دەیە ئەی دیدە مەستی قیت و قۆز!
تا بناڵێنم وەکو بلوێر بەسۆز

نابێ قەت ناڵەی جودایی بێ ئەسەر
جا چ نەی بیکا چ پیاوی دەربەدەر
بۆیە ناڵەم تێکەڵی نەی کردووە
شیوەنێکم پێیە نەی نەیکردووە
لێم گەڕێ با دەربڕم سۆزی دەروون
لێم گەڕێ با هەڵوەرێنم ئەشکی ڕوون
شیوەنی من شیوەنی ئینسانییە
بانگی ئازادی و گرۆی یەکسانییە
شیوەنی من شینی کوردی بێ بەشە
ئەو گەلەی حاشا دەکەن لێی و هەشە
با لە زارم بێتەدەر پشکۆی شێعر
با فراوانتر بکەم ئاسۆی شێعر
پارچە گۆشتێکە دڵی من، ڕوو نییە
ناڵەناڵی من درەنگە، زوو نییە
دەردی دووری... دەردی دووری کوشتمی
دەردی وشیاری و سەبووری کوشتمی
یادی یاران و وڵاتم ڕۆژ و شەو
لێی حەرام کردم قەرار و خورد و خەو
خەمڕەوێنێک لێرە من ناکەم بەدی
چۆن پەنا بۆ مەی نەبەم، ساقی ئەدی!؟
نابینم خاک و وڵات و شاری خۆم
نابینم ناسیاو و دۆست و یاری خۆم
ڕوو لەهەر لایە دەکەم نامۆیە بۆم
نابینم جێژوان و کەونە لانی خۆم
ڕوو لەهەر لایێ دەکەم بێگانەیە

ژیـــن لـــە نێـــو بێگـــانـــەدا تـــەنگـــانـــەیـــە
شـــەو دەکێشـــم شـــەونخـــوونی و بـــێ خـــەوی
ڕۆژ دەچێـــژم دەرد و داخـــی بـــێ ئـــەوی

***

چـــۆن نەناڵـــێ ئـــەو دڵـــەی پـــڕ هەســـتی مـــن؟!
چـــۆن لـــە ئـــەژنـــۆ ببنـــەوە دوو دەســـتی مـــن؟!
چـــۆن نـــەناڵـــێ ئـــەو دڵـــە ئەنگاوتـــەیـــە؟!
بـــەرد لـــە بـــەردی بێتـــەوە دەنگـــی هـــەیـــە
ژانـــی ناســـۆری جـــودایـــیـــم چێشـــتووە
هەرچـــی خـــۆشـــم ویســـتووە جێـــم هێشـــتووە
هەڵبـــڕاوم مـــن لـــە یـــاری نـــازەنیـــن
دەرکـــراوم مـــن لـــە خاکـــی دڵ نشـــین
بـــوومـــە ئـــاوارە و پـــەڕیـــوەی دوور وڵات
کەوتمـــە نێـــو وردە داوی ڕێـــی نـــەجـــات
بـــەکرە شـــۆفـــاری ئـــەوی مـــووخـــەی چنیـــم
زیـــی مـــەم و زینـــان وڵاتـــی لـــێ تەنیـــم
کـــەوتمـــە نێـــو چاڵـــی دیلـــی وەک (مـــەمـــێ)
(یایـــە زیـــن) لـــە کوێیـــە هـــاواری کـــەمـــێ!
کـــوا قـــەرە تاژدیـــن، چەکـــۆ و عرفۆ لـــە کوێن؟!
بێنـــە هانـــام وەک پڵینگـــی چەنـــگ بەخوێـــن
(لاس)ە شـــۆڕێک بـــووم غەنیمـــی دوژمـــنان
ئێســـتە ئـــەنگـــاوم بـــەتیـــری چڵکنـــان
وام بـــەتـــەنیایـــی لـــەنێـــو خـــوێنـــا شـــەلاڵ
کـــوانـــێ عێـــل و، کـــوانێ خانـــزاد و خـــەزاڵ؟!
زۆر لـــەمێـــژە نـــارە نـــاری منـــی نەبیســـت

هەروەکو (شەمزین)، (شەمیلە)ی خۆش ئەویست
وەک (سیامەند)ێ لە چۆڵ و بەندەنێ
جەرگی لەت کردم پەلی داربەنێ
شەتڵی جوانەوم منی سارده برین
کوا (خەج) تا بۆم بگێڕێ گەرمە شین؟!
مانگی «کانوونێ بەچلوان دەرکرام»[7]
وەک (برایم) لەو وڵاتە ڕاونرام
کوا (پەریخان) بەند و باوم بۆ بڵێ؟!
بۆ نەسووتێم نەبمە پۆلووی سەر کڵێ؟!
ئەو لە زۆزان، من لە ئارانێ دەژیم
کێ دەڵێ ئەمنیش (وەلی دێوانە) نیم؟!

***

کوردەواری، ئەی وڵاتە جوانەکەم!
ڕۆڵەکەم! خێزانەکەم! باوانەکەم!
ئەی ئەوانەی قەت لەبیرم ناچنەوە
ئێستە بمبینن ئەرێ دەمناسنەوە؟
ڕۆژگار هارپیومی وەک ئەسپۆنی ورد
هێز و توانای لێ بڕیوم دەردە کورد
بوومە گەپچار و دەکا گاڵتان بەمن
ئەو ڕمووزنەی زەندەقی چوویوو لە من

***

ئەی ڕەفیقان، ئەی عەزیزانی وڵات!
ئەی برای هاوسەنگەری جەرگەی خەبات!
گەر دەناڵێنم، ئەمن پەککەوتە نیم
تێ دەکۆشم بۆ وەسڵ تاکو دەژیم

کۆششی من زۆر بەجێیە و زۆر ڕەوا
چونکە قانوونی تەبیعەت وایە، وا:
«هر کسی کو دور ماند از اصل خویش
باز جوید روزگار وصل خویش»[٨]
ڕێگە دەبڕم، کوانێ هەنگاوم شلە
ڕاستە بێ هێزم، دەکەم ئەمما ملە
هەر دەپێوم کێو و شاخ و چۆڵ و دەشت
دێم بەرەو کوێستان بەرەو باخی بەهەشت
دێم بەرەو زیخ و چەو و کانیاوی خۆم
چۆن لەوانە وەردەگێڕم چاوی خۆم
دێم بەرەو ئەو دار و بەرد و بەندەنە
دێم بەرەو ئەو باخ و مێرگ و چیمەنە
دێم بەرەو زوورک و تەلان و کەند و لەند
دێم بەرەو بژوێن و زەنوێر و زەمەند
دێم بەرەو پاناوک و هەوراز و نشێو
دێم بەرەو ئەشکەوت و زەندۆڵ و پەسێو
دێم بەرەو بەفر و چلوورە و بەستەڵەک
دێم بەرەو شیخاڵ و ڕێچکە و ڕەشبەڵەک
دێم بەرەو لێڕ و چڕ و بەستێن و چۆم
دێم بەرەو هەڵدێر و گێژ و بەند و گۆم
دێم بەرەو هۆبە و هەواری باسەفا
دێم بەرەو لادێ، بەرەو کانگەی وەفا
دێم ببینم نیشتمان و زێدەکەم
دێم ببینم خزم و کاک و دێدەکەم
دێم و دەگرم بازی بیری شۆخ و شەنگ

دێم و دەگرم دەستی دۆی جوان و چەلەنگ
دێم گراویی خۆم لە باوەش وەرگرم
دێم نەهێڵم بەرهەڵست و بەرگرم
دێم و هەڵدەمژم شنەی کوێستانی کورد
دێم و دەچمە شەوڕنی بێستانی کورد
دێم و دەشکێنم لەوێ جامی شەراب
ماچی شیرین نایەڵێ تامی شەراب
دێم و ناترسم لە پەرژینی بەزی
هەر پەری سەرکەوت و دێوەزمە بەزی
تا بمێنێ نووری چاو و هێزی پێم
دێم و دێم و دێم و دێم و دێم و دێم
دێم هەتا هەمبێ بڕست و بیر و هۆش
گەر گلاشم، کوردەواری و ئێوە خۆش!

(١و٢و٣و٤) لە فۆلکلۆر وەرگیراوە.

٥ نیوەی یەکەمی ئەم بەیتە هی شاعیرێکی هاوچەرخی فارس و، نیوەی دووەمی لە یەکەم مەثنویی مەولەویی بەڵخییە.

٦ مەولانا جەلالەددینی بەڵخی.

٧ لە بەیتی (برایمۆک) وەرگیراوە.

٨ شێعری مەولەویی بەڵخییە.

جوانی ڕەشپۆش

گوتـــی: ئـــەی بلبلـــە سەرمەســـتەکە بـــۆ خامۆشـــی؟
گوتـــم: ئـــەی نۆگوڵـــە خۆڕســـکەکە کـــوا دڵخۆشـــی؟
گوتـــی: ئـــەی شـــاعیرە گەشـــبینەکە بـــۆ ڕەشـــبینی؟
گوتـــم: ئـــەی ناســـکە تەڕپۆشـــەکە بـــۆ ڕەشپۆشـــی؟

١٩٧٤

***

تاوانی بێ هێزی

لە کۆ ئەسرین دەبارێنم لەبۆ کوردی پەراگەندە
لە گەرمێن غەرقی ئارەق بووم و چاوم هەر لە سامرەندە
منی زنجیر پسێن لێرە ئەسیری بسکی جوانێکم
زەمانە گەرچی ئاڵۆز و پەشێوە، «کەڵ بەموو بەندە»
گوتی: «ئێوارە بازاڕێ» وەرە ماچت دەمێ، نەمویست
هەڵۆی کوێستانی کوردستانم و ناژیم بەدەستەندە
دڵم سەد هێندی دیکانە بەناز بشکێنی، دەنگ ناکەم
چ سوودێکی هەیە، کێیە بپرسێ داد و گازندە!؟
جیهان و هەرچی خێر و خۆشییە بۆ هەڵبژاردانە
بەقانوونی تەبیعەت پاشەڕۆک خۆرە ئەوی گەندە
ئەگەر تاوانی بێ هێزی نییە بۆچی لە دنیادا
بەشی من ماتەم و شینە، بەشی خەڵکی زەماوەندە
بەمردووییش نیشانەی گوللەیە ئەو کەللە پڕ شۆرە
ئەوێستاش دەرسی سەربازی دەڵێ ئەو شاعیرە ڕەندە
سەری تەعزیم لەبەر تۆ دانەواندن فەخرە بۆ «هێمن»
بژی (حاجی) کە کێوی هیممەتت سەد هێندی ئەڵوەندە

١٩٧٤

ئێوارەی پایز

لە ئاسۆیەکی دوورە دەست
ئاوابوو زەردەی پایزی
دەتگوت بووکێکی بێ نازە
پەردە جێ دێڵێ بە زیزی

***

پەڵە هەورێکی چڵکنە
گرتی سووچێکی ئاسمان
گەڵای زەردی دارێک وەری
زریان بردی بەرەو نەمان

***

جووتێک کۆتری سەر بەکڵاوە
هەڵکورماون لە سوانەیەک
دیارە لەو دەوروبەرانە
پێیان شک دێ هێلانەیەک

***

پاساریی سەرداری کۆڵان
فڕە و جیکەیان لێ بڕا
قەل فڕی... فڕی... تا ون بوو
هەر ڕووڕەشیی خۆی پێ بڕا

***

شەپۆلێک مۆسیقای بەسۆز
هات و ڕابورد بە بن گوێمدا
شوێنێکی بۆ خۆی کردەوە
لە ناخی دڵی توێ توێمدا

***

ئاخر کۆڵی بۆ بردە ژوور
باریەرێکی درێژی ڕووت
دەرکی دووکانی گاڵەدا
مام حاجی و بەرەوماڵ بزووت

***

نازدارێکی چارشێو بەسەر
بەتەنیشتمدا تێپەڕی
بەغار هات و توند قیژاندی
ڕووتەڵەیەک بە بەدفەڕی

***

کەمێک ڕاوەستا جا ڕابورد
ئەو لاوەی جادەی دەپێوا
دیاربوو خێسێکی دابوویە
ئەو شۆخە لە بن چارشێوا

***

کیژێک خۆی لە ژوور کۆتاوە
دەرکی حەوشەکەی پێوەدا
ئیتر شوێنەواری جوانی
بەدی ناکەم لەم نێوەدا

***

تا تاریکان پەیدا دەبێ
چۆڵ و چۆڵتر دەبێ جادە
نە دێتە دەر کیژی لەبار
نە ڕادەبرێ لاوی سادە

***

هەوا بوولێڵە، ئاو لێڵە
گوڵ سیس بووە، گەڵا زەرد
تەنانەت ڕەنگی گۆڕاوە
ئەم دیوار و دار و بەردە

***

تەماشای هەر شتێ دەکەم
ڕەنگی پاییزی گرتووە
جوانی خۆی لێ شاردوومەوە
دزێوی ڕیزی گرتووە

***

چاوم لە ئاسمان بڕی
دڵم هێندەی دیکە گیرا
گەلێک بیرەوەریی کۆنم
لەپڕ هاتنەوە بەبیرا

***

ئارام ئارام بەلۆژە لۆژ
ئەوا بەرەو ماڵ بوومەوە
نە کەس لە پێشمدا دەڕوا
نە کەس دیارە بەدوومەوە

***

نا نا نارۆم، مەلەی دەکەم
لەنێو دەریای مەندی خەیاڵ
داهێزاو و ڕووگرژ، تووڕە
دڵ پڕ تاسە، مێشک بەتاڵ

***

ئاخ، دیسان ڕووپەڕێک دڕا
لە ڕۆژ ئەژمێری تەمەنم!
ئاخ، دیسان شەو داهاتەوە
من هەروا دوورە وەتەنم!

***

ئاخ، دیسان چوومە ژێر باڵی
ڕەشی شەوگاری تەنیایی!
ئاخ، دەبێ دیسان بچێژم
ژەهراوی تاڵی جودایی!

***

ئاخ، دیسان دەبێ ڕابوێرم
لە ژوورێکی سارد و سڕدا!
دەگەڵ ئازار دەستەملان بم
تا بەیان لە نوێنی شڕدا!

***

دەڕۆم، دەترسم، دەلەرزم
لە پەلاماری مۆتەی شەو
داد لە دەس ئەم دڵەی بە خەم!
وای لە دەس ئەم چاوەی بێ خەو!

***

دەڕۆم تا سەر پێکەوەنێم
دەگەڵ زام و دەرد و ئێشم
دەڕۆم تا شەوێکی پایز
من شەونخوونی بکێشم

***

دوور قاقایەکم گوێ لێ بوو
دەتگوت گوڵلەم پێوە دەنێ
چۆن بە ئێوارەی پایزیش
ئێ وا هەیە پێ بکەنێ!

***

خەیاڵم ببوو بە وشە
نەمزانی کەس بەدوامەوە
دەنگێکی لەرزۆک و نەرم
بەسپایی جوابی دامەوە:

***

«بەڵێ هەن و یەکجار زۆرن
بازرگانی فرمێسک و خوێن
بەڵێ هەن و پێ دەکەنن
بە سەر بە هەش، بە مل بە کوێن

***

بەڵێ هەن و پێ دەکەنن
بە من، بە تۆ، بە هەزاران
بە داخی باوک کوژراوان
بە هەنیسکی هەتیویاران

***

بــــه نەزانـــی، بـــه نـــەخـــۆشـــی
بــــه تـــاریـــکان، بە شـــــەوەزەنــــگ
بـــه زنجیـــر، بـــه تـــەنـــاف، بـــه دار
بـــه گـــرتووخانـــەی تـــەڕ و تـــەنگ

***

بـــه بۆکـــوڕووز بـــه چـــڕە دووکـــەڵ
بـــه هـــاڵاو، بـــەگـــڕ، بـــەئـــاگـــر
بـــه تەم، بە مـــژ، بە هـــۆڕە، بە دۆک
بـــه تـــۆفـــانـــی وڵات داگـــــر

***

بــــه بـــوومـــەلـــەرزە، ڕەشـــــەبا
بـــەســـــووتمان و زیــــــان و زەڕ
بــــه هـــــەرچـــی خراپ و شـــــوومە
بەگشـــــت دەســــکری خـــوای شـــەڕ

***

بـــه ناڵـــه، بـــه کـــوڵ، بـــه گریـــان
بـــه ســـینگ کوتـــان، بـــەڕوو ڕنیـــن
بـــه بەرگـــی ڕەش، بـــه چاوی ســـوور
بـــه گـــــۆڕخانـــە، بـــەکۆڕی شـــین

***

بــــه کـــــەلاوە، بـــه کـــونـــدەبـــــوو
بــــه دیـــــواری هـــــەرەس هێنـــــاو
بــــه داوێنـــــی تیتـــــۆڵ تیتـــۆڵ
بــــه ئانیشـــــکی پینـــــەکـــراو

***

بــــە نــووکــە نـــووکـــی بێـــوەژن
بــــە هــانــە هــانی مــانـــدووان
بــــە زێـــڕەزیـــڕی منـــداڵان
بــــە نــــووزەی نیـــوە زینــدووان

***

بــــە نــــەڕە نــــەڕی جــەللادان
بــــە قرمــە قرمی شەســت تیــران
بــــە ویــڕە ویــڕی قــەمچییــان
بــــە ئەشــکەنجــەی ڕووناکبیــران

***

بــــە چڵکـــی یەخــەی کرێــکار
بــــە کــەفی ســەر شــانی جــووتێر
بــــە پەچە و ڕووبەنـــد، بە خــەنجەر
بــــە یــەک نەبوونـــی مـــێ و نێر

***

بــــە قەڵەمـــی بــەزیــوی کــول
بــــە زمانـــی لــەبنــدا بــڕاو
بــــە دەرکـــی داخـــراوی فێـــرگــە
بــــە کتێـــب و دەفتـــەری دڕاو

***

لــــە قامــــووســی ئــەوانـــەدا
بـــەزەیـــی مــــانـــای نــەمـــاوە
بێــزیـــان لــە بــزە هــەڵــدەستێ
وازیـــان لـــە خــــوێــن و زووخــاوە

* * *

هەر دڵۆپی خوێنی لاوێ
بۆ وان یاقووتێکی سوورە
هەر تکەی فرمێسکی کیژێ
بۆ وان مرواریی بەرموورە

* * *

هەناسەی ساردی ئاواران
کۆشکی ئەوان گەرم دەکا
لەشی ڕەق و زگی برسی
جێ پارووییان نەرم دەکا

* * *

سەرمایەی وان لەگەڕدا بێ،
با زۆر دەرک بەقوڕ گیرێ!
دۆلار لە برەو نەکەوێ
با کوڵەوار بێ داپیرێ!

* * *

دەبا خوین بێ و سەران بەرێ
چەرخی کارگەیان بگەڕێ
پێ دەکەنن، پێ دەکەنن
بە بڵێسەی ئاگری شەڕێ»

* * *

گوتم: «کەوابوو، ئاشنا!
بەشی ئێمە لەنێو چوونە»
گوتی: « نا، نا، دوور بنوارە...
دوور بنوارە... ئاسۆ ڕوونە...»

بەرەو ئاسۆ

سۆفیی گۆشەی خانەقا بووم، ئێستە پیری مەیکەدەم
زاهیدی خەڵوەتنشین بووم، ئێستە مەست و مەیزەدەم
سەروی ئازادیش لەبار و دڵگەش و بەرزە، بەڵام
گیانەکەم من شێت و شەیدای لار و لەنجەی ئەم قەدەم
جیلوەیی جوانی لە هەرچیدا هەبێ خۆشم دەوێ
ڕۆژێ کوشتەی مینیی ژوپ و ڕۆژێ گیرۆدەی شەدەم
هەر یەکەی بۆخۆی دەجوولێنێتەوە هەستی دەروون
زەردەپەڕ، کاروانکوژە، تاریک و ڕوونی سوبحدەم
ئاسمانی ساو و دەریای مەند و تارمایی چیا
سێوی لاسوور و بەهێی زەرد و هەناری گوڵ بەدەم
کێ وەکو من سارد و گەرمیی ڕۆژگاری چێشتووە؟
گا لە دەشتی گەرمەسێر و، گا لە کوێستانی گەدەم!
وەک شەپۆلی زێی خوڕەم ساتێ هەدادانم نییە
گێژ دەخۆم، پێچێ دەدەم، من ڕۆڵە کوردی ئەم سەدەم
ڕێگە سەخت و پڕ لە کەند و لەند و هەڵدێرە و گەوە
هەر دەبێ ببزووم، دەبێ بشکێم، وچانی لێ نەدەم
سێبەری مەرگم لە پێشدایە و بەرەو مەنزڵ دەڕۆم

ناخــی گــۆڕی تەنگــە جێــگام، هــەر تــل ئاســا بــێ قــەدەم
مــن بــــەرەو ئاســـــۆ، بــەرەو ڕووناکــــی باڵــــم گــرتــووە
چــۆن بــەرەو تاریکـــی دەخشـــــێم، پــاڵ وەشـــــەیتانی دەدەم!
کانیـــــی ڕوونــم دی بەلێشـــــاوی بەهـــــار شـــــلوێ نەبــوو
بــــەفــری گــەورەم دی چیـــــای گــرت و بەتــاوێ بــۆ قــەدەم
ژینــی کورتــم دی پڕاوپــڕ بــوو لــە شــانازی و شــەرەف
عومــری زۆرم دی کــە دوایــی هــات بــەڕیســوایی و نــەدەم
ئاگـــری ســـــینەم بلێســـــەی دێ و وڵات ڕۆشـــــن دەکا
ئــەو دەمـــەی خــۆم وەک دڵۆپێــک دەچمــە نێــو دەریــای عەدەم

١٩٧٥

***

جوان ناسووتێ

دیــــم کچێکـــــی لـــەبـاری لادێیـــی
بـــۆ نـــوێـــژ ڕادەخـــا بـــەرەڵبێنـــێ
گوتـــم: «ئـــەی نازەنیـــن کـــە ڕوخســـارت
هـــەمـــوو باخـــی بـــەهـــاری خـــوا دێنـــێ
بـــۆچـــی پێـــت وایـــە ئـــەو خـــودا گـــەورە
هێنـــدە بـــێ ڕەحمـــە تـــۆش بســـووتێنێ؟!»

***

سازی ناساز

بلبلی باڵشکاوی وەختی گوڵم
هەر شەپۆلان دەدا دڵی لە کوڵم
کوردی بەندیی بەیانی نەورۆزم
گڕی گرتووە دەروونی پڕ سۆزم
موغی بێ ئاگری شەوی یەلدام
چاوەڕێی چارەنووسی ناپەیدام
کەوی بێدەنگی نەوبەهارانم
گوڵی بێڕەنگی چاو لە بارانم
کونجی جێژوانی چۆڵ و خامۆشم
سێبەری نازەنینی ڕەشپۆشم
دەستی بەربووی کچی گەڕی شاییم
هەستی خنکاوی لاوی سەوداییم
کێلی گۆڕی شەهیدی گومناوم
تاکە داری کڕووزی بێ ئاوم
دەفتەری شێعری شاعیری ڕووتم
شەمی سەرگۆڕ و داری تابووتم
کونی گیراوی کۆنە شمشاڵم

خــەونی ئاڵـــۆز و خـــاتیــرەی تـــاڵـم
ژیلـــەمـــۆی ئاگـــری بەیـــانـــانـــم
بـــاوکی فرمێســـــکم و کـــوڕی ژانـــم
بـــاڵـــە ســـــووتـــاوەکـــانی پـــەروانـــەم
شـــووشە بـــادەی بـــەتـــاڵی مـــەیخـــانـــەم
چڵـــــە ڕێحـــانــــــی دووره دێـــــراوم
ســـازی نـــاســـازی هەڵپـــەســـێرراوم
تکــــە ئـــاونگــــــی ســـەر گـــەڵای زەردم
خــــەســـــتەو و دەردەداری چـــــی دەردم
ئاخــریـــن تیشــــکی خـــۆری پـــایـــزم
شـــاعیـــری پیـــری تـــــووڕە و زیـــزم
چـــۆن دەتوانـــم بـــە تـــۆ بڵێـــم مـــن چیم؟!
خـــۆم گومانـــم هەیـــە کـــە هـــەم یـــا نیم؟!

١٩٧٥

***

ماچی خودایی

وەرە یـــــارم، وەرە ئـــــەی تـــــازە یـــارم!
وەرە ئـەســـــتێرەکـــەی شـــــەوگاری تـــارم!
وەرە ئـەی شـــاپـــەڕی باڵـــی خـــەیـــاڵـــم!
وەرە ئـەی شـــەوچـــرای ڕوونـــاکی مـــاڵـــم!
وەرە خاســـــەکـــەوی ڕام و کـــەویـــی مـــــن!
وەرە ئیـــلهامـــەکـــەی نیـــوە شـــــەوی مـــــن!
وەرە ئـــۆخـــژنـــی ســـــینەی پـــڕ گـــڕی من!
وەرە پیـــــرۆزەکـــــەی بـــــەرزە فـــڕی مـــن!
وەرە ئاونگـــی ســـەر پـــەلکـــی گـــوڵی ســـوور!
وەرە ئاورینگـــی گـــەرم و مەشـــخەڵی نـــوور!
وەرە ئـــەی ڕێـــژنـــە بـــارانـــی بـــەهـــاری!
وەرە شـــێعری تـــەڕی پـــڕ وردەکاری!
وەرە ئـــەی نـــەونـــەمامـــی باخـــی ژینم!
وەرە ئـــەی شـــاگـــوڵـــی مێـــرگـــی ئەوینم!
وەرە کـــاروانکـــوژەی کـــاتـــی بـــەیـــانیـــم!
وەرە بیـــرەوەری و ئـــاواتـــی جـــوانیـــم!
وەرە ئـــەی بـــوت هـــەتـــاکـــو بتپەرســـتم!

وەرە مەمکۆڵەکەت بگرم لە مستم!
وەرە ئەی (خەج)، وەرە ئەی (خاتووزین)م!
وەرە با بەژن و باڵاکەت ببینم!
وەرە با دامەرێ ئاوات و تاسەم!
وەرە با بسکەکەت لادا هەناسەم!
وەرە با هەڵمژم ئەم لێوە گەرمە!
وەرە با هەڵگوشم ئەم ڕانە نەرمە!
وەرە جوانێ، وەرە نازت بکێشم!
وەرە وەک دەستەگوڵ داتنێم لە پێشم!
وەرە با بەس بکەم ئەو باوە باوە!
وەرە با بێن بکەم ئەو بسکە خاوە!
وەرە با دەس لە باڵاکەت وەرێنم!
وەرە کولمەم لە کولمەی تۆ خشێنم!
وەرە سووربە لەسەر وادە و بەڵێنی!
وەرە کوردبە و مەکە پەیمان شکێنی!
وەرە گیانم فیدای چاوی ڕەشی تۆ!
وەرە با هەست بکەم گەرمی لەشی تۆ!
وەرە ماچم دەیە ماچی خودایی!
کە بێزارم لە ماچی سینەمایی!

١٩٧٦/١/١٢

***

دەستی تەزیو

حەیفە ئەو دەستە کە گوڵزاری دەنەخشاند، بشکێ
حەیفە ئەو دەستە کە دڵداری دەگەوزاند، بشکێ
حەیفە دەستێ کە بە لەرزی و بە تەزیوی دیسان
دوژمنی ملهوڕی زۆرداری دەلەرزاند، بشکێ

١٩٧٦

***

کوانێ؟

کوانێ ئەو پەنجە کە توندی دەگوشی مەمکی توند؟
کوانێ ئەو پێیە کە بۆ ژوانێ دەچوو گوندا و گوند؟
کوانی ئەو چاوە کە هەر جوانی دەبینی و چی دی
کوانی ئەو بیرە کە هەڵدەفڕی بەرەو بەرزی و دوند؟

***

جوانی بەس نییە

جـوان پەرسـتم، جوان پەرسـتم
بـەدیـداری جـوانان مـەسـتم
کـە دەبینـم کیـژی تـەڕپـۆش
گشـت خەمێ دەکـەم فـەرامـۆش
کـە کیـژی جـوان دەبینـم
سـارێـژ دەبنـەوە برینـم
کـە دەبینـم لـەنجـە و لارێ
هەسـت ناکـەم بـە چ ئـازارێ
کـە نـازدارێ ڕادەبـرێ
دڵی سـاردبـۆوەم گـڕ دەگـرێ
کـە چـاو لـە چـاوێ دەبـڕم
بـە ئاسـمانێـدا دەفـڕم
کە ڕێک دەکـوشم پـەنـجەی نـەرم
لـەشـی سـڕم دەبـێ گـەرم
بـزەی شـیرینی سـەر لێـوێ
هـەسـتی پیـرانـەم دەبـزێـوێ
نـازی شـۆخێکـی نازەنیـن

دەمباتە بەهەشتی بەرین
بیرم لە بەرم دەڕۆن
کەچی کچم هەر خۆش دەوێن
کچ ئاواتی پیرۆزمن
خۆشیی دڵی پڕ سۆزمن
کچ نووری دیدە و چاومن
بەندی جەرگ و هەناومن
کچ ڕووناکایی ژینمن
کچ هەتوانی برینمن

***

بەڵام ژین هەر هەوەس نییە
جوانیش بەتەنێ بەس نییە

***

پەرستاری ڕەشپۆش

پزیشکم شەرمەزار بۆوە کە نەیتوانی بکا چارم
دەبێ هیوام بە مان چەند بێ کە ڕەشپۆشە پەرستارم
دەڵێی چۆنی؟ چلۆنت تێگەیێنم دەرد و ئازارم
بەساغییش نەیتوانی هەستی من دەربڕێ گوفتارم

١٩٧٦

چاویلکه

لـەو دەمـــەی ڕا دڵـــم لێـــی داوە بـــۆ ژوان
مـــن دێوانـــەی چـــاوی جوانـــم، چـــاوی جـــوان
گـــەرچـــی خـــەڵکی وڵاتـــی چـــاو جـــوانـــانـــم
چـــاوی جـــوانـــم نـــەدی تێـــر بـــەچـــاوانـــم
هەتـــا لاو بـــووم چـــاوی جوانـــم لـــێ ون بـــوو
پـــەچـــە و ڕووبـــەند و چارشـــێوم دوژمـــن بـــوو
ئێســـــتا پیـــــرم و کـــەوتـــوومـــەتـــە ئاویلکـــە
چـــاوی جـــوانـــم لـــێ ون دەکـــا چاویلکـــە

١٩٧٧/١/٢٠

***

خۆزگە

خـــۆزگـــە وەک خـــۆر نەمدیبایـــە شـــەوی تار
خـــۆزگـــە تـــاویَ ڕام نەبواردبایـــە بـــێ یـــار
خـــۆزگـــە پیـــری کەلـــەلای نـــەدەکـــــردم
خـــۆزگـــە لـــە یـــەکـــەم ژوانگـــەدا دەمـــردم

١٩٧٧

عیشق و ئازادی

ئەگەرچی شەو درەنگە ساقی بۆم تێکە کەمێکی تر
کەوا ئەمشەو سەری هەڵدا لە ناخمدا خەمێکی تر
لەبادە ئەم ژەمە تێرکە منی تینووی جگەرسووتاو
بەچی دیارە کە دەیبینم شەوێکی تر، ژەمێکی تر!
ئەوەندە دەردەدار و بێ پەرستارم کە پێم وایە:
لەسەر کێکی تەمەن هەڵناکرێ تازە شەمێکی تر
گەلێکم ڕۆژگاری تاڵ و شیرین ڕابوارد، ئاخۆ
مەرگ مەودا دەدا دیسان ببینم سەردەمێکی تر!
گەیشتمە سەر ترۆپکی ئارەزوو ڕۆژێ، کەچی ڕوانیم:
لە پێشمدایە زەرد و ماە و سەخت و ئەستەمێکی تر
هەتا چارشێو بەسەر تۆوە دەبینم نازەنینی کورد
بەسەر بیبیلەکەی چاوی منا دەکشێ تەمێکی تر
نەما (خانی) هەتا چیرۆکی عیشقی ئێمە داڕێژێ
دەنا هێشتا لە کوردستان دەژین (زین و مەم)ێکی تر
پەپوولەی خۆشەویستی من لە شوێنێ ناگرێ ئارام
دەنیشێ و باڵی دەبزێوێ لەسەر سینە و مەمێکی تر
هەزار هێندە پەرێشان و سیاچارە بژیم هێشتا

لەنێو دڵدا هەمە ئاواتی خاڵ و پەرچەمێکی تر
هەتاکو دواپشوو ڕێبواری ڕێگای عیشق و ئازادیم
ئەگەر بێجگە لە ناکامیش نەبینم بەرهەمێکی تر
کە فرمێسکم لەسەر ڕوخساری کیژی دڵشکاو بینی،
گوتم: یاخوا لەسەر سوور گوڵ نەبینم شەونمێکی تر
شەوێکی چاوەنوارت بووم، نەهاتی گیانەکەم، ویستت
منی دڵ ناسکی شاعیر بگێرم ماتەمێکی تر
خدر نیم بۆ تەمەن شێت بم بەکانیی ژینێ دانووسێم
ئەوەندەم ژین دەوێ تا دەم دەنێمە نێو دەمێکی تر
بەتۆ چارەی چلۆن دەکرێ دەروونی پڕ لە ناسۆرم
خەساری بۆ دەکەی دوکتۆری زانا مەرهەمێکی تر
بەهار و گوڵ، کچ و مانگەشەو، شێعری تەڕ و بادە
لەوەی زیاتر جەنابی شێخ گەرەکتە عالەمێکی تر

١٩٧٧

***

سووڕی دەوران

زەمانی زوو هەبوو میرێکی زۆردار
دزێو و دڵڕەق و خوێنڕێژ و لاسار
دڵی خۆش بوو بە ئازاری هەژاران
بەدەس ئەو چوون هەزاران و هەزاران
قسەی خۆشی دەگەڵ خەڵکی جوێن بوو
هەمیشە تیغی جەللادیی بەخوێن بوو
سەری زۆر لاوی جوانچاکی بڕیبوو
زگی زۆر پیاوی دڵپاکی دڕیبوو
ڕق و قینی لە نێو چاوان دەباری
دزی و سووتمان و کوشت و بڕ بوو کاری
بزەی هەرگیز نەبینرابوو لەسەر لێو
دەغەزری وەک یەکانە و بڕڕەکی کێو
دڕندەی هار و ماری بێ ڕەزا بوو
لە تالان و بڕۆیە شارەزا بوو
لە ترسانی وڵات پڕ ترس و ڕەو بوو
ڕمووزنەی تاریکان و خێوی شەو بوو
گڕووگریان بەناوی ئەو دەکرد ژیر

لەوی تۆقیبوو هەم زارۆک و هەم پیر
مەکۆی جەردە و چەتان بوو دیوەخانی
غولام و نۆکەری بوون نانی نانی
لەوی بێزار بوو ئینسانی بەناموس
تەشی ڕێس بوو لە دەرکی ئەو زمان لووس
دەیانکرد خزمەتی وەک دیل و بەندە
هەتیوچە و سەرسەری و سۆدرە و سەهەندە
لە هەق بێزار و دڵ بەستەی ڕیایی
یەکەم تۆچینی کێڵگەی بێ وەفایی
نەیاری چاکە و یاری خراپە
خەزێنەی کون بڕ و شاری خراپە
پەڕی قامووسی ئەویان کردبوو داگیر
وشەی دار و تەناف و کۆت و زنجیر
بەڕاستی ملهوڕێک بوو دوژمنی گەل
لەبەر ئەو نەیدەوێرا کەس بڵێ: لەل
خودا ڕازی بوو لێی، ئەمما خودای شەڕ
لە خەڵکی بەرببوو وەک گورگی نێو مەڕ

***

بەڵام کیژێکی بوو ئەو گەندە پیاوە
کە دەتگوت خوشکی ئاونگ و خوناوە
لەباری، نازەنینی، کوڵمە ئاڵی
نیگاری، دڵڕفێنی، چاو کەژاڵی
بەژن باریک و باڵابەرز و تەرپۆش
یەسوک سووک و ڕەزا شیرین و ڕووخۆش
هەنی جوانتر لە مانگی ئاسمانی

پەڕی ڕەشدالّی بوو ئەبرۆی کەمانی
بسک ڕەشتر لە ڕۆژی ژێر چەپۆکان
پەشێواوێ کە ژیری بۆ پەشۆکان
کەزی خاوتر لە خاوی لا نوالّە
لە شەرمی کولّمی سوور بۆوە گولالّە
ئەوی تیری ئەوین جەرگی نەکولّێ
نەبوو ئاگای لە پێکانی مژۆلّێ
بزەی دەرمانی دەردی دەردەداران
وشەی وەک بەختەبارانی بەهاران
سەمای پەریان دەتگوت لار و لەنجەی
پەڕی گولّ دەییەشاندن دەست و پەنجەی
کوڕەی هەردی دەهێنا گۆی مەمانی
لەلای وەی تامی دەسبازیی دەزانی
هەمووشێوەی لە بابی خۆی جودا بوو
فریشتەی پاکیی و خێری خودا بوو
تەبیعەت ئەو کرەی وا ورد تەنیبو
خودای جوانی لە خۆشیانی خەنیبو
دەگەلّ ئەو جوانییە خاوەن شەرم بوو
دلّی زۆر نەرم و خوێنی زۆر گەرم بوو
دەبوو جێی ئەو بەرزتر با لە هەوران
کەچی دەژیا لە ژووری مالّی گەوران
دەبوو چەتری سەری بالّی هوما با
نەوەک ئاوا لە ڕووپۆشێ خزابا
دەبوو سواری قەلّاندۆشی هەلّۆ با
لە بەرزایی چیادا سەربەخۆ با

نەوەک لێی داخرابا دەرکی حەوشە
ژیابایە لە نێو ئەو غەور و خەوشە
دەبوو ژوانگەی لەکن ڕاوگەی کەوان با
نەوەک وا چاو لە دەستی دەرکەوان با
دەگەڵ پێروو بکا ڕاز و نیازێ
گەلاوێژی بەهاوڕازی بنازێ
بکا سەیرانی زەرد و ماه و ڕازان
لە خەو ڕابێ بەسیرەی سەقر و بازان
گزینگ بنگێوێ کوڵمەی ئاگرینی
شنە ببزێوێ بسکی پڕ لە چینی
دەگەڵ گوڵ پێکەنینێ فێنکی بەیانی
سەرانسەر پڕ لە خۆشی بێ ژیانی
دەگەڵ بولبول بڵێ حەیران و بەستە
خەڵک شەیدا بکا بەو شۆر و هەستە
دەبایە چێژی ئازادی بچێژێ
نەوەک فرمێسکی نامرادی بڕێژێ
بە ئاونگێ بشوا ڕوخساری پاکی
لە پاکان ون نەبێ دیداری پاکی
دەبوو بوکشن دەس و پەنجەی لە گۆوەند
«کوڕی، دیواندڕی»، بەند هەڵبڕێ، ڕەند
دەبوو جووتی ژیانی هەڵبژێرێ
نەوەک بابی بە سەوقاتی بنێرێ
قەفەس زیندانی تاوسی شۆخ و مەستە؟
کچی جوان و لەبار و دەرکی بەستە؟
کچی بێ بەش لەنێو بورج و قەڵادا

دوڕە ئەمما لە دوڕ دورجی بەڵادا
دەبا هەر ئەتڵەس و دیبای لەبەر بێ
کچێک ڕوو بەستە و چارشێو بەسەربێ
بڵا پاژنەی لە زێڕبێ کەوشی جوانێ
کە دانرابێ لە دەرکی دەرکەوانێ
بەکاری چی دێ خشڵ و زێڕ و زێوەر
کچێکی نەشتە نێو خەڵک و جەماوەر
بەکاری نایە بەرگی جوان و مومتاز
کچێکی چاوی دووروابێ وەکو باز
لە ژاری تاڵترە خۆراکی چەوری
کچێک وەک ڕۆژ نەیێتە دەر لە هەوری
سیا چاڵی کچانە کۆشکی میران
هەزار خۆزگە بەکاولاشی فەقیران
بەقانوونی تەبیعەت نازی بێ جووت
ئەوی ئینسانە، جا دارایە یا ڕووت
کچی میر و گەدا دڵیان هەیە دڵ
دڵیش ناکا لە دڵداری و ئەوین سڵ
ڕەبەن تامی ژیانی چۆن دەزانێ
ئەگەر «پێ»شی بگاتە ئاسمانێ
کەسێک جووتی نەبوو خۆشیی نەبینی
بەهەشت ناهێنێ ڕۆژێ دێر نشینی
کەسێکی ژینی بێ ژوان ڕابوێرێ
هەموو ژانی جیهانی پێ دەوێرێ
ئەوین مایەی ژیان و بوون و مانە
ئەوین ڕایگرتووە دەوری زەمانە

ئەوین نەبوایە پێی ناوێ بخۆی سوێند
جیهان چۆڵ بوو پەپووش تێیدا نەدەخوێند
ژیانی بێ ئەوین دەشتی نەبوونە
لە سایەی عیشقە ئەم دنیایە ڕوونە
ژیانی بێ ئەوین گشتی زیانە
کچیش نەیخوارد فریوی ئەم ژیانە
وەدووی دڵ کەوت و پچڕی بەند و پێوەند
دڵی خۆی دا بەلاوێکی هونەرمەند
هونەرمەندێکی پاکی بەرزە ئاکار
کە جارجار ڕێی دەکەوتە ماڵی خوونکار
هونەرمەندێ کە هەر نەغمێکی تاری
گڕ و ئاورینگ و پشکۆی لێ دەباری
هونەرمەندێ کە دەنگی پڕ خورۆشی
بە بەندێ دەیپەڕاند دەرد و نەخۆشی
هونەرمەندێ کە هەستی ئاگرین بوو
دەروونی پڕ لە ناسۆر و برین بوو
هونەرمەندێ کە سووتاوی ئەوین بوو
هەموو ئەندامی سۆز و تاو و تین بوو
هونەرمەندێ کە زادەی دەرد و خەم بوو
زەدەی دەستی ڕەشی دێوی ستەم بوو
هونەرمەندێ بەزگ برسی و بەچاو تێر
لە شەڕ بێزار و دۆستی ئاشتی و خێر
هونەرمەندێکی عەسری فیئۆدالی
دڵی پڕ بوو، بەڵام گیرفانی خاڵی
شەوانی بەزم و شایی و شەونشینی

لــه درزی پـــــەرد یـــەکتـــریـــان دەبینـــــی
کــه تێـــــک دەڵقـــا نیـــگای پـــڕ گفتـــوگـــۆیان
دەیـــانـــــدرکانـــد بـــەســـــانی ڕازی خـــــۆیان

***

کـــــوڕیش ســـەوداســـــەری کیـــژی ئـــەمیـــر بـــوو
لـــه داوی خۆشـــەویســـــتیدا ئـــەســـــیر بـــوو
ئـــەویـــن نابینـــــێ بـــەینـــی قـــەوم و دینـــان
ئـــەویـــن نازانـــێ فـــەرقـــی تـــوێـــژ و چینـــان
ئـــەویـــن دوو دڵ دەکا مەفتـــوونـــی یەکتـــر
لەکـــن ئـــەو وەک یەکـــن ئیســــلام و گـــاور
ئـــەویـــن خـــاتـــوو زلێخـــای نـــەرم و هێـــدی
دەکـــاتـــه دیلـــی عـــەبـــدی زێـــڕ خـــریـــدی
ئەوینـــه شـــێخی ســـەنعانـــی غـــەریـــب زان
دەکـــاتـــه گـــاور و شـــوانـــی بـــــەرازان

***

ئـــەگـــەر خـــاتـــوون گـــرفتـــاری ئـــەویـــن بـــوو
ئـــەوینـــی لاوەکـــــه زیاتــــر بـــەتیـــن بـــوو
گـــڕی گـــرتبـــوو دەروونـــی پـــڕ لـــه جـــۆشـــی
له تـــاوانـــی نـــەمـــابوو هـــۆشـــی خـــۆشـــی
له ســـوێـــی ئەو شـــۆخـــه ئـــۆقرەی لـــێ بـــڕابـــوو
لـــه ژینـــــدا ژان و ئێشـــــی پـــێ بـــڕابـــوو
ئـــەوینـــی ئـــەو دووانـــــه دوور بـــــەدوور بـــوو
که دیواری قـــــەڵای میـــری ســـــنوور بـــوو
ســـــنوور و شـــــوورەو و تـــامـــــان و پـــەرژیـــن
لـــه تامـــــەزرۆی ئەوینـــــێ تـــاڵ دەکـــەن ژیـــن

قەلا سەخت و حەرەمخانە پڕاوپڕ
دەرک گالەدراو و دەرکەوان دڕ
مەگەر باڵدار بەسەر کۆشکا فڕیبا
مەگەر لێمشت دڵی شوورەی دڕیبا
مەگەر ڕۆژێکی بەزمی بایە خوونکار
کوڕیشیان بردبایە لێ بدا تار
لە درزی پەردە دیبای بەژنی یاری
لە سیحری تێپەڕاندبا سۆزی تاری

***

زەمان ڕابرد، پتر بوو هەستی دۆستی
بەڵێ هەستە کە میر نایەن دەرۆستی
لە دەوری هەستی کەس ناکێشرێ شوورە
خەیاڵیش شارەزای پشتی سنوورە

***

هەراسان بوو کچی میری بەجارێ
گوتی: «بەسیەتی با ڕاسپێرمە یارێ»
ژنێکی ڕاسپاردە کن هونەرمەند
«ئیتر ئەو بێ بەشی و سووتانە تا چەند؟!
خەمی دووری نەخۆین، هەرچی دەبێ، بێ!
دەبا بێ و بڕۆین، هەرچی دەبێ، بێ!
وەڕز بووم لەو ژیان و پنج و مۆرە
بە ئازادی بژیم تاوێکی زۆرە
هەموو زێڕ و جل و نۆشین و خواردن
فیدای تاوێ دەگەڵ ئەو ڕابواردن
هەتا کەی مەینەتی دووری بچێژین!

هەتا کەی بووکی ئاواتمان بنێژین!
هەتا کەنگێ خەیاڵ بگرینە باوەش!
بلەرزێنێ مچوڕکی بێ بەشی لەش!
هەتا کەی ئەو نەبینم تێر بەچاوان!
لەسەر من داخرابێ دەرکی باوان!
هەتا کەی داخرێ سینگ و بەرووی من!
هەتا کەی نەشکێ تاسە و ئارەزووی من!
دەبا بێ و ڕوو بکەینە دوور وڵاتان!
نەجاتم دا لە نێو شوورە و قەڵاتان!
ئەگەر مەردە، بەجەرگە، پاکە، سەرباز
دەبا بێ و من بکا لەویەندە دەرباز!
نزا و پاڕانەوە و گریان و ناڵە
چ سوودێکی هەیە نووشتەی بە تاڵە
نەبێ باکی لە خوێڕیی دیوەخانان
بە پیاوان دێنەدەر گەوهەر لە کانان
بە زۆر بشکێ دەبێ دەرکی قەڵایە
دەنا ئەو دەرکە بۆ کێ ئاوەڵایە»

***

ئەوەی بیست لاوۆ گەشکەی گرت لە تاوان
گوتی: «ئامادە و سازم بە چاوان
دڵم ناوێ نەبێ قوربانی نازی
سەرم ناوێ نەبێتە بەردەبازی
ئەوا بۆی ئاوەڵایە باوەشی من
بەسە بۆمن کە ئەو بێتە بەشی من
لە ڕێی ئەودا بەخت کەم گەر ژیانم

بەسەربەرزی و بە شانازیی دەزانم
لە پێناوی ئەوا گەر بچمە سەردار
لە ژێر پێمدا دەبینم مەزن و سەردار»

***

شەوەزەنگی بە زەبری زێڕ و بەرتیل
کراوە دەرکی زیندان بۆ کچی دیل
کچە گۆڕیەوە کۆشک و تاج و تەختی
دەگەڵ ئازادی و ئازار و سەختی
بە جووت ڕۆیین دەگەل یاری وەفادار
بەرەو مولکی ئەوین و ژینی ساکار
سنووریان هەڵبوارد و چوونە شاریێ
لەوێش فەرمانڕەوا بوو نابەکاریێ
لەوێش میرێکی زاڵم کاربەدەس بوو
لەوێش بێ چاوڕوویەک داربەدەس بوو
لەوێش زیندان و بەندیخانە پڕ بوون
گزیر و پاسەوان شوێن گێڕ و دڕ بوون
لەوێش هەر سەربزێوی باسی سەر بوو
لەوێش دنیا بە کەیفی بێ هونەر بوو
لەوێش ناپیاوی بازاڕی گەرم بوو
لەوێش باو باوی پیاوی بێ شەرم بوو
لەوێش پیسکە و درۆزن کاری باش بوو
لەوێش مەردایەتی و پاکی لە پاش بوو
کوڕ و کیژی لەباری پاکی ساکار
لە ڕێی ژینا لەوێ بوونە کرێکار
لە بۆ نانێک و بۆ یەک تۆزە پێخۆر

یەکێکیان بۆ بە پاڵە و یەک بە جلشۆر
ئەگەرچی زۆر گران بو ئەو ژیانە
بەڵام کەیفی هەبوو بەزمی شەوانە
بەڕۆژ ئاوارە بۆ پێخۆر و نانی
بەشەو دەستەملان بوون تا بەیانی
لەشی ناسک کە ئازاری دەبینی
زمان دەیگوت ژیان چەند نازەنینی!
لەدنیادا نەبینرا نۆشی بێ نێش
کەسێک خۆشی دەوێ حازر بێ بۆ ئێش

***

ئەمیریان کرد کە لەو کارە خەبەردار
بە خۆی دادا وەکو ورچی بریندار
بەڕقدا چوو بە ناهەق خوێنی ڕشتن
گزیر و دەرکەوانی گرت و کوشتن
هەمیشە دەیگوت: «ئەی ئەو ئابڕوو چوونە
شتی وا نەیبووە وێنە و نموونە
کچی من بێ بە جووتی بۆرە پیاوێ،
دەکوژرێ، خۆی لە ماڵی کابە باوی!
دەبێ من چۆن بژیم و چۆن بمێنم!
لەنێو هاوشانی خۆمدا سەر هەڵێنم!
کچی من هەڵگرن، وەڵڵاهی جوانە!
کچی من بۆ کچی گاوان و شوانە!؟
لەنێو مسکێنی خۆم دەبمە پلیتە
نەکوژم ئەو هەتیوە و ئەم سەلیتە
نەیانهێڵم دەبێ لەو سەرزەمینە

لە شانم دادڕم ئەو پینە شینە
وەکارخەم دەسەڵات و هێزی زۆرم
بە خوێنێ ئەو پەڵە و نەنگە وەشۆرم»

***

بەرێی کردن گەلێ شەیتان و شۆفار
هەتا بیکەن لە حاڵی وان خەبەردار
تولەی شوێنگێڕی بەردانە مڵ و مۆ
وەکار کەوتن لە ڕاوێچکە و لە بابۆ
چ ناپیاون ئەوانەی سوودپەرستن
دژی خاوەن دڵی شەیدا دەوەستن
چ سپڵەن ئەو سەگانەی گورگەمێشن
کەلاک بۆ گورگی برسی ڕادەکێشن

***

گەڕان شۆفارەکان قوژبن بە قوژبن
وڵاتیان دا سەراسەر سەنگ و سووژن
گەڕان شار و گەڕان دێهات و هۆبە
هەموویان پشکنی نۆبە بە نۆبە
گەڕان کێو و چیا و ئەشکەوت و زندۆڵ
گەڕان کادێن و کەندوو و ئاخور و هۆڵ
سەروشوێنیان نەبوو پەیدا لە هیچ کوێ
کەسێ نەیدیبو دوو شەیدا لە هیچ کوێ
بە میریان ڕاگەیاند وەک ڕۆژە ڕەوشەن:
کە «لێرە نین، پەڕاندوویانە کەوشەن»
گوتی: «پێتان دەدەم ئەمجارە فەرمان
بچن بۆ وڵاتی دوور و دەورویەرمان

بــــرۆن و ڕامـــەوەســـتن، هیـــچ مـــەتـرسـن
هـــەواڵـــی ئـــەو دووانــــــەم بـــۆ بپرسـن
لـــەهـــەر کـــوێیە هـــەبـن بیانـــدۆزنـــەوە بـــۆم
وەکـــو تـــاژیـــی بـــەکار بیـــانقـــۆزنـــەوە بـــۆم
«دەدەم پـــارە و خـــەڵاتـــی بـــاش بـــە ئێـــوە
کـــە بـــۆم دەردەس کـــەن ئـــەو دوو ســـەربـــزێـــوە
لـــە بـــان هـــەوران بژیـــن یـــا تەختـــی بـــەحـــران
لـــە داویـــان خـــەن بـــەفیـــڵ و فـــەنـــد و مـــەکران
گـــوتـــوویانـــە کـــە خـــزمـــەتـــکاری چـــاکـــی
دەبـــێ وەک داڵ بکـــەی بـــۆنـــی کـــەلاکـــی
لـــە ئێـــوە کار و تێکـــۆشـــان، لـــە مـــن مـــاڵ
دەتـــانهـــارِم بـــەســـەریـــانـــا نـــەبـن زاڵ»

***

قـــەڵای میـــران بـــەدەس نـــاکەس دەنـــەخشـــێ
کـــە «دار هۆرەی لـــە خـــۆی بێ زوو دەقـــەڵشـــێ»
ئـــەگـــــەر زێـــڕ و دراو دەوری نـــەبـــوویـــا
بلـــووری ژیـــن دەبـــوو غـــەوری نـــەبـــوویـــا
ئـــەگـــەر پـــــارە نـــەبـــوویـــا بیـــرەبـــڕوا
دەبـــوو زاڵـــــم لە کـــوی وا دەســـــتی بـــڕوا؟
ئەگـــەر خـــوێـــڕی نەکـــا میللـــەت فـــرۆشـــی
لـــە خـــۆی نابینـــێ زاڵـــم خێـــر و خـــۆشـــی
ئـــەگـــەر ئـــەســـپی غـــەرەز نـــاوێ قـــەڵـــەمباز
بگـــاتـــە جێی وەزیـــرێ ڕەنگـــە ســـەربـــاز
کـــە فیـــل و ڕوخ نـــەکـــەونە کلکـــەســـووتـــە
مـــەلیـــک ماتـــە بـــەدەستی پیـــادە ڕووتـــە

بـــــە مـــن ئـــەو هێـــرش و زەبـــــر و زوڵــــــم و زۆرە
بـــــەشـــی زۆری گـــــونـــاهـــی مفتـــــەخـــۆرە

***

بڵاوبـــــــوون خێڵـــــــی شـــــــۆفارانی بـــێ عـــار
لـــەدوای دوو ئـــاشـــــقی لاوی فیـــداکــــــار
گـــــــەڕان شـــار و وڵاتـــــــی دوور و نێـــزیــک
دووان بـــە زمانـــــــی فـــورس و تـــورک و تاجیـــک
یەکێـــک بـــووە مارگـــر و یـــەک بـــو بەدەروێـــش
یەکێـــک بـــووە حافـــز و یەک بـــوو بـــە دەسـکێش
یەکێـــک بـــووە لۆتـــی و یـــەک بـــوو بــــە چاوەش
یەکێـــک بـــۆە سـوالکەر و یـــەک بوو بـــە جاکەش
خـــــەیـــابـــان و شـــەقـــام و ڕێگـــــەیـــان گـــرت
هـــــەمـــوو جێیان تەنی، گشـــت جێگـــەیـــان گـــرت
کـــــچ و کـــوڕ بـــێ خەبـــەر لـــەو تـــۆڕە داوە
خەریکـــــی کـــــاری خۆیـــان بـــوون لـــە لاوە
ئەگەرچـــی ڕووت و پێخـــواس بـــوون و بـــرســـی
بـــەڵام کـــەم کـــەم نـــەیـــانمـــابـــوو مـــەتـــرسـی
بـــەســـەربـــەستی ژیانـــی ســـەر حـــەســـیری
بـــــە قـــوربانـــی بـــێ تـــەخت و بـــەختـــی میـــری
چ خــــــۆشـــــە ســـەربڵنـــــدی و بـــێ نیـــــازی
بـــە ئـــــازادی بخـــــۆی نـــان و پیـــــازی!
دەڵێـــــن یـــارێ گـــــوتـــی جـــارێ بـــەیـــاری[1]
«گـــــەڕیـــدەی شـــارەزای زۆر گـــــوند و شـــــاری
لـــەهـــەمـــووان خـــۆشـــتر و جـــوانتـــر چ جێیـــە؟
گـــــوتـــی: «ئـــەو جێیـــە خـــۆشـــە یـــاری لێیـــە»

که دڵ خۆش بوو دڵۆ با دەربکا دەست
شەکەت بێ با لەش و ئاسودە بێ هەست
دەسێک بکرێ بەشەو لە ملی نیگارێ
بە ڕۆژ ماندوو ببێ با هەر لە کارێ
دەس و پەنجێک کە بوکشێ جووتە مەمکێ
جەمام نابێ بەکارێ تاکو نەشکێ
کە لێو بمژێ شەوانە لێوی دڵدار
بە ڕەنج کێشانی ڕۆژێ ناگرێ بار
کە شەو تێر ماچ و مووچ و گازە کوڵمە
چبوو سووتاو و تاوانگازە کوڵمە
کەسێکی چێژی ئازادی بچێژێ
لەوەی باکی نییە ئارەق بڕێژێ
بەبێ ڕایەخ شەوێ ئاسوودە دەنوێ
کرێکارێ کە یار پشتی بهەنوێ
بەبێ پێخەف شەوێ گەرموگوڕە لەش
کە یاری نازەنین بگرێ لە باوەش
کە شەو دایماڵێ پەنجەی یاری جوانی
بەڕۆژ با هەر جەدەو بێ پیل و شانی
کە سۆزی عیشقی وان هەردەم پتر بوو
هەموو تاوێکی عومرێکی خدر بوو
لە نێو شۆفارەکاندا خواجەیەک بوو
عەجەب زیانی خورۆ و پیرە سەیەک بوو
ئەمیر بۆ پاسی نێو ماڵی کڕیبوو
نموونەی پیاو خراپی و دەم شڕی بوو
کە خۆی بێ بەش لە خۆشیی ژین کرابوو

هەموو دەرکی هومێدی داخرابوو
کە شەوقی عیشق و دڵداریی نەدیبوو
کە گەرمیی باوەشی یاری نەدیبوو
کە زیبک وَ غیرەتی مێریی نەدیبوو
کە خۆشیی پیاوەتی و نێریی نەدیبوو

***

دەروونی پڕ گریمانە و حەسەد بوو
هەتا حەز کەی بەخیل و شووم و بەد بوو
کە کوشتی پیاوەتیی ئەو دەستی تاوان
هەقی خۆی بوو ڕقی زۆر بێ لە پیاوان
کە وەک یەک بوون ژن و گاشە لەکن ئەو
نەبوو باکی بدا ئازاری ژن ئەو
چلۆن بڕوا ئەکەن ئینسانی بێ بەش
نەبێ بێ ڕەحم و بێ ئینساف ودڵڕەش
کە ئینسانێک وەکو حەیوان خەسیبێ
نییە سەیر گەر نموونەی ناکەسی بێ
بەئەمری میر ئەویش خۆی کردە سواڵکەر
گەڕا شار و وڵاتان ئەمسەر، ئەوسەر
هەتا ڕۆژێکی خواجەی دڵڕەقی پیر
لە ماڵێک دووربەدوور ناسی کچی میر
تەماشای کرد جلوبەرگی دڕاوە
سەر و پۆتڕاکی ئاڵۆز و بڵاوە
بەرۆکی ئاوەڵایە، سینگی ڕووتە
سەری ئەو کوڵمە ناسکەی تاوەسووتە
هەڵی ماڵیوە تا ئانیشکی بۆ کوڵ

دەڕێژی ئارەقە زەنگوڵ بەزەنگوڵ
کەچی شادی لە نێو چاوان دەباری
کچی میرە و شەرم ناکا لە کاری
سەری سووڕ مابوو ئەو کابرا نەزانە
چلۆن گۆڕاوە ئەم دەور و زەمانە
«تەماشای ئەم ژیان و ڕێ و شوێنە
ڕەسەن زادە و کوڵ و ئەسپۆن و سوێنە
بە دووی کارا گەڕان کووچە بە کووچە
لە بۆ خاتوونی وا تاوان و سووچە
بەشیر و شەکری پەروەردە کراوە
لە کۆشک و سەرسەرایاندا ژیاوە
هەمیشە خاوەنی کۆیلە و کەنیز بوو
جلوبەرگی هەتا حەز کەی تەمیز بوو
ئەوی دەستووری دابا جێ بە جێ بوو
لە خۆی زیاتر لە ژووری کۆشکی کێ بوو!
دەیانکرد باوەشێنی ئەمبەر، ئەوبەر
لە بن سێبەر کچی نەشمیلی ئەسمەر
کەچی ئێستا لەبەر سوورە هەتاوی
پەرۆ شۆری دەکا بۆ نان و ئاوی
مەگەر باوکی پەکی کەوتووە لە تاڵان
کە ئەو ئێستا دەکا جل شۆری ماڵان
دەبێ خواردبێتی مێشکی گوێدرێژی
دەنا بۆ نانی چۆن ئارەق دەڕێژی
ئەوی بۆ ئەو کرا، بۆ کێ کراوە؟
بەخوای وا دیارە نووشتەی لێ کراوە»

***

ئەوەندە تەسکە بیری گەندە پیاوان
دەکەن فەرقی کچی میران و گاوان
دەڵێن: کەنگەر و قوماش نابن بە وێڵداش[2]
قسەی کەونە پیاوانە و قسەی باش
دەسەلمێنن بە پیاوی گەوج و سادە
کە: سوار هەر سوارە، پیادەیش هەر پیادە[3]
کچی میران دەبێ لیران وەخۆ خەن
کچی گاوان دەبێ پووشکان وەکۆ کەن
کچی میری دەبێ خۆشی ببینێ
کچی شوانی بچێتە نان چنینێ

***

کچی میری دەبینێ باش و ئەفسووس
کچی میر نەیدەبینی پیرەجاسووس
دەمەو ئێوارە ڕزگار بوو لە کاری
گەڕاوە جا بەرەو ئامێزی یاری
بەڵام جاسووسی پەستی شوومی ناپیاو
بەدوای ئەودا دەچوو هەنگاو بە هەنگاو
تەماشای کرد کە لاوێکی قووڕاوی
لە ڕێگایەی بڕیوە سیلە چاوی
کە یاری دەرکەوت بێ ترس و پارێز
بەرەو پیری فڕی گرتی لە ئامێز
لە هیچ کوێ دای نەنا تا بردیە ژوور
ئیتر ڕووی کردە ئەم ژوورە خودای نوور

***

هەڵی نا جێی ئەوان و وەک کرێوە
لە لاقانی وەرێنا هەر لەوێوە
ترەختان و ڕکێفکوت کەوتە ڕێیە
لە خەڵکی وایە «کابرا ئاوی پێیە»[٤]
لە سوێی ماڵ و دراوی باڵی گرتبوو
خەیاڵی موڵک و ماش و ماڵی گرتبوو
هەمیشە وایە کاری پیاوی نامەرد
کە سوودی خۆی دەکا تەنیا بەراوەرد
لە خۆی ڕازی بکا ئەو میری خوێنخۆر
دەروونی عاشقان با بێنێ ناسۆر
خەڵک تووشی بەڵایە بێ جەهەننەم
کە ئەو گیری کەوێ دینار و دەرهەم
هەتیو بار سووک نەبێ با باری قورسی
نەیێتە خوار جەنابی ئەو لە کورسی
بە کوچکێوە بدا جەرگی ژنی پیر
هەتا چەنگی لە جێگایەک ببێ گیر
بەوەی چی چیی بەسەردێ پیاوی بێ کەس
کە ئەو پارەی دەوێ و پارەی دەوێ بەس
بەوی چی ماڵی خەڵکی بێ خودان بێ
کە ماڵە جوانە کەی ئەو ئاوەدان بێ
بە کوشتن دا خەڵک ئۆردوو بە ئۆردوو
پەکی پێ ناکەوێ ویجدانی مردوو

***

بە تاڵووکە گەیشتە دەرکی میری
بە گورجی خۆی گەیاندە کن گزیری

گوتی : « زەحمەت نەبێ پێی ڕاگەیێنی
هەمە عەرزێک و عەرزێکی نهێنی
گرنگە عەرزەکەم ، ڕازێکە ڕەنگ بێ
هە تا زووتر خەبەردار بێ درەنگ بێ »

***

ئەوەندەی پێ نەچوو بردیانە کن میر
گوتی: « ئەی میری خاوەن ڕاو و تەگبیر
لە زیادی بێ هەمیشە بەخت و هاتت
پتر بێ و هەر پتر بێ دەستەڵاتت
بەجێم هێناوە ئەرکی بەندەگیی خۆم
لە سایەی تۆوە خایەن بیندراوە
چییە فەرمانی گەورەم ، وەختی ڕاوە»
ئیتر نامەردە پاشەوپاش کشاوە
لە خۆشیان ڕەنگ و ڕووی میری گەشاوە
هەرای کرد: « کێ لەوێیە[٦] بێتە ژووریٚ »
بە جاریٚ داوەرین چەند زرتە سووریٚ
گوتی :«ئیوە کە خزمەتکاری خاسن
هەموو ئەو نۆکەرە باشەم بناسن
بکەن ئێستا سەراپا زێڕوەشانی
خەڵاتی گەورەیی دادەن بە شانی»

***

وەکوٚی کردن لە پاشان گەورە گەورە
هەموو دەستەونەزەر وەستان بەدەورە
چ گەورە گەورە؟ بەندە و گوێ لە مست بوون
بەرەو ڕووی ئەو تەواو بێدەنگ و هەست بوون

قسەپان و ڕەزاگران و دەغەڵکار
درۆزن، دووزمان، پەتیارە، بێعار
بەگژ خەڵکا دەچوون وەک نەڕڕە دێوی
کە ئەو دیار با دەبوونە دێڵە ڕێوی
کە ئەو دەیگوت: «ئەرێ چبکەین بەیانی؟»
کە ئەو دەیگوت: «گەورەمان بۆ خۆت دەزانی»
گوتی: «ئەی گەورە گەورەی بارەگای من
بڵێن ئێستا چییە تەگبیر و ڕای من؟
دەڵێن ئەو دوو کەسەی لێرە هەڵاتوون
لە پاتەختی وڵاتێ نیشتەجێ بوون
کە دۆستی خۆمە میری ئەو وڵاتە
ئەمیرێکی بەزیبک و دەستەلاتە
دەڵێم چەند کەس لە ئێوە هەڵبژێرم
بچن، سەوقات و دیاریی بۆ بنێرم
بە نامە لێی بخوازم ڕانەوەستێ
دەس و پێی ئەو دوانەم بۆ ببەستێ
بە ڕێیان کاتەوە بۆ دەرکی ئێمە
من ئامادەم ئەویش گەر کاری پێمە»
گوتیان: «صەددەق! قسەی میری تەواوە»
گوتی: « ئیتر قسەم پێتان نەماوە»

***

شەوێکی ڕەش وەکو بەختی ئەسیران
وەکو دوارۆژی زۆردارو ئەمیران
نە مانگ دیار بوو نە ئەستێرەی گەش و جوان
تروسکەی لێ بڕابوو ئاگری شوان

دەروونـــی پیـاو خـــراپـــانـه شـــەوەزەنگ
کـــه داخنــریَ بـــه بـــوغــز و کینـــه و ژەنــگ
بـــەرەواڵـــەت کش، بـــەڵام پـــڕ کـــارەســـاتە
هـــەزاران رازیَ تیـــدا گـــەرچی مـــاتـــه
لـــه کـــۆشک و گـرتــووخانـەی دەرکـەبـەستـه
یەکێـک مـــەســـتە، هـــەزاران زار و خـــەســـته
لـــه لایـــه لاو دراونــــە بـــــەر شــکــــەنجــــه
لـــه لای دیکــــه ســـەمـــایـــه و لار و لـــەنجـــه
لـــه کـــونجـــیَ بیـــوەژن دەگـــری و دەنـــاڵـــیَ
لـــه کـــۆشـــکی بادەگێـــڕە چـاو کـــەژاڵـــیَ
له ســـووجـــیَ باب لـــه سوێی ڕۆڵـــەی دەســـووتـــیَ
لـــه قـــەســـرێـکـــی دەرقـــســـیَ نیـــوەڕووتـــیَ
کچی بـــیَ بـــەش لـــه ژووریَ ئـــەشـــکی دەســـڕیَ
کـــوڕی ئاغـــاش بـــەپـــاره جـــوانـــیَ دەکـــڕیَ
هـــەتیوی بـــرســـی چڵمـــــی هـــەڵـدەلـــووشـــیَ
کـــوڕی شـــێخ ئـــارەقـــی نابـــڕیَ له شـــووشـــیَ
لـــەلایـــه چـــارەڕەش کـــەوتـــووه لـــه کـــــۆڵان
لـــەلایـــه پـــاره بـــەش دەکـــریَ بـــه کـــــۆڵان
لـــەلایـــه جامـــــی بـــــادە پـــــڕ کـــــراوه
لـــەلایـــه داری ئیعـــــــدام هـــــەڵخـــــراوه
بـــەڵێ ڕاســـــته قـــەڵای مێـــرانه شـــەوگـــار
بـــەڵام تێیـــــدا ونـــه تـــاوانـــــی بـــەدکار

***

کـــچ و کوڕ نووســـــتبوون بیَ خـــەم لـــه کـــەپـریَ
نـــــەیانـــزانـــی کـه دارۆغـــــــه دەیـــانگـــریَ

له کوێ دڵداری پاکی چاکی ساکار
دەزانێ فێڵ و مەکری پیاوی زۆردار
لە چین بێ یا لە ماچین بێ دیارە
کە ئاغا دوژمنی چینی هەژارە
لەلای خۆیان هەیانە غیرەت و ڕەگ
لەهەر شوێنێ هەبن توخمی دەرەبەگ
لە چین کیژی ئەمیرێ هەڵبگیرێ
لە ماچین کەسری شانە بۆ ئەمیرێ
لە میران هەرکەسێکی دڵنیا بێ
لە ژینا تووشی خێر و خۆشی نابێ
نەیانزانی ئەوەی ئێرەش ئەمیرە
خەریکی ڕاو و ڕووت و ڕەش بگیرە
هەتا لێیان وەژوور کەوتن یەساوڵ
له خەودا سواری سینگیان بوون نەخافڵ
نەیانهێشت ڕاپەڕن، ببزوون، هەڵستن
دەس و پێیان بە چۆڵەپێچە بەستن
کە دوایی هات لەوی خانەبگیری
بەڕێیان کردنەوە بۆ دەرکی میری

***

بەیان ئەنگووت و سۆفی تاکە تاکە
گوتیان هەستین بچینە نوێژێ، چاکە
بڵیند بوو بانگدەری کوێرێ خەواڵوو
گوتی: «بانگی بەیانی درەنگە یا زوو
«دەبێ زوو بم هەتا کو نەبڕێ نانم
«بە بێ دەستنوێژ بدەم بانگی بەیانم»

لە دارکێشی وەژان کابانی نوێژکەر
گوتی: «کابرا دەهەستە جل بکە بەر
کە بارت زوو نەکەی بۆت نافرۆشێ
وەدەستت ناکەوێ پارە و قورۆشێ
کەمی ماوە لەبۆ جێژنی بەراتێ
کراسی نوێ نییە بۆ شانی فاتێ»
ژنی پاڵە گوتی: «هەستە بەسە خەو
خرابی بۆ نەنووستی، فیلە، ئەمشەو
پەلەت بێ زوو بکە کارێ و بزانە
مەلا فەرموو کونی ڕۆژی بەیانە»
بەڕەت بردن گەیشتە ژوورێ ئاغا
تخێڵ بوو جا لە نێو بەندی وەتاغا
گوتی: «خانم بشێلە پێ و دەستم
درەنگ هاتوومەوە، وا دیارە مەستم»
جەنابی شێخ بە خێزانی دەفەرموو:
«هەتیوێکی بنێرە خانەقا زوو
بڵێ شێخ نوێژی کرد و نووستەوە بۆی
خەلیفە نوێژی بۆ خەڵکی بکا خۆی»
خەلیفە پێ کەنی و زانی چ باسە
گوتی: «باوکم بەقوربانی بێ، خاسە»
وڵات ڕوون بوو، کتێبی دەستی دانا
خەریک بوو تازە بنوێ لاوی زانا
کە دایکی کردیە هاوار و فریاد
بەخۆیدا دا، گوتی: «ئەی داد و بێداد!
چبوو تاوانی ئەم جووتە فەقیرە

که وایان لێ بکا ئەم گورگە پیرە
ئەوە کار بوو کە کردی ئەم یەکانە
پەژارەی خستە شاری بەم بەیانە
بە قوربانت دەبم بینایی چاوان
قبوولی بۆ دەکەی تۆ سووچ و تاوان
خودایا بەس بدە دەستی ئەمیری
خەراپە، بەدفەڕە، بۆ خۆت خەبیری
هەتا کەنگێ دەدەی تۆ بەخت و هاتی
دەزانی چەند دڕە، ئەحلەت لە زاتی!»
گوتی: «دایە! چییە ئەم بۆڵە بۆڵە؟»
گوتی: «هەستە، سەڵام لێ ڕابوو، ڕۆڵە!
ئەمیر ئەمڕۆ لەداری دان بەجووتە
کچۆڵەی خۆی و ئەو خۆش خوانە ڕووتە
لە شاری کەوتووە هاوار و گریان
دڵی گەورە و بچووکان بۆتە بریان»
ئەوەی گوت کەوتەوە ئاه و نزوولە:
«خودایا چەند بەدە ئەم میرە خوولە!
دڵی کوو هات بکوژێ ئەم گوڵانە!
لە یەکتر کا بە ناهەق ئەم دڵانە!
خودای گەورە! بەدەس خۆتە هەموو کار
لەسەرمان لابەرە بێ دادیی خوونکار
لەسەر دڵداری نۆلاوان دەکوژێ!»
کوڕ و کیژان لەپێش چاوان دەکوژێ!»
گوتی: «پاڕانەوە بێ کەڵکە، دایە!
نزوولە قەت دەڕۆستی زوڵمی نایە

نەزانە تا کو خەڵکی ئەم وڵاتە
بەدەس میرانەوە ئەم دەستەڵاتە
دەئاژۆن، ڕادەدەن تا بلوێ بۆیان
هەموو کارێ دەکەن بۆ سوودی خۆیان
بپارێزن هەتا ئەم موڵک و ماڵە
وەبەر پێیان دەدەن مسکێن و پاڵە
ئەوان پێیان بڕێ دەسکەوت و قازانج
بەقوڕ گیرێ دەبا سەد ماڵە کرمانج
ژن و پیاو و کوڕ و کیژان دەکووژن
قسە توند و قەڵەم تیژان دەکووژن
هەتا خەڵکی لە یەکتر وا نەبانن
ئەوان سواریان دەبن، سواریش دەزانن
«هەتا میرزا حەکایەت خوانی میرە
مەپرسە دایە لەم گوشت و بگیرە
هەتا کیژی هەژاران مەشکەژێنە
لە ماڵی وان هەیە ئەم بێنە بێنە
هەتاکو هێزی ئەم خەڵکە نەجووڵێ
هەزار پاڕانەوەت دایە بە پووڵێ»
کە ژن زانی ئەویش ئینسانە وەک مێر
مەڕی میری ئیتر نایێتە سەر بێر
کە وریابوونەوە پاڵە و کرێکار
دەشێوێ ماڵی میر و مەزن و خوونکار
کە میرزا بوو بە ڕۆشنبیری تازە
هەزار ڕەحمەت لە گۆڕی بێ کچی میر
قسێکی کرد کە پەندە بۆ کوڕی ژیر

«بە زۆر بشکی دەبێ دەرکی قەڵایە
دەنا ئەو دەرکە بۆ کێ ئاوەڵایە!
خەبات ڕزگار دەکا کۆیلە و ئەسیران
لە ناخێ ڕادەکا مەزن و ئەمیران
بە ئەفسانەی دەزانن سووڕی دەوران
غوڵام و ورکەخۆری دەرکی گەوران
بەڵام دەوران دەبێ ڕۆژێ بدا سووڕ
لەبەر گەوران نەبێ پشتی خەڵک کووڕ
کە گۆپاڵی خەڵک دەرهات لە خیزی
ئیتر نامێنێ میری گەورە فیزی»

١٩٧٨/٢/١

***

١. ئەم گوتەیە لەم دوو شێعرەی مەولەویی بەڵخی وەرگیراوە:

گفت معشوقی بە عاشق کای فتی
تو بەغربت دیدەای بس شهرها
پس کدامین شهر زانها بهتر است؟
گفت آن شهری کە در وی دلبر است

٢و٣. لە فۆلکلۆر وەرگیراوە

٤. لە فۆلکلۆر وەرگیراوە. کینایەیە لە بەپەلە ڕۆیشتن

٥. جساران کەروێشک لە لاندا دۆزینەوە هونەر بوو. نۆکەرێک لە ڕاودا کەروێشکی دۆزیبایەوە دەیگوت نۆکەری ئاغای خۆم پێدەڵێن، هۆی... تەماڵە. لە هێندێ ناوچە پێیان دەگوت (دیاردی).

٦. میرەکان کە بانگی خزمەتکارەکانیان دەکرد ناویان نەدەبردن، هەر دەیانگوت: کێ لەوێیە؟

خاک

بـــۆت نـــووســـــیوم بـــۆت بنووســـم ئەمـــن چیـــم؟
دونـــدی قـــەنـــدیـــل، گـــۆڕەپانـــی هەڵگـــورد نیـــم
بـــــەرەو بـــــەرزی دەچـــــم ئـــــەگـــــەرچـــی وردم
خـــاکی بـــەرپێـــی تێکـــۆشـــــەرێکـــی کـــوردم

***

شەرابی خەست

جێــــژنی نــەورۆزە، شــەرابــم خــەســتترە
تــا نــەڵێــن بــولبــل لە شــاعیر مــەســتترە
جــوانی گوت شــۆخــی لەبــاری بــادەگێــڕ:
«ئەو کەســەی ســەرمەستتــرە، سەربەستترە»

«آنچنــــانــرا آنچنـــــانتــر میکنــد»
شــاعیری دەروەســـت بــەمەی دەروەســـتترە
چیمــەنی شــێلا بەشــــایی کیــژی کــورد
وەی دڵــم لــەو چیمــەنــە پــێ پــەســـتترە
مــن بڕســـتم لــێ بــڕا یــا کیــژی شــار
زۆر لە کیــژی دەشــــتەکی بــەیــدەســـتترە

١٩٧٨

***

خەوم نایە

بەیـــان ئـــەنگـــووت و شـــەو ڕابـــورد و مـــن هێشـــتا خـــەوم نایـــە
دەخوێنـــــن بـــولبـــول و قـــومـــری، بەڵام قاســـپەی کـــەوم نـــایـــە
خـــــەیـــاڵ دەمبـــــاتـــە جێـــــژوانـــی شـــەوانی لاوەتـــی، ئەمما
خـــرینگـــەی بازنـــە و خـــڕخـــاڵ و بـــەرمـــووری ئـــەوم نایـــە

***

ڕێژنە

تۆ بەڵێنم پێ بدە تا من بەرەو ژوان ببمەوە
بمدەیە ماچێکی تەڕ لەم لێوە، با جوان ببمەوە
دەستی لەرزۆکم هەتا تێیدایە هێزی بەی گوشین
لێم گەڕێ تاوێ لە باخی سینە میوان ببمەوە
شەنگەبێری بسڕەوە فرمێسکی بێ شوانی ئیتر
ڕەنگە هێشتا لەو چیا و زۆزانە بۆ شوان ببمەوە
من گوڵی سەر گۆڕی ئاواتی لە مێژینەم بەڵام
ڕێژنێکم لێ بدا پێم وایە بۆ ڕوان ببمەوە
شێخی سەنعان بۆ کچی گاور لە ئیسلام وەرگەڕا
من خەریکم بۆ کچە شێخێ پەژیوان ببمەوە

١٩٧٨/٧/١٩

بارگەی یاران

بەهاری زەرد

بۆ لەیلا قاسم

هـــەمیشـــــە دەرد دەبینـــــم دەرد دەبینــــم
درۆی دوژمـــــن، دەهــــۆی نامــەرد دەبینــــم
مــــەگــەر زەردایـــی نـــــاکـــەن چاوەکــانــم
کـــە ڕەنگـــی نـــەوبـــەهــــاری زەرد دەبینــــم

***

بە ســـۆزەی بـــا کـــە ســـکڵـــــی دڵ گـــەشــاوە
دەروون پـــڕ ســــــۆز و فـــرمێســـکم خـــونــاوە
لـــە دووی لـــــەیـــلا بـــە واوەیلــــــا و شــــیوەن
دەڕۆم و پــــــۆلــــی شــــــینگێڕم بـــــــەدواوە

***

بزەی هــــاتێ گـــــوتی: «ڕوونـــاکـــە ئـــاســــۆم
وەرە جـــــەللاد پــــەتـــت بــــاوێژە ئـــەســـتۆم
ئـــەوە پـــەت نییـــــە مێـــــدالـّـی ئیفتخـــــارە
کـــە بــــــوومــــە قــــارەمــــانی میللەتــــی خــــۆم

***

ئـــەوەی بیســــــت شــاعـــیر و گـــریـــا بــــەزاری
ئـــەگـــــەرچـــی بەســـــترابوو لێــــــو و زاری

گـــوتـــی: «لـــەیـــلا هــــەمیشـــە پـــایەداری
لـــە ژێـــر خاکـــا لـــە پێـــش چـــاوان دیـــاری

***

کـــە تۆ تۆرای لـــە چـــاوان وەک خــــەوی مـــن
لە بســـــکت ڕەشـــــترە مانگـــەشــــەوی مـــن
بـــڕۆ مــــەجنون بـــە لـــەیـــلای خـــۆت مـــەنازە
کـــە نـــاوبـــانگـــــی پتـــر ڕۆیی ئـــــەوی مـــن

گۆڤاری سروە ژمارە ١ بەهاری ١٣٦٤ ـ ١٩٨٥

***

زیندە بە چاڵ

پڕ نەبێ جامی بەتاڵم تا کەی؟
نەشکێ باڵی خەیاڵم تا کەی؟
هاوسەر و دەستەملانی ژانم
گیانەکەم! نایەوە باڵم تا کەی؟
شەو لە تاریکی و بێدەنگیدا
ڕۆژەکەم! بۆ تۆ بناڵم تا کەی؟
هەر لە یادی سەری بسکت دابم
گیانە! ئاشوفتە بێ، حاڵم تا کەی؟
هەر منەتباری شەراب و مەی بم
حەسرەتی چاوی کەژاڵم تا کەی؟
هەر لە ماچی دەمەکەت بێ بەش بم؟
لێوی وشک و دەمی تاڵم تا کەی؟
هەوەسی گەستنی کوڵمەم تا چەند؟
ئارەزووی مشتنی خاڵم تا کەی؟
شینە میوانی شەوانی دووریم
شادی، ڕوو ناکەیە ماڵم تا کەی؟
من لە دووڕەنگی بەدڵ بێزارم

ڕەنگــــی زەرد، دیــدەیــی ئـــاڵــم تا کــەی؟
مــــن وەکـــــو هـــەنگـــیێ هەڵاڵـــەم مشـــتوون
ژینـــی نێـــو گـــەنـد و هـــەلاڵم تـــا کــەی؟
مـــن بـــەشــــێلانی چـــەمـــەن ڕاهـــاتـــم
هاتـــوچـــۆی نێـــو دڕ و داڵــــم تـــا کـــەی؟
بـــۆ ســــــەرینـچـــاوە و کانیـــــاوی ڕوون
هـــەڵــوەڕیێ ئـــەشـــکی زوڵاڵــم تـــا کـــەی؟
مـــن هـــەڵــۆ بــــووم و چیـــا هێـــلانـــەم
ژێـــر چـــەپۆکـــی قـــەل و داڵــم تـــا کـــەی؟
قـــەفـــەزی دژمنــــــی بـــەدخــــووی دڵـــرەق
هـــەڵـــوەرێنـــیێ پـــەڕ و بـــاڵــم تـــا کــــەی؟
ســــــەرە نێـــــــزەی ســــــتەم و زۆرداری
بنجنــــــیێ ســــــینگی مـــەتـــاڵم تـــا کـــەی؟
گـــورگـــی بێـــدادی لـــە گیـــانـــم بـــەربـــووو
ئێشـــــی جـــــیێ گـــــاز و قـــەپاڵـم تـــا کـــەی؟
مــــن پـــەلـــە قـــاژە و هــــاواریێ نـــەکـــەم
ئـــەو بڵـــــیێ زاڵــــم و زاڵــــم تـــا کــــەی؟
کوتکـــی بێـــدادی هـــەر بکوتیێ کاســـە ســـەرم
کـــــار نـــەکا دەســـت و زوخــاڵــم تـــا کـــەی؟
ئــــەو کــــــە زاری ڕقــــــی دەرکێشــــــاوە
مــــن زمــــان بـــەســـــتە و لاڵـــم تـــا کـــەی؟
پــــۆشـــــتە و تێـــــر و پـــــڕ و خــــۆش لـــەوەڕە
بــرســـی و ڕووت و ڕەجاڵـــم تـــا کــــەی؟
تــــەم و مــــژ، بـــەنـــدەن و دەشـــــتی گـــرتم
هـــەڵنەکـا ســـروە شـــەمـــاڵـم تـــا کـــەی؟

بەس نەبێ دەسبەسەری و دەربەدەری
نەچمەوە نێو کوڕ و کاڵم تا کەی؟
باخەوانانی جیهان پێم ناڵێن
بۆ وەری میوەیی کاڵم تا کەی؟
مانگ و مێریخی دەپێوێ ئینسان
منی کورد، زیندە بە چاڵم تا کەی؟
چاوەڕێی تیشکی هەتاوی هیوام
نەڕەوێ هەور و گەواڵم تا کەی؟

١٥ـ ١١ـ ١٩٧٦
لە پاشەرۆک دا بڵاو کراوەتەوە

***

بەهار هەر دێ

لە گیاندانا دەگورێنم بژی هەر کورد و کوردستان
بە گوللەی دژمنانی گەل دڵیشم بێتە ڕاوەستان
پشووی دواییم دەخوێنم بۆ گوڵ و گوڵزاری ئەم خاکە
لە سایەی ئەم گوڵ و گوڵزارەیە بوومە هەزار دەستان
دەزانن زامی دیلی چەند بە ئێش و چەند بە ئازارە!
دەبێ رابێین هەتا ئێمەیش دەگەینە ڕیزی سەربەستان
خەتای خۆمانە تا ئێستا کە هەروا کۆیلە و دیلین
ئەوانەی شاد و ئازادن کەمێ زووتر لە خەو هەستان
نەتاندیوە کە ڕووباری خوڕێن بەردی دەقەڵشێنێ
وەهاش هەر زۆرداری دەسووتێنێ گڕی هەستان
لە مەیدانی شەڕانخێوی خەباتی قەڕنی بیستەمدا
سەرم سووڕما کە ئەسپی سووکەسواری کوردی بۆ وەستان
وەڵامی دامەوە پیرێکی ئازادەی جهاندیدە:
خەتای سواران نەبوو پێش سوارەکانمان قورس و ناوەستان
هومێدێ بەرمەدەن ڕێگەی خەبات بگرن بڕۆنە پێش
تەماشای خەڵکی تێکۆشەر بەدیکتاتۆری چۆن وەستان
هەتا کەنگێ سیاچاڵی بە سامی دژمنی زاڵم

پڕاوپڕ بێ لە ڕۆڵەی گەل جمەی بێ وا دەس بەستان؟

هەتا کەی ئەشکی خوێنینی کچە کوردی برا کوژراو

لە جێی بادە و لە بەزمی دژمنان بدرێتە دەس مەستان

مەترسن ڕۆڵەکانی قارەمانی گەل لە گیانبازی

لە کۆڕی ئەم خەباتە بێ وچانە تاقە یەک کەستان

سەهۆڵبەندانی بێدادی ئەگەرچی تووش و دژوارە

بەڵام لێم سوورە وەک ڕۆژێ بەهار هەر دێ لە دووی زستان

بە خەڵکی عالەمی سەلماندووە تاریخی ئازادی

دەبێ زاڵم لەبەر تێکۆشەران بەرداتەوە دەستان

١٩٧٧/١١/٩

لە پاشەرۆک دا بڵاو کراوەتەوە

***

ڕەوەز ورد نابێ

زەوی! ئێستاش لەڕووت هەڵدێ بدەی سووڕ؟
نەڕووخای ئاسمانی پیری پشت کووڕ؟
کە حاڵی زارمان ئاوا دەبینن؟
کە ماڵی زاڵمان ئاوا دەبینن
کە مەرگی کاوەکانی چاک دەبینن
کە جەرگی کیژەکان پڕ چاک دەبینن
کە کوڕی شین، بەهاری سوور دەبینن
«ئەمین»ی نا ئەمین مەئموور دەبینن
کە بووکی سووری بێ زاوا دەبینن
کڕووزی بێ گۆنای ساوا دەبینن
کە سۆمایی لە چاو باوکان بڕاوە
بەرۆکی پیرە دایکان دادڕاوە
کە کوندی شووم لە گوندی کورد دەخوێنێ
کە گەنجی کورد دەگەوزێنێ دەخوێنێ
کە تەختی بەختی کورد بێ خێو دەبینن
«سولەیمانی» ئەسیری دێو دەبینن
بناری لێژ و ناهەمواری هەڵگورد

دەبینـــن بـــۆتە دەشـــتی کـــەربـــەلای کـــورد
بـەنـاهـەق خـــوێنـــی تێکـــۆشـــەر دەڕێـــژن
شـــەهیـــدی بـــێ ســـــەر و بـــێ شـــوێن دەنێـــژن

***

بـــەڵام با تـــێ بـــگا ئـــەو دوژمـــنەی پـــەســـت
ڕەوەز ورد ناکـــرێ هـــەرگیـــز بـــەداردەســـت
دەبـــێ کـــونـــد هـــەر بـــەرەو ویـــرانـــە بفـــڕێ
هـــەڵـــۆ لـــەو کێـــوە ســـەربـــەرزانـــە نـــەبـــڕێ

١٣٥٨/٠٢/٢٧

لە پاشەرۆک دا بڵاو کراوەتەوە

***

بەهاری ئاڵ

لــــە مێــژە ئاواتـــی منــە
ببینـــــم وڵاتـــی ســـــنە
زێــدی کــۆن و ڕەســـەنی کــورد
بــەدرێــژایی تــەمــەنی کـــورد
ڕوانگـــەی هـــەزاران کارەســـات
بنـــــە و مـــەتــەرێــزی خەبــات
شــوورەی ســەختـــی بــەرەنگـــاری
پــردەی وەختـــی فیداکـــاری
بـۆســـەی پێشـــمەرگەی کـۆڵنەدەر
گــۆڕخانـــەی ســوپای داگیرکــەر
بچمــە لانــی بــەچکــە شـــێران
قەڵاگــــای تــەنگانــەی مێـران
جــێ پــەیکانی تیــر ئــەنگێــوان
جێـــی پێکـــانــی دەس بــزێـــوان
خاکـــی نــەتــەوەی نــەبــەزم
هــەر گــوتــوویــە ئــەزم ئــەزم

***

تێر تێر بڕوانمە دیمەنی
لە خۆشیانی ببم خەنی
چاو بگێڕم لە ڕژد و لێژ
تا برینم ببن سارێژ
دانیشم لە بن دەوەنی
بڕوانمە مێرگ و چەمەنی
هەڵمژم هەوای زەنوێران
خۆ بدەمە بەر ئاوهەڵدیران
هەڵگەڕێم بە ڕاز و زەردان
بەردەمەوە جاڵە بەردان
لە بان ڕەوەزان بخوێنم
کەوی بەیان وەدەنگ بێنم
لەو ڕنوانە بکەم ڕەوت
دژمن بۆی نەکراون زەوت
لە مشارەیەک داگرم پێ
نەتەوەی کرد سەرەنگرێ
تۆزێ بەردێ بکەم بە کل
«کە گەردوون پێی نەداوە تل»
وەک گۆرانی هەورامان پیو
پێ بنێمە سەر «پێپیلکەی دێو»
دانووسێم بە کانیاوی ڕوون
ڕابکشێم لەسەر هەڵەسوون
چەپکێ وەنەوشە بچنم
دەسکێ سوێسنە بڕنم
خۆم لە تیشێکی بکەم بەند

هەڵپسێنم چڵێ گیا بەند
ئەشکەوتێ نەچێ لە بیرم
پەناگا بوو بۆ باپیرم
بگرم گەوە و پێچ و خەمی
بچمە سەر دوندی ئەستەمی
لەسەر کێوی بەرزی ئارێز
کوردستان بگرمە ئامێز
بە جوانی ئەو خوڕسکاوە
ڕوون بنەوە ئەم دوو چاوە
ئەم چاوانەی گەلێ ماوە
لە سوێی کوردستان گریاوە
ئەم چاوانەی فرمێسکیان ڕشت
بۆ کوردێکی دوژمن دەیکوشت
ئەم چاوانەی داگیرساون
هێند لە شینگایان گریاون
چم پێ دەڵێن لێرە و لەوێ
من کوردستانم خۆش دەوێ
پێشم بڵێن ونی و دێوی
دەپەرەستم چڕ و کێوی
جا دەگەڕێمەوە پێ دەشت
بەلادێیاندا بکەم گەشت
ببینم دێم و بەراوی
بوورەی گاسن لێ نەدراوی
کێڵگەی بەڕێژەو و نەرمان
بەڵام بێ خۆیان و خەرمان

نه سەد، نە بناوان نە بەند
جۆگەی جۆماڵ نەکراوی مەند
ئەستێری پڕ بووەی بۆگەن
پڕ لە لیتە و سێ سوو و جەگەن
جوتیاری ئازا و توند و تۆڵ
گاجووتی لەڕ و گاسنی کۆڵ
برسی هەژار بێ دەرەتان
ڕەوش و ڕووت و بێ تۆو و نان
دەستی قەڵشیو پێ ڕاگیراو
گیرفانی دڕاو و بێ دراو
پاڵەی سواڵە هۆنی بەگورد
چەقڵی چاوی دژمنی کورد
خانووی کاول و ڕەش و برش
هەر نانی ڕەق و دۆی ترش
بۆی کرا درۆ و دەلەسە
کوا ڕێگاوبان و مەدرەسە؟
نەک مافی جووتیار نەدراوە
لادێمان خاپوور کراوە
سەرگەردان بون لەنێو تۆڕا
بەوەی نییە نێویان گۆڕا
بۆ زەحمەتکێشی قارەمان
نە دوکتۆر هەیە نە دەرمان
بێ بەهرەن لە خوێندەواری
خوێندەواری و کوردەواری؟

***

هەتا هێزی خەڵک بزووت
بوو بەمەشخەڵی گەش بزووت
خەڵکی تێکۆشەر خۆی دەرخست
بەگژ ئەرتەش داچوو بەمست
ڕاپەرینێک بوو بێ وێنە
وڵات دەتگوت، گۆمی خوێنە
دیکتاتۆر بۆ پاراستنی خۆی
کردی هەرچی کە دەکرا بۆی
بەدەستی ستەم و تاوان
ڕژا خوێنی شۆڕە لاوان
زۆرداری بۆ زۆر مانەوە
بەڕەق هاتە مەیدانەوە
بێ بەزەیی دەستی وەشاند
خوێنی ژن و پیاوی ڕژاند
زگی باوکی پیری سووتاند
ڕۆڵەی لەبەر دایک ڕفاند
ویستی خاکی پاکی ئێران
ئەوەندی دی بکا وێران
بەڵام خەڵکی لە گیان بێزار
دای نەنواند لەبەر زۆردار
لە تانک و تۆپ نەپرینگاوە
گوێی بە گوللە نەزرینگاوە
پێی داگرت، چەقی نەبەزی
تا داگیر کەر گورچووی تەزی

***

کوردیش بەشداری خەبات بوو
ڕۆڵەی ڕۆژی کارەسات بوو
لاوی گیانفیدای گیانفیدا
ئازایانە، شەهیدی دا
لە خەباتی خوێناویدا
لە هەڕەتی تەنگاویدا
کوردستان هەر بوو بە قەڵا
دیتی هەزار دەرد و بەڵا
ئێستا دەڵێ خوێنی گەشم
بۆ شۆڕش ڕشتوە کوا بەشم؟
دژی زۆرداری بووم، هەر وام
هەر دەمەوێ مافی ڕەوام
دەمەوێ بگەم بەنیاز
ناوم مەنێ جیاوازی خواز
کەچی پۆلێک کۆنەپەرەست
بۆ بێگانە بوونە داردەست
لە بەهاری ئازادیدا
لە کاتی خۆشی و شادیدا
خراپە کەوتەوە برەو
تەمایە ڕۆژ بکا بە شەو
سنەی جوانی خوێناوی کرد
درۆ و فێڵ و ناپیاوی کرد
ناپاک هاتەوە کایەوە
داوی بۆ خەڵک نایەوە
دەگرێ دەکوژێ دەبڕێ

شـەڕ دەفــــرۆشـێ زگ دەدڕێ
ژن و منـــــداڵ نــاپــارێــــزێ
لێمـــان دەگـــــرێ مــەتــەرێــزێ
ڕاوە ڕووتــــــە و خــانــەبگیـــــر
گرمەی تـۆپـەی و قرمەی شێست تیر
زەبــــر و زەنگـــی خــۆی دەنــوێنێ
لاوان لـــە خــوێــن دەگــەوزێنـــێ
کـــوردســـتان بــەهــاری ئــاڵــە
جــا بەخوێــن بێ یــا بــە گـولاڵە

۱۰ ـ ۱ ـ ۱۳۵۸

لە پاشەڕۆک دا بڵاو کراوەتەوە

***

فرمێسکی ڕوونوو

تــو گــوتــت: «من عاشــقی ســەوداســەر و دینـم دەوێ»
مــن گــوتــم: «تاکــو بــە ئاواتــت بگــەی دینـم دەوێ»
هــەڵکــەوێ تاوێکــی چاوێکــی لــە دیــدارت بکــەم
تــا بزانــی کــوانێ بــۆ جــوانــێ دڵ و دینـــم دەوێ؟
بــزگوڕی ڕەش داپــۆشــێ ڕوومــەتی گــەش تا بــەکەی؟
شــاعیــری گــەشبینم و کــوا ؟ چاوی ڕەشــبینم دەوێ؟
ئــەی پەریــزادی مــەهابــادی! ئەتــو ون بــووی لــە مــن
تــۆم هــەبــێ لــەکــوێ پــەریــزادە و پــەری چینـم دەوێ
ڕووتــم و یــاقــووت و ئاوریشــمم لــە بیــر نــاچێتــەوە
لێــوی ســوور و ئــاڵ و بســکی خــاو و چین چینـم دەوێ
تــۆ نــەدیــوی بۆیــە شــەو چــاوم لــە ئاســمانێ بــڕی
تــۆ بــەدی کــەم گرشــە گرشــی مانــگ و پەروینم دەوێ؟
تــا وەکــو ســاقی ئــەجــەل نــەمــداتــێ تــاڵاوی نــەمان
چــاوە بڕکــە، دەس بزێــوی، ماچــی ٌ شــیرینم دەوێ
ژوانــی بــن ســیلە و پــەســیوی لاوەتــی یــادی بــەخێــر
بــۆ ئــەوەی پیــرانــە نــەمــرم یــادی دێــرینـم دەوێ
کوانــێ ئــەو شــەوگارە بێدەنگە لــە ژوانگەی جــێ هەوار؟

کـــچ ڕەوەک بـــوو مـــن گـــوتم: هێـــدی بـــە! حەجمینم دەویٚ
کـــوانیٚ ئەو ڕۆژەی کـــە ســـەرچۆپیم دەگـــرت بانگـــم دەکرد
دۆم دەویٚ، دۆی قـــۆڵ بـــەبازن و پـــەنجـــە نـــەخشـــینم دەویٚ؟
شـــاعیرم، جـــوانی پـــەرەســـتم، دڵتـــەرم، شـــێتم، لـــەشـــۆق
کێـــوی بژوێـــن، دیمەنی جـــوان و دەشـــتی ڕەنگینـــم دەویٚ
من بـــە فرمێســـکی ڕنـــووی کـــوێستانی کـــورد پەروەردە بـــووم
کـــوڵمـــی ئـــاڵ و چـــاوی کاڵ و ســـینگی بەفرینـــم دەویٚ
خـــۆشـــەویســـتی مـــن کچـــە کـــوردێکـــە پـــاک و نازەنیـــن
بـــاخـــەوانـــە پیـــرەم و بـــاخـــی بـــەپـــەرژینـــم دەویٚ
نـــامـــەویٚ ڕوو بگـــریٚ تـــا دەمـــریٚ بـــە فێڵبـــازی و درۆ
یـــاری، نـــازداری، لـــەبـــاری، دیـــاری شـــەرمینـــم دەویٚ
من تـــەشـــی ڕێســـێکی وەک شـــیرنی (وەفایی)م بـــۆ چییە؟
کیـــژی وریـــای چـــاوکـــراوەی فێـــرە زانینـــم دەویٚ
بـــۆ دەبـــیٚ زێندیـــن لـــە زیندانـــم بـــکا چـــونکـــە گـــوتم:
«ئەز مـــەمم، خـــەستەی خـــەمم، کـــوشتەی ئـــەمم زینـــم دەویٚ؟
نـــایـــەڵـــن قـــەت چێـــژی ئـــازادی بچێـــژم مـــن دەنـــا:
خـــوێنـــی شـــیرینم دەویٚ کـــوا تـــەرمـــی خـــوێنینـــم دەویٚ
بـــواری وەم نادەن لە نێـــو مێـــرگە (چەکـــۆ) هـــەڵتـــوتـــەکێم
چـــونکە پـــرسەی دایکـــی مـــل بـــە کـــوێن و ســـەر شینـــم دەویٚ
نایـــەڵـــن ئاســـوودە دانیشـــم لـــە لاپـــاڵـــی چیـــام
قاســـپە قاســـپی خاســـەکـــەو، بیٚ گـــرمـــەیی مینـــم دەویٚ؟
ئارەزوومـــە هـــەرچـــی ئینســـانە بـــە ئـــازادی بـــژی
چـــۆن گـــەلی دامـــاو و دیل و مـــات و خـــەمگینـــم دەویٚ؟
نامـــەویٚ خویٚـــن بـــڕژیٚ یـــا بۆنـــی کەلاکـــی کـــۆن بکەم
ڕەنگـــی مێلاقـــە و گـــوڵاڵـــە و بـــۆنی نـــەســـرینم دەویٚ

هەڵپەڕین و پێکەنین دەبزێوی هەستی ناسکم
کوا دڵی پڕ ئێش و ئۆف و جەرگی بەبرینم دەوێ؟
دەرزی ئاژن بوو دڵم لە سوێی شەهیدانی نەمر
بەس نییە، مەودام بدەن تۆزکاڵێ تەسکینم دەوێ
جێی گەرم، پارووی نەرم خۆشە، بەڵام بۆ مافی خۆم
سێبەری ئەشکەوتی سارد و نوێنی بەردینم دەوێ
بۆ بەزاری مەزنیخوازی تاڵە وەک کەکرە و زەرەند
گەر بڵێم من پاسەوانی قەسری شیرینم دەوێ؟
دێوی شەڕ سمکۆڵ دەکا لێم و دەبوڵێنێ دەڵێ
بۆ لەسەردانی هەموو ئێوە تەورزینم دەوێ
بۆ فریشتەی داد بەسینەی پڕ لە کینە و داخەوە
هاتە کوردستان گوتی: ڕەجمی شەیاتینم دەوێ
سەقز و سەردەشت و سابڵاخ و سنەی کرد غەرقی خوێن
سێی تری ویستن گوتی: بۆ سفرە حەوسینم دەوێ
کەی ڕەوایە بمدەنە بەر گوللە یا ڕاوم بنێن؟
گەر گوتم کوردم لە کوردستانی خۆم ژینم دەوێ
کورد مەگەر کوندە کە هەر وێرانە بێ هێلانەکەی؟
نیشتمانی ئاوەدانی جوانی ڕەنگینم دەوێ
زۆر بە ئاواتم کە کوردستانەکەم بێ کێشە بێ
ئاشتیخوازم کوا وڵاتی پڕ ڕەق و قینم دەوێ؟
تا نەهێڵم شوێنەواری نالەباری پەهلەوی
نەگبەتی زۆردارەکان و خۆشیِ مسکینم دەوێ
لاشەرم، کوا بەدفەرم ئەمما لەسەر مافی ڕەوام
دەست و چەک، ئیمان و هیوا و هەستی ئاورینم دەوێ؟
بۆ نەجاتی ئەم گەلە کۆیلە و هەژار و بێکەسە

گیانــی پــاک و بیــری تیــژ و ڕێگــەی ناســینم دەوێ؟
بــۆ بــەگــژداچوونــی زۆرداری و هــەژاری و ناهــەقــی
کارگــەر و جــووتیــری ئاگـــا و مســتی ئاســنینم دەوێ
ســەخت و ناهـــەمـــوارە ئــەم ڕێــگایە کــوردی کــوڵنەدەر
بــۆ خــەبــاتێکــی درێــژخایــەن گـــورڕ و تینــم دەوێ
دوای نــەجــات بۆ ئــاوەدانی و خــۆشــی خــاپــوورە وڵات
کــۆمەڵێکــی چــاک و پــاک و ڕاســت و وردبینـــم دەوێ
بــۆ خــەباتــی هــاوبــەشــی یــەکســانی تــونــدوتیژی گــەل
لاوی کارامــەی بــەجــەرگ و کیــژی ســەنگینــم دەوێ
کیــژ و کوڕ بگـــرن لـــە دەوری گـــۆڕی هێمن ڕەشــبەڵەک
مــن کــە شــینگێڕی شــەهیدانم لــە کــوێ شــینم دەوێ

مەهاباد ٣ ـ ١٢ ـ ١٣٥٨
لە پاشەڕۆک دا بڵاوکراوتەوە

***

خانەنشین

بولبولێک بووم لە ڕکەیدا بە بەهاری ڕەنگین
دوور لە گوڵزار و لە دیداری گوڵاڵە و نەسرین
کازیوە، بۆ لک و پۆپی گوڵی باغی دەفڕێم
پەڕ و پۆم پێوە نەما، ئێمە ئیتر هێزی فڕین
دەستی ئەو ڕاوکەرە بڕزێ کە بڕی باز و بڕست
سووڕی سوورگوڵ بدەم و ڕوو بکەمە مێرگی شین
من چریکەم هەموو سووچی چەمەنی پڕ کردبوو
ئێستە نایە لە گەرووم بێجگە لە ناڵەی خەمگین
من کە شینگێڕی هەموو سوورە گوڵی پەڕپەڕ بووم
ڕەنگە هەر دڕکی پەڕیو لێرە بکا بۆ من شین
من کە بۆ دیتنی گوڵ هێلی سنوورم دەپەڕاند
هەر لەسەر هەق گوتنێ ڕووتە کرام خانەنشین
شاوەڕێخنە دەگەڕێ وا لە دەراوی چۆمەڵ
دینی دینی گوڵە ئەو بولبولی دڵ پڕ لە ئەوین
تازە دڵخەستە و پەڕ بەستە بێ دەستەم من
وەرە دەر ڕاوکەری دڵڕەق لە کەلێن و لە کەمین
تێپەڕێ هێندە بە ناخۆشی ئەگەر ژینی درێژ
خۆزگە سەد خۆزگە بەوانەی کەم و ئاسوودە دەژین

لە چەپکێ گوڵ چەپکێ نێرگز دا بڵاو کراوەتەوە ـ شیلان ئاوێ ١٣٦٠

ئاپۆلۆی ماچ

بـە حیجـابـی ئیسـلامییەوە دێـم جوانـێ
ماڵـە بابـم ئـای لـەو خـەلـە و خـەرمانـە
نـەمـدیبـوو مانگـی چـاردە وا ڕوونـاک بێ
بـەسـاوی پـاک لـەنێو جـەغـزی خـەرمانە

***

گونـاح نـەبوو، تێـم هـەڵڕووانی، نـەترسـام
لـە چـەمـۆڵـە و جنێـو و بـۆڵـە بـۆڵی
ئـەوی جـوان بوو لـە ڕووی ئـەودا بەدیـم کرد
هەنیـە، کـولمـە، دیـدە، بـرۆ، مـژۆڵی

***

کـە دیـن نەبـی، دینـی دەگـۆڕێ بـۆ تـۆ
ئـەو تەرسـایەی بـێ تـرس ڕایمووسـی خاچ
کچـی شـەرمین بـەڕوو سـووووری دەنیشـێ
لەسـەر ڕووی تـۆ شـەوێکیش ئاپۆلـۆی ماچ

ورمێ ٦٣/٤/٢
لە چەپکێ گوڵ چەپکێ نێرگز دا بڵاو کراوەتەوە

بارگەی یاران

دێت و ڕادەبرێ وەکوو سەروی ڕەوان من چیبکەم؟
کە بەقوربانی نەکەم ڕۆحی ڕەوان من چیبکەم؟
قەدی ئەو شۆخە وەکوو دووخ و خەدەنگە ئەفسوس
پشتەکەم کۆمە وەکوماڵی کەوان من چیبکەم؟
تاز هەنگاوی شلم کوانێ دەبێ بۆ شەوڕاو
جوانە زۆر جوانە بەڵێ ڕەوتی کەوان من چیبکەم؟
زەبری ئاوزەنگی بڕا و شل بووە دەستی جڵەوم
دێ دەنا پڕمەیی بۆر و بدەوان من چیبکەم؟
ژوانی خۆشی هەڕەتی لاوەتی دێتە خەونم
کاتی ئاویلکە لەگەڵ زیندە خەوان من چیبکەم؟
شەو هەتا ڕۆژێ لەبەر ئێشی لەشم ناڵەم دێ
دیتە گوێم دەنگی «گەلۆ» و «نیوەشەو»ان من چیبکەم؟
بارگەیان تێکەوە پێچا و بەڕێ بوون یاران
لەدنێ وا بەتەنێ پاشی ئەوان من چیبکەم؟
ژیانی من ئێستە وەکوو خۆری دەمی زەردەپەڕە
پێم نەما تین و گوڕ و هێز و تەوان من چیبکەم؟
سروە هات گونچە گوڵی باخە ئەدەب پشکووتن

باخـــەوانـــی گـــەرەکـــە تـــازە جـــەوان مـــن چیبکـــەم؟
ئـــاو نەبـــوو ئـــەو دەمـــی هێمـــن مەلەوانـــی کـــورد بـــوو
ئـــاو شـــوکور زۆرە وەرن زوو مەلـــەوان مـــن چیبکـــەم

١٣٦٤
لە چەپکێ گوڵ چەپکێ نێرگز دا بڵاو کراوەتەوە

***

تەوری جەور

دوژمنی کوردی نییە ئەفلەقی دڵڕەق بەتەنێ
ڕیشەیی خەڵکی عێراقی دەیەوێ هەڵبکەنێ
لە عێراق نازی شتێکی بەری چاوی بگرێ
هەر بە تەورێ دەبڕێ زاڵمە نەخل و دەوەنێ
عەرەب و کورد و تورک، ئەرمەنی و ئاشۆری
دەگرێ، یا دەکوژێ، وەک بوتێ سوجدەی نەبەنێ
زێڕی چی؟ ئاسنی ژەنگاوی و تیژە سەددام
کۆنە ئاسۆری ئەون ئێستەکە دێنن تەشەنێ
کوشتی، سووتاندی و بردی لە جنوبی ئێران
وەک مەغوولێ کە لە خۆی ڕازی بکا ئەهریمەنێ
ئەوی ئەو کردی بەنامەردی دەگەڵ کوردستان
شەختە نەیکرد بە گوڵ و نەستەرەن و یاسەمەنێ
مووشەک و بۆمی لە دێ و شاری ولاتی هەڵکرد
خەڵکی ئاوارە بوو بۆ دەشت و تەلان و دەمەنێ
گوللە داباری وەکوو تەرزە لەسەر پیر و جوان
تەرزە کوانێ بەزەیی دێ بە گوڵ و گیای چەمەنێ؟
وا بڵاو بۆتەوە جەیشی بە پەلاماری بەجێ

تازە کۆ بێتەوە دژوارە بە بێڵ و بەشەنێ
خۆی بە نێرۆن و بە چەنگیز و بە هیتلێر زانی
نەیدەزانی دەدرێ مشتی گرانی لە چەنێ
دەستی بێگانە دنەی دابوو کە خۆی هەڵدێرێ
کەچی ڕاچوو لە پەڕەی جەرگی پەلی دارەبەنێ
لەوەتەی هەڵمەتی شێرانەیی خەڵکی دیوە
خەوی تۆراوە، بەشەو ڕادەپەڕێ، ڕادەچەنێ
ماوەیەک مەستی مەیی بەرزەدەماخی بوو، بەڵام
کاتی وەی هات لە خومار بێتەوە لووت دابژەنێ
ئەو کە نەیهات بەزەیی قەت بە هەژار و بێکەس
ڕۆژی تەنگانە ئەوان چۆن دەبێ دەستی نەکەنێ؟
کەس نییە جەرگی بە کوچکێوە نەنابێ سەددام
چۆن دەبێ جەرگی ئەویش خەڵکی بە کوچکێوە نەنێ؟
چۆن دەبێ باکی نەبێ ئەو لە «أخ» و «أخت»ی عەرەب
چۆن نەجاتی دێ لەدەس مامەڕەش و پوورە نەنێ؟
ئەو کەسەی هانی دەدا ئاگری شەڕ ڕۆشن کا
ناچتە هانای کە کەوت تێر و پڕیش، پێ دەکەنێ
تازە ڕزگاری لە دەس خەڵکی عێراق دژوارە
هێندە پێناچێ، هەموو دەورووبەری لێ دەتەنێ
چی لەدەس نایە ئەگەر خەڵکی عێراق ئەمڕۆکە
ڕاپەڕن، یەک بگرن، دەس دەنێ، ڕامالّی دەنێ
ئەمەیە ئاقیبەتی شوومی لەخۆبایی بوون
چارەنووسی ئەمەیە دوژمنی خەڵک و وەتەنێ

بەهاری ١٣٦٤

شینگێڕی

بەبۆنەی بوردمانکردنی شاری بانە لە لایەن
باڵەفڕەکانی عێراق لە١٥ی جۆزەردانی ١٩٨٤

بانە وێرانە جگەر بریانە
لەش سڕە، دڵ پڕە، چاو گریانە
بەم بەهارە گوڵی وێ پەڕ پەڕ بوون
وا بە دەردی خەزەڵی پایز چوون
جەرگی مێلاقە لە داخان ڕەش بوون
ئەشکی شللێرە وەرین و گەش بوون
پیر سولەیمان خەمی دیکە نابا
سیسە دار و دەوەنی ئاربابا
ئەوی شین ماوەتەوە شینگێڕە
هەر گەڵایەکی هەزاران دێڕە
مێک و میراژی بە هاوکاریِ یەک
چوونە سەر خەڵکی هەژاری بێ چەک
زۆر بە ڕقتر لە قەراری جاران
بانە وێرانە، کرا بۆمباران

هەرچی خانوو بوو لە نزم و بەرزی
وەک دڵی عەسکەری بەعسی لەرزی
هەر بە زار خۆشە دەڵێن شەشسەد کەس
یا نەما، یا نە بەحاڵ ماویە نەفەس
مێشکە پڕژاوە لە نێو خۆڵ و خاک
لەت و پەت بوو لەش و ئەندامی پاک
چۆڵەمە، دیزەلە، ئەژنۆ دەرچوون
ماڵ نەما، یا نە ڕما، یا، سەرچوون
دەس پەڕی، مووره شکا سینەش چاک
ژنی پاک ڕۆیی، بڕا پیاوی چاک
باش بزانە گەلی دوڕناسی ورد
ئەوەیە، هەر هەقی ئەفلەق بۆ کورد
ئەوی هاوسەنگەر و پشت و پاڵمە
دیاری دا دیاری بڕەی ناپاڵمە
شەڕفرۆش بەعسییە ئەی ئێرانی
شەڕفرۆش چی گەرەکە؟ وێرانی
چ نەهاوەند بێ چ بانە و دزفوول
بەعسی وێرانگەرە ئێستا مەسئوول
شەڕفرۆش مووشەک و بۆمبێ داوێ
شەڕفرۆش ڕاحەتی ئێمەی ناوێ
زگی ناسووتێ بە حاڵی ئێمە
دڵی کوردە لە ڕقی ئەو کێمە
تێدەگا خەڵکی مەگەر مێشکی ڕزیو
چ دەکا بەعسی بە کوردی ئەو دیو
ئەم قەڵادزەی بە شەهید مەشهوورە

هەر بە ناپاڵمی بەعس خاپوورە
گەوزی لەم شارە لەنێو خوێن و خوڕ
بە سەدان پیر و مناڵ کیژ وکوڕ
گوندەکانی هەموو لێ ڕووخاندن
ڕەزەکانی هەموو لێ سووتاندن
کانییەکانی بەسمیت داڕشتن
یانی سەرچاوەی ژیانی ناشتن
دای لە سێدارە ئەوی بیناسم
چەند هەزاری وەکوو لەیلا قاسم
بەزەیی کوا لە دڵی بەردیدا
شومری ناگاتێ لە نامەردیدا
بە قسەی ئەو ئەوی خێرەسەر بێ
دەیکوژێ با کوڕی پێغەمبەر بێ

***

جێژوان

ئـەو پـەنجـەی وا لـە بێ هێـزی دەلـەرزێ
کـوشـیویـەتـی مـەمکـۆڵـەی بـاڵابـەرزێ
ئـەو ددانـەی ئێسـتێ نـەمـاوە تـاقـی
گـەسـتوویـەتی زۆر جـار چـەنـەگـەی سـاقـی
ئـەو چـاوانـەی سـۆمـایـی لـێ بـڕاوە
هێنـد لـە جـوانـان داگیـرا، داگیـراوە
ئـەو لێـوەی وا ئێسـتێ بـاری گـرتـووە
کـوڵمـەی نـەرم و نـۆڵـی یـاری گـرتـووە
ئـەو باهـۆیـەی زەمـانـە لێـی بـڕی هێـز
کـام کیـژ جـوانـە گـرتـوویـەتـە نێـو ئامێـز
ئـەو دڵـەی وا ژوانـی دەویسـت و جـوانـی
ئێسـتا پـڕە لـە غـەم و لـە نیگـەرانـی
ئـەو پێیـانـەی شـەرزەی کـردووە کـوتـر و کـوان
مانـدوو نـەبـوو قـەت لـە هاتـوچـۆی جێ ژوان

١٣٤٧

لە چەپکێ گوڵ چەپکێ نێرگز دا بڵاو کراوەتەوە

دەسڕێژی لاوان

برۆ ڕێوی بەسیەتی چاو نەزێری
پەلاماریٚ مەبە بۆ لانی شێری
گوتوویانە لە لانیٚ دەرپەڕیٚ شێر
هەموو دژمن بەزێنە میٚ و نێری
مەیە بۆ ئەم چیا نینۆک شکێنە
دزی سیرمە و گەرۆکی گەرمەسێری
بەتیکی سەخت و ئەستەم هەڵمەڕۆسکیٚ
خەریکی شاخەوانان هەڵبدێری؟
ئەتۆ و ڕژد و رکە و هەڵدێر و تیرەگ
لە گیانی خۆ مەگەر بێزار و تێری؟
بچۆوە بن گرڕاڵک و کەندەڵانت
ئەتۆ کەی فێری نێو سویسن و کنێری؟
برۆ کلکت بنێوە نێو گەڵۆزت
هەلاتن ئیشی خۆتە باشی فێری
لە پێش تۆشدا شەهەنشاهانی خوێنڕێژ
خەریک بوون پێی نەهێڵن خێر و بێری
لەمێژە فێرە کوردی پاکی لاشەڕ

بەرەنگاری، فیداکاری، دلێری
ئەتۆ هەر قاتڵی زارۆک و چووکی
بە دیل و پیر و بێ ئەنوا دەوێری
دەنا بێ شک لەبەر دەسڕێژی لاوان
دەبێ وەک بارەکەو هەر خۆت وەشێری
حیسابی کاری خۆت گەر باش دەزانی
لە مافی ئێمە بۆچی خۆ دەبوێری؟
کە لێت ڕووناکە ناهەموارە ڕێگا
ئەدی بۆ ڕێ بە ڕێدار ناسپێری
ئەگەر باڵی هوماش بێ، سێبەری تۆ
کە مافی کورد نەدەی ناچیتە ژێری
عەداڵەت گەر هەبێ پێویستە هەرکەس
لە ماڵی خۆی بکا خۆی چاوەدێری
چیای زاگرۆسە زورگ و بەردەڵانە
فەلەک نەیکرد و ناکا بەردبژێری
بە تانک و تۆپ و مێکی خۆت مەنازە
کە شوان کردی بە سەنگەر بەردەبێری
دەنێری چۆلەکە بۆ ڕاوی باشوو
کە جوندی بۆ شەڕی جووتێر دەنێری
کە ڕووناکبیر قەڵەم ڕۆکا لە چاوت
کەڕولاڵی نەوەک هەر کوتر و کوێری
لە بوختان و درۆت بێزارە یەکسەر
لە شێخی خانەقا تا پیری دێری
گەلی کورد دەستی دا چەک هاتە مەیدان
تەماشای گەورە شوان و شەنگەبێری

کە ترسابا لە کوشتن تۆرەمەی کورد
لە ئاسمانی ژیان ونبوو ستێری
فیدای کوڕی خەباتت بم کچی کورد
کە گیانباز و فیداکار و بوێری
ئەتۆ سەربەرز و ڕووسووووری و بە خوێنت
گولاڵەی سووری ئازادی دەدێری
فیدای لوولەی تفەنگت بم کوڕی کورد
کە دوژمن بەو تفەنگەت نابوێری
بە خەڵکی ڕاگەیاند دەست و تفەنگت
دژی زۆرداریی و داخوازی خێری
بژی پێشمەرگە ڕۆڵەی باوەفای کورد
کە ناترسی لە ڕەنج و تاڵ و سوێری
لە ئاشتی خوازیی و سوڵحا نموونەی
لە حەملە و هەڵمەتا بێ باک و مێری

١٣٤٢ - ١٩٦٣
لە پاشەڕۆک دا بڵاو کراوەتەوە

چوارینە

بۆپۆستەری عومەر خاوەر

قـــارەمـــانـــی قادیســـــــە نامـــــەردە
مــــرۆکـــوژە، دزە، ڕێگـــــــرە، جـــەردە
نەتبیســـتووە چی کـــرد لە کـــوردی ئـــەودیو
ئـــەو زۆردارە فاشیســـتەی مێشـــک ڕزیـــو

گۆڤاری سروە، ژمارە٢، بانەمەڕی١٣٦٧

***

گریانی ڕنوو

بۆ شەهیدانی کوردی تورکیا

ئەی دایکی شەهیدی کوردی
تۆ وەکو چیای ئاگری
لەبەر تەوژم و با و تۆفان
سەخت و ڕەق و پێداگری
لە ئاست ئەم داخ و دەردانە
بە هیممەت و خۆڕاگری
سەرت سپی و بەفراوییە
دەروونت کڵێی ئاگری
کێ دەکا مەنعی گریانت
بۆ ڕنووی کوێستان ئاگری؟

لە پاشەڕۆک دا بڵاو کراوەتەوە

***

چەند بەرهەمێکی بەرایی

کوردم و...

کوردم و داوای حقوقی پایەماڵی خۆم دەکەم
ماڵی خۆمە موڵکی کورد؛ داوایی ماڵی خۆم دەکەم
موڵکی کوردستان ئیرسی باب و باپیری منە
ئیدعای حەق و میراتی حەڵاڵی خۆم دەکەم
هەروەکو باران لە چاوم دێتە خوارێ ئەشکی خوێن
هەر زەمانێک بەرژەوەندێکی لە حاڵی خۆم دەکەم
گەرچی لای ئاغا خەیاڵی خاوە میللیەت
من لەلام باشە هەتا ماوم خەیاڵی خۆم دەکەم
من لەدەس بێگانە قەت ناکەم شکایەت ئەی ڕەفیق
گەر شکایەت کەم لە چەنگی مام و خاڵی خۆم دەکەم
ناسیحا بەس پێم بڵێ فیکری مەحاڵە فیکری تۆ
نسحەتم ناوێ ئەمن فیکری مەحاڵی خۆم دەکەم
ڕۆژێ شێخم دیت و پێم گوت هەتبێ حیسی میللیەت
پێی گوتم من چیم لەوانە داوە سەواڵی خۆم دەکەم
من ئیتر ماهوت و شاڵی ئەجنەبی ناکەم لەبەر
ڕانکوچۆغەی خۆم لە بووزووی ڕەنگی شاڵی خۆم دەکەم
چیدیکە زەحمەت لە بۆ منداڵی خەڵکی ناکێشم

عیلــم و زانســـــت و هـــونەر فێری منـــداڵــــی خـــۆم دەکـــەم
یـــا دەڕێـــژم خوێنـــی پاکـــی خـــۆم لەســـەر ئـــەم مەقســـەدە
یانـــە فیکرێکـــی بـــۆ بـــرای ڕووت و ڕەجاڵـــی خـــۆم دەکـــەم
چاوەدێـــری ڕۆژی خۆشـــی جێژنـــی ســـەربـــەســـتیم ئـــەمـــن
گـــەر مـــودارا وا دەگـــەڵ ئـــەمـــڕۆژی تاڵـــی خـــۆم دەکـــەم

گۆڤاری نیشتمان، ژمارە٢،ساڵی یەکەم،خەزەڵوەری ١٣٢٢ـ ١٩٤٣

***

مەحكەمەی ئیستیقلال

«ئەم هەڵبەستەی ژێروو چەند دڵۆپە فرمێسكێكە كە لە شینی شەهیدانی ڕێگای سەربەخۆیی كورددا ڕژتوومە و پێم وایە هەموو كوردێک چ خوێن گەرم بێت چ خوێن سارد بە خوێندنەوەی شـێعرەكان بێ ئیختیار فرمێسـک دەڕێژێ و تووک و لەعنەت لەم مەحكەمە مەنحووسە (كە تروسكەی هیوای كوردی كوژاندەوەو سەربەخۆیی كوردستانی وەدواخست، بێ سووچ و تاوان ئەمری هەڵواسـینی جەنابی شێخ عەبدولقادر و هاوڕێكانی دەركرد و لە شینی ئەواندانەتەوەی كوردی بۆ هەمیشە دەسوئەژنۆ دانا) دەكا»

دوێ شـەوێ گریـام هەتـا ڕۆژ، پێـت بڵێـم بـۆچی برا
مەحكەمەی مـەنحووسـی ئیسـتیقلال وەبیـرم هاتـەوە
ڕیزەیـان بەسـتبوو لە پێش چـاوی منا گشـتی هـەموو
ئـەم شـەهیدانـەی كـە خنـكاون بـە سـەد ئاواتەوە
پاک بـە كفنێكی لە خوێنا شـەتڵ و لێوێكـی بـەبـار
پـاک بـە ڕەنگێـک و قیافێكـی پەڕیـوو و ماتـەوە
هاتـــە گوێم لێكـــرا دەیانگوت ئێمـــە كوژراین بێ خەتا
میللەتـی كورد تا بـە كـەنگـی تـۆلـەمـان ناكاتەوە

من لەسەر لوتکەی بڵیندی کێو لە حەق داوا دەکەم
تۆش بپاڕێوە جەنابی شێخ لەسەر ڕووی تاتەوە
بەڵکو ڕوحمێکی بکا پێمان خوداوەندی ڕەحیم
چیدیکە ژێر دەس نەبین دیسان وەسەرمانخاتەوە
(هێمنا) پێت وانەبێ یەزدانی بێ هاواڵ و فەرد
کەیفەری ئەم زوڵم و زۆرە، بێ حیساب ناداتەوە

گۆڤاری نیشتمان، ژمارە٢، ١٣٣٢ ـ ١٩٤٣

***

هەڵدەکەم

مــن کــە بێــدەنگــم ئەوێســتا چاوەنــۆڕی هــەل دەکــەم
هەل کــە بۆم هەڵکــەوت ئەنجا باســکمی لــێ هــەڵدەکــەم
زۆر بــە ئومێــدی خــودا لــەو خاکــە پاکــەی دەردەکــەم
دوژمنــە بێگانــە ئاخــر چــۆن دەگــەڵ وی هــەڵدەکــەم
نابــی چیــدی داری مــن بخوات و لێــی ســوار بــێ حەریف
داری دامــەی خــۆم لەبــۆ لای خانــی ئاغــا هەڵدەکــەم
نایــەڵــم تاریکـــی چیدیکـــە ولاتـــم داگـــرێ
خــوا مەدەدکار بــێ چــرای زانســتی تێــدا هــەڵدەکــەم
وەک جگێــن وایــە زەمــان هەرکەس جگــی خــۆی تێــدەخا
تــا چەقــی هەمــووان بهینێ مــن جگی خــۆم پــەل دەکەم
نامــەوێ مــن ســەربڵنــدی خــۆم و دایــم کــۆشــش
بــۆ بڵینــدی و بــەرزی و ئازادبـــوونــی گــەل دەکــەم
قــەت دەگــەڵ بێگانــەکان وەڵڵاهــی دانــوم ناکــوڵــی
مــن کــە شــاهێنم چلــۆن ئاخــەر ڕەفیقیــی قــەل دەکــەم
هــەرکــەســێ دەربــارەی ئــەو قــەومــە بــەد بــدوێ بــرا
وا دەدەم مســتێک لــە زاری مــن ددانــی کــەل دەکــەم
هەرکەســێ بــۆلای ســنوور و ســەرحــەدی خاکــی وەتــەن

بــێ، دەدەم بــەردێک لە لاقی دەســبەجــێ ئەو شــەل دەکــەم
هێنــدە فێڵاویــم کە دوژمــن وێم کــەوی تا هــەردوو گــوێ
قــوم دەبێ، چــونکە بە فێڵ ئــەو تــووشــی لیتە و زەل دەکەم
خۆش بــی بووزووی خۆم چ محتاجم بــە پــەشــمی خاریجــە
تاکــو جــاوی خــۆم هەبــی بــۆ جامەیــی مەلمــەل دەکەم
ســاردی و گــەرمی ڕۆژگــارم چێشــتووە بــەخــودا گەلێک
بــێ ئــەوەی محتاجی کــەس بم مشــکلی خۆم حــەل دەکەم
دوێ شــەوێ دایکــی وەتــەن «هێمــن» لەخەودا پێــی گوتم
ڕۆڵــە کردارت حیســابە، کــەنگــی گــوفتار حــەل دەکــەم

گۆڤاری کوردستان، ژمارە٢، ساڵی یەکەم،
٣٠ سەرماوەرز ١٣٢٤، دیسامبر ١٩٤٥

***

بەهاری زانین

ئەوا هات مانگی خۆشی خاکەلێوە
نەما سەرما و بووران و کڕێوە
پەڵەک ڕەش کەوتە کوێستانی ولاتمان
بە با و باران و لەنگێزە و شڵێوە
لەکێو و کەژ گیا و گژ بەبارە
ئیتر دەرچوو مەڕوماڵات لە لێوە
لە لێوی جوگەلە مێلاقە ئەوڕۆ
لە گوین سەربازی سوور وێستا بە پێوە
نەوەک کاکۆڵی یارم بەڵکە سونبوڵ
وەکو ژاپۆن و ئەڵمانی پەشێوە
نەهەر دێوانە بۆ سەیر و تەماشا
ئەوێستا عاقڵ و زاناش لە کێوە
تەماشای مامی جووتێر کە لە دەشتا
بەدلگەرمی خەریکی وەرد و شێوە
بەهارە گوڵ سەری هێنا دەرێ تۆش
هەڵستە کوردە چیدی سەر مەنێوە
هەموو قەومێک وەسەرکەوتووە لە هەوراز

بەشـی تۆ کوردە تا کـەی هـەر نشـێوە
بخـوێنە فێـری زانسـت و هـونـەر بە
لە لای کوللی کـەسـێ جاهیـل دزێـوە
وەرە فێــری تــەمــەدون بــە عەزیــزم
هەتا خــەڵکــی نــەبێــژن کــوردە دێـوە
مەبـە مـەئیووس و ئـومێـدت قـەوی کـە
فــریشتەی جوانی سـەربـەستیت بـەرێـوە
ئەوەنـدەت فـەرقـە ئازاد نیت وەکـو خـەڵک
دەنــا فـەرقت نییە زمرێک بـەشـێوە
ئـەوەش مـوژدەت دەمـێ هەر بـەو زووانە
دەبێ سـاز، هەڵپـەرە جا تـۆش لە جێوە
هەتـا پێیێک لـە بێرلیـن بچنە پێشـێ
سوپاس سوور، دێتـە پێـش ئازادی ئێـوە
بژی مارشــال ســتالین پێشــەوای ڕووس
کـە ئـازادی لـەگێتـی دابـەشێوە

گۆڤاری هەڵاڵە، ژمارە ١
ڕەشەمەی ١٣٢٤ـ ١٩٤٥

***

جێژنی ئازادی

نەوجەوانانی ژیر و وریای کورد
پیرەپیاوانی پیاو و ئازادی کورد
بێچوە شێرانی چاپک و بێباک
تازە لاوانی میللی و خوێنپاک
نەونەمامانی باغچەی ئاوات
کاربەدەستانی حیزبی دیموکرات
ئەی ئەوانەی چاو بە گریان بون
دژ ودامـاو، کز و پەرێشان بوون
بۆ وەتەن ڕۆژ و شەو دەگریان زار
دیتو لەو ڕێیەدا هەزار ئازار
بەش بڕاو بوون لە خۆشی و شادی
دەرکرابوون لە باغی ئازادی
مۆژدەبێ لێو کە پاش گەلێک زەحمەت
پاشی زۆر ڕەنج و تاڵی، و مەینەت
پاشی تالان و جەنگ و دەربەدەری
پاشی کوشتار و شین و قوڕبەسەری
پاش وەی سەد مەزن، هەزار سەردار

لـەســـەر ئـــازادی ڕۆوینـــە ســـەردار
پاشی وەی سەد هەزار کــوڕی لاوچـاک
دەســتی دوژمنــان: لــە خوێــن و خاک
گەوزی بـوو دایکی بۆی لە ســینگی دا
بەزەیـــی هـــات بەحاڵـــی ئێمــە خــودا
یاریـــدەی دایـــن و کـــردیـــە مـەئمـــوور
بۆ نــەجاتدانی کـــوردی، هـــۆردووی ســوور
میـــللەتـــی کـــوردی بێـــکەســـی ڕزگار
کرد، لــەژێر چــەنگـــی دوژمنی زۆردار
کـــوردەواری بـــەجـــارێ ئـــــازاد بـــوو
کوردی غەمگین بــەکــەیف و شـــاد بوو
ئاشــکرا هــەڵکــراوە بەیرەقـــی کـــورد
هاتـــەوە دەستی لاوی کـــورد حـــەقی کـــورد
تێپـــەڕی ڕۆژی ڕەش نەمـــا دەمـــی خەم
ڕۆژی کـــورد هاتـــەدەر لەژێر مـــژ و تەم
بۆمـــە ئـــەو ســـاڵەکە چلـــۆن زســـتان
خۆشـــترە زۆر، لـــە مانگـــی جـــۆزەردان
گەرچی ئێستا نـــەماوە گـــوڵ لە چـەمەن
وەک گوڵــە ڕوومەتـــی کوڕانـــی وەتەن
ئیســـتەکانە تـــەواوی میللەتـــی کـــورد
کـــچ و کـــوڕ پیـــاو و ژن درشـــت و ورد
بـــێ خـــەم و لێـــو بەخەنـــدە و شـــادن
بـــۆچـــی چـــونکـــو ئـــەوێستە ئازادن
ئـــەی بـــرایانـــی میللـــی و دڵســـــۆز
ڕۆژتان بـــاش و جێـــژنـــەتـــان پیـــرۆز

ئـەوی ئاواتـــی ئێـــوە بـــو دیتـــو
نیشـــتمان سەربـــەخـــۆ و ئـــازاد بـــوو
بـــەیـرەقـــی جـوانی ئێمـــەیـــە ئێســـتا
دەیشـــەکێنی لـــەهـــەر بڵیندێـــک بـــا
کاری خـــۆمـــان بـــەدەســـتی خـــۆمانە
ئێســـتە بـــا کـــوێـــر بێ چـــاوی بێگانە
تـــا هـــەزار ســـاڵی دیکـــە ئیســـتالین
هـــەربـــژی یـــارەبـــی: بڵێـــن ئامین
چـــونکـــە دەربەســـت حـــەقـــی زەعیفانە
لاگـــری دیـــل و بـــێنـــەوایـــانـــە
بـــۆ ئـــەوەی بێکەســـان بـــکا مەســـروور
پایەداربـــێ و بمێنـــێ هـــۆردووی ســـوور
پێشـــەوامان بـــژی لـــەبـــۆ خـــزمـــەت
کردنی، دیـــن و مـــەزهـــەب و میللـــەت
ڕەبی هـــەرکەس کـــە دوژمنی کـــوردبی
هـــەردوو چـــاوی دەرێ و ملـــی وردبـــی
بمرە (هێمـــن) کـــە تـــۆ لـــەســـەر زیادی
مایـــەوە، چـــونکـــو دیتـــت ئازادی

ڕۆژنامەی کوردستان، ژمارەی ١٢
٢٠ی ڕێبەندان ١٣٢٤، ٩ فوریە ١٩٤٦

دوەمەقەی دوو خوێنمژ!

سیراج ئۆغلوو:

یاخوا بەخێری سەرچاوەکانم
خوا دەوامت دا ئارامی گیانم

نوری سەعید:

خۆ بێ ئەزیەتی، ئەلحەمەلای چاکی
قەزا و بەلا دوور بۆ وا خەمناکی

سیراج ئۆغلوو:

چۆن خەمناک نەبم زۆر پیس قەوماوە
دیسان کوردەکان زۆریان هێناوە
هەموویان داوای حەقی خۆ دەکەن
گەف و هەڕەشە لە من و تۆ دەکەن
دەڵێن ئەو خاکە خاکی کوردانە
نایەڵێن چیدی بیخوا بێگانە
خۆ تۆش دەزانی کە کوردەواری
لە قیسمان بچی تووش دێین هەژاری
گەنم و جۆی ئەوە رزق و بژیومان
بەنەوتی ئەوە ڕووناکە دیومان
ئەو گەنمە نەبێ لە برسان دەمرین

ئـەو نـەوتە نەبـێ شـەوكـوێرى دەگـرين
تـــەدبيـرێـک بکـــە هـەتاکـــو زووە
تـا هـــەل و فـرســەت لـەدەس نـەچووە
نورى سەعيد:
لـــەمنــت نـەکـەوێ بـۆ دابـزڕکاوى
بـۆچـی وەکـو کەر لـە قـوڕێ مـاوى
ئەتـو لەکنـە خـۆت تورکـی خوێنمـژى
بـەدفەڕ، شـــەڕانی، ڕێگـر، پیاوکـوژى
تورکـی لـەوەی پێـش وا خوێـڕى نەبـوون
وەک گورگـی برسـی بـە خشـەوە دەچوون
هەر ئێـوە نـەبـوون لـە دەورەی کـەمـال
لاقـی کـوردانـو دەگـرت وەک گـەماڵ
ژن و منـداڵ و گـەورەتـان کـوشـتن
خـوێنـی مليـۆن و نيـوێکـو ڕشـتن
ئێســتايش نەچووە بچـی وەخـۆکـەونـەوە
گـــەورە گـەورانيـــان لـــەدار دەنـــەوە
بيانگــرن بيانکـوژن بيانخـەنـە نێـويـەند
ئـەفـەنـدم بـەسـم ئـەتۆ بـدە پـەنـد
سيراج ئۆغلوو
منيـش بـەشـی خـۆم جـەزرەبـەم داون
بــــەڵام داخــــەکـەم دانــەمرکـــاون
کـورد گيايـەکـە هـەر چـەنـدى بيدروون
هـەڵـــدەداتــەوە ديسـان هـەڵـەسـوون
تـــەدبيـــرێکـی دى بکـە ئـەفـەنـدى
يـــابـا عـــەجـايب بـۆ وا دڵمـەنـدى

نوری سەعید:

بـــرا مـــام ئینگلیـــس ئاغـــای خـــۆمانـــە
هـــەتـــا ئـــەومـــان بی خـــەمـــی چیمـــانە
پـــەنـــای بۆ دەبـــەیـــن دەیـــانـــکا چـــارە
فـــریـــویـــان دەدا بـــە پـــوولـــول و پـــارە
بـــۆیان ســـاز دەکـــا سەد شـــێخ و مـــەلا
بـــەســـەریان دێنـــی ســـــەد دەرد و بـــەڵا
عـــەشـــیرەتەکان دینیتـــــە ژێـــر بـــــار
بـــــەدرۆ و دەرەســـــە بـــە پـــوول و دینـــــار

سیراج ئۆغلوو:

عەجـــەب تەرتیبێـــک دەســـتت بـــە...
وەڵاتـــت پیـــس کـــرد هـــەســـتە لـــە کنـــم
بـــــاوی نـــەمـــاوە کـــەڵـــەک و دەهـــۆ
کـــورد فـــریو ناخـــوا ئـــەبـــەدی بـــەدرۆ
کوردی ئـــەو عـــەســـرە هێنـــدە شـــەیتانـــن
ئەمـــن و تـــوو و چـــەرچـــل بەکـــەر دەزانـــن
وا لا مـــەزهـــەبـــن کـــــوردی ئـــەو دەورە
نـــەشـــێخیان مـــاوە نـــە مـــەلای گـــــەورە
عـــەشـــیرەتـــەکان هـــەســـتان لـــە خـــەوێ
پشـــتیان لێـــک بـــەســـتووە ئازادیـــان دەوێ

نوری سەعید:

کـــەوابـــێ بـــرا ســـــەڵا لـــە خـــۆمـــان
مانگـــــامـــان مـــرد و بـــــڕاوە دۆمـــان

گۆڤاری هاواری نیشتمان ژمارە ١
ساڵی یەکەم، خاکەلیوە ١٣٢٥، ٢٩ مارس ١٩٤٦

شینی ژنە کوردێک

١

هەی داد هەی بێداد هەی ڕۆ ڕۆڵە ڕۆ
هەی ڕۆڵە داخی گرانم بۆ تۆ
هەی کوێنم دەبەر ڕۆڵەی جەوانم
وەی قوڕم وەسەر مایەی ژیانم
دایکەکەت بمرێ ڕۆڵەی نازدارم
دەک نەژیم پاش تۆ شۆڕەسوارم
نەمێنم لە بۆ دەست و جلەوت
کوانێ؟ بۆ نایە ئەورۆ هەوهەوت
هەناوم ڕەش بێ بۆ قژی ڕەشت
جەرگم خرابێ بۆ کولمەی گەشت
حەیف بۆ چاوی وەکو بادامت
درێغ بۆ بەژنی وەک نەونەمامت
ڕۆڵە گیان ئەتو هێشتا جحێڵی
چ وەختی وەیە من بەجێ بیلی
هەی داد هەی بێداد هەی ڕۆ ڕۆڵە ڕۆ
بریا مردبام من لەباتی تۆ

٢

منــی هــــەژاری پیــری زگ ســـــووتــاو
چـــۆن پـــاش تـــۆ بژیــم ئـــاخــر شـــۆڕەلاو
کـــون کـــونە دڵـــم لــــەت لــــەتــە جــەرگــم
بـــۆ تـــۆ تـــاقـــانـــەی جـــوانـــە مــــەرگــم
شـــەرتـــە مـــن ســـەرم بـــۆ تـــۆ شـــین بکـــەم
هـــەتـــا بمێنـــم بـــۆ تـــۆ شـــــین بکـــــەم
گوڵـــە گەشـــەکەم بـــۆ ســـیس بـــووی وا زوو
بــــردت بـــۆ ژێـــــر خـــاک هـــەزار ئـــارەزوو
بـــۆ بـــە جێـــت هێشـــــتم بـــەدبـــەختـــت کـــردم
ڕۆیشـــتی بـــۆ کـــوێ بـــۆ چیـــت نـــەبـــردم
منـــــت بـــــە جـــێ هێشـــــت لـــــەو کەلاوەدا
بـــۆ خـــۆت ڕۆیشـــــتی بـــۆ خـــزمـــەت خـــودا
هـــەی داد هـــەی بێـــداد هـــەی ڕۆ ڕۆڵـــە ڕۆ
دێ لـــە دەروونـــم لـــە ســـوێی تـــۆ بـــۆ ســـۆ

٣

دەزانــــی بــــۆ چــــی ڕۆڵــــەی نازەنیــــن
دەبـــەســـتم لــــەســــەر گــــۆرت کــــۆری شــــین
بــۆیــە نــــاگریـــم ئـــەی لاوی خــــوێنپــــاک
بــــە جوانـــەمـــەرگـــی تـــۆیان خســـت لـــە خاک
بـــۆیـــە دەگریم ئـــەو چـــەرخـــی چـــەپگـــەرد
مـــاوەی پێنــــەدای وەکـــو پیـــاوی مــــەرد
لەســـەر نیشـــــتمان خـــۆت بـــە کوشـــت بـــدەی

هاوخوێنەکانی خۆت ڕزگار بکەی
بەخێوم کردی ڕۆڵە وەک بەران
تا بۆ نیشتمان بتکەمە قوربان
کەچی تۆی کوشت و نەیهێشت ئاسمان
قوربانییێک بکەم من بۆ نیشتمان
هەی داد هەی بێداد هەی ڕۆ ڕۆڵە ڕۆ
من و نیشتمان بێ کەسین ئەوڕۆ

٤

لە خاک و خوێنا ئەگەر گەوزیبای
لەسەر ئازادی و سەربەستی: بە خودای
غەمم نەدەبووی بۆت نەدەگریام
چون مردنی وا زۆر خۆشە بەلام
ڕۆڵە بەمەرگی تەبیعی مردن
ئەویش بۆ کوردان عەیبە لەکن من
حەیف گیانەکەم حیزانە مردی
حەیف وەک پیاوی ئازا نەمردی
حەیف ئەی گەنجی خاوێن وەکو گوڵ
مردی و ئارەزووی من نەبوو حاسڵ
ئۆف ڕۆڵە مردی نەگەییم بە مراد
ئۆف ڕۆڵە مردی و کورد نەبوون ئازاد
هەی داد هەی بێداد هەی ڕۆ ڕۆڵە ڕۆ
برینی جەرگم قەت ناکرێ پەرۆ

گۆڤاری هەڵاڵە، ژمارە٣،
ساڵی یەکەم، بانەمەڕی ١٣٢٥ ـ ١٩٤٦

کوردەگیان

لــــە غـــوڕابی خــەوێـــدای دوژمنــت بێـــدارە کـــوردەگیان
هــەڵســــتە لــەم خــەوە ئیمڕۆکە جـەنگەی کارە کـــوردەگیان

نیشتمان ،ژمارە٧،٨،٩، بەهاری ١٣٢٤ـ ١٩٤٥

نامەیەکی هێمن بۆ هەژار

خۆشەویستەکەم پیرە هەژار

بۆیە پێت دەڵێم چونکە ئێستاکە شوکر هەر زەق و زیندووی (هەزاران منداڵە کوردت بەناوکراوە) ئەدی چیت لەو نەتەوە لێقەوماوە، داماوە دەوێ، هەرئەوەندەی لەدەست دێ. دەنا ئەگەر پێی کرابا کۆتەڵیشی بۆ دەڕازاندیەوە، بۆهەر گلەیی لە کورد دەکەی؟ ئەو شاعیرە عەرەب و فارسانەش کە ئێستا هێندەیان پێ هەڵدەڵێن مەگەر لە خزمەت خەلیفە یا بارەگای شا بووبن دەنا بە زیندی سەری فسیان پاک کردووە، ڕاستە سواڵ کیمیایە، بەڵام بۆ شاعیر نا. لەبەر چاوی خۆمان .. زۆری بە خوێڕی و پیریان هەڵکوت و لە برسان مرد. کێ من و تۆی ناچار کرد ببینە شاعیر؟ خۆمان ئەوەمان بە خۆمان کردووە. باوکی من کەمی بۆ من بە جێ هێشت؟ بۆ خۆم لەقوماری شیعردا دۆڕاندم.

باوکی تۆ پێی خوێندی ویستی بتکاتە مەلا (بەرخی بابم بۆ نەبوی؟) دەزانی ئەو فەقێ قادرەی تۆ ونت دەکرد ئەلان چەند دەوڵەمەندە؟ ئاواڵەکانی خۆمان کە بەقەد حەمە ئاشەوانیش لە عیلم و شەرع ناگەن، بە ڕیش و پەشم و کەوا و سیواکەوە، ئێ وایان هەیە میلیاردێرە.

من لە مێژە دەوەی گەییوم قەڵەم نانی پێ پەیدا نابێ. ئەو ساڵ لەو مڵکەی باوکم بۆی بە جێ هێشتووم، تەواو بێ کەم و زیاد بە قەد شوانێکم پێ گەییوە، بۆ خۆم شاهید بووم ئەمساڵ مەلایەک کە پێم وایە لەتەواوی عومریدا دوو پەڕی کاغەز نەتوانیوە بە چ زمانی

دنیایە ڕەش بکاتەوە، ســـوێندی خوارد گوتی بەسەد هەزار تمەن نابمە پێشنوێژ. جگە لە ســـەر فترە قەراری کرد میوە و تەڕەکاری و ماســـت و پەنیری لەسەر دێ بێ. بۆ خۆشت دەزانی ســـەر قەڵەمانە (ئاشی پێ دەگەڕێ) دبڕۆ بابی بابم هەر (قانون) وەرگێڕە. لەبیرمە جارێکی (وردی) ڕەحمەتی ڕەخنەی لە (کۆڕ) دەگرت کە بۆ وەرگێڕانی (شەڕەفنامە) زۆریان پـــارە داوە بـــە تۆ، خەڵکی زۆر لـــێ بوو، گوتم کوڕینە و کچینە ئێوە شـــاهیدبن من دوو ئەوەندەی کۆڕ داویە بە هەزار دەدەم بە مامۆستا بەو شەرتە بتوانێ شەڕەفنامەی کوردی و فارســـی لە (ســـەقافەی کوردی) بۆ ئێمە بخوێنێتەوە. ئێســـتایس حازرم حاسڵی ساڵی داهاتووم بدەم بەو مەلایە کە قانوونی عەرەبی و فارسی بتوانێ بێ غەڵەت بخوێنێتەو. تازە تۆ قوڕی بۆ مامۆســـتا (عەلا)ی ڕەحمەتـــی دەپێوی کە خوا هەڵناگرێ لە هەموو کوردێکی باشتر حەقی قەڵەمی چەپرەکی وەرگرت.

بـــا دەس لەوانە هەڵگرین، گۆواری ئەمجارەمان فیدای کتێبی دەرســـی بوو. چاپخانە وەگیر نەدەکەوتن. کەچی ڕمێنی یەکجار لەســـەرە. ڕۆژێ هەر پێمان دەکرێ کاغەزی کوڕ و کچە لاوەکان بخوێنینەوە. شـــتی باشیشمان بۆ دێن. گەیوەتە زۆر جێگایان و سەرەنجی زۆرانی ڕاکیشاوە. ئەم ئەژمارەشمان ئەوە نێزیک بە تەواو بوونە، تۆ نەفەری حەوتەمی تا پێـــرێ کە جەدوەلی حەلکراوی بـــۆ ناردووینەوە، پیم وایە خوا یاربێ بۆ بەهارێ دەیکەینە مانگانە، چونکە جگە لەو هەمو نووســـینانەی بۆمان دێ شـــتی درێژیش زۆر دەنوسن کە لـــە ژمارەکەیدا ناحاوێتەوە و بۆ دوو ژمارەش نابێ. بەداخەوە کادرمان زۆر کەمە و هەموو شتێک دەبێ بۆ خۆمان جێبەجێ بکەین کە سەد دەردی تایبەتیشمان هەیە.

کتێبێکی پچووکی فارسی و یەکی باشی کوردیشمان هەیە کە خەریکین چاکیان بکەین و بۆ چاپیان بنێرین.

بەڕاســـتی (فەیزی زادە) شتێکی باشی کردووە و ئیزنیشـــی داوە دەستی تێوەردەین، ئێمەیش بەدڵوداو خەریکین بەڵام کارمان هێندە زۆرە دەرۆست نایەن.

دوێنێ « از قضای رحمت» شێخ عەبدولقادری شەمزینی بەسەری کردبووینەوە. پێمان گوت ئێمە دراومان نییە، بەڵام ئەگەر تۆ دراومان بۆ لە مریدان بســـتێنی مەسنەوی (شێخ عوبەیدیللا) چاپ دەکەین. قەولی دا ئەوی پێی بکرێ بیکا. کاک (ساڵح مەحموود) فەرمووی من نوسخەیەکم لە لا هەیە ئەگەر لە لای ئێوەیە تەماسی دەگەڵ بگرە منیش لێرە سۆراخی دەکەوم. دەنا قازی نایدا.

هێمن

لە چەپکێ گوڵ چەپکێ نێرگز ـدا بڵاوکراوەتەوە

نامەیەکی هەژار بۆ هێمن

مام هێمن گیان سڵاو، دەم و لەوست دەلێسمەوە

تا ئێستا دووجار بەهەزار دەردی سەری تەلەفوونەکەتم گرتووە، هەردووک جار تەشریفی شەریفت لەوێ نەبووە. دەگەڵ کاک ئەحمەد شەوێکی تا زۆر درەنگ خەریکی دیوانی نالی بووین، خودا ئەویشی وەک ئێمە تێدا گێژ کردووە. بەڵام قسەی خۆمان بێ غەڵەت پەڵەتی تێدا هەن و جاری وایە لامان سەیر بوو ئەتۆ چۆن لەبیرت چووە چاکی کەی... بەهەرحاڵ بەتەمام گەشتێکی پێدا بکەم و نەقدێکی لەسەر بنووسم چونکە نالی تا لێی وەکوڵی لێی پەیدا دەبێ.

کاکە گیان، زۆرتان قەرزارم تکایە وردە حیســابێک بکەن تا بۆتان بنێرم و قەرزداری نەمێنمەوە.

وەک ئێرانی دەڵێن: «بالاجازە» شیعرەکانتم تەخمیس کردووی بەڵام گاڵتەوگەپێکیان لێ پەیدا بووە ڕەنگە خوێندەواران زۆریان کەیف پێ بێ، جا بەقەوڵی کاک ئەحمەد، ئەگەر گیانی سپۆرتت هەبێ و لیمان قەڵس نەبی و چاپی بکەی خراپ نییە، ئیتر کەیفی خۆتە. ئەرێ تۆ دەنگ: نووسراوە (کرد در تاریخ همسایگان) دەترسم هەر ئەوەکەی (ناکام) بێ و بکرێتە فارسی، ئەگەر (کاک فاروق) بەشێکی دیکە لە تورکیەکەی (ئەولیاچەلەبی) کردبا بە کوردی یان فارسـی زۆرباش بوو. دەنا ئەوەم پی شـت نییە، سەیاحەتنامەی چەلەبی پێنج جلدە زۆری باسی کورد تێدایە.

توخوا خۆتان هەڵکوشـــن تا زستان ماوە ژمارە چوار دەرکەوێ چونکە بەهار بۆ باسی زســـتان نابێ. لەسەر دیوانی وەفایی کە (شیرین تەشـــیەکەی) لێ دەرهاێژراوە و تەلاقی لەســـەر خوراوە کە هی وەفایی نییە، زۆر دڵتەنگ بووم، هەموو دونیا بیســـتوویە کە هی وەفاییە وئەمەش شـــاکاریەتی. دەئەگـــەر ئی ئەو نییە ئی کێیە؟ دەبـــوو پینەیەکی بۆ بدۆزنەوە کە دایپۆشێ... دەبوایە تەنیا لە جیی وشەی (ڕانی لووسی) کە (موحارەبە دەگەڵ خودا) یە نوختە دانێن و چاپی بکەن.

ئەوا ئەمڕۆکە ۶۴/۱/۲۵ ە، کاک ئەحمەدی قازی لە ماڵی ئیمەیە زۆر ســـەلام و عەرزی ئیخلاسی هەیە، سەلامی من و دایکی خانی بۆ دایەخانم، چاوی سەلاح ماچ دەکەم. ئەگەر خات ئەســـرینی جەعفەریت دیت بەسەرتە پێی بڵێ مەرد و نامەردەکەی هەر ئەو داستانی خێر و شەڕیە کە نیزامی لە (حەوت پەیکەر) دا باسی دەکا، بەڵام فەرقەکەی هەر ئەوەیە کـــە قارەمانی داســـتانی نیزامی کوردێکی مـــەڕدار بووە و زۆریش خۆشـــترە لەم مەرد و نامەردە. بریا هەر ئەوی تەرجەمە بکردایە. زۆرم ڕست بمبەخشە.

برات هەژار ۶۴/۱/۲۵

لەچەپکێ گوڵ چەپکێ نێرگز ـدا بڵاوکراوەتەوە

تەخمیسی بارگەی یاران

هەژار شێعری هێمنی تەخمیس کردووە

بارگەی یاران

١

بەربەرۆچکەش هەیە سەرمامە! شەوان من چبکەم؟
ئەم منداڵە کە بێ کراس و کەوان من چبکەم؟
دڵی بردووم کچەتیوی کەرەوان من چبکەم؟
دێت و ڕادەبرێ وەکو سەروی ڕەوان من چبکەم؟
کە بەقوربانی نەکەم ڕووحی ڕەوان من چبکەم؟

٢

من نە شەرقیم و نەغەربیم و نە ئەمریکی، نەڕووس
نە موسوڵمانی بەڕاستیم و نە جووم و نە مەجووس
پیر و زورهانم و خورپەی دێ دڵم بۆکچی لووس
قەدی ئەو شۆخە وەکو دووخ و خەدەنگە ئەفسووس
پشتەکەم کۆمە وەکو ماڵی کەوان من چبکەم؟

٣

سەرە لەرزۆک و قوڵ و جۆکە سل و زگ پەنەماو

لاملم خواره، پشووم سواره، پرووش و کزەچاو
چوار پەلم مل بوو، لەشیشم بووەتە لانکە شکاو
تازە هەنگاوی شلم کوانێ دەبێ بۆ شەوڕاو؟!
جوانە زۆر جوانە بەڵێ ڕەوتی کەوان من چبکەم؟

٤

بەزگی برسی خەوم نایە هەرچەند وەربکەوم
ئارەزووم هەر ئەوەیە نانی گەرم بێتە خەوم
وەکی ڕەشکێکی ڕزیو پس پسە گش قەڵف و گەوم
زەبری ئاوزەنگی بڕا و شل بووە دەستی جڵەوم
دێ دەنا پرمەیی بۆر و بدەوان من چبکەم؟

٥

دم دمی چی؟ ئەوە دوێنێ بوو ئەمن زۆر کەونم
دایکە وای ڕەحمەتی ئەو سایە کوتابووی تەونم
وشک و ڕەق بوومەوە تازە دەگەڕێم بۆ شەونم
ژوانی خۆشی هەرەتی لاوەتی دێتە خەونم
کاتی ئاویلکە دەگەڵ زیندەخەوان من چبکەم؟

٦

خەڵکی پێی وایە لەخۆشیانە هەرا و گاڵەم دێ
نا براکەم لە دەسی زاڵمەکان زاڵەم دێ
ورتەیی کۆنە برینانی دەم ئاواڵەم دێ
شەو هەتا ڕۆژی لەبەر ئێشی لەشم ناڵەم دێ
دێتە گوێم دەنگی گەلۆ و نیوەشەوان من چبکەم؟

٧

لــه چیایـــان و لــه دەشـــتیان و لــه لادێ و شـــاران
هیــچ شـــتێک ئێســـته نــەمـــاوە وەکـــو جـــاری جـــاران
دەوەرە ســەیــرێ بــەرۆژی مـــژ و گـــــۆپـــاڵ بـــاران
بارگـــەیـــان تێکـــەوە پێچـــا و بــــــەرێ بــــوون یـــاران
لــه دنـــێ وا بــەتــەنــێ پاشــی ئــەوان مـــن چبکـــەم؟

٨

دەچمــه لای هەرکەســێ بــۆ کارێ دەڵێــی کوێــر و کــەرە
یــەک دەڵێ لاچــۆ لــەبــەر چاو ئــەوی تــر ئێــژی هــەرە
ئــەوی بــۆم ماوتـــەوە چـــاوی تــەڕ و پێســـــی گــــەرە
ژیانـــی مـــن ئێســـته وەکـــو خـــۆری دەمـــی زەردەپـــەرە
پێـــم نەمـــا تیـــن و گـــوڕ و هێـــز و تـــەوان مـــن چبکـــەم؟

٩

خۆم وەکـــو زەڕنـــەقـــووتـــه و زارۆڵـــەکانیـــش ڕووتـــن
حەوتـــی وام هـــەن کە دەمی خواردنـــێ وەک حـــەو حـــووتون
دوێنـــێ ئێـــوارێ لــه ســەربانێ هـــەڵـم خســـت تـــووتن
ســروە هـــات خـــونچـــه گـــوڵی باخـــی ئــەدەب پشـــکووتن
باخـــەوانـــی گـــەرەکـــه تـــازە جـــــەوان مـــن چبکـــەم؟

١٠

خاڵــه بـــاس یـــادی بــەخێـــر ئــەودەمـــی دایکـــی مردبـــوو
هــەروەهـــا وشـــک و برینـــگ نایـــه قـــەبـــر نەیشـــــردبوو
دێیـــەکـــەی ئێمـــه هەمـــووی دێـــم و تـــەلان و گـــرد بـــوو

ئـــاو نـــەبـــوو ئـــەودەمـــی هێمـــن مـــەلـــەوانـــی کـــورد بوو
ئـــاو شـــوکـــور زۆرە وەرن زوو مـــەلـــەوان مـــن چبکـــەم؟

فەرهەنگۆك

ئا

ئادی: بەڵێ، ئەرێ

ئاران: گەرمیان، بەرانبەری زۆزانە

ئاژواندن: لێ خوڕین

ئاسۆگ: ئاسۆ، سوێ

ئاکار: ئەخلاق، رەوشت

ئاڵوودە: پیس، ئاڵوودەداوێن، داوێن پیس

ئاڵوودە: تێکەڵاو

ئامێز: باوەش، باخەڵ

ئاودەنگ: هاودەنگ، هاونشین

ئاور:ئاگر

ئاورگ: ئاگردان، وەجاخ، کوانوو

ئاورینگ: پریشکی ئاگر(بەتایبەتی پرپشکیک کە لە ئاستی سووربووە بێتەوە

ئاونگ: شەونم

ئاوەڵا: ئاواڵە، کراوە

ئاویتن: هاویشتن

ئاویلکە: ئاوزەنگی، ئاوزنگ، هەنیسک، دوا پشووی ژیان

ئاویلکەدان: دواپشوودان، حاڵی سەرەمەرگ

ئۆخژن: هەست بە خۆشی کردن

ئۆگر: هۆگر

ئۆیە: پوولەکە

ئەسپۆن: گیایە کە ریشەکەی وەک سابوون کەف دەکا. جاران لادێی هەژارەکان جلیان پێ ئەشوت

ئەستوندەگ: کۆڵەکەی رەشماڵ

ئەستەم: زۆر سەخت

ئەستێر: گوڵی دەستکرد، ئەستێرگ، ئەسێلک

ئەشک: فرمێسک

ئەنگاوتە: پێکراو

ئەنگران: زۆر قەڵەو بوون، زۆر دەوڵەمەند بوون

ئەوک: قورگ، گەروو

ئەوین: ئەڤین، عیشق، دڵداری

ئێخە: یەخە

ئیروو: تێر و پڕی، ئاسوودەیی، خۆش گوزەرانی

ب

بابردەڵە: لاواز، لەئەسڵدا واتە بابردوو

بابۆ: بۆن هەڵگرتنی مۆڵە

باڕ: بێچووی یەکساڵەی باڵندە

باز: ڕێگا، ڕێباز

باڵۆرە: ئاوازێکی تایبەتی گۆرانی کوردیە بە شێوەی گفتگۆ لە نێوان کیژ و کوڕدا

بانوو: بستوو، زینوو، زیندوو

بانەمەڕ: کاتی ڕۆیشتنی خێڵ بۆ هەوار

باوێ: بهاوێ

بڕپەک: بەرازی نێر

بڕست: توانا

بژانگ: برژانگ، مژۆڵ

بژوێن: شوێنی گیا و گوڵی زۆر بێ، لەوەرگەی زەمەند

بژیو: مایەی ژیان، ئەوەی مرۆڤی پێ بژی

بستۆکە: کەلێکی بچووک، کێو یا بستوێکی بچووک

بستوو: بانو، زینوو، زیندوو

بستە: ئاسنێکە بەسەر ئاگراندا رادەهێڵدرێ

بسک: زولف

بڵا: با، دەبا

بن پشک: خوشکی بچووک کە بۆ ژن بە ژن دیاری کرابێ

بنکۆڵ: کۆڵینی بن برکەی بێستان

بنە: ئەو جێگایەی کە کەوی ڕاوی تێدا دەشارنەوە

بوکشن: بگوشن، بووشێرن

بوولێڵ: تاریک و ڕوونی ئێوارە، بەرانبەری کازیوە

بۆدراو: چێشتێکە لە نیوە بریشکەی هاڕاو دروستی دەکەن

بۆرچین: مراوی مێ

بۆسە: کەمین، خۆ لە دوژمن داگرتن

بۆکرووز؛ بۆنی سووتانی کوڵکە، خوری، موو

بەردەبێر: بەردێکە لە جیاتی کورسی لە کاتی مەڕدۆشیندا شوان لەسەری دادەنیشێ

بەرکۆژە: دوگمەی بەرۆک

بەرەڵبێن: بەربێنکە، بەرهەڵبێن، بەرڵبێنە، ئەو قوماشـــەی ژنان لە کاتی کارکردندا لە پشتێنەوە بەرەو خوار بەخۆیانەوەی دەگرن

بەرموو: ملوانکە، گەردەن بەند

بەڕۆچکە: بەرهەتاو، شوێنی هەتاوگر

بەڕەزا: گیایەک لە کوێستانان دەبێ

بەزە: بەزەیی

بەستە: داخراو، بەسراو

بەستێن: بەست، بەستوورە، کەناری دەریا و ڕووبار

بەسپایی: بەئەسپایی، بەهێواشی

بەرگن: لووا خوریی بەرخ

بەروو: بەرۆک، سینگ و باخەڵ

بەکرە شۆفارە: مەبەست لەبەکری مەرگەوەڕە

بەلەک: نێوانی ئەژنۆ و پێ

بەندەک: ئەو پەتەی مرۆڤی پێ دەبەستن

بەندەگی: بەندەیی

بەندەن: کێو و تەلان

بەیان ئەنگوتن: دەرکەوتنی سەرەتای بەیان

بەیبوون: گوڵێکی سپیی بۆن خۆشە

بەیدەست: ڕەوەک، ئەو ئاژەڵەی بە ئاسانی نەگیرێ، بۆ مرۆڤیش بەکاردێ

بێر: ڕیزکردنی مەڕ بۆ دۆشین

بێروون: بیابان

بێری: مەڕدۆش

بێزراو: لەبەرچاو کەوتوو، ناخۆشەویست

بێلا: بەرهەیوان

بێوەی: بێ ئەوەی

بێن: بۆن

بیزا: گیایەکە کوێستانی، بڵندە و بۆنێو ژاژ و ترشیات بەکاردێ

پ

پاراو: تێرئاو

پاردە: دیواری وشکەبەرد (وشکەکەڵەک) کە لەدەوری کانی و شتی وای دەکێشن

پارێز: بەئەسپایی و بەدزی خۆ بۆ شتێک مەڵاس دان

پاشـــبارە: ئامرازی جووتە، دارێکە لە دەند و باســـکێش دەدرێ و دەستەکەوشەی تێ دەکوترێ بۆ ئەوی جووتیار دەستی پی بگرێ

پاناوک: تەختان و گۆڕایی لاقەدی چیا، پانکەشی پی دەگوترێ

پاشەڕۆک: پاشماوە، پاشخوانە

پالوودە: خواردەمەنییەکە لە نیشاستە دروست دەکرێ

پاڵێن: پاش نیوەڕۆ، دوای نیوەڕۆ

پاوان: قەدەغە

پرزە: پێخوست

پرزەبڕان: بێ بەش، بوون، پەککەوتن

پروین: هەڵپروین، وەرین، هەڵوەرین

پۆتڕاک: سەروپۆتڕاک، سەروپێچ، سەروگوێلاک

پۆلوو: پشکۆ

پەپوو: پەپوەسلێمانە

پرینگانەوە: سڵەمینەوە، ڕەوینەوە، مەپرینگێوە: مەڕەوێوە

پزوو: ڕەنوو بەفری بچووک

پللار: دارێک کە بهاوێژرێ

پەراکەندە: پرژوبڵاو

پەرستار: هەمشیرە، ئافرەتی سەرپەرشتیکەری نەخۆش

پەرپەرۆچكە: پەرەكەی ئاسمان، بەرزترین جێ لە ئاسماندا

پەرەڕ: لای سەروو

پەركوو: جوورە هەڵۆیەكی بچووكی دڕ و بەهێزە كە ڕەشە و سەربالّی سپییە

پەروا: باك، ترسان، سام

پەرپوە: ئاوارە، دەربەدەر، ئاوەكی، ئاوگەلە

پەژارە: خەم، كەسەر، خەفەت

پەستوان: پەستانەوە، توند داگرتن

پەسیو: حاشارگە، نەدیو، پەنا، جێگایەك كە خۆی تێدا بشارڕێتەوە

پنـــج و مۆر: ئافرەت كە نەهێڵن لە ژوور بێتەدەر، ئەڵین پنج و مۆر كراوە، لەبنەڕەتدا پنج بەوە ئەڵێن كە گۆزە ئەشـــكێ یا ئەقڵەشـــێ، بە قســـڵ و موو پینەی دەكەن وەك بیدروونەوە

پێ بەقوونە: باڵدارێكە لە ئاودا دەژی و ناتوانێ بفڕێ

پێتروو: ئەستێرەی كۆ

پیل: لایەكی لەش لە شانەوە تا پەنجەی دەست

***

ت

تات: بەردی پانو ساف و لووس

تاوگە: تافگە، ئاوهەڵدێر، سەروەشێن، سۆلاف،

تاوڵ: ڕەشماڵ، چادر، کۆن

تاوەسووت: هەرچی لەبەر هەتاو سووتابێ

تامان: تەیمان، پەرژین

تخێڵ: کەوتن لەبەر نارەحەتی و بێ هێزی یان لەبەر مەستی

ترەختان: ڕاکردنی لە غار توندتری ئەسپ و ماین

ترۆپک: ترۆپ، پۆپە، دوندی کێو، لووتکە

تفڵ: تڵف، مناڵ

تل ئاسا: تلاسا، تلاسابوون: خلیسکان، توو، توو: هەرگیز، قەت، بەهیچ جۆرێک

تۆ: تۆو، توو

تۆرەمە: نەسل، بەرە، تۆر، تۆرە

تووش: دژوار، سەخت، ناخۆش، بەدفەڕ

تووڵ: نەمام، خەڵف

توڵە: سەگی بچکۆلە (جۆرێکی تایبەتییە بۆ ڕاو بەکاری دێنن)

تەبایی: نێوان خۆشی، ڕێککەوتن

تەریدە: خراپە، تەریدە، ڕێگر

تەزوو: مچوڕک

تەشق: بەرزایی، پانایی، نێوەڕاست

تەشی ڕێس: ماستاوکەر و ڕیاباز و شان تەکێن

تەلان: هەرچی دەشتایی نەبێ

تەماڵ: دیاردە، دیاردی، دیتنەوەی کەروێشک لە لاندا

تەنێ: تەنیا

تیتۆڵ: پرزۆڵ

تیرەگ: یاڵ، تیلاک، تیلەگ

تیف تیفە: زۆر لووسکردن و جوانکردنی دەم و چاو

تێک دەڵقا: بەیەکدا دەچوو و یەکی دەگرتەوە

***

ج

جاکەش: قورپومساخ

جدەو: سەقەتبوونی شان و قۆڵ، دەڵێن ئەو وڵاخە بارەکەی ئەوەندە قورس بوو جدەو بوو

جگەکورگ: میچەکورگ کە بۆ شیرینی و بەختەوەری هەڵی دەگرن

جمین: ڕووخان، ڕمان، هەرەسهێنان، جمیو: ڕووخاو، هەرەسبردوو

جواناو: ئارەقەی سەرەمەرگ

جۆم: قووڵایی بەرین و گەورەی قەدی چیا

جۆماڵ: پاککردنەوەی جۆگە

جەفەنگ: گەپ و گەمە و قسەی خۆش

جەمام: ئەستووربوون و ئێشانی مەچەک لەبەر کاری زۆر

جەندەک: کەلاک، تەرم، لەش

جێژوان: ژوانگە، شوێنی پێکگەیشتن

***

چ

چارشێو: سەرپۆش، ڕووپۆش، ڕووبەند

چاک: پیر، شەخس، پیاوچاک، مەزار

چڕ: دارستانی پڕ، لێڕەوار

چڕگ: چرگ، باڵندەیەکی گەورەی کێوییە

چرووک: پووچ، بێ نرخ

چزیلک: چزڵیک، ئەو پارچە دووگەی لەسەر ئاگر هەڵچزابێ و چەورایی پێوە نەمابێ

چلوان: چلەکانی زستان

چڵووک: پۆپەی دار

چوڕە پۆپنکەی: جۆرە چۆلەکەیەکە بەیانان زوو دەست بە خوێندن دەکا

چەلەنگ: شۆخ و شەنگ، جوان، دەلال

چۆڵەپێچە: توند بەستن

چێنکە: ئەو شینایی تەڕەزنەی کە هەمیشە شینە بە چیاوە

***

ح

حەرمخانە: ژوورە تایبەتییەکانی ژن و خێزانی پیاوی گەورە

حەوســـین: لەنێو بەشـــێکی زۆری خەڵکی ئێراندا باوە شـــەوی جێژنی نەورۆز حەوت خۆراک کە بە پیتی سین دەس پێ بکرێن دادەنێن

***

خ

خاپوور: وێران، کاول، کەلاوە

خانە بگیری: لە ماڵدا گرتنی کەسێک

خانومان: جوان، لەبار، شۆخ و شەنگ، چەلەنگ

خاو: گیایەکی زۆر گەرمی کوێستانییە

خڕ: شیو، دۆڵ، دەرە

خرمژن: دەنگی خشڵ

خرینگە: دەنگی خشڵ

خرینگەی بازنە: زرەی بازنە

خلێنە: ددانی گەورەی لا سەروو

خم: خوم، هەش، هەژ

خواجە: لێرەدا بەواتەی ئەو کۆیلانە بە کارهاتووە کە دەرەبەگ و کۆیلەدار دەیانخەساندن و لە ماڵەوە لە نێوان ژن و کچەکانیاندا کاریان پێ دەکردن

خودان: خاەون

خوول: غوول، گیاندارێکی ئەفسانەیی بەسامە

خووناوە: خوناوکە، وردەباران، نەرمەباران، بەواتەی ئارەقیش بەکاردەهێنرێ

خوونکار: حوکمران

خوڕێن: ئەو جێگایەی ئاوی بەخوڕ بڕوا

خومپارە: تۆپێکەی کە کەوانی دەڕوا

خۆرشت: شلە

خۆشخوان: دەنگخۆش

خوێنگر: خوێن داواکەر، خوێن ئەستێن، تۆڵەئەستێن

خۆشبەز: خۆشدەو، توندڕەو

خۆشخوێن: دەنگخۆش

خۆیان: کا و دەغلی وردکراو و لێک جیانەکراوە

خووساو: زوقم، سیخوار

خەرتەل: داڵ

خەسیبیۆ: خەسێنرابیۆ

خەڵف: نەمامی یەک ساڵە

خەنی: شاد، بەختیار، کامەران، ڕازی، دڵخۆش

خەوش: لەکە، غەور، خەش

خیز: زیخ

خێو: خودان، خاوەن

خێڵات: ڕەوەند، کۆچەر، ئەوکەسانەی دەچنە هەوار

***

د

دابا: بدایە

دابێژ: کون کون کردن

داپەڕاندن: سەربەرەوخوار ڕادان

داسوو: قەڵچغ، گوڵەگەنمی تازە لە بۆقە هاتووەدەر

دانگەڕێزە: داگەڕانەخوار

داروغە: حەسـحەس، پۆلیس، سـەرۆکی ئەو کەسانەی ئێشکی شار دەکێشن، وەختی خۆی بەوانە وتراوە بە بازاڕدا گەڕاون بۆ ئاگاداربوون لە خەڵک نەوەکا ناڕەواییەک بکەن

دزێو: ناشرین، کرێت، دژی جوان

داهێنراو: داهێزراو

داوەستان: مەیین، نەبزووتنی دووکەڵ و مژ و شتی وا

داوەڵ: بووکە سەماکەر

داوێ: دەهاوێ

دڕدۆنگ: بەشک، دوودڵ

دژوێن: ئەسپێون، چڵکنی و ئەسپێونی

دڵبەستە: ئەوەی دڵی بە شتێکدا چووبێ

دڵۆ: ئەو توێژەی دەستی ڕەنجدەر هەڵی دەدا بە هۆی کارکردنی زۆر

دورج: سندووقی بچکۆلەی شتی گرانبا

دوند: بەرزترین شوێن، لوتکە

دووروابێ: دوورابێ

دۆ: ئەو کیژەی لە شاییدا لەدەستی کوڕدا بێت

دۆک: ئافەتێکە لە شێوەی شێردا بەسەر گەڵای تووتنەوە پەیدا ئەبێ

دەروو: ڕێبازی تەنگ

دەڕۆست هاتن: پێ وێران

دەســبێن: ڕستەیەکە شوان لە ئەســتۆی مەڕی دەکا تا ئەگەر نووست و مەڕ وەرگەڕا پیێ بزانێ

دەستەمۆ: کەوی، ڕام

دەسکەنە: ڕنینەوە، دروێنەی بەدەست

دەسگر: دەسکرد

دەگروێن: لە پێست دەردێن

دەگۆوێن: بڵ دەبن

دەغەڵکار: ساختەچی

دەمان: تووڕە، یاخی، سەرکێش

دیبا: قوماشێکی گرانبایە

دین: دیتن

دێد: خوشکی گەورە

دێرنشینی: دانیشتن لە دێری عیساییياندا، مەبەست لە تەنیایی و دوورەپەرێزییە

***

ڕ

ڕابوون: هەستان

ڕاز: شاخ

ڕاوێچکە: هاتوچوی بەپەلە و بەردەوام

ڕام: دەسەمۆ، کەوی

ڕامووسێ: ماچ بکا

ڕژد: سەختترین هەوراز، ڕکە، هەورازی کووڕ

ڕنوو: کەوی بەفر

ڕکێفکوت: ڕاکردنی زۆر توندی وڵاخ لەگەڵ ئاوزەنگیدان لە لاقەبرغەی

ڕەپسە: ئاوەنیا، بەراو

ڕەشداڵ: قاڵاو، قەلەڕەشە

ڕەمانە: ڕەفیسکە، دیوی پشتەوەی ئەژنۆ. داسی ڕەمانە داسێکی باوێژرێتە ڕەفیسکە

ڕەو: هەڵاتن، هێرش، پەلامار

ڕەوە: گەلە

ڕەوەز: کەڵەکەبەردی قەدباڵی شاخ

ڕەوەک: سرک، سڵ، ڕمۆک

ڕەند: نەترس، ئازا، جوانچاک

ڕێژنە: تاوە بارانی توند کە زۆر نەخایەنێ

ڕووان: ڕوانەوە، سەوەزبوونەوە

ڕوو: خار، هەردی زۆر ڕەق، بە بەفری زۆر بەستوویش دەڵێن

ڕووبەستە: ڕووداپۆشراو

ڕووپەڕ: پەڕە

ڕمووزن: شتێکی ئەفسانەیی ترسناک و بەسامە

ڕمووزنە: ڕمووزن

***

ز

زاکوون: ڕێکوپێک

زرتەسوور: زرتەبۆر، زەبەللاح

زریان: بۆرانی سەخت

زرێبار: دەریاچەیەکە لە مەریوان

زگار: پەرێشان، لێقەوماو، وەڕز، بێزار

زنە: تەڕزن، کانی زۆر بچووک

زورهان: زۆر پیر و کەنەفت

زوورک: گردی بچکۆلە بچکۆلە

زۆنگ: زەلکاو

زەڕ: زیان

زەرد: ماە، شاخی زۆر سەخت و بەردەلان

زەردە: تیشکی خۆر لە کاتی ئەنگوتن و ئاوابووندا، بزە، زەردەخەنە

زەرەند: پیشەگایەکە پێی دەڵێن کاڵەکە مارانە زۆر تاڵە و کرمی ئاژەڵە

زەندۆڵ: کەلەبەری ناو تاشەبەرد، قلێشی گەورەی زەوی

زەنگوڵ: زەنگوڵ، تک،تک

زەنوێر: ناوچەی تەڕ و سازگاری کوێستان

زیبک: توانایی، هێز، بڕشت، دەڵێن فلانەکەس پیاوێکی بەزیبکە، واتە دەتوانێ کار بەڕێوەببا، کارامەیی

زێد: شوێنی لەدایکبوونی مرۆڤ

زیانی خورۆ: زیانبەخش و خراپە لێ وەشاوە

زێڕخڕید: بەپارە كڕاوە، مەبەست لە بەندەیە

زێڕوەشانكردن: زێڕ بەسەردا هەڵدان

زیز: زوێر، تۆراو

زیل: زۆر ڕەش

زیل و بەم: دوو دەنگی مۆسیقای بەرز و نەوی

***

ژ

ژاوه: پرپر

***

س

ساتۆر: ئەنجنی گەورە

ساغر: پیاڵەی شەراب

ساک: باوڵ یان جانتای دەستی

سامرەند: کوێستانێکە لە کوردستانی ئێران

سانی: هاسانی، ئاسانی

ساو: ساماڵ، ئاسمانی بێ هەور

ساوین: سوون و تیژکردنی داس

سایە: کەوای شۆڕ و ئاودامێنی ژنانە، سێبەر

سبات: خۆڕاگرتن، هونەرنواندن

سرتە: چپە

سروە: شنەبای نەرم

سەهەندە: خوێڕوو

سواڵە: چەپکە گەنمی دورراوە

سوانە: گوێسوانە

سووتمان: ئاگرکەوتنەوە

سۆدرە: فیتنە، سەربەسۆدرە: فیتنە هەڵگیرسێن، هاوواتەی سەهەندەشە، دەڵێن فلان کەس سۆدرە و سەهەندەیە

سوڕکە: گاشە، خڕکە، بەردی ئاماڵ زل کە بهاوێژرێ

سۆرانی: فەقیانە، ئەنگوچک

سۆنگە: هۆ، ئەسباب

سوێ: ئارەزوو، تاسە، هەوەس، ئاسۆ، ئاسۆگ

سوێنە: دەفرێکە لە گڵ دروست دەکرێ و لە باتیی تەشت بەکاردێ

سەر: سەرپۆتاک

سەرگەشتە: سەرلێشێواو

سەنگچن: وارش، پاردە، دیوارێک کە بەوشکەبەرد داندرابێ

سیاچاڵ: چاڵی ڕەش، بەندیخانە

سیاسووت: کاتی ڕاوەکەوی سەرەتای بەهار

سێبەنگی: پرچ ئاڵقەکردن

سیخوار: زوقم، خوسار

سیڕە: دەنگی هەڵۆ و سەقر و باز

سێرەگرتن: نیشانەگرتن

سێروو: ڕیشۆڵە

سیلە: گۆشە، سووچ، قولینچک

***

ش

شرت و شۆ: زۆر ناوزڕاندن

شنە: سروەبای نەرم

شەلاڵ: ئەڵێن فلان کەس شەلاڵی خوێن بووە، واتە لە خوێندا نوقم بووە، یا فلان کەس شەلاڵی ئارەقە، واتە ئارەقێکی زۆری کردووە

شلوێ: لیخن، قوڕاو، گۆڕاو، لێڵ، ڕەنگ

شۆرابە: شۆڕبوونەوە

شۆفار: بەدکار، خەفیە

شۆنە: زەوی ئاونەگر

شوور: گاکێوی

شەتەک: توندبەستن، توندپێچان

شەک: کاوڕی یەکساڵە

شەکۆ: پێمەڕەی بچووک بۆ ئاوداشتنی جێگای لێژ بە ئاوی کەم

شەم: مۆم

شەم و شەمزین: دوو دڵداری مێژوویی لە فۆلکۆری کوردیدا شەم (کچ) و شەمزین (کوڕ) بەیتێکی خۆشیان لەسەرە

شەمزاو: تێکچوو، بزرکاو، شێواو

شەنگەبێری: ئافرەتی جوانی مەڕدۆش

بێری: مەڕدۆش

شەوبا: بای شەو

شەوپەڕ: فڕینی شەو، (بەتایبەتی فڕینی شەوانەی نێرەکەو لە جەنگەی مێ ڕۆژدا)

شەوڕن: ڕنینەوە بەشەو

شەوگورد: ژوانی شەوانە

شەوێن: لەوەڕاندنی مەڕ لە ئاخری شەودا

شێلگیر: سوور، پێداگری، وچان نەدان

شێلەگە: ئەو جێگایەی لە جۆگە ئاوی لێ دەشکێنن

شێو: کێڵانی هەوەڵ، یەکەم کێڵان

شیو: دۆڵی چکۆلە

***

غ

غەزرین: مانگرتن، بەتایبەتی مانگرتنی بەراز

غەنیم: دوژمن

غەور: ژەنگ، تەم، لێڵایی

❋❋❋

ف

فيئودالّى: دەرەبەگايەتى

فێرگە: قوتابخانە

فێڕ: پرچ لوولكردن

***

ق

قرخەمەرەسی: بەزۆر ڕاکێشان، لە دوونەچوون

قرمژن: دەنگی تەقەی چەک

قورینگ: قوڵنگ

قوڵەشین: بە کەروێشک دەڵێن

قەدەم: ئەو هەڵمەی لە بەفری بەرهەتاوی گەرم هەڵدەستێ

قەڵەسابوونی: جوورە قەلێکی بۆر و ڕەش و دەنگ ناخۆشە

قەقنەس: باڵندەیەکی ئەفسانەییە دەڵێن لە ئاگردا دەژی

***

ک

کابە: کەعبە

کازیوە: تاریک و ڕوونی بەیانی

کاو: مراد، ئاوات، ئارەزوو، تاسە

کاولاش: ئاشی وێرانە، کینایەشە لەماڵی هەژاران، لە خۆ بەکەم گرتندا ئەڵێن «ماڵی من بە کاولاشی خۆت بزانە»

کڵ: خەرمان و کۆمەڵی ئاگر

کل کردن: لادان

کڵۆش: دەغڵی وشک بوو

کوڕکوڕ: کەت، قەتی

کوڕەحەیران: یاری کچە حەیران

کوڕیژگە: کوڕی بچووک، لەبەر خۆشەویستی بە پیاو دەڵێن

کوڵ: جل شتن

کولێن: گەنجینەی نێو ڕەشماڵان

کوند: کوندەبەبوو

کوێن: تەختەی ڕەشماڵ کە لە مووی ڕەش تەنراوە. بەچەند کوێن تاوڵ و ڕەشماڵێکیان لێ دروست دەکرێ. نیشانەی ماتەمباری لە کوردەواریی کۆندا ئەوە بووە کوێن لە مل بکەن.

کۆ: پێروو، پەروین، کۆمەڵە ئەستێرەیەکە

کۆتەڵ: پەیکەر

کوچک: بەرد. سێ کوچکەیش لە بنەڕەتدا بەو سێ بەردە وتراوە کە ئاگریان لە نێودا

کراوەتەوە و مە نجڵیان لەسەر دانراوە. دڵ بە کوچکەوە دان کینایەیە لە دڵ سووتاندن

کۆچکە: کڵاوی ژنەبڵباسان و منداڵانی موکریان

کۆختە: کۆخ

کۆدە: زەوییەکی نەرمە کە گیای لێبدروێ، گیای نەبەستراو

کۆست: زاوا، کۆست کەوتوو: زاوامردوو، ماڵ وێران بوو

کۆستەک: بەندی تیغ لەکالان ڕاگرتنی خەنجەر

کۆلارە: باڵندەی جووجەڵەخۆر

کووت: سەماد، زبڵ، پەین

کوور: گیسکی یەکساڵەی نێر

کەحلان: ئەسپی ڕەسەن، حدوود، کەحێل

کەسەر: خەم، خەفەت، پەژارە

کەرکیت: ئامرازێکە تەونی پێ دەکوتن

کەروێشکە: شەپۆڵی دەغل و گیا لەبەر با

کەڕەسیسە: پرووشە، پەلەتاتە، وردەبەفرێکی ڕۆژی زۆر سارد بباریێ

کەزێ: پەلکە، پرچی هۆنراوەوە،پرچ

کەشم و نەشم: ناز و عیشوە، لەنجەولار

کەکرە: گیایەکی یەکجار تاڵە

کەڵپ: کەڵبە، ددانی پێشوو

کەما: گیایەکی بڵیندی گەڵادەرزییە

کەمانە: تیرێک کە وەشتێک بکەوێ و بگەڕێتەوە

کەمرە: پشکەڵی پەستراو لە ئاغەڵدا کە بۆ ئاوردوو بە کاری دێنن

کەند و لەند: بەرز و نزم، دەڵێن: ئەم ڕێگایە کەند و لەندی زۆرە

کەنێرە: گیایەکی گەڵا سێ پەلکەیە و گوڵی زەرد دەکا

کەودەری: کەوێکی گەورەیە و لە نزیک ..فری نەبێ،ناژی

کەوشەن: سنوور

کەونەلان: کۆنە لانە، شوێنی جاران، مەبەست جێژوانە

کەوی: کلێڵە،ڕنووبەفر، دەستەمۆ، ڕام، بەربار

گ

گاشە: بەردی گەورە

گاڵەدان: داخستن

گاووگەردوون: قوربانی، سەربڕینی حەیوان بۆ پێشوازی

گرانەوە:گیرانەوە

گراوی: دۆست، یار

گردەنشین: دوورەپەرێز و خۆ لەخەڵک بە دوورگر

گریمانە: گرێ

گڕووگر: منالّی گرینۆکی بە بیانووی وڕک گر

گزرە: گیای گێرەکراو

گزیر: کاربەدەستی ئاغا

گزینگ: گزنگ، یەکەم تیشکی هەتاوی بەیانیان

گشتەک: بەنی بادراوی دوعا لێ خوێندراو

گلێنە: جامێک کە لە قوڕ دروستکرابێ

گۆپاڵ: گورز

گۆکەم: گیایەکی بەرزە گوڵی زەرد دەکا و بۆ ئاوردوو دەبێ

گوان: بڵ بوون

دەگوێن: بڵ دەبن

گورگەمێش: سەگێک کە هاوکاریی گورگ بکا

گوڵمەی ڕان: شلکەی ڕان، نەرمەی ڕان

گوڵووک: شاگوڵ، گوڵی هەرە گەورە و گەش

گوڵەشللێرە: گوڵێکی سوورە کە لەسەر گۆڕان دەنێژرێ

گۆد:گۆج، گێڕ

گۆشتە زوون: وەڕووهاتنی برین، چابوونەوەی برین

گۆڵەتاجی: تاژیی نێر، نێرەتانجی

گووەند: شایی، چۆپی، داوەت، زەماوەند، هەڵپەڕین

گەرمک: ئاوێکی گەرم و مەند و تەنک کە زستانان نەیبەستێ و مراوی تێدا کۆببنەوە

گەدە: کوێستانێکی بەناوبانگی کوردستانی ڕۆژهەڵات

گەرمەشین: ماتەمێکی تێکڕایی، گریانێکی بە کوڵ

گەریدە: گەڕاڵ

گەماڵ: سەگ، کسۆک

گەوز: بڕی داس

گەواڵ گەواڵ: دەستە دەستە هاتنی هەور بە دوای یەکدا

گەوە: پێچی کێو، قۆرت، خوارەپێچە، لابەلا، بەر و نەوی لە قەدی کێودا

گێل گێلە: ئەو گوڵنگانەی ژن لە شەدەی دەپێچن

گیابەند: گیایەکی کوێستانی بۆنخۆشە

گیا سەری پێوەناوە: گیا لە هەڵدان و گەشەکردن دایە

گیشە:باقە و مەڵۆ گیای لەسەریەک دانراو

***

ل

لاپاڵ: قەدی کێو

لان: جێگای جانەوەری چوارپێ

لووربوونەوە: هێرش هێنان لە سەرەوە بۆ خوارێ

لوێچ: مشت، گوڵمە، مست

لۆدە: شتی وردی کۆکراوە کە درێژاودرێژبێ

لۆک: وشتری نێر

لووزەو: بە توند هەڵڕژان

لەدوڕ: لەناو

لەنگێزە: با و بارانی توند و بەهێز

لێڕ: دارستانی چڕ، لێڕەوار، جەنگەڵ

لێمشت: لافاو، سێڵاو، لەهی

***

م

ماتیک: دەرمانی سوورکردنی لێو، وشەیەکی بیانییە

ماشە: پەلەپیتکە، ماشەی تفەنگ، پەلەپیتکەی تفەنگ

ماشەر: کەڵافەی گەورەی بەنی ڕێسراو

مافنگی: نابووت، ڕووت و قووت

ماک: مادە، ئەسڵ، ماکە

ماڵۆس: بەرازی مێ

ماڵوو: ئامرازی لووسکردنی و تەختکردنی زەوی دوای کێڵان

مامەخەمــە: قارەمانی چیرۆکی فۆلکلۆری، کەسـێک خەمی خەڵک بخوا و خەباتی بۆ نەکا

ماه: زەرد، شاخی زۆر سەخت

مج و مۆڕ: ڕووگرژ

مشتە: چەرم کوتی پینەچی

مله: رکابەری، دەڵێن ئەم ئەسپە مله دەکا واتە پێش دەکەوێ

ملانە: زۆرانی، بەربەرەکانی، مله، خەبات، ڕقەبەری

مژۆڵ: برژانگ، بژانگ

موغ: پێشەوای ئایینی زەردەشتی

مووخ: مۆخ

مۆتە: مۆتەکە

مۆرە: زاری نەردێن و تاوڵە

مۆڵگە: شوێنی کۆمەڵبوونی ئاژەڵ

مەتەرێز: سەنگەر

مەشکەی گاوس: مەشکەی چەرمە مانگا

مەشکەژێن: ئافرەتی مەشکەهەژێن

مەڵاس: خۆماتکردن

مەندۆک: گیایەکی کوێستانی جوان و تام و بۆن خۆشە

مەهوەش: وەک مانگ

مەیزەدە: ئەوەی مەی زۆری سەرخۆش کردبێ

مــێ ڕۆژ: کاتی ڕاوی مێ کەو، ئــەو کاتەیە کە مێ کەو لە نێرەکەو ون دەبێ و کورک دەبێ

مێری: مێردی، پیاوەتی

مێز: ئامێز، باوەش، باخەڵ

مێژوود: گیایەکی گوڵ شینە

مێشە: بێشە، دارستان

مێلاقە: گوڵێکی سووری پیاڵەییە کە نێوەکەی ڕەشە

***

ن

نارەنار: گۆرانی گوتن بەدەنگێکی کپ و خەمگین

ناسۆر: برین، زامی کون

نامۆ: غەریب

نایبسێ: ناسووتێ، ڕووناکی نادا

نسار: لای سێبەر لە چیا

نسکۆ: ڕەتبردنی توند، خراپ سەرسمدان

نمەک خوردە: نمەک کردوو

نواڵە: جێگای نەرمان و بژوێنی چیا

نووسەکە: دڕکێکە بەشتەوە دەنووسێ

نوشتوو: نوشتە

نەترە: ورە، هەترەش

نەتەوی: دوژمن، بەدخوا، نەتویست

نەڕ: وشتری تووکنی نێر

نەرد: تاوڵە، نەردێن

نەوەندە: ساردەکێڵ، دەغڵێکی پایزی درەنگ چێنرابێ

نێسکە: لەنجەولاری ئەسپ و تاژی

نێڵە: دەنگ و هاڵاوی بەتینی ئاگر

و

وڕێنگە: دەنگێکی نەرم و خۆش

وەتی: لەوەتی، لەوەتا

وەرد: دووبارە کێڵانەوەی زەوی پاش شێو

وەرهەم: نەخۆشییەکە لەبەر خەمی زۆر تووشی دەبن

وێت: پێت

وێرە: دەنگی هاوێشتنی بەرد و دار

ویزە: دەنگی گوللە

***

هـ

هات: بەخت، شانس، هێنان

هارووژان: وروژان، هارووژا، وروژا

هاوێر: لێک جیاکردنەوەی بەرخ و مەڕ

هۆبە: شوێنێک کە چەند ڕەشماڵی لێ کۆبێتەوە

هەترەش: ورە، نەترە، زەهلە

هەتوان: دەرمان، مەڵهەم

هەدادان: ئارام گرتن، ئۆقرەگرتن

هەرزە: سووک، جلف، پەنتی

هەرزەگۆ: ئەوکەسەی قسەی سووک و هەرزە بکا

هەزاردەستان: بولبول، بلبل، شالوور

هەش: خوم، خم، سەربەهەش، ماتەمبار

هەڵپەرتاوتن: لک بڕینی درەخت

هەڵز: گیایەکی کوێستانییە بۆ خواردن و دەرمان بەکاردێ

هەڵکورمان: خۆماتکردنی باڵندە لە کاتی حەسانەوە یا کورکبووندا بەمەجاز، بەکەسێ دەوترێ بەوڕەزی هەڵترووشکابێ

هەڵکورمان: ماتبوونی باڵندە

هەڵەتانج: باڵندەیەکی ئاوی ســـوور و سپی لە قاز بچووکتر و لە مراوی گەورەتر و زۆر جوانە

هەڵەمووت: کێوی زۆر سەخت، هەزار بە هەزار

هەمزەل: دایمەسۆن

هەنی: تەختی نێوچاوان

هەنیە: ناوچاوان، نێوچاوان، ئەنی، تۆیل

هەوێردە: باڵندەیەكی بچووكی زۆر قەڵەوە لەناو شیناوەرد و هەرداندا دەژی

هەی دێ: دەنگدان، دەركردن

***

ی

یاڵ: پاڵ، لاملەی کێو
یەساوڵ: یاساوڵ، پاسەوان
یەڵدا: درێژترین شەوی ساڵ
یەکانە: بڕەک: بەرازی نێر
یەکسەری: ڕەشکەی گەورە

***

هەواری خاڵی

کتێبی دووەم:

سەرجەم نووسراوەکانی هێمن

هێمن، شاعیر و مرۆڤ

لەم کوردستانە گەورە و گرانەدا، کە دوژمنان بە چەقۆی سیاسەت وایان بەسەر خۆیاندا بەشبەش کردووە کە هەر پارچەی بە قەدەر چنگێکی نووقاوی ماوەتەوە، دەیان ساڵە پیاوانی لێهاتووی دەیانەوێت ئەو چنگانە لێکبکەنەوە تا ببنەوە بە دەستێکی کامڵی لەبار و خێر و بیریان بەسەر لە پیدا داچوڕێتەوە سەرلەشی وشکی خەڵکانی تریشەوە، ئا لەم کوردستانەدا گەلێک مێرخاس و ئازا و شاعیر و زانای وا هەڵکەوتوون کە بە ئەندازەی سەختی چیاکانی خۆی و ڕقی دوژمنانی خۆشەویستیان لە دڵدا بووە، گۆرانییان نەک تەنیا بۆ نەواڵە و زەنوێر و تاڤگە و گوڵ و زەماوەند و سروشتی وڵاتی خۆیان وتووە، بەڵکوو بەردەوام درووديان بۆ دەریا و بیابان و سروودیان بۆ سەربەستی خەڵکانی تریش وتووە، ئەو سنووربەندە فەرهەنگی و کلتووریە دزێوەی کە نەیاران بە مەبەستی چەقبەستن و شێواندنی ڕووی ڕاستەقینەی ئەدەب و مێژوو و سەرجەم کلتوور و ئایندەمانیان ڕەخساندووە ئێمە خۆمان لێی نەبان کردوە، هیچ کەناڵ و بوارێکی ژیانیان نیە جێ دەستی ئەفراندنی کوردێکی پیوەنەبێت، تەنانەت لەسەر تەختی گیانەلانیشدا خوێنی بەهانا چوونی خۆمانمان داونەتێ، ئەگەرچی پاشان نە قەدرزانیان لێ کردووین نە شەرمی خوێنەکەیان بە ڕووەوە ماوە! ئەمە تەنیا باسی ئەدەب و هونەر نیە، بەڵکوو باسی ئەو سەردەمانەیشە کە باهۆزی سیاسەت و رووداوە سەختە جیهانیەکان لە بۆسەی ون کردن و نشوستیاندا بوون، کە چی ئێمە بووینەتە قەڵا و سەنگەر و پشکۆی نێوکوانووی خەفەکراویان،

مێژوویی کۆن و نوێی ئێمە و خۆێشیان شایەتی دەیان نموونەی لەم بابەتانەن، ئەوەندەی ئێمە بۆخەڵکیمان کردووە، ئەوەندەی ســەری خۆمان بۆفەرهەنگ و ئەدەب و چارەنووسی کەســانیتر ئێشــاندووە و قوربانی ماڵ و گیانمان بۆداون هەرگیز بــۆ خۆمان نەکردووە، تەنانەت تێماندا هەڵکەوتووە کە لە بێ بڕوایی بە خۆ و هەســتی بچووکیەوە حاشــای لە رەگەز و بنەچەی کردووە و وەک هەتیوی لانە شێواو بەسەر خوانی بێگاناندا دابەش بووە و بۆتە یەکێک لەوان، ئەمە تراژیدیترین خەتای مێژووی ئێمەیە.

لە نێو ئەم قەدەرە نەگریسەدا، کە دوژمنانمان بازووبەندی کۆیلایەتی لە قۆڵ بەستووین و گیانی هەســت بە بچکۆلەیی خۆیشــمان بڕستی لێبڕیوین و لە زۆر شوێندا زمانی دایکی لە بیر بردووینەتەوە، کەســانێک هەڵکەوتوون وەک گەلاوێژی دەم ئاسۆ لەو تاریکستانەدا جریوەی ڕێنمایی بۆ پێکردووین و وەک عاشــقە ئەفســانەییەکان بــەرەو ئەو خەونانەی بردووین کە ئاوێزی تریفەی مانگ و بەهەشــتی ئازادی و ئارامی سەرزەوی بوون، عەشقی وڵات و ڕووناکــی کردووین لە بواری ڕووناکبیری و ئەدەبماندا جوانی و ســیحرێکی هێند دەگمەنیان بە زمان و موسیقایەکی ئەوەندە بەلەزیان بە گیان بەخشیوین کە تا سەر ئێسک خۆشەویستی خاک و خەڵک و نەتەوەیان پێبەخشیوین.

هێمنی شــاعیری گەڵ و جوانی و خۆشەویستی و خەبات یەکێکە لەو سەرقافڵەچیانە. ئەو تەنیا شــاعرێکی داهێنەری سەردەمی خۆی نیە، بەڵکوو فیداکارو شۆڕشگێڕ و مرۆڤ و سەوداســەی دنیای ئەفراندن و عاشــقێکی سەردەستەی سروشــت و جوانیشە، بڕیاری خۆشەویستی کوردی لە دڵەوە داوە و بە کوڵ فرمێسکی شادی بۆ سەرکەوتنەکانی ڕشتوە. لە ناو جەرگەی شکســتەکانیدا مرۆڤی خۆگر و بە شــیعرە حەماسیەکانی هانی بەرەنگاری و هەســتانەوەی نوێی داوە. هەر لە سەرتای تەمەنیەوە تێکەڵی سیاسەتی کوردی بووە و شیعرەکانیشی لەبەری ئەو درەختەن.

ســاڵی ١٩٤٢ کە لە خۆرهەڵاتی کوردســتاندا ژ.ک دامەزرا، هێمن بە تاسەوە پێشوازی لێکرد و بە پەرۆشــەوە بووە ئەندامیکی هەرە چالاکی کۆمەڵە، ئەوسا هێمن لاوێکی تەمەن بیســت ســاڵ بوو. ئەمە یەکەمجاری بوو بچێتە ناو ڕێکخراوەیەکی سیاسیەوە، بە تایبەت حیزبێکی نەتەوەیی کورد کە هەموو خەونە خۆشەکانی و ئومێد بە ئایندەی ڕزگاری لەسەر بنیات نابێت، بۆیە بە کۆڵ و دڵەوە دەرگای لەســەر گەلێک لە خولیای تایبەتی و ئارزووە شەخســیەکانی خۆی داخست و گشتی بەخشــیە ئەو ئاواتانەی کە حیزبەکەی بوی بەدی دێنێت، ئەوەتا خۆی لە (لە کوێوە بۆ کوێ)ی پێشەکی دیوانی تاریک و ڕووندا دەنووسێت:

(ئەندامەتی کۆمەڵەی ژ.ک گۆڕانێکی سەیری بەسەر مندا هێنا، شەو و ڕۆژ لە بیری کۆمەڵەدا بووم، کە ئەویش ئامانجی ڕزگار کردنی نەتەوەکەم بوو، هەموو ئاوات و ئارەزووی تایبەتی خۆم وەلانا، ئیتر نەک تەنیا دەستم لە شەوداوەت و هەڵپەرین و ڕێباز گرتن و لەسەر سوانە وەستان هەڵگرت، بەڵکوو وەک سۆفی تۆبەکار تووشی هەر کیژ و ژنێکی کورد دەهاتم سەرم دادەخست و چاوم لێ نەدەکرد، چونکە ئەمەشم بە خیانەت دەزانی، بۆ خاتری کۆمەڵە من دەستم لە یارێک هەڵگرت کە بە گەورەترین مەحروومیەتی ژیانمی دەزانم و رابردنی زەمانیش لە بیری نەبردوومەوە و ئاسۆری لە دڵمدا هەر ماوە)

لە گۆڤاری (نیشتمان)دا کە ئۆرگانی حیزب بوو هێمن زۆر چالاکانە کاری دەکرد و شیعر و نووسینی بڵاو دەکردەوە،پاشان بووە ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤارەکە. لە هەموو چالاکیە ڕووناکبیری و چاپەمەنیەکانی حیزبدا هێمن سوارچاک بوو.

لە ساڵی ١٩٤٥ دا کە یەکەم کۆماری کورد لە مەهاباد دامەزرا شەهید قازی محەمەد بووە ڕابەری، هێمن هەر دەنگی دلێری شیعری و نووسەری باڵادەستی ئەو کۆمارە کۆرپەیە بوو، هەر لەبەر ئەو ناوداریەی بوو کە قازی شەهید ناوی شاعیری میللەتی پێ‌بەخشی. ئەو کۆمارە تاقانەیە کە خەونی دەیان ساڵەی کورد بوو هێند لە دڵی هێمن خۆشەویست و شکۆدار بوو کە زۆربەی شیعر سروودی ئاوازەی بۆ ئەو ڕسکا و دەیویست بەو زەخیرانەی مێشکی زۆر زۆر باڵای پێبکات و لە خەمی بڕەخسێنێت. کە دوژمنە دوور و نزیکەکانی کوردیش دوای تنیا ساڵێکی تەمەن چەقۆی بێ ئابڕوویی و نامەردیان لە گەردنی نا و پیلانی ساختە سیاسەتی بە مەرام نەگەیشتنی کوردیان پیادە کرد و داخێکی هەرە گەورەیان لە دڵی نیشتمان پەروەر و شۆڕشگێڕەکاندا نا، ئیتر هێمن دنیای لەبەر چاو تەڵخ و زرینگەی پیاڵە و ئاهەنگی گۆرانی لێبوونە چەمەر. سێدارەکانی مەیدانی چوارچرا کە بۆقازی و هاوڕێکانی هەڵخران ئەمەندەیان کار لە هێمن کرد کە وەکخۆی دەڵێت: (دڵی منی بە ئاسۆر ئەنگاوت، ئاسۆرێک کە بۆتە تێراوێ و ئێستایش هەر وەبن دەداتەوە و هەڵدەداتەوە و بێ گومانم سارێژ نابێت و لەگەڵم دێتە بن گڵ) چونکە هێمن لە دڵەوە قازی خۆشدەویست و بەڕابەری ژیر و کوردی چاک و نەتەوە پەروەری دادەنا.

ئەم کارەساتە جگەربڕە سەری هێمنی بەرەو تاراوگە پێ‌هەڵگرت . کۆستە گەورەکەی لە دڵ ئاخنی و بەرەو ماڵێکی هەتیوو کۆست کەوتووتر، بۆلای کەسانێکی لە خۆی دڵشکاوتر، بەرەو باشووری کوردستان هەڵفڕی، بەڵام ئەو ڕاستیەی دەزانی کە لە هەر جێگایەکی کوردستاندا، لە ناو دڵی هەر کوردێکی مەینەتباردا ئەو خانەخوێ و سەردەستەیە. بۆیە بۆ

ماوەیەک لەم هێلانەی دوای شەڕی جیهانی دووهەمدا کە برسیەتی و نەبوونی و ماندوویەتی تا سەر ئێسک کاری لێکردبوو حەسایەوە، ترسی ژاندارم و سیخوڕانی ڕژیمی شاهەنشاهی لەسەر ڕەویەوە، چونکە خوڵکی ئەم دیو هاودەرد و پشتوانی بوون. بەڵام خولیا و خەونەکانی هێمن هەر لە بڵێسەدا بوون. ئەو دەیزانی وڵاتی داگیرکراو وەک مرۆڤی زیندانی وایە، هەست دەکات و چی لەدەست نایەت، ئەگری و کەسی بە فریادا ناگات، تەماشای زنجیرەکانی پێوپلی دەکات و توانای پساندیانی نیە، بە کورت ئەمەندە لە گەمارۆدایە کە بێجگە لەوەی خەم و ئازارەکانی بکاتە شیعر و پەیام چی تری لەدەست نایەت.

دوای ماوەیەک کە باری لای خۆیان ئارام و ترسی گرتن و تۆقاندنی نابێت دەگەڕێتەوە و بە کشت و کاڵ کردنەوە خۆی سەرقاڵ دەکات. بەڵام نە واز لە شیعر دێنێت و نە سەنگەری کوردایەتی چۆڵ دەکات.

ساڵی ١٩٥٢ کە شۆڕشی گەلی ئێران بە سەرۆکایەتی دکتۆر موسەدق لە دژی شا و هاوپەیمانەکانی هەڵگیرسا، کوردستان کڵپەی سەندەوە و لە شارەکانیا بووە ئاهەنگ و شادی سەرکەوتن، هێمن لە شاری مەهابادا بووەوە بە شاعیرە شۆڕشگێڕ و دەرکەوتوەکەی جاران و هەزاران کەس شیعری (دەبرۆ ئەی شاهی خائین بەغدا نیوەی ڕێیەت بێ)ی بۆدەسەندەوە. کە دوژمنانی گەل و دەوڵەتە ئیمپریالیزمەکانی دۆستی شا پیلانی شکستی شۆڕشیان دانا و شایان گێڕایەوە ئێران ئیتر هێمن بە ناچاری ڕووی لە چیا و ڕێگای سەختەکان کردەوە و لە ناو خەڵکانی گوند و کون و ئەشکەوتاندا خۆی حەشاردا. ماڵ و منداڵی تووشی گێرمە و کێشە و ناڕەحەتیەکی زۆر هاتن و هەر لە دوای ئەو کارەساتەوە ئیتر باوک و دایکی مردن و خۆی و ژنەکەی و سەلاحی کوڕی مانەوە.

لە کۆتایی سالانی شەستا، دوای ئەوەی بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا پەرەی سەند و ڕژیمی شایش بە ئاگر و ئاسن لە ڕوویا وەستا و گەلێک تێکۆشەری شەهیدیان لە بەندیخانەکانی توند کرد، ئیتر هێمن خۆی بۆ نەگیرا و لەگەڵ کۆمەڵێک لە ڕابەرانی حیزبی دیمۆکرات و تێکۆشەرانی ڕێگای کوردایەتی هاتنە باوەشی باشووری کوردستان و دەوامیان بە خەباتی خۆیان دا، پاشان لە سلێمانی و شارەکانی تردا نیشتەجێ بوون.

من لە دوای هەرەسی ساڵی ١٩٧٥ی، شۆڕشی کوردەوە مامۆستا هێمنم بە چاکی ناسی، چ لە بەغدا و چ لە سلێمانی دەمبینی، چونکە منیش ئەوەندەم تامی ئەو شکستە لە دەمیدا تاڵ بوو کە مەگەر ڕووخانی کۆمارەکەی مەهاباد ئەوەی بە هێمن چێشتبێت،

منیـــش برینداری‌ێکی تازەی چەقۆی ئـــەو دوژمنانە بووم کە هێمنیان تاراندبوو، گەلێک جار بەدەم ســـکاڵا و بادەی تاڵەوە شـــەومان بە ڕۆژ دەگەیاند، لە نیوەشـــەوی درەنگدا ئێمە دەکەوتینە ورینگە ورینگی مامڵێ و و بەدەم (منیش مەحکوومی حەبســـی ئینفرادی)یەوە خەمی خەستمان هەڵدەڕشت، خەمی ئەوسای ئێمەی تازە کۆست کەوتوو تا سەر ئێسک و بە خەستی نائومێدیەکانی ناو چاوی بێورە و پرشنگە پڕ لە درەوشاوەکانی خەبات گێڕان بوو، هێمن بەردەوام بەدەم هەناســـەی پڕ لە دووکەڵیەوە دەیوت «ئێوە دەتانەوێت مامڵێم لە بیر بەرنەوە» ئەو ساڵانە هاوخەم زۆر بون، بەڵام زیاتر لەگەڵ شێرکۆ بێکەس و حەمەی حەمە باقی و هاشـــمی کەریمی و کەریم شێخانی و سەباحی غالب و چەند برادەرێکی دی سەرمان بەسەر کوانووە ڕووخاوەکەدا دەژەند و وێڵی دوای (گۆدۆ)یەک بووین کە بێگومان بووین هەردەگات.

مام هێمن زۆر جار فرمێسکی لە چاوان بە قەتیس دەوەستا. یان دڵۆپەکان هوروژمیان دەهێنا و دادەکەوتن، یادگارەکانی زیندووتر دەبوونەوە، ئێمەی لە خۆیدا و خۆی لە ئێمەدا دەبینی. کورد لە کوێ بێت باری شکســـت و خەمەکانی بە کۆڵیوەیە و شاری یادگارەکانی پـــی ئاوەدان دەکاتەوە، بـــە داخەوە ئەمە مێژووی ئێمەیە، لە هەر ســـوچێکدا خیانەتێک کروشکەی کردووە و لە ژێر هەر بنچکێکدا دەیان شکست و هەرەسی مەڵاسن. ئەو وڵاتەی بە بەهەشتی ناوزەد دەکەن بیجگە لە بۆکرووزی هەناوی وێرانی گوند و شاری، دەربەدەری و لە ســـێدارەدانی خودانەکـــەی، کیمیاباران و ئەنفالکردنی خەڵکەکـــەی چ بۆنێکی‌تر بە هەناســـان دەدات؟ بۆ کرووزی ئەم دووکەڵە لە ســـنگی هەر کوردێکی ئێرە و ئەوێدا کە هەســـتی کوردایەتی بـــەردەوام کێنگڵی پێبدات و خەوی لە چـــاو بتارینێت. هێمن لەوانە بوو کە ئەم هەســـتە گەرای لە گیان و خوێنا دانابوو، مەی‌نۆشـــی بۆ ئەوە بوو خەمەکانی خەســـترین و برینەکانی زیاتر بێنەوە ســـوێ، بادەی بە پیرۆز دەزانی، چونکە هاودەم و دۆستی خەمەکانی بوو!

بـــۆ کـــەســـێکە مـــەی کـــە دەردی کاری‌یـــە
بـــێ خـــەمێـــک بیخـــواتـــەوە زۆرداری‌یـــە
بـــۆ کەســـێکە مـــەی دڵـــی پـــڕ بـــێ لـــە داخ
بـــۆ چـــی لێـــی بخواتـــەوە بـــەرزە دەمـــاخ

کە (ناڵەی جودایی) و (مەتەڕێزی شـــەرەف) و(شـــەنگە بێریمـــان) لا دەخوێندەوە

تۆخزنــی دەهاتــن و ئارەزووی ئازادییەکەی باڵی دەگرت و ســنوورەکانی دەشــکاند پێی دەوتین: «من لێرە هەست بە ١٩٧٦ ناکەم، وادەزانم لە مەهابادم.»

ســاڵی ١٩٧٦ یەکیەتی نووسەرانی کورد/ لقی ســلێمانی لە هۆڵی یانەی مامۆستایان کۆڕێکی شــیعر خوێندنەوەمان بۆ هێمن ساز دا. ئەوسا نووسەران لە گوڕوتینێکی سەرنج ڕاکێشــدا بوون، دەیان ویست ڕەنگی شکست زەدەیی خەڵک و باری گڵاوی سیاسی کورد بە ئەدەبی بەرگری قەرەبوو بکەن، بێ دەنگی چیا لە شاردا بتەقێننەوە، چالاکیە ئەدەبی و ڕووناکبیریەکانی نووســەران سەرشــاری ورە و هەســتانەوەی پڕ لە ئیرادە بوون، چ بە خوێندنــەوەی شــیعر و چیرۆک چ لــە کۆڕ و چ لە بڵاوکراوکاندا بە ڕاشــکاوی پلاریان لە بەعس و پیاوە بوودەڵەکانی ناو سیاسەتی کوردی و هەڵخەڵەتاوەکانی فێڵی ڕژێم دەگرت، بانگەشەی لە دایک بوونێکی نوێ و گەش بینیەکی بابەتیانەی تریان دەکرد.

لــەو کــۆڕەدا کە ســەدان کەس لە ناو هۆڵەکە خــزا بوون یان لەبــەر بێجێگایی بە پێوەوەســتابوون هێمن شــیعری خوێندەوە، ئامادە بووان تەنیا کەسانی ئەدیب و ئەدەب دۆســتانە نەبوون بەڵکوو خەڵکانێکی سیاسی و شۆڕشــگێڕ و نیشتمان پەروەریش بوون کە دەیانویســت لە ڕێگای شــیعرە بڵندەکانی هێمنەوە چاو و دڵیان ڕووناکتر بێتەوە کە پاریزگای ئەو ســای ســلێمانی و پیاوی متمانە پێکراوی دەوڵەت هاتە هۆڵەکە هیچی بۆ نەکرا، زۆر بە ساردی پیشوازی لێکرا، کەچی کە هێمن هات لەبەر چەپڵەڕێزان هۆڵەکە بە لەرزە کەوتبوو، کۆڕەکە شاعیری گەورە- کامەران موکری دەگێڕا و لە ژێر فشاری داواکردنی خەڵکیدا شیعرێکی خۆیشی خوێندەوە.

کۆتایی کۆڕەکە بە هوراو خۆپێشــاندانی خەڵکەکە شــکایەوە، بەدەم سروودی «ڕێی خەباتمان چەند سەخت و دووربێ» لە هۆڵەکە هاتینە دەرێ، کەس لەبەر ئەو حەماسەتە پڕەدا خۆی بۆ نەدەگیرا، تەنانەت هەبوو دەگریا و فرمێســکی شــادی و دڵخۆشــیەکەی بەســەر ڕوویەوە دەدرەوشایەوە، یەکێک بوو لەو کۆڕانەی تۆخزنی دایە دەروونی خەڵکانی مەرد و چاو داگیرکەرانی ســوور و دڵی شۆفارەکانی کەیلی ڕق کرد، پیاوانی ڕژێم کەوتنە چاودێری کۆڕەکان و نووسەرە بە هەڵویستەکان، هێمنیش لەو چاوسوور کردنەوەیە دەرباز نەبوو، داوایان لێکرد جاری دی کۆڕ لە کوردستاندا نەگرێ و زوویش بگەڕێتەوە پایتەختی زیندانەکەی خۆیان.

هێمن لای خەڵکی کوردســتان سونبولی موقاوەمەت و شاعیری ئازادیخواز و ئاوارەبوو، چامەی ناڵەی جوداییەکەی ئەگەرچی بە ڕواڵەت وەک شــیعرێکی ڕۆمانسی و سۆزی تاکە

کەسێک خۆ دەنوێنێت، بەڵام لە گەوهەردا سکاڵا و ئازار و بڵێسەی ئینسانێکی کوردە کە مل بە کوێن و ڕوو لە ئاسۆیە، هاواری گەلێکە نوقمی بەدبەختی وسەری گێژی یاریەکانی سیاسەتی دنیایە بەڵام نەمردووە و گیانێکی بە بزاوت و زیندووە. لەو شیعرەدا چەند زیانی تایبەتی هێمن ئەبینرێت ئەوەندیش ڕەنج و ئەمێدەکانی نەتەوەکەی بەرجستە ئەبن!

بۆیە ناڵەم تێکەڵی نەی کردووە
شێوەنێکم پێیە نەی نەیکردووە
لێم گەڕێ با دەربڕم سۆزی دەروون
لێم گەڕێ با هەڵوەڕێنم ئەشکی روون
شیوەنی من شیوەنی ئینسانی‌یە
بانگی ئازادی و گڕوێ یەکسانیە
شیوەنی من شینی کوردی بێ بەشە
ئەو گەلەی حاشا دەکەن لێی و هەشە

هێمنی مرۆڤ و شاعیر و شۆڕشگێڕ زۆر لەوە زیاترە کە بە چەند ووشەیەکی لەم بابەتە هەقی ڕەوای خۆی بدرێتێ، شیعرەکانی شایستەی دەیان لێکۆڵینەوە و هەڵسەنگانی زانستی و ئەکادیمین، خوێندنەوەیەکی بابەتیانە و سەردەمانەی گەرەکە کە پسپۆڕێکی بواری ڕەخنە و توێژینەوەی لێبێتەدەست، هێمن وەک خۆی هەڵوێستی وەک شیعر و ئەدەبی.

(بنکەی ئەدەبی و ڕووناکبیری گەلاوێژ) بە شانازییەوە لە پڕۆژەی چاپ کردنی کتێبیدا ئەم بەرهەمەی کردە نۆبەرە و پشکێشی ئەدیب و خۆشەویستەکانی هێمنی نەمری دەکات، (چەپکێ گوڵ، چەپکێ نێرگز) ڕەنگاڵەیەکی ئەدەبی یاداشتنامە، شیعر، پەخشان و چیرۆکی جوانی هێمنن، لە ژیانیدا و لە دوو تۆێی کتێبێکدا بە چاوی نەیدیتن، بەڵام چاو لە ڕێیە، ئەمە یادگاری دوای مەرگیەتی کە بەریز کاک (سەلاح)ی کوڕی مام هێمن کۆێ کردوونەتەوە، قەرزێکە لەسەر هەر دام و دەزگا و بنکە و مەڵبەندێکی ڕووناکبیری کوردی کە چاوی خوێنەرانی پێبگەشێنێتەوە. بنکەکەمان ئەم دەست پێشخەریەی بە ئەرکی زۆی زانی، ئەم کارە لە چوارچێوەی ئەو دەیان خولیا و ئارەزوو ڕووناکبیری و ئەدەبیانە دایە

که له پێشـــماندایه و بەخت یار و کورد بەرقەرار بێت به ئەنجامیان دەگەیەنین، ئەمه بەر کوڵه، بەڵام بەرکوڵێکی ناوازه.

درووود بۆ گیانی نەمری هێمنی خەباتگێڕ و شـــاعیری گەورەی کوردایەتی و جوانی و سروشت.

ڕەووف بێگەرد

سەرۆکی بنکەی ئەدەبی و ڕووناکبیری گەلاوێژ

سلێمانی، ئابی ۱۹۹۷

شاعیری گەل

ئەورۆ هەرکەس لە ئەدەبی کوردی شارەزا بێ ناوی هێمنی بیستووە. شیعرەکانی خوێندۆتەوە و بێگومان دەزانێ کە هێمن یەکێک لە شاعیرە هەرەبەرزەکانی کوردی سەردەمی ئێمەیە؛ بەڵام شیعری هێمن هەر لە سەرەتاوە لە چوارچێوەی ئەدیب و نووسەران دەرچووە؛ لە ناو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستاندا بڵاوبۆتەوە و هەر لە سەرەتاشەوە لە دڵی هەموو کوردێکی دلسۆز و نیشتمانپەروەر کاریگەر بووە و ئەوانی بەرەو خەبات لە پێناوی ڕزگاری گەلی کوردا هان داوە. هێمن لە سەرەتاوە شاعیری گەلە و هەر بە شاعیری گەلیش ماوەتەوە. سی ساڵ زیاترە هەزاران خەباتکەری کورد پێکەوە لەگەڵ هێمنی شاعیر هاوار دەکەن:

گەرچی تووشی ڕەنجەڕۆیی و حەسرەت و دەردم ئەمن
قەت لەدەس ئەم چەرخە سپڵە نابەزم مەردم ئەمن
من لە زەنجیر و تەناف و دار و بەند باکم نیە
لەتلەتم کەن، بمکوژن، هێشتا دەڵێم کوردم ئەمن

هێمن عاشقی کێو و تەلان و بەندەن و بەردی کوردستانە. نیشتمانی، تەبیعەتی ولاتەکەی

باش دەناسێ و لەگەڵی پەروەردە بووە. لە «بەهاری لادێ» «بەهاری کوردستان»، «شەنگەبیری»، «فریشتەی پەرپوە» و زۆر شعیری تریشدا نیشانی دەدا کە لە ناسین و ناساندنی تەبیعەتی کوردستان و جوانیەکانیدا چەندە شارەزا و مامۆستایە. جێگای سەرسوڕمانیش نیە هێمن لەگەڵ تەبیعەت گەورە بووە لە تەبیعەت ئیلهامی وەرگرتووە. کەسێک تەبیعەتی کوردستانی دیتبی و نەک هەر دیتبێ بەڵکوو لەگەڵی تێکەڵاو بووبێ، هێمن بە ناهەق نازانێ کە دەڵێ:

بەهەشتە کوردەواری من بەهەشتە

هێمن لە شیعری خۆیدا زۆر جار باسی زۆرلیکراوی نەتەوەی دەکا، لە مافی خوراوی گەل دیفاع دەکا، ئارەزووی ئەوەیە کورد هەرچی زۆرتر لە ستەمی نەتەوایەتی رزگار بێ، بوونی ئەو ستەمە بەسەر چاوەی زۆر بەدبەختی و کوێرەوەری و بێبەشی دەزانێ. لە «دواڕۆژی رووناک»دا دەڵێ:

لەمێژ بوو هەقی کورد دەخورا بە فیڕۆ
لەمێژ بوو کورد بوو دەیکرد شین و ڕۆڕۆ
لە مەیدانی شەقێنی دوژمنیدا
سەری سەرداری کوردی بوو وەکوو گۆ

هێمن بە تایبەتی زۆر پەرۆشی ئەوەیە کە لە کوردستانی ئێران زمانەکەی ئازادی پەرەئەستاندنی نیە، ئەدەبەکەی بڵاوناکرێتەوە، فەرهەنگەکەی پێشێل دەکرێ. لە» ڕۆژگاری ڕەش»دا دەڵێ:

داخرا دەرکی ڕۆژنامە
شکاون نووکی خامە
کوردی نووسین حەرامە
دوژمن دەڵێ بێتامە

درِان کاغـــەز و دەفتـــــەر
گیران شـــاعیر و نـــووســـەر

هێمـــن نەتەوەکەی خۆی خـــۆش دەوێ؟ لەوەش زیاتر نەتەوەی خۆی دەپەرەســـتێ، بەڵام ڕقیشـــی لە هیچ نەتەوەیەکی‌تر نیە. لە هەموو دیوانی هێمن‌دا شـــیعرێک کە باســـی نەتەوەیەکی‌تـــر بە خراپە بـــکا یا کورد لە نەتەوەیەکی‌تر بە بەرزتـــر دابنێ بەدی ناکرێ؛ دیاردەیەک کە بە داخەوە لە دیوانی زۆر شاعیری کورددا بەرچاو دەکەوێ. نەک هەر ئەوە، بەڵکوو بە شەردۆستی یەکێک لە سروشتە تایبەتیەکانی شیعری هێمنە.

هێمن زۆر جار باســـی پیشەوا قازی دەکا و لە شـــیعرەکانی‌ڕا دیارە کە چەند ئە ڕۆڵە بەنرخ و هەڵکەوتووەی گەلی کوردی خۆش ویستووە. پیشەوای خۆش‌دەوێ چونکە:

زانـــا بـــوو، کـــوردپـــەروەر بـــوو
پێشـــــەوا بـــوو، ڕابـــــەر بـــــوو

بەڵام بۆیەش پێشەوا بە مەزن دەزانێ چونکە:

هـــــەر کـــــورد نـــەبوو، بـــەشـــەر بـــوو
خـــەمـــی خـــەڵکـــی لـــەبـــەر بـــــوو

هێمن گەلانی‌تری ئێرانی بە دۆستی گەلی کورد دەزانێ و لە خەبات و تێکۆشاندا بە برا و هاواڵیان دادەنێ. لە «کورد و ئازەربایجانی»دا دەڵێ:

کـــورد و ئـــازەربـــایجانـــی هـــەر دوو داوایـــــان ڕەوایـــــە
هـــەر بـــژیـــن و پایـــەدار بـــی یـــەکیـــەتی ئـــەم دوو بـــرایـــە

هێمن دیســـان لە ســـەرتاوە لە ناو نەتەوەی خۆشـــیدا هەموو چین و توێژێکی بە یەک چاو تەماشا نەکردووە و ناکا. لە شیعری بە ناوبانگی خۆیدا «دەیڵێم و بێباکم» دەڵێ:

ئـــەوی ئاغـــا بـــێ بیـــکارە
جـــەبـــوون و قـــەڵـــس و لاســـارە
دزی و ڕێگـــرتنـــی کـــارە
ئـــەمـــن دەیڵێـــم و بێبـــاکـــم
لـــە شـــەرم و شـــوورەیی مـــردم
بـــە خـــۆم من چـــۆن بڵێـــم کـــوردم
کـــە ئاغـــا ئابـــڕووی بـــردم
ئەمـــن دەیڵێـــم و بێباکـــم

لە «ئارەق و تین»دا زۆر بە جوانی و بە زمانی سادەی جووتیاران باسی نرخی کاری جوتیار بۆ کۆمەڵ دەکا و چەوســانەوەی جووتیاری نیشان داوە و دەریدەبڕێ کە ئینسانی زەحمەتکێش لە لای زۆر خۆشەویستە:

مـــن جـــووتیـــارم، مـــن جـــووتیارم
مـــن لـــەگـــەڵ هاوتـــا هـــاوکارم
مـــن بـــە ئـــارەق و ئـــەو بـــە تیـــن
دامانـــڕشـــتوە بناغـــەی ژیـــن
باســـکی مـــن و تیشـــکی ئەوی
بـــژیـــو دەســـتێنن لـــە زەوی
گـــەر جووتیـــار ئـــارەق نەڕێـــژێ
گـــەر هـــەتـــاو تیـــشـــک ناوێژێ
دانیشـــتوی نـــاو کۆشـــک و قـــەڵا
دەخـــۆن نانـــی گـــەڵاگـــەڵا؟!

لەشـــیعرەکانیڕا بە هاسانی دەردەکەوێ کە هێمن لە ژیانی زەحمەتکێشانی کوردستان

بە تایبەتی جووتیاران لە نزیکەوە شـارەزایە. لەوەش زیاتر خۆی تا ڕادەیەک لەم ژیانەدا بەشدارە. خۆی دەڵێ: «چاک خەریکی کاسبی بووم زۆر زوو فێری کشتوکاڵ بووم.»

فەلسـەفەی ژیانی هێمن ئەوە نیە کە دانیشێ و لە دوورەوە تەماشای ژیان و خەباتی گەل بکا و بۆ خۆی و یان بۆ گەل شیعر بڵێ. هێمن ئەو ئەسڵەی قەبووڵ کردووە کە ئەرکی شـیعری شاعیری گەلێکی زۆرلێکراو و تەنیا لێکدانەوە و خستنە ناو هۆنراوەی تەبیعەت و جوانی نیە. شـاعیر لە پێشدا ئینسانە، ئینسانێکە کە هەستی ناسکە و زوو دەجوڵێتەوە. چۆن شـاعیر بە مانای ڕاسـتی ئەم وشـەیە، دەتوانێ بەرامبەر بە هەژاری و کوێرەوەری و بێبەشـی گەلەکەی بێ لایەن بێ؟ لە نێوان ڕاسـتی و درۆدا، لە نێـوان ئاهورامەزدا و ئەهریمەندا، لە نێوان هەق و ناهەقدا ڕاستی هەڵنەبژێرێ، بە گژ ئەهریمەندا نەچێ و دیفاع لە هەق نەکا؟ بۆیە هێمن تەماشـاچی نیە و ناتوانێ تەماشـاچی بمێنێتەوە. بە هەموو هێزی خۆیەوە بە شـیعر و بە نووسـین هەنگاوی ناوەتە ناو مەیدانی خەبات و تا سـەر بەرەو ئاسـۆی ڕون، تا ترۆپکی ڕزگار بوون یاریدەی گەلی خۆی دەدا. هێمنی شـاعیر لە هێمنی خەباتکەر جیا ناکرێتەوە.

بـزانـە تـۆ ئـەوەی ئـەهلـی هـونـەر بـێ
دەبـێ یـا دەسبـەسـەر یـا دەربـەدەر بـێ
هـونەرمەنـد و ژیانـی خـۆش مـەحـاڵـە
هـونەرمەنـد ڕەنجـەڕۆیـە، ژینـی تـاڵـە
منیـش بابـردەڵـەی بـەر گێـژەڵـووکـەم
دەمێک لـەو قـولکە، تاوێـک لـەو چلـووکـەم
منیـش زۆرداری پـرزەی لـێ بـڕیـوم
منیـش بـەدکاری بـواری لـێ تـەنیـوم

یا لە «فرمێسکی گەش»دا کە بە قسەی خۆی لەو پەڕی تەنگانە لیقەوماندا گوتوویە، دەڵێ:

کوشتمی و شەش خانی ئومێدی لە من گرتن حەریف
مۆرە هەڵداوێم و بیهوودە بە تەمای دووشەشم

هێندێ شیعری تریش وەک «گریانی نیوەشەو» و « ئارەزووی فڕین» هەر نیشانەی نائومێدی شاعیر و ڕاکردنی لە ڕاست ژیانی تاڵە. لە ساڵی ١٣٢٥وە هەتا ساڵی ١٣٣٠ سەردەمی پاشکشەی جووڵانەوەی گەلی کورد و هەموو گەلانی ئێرانە. لە ساڵی١٣٣٢ دا کە ئاسۆی خەبات ڕوونتر بووە، هێمن لە «ئاواتی بەرز»دا جارێکیتر دێتەوە مەیدانی خەبات. هیوای بە خەباتی گەل زیاتر دەبێ و دەیەوێ بە شیعری خۆی لەم خەباتەدا بەشدار بێ:

فێری زۆر دەرسی بەکەڵک و باشی کردین تێشکان
جا ببینە ڕاپەڕین و شۆرشی ئەم جاری کورد
وا گزینگیدا بەیانی جوانی ئازادی بە شەر
ڕۆژی ڕووناکە، نەماوە، زوڵمەتی شەوگاری کورد
ئەو زمانە شیرنەی ئێمە پەرەی دەگرێتەوە
نادرێ چیدی کتێب و دەفتەری ئەشعاری کورد

قۆناغێکی نوێ لە ژیانی گەل و شاعیردا دەست پێدەکاتەوە. ماوەی پاشەکشە دوایی دێ و گەلی کورد خۆی بۆخەبات دواڕۆژ ئامادە دەکا. نفووزی حیزبی دێموکراتی کوردستان کە بە نهێنی تێدەکۆشێ، ڕۆژبەڕۆژ لە ناو کۆمەڵانی کوردستاندا زیاتر دەبێ. بەرەو هەوراز ڕۆیشتنی جووڵانەوە هەتا ڕۆژەکانی گەلاوێژی ١٣٣٢ درێژەی هەیە، لە ٢٥ی گەلاوێژەوە هەتا ڕۆژی شوومی کودیتای ٢٨ی گەلاوێژ خەڵک لە شاری مەهاباد حوکمداری دەکا. لە ڕۆژی ٢٥ی گەلاوێژدا خەڵکی مەهاباد بە درشت و وردەوە هەموو لەگەڵ هێمن کە بۆ یەکەمجار پاش چەند ساڵ لە کۆبوونەوەیەکی چەن هەزار کەسیدا شیعر دەخوێنێتەوە، هاوار دەکەن:

بڕۆ ئەی شاهی خائن! بەغدا نیوەی ڕێیەت بێ

ئەو سەردەمە، سەردەمی نیوە دیموکراسیش زۆر ناخایەنێ. دەورانی ڕەشی پاش کودیتا دەست پێدەکا و هێمنی شاعیر جارێکیتر تووشی نائومێدی دەبێ و لە «تووڕەیی»دا دەڵێ:

لەو وڵاتە کەسێک لە خەو ڕابێ
بەشی چارەڕەشی و خەم و سینە
تێگەییشتم عیلاجی دەردی من
مەستی و شێتی و نەزانینە

یا لە «چارەنووسی شاعیر»دا دەڵێ:

دەزانی بۆچی من هێندە پەریشان و خەفەتبارم
لەگەڵ بازاڕی ژیان غەیری هونەر نیمە چ سەرمایە
لەگەڵ چارەڕەشی و دوورەبەشی و نەگبەت دەبێ هەڵکەم
لە مێژە چارەنووسی شاعیرانی کوردی هەر وایە

تاقی کردنەوەی ساڵانی درێژی خەبات بە هێمنی سەلماندووە کە خەبات دوور و درێژە، هەوراز و نشێوی هەیە، سەرکەوتن و شکستی تێدایە؛ بەڵام هێمن کۆڵنەدەرە:

ڕۆڵەی کوردم فێری هەوراز و لێژم
تا زۆر بڕۆم، زیاتر ئارەق بڕێژم
کورتتر دەبێ ڕێگای دوور و درێژم
دەڕۆم بەرەو ئاسۆ، بەرەو ئاسۆی ڕوون
دەڕۆم دەڕۆم تا ترۆپکی ڕزگار بوون
من پەروەردەی بن سێبەری ئەشکەوتم
گەلێک جاران لە چاڵاوی ڕەش کەوتم

هاتمە دەرێ، هەدام نەدا، نەسرەوتم
دەڕۆم بەرەو ئاسۆ، بەرەو ئاسۆ ڕوون
دەڕۆم دەڕۆم تا ترۆپکی ڕزگار بوون

هەوراز و نشێوی ژیان و خەباتی گەل لە شێعرەکانی هێمن‌دا زۆر جوان دیارە. لەو کاتەوە کە دەستی بە شێعر گوتن کردووە هەتا ئەمڕۆ، شێعری هێمن ئاوێنەی قۆناخەکانی خەباتی گەلی کوردە. لە ساڵی ١٣٢٤ (١٩٤٥)را هێمن بە پێشوازی پێکهاتنی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە دەچێ و دەڵێ:

لە سایەی حیزبی دێموکراتی خۆمان
لە باڵدار تێپەڕی ئەوڕۆکە پێ‌ڕۆ
نەما داخ و پەژارە و ماتەم و خەم
زەمانی هەڵپەڕین و بەزمە ئێمڕۆ

لە ڕێبەندانی ساڵی ١٣٢٤دا کۆماری مەهاباد دامەزرا هێمن «ئەوساڵ بەهارە بۆ ئێمە زستان» یا لە «ڕۆژی خۆشی»دا دەڵێ:

گەرچی زستانە بەفر داپۆشی ئەوڕۆ گشت وڵات
خاکی پاکی ئێمە خەملیوە وەکوو باخی ئیرەم

بەڵام کۆماری مەهاباد تەمەنی کەمتر لە ساڵێک بوو. جووڵانەوەی گەلی کورد لە ئێران هەر وەک جووڵانەوەی سەرانسەری ئێران تووشی شکست بوو. هێمن لە «ڕۆژگاری ڕەش»دا تووشی نائومێدی دەبێ، وەک کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان کە تووشی نائومێدی ببوون:

بـــەفێـــڕۆ چـــووخـــەباتمان
داگیــــــراوە وڵاتمــــــان
تێپـــەڕی ڕۆژی هاتمـــان
ڕووخـــا کـــۆشکی ئاواتمـان
لە پیاوی ئازا و ســەرکــەش
لە زەحمـــەتکێشـــی بێبـــەش
ئاخنـــــراوە کـــونــە ڕەش
نابینی کەســێ ڕوو گـــەش

بەتایبەتی شــەهید بوونی قازی، هێمنی داخدار کردووە. هەم دۆســـت و مامۆســـتای لەدەست داوە و هەم پێشەوا و سەرکۆمار.

لـــەچـــوارچرای مـــەهـــاباد
لـــە کانـــگای بیـــری ئازاد
دەســـتی ڕەشـــی ئیســـتیبداد
چـــەقانـــدی داری بێـــــداد
لـــەکـــاتی نیـــوەشـــەوا
لـــە جەنگـــەی شـــیرین خـــەوا
کـــــرا کــــاری نــــاڕەوا
لـــــە دار درا پێشـــــەوا

هەر لەو ســـاڵەدا هێمن لەبەر خەباتی رابردووی خۆی تووشـــی دەردی سەر دەبێ و بۆ ماوەیەک وڵات بە جێ دێڵێ. دیارە وەزعی سیاســـی تەئسیری کردۆتە سەر شێعری هێمن. لە «بابردەڵە»دا دەڵێ:

منیـــــش ئـــەی بلبلـــی بـــەنـدی وەکـــوو تـــۆم
وەهـــــا دوورم لـــە هێـــلانـــە و گـــوڵـــی خـــۆم
منیش وەک تـــۆ لـــە کیسـم چـــووگـــوڵی ســـوور
منیـــــش هێلانـــەکـــەم لێکـــــراوە خاپـــــوور
منیـــــش بابـــــردەڵـــەی بـــەر گێـــژەڵـــووکـــەم
دەمێـــک لـــەو قوڵکـــە، تاوێـــک لـــەو چڵووکەم

ئەو تووڕەیی و ڕەشی چارەنووسی شاعیر لە شێعرەکانی تریشدا هەر بەر چار دەکەوێ و هەتا ساڵی ١٣٤٠ (١٩٥٩) هەر بەردەوامە. لە «لە گلێنەی شاعیر»دا دەڵێ:

ئەگـــــەر خـــەرمانـــی عـــومـــرم ئێســـتەکانێ پاکـــی بـــا بیبـــا
بـــە مـــــەرگـــی تـــۆ مچـــوڕکیشـــم بـــە دڵـــدا نایـــە بـــا بیبـــا
هەمـــوو عومـــری ئـــەبـــەد تێیـــــدا نییە خـــۆشـــی دەمێک مـــەســـتی
خـــــدر ئـــاوی حـــــەیاتـــــی بـــۆ چبـــــوو؟ فێـــــری شـــەرابی بـــا

لە «ناســـۆری تەشـــەنا»دا ڕاکردن لە ژیانی واقیعی، لەو حەقیقەتە تاڵەی کە شاعیر تووشـــی بووە و نایەوێ قبووڵی بکا، بە تەواوی دیـــارە. هێزی ئەوەی نییە ژیان بگۆڕێ، ڕێـــگای نییە خۆی دوور بخاتـــەوە، دەیەوێ ڕا بکا و بە یارمەتی مـــەی ڕوو لە دنیایەکی خەیاڵی دەکا:

چـــۆن نـــەبـــەم بـــۆ مـــــەی و مـــــەیخـــانـــە پـــەنـــا، تێگـــەیـــوم
لـــەو وڵاتـــە هـــەمـــــوو شـــــــت زۆرە، بـــــەنـــی ئـــادەم کـــەم
شـــەڕەبـــایـــە لـــە چیـــــاکان و هـــــەوا تـــــووشـــە دەنـــــا
وەکـــوو شـــەیتان دەمـــەویســـت ڕوو لـــە چیـــای ئەســـتەم کـــەم

ســاڵەکانی ٤٧ ـ ١٣٤٦ کە ڕاپەڕینی چەکداری لە کوردستانی ئێران بەرپا دەبێ هێمن خۆی تێیدا بەشــدار نییە، بەڵام لەگەڵ ئەو ڕاپەڕینە دەژی. هیوای بە خەباتی گەل زۆرە، باوەڕی بەهێزترە. بۆ شــەهیدانی ئەو ڕاپەڕینە دەگری، بەڵام شــێعرەکانی پڕە لە هیوا و ئاوات بۆ ســەرکەوتن. نیشتمانپەروەران بۆ تێکۆشــان هان دەدا. هێمن بیەوێ و نەیەوێ، دیسان و ئەو جارە بۆ هەمیشە لەناو مەیدانی خەباتدایە:

بــــۆ شــەهیــدێکی کە گــەوزیــوە لــەنێو خــوێــن دەگـــریم
بــۆ هــەڤاڵێکــی کــە چــوو بێ‌ســـەر و بـــێ‌شـوێن دەگـــریم
تــا بـــە دەســـتی پــەری ئــازادی لەســـەر گـــۆڕی شـــەهید
گــوڵــە شـــللێرە لـــە گشـــت لایـــەکـــی نەڕوێـــن دەگـــریـــم

شــێعرەکانی هێمن ئیتر بۆنی ناهومێدی لێنایە. چەند ساڵە قۆناخێکی دی لە خەباتی گەلی کورد لە کوردســـتانی ئێران دەســـتی پێکردووە. قۆناخێک کـــە جێی هیوای گەلی کوردە. هێمنیش شـــاعیری وەفاداری گەلی کورد، هەم لە پێکهێنانی هەم لە دەربڕینی ئەو هیوایەدا بەشدارە. لە «مەتەرێزی شەرەف»، «شەنگەبێری»، «ئامێزی ژن»، «ترۆپکی رزگاری»، «شەپۆلی تۆڵە»، «شەو و شەیتان»، «گا و گەردوون»، «کاروانی خەبات» و لە «دەسکەوتی خەبات»دا شێعری کۆمەڵایەتی و شۆڕشگێڕی چ لە باری ناوەڕۆک و چ لەباری شــێوەوە گەیاندۆتە پلەیەکی بەرزی ئەوتۆ کە کەمتر شاعیری کورد گەیاندوویەتی. هێمن ئامادەیە بۆ بەجێ گەیاندنی ئەم هیوایە خۆشی بەخت بکا:

خـــۆم دەســـووتێنـــم هەتـــا بەزمـــی خـــەڵـــک ڕۆشـــن بکـــەم
کـــێ لە ڕێـــی خەڵـــکا وەکو شـــاعیر دەســـووتێ، شـــەم نەبـــێ؟

لە ســـەرەتادا شێعرەکانی هێمن لە ژێر تەئسیری دوو رەوتی ئەدەبی دایە. وەک هەموو شـــێعری شاعیرانی کوردی سەردەمی ســـی ـ چل ساڵ لەمەوبەر تەئسیری ئەدەبی فارسی لەم شـــێعرانەدا دیارە. زۆربەی شـــێعرەکانی شـــێعری عەروزین، وەزن و قافیەیان لەگەڵ

دەســـتووری شێعری فارسی ڕێک دەکەوێ. لە لایەکیتریشەوە شیعری شاعیرە کوردەکانی بەناوبانگ وەک «نالی» کە خۆی لە ژێر تەئسیری شێعری کلاسیکی فارسیدا بووە، تەئسیری کردۆتە سەر شێعرەکانی هێمن. بۆیە لە سەرەتادا هێمن شێعرەکانی شێوەی غەزەڵ و قەسیدە و جارجاریش مەسنەوی و دووبەیتی و هیتریان هەیە. هێمن ئێستاش هەر جار ـ جار دەگەڕێتەوە سەر ئەو شێوە کلاسیکە و هێندێ لە شێعرە تازەکانیشی هەر بەم چەشنە گوتراون. وەک «ئاواتی بەرز»، «گلێنەی شاعیر»، «دەسکەوتی خەبات» و هتد. لەم شێوە شێعر گوتنەدا هێمن دەستێکی باڵای هەیە. شێعرەکانی ڕەوانن، بە زمان جوان و بە مانا دەوڵەمەن.

پاش ماوەیەکی سەرەتایی شیعر کوتن، هێمن بەرەبەرە دەگەڕێتەوە سەر شێوەی ئەدەبی ڕەسەنی کوردی. خۆی لە قافیە و وەزنی شیعری کلاسیکی رزگار دەکا و شیعرەکانی لە بەستەی کوردی دەچن، لەو بەستەیەی کە شاعیر هەموو ڕۆژێ لە لادێ دەیبیسێ؛ بەستەیەک کە چوارچێوەی بۆ داڕشتنی شیعری کوردی لەبارترە و زمانی کوردی لە تەنگ و چەڵەمە رزگار دەکا و وەک چۆمێکی خرۆشانی لێدەکا کە بۆ لای دەریای بێ سنوور دەڕوا.

جار ـ جار کە ئینسان شیعری هێمن دەخوێنێتەوە، گۆرانی وەبیر دێتەوە. وا دیارە کە بە هەڵبژاردنی ئەم شێوە شیعر گوتنەدا «گۆران» لەسەر هێمن بێ تەئسیر نەبووبێ. لەم شیعرانەدایە کە هێمن دەگاتە ترۆپکی ئەدەبی کوردی و بە ڕاستی ئەدەبی کوردی پێش دەخا.

هێمن شاعیرێکی ڕیئالیستە، ڕیئالیزمی ڕەخنەگرانە لە ناوەڕۆکی شیعرەکانی هێمندا بە تەواوی بەرچاو دەکەوێ. هێمن بارە هەرە گرینگ و ئەساسیەکانی تەبیعەت و ژیان و ئادەمیزاد بە چاوێکی ڕەخنەگرانەی شاعیرانە باس دەکا و کۆمەڵ بۆ بەرەوپێش چوون هان دەدا. هێمن زۆرجار لە هێندێ شیعری خۆیدا لە ناتورالیزم نزیک دەبێتەوە، ئەوەی کە دەیبینێ باسی دەکا و بە چاوی ڕەخنە سەیری تەبیعەت یان کۆمەڵ ناکا. هەروا بزانە دەیەوێ تابلۆیەکی تەبیعەت بکێشێ و بیخاتە بەرچاومان. بەڵام شیعری وای کەمە؛ وادیارە خۆشی ئاگای لێیە کە لە ڕیئالیزم دوور کەوتووەتەوە، زوو ناتورالیزم بەردەدا و دەگەڕێتەوە سەر ڕیئالیزم کە سەبکی بنەڕەتی ناوەڕۆکی شیعرەکانیەتی. ئەو ناتورالیزمە بە تایبەتی لە «بەهاری کوردستان» و «لەبیرم مەکە» و چەند شیعریتردا خۆی دەنوێنێ.

ژن لە شیعری هێمندا ڕۆڵێکی زۆر گرینگی هەیە. جوانی ژن ئیلهامدەری شاعیرە. سەرانسەری دیوانی هێمن ئەو ڕاستیيە دەر دەخا کە وێڕای تەبیعەت و ژیان و خەباتی

گەل، ژنە کە هێمن بۆ شیعر گوتنهان دەدا. شیعرەکانی هێمن لە سەر ژن نموونەی شیعری بەرزی کوردین. لە «کیژی لادێ»دا بە کچی کورد هەڵدەڵێ:

لاجـانگـــت وەکـــوو گـــزنگـــی تـــاوێ
هـــەر بـۆ خـۆی جـوانە، تیف تیفـەی نـــاوێ
کـــوڵمەکـــەت وەکـــوو گـــوڵاڵـــەی گـــەشـــە
بـــێ سـورمـــەش چـاوە مـــەســـتەکەت ڕەشـــە
وەکـــوو فـــرمێســـکی ئاشـــق ڕووناکـــی
وەکـــوو ئـــاونگـــی بـــەیانـــی پـــاکـــی

ئـــەو تابلۆیەی کە لە «بیرم مرکە»دا لە ژنی دەکێشـــێ، بەڕاســـتی جـــوان و نایابە، هەروەها لە «پەری شـــیعر» و لە «شـــەنگەبێری» و زۆر شیعری تردا هێمن مامۆستایی خۆی لە هۆنراوەدانان بۆ ژندا دەسەلمێنێ.

بەڵام ژن، بۆ هێمن تەنیا ســـەرچاوەی ئیلهام نیە. هێمن بۆ رزگاری ژنی کورد خەبات دەکا. لە «یادگاری شیرین»دا دەڵێ:

لادە چارشـــێوی ڕەشـــت بـــە دەرکـــەوێ کـــوڵمی گـــەشـــت
چـــون لـــە قەرنـــی بیســـتەما زۆر عـــەیبـــە ئـــەو رووگـــرتنە

هێمن دەیەوێ ژن بەرلە هەموو شتێک خاوەنی مافی ئینسانی خۆی بێ و زۆرجار دژی زۆرداری و بێحورمەتی ســـەبارەت بە ژن دەنگی خۆی هەڵدێنێ. هێمن ژنی خۆشـــدەوێ، دەیپەرەســـتێ و نرخی هەموو جوانیەکانی ئەو دەستکردە نایابەی تەبیعەت دەزانێ؛ بەڵام لە لای هێمن خەبات بۆ رزگاری گەل، بۆ ئازادی کۆمەڵانی خەڵک لە ژن خۆشەویســـتترە. لە «ئامێزی ژن»دا دەڵێ:

بەڵـــێ ســـەختە یـــەکجـــار ســـەختـــە، دووری لـــە ژن، نامـــرادی
بـــەڵام لـــە ژن خۆشەویســـتتر لـــەلای مـــن ئەتـــۆی ئـــازادی!

زمانـــی هێمـــن زمانی کوردی پەتی و جوانە. نە پڕە لە وشـــەی بێگانە و نە وشـــەی دەســـتکردی تێدایە. زمانەکەی زمانی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانە. بەڵام هێمن کە خۆی خەڵکی موکریانە، تەعەســـوبی بـــەکار نەهێناوە و بە زاراوەی موکریانی شـــیعر ناڵێ. بە تایبەتی لەم چەند ساڵەی دواییدا زمانی هێمن نموونەی بەرزی زمانی ئەدەبی کوردییە و بێگومان لە پێکهێنانی زمانی پەسەندکراو(ستاندارد)ی کوردیدا تەئسیری هەبووە.

زمانی هێمن سادە و پەتی و ڕەوانە، هەم ئەدیب و نووسەری کورد پێی خۆشە و هەم نەخوێندەواری کورد لێی حاڵی دەبێ:

هـــــەزار خـــۆزگـــەم بـــە خـــۆت شـــــوانە
کـــە بـــــــەو مانگـــەشـــەوە جـــوانـــە
دانیشـــــــتووی لـــــــە ڕژد و هـــەڵـــدێـــر
پـــــەنجــــــە دەبـــــزوێ لـــــە بلـــوێـــــر
لـــەگـــــەڵ تـــــەبیعـــــــەت هـــاودەمـــــی
شـــــــادی، بـــــەکـــــەیفـــی، بێخـــــەمـــی

«بەهاری کوردســـتان» فەرهەنگێکی بچووکی زمانی کوردییە، بە تایبەتی بۆ ئەوانەی هەر لە شار ژیاون و لە زۆر باری ژیانی لادێ ئاگادار نین، تابلۆیەکی ڕاستەقینە بە زمانێکی دەوڵەمەند و بێهاوتا دەخاتە پێش چاو. ئەو شیعرە و چەند شیعری تر کە باسی تەبیعەت و ژیانی لادێ دەکەن، بۆ شارســـتانی ئەوەندە وشـــەی نەبیســـتراویان تێدایە کە زۆرجار خوێنەر ســـەری سووڕ دەمێنێ و ناچار دەڵێ زمانی کوردی چەند دەوڵەمەندە و بەداخەوە خزمەتی نەکراوە. لە دیوانی وەک هێمندا شـــیعرە وەک «بەهاری کوردســـتان» بەڕاستی فەرهەنگێکی دەوڵەمەندی زمانی کوردییە. شیعری هێمن لە تەشبیهی جوان ئاخنراوە:

خـــۆشەویســـتی گـــۆشـــەکـــەی تـــەنیایی هەر ئـەژنۆکـەمـە
بۆیـــە ڕۆژ و شـــەو وەهـــا گـــرتـــوومـــەتـــە نێـــو باوەشـــم

لە «شەنگەبێری»دا ئەنجامی شیعرەکەی ئەمەیە:

زۆری نــەمــاوە بێتــە بــەر، نەمامــی هــەوڵ و خــەباتــم
لــە داگیرکــەر پــاک بێتــەوە خاکــی پیــرۆزی وڵاتــم
چەک دادەنێــم، گــۆچانەکــەی جارانــم هــەڵدەگـرمەوە
تۆ هەر بێری بە، من هــەر شــوان، فریشــتەی تاســە و ئاواتم

هێندێ شــیعری هێمن گەیشتووەتە پلەی هەرەبەرزی ئەدەبی کوردی کە یەکێک لەوانە «کاروانی خەبات»ە. بڕوانە چۆن باسی شەهیدبوونی رووناکبیرێکی خەباتکەر دەکا:

هــەر چــوار تــەنشــتی گیــراوە
لــە ســەنگــەرێکــدا بــە تــەنــێ
ئــەو لاوەی بــەڵێنــی دابــوو
هــەتــا مــردن چــەک دانــەنــێ
رووناکبیــرێکــی تــا ئــەمــڕۆ
دەچــوو بــەرەو ئاســۆگی روون
هێشــتا هیوای بــە بــوولێــڵ بــوو
بــۆ لــە گــەمــارۆ دەربــاز بــوون

بەڕاســتی ئەوەی هێمن لەسەر گۆران دەیڵێ لەسەر خۆیشی راستە: «تاکی لە جوانی پەرەســتیدا کەمە و وشــە لە دەستیدا وەک مێوە، دڵتەڕە و خۆش خەیاڵە و ناسک بینە، بە هونەرە و شارەزا و وشە رەنگینە»

هیوام ئەوەیە کە: هێمن ساڵانی درێژ لەناو گەلی کورددا، لە ریزی خەباتکەرانی رێگای ئــازادی گەلی کوردا، تێکۆشــانی خۆی لە پێنــاوی رزگاری گەلەکەمان، لە پێناوی پێش خستنی زمان و ئەدەبی کوردی، هەر درێژە پێ بدا.

دڵنیام کە لە دواڕۆژدا هێمن زۆرجار پەری شیعر دێنێتە ژوانی خۆی و دیوانێکیترمان

پێشکەش دەکا کە شیعری کوردی جوانی تێدا بێ:

شـــــیعرێک وەک خــــوناوەی بـــاران
شـــیعرێک وەک ســــــرتەی دڵــداران
شـــیعرێک وەکـــوو دەریـــای بــێ بن
گــــەرمتـــــــر لــــە باوەشـــــــی ژن
شیعرێک ســــــروودی شـــادی بـــێ
شـــیعرێک دەنگـــی ئـــازادی بـــێ

به هیوای ئەو ڕۆژە
عبدوالرحمان قاسملو

شێرمێن

شـــارەکەمان، شارە بچووک و تووک لێکراوەکەمان ســـەقز یەکێکە لەو شارە کاولانەی کوردســـتان کە لە مێژووی تاریک و پڕ کارەســـاتی خوێناوی خۆیدا گەلێک جار تووشـــی پەلاماری دڕندانەی دوژمن و تالآن و بڕۆ و کوشـــت و کوشتار و هەڵات هەڵات و سووتمان، خاپـــوور کران و چۆڵ بوون بووە. ڕووی خۆشـــی کەمتر بە خۆیـــەوە دیوە دەتوانم بڵێم هەر نەیدیوە. بەڵی شـــەقز شـــارێکی تووک لێکراوە. تەنانەت پاش تێکچوونی حکوومەتی ڕەزاخان پاش فەوتانی ئەو قازاخە چەکمەڕەقە و ئەو دیکتاتۆرە خوێنمژە کە خەڵکی ئێران پشوویەکی هاتەوە بەر و ئاهێکی خۆشی لە دڵی گەڕا دیسان سەقز شوومترین و ڕەشترین ڕۆژانی تاریخی ڕابوارد.

ئەڕتەشی شاهەنشاهی پەهلەوی کە دەیانگوت ئاسمانی بە سەرنێزەوە ڕادەگرێ و زەوی لە بەر پێیدا دەلەرزێ لە ڕاســـت ســـپای هاوپەیماناندا بەری فوویەکی نەگرت.دەســـتی بۆ چەک نەچوو،تاوێکی بەرپەرەکانی نەکرد،وەک تۆوی هەرزن بڵاو بوو، وەک بڵقی ســـەرئاو پووچـــاوە. چەک فڕێدان. بەجلـــی ژنانەوە ڕاکردن و خۆ لە تەویلـــەی ئاغا و دەرەبەگان ئاوێتـــن، تاکتیکی ئەو فەرماندە لـــووت بەرزانە بوو کە خەڵکیان بە دیل و کۆیلەی خۆیان دەزانی و لە سەردەمی دەسەڵاتی بیست ساڵەی ڕەزاخاندا کاریان زگ دڕین و گیرفان بڕین و هەژار چەوساندنەوە و دارا ڕووتاندنەوە بوو. بەلام ئەو قارەمانانەی کە لە لێقەومانەکەی شەهریوەر دا دەمانچە و شمشیرەکانیان بە چارشێوێکی ژنان دەدا و چەکمە بریقەدارەکانیان بە کەڵاشـــێکی کرچ و کۆن دەگۆڕییەوە و باقیشیان دەداوە و خۆیان دەشاردەوە و لە بەر

دەستی خەڵک، خەڵکی تووڕە و داخ لە دڵ هەڵدەهاتن،نازانم چۆن بوو پاش ماوەیەکی کەم سەروســـەکوتیان لە سەقز پەیدا بۆوە؟ نە حەیا و نە شەرم، وەک نە بایان پێدا هاتبێ نە بۆران، بە بەرگی بە زەرق و بەرقەوە، بە سەردووشـــی مەنگوڵەدارەوە، بە چەکمەی ڕەش و خرینگە خرینگی مامزانەوە وەک ڕۆمێل لە خەیابانەکانی سەقز دا بە گەڕان و خۆ بادان و قەمچی هەڵسووڕاندن و پۆز لێدان.

بێجگەلە ڕۆمێلەکانی خۆ وڵاتی و خۆماڵی قیافەی نامۆ و ســـەیر ســـەیریش وەبەرچاو دەهاتن. ئەفسەری سوورە زرتە و قەڵەو و درێژ و زەلام، سەربازی ڕەشی،لاوازی مردەلۆخە، وا دیـــار بوو بێگانـــەن، هێندێکیان لەو بەری دەریاوە بۆ پاراســـتنی خۆیان هاتوونە ئێرە ئەوانی دیکەش لەئاســـیای دوورەوە ڕست کراون و بە زۆری زۆردار هێنراونە ئەم وڵاتە کە لە پێناوی سوودی «ساحێب» دا ببنە قۆچی قوربان.

من ئەو دەمی نا کە مێرمنداڵێکی چاو نەکراوە بووم، بەڵکە ئێستاش کە هەزار پەند و گۆڵمەزم بە سەر هاتووە و زۆرم چەرمەسەری و کوێرەوەری و دەربەدەری دیوە هیچ سەرم لە زاراوەی لەشکری دەر ناچێ. بەڵام لە بیرمە ئەو کەسانەی لەو سەردەمە دا سەریان لە سیاسەت دەخورا و دەمیان لە شتی وا وەردەدا دەیانگوت:

وەزعی ســـتراتێژیکی سەقز ئەوە هەڵدەگرێ. دەیانگوت هۆی گرینگی چارەڕەشی ئێمە هەڵکەوتنی جوغرافیایی ئەم شارەیە. دەیانگوت سەقز دەروازەی کرماشان و قەسری شیرین و تەنانەت ئەو دیوی ســـنووری ئێرانە کە کانگا نەوتەکانی دەربەســـت لەدەستی ساحێب دان. دەیانگوت شەپۆلی تووڕەیی و بیری دژی ئیمپریالیستی خەڵکی ئێران و جووڵانەوەی ئازادیخوازانەی گەلانی ئەم وڵاتە نەترەی ئیمپریالیســـمی بردووە و مەترســـی گەورەی بۆ ئیستیعمار پەیدا کردووە. زۆر شتی دیکەیان دەگوت کە من سەرم لێ دەرنەدەچوو و تێی نەدەگەیشتم.دەیانگوت هەر بۆیەش ئیستیعمار ناچار بووە ئەم ئەرتەشەی بە دەستی خۆی تەفر و تونای کردبوو ســـەرلەنوێ زیندوو بکاتەوە و گەورەکانی بکاتە نۆکەری خۆی و لە سەقز مۆڵیان بداتەوە. چونکە مردووی خۆیەتی و بە دەستی خۆی ناشتوویەتی و دەزانێ چییە و تێی ڕانابینێ دەس بکاتەوە، ئەم ســـوورفلانەی هێناوە نەخشەی بۆ بکێشن و ئەم دیلانەی هێناوە پشتی بگرن و خەریکە بە هەموو هێزی خۆی ئەم دەروانە، بپارێزێ.

لەو ســـەروبەندانە دا کە ئێمـــەی خەڵکی لێقەوماوی هەژاری ســـەقز لە ژێر جەزرەبە و ئەشـــکەنجەی ئەرتەشـــی شاهەنشـــاهی و ئاغاکانیدا لە ئاویلکەی گیان کێشاندا بووین، جووڵانەوەی ئازادیخوازی لە سەرانســـەری ئێراندا برەوی ئەســـتاندبوو بەتایبەتی فیرقەی

دێمۆکراتی ئازەربایجان ڕۆژ بە ڕۆژ زنجیری کۆیلەتی لە دەس و پێی گەلەکەی دەپساند و بەن کەڵەوەی نیری دیلی هەڵدەبڕی و حیزبی دێمۆکراتی کوردســـتان ئاڵاهەڵگری خەباتی گەلەکەمان،بە ڕابەری ڕۆڵەی بلیمەت و هەڵکەوتی کورد پێشـــەوای خۆشەویســـت قازیی موحەمەدی نەمر، تەنگی بە ئیستیعمار هەڵچنیبوو و ڕەگوڕیشەی لە هەموو لایەک دا کوتا بوو و، لک و پۆپی بۆ هەموو مەڵبەندێکی کوردستان هاویشتبوو.

ڕێکخراوی حیزبی شـــارەکەی ئێمەش سەرەڕای ئەو هەموو کەند و کۆسپەی لە پێشدا بوو،لە ژێر چاوەدێری توندی شـــا و ئیستیعمار دا ئازایانە خەباتی دەکرد و ژیرانە چالاکی دەنوانـــد و پەیوەندی نهێنـــی و بەردەوامی دەگەڵ مەرکەزی حیزب لە مەهاباد نەدەپچڕا و پەیکەکانی حیزب بە شـــەو و نیوەشەو هەر لە هاتوچۆ دا بوون، بەیاننامە و ڕۆژنامەکانی حیزب بە نێو خەڵکدا بڵاو دەکرانەوە.

پاش ئەوەی حیزبی دێمۆکراتی کوردســـتان بە یەکجاری ســـەرکەوت و کاربەدەستانی تارانـــی لە موکریان و ئەولاتریش دەرپەڕاند و جمهووری کوردســـتان دامەزرا،هێزی گەل و پێشـــمەرگە گەمارۆی سەقزی دا ئیتر حکوومەتی تاران بە جارێکی زراوی تۆقی و حەزیای برینداری ئیســـتیعمار بە تەواوی ئاوڕووژا و گەزارەی دەرکێشـــا و ژەهری پیسی خۆی بە سەر ئێمە دا ڕژاند.ڕۆژ نەبوو پۆلێک لاو نەگیرێن، نەخرێنە بەندیخانەوە یا بەڕێ نەکرێن بۆ پشتی جەبهە.شەو نەبوو دەستەیەکی دیکە خۆ ڕزگار نەکەن و پەنا نەبەن بۆ کوردستانی ڕزگارکراو کە ئامێزی بۆ هەموو کوردێکی نیشـــتمانپەروەر و هەموو ئازادیخوازێکی جیهان ئاوالا بوو،لەو لاشەوە ئەو دەرەبەگ و خاین و خۆفرۆشانەی کە حیزب دەرتانی خەیانەت و خراپەی لێ گرتبوون و ماوەی نەدەدان خوێنی مسکین و هەژاران چیدی بمژن و ئێسکیان بکرووســـنەوە بە پەلە پڕووزە خۆیان لە ئامێزی شاهەنشـــا دەهاویشت. ئەم حەمەڕەزایەی ئەمڕۆ بێ شـــەرمانە دەڵێ من شـــای پێخواسانم و بەردی دڵسۆزی بۆ جووتیار و کرێکارلە ســـینگ دەدا.ئێستاش ئەو دەرەبەگانەی ئەو ســـەردەمی خەیانەتیان بە گەل و نیشتمانی خۆیان کرد بە زەبری نووکی نێزە دەکاتە نوێنەر و سەناتۆر.

بە کورتی ســـەقز بوو بە کەشـــتی نووح و لە هەموو تۆ و تەرەمەیەکی تێ خزا.چونکە تەویلەش نەمابوو جاشی تێ بکرێ ئاغاوەتەکانیان وەک گا و گۆل بە سەر خەڵکدا بڕی و بەزۆری لە ماڵان دایان مەزراندن. خاوەن ماڵ ناچار بوو لەو قات و قڕ و گرانییە بەسامەی کە لە کاتی شەڕ لە هەموو جێگایەک بە تایبەتی لە سەقز دا هەبوو لە زاری ژن و منداڵی خۆی بگرێتەوە و گا و گۆلی شـــا دابەســـتێ. ئەگەر ئاغا بەرچایی ڕۆنی کەرە و هێلکە و هەنگوین و مرەبا و نیوەڕۆژی چلاوکەباب و شـــێوی شەوانەی گۆشت و فڕووج و قەلەموون

نەبوایە و شەو چەلەشی لێ براِبا خاوەن ماڵ پێشمەرگە یا بە قەولی ئەوان «موتەجاسیر» بوو. دەسبەجێ راپۆرتی لێ دەدرا و دەیانبردە دیژبان و تێر و تەسەل دەیان کوتا و سەر و گوێلاکیان دەشکاند و زۆر جاریش بێ سەروشوێن دەچوو.

لەو سـەردەمیدا کە لە سایەی خەباتی حیزبێکی شۆڕشـگێڕ و ئازادیخواز و زانایی و دڵسۆزیی پێشـەوا و ڕابەرێکی بلیمەت بەشێکی کوردستان هەر لە بەستێنی ئاراسەوە تا نیزیکترین گوندی سەقز ئازاد ببوو و گەلەکەمان لەو پەڕی خۆشی و ئازادی و سەربەرزیدا دەژیا و وەک دەڵێن «گورگ و مەڕ پێکەوە ئاویان دەخواردەوە» حاڵی خەڵکی شارەکەی ئێمە لە حاڵی کۆیلەکان گەلێک ناخۆشـتر بوو. بۆیە من سـەقزم نێو ناوە شـاری تووک لێکـراو. ڕۆژ نەبوو دیژبان، کاسـب لە دووکان نەهێنێتە خوارێ وەبەر شـەپانی نەدا یا گزیری ئاغا کەشیدە لە ئەستۆی چەند حاجی نەکا و ئاتەگی چەند مەلا نەبڕێ. خۆ ئەوەی ڕاوێژکاران و کارناسانی بێگانە دەیانکرد ئەگەر لە ڕووم هاتبا بیگێڕمەوە مچوڕک بە لەشی هەموو ئینسانێکی خاوەن شەرەف و بە نامووس دا دەهات.

ئیستیعمار هەمیشە لە شارەکەی ئێمەوە نەخشەی ڕووخاندنی جەمهووری دێمۆکڕاتیکی کوردستانی دەکێشا. چەند جار ئەرتەشی شاهەنشاهی شنگڵی لە خۆی دا و هێرشی بردە سـەر سەنگەری ئازادی و بەرەنگاری پێشـمەرگەی کورد بوو.بەڵام دیتمان چۆن بە شڕ و وڕی گەڕایەوە وزقی خۆی بە ئێمەی بێ چەک و بێ دەرەتان ڕشت.

داخـی بە جەرگەم گەندەڵ فێڵی ئیمپریالیزم کاری خۆی کرد و شـای خایین کوتوپڕ هێرشـی هێنا سەر حکوومەتی ئازەربایجان وپاش ساڵێک تەورێزی قارەمان داگیر کراوە و سـێڵاوی خوێنی تێدا جاری بوو.مەهاباد قیبلەی ئاواتی نەتەوەی کورد، لە هەر چوارلاوە ئابلۆقە درا و بێ پشـتیوان ماوە. جا ئەمجار ئەرتەشـی شاهەنشاهی لە سەقزەوە بەرەو مەهاباد کەوتە ڕێ.ئەوەی نەدەبوو ببێ، بوو. کۆماری خۆشەویسـتەکەمان ڕووخا، پێشەوا مەزنەکەمـان بـە خۆی و هاوڕێیەکانیەوە گیران. پێتان سـەیر نەبـێ ئەودەمیش یەکەم زەربەتی جەرگبڕ وەشارەکەمان کەوت و هەوڵ ڕیزی سێدارە لە سەقزی بێ فەڕ چەقی.

بەیانییەکی سـاردی زستانی سـەقز بوو،کاتێ خەڵک لە ماڵ وەدەرکەوتن چ ببینن؟! کافـر نەبینێ، یازدە سـێدارە چەقیبوو، یازدە ڕۆڵەی نەبەز، یـازدە قارەمانی کۆڵنەدەر، یازدە پیاوی تێکۆشـەری کوردیان پێوە هەڵاوەسـرا بوون. بەشـی زۆری ئەم شەهیدانە لە عەشـیرەتی پێشـکەوتوو و نیشـتمانپەروەری بەگزادەی فەیزوڵابەگی بوون کە مێژوو شاهیدە ئەم عەشیرەتە لە پێکهێنانی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان و دامەزراندنی کۆماری

کوردستاندا چ نەخشێکی گەورە و بەرچاوی هەبووە. لە نێو ئەم شەهیدانە دا ئەحمەدخانی فاروقــی مەزنــی بەگزادان و دوو برا نۆجوانەکەی دەبینران کە هێندە لە مێژ نەبوو بە فێڵ گیرابوون و بە تاوانی کوردایەتی بێ موحاکەمە و لێپرسینەوە حوکمی ئێعدامیان درابوو.

ئەفسەرێک کە ئەو حوکمەی پێ ڕاگەیاندوون لە زۆر جێیان و بۆ زۆر کەسی گێڕاوەتەوە:

نیوەشــەو بۆ خۆم و چەنــد گرووبان لەو ژوورەی ئەو ســێ برایانەیان تێدا بەند کرد بوو وەژوور کەوتم، چرایان دایســا تەماشام کرد ئەحمەدخان ئانیشکی داوەتەوە و سیغار دەکێشێ و براکانی لە خوارەوە بە ئەدەب لە سەر چۆک دانیشتوون.سام گرتمی، بە مینگە مینگ حوکمەکەم پێ ڕاگەیاندن.پێم سەیر بوو هیچیان نەبزرکان، هیچیان ڕەنگیان نەگۆڕا و ڕانەچەنین. ئەحمەد خان بە شێنەیی سیغارەکەی کووژاندەوە و گوتی:

«مــن بیرم لــەوە کردبووەوە، ئــەم ڕۆژەم لە پێش چاو بوو و دەمزانی لەســەر ئەم بیروڕایەی هەمە تووشــی شــتی وا دێم. بەڵێ، من کوردم، دێمۆکراتــم، ئازادیخوازم، من دژی ڕێژیمی بۆگەنی پاشــایەتیم و دژی دەسەڵات شوومی بێگانەم و چارەنووسی پیاوێکی وەک من لە ئێرانی ئێســتا دا هەر ئەوەیە. هیچ چاوەنۆڕی بەزەییم لەو ڕێژیمە نەکردووە و ناکەم. بەڵام شایەکەی ئێوە کە لافی کۆمەڵناسی لێ دەدا، دەبوو ئەوەندەی زانیبایە ئێمە عەشیرەتین و لە نێو عەشیرەتاندا تاوان هەر ئی مەزن و برا گەورەیە چونکە برای بچووک بە پێی ڕێوشوێنی عەشیرەتی ناچارە وەدوای براگەورە بکەوێ و لە قسەی نەچێتە دەر، لە بەر ئەوە نەدەبوو حوکمی وا زۆردارانە و بێ ڕەحمانە و ناپیاوانە لە سەر براکانم بدا.»

هێشتا ئەحمەد خان قسەی مابوو بیکا کە عەوڵاخان وەجواب هات و گوتی:

« کاکە گیان! کاکی بەڕێز و بەرزم! مایەی ســەربەرزی بنەماڵەکەمان! زۆر جێی داخە کە لە ئاخری ژیانمدا قســە لە قســەی برا گەورەی خۆمدا بکەم و ئەم ڕاســتییە بدرکێنم کە ئێمە زۆر لەپێش جەنابتدا ئەم بیرو بڕاوەیەمان پەســند کردبوو وچووبووینە نێو ڕیزی حیزبــەوە. ئەگەر خودای نەکردە تۆش نەچووبایەی نێو ڕیزی حیزبەوە و ئەم بیروبڕوایەت قبووڵ نەکردبایە و ڕێبازی شەرەف و کوردایەتی و ئازادیخوازیت نەگرتبایە و بۆ پاراستنی موڵک و ماڵ و شــتی وا پشــتت لە نەتەوەکەت کردبایە ئێمە لە ڕەســمی عەشیرەتیمان هەڵــدەدا و قەت شــوێنت نەدەکەوتین. بەڵکوو پێم وایە یەکــەم لوولەی تفەنگ، تفەنگی پێشمەرگەی کوردستان کە بەرەو سینگی تۆ ڕادێرابایە لوولەی تفەنگی براکانت دەبوو.»

حەمە خان کە تائێستا بێدەنگ بوو گوتی:

« ئەرێ ئەم کەند و کۆزەی بۆ چییە؟ هەســتن هەر ســێکمان بڕۆین، بەرەو شەرەف،

بەرەو شانازی، بەرەو مەرگی پیاوانە، یان باشتر بڵێم بەرەو ژیانی ئەبەدی».

ئەحمەدخان هەســتا لاچاوی براکانی ڕامووســی و ئەوانیش دەستی ئەویان ماچ کرد و کەوتنە ڕێ.

تا ئێرە لە زمانی ئەو ئەفســەرە بیســتراوە کە خۆشــی کورد بووە.بەڵام لە بن دار دا زۆر کــەس ئاگای لە ئازایەتی و پیاوەتی و نەترســیی ئەوان بووە و شــیعاری کوردانە و ئازادیخوازانەی ئەم سێ برا قارەمانانەی بیستووە.

کاتێک ئەم هەواڵەدڵتەزێن و جەرگبڕە بۆ «زێڕوەشــان» خانمی دایکی شــەهیدەکان کە لە ســەر بەرماڵ خەریکی نوێژ و دۆعا بوو دەبەن، لە پێشــدا عاتیفەی دایکەتی تینی دەدا و بە نینۆک هەر دوو لا ڕوومەتە قەڵەوەکانی وا دەڕنێ کە خوێن لووزەو دەبەســتێ. بەڵام زوو دێتەوە ســەرخۆ و کوڵی دەنیشــێتەوە و زۆر بە ویقار و ئارامی بەرەو مەیدانی ئێعــدام دەکەوێتە ڕێ. لەو ئاپۆرە نیزیک دەبێتەوە کە بــە خەم و پەژارە و گریانەوە کۆ بوونەوە.خەڵکەکە بە دیتنی ئەم خانمە بەڕێزە و ئەم دایکە دڵسووتاوە کە بە دەستی شا قەت کەســی نەماوە و وەجاغی کوێربۆتەوە لە گابــۆڕ دەدەن.بەڵام ئەو ئاگری،نێوچاوانی گرژ دەکاو لێوی دەکرۆژێ و سەربەستانە دەچێتە پێش. ڕێی بۆ دەکەنەوە تا دەگاتە ئەو ئەفســەر و سەربازانەی کە لە دەورەی سێدارەکان کێشک دەکێشن. ئەوانیش بێ ئیختییار دڕ دەدەن. دەگاتە بن داری کوڕەکانی کەمێک لەژێڵلا تێیان دەفکرێ و دەڵێ:

« دەک ڕۆڵــە ڕووتان ســپی بێ وەک ڕووی دایکی خۆتان ســپی کردووە. من بۆتان ناگریم، قوڕتان بۆ ناپێوم، شینتان بۆ ناگێڕم. چونکە ئێوە پیاوانە ژیان و پیاوانە چوونە سەر سێدارە. ئێوە لە سەر دزی و پیاوکوژی و خەیانەت و جاشەتی نەکووژراون. ئێوە لە ڕێگای ئازادی مە دا، لە ســەر کوردایەتی، لە ســەر ئابڕوو و شەڕەف و لە پێناوی ڕزگاری ئەم گەلە زۆرلێکراوە شەهید کراون و هەرگیز بە مردووتان نازانم.»

لەو حاڵەتە دا فەرماندە مچ و مۆڕەکەی سەقزیش تەریق دەبێتەوە ولێی دەچێتە پێش و سەرەخۆشی لێ دەکا، شێرە ژن بێ ئەوەی سپاسی بکا پێ دەکەنێ و دەڵێ:

« داخوا ئەم شۆڕە سوارانە دانابەزن؟»

گۆیا ئەمری شاهەنشــا وا بوو سێ ڕۆژ تەرمی شەهیدەکان بە هەڵاوەسراوی بمێنێتەوە بەڵام فەرماندە وا لە بەرامبەر ئەم غیرەتەی شێرەژن دا شەرمەزار دەبێتەوە دەستوور دەدا تەرمەکان داگرن. «زێڕوەشــان خانم» کوڕەکانی مــاچ دەکا و لەو خوێنەی بە ڕوومەتیدا دێتــە خوار لە کولمەیان هەڵدەســوێ،مەلایەک لەوێندەرێ دەبــێ و دەڵێ: «خانم بۆ وا

دەکەی؟» جوابی دەداتەوە: « مامۆســـتا! کوڕێکی لە من بووبێ و شــیری منی خواردبێ و لە کۆشـــی من دا پەروەردە بووبێ دەزانم لە مردن ناترسێ... بەڵام خۆت دەزانی پیاوی بــێ گیان ڕەنگی دەپەڕێ. بۆیە کوڵمەیان ســوور دەکەم تـــا دوژمنان بیرنەکەنەوە کوڕی زێڕوەشان لە مردن ترساون!».

١- ساڵی ١٣٥٠/ ١٩٧١ بە بۆنەی ٢٥ ساڵەی کوشتارەکەی سەقز ئەم داستانە لە کۆڕی یەکێتی نووسەرانی کورد لە بەغدا خوێندراوەتەوە و لە ژمارە ٢ی گۆڤاری «نووسەری کورد» دا چاپ کراوە.

٢- خەلیل خانی باوکی ئەم شـــەهیدانە ســـۆفییێکی بە ناوبانگ بووە، ڕەنگە داســـتانی حوسێنی حەلاجی بۆ خێزانەکەی گێڕابێتەوە،خوێن تێ هەڵســـوونی ڕوومەتی شـــەهیدەکان لە داستانی حوسێن دەچێ.

هێمن

یەکەم ڕۆژنامەی کوردی

کەم مێژوونووسی ئێرانی هەیە ددانی خێری پێدا هێنابێ، شتێکی وێچووی لەبارەماندا نووســیبێ، کەم یا زۆر سەروسەکوتی نەکوتابێ، سەیرە، بەراستی سەیرە، لەوەتی مێژوو نووســراوەتەوە ئێمە وەکەس نەڕژاوین، هەڵمان نەکوتاوەتە ســەر مڵک و ماشــی کەس، دەســتمان بــەکڵاوی خۆمانەوە گرتووە با نەیبا. هەر دوژمن گەمــارۆی ئێمەی داوە، هەر نەتــەوەی تــر پەلاماری بۆ ئێمە هێناوە، هــەر بێگانە بەگژ ئێمەدا هاتــووە، هەر زۆردار ویستوویەتی بمانگرێ، بمانکوژێ، بمانکوتێ، تالانمان بکا، خاو و خێزانمان وەدەشتێ بخا و ماڵ و حاڵمان لێ تێکوپێک بدا و ژیانمان بشێوێنێ. هەمیشە هەر داگیرکەران هێرشیان هێناوەتە سەر نیشتمان و زێدەکەمان و ویستوویانە وڵاتی باب و باپیرمان لێ داگیر بکەن. ئێمە ئەگەر دەســتەوەکەریمان کردووە، ئەگە بۆ بەربەرەکانی ڕاپەریوین، ئەگەر داومانەتە چیا، ئەگەر ڕۆبووینە چەک، پێشی زۆردارمان گرتووە، بەگژ داگیرکەر داهاتووینەوە، تەنیا و تەنیا بۆ پاراستنی گیان و ماڵ و ناموسی خۆمان بووە.

جا جاری وا بووە قوربانیی زۆرمان داوە، خوێنمان بەلێشــاو ڕژاوە، لەشمان بەکەڵەکە لە مەیدانێ بەجێ ماوە و منارە لە ســەری شــەهیدانمان دروست کراوە. جاری واش بووە بەدەســتمانەوە هاتووە بەرسینگەمان لە دوژمن بڕیوەتەوە، دامان پەلۆسیوە، دابڕ دابڕمان تێ خســتووە، تەنانەت جوقەوارمان لێ بڕیوە، بەڵام لــە هەموو حاڵێکدا هەق هەر بەلای ئێمــەوە بــووە. چونکە بەرگریمان کردووە، لە بناری چیا ســەخت و هەزار بەهەزارەکانی

خۆماندا وەدەست هاتووین. بەرگریش مافی ڕەوای هەموو زیندەوارێکی سەر ئەم جیهانەیە و بەتاوان ناژمێردرێ. کەچی مێژووی زۆرداران بخوێننەوە، تەماشا بکەن، هەر ئێمە تاوانبار و گوناهکارین، هەر ئێمە پیاوخراپ و بەدناوین. بۆ؟ چونکە بێ هێز وبێ دەستەڵاتین. چونکە قەڵەم بەدەس دوژمنانەوە بووە. مێژوونووسەکانی بێگانە کە زۆربەیان بەنانی زۆرداران چاویان پشکوتووە و بەورکەی داگیرکەران بەخێوکراون پێیان لە ڕاستی خستووە و واقیعیان شاردۆتەوە. هەزاران جنێوی سەر بەکوڵکەیان پێداوین و قسەی سارد و سووکیان لە پارسەنگ ناوین و تووک و لەعنەتیان لێ کردووین، کە بۆچی دەستمان لەسەر دەست دانەناوە تا خاوەن شکۆیان بەهاسانی بمانکوژن؟ بۆچی چاومان دانەیەشتووە تا بەکەیفی خۆیان دەستدرێژی بۆ ماڵ و گیان و نامووسمان بکەن؟ بۆ وەدەست هاتووین؟ بۆ بەرگریمان کردووە و بۆ بەجارێکی نەتواوینەوە؟ سەرانسەری کتێبی ئەو مێژوونووسانە پڕن لە هێرشی ناڕەوا بۆ سەر نەتەوەی زۆرلێکراو و بەشخوراوی کورد. بەڵام لە لابەلای لاپەڕەکانی ئەم کتێبە پڕ لە تەوس و پلار و لاتاوانەشدا جاروبار دەتوانین ترووسکایی ڕاستی بدۆزینەوە.

بۆ نموونە لە نیوەی دووهەمی چەرخی بیستەمدا لە ساڵی ١٣٥٠ی هەتاوی ١٩٧١ی زاینیدا کتێبێک بەناوی «اوضاع ایران در جنگ اول یا تاریخ رضائیه» نووسراوی (محمد تمدن) بڵاوبۆتەوە کە بەڕاستی پەڵەی شەرمە بەداوێنی زانستەوە. ئەم کتێبە کە کابرایەکی ئازەری بە فارسییەکی نارێک و نالەبار و پڕ لە غەڵەت و پەڵەت نووسیویەتی، پڕە لە جنێو و قسەی سووک و گاڵتەکردن بەگەلی کورد لە کوردستانی ئێران کردووە و وەک گوتوویانە «کارێکی پێ کردووین با بەدەواری شڕی ناکا». بەتایبەتی هێرشی وای بردۆتە سەر شەهیدی ڕێگای ڕزگاری گەلی کورد، قارەمانی کۆڵنەدەر سمایل ئاغای سمکۆ کە قەت ئەسکەندەر بەگی تورکمان خاوەنی «عالم آرای عباسی» نەیبردۆتە سەر ئەمیرخانی برادۆست، خانی لەپ زێڕین. بەڵام دەکرێ مێژوونووسێکی ورد و وریای کورد زۆر ڕاستی وا کە نووسەر بەراوەژووی نیشان داون لە لابەلای ئەم کتێبەدا بدۆزینەوە. بۆ نموونە ئەم نووسەرە باسی یەکەم ڕۆژنامەی کوردی دەکا کە پەنجا و چوار ساڵ لەوەی پێش (١٣٤٠ی کۆچی) لە کوردستانی ئێران بڵاوبۆتەوە وئێمە زۆرمان لەسەر نەدەزانی، کلێشەی ڕۆژنامەکەشی چاپ کردووە. من لێرەدا دەمەوێ ئەوەی ئەم کابرایە لەسەر دەرچوونی ئەم ڕۆژنامە نووسیویەتی بکەمە کوردی. لە لاپەڕەی ٣٦٩ لەژێر عینوانی «سمیتقۆ و روزنامە کردی»دا نووسیویەتی:

ڕۆژێک شێخ عەبدوڵڵا «لەو پیاوە تێگەیشتووەکانی سمیتقۆ لە خزمانی سەید تەها»

هاته لای من و لەنێو قســاندا گوتی: ئاغا «یانی سمیتقۆ» دەیەوێ لە ورمێ ڕۆژنامەیەک بــڵاو بکرێتەوە، ئایا بەڕای تۆ بەچ ئەندازە و تیراژێک دەتوانین ڕۆژنامەیەک لەو شــارەدا بڵاوبکەینەوە؟ کە هەم سەنگین بێ و هەم جوان و سەرنج ڕاکێش؟

نووسەر لە جوابی شێخ عەبدوڵڵادا وای گوت:

«بەداخەوە پیتەکانی چاپخانەی ئێمە زۆر کەمن، بەشــی چاپی ڕۆژنامە ناکەن. شێخ عەبدوڵڵا کە ئەم وەڵامەی بیست، بەتوندی گۆڕا و حاڵی شێوا. منیش ترسام و لە هەڵەی خۆم گەیشتم و گوتم:

ئەگەر وێــڕای کرێکارانی دەزگای خۆمان تێ بکۆشــین لەوانەیە کــەم و کورییەکانی نەهێڵین و بتوانین ڕۆژنامەکە بڵاوبکەینەوە. بەڵام دەبێ زۆر زەحمەت بکێشــین تا ئامرازی پێویست ئامادە بکەین».

لێرەدا ڕەنگ و ڕووی شێخ عەبدوڵڵا کرایەوە و هیچ جوابی نەداوە. ئەگەرچی ئەو بەڵێنی دا کە هەقدەســتی کاربەدەســت و کرێکارانی چاپخانەکە بدا، نەدەکرا لەو ڕۆژیدا پشت بە بەڵێنی کوردەکان ببەســترێ. چونکە سەرپێچی لە فەرماندە ســمیتقۆ لەو هەلومەرجیدا گاڵتــە بەگیانی خۆکردن بوو. پاش ئەوەی چەند ڕۆژێــک لەو بارەدا بیرم کردەوە، عەقلم بە هیچ کوێ ڕانەگەیشــت. ناچار کتێبخانە و چاپخانەکەی خۆم داخســت، شەوێ دەگەڵ نۆکەرێکم و چەند بەڵەدی دیکە لە شــاری وەدەر کەوتم). لێرەدا نووســەر باسی ڕاکردنی خۆی دەکا و پێوەندی بەئێمەوە نییە و لە ئاخری لاپەڕەی ٧٣٠ دا دەست پێ دەکاتەوە:

بەڵێ پاش ڕاکردن و ئاوارەبوونی بەناچاری من، سمیتقۆ دەستووری دابوو کە کتێبخانە و چاپخانەکەم داگیر بکەن. مەلا محەممەدی تورجانی ناوێکیشی مەئموور کردبوو ڕۆژنامەی کــوردی چاپ و بڵاو بکاتەوە و ئاغای مەلا موحەممــەدی تورجانیش نەیکردبووە ناپیاوی بەشــێکی لە کتێبە بەنرخەکانی کتێبخانەی من هەڵگرتبوو و بردبوویەوە ماڵە خۆی. هەر بەوەندەوە ڕانەوەستابوو، ناوی چاپخانەکەشــی گۆڕیبوو. تابلۆی چاپخانەی «تمدن»ی فڕێ دابوو و تابلۆی چاپخانەی «غیرەت»ی هەڵاوەسیبوو. ڕۆژنامەیەکیان بەزمانی فارسی و کوردی بڵاوکردبۆوە کە حەوتووی جارێک دەردەچوو. ناوی «ڕۆژی کورد شەوی عەجەم» بووە کە دوایە بۆتە «ڕۆژی کورد» و ئاخری بۆتە «کورد».

نووســەر چەند لاپەڕەی دیکەی بەباسی شەڕ و کێشــە و کارەساتەکانی نێوخۆی ئەو سەردەمی ئێران ڕەش کردۆتەوە و دیسان بای داوەتەوە سەر باسی سمکۆ و نووسیویەتی:

«خەڵک کە بە هیوا بوون هێزی دەوڵەتی ســمیتقۆ ڕام و بەردەست بکا، کە خەبەری

ڕاپەڕینـــی (لاهووتی) و کوژرانی (خالۆ قوربان) و ڕاکــردن و بڵاوبوونی چریکەکانی ئەو و هاتنی ســـەید تەهایان بیســـت بەجارێکی ناهومێد بوون. لەو لاشەوە کوردەکان بەو زاڵ بوونانە ئازاتر و باو خۆشتر و لەخۆباییتر دەبوون.

ئەمجار سمیتقۆ بێجگە لە بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەی کوردی «کورد» لە ورمێ ڕێکخراوێکی بۆ وەرگرتنی گومرگیش دروســـت کردبوو، لەهەر شـــتێکی کە خەڵک لە ورمێرا دەیانبردە شارەکانی تر (مراغە - خۆ - تەورێز) گومرگی دەستاند و پەتەی چاپی بەکوردی دەدانێ. کوژرانی خالۆ قوربان لە ڕۆژنامەی کوردەکان، کە بەناوی کورد چاپ کراوە و بڵاوبۆتەوە، بەڵگەی بەنرخی تێدا هەن، ئێمەش لێرەدا بڵاوی دەکەینەوە.

نووسەر ئەسڵی پاشکۆی فارسی ڕۆژنامەکەی لە لاپەڕەی ٣٨٠ دا چاپ کردووە.

ئەوەتا منیش دەیکەمە کوردی.

کارەساتی کوژرانی خالۆ قوربان

لە پاشکۆی ژمارە دووی ڕۆژنامەی «کورد» چاپی ورمێ «هەواڵنووسی ئێمە دەنووسێ: کوژرانی خالۆ قوربان و شـــکانی لەشـــکرەکەی بۆ ئاگاداری خوێنەرانی خۆشەویست ڕوون دەکەمەوە. ڕۆژی ٢٨ ی ڕەمەزانی ١٣٤٠ لە کاتێکدا کە لەشـــکری کورد لەژێر فەرماندەیی «ســـەید تەها ئەفەندی» لە دەوروپشـــتی گوندی «قوزلو»ی خاکی هەوشـــار خۆی بۆ پەلاماربردنە ســـەر «ســـایین قەڵا» ساز دەکرد، خەبەری دەســـتدرێژی «خالۆ قوربان» لە «میاندواو»ەوە بۆ «شـــاروێران» و «ســـابڵاغ» بەهۆی دوو سواری سەرداری موکری گەیشـــت. هەر دەســـبەجێ ڕوو لە ســـابڵاغ کراوە. شـــەوی ٢٩ ی ڕەمەزان لە «بۆکان» مانەوە، بەیانی زوو ڕۆیشـــتن. دوو ساعەتی ڕۆژ مابوو مەزنی عەشیرەتەکان لە دەوروبەری گوندی «دەرمان» دەگەڵ ســـەید تەها ئەفەندی کۆڕی ڕاوێژ و وتووێژیان گرت، نەخشەی پەلاماربردنە سەر خالۆ قوربانیان کێشا، ئاوایان دانا:

«جانگیر بەگ» لە عێلی هەرکی، «ئەسکەندەر خان» لە خەڵکی برادۆست «هەمزاغا» لە عێلی مامەش «ئەمیر ئەسعەد»ی دێبۆکری و «سالار سەعید» لە خەتی «لاچین»ەوە بچن. بڕیاریان دا لە جەنگەی بوولێلی بانگی شـــێواندا، لە ســـاعەتی دیاریکراودا، لە سێ لاوە پەلامار بەرن و تەقە دەســـت پێ بکرێ. «ئەمیرولعەشـــایر» و «ئەمیر ئەسعەد» و «ســـالار ســـەعید» بەپێی بڕیاری گشتی لە تاریک و ڕوونی بەیانی ٢٩ ی ڕەمەزاندا لەسەر

کێوی «زاوا و بووک»ڕا لەشکری خالۆ قوربانیان کە لەسەر تەپکی «داشا مەجید» لەنێو سەنگەراندا دامەزرابوون، دایە بەردەسترێژ. لە هەردووک لاوە شەڕ دەست پێ کرا.

سوارانی کورد نەیانهێشت شەڕەکە درێژەی بکێشێ، لەسەر جڵەوان ڕکێف کوت هەڵیان کوتا سەر لەشکری عەجەمان، خۆیان دەپاڵ هاوێشتن، بەلوولەی تفەنگان وە دەریان نان. هێندێک بەدیل گیران. هێندێک کوژران و سوارەکانی ئەمیر ئەسعەد «متراليوز»ێکیان وەدەست کەوت. ئەسپ و یەستر و تفەنگێکی زۆریش گیرا. ئەمیرولعەشایر، ئەمیر ئەسعەد، سالار سەعید لەپاش ئەوەی لە کوشتن و بەدیلگرتنی سەربازەکانی «داشا مەجید» بوونەوە، چەند سوارێکیان بەدووی سەربازە ڕاکردووەکاندا نارد. بۆ خۆشیان پەلاماریان دا قۆڵێکی دیکەی لەشکەری خالۆ قوربان کە لەسەر کێوی «خەزایی» بوون. ئەوانیش پاش تەقەیەکی کەم سەنگەریان بەتاڵ کرد و هەڵاتن.

هێندێکیان وەبەرهاتن کوژران و هێندێکیش بەدیل گیران. لەوێش ئەسپ و تفەنگێکی زۆر وەدەست کەوت. سوارەکانی سالار سەعید متراليوزێکیان گرت. دەگەڵ کوو شکەستەی لەشکری ئەو دوو شوێنە وا بەشپرزەیی گەینەوە ئیندرقاش ترس لەنێو لەشکری خالۆ قوربان کەوت و پاک هەڵاتن. ئاغایانی مەنگوڕ و هەرکی و زەرزا جڵدانە لێیان وەخۆکەوتن و ئازایانە دایان گژانێ. لەو شەڕەدا خالۆ قوربان و چەند ئەفسەر و سەرباز کوژران. زۆریش بەدیل گیران. پیاوەکانی سەید تەها ئەفەندی ٣ تۆپ، سوارەی مەنگوڕی تۆپێک و سوارەکانی هەرکی ٢ تۆپی گەورە و متراليوزێک و ئەسباب و تفەنگێکی زۆریان بەتاڵان گرت. هێندێک دەڵێن سوارەی ئەحمەدی گوڵاوی ئاغای مەنگوڕ و هێندێک دەڵێن ئەحمەد خانی هەرکی خالۆ قوربانی کوشتوە.

شکستەی لەشکری خالۆ قوربان زۆربەیان گەڕانەوە بۆ وڵاتی خۆیان و دووسەد کەسێکیش چوونە تەورێز. کۆلۆنێل «نصرالله خان» فەرماندەی ژاندارمیش لە «صاين قلعه»وە بەرەو موکری وەڕێکەوت، بەتەواوی لەو ڕووداوە بێ خەبەر بوو. بۆ ئەوەی دەگەڵ خالۆ قوربان یەک بگرنەوە زۆر بەفیزەوە بۆ لای بوکان هات. ئەمیر ئەسعەد کە ئەو خەبەرەی بیست زۆر بەپەلە خۆی گەیاندە «ئەمیر ئاباد»ی تەنیشت بۆکان. کۆلۆنێل کە دەگاتە بۆکانێ و خەبەری کوژرانی خالۆ قوربان و شکان و بڵاوبوونی لەشکرەکەی دەزانێ، فیزماڵکی دەداتێ، بۆکان بەجێ دێڵێ، بۆ «ساين قەلا» دەگەڕێتەوە. سوارەکانی بەگزادە و سەرداری موکری وەدوویان دەکەون، ئەمیر ئەسعەد و ئاغاکانی دیکەی دێبۆکری بەڕکێف کوت خۆ دەگەیەننە یارمەتی سورانی موکری و بەگزادە. ئۆردووی ژاندارمری لە کێوی پشت

گوندی «ئاڵبلاغ» گەمارۆ دەدەن. زۆران دەکوژن و بەدیل دەگرن دەسکەوتیش گەلێکە. لەو پەلامارەدا «سوڵتان عبدالحمیدخان» ئەفسەری ژاندارمری کوژراوە. کۆلۆنێل دەگەڵ پاشماوەی لەشکرەکەی شەوانە لە کێو دێتە خوارێ و بەلارێدا هەڵدێ. ئاغایانی بەگزادەی فەیزوڵڵا بەگی تۆپێکی گەورەیان گرت و ناردیان بۆ «چهریق». بەڕاستی ئازایەتی و لەخۆ بوردنی گشت ئاغایانی موکری بۆ جێبەجێ کردنی ئەرکی نیشتمانی و نەتەوایەتی جێگای سوپاسە. هیوادارم لەڕێگای هەق ناسییەوە ئەوەی لەو ڕۆژنامە تاقەکەماندا چاپی بفەرموون. ع. ش».

دیارە ئاغای «تمدن» ئەم باسەی بۆیە نەهێناوەتە گۆڕێ گۆشەیەک لە مێژووی ڕۆژنامەگەری گەلی کورد لە کوردستانی ئێران ڕووناک بکاتەوە، بەڵکو مەبەستی شتێکی دیکەیە و ویستوویەتی ڕق و قینی تایبەتی خۆی بەرامبەر بەسەرکردایەتی ڕاپەڕینی ئەو سەردەمی گەلی کورد دەرببڕێ و بۆمان بگێڕێتەوە کە چۆن چاپخانەکەی لێ موسادەرە کراوە. جا بۆیە هیچ نەینووسیوە ئەو ڕۆژنامەیە چەند لاپەڕە بووە، ئەندازەی چەند بووە، کەی دەرچووە، کەنگێ پەکی کەوتووە و لەسەریەک چەند ژمارەی بڵاوبۆتەوە. بەداخەوە ئەم کلێشەش کە چاپکراوە، دەگەڵ ئەوەشدا کە ساڵ و مانگ و ڕۆژی دیارە، ژمارەی بەسەرەوە نییە. ئێمەش جارێ هیچ بەڵگەیەکی ترمان بەدەستەوە نییە. مەگەر لەبەر خۆمانەوە بێ بەڵگە لێکی دەینەوە و کەمێک لە ڕاستی نیزیک بینەوە.

ئەگەر قسەی ئەم نووسەرە بەرێزە ڕاست بێ و ئەو ڕۆژنامە سێ جار ناوگۆڕی کردبێ. ئەوە دەردەکەوێ کە ئەو ڕۆژنامە لانی کەم دەبێ سێ ژمارەی لێ دەرچووبێ. ئەم ژمارەش کە کلێشەکەیمان لەبەرچاوە لە ڕۆژی ١٢ ی شەوالی ١٣٤٠ دا بڵاو کراوەتەوە. ئەگەر دڵنیابین هەموو جارێ لە ڕۆژێکی دیاریکراو لە حەوتوودا چاپ کرابێ، ئەوە دەبێ ژمارەی یەکەمی لە ڕۆژی (٢٧، ٢٨)ی ڕەمەزان و ژمارەی دووهەمی لە ڕۆژی ٥ ی شەوال و ژمارەی سێهەمی لە ١٢ ی ئەم مانگەدا بڵاو بووبێتەوە. بەڵام من بۆ خۆم بەچەند دەلیل لەو حیساب و لێکدانەوەیە دڕدۆنگم:

١ ـ هەرچەند من بۆ خۆم نەمدیوە، بەڵام لە گەورە پیاوانی ئەو دیو و ئەم دیوم بیستووە کە مامۆستا مەلا موحەممەدی تورجانی یا قزڵجی زانایەکی گەورە و ئەدیبێکی شارەزای کورد بووە. هیچ وێ ناچێ ناوێکی وا نالەبار «ڕۆژی کورد ـ شەوی عەجەم»ی بۆڕۆژنامەکەی هەڵبژاردبێ، با زۆریشی ڕق لە عەجەم بووبێ. لێرەدا دەمەوێ ئەو نووکتە ڕووناک بکەمەوە کە کوردی ئێران بەتایبەتی خەڵکی موکریان، کە گوتیان «عەجەم» مەبەستیان کاربەدەستی دەوڵەتە نەک ڕەشوڕووتی میللەت. دوور نییە یەکەم ژمارەی

ڕۆژنامەکە «ڕۆژی کورد» بووبێ، دوایە ناوی گۆڕیبێ و بووبێ بە «کورد».

٢ ـ نووسەر بەڕاشکاوی دەقی ڕیپۆرتاژی کوژرانی خالۆ قوربانی لە پاشکۆی فارسی ژمارە دووی ڕۆژنامەی «کورد» ڕاستەوخۆ نەقل کردووە. لە ڕیپۆرتاژەکەدا نووسراوە شەڕی دەوری شاری سابڵاخ لە ڕۆژی ٢٩ ی ڕەمەزاندا کراوە و خالۆ قوربان لەو ڕۆژەدا کوژراوە. هەروەها هەر لەو ڕیپۆرتاژەدا هاتووە کە یەکێک لە سەرکردەکانی شەڕی دەوری سابڵاخ (ئەمیر ئەسعەد) خۆی گەیاندۆتە شەڕی کێوی ئاڵبلاغ. ڕێگای نێوان سابڵاخ و ئاڵبلاغ بۆ لەشکری هیچ نەبێ دوو ڕۆژی دەوێ، کەوابوو دیارە شەڕی کێوی ئاڵبلاغ لە ڕۆژەکانی هەوەڵی مانگی شەوالدا ڕووی داوە. بەینی ئاڵبلاغ و ورمێش بۆ پەیکی سوار چوار ڕۆژ دەبێ. بۆیە وام لێک داوەتەوە کە ئەم ڕیپۆرتاژە بۆ ڕۆژی ٥ ی شەوال نەگەیوەتە ورمێ و لە ژمارەی دووهەمدا کە بەحیسابی سەرەوەمان دەبێ لە ٥ ی شەوالدا بڵاو بووبێتەوە، چاپ نەکراوە. مەگەر وای دانێین کە لە نێوان سابڵاخ و ورمێدا خەتی تەلگراف بووبێ و ئەم ڕیپۆرتاژە بە تەلەگراف ناردرابێ، کە ئەویش جێی گومانە، یان پاشکۆیەکە لە پاشان چاپ کرابێ.

٣ ـ نەک هەر ئەو سەردەمی بەڵکو بەداخەوە ئێستاش ئەم شوێنە ماوە کە کورد سەروبەندی جێژنان دەست لە ڕەش و سپی نادا و لێی ڕادەوەستێ بۆ پاش جێژن. مەگەر پێمان وابێ مەلا محەممەدی تورجانی زادە ئەم ڕۆژنامەی وەک جێژنانەیەکی بەنرخ پێشکەشی نەتەوەکەی کردبێ.

بەهەر حاڵ پاش ئەم لێکدانانەوە دەگەینە ئەم ڕاستییە کە ڕۆژنامەی کوردی چاپی ورمێ لە ئاخر و ئۆخری ڕەمەزان یان لە هەوەڵ ڕۆژەکانی شەوالی ١٣٤٠ی کۆچیدا بڵاو بۆتەوە. بەڵام جێی داخە کە نازانین چەند ژمارەی لێ دەرچووە و چۆن و بۆچی و کەنگێ پەکی کەوتووە[1].

---

١ ـ سەرنج: نووسەر لە سەرتاسەری کتێبەکەیدا، ناوی (سمکۆ) بە (سمیتقۆ) دەبا.

ڕوونکردنەوەی هەندێک لەو ناوانەی لەم وتارەدا هاتوون:

ئاڵبلاغ: گوندێکە لە نێوان سەقز و بۆکاندا.

ئەمیر ئاباد: گوندێکە لەلای ڕۆژئاوای نیزیکی بۆکان.

ئەمیر ئەسعەد: عەلی ئاغای عەلی یار سەرۆکی عەشیرەتی دیبۆکری.

ئەمیرولعەشایر: قەرەنی ئاغای مامەش سەرۆکی عەشیرەتی مامەش.

ئیندر قاش: گوندێکی زۆر گەورەیە لە شیمالی شاری مەهاباد، نیزیک بە فەخرەقا.

خالۆ قوربان: یەکێک لە کوردە ئازادیخوازەکانی گێلان بوو کە دەگەڵ کوچک خانی جەنگەڵی لە ڕاپەڕینی جەنگەڵدا هاوکاری دەکرد، دوایە بای داوە و لای دا و بوو بە پیاوی دەوڵەتی ئێران.

خەزایی: کێوێکە لە شیمالی شاری مەهاباد هەڵکەوتووە.

داشا مەجید: تەپکێکە لە ڕۆژهەڵاتی شاری مەهاباد.

دەرمان: گوندێکە لە ڕۆژهەڵاتی شاری مەهاباد.

زاوا بووک: کێوێکی بەرز و سەختە لە ڕۆژهەڵاتی شاری مەهاباد.

سالار سەعید: عەلی بەگی حەیدەری برای شاعیری ناودار عەبدوڵڵا بەگ (ئەدەب).

سەرداری موکری: عەلی خان کوڕی محەمەد حسین خانی شەهید.

سوارەی ئەحمەدی کوڵاوی ئاغای: ئاغایەکی بەناوبانگی عەشیرەتی مەنگوڕ.

شاروێران: ناوچەیەکی گەورە و پڕ پیت و بەرەکەتە لە دەوروبەری مەهاباد. کەلاوەکانی دریاز پاتەختی موکریان لەو ناوچەدایە.

«صاین قلعه» ساین قەڵا: شارێکە لەبەری هەوشار.

فەیزوڵڵابەگی: عەشیرەتێکی بەناوبانگە کەوتۆتە نێوان سەقز و بۆکان.

لاچین: گوندێکە لە ڕۆژهەڵاتی نێزیکی مەهاباد.

لاهووتی: شاعیری بەناوبانگ و شۆڕشگێڕی ئێران.

هەمزاغا: برای قەرەنی ئاغای مامەش (ئەمیرولعەشایر).

نامەیەکی ئەدەبی

برای زۆر بەڕێز و خۆشەویستم کاک محەممەد مەلا کەریم!

دیارییە بەنرخەکەت گەیشت. ماڵت ئاوەدان بێ وەک ماڵی وێرانی منت ئاوەدان کردەوە. دەسـتت نەڕزێ وەک ئۆخژنت خستە نێو دڵ و دەروونی ئاگرینم. هەر خۆش بی وەک خۆشیت هێناوە بۆ لای من.

لەمێژ بوو ماڵەکەم چۆڵ و هۆڵ و بێ هەستوخوست بوو، وەک مەکۆی دزان چرای لێ نەدایسا. وەک دەروونی تاوانباران تاریک و تنووک بوو و وەک بسکی نازداران ئاڵۆز و پەشێو. کەس سەرانسوێی نەدەکردم. کەس دەرکی لێ نەدەکرمەوە ئەگەر میوانێکم هاتبا، خەم بوو، پەژارە و کەسەر و دەرد و ژان و ئازار و خەفەتیشی بەدواوە بوون. هەموو شەوم شـامی غەریبان بوو و هەموو ڕۆژ بەرەبەیانی لەداردان. بەڵام لە سایەی ڕەنجی زانایانە و بەفیڕۆ نەچووی تۆوە دیسان شادی بەماڵم وەریۆتەوە. خەم بۆی دەرچووە و دیزەی ڕەشم لە دوو شـکاندووە. میوانم هاتوون. شیرینی شۆخ و شەنگ، شیرینی دەلال و چەلەنگ کە بەنازەوە لەسـەر تەختی زێڕ دانیشتووە و خودای جوانی ڕەبیر دێنێتەوە. شەکەر دەبینم، شـەکەری دڵڕفێن و تۆبە شکێن جامێ شەرابی یاقووتی لەسەر دەستە و مەیگێڕی کۆڕی دڵدارانە. سـاز و ئاوازی «باربـود»ی هونەرمەندی پەنجە ڕەنگین لـە ماڵەکەمدا دەنگ دەداتەوە، کیژە جوان و نەشـمیلانەکانی ئەرمەنی و گورجی لە دەسـتمدا هەڵدەپەڕن و پێ دەکەنن. شـاپووری زانا سەرگوزشتە و چیرۆکی کۆنم بۆ دەگێڕێتەوە. دەنگی کوڵنگی

فەرهادی بێ موراد لە گوێمدا دەزرینگێتەوە. نەخش و نیگاری (تاق وەسان) شوێنەواری کۆنی وڵاتەکەم وەک پەردەی سینەما بەپێش چاومدا هاتوچۆ دەکەن. شەودێز لەبەر دەرکم نێسکە و سمکۆڵ دەکا و دەگوڕێنێ. بەڵام خوسرەوی بەپشتەوە نییە تا جلیت و تەقڵە و ڕمبازی بکا. ئاخر خوسرەوان ئێمەمانان ناخوێننەوە و ڕوو لەماڵە هەژاران ناکەن. نیزامی و خانا بەسەر و سیمای ئاسمانی و شاعیرانەوە لەلای سەرووم دانیشتوون و شێعری تەڕ و ناسکم بۆ دەخوێننەوە، ئەمەیان بەفارسی دەڵێ:

پریدختی، پری بگذار ماهی
بزیر، مقنعه صاحب کلاهی
شب افروزی چو مهتاب جوانی
سیه چشمی چو آب زندگانی
کشیده قامتی چون نخل سیمین
دو زنگی بر سر نخلش رطب چین
ز بس کاورد یاد آن نوش لب را
دهان پر آب شکر شد رطب را
به مروارید دندانهای چون نور
صدف را آب دندان داده از دور

ئەویان بەکوردییەکەی خۆمان دەڵێ:

قامەتش قیام قیامەت خێزن
خەرامەش ئاشووب ڕووی ڕەستاخێزن
پێشانیش پرشنگ نوور جێش مەخێزۆ
حوسنش بووم قورس قەمەر مەبێزۆ
موژەش چون خەدەنگ شەهابی ئەنجوم
ئەر بگنۆ وە سەنگ تا پەرمە بۆ گوم

بەڵێ لە دەریای بێ لێوار و کەنار و پڕ شەپۆلی شێعر مەلە دەکەم و لە گوڵزاری ڕەنگاوڕەنگی ئەدەبدا گوڵ دەچنم، هەر باسی جوان و ئەوین و دڵداری دەبیسم. دەڵێی تەمەنم لە نوێ نووسراوەتەوە و هاتوومەتەوە سەر حەدی چاردە ساڵە.

کاکی خۆم:

ئەو بەزم و ڕەزمە، ئەو خۆشی و شادییە هەموو شیرین و خوسرەوەکەی خانای قوبادی بۆ منی هێناون. جا چۆن سوپاست نەکەم و ڕێزت لێ نەگرم؟ کە ڕەنج و تێکۆشانی تۆ بۆتە مایەی خۆشی و شادی من. بەڕاستی بەساغکردنەوە و لەچاپدانی ئەم کتێبە نایابە کتێبخانەی ماڵانت ڕازاندەوە و ئەدەبی کوردیت بووژاندەوە.

ڕاست بڵێم من خانام نەدەناسی زۆر زوو چەند پارچە شێعرم خوێندبۆوە و تێی نەگەیشتبووم. بیستبووم خەسرەو و شیرینی نیزامی وەرگێڕاوە و باشیشی وەرگێڕاوە.

بەڵام بڕوام نەدەکرد. چونکە یەک دوو شاکاری ئەدەبی فارسیم دیون کراونە کوردی و دەزانم چەند ناشیانە و بێ دەسەڵاتانە وەرگێڕدراون. دەترسام ئەوەش هەر وابێ. هەرچەن دەمزانی «ئەوڕەنگ» چاپی کردووە، هیچ هەوڵێکم بۆ پەیداکردنی نەدەدا. بەتایبەتی لە شێوەی گۆرانیشدا زۆر کۆڵم و بەزەحمەت تێی دەگەم. بەڵام پاش ئەوەی شیرین و خوسرەوت بۆ ناردم زۆر شتم بۆ روون بۆوە و تێ گەیشتم خانا چ نەهەنگێکە لە دەریای شێعر و ئەدەبدا و لەخۆی ڕادیوە بچێتە مەیدانی نیزامی گەنجەوی کە بەخوای شێعری فارسی ناسراوە و ناوبانگی جیهانی هەیە. شاعیرێکی فارس گوتوویەتی:

در شعر سه کس پیمبرانند
هر چند که «لانبی بعدی»
وصاف و قصیده و غزل را
فردوسی و انوری و سعدی

کابرایەک لێی پرسیوە:

«ئەدی بۆ ناوی نیزامیت نەهێناوە؟»

گوتوویەتی:

«باوکم من باسی پێغەمبەرانم کردووە و هەقم بەسەر خواوە نییە».

خانای ئێمە چۆتە مەیدانی ئەو کەڵە شـاعیرە. لەوەتی شـیرین و خوسـرەوی خانام وەگیـر کەوتووە. خەوم لە خۆم حەرام کردووە و خەریکی خوێندنەوەی ئەو خەسـرەو و شـیرینەی نیزامیم. ڕاستە شـێوەی گۆرانی بۆ منی موکریانی گرانە. بەڵام بەیارمەتی ئەم فەرهەنگەی تۆ بۆت کردووە و بەکۆمەگی ئەو وشـە فارسـی و عەرەبییانەی خۆی بەکاری هێناون و بەیاریدەی خوسـرەو و شیرینەکەی نیزامی هیچ نەبێ تا ڕادەیەک لە مەفهوومی شـێعرەکانی دەگەم و چێـژی لێ دەکەم. ڕەنگە وەک خەریکم لە داهاتوودا باشـتری لێ ڕابێم. جارێ ناتوانم بەتەواوی ڕای خۆم دەرببڕم. بەڵام لەم ماوە کورتەدا ئەوەندەم بۆڕوون بۆتەوە ناهەقت نەبووە ناوی شاکارت لێناوە. بەڕاستی خانا کەڵە شاعیرێکی مەزنی کوردە و کتێبەکەشـی شـاکارێکی ئەدەبی بەرز و نایابە. پێوەم ئەگەر مەرگ بەربینگم نەگرێ و ڕۆژگار برستم لێ نەبڕێ، شێعر بەشێعری شیرین خوسرەوی خانا و نیزامی لەبەریەک ڕانێم و بەراوردیان کەم و ئەگەر لە توانامدا بوو شـتێکیان لەسەر بنووسم. ئێستا ئەوەندەم بۆ ڕوون بۆتەوە خانا خوسرەو و شـیرینی نیزامی ڕاستەوڕاست وەرنەگێڕاوە. بەڵکو ئازادانە چیرۆکەکـەی کردۆتە کوردی. بەڵام زۆر لە ئەسـڵەکە دوور نەبۆتەوە. نەک نەمدیوە هیچ لە چیرۆکەکە بپەڕێنێ. بەڵکو هەسـتم کردووە لەجێ جێیان هەناسەی درێژتر بووە و پتر لەسـەر مەبەست ڕۆییوە. جا لە کوێدا سـەرکەوتووە و لە کوێدا سەرنەکەوتووە پێویستی بەلێکۆڵینەوەی زیاتر هەیە.

دیـارە فەرق لەنێوان دانان و وەرگێڕاندا زۆرە. هەرچەند دەزانین چیرۆکی شـیرین و خوسـرەو زادەی خەیاڵی نیزامی نییە و لە پێشیشدا گوتراوە. نیزامی سەرچاوەی وەک شـانامەی فیردەوسی لە دەسدا بووە و سـوودی لێ وەرگرتووە. بەڵام دیسان ئەو دانەرە و خانـا وەرگێـڕ، و دەبێ ئەو فەرقەمان لەپێش چاو بێ. ئەوەندەی بەتێگەیشـتنی خۆم بـەراوردم کردوون، لەباری نێوەڕۆکەوە خانام لـە بەرامبەر نیزامیدا بەداماو نەدیوە، بەڵام زمانی نیزامیم پێ ڕەوانتر و شـاعیرانەترە. ڕەنگبێ بڵێی لە فارسییەکە باشتر ڕاهاتووی، ڕاسـتە من خوسرەو و شـیرینی نیزامیم زۆر جار خوێندۆتەوە و تەنانەت شێعری نیزامیم بەدەرس خوێندووە و ئی خانام بۆیەکەم جار دیوە و زۆر شـارەزای زیانەکەی نیم. ئەمما هێندێک وشـەی عەرەبی خەتیبانە و ناشـاعیرانەم لە شێعری خانادا دیون کە لە شێعری نیزامیدا بەدی ناکرێن.

من وەرگرتنی وشە بۆ دەربڕینی مەبەست لە زمانی دەر و جیرانان ئێستاش بەشوورەیی نازانم، چ دەگا بەسەردەمی خانا. نیزامی بۆ کەمی کۆمەگ لە وشەی عەرەبی وەرگرتووە؟

بەڵام هێندێک وشە لە هەموو زمانانداا هەن کە وشەی شێعر نین، لەو وشانە تەک و تووک کەوتوونە نێو شێعری خانا وەک ئەم شێعرە:

چـۆن بـە حوکـم ڕات «لااحصـی» صیفات
جـەنـاب ئـەقـدەس «جاعـل الظلمـات»

لە شێعری خوارتردا وشەی عەرەبی زۆر بەکار هێناون. بەڵام وشەکانی وشەی شێعرین و مۆسیقایان تێدایە و شێعرەکانیان دزێو نەکردووە.

سـیمای وێنـەی شـەمع تـەجـەلـلای کـۆی طوور
مـدە رەوشـا بـەلـوطـف خـوداوەنـد جـە نـوور

ئەم کێشەی نیزامی بۆ هۆندنەوەی شیرین و خوسرەو هەڵی بژاردووە کەمێک لە کێشی شـێعرەکانی خانا گرانترە. دەتوانی بڵێی ئەوە بەڵگەی بێ هێزی نییە. خانا بەئانقەسـت کێشی خۆماڵی هەڵبژاردووە. ئەمما من ئیقناع نابم. چونکە دەزانم شێعری خانا ئەوەندەش خۆماڵی نییە و لە دیوانی شـاعیرەکانی فارسدا نموونەی هەیە و ڕوون نییە کاممان لەوی دی فێربووین. حافیزی شیرازی دەڵێ:

گـر تیـغ بـارد از کـوی آن مـاه
گـردن نهادیـم الحکـم للـه

کێشی شێعری نیزامیش ئەوەندە بۆ شاعیرانی کورد ئەویش بۆ شاعیرانی گۆران نامۆ و بێگانە نییە. چونکە یەکەم شـاعیری ناسراوی کورد کە بەشێوەی گۆرانی شێعری گوتووە «بابەتاهیر عوریان» چوارینەکانی لەسـەر ئەم کێشە داناون. بەلای منەوە خانا لە خۆی ڕانەدیوە خۆی لە قەرەی ئەم کێشـە بدا. ئەم لەخۆڕانەدیتنە لەباری ڕواڵەتەوە کەمێک لە نرخی کارەکەی کەم کردۆتەوە. چەند خۆش بوو هەر لەسـەر کێشـی نیزامی بایە. شتێک کە سـەرنجی منی ڕاکێشا و ڕەنگبێ سەرنجی هەموو شێعرناسێکیش ڕاکێشێ، ئەمەیە: کە

خانا زۆر شاعیرانەتر و ئاشقانەتر دەستی بەکتێبەکەی کردووە و موناجاتەکەی تەڕتر و پڕ سۆزترە لە ئی نیزامی:

بەنام ئەوَ کەس شیرینی ئەرمەن
پەیدا کرد (فەرهاد) پەیشی بێ کوکەن
هەر سوب تا ئیوار نەپای بێستوون
تەقڤەی قولنگش یاوا بە گەردوون
نەراش چەندین جەور، چەند جەفا بەردش
ئاخر بەناکام ئەروا سپەردش
تعالی جە صونع پەروەردگاریش
جە کاری شیرین شیرین کرداریش

کاکە گیان!

دیسان سوپاست دەکەم کە ئەم گەنجینە دارماڵەت بۆ ناردووم و بە مرواری و گەوهەرانت خەنی کردووم. بەڕاستی ڕەنجێکی زۆرت کێشاوە و کارێکی تەواوت لەسەرکردووە. یا من نەمدیوە یا تا ئێستا کتێبی هیچ شاعیرێکی کورد ئەوەندەی کار لەسەر نەکراوە. پێشەکیت بۆ نووسیوە. هەرچەندە بەبڕوای من کورتە و دەکرا پتری لەسەر بنووسی. ئەم جۆرە پێشەکی نووسینانە لەمێژە لە ئەدەبیاتی فارسدا بۆتە باو و ڕەنگبێ ئەوانیش لە ئەدەبیاتی ڕۆژئاوایان وەرگرتبێ. لە هێندێک بۆچوونیشدا ڕەنگە زێدەڕەویت کردبێ. بۆ نموونە هەر بەوەندەی باسی مۆسیقا لە شێعری خانادا هەیە مەرج نییە بیر بکەینەوە کە ئەو مۆسیقای زانیوە. چونکە باسی مۆسیقا لە شێعری نیزامیشدا هەیە و وێدەچێ لەوی وەرگرتبێ.

ڕەخنەیەکی ترم ئەمەیە سەرباسەکانت هەر بەفارسی هێشتوونەوە، دیارە مەبەستت ئەوە بووە ڕێز بۆ تێکستەکە دابنێی. بەڵام ئەو کەسەی ئەو سەرباسانەی نووسیوە فارسی باش نەزانیوە و هەڵەیان تێدان. براگیان! خۆ تۆ فارسی دەزانی تۆ خواکەی «تولّدشدن»تەعبیرێکی فارسانەیە؟

دیارە هەر دوو نوسخەی تێکستەکەت لەدەستدا بوون و زۆریش ئەمانەتت ڕەچاو کردووە. دەبوو کاتێک تووشی ناوی شوێن و مرۆڤان دەبووی چاوێکت بە خوسرەو و

شــیرینەکەی نیزامیدا گێڕابایە تا هەڵەکانی تێکستەکانت ڕاست کردبایەوە. من کە تووشی ئەم شــێعرەی خوارەوە هاتم سڵەمیمەوە. چونکە پێم سەیر بوو شاعیرێکی بەرزی خاوەن دەســەڵاتی وەک خانا لە خۆڕا و بێ ئەوەی پێویســت بێ قافیەی شــایگان لەکاربێنێ و شێعرەکەی پێ دزێو بکا:

هـــەر جـــە خـــوورڕەم کـــو تـــا ســـەرای بـــەغـــدا
نـــەقـــش گـــوڵ کـــەفتـــەن چـــون طـــوورەی طـــوغـــرا

چوومە سەر خوسرەو و شیرینەکەی نیزامی تەماشام کرد لەوێدا وا هاتووە:

زجـــرم کـــوه تـا میـــدان بغـرا
کشـــیده خط گـــل طُغـــرا به طُغـــرا

گومـــان لەوەدا نییە «خـــوڕڕەم» و «بەغدا» هەڵەی ئەو کەســـەن کـــە کتێبەکەی نووسیوەتەوە نەک هەڵەی شاعیر. ئەمجار ترسام و تووشی هەر ناوێکی گومان لێکراو ببام سەیرێکی فارسییەکەم دەکرد. دیارە ئێ دیکەشی تێدان وەک (مهستان) لەباتی (کهستان) کە دەزانی مانانیان تەواو دژی یەکترە.

فەرهەنگەکەی کارێکی باشە و گەلێک یارمەتی خوێنەر دەدا وشە فارسییەکانت ناتوانم بڵێـــم زۆر باش بەڵام بـــاش مانا لێداوەتەوە. لە دواییـــدا پیرۆزبایی ئەم کارە گرنگەت لێ دەکەم و هیوادارم خزمەتی گەورەتر بەئەدەبی نەتەوەکەمان بکەی.

برات هێمن، ١٩٧٦/١/١٢

ئەرکی بەیان لە هەلومەرجی ئێستادا

پاش برانەوەی شەڕی یەکەمی جیهانی، پاش لەبەریەک هەڵوەشانی دەوڵەتی عوسمانی کەمالیستەکانی تورکیا بە هەلەهەل و پەلەپەل تێ دەکۆشان خەڵکی وڵاتەکەیان فێری ڕێوشوێنی ئەوروپایی بکەن. توند بەگژ ڕێوشوێنی کۆندا چوون. جلوبەرگی نەتەوایەتییان لە هەموو گەلانی ئەم وڵاتە قەدەغە کرد. خەریک بوون وشەی بێگانە، بەتایبەتی عەرەبی لە زمانەکەیان وەدەرنێن، خەتیان گۆڕی.

کاریکاتۆرێکی ئەو سەردەمیم دیوە کارێکی هونەرمەندانەی زۆر سەیرە. کاریکاتۆریست، زەلامێکی تورکی کێشاوە، پیتەکانی (ص، ض، ط، ظ، ث، ذ)ی لە تێرێکی خستوون، سەریان لە تێرەکە دەرهێناوە، لە وشترێکی ناون، بە تێڵا لە وشتر ڕاساوە و تێی ڕاخوڕیوە «گێدن عربستانە!»

هونەرمەند هونەری نواندووە، هەستی خۆی دەربڕیوە، خەڵکی وەپێکەنین خستووە. بەڵام ئایا کارەکە وا بە هاسانی براوە؟ هەر کەس چ بڕ ئاگای لە نووسینی ئێستای تورکی بێ، ناچارە جواب بداتەوە «نەخێر».

ڕاستە خەتیان کردە لاتین و ئەم پیتانەشیان ناردەوە عەرەبستان. بەڵام هەرگیز نەیانتوانی ئەو وشانەی لەم پیتانە دروست دەکرێن لە زمانی خۆیان دەرباوێژن. پاش ماوەیەک هەڵسووڕ، داسووڕی شێتانە و تەپوتۆزی منداڵانە هاتنەوە سەر ڕەوتەکەی جارانیان. ئێستا نووسەرانی تورک بەزمانێکی تێکەڵاو دەنووسن. بۆ نموونە ئەم چەند

دێڕانە لە تازەترین ڕۆژنامەکانی تورکی دەرهێناون:

«اجتماعی عدالت تامین یاسایش ساغلام محیط یاراتماق ایچون عموم خلق کتلەلری متحدا چالیشمار ایدلار».

یا:

«سنین عشقی منی مجنون ایتدی. مشرق و مغربی سیراتیدم آخر داسنی سوییدم عزیزم». قسەی خۆمان بێ، دار و بەرد گوێی کەڕبێ، دوور لە ڕووی کەمالیستەکانی خۆپەرست ئەم دێڕانە بەتورکییێکی زۆر پەتی نەنووسراون! بەڵێ شاعیر و نووسەرەکانی تورک بەم زمانە تێکەڵاوە دەنووسن و ئی واشیان هەیە ناوبانگیان بە دنیادا بڵاو بۆتەوە و نووسینەکانیان بە زمانی زیندووی جیهان وەرگێڕدراون.

پان ئێرانیستی واش لە ئێران پەیدا بوون کە دەیانویست، بە فارسی پەتی بنووسن. ئەوانیش برێکیان تەپوتۆز کرد، بەم لاو ئەولادا هەڵسووڕان و گێچەڵیان نایەوە. بەڵام فارس گوتەنی: کسی تره برایشان خرد نکرد. «کەس بە ڕەی نەپێوان»، کەس گوێی نەدانێ، کەس لاسای نەکردنەوە. کەم کەس وێرای ئابڕووی خۆی بەرێ و ڕێبازی سەعدی و حافیز و نیزامی و مەولەوی بەربدا و وەشوێن چەند کەسی شێت و شووری بێ مایە و سەرلێشێواو بکەوێ، خۆیان پێ ڕانەگیرا و وەک بڵقی سەر ئاو پووچانەوە و ناویان لەنێو ناواندا نەما.

بیستوومە ئەفسەرێکی سیاسی ڕاپۆرتێکی زۆر گرنگی بەخەیاڵی خۆی بەفارسی (سرە) بۆ دوکتۆر موسەدیق نووسیوە، موسەدیق هەرچی خەریک بووە تێی نەگەیشتووە، لە پەراوێزی ڕاپۆرتەکەدا نووسیویەتی: «خواهشمندم کاملا عربی بنویسید».

ئێستا شاعیر و نووسەری فارسی وا هەن بەم زمانە تێکەڵاوە شاکارە ئەدەبییەکانی بێگانە دەکەنە فارسی و بۆخۆشیان شاکاری تازە و نوێ و پڕ نرخ و جوانی دەخوڵقێنن و نووسەری وەک: هیدایەت، عەلەوی، چوبک، ئەفغانی، ساعیدی و سەمەدیان لێ پەیدا دەبێ، شاعیری وەک بەهار، شەهریار، نیما، پەروین، سیمین و فروغ و شاملوو و نادر پوور و سوپهری کەلێنی شاعیرە گەورەکانی پێشوویان پڕ دەکەنەوە. بۆ ئەوەی بزانن فارسی ئەمڕۆ چۆن دەنووسرێ چاوێک بەم چەند دێڕانەی خوارەوەدا بخشێنن کە لە تازەترین ڕۆژنامەکان دەرهاتوون: «تفکیک و تقسیم اراضی کشاورزی ممنوع اعلام شد».

«مالیات خرید و فروش در اراضی بایر خارج از محدوده شهری بطور تصاعدی دریافت میشود. معاملات شرطی و رهنی زمین برای اخذ وام ساختمان یا فعالیت صنعتی از موسسات دولتی مجاز بلامانع اعلام شد».

ئەو کەسانەی عەرەبی دەزانن بەهاسانی دەتوانن وشە عەرەبییەکان لەنێو ئەم دێڕانەدا بدۆزنەوە. بەڵام ئەگەر فارسی نەزانن لە مانای ڕستەکان ناگەن. چونکە لەسەر ڕێزمانی فارسی داڕێژراون و وشە عەرەبییەکانیان لەنێو خۆدا جۆش داوە.

ئازەربایجانی، ئەفغانی، پاکستانی، تاجیک، ئۆزبەکستانی و بلووچیش هەر وا تێکەڵاو دەنووسن. عەرەبیش کورد گوتەنی «بازە دەشگری و بەریش دەدا ئەگەر دەبەخشێ وەریش دەگرێ». زۆر تەبیعییە هەموو گەلی دنیا دەبێ ببەخشێ و وەربگرێ و تا بژی و نەمرێ.

لەم نێوەدا تەنیا ئێمەین وەک کەڵی کۆتانێ لە مەیدان چەقیوین، چاومان لە هەوا بڕیوە، فیزمان ناهێنێ لە کەس وەربگرین و ئاگاشمان لێ نییە چۆنمان لێ وەردەگرن. نازانم ئەم فیز و هەوایە، ئەم بەرزە دەماخییە و ئەم لەخۆبایی بوونە، لە کام پلەمان هەڵدەدێرێ، نازانم کەی سەرەنگرێ دەبین؟ نازانم چمان بەسەردێ نازانم بەم حاڵە دەگەینە کوێ؟ هەر ئەوەندە دەزانم زیانمان زۆر لێ دەکەوێ و زۆر شتی جوانمان لە کیس دەچێ.

مێژووی ڕۆژنامەنووسی ئێمە زۆر لە گەلانی دەوروبەرمان بەجێ نەماوە، «کوردستان» یەکەم ڕۆژنامەی کوردی کە لە ساڵی ١٨٩٨ - ١٩٠٢ دا بڵاو بۆتەوە فەرقێکی ئەوتۆی دەگەڵ ڕۆژنامەکانی گەلانی هاوسێ و دەوروبەرماندا نییە. لە سەرەتای ڕۆژنامەنووسییەوە ڕۆژنامەنووسەکانی ئێمەش وەک ڕۆژنامەکانی تورک و فارسیان نووسیوە و پێیان شوورەیی نەبووە وشەی بێگانە لەکاربێنن.

ڕۆژنامەکانی سەردەمی شێخ مەحموودی نەمر کە لە سایەی ڕەنج و تێکۆشانی لاوی ڕۆژنامەنووسی زرینگ و پیتۆڵی کورد کاک جەمال خەزنەدارەوە سەرلەنوێ ژیاونەوە و ئێستا لەبەر دەستماندان، ئەو ڕاستییە بەتەواوی ڕوون دەکەنەوە.

پیرەمێردی نەمر ڕۆژنامەنووسی هەرە گەورە و شاعیری بەناوبانگی کورد لە «ژین و ژیان»دا ئارام و لەسەرەخۆ گۆڕانێکی باشی بەسەر نووسینی کوردی داهێنا. ئاگایانە و وشیارانە خەریکی بژارکردن و خاوێنکردنەوەی زمانەکەمان بوو وەستایانە وشەی عەرەبی و فارسی و تورکی لێ هەڵاوارد و وشەی ساکار و ڕەسەنی کوردی لەباتی ئەوان بەکارهێنا.

گەلاوێژ، گەلاوێژی گەش و بەرز، بە پرشنگی ڕوون و جوانی ئاسمانی ئەدەب و ڕۆژنامەنووسی کوردی ڕۆشن کردەوە، خەواڵووی ڕاپەڕاندن و شۆڕشێکی پیرۆزی ئەدەبی هەڵگیرساند. ڕێبازێکی ڕاست و ڕەوانی گرتەپێش، نووسەر و شاعیری پێگەیاندن و بەخەڵکی ناساندن و وەک درەختێکی بەبەر و سێبەر ڕەگاژۆی کرد و وەچەی وەک «نیشتمان» و «کوردستان» و «هەڵاڵە» و ڕۆژنامەکانی دیکەی سەردەمی کۆماری

کوردستان لە مەهابادێ دەرکردن.

ناڵێم ئەویش زۆر تەواو بوو، ناڵێم کەموکوڕی نەبوو، ناڵێم کە ئەویش شــتی بێ تامی تێدا چاپ نەدەکرا. بەڵام دەتوانم بڵێم ئەگەر ئەو ئەســتێرە گەشــە وا زوو ئاوا نەدەبوو تووشی ئەو شەوەزەنگە نەدەبووین کە سەرەدەری تێدا ناکرێ.

بەداخەوە ئەو تەپ و تۆزەی کە پاش شــەڕی یەکەم لە تورکیا و ئێران هەســتا و لەو وڵاتانە خۆی نەگرت. پاش شــەڕی دووەم ڕووی لە کوردســتانی عێــراق کرد، ڕووی لەو پارچەی نیشتمانەکەمان کرد کە تا ڕادەیەک دەرەتانی کوردی نووسینی لێ هەبوو. لەوێدا وەستا، نەڕەوی، نەڕەوی و مەیی تا ڕۆژی ڕووناکی لێ کردینە شەوەزەنگ. شەوە زەنگێکی تاریک و تنووک و ئەنگوست لەچاو.

پیــاوی بێ مایە و لەخۆبایــی دەرفەتیان هێنا و قەڵەمیان فڕێ دا و ڕۆبوونە (بنووس) و (پێنــووس) و (کتێب)یان دڕاند و (پەرتووک)یان بۆ لەبن هەنگڵ نان. کاغەزەیان بەدەم بادا دا و (تیانووس)یان خســتە بەردەس. شێعریان بەدرۆ و هەڵبەست زانی و هەزار ناوی ســەیر و سەمەرەیان لە شــاعیری کلۆڵ و چارەڕەش نا، تا ئاخرەکەی بەهەستیاری برای بیســتیاری ئامۆزای هەقــی کەمتیار دەرچوو. قافیەیان بەتەنگی زانی و (ســەروا)یان پێ بەراوەڵاتر بوو. لە قانوون دەرچوون و یاســای چەنگیزخانی مەغوولیان بۆ خۆیان بەڕاست زانــی. چونکە پۆلیس خزمەتی خەڵکــی نەدەکرد (حەیتە ...)یان بۆ ڕاژەی گەل هەڵبژارد. ئیمزایان نەخوێندراوە و (واژوو)ی پیرۆزیان لێ دا.

هەرکەس لەبەر خۆیەوە دەســتی کرد بەوشە داتاشین و هەرچی بەقەڵەمی چەپرەکی داهات نووسی. بێ ئەوەی هەست بە بەرپرسی مێژوویی بکا. بەتایبەتی پاش ئەوەی رادیۆی کوردی لە ئێران و عێراق دامەزران، سەرلێشــێواوی پتری پەرەگرت، نووســەری بەرنامەی کوردی ناچارە تەرجەمەی دەقاودەق بکا. ناچارە ئەوەی بۆی دەنووســن موو بەموو بیکا بەکوردی. بۆیە شتێکی لێ دەردەچێ کە کەس نازانێ چییە؟ من بەش بەحاڵی خۆم وەبیرم نایە جارێکیش گوێم دابێتە دەنگوباســی ئەم ڕادیۆیانە چونکە هەر چۆنێک بێ لە فارســی و عەرەبی و تەنانەت تورکی باشتر تێ دەگەم تا ئەم زمانەی پێی دەڵێن: کوردی!!!

هەرچەند لەم ســاڵانەی دوایی خەڵک وشــیار بۆتەوە و تەنووری نەزانانی لە خۆبایی دامــرکاوە و بازاڕی بێ چاوڕوویی ئەوان لە برەو کەوتووە و ئیتر نووســەرە لاوە خاوەن بەهرەکان بەشــوورەیی دەزانن ڕەوتی مامۆســتایانی نەزان هەڵگرن و ئەم وشە ناڕەسەنە دزێوانە لەکاربێنن. بەڵام داخی گرانم هێشتا بەتەواوی فڕێ نەدراون و جاروبار لەلایەک سەر هەڵدەدەنەوە. ڕاستیان گوتووە، بەردێک شێتێک لە چاڵاوی باوێ بەسەد ئاقڵ نایەتەدەر.

لەمێژ بوو بەئاواتەوە بووم شێعرێکی نوێی خۆش بخوێنمەوە، دەزانن ماوەیەکە شێعری شاعیرە لاوەکانمان ئەوەندە وێک دەچن کە پیاو تەنیا بەئیمزای شاعیر لێکیان دەکاتەوە. زۆربەیان بە (ئازیزەکەم) (دڵدارەکەم!) (خۆشەویستەکەم!) دەس پێدەکەن و ئەم وشە ناسک و جوانانە ئەوەندە دووپاتە کراونەوە، پیاو چ چێژی خۆشیان لێ ناکا. تا ماوەیەک لەمەوپێش وا بزانم لە (هاوکاری)دا بوو شێعرێکم خوێندەوە هەرچەند هەر لەسەر ئەم تاقە کێشە بوو کە ئێستا باوە و بۆتە (بەیتی بلە و نابڕێتەوە) و ئەگەرچی دیار بوو، شاعیر لاوە، بە پەلەیە، کەم ئەزموونە، بەڵام شێعرێکی جوان و ساکار و پڕ لە سۆز و هەست بوو. هەر دێڕێکم دەخوێندەوە هەزار ئافەرینم بۆ شاعیر دەنارد، ڕۆڵەم! چاوم! کەسی مامی! و شتی وام لە زاری دەردەپەڕین.

دەمگوت: ئۆخەی ئەگەر شاعیری وامان هەن کە ڕستەی «پێمان خاوس بێ» دەکەنە قافیە، ئی واشـمان هەن کە مایەی هیوای دواڕۆژن. لەپڕ وەک گۆزێک ئاوی سـاردم پێدا بکەن ڕاچەنیم، تێکڕا بووم، نەشەکەم شکا. خاوبوومەوە. نازانم ئەم شاعیرە خۆشەویستە چۆنی بێز هاتبوو وشـەی داتاشراوی ناشیرینی ئێسکگرانی وەک «پەرتووک» بخاتە نێو شێعرەکەیەوە؟

نازانـم بۆ بیـر ناکەینەوە، ئێمەمانان کە خۆمان دەکوژیـن زامی ڕەش دەکەین، ئاوی چاومـان ڕۆ دەڕژێ تا شـێعرێکی بەکـوردی دەڵێین. بۆچی ناوبانگمـان لە چوارچێوەی شـارەکەمان دەرناچێ. بەڵام ئەحمەدی خانی، کە پێویسـتمان بە قامووسـی عەرەبی و کوردی و فارسـی هەیە تا بتوانین شـێعرە گران و قووڵ و جوانەکانی سـاغ بکەینەوە تا ئێستا مەم و زینەکەی بەچەند زمانی زیندووی جیهان تەرجەمەکراوە؟

ئەگەر هێندێک کەسـی نەخوێندەواری ساویلکە، بەڵام پاک و بێ فێڵ، هەستی توندی نەتەوایەتی و بیروڕای چەوت و نەزانانەی سیاسی، تووشی هەڵەی کردن و ئەم تەپوتۆزەیان بەرپاکرد. پیاوی فێڵاوی و خۆپەرست و تەنانەت ناپاکی وا هەبوون کە زانیمان فارسی زانی باش لە کوردستانی عێراق کەم بوون. لە فەرهەنگە کۆنەکانی فارسی گەڕان و وشەی سواو و لەکارکەوتە و فەرامۆشـکاری فارسییان لەنێو قامووسـە کۆنەکاندا دۆزییەوە و نابەجێ لەکاریان هێنان.

دیارە من پێم وا نییە ئەگەر نووسەرێکی ئێمە لەکاتی پێویستدا بۆ دەربڕینی مەبەست وشـەی بێگانە لەکاربێنێ قیامەت ڕادەبێ، دنیا بەقوڕ دەگیرێ، پردی سـیرات دەپسێ و ڕووگە وەردەگـەڕێ. بەڵام خۆ فریودان و خەڵک فریودان بە گوناهێکی گەورە و تاوانێکی خراپ دەزانم.

ئێمە نابێ گوێ بدەینە شۆوینستەکانی فارس کە دەڵێن کوردی شێوەیەکی فارسییە، بۆ خۆمان دەزانین زمانەکەمان زمانێکی سەربەخۆیە و ناترسین و نایشارینەوە کە خزمایەتی دەتەک فارسیشدا هەیە. زۆر باش دەتوانین وشەی فارسی وەربگرین وەک ئەوان کە لە وەرگرتنی وشەی کوردی و هیچ زمانێکی دیکە سڵ ناکەن. بەڵام هەق نییە لەباتی وشەی مەزن و گەورە، زەلام، زل، وشەی «بزرگ»ی فارسی بنووسین. یا لەجیاتی، جوان، چەلەنگ ، دەلال و شەنگی خۆمان. وشەی «قەشەنگ» لە کاربێنین کە تورک و فارس کێشەیان لەسەر هەیە.

جگە لەوە ئەگەر پێویست بێ وشە وەربگرین، بۆ چی واز لەو وشانە بێنین کە لە مێژە تێکەڵی کوردی بوون و لە کوردەواریدا بوونە باو و وشەی نامۆ بکەینە باو. لێتان دەپرسم. دنیا، قەڵەم و غەزەلی عەرەبی، زیاتر بوونە کوردی یا گێتی، خامە و چامەی فارسی، سەیر ئەوەیە فارسەکان بۆ خۆیان پتر، وشە عەرەبییەکان دەکاردێنن بەبڕاوی من فڕێدانی ئەو وشانەی لە کۆنەوە تێکەڵی کوردی بوون و نەخوێندەوار دەیانزانی کارێکی خۆڕاییە. ڕەنگە بەکوردێکی نەخوێندەوار بڵێی سەماوەر ڕووسییە و تەمانە ئینگلیزییە تێر و پڕ پێبکەنێ. کام کوردی نەخوێندەوار دەزانێ پێنووس و بنووس و خامە بەقەڵەم دەگوترێ و پەرتووک کتێبی مەلایە؟ خۆ باسی تەرخان و قاچاغ و ئاغا و خان و خانم و بیگ و بیگمی مەغوولی هەر نەکەین باشترە.

وشەی وا هەن ڕاستە زۆر بەڕەسەن کوردی نین. بەڵامماڵی کوردن چونکە نەخوێندەوار دەیانزانێ و لێیان حاڵی دەبێ و بشمانەوێ لەبیریان ناچێتەوە.

بەڵای لە وشە داتاشینی نەزانانە کوشندەتر، ڕستە داڕشتنی هەڵەیە، ئەوەیان پتر جێگای مەترسییە. چونکە ڕێزمانەکەمان دەشێوێنێ. بژار کردنی وشەی ناڕەسەن گران نییە بەڵام هێنانەوە سەرەخۆی ڕێزمانی شێواو، ئەستەمە، دژوار بەڵکو ترسناکە.

دیارە ئەدەبی خۆمان ئەوەندەی خزمەت نەکراوە و پەرەی نەگرتووە کە هەستی فێربوونی ڕووناکبیر و خوێندەوارانی کوردی عێراق ڕازی بکا. ناچارن لە ڕێگای زمانی عەرەبییەوە فێربن و زانستیان بەرەو ژوور بەرن بیانەوێ یا نەیانەوێ دەکەونە ژێر تەئسیری زمانی عەرەبییەوە. بۆیە کاتێک دەنووسن ڕستەکان وەک عەرەبی دادەڕێژن. یا باشتر بڵێم بەعەرەبی بیردەکەنەوە و بەکوردی دەنووسن. ڕستەی وا دەبینم هەموو وشەکانی کوردی ڕەسەنن کەچی تێی ناگەم. چونکە لەسەر ڕێزمانی زمانی عەرەبی داڕژاوە. ئەویش زۆر لە ڕێزمانی کوردی دوورە. لەم ڕستانەی خوارەوە وردبنەوە کە هەموویانم لە وتارە پەسندکراوەکانی ئەم گۆوارە دەرهێناون، کارتان بەوە نەبێ کێ نووسیونی بزانن ڕاست

نووسراون یا ناڕاست:

«وە کاتێک مرۆڤ جێگایەک بۆ خۆی دەگرێ لەناو ئەو جیهانە زەمانییەوە».

«لەبەر ئەوە سەرنەکەوتوون لە هیچ شتێکا لەم بارەیەوە».

«لەو کاتەوە مرۆڤ توانی لە دوورەوە بەکاروباری خۆی هەڵسێ».

«بەخێرایی بوونی مرۆڤ دەرچوو لە دەور و پشتی ئاژەڵی».

«کەڵکی چییە ئەو هەموو باسکردنە لەسەر زمانە».

زۆر ڕستەی لەوانەش شێواوترم دیون کە ئەگەر ڕیزم کردبان جێگایان زۆر دەگرت.

تەنانەت وتارێکم هەر لەم گۆڕارە خۆشەویستەدا خوێندۆتەوە کە بەشی هەرە زۆری پاراگرافەکانی بە (وە) دەس پێ دەکەن کە بە هیچ جۆرێک دەگەڵ ڕێزمانی کوردی ناگونجێ.

تا ئێستا هەر زامم دەسنیشان کردوون و دەرمانم بۆ نەدۆزینەوە. بەڕاستی ئەگەر دەرمانێک بۆ ئەم دەردانە نەدۆزینەوە. هەر وا دێن وەبن دەدەن و تەشەنەی دەکەن و دەبنە تێراوی و بەهەزار شەخس و شێخ و پیر چارە ناکرێن.

بەبڕوای من نووسەری ئەمڕۆی کورد دوو ئەرکی لەسەر شانە و دەبێ هەر دووکی لە پێش چاو بێ. یەک نووسینی شتی چاک و پاک و جوان و بەکەڵک. دوو پاراستنی ڕێزمان و بووژاندنەوەی و بژارکردن و پەرەپێدانی زمانی کوردی. دیارە کەسانێکی بەزمانە زیندوو و خزمەت پێکراوەکان، کە قامووسی گەورەیان هەیە دەنووسن ئەرکی دووەمیان لەسەر شان نییە. بۆ بەجێگەیاندنی ئەرکی یەکەم من وەرگێڕانم پێ باشترە. بەتەرجەمە هەم شاکارە ئەدەبییەکانی جیهان دەکەینە کوردی و هەم مەیدانی بەرفراوانترمان لەبەر دەس دایە و دەرفەتمان هەیە خزمەتی زمانەکەمان بکەین و بیری خەڵک ڕووناک بکەینەوە. بۆ بەجێگەیاندنی ئەرکی دووەم دەبێ بەهەموو هێزمانەوە تێ بکۆشین ڕێزمانەکەمان بپارێزین، وشەی ڕەسەنی کوردی بەکاربێنین، وشەی داتاشراو فڕێ بدەین. لەبەر خۆمانەوە وشە دانەتاشین. لە شێوەی شار و نیشتمانی خۆماندا گیر نەخۆین، لەهەر شێوەیەکی کوردیدا وشەی جوانتر و سووکترمان وەپێش چاو هات هەڵی بژێرین. لەبیرمان بێ وشەی کوردی هەتا کورتتر بێ خۆماڵیترە. بۆ ئەوەی ڕستەکانمان کورت بن هەتا دەتوانین (واوی عطف) کەمتر بەدوای یەکدا ڕیز بکەین. لەکاتی پێویستدا لە بەکارهێنانی وشەی بێگانە نەترسین. لە نووسیندا بەپەلە نەبین کەم بنووسین و باش بنووسین. هەرچی نووسیمان بەجارێک و دووجار لە کۆڵی نەبینەوە. چەند جار دەس تێ وەردەین لەپێش ئەوەی نووسین بۆ چاپ بنێرین، پێمان شوورەیی نەبێ بەچەند کەسی لێزان و پسپۆڕی نیشان بدەین. ڕەخنە و

تێبینی دۆستانەی ئەوان قبووڵ بکەین. خۆپەرەست و بەفیز و بەرچاوتەنگ نەبین، لە خەڵک فێر بین و بۆ خەڵک بنووسین. ئەوەی بۆ چاپمان نارد ئەگەر دەسکاری باش کرا ئاگر نەگرین. ئەگەر جارێک بڵاو نەکرایەوە ناهومێد نەبین، چاومان نەچێتە پشت سەرمان، بەرقدا نەچین و دەس لە تێکۆشان و نووسین هەڵنەگرین. ئەرکی سەرشانی هەموومانە بۆ بووژاندنەوەی ئەدەب و خزمەتی زمانی کوردی تێ بکۆشین.

بەڵام ئەرکی بەیان لە هەلومەرجی ئێستادا چییە؟

١ - تێ بکۆشین پاک و خاوێن و بێ غەڵەت چاپ بکرێ.

٢ - کورتە چیرۆکی باش و وتاری بەکەڵک و چاکی ئەدەبی و کۆمەڵایەتی و زانستی و مێژوویی و رەخنەی بێ غەرەز و دۆستانە بڵاوکاتەوە.

٣ - زانایان هان بدا شتی باش لە زمانەکانی بێگانەوە وەرگێڕنە سەر کوردی.

٤ - وتاری هیچ نووسەرێک بۆ خاتری جێ و پایە و ناوبانگ و دۆستایەتی بڵاو نەکاتەوە. خوێنەر ڕازیکردن باشترە لە تۆراندن و دڵ یەشاندنی گەورە پیاوێکی شتی باش یا کوردی ڕەوان نانووسی، خزمەتی گەل لە خزمەتی تاقە کەسێک چاکترە.

٥ - پاراستنی زمانی کوردی لە هەموو حاڵێکدا لەبەرچاوبێ و بەگرنگی بزانێ.

٦ - هەموو وتارێکی سەرلەنوێ بەئیملایەکی یەکدەست بنووسێتەوە جا بیاننێرێتە ژێر چاپ و خەڵکی لە پاشاگەردانیی ڕێنووسی کوردی رزگار بکا.

٧ - لە لاپەڕەی دوایی هەر ژمارەیەکدا چەند شت هەڵبژێرێ و داوا لە زانایان بکا تەرجەمەی بکەن و باشترینیان چاپ بکا. هەروەها هێندێک مەوزوعی خۆمانە بەگرێو دابنێ تا نووسەرەکان لەسەری بنووسن و جوانتریان هەڵبژێرێ.

لە هەمووان گرنگتر ئەوەیە دەستەیەک لە زمانزانەکان پێک بێنێ، ئەگەر بکرێ خەڵکی ناوچە جۆربەجۆرەکانی کوردستان بن، تا ئەم نووسراوانەی دەستەی نووسەران لەباری نێوەڕۆکەوە پەسندیان کردوون لەباری زمانەوە تەماشا بکەن و ئەگەر پێویست بوو دەسکاری بکەن. پێم وایە ئەم کارانە زۆر گران نەبن. بەڵام زۆر بەسوود دەبن. بێگومان ئەگەر نووسەرەکانمان بزانن نووسینەکانیان ئاوا لە بێژینگ دەدرێن و تەتەڵە دەکرێن، بەسەرنجەوە دەنووسن.

مامۆستای شاعیرانی موکریان

وەک ئاگام لێ بێ بەســەرهاتی ئەم شــاعیرە مەزنە لەلایەن لاوێکی زانا و ئەدەبدۆست و لێزانەوە بەدوور و درێژی نووســراوە و شــێعرەکانی بەوردی شی کراونەتەوە و نەخشی بەرچــاوی ئەم گەورە پیاوە لە ئەدەب و سیاســەتی نیوەی یەکەمی چەرخی بیســتەمدا، بەتەواوی ڕوون کراوەتەوە. با ئەم نووســراوەش جارێ چاپ نەکرابێ و بڵاو نەبووبێتەوە. من لەخۆم ڕانەدی لەم بارەدا بۆ خاتری دوو شــت چ بنووســم. یەک نەمویست ڕەنجی ئەو بەفیڕۆ بدەم، دوو، من لەو بابەتە نووســینەدا شارەزانیم. لەم بڕوایەدام هەر کارێک دەبێ پسپۆڕی خۆی بیکا.

هەتاو هەروا لەبن هەوردا نابێ، کورد هەر وا بەبێ بەشــی و چارەڕەشــی و لێقەوماوی ناژی. ئەویش هەر وا بەنەناســیاوی نامێنێتەوە ڕۆژێک هەر دێ دیوان و بەسەرهاتی چاپ بکرێ و لەنێو نەتەوەکەیدا باشــتر بناسرێ و تەنانەت پەیکەریشی بۆ دروست بکرێ. هەر ئەوەندەم ویست چەند نموونە لە شێعرەکانی بخەمە پێش چاوی خوێنەران.

بەشــانازییەوە دەڵێــم من بەمێرمنداڵــی و لاوەتی زۆر جار ئەم شــاعیرە مەزنەم لە نیزیکەوە دیوە. لە قســە خۆش و جوان و بەتامەکانی، لە شــێعرە بەرزەکانی لە پەند و ئامۆژگارییە بەنرخ و بەسوود و دڵسۆزییەکانی گەلێکم کەلک وەرگرتووە.

بەش بەحاڵی خۆم و پێم واشــە بەهەڵە نەچووم. ئەم شاعیرە بەمامۆستای شاعیرانی نیوەی یەکەمی ئەم چەرخەی کوردستانی ئێران و بەتایبەتی مەڵبەندی موکریان دەزانم.

شـــاعیرەکانی پێش ئێمەی موکریان وەک شێخ ئەحمەدی سریلاوا و دوکتۆر شەوقی و خاڵەمین و ســـەید کامیل، ئەگەر نەشڵێن بیری نەتەوایەتی لەوی فێر بوون و جووتیاریان لەوی وەرگرتووە. ئێمەش شـــاعیرەکانی پاش ئەوان وەک هەژار و عەتری گڵۆڵانی و هێمن پەیڕەوی ئەوانمان کردووە و دیارە شـــاعیرەکانی لاویش وەک سوارە و هاوار و مەحموودی و مەلا غەفوور، ئەم ڕێڕەوەیان بەرنەداوە.

ئەبولحەسەنی سەیفی قازی کوڕی میرزا قاسمی قازی براچوکەی میرزا فەتتاح و قازی عەلی و مامی پێشـــەوا قازی موحەمەدی نەمر و ســـەدری قازی شـــەهید و باوکی حەمە حوســـین خانی نەبەز و تێکۆشـــەر بوو. گـــەورە پیاوێکی زانـــا و ڕووناکبیر و خوێندەوار و کارامـــە و بەئەزموونی موکریـــان بووە. زیاتر خەریکی کاری سیاســـی و کۆمەڵایەتی و کشتوکاڵ و مڵکداری بوو. سووفی و دڵتەڕ بوو، شاعیری پیشەی هەمیشەیی نەبوو. کەچی لە ڕیزی شـــاعیرە هەرە بەرزەکانی کورد دەژمێردرێ، جگە لە زەوقی شاعیری، کۆمەڵناس و مێژووزان بوو.

لە شـــێعری دڵداریدا کە کەمی بەدەســـتەوە هەن، شـــاگردی قوتابخانەی شاعیری بێ وێنەی، پایە بەرزی، هەڵکەوتـــەی کورد (نالی) بووە. ئەگەرچی غەزەلە تەڕ و پاراوەکانی ناگەنە غەزەلی نالی بەڵام بەڕاشکاوی دەتوانم بڵێم شاگردێکی باشی ئەم قوتابخانەیە و زۆر کەمتر لە شـــاعیرەکانی دیکەی لاسایی کردنەوەی لە شێعردا هەیە، پێشینیان گوتوویانە: «لە شـــێر ترسان عەیب نییە» شـــاگردی باشی نالی بوونیش پایەکی کەم نییە. نالی لەو ئەســـتێرە پڕشـــنگدارانەیە کە هەر بەچەند چەرخ جارێک ئاسمانی ئەدەبی گەلێک ڕووناک دەکەنـــەوە و نموونەیان لەنێو هەموو گەلێکدا هەیە. مەرج نییە هەموو کەس وەک من بیر بکاتەوە. ئەمما منیش بۆم هەیە بڵێم هەرچەند پاش نالی گەلی ئێمە شاعیری زۆر بەرزی هەبوون. بەڵام هێشتا لەنێو کورددا شاعیرێک هەڵنەکەوتووە جێی نالی پڕ بکاتەوە، مەگەر دایکی نیشـــتمان لەدواڕۆژدا ڕۆڵەیەکی وا شـــیرین و نـــازدار و بلیمەتێکی وا گەورە و بێ وێنە لە ئامێزی خۆیدا پەروەردە بکا. بەڵام شـــاگردی باشی نالی بوون هونەرە. سەیفیش بەشاگردێکی گەورەی نالی دەناسم کە قوتابخانەکەی بەهۆی حەریق لە موکریاندا بۆتە باو. سەیف هاودەم و دۆست و شاگردی حەریق بووە.

سەیفی قازی لە شـــێعری نیشتمانی و شۆڕشگێڕانەشـــدا یەکەم شاگردی قوتابخانەی شاعیری نەمر فەیلەسووفی زانا و ڕووناکبیری کورد حاجی قادری کۆیی بووە. لە مەڵبەندی موکریان شاعیرێک ناناسین پێش ئەو شێعری نیشتمانی، ئەویش ئەوەندە حەماسی دانابێ.

سەیفی قازی خۆی قوتابخانەیەکی نوێی لە ئەدەبی کوردیدا کردۆتەوە. بەیەکەم شاعیری کوردستانی دەناسین کە بای داوەتەوە سەر ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی و بەزمانی زەحمەتکێشان و ڕەنجبەرانی لادێ شێعری گوتووە. تێکۆشاوە تەعبیری ناسک و ڕەسەنی کوردانە لە شێعری ساکار و ڕەوان و جوانی خۆیدا بگونجێنێ. وشەی پەتی و ڕەسەنی کوردی لە کاربێنی و زمانەکەمان بەچەشنێکی وەستایانە و شارەزایانە بژار بکا و وشەی بێگانە و نامۆی لێ دەرباوێژێ و بەشایەدی هەموو زمانناسێک لەم کارە بەنرخ و بەکەلکەدا زۆر سەرکەوتووە.

ئەم شاعیرە بەرزە بڕوای وا بو و بڕوایەکی ڕاستیش بوو، کە دەبێ وشەی پەتی و ڕەسەن لە دێ و لە نەخوێندەوار فێربین و کێشی شێعر لە فۆلکلۆری کۆن وەرگرین و تەعبیر و ئەزموونی کوردانە بەکاربێنین. بەڵام دەیگوت ئەم وشە بێگانانەی لە کۆنەوە لە کوردیدا جێگای خۆیان گرتووە و نەخوێندەوار تێیان دەگا تازە بوونە کوردی و هەق نییە بیانگۆڕین یا وەدەریان نێین. ئەو دوژمنی بێ ئامانی وشە داتاشینی ناشیانە بوو و ئەو ناشیانەی لە خۆوە نەزانانە، وشە دادەتاشن بە دوژمنی زمانی کوردی دەناسی. لەم ئاخرانەدا کە هێشتا مابوو و وشە داتاشین ببووە باو. بۆ ئەوەی تووڕەی بکەی بەس بوو کە وشەیەکی داتاشراوی ناڕەسەنی نیشان بدەی و بۆ ئەوەی خەنی بکەی دیسان بەس بوو وشەیەکی ڕەسەنی کوردی بۆ بدۆزیەوە. تەنیا ڕەخنەیەکی لەباری زمانەوە لێی دەگیرێ ئەوەیە کە هەر لە لەهجەی موکریاندا زۆر شارەزا بوو و لەبەر نەبوونی قامووسێکی کوردی کەمتر ئاگای لە وشە جوان و ڕەسەنەکانی شێوەکانی دیکەی کوردی بوو.

قوتابخانەی سەیفی قازی لە کوردستانی ئێران بەتایبەتی لە موکریاندا شاعیری ئەوتۆی پێگەیاندن کە زۆریان بەمامۆستای گەورە ناسراون و لە مامۆستاکەیان تێ پەڕاندووە. بەڵام هەقی مامۆستایی بەسەریانەوە هەیە، چونکە ئەگەر ئەو ئەم ڕێچکەی نەشکاندبان دیارە هەر لەسەر ڕێبازی وەفایی و ئەدەب و حەیدەری و ئەو جۆرە شاعیرانە دەڕۆیشتن کە لەباری زمانەوە پڕن لە وشە و تەعبیری بێگانە. دیارە کارم بە پلەوپایەی شاعیرانی هاوچەرخی ئەو نەداوە بەڵکو مەبەستم ئەوەیە ئەوان بۆ بووژاندنەوەی زمانەکەمان هەوڵێکی ئەوتۆیان نەداوە.

بەڵام سەیفی قازی بەخۆی و شاگردەکانیەوە لە ژیاندنەوە و بووژاندنەوەی زمانی کوردیدا نەخشێکی دیار و بەرچاویان هەیە.

تا ڕادیۆ چەپرەکەکانی کوردی بەوەرگێڕانی ناپوخت و دزێو و وشە داتاشەکانی

شارنشـــین و خۆپەرەســـت، بە داتاشینی وشـــەی ناشـــیرین و ناڵەبار و ناڕەسەن زمانی کوردییان وا شـــپرێو و شپرزە نەکردبوو. قوتابخانەی ســـەیف خزمەتی بەکەڵکی بەزمانی کوردی کرد. وێســـتاش لە موکریاندا شـــاعیر و نووســـەری وا هەن ڕێبـــازی ئەویان هەر بەرنەداوە و پەرەیان پێ داوە.

ئەوەش چەند نموونە لە جۆرەکانی شـــێعری ئەم شاعیرە کە پێم وایە ناتەواوییان تێدا هەیـــە. بەڵام لە دوور وڵات هەر ئەوەندەم بۆ پەیدا بوو بەهیوای ڕۆژێک کە دیوانی تەواوی چاپ بکرێ.

کوردینە

کـــوردینـــە! تـــا کـــەی ئێمـــە لـــە شـــاخان میســـالی دێـــو
بێیـــن و بچیـــن و بـــۆمـــە نـــەبـــێ قـــەت خـــودان و خێـــو
خـــەڵکـــی هەمـــوو لـــە شـــار و لـــە باخـــانـــە کەیفخـــۆش
ئێمـــە بـــڵاو و بـــێ ســـەرە ماویـــن لـــە دەشـــت و کێـــو
بـــۆ وانـــە هـــەرچـــی جوانە، لە جـــێ، دێ لـــە ژن، لە ماڵ
هـــەر شـــاخ و داخـــە بۆمـــە کـــوڕی ڕەش، کچـــی دزێـــو
بـــۆ ئاســـمان دەڕۆن و لـــە بـــەحـــرا دەکـــەن ســـەفـــەر
هـــەر هـــەردە نیشـــتەگاهی مـــە، ســـەنعاتـــە وەرد و شـــێو
ڕەشـــماڵـــە مـــاڵ و کـــەشـــک و پەنیـــرە مـــەتاعـــی مـــە
قەســـر و ســـەرایی خەڵکـــی دێیـــە پـــڕ لـــە زێـــڕ و زێـــو
هـــەر میللـــەتێـــک لـــەلاوە هـــەقی خـــۆی بـــەدەســـتەوە
کـــوردێـــک کـــە ســـەر هـــەڵێنێ دەڵێـــن بـــۆتە ســـەریـزێـــو
بـــۆ چمانـــە مـــاڵ و ســـەر کـــە لەســـەر ســـەرووەری نەچـــێ
کـــوڕ نابـــێ قـــەت بترســـێ لـــە زینـــدان و دار و چێـــو
گـــوردانـــی کـــوردەکان بـــەخـــودا ڕۆژی غیـــرەتـــە
دەســـدەنە خـــەنجـــەران و پیـــاوانـــە وەرنـــە نێـــو

سەرچوونی تەخت ڕۆینی سەرداری پێ دەوێ
خۆشیمە لەو شەهادەتی شێخانە نێو بە نێو
فیکری لە حاڵی خۆکەن و بگرین بەحاڵی خۆ
شاهان بەمەحوی ئێمە دەبەستن گرێ و گرێو
ئەو ژینی بەو زەلالەتە بۆچمانە چاوەکەم!
بمرین لە ڕێی نەجاتی وەتەن با بەنێر و مێو
تا کەی لە باخی خەڵکی بەزیزی و بەملکەچی
خۆشە لە باخی ملکی چینی هەنار و سێو
هەرچی دەبێ بڵا ببێ حەق هەر حەق «حەسەن»
نینە لە ڕێی وەتەن خەمی دەرکردن و جنێو

ئەمە نموونەی شێعری نیشتمانی و شۆڕشگێڕانەیەتی وا دیارە شینی بۆ شەهیدانی کوردستانی تورکیا گێڕاوە. جگە لەوەی زۆر پڕ سۆزە، زۆریش هاندەرە. ئاشکرایە وەک پیاوێکی سیاسی و پسپۆڕ لە گرێکوێرەی مەسەلەی کورد گەیشتووە و ئاگای لە فێڵ و دەهۆی دوژمنان بووە، بەو حاڵەوە نەتەوەکەی بۆ خەبات هان داوە. ئامۆژگارییەکانی لە بنەماڵەی نیشتمانپەروەری خۆیدا پتر کاریگەر بووە. وەک دەزانن جگە لە دوو برازا و کوڕێک، چەند خزمی زۆر نیزیکی لە عەشیرەتی بەگزادەی فەیزوڵڵابەگی لەپێناوی ڕزگاری کوردستاندا چوونە سەردار و بوونە قۆچی قوربانیی ئازادیی گەلی کورد. ئەمەش نموونە شێعری ئاشقانە و دڵداری سەیفە و دیارنییە کەی گوتراوە، شێعرناس دەزانێ چەن وردەکاری شاعیرانەی تێدا بەکار هاتووە و وشەی چەن ڕەسەن و جوانی کوردی تێدایە و قافیەیەکی هەڵبژاردووە وەک قافیەی شێعرە نیشتمانییەکەی ڕەنگبێ پێش ئەو هیچ شاعیرێکی کورد خۆی لێ نەدابن.

داوەڵی دڵ

دایـــم دڵـــم بـــەنـــاڵـــە و زاری و فیغـــــان دەڵـــێ:
خـــۆش بـــەو شـــەوە کـــە ڕۆژی ڕوخـــی دڵبـــەرم هـــەڵـــێ
زولفـــــت وەلادە ڕووت بنـــــوێنـــــە بـــا دەفعـــەیـــە
شـــەو ڕابـــڕێ، ســـتارە نـــەمێنـــێ، قـــەمـــەر هەڵـــێ
تفڵـــــی دڵـــم گـــڕووی شـــەکـــەری لێـــوی گـــرتووە
بـــەو زولفـــی میروەحـــەت مەکـــە مەنعـــم لـــە شـــەهدی لێـــو
تفڵێکـــــە دڵ زەعیـــــف و دەتـــرســـێ لـــە داوەڵـــێ
ئەو قافیـــەت بـــەســـانی دڵـــی مـــوددەعـــی حـــەســـەن
تـــەنگە، درەنگـــە، مـــەیلی بـــەجـــەنگە، هـــەڵـــێ، مـــەڵـــێ

شـــاکاری هەرە بەناوبانگی سەیفی قازی بەڵکو یەکێک لە شاکارەکانی شێعری کوردی پارچە شـــێعری زســـتانە، بەشی زۆری کوردستان زۆزان و ســـارد و بەفرگرە، کەچی کەم شـــاعیری کورد دەناسین وەســـفی زستانی کردبێ. مامۆستا لەم شـــێعرەدا تابلۆیەکی لە زستان و لە ژیانی لادێ نشین و ئاژەڵدار و زەحمەتکێشانی کورد کێشاوە کە بێگومان بێ وێنەیە. جگە لەوە بەزمانێکی سادە و ڕەوان و لادێیانە گوتراوە و فەرهەنگۆکێکە لە وشەی ڕەســـەن و پاکی کوردی، پڕە لە ئامۆژگاریی سیاســـی و کۆمەلایەتی و تەنانەت ئابووری بۆ زەحمەتکێشـــان و دێنشـــینانی کورد. وردبوونەوە لەم شـــێعرە بۆمان ڕوون دەکاتەوە، شـــاعیر چەن ڕووناکبیر و ئازادیخواز و کۆمەڵناس و گەلپەروەر بووە. سەیر ئەوەیە سەیف خۆی لە چینی تەسەل و دەوڵەمەند بوو و لە کشتوکاڵ و مڵکداری و دار چەقاندن و ماڵ بەخێوکردندا ناوبانگی ئێستاش هەیە و شوێنەوارەکانی هەر ماون، کەچی دەبینین شارەزای

ژیانی چینه هەرە هەژارەکانی ئەو سەردەمی کوردستان بووە و دڵی بۆیان سووتاوە و شینی دەگەڵ گێڕاون. ئەم شێعرە وەک بۆ خۆی ئیشارەی کردووە لە ساڵی ١٣١٢ی هەتاویدا گوتراوە کە زستانێکی زۆر درێژە و سەخت و قڕانێکی گەورە بووە و زۆر ماڵ لە ماڵ کەوتوون و زۆر دەوڵەمەند بێڵیان لە بن میچ چەقاندووە. شێعرەکەی وەک نامەیەک بۆ دۆستی خۆشەویستی عەزیز ئاغای عەبباسی کە ئەویش ئەهلی زەوق و حاڵ و سۆفی و دڵتەڕ بووە نووسیوە:

زستان

ئازیز ئارەزووت زۆری بۆ هێنام
فرمێسکم سوور بوو زەردی ڕووی لێنام
دیسان بەئاوری دووریت کەوتمە گیر
دنیام لێ ساردبوو بوو بەزەمهەریر
تا ناهومێد بووم لە هاتنی زووت
جەرگم بووە پولوو هەناسەم بزووت
هەوا بۆ حاڵم وەک شێتان دەگری
بەتەرزە و بەفر و باران و هەوری
هەردیش لەبۆ من هێندەی قوڕ پێوا
بەهاری دەگەڵ زستان لێ شێوا
گیا وگوڵی مێرگان بۆم سیس و زەرد بوون
بۆ شینی کەوان کەویان هاودەرد بوون
شینی بەهارە ئاسمان هەر دەگری
هەوریش ناڵە ناڵ ڕووی خۆی دەپچڕی

بـــزن و مـــەڕ ڕووتـــــن وەک ســـــوورە ســـاقە
یەک دانوو دەیکـــوشـــت یـــەک بـــەلـــەبـــاقە
لـــەبـــەر بـــێ هێـــزی لـــە ترســـی ســـەرما
پشـــتینیان بـــەســـتن هـــەمـــووی جـل کـــرا
بـــا لـــە کێـــو و چـــۆڵ خـــۆڵ وەســـەر دەکا
گریـــانـــی کێـــوان بـــەحـــران پـــڕ دەکـــا
داری مێشـــــە و بـــــاخ بـــەفر داپـــۆشـــین
پـــاک دەڵێـــی مـــردوون کفنیـــان پـــۆشـــین
کەوی کـــوێســـتانێ لـــە قاســـپە کـــەوتـــن
بێهـــۆش بـــوون یاخـــو خەویـــان لـــێ کەوتـــن
جـــریـــوە و زریـــوەی چـــوڕە و چـــۆلـــەکـــە
نایـــە و نـــەیانمـــا هێـــلانـــە و هێلکـــــە
لەگلـــەگ گـــەل کـــەوت، نەمـــا تـــەق تەقی
ســـێرووش لـــە ســـیرە و فیتنە و چـــەق چەقی
پـــاک پـــەشـــیمانن لـــە بـــۆ گـــەرمێنـــێ
بـــۆ دەهـــــاتنـــەوە عـــەمـــرو نـــەمێنـــێ
قـــاز لـــە شـــەتـــاوان قـــاڕەی لـــێ بـــڕا
دوڕنـــای چۆمـــاوان زوڕنـــای لـــێ دڕا
لـــە درزی ئـــەرزی هـــــەوێـــردە دامـــــان
بـــێ هـــۆش بوونـــەوە ســـڕبوون لـــە ســـەرمان
وشـــک بوو دووپشـــک ئـــەو خواری ناڕاســـت
مشـــک کونـــی خـــۆی بەئـــاوات دەخواســـت
بـــۆق کـــە دەی قـــڕانـــد دەویـــی کـــردەوە
کـــەریـــش زەرینـــــی لـــــەبیـــر بـــردەوە
مـــار پاپۆکـــەی خـــوارد خۆڵـــی وەڕووی کرد

ژووشک ئارەزووی کەوڵێکی مووی کرد
لاڵ بم نابینم لە چیا و لە ڕازان
سیرەی هەڵۆ یان چریکەی بازان
لەبن بەردان مان هەر سەر مازەڵە
لە باخ و باخچان قەل و قشقەڵە
پووشی داپۆشی داڵدەی پاک بڕی
کەروێشک ڕیشەی پاک کرد و بڕی
بەفری بێ وادە ڕەشانگی بڕی
ڕەشانگ و سپی پاکیان سەر بڕی
سەر بڕا گاشین پاش مانگا بۆرە
لەباتی گاڕان ڕۆیی گابۆرە
ڕۆژ هەتا شەوێ گەورە و بچووکیان
خێزانی ماڵێ گەورە کچ بووکیان
خەریکن لە باخ فریزوو دەردێنن
وەک شەونەمی گوڵ ئارەق دەڕژێنن
ئارەق لە هەنیان بەرێز بژمێرە
کێ دی لە ئاسمان بەڕۆژ ئەستێرە
لە دەوری سەریان دەسرۆکەی هەوری
وەک مانگی چاردە لەنێوان هەوری
کەوتە سەر پیلان دەسرۆکەی نوێژێ
کەژە هەوری گرت لە دەوری ڕۆژێ
دەسماڵی ملیان پشتێنی شلیان
چنار و لاولاو چاوی بە کلیان
زولفیان لەدوویان وەک ڕەشمار دەخشان
ڕەش بوون وەک شەوە بەڕۆژ دەدرەوشان

بەلەرزە دەچنە فریزوو ڕنین
گریان کاریانە لە جێی پێکەنین
بۆ چنینەوە کەڵەکەی دەکەن
پۆلی کەوانن کە چینەی دەکەن
پاچ و پێمەڕە و بێڵ لەسەر شاندا
وەک فەوجی حازر لەژێر فەرماندا
هێندە لاوازە مەڕ و ماڵاتیان
قوربانی ناکرێ نادرێ زەکاتیان
گا لەبەر لەڕی هەڵناگری نیری
نە مەڕ ماستی ما، نە مانگا شیری
لۆک چەمبەری بوو، ماین مشمشە
گا گوێ ڕەپەی گرت گامێش خشخشە
کەڵ و گامێشیان بوونە چەکچەکی
وشتریان عەینی بێچووی لەگلەکی
نایە فیتووی شوان لەسەر شەوینێ
مێگەلی چێشتاو لە کوێ دەنوێنێ؟
کوان شەنگەبێری لە هۆبە و بانان
شلقەی مەشکەیان بەری بەیانان؟
قۆڵیان هەڵدەکەن دەڵێی بلوورە
سینگیان دەردەخەن پارچەیەک نوورە
دەرزی بەرۆکیان کە دێن دەرێنن
مانگ لە ئاسمانێ بۆ زەوی دێنن
زولفان لابەلا دەکەن بەلادا
ڕۆژ هەوری لەسەر ڕووی خۆی وەلادا
قەد و بالآیان وێنە نەمامان

کــێ دی ئــەمامــان بگــرن شــەمــامــان؟
کــوێرێــم نابینــم خێــل بـــەرەو خـــواران
تــەقڵــە و ڕمبــازی و هەو هــەوی ســواران
کوا «پیــرووت ئاغا» ســەرخێڵــی کــوردان؟
لــە «قــوڵەســەنی» ڕا بچێتــە کــوێستــان
لــە کوێیە «ئاغــی» ئەو چــادری جــوانی؟
تیــپ تیپ میوانــی ســەر ســفرە و خــوانی
کــوانــێ ســەید ســەمەد ئەو مەردی ڕەشــید
بــۆ «مایــن بڵاغــی» بچــێ بــەتــەمهیــد
دێهــات لێکــی دەی چــادر و هــۆبــانــی
گیــر ناکــەوێ ڕۆن بـــۆ چـــەورەســانی
وەگیــر ناکـــــەوێ، ماســت بــۆ هــەوێنــی
دۆی هـــەڵگێـــڕیـــەوە یـــا بیکـــــوڵێنـــی
پــەنیــر بووە ئیکســیر شــیر ئــاوی حــەیات
هەر وەک ئەســکــەنــدەر کــەوتینە زوڵمــات
شــەمـــاڵ و زریـــان دایـــم شـــــەڕیانــە
ئاغــــاوات شــــڕن کــرمانــج قــڕیانــە
زســتانی ئــەمســاڵ دیــارە پێنـــج مانگــە
کـــا و گیـــا و مــەڕ، بــڕا لــە دانگــە
تـــەویلــە و هــۆڵ و هـــەیوان هــەڵــوەشـــان
پــــووش و قامیـــــش و ئــاڵاش دەرکشـــان
دران بــەگـــاڕان وەک وێنجـــەی نــوخشـــان
خــرانــە بــەرمــەڕ لــە دانگــە و حــەوشــان
کــرمانــج دەوڵــەتــی پــڕ و پاتــاڵ بــوو
کۆچــی دێ بەدێــی بەمانــگ و ســاڵ بوو

ئەویش لە دەس چوو هێندە کۆچ مەکەن
کای سەر و نوێ کەن جووتی زۆر بکەن
حاسڵی عومر و لە زۆر و کەمی
داتان بەکاا و گیا لەنێو عەجەمی
رێی کاکێشانی وەک کەهکەشانە
قەتاری وشتر وەک ئەستێرانە
کای زەرد و رزیو وەک لیرەی سوورە
وێنجەی رەش و شین پێستی سەموورە
قیمەتی کایە وەک کارەبایە
بۆتە قووتی رووح وێنجەی سەحرایە
باخان دابنێن داران بنێژن
نەجیب و ئەسڵ و کۆن و لەمێژن
حەیفە میللەتێ شەش هەزار ساڵ بێ
نۆکەری مالان رووت و رەجاڵ بێ
نۆکەری مالان عەیبە لە بۆ مە
کۆلان هەڵگرین بە کۆمە کۆمە
چیدی دوژمنان بەخۆ خۆش مەکەن
بۆ بووزوو و کەپەنک باڵا پۆش مەکەن
تاکەی لە دەرکان کز و داماو بین
بێ مەزن و گەورە و سەر بێ کڵاو بین
هەر کەس ئارەزووی مالانی هەبێ
وەجاغی کوێر بێ منداڵی نەبێ
ئەو بەدبەختیەی لە کورد رووی دابوو
لەبەر نەخوێندن کۆزیان ساوابوو
واجبە خوێندن بۆ دنیا و دینی

پێغەمبەر فەرمووی بۆچوونە چینی
بەکوتە و شانامان میللەت دەمێنن
بەمیر و مەزنان شان دەشەکێنن
دەردی دڵ دەکەم کورت و کرمانجی
حەسەن کرمانجی چت لە دیلمانجی؟

***

خوسرەو جوانەگا بۆری مردار بوو
خواردنی فەیزوو و گەڵای بندار بوو
دەگەڵ خونچە گیان شینیان دەگێڕا
ساڵح و قادریان دەسەر دەگێڕا
کەرە بۆزیشیان لەسەر وەستایە
کوڵی گریانیان لە ئەوکی دایە
تازە ماڵانی تۆ داخوا چۆنن
ئەوانیش خەریک فەریزوو و کا کۆنن
دڵت تەنگ نەبێ تفاقت هەبێ
ئەوی تۆی نەبێ یاخوا هەر نەبێ
عومەر و عوسمان بووبەکری نازدار
بەناز گەورەبن ها نامە چوار یار
جێژنی قوربانە خۆم قوربان دەکەم
خۆم بەقوربانی عەزیز گیان دەکەم
تاریخ هەزار و سێ سەد و دوازدە
بیستی فەروەردین داد و بێدادە

***

حاجی قادری کۆیی

ژیان ناپسێتەوە، تەبیعەت ئەستێور نابێ، ڕۆژ و مانگ و ساڵ و چەرخ بەدووی یەکدا ڕێچکە دەبەستن. زۆر ئەحمەد، چاو دەکەنەوە، دەگەنێ، ژن دێنن و دەبنە باوک. زۆر فاتێ بەخۆدا دێن، بەبووک دەچن و زگ دەکەن. زۆر قادر لەدایک دەبن، پەڕەوازە دەبن، پیر دەبن و دەمرن. بەڵام کەم قادر بە حاجی قادری کۆیی دەبن، بوونە حاجی قادری کۆیی هەروا سووک و هاسان نییە. بەخۆ هەڵمساندن، با فیشکردن و لە خۆباییبوون پێک نایە، بەچەند دێر نووسین، چەند قسە کردن و چەند شێعر گوتن تەواو نابێ. فیداکاری، گیانبازی و لەخۆبووردنی دەوێ. دەس لەخۆ بەردان دەگەڵ سوێری و تاڵی ڕاهاتن دەگەڵ سەختی و بەرەنگاربوونی دەوێ. پێویستی بەچاوی نەترس و کۆڵنەدان و نەبەزین هەیە.

حاجی قادر مەلایەکی زانا و شاعیرێکی ناسک خەیاڵ بووە. ئەگەر نیشتمانپەروەرێکی وا دڵسۆز و ڕاست و تێکۆشەرێکی وا گەرم و گوڕ و ئازادیخوازێکی وا کۆڵنەدەر و نەبەزیش نەبوویایە و لە گۆشەی مزگەوتێک یا کونجی خانەقایەک دەرسی گوتباوە و نوێژ و تاعەتی خۆی کردبایە و چەند غەزەلێکی کوردی لەپاش بەجێمایە. دیسان ڕەنگ بوو لەنێو نەتەوەکەی خۆی ناوبانگی بکردبایە. ـ بۆ ئێ وامان کەمن ـ بەڵام خۆشەویستیی حاجی هەر لەبەر زانایی و شاعیری نییە. حاجی کوردێکی پاک، تێکۆشەرێکی چاک، ڕەخنەگرێکی ئازا و بێ باک بووە. نەترساوە، نەبەزیوە، ناهومێد نەبووە، ماندوویی نەزانیوە، هەلپەرست نەبووە، ئیمانی تەواوی بەم شێعرە بەرزەی خۆی بووە کە دەڵێ:

مـــەرگ و ژین میســـــلی ســـــێبەر و تـــاوە
ئـــەوی باقــــی بمێنـــێ هـــەر نـــــاوە

حاجی لە قووڵایی دڵەوە نەتەوەکەی خۆشویســـتووە و نیشـــتمانەکەی پەرســـتووە. شارەزای مێژوو و جوغرافیای وڵاتەکەی بووە و بەتەواوی هەستی بەبێ بەشی و چارەڕەشی نەتەوەی زۆرلێکراوی کورد کردووە. دەسەوەستان و تەوەزەل و ترسەنۆک نەبووە، گەڕێدە و کارامە و ئازابووە و هێز و توانای خۆی بۆ ئازادیی نەتەوەکەی تەرخان کردووە.

حاجی لەنێو خەڵکدا ژیاوە، کۆمەڵی خۆی باش ناســـیوە، کەم و کورپییەکانی بەچاوی خۆی دیوە، لە دەرد و ئازارەکانی گەیشـــتووە و نەک هەر دەرمانی بۆ دۆزیوەتەوە بەڵکو زانایانە و ئازایانە باسکی لە تیمارکردن و چارکردنی هەڵکردووە.

حاجـــی لەو ڕێـــگا پڕ خەتەرەدا، بەرەو ئەو ئامانجە بەرزە ڕۆیشـــتووە. هەموو ڕەنج و کوێرەوەری و تاڵ و ســـوێری و گیروگرفتێکی بەگیان و دڵ قبووڵ کردووە. نە وەستاوە و نە وچانی داوە و نە ترســـاوە و نە ســـارد بۆتەوە. گاڵتەی بەمەرگ کردووە و لە داوەڵێک نەپرینگاوەتەوە و لەبەر هیچ ڕووداوێک چۆکی دانەداوە.

حاجی بەگزادە و شێخزادە نەبووە، بەشیر و شەکر پەروەردە نەکراوە، لەسەر دۆشەگی پـــەڕی قوو پێ نەگەیشـــتووە، بەهەژاری و نەداری و بەهەتیوی و هەناسەســـاردی گەورە بووە. بەپێخاوســـی و لینگ ڕووتی وەدووی خوێندن و فێربوون و خۆ پێگەیاندن کەوتووە و دەڵێ:

بـــەبیـــرت دێ زەمانێـــک چـــووینـــە باڵـــەک
بـــەپێخاوســـی نە کـــەوشـــم بـــوو نـــە کاڵەک

حاجی ئینسانێکی واقیعی، ڕابەرێکی زانا و مەزن و ڕووناکبیرێکی شۆڕشگێڕ و بەجەرگ بووە، ئەو ویســـتوویەتی شۆڕشێکی قووڵی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و فەرهەنگی لە کوردســـتان بەرپا بکا. نەتەوەکەی لە ژێر دەستی و کۆیلەتی، لە هەژاری و نەداری، لە نەزانی و نەخوێندەواری نەجات بدا. ئەو ویستوویەتی بۆ بەجێگەیاندنی ئەو ئامانجەی خۆی لە هێز و توانای هەموو توێژ و چینەکانی کۆمەڵ کەڵک وەربگرێ.

حاجی بڕوای تەواوی بەمافی دیاریکردنی چارەنووسی گەلان هەبووە و کاتێکی دیویەتی کورد لەو مافە ڕەوایە بێ بەشە هاواری لێ بڵێند بووە:

هەر کـــوردە لـــە بـــەینـــی کـــوللـــی میللەت
بـــێ بـــەهـــرە لـــە خـــوینـــدن و کیتـــابـــەت

یا:

میللـــەتـــی بـــێ کتێـــب و بـــێ نـــووســـین
غـــەیـــری کـــوردان نییە لـــە ڕووی زەمـــین

هۆی ئەم بێ بەشییەی زانیوە و ڕێگای نیشان داوە. چونکە تێگەییوە کە بەشی هەرە زۆری لێقەومانی گەلی کورد نەبوونی یەکێتییە. وای گوتووە:

تـــا ڕێک نـــەکـــەون قـــەبیلـــی ئـــەکراد
هـــــەر وا دەبنـــــە خـــــرابـــە ئـــابـــاد
ئـــەنـــواعی میللەل لـــە گـــەورە تا چـــووک
خـــەملیـــوە مـــەمالیکـــی وەکـــو بـــووک
هەر کـــوردن ئـــەگـــەرچـــی پاکی مـــەردن
پامـــاڵـــی زەمـــانـــە مـــەحـــوی کـــردن

حاجی ویستوویەتی پێ بەپێی شۆڕشی سیاسی و جوولانەوەی ڕزگاریخوازی، شۆڕشی کۆمەڵایەتیش دەس پێ بکرێ. کۆت و زنجیرەکان بپسێنن، ڕێوشوێنە کۆن و ڕزیوەکان لە نێـــو بچن. لە زەمانێکدا کە ژن یانـــی نیوێکی کۆمەڵی کوردەواری وەک پیواز لەبن حەوت توێکڵدا شـــاردراوەتەوە، لە ســـەردەمێکدا کە ژن وەکوو کۆیلە و ئێخسیر چاو لێکراوە. لە حاڵێکدا کە ئەندەروونی شێخ و ئاغا و بەگەکان بەتەقلیدی «بابی عالی» پڕ بووە لە ناسک

و نازداری زێڕ خرید حاجی ڕووناکبیر چ بڵێ باشه؟

بــــۆچـــی فـــەرمـــوویـــەتی نـــەبی ئـــەمین
اطلـــب العَلـــم و لـــو بالصيـــن
نێــر و مــێ لــەم حەدیســە فەرقــی چییــە؟
گەر مــەلا نــەهــی فــەرموو دینـــی نییــە

حاجـی بێ باک و ئازا، حاجی گەلپەرسـت و نیشـتمانپەروەر، حاجی تێکۆشـەر و لەخۆبـوردوو هەر بەوەندە ڕانەوەسـتاوە. بەتوندی و تووڕەیی، بەبێ پەروا و سـڵکردن، ئازایانە و بێ باکانە بەڕاشـکاوی لە چەرخی نۆزدەدا و پلاری وای لە شـێخ و خەلیفەی درۆزن و دەسـبڕ و سۆفی و دەروێشـی بێکارە و خوێڕی و ڕەممال و مارگری تەوەزەل و مفتەخۆر گرتوون، کە ڕەنگبێ دوو پاتەکردنەوەیان لە بەشی سێهەمی قەڕنی بیستەمدا بۆ ڕووناکبیرێکی کورد لە زۆر شوێنی کوردستاندا بەگران تەواو بێ وەک:

خانــەقــا و شـــێخ و تـــەکیەکان یـــەکســـەر
پێـــم بڵێـــن نـــەفعیـــان چییـــە ئاخـــر؟
غـــەیـــری تـــەعلیمـــی تـــەمبەڵـــی کـــردن
جـــەمعـــی ئـــەملاک و خـــەزنـــە کـــۆکـــردن

یا:

وشـــکە ســـۆفـــی بڵێ بـــەشـــێخی تـــەرەس
بـــا بـــەســـەرما نـــەیـــە میســـالی هـــەرەس
کـــەر نـــەبـــێ کام مـــونـــەووەری خـــەڵـــەتان
بـــەن گـــرێ دان و تـــا بـــڕینـــو نـــەفـــەس؟

ئەم شـاعیرە ڕاستگۆیە بەڕوونی لە فەلسەفەی ژیان دواوە و تەوژمی مادییاتی لەسەر

بیروبڕوای ئینسان بەڕاست زانیوە و ئەم پەندی پێشینیانی باش وەرگرتووە: «زگی برسی لە خواش ناترسێ» و وەستایانە تەعبیرێکی دیکە خستوویەتە ناو شێعری خۆیەوە:

سـۆفی وەک خەسـتەبوو لـە زیکـری هەنـاو
سـەد نـوێـژی دەدا بـەکاسـەیـە ئـاو
شـیعە وەک تـەشـنە بـوو لـەسـینە زەدەن
بـەدە قـەتـرەی دەدا حـوسـێن و حـەسـەن

یا:

خـواردن و سـەتری عـەورەت و سـوکنا
بـاعیسـی ژینـە بـۆ گـەدا و پاشـا
حاڵـەتی وایـە چی لـەسـەر خـاکـە
غەیـری عیسـا دەڵێـن لـە ئەفلاکـە

حاجی وێڕای نیشـاندانی ڕێگای شۆڕشـی سیاسـی و کۆمەڵایەتی، ڕێگای شۆڕشـی ئابووریشـی وەک پسپۆڕێکی شارەزا زۆر ژیرانە بەنەتەوە پاشـکەوتووەکەی نیشان داوە ڕەنگە ئەم فیکرەی لەم شـێعرەی خوارەوەدا هەیە لـە قەرنی نۆزدەدا بەبیری کەم زانای ڕۆژهەڵاتدا هاتبێ:

لـە بـەینـی میللەتـی خـۆتـان بـەیاری
بکـەن تـەقسـیمی شـاخ و داروبـاری

یا:

ئـەمـەش تـەنیا نییـە سـووچ و خـەتـاتـان
لـە کـەسـبیش خـافڵـن میسـلی مـەلاتـان

یا:

لــە بەغــدا بــۆچــی خورمــا بێــت و لیمــوون
لــەبــۆ دەرمـــان لــە ماڵ بــێ ڕۆنــی زەیتــوون
لــە ئێــوە کامتـــان بـــوو؟ یــەک دوو جارێـــک
بکاتــە کیســەیــەک یـــاخــو خــەرارێـک
دوو پێــی لێــدا لــە کــۆلا میســلی دۆشــاو
وەکــو ڕۆن ڕۆنــی زەیتــوون بێتــە ســەر ئـاو
وەیــا پێـــی نێــژراوە چـــەنــد نــەمــامێـک
لە نارنــج و تــورنــج و چـــەنــد مــەقامێـک
بزانـــن شــــین دەبــێ؟ نابـــێ؟ بــەبــەر دێ؟
لــە جێــگای ســاردوگەرمی چــی بەســەر دێ؟

***

بـــــەراو دێمــــــی ئێـــــوە کیمیـــایــە
دوڕ و گــــەوهــەر، گــەز و مــازووی چیــایە؟
مــــەعادیـــن خاتری تــۆ بــێ لـــەگـەڵ کان
گــــەنمتـــان زێــڕە، حـــەتتـــا زیـــوە، زیـوان
ڕەژووی پاپــۆڕ و خــۆی و نــەوت و گۆگــرد
لــە کێــــوی ئێــوەدا کـــۆیــە وەکــوو گـرد

حاجی بڕوایەکی تەواوی بەشۆڕشی فەرهەنگی هەبووە و دەردی نەزانی و نەخوێندەواری بەدەردێکی کوشــنده زانیوە. تەنانەت خوێندنی کۆنیشـــی بەدڵ نەبـــووە و ڕەخنەی لێ گرتووە:

عولـــەمامـــان بـــەقەولـــی بـــێ ســـەر و پـــا

پاکـــی خنــکا لــە بــەحــری وشــکی هــەوا
ســـەنعـــەتێ فێـــرنـــەبوون لـــەپاش تـــەحسیل
ســـەیری چـــۆن بـــۆ مـــوناهـــی بـــوونە دەلیل

یا:

ئـــەی خـــەریکـــی ڕمـــووز و ڕاز و نیـــاز
ئاوروپـــا فـــەننـــی گـــەیـــوەتـــە ئیعجـــاز
قـــوللـــەی ئیڤلـــــی لـــە ئـــەفلاکـــە
عـــەکسی ئەو گـــەردیشـــی لـــەژێر خـاکـە

حاجی زۆر بە درێژی و ڕوونی باسی زانستی تازە و سەنعەتی نوێ دەکا و بۆ نموونەی زاڵبوونی نوێ بەسەرکۆندا دەڵێ:

بـــەقســـەی مـــوخبیـــر و ومـــوئـــەرخی کـــۆن
میللەتـــی چینـــــە چـــوار ســـــەد میلیـــۆن
ســـەربـــەســـەر میللـــەتی هـــەمـــوو ژاپـــۆن
زۆر بـــەزەحمـــەت دەگـــاتـــە چـــل میلیـــۆن
ئەهلـــی ژاپۆن لە ســـایەی ســـەنعـــەتی چاک
ســـەیری چۆن چینـــی گـــرت و کـــردیە خاک

لەم شـــێعرانەوە دەردەکەوێ حاجی هەر خەریکی خوێندنـــەوەی کتێبە پەڕ زەردەکان نەبووە و زۆر خەریکی پێگەیاندنی خۆی بووە و لە ئەستەمبووڵ ڕۆژنامە و گۆوار و چاپەمەنی ئەو سەردەمی باش خوێندۆتەوە و ئاگای لە وەزعی جیهان و دەنگوباسی هەندەران بووە. ئەمەش نیســـبەت بەمەلای قەڕنی نۆزدەی کوردەوە شتێکی سەیرە. بەداخەوە ئێستاش لە کوردستان مەلای وا ماون کە ڕادیۆیان نەچۆتە ماڵ. هەر لەو ساڵانەی دواییدا دیتمان مەلای وای کورد هەیە کە چوونە سەر مانگی «ئاپۆلۆ»ی بەدرۆ دەزانی.

حاجی ئەوەندەی میللەتەکەی خۆش دەوێ وەک باوکێک لە ڕۆڵەی شیرین تووڕە دەبێ و قسەی سووک لە پارسەنگی ئەو کەسانە دەنێ کە منداڵی خۆیان نانێرنە مەکتەب و باسی بێگانەکان دەکا کە منداڵی خۆیان لەبەر خوێندن دەنێن تا لە ئەنجامدا ببنە گەورەی کوردان:

ئێستەکە ئامیرانی کوردستان
هەر لە بۆتانەوە هەتا بابان
ئەو هەتیوانی مەکتەبن یەکسەر
کوردەکان باردەکەن وەکوو ماکەر

حاجی تەوس و پلار دەگرێتە ئەو زانایانەی کە کوردن و بەزمانی کوردی نانووسن و ئەم میسالە بەجێ و جوان و کەمێک توند و تیژەیان بۆ دەهێنێتەوە:

وەک مریشکێ کە ئەقڵی نەیهێنێ
بێتوو جووجکەی مراوی هەڵبێنێ
وەک بگاتە کەناری جۆگەلەیەک
نایەتە شوێنی بمری جووجەلەیەک
جێی ئەمی وشکە، جێی ئەوی ئاوە
تێدەگا، قوون دڕانی پێ ماوە

حاجی ئەو شایەر و بەیت بێژانەی کە شێعر و بەیتی کوردیان داناوە زۆر خۆشویستوون و ڕێزی لێ ناون و پێی هەڵگوتوون:

دوو عەلین شاعیرن وەکو حەسان
بەردەشان و حەریرە مەسکەنیان

ئەوهێرشی بردۆتە سەر ئەوخوێندەوارە کۆنەپەرستانەی نەخوێندەوارە هونەرمەندەکانیان لەپێش چاو سووکە:

ئێستە مەعلوومە بۆ هەموو میللەت
ئەی مەلای دەرس و موفتی ئوممەت
ئێمە بێ غیرەتین و بێ عارین
ئەوی نەیخوێندووە لەمە عارین

بەمەڕا دیارە حاجی چەند نرخی بۆ ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی داناوە. حاجی ناوی زۆر شاعیر و خۆشخوانی کوردی بەنەمری لە دیوانەکەیدا هێشتوونە، کە داخی گرانم بەشی زۆریان شوێنەوارەکانیان فەوتان و ناویشیان لە بیر چوونەوە.

حاجی قادری هونەری زانیوە و لە نێوان بەرهەمی هونەرمەند و ژیانی تایبەتی ئەودا فەرقی داناوە و دەڵێ:

مەلکەقۆڕ و حیماری با بەدناویش بن
شێعریان جوانە بەس نییە کوردن
گەرچی بەدناون و گەلێ وردن

حاجی نەمر لە نامەیەکدا کە بۆ دۆستە خۆشەویستەکەی، «جەلی زادە»ی نووسیوە باسی میکرۆب دەکا. ئەوە لە زەمانێک دایە کە دەرمانی دەردی منداڵە نەخۆشەکانی کورد بەڵغەم و تفی شێخ و تۆز و خۆڵ و داروبەردی سەر چاک و کوتەشالی سەید بووە.

حاجی قادر لە قووڵایی دڵیەوە ئیمانی بە دێموکراسی هەبووە. باسی دێموکراسی لە وڵاتە پێشکەوتووەکاندا دەکا و دیارە ئەوپەڕی ئاواتی ئەمە بووە ڕۆژێک ڕێژیمێکی ئەوتۆ لە وڵاتە پاشکەوتووەکەی ئەو، دابمەزرێ:

لە تەگبیری ئوموری ملکی خۆیان
شەریکن پینەدۆز و شوان و گاوان

لە جۆشین و خرۆشین پوورە هەنگن
بەمن چی کافرن یاخۆ فەرەنگن

وا دیارە حاجی لەبارەی سۆسیالیزمدا شتی زانیوە. ئەوە بۆ من گەلێک جێی ڕامان و بیرکردنەوەیە. ئایا نووسینەکانی (مارکس) و (ئینگلس) و هاوبیرەکانی ئەوان لەو سەردەمەدا بەزمانی عەرەبی و تورکی و فارسی کە حاجی لەو سێیانەدا شارەزا بووە تەرجەمە کراون؟ یا حاجی بەپیری فێری زمانی دیکەش بووە. هیچ کام لەم دوو شکانە دوور نین. چونکە ئەستەمبووڵ لەو کاتەدا ناوەندی ڕۆشنبیری ڕۆژهەڵات بووە. ئەم شێعرانەی خوارەوە تەماشاکەن تا ئێوەش وەک من بکەونە دوودڵییەوە:

وەکو بیستوومە بۆ دەفعی مەسائب
وەهای تەگبیر کرد ئەو فکری سائیب
هەموو گەورەی ویلایەت بینە ئەحباب
وەکو شەخسێکی واحید بن لەهەر باب
هەموویان بینە یەک تەعلیم و نووسین
وە یەک بەرگ و زمان و ڕەسم و ئایین

ئایا ئەم کەسانەی حاجی بەشاعیرێکی ناسیونالیستی توند دەناسن هیچ بۆنی سۆسیالیستی لەو شێعرانە، ناکەن؟ گوتم حاجی قادر زۆر وریا بیرتیژ و دووربین بووە دووری بیرکردۆتەوە و باش لە مەسائیل گەییوە. فکری زۆر لەپێش خەڵکی ساکاردا بووە. ئێستا بۆ سەلماندنی قسەکەم دەبێ گەلێک بگەڕێمەوە دواوە و لاپەڕێک لە مێژووی خوێناوی نەتەوەکەمان هەڵبدەمەوە.

وەک دەزانین لە ساڵەکانی ١٩١٤ ـ ١٩١٨ دا ناتەبایی نێوان ئیمپریالیستەکان شەڕێکی جیهانی گەورە و ماڵ وێرانکەری هەڵگیرساند. پریشکی ئاگری بێ ئامانی شەڕ کەوتە کوردستانی خۆشەویستیش و وڵاتەکەمان بوو بە مەیدانی شەڕی نێوان تەزاریزمی ڕووسا و داگیرکەری عوسمانی لەلایەکەوە و ئیمپریالیزمی فێڵاوی ئینگلیس و عوسمانی لەلایەکی ترەوە.

عوســـمانییەکان کە دۆســـت و هاوپەیمانی ئیمپریالیزمی ئاڵمان بوون، بەئاشکرایی بۆ قازانجی ئەوان بەشەڕدەهاتن. ئەو شەڕەیان ناو نابوو «خەزا» و بەبیانووی دینەوە شێخ و مەلا و مەزنەکانی کوردستانیان فریو دا و کردە نۆکەری بێ جیرە و مواجیبی خۆیان. لەو شەڕەدا وڵاتەکەمان سووتا و خاپوورکرا. نەتەوەکەمان قڕ بوو و لەبرسان مرد و گەورەترین زیانی مێژووییمان پێگەیشت.

تەنیا لە موکریان چەند کەس بەرابەری ســـەرداری موکری و شـــێخ بابا نەچوونە ژێر باری پروپاگەندا و درۆ و دەلەســـەی عوسمانی، سەرداری موکری «حەمە حوسێن خان» کە نیســـبەت بەزەمانی خۆی پیاوێکی ئاگا و سیاســـی و خوێندەوار بووە. لە مەســـەلەکە گەیشـــتووە و زانیویەتی «شـــەڕ لەســـەر لێفەی مەلایە» نەک لەســـەر دینی ئیســـلام و ویســـتوویەتی ئەوەندەی بۆی دەکرێ نەتەوەکەی بێ لایەن بهێڵێتەوە. بەڵام ئاڵاهەڵگرانی ئیســـلام و خەزاکەرەکانی عوسمانی ئەو و شێخ بابا و حەمەخانی بانی و سەیفەدین خانی سەقزیان بەو تاوانە ئیعدام کرد.

جـــا بزانین حاجی نەمەر، حاجی زانا و پێشـــکەوتوو کە لەو ســـەردەمەدا ئێســـک و پرووسکیشی ڕزیون چەند لەوەی پێشدا لە فێڵ و تەڵەکە و خراپەی خەلیفەکانی عوسمانی گەیشتووە کە دەڵێ:

ئـــەمـــە کـــەر میـــزە دەڵێـــن واریســـی شـــەرعی نـــەبـــەوین
هـــەموو عـــەبدی ســـەنـــەمن باســـی مـــەکە گـــەورەکـــەیان

یا:

تـــا لـــەژێر بـــەنـــدی ڕۆمیـــان نـــەگرن
زەحمەتـــە قـــەدری بەیتـــی مـــن بگـــرن

یا:

ڕوومـــی وکـــو گرێـــی مـــوون کـــەس پشـــتیان پێ نەبەســـتی
کـــەوتوونـــە داوی خۆیـــان پـــەژمـــوردە مـــان و حـــەیـــران

گەورە گەورەکانی ئەو سەردەمی کورد قەدری بەیتی حاجییان نەزانی و دیمان چۆن لەژێر باری ڕووميان مردن. دیارە مەبەست لە گەورە گەورەکان، شێخ و مەلا و خان و ئاغا و بەگ و پاشاکانی کوردە. چونکە نابێ لەبیرمان بچێ کە لەو سەردەمیدا کۆمەڵانی خەڵک چ ڕۆڵیان نەبووە.

حاجی ئەو هەموو بێ ئاگایی و کەمتەرخەمییەی دیوە. لە نەزانی و نەخوێندەواری و دواکەوتەیی نەتەوەکەی گەییوە، کەچی ناهومێد نەبووە و بەهیوا بووە ڕۆژێک لە شێعرەکانی بگەن، خەبات بکەن و ڕزگار ببن و قەدری ئەو بزانن. خەمی ئەوەی بووە کە ئەو ڕۆژە بەچاوی خۆی نابینێ:

حەسرەتم هەر ئەوە لە دنیادا
حاجی دەمرێ بەدەورەتان ئاگا

ئەو چاوەنۆڕی هیچ پاداشتێکی مادی نەبووە و بەڕاستی لە پێناوی گەیشتن بە ئامانجی پیرۆز و ئاواتی بەرزی خۆیدا وازی لە هەموو خۆشییەکی جیهان هێناوە و لەو بارەدا دەڵێ:

من لە دڵسۆزی ئەم قسانە دەکەم
ومر نە، پەشمە لەلام، هەموو عالەم

حاجی زانیویەتی نەتەوەی کورد، با پاشکەوتووش بێ، با لە کاروانی شارستانیش بەجێ مابێ، تەوژمی مێژوو پاڵی هەر پێوە دەنێ و بەرەو پێشی دەبا. جا ئەو دەمی خەڵک لە قسەی حاجی دەگا:

ئەم قسەی ئێستە عەیبی لێ دەگرن
ئەو دەمەش دێ زەمانێ بۆی دەمرن
ئەم بەئەو ئەو بەئەم دەڵێ کاکە
سەیری قانوونی حاجی چەن چاکە
هەر چلۆنێ ئیشارەتی فەرموو

وەک کەرامەت هەمووی وەها دەرچوو

بەڕاستی حاجی لەو زەمانیدا قانوونێکی نوێی هێناوەتە کایەوە و خۆشی نرخی کاری خۆی زانیوە و تێگەیشتووە شێعرەکانی لە کوردستاندا شۆڕش بەرپا دەکەن:

حاجییە و شێعرەکانی وەک کاوە
ڕۆژێ دێتن دڕەفشی هەڵداوە

دیسان لە جێگایەکی دیکە بەبەیانێکی شاعیرانە و جوان دەڵێ:

ئیتفاقی دڵبەرێکی بێ کەدەر
حاجی ئەنواعی لیباسی کردە بەر
بێ جیاز و مارەیی دەیدا بەشوو
لەو هەموو کوردانە داخوازی نەبوو
عاقیبەت دەیخوازن و ئەمما دەمی
پیر بووە نازێ، کەل و کۆمە دەمی

حاجی عیشقی گەل و نیشتمانی لێ بۆتە سەودا و بەهیچ جۆرێ خۆی بۆ زەوت نەکراوە و نەیتوانیوە بێدەنگ دانیشێ و قسەی چاکی هەر بۆ کردوون و تا مردن وازی نەهێناوە:

بەسە حاجی دووسەد هەزار دەفعە
پێم گوتی: ئەم قسانە بێ نەفعە
چاکە هەر چۆنی تۆ دەڵێی وایە
تێبگە ئەم قسانە خۆڕایە
قوڕی کام جێ بکەم بەسەر خۆمدا

ئـــەوە لێـم بــۆتــە عیللــەتــی ســەودا
بــەقســەی چــاکــە دەســتیان دەگـــرم
تــەرخــی ناکــەم بــەلــۆمــە تــا دەمــرم

حاجی زۆر باشــی زانیوە کە چوارچێوەی نەزم بۆ دەربڕینی بیروڕای سیاسی و تیۆری فەلسەفی تەنگەبەرە. یەکەم شێعر لەبەر دەکرێ و دەپارێزرێ و کەمتر لەنێو دەچێ. دووەم حاجی ویستوویەتی زووتر کورد پێ بگەیەنێ. جارێ هەر ئەم وەسیلە بووە. زۆر ئاشکرایە لەو ســەردەمیدا ئیمکانی ئەوە نەبووە هیچ کتێبێکی فەلســەفی و سیاسی بەکوردی بڵاو بکرێتــەوە و لەچاپ بدرێ و خەڵک بیخوێننەوە. بۆیە حاجیش لە ئاخری تەمەنیدا بڕیاری داوە هەر بەکوردی بنووسێ و ئەگەر چەند دێرە شێعری فارسی هەیە ئی هەڕەتی لاوەتی و فەقیایەتی ئەون. بەچی دیارە ئەم ئینسانە خاوەن بیرە، بیروڕای فەلسەفی و سیاسی خۆی نەنووسیبێ. بەڵام پاش حاجی چ میراتێکی ئەومان پێ گەیشتووە و دەس کەوتووە؟

حاجی وەک بەهەتیوی و هەناسە ساردی گەورە بوو و پێ گەیشت هەر وا بەهەژاری و نەداری و بێکەسی لە وڵاتی غەریبایەتی سەری نایەوە و تەنانەت نازانین لەکوێ نێژراوە و گۆڕەکەی پێ نازانین. بەڵام تێکۆشەران و ڕووناکبیرانی ئێستای کورد بەمامۆستای شێعری شۆڕشگێڕانەی دەزانن.

عەلی ئاشو

هێشـــتا لاو نا، مێر منداڵ بووم، لە کۆنە بەیازێکدا پارچە شێعرێکی فارسیم خوێندەوە و لەبەرم کرد، ئێســـتاش لەبیرم ماوە، چونکە بەدڵمەوە نووســـاوە، ئەگەرچی بەداخەوە، نازانم شاعیرەکەی کێیە؟ ڕاستە ئەم پارچە شێعرە لەچاو سەنعەتی شێعرییەوە زۆر پوخت نییە و شـــاعیری سەنعەتکار هیچ کاتێک «جســـت» و «گفت» ناکاتە قافیە و «افغان» و «شـــتابان» بەقافیەی «شـــایگان» دەزانێ، بۆ خۆشـــم ئەگەرچی وەک جاری دیکەش گوتوومە و دەڵێم قافیە لە شێعردا مەرج نییە، بەڵام کێش مەرجە و ئەوە کە شێعر لە نەسر هەڵداوێرێ. پێم وایە ئەم شـــاعیرانەی، شێعری عەرووزی دەڵێن دەبێ بەتەواوی ڕیعایەتی قافیـــە و ڕەدیف بکەن. ئەمما ئەم پارچـــە لە باری نێوەرۆکەوە گەلێک پڕ و دەوڵەمەند و بەهێز و هەستبزوێن و کورتە:

شنیدستـــم کـــه مجنـــون دل افـــگار
چـــو شـــد از مـــردن لیلـــی خبـــردار
گریبـــان چـــاک زد بـــا آه و افغـــان
بـــــه ســـــوی تربت لیلی شتابان
در آنجـــا کودکـــی دیـــد ایســـتاده

به هرجا چشم عبرت برگشاده
سراغ قبر لیلی را از او جست
همان کودک بخندید و بدو گفت
که ای مجنون تو را گر عشق بودی
زمن کی این تمنا می نمودی؟
میان قبرها را جستجو کن
ز هر خاکی کفی بردار و بو کن
ز هر خاکی که بوی عشق برخاست
یقین دان تربت لیلی در آنجاست

بەناوبانگترین چیرۆکی دڵداری لە ڕۆژهەڵاتدا داستانی لەیلی و مەجنوونە، کەم شاعیری عەرەب، فارس، تورک و کورد دەبینی کە یادی ئەم گراوی و دڵدارانەی نەکردبێ. کەم کەس هەیە قەیسی عامیری کە بەمەجنوون ناوی دەرکردووە، نەناسێ و نەزانێ ئەو لاوە عەرەبە ئاشقی کچە عەرەبێک بووە، باوکی کچەکە کە لە عێلێکی بەدەسەڵات و زۆردار و دەوڵەمەند بووە، کیژەکەی نەداوە بەمەجنوون و داویەتی بەپیاوێکی وەک خۆی دەوڵەمەند. قەیس لە سوێیان شێت بووە، خێڵ و هۆبەی بەجێ هێشتووە ڕووی لە چۆل و بێروونان کردووە و لە ئینسانان بێزار بووە و خووی بەگیانداران و دڕندە و وەحشییەکان گرتووە و شێعری بەگراوییەکەی خۆی هەڵگوتووە.

داستانی لەیلی و مەجنوون بۆتە هەوێنی شێعری زۆربەی شاعیرانی ڕۆژهەڵات و لە ڕێگای ئەدەبی شەرقییەوە چۆتە نێو ئەدەبی غەربییەوە. بەبڕوای ئەدەبدۆست و شێعرناسان مامۆستای مەزنی ئەدەبی فارسی نیزامی گەنجەوی گۆی هونەری لە هەموو کەس ڕفاندووە و گرەوی بردۆتەوە و ئەو داستانەی لە گشت شاعیران باشتر داڕشتووە.

قەومییەتی نیزامی تا ئێستا بۆ کەس ساغ نەبۆتەوە و کێشەی لەسەرە. فارس دەڵێ فارسە و بەڵگەی بەدەستەوە: «پنج گنج» و شوێنەوارەکانی دیکەی نیزامی وەباڵی بۆ دەکێشن. تورک دەڵێ بەم دەلیلەی کە گۆڕی پیرۆزی دەنێو ئێمەدایە و لە شێعرەکانی ڕا دەردەکەوێ ئافاق خانمی ژنی لە جنسی ئێمەیە دیارە تورکە، هەر بۆیەش گومبەزمان لەسەر دروست کردووە و ڕازاندوومانەتەوە. کوردی دۆ نەدیوی هەژاریش دەڵێ خوشکەزای خۆمە و ئەم شێعرەش بەبەڵگە دێنێتەوە:

چـون مــادر مــن رئیســەء کُــرد
مــادر صفتانــه پیــش مــن مــرد

درێژدادڕی دەکا و دەڵێ ئەم پەندی پێشــینیان ڕاستە کە گوتوویانە: «خاڵان خوارزا مەزن کرد، مامان برازا بزر کرد». نیزامی لەژێر سێبەری خاڵۆ عومەریدا، پەروەردە بووە و پێگەییوە کەوابوو کوردە. منیش دەڵێم کابرا گوتەنی هیچیان پیاوی درۆیە نین. هەرسێک دەلیلیان هەیە و کەیخودایییان لەنێوان دەکەم و دەڵێم:

نیزامی لــەوەی مەزنترە لە چوارچێــوەی تەنگی نەتەوایەتیــدا بگونجێ و پەیوەندی بەمرۆڤایەتییەوە هەیە: هونەرەکەی مایەی شــانازی ئینســانییەتە و بەشاعیرێکی مەزن و پیاوێکی گەورەی بناسن و کێشەی لەسەر مەکەن.

نیزامی بۆ خۆشی هەستی نەتەوایەتی و بەرچاوتەنگی بەشێعرەکانییەوە دیار نییە. بەو هەموو شــوێنەوارە جوانە فارســییەوە منەت لەسەر فارس ناکا و ناڵێ: «عجم زندە کردم بدین پارســی». ئەوینی بەتینی ژنەکەی کە دیارە چەندی خۆش ویستووە و پاش مردنی چ شــینێکی بۆ گێڕاوە بەرەو «پان تورکیزمی» نەبردووە. ناز و نەوازیشــی دایکی و نان و نمەک و جلوبەرگ و پەروەردەکردنی خاڵی نەیکردۆتە کوردێکی ڕووت. ڕەنگە هەرســێک زمانی زانیبن. شێعرەکانی شاهیدن کە نەک هەر فارسی زانیوە بەڵکو لە ڕیزی گەورەترین شــاعیرانی فارســیدایە. ئەدی بە چ زمانێک دەگەڵ ئافاق خانم دواوە؟ دەزانین تورک زۆر بەزەحمــەت فێری کوردی و فارســـی و زمانی دیکە دەبن، ئەو ژنە خۆشەویستەشــی خۆ کەڕ و لاڵ نەبووە، دواندن و لاواندنەوە و نازکێشــانی ویســتووە. ئەم چیرۆکانەی دایکی بەمنداڵی بۆی گوتوون بەئاشــکرایی لە شــێعرەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە وەک لەم شێعرەدا دەردەکەوێ:

کــردی خرکــی بــه کعبــه گـُـم کــرد
خــر بــاز جســت و اشــتلم کــرد

کەوابوو کوردیشی زانیوە.

خانی شــاعیری مەزنی ئێمەش داســتانی بەناوبانگ و دڕامی کەم وێنەی مەم و زینی

لەسەر ئوسوولی نیزامی دارشتووە، شێعرەکانی لەسەر کێشی لەیلی و مەجنوونەکەی ئەون و دیارە لەژێر تەئسیری نیزامیدا بووە. بەڵام جیاوازییەکی زۆر لە نێوان ئەم دوو داستانەدا هەیە. لە باری ڕواڵەت و شـێوەدا، نیزامی لە پێشـترە، هەرچەنـدە نەزمی خانی چەپی دەبەر نەزمی نیزامیدا نییە، کێش و قافیەی هەردووکیان تا دەسـتی لەسـەر دابنێی سوار و ڕەوان و پاراوە. ئەمما زمانی نیزامی لە زمانی خانی سـوارتر و لێک و لووسـتر و لەبەر دڵانترە. بەداخەوە کوردییەکەی خانی وشەی عەرەبی ڕەقی نامۆی وای تێدان کە قامووسی فێروزابادیـش نەیگرتوون. ئەوەش هەروا بێ بنۆس و عیللەت نییە. خانی لە سـەردەمی دەسەڵاتی بنەماڵەی سەفەویدا ژیاوە و هەموو فارسی زانێک دەزانێ لەو سەردەمەدا زمانی فارسـی تووشی چ پاشەکشـە و تەنگانەیەک بووە و دیارە زمانی کوردیشی دەگەڵ خۆی بـەرەو هەڵدێر بردووە. دەنـا زمانی کوردی ئەوەندەش هەژار و کەم وشـە نییە، هێندە قەرزداری زمانی دیکە بێ.

بـەڵام لەباری نێوەرۆکەوە بێ تەعەسـووب، دەڵێم: «خانی لە پێشـترە» ئەوەش لە خۆڕا ناڵێم. قارەمانی چیرۆکی لەیلی و مەجنوونی نیزامی هەردووک عەرەب بوون. ئەویش هەرچەند زۆر زانا بووە، تەبیعییە نەیتوانیوە وەک عەرەبێک شارەزای ڕێوشوێن و چلۆنایەتی ژیـان و فەرهەنگی عەرەبی بێ. خانی چیرۆکە نایابەکەی لە بەیتێکی کوردی وەرگرتووە و قارەمانی کوردی هەڵبژاردووە. بۆیە هەتا پێی کراوە خۆی لە ئەفسـانە پاراستووە و بەرەو واقیع چووە. تەنانەت ئەگەر بەوردی سـەرنج بدەنـە درامی مەم و زین بۆتان دەردەکەوێ لـەزۆر جێگایان کە هاتـووە لە واقیع دووربێتەوە لە ئەسـتۆی خـۆی داڕنیوە و دەڵێ: «بیسـتوومە، بۆیان گێڕامەوە و یا خەونیان دیـوە». خانی هەژارپەروەری و دیفاع لە بێ دەسەڵات و چەوساوانی گەیاندۆتە ڕادەیەک کە هێندێک کەسی دیارە نەزانی هێناوەتە سەر ئەم بڕوایە کە ئەو سێ سەد و پەنجا ساڵ پێشتر بیروباوەڕی چەپی بووە!!!

خانـی وێدەچی خەریک بووبـێ وەک نیزامی پێنج گەنج بنووسـێ. جا توانیویەتی و شوێنەوارەکانی جگە لە مەم و زین بزر بوون و لەنێو چوون، بۆمان روون نییە. هەر ئەوەندە دەتوانم بڵێم ئەو کە لە چل و چوار ساڵیدا مەم و زینی تەواو کردووە، دەبێ پێش ئەو، بەم دڵە پڕ هەستە و بەو تەبعە ڕەوانەوە، شتی دیکەشی نووسیبێ، نەوبەهار بەشی ئەوەندەی مەحتەل نەکردووە تا چل و چوار سـاڵی هەر ئەو دوو شـوێنەوارەی بێ. چل و چوار ساڵ تەمەنێکی نێونجییە، ئەگەر پتر ژیا بێ کە هیچ ڕوون نییە پاشـانیش دەبێ شتێکی دی لە پاش بەجێ مابێ. ئەمما چمان بەدەسـتەوە نییە دیسـان وەک، کوردێک شوکرانە بژێرم، ئەوەندەشمان لەدەسدا هەیە.

بێگومـــان خانی لـــە نیزامی فێر بووە کە لـــە دوایی مەم و زیندا ســـاڵی تەواوکردنی کتێبەکەی و تەمەنی خۆی بکاتە شێعر و بڵێ:

لـــەورا کـــو دەمـــا ژ غەیـــب فـــەک بـــوو
تاریـــخ هـــەزار و شێســـت و یـــەک بـــوو
ئیســـال گـــەهشـــتە چـــل و چـــاران
وی پیشـــــــرەوێ گـــونـــاهـــــکاران

پێم وایە مامۆســـتای خوالێخۆشبوو سەججادی کە پاش مردووان هەر ڕەحمەت باشە، خراپ لەم دوو شێعرە گەیبوە بەبۆچوونی من، خانی لە ١٠٦١ دا مەم و زینی تەواو کردووە و ئەودەمیش خۆی چل و چوار ساڵی تەمەن بووە. ئەو کەسانەی بەگۆترە شت نانووسن و کەمێکی بیر لێ دەکەنەوە و مێژوو دەخوێننەوە دەزانن ئەو سەردەمە ڕەشترین سەردەمی مێژووی کوردە. چونکە سەردەمی کێشە و شەڕی نێوان دوو دەوڵەتی بەدەسەڵات و زۆردار و لەکنەخۆ مســـوڵمانی ئەو کاتە بووە. شـــەڕی بەینی سەفەوی و عوسمانییەکان زیاتر لە کوردســـتان و لەسەر زگی کوردی بەستەزمان و لێقەماو کراوە. زوڵم و زۆری ستەمکاران و لێقەوماوان و بێ هێز و بێ دەســـەڵات لەو ســـەردەمەدا هەستی نەتەوایەتی خانی بزاوتووە کە لە دیباچەی مەم و زینەکەیدا دەری بڕیوە و دەڵێ:

ئەز مامـــــە د حیکمـــەتـــا خـــۆیدا
کـــــورمانـــج د دەولـــــەتا دنێـــــدا
ئایـــا بـــە چ وەجهـــی مانـــە مەحرووم
بیلجوملـــە ژ بـــۆ چ بوونـــە مەحکووم

هەســـتی نەتەوایەتی خانی هەســـتی کوێری ناسیونالیســـتی نییە. هەستی ئینسانی شـــاعیرێکی حەسساس و بەشەردۆستە کە نەتەوەکەی خۆی خۆش ویستووە و بەمەحرووم و مەحکوومی دیوە و زگی پێی ســـووتاوە و دیفاعی لێ کردووە. خانی ئینســـانی خۆش ویستووە و ستەم و ناحەقی ئەم هەستەی تێدا بزواندووە کە لە بەدبەختترین و مەزلوومترین

ئینسانی کورد پشتیوانی بکا.

نیزامی و خانی وەک دوو شاعیری موسڵمان لە پێشەکی کتێبەکانیاندا حەمدی بینایی چاوان و ئاودێری دێمەکاران، خودای مەزنیان کردووە و بەخۆشەویستیی خودا و پێغەمبەری گەورە و نازدار و پیاوچاکیان هەڵگوتووە و هەر دووک لەو باسەدا سەرکەوتوون.

بەڵام کە وەک شـاعیرەکانی پێشـوو هاتوونە سـەر باسـی میر و مەزنان، بەتەواوی لێک جـوێ بوونەوە، نیزامی پێی هەڵگوتوون یا ئەوپەڕی گلەیی لێ کردوون، بەڵام خانی بەئازایەتی کوتاونی و تاوانی کوێرەوەری و چەرمەسـەری هەژارانی بێ دەرەتانی خستۆتە ئەستۆی ئەوان.

لە باقی مەبەسـتەکانی پەراوێزی داسـتانەکەیدا خانی وەک عاریفێکی لێزان و دڵسۆز دواوە و ئەوەنـدە بەخشـندە و بەڕەحم بووە کە تەنانەت بەکـرە مەرگەوەڕی بەدفەڕی، پاش کوژران و بوون بەچەقڵی مەم و زینان، بەخشـیوە و بەخەونی پیاوچاکێک کردوویە بەدەرکەوانی دەرکی کۆشـکی بەهەشتی مەم و زینان. ڕەنگە خوێنەر وەڕەز بووبێ و پێی وابێ زۆرم درێژدادڕی کردووە. بەڵام من پێم وایە زۆرم مێشکی خۆم کوشیوە تا ئەم باسە کورت بکەمەوە و بچمە سەر باسی عەلی ئاشق. ڕاست بێ یا ئەفسانە «دەگێڕنەوە زەمانی زوو لە ئاوەدانییەکی ئەم کوردسـتانەدا لاوێک ژیاوە کە ناوی عەلی بووە. عەلی گیرۆدەی داوی ئەوینی کچی مەلای ئاوەدانی بووە. مەلازادەی شـۆخ و شـەنگیش دڵی بەعەلییەوە بووە. ئەوینی ئەو کوڕ و کچە وەک ئەوینی لەیلی و مەجنوون و مەم و زین، ئەوینێکی پاک و خاوێن و ئاسـمانی و دوور لە هەوا و هەوەس بووە. خوازبێنیکەری ناردوونە سەر کیژی مەلا. بەڵام شـۆفار و ڕیاباز و دووزمان کە هەمیشـە بوون و وا زووش بنەبڕ نابن، چوون دەکەڵیشـەی مامۆستاوە و نەیانهێشتووە کچەکەی بداتێ و پێیان سەلماندووە مەلازادە بۆ بۆرە پیاو نابێ.

کوڕی سەوداسەر وەک قەیسی عامیری لە سوێی گراوییەکەی کە بەداخەوە ناوی نازانین شـێت و دین دەبێ و ئاوەدانی بەجێ دێڵێ و دەس ڕەکێوان دەدا. نەمبیسـتووە دەگەڵ کێویان ببێتە هاودەم. بەڵام شەو و ڕۆژ بەشاخاندا گەڕاوە و بەیت و باو و لاوک و حەیرانی کوردانەی بەیارەکەی هەڵگوتووە.

جێـی داخە لەوانە چمان وەدەس نەکەوتوون. بە چەقالە، بەڵاڵووکە کێویلکە، گێوژ و کرۆسک و گیا و گوڵی کوێستانان ژیاوە، جاروبار شوان و گاوان و ڕەوکەوان نانی ڕەقیان بەخێـرا خۆیان داوەتێ، چەند وا ماوەتەوە ڕوون نییە. کچە مەلاش هەموو حەڵاڵی دونیای

لە خۆی حەرام کردووە و قەت لە ژوور نەهاتۆتە دەر و کەسی نەدواندووە و شەو و ڕۆژ گریاوە.

مەلای موسڵمانی کورد زگی پێیان سووتاوە و بەزەیی پێدا هاتوون و کچەکەی بەزۆرەملێ نەداوە بەکوڕی ئاغا یا کوڕە مەلایەکی وەک خۆی، یا بازرگانێکی دەوڵەمەندی شار، بۆ خۆی وەبەندەنان کەوتووە و عەلی کە ئیتر بە عەلی ئاشق ناوبانگی ڕۆییوە و بەهەزار زەحمەت دۆزیویەتەوە، دڵخۆشی داوەتەوە و بەڵێنی داوەتێ چیدی بەقسەی دووزمان و شۆفاران نەکا و کچەکەی بداتێ.

عەلی ئاشق هاتۆتە ئاوەدانی، مەلا نوشتەی بۆ نووسیوە، دایکی سەری دەپلاو و گۆشتی گرتووە، دەستە براکانی دەوریان داوە و قسەی خۆشیان بۆ کردووە تا ژیوەڵە بۆتەوە و هۆشی هاتۆتە سەرەخۆ. مەلاش بۆ خۆی کچەکەی لێ مارە کردووە و بەجلووبەرگ و جیازی خۆی بۆی سوار کردووە. سواری کورد ڕمبازێنیان لە پێش کردووە، تەقڵەیان داکوتاوە و جلیتیان هاویشتووە. دەستە خوشکەکانی سەمایان لەپێش کردووە، دایکی زاوا و پیرێژنەکان ئاوێنەیان بەرەو ڕووی ڕاگرتووە، بەربووک سواری ئەسپی بارگە بووە، خزم و کەسوکاری پیاوی عەلی لە سەربانەوە شاباشیان بەسەردا هەڵاویشتووە، منداڵ تێک وەرووکاتوون و شاباش و نوغڵ و نەباتیان کۆکردۆتەوە، بووکیان لەسەر کورسی دابەزاندووە. دوو برازا پیلیان گرتووە و بەرەو پەردوویان بردووە. لەو حاڵەدا عەلی لەبەر بێڵایە ڕاوەستاوە و دەستی لە بناگۆی ناوە و ئەم بەندانەی پێ هەڵگوتوون:

مەجلیسی ئاشقان گیراوە
ساقی لەنێو ڕاوەستاوە
پیاڵەی عیشق نۆش کراوە
بەخێر هاتی پەریزادە
بەخێرهاتی
بەسەر چاوی دەمن هاتی
بەچیم زانی کە تۆ هاتی
بەدەنگی تۆق و خرخاڵان
عەلی عاشق!

ئەگەر عیشـــقت زمانـــی بـــێ
ســـەد جار عـــومرت زوو فانـــی بـــێ
حـــەیفـــە ئیخـــلاس پـــەنهانی بـــێ
مـــەلازادە بـــــەخێـــر هـــــاتی!
مـــــوتریب! لێ دە بینـــای ســـازت
بەختـــت ســـووتێ لـــە بـــۆ نازت
جووتـــێ ســـاقی گـــوارە زێـــڕن
مەی لـــە مـــەیخانـــان دەگێـــڕن
ئاشـــقان لـــەڕێ وەردەگێـــــڕن
قـــوربانـــت بـــم ئـــەی بـــای وادە
تـــارا لـــەســـەر لـــەیلـــم لادە
بـــــەدەســـــتووری حاکـــــم زادە
مـــەجنـــوون یەکـــی دەردەدار بـــوو
بـــەتیری عیشـــق گرفتـــار بـــوو
چونکـــە لەیلـــی وەفـــادار بـــوو
مـــەجنـــوونەکـــەی لـــە کێـــوانم
دایـــم دڵ پـــــڕ لـــــە هیجرانـــم
بـــۆ خاڵـــــی لـــەیل پـــەرێشـــانم
خۆزگـــەی بەفەرهـــادی چینـــێ
خەریکـــە لە ســـەنگ تاشـــــینێ
ئـــەویش بـــۆ عیشـــقی شـــیرینێ
قـــوربانـــت بـــم شـــەمـــاڵ وەرە
ئـــەو کاغـــەزەم لـــەبـــۆ بـــەرە
بیـــــدە بـــــەدەســـتی دڵبـــەرە
ســـاقیـــم دەوێ شـــەراب بێنـــێ

عــــەکسی خــۆی تێــدا بنــوێنێ
ئیننـــــالیـــلای لـــێ بخـــــوێنێ
بـــەو چـــاوە گیانـــم دەســـــتێنێ

کە دەگاتە ئێرە شادی مەرگ دەبێ و گیانی پاکی بەخودا دەسپێرێ و لەبەر دەرکی پەردوو دەکەوێ.

ئەوە بوو سەرگوزشـــتەی عەلی ئاشق مەجروومی کوردەواری. لە بەیتەکانی کوردیدا زیاتر گراوی شـــینی بۆ کورە حەیران گێڕاوە، وەک شـــینی زین بۆ مەم، شـــینی خانزاد و خەزاڵ بۆ لاس، شـــینی خەج بۆ ســـیامەند، شـــینی سنجان و ئایشـــە گوڵ بۆ سواری خۆیان لێرەدا شـــینی کچە مەلا بۆ عەلی دیار نییە. دەزانن دەبوو چ شـــینێکی بۆ بگێڕێ؟ بەئاواتەوەم کە دەنگ خۆشە کوردەکان ئەم بەندانە وێڕای ئاهەنگی شمشاڵێکی مەحزوون بڵێن و شـــاعیرە لاوەکانمان ئەم چیرۆکە بکەنە داســـتانێکی شێعری درێژ. بۆ سەرچاوەی داستانی مەم و زین و لەیلی و مەجنوونی نیزامی هەر بەیتێکی وا نەبووە؟

زۆر زانیش بەهەڵە دەچێ

وتارەکەی مامۆستای مەزن و زانای کورد تۆفیق وەهبی بەڕێزم لە گۆواری پەروەردە و زانستدا وەبەرچاوکەوت و سەرنجی ڕاکێشام. پاش یەک دوو جار خوێندنەوە و چەند جار پێداچوونەوە هەر چۆنێک بوو شتێکم لێ هەڵکڕاند.

خودا مامۆستای گەورەمان ڕاوەستاو و پایە بەرزتر بکا. خۆی ڕێچکەی بۆ شکاندووین و فێری کردووین ڕەخنە بگرین و لە هەڵەی زمان نەبوورین. کەوابوو ئەگەر کوردێکی ساکاریش ڕەخنەی لە مامۆستایەکی زۆرزان گرت. نە بەردی بەکابە داداوە، نە کوفری چوار ئیمامانی کردووە و نە دەبێ سەنگەسار بکرێ. چونکە جاری وایە زۆرزانیش بەهەڵە دەچێ.

پاش شێو و وەردانەوەی پوخت و وردی وتارەکەی مامۆستا هاتمە سەر ئەم بڕوایە کە ماشاڵڵا، هەزار ماشاڵڵا ماموستا لەو دوور وڵاتە وا لە (زانستی) خۆیدا سووتاوە و هەڵچزاوە و ئەوەندە توند لەبەر ڕاچووە کە بێ ئەوەی خۆی هەست بکا وەک هەموو ئینسانێک تووشی هەڵە دەبێ، دیارە هەڵەی پیاوی وا بەناوبانگ و جێ گەورەش وەک هەڵەی ئیمەمانان نییە و زیانی گەورە دەگەیەنێ.

لا حیاء فی الدین، بەرێزێنێکی قایم بێ، وتارەکەی مامۆستام زۆر شپرزە و شپرێو هاتە بەرچاو، ڕەنگە دەریای بێ بەستێنی زانستی مامۆستا وا شەپۆلان بدا کە ئەدەبی تێدا نوقم بووبێ و مامۆستا هێندە زمانی بێگانە فێربووبێ کە کووردییە ساکارەکەی خۆمانی

لەبیـــر نەمابێ. یا ئەوەیان پتر وێدەچێ، زمانـــی زانا و زمانەوانان لەگەڵ هی بۆرە پیاو و کەرەکرمانجان فەرق و جیاوازییەکی زۆری هەبێ.

من وام لێک دابۆوە کە مامۆستا لە کاتی نووسینی ئەم وتارەدا بەفارسی بیرکردۆتەوە و بەکوردی نووســـیویەتی. چونکە شێوەی دارشـــتنی ڕستەکانی زیاتر وەک فارسی دەچن تا کوردی. بەڵام کوردێکی ئینگلیزی زانی خوێندەوار دەیگوت نا مامۆستا بەئینگلیزی بیر دەکاتەوە و بەکوردی دەنووسێ.

جا هەر چۆنێک بێ قســـەی من بێ یا هی ئەو مامۆســـتا بەفارســـی بیـــر بکاتەوە یا بەئینگلیزی ئەم ڕاســـتییە ناگۆڕێ کە ڕســـتەکانی وتارە بەنرخەکەی ماموســـتا زۆربەیان کوردانە دانەڕێژراون و تامی کوردی نادەن دەڵێن نا، فەرموون یەز دوورە گەز نیزیکە ئەم عیبارەتە ســـەرلەنوێ بخوێننەوە و حوکمی لەسەر بدەن. «لەبەرئەوە دان نەنان بەهەڵەی زمانیـــدا پاش ئەوە پێ زانـــرا گوناهێکە لێ نەبووردنی». جارێ بـــا کارمان بەوە نەدابێ ڕســـتەکە مەبەست بەدەستەوەنادا و (دان نەنان) مانای ئیعتراف نەکردن و پێ لێ نەنانە. نەک چاو لێ پۆشین و خۆ گێلکردن کە وادیارە مەبەستی ماموستابووە. من دەڵێم ڕستەکە کوردانە دانەڕێژراوە و چاکی ســـەر نەگیراوە. «گوناهێکە لێ نەبووردنی» وشەکانی هەموو کوردین، بەڵام هەر کەس کەمێک فارسی بزانێ تێدەگا مامۆستا «گناهیست نەبخشودنی» فارسی لە مێشکیدا دارشتووە و گوناهێکە لێ نەبووردنی بەقەڵەمدا هاتووە. دەنا بۆ خاتری خودا کوردی چۆن وا دەنووسرێ؟ وتارە بەنرخەکەی مامۆستا بەداخەوە وشەی کلک و گوێ براو و ڕستەی شێواوی تری تێدا هەن. بەڵام ناکرێ لەسەر یەک یەکی ئەوان بدوێم. کورد گوتوویەتی «چ کەوێژێک چ مەویژێک؟».

شـــتێکی ترم بەلاوە ســـەیربوو ئەویش ئەوەیە مامۆســـتا کە بەکوردی زانێکی گەورە ناوبانگـــی ڕۆییوە. چۆنـــە لەم وتارەدا بێ ئـــەوەی دامابێ و ناچار بێ وشـــەی بێگانەی بەکارهێناوە. بۆ نموونە لە باتی نەتەوە کە کوردییێکی ڕەســـەنە قەومی عەرەبی و لەباتی نێوان مەیانی فارسی نووسیوە.

دیارە من لەو کەســـانە نیم پێم وایە نووســـەری کورد هەقـــی نییە لە کاتی ناچاری و پێویستیدا وشەی بێگانە بەکاربێنێ و هەر کە وشەیەکی بێگانەم لەناو نووسراوێکی کوردیدا ڕەچـــاو کرد، پێم وابێ ئاســـمان کۆڵەکـــەی پەڕیوە و قیبلە کەچ بـــووە و پردی قیامەت پساوە.

بەڵام بەو حاڵەوە بەهەقی خۆمی دەزانم ڕەخنە لە مامۆستا تۆفیق وەهبی بگرم، چونکە

ئەو لەو کەسانەبوو کە ڕێچکەی پەتی نووسینی تەخت کرد.

مـن لە سـەردەمێکدا خەریکی کـوردی فێربوون بووم کە پرشـنگی گەلاوێژی گەش خەریـک بوو وردە وردە ئاسـۆی لێڵ و تەماوی زمانەکەمـان، ڕوون و ڕوونتر بکاتەوە و فۆلکلـۆری ئەدەبیمان ببووژێنێتەوە و ئەدەبەکەمان بـەرەو پێش بەرێ و بەردی بناخەی زمانی یەکگرتووی کوردی دابمەزرێنێ.

کـوردی سـاکار دەڵێ گوناهێکە بۆ لێ بـووردن نابێ، گوناهێکە لـێ بووردنی نییە، گوناهێکە ناکرێ لێی خۆش بی. بەبڕوای من ئەو کەسـانەی ڕسـتە لەسەر شێوەی زمانی بێگانە دادەڕێژن پتر زیان دەگەیەنن لەو کەسـانەی وشـەی بێگانە لە کاردێنن. بەداخەوە دەبێ بڵێم کە ئەم مەترسییە هەڕەشە لە زمانەکەمان دەکا و زۆریشی پەرە گرتووە.

مامۆسـتای بەڕێز، دیسان نووسیویەتی «من بەم چەند وشە پێشەکییە ویستم زەمین ئامادە بکەم بۆ ئەوە کە گلەیی نەکرێ لێم کە دەس بدەمە کۆڵینەوە لە...»

مـن جوتیاری کوردم دیبوو زەمین ئامادە بکا بـۆ چاندنی توور و گێزەر و چەقاندنی تووتن و تەماتە. بەڵام لە زانای کوردم نەبیستبوو زەمین ئامادە بکا، بۆیە سەرم لێ شێوا و لە دڵی خۆمدا گوتم: خودایا زەمین ئامادە بکەم لێرەد چ مانەیەکی هەیە؟ خودا ڕاوەستاوی بکا مامۆستا لە داوێنی وتارەکەدا مانای لێ دابۆوە.

زەمیـن ئامادە بکەم: حازر کردن «نەمردین و ئەم جۆرە مانا لێ دانەوەشـمان دی» تێگەیشـتم مەبەستی مامۆسـتا دەبێ «زەمینە»ی فارسـی بێ کە زۆر جار لە کوردیدا بەکاردەهێندرێ. بەڵام خوا هەقە ئێسـتاش نەمزانیوە مامۆستا بۆ وەک بەیتاڵی تەڕدەست باسکی لێ هەڵماڵیوە و کلکی پەڕاندووە و نەرگزەی بڕیوە و نژدی کردووە؟

بەڵام هەر لەو کاتەدا مامۆسـتا و هاوکارەکانی لـە دەنگی گێتی تازەدا خەریک بوون فێری کوردی پەتی نووسـینمان بکەن. هەر ئەو پەلە پەلە و کوردی پەتی نووسـینە بوو بەجارێک ڕایەڵ و پۆی تێکداین و سـەری لێ شـێواندین و شاعیر و نووسەرە لاوەکانمانی بەهەڵە برد، تا گەیشتە جێگایەک شاعیر ببێ بەهەستیار و شێعر ببێ بەهەڵبەست و قافیە ببێ بەسەروا و خزمەت ببێ بەڕاژە و ئیمزا ببێ بەواژوو و ئێستاش هەر نەبڕێتەوە و تۆزی هەر بکا.

مامۆستا ئەو دەمی ئێمەی فێر دەکرد کە بەهیچ جۆر توخونی وشەی عەرەبی نەکەوین و وامان لێ هات هەرچی عەرەبی نەبوو بەکووردیمان زانی و ئەو خۆ لە عەرەبی پاراستنە سەدان وشـەی دزێوی بێگانەی خستە زمانەکەمانەوە کە ئێسـتا بۆمان لەگێژەو نادرێن.

کەچی ئێستا خۆی لەباتی وشەی کوردی ڕەسەن و کۆن وشەی عەرەبی بەکاردێنێ، ڕەنگە مامۆستا بڵێ ئەم وشانەی من لەکاریان دێنم زۆر سواون و بوونە کوردی. بەڵام منیش عەرزی دەکەم بۆچی وشەی دنیا نەسواو بوو؟ نەببوو بەکوردی؟ هەموو ڕەپپیرێژنێک نەیدەزانی؟ ئەی بۆ (گێتی) فارسیێت لە جێ دانا؟

با بێینە سەر ڕایەکەی مامۆستا لەسەر پەروەردە و زانست، ئەگەر پێویست بێ، (التربیە و المعرفە) ڕاست و ڕاست بکەینە کوردی ئەوە ڕایەکەی مامۆستا ڕاستە نە پەروەردە (التربیە)یە و نە زانست (المعرفە)یە. بەڵام بەداخەوە ئەزیش پێشنیارەکەی ئەوم پێ ڕاست نییە. چونکە نە پەروەریشت بەکوردی دەزانم و نە شناسایی.

پەروەریش ناوە چاوگەیەکی فارسییە. ئەم ناوە چاوگانەی کە (ش) دەبێتە پاشگریان لە فارسیدا یەکجار زۆرن و تایبەتی ئەم زمانەن. دیارە هاتوونەتە ناو کوردیشەوە، بەڵام زۆر بەهاسانی دەناسرێنەوە، بڕواناکەم بەو هاسانییەش کە مامۆستا فەرموویەتی بتوانین بیانکەینە کوردی. یانی بەلابردنی ژێر و زیادکردنی (ت) شکڵیان بگۆڕین.

بەلا لە درۆیەدا من نازانم بەختیاری چۆنیان لەکار دێنن. بەڵام ئەوە چەند ساڵە لە کوردستانی ئێران و عێراقدا وشەی شۆریش بۆتە بنێشتە خۆشکە و لە کەسم نەبیستووە بڵێ شۆڕشت. ئەگەر مامۆستا وەک زمانەوانێک ئەم کارەی پێ ڕەوایە کە زمانی گەلێکی تر بڕووتێنێتەوە و زمانی خۆمانی پێ بڕازێنێتەوە لە چی ڕاوەستاوە هەموو ئەم ناوچاوگانە وەبەر دەستوورەکەی خۆی بخا کوردی دەوڵەمەند بکا و فارسی لەسەر ساجی عەلی دابنێ. دەنا ئەم کلک پەڕاندن و کلک لێ نانە بێ سوودە. جا ئەو دەمی مامۆستا دەتوانێ لەباتی پەروەرشت و شناسایی، ئاموزشت و پەروەرشت پێشنیار بکا. هەم خۆی بحەسێنێتەوە و هەم ئێمە. مامۆستا دەزانێ لە ئێراندا (آموزش و پرورش) ئەوە چەند ساڵە جێگای (تعلیم و تربیت)ی گرتۆتەوە ئەگەر دەستوورەکەی مامۆستا ڕاست بێ فەرقێک لە نێوان آموزش، گنجایش آلایش، گرایش و پرورش دا نییە.

لە کوردستانی ئێراندا نەک هەر لە ئەرەدەڵان بەڵکوو لە زۆر شوێنان وشەی شناسایی بەکاردەهێنن. بەڵام ئەوە بەڵگە نییە بۆ کوردی بوونی ئەم وشەیە. لە کوردستانی عێراقیش بەشی زۆر ئیش بەکار دێنن لەباتی کار، بەڵام ئیش هەر تورکییە.

مامۆستا نووسیویەتی «وشەی زانست لە پاش جەنگی گێتیگری یەکەمەوە بڵاوبۆتەوە لە ناوماندا. بێ ئەوەی لەکوێوە هاتووە و بەپێی کام مادە دروست بووە، ئێمە ئێستا پەیمان بەوە بردووە کە شکلی زانست غەڵەتێکی دەستوورییە. ئەم وشە غەڵەتە، هەبێ

و نەبێ لەلایەن کەسێکەوە هاوێژراوەتە زمانەکەمانەوە کە هەرچەندە ئاگادار نەبووە لە فۆنۆلۆژی کورد و فارسی، زۆر بەپەرۆش بووە بۆ بڵاوکردنەوەی کوردی پەتی لە سلێمانیدا ئەو کەسە یا فەیلی بووە، یا کەلهووڕی یا لەکی»

منیش ئەوەندەی لێ زیاد دەکەم و دەڵێم: ئەو کابرایە هەم زۆر گەڕیدە بووە و هەم زۆر بەدەسەڵات چونکە ئەو وشەی هەر لە سلێمانیدا نەکردۆتە باو و بەشێکی زۆری کوردستانی پێ گرتۆتەوە.

دەگێڕنەوە دەڵێن حەریق شاعیری بێ بەش و چارەڕەشی کورد، جارێک دەردی دڵی دەکرد و دەیگوت: بۆ پاروەنانێک هەموو گوندێکی کوردستان گەڕاوم بەڵام نازانم سەرم بەهەموو ماڵێکدا کردووە یا نا؟ منیش وەک حەریق گەڕیدەم و هەر لە پشت تەپی تەنیشت مەهابادەوە تا دەرگەزنی نیزیکی سلێمانیم دیوە و تەماشا دەکەم ئەو کابرایەش دێ بوێری نەکردووە و بەزەبری کوتک وشەی زانستی بەسەر هەموو دانیشتوانی ئەو مەڵبەندە فراوانە دابڕیوە. بەڵام زۆر پێش شەڕی یەکەم ڕاست یا غەڵەت زانست بەمانای عیلم بەشێکی زۆری لە کوردستان تەنیوەتەوە. بەڵام زانست پێم وایە جگە لە مامۆستا بەزمانی کەسدا نەهاتووە منیش نازانم زانست بەپێی کام مادەی دەستووری دروست کراوە بەڵام هەرچی کێشام و پێوام هەر سێ نوختەی لە زانشت کەمتر بوو. نازانم بۆ ئەوەیان غەڵەتە و ئەوەیان ڕاست.

١٩٧٣/٥/٣٠

ئەرکی نەتەوایەتی ئیمرۆی شاعیر و نووسەرەکانمان

لە خەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلاندا هەمیشە شاعیر و نووسەری ڕووناکبیر و پێشڕەو نەخشێکی گرنگ و بەرچاویان هەبووە و ئەرکێکی مەزن و پیرۆزیان بەجێ گەیاندووە.

یەکەم هاواری ڕزگاری نەتەوەکەمان لە گەرووی شاعیرێکی مەزن و هەڵکەوتوو هاتۆتە دەر و لە چیا بەرز و سەرکەشەکانی کوردستاندا دەنگی داوەتەوە و باپیرە خەوئالووەکانی ئێمەی لە خەو ڕاپەڕاندوون و شیری پێ سوون و ناردوونی بۆ کۆڕی خەباتی ڕزگاریخوازی.

ئێستاش پاش ڕابردنی گەلێک مانگ و ساڵ دەنگی نێر و دلێری (خانی) وەک وەحی ئاسمانی لە گوێی تێکۆشەرانی نەبەزی نەتەوەی کورددا دەزرنگێتەوە و ئەو دەنگە زوڵاڵەیە ناهێڵێ وەنەوز و وێژینگ بدەن و خەو بیانباتەوە و لە کاروانی خەبات بەجێ بمێنن.

خەباتی گەلی کورد لە کوردستانی ئێراندا ئێمڕۆ پێی ناوەتە قۆناخێکی نوێ. خەباتی گەلەکەمان خەباتێکە عادلانە و ڕەوا بۆ ئەستاندنی مافی نەتەوایەتی پێشێلکراوی خۆی. خەباتێکە لە دژی دیکتاتۆری و سەرەڕۆیی ڕژێمی کۆنەپەرستی پاشایەتی و بەشێکە لە خەباتی دژی ئیمپریالیستی و ئازادیخوازی گەلانی جیهان. گەلی ئێمە تێدەکۆشێ بۆ پێکهێنانی ئێرانێکی سەربەخۆ و دیموکراتیک بۆ کوردستانێکی ئازاد و خودمختار لە چوارچێوەی سنووری ئێراندا. گەلی ئێمە وێڕای گەلانی تری ئێران خەبات دەکا بۆ ڕووخاندنی دیکتاتۆری و تاراندنی ئیمپریالیزم لە وڵاتەکەمان.

ئەرکی شاعیر و نووسەرە پێشکەوتووەکانیشمان لە هەلومەرجی ئێمڕۆدا پشتیوانی

کـــردن و هاندانی تێکۆشـــەرانی ئەم قۆناخەی خەباتەکەمانـــە. ئەرکێکی گەورە و گرنگە، ئەرکێکی پیرۆز و خاوێنە و ئەرکێکی سووک و هاسانیش نییە.

شـــاعیر و نووسەرە نیشـــتمانپەروەرەکانمان لە قۆناخی ئیمڕۆدا بۆ بەجێگەیاندنی ئەم ئەرکە پیرۆزە دەبێ لەناو خەڵکدا بژین، لە کۆمەڵانی زەحمەتکێش و چەوســـاوەی خەڵک جوێ نەبنەوە. لە پێشەوە ئاگاداری وەزعی ژیان و بەرێچوون و خەباتی ئەوان بن و هەست بەئێش و ژان و ئازاریان بکەن. لە ژیانی ڕۆژانەی ئەوان ئیلهام وەربگرن و لەگەڵ تەجرەبە و زانستی خۆیان تێکەڵی بکەن و بیکەنە مایە بۆ نووسراو و شێعر.

شـــاعیر و نووسەری کورد دەبێ ئیمڕۆ قەڵەمی بەقازانجی زۆربەی گەلەکەمان بگەڕێ و بەزمانێک بنووسێ جوتیار و کاسبکار تێ بگا. دەبێ زمانی شوان و گاوان و سەپان بزانێ، دەبێ بۆ زەحمەتکێشان بنووسن و ئەوان هان بدا بۆ خەبات. نووسین و شێعری ئەوڕۆمان تا ساکارتر و بێ گرێ و گۆلتر بێ، زیاتر خزمەت دەکا.

شـــاعیر و نووسەری ئیمڕۆمان دەبێ شـــوێنەواری شاعیر و نووسەرە پێشکەوتووەکانی جیهـــان موتاڵا بکەن و شـــتی تازە و نوێ فێربن و لـــە تەجرەبەی ئەوان کەڵک وەرگرن و بەرگی کوردی تەواوی لەبەر بکەن. شاعیر و نووسەری ئیمڕۆیان دەبێ لە دژی ڕێوشوێنی کۆن و ناپەســـەند خەبـــات بکەن و لە کردەوەی دزێو ڕەخنەبگرن و ڕێگای ڕاســـتی ژیان بەخەڵک نیشان بدەن.

شاعیر و نووسەری کوردستان نابێ ئەوەندە بەرزەفڕ بن کە خەڵک نەیانگاتێ و لەژێرڕا تێیان هەڵبڕوانێ و لە قســـەیان نەگا. لەبیریان نەچێ ڕۆڵەی ئەم گەلەن، لە باوەشـــی ئەو چیا و کەژەدا پەروەزەبوون و دەبێ پاداشتیان بدەنەوە، پاداشتێکی مەعنەوی و بەکەڵک، پاداشتێکی جوان و ساکار، پاداشتێکی بەنرخ و بێ پێچ و پەنا.

بەداخەوە ئێستاش لە کوردستانی ئێراندا نووسینی کوردی تاوانێکی گەورەیە و بۆیەش ئەرکی گرنگ و گەورەی ئەدەبی لە ئەســـتۆی شـــاعیرەکانە. شێعر هاسانتر دەستاودەست دەکا، زووتر لەبەر دەکرێ و چاکتر بڵاو دەکرێتەوە و کەمتر بەڵگە دەداتە دەست دوژمن. ناڵێین ئەرکی شـــاعیرە پێشـــکەوتووەکانمان لە هەلومەرجی ئێستادا کە دیکتاتۆری باڵی ڕەشی بەسەر وڵاتەکەماندا کێشاوە، کارێکی هاسان و بێ مەترسییە. بەڵام هەر ئەو قسەی شـــاعیری گەورە و ئازادیخوازی تورک (نازم حیکمەت) وەبیر دێنینەوە کە دەڵێ: «ئەگەر من نەســـووتێم، ئەگەر تۆ نەسووتێی، ئەگەر ئێمە نەســـووتێین چۆن ڕووناکی لە تاریکی پەیدا دەبێ».

شـــاعیرە نیشـــتمانپەروەرەکانمان دەزانن گەلەکەمان ئیمڕۆ لە هەمیشە پتر پێویستی بەورینگەی خەمڕەوێن و ئاسمانی ئەوان هەیە. هەستی نیشتمانپەروەری و ئەرکی نەتەوایەتی و ئینسانی ناچاریان دەکا لە سزا و ئازار نەترسن و بێدەنگ دانەنیشن.

ڕۆژنامەی کوردستان، ژمارە ٣٠، سەرماوەزی ١٩٧٣١٣٥٢

وەڵامێکی دۆستانە

دۆستێکی زانا و ورد و خۆشەویستم کارتێکی بۆ ناردووم و نووسیویەتی:
«ئەم غەزەلە جوانەی بەم شێعرە تەڕ و ناسکە دەس پێدەکا ئی کام شاعیری کوردە؟

هێندە بێزاری کە زانیومە بەزاری نایەوە
دوور لە باڵاکەت سەرینی ناهومێدیم نایەوە

من هێندە بەهۆش و گۆش نیم هەر شێعرێکی لێم بپرسنەوە بزانم ئی کێیە؟ بەڵام بەهەڵکەوت خاوەنی ئەم شێعرە دەناسم و تەنانەت دەزانم بە چ بۆنەیەکەوە گوتراوە.
چونکە ڕەنگبێ زۆر کەسی تریش بێ نەزانن ئی کێیە؟ بەم وتارە جوابی دۆستەکەم داوە تا هەم ئەو وەڵامی خۆی پێ بگا و هەم خوێنەرانیش کەڵکی لێ وەربگرن.
ئەم غەزەلە بەهەڵە لە دیوانی نالیدا چاپ کراوە، بەڵام ئی ئەم شاعیرە بەرز و ناسک خەیاڵ و نەمرە نییە. بەڵکو ئی شاعیری ڕەنجەڕۆ و چارەڕەش مەلا ساڵحی حەریقە.
دیارە شاعیری سەر بەنەتەوە بێ بەش و زۆر لێکراوەکان بەختەوەر و کامڕەوا نابن. هیچ شاعیرێکی کورد ناناسین ژیانێکی خۆش و باشی ڕابواردبێ. بەڵام لە هەمووان چارەڕەشتر، لێقەوماوتر و هەژارتر حەریق بووە. ئەم شاعیرە مەزنە کە ئەگەر دیوانەکەی

بەڕێکوپێکی کۆکرابایەوە دەمانزانی یەکێک لە شـــاعیرە هەرە باشـــەکانی کوردە، ژیانێکی زۆر تـــاڵ و تفت و پڕ لە کوێرەوەری ڕابواردووە، لە تەواوی ژیانیدا ئاهی خۆشـــی لە دڵی نەگەڕاوە. لە ســـاڵەکانی دوایی تەمەنیدا کوێر و کۆڵەوار و گردەنشین بووە و کەم بەختی پاش مردنیش یەخەی بەرنەداوە و بەنەناسراوی ماوەتەوە. بەشی زۆری شێعرەکانی فەوتان و ئەگەر نەفەوتابن هیچ نەبێ چاپ نەکراون، ئەوی چاپیش کراون ئاداریان بەسەر پادارەوە نییە.

چەند ســـاڵ لەوەی پێش لاوێکی بەزەوق و شێعردۆست و زانا بەشی زۆری شێعرەکانی حەریقـــی کۆکردبۆوە، دەتوانم بڵێم ڕێکوپێک بوون و یەکێک لە شـــاگردەکانی هەرە زانای حەریقیـــش کە هێشـــتا مابوو یارمەتی دابوو منیش تەماشـــام کرد و لێـــی ڕازی بووم و حەریقیشـــم ناسی و پێم وابوو، باشترین شـــاگردی نالییە وەک بزانم نەیتوانی چاپی بکا، بەڵکو لەنێویش چووە. حەریق نەک هەر باشـــترین شاگردی نالی بووە، بەڵکو قوتابخانەی نالی بردۆتە موکریان و شاگردی باشی لەو مەڵبەندەی کوردستان پێ گەیاندوون، ئەدەب، ســـەید ڕەشـــید، عەلی بەگی حەیدەری و ســـەیفی قازی کە خۆی خاوەنی قوتابخانەیەکی شـــێعرییە، هەموو شاگردی حەریق بوون. دەڵێن مشت نموونەی خەروارە ئەوە لە خوارەوە چەن شێعری بەنموونە دێنەوە. جا دەچمە سەر باسەکەی خۆم:

چاوەکـــەم! دوێنـــێ لـــە گـــوڵشـــەن گـــوڵ بەعیشـــوە خـــۆی نوانـــد
نـــەک نمـــەک گیـــر بـــم، بـــەمـــەرگی تۆ قەســـەم هەر نـــەم دواند

یا:

ســـتـــوونی قامـــەتـــی ڕاگـــرتـــووە بـــۆ خێـــوەتـــی دینـــم
خـــودا بـــۆ تـــوولی عـــومـــری، ئـــەو تـــەناف و دارە نەپســـێنی

یا:

بەڵـــەک بـــوو کێـــو و ســـەحرا وەک دەڵـــەک خـــۆی دزیـــەوە زســـتان
زەیســـتان چـــۆن بـــەری خســـت ئیتفاقـــەن هێـــزی پێـــی نابـــێ

حەریق هەر لە هەرەتی لاوەتی و فەقیایەتیدا سۆزی سۆفیگەری لە دڵدا هەبووە، کاتێ شاکارە بێ وێنەکەی نالی بڵاو بۆتەوە کە دەڵێ:

عیشــقت کــە مەجـازی بــێ خواهیـــش مەکــە ئیلـــلا کــچ
شــیرین کــچ و لــەیـلا کــچ، ســەلما کــچ و عــەزرا کــچ
فەرقـــی کــچ و کــورِ ڕەوشــەن، وەک فەرقــی مەهــ و میهرە
ئــەم فەرقــی شــەو و ڕۆژە وەک فەرقــە لــە کــورِ تــا کچ
مەهــ مەهــ لــە مەهــی ســادە یەعنــی لــە قەمــەر لادە
هــەم شــەمس و ســوورەییا کــچ، هــەم زوهرەیــی زەهــرا کچ
بیبینــە گــوڵــی ژاڵــە، هــەم بــێ بــەرە هـــەم تاڵــە
قــەد ســەر و ســنەوبــەر کــورِ، چــاو نێرگســی شــەهلا کچ
کــورِ وەک گــوڵــی گوڵــزارە، ئەممــا ســەمــەری خــارە
وەک هــەنگــی چــزووداره هــەنگــوێنــی موســەففا کــچ
کــچ پەرچەمــی چین چینــە دوو مــەمکی لــەســەر سـینە
وەک شــانەیی هــەنگوینــە بــۆ لــەززەتــی دونیـا کــچ
جــەز لــی ســەمەر و ســایە، بــۆ ســەولــەتی ئەعــدا کــورِ
نەخلــی ســەمــەری مایــە بــۆ دەوڵــەتــی دونیـا کــچ
کــورِ زیبــی دەبســـتانە کــچ شـــــەمعی شــەبستانە
بــۆ بــەزمی تــەماشـا کورِ بۆ خــەڵــوەتــی تــەنهـا کچ
مــوو ســەنبــوولی ئاشــوفتە دورِ دانــەیــی نـا ســوفتە
دەم خونچەیــی نــەشــکــوفتە تــێ فکــرە کــورِە یــا کچ
کــورِ ئایینەیــی حــوســنی تــا وەک کچــە مــەنــزوورە
گــرتــی کــە غــوبــاری مــوو چینــی کــورِ و مینـا کچ
کــورِ تــازە و تــەرِ مــادام ســادە، وەکــو خــوشــکی بــێ
ئەممــا کــە ڕوا سـەبزە دیبـا کــورِ و زیبــا کــچ

بــۆ شـــەربـــەت و شـــیرینی فینجانە لـــەســـەر ســـینی
مـــەم تـــوحفەیـــی تـــوففاحی شـــەم عـــەنبـــەری بـــۆیا کچ
هـــەم گـــوڵبونـــی بـــێ خـــارە هـــەم مـــەزرەعـــی ئـــەزهـــارە
هـــەم مـــەخـــزەنـــی ئەســـرارە ئـــەسبابی مـــوهـــەییا کچ
جـــەننـــەت پـــری ویلـــدانـــە خادیـــم هـــەمـــوو غیلمانـــە
خانـــم کـــە تیـــان، حۆریـــن یەکســـەر هەمـــوو حەســـنا کـــچ
گەر ئـــەشـــرەفی مـــەحبووبە یـــووســـف کوڕی یـــەعقـــووبە
کـــچ بـــوو بـــەخریـــداری یـــەعنـــی کـــە زولـــەیخـــا کـــچ
ســـەددیقی عەزیـــز هـــەروەک یوســـف کـــە نەبـــی بـــوو کـــوڕ
ســـەددیقەیی مـــەعســـوومـــە وەک دایکی مـــەســـیحا کچ
بابێکـــی هەیـــە دونیـــا بـــۆ عیشـــقی مەجـــازی و بـــەس
(نالـــی) چییـــە؟ ئـــەو بابـــە ئـــادەم کـــوڕ و حـــەووا کـــچ

فەقێ ســـاڵحی لاو جوابی داوەتەوە جوابێکی وشـــکە ســـۆفییانە کە تەنیا ڕەبەنێکی دێرنشـــین دەتوانێ جوابە جەنگی ئەم شـــێعرەی نالی بکا کە لەسەر بناخەیەکی زانستی ڕەوان شناســـی داندراوە و فەلسەفەیەکی قووڵی تێدا گونجاوە. جگە لە هونەر و سەنعەتی شێعریەکەی کە گەیاندوویەتە ئەوپەڕی.

من جوابی فەقێ ساڵح بەدرۆ و فریو نازانم. بەڵکە بەناشیانە و لاوانەی تێدەگەم. مرۆڤ لە ســـەردەمی لاوەتی و بێ ئەزموونیدا زۆر پابەندی بیروبڕوای خۆیەتی با بیروبڕواکەشـــی دەگەڵ ئەقڵ و زانست و فەلسەفە زۆر یەک نەگرنەوە. وا دیارە حەریق لەکاتی جوابە جەنگی نالیدا زۆر لاو و بێ ئەزموون بووە و بەتەواوی بڕوای بەم قسانە هەبووە کە کردوونی. بەڵام گوتوویانە، شانامە ئاخرەکەی خۆشە. ئەو فەقێ ساڵحە بەگژ ماموستایەکی زانا و خاوەن ئەزموونی وەک نالی دا هاتۆتەوە و گوتوویەتی:

عیشـــقت کـــە حـــەقیقـــی بـــێ، تالیـــب مەبـــە ئیلـــلا کـــوڕ
هـــەم حەزرەتـــی لـــەولا کـــوڕ هـــەم یوســـفی ئـــەولا کـــوڕ

عیشقێ کە بە قووەت بێ، مایل بە مورووەت بێ
نەمدیوە کە تالیب بێ، ئیللا کە تەلەب کا کوڕ
سەد حەیفە کە تۆ نالی بەم پیرییە منداڵی
«بەم تەرزە لە عیشق ئەدوێی زیبا کچ و دیبا کوڕ»

بەم بیروبڕوای وشکە سۆفیانەوە خوێندنی تەواوکردووە و چۆتە خانەقای شێخی بورهان و بۆتە سالیک. سالیک لە خانەقا بەو کەسانەیان دەگوت کە بۆ هەمیشە لە خانەقا دادەنیشن و خەریکی تاعەت و سلووک کێشان بوون و دەستیان لە دنیا هەڵدەگرت و ژنیان نەدەهێنا و بەڕەبەنی دەمانەوە. تەنانەت ئی وا هەبوون کە دەستیان لێ ژن و ماڵ و کەسوکاری خۆیان هەڵدەگرت و بۆ هەمیشە یا بۆ ماوەیەکی درێژ لە خانەقا دەمانەوە.

بۆ کەسێکی وەک حەریق کە تەبیعیترین هەستی ئینسانی بەعەیب داناوە و خۆشەویستی کچی بۆ پیاوێکی وەک نالی بەکاری منداڵانە ئەژماردووە جێگەی لەوەی باشتر کە قەت چاوی بەچاوی کچ نەکەوێ، باشتر چۆن وەگیرکەوتووە؟ حەریق لە خانەقا ماوەتەوە، لەکن شێخ ماقوول بووە، خەڵک ڕێزی لێ گرتووە، تا بۆتە مامۆستای تایبەتی کوڕە شێخەکان. بەڵام هەوەسی پیاوانە و تەبعی شاعیرانەی حەریق ئۆقرەی لێ بڕیوە، نەیتوانیوە وەک سەید ڕەشید، مام وسێن، مەلا حوسێن، مام جەعفەر، یار مەمەد، کاکی شفەڵی و مەحموود دۆشاو و دەیانیتر تا مردن بەڕەبەنی بژی و بێ ژن و هاوسەر هەڵکا. بەدزی شێخ ژنی هێناوە و ماڵی پێکەوە ناوە. دوو زمان لە هەموو دەور و زەماناندا هەن. ئەم خەبەرە بەگوێی شێخ گەیشتووە و حەریقی لە خانەقا دەرکردووە.

سەرەتای چارەڕەشی حەریق بەتایبەتی لە باری مادییەوە لێرەوە دەس پێدەکا، لەسەر کچ تووشی کوێرەوەری و دەربەدەری هاتووە، عیشقی مەجازی ئەگەر بۆ هیچ کەس موجازاتی نەبووبێ، بۆ ئەو هەیبووە. لە زمانی خۆی دەگێڕنەوە کە: «بۆ پەیداکردنی پاروە نانێک هەموو شار و گوندێکی کوردستان گەڕاوم جا نازانم سەرم بەهەموو ماڵێکدا کردووە یا نا؟».

پاش ماوەیەک دەربەدەری، پێش نوێژی مزگەوتی حاجی حەسەنیان، کە ئەو دەمی لە قەراغ شاری سابڵاخ و مزگەوتی هەژاران بووە داوەتێ. مزگەوتی نێوبراو چ مەلای زانای پێ ڕازی نەبوون. ئێستاش هەر کۆڵکە مەلایەکی پێشنوێژی کوێرە دێیەکی بدەنێ، پێشنوێژی ئەم مزگەوتە ناکا.

سەرەڕای ئەم هەموو سووکایەتی پێکردنە حەریق هەر سۆفی بووە و عەقیدەی بەشێخی بورهان هەر ماوە و نەگۆڕاوە. بۆیە ئەم غەزەلەی داناوە و بۆ سەید ڕەشیدی دۆستی گیانی بەگیانی و شاگردی خۆی و دەمڕاستی شێخی ناردووە. سەید ڕەشیدیش لە هەڵێکی لەباردا بۆ شـێخی خوێندۆتەوە، شـێخ بەزەیی بەحەریقدا هاتووە و بەخشیویەتی. بەڵام هەرگیز جێی خۆی نەگرتۆتەوە. ئەوەش غەزەلەکەیە:

هێنـــدە بێـــزاری کـــە زانیـــومـــە بـــەزاری نایـــەوە
دوور لـــە باڵاکـــەت ســـەرینی ناهـــومێدیـم نایـــەوە
بـــۆ پیاڵـــەی مەیلـــی لەیلـــی قەلبـــی مەجنـــوون قابیلـــە
شۆڕشـــی شـــیرین لە ناڵـــەی کـــۆهکـــەن فامایـــەوە
بولبولێکـــی خـــۆش نـــەوا بـــووم، بـــۆ نـــەوای دەوری گوڵت
کـــێ وەکـــو هـــود هـــود حیکایاتـــی ســـەبای گێڕایـــەوە؟
بـــۆ کەنـــاری ســـەوزەیی دەوری گوڵـــی ڕووت شـــین دەکەم
خاکـــی کـــۆی عیشـــقم بەبێژنگـــی ســـەرم بێژایـــەوە
کـــەوتـــە نێو خەرمانـــی عومرم ئاگـــری توولـــی ئـــەمـــەل
ســـەد کـــەڕەت بارانـــی وەعـــزی لێـــدرا نـــەکـــوژایـــەوە
تیری مـــوژگان، شـــیری ئەبرۆ، تـــاق و جـــووت دەنوێنێ پێم
تـــا بـــزانـــم ڕووحـــی شـــیرینەت چلـــۆن کێشـــایەوە
جێـــی نـــەزەر بـــوو حاشـــیەی زولفت لەســـەر ئایەتـــی ڕووت
زۆر مـــوتـــاڵام کـــرد، وەکـــو دەور و تـــەســـەلســـول مایەوە
تاقـــی میحرابـــی بـــرۆت جێـــی نـــازە بـــۆ ئەهلـــی نیـــاز
ســـۆفی پێی وابـــوو کەچە، هێنـــدە کەر بوو خـــۆی گێڕایەوە
شـــەمعی خووبان پرتەوێکی شەمســـی ڕووی تـــۆی لێ کەوت
هێنـــد حەیـــا و شـــەرمی بەخۆیـــا هـــات بەجـــارێ توایـــەوە

گـــوڵبژێـــرێکـــی زەریفـــم کـــرد لـــەنێـــو باخـــی خەیاڵ
خۆزگـــە مەردێکـــی «ڕەشـــید» بـــۆ شـــێخی بخـــوێندایـــەوە[1]

هیوادارم دۆســـتەکەم لێی ڕوون بێتەوە ئەم شـــێعرە ئی حەریقە و بەهەڵە ئاوەکی نێو دیوانی نالی بووە. دیارە بۆ کەســـێکی زۆر شـــارەزای شێعری نالی نەبێ هەڵەکە زۆر زەق نایەتە بەرچاو چونکە وەک گوتم حەریق شاگردێکی زۆر باشی قوتابخانەی نالی بووە. بەڵام بەداخـــەوە دەبێ بڵێم غەڵەتێکی زۆر گەورە و دزێو لە ئاخر شـــێعری غەزەلەکەدا کراوە: «ئەکل و شوربێکی زۆریفم کرد لەنێو باخی خەیاڵ» بەڕاستی دەبێ پیاو چەن بێ زەوق بێ تا تووشی هەڵەی وابێ، ئەرێ ئەکل و شوربی نێو باخی خەیاڵ دەبێ چ تامێکی هەبێ[2].

---

١ ـ من کچی حەریقم دیبوو کە پیرێژنێکی گۆج و ئیفلیج بوو. لە دیوی ژنانی خانەقا دەژیا و هەموو بەتایبەتی شێخ مەحموودی کوڕی شێخ و سەید ڕەشید زۆریان ڕێز لێ دەگرت و پێیان دەگوت دێدە.

٢ ـ جارێک حەریق هەجوی یەکێک لە کوڕەکانی شێخ عوسمانی تەوێڵەی کردووە، ئاغایەک بەناوی (اعظـام الملک) لەسەر ئەوە ڕیشی تاشیوە. حەریق شکایەتی بردۆتە کن قازی عەلی مەلای ولات، بەڕابەری قازی خەریک بوون ئاغاکەی تەمێ کەن. لەو کاتەدا کوڕە کوردێک لە قەباغکەندی کچە ئەرمەنێکی هەڵگرتووە کە باوکی پیاوی ڕووسی تەزاری بووە. ئەم کارە بچووکە زۆر گەورە بۆتەوە و خەریک بووە شەڕی عوسمانی و ڕووس و دەوڵەتە مەسیحییەکانی لێ پەیدا ببێ.ساڵێ کچی کابرایەک لە حەریق دەپرسێ ئەرێ مەسەلەی ڕیشکەت چی لێ بەسەرهات؟ حەریق دەڵێ: بابەڵێ ڕیشی من لە هینەکەی کچە ئەرمەنیدا ون بوو.

ئەزموونی شاعیریم

بەڕاستی نازانم چۆن هەستی گڕگرتووی دەروونی خۆم دەرببڕم، نازانم بە چ زمانێک شوکرانەی چاکەی ئێوەی خۆشەویست ببژێرم. زمان و قەڵەم لە دەربڕین و نووسینی ئەو لوتفەتان لاڵ و کۆڵن.

ئەگەر لەبیرتان بێ لە بەشی سەرەتای دیوانەکەم «لە کوێوە بۆ کوێ»دا وام نووسیوە:

«لێرەشدا دەمەوێ شتێک بڵێم بەپێچەوانەی زۆر هونەرمەندی کورد، من لە نەتەوەکەی خۆم ڕازیم کەس تا ئێستا بێ حورمەتی پێ نەکردووم. داوای دراو و ماڵیشم لە کەس نەکردووە تا بزانم دەمداتێ یا نا؟ لە لێقەومانیشدا نانیان داومێ و ڕایان گرتووم، شێعریشم تەنیا بۆ دەربڕینی ئیحساسی خۆم داناوە و هیچ هەقم نییە منەتیان بەسەردا بکەم.»

لە قووڵایی دڵمەوە بڕوام بەو قسەیە هەیە «کاتێک گەرای شێعرێک لە مێشکمدا دەگوورێ و ڕووداوێکی جیهان سەرنجم ڕادەکێشێ، کاتێک مەسەلەیەکی ژیان هەستی دەروونم دەهاروورژێنێ، من بەپەلەم هەرچی زووترە ئەوە هەستە دەرببڕم، خۆم لەو تەنگەژە و گێژاوە ڕزگار بکەم و بحەسێمەوە، کەوابوو چ هەقم هەیە منەت لەسەر خەڵک بکەم و بڵێم شێعرم بۆ داناون».

لە ڕێگەی شێعر و نووسینەوە وەک تاکێک لە کۆمەڵ تەنیا توانیومە ئەرکێکی سەرشانم

بەجێ بگەیەنم و لەباتی ئەوەی بەزمانی خوێندنم کە فارسی بووە، بەزمانی زگماکیم نووسیوە و ئەوەندەی لە دەستم هاتووە خزمەتی زمان و ئەدەبی کوردیم کردووە. ئەوەش ئەرکی نەتەوایەتی خۆمە و ئەگەر بەجێم نەگایاندبا، لەکن ویژدانی خۆم شەرمەزار و ڕووزەرد دەبووم و دیسان هەقم نییە خەڵک منەتبار بکەم و چاوەنۆڕی پاداش بم. کەچی هەست دەکەم و دەبینم زۆر لە ڕادەی پێویست، زیاتر لەلایەن ڕۆڵەکانی گەلەکەمەوە ڕێزم لێ دەگیرێ هەر ئەم کۆڕە گەورە نیشانەی ئەوپەڕی ڕێزگرتنی ڕۆڵە پاکەکانی کوردە لە خزمەتکارانی بچووکی گەلەکەمان و دەبێتە هۆی پتر هاندانی ئەوان بۆ فیداکاری و گیانبازی پتر لە ڕێگای ئامانجی پیرۆزدا. لە (لە کوێوە بۆ کوێ)دا کەمێک ژیان و بەسەرهاتی تاڵ و پڕ لە کوێرەوەری خۆمم بۆ گێڕاونەتەوە.

دیارە لە بنی کوولەکەم نەداوە و لێفەم لەسەر هەتیوان هەڵنەداوەتەوە و ئەسکوێم لە مەنجەڵ نەگێڕاوە. زۆر نهێنی گرنگ و ڕازی نەگوتراو هەر وا بەسەرمۆری لە سنگمدا ماونەتەوە و دەیانبەمە ژێر گڵ. ئەگەر ڕۆڵەی گەلێکی لێقەوماو نەبوومایە و لە کۆمەڵێکی دواکەوتەدا بەڕێ نەچووبام. زۆرم لەو ڕازانەم دەدرکاند.

بەهیوام ئەگەر مەرگ بەربینگم نەگرێ و ڕۆژگار دەرفەتم بدا (کە کوێوە بۆ کوێ) بکەم بە کتێبێکی سەر بەخۆ و پەردە لەسەر ئەو ڕازانەوە هەڵدەمەوە کە زیان و قازانجیان تەنیا بۆ خۆم دەگەڕێتەوە.

بەبیرم نایە بەمنداڵی قەت بیرم لەوەی کردبێتەوە کە بەگەورەیی ببمە شاعیر و نووسەر و ئەدیب، پێم خۆش بوو ببمە دوکتۆر و ئەفسەر و شتی وا.

تا لە قوتابخانەی سەرەتایی بووم فەرقێکم لە نێوان دەرسەکانمدا نەدەکرد و لە ئینشا و ئیملا و حیسابدا دەرجەی وەک یەکەم دەهێناوە. بەڵام کە باوکم هاتە سەر ئەم ڕایە ئەگەر لە قوتابخانەی نوێدا بخوێنم بۆ دینەکەم زەرەرە دەبێ بچمە حوجرەی فەقێیان و ببمە مەلا و جێی باب و باپیرانم بگرمەوە و کەوای ئاودامێن لەبەر بکەم، مێزەری سپی ببەستم و سەڵتە و جوببە بپۆشم. گۆڕانێکی فیکرم بەسەردا هات کە باری ژیانیشمی گۆڕی.

نازانم ئەو زوڵمەی باوکم لێی کردم و نەیهێشت بەئارەزووی خۆم بخوێنم و پێی بگەم و بمکا بەمەندیل بەسەر و عەبا بەشان وای بەسەر هێناوم، یا هاودەمی و هاونیشانی لەگەڵ ئەو مەلا و فەقێیانەی شێعری موتەنەبی و سەعدی و نالییان وەک ئاو لەبەر بوو. بەڵام نەیەندەزانی حەوت جار حەوت حەوت دەکاتە چەند؟ بەرەو دنیای شێعر و ئەدەبی بردم.

بەکورتی بۆم ناچێتەوە ســەریەک، بۆچی کە چوومە حوجرەی فەقێیان بەجارێک گۆڕام و ئاشــقە شێعر بووم و لەباتی تەسریفی زەنگانی و عوامیلی گورگانی دەستم بەخوێندنەوەی شێعری خاقانی و قائانی کرد؟ بەڵام فەرقی شێعری باش و خراپم نەدەکرد. هەر شێعرێک کێشی سوارتر و قافیەی گرانتر بایە بەباشترم دەزانی.

قەدیــم لــە وڵاتی ئێمە کە منداڵیان لەبەر خوێندن دەنا لە پێشــدا گوڵســتانیان پێ دەگوت (دیارە هەر تەقەی لەسەری دەهات) و هیچی لێ تێ نەدەگەیشت. بەڵام من کاتێک دەستم بەخوێندنی ئەم کتێبە بەنرخە کرد، تەواوێک گەورە ببووم و پلەی خوێندەواریشم تا ڕادەیەک بەرەو ژوور چووبوو مامۆستاکەشم زۆر باشی دەزانی و خۆی پێوە ماندوو دەکردم. خوێندنی گوڵستان و بۆستان دەرکی ئەدەبی فارسییان لێ کردمەوە.

لە شــازدە حەڤدە ســاڵیدا دەستم بەشــێعر دانان کرد، چونکە زیاتر لەژێر تەئسیری شــێعری فارســیدا بووم، بەفارسیم شێعر دەگوت، شــێعرەکانم کێش و قافیەی تەواویان هەبوو، وشــەی شاعیرانەشیان تێدا دەبینرا. بەڵام لاســایی کردنەوەی شێعری شاعیرانی پێشوو بوون و هەست و عاتیفەی خۆمیان تێدا نەبوو.

بەمنداڵــی ناوبانگی چەند شــاعیری کوردی وەک نالی و کوردی و ســالم و وەفایی و شــێخ ڕەزام بیســتبوو. بەڵام نایشارمەوە شێعری کوردیم زۆر پێ خۆش نەبوو و گاڵتەشم بەفۆلکلۆری ئەدەبی دەکرد. چونکە تا ئەو حەلە هەر لە شار و لە حوجرەی فەقێیان بووم. ئەوانەش هەر گاڵتەیان بەگوتەی نەخوێندەوار دەکرد.

ڕووداوێک گۆڕینێکی ســەیری بەسەردا هێنام. تووشــی زانا و ئەدیبێکی گەورە هاتم، مامۆســتا ئەحمەدی فەوزی یا مەلای ســلێمانی خەڵکی ئەم شارە خۆشەویستە بوو، بەم ئاووهــەوا خاوێنە پەروەردە ببوو. نازانم چۆن ئاوارەی وڵاتــی ئێمە ببوو. لە کتێبەکەمدا نووسیومە:

«دەبێ بڵێم من دەسکردی فەوزیم ئەو هەڵی وشاندمەوە و تێکی هەڵشێلام و سەرلەنوێ دروستی کردمەوە، ئەو دەرکی زانین و فێربوونی بۆ کردمەوە. ئەو ڕێگای ژیانی پێ نیشان دام. بێگومان ئەگەر نەچووبامە خزمەت فەوزی و لەکن ئەو مامۆستایەم نەخوێندبا ڕێبازی ژیانم ئەو ڕێبازە نەدەبوو کە گرتم و پێیدا ڕۆیشتم و ئێستاش بەرم نەداوە. ئەو فێری کردم زەوقی ئەدەبیم چۆن تیف تیفە بدەم و مشــتوماڵی بکەم، ئەو فێری کردم چۆن بنووســم و چۆن شــێعر بڵێــم، ئەو فێری کردم وڵاتەکەم خۆش بوێ و پێــی هەڵبڵێم. ئەو حاڵیی کردم، کوردی زمانێکی ڕەوان و بەربڵاو و دەوڵەمەندە و دەکرێ ئەدەبێکی گەورە و دنیای

پەسندی بێ، ئەو حاجی قادری کۆیی، نالی، کوردی، سالم، مەولەوی، حەریق، مەحوی و ئەدەب و وەفایی پێ ناسـاندم و شـێعرەکانی ئەوانی بۆ شی کردمەوە. ئەو فێری ڕۆژنامە خوێندنەوە و ڕۆمان خوێندنەوەی کردم، ئەو دیوانی شـاعیرە شۆڕشـگێڕەکانی فارسی بۆ پەیدا کردم و هانی دام بیانخوێنمەوە و شتیان لێ فێربم. بەڵام سوێندی دام قەت بەفارسی شێعر نەڵێم، منیش ئەو سوێندەم نەشکاند».

هەر لەو سەروبەندەدا کە لە خزمەت فەوزی دەمخوێند مامۆستایەکی دیکەشم هەبوو کە وشـەی ڕەسەنی کوردی فێر دەکردم و بەیت و باوی فۆلکلۆری بۆ دەگوتم. سەید عەولای من لە دەروێش عەبدوڵڵای مامۆسـتا (گۆران) ـ کە ئەویشم دیبوو هونەرمەندتر بوو، بەڵام من شاگردێکی ناسوپاس بووم و نەمتوانیوە شێعری بۆ بڵێم.

لە تەمەنی بیست ساڵییەوە بووم بەشاعیر زیاتر هەست و عاتیفەی خۆم دەخستە نێو شـێعرەوە. بەڵام هێشتا دەستم لە گرانترین و بێ سوودترین جۆری شێعر، واتە تەخمیس شـێعری شاعیرە مەزنەکان هەڵنەگرتبوو. ڕۆژێک ئاواڵێکم گوتی دەزانی ئەو تەخمیسانەی تـۆ وەک چی دەچـن؟ گوتم نا، گوتی: «وەک ئەوەیە نانی خۆت لەسـەر خوانی خەڵک بخۆی». ئەو ڕەخنەیە وشـیاری کردمەوە و دەسـتم لەو کارە بێسـوودە هەڵگرت و ئەو تەخمیسانەی کردبوومن نەمهێشتن هەرچەند هێندێکیان ناوبانگیان پەیدا کردبوو.

یەک شـێعرم لە گۆڤاری گەلاوێژدا بەناوێکی موسـتەعارەوە بڵاوکردەوە. شـێعرێکی سیاسـی ڕێکوپێک و ڕەوانە. ئەودەمی زۆرم شایی بەخۆ بوو کە شێعرم لە گۆڤاراندا چاپ دەکرێ. کەچی ئێسـتا خۆم لێ بێ حیسـاب کردووە و نامەوێ کەس بزانێ ئەو شـێعرە هی منە. جارێک مامۆسـتایەک دەیفەرموو سەرگوشـتە و نموونەی شێعری شەش هەزار شاعیری کوردم (الی ماشااللـه) کۆکردۆتەوە و خەریکم چاپی بکەم. ئەو بەشەی کتێبەکەی پێ نیشـان دام کە لە بارەی شێعری شـاعیرەکانی موکریانەوە دواوە. دیتم شێعرەکەمی بەتەواوی وەرگرتووە و چەند دێرێکیشـی لەسـەر بیری بەرز و زمانـی پاراو و خەبات و تێکۆشـانی شاعیر نووسـیوە. بەڵام مێژووی لەدایکبوون و مردنی شـاعیری نەنووسیوە بەمامۆستام نەگوت ئەوە منم. تا شەش هەزارەکەی نەبێ بە (٥٩٩٩)!!!

دووەم شێعرم لە ژمارە ٢ ی نیشتماندا نیزیکەی ٣٣ ساڵ پێش چاپ کراوە و لەلاپەڕەی ٥٢ ی تاریک و ڕووندا چاپ کراوەتەوە تەنیا شـتێک لە شـێعرەکانی ئێستامی هەڵداوێرێ

ئەویش خۆ هەڵکێشــانێکی لاوانە و ڕۆشــنبیرانەیە. بەکچە کوردێک دەڵێم وەک ژاندارکی فرانسەوی ڕابەڕە. ویستوومە بەخەڵک نیشاندەم کە ئاگام لە مێژوی ڕۆژئاواش هەیە. دەنا هێنانی ناوی ژاندارک لێرەدا هیچ جێگای نییە.

هەرچەند لە شــێعرەکانی پێشــوومدا سۆزی شــاعیرانە و خەمناکە تا ڕادەیەک بەدی دەکرێ، بەڵام ئەو ســۆزە لەپاش ســاڵی ١٩٤٧ کە توندترین زەبرم لێ درا و گەورەترین موسیبەتم بەسەرهات لەتیفتر و گەرمتر و شاعیرانەتر کەوتە نێو شێعرمەوە، لە (بابردەڵە) دا کە ئەو ساڵی لە وڵاتی غەریبایەتی گوتوومە وا دەگەڵ بلبل دەدوێم:

منیــش ئــەی بلبلــی شــەیدا وەکــو تــۆم
وەهــا دوورم لــە هێلانــە و گــوڵــی خــۆم
منیش وەک تۆ لــە کیسم چــوو گــوڵی ســوور
منیــش هێلانــەکــەم لــێ کــراوە خاپــوور
منیــش بابــردەڵــەی بــەر گێــژەڵــووکــەم
دەمێــک لــەو قولکــە، تــاوێ لــەو چلۆکــەم
لــە ئامێــزی گــەرم بــێ بــەش کــراوم
وەکــو تــۆ تــووشــی ڕۆژی ڕەش کــراوم
ژیانــم پــڕ لــە ڕەنــج و دەرد و داخـــە
ئــەوە گیــرســامــەوە لــەو کێــو و شــاخە
کــەســێک ناپــرســێ، نــازانــێ چلــۆنم
لــە یــادان چــوومــەوە چیــرۆکــە کــۆنــم

ئەم ســۆزە لە زۆربەی شــێعرەکانی پاش ئەو ســاڵەمدا هەیە و هەر بەتینتر بووە. لە فرمێســکی گەش، گریانی نیوەشەو، بۆسەی ڕۆژگار، تەپڵی ئەماندا بەرەو ژوور چووە. لە شــەوگاری تەنیایی و شەوی شاعیردا بەجۆشترە. لەو شێعرانەی پاش تاریک و ڕووندا، لە ناڵەی جودایی و ئێوارەی پایز و سازی ناسازدا گڕی گرتووە. لە فرمێسکی گەشدا دەڵێم:

خـــۆشـــەویستی گـــۆشـــەیی تـــەنیایی هەر ئـــەژنـــۆکـــەمـــە
بـــۆیـــە ڕۆژ و شـــــەو وەهـــا گـــــرتـــــوومەتە نێـــۆ باوەشـــم
نابینـــی زەردە لـــەســـەر لێـــوی کـــەســـێ لـــەم شـــارەدا
گـــەر خـــەم و دەردی دڵـــی خـــۆمیـــان بـــەســـەردا دابەشـــم

لە گریانی نیوەشەودا:

شـــەوانـــە گـــەر نـــەکەم ئـــەم شـــیوەن و ناڵیـــن و گریانـــە
دەســـووتێنـــێ وجـــودم ئاگـــری ئـــەم جـــەرگـــە بـــریانە

لە خونچەی سیســـدا کە شـــێعرێکی ڕەمزییە و لە شـــینی شـــەهیدێکی لاودا گوتراوە دەڵێم:

ناڵینـــــی من بـــۆ خـــونچـــەیـــە
بـــۆ خـــونچـــە پـــەشـــێوە حاڵـــم
ئـــەم داخـــە لـــە دڵـــمـــدا هەیـــە
بـــۆیـــە هـــەمیشـــە دەناڵـــم
ئـــەو پێـــش پشـــکووتن ســـیس بووە
بـــەجـــوانـــە مـــەرگی مـــردووە

لە بۆسەی ڕۆژگاردا دەڵێم:

نیمـــە ئاواڵـــێ لە گـــۆشـــەی بێکـــەســـیدا خـــەم نـــەبێ
چاکـــە ئـــەو لێرەش وەفـــای هەر مـــاوە ســـایەی کـــەم نـــەبێ
لاپـــەڕەی ژینـــم هـــەمـــوو هـــەڵدمیتـــــەوە تێیـــدا نییـــە
باســـی فرمێســـک و هـــەناســـە و شـــیوەن و ماتـــەم نەبێ

لە هێلانەی بەتاڵدا:

نییە باکم ئەگەر ڕاوچی شکاندوویەتی باڵی من
ئەمە سەختە کەوا ناگاتە گوێی کەس ناڵەنالی من

شێعری وام هەن ئەم سۆزەشیان تێدا نییە و بۆ خۆشم لێیان ڕازیم:

من کە ناگاتە هەفتەیەک تەمەنم
بۆچی بگریم و بۆچی پێ نەکەنم؟

***

وەبەر من ناهێڵێ لێرە، مەی و ساقی جەنابی شێخ
دەنا لەولا، شەراب و حۆری با هەر بۆ جەنابی با
هەموو عومری ئەبەد تێدا نییە خۆشی دەمێ مەستی
خدر ئاوی حەیاتی بۆ چ بوو فێری شەرابی با

***

بەمنداڵی لە لێوی ئاڵی تۆم ئەستاندووە ماچێ
بەپیریش لەززەتی ئەو ماچە شیرینەم لەبیر ناچێ

***

پیر و زورهانم و ئێستاش دڵەکەم هەر دەیەوێ
سەر و ماڵم بەفیدای خاڵ و خەت و پەرچەم کەم
داستانی مەم و زین کۆنە کچێکم گەرەکە
شلکە ڕانی بگووشم بۆنی لە سینە و مەمم کەم

***

شـــێعرێک وەک ســێبەری بـژانگ
وەکــو خــەرمانــەی دەوری مانــگ
ڕێکتـــرَ لــە گــەڕی ڕەشــبەڵەک
خــۆشــتر لە خــرمژنی کــرمــەک
وەک شــەراب بگــەڕێ لــە خــوێن
خــەمرەوێــن بــێ و نــەشــە بــزوێن
شــێعرێک وەکو دەریــای بــێ بــن
گــەرمتــر لــە باوەشــــی ژن

***

هــەتــا کــۆمتر دەبێ پشــتم، پتــر هــەڵــدەکشــێ مینی ژۆپ
ئیتــر دەســـــتم بـــەداوێنـــی کچـــی ئــەم شـــارە ڕا نــاگا

من لەمێژە غرووری ئەدەبیم لە خۆمدا کوشتووە و هیچ بەماک و عەیبی نازانم یارمەتی فیکری لە ئاواڵ و دۆستانی خۆم وەربگرم، هەمیشە شێعر و نووسینەکەم بەدۆستانی لێزانم نیشان دەدەم و ڕەخنە و تێبینی بەجێ بەوپەڕی سوپاسەوە قبووڵ دەکەم. لەم ساڵانەی دواییدا بەتایبەتی زۆرم کەڵک لە هاوکاری دۆستانی شارەزام وەرگرتووە.

تا لە دێ دەژیام شــێعرەکانم بــۆ لادێییە نەخوێنــدەوارەکان دەخوێندەوە تا لەباری زمانەوەی لێیان دڵنیابم.

یەکێک لە تایبەتییەکانی شێعری من ئەمەیە کە نەرم و ڕەق و سۆزی ئەوین و فیکری سیاســی تێکەڵ دەکەم لە «شــەنگەبێری»، «مەتەرێزی شــەرەف»، «ئامێزی ژن» و «پەری شــێعر» و «یادم بکەن» و «بناری هەڵگورد» و تەنانەت «شەوگاری تەنهایی» و «ناڵەی جودایی»دا ئەم کارەم کردووە، جا نازانم تا کوێ سەرکەوتووم!!!

مەسەلەی زمانیش بەگرنگ دەگرم و تێ دەکۆشم کام وشە ڕەسەنە بەکاری بێنم. ئەوەی بەئەرکی سەرشــانی خۆم و هەموو ئەدیبێکی کــورد دەزانم، بەداخەوە من جگە لە زمانی

کوردی و فارســـی چ زمانی دیکە نازانم. شــارەزاییم لە ئەدەبی دەوڵەمەندی فارسیدا کەم نییە، کاتی خۆی زۆرم شــێعری شاعیرەکانی فارس خوێندۆتەوە و کەڵکم لێ وەرگرتوون، شــێعری شــاعیرەکانی خۆشــمان دەخوێنمەوە و کارم لێ دەکەن. پێم خۆشـــە شێعرێک بخوێنمەوە کە هەم ڕواڵەتی جوان بێ و هەم ناوەڕۆک. بەڵام ئەگەر هەر لایەکیشـــی جوان بێ چێژی لێ دەکەم. وەک ئەم شێعرەی (نالی) کە هەم ڕواڵەتی جوانە و هەم ناوەڕۆک:

دەورانییـــــە وەک هێلـــەگـــی ســـــەودا ســـەری گێـــژم
بـــۆیـــە بـــــەدەقیقـــی مـــەســـەلە هـــەرچـــی دەبێژم
هـــەر پـــەرچـــەم و پیشـــــانییە فیکـــری شـــــەو و ڕۆژم
هـــەر گـــــەردەن و زولفــــــە ئـــەمـــــەلـــی دوور و درێـــژم

یا ئەم شێعرەی شێخ ڕەزا کە هەر ڕواڵەتی هەیە و قسەی خۆشە:

خـــــواســـتی لێـــی ماچـــێ (ڕەزا)، زاڵمـــە نـــەیـــدایـــە گوتی:
ئـــەی خوا لـــەم کـــوڕە شـــێخـــزادەیە چـــەنـــد بـــێ ئـــەدەبـــە

بۆ خۆم هەمیشە خەریکم شێعرێک دابنێم هەر دوو دیوی جوان بێ، جاری وایە توانیومە تا ڕادەیەک سەرکەوم و جاری واش هەیە بەلایەکیان ڕازی بووم.

ناتوانم لە پێشدا نەخشە بۆ شێعر بکێشم. کاتێک ئیلهام لە شتێک وەردەگرم و(گۆران) کوتەنی مەستم دەکا و دەمەوێ بیخەمە چوارچێوەی شێعرێکەوە، ئەمە من نیم چوارچێوە هەڵدەبژێـــرم. بەڵکو خەیاڵەکەیە کە چوارچێوە و قالبـــی لەبار بۆ خۆی دەدۆزێتەوە. من قسەم بێ کێش با زۆر جوان و قووڵیش بێ بەشێعر نازانم. شێعر دەبێ کێشی هەبێ تا لە پەخشان جودا بکرێتەوە، جا قافیەی هەبێ یا نا هەر بەشێعر دەژمێردرێ.

ڕاستە قافیە شاعیری بێ دەسەڵات و کەم بین دەخاتە تەنگانەوە و دەبێتە بەرهەڵستی دەربڕینی هەست و بیری، بەڵام هەر قافیەش یارمەتی شاعیری خاوەن بەهرە و بەدەسەڵات دەدا بۆ دەربڕینی هەستی دەروونی بەوشەی جوانتر و شیرنتر. بەکارهێنانی تاقە کێشێک لە پایەی شاعیر کەم ناکاتەوە، بەڵام خوێنەر ماندوو دەکا.

هیچ گومان لە پایەبەرزی مەولەوی ڕۆمی و مەولەوی تاوەگۆزیدا نییە. کەچی من بەش بەحاڵــی خۆم هەم لە خوێندنەوەی مەســنەوی و هەم لە خوێندنــەوەی دیوانی مەولەوی ماندوو دەبم.

دیوانی شاعیران وەک باخچەی گوڵانن. گوڵی باخچە تا ڕەنگاوڕەنگتر بن تەماشاکەران زیاتر ڕازی دەکەن. منیش وەک مامۆســتا (گۆران)ی پایەبەرز پێم وایە کێشــە خۆماڵی و فۆلکلۆرییــەکان، کە لە باوک و باپیرانەوە بۆمان بەجێ ماون باشــتر دەگەڵ تەبیعەتی زمانەکەمــان ڕێک دەکەون. هەر لە منداڵییەوە گوێم بەلایەلایەی دایکی کورد کە لەســەر ئەم کێشانەیە ڕاهاتووە و زمانم بە (هەلوور، بەلوور تەکامە) پشکوتووە کە ئێستاش نازانم مانای چییە؟

لە ســەرەتای شاعیریشمەوە شێعرم لەسەر کێشــی خۆماڵی داناوە (ئەمەگی گوڵان)، (بلوێری شــوان)، (ڕۆژگاری ڕەش)، (بەهاری کوردســتان) لە شــێعرە کۆنەکانی منن، بەڵام وەک خۆم بەوەزنی عەرووزییەوە نەبەســتۆتەوە لە کێشــە فۆلکلۆریەکانیشدا گیرم نەخواردووە.

گومانم لەوەدا نییە ئەگەر (شەنگەبێری)م لەسەر وەزنی عەرووزی دابنایە ئەم چێژەی نەدەبوو و ئەگەر (گەرمەشــین)م لەسەر کێشی مەســنەوی مەولەوی نەگوتبایە عالەمێکم دەگــەڵ خۆم نەدەهێنا گریان و ناڵە. بەکورتی من بڕیارم نەداوە کە لە کام قالبدا شــێعر بگونجێنم لە شێعر دەگەڕێم خۆی قالب بۆ خۆی بدۆزێتەوە و ئارامی تێدا بگرێ.

ڕەنگە هیچ شــاعیرێکی کورد بەزیندوویی سەری بەئەندازەی منی لەسەر نەنووسرابێ، پێم وایە ئەگەر دەزگای (هاوکاری) بێزار نەبووبا و بڵاوی نەکردبایەوە کە هیچی تر لەسەر تاریک و ڕوون چاپ ناکا، تا ئێســتاش نووســین درێژەی دەبــوو. زۆریان پێ هەڵگوتم، مەمنوونیــان کردم، بەڵام خــۆم لێ نەگۆڕا. جنێو! بەڵێ جنێویــان پێدام، بەڵام نائومێد نەبووم.

زۆر شــت لە ڕەخنەکان فێربووم، بەڵام شــتی سەیریشــم هاتە بەرچاو. ڕەخنەگرێک نووســیبووی لە دنیای تەکنیکدا ئیتر شــێعری درێژ باوی نەماوە و بێ ڕەحمانە هەرچی شێعری درێژم هەبوو بەهیچی دانابوو. ڕەنگە ڕاست بێ و لە وڵاتە سەرمایەدارەکاندا کە دراو هەموو شــتێکە کەم کەس وەختی هەبێ نەک شێعری درێژ بەڵکو هەر شێعر بخوێنێتەوە. بەڵام لە وڵاتە پێشکەوتووەکاندا کە وەختی کار دیاری کراوە و ساڵ بەساڵ لە دوایی دەدا وەخت بۆ خوێندنەوەی شــێعری درێژ زۆرە. لە وڵاتەکانی دنیای سێهەمیشــدا کام شێعری

من زۆر درێژە وەختی دەستێک دۆمینە ناگرێ، سەیر ئەوەیە لەو سەروبەندەدا نامەیەکم لەلایەن دۆستێکەوە پێ گەیشت کە لە وڵاتێکی هەرە بۆرژوازیدا دەژی و هەم دەخوێنێ و هەم کار دەکا. نازانم ڕاستی کردبوو یا نا، سوێندی خواردبوو کە سێ جاری تاریک و ڕوون خوێندووتەوە. چونکە خەڵکی لادێیە زیاتر ئەو شێعرانەی بەدڵ بووە کە لەسەر ژیانی لادێ گوتراون. (ئارەق و تین)ی بەباشترین شێعری من دانابوو. نووسیبووی تا ئێستا شێعری وەک ئەم شێعرانەم نەخوێندۆتەوە:

مـــن جـــووتیـــارم مـــن جـــووتیارم
مـــن دەگـــەڵ هـــەتـــاو هـــاوکارم
مـــن بـــەئـــارەق و ئـــەو بـــەتیـــن
دامـــان ڕشـــتووە بناخـــەی ژیـــن
باســـکی من و تیشـــکی ئـــەوی
بـــژیـــو دەســـــتێنین لـــە زەوی
گـــەر جـــووتیار ئـــارەق نـــەڕێـــژێ
گـــەر هـــەتـــاو تیشـــک ناوێـــژێ
دانیشـــتووی نێو کـــۆشک و قـــەڵا
دەخـــۆن نانـــی گـــەڵا گـــەڵا؟

ئـارەق و تین شـێعرێکی ئاماڵ درێژی منە. کە ڕەخنەگری ئێـرە بەتاوانی درێژ بوون ڕەتی کردۆتەوە و لاوێکی کوردیش کە لە وڵاتی ئیمپریالیستیدا دەژی بەباشترین شێعری دەزانێ. کارم بەوە نەداوە قسەی کامیان ڕاستە، دەگەڵ ڕەخنەگری ئێرەم، شێعر تا کورت بێ باشترە، بەڵام ئایا کورتی و درێژی شێعر بەدەستی شاعیرە؟ بێگومان نا. شاعیر دەبێ کوڵ و کۆی هەستی خۆی بڕێژێ، جا ئەو کوڵ و کۆیەی زوو بۆ دەڕژێ یا درەنگ، بەدەس خۆی نییە.

سی و پێنج ساڵێک لەمەوبەر دەستی کچە کوردێکم لە کەلەبچەدا دی کە لە دڵی خۆمدا خۆشم دەویست بێدادی و ئەوین هانیان دام ئەم ڕووداوە بخەمە چوارچێوەی شێعرەوە. خۆم لام وابوو بەهەزار دێر شـێعر ناتوانم هەستی خۆم دەرببڕم. کەچی ئەم گڕە بەتینەی

دەروونم بەتاقە شێعرێک دامرکا:

ئەسیری بسـکی ئاڵۆزی کچە کـوردێکی نـەشمیلم
تەماشـاکەن چ سـەیرێکە بـەدەسـتی دیلەوە دیلم

بـەڵام ئێسـتاش ناڵەی جودابیم بـەو درێژییەوە پێ ناتـەواوە و دەزانم کوڵ و کۆی دەروونی خۆم نەڕشتووە.

ئیلهامی شێعر بۆ من وەخت و ناوەختی نییە، جاری وایە بەڕێدا دەڕۆم یا سواری پاس بووم و شێعرم بۆ دێ زۆر جار لەنێو جێدا شێعرم بۆ هاتووە کە نەمتوانیوە بینووسمەوە و لەبیرم چۆتەوە بەڵام زیاتری شێعرم لە تاریکی و بێدەنگی نیوەشەودا خولقاون.

مرۆڤ هەرچەند بژی و هەرچەند فێربێ هێشـتا کەم فێر بووە و زۆر شـتی نەزانیوە. وردبوونەوە لە شـێعری شاعیرێکی باشی کوێر ئەزموونێکی بەنرخی فێر کردم. لە شێعری ئەو شـاعیرەدا وەسـفی نەرمی سنگ و گەرمی هەناسە و بۆنی بسـک و شیرینی ماچ و ناسـکی لێو و تەنگی دەمی یارەکەی کراوە. بەڵام باسی چاوی کاڵ و لێوی ئاڵ و کوڵمی سـوور و کەزی ڕەش نەکراوە. وەسفی شنەی با، هاژەی باران، بۆنی گوڵ و ڕەقی بەرد و تامی میوە هەیە ئەمما باسی شەپۆلی ڕووبار، بەرزی چیا، گەشی گوڵاڵە و زەردی خەزان نییە زۆر بەهاسانی لێرەدا دەردەکەوێ کە شاعیری واقعیی ناتوانێ ئەوی هەستی پێ نەکا بیکاتە شێعر.

(گـۆران)ی مەزنی خۆمان وەسـفێکی چیاکانی هەورامانی کـردووە لە ترۆپکە هەرە بەرزەکانـی ئەم چیایانە بەرزترە، بەڵام کانی بەر تریفەی مانگەشـەوی پێ لە دەریای بێ سنوور جوانترە.

لامارتین وەسـفێکی دەریاچە دەکا کە بێگومان ـ بەزمانی فەرانسە ـ دیارە لە شەپۆلی دەریـا بەتەوژمترە، کەچی کانی بەر تریفەی مانگەشـەوی بەبەرچاودا نایە. هەردوو لاش هەقی خۆیانە نە ئەم لە لێواری دەریا ژیاوە و نە ئەو لە بناری چیا. شاعیر هەر لەو شتانە ئیلهام وەردەگرێ کە لە دەورووبەری هەن، دەیانبینێ یا هەسـتیان پێ دەکا و لە نێوانیاندا دەژی.

ئەزموونی شـاعیریش لە شـێعریدا زۆر دیارە. ئەم ڕۆژانە من خەریکی بەراوردکردنی شـیرین و خوسرەوی خانای قوبادی (خسرو شیرین)ی نیزامیم یا ڕاستەکەی بڵێم خەریکم

لەژێر سـێبەری فارسـییەکەدا شـێوەی کوردی گۆران بزانم. لە وەسفی شەوێکی مەستی خوسرەودا بۆم دەرکەوت کە خانای کوردی دۆ نەدیو تا ئەو دەمەی ئەو شێعرەی گوتووە قەت دەمی لە شـەراب نەداوە و شـێخی نیزامی هاونشینی شا و شازادایان زۆر جار لەبەر مەستی و سەرخۆشی بەکۆڵ بردۆتەوە ماڵ.

زۆرم سـەر یەشاندن. زۆرم «من، من» بەزاردا هات کە قسەی نەزان و خۆپەرستانە. بەڵام ئەگەر نەزانیش بم خۆپەرست نیم و باسەکە ئەوەی هەڵدەگرت. هیوادارم لێم ببوورن. دیسان لە کانگای دڵمەوە سوپاستان دەکەم و خۆشیتان بەئاوات دەخوازم.

ئاسۆگە

نووسەرانی بەڕێزی ڕۆژنامەی خۆشەویستی پاشکۆی عێراق!

بەداخــەوە نەمتوانی زوو داخوازی ئێــوە بدەمەوە. هیوای لێبوردنم هەیە. من ئەوەندە بەفیــز نیم وەڵامی داخوازی دۆســتان وە دوابخەم. بەڵام لەبەر دەردەداری و لەش بەباری قەڵەمم ڕۆناوە، کاغەزم ڕامووســـیوە و ماڵ ئاواییم لە دنیای ئەدەب و هونەر کردووە. زۆر شێعر و نووسینی ناتەواوم هەن کە جارێ وازم لێ هێناون.

کچ و کوڕە خۆشەویستەکانی کورد زۆر نامەی جوان و پڕ سۆزم بۆ دەنووسن کە ناتوانم جوابیان بۆ بنووســـەوە، دەترسم وا بزانن من لە بورجی عاجدا دەژیم و فیزم ناهێنێ دوو دێڕیان بۆ بنووســـم. کەچی من خۆم دەناســـم و دەزانم زۆر لەوەی بچووکتر و کەمترم کە ڕۆڵە پاکەکانی نەتەوەکەم ڕێزم لێ دەگرن. بەڵام بێ برســـتی و کەم برشـــتی ڕووزەردی ئەوانم دەکا.

ویســـتووتانە بیرەوەرییەکی خۆمتان بۆ بنووسم. بەڵام تا ئێستا کام کەسی ڕۆژهەڵاتی لە خۆی ڕادیوە بیرەوەرییەکانی خۆی وەک (ڕۆســـۆ) بنووسێ، تا من بوێرم. هەرچەند لام وایە ئەویش ئیعترافاتی تەواوی نەکردووە. چونکە ژیانی هەموو کەس دەمی وای تێدا هەیە کە ڕووی نایە بۆ نیزیکانی خۆی بگێڕێتەوە تەنانەت دەیەوێ لەبیر خۆشی بەرێتەوە.

من ژیانێکی پڕ کوێرەوەری و سەختم ڕابواردووە ئەلئان نامەوێ بەبیرەوەی تاڵ و تفت بتانکەمە شەریکی خەمی خۆم لە شێعرێکمدا نووسیومە:

«شـینم گـەلـێ گێڕا خـۆشـیم کـەم دیـوە
شـادی دەڵێـن هــەیــە، بــەڵام نــەمـدیـوە
هــەڵــوەدا بـــووم لــە دووی پــەری ئـازادی
تــووشـــی نـــەبـوم نـە لـەودیو نــە لــەم دیوە»

لە (لە کوێوە بۆ کوێ)دا تا ڕادەیەک خۆم بەخەڵک ناساندووە. با بیرەوەری ئەوەتان بۆ بگێڕمەوە. چۆن هاتمە سەر ئەوەیەی بەسەرهاتی خۆم بنووسم. هێشتا وا پیر و کەنفت و کەلەلا نەبووبووم و ڕەنگی مردووانم لەسەر نەنیشتبوو. جارێک کابرایەک کە نموونەی نووسینم دیبوو و دەمزانی ئەم گومبەزە چ شەخسێکی تێدا؟ هاتە لام و کاغەز و قەڵەمی دەرهێنا و خۆی ئامادەکرد پرسی:

«ناوت چییە؟ باوک و باپیرەکانت ناویان چی بووە؟ کەی و لە کوێ لەدایک بووی؟»
زانیم ئەم کابرایە دەیەوێ لەسەر کەوڵی من نانێ بخوا؟ پێ کەنیم و گوتم:

«مامۆستا! ئەدی بۆ نافەرمووی کەی کۆچی دوایی دەکەی؟»

ئەوە هانی دام سەرگورشتەیەکی کورت و پڕ پێچ و پەنای خۆم نووسی. شەوێک دۆستێکی زۆر خۆشەویستم گوتی: «هێمن! نەحلەتی خوات لێ بێ ئەگەر (لە کوێوە بۆ کوێ) تەواو نەکەی» گوتم برا: «من لەتۆ باشتر دەزانم چەن بۆشایی لە نووسینەکەمدا هەیە، بەڵام وەزعی سیاسی و کۆمەڵایەتی لەوەی زیاتری هەڵنەدەگرت. ئێستاش لەبەر کەم هێزی کارم بۆ ناکرێ. ناهومێد نیم. بەڵکو دەتوانم زۆر شتی دیکەی لێ زیاد بکەم بەڵام دڵنیام قەت تەواو نابێ».

با ئەوەشتان بۆ بنووسم ئەم ڕۆژانە دەسنووسێکم دی بەسەرهاتی چەند شاعیری کلۆڵی کوردی نووسیبوو. هێندێکیان دەناسم و دەزانم درۆی چۆنی بۆ هەڵبەستوون. منیشی بەسەر کردبۆوە. بڕوام پێ بکەن ئەم نووسەرە بەڕێزە هەرگیز منی لە نزیکەوە نەدیوە و نامناسی. کەچی نووسیویەتی «هێمن لە زمانی عەرەبیدا زۆر شارەزایە». ئەوانەی دەمناسن دەزانن من عەرەبی هەر نازانم. بیرم کردەوە بەزیندی سەری ئاوام لەبارەیدا بنووسن دەبێ کە لاقم درێژ بۆوە چ بنووسن؟

هەلم بۆ هەڵکەوتووە وەڵامی ڕەخنەگرێکی ورد و باش بدەمەوە کە گوتی: پاشماوەی گیانی چینایەتی لێت نەگەڕاوە لە پێشەکی تاریک و ڕووندا ناوی ژنەکەت بنووسی.

ڕەخنەیەکی یەکجار ورد و بەجێ بوو کورد گووتەیەتی: «خوویەکی بگری بەشیری تەرخی ناکەی بەپیری» ئێستاش نەچووە بچێ ژنەکەم ناوی «ئایشە»یە یادی بەخێر.

١٩٧٧/١٠/٢١

کورد بۆ گشتی شاعیره!

ئەم جیهانگەڕ، ڕۆژهەڵاتناس، جوغرافیـــازان، مێژوونووس و تەنانەت فەرماندە دڵڕەق و خوێن خۆرانە و دیپلۆماتە فێڵەزان و چاوەزێرانەی بۆ هەر مەبەســـتێکی زانستی و هەر کارێکی لەشکری و سیاسی ڕێیان کەوتۆتە خاپوورە وڵاتی کوردستان، ئەم مەڵبەندە سەیر و سەمەرەی جیهان و کوردی لێقەوماو، زۆرلێکراو و پاشکەوتوویان دیوە و ناسیوە و چاک و خراپ، ڕاســـت یا درۆ، دوژمنانە یا دۆســـتانە شتێکیان لەسەر نووسیوە و هەموو لەسەر ئەم دیاردەیە یەکدەنگن کە «کورد گشتی شاعیرە».

من ناوێرم وا بەڕاشـــکاوی ڕای خۆم دەرببڕم و وشـــەی گشت بەکاربێنم، بەڵام دەوێرم وەباڵیان بۆ بکێشم و بڵێم ڕاست دەکەن و کەم کورد هەیە شتێکی بەناوی شێعر نەگوتبێ تا خەڵک پێی نەبێژن «شەندە لە مەندە کەمترە».

نابـــێ وا بەســـاکاری بڕوانینە ئەم دیاردەیە. ڕەنگبێ هـــەروا بەخۆڕایی نەبێ کە کورد ئەوەندە شێعر دۆستە. ئەم دیاردەیە پەیوەندی دەگەڵ مەڵبەندی ژیان و چلۆنایەتی باری ئابووری، سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی دانیشتووانی کوردستاندا هەیە.

ڕاســـتە کوردستان گەرمەســـێری قاقڕ و کڕاڵ و ڕووتەن و دشـــتی بەیتوون و بیڕوون و کاکـــی بەکاکی، بێ ئاو و کەم باران و دزێویشـــی هەیە. بەڵام بەشـــی هەرە زۆری ئەم مەڵبەندە، جوان و دڵگر و هەست بزوێنە. چیا سەربەرز و گەردنکێشەکانی کوردستان کە

دوندیان دە جەرگی ئاسمان چەقیوە، سەرنجی هەموو ڕێبوارێک بۆ لای خۆیان ڕادەکێشن، ئــەم کەڵە پیاوانەی لە گیانی خۆیان ببوورن و بەچنگە کرکە بگەنە ترۆپکی ئەم چیایانە، گەواڵــە هەوران لەژێر پێــی خۆیاندا بەدی دەکەن. هەوای ســازگار و بێ خەوش و ئاوی زوڵاڵ و ســارد و ڕوونی ئەم کوێستان و کەویانە، نواڵە زەنوێرەکان وا دەخەملێنێ، گوڵە جوانەکان وا دەپشــکوێنێ و گیاوگژی مێرگە بژوێنەکان وا تێک دەچرژێنێ کە باشــترین شاعیریش لە وەسفی ئەواندا دادەمێنێ. خۆ باسی هۆبە و هەواری باسەفا، شمشاڵی شوان بگرە و بەردەی کابانی نازدار و شــەنگەبێری کێل گەردن لە داوێنی کوێستان، کوا بەزمان و قەڵەم تەواو دەبێ، ســیرەی ســەقر و هەڵۆ، قاسپەی کەوی کوڕادە خواردوو، ورینگەی بولبولی سەرمەست، جریوەی چوڕە و چۆلەکە، مۆسیقایەکە کە کوێرانیش لە بەزمی بەهار بێ بەش ناکا، لێڕ و جەنگەڵی کوردستان بەو هەموو زوڵمەی لێی دەکرێ هێشتا فێنکایی دڵانە، کێڵگە و دەشــت و کانیاو و ڕووبار و زێ و زناوی ئەم وڵاتە وشکەسۆفیش دەخاتە گۆرانی چ دەگا بەشەوگەڕی دڵتەڕی سەوداسەری دەنگ خۆش.

زارۆکی کورد دەگەڵ هاوێژرا ســەر پشتی لانک و بەدەسرازە پێچرا و سەرسینگەی پێ دادرا، گوێــی بەئاهەنگی بلاوێنی لایی لایی دایکی زەحمەتکێش و هەژاری کورد ڕادێ. کە گیانی لە چەنگ نەخۆشی منداڵانە کە بۆ خۆتان دەزانن چۆن کۆرپان لەبەر دایکان دەڕفێنن ڕزگار بــوو، زمانی بە «حلوور بلوور تەکامــە» ڕادێ کە گەورەتر بوو چ کچ بێ و چ کوڕ لەنێو زبڵ و زاڵ و پەین و پاڵ «حیلانە» دەکا و دەڵێ: «ئەمن و تۆ منداڵین، بەجووتەی دەسماڵین، لەنێو پەین و پاڵین» هەر دەستی داری گرت، دەچێتە بەر دەسلەوەڕ، بزن و مەڕی شەل و نەخۆش و ئەم بەر ئەوبەر شەڕە بالۆرە دەکا.

کــەم کچی وا هەیە کە گەیشــتە دەوروبەری خۆناســین بچێتە بەر ئــاژەڵ، هەرچەند بوختانــێ ناکەم بەچاوی خۆم دیومە قەیری کچ نەک هەر بەڕۆژی ڕوون بەڵکو بەشــەوی تاریک چۆتە بەر مەڕ و شێوەخوار و شەوێنی داوە و ئاخری مەڕی باوکی لەچەری لەسەر حەوشــە بەجێ هێشتووە و ڕەدواکەوتووە. بەڵام شــتی وا کەم هەڵدەکەوێ. وەنەبێ کچ کە نەچووە بەرماڵات بحەســێتەوە، نەخێر شــیاکە ڕشتن، حەوشە ماڵین، تەپاڵە کردن، لیژەدەوە لێدان و دەوەڵان دانان کاری هەرە ســووکنی، دەســکەنە، کێشە، گێرە، خۆیان ماڵین، باڵەکەو و گێژەو دەگەڵ باب و برایان دەکا. مەڕ و بزن و مانگا دۆشــین و پەنیر کوشین و لۆرک و شیرێژ کوڵاندنەوە و مەشکە ژاندنیش دەگەڵ دایک و خوشکان فێر دەبێ. هێشــتا ئەستێرە بەئاسمانەوە هەن هەڵدەستێ و ماستی جمک لە مەشکەی گاوس دەکا و وەبەر گوڕمانی دەدا و بەو حاڵەوە دەس لە شێعر هەڵناگرێ و پێی هەڵدەڵێ:

مەشکە بژێنە بەیانە
شەدە ڕەشمان میوانە
قەدری لەسەر چاوانە
مەشکە سوورێم نەژاوە
وەکەف و ڕۆن گەڕاوە
کابانم لێ تۆراوە
مەشکەم مەشکەی مانگایە
لۆلەپ لە دار خورمایە
شلقەی گەییە بەغدایە
مەشکەم مەشکەی گاڕەشی
هەڵمان دا لە گاگەشی
مەشکەم مەشکەی لەبڵیندی
لە دەرکی دەوڵەمەندی
لە خرینگەی بازیبەندی

ئەم شێعرانە و زۆر لەوانەش جوانتر دەڵێ تا مەشکە دەژێ و بەرەمەشکە ڕۆ دەکرێ، ئەم کیژە مەشکەژێنە دەگاتێ، باوکی یا ژن بەژنەی پێ دەکا و یا شیربایی وەردەگرێ، نۆشی گیانی نەبێ، ڕەنگبێ بۆ یەکەم جار شەوی خەنەبەندان دەستەخوشکان خاوێنی بکەنەوە و چڵک و چەپەری لە لاق و لەتەر و مەچەک و زەندی داماڵن و بەقەولی خۆیان بیڕازێننەوە و تارای سووری پێ دادەن و کە بووکنی هاتن بیبەن. دیسان شێعر سەرهەڵدەداتەوە و شایەر دەڵێ:

نایەتە دەر نایەتە دەر، بووک یاخییە و نایەتە دەر
لە چیمەنان، لە چیمەنان، بووک یاخییە و نایەتە دەر
دایکی بووکێم دەکورکێنێ، بووک یاخییە و نایەتە دەر

مانگی هەنگوین و شتی وا کە لە شاران ئێستا باوە لە لادێ نییە، بووک ئەوپەڕی سێ ڕۆژان لە کاروباری ماڵێ مەعاف دەکرێ، دووبارە، سەوەی ڕیخ ڕشتن، لۆلەپ و دوژەنگی مەشکە، ویژینگی گێژەو لە خزمەتی دان، سەرباری ئەوە پرتە و بۆڵەی خەسوو، تەوس و لاتاوی دش و چەمۆڵەی هێوەڕ ژنیشی دێتە سەر، دیسان بووکی تازە پەنا دەباتەوە بۆ شێعر کە پێویست ناکا نموونەیان بێنمەوە.

هێندی پێ ناچێ ئەویش دەبێتە دایک و بەمنداڵەکەی هەڵدەڵێ، بەپێی تەمەنی ناوی دەگۆڕێ: دێد، خات، یای، پوور، دایکە و نەنەی پێ دەگوترێ. ئەو کچۆڵەی حێلانەی دەکرد و شێعری بەپێکەنینەوە دەگوت کە کوڕیان بەئیجباری گرت دەردی دڵی خۆی بەشێعر دەکا و دەڵێ:

هەڵنەگری هەی هەڵنەگری لە پەهلەوی زوڵم و زۆر
ڕەببی شاپوور شای بمرێ هێنامە ئەحمەدی کوڕ

یا:

کوڕم گەورە کرد بەقەندی شاری
ڕەزا شا بردی لە بۆ ئیجباری

تەنانەت کە زۆر پیر بوو لە شینگایاندا شینگێڕی دەکا و بەشێعر بەمردوو هەڵدەڵێ: خەڵکی بەتاڵانی دەچۆوە، مەڕە، بەرانە، یەختەیە، شەکە، ئەمن بەتاڵانم چۆتەوە بەژنی باریک و قەدی زراو و چاوی دەبەڵەکە.

کەوابوو ژنی کورد دەگەڵ شێعر دەژی تا گڵەبانی چاوی دەکرێ. هەروەها ئەم کوڕەی کە بەمنداڵی دەگەڵ کیژەکە حێلانە و شەڕە بالۆرەی دەکرد کە دەستی پاشبارەی گرت و توانی هۆگانێک وەسەرەوە بدا دەکەوێتە زەحمەت کێشان. بەدەنگی بەرزی خۆی و باوک و باپیری گاڕەش و گابەش بەنەقیزە تێیان دەوەژێنێ و دەڵێ: بارە، خەتە، هەڵێنە هۆ وەرە بەقوربانت بم، کە گای وچان دا دەنگی خۆش بێ یا ناخۆش گۆرانی دەڵێ:

بــــریــا دەرزی بــام تیــژ و تـــەنــک بــام
دەروەزەوانـــی ســــــینگ و مـــەمـــک بــــام

هەواکەی دەگۆڕێ و دەبێژێ:

هــــەڵــم گرن ئـەویــەر ئـەویـەر
بمبەنـــە ماڵـــە بـــاب نـــۆکـــەر
شـــینم بـــۆ بکەن شـــەدە بەســـەر

دەیکاتە ئایشیلێ مامان و دەڵێ:

بــە هـــــەوران بـــەهـــاره
دەیخـــــوێنـــن کـــــۆلاره
یارکـــۆڵـــەم لـــێ دیـــاره

چەند نوکتەیەک لەبارەی مێژووی ئەدەبی کوردییەوە

ڕۆژێکی هەرە گەرمی هاوینی مەهاباد بوو، دەگەڵ کۆنە دۆستێکی خۆشەویست، قسە خۆش، خوێن شیرین، ڕەزا سووک و ئەدەبدۆست و لێزانم دانیشتبووین، کەس ئاگای لە دڵی کەس نییە. منیش نەمدەزانی ئەم دۆستەم کە ماوەیەک بوو، یەکتریمان نەدیبوو چەند بەدیداری من شاد بوو. بەڵام بەدیتنی ئەو، دڵم فێنک بۆوە، کوڵ وکۆی دەروونم دامرکا و خەم و پەژارەی چەند ساڵی تەمەنم ڕەوی.

لە ژوورە گەرمەکەمدا کە هەرگیز پانکە و کوولێری بەخۆرە نەدیوە، لە تەنیشت یەک دانیشتین و گەرمی قسان بووین، قسەمان لە گرانی، کۆپین، لە کەسادی بازاڕ، لە نەفرۆشانی هێندێک شت و لە ڕمێن و برەوی شتەکانی دیکە نکرد. باسی ئەنگڕان و هەڵمسان و دەوڵەمەندبوونی بەعزە کەسێک و داماڵان و هەژاری و نەداری بەعزێکی ترمان بەزاریدا نەهات. تەنانەت لە جووت و گا، جۆگە و جۆماڵ، بەند و بناوان، باخەوانی و شوانی و گاوانی کە تا ڕادەیەک سەرمان لێ دەردەچوو نەدواین.

ماوە تەنگ بوو، ڕۆژ درەنگ بوو، دەبوو زوو لێک جوێ بینەوە. بۆ بیستنی ئەو چەشنە قسانەی لەسەرەوە باسمان کرد ماوە زۆرە، ڕوو لە هەر شوێن و ماڵێک بکەی باس هەر ئەو باسەیە.

دەسمان کرد بەباسی ئەدەبی. چ بکەین هەردووکمان ئاشق بووین، نەخۆش بووین، نا نا گێل و گێژ بووین! کەسێک وەک ئێمە نەخۆش و ئاشق و گێژ و گێل نەبێ، دەزانێ

شـــێعر و شاعیری و ئەدەبدۆستی لە کوردەواریدا بەهیچ دەور و زەمانان نەبۆتە نان و ئاو. بەتایبەتی بۆ ئەو دوو کەســـە جگە لە ئاوارەیی و دەربەدەری و چەرمەســـەری چ سوود و قازانجی نەبووە.

با فیش و درۆ و دەلەســـە نەکەین، ئێمە ئێستاش مێژووی ئەدەبییەکی ئەوتۆمان نییە جێـــی متمانە بێ. بۆ نموونە نالی شـــاعیری گەورەی کـــورد ڕەنگبێ دیوانەکەی لە هەموو شاعیرێکی تری کورد پتر چاپ کرابێ. بەتایبەتی مامۆستا مەلا کەریم و کوڕەکانی ئەوپەڕی زەحمەت و ڕەنجیان لەسەر دیوانەکەی کێشاوە و ئەوەندەی هێزیان پێ شکاوە شێعرەکانیان شـــی کردۆتەوە، بەڵام بۆ ناساندنی خۆی هیچ بەڵگە و سەرچاوەیەکی بڕوا پێکراومان گیر نەکەوتووە. بەڕاستی من بۆ خۆم زۆر سوپاسی ئەو باوک و کوڕانە دەکەم.

ئەگەرچی لە هەڕەتی لاوەتیەوە خەریکی تێگەیشتنی شێعری نالی بووم، بەخوێندنەوەی کتێبە بەنرخ و نایابەکەی ئەوان پتر مانام لە شـــێعرە وردەکانی هەڵکڕاند. ئەوەی هێشـــتا تاریـــک ماوەتـــەوە و بەوتووێژی کاک عەزیز و شـــێخ تەهاش ڕوونـــاک نەبۆتەوە، ژیان و سەرگورشتەی ئەم شـــاعیرە مەزنەیە. ئەگەرچی دەڵێ: «لێوی تۆ ئاوی بەقا من خدرم» من دوودڵم ناوی خدر بووبێ. چونکە بۆ ئەو کەســـەی کە شـــاعیرە سەد داوی ناوەتەوە. ئەوی شـــاعیریش بێ دەزانێ ئاوی ژیان و خدر پێکەوە پەیوەندییان زۆرە و بە چی دیارە ئەوەش یەکێک لەم داوانە نەبێ کە ناویەتەوە. گریمان ناوی خدر بووبێ، باوکیشی ئەحمەد شاوەیس بووبێ، ناوی دایکی چییە؟ کام قورئان و کتێبی پەڕزەردمان لەدەس دایە، نەک ڕۆژ و مانگ بەڵکو ســـاڵی لەدایکبوونی ئەویان لەپشت نووسرابێ؟ دەزانین لە کوردستانی ئازیز تەرەبووە، ســـەری خۆی هەڵگرتووە و ڕۆیشتووە. ڕوونە بەخۆشی خۆی نەڕۆیشتووە چونکە بەئاشکرا دیارە زۆری پەرۆشی وڵاتەکەی بووە. جگە لەم دوو شێعرانەی کە تاسەی خۆی بۆ دیتنەوەی وڵات و دیداری دۆستان تێدا دەربڕیوە لە شێعرە ئاماڵ درێژ و پڕ سۆز و کوڵەکەیدا:

قـــوربانـــی تـــۆزی ڕێگـــەم ئـــەی بـــادی خـــۆش مـــروور
ئـــەی پـــەیکـــی شـــارەزا بـــەهـــەمـــوو شـــاری شـــارەزوور

ئەوپەڕی هەســـت و سۆز و پەژارەی خۆی دەربڕیوە و سەلماندوویەتی دەردی غوربەت چ دەردێکە؟ لەم دوایانەدا بۆتە باو و دەڵێن و دەنووسن لەو قەسیدەدا کە نالی بۆ سالمی

ناردووە وای گوتووە. بەڵام چۆن دەتوانن بسەلمێنن ئەم شێعرەی بۆ سالم ناردووە؟ دیسان تەماشای شێعرەکە بکەنەوە بزانن نالی تا قافیە مەودای داوە باسی شارەزوور، بەتایبەتی سلێمانی خۆشەویستی کردووە، تەنانەت ڕیشی زووری کاکە سووریشی لەبیر نەچۆتەوە. بەڵام ناوی سالمی نەبردووە کە وا بوو، ئەوە سالمە ئازایەتی کردووە و جوابی نالی داوەتەوە. بەڵێ بەڕاستی ئازایەتی کردووە: یەک وێراویەتی جوابە جەنگی نالی کردووە کە کاری هەموو کەس نەبووە و پایەی شاعیری خۆی بردۆتە سەر، دوو، پەژارە و داخی دڵی لە نەمان و بنەبڕ بوونی بنەماڵەی بابان دەربڕیوە. سێ، ئازایانە زوڵم و زۆری بڵحە ڕۆمییانی ڕوون کردۆتەوە و چەند بەکوڵ و سۆزەوە دەڵێ:

زستانی ئەووەڵین بوو، دڕا بەرگی شێخ هەباس
ڕۆمی ئەوەندە شوومە، لە شەخسیش دەدا زەرەر

دیارە سالم ئەو شێعرەی ناردووە بۆ شام تا بەدەس نالی بگا. بەڵام ناحەقم نییە بڵێم بەچی دیارە نالی نیشتەجێی شام بووە؟

«بۆ موڵکی شامە نامەیی من سوویی نالییە»

وێدەچێ ئەو وەختە نالی لە شام بووبێ. بەڵام چوونی نالی بۆ ئەستەمبووڵ جێگای گومانە، چ دەگا بەوەی لەوێ ژنی هێنابێ و ژیانی ڕابواردبێ و هەر لەوێ مردبێ و لە فلان گۆڕستان نێژرابێ، گومانی تێدا نییە نالی چۆتە حەج و زیارەتی مەدینەی کردووە و شێعرناس دەزانێ و تێدەگا چۆنی بەبیابانی بێڕوونی بێ ئاو و گیای عەرەبستان هەڵکوتووە، چۆن سەنای خوا و خۆشەویستی خوای بەجێ هێناوە و دەگەڵ ئەوەشدا چەند مەزڵوومانە و هەژارانە و کوردانە چارەڕەشی و بێ بەشی کوردایەتی خۆی هەر لەبیر نەچۆتەوە و دەڵێ: «کوردی دەوری شارەزوورم».

زۆر دوور ڕۆیشتم. بۆ باسی حەریق ئەو شاعیرە مەزنە کە مەکتەبی شێعری نالی هێنا موکریان و لەو مەڵبەندە هەر کەس شێعری کوردی گوتووە یا دەڵێ بێ ئەم لاو ئەولا لەوی فێربووە، نەکەم؟ تا ئێستا چی لێ نووسراوە و گوتراوە بەکەڵک بێ؟ من بۆ خۆم لەسەر ئەو شاعیرە گەورەی کە غەزەلی وەک:

هێنــــــده بێـــزاری کــه زانیـــومه بــەزاری نـــایەوه
دوور لـــه باڵاکـــەت ســـەرینی ناهـــومێـدیـــم نایـــەوه

یا:

چاوەکـــەم دوێنێ لـــه گـــوڵشـــەن گـــوڵ بـــەعیشـــوه خـــۆی نـــواند
نەک نمـــەک گیر بم، بـــەمـــەرگی تـــۆ قـــەســـەم هیچ نـــەمـــدوانـــد

گوتوه، هەر ئەوەنده دەزانم، ناوی مەلا ساڵح بووه، نیزیکەی چەرخێک لەوەی پێش لەو دیوڕا هاتۆته ئەم دیوه له خانەقای لووســـاوکان یا خانەقای شێخی بورهان گیرساوەتەوه و زۆری عاقیده بەشـــێخ بووه. نازانم له کوێ، بەڵام لەســـەر شێعرێک «ئیعزامولمولک» - فێئۆداڵی مەشـــهوور - ڕیشی لووس تاشـــیوه. ئەوه بۆته هۆی ئەوه بێته سابڵاغ و ببێته مەلای مزگەوتی حاجی سەید حەسەنی خزمی خۆم. ئەو کەسانەی چل پەنجا ساڵ لەوەی پێش چاویان بەو مزگەوته کەوتبێ، دەگەڵ منن ئەگەر بڵێم برسیایەتی و هەژاری و ناچاری نەبووبـــا هیچ کۆلکه مەلایەکیش بەپێش نوێژی ئەم مزگەوته ڕازی نەدەبوو. ڕەنگبێ پێش ســـاڵی ١٣٢٨ی کۆچی که ساڵی وەفاتی شێخه، مردبێ و له گۆڕستانی مەلا جامی نێژراوه و هەر خوا دەزانێ ئێســـتا گۆڕەکەی بناخەی خانووی کام موســـڵمان بێ. خوا بکەم لای سەرووی هاڵ یا میوانخانه بێ و نەکرابێته حەمام و شتی وا.

مەهابادی ئێمه تاقه شـــاعیرێکی بەناوبانگی لێ هەڵکەوتووه که خەیابانێکی خۆشیشی بەنێوکراوه، ئەوه جێگای شـــانازییه. من با خۆم منداڵ نەکەمەوه. زۆرم لەو کەسانه دیون که شاگردی مەکتەبخانەی وەفایی بوون. بەڵام کۆنترین دیوانی دەسخەتی وەفایی له بەغدا ســـەری هەڵدا و مامۆستا قەرەداغی زۆری نووســـی و کەمی لەسەر ژیان و مردنی وەفایی زانی. ئەگەر گوتم تاقه شاعیری مەهاباد میرزا ڕەحیمی وەفایی بووه، تا ئەو جێگایەی من بزانم ئەو شاره دڵگره جوانه، قەت شاعیرگر نەبووه. چەند غەزەلێکی میرزا سەلیم ناوێک لـــه کۆنه بەیازانـــدا هەبوون که پێم وایه لەبیر چوونەوه. ڕەنگه ئەو میرزایەش ســـابڵاغی بووبێ. دەنا شـــاعیرەکانی موکریان وەک ئەدەب، ســـەید ڕەشیدی شەهید، سەیفی قازی، میرزا لەتیفی قازی، خاڵەمین، حەقیقی، ســـەید کامیل، هەژار ئەگەر لەم شارەش له دایک

بووبن، لە لادێ ژیاون جا بۆیە دەڵێم، زمانی کوردی خاوێن و ساکار دەبێ لە دێ فێربین نەک لە شـــار. جا با ئەو شـــارە، سابڵاغی پێشـــوو یا مەهابادی ئێستا بێ، کە هەتا بڵێی جوان پەروەرە. جگە لە چەند غەزەل و دوو بەیتی نەبێ لە شێعرەکانی مەلا حیسامەددین زیاتر نەمبیستوون کە خەڵکی بۆکان و دەوروبەری بوو. توخواکەی ئەو تاقە شێعرە بەس نییە:

لێـــوی لـــەعلـــی جنێـــوی دابـــوو بـــە مـــن
قینـــــــی بنیادەمـــــە منیـــش گـــەســـتم!

کە بڵێین شـــاعیرێکی ناسک خەیاڵ و باش بووە؟ هیوادارم دیوانی تەواوی ئەو شاعیرە کۆ کرابێتەوە و ڕۆژێک بکەویتە بەردەستان.

پێویست ناکا، من خۆم جحێڵ بکەمەوە، نیزامی گوتەنی: لە شەشی شەست ڕزگار بووم و بەرەو حەفتا دەچم و وردە هەنگاوی بەرەو گۆڕ دەنێم. تازە بەهیوا نیم جحێڵایەتی بکەم. گوێ سوانان بگرم. بەڵێ من پیاو بووم کە «شاعیرێک» بەکوێری لە برسان و لە خەمان عەمری خوای بەجێ هێنا. دیبووم دەمزانی چەند زانا و خوێندەوارە، چەند کۆمەڵناسە. لە پێنج خشتەکییە فارسییەکەی و قەسیدە کوردییەکەی: «شاعیر عومووم کەوتنە مەقامات و بۆڵەبۆڵ» دیارە چەند جامیعەناسە.

ئەگەر ددان بەوە دابنێین کە ئەدەبیاتی نووســـراوی کورد، مەبەستم فۆلکلۆری ئەدەبی نییە، ڕەوتی ســـەبکەکانی ئەدەبی فارســـی گرتووە، ناچارین بڵێین کەم شـــاعیری وامان هەبوون لە ســـەبکی خۆراسانیدا بەقەد «شاعیرێک» سەرکەوتووبن. قەسیدەکەی سێڵاوی مەهاباد، ئەو قەســـیدەی کە لە زمانی دەسەڵاتی ڕەزاخانی خوێنرێژدا ڕەخنەی لە ڕەفتاری نالەباری کاربەدەستانی ئەو زەمانە گرتووە و بەو نیوە شێعرە دەس پێدەکا: «موددەتێکە نەفســـی حیز حوکمی خراوم لێ دەکا» شاهیدی قسەکەمن. ڕەنگبێ ئێستاش ئەو ئاژانانە مابن کە بەئەمری شـــارەبانی ڕەزاخانی، مەندیلی مەلایان، شەدەی لاوان، چارشێوی ژنان، نێفەکی ڕانک و پانتۆڵ لەبەرانیان دەسووتاند، فڕێ دەدا، و دەدڕی و دەبڕی و ئەگەر کەس دیار نەبا بەبەرتیل ڕازی دەبوون. کە مەلا مارف لەبارەی ئەواندا گوتوویەتی:

دەچمە سەر چۆم و خەیابان یەک نەفەس ئاسوودە بم
شەهرەبانی حازرە و داوای کڵاوم لێ دەکا

بێ شک ئەو سجیل نووسانە زیندوون و ئەگەر ئەم شێعرە بخوێننەوە، تک تک ئارەق دەڕێژن کە بۆ خۆیان دەزانن ئەو سەردەم چۆنیان خەڵک دەڕووتاندەوە کە مەلا مارف لەباری ئەواندا گوتوویەتی:

سەیری خۆشتر من کە مەعرووفم لەنێو ئەم شارەدا
تازە ئیحسائییە داوای ئیسم و ناوم لێ دەکا

لەبیرمە شەوێکی لە دیوەخانی میرزا ڕەحمەتی شافیعی، ڕەحمەتی خوای لێ بێ، کۆمەڵێک گەورە پیاو و شێعرناس کە ئەوی لەبیرم مابێ یەکیان مامۆستای مەزن تورجانی زادە بوو، تاریفی ئەو شێعرەیان دەکرد. کە مەلا مارف بۆ شافیعی ناردبوو. من بەئەدەب لەسەر چۆک دانیشتبووم و متەقم نەدەکرد تا گەیشتنە ئەم شێعرە:

جایزەی شێعرم لە تۆ ناوێ مەگەر بارێ ڕەزی
تا سەر و ڕووی دوژمن و بەدخواهی تۆی پێ ڕەش بکەم

ئەو دەم وەدەنگ هاتم و گوتم ئەم شێعرە مانایەکی دیکەشی لە بندا هەیە ئەویش ئەوەیە کە میرزا ڕەحمەت ئەوەندەی دوژمن و بەدخواە هەیە کە بارێک ڕەژیان دەوێ تا مەلا مارف ڕوویان پێ ڕەش بکا. مامۆستا تورجانی زادە تاوێک مات بوو و گوتی: «ئافەریم ڕۆڵە تۆ کێی؟» خۆم پێ ناساند گوتی: «لەکن کێت خوێندووە؟» گوتم: «لە خزمەت مامۆستا فەوزی» گوتی: «ئەوە بۆیە شتی وا دەزانی».

بەڵێ مەلا مارف ئەو کەسە بوو کە بەو هەموو زانست و هونەرەوە بەزگێک تێر و بەدوو زگان برسی بوو. دوایەش کە مرد وەک حەریق لە گۆڕستانی مەلا جامی نێژرا و گۆڕی ئەویش وەک گۆڕی هەزاران مەلا و سەید و پیاوچاک بەدەستی «وەرەهرام» تەخت کرا.

ئای ئەوانەی منداڵن قەبرستانی مەلا جامیان نەدیوە کە بێجگە لەوەی گۆڕستانی موسڵمانان بوو، هەزاران کێلی مێژوویی و جوانی تێدا بوون کە هەموو موســـڵمانان شـــاردیاننەوە و لەنێویان بردن. من بۆ خۆم کێلێکم دیبوو کە نەوێکی لوتفعەلیخانی زەند هەڵی کەندبوو و بەخەتێکی زۆر جوان بوو. بەئاواتم گۆڕی مەلا مارف لە حەوشەی ماڵێک دابێ و گوڵکاری و چیمەنی بێ.

پێشەکیەك بۆ «پێکەنینی گەدا»ی
حەسەن قزڵجی

شـــەو درەنگانە، بێدەنگییەکی بەســـام ژووره ســـارد و ســـڕ و چـــۆل و هۆل و نیوە تاریکەکـــەی داگرتووم. لە خوێندنەوەی ئەم چیرۆکانە بوومـــەوە، لە حاڵێکدا کە کارێکی زۆریان کردۆتە ســـەر مێشـــک و دەمارم و وردە فرمێسکیان پێ هەڵوەراندووم. بەئەسپایی دەفتەرەکـــە دادەنێم. چراکـــە دەکوژێنمەوە، لە جێگاکەم دەخزێم و چاو لێک دەنێم بەڵکو سەرخەوێک بشکێنم و خەم و پەژارەم بڕەوێنم.

کەچی خەیاڵ هەڵمدەگرێ، دەمبا... دەمبا... دەوەناو دەوەن و ڕەوەزاو ڕەوەز بەسەر بەفری ســـەری کوێســـتاناندا، بەنێو دارســـتان و لێرە چڕوپڕەکاندا، بەپێدەشت و گۆڕ و نەرمانەکانـــدا، بەنواڵە زنوێر و بژوێنەکاندا، بەبەســـتێنی چۆمی (تەتەهوو)دا بۆ شـــارە خونچیلانەکەی مامۆســـتا، بۆ بۆکان، بۆ بووکی شارەکانی کوردستان، بۆ کانگای ئەوین و دڵداری، بۆ مەکۆی خەبات و فیداکاری بۆ بەر ســـەلای ســـەرداری شەهید، بۆ سەر حەوز و کانیـــە جوان و بەناوبانگەکەی، بۆ تەماشـــای بـــەژن و باڵا و خاڵ و میل و چاو و برۆ و کەزێ و ئەگریجە و پووز و بەلەک و ســـەر و شـــەدە و شـــان و دەسماڵ و قەد و پشتێنی کیژە بۆکانیان، کە دەســـتە دەستە و پۆل پۆل وەک مێگەلی مامز و ئاسک بەلەنجەولار و تاسکە تاسک دێنە سەر حەوز، وەگۆزە سوور و نەخشاوەکانیان بەناز لە کانی هەڵدەدەن و وێنەیان لە ئاوێنەی ڕوون و بێ گەردی حەوزەکەدا جیلوەیەکی ئاسمانی هەیە کە فریشتە و پەری وەبیر دێنێتەوە شعوور و زەوق مشتوماڵ دەکا و هەست و خەیاڵ دەبزوێنێ.

گوێم لە دەنگی ئەو منداڵە ڕەزا سووک و بزۆز و ڕووتەڵە هەڵوا فرۆشانە دەبێ، کە تەبەکی هەڵوا دەگێڕن و بەهەوایەکی خۆش پێی هەڵدەڵێن و هاوار دەکەن:

هەڵوای تەن تەنانی، هەتا نەیخۆی نایزانی

لە جێگاکەمدا ئەم دیو و ئەودیو دەکەم. بەناهومێدییەوە هەناسەیەک هەڵدەکێشم و لەبەر خۆمەوە دەڵێم، خۆزگە و هەزار خۆزگە منیش وا پیر و کەنەفت و شەکەت و کەلەلا نەدەبووم. ئەوەندەم هێز و گوڕ و تین و توانا دەما تا پڕ بەئامێزم لەو چیرۆکانە هەڵگرتبا و بەهەموو شار و لادێ و کووچە و کۆڵان و خەیابان و بازێڕی کوردستاندا گەڕابام و یەک بەخۆم هاوارم کردبا:

خەڵکینە ئەگەر شتی لە هەڵوا شیرینتر و لە گوڵاڵەی نواڵان بەبۆن و بەرامەترتان دەوێ وەرن، وەرن بخوێننەوە، بخوێننەوە تا تامی خۆشتان لە دڵ و دەروون بگەڕێ بخوێننەوە تا تامەزرۆییتان بشکێ، بخوێننەوە تا کوڵ و کۆتان دابمرکێ، بخوێننەوە تا کۆمەڵەکەتان باشتر بناسن و لە دەرد و ئازاری بگەن. بخوێننەوە تا پتر شاییتان بەزمانەکەتان بێ. تا نەیخوێننەوە نازانن قەڵەمی سیحراوی مامۆستا قزڵجی چ شوێنەوارێکی بەنرخ و بێ وێنەی خوڵقاندووە. بیری ورد و خەیاڵی بڵیند و هەستی ناسکی ئەم نووسەرە بلیمەتە چ نموونەیەکی ئەدەبی بەرزی داڕشتووە و پەنجەی بەهێز و ڕەنگینی ئەم هونەرمەندە گەورە لیزگەیەکی چۆنی لە دوڕ و گەوهەر و مرواریی نایاب بۆ هۆنیونەوە؟

لە موکریان باوە دەڵێن: «بنەماڵەی قزڵجی وەک بێچووە مرواری وان هەر لە هێلکە هاتنەدەر مەلەوانن». مەبەستیان ئەوەیە ئەوی لەم بنەماڵە بێ، هەر لە منداڵییەوە زانا و پیتۆڵە. بەڕاستیش ئەم بنەماڵە بەڕێزە گەلێک ڕۆڵەی بلیمەت و زانای لێ هەڵکەوتووە، کە بێ ئەوەی بۆ خۆیان ویستبیان ناوبانگی زانست و هونەریان لە دنیادا بڵاو بۆتەوە.

مامۆستا حەسەنی قزڵجی ڕۆڵەیەکی هەڵکەوتووی ئەم بنەماڵە گەورەیە، کە مایەی شانازی نەتەوەکەمانە. ئەو ڕێبازی باوک و باپیرەکانی نەگرت و ڕێگایەکی تری هەڵبژارد و لەباتی خزمەتی ئایین، کە ڕێگای باوک و باپیرەکانی بوو. خزمەتی ئەدەبی وەئەستۆگرت ئەویش چ ئەدەبێک؟ ئەدەبێکی بەرزی کۆمەڵایەتی.

یەکێک لە سیاسەتە شوومەکانی ڕەزا خانی پەهلەوی لە ماوەی دەسەڵاتی ڕەشی فاشیستی خۆیدا هەوڵی بێ وچان و بێ ڕەحمانە بوو بۆ تواندنەوەی گەلی کورد لە کوردستانی ئێراندا. بۆ جێبەجێ کردنی ئەم مەبەستە شەیتانییە، داب و شوێن و جلوبەرگ و ئەدەب و زمان و مۆسیقا و سەمای کوردی بەسەختی قەدەخە کردبوو.

بـــەڵام بەو هەموو هێزە شـــەیتانییەوە. نـــەک هەر کوردی کۆڵنـــەدەری بۆ نەبەزی و دەرۆســـتی نەهات. بەڵکوو ئەم سیاســـەتە و ئەم زەبر و زەنگە بـــوو بەهۆی ڕاپەڕینێکی بەرینی فیکری لە کوردستاندا.

هەزاران پێچ و پشـــتێن و ڕانک و چۆخە و پەســـتەی پیاوی کورد و شەدە و هەوری و دەســـماڵ و کۆڵوانەی ژنی کورد دڕا و ســـووتا، بەڵام جلوبەرگی کوردی وەک سوننەتێکی میللی هەر ماوە.

لە قوتابخانە و ئیـــدارە، تەنانەت لە کووچە و خەیابان هەزاران کورد بەتاوانی کوردی گوتـــن گیران، ئازاردران و ســـووکایەتییان پێ کرا. بەڵام زمانی کوردی وەک ســـەرمایەی نەتەوایەتیمان هەر پارێزرا. کورد نەتواوە و ئابڕوو تکاوی و ڕیســـوایی مێژوو بۆ پۆلیســـی ڕەزاخان مایەوە.

لـــەو ســـەردەمە تاریک و تنووک و ئەنگوســـت لە چاوەدا لە مەڵبەنـــدی موکریان بۆ بەربەرەکانی دەگەڵ سیاسەتی تواندنەوەی کورد، کۆمەڵێکی نهێنی لە زانایان و ڕووناکبیران و گەورە پیاوانی کورد بەڕابەریی مامۆستا مەلا ئەحمەدی فەوزی، سەیفی قازی، پێشەوای نەمر، قازیی بۆکان شـــێخ ئەحمەدی ســـریلاوا و گەلێکی تر لە ڕووناکبیری ئەو سەردەمە پێک هاتبوو کە ئامانجی ئەساسی و هەرە گەورەیان پاراستن و پەرەپێدان و بووژاندنەوەی زمـــان و ئەدەبـــی کوردی بوو. کتێب و ڕۆژنامەی کوردییان کـــە لە عێراق بڵاو دەبوونەوە بەزەحمەت پەیدا دەکرد و بەئیحتیاتەوە بەسەر لاوانی بڕوا پێکراودا بڵاو دەکردەوە تا فێری کوردی خوێندنەوە بن. ئەوان بەتایبەتی مامۆستا فەوزی دەستەیەک لاوی ڕووناکبیریان پێ گەیاندن کە لە دواڕۆژدا شـــاعیر و نووســـەری زۆر خزمەتکار و بەناوبانگیان لێ هەڵکەوت. یەکێـــک لەدەس پەروەردەکانی و هاوبیرەکانی ئەوان کاک حەســـەنی قزڵجیی خۆمانە. کە هەر لەو دەمیڕا فێری کوردی خوێندنەوە ببوو. ئەوەبوو دەگەڵ ســـایەی شوومی پەهلەوی لاچوو، تەمومژی چارەڕەشی و نەگبەتی کورد ڕەوی. وەک ئەستێرەیەکی گەش و ڕووناک و پڕشنگدار لە ئاسمانی ئەدەبی کوردیدا درەوشایەوە. لاپەڕەی گۆوار و ڕۆژنامەکانی کوردیی بەنووسراوە جوانەکانی خۆی ڕازاندەوە.

لە سەردەمی کۆماری دێموکراتی کوردستاندا مامۆستا قزڵجی بێ ئەوەی سینگ ڕەپێش خا و خۆ ڕانێ، یەکێک لە خۆشەویســـترین نووســـەران و نیزیکترین دۆســـتانی پێشـــەوا قازی موحەممەدی ئەدەبدۆســـت و هونەرپەروەر بوو. بێجگە لەوەی لە ڕۆژنامەی کوردستان ئۆرگانی حیزبدا دەینووسی سەرنووسەری گۆوارە جوانەکەی هەڵاڵەش بوو.

پێشـــەوا لە ئاخرین ڕۆژانی دەســـەڵاتیدا خەریک بوو مامۆستا قزڵجی و چەند شاعیر و نووســـەری لاو و تازەپێگەیشتوو بنێرنە دەرەوە تا بەقەولی خۆی چاو و گوێیان بکرێتەوە و شـــتی تازە فێربن. بـــەڵام بەداخەوە نەگەیشـــت و ئەم ئاواتەشـــی وەک زۆر لە ئاواتە پیرۆزەکانی نەهاتە دی.

وەک ئێســـتا لەبیرمـــە و تا گڵەبانی چاوم دەکەن لەبیرم ناچێتەوە. ڕۆژێکی ســـارد و ســـەهۆڵبەندنی مەهاباد بوو، خۆم کوزوو کردبوو و بەپەلە دەڕۆیشـــتم جێگایەکی گەرم و گوڕ ببینمەوە. تەماشام کرد پێشەوا لەبەر بێلاکەی هاتوچۆ دەکا و ڕۆژنامەی کوردستانی بەدەســـتەوە و یەکێک لە نووســـەرانی ڕۆژنامەکەی لەلایە. خەریک بووم فیزماڵکی بدەمێ و خـــۆم ببوێرم. دیتمی و بانگی کردم. هێشـــتا دووربووم فەرمووی «دیوتە ئەم قزڵجییە چۆنی نووسیوە؟».

زانیم مەبەســـتی ئەم پارچە ئەدەبییە جوانەیە کە قزڵجی لەم ژمارەیەدا نووســـیویە. گوتم: «بەڵێ دیومە و بەڕاستی چاکی نووسیوە. کاکی نووسەر هەڵی دایە و گوتی: بەڵێ چاک دەنووســـێ بەڵام کەم دەنووسێ. پێشەوا بزەیەکی هاتێ و سەری ڕاوەشاند، ئەم دوو شێعرەی سەعدی خوێندەوە:

خـاک مغـرب شـنیدەام کـە کننـد
بـە چهـــــل سـال کاسـەی چینی
صـد بـروزی کننـــــــد در بغـــداد
لاجـرم قیمتـــــش همـی بینـی؟

کە خوالێخۆشبوو مەلا مستەفای سەفوەت ئاوای کردووە بەکوردی:

بیســـــتوومە کــــەوا لــە ڕۆژهـــەڵاتـا
بـــەچل ســـاڵ ئەیکـــەن یـــەک کاسە چینی
لـــەمـــەردەشـــت ئەکـــەن ســـەدی بـــەڕۆژێ
بـــۆیـــە قیمـــەتـــی وایـــە ئـــەیبینـــی

دیسـان ڕووی لە من کرد و فەرمووی: «بریا زۆری وامان هەبان» و پێش ئەوەی من جوابی دەمەوە بۆ خۆی گوتی: «ئەگەر بۆ خۆمان بین زۆری وامان لێ هەڵدەکەون».

داخـی گرانم زۆر زوو هێلانەکەمان لێ شـێوا، سـایەی ئەو پیاوە نیشـتمانپەروەر و ئەدەبدۆست و هونەرپەروەر و قەدرزانەمان لەسەر وەلاکەوت.

قزڵجیش وەک زۆر لە نووسـەر و شـاعیرەکانی کورد بێ ئەنوا و بێ داشدار و دڵسۆز مایەوە و لە دەس زوڵم و زۆری ڕێژیم ئاوارە و پەڕیوەی هەندەران بوو.

هـەر بۆ خۆی دەزانێ لەم ماوە دوور و درێـژەی لێقەومان و دەربەدەریدا چەن تاڵ و سـوێریی ژیانی چێشتووە، چەندی سـەرما و گەرمای دنیا دیوە، چەندی پەند و گۆڵمەز بەسەرهاتووە. چەن گیراوە و ئازار دراوە، چەن هەوراز و نشێوی پێواوە و ئەم دیو ئەودیوی پـێ کراوە و بـۆ پەیداکردنی پاروە نانێکی بێ منەت ناچار بووە بەو دەستەوەسـتانیی خۆیەوە، کاری چەن ساخت و گرانی بەدەنی بکا و سەر بۆ ناکەسان شۆڕ نەکاتەوە.

مامۆستا لە کۆڕی خەباتدا قاڵ بووە، خاراوە و لە کڵ هاتۆتەدەر. لەو هەموو کوێرەوەری و دەربەدەری و چەرمەسـەرییە، شـت فێر بووە، زانستی بەرەو ژوورتر چووە. تەجرەبەی وەسـەر یەک ناوە، کۆمەڵی خۆی باشـتر ناسـیوە، هەسـتی بەئێش و ئازاری کردووە و دەرمانی بۆ دۆزیوەتەوە و بۆتە فەیلەسـووفێکی پسـپۆڕ و نووسـەرێکی ڕیالیست و واقع بین.

پاڵەوانانـی چیرۆکەکانـی قزڵجی هیچ کامیـان بۆ خوێنەرێکی کورد نەناسـیاو نین. هەموویانـی لەنێو چین و توێژەکانی کۆمەڵی کوردەواری هەڵبژاردووە. کارەسـاتی ژیانی ئەوان بەکوردییەکی سـاکار، بەو زمانەی هەموو کوردێکی نەخوێندەوار و سـاوێلکە لێی حاڵـی دەبێ شـی کردۆتەوە. خوێنەری ورد تێ دەگا مامۆسـتا قزڵجیـی تا چ ڕادەیەک شـارەزای زانسـتی ڕەوان شناسـییە و چۆنی ڕووحی پاڵەوانەکان ناسیوە و چۆتە ناخی دەروونیانەوە.

مامۆستا قزڵجی کۆمەڵی کوردەواریی زۆر باش ناسیوە. خوێنەر لەم کورتە چیرۆکانەدا نموونەی ژیانی دەرەبەگێکی چەکمەڕەق، کۆنە بەگێکی بارگین تۆپیو، شـێخێکی دەسبڕ، دەروێشـێکی زەرک وەشـێن، جووتیارێکـی زۆرلێکراو، بـاب نۆکەرێکی زمـان لووس، کاربەدەسـتێکی بەرتیل خۆری بێگانە، تاجیرێکی سووت خۆری تەماعکار، جاسووسێکی نیشتمانفرۆش، تەنانەت، ژنێکی چارەڕەش و بێ بەشی کورد دەبینێ.

خوێنـەر پاش خوێندنەوەی زۆربەی چیرۆکەکان پێکەنین دەیگرێ، بەڵام چ پێکەنینێ؟

پێکەنینێکی تاڵتر لە کەکرە.

ئەوەی بۆ کوردێکی دڵسۆز جێی داخ و خەفەتە ئەمەیە: کە دەگەڵ ئەوەشدا زیاتر ڕووداوەکانی نێوەرۆکی چیرۆکەکان دەگەڕێنەوە بۆ سی ساڵ لەوەی پێش کەچی دەبینی ئێستاش ئاڵوگۆڕێکی ئەوتۆ لە وەزعی کۆمەڵایەتی کورددا ڕووی نەداوە کە ئەم چیرۆکانە تازەیی خۆیان لەدەس بدەن.

ئێستاش جووتیار بەچەشنێکی نوێ دەچەوسێنرێتەوە و لەبەر زۆری ئیجارە و قیست و سوورسات دەس لە زەویوزاری خۆی هەڵدەگرێ و ڕوو لە شاران دەکا. ئێستاش تونی حەمام پڕن لە هەژارە بێ جێوڕێیەکان. ئێستاش بازرگانی سووت خۆر و سفتەباز، شێخی کۆنەپەرست و دەسبڕ، دەروێشی فریودراوی زەرگ وەشێن لە کوردستاندا کەم نین.

ئێستاش دایک و باوکی کورد بۆ چاری دەردی منداڵە نەخۆشەکانیان، دەس و دامێنی ئامینە خانی نووشتە نووس دەبن و زۆر ئامینە خانی بێ بەش و چارەڕەش ماون کە لەبەر وەزعی نالەباری کۆمەڵایەتی، هەوەس ناچاریان دەکا بەفێڵ ڕەشید فێرکەن نووشتەیان دەکۆشی باوێ.

ئێستاش سەرکار ڕەزایی پاسگاکانی کوردستان لە جەنابی سەرهەنگ ئیجارە دەگرێ و بۆ ئەستاندنی بەرتیل و سازکردنی پەڵپ و بیانوو حوسێن قوڵی هەر بەدەستەوەیە.

خوێنەرانی بەڕێز؛ من لەو سەرەتا کورتەدا ناتوانم مامۆستا قزڵجی بەئێوە بناسێنم. خۆتان کتێبەکەی بەسەرنجەوە بخوێننەوە تا ئەم نووسەرە هەڵکەوتووە بناسن و لەبیری بەرزی بەهرە وەرگرن.

با تێکڕا فەرمایشەکەی پێشەوای نەمرمان دووپاتە بکەینەوە و بڵێین: «بریا زۆری وامان هەبان».

پێشەکی بۆ قەڵای دمدم

بەدرێژایی مێژووی نەتەوەی کورد هەر کارەســاتێکی گرنگی سیاســی و مێژوویی، هەر ڕووداوێکــی کۆمەڵایەتــی بەرچاو، هەر چیرۆکێکی تاڵ و شــیرینی دڵداری و هەر شــایی و شــینێکی گەورە لەهەر مەڵبەندێکی کوردســتان قەوماوە، خوێنڕێژ و خۆشــخوانە کوردە نەخوێندەوار و نەناسراوەکان لەسەر کێشی بڕگەی خۆمانە بەزمانێکی ساکار، بەڵام پوخت و پاراو و ڕەسەن و ڕەوان هۆندوویانەتەوە و ئاهەنگێکی تایبەتی خۆیان بۆ داناوە و پێیان گوتووە بەیت.

شایەر و بەیت بێژەکان ئەو بەیتانەیان لە کۆڕی دیوەخانی مەزنان، لە لامێردانی گەورە پیاوان، لە گۆشەی مزگەوتی گوندان و لە چایخانە و کاروانسەرای شاران بۆ خەڵکی تینوو و تامەزرۆ گوتووە. بەم جۆرە هەم نەیانهێشــتووە ڕووداو و کارەســاتەکان لەبیر بچنەوە و هەم زمان و فەرهەنگ و ئەدەبی فۆلکلۆری کوردییان ڕۆژ بەڕۆژ دەوڵەمەند و دەوڵەمەندتر کردووە.

ئەم بەیتانە ســنگ بەســنگ و پشت بەپشــت پارێزراون. دیارە بەپێی جێ و کات و وەســتایی و ناوەستایی شایەر کەم و زۆر گۆڕانیان بەســەردا هاتووە. زیاد و کەم کراون وشــەی تازە و نوێ و باویان هاتۆتە نێو و وشــەی کۆن و سواویان لێ دەراوێژراوە. بەڵام نێوەرۆکی مەبەست هەروەک خۆی ماوەتەوە.

لە سەردەمی ئێمەدا کە جیهان ئاڵوگۆڕێکی سەیر و بەپەلەی بەسەردا هاتووە. ئینسان

شەپۆلی هەوای خستۆتە ژێر ڕکێف و ئاوەزنگی خۆی و ئاتۆمی قەڵشاندووە و لەسەر مانگ دابەزیوە. هەرچەند وەزعی کوردستان گۆڕانێکی ئەوتۆی بەسەردا نەهاتووە و نەتەوەی کورد هەروا لە کاروانی شارستانیەتی بەجێماوە و تەمومژی نەزانی و نەخوێندەواری لە ئاسمانی وڵاتەکەمان نەڕەویوە. بەڵام ئەگەر نووری کارەبا کوردەواری ڕووناک نەکردۆتەوە، ڕادیۆ و گرام و ڕیکۆردەر گەیشتۆتە کوێرە دێیەکانی کوردستانیش و دەتوانین بڵێین تیشکی زانست ناڕاستەوخۆ، کوردستانیشی گرتۆتەوە.

بەرنامەی ڕادیۆکان، ئیستوانەی گرامەکان و شریتی ڕیکۆردەرەکان خەڵکیان لە بەیت و باوی شایەر و هونەرمەندەکان بێ نیاز کردووە. بۆیە مەترسیی ئەوە زۆرە شاکارە بەنرخەکانی ئەدەبی فۆلکلۆریمان وردە وردە لەبیر بچنەوە و لەبیر چوونەوەشیان زیانێکی زۆر گەورە لە زمان و فەرهەنگ و مێژووی نەتەوەکەمان دەدا. هەرچەند زانایان و ڕووناکبیرانی کورد لە هەموو لاوە هەستیان بەو مەترسییە کردووە و هەر کەس بەپێی هێز و توانا و دەرفەتی خۆی خەریکی کۆکردنەوەیانن. بەڵام بەداخەوە دەرۆست نایەن و پێشگرییان بۆ ناکرێ.

یەکێک لە کارەساتە هەرە گەورە و خوێناوییەکانی مێژووی نوێی کوردستان کە پاش دابەشکردنی ئەم وڵاتە لەنێوان عوسمانی و قزڵباشدا ڕووی داوە، گەمارۆدان و گیرانی قەڵای دمدم و شەهیدبوونی ئەمیرخانی برادۆست، خانی لەپ زێڕین و هاوپەیمانان و دۆستانی ئەم سەردارە و مەزنەی کوردە.

ئەم کارەساتە ئەوەندە خوێناوی و بەسام بووە، شا عەبباسی سەفەوی شای خوێنڕێژ و پیاوکوژی ئێران، ئەوەندەی ڕق لە نەتەوەی کورد بووە، ئەوەندە زاڵمانە و زۆردارانە دەگەڵ ئەم نەتەوە بێدەرەتانە جووڵاوەتەوە. ئەوەندەی خەڵک کوشتووە و وڵاتی خاپوور کردووە و ژن و منداڵی بەدیل بردووە. ئەمیر خانیش ئەوەندە پیاوانە ڕاپەڕیوە و ئازایانە وەدەس هاتووە و سەری بۆ شۆڕ نەکردۆتەوە و بەرگریی کردووە و ئەوەندە مەردانە شەهید کراوە کە ڕابردنی زەمان نەیتوانیوە تۆزی فەرامۆشی لەسەر ئەم کارەساتە دابێژێ و لەپێش چاوانی ون بکا.

شایەر و خۆشخوانەکان ئەم کارەساتەیان بەشێوەی جۆربەجۆر کردۆتە بەیت، لک و پۆپیان لێ کردۆتەوە و شاخ و باڵیان لێناوە. لە هەموویاندا دوو شت لە پێش چاو گیراوە: ئازایەتی و خۆڕاگریی ئەمیرخان و دڵڕەقی و بێ بەزەیی شا عەبباس.

لەنێو ئەم بەیتانای من لەم بارەدا بیستوومن هیچیان ناگەنە ئەم بەیتەی کە زانای

گەورەی ئاڵمانی «ئۆسکارمان» لە سەرەتای ئەم چەرخەدا لە ڕەحمان بەکری بیستووە و لە ١٩٠٥ دا چاپی کردووە و ئێستا لەدەس دایە. لە هەموو بەیتێکدا خەیاڵاتی شاعیرانە بەسەر واقعییاتی مێژووییدا زاڵ دەبێ. لەم بەیتەشـــدا ئەمە دەبیندرێ. بەڵام وا دیارە ئەم بەیتە زۆر پاش قەومانی کارەســـاتەکە نەگوترابێ، چونکە ناوی هێندێک کەس لە کاربەدەستانی قزلْباش و دۆستانی ئەمیرخان لەم بەیتەدا وەک خۆیان ماونەوە. مێژوونووسەکانی خۆمانە و بێگانەش لەسەر ئەو کارەساتەیان نووسیوە و سەرچاوەی هەموویان «عالم ارای عباسی» کتێبە بەنرخەکەی ئەسکەندەر بەگی تورکمانە.

ئەســـکەندەر بەگ هەرچەند نۆکەر و نمەک خوردەی شـــا عەبباس و دوژمنی نەتەوەی ئەمیرخان بووە و داوای ڕەوای ئەو ســـەردارە مەزنەی کوردی بەلاســـاری و ســـەرپێچی و تەنانـــەت نمەک بەحەرامی و لەڕێ دەرچوون داناوە و بەئاشـــکرایی جنێوی داوە و دەڵێ: «ئەرکی سەرشـــانی شـــای ئیســـلام پەنایە ئاســـەواریان لێ ببڕێ» بەڵام پیاو هەق بڵێ مێژوونووســـێکی یەکجار ورد و وریا بووە و ڕووداوەکانی مێژووی ســـەردەمی شا عەبباسی زۆر بەسەرنجەوە تۆمار کردوون. جگە لەوە خۆی لە گەمارۆدانی قەڵای دمدمدا بەشداربووە و ئاگای لە هەموو کەین و بەینێک بووە.

ڕاســـتە ئەویش وەک هەموو دەسوپێوەندی شایان ڕیاباز و درۆزن بووە و زۆری تەشی لەبەر شـــا عەبباس ڕستووە و بەبەژن و باڵای ئەو شـــا بەدفەڕ و خوێنڕێژەی هەڵکوتووە و وای نیشـــان داوە کە تاوانی کوردان بووە کە دڵی ناســـکی خاوەن شکۆیان شکاندووە و هەقی خۆیان بووە قەتلوعام بکرێن و بەو دەردە بچن. بەڵام دەگەڵ ئەوەشـــدا زۆر زانیاری تێدایە و ســـەرچاوەیەکی بەکەڵکە بۆ ئەو کەسانەی بیانەوێ لەبارەی قەڵای دمدم و ساڵی موکری قڕانەکەدا شت بنووسن.

کارەساتی دمدم و موکریان کە یەکێک لە بەسامترین ڕووداوەکانی مێژووی کوردستانە، کە هەســـتی نەتەوایەتیی زانایانی کوردی جۆشاندووە، خانیی نەمر ئەم هەستە ئاگرینەی چل و چەند ساڵ پاش کارەساتەکە دەربڕیوە.

لەم ســـاڵانەی دواییدا زانای بەناوبانگ و نووســـەری مەزنی کورد «عەرەب شـــەمۆ» چیرۆکێکی درێژی بەناوی قەڵای دمدم لەســـەر ئوســـلوبێکی نوێ و باوی ڕۆژ نووســـیوە. نووسینی چیرۆکی مێژوویی لە مێژە لەناو گەلانی جیهاندا جێی خۆی کردۆتەوە. بەڵام ئەمە یەکەم چیرۆکی درێژە کە من بەزمانی کوردی لەم بارەدا خوێندوومەتەوە.

بەداخەوە من نووســـینەکەی ئەوم نەخوێندۆتەوە، چونکە ســـەرم لە خەتی ڕووســـی

دەرناچێ و کتێبەکەش بەخەتی ڕووسی چاپ کراوە. بەڵام مامۆستا شوکور مستەفا کە ئەم چیرۆکەی هێناوەتەوە سەر شێوەی کرمانجی خواروو و خەتی پەسندکراوی کۆڕی زانیاری دەڵێ: «دەستم لە نێوەرۆکی چیرۆکەکە نەداوە و هەر ڕواڵەتم گۆڕیوە».

مامۆستا عەرەب شەمۆ بەخەیاڵی بەرزی هونەرمەندانەی خۆی چیرۆکێکی شیرین و پڕ کارەسات و هەست بزوێنی خوڵقاندووە و خزمەتێکی گەورەی بەئەدەبی نەتەوەکەی کردووە. سەرتاسەری ئەم چیرۆکە بەتامە پڕە لە هەستی پیرۆزی ئینسانی، نیشتمانپەروەری و گەل خۆشەویستی.

چیرۆکی قەڵای دمدم نموونەی ئەدەبێکی ڕیئالیستی ڕەخنەگرانەیە کە لە ئەدەبی کوردیدا ئەگەر بێ وێنە نەبێ کەم وێنەیە. لە لابەلای دێڕەکانی ئەم چیرۆکەدا پەردە لەسەر واقعیی نەتەوەی کورد، بەلایەنی باش و خراپدا نیشان دراوە و بۆ ئەو بێگانانەی کورد باش ناناسن زۆر بەکەڵکە.

پاڵەوانانی ئەم چیرۆکە هیچ کام بۆ کۆردێک نەناسیاو نین. «شەباب» لاوێکی کوردی ئاسایی و ڕەزاسووکە کە هەموو ڕۆژێ لە ڕێباز و کووچە و کۆڵانان تووشی دەبین و قسەی دەگەڵ دەکەین. «دلبەر» کچە کوردێکی لەبار و نەشمیلانەیە کە لە هەموو گوند و شارۆچکێکی کوردستاندا نموونەی زۆرە و هیچ وێ ناچێ خەیاڵی نووسەرێک خوڵقاندبێتی. زۆر «هەمزە چاوەشمان» دیون و دواندوون. زۆر وەستای ئەرمەنی و ئاسۆری ئامرازی پێویستییان بۆ دروست کردووین. زۆر «ئەسکەندەرە پیرە» چیرۆکی کۆنیان بۆ گێڕاوینەوە.

کەم لاوی کورد هەیە لە دڵداریدا شەبابێک نەبێ. کەم کیژی کورد هەیە بڕوای بەپڕ و پووچ نەبووبێ و پەنای بۆ پڕ و پیرێژنان نەبردبێ و نووشتەی چەور و شیرینی و دەمبەسی بەمەلا نەکردبێ. چلدانە و شەمۆڵەی نەگربێتەوە. بن پشک و خوشکی بچووکی وەک (نەنێ)مان زۆر دیون کە دیاری و ڕاسپاردەی کاکیان بۆ دەزگیرانەکەی بردووە.

بەڕاستی مامۆستا شارەزایی تەواوی لە واقعیی ژیانی نەتەوەکەی هەیە و زانیارییەکەی خۆی زانایانە و وەستایانە لە لابەلای دێرەکانی ئەم چیرۆکە شیرینەدا نەخت و پوخت گێڕاوەتەوە.

هەوار و بانەمەڕ و ئاژەڵداری، هەرەوەز و دەستەوا و لەبەر شانە دانیشتن، خوری پشکنینەوە، تەشی ڕستن، لێک کۆبوونەوەی کچان، تەون هەڵاوەسین، وێنەی مافوورە گرتنەوە، مازوو چنین، ڕابواردن، داوەت و هەڵپەڕین، ژوان و دڵداری، جووت و گا و کشتوکاڵ

و ئاشـــەوانی، نوێژ و تاعەت، ســـواری و تەقلە و ڕمبازی و ڕاو و شکار و نێچیرەوانی، نان بدەیی و میوانداری، ژن زۆرهێنان و کچ فرۆشـــی و شیربایی وەرگرتن، نیشتمانپەروەری و فیداکاری و گیانبازی، خەیانەت و بێگانەپەرستی و ڕووڕەشی، هەموویان بەزمانێکی شیرین و ساکار و لەجێی خۆیاندا باس کراون و نرخی چیرۆکەکەیان زیاتر کردووە. مامۆستا نە لە نیشـــاندانی کردارە باشەکاندا زێدەڕۆیی کردووە و لە ڕاستی دووربۆتەوە و نە کردەوە دزێو و ناشـــیرینەکانی شاردۆتەوە. مامۆستا لە سەرتاسەری ئەم چیرۆکەیدا تێ کۆشاوە ئاکاری پاک و کرداری چاک لەنێو کۆمەڵی کوردەواریدا برەو پێ بدا. دەیەوێ لاوانی کوردســـتان ڕاست و پاک و نیشتمانپەروەر بن و دۆست و دوژمنی خۆیان بناسن. دۆستیان خۆش بووێ و کۆمەک و یارمەتیی بدەن و باربووی لێ وەرگرن و دوژمنیان ناخۆش بوێ و ڕقیان لێ بێ و لەسەریەوە نەچن و فریوی نەخۆن هەر بەوە ڕانەوەستاوە و ویستوویەتی ئوسولی شەڕی پارتیزانی فێری شۆڕشگێڕانی کورد بکا و تەنانەت ئەوەندە لەم بارە دڵسۆزیی نیشان داوە کە ناچار بووە لە واقیع دووربێتەوە. بۆ ئەوەی شۆڕشگێڕانی کورد لە شەڕی شەوێدا فێری خۆشـــاردنەوە بکا. لە شەڕی شەمزینناندا ڕووداوێک دەخوڵقێنێ و هەمزە چاوەشی هێدی و هێمن و دڵســـۆز کە نموونەی فەرماندەیەکی هەرە باش و لەســـەرەخۆیە وا توورە دەکا کە ناچار بێ داگژێتە سەربازێک و لێی بدا. چونکە جگەرەی داگیرساندووە!

بێگومان مامۆستا لێرەدا هێند بەتەنگ فێرکردنەوە بووە زەمان و مەکانی لەبیرچۆتەوە. ڕاســـتە لە زەمانی شا عەبباســـدا پێی ئەورووپاییەکان بۆ ئێران کراوەتەوە و تەنانەت ئەو پادشـــایە برایانی «شیرلی» وەک ڕاوێژکەری سوپایی هێناوەتە ئێران و باڵیۆزی ناردوونە ئەورووپـــا. دوور نییە تووتـــن کە لە ئەمریکاوە هاتۆتە ئەورووپـــا گەیبێتە ئێرانیش. بەڵام تۆ بڵێی لە کوردســـتان لەو ســـەردەمەدا قەننەکێش هەبووبن؟ گریمان تووتنیش بووبێ و قەننەکێش هەبووبن. خۆ ڕەنگبێ مامۆســـتاش وەک من لەبیری بێ تا ئەم دواییانە کورد بە بەرد و ئەســـتێ ئاگری هەڵدەکرد و ســـەبیلە و قەننەیان دەکێشا و جگەرە هەر نەبوو. جگەرەکێشـــان و ئاگر هەڵکردن بۆ پارتیزان زەرەرەری هەیە و مامۆســـتای مەزن دەیەوێ ئەم ئەزموونە بەنرخەمان فێر بکا بۆیە تووشی ئەم هەڵە بووە.

بەداخـــەوە ئەم چیرۆکە بەنرخە هەڵەی وای تێدا هەن. کە بەهیچ بارێ ناکرێ چاویان لێ بپۆشرێ.

چیرۆکی مێژوویی ئەســـڵێکی هەیە و هەمووی زادەی خەیاڵی نووسەر نییە بەڵام شاخ و باڵی لێ دەنێ و لک و پۆپی لێ دەکاتەوە. لە چیرۆکە سەرکەوتووەکاندا هەمیشە ناوی قارەمانەکان و شـــوێنی گرنگی جوغرافیایی دەپارێزرێن. ئەو کەسەی مێژوویی دەنووسێ.

دەبێ شـــارەزایی تەواوی لە مێژوو و جوغرافیادا هەبێ تا بەهەڵە نەچێ بۆ بەڵگە ئیشـــارە بەچیرۆکی «شـــەر و ئاشـــتی» تۆڵستۆی دەکەین. بێگومان مامۆســـتا لە من باشتر ئەم چیرۆکـــە دەزانێ. چونکـــە بەزمانی ڕووســـی خوێندۆتەوە. ڕەنگبـــێ چیرۆکی «ئەوەندە قارەمان» زۆر کەم بێ. بەڵام چونکە تۆڵستۆی مەزن ئاگای لە مێژوو هەبووە و جوغرافیای وڵاتەکەی باش زانیوە ســـاڵی قەومانی شەڕان و ناوی قارەمانە دەرجە یەکەکانی و شوێنی شەڕگەکانی نەگۆڕیوە و پاراستوونی بۆیە خوێنەر قارەمانەکانی تریش بەقارەمانی خەیاڵی نازانێ و ڕووداوە پچووکەکانی نێو کارەســـات کە بەزادەی خەیاڵی نووســـەر نازانێ، جێی داخە مامۆستای خۆشەویستی ئێمە زۆر کەمی شارەزایی لە مێژوو و جوغرافیای کوردستان و ئێران هەبووە. سەرانسەری چیرۆکەکەی لەسەر خەیاڵی خۆی داڕشتووە بۆیە هەڵەی زۆر زەق و بەرچاوی لە نووسینەکەدا هەیە.

کەســـێک بیەوێ لەســـەر قەڵای دمدم بنووســـێ ناچارە بزانێ پایتەختی شا عەبباس ئیســـفەهان بووە نەک تاران، شـــا عەبباسێکی لە سەردەمی دەسەڵاتی ڕەش و زۆردارانەی خۆیدا زۆر شـــاری ســـووتاندن، زۆر قەڵای ڕووخانـــدن، زۆر ڕەوەی ڕفانـــدن، زۆر وڵاتی خاپوورکردن، ئیســـفەهانی وا ڕازاندەوە، وا ئاوەدان کـــردەوە، کە پێیان گوت: «اصفهان نصف جهان» ئێستاش ئەو خانووبەرە و مزگەوت و باغانەی ئەو دروستی کردوون و بینای ناون، جیهانگەران بۆ ئیسفەهان ڕادەکێشن.

مامۆســـتا پێش نووســـینی چیرۆکەکەی مێژوویی ئێرانی نەخوێندۆتەوە، تا بزانێ ئەو شـــا عەبباسەی ئەو باســـی دەکا چ دێوەزمەیەکی خوێنخۆر بووە؟ ئەگەر بەپەلە چاوێکی هەر بە (عالم ارای عباســـی) دا گێڕابا، کە مێژوونووسی تایبەتی شا عەبباس نووسیویەتی، دەیزانی ئـــەو زۆردارە پیاوکوژە نێرینـــەی لە مەڵبەندی موکریان، لە بەشـــێکی گەورەی نیشتمانەکەمان بڕیوە و مێیینە وردەی بەدیل بردووە.

پێم وایە ئەگەر دەیزانی کە شا عەبباس ئەوەندە زۆردار بووە کە نەتەنها هەزاران کەسی کوشـــتووە و هەزاران وەجاخی کوژاندۆتەوە، بەڵکە خۆشی وەجاخ کوێر کردووە و لە سێ کوڕەکانی خۆی دووی چاو دەرێناون و یەکی سەربڕیوە. تابلۆیەکی زۆر بەسامتر و ڕەشتر و نائینسانی تری لە شا عەبباس دەکێشا.

مامۆســـتا نەک زۆر ئـــاگای لە مێژووی ئێران نەبووە بەڵکـــو گوێی نەداوتەوە مێژوو و جوغرافیای وڵاتەکەی خۆشی، دەنا هیچ نەبا دەبوو بزانێ «سلێمانی» زۆر پاش کارەساتی قەڵای دمدم دروســـت کـــراوە. من بەش بەحاڵـــی خۆم ناوی عەشـــیرەتی «بەڕوودارم»

نەبیستووە کە مامۆستا دەڵێ خانی لەپ زێڕین گەورەی وان بووە. بۆ ئەوەی بزانین ئەمیرخان کێ بووە؟ و چۆن پێ گەییوە. ناچارین پەنا بەرین بۆ ئەو نووسراوەی دوژمن لەسەری نووسیوە، چونکە بۆ خۆمان سەرچاوەی کۆنترمان نین. خاوەنی «عالم آرا» دەنووسێ:

«پاش نەمانی شای بەهەشتی، کە ڕۆمییەکان مرخیان لە ئازەربایجان خۆش کرد، عێل و عەشیرەتەکانی کوردی سەر بەئەم دەوڵەتە بایان داوە و ڕەگەڵ ڕۆمییەکان کەوتن. شا موحەممەد ناوێک لە میرزادەکانی برادۆست بەفەرمانی خوندکاری ڕۆم کرا بەمەزن و خاوەن دەسەڵاتی برادۆست. ئەمیرخان سەری بۆ دانەنواند و ملی بۆ ڕانەکێشا، هەر دەمە ڕەگەڵ یەکێک لە ئەمیرەکانی گەورەی کورد دەکەوت. ماوەیەک لەکن عومەر بەگی حاکمی «سهران» ڕایبوارد. لە شەڕێکدا کە عومەر بەگ دەگەڵ دوژمنانی کرد، ئەمیرخان دەستێکی لە ئانیشکەوە پەڕی. ناوبانگی بەئەمیرخانی چولاق ڕۆیشت. لەو ساڵەدا کە ئاڵای بەرزی پادشائی لە ئازەربایجان دەشەکاوە و شا بەو پێ و قەدەمە پیرۆزەوە بەرەو نەخچەوان و ئێرەوان دەیاژوا. ناوبراو هاتە بەردەرکی پادشایەتی و خۆی بە شاپەرست و خزمەتکار نیشان دا. خاوەن شکۆ ئاوڕی ڕەحمەتی لێداوە. مەزنایەتی و دەستەڵاتداری تەرگەوەڕ و مەرگەوەڕی پێ بەخشی و نازناوی «خانی»دایە و سەری بەرزکردەوە. مەڵبەندی ورمێ و شنۆی کە سەر بەئازەربایجانە و لە سەردەمی شای بەهەشتیدا لەژێر فەرمانی یەکێک لە گەورە گەورەکانی قزڵباشدا بوو پێ ئەسپارد. لەسەر فەرمانی شا وەستا زێڕینگەرەکان دەستێکیان لە زێڕی سوور دروست کرد و بەگەواهیرات و مرواری بەنرخ ڕازاندەوە و لە باسکیان بەست. چونکە ئازا و مەرد بوو خاوەن شکۆ زۆری ڕوو دەدایە و گەلێکی چاکە دەگەڵ دەفەرموو. ئەویش دەستی خزمەتی لەسەر سینگ دانا. لەسایەی دڵسۆزی و چاودێری خاوەن شکۆدا ڕۆژ بەڕۆژ بەپەیژەی مەزنایەتیدا چووە سەر و لە هەموو هاوشانانی خۆی تێ پەڕاند. چەند ناوچە و مەڵبەندی لە ئەمیرەکانی کوردی سەر بەڕۆم ئەستاندەوە. بەپایەبەرزی و لەشکر زۆری ناوبانگی دەرکرد. زۆر لە خێڵەکانی کورد و لە ئەمیرزادەکان لە دەورەی هاڵان و خزمەتی ئەویان ڕەچاوکرد. هێندە پێ نەچوو هەوا و فیز لە سەری دا و لەخۆبائی بوو...»

مێژوونووسێک کە ئەمیرخانی بەچاوی خۆی دیوە و سەرەڕای ئەو هەموو دوژمنایەتییە، ئیعتراف بەئازایەتی و مەردایەتی دەکا و دەڵێ: «ئەمیرخان لە عەشیرەتی برادۆست بوو و لە شەڕدا دەستێکی پەڕیوە و شا عەبباس دەستی زێڕی بۆ دروست کردووە» بەڵام مامۆستا دەڵێ چونکە زۆری زێڕ بەخشیوە پێیان گوتووە: «خانی لەپ زێڕین».

مامۆســـتا زۆر بەوردی و درێژی باسی قەڵای دمدم دەکا. بەڵام بەو حاڵەوە بەپێویستم زانی ئەم کورتە باســـەی ئەسکەندەر بەگ لەسەری نووســـیوە، لێرەدا بێنمەوە کە دەڵێ: «لەپێش ئیسلامدا لە زەمانی ساسانییەکان (اکاسرە)دا هەر لەو شوێنەدا قەڵایەک هەبووە کە پێی گوتراوە (دمدم) و دەسدرێژیی ڕۆژگار خاپووری کردووە».

لە جێگایەکی دیکەدا نەخشەی قەڵاکەمان ئاوا بۆ دەکێشێ:

«ئەم قەڵایە لەســـەر دوندی کێوێکی یەکجار بەرز دروستکراوە کە یەکپارچە بەردێکی درێژووکە و تەسکە و وەک پشتی گا هەڵکەوتووە. لای شیمال و جنووبی دۆڵی زۆر قووڵن کە لە ژێڵا بۆ ســـەری دەبێ بەپەیژەی خەیاڵ بۆی بچی، لەبەر بەرزی پێویستی بەشوورە نییە و شـــوورەیان بۆ نەکێشاوە. دوو لایەکەی دیکەی کە پانایی قەڵاکەن، لای ڕۆژهەڵاتی پاڵی وەپانایی چیا داوە و شوورەیەکی زۆر تەواوی بۆ کێشراوە. بورجی زۆر بڵیندی هەن و دەرگایەکی بەرەو جنووب دەکرێتەوە. لە دەروازەوە بۆ عەرزی ڕێگایەک بەنێو بەردیدا هەیە و دەرگایەکـــی جنووب دەکرێتەوە. لە دەروازەوە بـــۆ عەرزی ڕێگایەک بەنێو بەردیدا هەیە کە ئەوەندە تەنگە بەزەحمەت ســـوارێکی تێوەدەچێ. سەنگەر بردنەپێش لە لای ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاواوە نەبێ ناکرێ. لە لای ڕۆژهەڵات تیرهاوێژێکی بۆ دەرکی قەڵای بمێنێ یەکپارچە بەردی سەخت و ڕەقە. لەبنەوە بوودڕی بۆ لێ نادرێ. کە بەردەکە براوە بورجێکی زۆر بەرز و قایمییان لێ دروســـت کردووە کە بۆ خۆی قەڵایچەیەکە. تا ئەو بورجە بەردەس نەکرێ ســـەنگەر بردنە بن قەڵا محاڵە. ئاوی قەڵا لە حەوزێکی گەورەڕا دابین دەکرێ کە بەباران پڕ دەبێ. بەڵام لە لای شـــیمال لەنێو گەلیدا نیزیکی قەڵا، کانییەک هەیە. ئاوی زۆر کەمە ئەمیرخان جۆگەی بۆ کێشاوە ڕێی بۆ کردۆتەوە و دەحەوزەکەی کردووە. ئاوی ئەم کانییە لە ئێوارەوە هەتا بەرەبەیان، حەوزەکە پڕ دەکا. ئاوەکەی بەشـــی ڕۆژێکی قەڵانشـــینەکان دەکا. گومبەزێکیـــان لە ڕێکی عەرزی لەســـەر حەوزەکە هەڵخســـتووە کە لە پێش چاوان ون بێ. پێی دەڵێن (ســـولق)، بۆ پاراســـتنی حەوزخانەکە بورجێکیـــان بەپاڵ قەڵاکەوە هەڵچنیوە. لەلای جنووبەوە سەهۆڵدانێکیان سازکردووە کە بەبەفر و سەهۆڵ دەئاخندرێ. لە تەنیشـــت وێ حەوزێک هەیە تا ئەو بەفر و ســـەهۆڵەی لە هاویندا دەتوێتەوە و دەبێتە ئـــاو بەفیـــڕۆ نەڕوا و لەوێدا کۆبێتەوە و لە کاتی کەم ئاویدا بەکار بێ ئەو ســـەهۆڵدانەش قەڵایەچەیەکی لەسەر دروست کراوە و پاسەوان و تفەنگچی لەسەر دانراوە. بەوێش دەڵێن: (بوزلق) یا (قارلق)، ڕێگای ویش وەک ڕێگای (سولق) لە دەرەوەڕا ونە.

بەکورتـــی ئەم قەڵایە لە پێنج قەڵا پێک هاتووە. یەکیان ئەســـڵی قەڵاکە، یەک قەڵای خوارێ، یەک قەڵای سولق و یەک بوزلق و ئەوی دیکەیان بورجی گەورەی دەرەوەی دەرگای

ڕۆژهەڵات کە لەپێشـــدا باسمان کرد. هەر پێنج ئەوەندە بەرز و قایمن کە پەیکی تیژڕەوی بیر و مێروولەی خەیاڵ ڕێیان تێ نابا و وێیان هەڵناگەڕێ».

پێم وایە ئەگەر مامۆستا هەر ئەوەندەی ئەسکەندەر بەگ وەک دوژمنێک لەسەر قەڵای دمدم نووسیویەتی دەخوێندەوە، جا واقیعییەتی مێژوویی بەو خەیاڵە بەرز و ناسکەی خۆی دەڕازاندەوە. چیرۆکە جوانەکەی دەگەیشـــتە ڕێزی شـــاکارەکانی ئەدەبی بەرزی نووسەرە بەناوبانگەکانی جیهان.

لە عالەم ئارادا ناوی هەموو ســـەرکردەکانی قزڵباش و زۆر لە پاڵەوانانی کورد هاتوون. چەند خۆش بوو مامۆســـتا قارەمانـــی دەرەجە یەکی خەیاڵـــی نەخوڵقاندبان و قارەمانە ئەســـڵییەکانی ناوبردبان. جا کەیفی خۆی بوو بازرگانـــی عەرەبی ناو دەنا (ئیبن بەتوتە) یـــا نا. چونکە دەتوانین تەئویلێک بۆ ئەوە بهێنینەوە کە ئەو بازرگانە بەناوی جیهانگەڕی بەناوبانگ کراوە و مەبەستی ئەو جیهانگەڕە نییە.

نامەوێ باســـی ئەوەی بکەم کەوا دیارە مامۆســـتا لە دوایی چیرۆکەکەیدا ماندوو بووە و پشـــووی وەک پێشوو درێژ و لەســـەرە خۆ نییە. چارەنووسی بەشی زۆری پاڵەوانەکانی نادیارە. چونکە ئەم شـــێوەم لە زۆر داستانەکانی ڕووس بەتایبەتی شاکارەکانی تۆڵستۆی مەزندا دیوە و مامۆستاش کەم و زۆر لەژێر تاوی ئەواندایە بۆیە هیچ لەم بارەدا ناڵێم. بەڵام دەوێرم بڵێم باسی گەمارۆدانی قەڵا و قەڵاداری ئەمیرخان و خۆڕاگری کوردان و بێ بەزەیی دوژمنی کورت بڕیوەتەوە. چونکە بەشـــی هەرە گرنگی کارەســـاتەکە کە سەرنجی خۆمانە و بێگانەی ڕاکێشـــاوە و ناوی ئەمیرخانی لە مێژووی کوردستاندا بەنەمری هێشتۆتەوە ئەم بەشەیانە.

لەنێو کوردەواریدا باوە دەڵێن ژنی قەڵانشـــینەکان بەتایبەتـــی ژنەکانی ئەمیرخان لە قەڵاداریدا بەشداربوون و لە بەیتەکەشدا ئیشارەی بۆ کراوە. وەک دەڵێ:

«کێ بوو لە خاتوون پەروەرێ
گوتی: کاک ئاڵی ئەتۆ ماوی ئەتۆش هەڵێ»

هەروەها مەشـــهوورە دەڵێن ژنەکانی ئەمیرخان و گەورە گەورەکان پاش گیرانی قەڵا و کوژرانی پیاوەکانی، خۆیان لە قەڵا هەڵداشتووە تا نەبنە دیلی دەستی دوژمنی بێ شەرم. لە بەیتەکە گوتراوە:

«کێ بوو؟ لە خاتوونی خانی
قبوول ناکەن کافرستانی

خۆمان هەڵدەدێرین لە چل کەوانی»

مامۆستا ویستوویەتی نەخشی ژیانی کورد لە خەباتی ڕزگاریخوازیدا بەرچاو نیشان بدا و جوانیشی نیشان داوە. ئەویش زۆر جوان باسی ئەوەی کردووە کە ژنەکان خۆیان کوشتووە. بۆیە داخم ناچێ نەیزانیوە کە یەکێک لە ژنەکانی ئەمیرخان کە ئەسکەندەر بەگ نەک بێژی نایە ناوی بەرێ بەڵکو قسەی سووکیشی پێ دەڵێ، شەش ساڵ پاش گیرانی قەڵا سەرلەنوێ قەڵا دەگرێتەوە. دڵنیام ئەگەر مامۆستا ئەوەی دەزانی چیرۆکەکەی دوو بەرگ دەبوو. چونکە ئازایەتی و فیداکاری ئەم ژنە کوردە بەشەرەفە خۆی بەرگێک چیرۆک هەڵدەگرێ.

مامۆستا باسی عەشیرەتی شکاک دەکا کە ئێستا لە دەوروبەری قەڵای دمدم دەژین، بەڵام لەو سەردەمەیدا هیچ ناویان نییە. کەچی باسی عەشیرەتی گەورە و بەناوبانگی جەلالی ناکا کە بەداخەوە لەو سەردەمیدا تەنیا عەشیرەتێکی کورد بوون یارمەتی شا عەبباسیان داوە و بەشی زۆریان لەنێو قزڵباشدا بوون و ژمارەیەکی کەمیان لە سەنگەری شەڕەفدا بەرگرییان کردووە.

مامۆستا ویستوویەتی بەئەنقەست بڵێ شەڕی کوردان زیاتر بەتیر و شیر بووە بەڵام لە ڕاستیدا ئەمیرخان تۆپ و تفەنگیشی بووە، لەباری چەک و قۆرخانەوە تەنگاو نەبووە. هەر بێ ئاوی و تینوایەتی شپرزەی کردووە و وای لێ کردووە لە قەڵا بێتەدەر و شەهید بکرێ.

لە پێشدا گوتم من لە خوێندنەوەی خەتی ڕووسیدا کوڵم و چیرۆکەکەی مامۆستا عەرەب شەمۆم نەخوێندۆتەوە. جا بۆیە ناتوانم لەسەر شێوەی نووسینی ئەو چ قسان بکەم. بەڵام ئەوەکەی مامۆستا شوکور مستەفام چەند جار خوێندۆتەوە و بەڕاستی چێژم لێ وەرگرتووە.

عەیبی کار لەوەی دایە ئێمە تا ئێستاش زمانێکی ستانداردمان نییە کە کەس نەتوانێ لێی لادا. هەروا بەهاسانیش ناتوانین ئەم زمانە پێک بێنین و خۆمان لە پاشاگەردانی ڕزگار بکەین. ماوەیەکە هێندێک لە نووسەرە زاناکانمان بەکردەوە بۆ ئەم کارە بەنرخە تێ دەکۆشن.

دەوێرم بڵێم مامۆستا شوکور مستەفا یەکێک لە ئاڵا هەڵگرانی ئەم خەباتەیە و لەڕیزی پێشەوە دایە، مامۆستا وەک پیاوێکی زانا دەستی لە تەعەسوبی ناوچەگەری هەڵگرتووە و لە نووسینەکانی خۆیدا هەوڵ دەدا لە هەموو شێوەکانی زمانی کوردی کەلک وەربگرێ و بەبڕوای من لەم کارە پڕ سوودەشدا سەرکەوتووە.

مامۆستا تێ دەکۆشێ کام وشە ڕەسەن و سووک و ڕەوانە و کام کینایە لەسەر زاران خۆشە بەکاری بێنێ. لەبەکارهێنانی وشەی داتاشراوی ناڕەسەن و دزێو و ناشیرین خۆ دەپارێزێ. زۆر شارەزای ڕێزمانی کوردییە و لەژێر تەئسیری زمانی بێگانەدا نانووسێ.

مامۆستا خوێندەوار و ڕووناکبیرە، زۆر گەڕاوە، گەلێکی خوێندوەتەوە. زەحمەت و کوێرەوەری کێشاوە و ئەزموونێکی تەواوی وەسەریەک ناوە. لە سایەی ئەم ئەزموونەدا گەییوەتە ئەم قەناعەتە کە هیچ شێوەیەکی زمانی کوردی با زۆریش دەوڵەمەند و پڕ وشەبێ بەتەنێ ناتوانێ ببێ بەزمانی ئەدەبی نەتەوەکەمان. جا بۆیە ئەم ڕێبازەی گرتۆتە پێش کە لە پێکهێنانی زمانی ستانداردی کوردیدا بەشداربێ. سەرەڕای ئەوانە هەرگیز وەک پیاوێکی لەخۆبایی لە نووسینەکانی خۆی دڵنیا نییە و بەشوورەیی نازانێ ڕاوێژی بەدۆستان و نیزیکانی خۆی بکا. ئەوەش ئاکارێکی باشە و پیاو دەگەیەنێتە ئامانجی خۆی. مامۆستا شوکور لەمێژە بەنووسەرێکی سەرکەوتوو ناسراوە. بەڵام بەبڕوای من لە نووسینی ئەم چیرۆکەدا خۆی گەیاندووەتە ترۆپکی هەرە بەرزی ئەدەبی کوردی. لەپێشدا گوتم ئەم چیرۆکە لەچاو نێوەرۆکەوە لە ئەدەبی کوردیدا ئەگەر بێ وێنە نەبێ کەم وێنەیە. ئێستاش لە خۆم ڕادەبینم بڵێم لەچاو ڕواڵەت و فۆرمیشەوە هەر وایە.

هەژار و شەرەفنامە

وتەیەک لە پێشەکیی شەرەفنامەدا

تەڕەسـاڵی وام نەدیبوو، هەوری ڕەش و چڵکن بەربینگی عاسمانیان بەرنەدەدا، تەم لە سـەران نەدەڕەوی، باران هەڵی نەدەبرینگاند. ڕۆژ نەبوو چەند ڕەهێڵەی توند نەهێنێ و شـەو نەبوو چەند ڕێژەی بەخوڕپەم نەبارێ، شـریخ و هۆڕی هەوران نەدەپساوە بەبێ نێوبڕ... بریسکەی دەدان...

لەنگێزە و باسریشـک و قوڕوچڵپاو و جڵیتاو بڕسـتیان لەگەڵ دەبڕی، کەویە بەفر و ڕونوو هەرەسیان دەهێنا، زەوی دەجمی و ڕێوبان جمگەیان دەدا.

لەو بەهارە تەڕ و تووشـەدا و لەو ڕۆژە گرژ و مۆنانەدا، لە بناری کێوە سەربەرزەکانی کوردستان، لە بنکەیەکی پێشمەرگە تووشی یەک هاتینەوە.

مـن و هەژار لە منداڵییەوە، هاواڵ بووین، وێکڕا پـەڕەوازە و گەورە ببووین، هەڕەتی لاوەتیمان پێکەوە لەناو چوار دیواری قوڕماوی پڕ لە جۆڵاتەنەی حوجرەی کۆنە مزگەوتانەدا ڕابواردبوو... ئێسـتاش وا بەسـەری پیری، پاش بیسـت و ئەوەندە ساڵ لێک دووری و هەڵبـڕان و تامەزرۆیی یەکترمان دەدیتەوە.. نەهاتی و لێقەومان هەردووکمانی کەنەفت و کەلەلا و پیر و زورهان کردبوو. ئەو ئەستوور ببوو من لاواز، ئەو لەبەر ورگ و گەد و گیپاڵی پشووی لێ بڕابوو، من لەبەر کزی و بێ هێزی هەر لاکەی سەرم دەهات... دیسان سەرمان گەیشـتەوە یەک و بووینەوە: یەکماڵ. ماڵی چی؟ دوو لێفەی شڕ و پەتووڕ، سەرسەرینی پەڕپڵاو و هەڵوەشـاو، هەریەکە تەختە شـکاوێک و بەهەردووکمان چرایەک و چادانێک و

دوو پیاڵەی ڕووکێش و ئاوخۆرەوەیەکی گڵینە و ئاوێ بێنە و دەســـتان بشۆ. ژوورەکەمان بەوشکەبەرد داندرابوو. دیوارەکانی خوار و خێچ بوون، لە هەموو لایەکەوە زگیان دابوو.

هیـــچ دیوێکی ســـواغ نەکرابوو، باگێـــڕەوەی نەبوو، ئاڵوودارەکانی کـــەڕواوی بوون و چەکەرەیان دەرکردبوو.

هەڵاشـــەکەی داچۆڕا بوو، بۆساردێکی پیسی لێ دەهات... هێندە تەنگ و تەسک بوو بەچیرەچیر جێمان دەبۆوە. هێند تاریک بوو بەنیوەڕۆ چرای دەویســـت. هێند نەوی بوو، تێیدا هەڵنەدەهاتینەوە...

قســـەی خۆمان بێ زۆریش تێر و پڕ نەبووین. دەگەڵ پێشـــمەرگە جوان و جحێڵەکان لەســـەر خوانێک کۆ دەبووینەوە و ژەمەنانمان یەک بوو، زێدەپارووی چەور و نەرمی پیری چڵێس و گردەنشـــینمان بـــۆ دیاری نەکرابوو... گوزەرانمان پێکـــەوە مێخۆش بوو: ترش وشـــیرن تێکەڵاو بوو، یادی ڕۆژانی ڕابردوومان دەکـــردەوە و دواڕۆژمان بەراورد دەکرد... ئەوەندەمان خۆشـــی و ناخۆشی بەسەر دڵ و مێشکدا تێ دەپەڕی کە وەک دەروێشەکانی چیرۆکی کۆن دەگریاین و پێ دەکەنین، گریانمان بەپێکەنین سواغ دەدا. یاخود بڵێین زۆر زۆر پێ دەکەنین و قاقا دەگریاین. شـــەوگار شەق دەبوو، لە بێداری بێزار دەبووم باوێشک دەمیـــان گەزێک پێدا دەچەقانـــدم بەوەنەوز و وردەوێژینگانـــەوە دەبیرەخەو ڕادەچووم و دەلێفە شـــڕەکەم دەخزام و دەمەویست سەرخەوێک بشکێنم و شەکەتی و کفتیم نەمێنێ. ئەو تازە وەخۆ دەکەوت: چوار مێردەکی لەسەر تەختە بێبەختەکەی بەپانەوە دادەنیشت، کاغەز و قەڵەمی لەســـەر کۆشـــی دادەنا، کەوڵە تیسکنەکەی بەخۆی دادەدا. ملی خوار و ســـەری زل و شان و کەوڵی کە سێبەریان دەخستە ســـەر دیوار، ئەو شەولەبان و غوولی بیابانەی وەبیر دێنامەوە کە دایکم بەساوایی لێی ترساندبووم.

دیـــارە من لێم نەدەپرســـی چ دەکـــەی؟ ئەویش نەیدەگوت چ دەکـــەم بەڵام دەمدی: شەرەفنامەی فارسی و عەرەبی لەدەوری خۆی دادەنان و لەبەر یەکی ڕادەنان و بەتێڕامان چاوەکانـــی بن چاویلکەی بازبازێنیان بەســـەردا دەکردن. هەر لەبن لێوانیشـــەوە پرتە و بۆڵـــەی دەهـــات و ورتە ورتی بوو. جار لەدوای جاریش جیـــڕەی قەڵەمە بۆری دەهات... بەوەدا دەمزانی خەریکی وەرگێڕانی شـــەرەفنامەیە... کە وەختی خۆی بەفارســـی لەسەر مێژووی کورد نووسراوە و بەچەند زمانێکیش تەرجومە کراوە. بەڵام وا دیارە هیچ کوردێک بەپێویستی نەزانیوە - یان دەخۆی ڕانەدیوە- بیکاتە کوردی...؟ چونکە:

شـــەڕەفنامەی فارســـی یان بڵێن فارســـیی شەرەفنامە زۆر ســـەخت و گرانە و ئەمڕۆ

لەناو فارسی زمانانیشدا هەموو خوێندەوارێک تێی ناگا... بۆ ئەوەی ئەم ڕاستییە ڕوون کەینەوە دەبێ تۆزێک بەرەو پاش وەگەڕێین و سووکە ئاوڕێک لە ئێرانی زەمانی سەفەوی بدەینەوە.

سەفەوییەکان زۆڵە کوردی تازە ترکی لەڕێ دەرچووی دووڕەگ بوون و بەملهوڕی و گەلۆری دەژیان، لەژێر پەردەی ئایین و بەناوی وسێن و هەباسەوە شەڕیان بەخەڵک دەفرۆشت و لە کوشتار و تاڵان و برۆ بەولاوە نەیاندەزانی دنیا چ باسە... گوللە تۆپێکیان بەسەد کتێبی باش نەدەگۆڕیەوە، هونەری جوان و شێعری پڕ مانا و ڕەوان لەلای ئەوان شێر و مەتاڵ و تیروکەوان بوو، ئەگەر کاریان بکەوتبا نووسینیش، نووسەرێکی وایان دەویست کە بەپارەو بەرماوێک و چنگە دراوێک کلکەسووتەیان لەبەر بکا و کێچیان بۆ بکاتە گا و بەکەر بڵێ شێر و کوێر بەچاوتیژ دانێ و دز و بێ ویژدانان بەخدری زیندە قەڵەمداد بکا...

نووسەری هونەرمەند و کارامە و بڕوا بەخۆ شەرمیان لەخۆیان دەکرد و پێیان زۆر شوورەیی بوو ئاوڕوویان بەئاوەڕۆ داکەن و ویژدان بەگیرفان بفرۆشن... بەناچاری خزینە گۆشە و کەنارانەوە و هەڵوەدای شاران بوون و هێندێک لە هیند سەری هەڵدایەوە و گەلێکیش بێ ناوونیشان توایەوە...

خوێڕی و تۆڕپیش کە ببوونە گۆشتی سەر چەپەر، بەبلوێری خاوەن زێڕ و زۆران کەوتنە سەما و سەر و گوێلاکی ئەدەبی فارسییان لەبەر پێدا پلیشاوە و خمی لێ شێواو لەبەر یەک هەڵوەشا و ڕەتێنرا و نسکۆی برد و ئەگەر سەفەوی گۆڕیان گوم نەبووبا... لە مردن نەدەگەڕایەوە. لەپاش ئەوانیش هەتا درەنگ هەر خۆی بەسەر پێوە نەگرتەوە...

شەرەفخان لەو ڕۆژگارە ئەنگوستەلەچاوەدا چاوی کردۆتەوە و لەناو تەپ و تۆز و گێژەڵووکەی سەفەویدا بەخۆدا هاتووە، لە ماڵی شادا ئەو فارسییە دزێو و بن شڕەی پێ خوێندراوە! بەڵام ئەو کابرا بلیمەت و هەڵکەوتووە زۆر بەدەخۆ ڕادیوی باسکی لێ هەڵماڵیوە و لەو گێژاوە خۆی پەڕاندۆتەوە و هێناویە ئەدەبیاتە بێ لەزەتەکەی ئەو ڕۆژەی بەبا کردووە و لە کەوی داوە و بەردبژێری کردووە و بەدانستە سپی کردووە و توێکڵی فڕێ داوە و کاکڵێکی پاک و خاوێن و تێرگۆشتی لێ هەڵبژاردووە و لەسەر پەڕی شەرەفنامەی داناوە و بەنموونەی ڕەوانی و جوانی پێشکەش بە فارسی دۆستانی ئەو زەمانەی کردووە. بەڵام لە ڕاستیدا ئەو کاکڵە جوان و بەرچاوەش چونکە بەری داری ئەو دێمەکارەیە، هێندە ڕەق و چیڕە ددان دەشکێنێ... جا من هەرچەندە دەمزانی هەژار فارسی دەزانێ و زۆر

باشیشــی دەزانێ... بەڵام لە دڵی خۆمدا پێم وا نەبوو دەتوانێ ئەو گابەردە لەســەر شان دانێ و لەو کەل و بەندەنە رژد و کوڕە سەرکەوێ!!

وەرگێڕانی ئەو کتێبە ڕەق و زلە پشووی درێژ و جیکڵدانەی گوشاد و لە کارنەوەستان و ڕەنجی فەرهادی دەوێ... پیاوی دەوێ بەدرێژایی ســاڵ و مانگ ســێ ســەرەی لەسەر هەڵنەگــرێ و هەتا ئەو کەلاوە هەراوە لە هەموو لاوە ســەر نەگــرێ کاری بەکاری کەس نەدابێ... هەژاری وا شــل و شەوێق و پەرژوبڵاو، لە لایەکەوە بەبنکە ڕابگا و لە لایەکەوە دەستە چیلەی گڕی شۆڕش بۆ ئێزگە کۆ بکاتەوە و لە لایەکی تریشەوە کارستەی ڕۆژنامە و شــەونامە ئامادە بکا... ســەرەڕای هەمووانیش وەرگێڕانی شەرەفنامەی شەرەفخانیش ســەربار بێ و ئەویش ڕاپەڕێنێ؟ هەیهوو!! چی بەسەر چییەوە؟ بڕوام وا بوو هەوایەکە لە کەللەی داوە و کرمێکە لەســەریدا دەجوولێتەوە هەر ســەرێکە و لێی وەڕەز دەبێ و وازی لێ دێنێ.

بەهار پیر بوو، باران وەســتانەوە، هەور ڕەوین، تاو خۆی نواند، تەم و مژ بوونە هاڵاو و دەگەڵ بەفری پار چوونەوە، گزوگومبەت گەرما شــاڵاوی هێنا و جرِوجانەوەر، ژیانەوە و دوژمنانی کوردســتانیش دەگەڵ تینی گەرما بووژانەوە، وەک ژەنگەسوورە هاڕووژان و دە ســەرچاوی نیشتمانپەروەرانی کورد هاڵان... ڕۆژانە لەبەر گڕەگڕی فڕۆکە و گرمە و زرمەی بۆمبا و تەق و تۆق و شەوانە لەبەر هاشەهاشی ماران کە بەدرزی دیوار و کون و کەلێنی باندا بۆ ڕاوی مشک و نانی وشک سەریان بەژوورەکەماندا دەکرد... ئۆقرەمان لێ هەڵگیرا و سانەوەمان لێ تۆرا و لە هێلانەکەی تەرە بوو...

بەر لەوەی بزانم شەرەفنامەی کوردی سەری بەکوێ گەیشت، چاری ناچار لێک هەڵبڕاین و هەریەکە بۆ لایەک بازرەبووین و وێڕای کەودەری دەگەڵ بەفران هەڵدەکشاین...

ساڵ پایزێکی درەنگ بوو، سیخوار لەبەر پەساران هەڵی نابوو. ئاور خۆشەویست ببوو، لە دەوری ئاوڕگی پڕ لە پۆلووی داربەڕوو دیسان ژیانی دووبراله دەقی جارانی گرتەوە...

ئێمەی وا ســوێر قسە هێشــتا لە چەنەچەنی چاک و خۆشی نەوەستابووین و هەژدەر هەژدەر قسەمان لە دەم دەردەپەڕی... هەستا و لەسەر دەلاقەوە لە کۆنە تەوراتێک نەوی و خســتیە ئامێزمەوە و گوتی: دەها بیخوێنەوە... بەڵام گەردنت ئازا نەبێ ئەگەر بەچاوی دوژمن سەیری نەکەی و ئۆباڵم بەملت ئەگەر هەر ڕەخنەیەک بەبیر دادێ، چاوی لێ بپۆشی و پێم نەڵێی... ئەگەر دۆســتی بمگریەنە و نامــەوێ قانەقدیلەم دەی... ئەگەر چرووک و پووکــت وەبەر چاو بێ و دەنگ نەکەی تووک لە منداڵت نەیە. منیش بەبێ فوو لەدۆکردن

لێفەکۆنم لێ ڕاخست و شانم لێ داخست و شەرەفنامەی فارسیشم لەلای خۆم دانا و هەژارنامەی کوردیم زۆر بەوردی خوێندەوە و دەگەڵ ماکەکەیدا لەبەریەکم ڕانان و چۆنم هاتە بەرچاو، ئاوای دەگێڕمەوە:

پیاو هەق بڵێ دەربارەی مێژووی کورد هەرچی شەرەفخان بەدڵ نیازی لێ گرتووە و دەستی بۆ بردووە خستوویەتە سەر کاغەز. نوک و بەدی هەر لە سیر هەتا پیوازی زۆر بەدەسپاکی ڕاگوێزراوە و بەرگە عەجەمییەکەی لێ داڕناوە و جوان و قازاخ شۆراوە و جلوبەرگی زۆر نایابی کوردی دەبەرکراوە و بەخشڵ و زێڕ و سسڵەوپپڵە و خرینگە و تۆیەی کوردانە ڕازاوەتەوە و ئەگەر دەبینی هەزار قوڕعان دەخۆی: کە ئەو کتێبە هەرگیز بەبۆرە خزمایەتیش نەچۆتەوە سەر فارسی و هەر زکماک کوردییە و بەکوردی ڕسکاوە.

هەر کەس بزانێ تەرجەمەکردن دەبێ چۆن بێ؟ تێدەگا کە هەژار لەو هونەرەدا دوانەکەوتووە و بگرە زۆریش لەسەرە...

ئەوانەی ئەم کتێبە دەخوێننەوە و لەوانەیە پێیان سەیربێ کە هەژار ئەو کوردییە چۆن فێر بووە؟ بەڵام بۆمن کە لەگەپ و گەمەی سەر سەرانگوێلکانەوە دەگەڵی گەڕاوم و دەزانم چۆن ژیاوە لە کوێ ژیاوە و لە چەند سەرچاوەی هەڵێنجاوە... هیچ شتێکی سەمەرە نییە و بەلای منەوە باری خۆیەتی:

بەبڕوای هەموو کوردی زانێکی لە ڕاستی نزیک و لە شەڕە گەڕەک بەدوور تەنانەت بەبڕوای زۆربەی ڕۆژهەڵات ناسانی ڕۆژئاواییش لەناو زاراوەی سۆرانیدا شێوەی موکریان لە هەمووان پاک و ڕەوانتر ماوە و وشە و ڕاوێژی دەمی بێگانەی زۆر کەمتر تێ خزاوە. لەناو موکریانیشدا ناوچەی بۆکان لەو بارەوە سەرتۆپە... هەژار، موکریانییە و سەر بەناوچەی بۆکانە و منداڵی ئەو ناوە هێشتا سەریان لە هێلکە نەجووڵاوەتەوە لە کوردیدا بلبلن و زمانیان هەتا بڵێی ڕەوانە...

بابی هەژار زانا و کوردپەرەست بوو، هەموو کوردستان گەڕابوو، کرمانجی و سۆرانی زۆر باش دەزانی و لە ئەدەبی کوردی و فارسی و عەرەبی و تورکیدا دەستێکی باڵای هەبووە... هەژار لەسەر کۆشی ئەو بابە زمانی گرتووە و قسەی خۆش فێر بووە و دڵ و مێشکی بەشێعر و چیرۆکی کوردی ڕاهاتووە...

لە دێ گەورە بووە، دەگەڵ منداڵان بەو کوردییە بێ گەرد و ساکارە دواوە، دەگەڵ کیژۆڵاندا لەوبەر لەوبەری چیاوە باللۆرەیان بۆ یەکتر هەڵداوە... شەڕەجنێو و فڕ پێکدادان و تەوس و پلار و توانجی پیرێژنانی بیستووە... شەوانە بەلایەلایەی دایکە کوردی

موکریانـــی دەخەو ڕاچووە، بەیانی بەورینگە ورینگی دڵتەزێنی کیژە کوردی مەشـــکەژێن وەئاگا هاتووە ... لە مزگەوتی لادێ، بەیت و لاوک و حەیران و گەلۆ، شـــەو و نیوەشـــەو و درکانە و ئازیزە و پایزە و سوارۆ، گوێچکەیان ئاو داوە ...

بەمێرمنداڵی لە خانەقای شێخی بورهانی خوێندووە کە دەتگوت کەشتی نوحە و هەموو توخم و تۆوێکی لێ کۆببۆوە. هەر شـــێوە و زاراوەیەکت بویستایە دەبەردەست دابوو... لە پەرێز و خێرۆکی پیران و زانایانی وەک: ســـەید ڕەشـــید و سەیفی قازی و شێخ محەمەد و مامۆســـتای فەوزی دەســـکەنەی کردووە و گوڵی هەڵگرتوونەوە ... کە پێش گەیشتووە دۆست و هاونشینی شاعیران و نووسەران و کوردی زانانی وەک: مەلا مارف و خاڵەمین و قزڵجی و حەقیقی و جەوهەری و کاکە ڕەحمانی موهتەدی بووە کە لەو باوخۆشـــتر بوون و هەریەکەیان لە ئەدەبی کوردەواریدا دەریایەک بوون... لەبەر دەســـت و لەژێر چاوەدێری پێشـــەوا، «قازی محەمەد»ی ئەدەبدۆســـت و ئەدیب پەروەردا فێری ڕۆژنامەنووسی بووە و شـــێعری بەکۆماری کوردســـتان و شۆڕشـــەکەی هەڵگرتووە نازناوی شاعیری میللی پێ دراوە ...

لـــە ژیانی ئاوارەییشـــدا بەدەردی خۆی گوتەنی: بەشـــەقی زەمانە فێری شـــێوە لێک جیاوازەکانی کرمانجی کراوە. لە ژیانی پێشـــمەرگەییدا شـــارەزای شارەزوور و شارباژێڕ و گەرمیان و بیتوێن و هەولێر و کۆ و خۆشناو و سورچی و باڵەکایەتی و ناودەشت و گەلێک شـــوێنی تریش بووە و هەر پیرێکی کوردی زان و زیندووی دەســـت کەوتووە زۆر بەوردی دۆزیویە و هەرچی لە دەمیانەوە دەرچووە قۆزیویەتەوە ئەو هەمووی کۆکردۆتەوە بەکاوەخۆ لە بێژینگی داون و بنژیلی جودا کردۆتەوە و ساغ و پتەوی هەڵبژاردووە و بەمێشک و دڵی خۆی سپاردووە... ئیدی بۆ سەیرە کە هەژار کوردی زانێکی هەڵبژاردە بێ؟

هەژار بۆ تەونی ئەو کرە لەبار و ســـفتەی خۆی، شـــێوەی موکریانی کردۆتە تەخت و بۆ نەخش و وێنەکانی وشـــەی ڕەنگین و خۆڕەنگ و جوانی هەموو زاراوەکانی تێوەداوە و تا بۆی کراوە خۆی لە ڕایەڵ و پۆی وشـــەی نامۆ و بێگانە و کوردی داتاشـــراوی تاقۆڵا و ناڕەسەنی تازە پێداکەوتوو پاراستووە.

سەیر لەوەدایە دەڵێی شەرەفخان و هەژار لێکیان گێڕاوەتەوە. لە ڕۆژگارێکدا کە هەژار شەرەفنامەی کردووە بەکوردی، زمان و ئەدەبی کوردی لەبەر بێ سەروبەرەیی و بەرەڵڵایی خەریکە بەمەرەدی زمان و ئەدەبی فارســـی، زمانی ســـەفەوی بچێ... لە سایەی نەزانانی خۆپەســـندەوە ئاڵۆزی و شێواوییەکی زۆری تێ کەوتووە و مەترسییەکی گەورە هەڕەشەی لێ دەکا!

بێگومان هەژاریش هەســتی بەو مەترسییە کردووە و لام وایە مەبەستی هەرە گەورەی لە وەرگێڕانی شەرەفنامە بووژاندنەوەی زمانی کوردی بووە و دەیەوێ لە مردنی بپارێزێ... جــا چونکە مەیدانێکی فرت و فرەوان و پان و بەرینیشـــی بـــۆ هەڵکەوتووە و توانیویە و بەکەیفـــی خـــۆی قەڵەمی تێدا باژوێ و خزمەتێکی هێژا بەزمـــان و ئەدەبی کوردی بکا... هیچ بەدووریشی نازانم کە هێندێک لەو کەسانەی چەند ساڵە دەگەڵ ئەو خم لێ شێوانەی زمانەکەدا ڕاهاتوون نووســـینی هەژاریان بەدڵ نەبێ... ئەوانەی لە دەباغخانەدا کار دەکەن بەبۆنی گوڵاو دەپشمن و سەرگێژە دەگرن و تا فێر دەبن ماوەیەکی دەوێ.

من لەو بڕوایەدام کە شەرەفنامەی هەژار دەبێ بکرێتە بەردی بناغە بۆ کوردی ئەدەبی و زمانی یەکگرتوومان. هیوادارم هەموو کوردێکی، کوردیخواز و دڵسۆز کەڵکی لێ وەرگرێ و هەژاریش هەر بەوەندەوە نەوەســـتێ و درێـــژە بەخزمەتکردنی زمانەکەمان بدا و درێخی نەکا...

١٩٧١

پێشەکییەک بۆ دیوانی نالی

هەموو کوردێکی پاک، چاک، دیندار، دڵسۆز و ئەدەبدۆست، ئەگەر بەدڵ و گیان خۆی بەمنەتبار و قەرزداری مامۆستای هێژا و زانای کورد مەلا عەبدولکەریمی مودەرپس نەزانێ ناهەقی دەکا. چونکە مامۆستا و کورە کارامە و لێزانەکانی بەهەموو هێز و توانای خۆیانەوە بەهیچ بارێک لە خزمەتی کوردی چارەرەشی، دوورە بەشی هەژار درێخیان نەکردووە.

بەڕاستی ئەم خزمەتە بەنرخانەی ئەم بنەماڵە چاکە، بەدین بەفەرهەنگ، بەزمان، بەئەدەب و ئاکاری کووردییان کردووە شایانی ئەوپەڕی ڕێز و سوپاسە. یاخوا لەم لایە لە بەڵای لابەلا دوورین. بەردی سارد و گەرمیان وەبەر پێ نەیە و لەولاش وەبەر ئاڵای پێغەمبەر کەون و حەشریان دەگەڵ حەشری پیاوچاکان بێ. پێموایە خزمەت بەکوردی زۆرلێکراو چاکەیەکە کە لەپێش چاوی بینائی چاوان بزر نابێ و پاداشی دنیا و قیامەتی دەبێ.

گەڕیدەیی و دەربەدەری ئەو سوودەی بۆ من هەبوو کە لە نێزیکەوە بەخزمەت مامۆستا بگەم و دەستی موبارەکی ماچ بکەم و بزانم کۆگای نور و دەریای بێ سنوورە.

جارێک دەگەڵ چەند مامۆستای گەورە و ماقووڵ لە بارەگای حەزرەتی غەوس لە حوجرە تەنگ و چکۆڵەکەیدا لە خزمەتی مامۆستا دانیشتبووین، من ئەو بیرەم بەمێشکدا دەهات ئەگەر هەموو نوسینە بەنرخەکانی ئەم مامۆستا کورتەباڵا، ڕەزاسووکە، خوێن شیرین و قسەخۆشە بێنی و لەتایەکی تەرازووی باوێ و جەستەی لاوازی خۆشی لە تایەکی

دیکە بخەی ئایا سەری وەمیچی حوجرەکەی ناکەوێ؟

دیـــارە ئەوینێکی پڕ ســـۆز، ئیمانێکـــی پیرۆز و ئیرادەیەکی قـــەوی و پتەو ئەم پیرە خاوێنە و ئەم زانا کەم وێنەی هان داوە کە لەو تەمەنەدا لە خزمەت بەزانســـت، بەئەدەب، بەئیسلامییەت و ئینسانییەت خافڵ و بێ ئاگا و شەکەت و ماندوو نەبێ.

باســـی یەک یەکی نووسراوەکانی مامۆستا وەک تەفسیری قورئانی پیرۆز و شەریعەتی ئیسلام و... نە بەمنی بێ دەسەڵات دەکرێ و نە لەو کورتە باسەدا دەگونجێ، ئەم ئەرکە لە ئەســـتۆی مامۆستایانی ئایینی و شـــارەزایانی ئەدەب و پسپۆڕانی زانستە کە هیوادارم کەمتەرخەمی نەکەن و شـــوێنەوارە بەکەڵک و باشەکانی مامۆستا پتر بەخەڵک بناسێنن. لەبارەی شـــەریعەتی ئیسلامدا ڕای مامۆستایەکی شارەزام پرسی، فەرمووی هەر کەسە بۆ خۆی بۆچوونێکی هەیە، من بەڕاشـــکاوی دەڵێم تا ئێســـتا کتێبی وا تەواو لەبارەی فیقهی شافیعیدا نەنووسراوە.

من لێرەدا دەمەوێ بەکورتی لەبارەی ئەم دیوانە شـــتێک بنووسم. بەبڕوای شارەزایانی شـــێعر و ئەدەب نالی یەکێکە لە گەشـــترین و پرشنگدارترین ئەستێرە بەرزەکانی ئاسمانی ئەدەبـــی کـــوردی. تەنیا ڕەخنە یا بەئەدەبتر بڵێم دەردی دڵێکی لە شـــێعری نالییان بوو ئەوەبوو کە تێگەیشـــتنی شـــێعرە ناســـک و وردە جوان و ڕەوانەکانی زۆر هاسان نەبوو، پێویســـتی بەشـــیکردنەوە، لێتوێژینەوە و وردبوونەوەی تەواو بوو. کەســـێک سێ زمانی عەرەبی، فارســـی و کوردی نەزانیبایە چاک لە شێعری نالی نەدەگەیشت. مامۆستای مەزن هەســـتی بەو کەم و کوڕییە کردووە بۆیە بەخۆی و بەکوڕانییەوە، هەســـتاون، تێکۆشاون ڕەنجیان کێشاوە و بەهەزاران زەحمەت نوسخەی دەستنووسیان پەیداکردوون لەبەر یەکیان ڕاناون و ئەو دیوانە بەنرخەیان شـــەرح کردووە. لە هەوەڵەوە پێشەکییەکی زانایانەیان بۆ نووســـیوە کە خۆی کتێبێکی سەربەخۆیە و خوێندنەوەی بۆ هەموو ئەم کەسانەی سەریان لە شـــێعر و ئەدەب دەخورێ پێویستە. لەدوایە شێعرەکانیان ڕاست کردۆتەوە. ماناکانیان لێداوەتەوە، هەڵسەنگاندووە و لەپێش خوێنەریان داناوە.

تا ئێســـتا کاری وا لە نێو کورداندا نەکراوە. زۆر کەس لەسەر نالییان نووسیوە، بەڵام کـــەس ئەوەندەی خۆ پێوە مانـــدوو نەکردووە. ئەوانی باش بـــوون، ناتەواوبوون ئەوانەی نەزانانە نووســـرابوون هەر نەبان باشـــتر بوو. هیچ کارێک ئەویش کاری وا ئەستەم و گران بـــێ کەموکووڕی نابێ، ڕەنگە ئەو کارە گەورەش نەختە نەقســـێکی هەبێ، بەڵام بێگومان هاوتا و وێنەی نییە.

من بۆ خۆم پتر لە نێو چەرخە سەر و کارم دەگەڵ شێعری نالیدا هەیە ئەو سەردەمە کە وەک سوختەیەکی نەزان لە خانەقای شێخی بورهان بووم دەمدی مەلا زاناکان و موستەعیدە باشەکان لەسەر شێعری نالی دەڕۆن، ئەگەر نیوە خوێندەواری وەک منیان بۆ حاڵی نەبوویان، هیچ نەبێ سەرنجیان بۆ لای مەلە، لەو دەریا مەند و بێ بەستێنە ڕادەکێشان، چاپ بوونی نالی لەلایەن کوردی و مەریوانی وە دەروێکی بۆکردمەوە ئەگەرچی ئەم دیوانە نازدارە، بێ ئازارە دێو و دوژمنی پۆلیسی دەورانی ڕەشی پاشایەتی ڕەزاخان بوو بەدەس هەر کەسەوە گیرابایە هاواری سەر و ماڵی بوو، بەڵام من پەیدام کردبوو بەدزییەوە دەمخوێندەوە. موقبیل بەچاپکردنەوەی دیوانی نالی سەرەڕای ئەم کەموکوڕیانەی لە کاریدا هەبوو پتری بەرەو تێگەیشتنی شێعری نالی بردم. نێو و نرکە و هێرشی گیو لە نالیی نەتۆراندم تەنانەت چاپەکەی مووەفەقیشم نەک جارێک دەیان جار خوێندەوە. خوالێخۆشبوو حاجی مەحموودی وەتەمیشیم کە بازرگان و مڵکدارێکی پیر و خۆشزەوق بوو، باش دەناسی و بەو حاڵەوە دیتنی بۆ من هاسان نەبوو چونکە ئەو هاوین و بەهار لە دێ بوو، منیش هەر لادێیی بووم و کەمتر دەچوومە شار کە زستانان بەخزمەتی بگەم زۆرم کەڵک لە شێعر ناسیی ئەو پیاوە وەرگرت کە ڕەنگبێ کەم کەس مابن لە بیریان بێ ئەدیبێکی چەند بەئینساف و پیرە پیاوێکی چەند قسەخۆش بوو. ئێستاش بۆم ڕوون نەبۆتەوە ئەو بازرگانە زرینگە کە سەروکاری دەگەڵ گەز و جاو و کەتیرە و مازوو و خوری و مافوورە بوو چۆن ئەو هەموو شێعرە کوردییە جوانانەی لەبەربوون. ئایا بەیاز و دەستنووسی باشی بوون و دەری نەدەخست یا حافیزەی وا بەهێز و قەوی بوو کە چی لەبیر نەدەچۆوە. بەڕەحمەتی خودای شادبێ. ئاخ و داخ چەن گەورە پیاومان بوون و حاجی قادر گوتەنی: «لەبەر بێ دەفتەری گووم بوون و فانی».

شەقی ڕۆژگار هەڵی داشتمە کوردستانی عێراق لەوێ زۆر نالی ناسم دیتن و باشترم نالی ناسی تا سەرم لە بەغدا هێنا دەر و بەخزمەت مامۆستا مەسعود محەمەد گەیشتم. تا ئێستا کەسم نەدیوە وا لە شێعری نالی بگا. گفتولفتێکی خۆشی بوو کە بەبەیانی سیحراوی خۆیەوە دەهاتە شیکردنەوەی شێعری نالی خۆی مەست و سەرخۆش دەبوو و گوێگری وەجۆش دەهێنا. داخم ناچێ ئەم مامۆستایە ئەوەندەی لەسەر شێعری نالی دەدوا ئەوەندەی نەدەنووسی تا کۆمەڵ پتری کەڵک لێ وەرگرێ. لە بیرمە لە دانیشتنێکدا کە مامۆستا بەعادەتی خۆی شێعری نالی شی کردەوە، یەکێک لە دانیشتوان لە منی پرسی بەبڕوای تۆ مامۆستا لەبارەی نالیدا زۆر زێدەڕەوی ناکا؟ گوتم: من لە تەنیشت مەهابادەوە لەلایەکەوە تا سەرچاوەی (زەڵم) و لەلای دیکە تا هاوینەهەواری سەرسەنگ گەڕاوم و

دەگەڵ زۆر مامۆستای گەورە دانیشتووم کەسم نەدیوە ئەوەندە شارەزای شێعری نالی بێ. کەچی دەوێرم بڵێم ئەو گەورە پیاوەش بەتەواوی لە شـێعری نالی نەگەییوە. مامۆسـتا مەسـعود فەرمووی بەخوا ڕاسـت دەکەی. من ئەو مەلەوانە نیم بینم ئەوەندە درێژبێ کە بتوانـم لـە دەریای بێ بنی شـێعری نالی ئەو هەموو دوڕ و مرواریيانـە بێنمە دەر هەروا پەلەقاژەیەکی ناشیانەیە دەیکەم. بەڵکو شتێکم وەبەر دەسکەوێ. زۆری پێ نەچوو ڕۆژێک لە خزمەت مامۆستا مەسعود لە کۆڕی زانیاری کورددا خەریکی کاربووم. کاکە حەمەی مەلا کەریم هاتە ژوور و گوتی: «ئێمە مانای وشەی (نەی سوار)مان لەو شێعرەدا نەزانیوە ئێوە چۆنی بۆ دەچن» زۆرمان بیر لێکردەوە و نەمانزانی. بێ ئەدەبیم کرد و گوتم: «مامۆستا ئەو کاتە من گوتم جەنابیشـت دیوانی نالیت بەتەواوی بۆ سـاغ نەبووەتەوە و تۆ گوتت ڕاست دەکەی من پێم وابوو تەوازوع دەفەرمووی بەڵام قسەکەم وەڕاست گەڕا...» گوتی: «ماڵە نالیت نەشـێوێ کێ سـەرەدەر لەو هەموو وردە داوانە دەردەکا کە ئەو ناویەتەوە؟ من چووزانم نەی سوار چییە؟» ئیجازەم لێ وەرگرت و چوومە ژووری کاکە حەمە، هەرچی فەرهەنگی فارسی و کوردی لە کۆڕدا هەبوون سەنگ و سووژنمان دان و سەرەوبنمان دان و سەراوبنمان کردن و ئەو وشەمان نەدۆزیەوە. دیارە پاش ناهومێدبوون لە پەراوێزی لاپەڕە ٣٣٤ دا گوتوویانە دوور نییە نیزەدار بێ کە لە شـێعرەکەدا بێ مانا نییە. ئەو ڕۆژەی من گوتم کاکە حەمە حەیف فەرهەنگی دەوڵەمەندی دوکتۆر(موعین)مان بەتەواوی لەدەسـدا نییە. وێدەچێ ئەو ئەم وشـەی گرتبێ. ئێسـتاکە ئەم دێرانە دەنووسم فەرهەنگی دوکتۆر موعینم لەبەر دەسـدایە. ئەو فەرهەنگە گەورەش ئەم وشـەی نەگرتووە. بەڵام وشەیەکی تێدایە کە پیاو دەخاتە گومانەوە کە مەبەستی نالی ڕەنگبێ ئەم وشە بێ و ئەوانەی دیوانی نالییان نوسیوەتەوە بەهەڵەیان تۆمارکردبێ. فەرهەنگی موعین وشەی «نیساری» گرتووە بەمانا سوپاهی و لەشکری و دەڵێ. فیردەوسی لەبارەی تەبەقەی دووەم لە چوار تەبەقەی جەمشیددا دەڵێ:

صفـــی بر دگـــردست بنشـاندند
همی نـــام نیســـاریان خـــواندند

و هەروەها زیادی دەکا و دەڵێ وشەی (نیساریان) لە زمانەکانی ئێرانیدا سابیقەی نییە و بێ شـک موحەرەفی (artistar)ی پەهلەوی (ئوستایی raeslara) بەمانای (شەڕکەر

و سوپاهی) هاتووە و ئەم وشەیە لە فارسیدا بووەتە (ارتیشدار).
دۆزینەوەی ئەم وشـــە منی خستە سەر ئەم باوەڕە کە (نەی سوار) (نەی سیار) بێ، بەغەڵەت نووسرابێتەوە چونکە زۆر ڕوونە و بەهاسانی لە شێعرەکانی دەردەکەوێ کە نالی زۆر ئەهلـــی خوێندنەوە و موتالا بووە. دەســـەڵاتێکی زۆری بەســـەر ئەدەبیاتی عەرەبی و فارسیدا هەبووە. وەک بەئیشتیا لەسەریان نووسیوە گەڕیدە بووە و بەکوردستاندا گەڕاوە. ئەگەر واش نەبێ ئاشنایەتی ئەو دەگەڵ بابانەکاندا حاشای لێ ناکرێ. ئەوانیش کتێبخانەی ئەمیرانەیان بووە کە نالی کەڵکی لێ وەرگرتووە. تەماشـــای ئەو چەند شێعرە بکەن بزانن من بێ بەڵگە وا ناڵێم:

نالیـــا ئـــەم غـــەزەلـــە تـــازە کـــە تـــازەت گـــووتـــوە
بـــە دووســـەد مـــەســـنەوی لـــویـــی لـــوبابـــی نـــادەم

***

نییـــە دەخڵـــم لـــە شـــانامە و مـــەســـافی غەیـــری ئـــەم نوکتـــە
کـــە کوشـــتەی بـــەنـــدی تـــۆیـــە هـــەر کەســـی ئـــازاد و ئازابێ

***

کـــە دیتـــم ڕەنگـــی ســـەد ڕەنگـــی، گـــوتـــم بابایـــی عەییـــارە
کـــە بیســـتم لەفظـــی بێدەنگـــی گـــوتـــم شـــیپوری شـــاپوورە

بەڵـــێ بەم شـــێعرانەڕا کە ئەگەر ڕیزم کردبان زۆر پتریـــان جێ دەگرت دیارە کە نالی هەمـــوو جۆرە کتێبێک کە دەخڵـــی بەمەلایەتییەوەش نەبووبێ خوێندوەتەوە. کەســـێکی ئەسکەندەرنامەی ئەفســـانەیی خوێنبێتەوە و نەسیمی عەییار و شاپووری عەییار بناسێ، ئاشـــکرایە کە شـــانامەی فیردەوسی زۆر جار ســـەرەوبن کردووە و ئەم وشەی لە شانامە وەرگرتـــووە و ئەگەر ئەوەی زانیبێ کە نەی ســـیاری بەتەبەقەی دووەم لە چوار تەبەقەی زەمانی جەمشید گوتراوە ئەوە دەبێ شێعرەکە لە ئەسڵدا ئاوابووبێ:

دیـــدە نیگهبانـــی یـــار، ناڵـــەی دڵ نـــەی سـیار
تیپـــی سریشـــکم هـــەزار ئاهـــە عەلەمـــداری مـــن

یانی چوار تەبەقەی زەمانی جەمشـــیدی ڕیزکردبن و لەباتی تەبەقاتی لەشکری تورکان کـــە لـــە مەغوولییەوە وەرگیراون، (ئـــون) (یوز) (تومان) بەکاری بـــردن چونکە گومان لەوەدا نییە کە هەزار پڕ بەپێســـتی (تومان)ی مەغوولییە. ئایا تاقمە مومتازەکەی ئەحمەد پاشـــای دۆستی وا تەبەقەبەندی نەکردووە و ئەو شێعرە پڕ ڕەمزەی پاش نەمانی تاقمەکە نەگوتووە؟ جوابی بەمن نادرێتەوە. بەڵام دەغدەغەی لە دڵمدا پەیدا کردووە.

ماوە شـــتێک لەبارەی نالیدا باس بکەم کە تا ئێستا کەس لەو بارەدا نەدواوە. ئەویش ئەوەیـــە، جگە لەوەی نالی خەریکی پێکهێنانی زمانی یەکگرتووی کوردی بووە، شۆڕشـــی ئەدەبیشـــی کردووە. ئەم ڕەسمە نالەبارەی لە دیوانی شـــاعیرەکانی پێشوودا هەبووە کە لـــە ئەلفـــەوە تا یا بکەنە قافیە لـــە دیوانی نالیدا نییە. کوا قافیـــەی (ڵ) (ظ)(ذ) (ع) (خ) (غ) لە دیوانەکەیدا؟ کە دیوانی شـــاعیرە هەرە باشەکانیشـــی درێوکردووە. لە باتی ئەوانە شـــێعری وا هەیە کە پیتە تایبەتییەکانی کـــوردی بۆ کردوونەوە قافیە وەک (ێ). «تەشـــریفی نەوبەهارە کە عالەم دەکا نوێ» نالی بەپێچەوانەی بۆچوونی هێندێک شـــێعر نەناس کە گوتوویانە هەر خەریکی دوو کار، شـــێعر و وشـــە ئارایی بووە و گوێی نەداوەتە نێوەڕۆک، شـــاعیری بەتەواوی مەعنای کەلیمە بووە. شێعری تەنیا بۆ دەربڕینی ئیحساسی ناســـکی ئینســـانی گوتووە جگە لە چەند پارچەی وەک وەسفی حوجرە و گوێدەرێژەکەی و وەســـفی تەبیعەت کە ئەوانیش لە ئیحساســـی شاعیرانە بێ بەش نین. شێعرەکانی دیکە پڕن لە ســـۆزی ئاشـــقانە و کوڵوکۆی دەروونی خۆی. بۆیە گوێـــی نەداوەتە ئەو قاعیدە و ئوســـووڵەی کە زانســـتی عەرووز شـــاعیری ناچار کردووە ڕەچاوی بکا. یانی غەزەڵ لە حەوت شـــێعر کەمتر نەبێ و حەتمەن دەبێ تاق بێ. باشترین غەزەلی نالی ئەو غەزەلانەن کـــە لە حەوت شـــێعر کەمترن یا جووتن. یانی نالی لەهـــەر جێگایەک کوڵوکۆی دامرکاوە قەڵەمی ڕۆناوە و تا ئیحساساتی دانەمرکاوە قەڵەمی تاوداوە. ئەگەر لە پارچە شێعرەکەی مەســـتوورە وردببنەوە، تێ دەگەن ئەو نالییەی کە وەســـتای قافیە بووە، لێرەدا ڕیعایەتی قافیەشی لە چەند جێگا نەکردووە. دیارە دۆزینەوەی ئەو جێگایانە کاری ئەو کەسانەیە کە دەزانن ڕەدیف و قافیە چن؟ بەڕەحمەتی خودا شـــادبن ئەو مامۆستایانەی بێ وردبوونەوە

و بێ ئەوەی بزانن شـیعر چییە؟ فەرموویانە ئیحساسی شاعیرانە لە شێعری نالیدا نییە یا کەمە، توخودا خوێنەری خۆشەویستی شێعر ناس سەرنجێکی بدە ئەم دیوانە تا بزانی ئەو هەزارانە چەند لە شێعر ناسیدا کۆڵەوار بوون.

لە جێگایەکەی تریش باسم کردووە کە قوتابخانەی نالی بەهۆی مەلا ساڵحی حەریقەوە لە کوردستانی ئێران بەتایبەتی لە موکریاندا برەوی پەیدا کردووە.

لەم ساڵانەی دواییدا کتێبێک بەفارسی بەناوی (ایران امروز) بڵاوبۆتەوە کە لە نووسینی (ئۆژین ئوبین) سـەفیری وەختی فەرانسە کراوەتە فارسـی. ئەم دیپلۆماتە لە ساڵەکانی ١٩٠٦ ـ ١٩٠٧ بەسـابڵاخدا تێپەڕیوە و چەند لاپەڕەیەکی ناشـیانەی لەسەر ژیانی کوردی ئەم مەڵبەندە نووسیوە کە سەرنج ڕاکێش نین. تەنیا ئەوەندەی سەرنج ڕاکێشە کە لەبارەی نالیدا نووسیویەتی:

لە نێوەڕاسـتەکانی چەرخی ڕابردوودا شاعیرێک لەنێو کورداندا هەڵکەوت کە ناوبانگی لـە چوارچێـوەی هۆز و خێڵ و زێدی خـۆی زۆر وێوەتر ڕۆیی، نالـی مەلایەکی خەڵکی سلێمانییە کە ئەمڕۆ شێعرەکانی لە دوورترین خڕ و شیو و دۆڵەکاندا ویردی زمانی کوردانە ئەم شـێعرانەی، موفتی سابڵاخ، (کە لە جێگایەکی تر بەناوی مەلا محەمەدی موفتی ناوی بردووە) بۆ ئێمەی وەرگێڕان.

دیارە ناوبانگی نالی هەشتا پترە گەیوەتە سابڵاخ کە موفتی وای بەسەفیر ناساندووە. نازانین شـێعرەکانی بە چ زمانێک بۆ سەفیر وەرگێڕاون. بەڵام پاش ئەو هەموو بەردەشۆر و دەسـکارییە هێشـتا تام و خوێ و بۆن و بەرامەی شێعری نالییان پێوە دیارە. ئەوەش جوابێکە بۆ ئەو کەسـانەی دەڵێن نالی زیاتر بەشـکل و وشە ئاراییەوە خەریک بووە تا نێـوەڕۆک و مەزموون. جارێـک هەر لەو بارەدا لە کۆڕێکی ئەدەبیدا کە خوشـک و برای عەرەبیشـی لێ بوون گوتم توخوا ئەم شـێعرەی نالی بۆ ئەم برا و خوشـکە خورمانێژ و خورما خۆرانە کە فرچکیان بەخورما گرتووە بکەنە عەرەبی بزانین بۆ خۆیان یاری شیرینی خۆیان وا بەخورمای خۆماڵی شوبهاندووە کە کوردێکی شارەزووری کەڵاش لەپێی مێوژخۆر شوبهاندوویەتی.

دەخیلـت بـم نەخیلـی یـا ڕوتابـی
وەهـا شـیرین و سـینە نـەرم و دڵڕەق

هەموویان کە مەزمونی شــێعرەکەیان بیست گوتیان تا ئێستا شێعری وا لەتیفمان لە عەرەبیدا لەو بابەتەوە نەبیســتووە. هەموو دەزانین شــێعر کە وەرگێڕدرا جوانی شێوە و شکل لەدەس دەدا.

لەپێشــدا گوتم ئەم کتێبەش بێ کەموکوڕی نییە. بەڵام تا ئێســتاش بێ وێنەیە. لە چەند جێگا نەزەری خۆم لە پەراوێزدا نووســین. بەڵام چونکە ئینتیشــاراتی سەلاحەدینی ئەیوبــی لە چاپکردنەوەی ئەم دیوانــەدا بۆ ئەوەی کوردەکانــی ئێرانیش دیوانێکی کەم غەفڵەت و شــەرح لێکراویان لەدەســدابێ بەپەلە بوو هەقیشــی دەدەمێ منیش نەمتوانی چاکی پێ ڕابگەم.

دیسان لەلایەن هەموو کوردێکی ئەدەبدۆستەوە سوپاسی مامۆستا و کوڕەکانی دەکەم.

نازانم کێ بوو نووسیبووی هەر ماڵێکی ئێرانی کە قورئانێکی پیرۆزی لەسەر تاقە دانابێ پێویستە دیوانێکی حافیزیشی لەبن بێ.

منیــش دەڵێم خۆزگە هەموو ماڵــە کوردێکیش دیوانی نالی لەژێــر قورئانی پیرۆزدا دانابایە.

بەهاری ١٣٦٤

پاوە تاژی

ســاڵ درەنگ بوو، پایز داهات، زەوی ڕەنگی بزرکا، شــینایی نەما، تینی هەتاو کەم بۆوە، ڕۆژ چیان بەبەرەوە نەما، شــەو درێژ و درێژتر بوون، هەوا فێنک بوو، ڕەز ڕندران، مشتاخ هەڵخران، بێستان لەبەرکەوتن، بڕکە هەڵکێشران، جێ توتن شێو کرانەوە، ئاوێژە لە بەراو دەرچوون، ئەستێر داریان لێ ڕاکێشرا، سەرچاوە قەوزیان گرت، بناوان هەڵدێران، دەراو بۆگە و لێڵ بوون، پاوان و هەڵەســوون، پێخوست و بۆژە بوون، پێورە وێنجە داس پەڕێن کران، ڕەپســتە کۆڵە پنج بوون، نەوەندە تیشــەیان چەند پەلکە بوو، ساردە کێڵ دندووکەیــان دا، کا و گــزرە لە کادێن کران، کۆدە و پۆڵکە و نەرمەگیا لە تایە و گیشــە دران، تفاقی زستان داخرا، دێم کێڵ بەهیوای بارانی ڕەحمەت و هەقەپەڵەی پایز، دێمەکار و ئیشــکەکەندیان داچاند، جارجار هەوری ســپی و تەنک بەدەم باوە بەپەلە بەئاســماندا تێپەڕین، چەند پڕیشکی بڵاویان وەراند، دڵی شکارتەکەیلی بێ زەوییان داخورپاند و ترسان نەوەکو ئەوەندووکە دەغڵەی ئاو ماڵان بۆیان داچاندوون گەندەنێ بن و بەجارێک قووت بڕاو و بێ ساڵات بکەونەوە، دار و دەوەن خەزەڵیان دا، مێرگ و چیمەن بێ دیمەن بوون، لاپاڵی بژوێن بوونە ڕێچکە، نواڵەی زەنوێر کاتۆر کران، تەلان و بەندەن ڕووتانەوە، ڕووباری خوڕێن لە خوڕین کەوتن، ڕێبواری خوڕێن لە تەنکاویان دا، سوار بۆ بوار نەگەڕان، گیابەرزە بوونە ئیشکەڵ، دڕوو بوونە نەشتەر، تیکان بوونە پەیکان، پێکوڵ و کونجی بوونە بزمار و دەرزی و لەپێــی گالەوەڕێنی پێخواس هەڵچوون و گردەنشــینیان کرد، بابردەڵە وەک لەشــکری

بەزیو و شـــکاو ڕەتێنرا، خۆی بۆ نەگیراوە، بڵاو بوو، پووش و پەڵاش وەک ترســـەنۆک و دووره پەرێزان خۆیان لە خوارە بایان گرت، لە نەدیو و پەسیو و بوودڕ و کەندەڵان خزین، هەوار خاڵی بوون، چادر و چیغ پێچرانەوە، ســـێپەک هەڵپەسێران، مەشکە بەرچیغیان تێ هەڵکێشـــرا و لەبن میچی قوڕماویَ نران، دۆدانە و شـــیر مەشک لە خەرارە کۆنان پێچران و لەبەر هەیوان و بێڵا بەســـینگ داکران، نێرەی بێ خێر هەڵاوەســـران، گوریس و پەتک هەڵوێزنران، شەنگەبێری قوڵچاغەیان دارنی، بووزەڵە و بەربێنکەیان شانەوشان کرد، جامی مەڕدۆش و گادۆشکەیان لەبن پێرک و هەرزاڵان ئاخنی، بێژینگ و دەستاڕیان وەکار خست تا زمهەڕ بۆ زستانی دوور و درێژ گێژەو بکەن، ساوار بهاڕن، بروێش بەبا کەن، بۆ دراو لێ بکەن. کاکی شوان کە لە کوێستانی مەزن و هەرواری سازگاری مەڕی لە چرگەن دەچەقاوە و دەمی دەلەوەڕی پڕ و تەڕ و ناسک دەنا و یەکی لە یەکی دەرنەدەچوو، بۆ خۆشی لەسەر بەردێک دادەنیشـــت و قامکی لە بلوێر دەبزاوت و ئەوی لێی دەدا لێی نەدەداوە و پاشـــای بەسەپانی خۆی نەدەگرت، ئێستا بلوێری لە ماڵ داناوە، چونکە مەڕی کوێستان کە لەنگ و لۆر و دەغەزداری تێدا نەماوە و بێ چاوێنی بێ سمرە و ساکەتەی دووگی دەڵێی لینگە دەســـتارە و پشتی گرێی لێ براوە. کوا لە ئارانی قاقڕ و کراڕ دادەمەزرێ و دەچەقێتەوە؟ لە دەشـــتی کاکی بەکاکیدا پەڕ هەڵداوێ، پەرەم پەرەم دەبێ، هەر کرتکەی ڕوو لەلایەک دەکا، شوان ئەگەر وەک ددانی ماریش بێ، پێ ڕاناگا پێشی بگرێ، تێکی بکاتەوە، مەڕی قەڵەو و ســـاغ لە ئارانی بێ لەوەڕ چۆن چێشـــتاوان مۆڵ دەخوا، پاڵێنیان کۆڕ دەبەستێ، شێوەخۆران ڕادەوەستێ و شـــەوێنان لە حەوشەدا گیر دەبێ؟ شوان دەبێ چاوێکی ببێتە چوار چاو و خەو و خواردن لەخۆ حەرام بکا، گورگی فێڵباز و دز هەمیشـــە لە کەلێندایە شـــوان بخافڵێنێ، سەگ بخیچێنێ، تا کەلاک بســـتێنێ، کام مەڕی شاز و قەڵەوە برفێنێ و ئەگەر خودای نەخواســـتە شوان لەخەو بمێنێ و دەزبێنی نەگرتبێ مێگەل ڕابدا و یەکی نەهێڵێ و هەمووی بخنکێنێ، جا لەو حاڵەدا شوان کوا مەجالی هەیە لە بلوێر بتوورێنێ و عالەمێک وەجۆش بێنێ؟

ساڵان لەم وەرزەدا کە کاری دێهات کەم دەبوو، سواغ و پینە و پەرۆی بان و دەرک و دیواران تەواو دەبوو و ئاوردوو دادەخرا، جەنگەی ڕاوە تاژی دەهات. ڕاوەتاژی لە مێژە لە کوردســـتاندا باوە. تا نیوەی دووەمی ئەم چەرخە زۆر بەداب و دەستوور دەکرا، هەرچەند ئێســـتاش کەم تا کورتێک ماوە، بەڵام بەرەو نەمان دەچێ. دیارە هەر ڕێوشوێنێک بەسەر چوو، ئەم وشـــە و زاراوە و ئامرازانەی پەیوەندییان بەم ڕێوشـــوێنەوە هەیە، لەســـەر زار و زمانـــان نامێنـــن و وردە وردە لەبیر دەچنەوە، تەنیا لە بەیـــت و باواندا دەمێننەوە کە

تێگەیشتنیان بۆ بەرەی داهاتوو دژوار و ئەستەم و گرانە، خۆ بەناشکوری نالێم فەرهەنگ نووسـێکی ئەوتۆمان نەبووە و قامووسێکی وامان نییە ئەم وشە و زاراوانەی تۆمار کردبێ و لە نەمانی پاراسـتبێ، ئەم ڕۆژانە بۆ نووسـینی ئەم وتارە پەنام بۆ فەرهەنگی تاقانەی کوردی بۆ کوردی «خاڵ» برد، لەژێر وشـەی ڕاو و تانجی و تاژیدا شـتی وای نووسیبوو کابرا گوتەنی: «ئەزی تێدا شـەرمەزار بوومەوە». بۆیە ویستم ئەوەی لەبیرم ماوە و لێی دەزانم لەو بارەدا بنووسم تا قامووس نووسی دواڕۆژمان کەڵکی لێ وەربگرن و ئەو لاوانەی کە وەک من ئەدەبی فۆلکلۆریکی کوردی بەخەزێنەی زمان دەزانن سوودی لێ وەربگرن.

تاژی یا تانجی و تاجی تۆرەمە سەگێکی درێژ، ناسک، شووش و لەسەر لینگە. پێستی تەنک و ئاماڵ ڕووتەیە، جوان و ژیکەڵەیە، گوتوویانە: «تاژی ئازادەی سـەگانە» توند و تۆڵـە، باش لینگ دەدا و بەدەوامە و بەکەڵکی ڕاو دێ، تاژی تا زەنگەی بەرزتر، تەنگەی گورجتر، کەفەڵی بڵیندتر، پشـتی ڕاکشـاوتر و ئامال کوورتر، پەنجەی شووشتر، سەر و کەللە و دەم و لەمبۆزی باریکتر و ڕەقتر و درێژتر بێ پەسندترە.

وەک هەموو تۆرەمە سەگێک بەنێری دەڵێن گۆڵ و بەمێی دەگوترێ دێڵ، گۆڵ هەمیشە بۆ جووتبوون ئامادەیە، بەڵام دێڵ جارێک یا دوو جار وەبا دێ، زۆر پێشتر نیشانەی وەبا هاتنـی دیاری دەدا، جا ئەگەر خاوەنەکەی بخوازێ زووتر با بگرێ باشـتری تێر دەکا تا قەڵەوبێ و ئەگەر بەپێچەوانە نەیەوێ ئاوس بێ ئەوە لە ژوورێکی تاریکدا دەیبەسـتێتەوە تـا لەڕ و لاواز بـێ و لە با بچێتەوە. جووتبوونی تاژیش وەک هەموو جسـنە سـەگێک «پێوەڕوانی» پێ دەڵێن، دێڵ و گۆڵ پێکەوە دەنووسێن و تا ماوەیەک لێک جوێ نابنەوە، تەنانەت ئەگەر لە زمانی کوردیدا بەزایینی هەموو نینۆکدار و گواندارێک «جگە لە مالۆس کە سـمدارە» دەڵێن ترەکین ـ لەشـێرەوە تا مشـک ـ ڕەنگە بۆیە بێ کە زۆریان بێچوو دەبێ. تاژیش و سەگیش لەوان هەڵناوێرن، دەڵێن دێڵە تاژی بەحەفتا شەو ڕۆژ دەترەکێ. بەوەندە تووتکەی بەزگێک دەبێ دەڵێن کۆخێک، دێڵێک لە سێوە تا یازدە تووتک دەینێ، دێڵە تاژی هەشت گوانی ئەم بەر ئەوبەری هەیە، تووتکە تاژی لە پێشدا چاوی نووساوە و نابینێ، پاش چەند ڕۆژ چاوی دەپشـکوێ، بەقسەی کۆنە ڕاوکەران هەوەڵ تووتک و ئاخر تووتکی کۆخێک لەوانی دیکە باشتر دەردەچن، تووتکە تاژی زوو فێری تێکۆشین خواردن دەبێ و ئیتر نیازی بەشـیری دایک نامێنێ، دێڵە تاژیی ترەکیو پێویستە زۆر باش بەخێو بکرێ و تێر بێ، دەنا زیانی خورۆ و ماڵانگەڕ دەبێ و پەکی ڕاوکردنی دەکەوێ، تووتک کە ژیوەڵە بوو، گوجووکی پێی دەڵێن و لەخۆیەوە فێری ڕاوێچکە دەبێ، ڕاوێچکەکردن تەمرینی ڕێکەوتن و ڕاو فێربوونە. گوجووکێک بۆ ئەوانی دیکە هەڵدێ و ئەوی تریش ڕێی دەکەون.

ڕاوکـــەری کۆن دەڵێن هـــەر گوجووکێک هەڵات دیارە لە خـــۆی ڕادەبینێ و بەگەورەییش لەوانی دیکە چێتر و خێراتر و بەکارتر دەبێ، گوجووکێک بەساڵەوەختێک سونوو یا سوونی دێتەوە و پێی دەڵێن شـــەک، نیشانەی سوون هاتنەوە ئەوەیە کە گۆڵ لە کاتی میزکردندا لاقی هەڵدێنێ، پاش ســـاڵێک دەبێتە خەرت و ئەمجارە تەمەنی بەخەرت حیساب دەکرێ. خێرایی و خوێڕپایەتیی تاژی تا نەبێتە خەرت دیاری ناکا، وا دەبێ شـــەک نۆرەش ناکا و کەچی بەخەرتی زۆر چێ دەبێ و بەپێچەوانە شەکی خێرا خوێڕی دەردەچێ.

ڕەنگەکانی تاژی

تـــاژی ڕەنگی جۆر بەجۆری هەیە، ســـپی، ڕەش، ســـوور، نەباتی، شـــێ، خەزاڵ، بۆر، تاڵە، شـــڵە، خورمایی، خەنەیی، گورگی، پڵینگی، قەزوانـــی، بازوو، بۆزقاجی و بەڵەک، ڕەشبەڵەک، سووربەڵەک و شین بەڵەک.

دەنگەکانی تاژی ئەمانەن

لووراندن، نووڕاندن، قرووسکاندن، نووزاندن، مڕاندن و ناسکاندن.

سیفەتەکانی تاژی

چێ، خێرا، تیژ، پەل، ڕەشکوژ، خۆشڕست، بەدڕست، هەرزە، قرخەمەڕەس، دەمسارد، دەمگەرم، بەهەڵم و بەدەوام.

تاژی بەکاری ڕاوی ئاســـک و کێوی و کەروێشک دێ، چێترین و باشترین و بەکارترین، تاژی ئاسک کوژە، من کوێستانیم و ئاسکیش لە دەشت و گەرمیان دەژی و لە ڕاوە ئاسک شـــارەزانیم. مامۆستا عەلای ڕەحمەتی لە کتێبی «کوردواری» باسی ڕاوە ئاسک دەکا من

بەنەزانی خۆمەوە بەدڵم نەبوو، پێم وابوو هەڵەی تێدایە، ئەمما پیرە بەگێکی جاف جارێک باسی ڕاوە ئاسکی بۆ کردووم ئەوەتان بۆ دەگێڕمەوە، ڕاست و درۆی وەباڵ بەستۆی خۆی دەیگوت: زەمانی دەســـەڵات و باوی بەگ و پاشـــاکانی جاف کـــە کۆچەر و ڕەوەند بوون باشـــترین تاژی و ڕەسەنترین ئەسپ لەنێو جافاندا هەبوو، لە موکریانیش ناوبانگی ئەسپی جافان بووە ـ ڕەنگبێ ڕاست بێ چونکە لە عەرەبان نیزیکن و جسنە ئەسپی عەرەبیش لە دنیادا مەشـــهوورە ـ دەیگوت: «پاشاکان تیپە سوارێکی باشیان هەڵدەبژارد، تاژییەکانیان وا فێر کردبوو کە ڕاویان دادەبەست و ڕستەیان هەڵدەکێشا و تاژی خۆی داویتە پێشکۆی سوار و مات دەبوو، کە ئاسک هەڵدەهات سواران بەو ئەسپە خۆشبەز و بەکارانەوە دەیان ڕەتاند تا دەیانزانی شـــەکەت بوون ئەمجار تاژییەکانیان بەردەدایە تا لە خۆڵی دەگەوزاند، هەموو ڕاوکەرێک خەنجەری دەبەردابوو و کێردی دەبان و تیژی لە دیوی ژووری خەنجەردا لە کالان چەقاندبوو بەو کێردە سەری ئاسکیان دەبڕی و ڕفیسکەیان کون دەکرد و لە بەن سامۆرتەکەیان هەڵدەکێشا و بەتەڕیزەی ئەسپەوە هەڵیانداوەسی».

کـــورد بەهەموو گیاندارێکی گواندار و ســـمدار کە کـــەوی و ڕام نەبێ دەڵێ کێوی، لە کێوە سەرکەش و شاخە سەخت و ڕژد و هەڵەمووت و زەرد و ماهەکانی کوردستاندا کێوی دەژین، کەڵەکێوی، گاکێوی، شـــوور، یەکجار کـــەم بوون و لەوانەیە ڕەگەزیان لەم حاڵەدا لە مەترســـیدا بێ و هەر نەمێنن و نەمبیســـتووە ئەوانە بەتاژی ڕاو بکرێن، بیستووتانە کە کێوی بەتایبەتی ڕۆژانە لە شـــاخی هەرە سەخت و ڕەوەزی ئەستەم نابێتەوە، دەڵێن هەر جێگایەکی شـــاخ بارانی وێ بکەوێ کێویش دەتوانێ پێیدا بڕوا، دیارە تاژی لە جێگای وا کار ناکا.

بۆ ڕاوە کێوی بەتاژی بەرەگە دەنێنەوە. کێوی کە لەم شـــاخەوە بچێتە شـــاخێکی تر تیرەگ بەرنادا، یانی بەجێگایەکدا دەڕوا کە هەردووک دیوی کێوی لێ دیار بێ، جا ڕاوکەری شـــارەزا، تیرەگێکی ڕەچاو دەکەن و حاشـــارگەی لێ دروســـت دەکەن، ئەگەر گوێنی و گیابەرزی لێ هەبێ، کۆختەیەکی دوو میتری یا کەمتر ساز دەکەن و خۆیان و تاژییەکانیان لەوێدا مەڵاس دەدەن، ئەگەر ئەوەیان بۆ نەلوا وارشی بەرد دروست دەکەن، کێوماڵ بەرێکی شاخ بەهەراو و هۆریا و تەق و ڕەق و چەقە چەق دەتەقێنن تا حەیوان بترسێ و بەتیرەگدا بپەڕێتەوە شاخی ئەوبەر و لەوبەرەگە هەڵەنگوێ، ئەگەر مەودای نێوان دوو کێو بەرین بێ و لە دوو جێگاوە بەرەگەی بۆ دەگرن. تا ئەگەر تاژی پێشەوە ڕاستی بکەن بەسەر بەرەگەی دووەمدا بکەوێ و ڕزگاری نەیە، تاژی قایم و بەهەڵم و فێڵاوی نەبێ نە دەگاتە کێوی و نە دەوێرێ خۆی لێدا، بەران و نێری قەیرە دەس دەکەنەوە و بەگژ تاژیدا دێنەوە و بەشەقۆن

تێی هەڵدەدەن و برینداری دەکەن، وا دەبێ دەشیتۆپێنن. بەڵام تاژی کە فێڵاوی بوو، هەر لە پاشـــڕا لە کێوی ڕۆ دێ و کە بۆی هەڵکەوت، باتووی دەگرێ و برســـتی دەبڕێ، ڕاوکەر دەڵێـــن هۆی ئەوەی تاژی دەگاتە کێوی، ئەوەیە کێوی لە هەڵاتندا زۆر ئاوڕان دەداتەوە و مەحتەل دەبێ، دەنا زۆر بەباز و بردترە، کێوی بەتەڵە و شـــتی دیکەش دەگرن کە دێرەدا جێی باس نییە.

نەخۆشییەکانی تاژی

سەگە بایی، شانەڕەقە، شەککە، سەبنێسی، هاری، سووزەنەک.

ڕاوە کەروێشک بەتاژی

کەروێشـــک گواندارێکە کە نینۆکی هەیە، گیا خۆرە، کلکی زۆر قوڵەیە، تووکی نەرمە، درێژایـــی لە بەرزایی پترە، پێشـــووی لە پاشـــووی کورتترن، بەباز و قنـــە دەڕوا، گوێی زۆر درێژن، ســـەری لەچاو لەشـــی زۆر گەورەیە، چاوی زەق و لەڕوون و نانووقێن. زیاتر بەچاوان دەبیندرێتەوە، دەڵێن مێیەکەی حەیز دەشـــوا، دەترەکێ و زەو و زووی زۆرە، لە جێگای سارد و گەرمدا هەیە. لە بژوێنترین کوێستانی کوردستاندا و گەرمترین و کڕاڕترین بێروونی عەرەبستاندا دەژی، بەبێچووی دەڵێن بەچ و کە پەڕەوازە بوو و توانی توند ڕابکا «سەپســـێن»ی پێ دەگوترێ، بەڕواڵەت یەکجار بەســـتەزمان و بێ دەسەڵات و ترسنۆکە و لەبـــەر هیچ گیانـــداری چوارپێ و باڵندەی پچووکی ڕاوی دەس ناکاتەوە، کەچی دوژمنی وەرزێر و ڕەزەوان و بێســـتانچییە. تا دەستی لەســـەر دابنێی بەزەڕ و بەدفەڕە، بەڕۆژ لە لاندا خۆی مەڵاس دەدا و بەشـــەو دەگەڕێ و دەلەوەڕێ، هیچ ناپارێزێ. بۆ باغ، بێســـتان، شـــیناوەرد و، ڕەپســـتە تەنانەت خۆیان و خەرمان وەک بەڵا وایە. بۆیە وەرزێر و باغەوان ڕقیان لێیە و بەتەپکە و تەڵە و خوردە و داو دەیگرن. گۆشـــتی دەخورێ، دەڵێن تەمەنی بەوەڕا دیارە کە هەر ساڵە کونێکی لەبن کلک دەبێ.

نیزیکەی ســـی، چل ساڵ لەوەی پێش کەم ساحێب مڵک و ئاغا و مەزنی کورد هەبوو، ڕموودەی ڕاوە کەروێشک نەبێ، دیارە ئەم کارەش بەستە بەدەست ڕۆین و نەڕۆینەوە بوو، ئاغای دەوڵەمەند ڕســـتەیان لە ئاوریشمی ڕەنگاوڕەنگ دەهۆنییەوە و گوڵینگی سیم پێچی جوانیان وێ دەخســـت. سەری گوڵینگداریان لە باســـکی ڕاستە یا ڕاست و چەپ لە شان دەکرد. قەڵادەیان لە قایشـــی باش دروست دەکرد و بەئاوریشم دەچنی، زەنگوڵەی زەرد، زێو تەنانەت زێڕیان لێ دەدروو، ســـەری دیکەی ڕســـتەیان لە ئاڵقەی قەڵادە هەڵدەکێشا. ئاغـــای دێ بەخـــۆی و بـــاب نۆکەر و رەعیەت و ســـوارەوە دەچووە ڕاو، لـــەو جێگایەی زانیبایان کەروێشکگرە ڕاویان دادەبەشی و سوار سەفیان دەبەست، لەکێو یا بانوو سوارێک بەتاژییەکی کارامەوە ســـەرڕاوی دەگرت، سەرڕاو دەبوو لەپێش سواراندا بێ و چاوی لەلای خوارێ بێ تا ئەگەر کەروێشکیان لە داوێنی تێبەردا وریا بێ و بزانێ ڕوو لە کام لا دەکا، ئەو دەبوو ڕاســـتە و ڕاســـت لە پێشدا بێ، ئەگەر تاژی خوارەوە نەیانکوشت و بەماندوویی گەیشـــتە ســـەرڕاو ئەو تاژییەکەی خـــۆی بەرداتێ، دەبوو تاژی ســـەربەرەوژێر بەرنەدا و ڕاوەستێ تا کەروێشک کەمێکی لێ ڕەت دەبێ، بەرڕاو سوارێک بوو کە باشترین و چێترین تاژی پێ بێ و کەمێک لە دوای ســـوارانەوە بێ تا ئەگەر کەروێشـــک پاش ڕاو بکا، تاژی خۆی تێبەردا، ســـوارەکانی دیکە کە نێوانیان پێنج شـــەش گەز پتر نەبوو، چ تاژییان پێ با یان نەبا، دەبوو لە ڕێکی یەک بڕۆن و هەر کەســـە لەلای ســـەرووی خۆی ورد بڕوانێ و هەوڵ بدا هیچ بنچک و بەردێک نەبوێرێ، تا ســـەف ڕاســـتتر و نێوانی سواران کەمتر بایە، کەروێشـــک چاکتر دەبیندراوە یا زووتر هەڵدەهات، لانی تازە و کوێرە و لانی شەوێ دینێ نیشانەی ئەوەبوو. کەروێشک هەر لەو دەورووبەرەیە، جا دەبوو بەفیتوو یەکتر حاڵی بکەن سەف ڕاستتر و سوار خوردترین، ورد بڕوانن و نەیبوێرن. کەم وایە کەروێشک لەبەر سەفی ڕاســـت و ڕێکوپێک و ســـواری ئارام، بوێرێ ڕا بکا، خۆی لە لاندا مەڵاس دەدا و لە عەرزی دەخا، ڕاوەکەری لێزان بەتەماڵ دەیبینێتەوە.

ئەو ســـەردەمی داب بوو ئەگەر نۆکەرێک یا رەعیەت سوارێک تەماڵی دیباوە دەیگوت: «نۆکەری ئاغای خۆم و ڕاوکەرانم پێ دەڵێن هۆی تەماڵە!» عادەت وابوو ئاغا و خزمەکانی تەماڵانە بدەن بەو ڕاوکەرە و خەڵاتی بکەن، ســـوار لە دەوری تەماڵ کۆدەبوونەوە، پایزە، ئازیزە، گوڵێ گوڵێ، حەیران و گەلۆیان لەســـەر دەگوت و جاروبار دەهۆڵ و زوڕنا و ســـێ تەپڵیشیان لەسەر لێ دەدا، ئەگەر بۆ خاتری سەیر نەبا بەهاسانی بەدەستی دەگیرا، بەڵام ئاغای گەورە بۆ سەیر دەچوونە ڕاو نەک بۆ ڕاوەگۆشت، جا بۆیە ئەسپیان وەسەر دەپەڕاند کە هەڵێ و تاژیی تێبەردەن، دوو یا ســـێ تاژییان تێ بەردەدا، ئی وابوو چێ و دەمگەرم

بوو گوریسێکی نەدەبرد و لە سەفی سوارانی دەرنەدەکرد و هەڵی دەگرت و ئی وابوو خێرا و پەل و دەمســـارد بوو، چەند جاری دەگێڕاوە، لێی دەدا، تێی ڕۆدەهات تا هەر خۆی یا تاژییەکانی دیکە دەگەینە نۆرە و هەڵیان دەگرت، تاژیی ڕەسەن کە کەروێشکی هەڵدەگرت نەیدەشەمزاند یا بەدەمیەوە دەگرت یا چەمۆڵەی لەسەر دادەدا، سوارێک دادەبەزی و سەری دەبڕی و وەبەن ســـامورتەی دەخست، ئەگەر تاژی خوێڕی بایە نەیدەشکاندەوە و خوارەی پێ نەدەکرد و کەروێشک ڕزگار دەبوو، ئەگەر باشتر بایە ڕاستی دەکرد و دەیگەیاندە سەر ڕاو یا لە کونی دەکرد، کەروێشک هەمیشە بۆ لێقەومان کونێک ڕەچاو دەکا، بەڵام تا زۆری بۆ نەیە ناچێتە کونەوە. سەرڕاوی شارەزا لای کونێیان لێ دەگرت وا دەبوو لە زارکی کوندا دادەنیشتا و ئەویش خۆی لە باوەش داویشتن. ئەگەر چوو لە کونیشەوە بەپێچەک دەریان دەهێنا، لە هێندێک مەڵبەند بەتەماڵ دەڵێن «دیاردی».

خۆشـــترین کاتی ڕاوە کەروێشـــک پاش بارانە. چونکە کوێرە و لانی تازە لە دوورەوە دیارە. وا دەبێ کەروێشک لەو کاتەدا کۆنەلان دەکاتەوە کە ئەویش دۆزینەوەی بۆ ڕاوکەری شـــارەزا هاســـانە، جگە لەوە بەر پێی تاژی کە ڕووت و بڵە، نەرم دەبێتەوە و ترسی کاڵە درانی نامێنێ، بەرپێی کەروێشـــک کوڵکنە و قوڕ دەگرێ و باشـــیش ناتوانێ ڕابکا و پێی دەڵێن کەڵاشـــە کردن، ئەو ســـەردەمە زۆری پێ ناچێ و وەختی نینۆک شـــکێن دێ. کە وشکەبەند پەیدابوو و کەروێشک لان بەرەژێری کردەوە و ڕەپستە و باغی پاوانی داوە بەر پەلامار هێند قەڵەو دەبێ کە دەڵێن گورچیلەی دەبەزیدا ون بووە، ئەمجار بەســـەر زەوی بەســـتراو و ڕەقدا وا هەڵدێ هەر ویزەی لەبەر پێی دێ، تاژی لە ترســـی هەڵخلیســـکان و نینۆک شکان ناوێرێ توند ڕابکا، هەر تاژییەکی لەکاتی نینۆک شکێن و سیخوار لە پشتدا بگاتێ نایابە. کە نوابەفری هەوەڵ کەوت و بارنی نەکرد باســـی سەری کەروێشکە، چونکە شوێنی دەگەڕێ و بەپێشووی کورتەوە هەر دەرناچێ. ئەو گیاندارە بەڕواڵەت گێل و گێژە کە زانی شـــوێنی دەگەڕێ زۆر فێڵەزان دەبێ، شوێنی جووتەیە، پاشووی بەجووت وەپێش پێشـــووی دەخا، ڕاوکەر کە تووشی ڕاستە شوێن هات دەزانێ کەروێشک یا چۆتە شەوگەڕ یا گەڕاوەتەوە و بەپەلە دەیگێڕێ تا دەگاتە «دوولایی»، دوولایی ئەوەیە کەروێشک بەسەر شوێنی خۆیدا دەگەڕێتەوە، لە جێگایەکی بازێکی بڵیند داوێ و لەسەر کەڵەکێک یا قەدی ڕەوەزێک دەکەوێ، دەبێ ڕاوکەر بەقەراغ دوولاییدا بڕوا و نەیشـــێلێ تا بزانێ کەروێشـــک لەکـــوێ بازی داوە و وریا بێ پاش ڕاو نـــەکا و بازرە نەبێ، «هەزارە» هەر وەک دوولایی وایە، بەڵام کەروێشـــک چەندین جار بەشـــوێنی خۆیدا هاتوچۆ دەکا، وا دەبێ هەر لەنێو هەزارەدا دەکەوێ، وا دەبێ دیسان بازێکی دوور داوێ و لەهەر جێگایەک کەوت مات دەبێ.

شوێنگێڕی باش لە فێڵ و هەزارە و دوولایی کەروێشک دەگا و دەیدۆزێتەوە.

«کورتە» ئەوەیە کە کەروێشک دوای هەزارە و دوولایی بەقەد جێ جێخوونێک بەدەورە دەگەڕێ و ئەوەندەی پێدا دێ و دەچێ کە کەس سەرەدەر لە شوێنی ناکا، ڕاوکەری شوێنگێڕ دەبێ زۆر بەسەرنجەوە دەورەی کوتە بدا، کە نەڕۆییبوو ئەوە دیارە لەنێو کورتەدایە ئەودەم دەبێ وەنێو کورتە بکەوێ، تا یا بیدۆزێتەوە یا ناچاری بکا هەڵێ. کە بەفر زۆر بوو و بەفر بەسەریش نەبوو کەروێشک ڕونوو بەفر دەکۆڵێ و دەچێتە نێو بەفرەوە، بەوە دەڵێن «خوزە»، کەروێشک لە خوزەدا بەوە دیارە کە جێی هەناسە هەڵکێشانی زەرد دەبێ و دیارە لێرەدا فێڵێک دەکا بەبن بەفرِدا ڕەهەندێک دەکۆڵێ و لە چەند جێگا خوزە دیاری دەدا. بۆ ئەوەی ئەو فێڵەشی لێ ببڕن، یەکێک بەتاژییەوە لە نێوەڕاست ڕادەوەستێ و ئەوانی دیکە خوزەکان دەشێلن، کەروێشکی خوزە زیاتر ناوێرێ ڕابکا و بەدەستی دەگیرێ. لە پێشدا گوتم کەروێشک تا زۆری بۆ نەیە ناچێتە نێو کون کە چووە نێو کون و دیاربوو و دەستی نەگەیشتێ، دارێکی نەرم و درێژ دێنن سەری لەلە دەکەن و لە تووکی کەروێشکی بادەدەن و بەم دارە دەڵێن «پێچەک». ئەگەر بەوەش نەهاتە دەر، ئەمجار تەڵەی لێ دادەنێنەوە و دەیگرن، لە مانگی ڕەشەمەدا ڕاوە کەروێشک دوایی دێ، هەم لاواز دەبێ و بۆ خواردن نابێ هەم با دەگرێ، بەناوبانگترین چێشتێکی لە گۆشتی کەروێشکی دروست دەکەن «سەنگەسیرە»، لە کابانان بپرسن چۆن ساز دەکرێ!!!

ڕاوە ڕێوی بەتاژی

کام منداڵی کوردە ناوی ڕێوی نەبیستبێ، سەدان ئەفسانە لەسەر ڕێوی لە فۆلکلۆری کوردیدا هەیە، خۆ لە پەندی پێشینیانیشدا ئەوەندە باسی ڕێوی کراوە هەر مەپرسە وەک:

ڕێوی خۆی لە کونەوە نەدەچوو قانگەلاشی بەکلکیەوە دەبردە ژوور، ڕێوی دەمی نەدەگەیشتە ترێ دەیگوت ترشە، ڕێوی کێچی دە کەوڵی کەوتووە، ڕێوی خۆی لە ئاوی خوڕ نادا، ڕاوە ڕێوی بۆ کەوڵییە و سەیری لە ڕاوە ڕێوی خۆشترە، وەک ڕێوی سیرمە خۆرە...

ڕێوی بەڕاستی جانەوەرێکی فێڵاوی و مەکربازە، ئەوسن و بەزەڕە، هەموو شت دەخوا میوە و گۆشـــت و شـــتی وا، دوژمنی کەروێشک و مشـــک و باڵندەیە بەتایبەتی باڵندەیی پێڕۆیـــە. ئەوەندەی کەروێشـــک بۆ باغەوان و وەرزێر خراپە ئەویـــش ئەوەندە بۆ ئەوانەی باڵندەی کەوی و ماڵی ڕادەگرن جێگای مەترســـییە، تووشـــی ڕەوە قەلەموونێک بێ تاقی لێ دەبڕێ، مریشـــک و جووچک هەر ناهێڵێ، لە کێویش هەمیشـــە لە کەو و سوێســـکە و زڕەکـــەو و هەوێـــردە لە کەمیندایە، تەنیا کاری چاکی خواردنی مشـــکی کێوی و بەچە کەروێشکە، بەڵام ئینسان فێڵی لەویش دەبڕێ، بەڕاستی ڕاوە ڕێوی سەیری خۆشە، ڕێوی لە کوردســـتاندا زۆرە، وەک دەڵێن ڕاوی بۆ کەوڵییە، دەنا گۆشتی ئەگەرچی دەیخۆن، زۆر دزێو و ناشیرینە، دەڵێن وەک گۆشتی ژووشک بۆ باداری دەرمانە.

بەڕاســـتی هەقیانە ئەو کەسانەی دەڵێن «سەیری لە ڕاوە ڕێوی خۆشترە» ڕاوە ڕێوی زیاتر بەپیادە دەکرێ، ڕێویش وەک کێوی کە ترســـا هەمیشـــە تیرەگی کێو دەگرێ و بۆ کێوێکی دیکە دەپەڕێتەوە. دیارە لە کێو و شـــاخی ئەســـتەمدا ناژێ. لە هەموو جێگایەک تەنانەت لە دەشـــتی نەرمانیش هەیە، دوو دەســـتە کێوماڵ کێوێـــک دەتەقێنن و هەرا و هۆریایەکی زۆر دەکەن تا ڕێوی بترسێ، ڕاوەکەرێک لە حاشەرگەدا بەرەگەی لێ دەگرێ تا کێوماڵەکان ڕێوی وا دەتەقێنن بەسەر بەرەگەدا بکەوێ، ئەودەم بەرگەگر تاژی تێبەردەدا. تاژی دەرناچێ، بەڵام دەستی دەگەڵ دەکاتەوە، گازی لێ دەگرێ، بەنینۆک دەیڕنێ، تاژی کارامە هەوڵ دەدا لە پشـــت ئەســـتۆی ڕۆبێ و ڕایوەشێنێ تا لە کاری دەخا یا لە قەفەزی پشتی ڕۆبێ و هەڵیدێرێ تا بڕستی لێ دەبڕێ. بۆ ڕاوە ڕێوی پێویست ناکا تاژی خێرابێ، ئەســـڵەن تاژی ڕەشکوژ و چێ لە ڕێوی بەرنادەن تاژی ڕێوی پێویست کوژ ئازا و قایم بێ باشترە نەک تیژ و گورج.

دوڕە یا «دووڕەگ» بۆ ڕاوە ڕێوی باشـــترە. دووڕەگ وەک لە ناوەکەیەوە دیارە جسنە ســـەگێکە لە جووتبوونی ســـەگ و تاژی پەیدا بووبێ، جا فەرق ناکا گوڵ، ســـەگ بێ یا تاژی، هەرچەند ئەگەر گوڵ تاژی بێ دووڕەگ جوانترە. دووڕەگ لە باسکە سەگ ڕووتەتر و بەرزەلینگتر و لە پاش تاژی لە هەموو جسنە سەگێک توندتر ڕادەکا، ئی زۆر خێرایان لێ هەڵدەکەوێ کە بۆ ڕاوە کێوی و کەروێشک تەنانەت گورگیش بەکاردێ، تۆرەمەی دووڕەگ و تاژی، پێی دەگوترێ «قەدەم».

خوێنەری خۆشەویســـت! بەم باســـە دوور و درێژە ماندووم کردی یا نەقڵێکی خۆشت بۆ بگێڕمەوە، کەمێک بێیەوە ســـەرەخۆ، دەڵێن ڕۆژێک ڕێبوارێک تووشی ڕاوکەرێک هات، تاژییـــەک و تولەیەکی کونێ و دارێکی درێـــژ و تەڵەیەکی پێ بوو، گوتی: کاکە ئۆغر بێ،

چ دەکەی؟

- دەچمە ڕاوە ڕێوی.

- ئەوانە چن پێتن؟

- کاکە ئەگەر ڕێوی لەبەرم هەڵات، ئەوە تاژییەکەی تێ بەردەدەم، ئەگەر کوشتی باشە، دەنا لە کونێی دەکا، کە کونەکە زۆر قووڵ نەبوو ئەم دارەی لێ پێچەک دەدەم، دەیهێنمە دەر، ئەگەر زۆر قووڵ بوو، تولەکەی لەباڵ دەکەم.

ئەگەر ئەویش بۆی نەهاتە دەر تەڵەی لێ دادەنێمەوە ئاخری پێوە دەبێ.

ڕێبوار گوتی:

- کەوابوو، بۆ ڕێوی خودا ماوە و بەس!

نەورۆز

لەبارەی نەورۆزی پیرۆزدا زۆر شت کوتراوە و نووسراوە. مێژوونووسان دەڵێن ئەو ڕۆژە کە ئاور دۆزراوە خەڵک کردیە جێژن و ناوی نا نەورۆز، یا دەنووسن ئەو ڕۆژە کە کاوەی ئاسنگەر لە زەحاکی خوێنخۆر و زۆردار ڕاپەڕی و دوایی بەدەسەڵاتی زۆردارانەی هێنا، کرا بەنەورۆز.

تەنانەت لە هێندێک برادەری شیعەم بیستووە کە حەزرەتی عەلی سڵاوی خوای لێ بێ لەو ڕۆژەدا لەدایک بووە. هیچ کام لەم بۆچوونانە بۆ ڕەتکردنەوەی نابن. دۆزینەوەی ئاگر ئەو نیعمەتە گەورەی خودا، ڕاپەڕینی کاوە و لەناخ ڕۆکردنی زەحاکی زۆردار و لەدایکبوونی حەزرەتی عەلی ئەو سەردارە بەناوبانگەی ئیسلام هەموو بۆیە دەبن جێژنیان بۆ بکەی، بەڵام بۆچوونی من لەبارەی نەورۆزدا بۆچوونێکی لادێییانە و کرمانجانەیە. لەوەش ناترسم مێژووزانەکانی شارستانی پێم بڵێن کەڕە کرمانجی مێژوونەزان و نەخوێندەوار ئەوەت لە کوێ هێناوە.

من پێم وایە ئەم ڕۆژە پیرۆزە و ئەم جێژنە گەورەی زۆربەی گەلانی ڕۆژهەڵات پێوەندیی بەئابوورییەوە هەیە.

جا ئیجازە بدەن بەکورتی لەو بارەدا بدوێم. تا بزانن منی کەڕە کرمانج کەنگێ و لە کوێم دەرسی ئیقتساد خوێندووە تا قسەی وا زل بکەم.

بابە با نەخوێندەواریش بم! خۆ ئەوەندەم لە خوێندەواران بیستووە کە ئەو گەلانەی بەزمان گەلی ئێرانی دەدوێن لە ڕۆژگارێکدا کە نە من دەزانم کەنگێیە و نە ئەو کەسانەی

خۆیان بە مێژووزان و مێژووناس دەژمێرن بۆیان ساغ نەبۆتەوە چەند هەزار ساڵ دەبێ لە قەفقازەوە سەرەوژێر بوونەوە و هەر یەک بۆ لایەک ڕۆیشتن.

ئـــەم گەلانـــە هەموویان شـــوانەوێڵە و مەڕدار بوون و ژیانیان بەپێســـت و گوانی ئەم گیانلەبەرە خوێن شیرین و بەستەزمانە کە زۆر زوو دەستەمۆ بووە، دابین کردووە.

ڕوونتر بڵێم خۆراکیان لە شـــیر و پۆشـــاکیان لە خوریی ئەو حەیوانە بووە. جا بۆیە خۆشیان ویستووە و گەرمێن و کوێستانیان دەگەڵ کردووە و بەدوای هەوار و لەوەڕگەدا وێڵ بوون و گەڕاون. نە زۆر شـــارەزای نووسینەکانی «هیرۆدۆت»، «تەبەری»، «گزنفۆن»، «فردۆســـی»، «مینۆرسکی» و «زێرنۆف» و ئەوانەم کە بنەچەکەی کورد بەرمەوە سەر کادۆخ و ماد و نازانم کێ و کێ؟...

بەڵام دەزانم کوردیش یەکێک لەو گەلانەیە لەپێشـــدا شـــوانەوێڵە بووە ئێستاش ئەگەر کارەســـاتی ڕۆژگار لێگەڕێ کەیفی لە شوانەتییە و وڵاتەکەشـــی بۆ ئاژەڵداری یا بەزمانی ئیمڕۆ دامداری و دامپەروەری دەناڵێ.

ئێســـتاش هەرچەند مەڕداری لە کوردستاندا بەداخەوە زۆر کەم بووە و دامپەروەرەکان کاتی بەران تێبەردانیان گۆڕیوە، بەڵام ئەو دابە هەر نەگۆڕاوە، هەر کەس کەرتکە مەڕێکی بێ ئەو ڕۆژە بەران دەمەڕێ دەکا، میوانداری لە جیرانان دەکا، مێوژ و خورما و شـــیرینی دەدا بەمنداڵان و ئەگەر خەڵاتێکی زۆر باش بۆ شوان لە ئەستۆی بەران نەکا، کاکی شوان نایەڵێ بەرانی ڕەنگاو بچێتە نێو مێگەل.

بـــەڵام زۆر دوور نییە هەر بەبیری من مـــەڕدار لە ئاخر و ئۆخری مانگی میهر بەرانیان دە مـــەڕ کـــردووە و جێژنی میهرەگانیـــان بۆ کردووە. دیارە ئەو جێژنـــە ئەوەندە، گەورە بووە کە عـــەرەب وەریان گرتووە و کردوویانە بەمیهرەجان و بەهەموو ڕۆژی خۆش دەڵێن میهرەجان.

مەڕ بەپێنج مانگ دەزێ پێشـــینیان دەڵێن بەرخ پاش ســـەد ڕۆژ ڕووحی وەبەر دێ و مەترســـی بەر ئاویتن کەم دەبێتەوە. جێژنی سەدە کە ئێستاش لە زۆر شوێنی کوردستان دەیکـــەن و پێی دەڵێن «بێڵن دانا» پێوەندی دەگەڵ ئەم باســـە هەیە. دوو مانگ پایز و سێ مانگ زستان دەکاتە پێنج مانگ و لە شەوی ئەوەڵی بەهاردا زەوی مەڕ دێ و جێژنی هەرە گەورەی مەڕدارە.

پێم وانییە پێویستی بەڕوونکردنەوە بێ بەرخی مەستە شیر پاشی سێزدە ڕۆژ دەبێ لە کۆز دەرکرێ و بەزاوەماک بیبەیە لەوەڕ. ئەوەش سێزدە بەدەرەکەمان.

ئەوەیــە بۆچوونی منی کەرە کرمانج کە لە ژیانی باوکم بەســەر مەڕ ڕادەگەیشــتم و گەرمێن و کوێستانم دەکرد و بەپسپۆڕی ناوبانگم هەبوو. بەڵێ ماوەیەکی زۆر وێڕای شوانی شــەوگەڕ و شــەنگەبێری توند و تۆڵ لە کوێســتانە جوانەکانی کوردستانی ڕەنگین ژیانم ڕابواردووە.

زۆر پاڵێنیــان لە مندارە مانگدا بۆ ئەوەی شــوانەکانمان نێــوەڕۆ، خەوی بر بکەن و شــەوانە مەڕ بڕەتێنن بۆ خۆم دەســتم داوەتە گۆچان و چوومە بەر مەڕ و لەو وەختانەدا بووە شێعرم بەتەبیعەت و خۆڕسک و ژیانی کوردەواری هەڵگوتووە.

جوانترین دیمەن

نەدی و بدی نیم، وەک کارگ بەشـــریخەی هـــەوری بەهار هەڵنەتۆقاوم، ئەگەر هەڵۆی بەرزەفڕ نەبم بازی چاو دووراویش نیم، ئەگەر شێری خەوتوو نەبم خۆ ڕێوی گەڕیدەم.

نازپەروەردە و هەتاو نەدیو نیم، جەفاکێش و جیهان دیدەم. گەرمێن و کوێستانم لێک داوە، هەوراز و نشـــێوم بڕیوە، دەشـــت و بێروونم پێواوە، بەڕکە و ڕژد و تەرت و تەلانی ئەســـتەمدا ســـەرکەوتووم، بەخڕ و شیو و دۆڵاندا تێپەڕیوم، لە گەوە و کوێرەڕێ و لاپاڵان هاڵاوم.

لە کێوی سەرکەش و شاخی هەڵەموت و هەزار بەهەزار ئارەقی ماندوویی و شەکەتیم ئەستڕیوە. لە زێی خوڕ و چۆمی مەندم داوە. لە دەروو و گەرو و گایان ئاوابووم.

لە بناری کێوێکی بەرز و ڕەقەن و سەخت و قووچ لە دایک بووم، بەژەکی شێرە ژنێکی کورد ڕۆژووم کراوەتەوە و فرچکم گرتووە، لەسەر بێژینگ لە فێڵی ئاڵ و شەوە پارێزراوم، گوێزەبانەم بۆ کراوە و لە لانک نرام، ســـەر ســـینگم پێ دادراوە و بەدەســـرازە پێچراوم، لایـــە لایـــەی کوردیم بۆ کراوە و گوڵزاری موت و مووروو ۆ کووژەکە و گوێ ماســـیلەم بۆ هەڵاوەسراوە، دارە دارەم کردووە، بەڕەوەڕەوە پێم گرتووە.

بەشـــیر و ماست و توێ شـــیر و پەنیر و مەیلە و لۆرک و شیرێژ و ڕۆن بەخێو کراوم، ئاوی سارد و زوڵاڵ و ڕوون و بێ خەوشی کانیاوم خواردۆتەوە.

ژیوەڵـــە و پەڕەوازە بووم، لە نێو باخ و باخچە ئاڵووباڵوو، گێلاس، شـــێلانە، هەرمێ،

ســـێو، ترێ، بادام و سنجووم ڕنیوە، لە بێستان هاروێ، ترێزوو، کالیار، شووتی، کاڵەک، گرکە و فاتە بۆرم خواردووە.

لە دارە گوێزان جۆلانەم هەڵاوەســـیوە، بەسپی چناری بەرز و لووس هەڵچووم، شەوی مانگەشەو، قەرەقەرێ و خۆشاردنێکی و هەیجۆیەنم کردووە.

بەڕۆژ هەلووکێن، تۆپەڕاکردنێ و هەمزەلم کردووە، گەورەتر بووم فێری مێشێن و جگێن و ئەسکەملە بووم. بەجۆرابێن و کاڵەمستێن و فەنەی بێدەنگ و گەڕەلاوژە، شەوانی درێژی ســـاردی زســـتانم گەیاندۆتە ڕۆژ، مژ و تەم، هەور و هەڵا و کرێوە و باران و بەفری سپی و خاوێنی یەک نوام دیوە.

گەییومە تەمەنی مێرمنداڵی، فێری سواری و ڕاو بووم، ڕمبازی و شەڕانخێوی و تەراتم کردووە تەقڵەم داکوتاوە، جلیتم هاویشتووە و پێدادراوە.

دەســـتم بەجلەو جەمام بووە، بەڵام ئەسپم لەسەر گوڵی مافوورە گێڕاوەتەوە، شوێنم گێڕاوە، شینکەی مات و مەلوولم لە خوزە و گەرمەلانێ دەرپەڕاندووە و تاژی چێ و خێرام تێبەرداوە.

سیاسووتی بەهارێ، کۆلکەڕەش و مێرۆژان چوومە ڕاوەکەو و داوم چەقاندووە و تفەنگم تەقاندووە. لە نێوەوە چووم و ســـەرەڕای ئـــەو وەرزیش و یارییانەی لادێیانە خەریکی کار و کاســـبی بووم، ئاوم داشتووە، کەشـــاوم کێڵاوە، مەڵەغانم گێڕاوە، گێرەم لێ خوڕیوە، خۆیانم هەڵداوەتەوە و لەبەر شنەی زریانی فێنک شەنم کردووە، مالووسکم زرینگاندۆتەوە، باڵەکەوم کردووە و خەرمانم هەڵگرتووە.

ئاژەڵداریـــم کردووە، لە تـــەڕ و قووڕی بەهاریدا، لەکاتی «بخـــۆ و بلەرزە»دا چوومە هەواری زەنوێر و ســـازگار و چادر و ڕەشماڵم لەســـەر کانی سارد و زوڵاڵ هەڵداوە، لەبن چادر دانیشـــتووم و خوناوەی بارانی نەرمم دیوە، مەڕم لەبێر داوە و لابێرم گرتووە و زۆر جاریش خۆم لەسەر بەردەبێر دانیشتووم و مەڕم بۆ شەنگەبێرییان گرتووە، هاوێرم کردووە و زاوەماکم لێ خوڕیوە، مەڕی نەبانم گرتووە و بەرخی مێچکەم مێژاندووە.

پاڵێنـــان مەڕم لە بەندەنی فێنک هەڵکردووە، مەڕم لەوەڕاندووە و بەرخم چەلاندووە و لەبەر خۆمەوە بەیت و لاوک و حەیرانم گوتووە، لە نواڵەی بژوێن و زەمەند، مەڕم شیوەخوار داوە و لە حەوشـــەی گـــەرم و بانەگردا ڕام گرتووە و دەزبێنم گرتووە و ســـەگم لە ورگی دزوچنۆک و دڕندە بەرداوە و گیانی ئاژەڵی ترسەنۆکی بێ ئازاری فەقیرم پاراستووە.

شـــەوێنان بەبزووتنی مەڕی دەســـبێنی ڕاپەڕیوم و بەوریایی چ تاریکەشەو بووبێ و چ

مانگەشـــەو و تا مەڕ تێری خواردووە و کەوتۆتەوە بەدوایدا ڕۆیوم و پاش ســەرخەوێکی خۆش وەک شـــوانێکی باش پێش گزنگی هەتاو مەڕم لەبـــەر ڕۆژێکی کاتۆر هەڵکردووە و چێشـــتاوێ لە دەراوێکی خاوێن چێشـــتانگاوم داوە و هەڵم کردۆتە بـــەر ڕۆژێکی باگر بۆ نووستن و سانەوە و خۆشم لەبەر سێبەری گابەردێک سەرخەوێکم شکاندووە. پاش ئەوەی مێگەلەکەم ساوەتەوە، بەرەو تاوڵ نێری کێشم کردووە.

ئەوە ژیانی من بوو لە کوردەواری. بەڕواڵەت ژیانێکی ســـاکار و خۆش بوو بەڵام وەک پەزەکانـــم قەت ترســـی گورگم لـــە زگ دەرنەدەچوو، چونکە جاروبار گورگە مێشـــەکانی خۆماڵـــی، گورگە برســـییەکانی بەرتیلخۆر، بەدفەڕ، پیاوکوژی ســـەردەمی تاغووتیان تێ بـــەردەدام و ئەوی خواردبووم لەبن ددانیان دەردێنام. ئاخری دەریان پەڕاندم و هێلانەیان لێ شـــێواندم، پەنام بردە بەر ئەوانەی کە گیانیان لەسەر بەری دانابوو، لەوێش نەسامەوە زۆرم ناپاڵم و ڕاکێت بەســـەر ســـەریدا باری، زۆرم خانووی ڕووخاو و گوندی سووتاو دین. گەلێکم تەرمی شەلاڵی خوێنی شەهیدان دیت و کڕووزەی هەتیوی بێ دایک و باب و شینی دایکی ڕۆڵە کوژراو و هەناسەی هەژاری لێقەوماو بیست، گرمەی تۆپ دایانچڵەکاندم، ویزەی گوللە لە پەسیوانی خزاندم.

لەو ماوەدا وەک حەریق دەڵێ: «گوند و شـــاری کوردســـتانی ئەودیو نەبوو نەیگەڕێم جا نازانم ســـەرم بەهەموو ماڵێکدا کردووە یا نا» لە سوونێ ڕا تا قەلادزێ ڕاپەڕیوم و تێ هەڵبوومەوە بۆ بەرزاییەکانی پشـــت هێرۆ و داگەڕاومەوە بۆ لای ماوەت و شـــینکایەتی. لە سەرچاوەی زەڵم ئاوم خواردۆتەوە... (وا دیارە ئەم وتارە ناتەواوە).

بووکی بەکشەوە

هەســـتا چووە دیوە تایبەتییەکەی خۆی، زوو جلە کوردییە جوانەکەی داکەند و جلی ئیدارەی لەبەر کرد تا بچێتە بیمارســـتان. دایکی خەریکی هەڵوێژاردنی دیوی بەر دەستان بوو کە دیتی، بەپێکەنینەوە گوتی:

- ئەیرۆ پەری بەو جلانەوە دەڵێی باڕۆکەی کلک کێشراوی!

پەری وەڵامی دایەوە:

- دایە بەو جلانەوە لە بیمارســـتان باشـــتر دەتوانم هەڵســـووڕێم، دەنا لیباس ئازادە و دەتوانم بەجلی کوردیشەوە بچمە بیمارستان. دایە دەمەویست عەرزت بکەم ئەگەر ئێواریٚ درەنگ هاتمەوە نیگەران مەبە و دنیات لیٚ نەبێتە چەرمی چۆلەکەی، خاترجەم بە، نە ون دەبـــم نە گورگ دەمخوا، لە ماڵە کاک شـــەهابی خۆمان بانگ کراوم نەهاریٚ لەویٚ دەخۆم و پـــاش نیـــوەڕۆ دێمەوە. ڕەنگە باپیریش بێتەوە. دوێنـــیٚ تەلەیفوونی لیٚ کردم و گوتی، کارەکەم تەواو بووە.

دایکی گوتی:

- ڕۆڵە گیان! برۆ بەخوا و پێغەمبەر و پیاوچاکانم ئەسپاردی. دەزانم نە گورگ دەتخوا و نـــە لەو شـــارە گچکەدا ون دەبی. بەڵام وڵاتەکەمان ئاڵـــۆز پلۆز و هەرچی و پەرچییە. بەخوای تا دەگەڕێیەوە هەموو ڕۆژیٚ دڵم لە مســـتیدایە. ئەمما ڕۆڵە تۆ قەبرێکی بابت تێی

چووە هێندە نێرگس عەزیەت مەدە، زۆرم خۆش دەوێ، ژنێکی سەنگین و لەسەرەخۆ و بێدەنگ و بەستەزمانە. سەری ماوێژە سەر، فەقیرە، بەخۆیدا دەشکێتەوە و دڵی دێشێ، گوناحت دەگاتێ.

- دایە گیان ئەتۆ ئەو گێلە دەبنەوە برەت نەناسیوە. بەقەستی لە مەجلیسان خۆی وا نیشان دەدا، دەنا وەک ماری سوججە بەگژ ئێمەدا دێتەوە و گەزارەی نیو گەز دەردەکێشێ و شورت و شومان دەردێنێ و کارێکمان پێ دەکا با بەدەواری شڕی ناکا. نازانی کاک شەهابی هەژاری چۆن کوندە جەرگ کردووە؟

- کچێ دە مەیرپێسە ئەو ژنە فەقیرە مێشی لەبەر دەمی نافڕێ چۆن بەری نێو نرکە و تەوس و لاتاوی دیل بیلان و چەختی وەک تۆ دەگرێ؟

- دایە گیان بۆ خۆت دەزانی لە منداڵییەوە دەگەڵ نێرگسی دەستە خوشکم قەتمان دڵ لە یەکتر نەیەشاوە. دەزانێ قسەکانی من هەمووی گاڵتەی دۆستانەی نێو خۆمانە دەنا ڕاست دەکەی نێرگس بەڕاستی ژنێکی چاک و دڵپاکە.

ئەوەی گوت و خودا حافیزی لە دایکی کرد و ڕۆیشت. تا گەیشتە دەرکی حەوشە دایکی لە پەنجەرەوە تێی دەفکری و دەیگوت:

«دەک دایکت بەقوربانی ئەم گفتولفتە خۆشە، ئەم بەژن و باڵا بەرزە و ئەم ڕەوت و لەنجە جوانە بێ. یارەبی ڕۆڵە ئەوەندەی منت لێ ڕازییە خوداش ئەوەندەت لێ ڕازی بێ. یا خوا ڕووسووری دنیا و قیامەت بی. بەبەختی چاک بی، دایکت مەرگت نەبینێ. خودایە شوکرانە بژێرم ئەگەر سوارەت وا زوو لێ ئەستاندمەوە، ئەم جووتە گوڵە، ئەم کچ و کوڕە باشەت داومێ.

کاکە سوارەی مێردی دێد ئەستی و باوکی پەری و باپیر، پیاوێکی باش، خێرەوەمەند، قسەخۆش و تێگەیشتوو بوو. ئەگەرچی نەخوێندەوار بوو، بەڵام بەقەد حەوت مەلایانی دەزانی. چونکە بۆ خۆی زۆر زرینگ و وریا بوو و هەمیشەش وەختی بێکاری خۆی لە حوجرەی فەقێیان یا لە خزمەت مەلایان ڕابواردبوو، تا لە دێ بوو، زستانان هەر ئەو بانگی دەدا و قامەتی دەکرد. شەوانەش بێ شەوبوێر دەچۆوە حوجرەی فەقێیان و بەو دەنگە خۆش و زوڵاڵەوە لاوک و حەیران و بەیت و باوی کۆنی بۆ دەگوتن و شت لەوان فێر دەبوو. بەیانیان پێش مجێور دەچۆوە مزگەوت، چرای هەڵدەکرد. کوورەی پێوە دەنا و بەرماڵی ڕادەخست و کە نوێژ دەبوو بانگی دەدا. کە جەماعەت سەفی دەبەست ئەویش قامەتی دەکرد.

کاک سوار دەوڵەمەندترین ئامپای ئاوەدانی بوو، بەڵام چڵکن دەوڵەمەند نەبوو، سەخی و بەدڵ و دەس بڵاو بوو، حەوتووی جارێک مامۆستا و فەقێکانی بانگهێشتن دەکرد. لە هەموو کارێکی خێردا پێشەنگ و پێشقەدەم بوو، کەیخودایەکی باش بوو، خەڵک ڕێزیان لێ دەگرت و قسەیان قەبووڵ دەکرد، کێشە و نێوان ناخۆشی ئاوماڵانی عادلانە جێبەجێ دەکرد. ئێرەیی بەکەس نەدەبرد.

کاک سوار هەمیشە خاوێنترین و باشترین کەوا و پانتۆڵی دەبەر دەکرد. مام وسووی برای بەسەر کشتوکاڵ و مەڕ و پاتاڵ ڕادەگەیشت و کاکە سوار کاری زۆر سووکی وەک پاراو و شتی وا نەبا چی نەدەکرد.

کاکە سوار پیاوێکی کەڵەگەت، بەشان و باهۆ و سوارچاک بوو. هەمیشە ئەسپ و ماینی زۆر ڕەسەن و باشی ڕادەگرت و لە جلیت و ڕمبازی و شەڕانخێویدا کەس نەیدەگەیاندێ. کە مەدرەسەیان لە گوندەکەیان دانا کوڕ و کچەکەی خۆی ناردە فێرگە. مودیری هان دەدا کە دەرس باش بلێ و هێندەی ئیحترام دەگرت و چاکەی دەگەڵ دەکرد کە مودیر شەرمی دەکرد بەقسەی نەکا. منداڵەکانی زۆر زیرەک و هۆشیار بوون و چاکیان دەخوێند. ساڵی ١٣٤٧ کە «ئووەیسی» کوشتارگای لە جلّدیان دانا و مام وسووی بەستەزمانی بەتاوانی ئەوەی کە دەستەیەک چەکداری شەوێک لە تاوڵێ ڕاگرتبوو گرت و پاش چەند ڕۆژ تیرەبارانی کرد، کاکە سواریش مەڕ و پاتاڵ و ئەسپ و ماینەکانی فرۆشت و دەستی لە جووت و ئاژەڵداری هەڵگرت و لەنێو شار خانوویەکی گەورە و خۆشی دروست کرد و دووکانێکی بەققاڵی دانا. لەوێش لە خێر و چاکە و هاتووچۆی مەلا و فەقێیان کەمی نەکردەوە. هەر پێنج فەرزەی بەجەماعەت دەکرد. بەڵام دەستی لە گوتن هەڵگرت. دووکانەکەی بوو بەمەکۆی ئەدەبدۆستانی شار. ئەو کەسانەی ئاشقە ئەدەب بوون، ئێواران لە دووکانی کاکە سوار کۆ دەبوونەوە، ئەو نوکتەی شیرین و قسەی خۆشی بۆ دەگێڕانەوە و بەیت و لاوک و گەلۆ و حەیرانی فێر دەکردن ئەوانیش شێعری شاعیرەکانی کوردیان بۆ دەخوێندەوە. سەیر ئەوە بوو، ئەو پیاوە نەخوێندەوارە مانای زۆر بەڕێوجێی لە شێعرە جوانەکان دەداوە و ڕەخنەی زانایانەی لە شێعری هێندێک شاعیر دەگرت کە بەڕاستی جێی سەرسوڕمان بوو.

کاک سوار تانوپۆی لە سەرووپیش کەوتبوو. بەڵام هیچ شوێنەواری پیریی پێوە دیار نەبوو. دووکانەکەی زۆر بەرمێن بوو چونکە هەموو کەس تێ گەییبوو کە ڕاست و دروست و بێ فڕوفێڵ و هەرزان فرۆش و دەس خاوێنە. هەموو خەڵکی دێهاتی دەوروبەر و ڕووناکبیری شارەکەمان سەودایان هەر لەوێ دەکرد. کاکە سوار دەیگوت ڕاستە ئیعدامی مام وسوو پشتی شکاندم، ئەوەی ئەو لە کشتوکاڵ و مەڕداری دەیزانی من نەمدەزانی، بەڵام هۆی

دەس لە جووت و گا و ئاژەڵداری هەڵگرتنم ئەوەبوو کە بتوانم بەمنداڵەکانم بخوێنم تا پێ بگەن و تێ بگەن.

خوا هەڵناگرێ کچ و کوڕەکەشـی جگە لەوەی ئیسـتیعدادی باشیان هەبوو چاکیشیان دەخوێند. تا ئینقلابی پیرۆزی ئێران دەسـتی پێ کرد. هیچیان زۆر ناسراو نەبوون، بەڵام لە سـەروبەندی ئینقلابدا خۆیان دەرخست. بەتایبەتی پەری کە هەزاران شێعری حەماسی کوردیی لەبەر بوو. هەمیشە لە ڕیزی پێشەوەی خۆپیشاندان‌دا بوو و بەخوێندنەوەی شێعری شاعیرە شۆڕشگێڕەکانمان خەڵکی هان دەدا. دەنگخۆشی و زمان پاراوی لە باوکی بەمیرات گرتبوو. تۆڵەی مامیشی لەو ڕێژیمە بۆگەنە لەبیر نەچووبۆوە.

پـاش ئینقلاب بۆ درێـژەدان بەخوێندن چووە تـاران و بوو بە نێـرس و گەڕاوە بۆ شارەکەمان کە ژیان لێرەدا بێ مەترسیش نەبوو. بەڵام پەری خزمەتی خەڵکی بێ دەرەتان و هەژاری بەلاوە گرینگ بوو. لە بیمارستان کەس نەبوو دوعای بەخێری بۆ نەکا و خۆشی نەوێ، چونکە بەدەرد و مەرگی هەموو کەسەوە بوو.

باپیر ساڵێکی مابوو زانستگە تەواو بکا و ببێتە موهەندیس کە کاکە سوار لە بۆمبارانی شارەکەماندا لەبەر دەرکی مزگەوت شەهید کرا و خەڵکی شار بەتایبەتی کەسوکاری خۆی تازیەدار و ماتەمبار کرد.

بیسـت دەقیقەی بۆ وەختی ئیداری مابوو کە پەری گەیشـتە بیمارسـتان، حەوشەی بیمارسـتان لە نەخـۆش و بریندارانی ژاوەی دەهات. تەماشـای کرد جەندەکێک لەسـەر دارەمەیت لەبەر دەرکی بیمارستان داندراوە، سڵاوێکی کرد و پرسی:

- ئەم جەندەکە چییە؟

پیاوێکی قەیرەلاو هاتە پێش و گوتی:

- بیلامانێ ئەوە خێزانی منە و لەسـەر تەراکتۆر هەڵدێراوە و هەموو لەشی هاڕدراوە و بێ حاڵە.

پەری بزەی لەسـەر لێـو نەما و بەکابرای گوت بیهێنـە ژوور بزانم چی لێ قەوماوە؟ بەچوار کەسـان دارە مەیتەکەیـان هەڵگرت و بردیانە دیوی چاوەنـۆڕی دوکتۆر. لێفە و سـیپاڵەکانیان لێ کردەوە و لەسـەر نیوە تەختێک ڕایان کێشـا. پەری تەماشای کرد و تێگەیشت بەحاڵ ماوە و بەزەحمەت پشووی دێ. لە مێردەکەی پرسی:

- ئەوە بۆ وای بەسەر هاتووە؟

- خانم گیان، دوێنێ ئێـوارێ بەتەراکتۆر دەچووینەوە، تەراکتۆرەکەم کەمێک چەپەی

کرد و ئەوەش وای بەسەرهات، بەنۆکەرت بم عیلاجێکی بکە. سێ منداڵی سەر و پێچکەم هەیە و کەسم نییە چاوەدێرییان بکا.

پەری لێوی خۆی گەست، بەڵام چی نەگوت. لەو حاڵەدا دوکتۆر هات و ئەویش چاوێکی لە برینداره نیوه گیانەکە کرد و گوتی:

- زوو بیبەنە دیوی عەمەل.

پەری هاتەوە نێو خەڵک شەهابی پزشکیاری دەگەڵ بوو، گوتی:

- شـــوکور ئێوە چاکن و ئەوە کاک شـــەهاب تەماشـــاتان دەکا. ئەوەی زانی پێویستی بەموعاینـــەی دوکتۆرە ڕای دەگرێ و ئەوەی بۆی دەرمان کرا دەرمانی دەکا، دەبێ ببوورن ئەو ژنە حاڵی باش نییە و ڕەنگ بێ عەمەلی بوێ و وەختی دوکتۆر زۆر بگرێ.

پاش ســـەعاتێک پەری هاتەوە نێو خەڵک، بزەیەکی شیرینی لەسەر لێوان بوو، مێردی ژنە بریندارەکەی بانگ کرد و گوتی:

- مزگێنیم دەیە ژنەکەت لە مردن ڕزگاری هات و ڕەنگبێ پاش دە ڕۆژی دی بگەڕێتەوە ماڵێ. بەڵام کاکە گیان! ئەو دەمی کە لە ژیانی ژنەکەت دڵنیا نەبووم دڵم نەهات سەرکۆنەت بکەم. ئێســـتا کە شوکر مەترسي و نیگەرانیم نەماوە پێت دەڵێم تەراکتۆر بۆ زەوی کێڵان دروســـت کراوە نەک بۆ موسافیرکەشی. ئێوە تا کەی دەس لەو تەماعە هەڵناگرن و ژیانی خۆتان و خەڵکی دەخەنە مەترسییەوە.

کابـــرا زۆری دوعـــای خێر بۆ پەری کرد و بەڵێنی دا کە لەوەودوا موســـافیر ســـواری تەراکتۆر نەکا.

نیزیک ســـەعاتی سێ لە بیمارســـتان نەجاتیان هات و وێکڕا بەرەو ماڵی کاک شەهاب کە زۆر لە بیمارســـتان دوور بوو وەڕێ کەوتن. خوشـــکە نێرگس چارشـــێوەکەی لە خۆی وەرگرتبوو و چاوەڕوانی ئەوان بوو. کە نیزیک بوونەوە، خوشکە پەری بەدەست ئیشارەی بۆ کاک شەهاب کرد و ئەم شێعرەی بەدەنگێکی بەرز خوێندەوە:

هێنـــد مونتەزیـــری تـــۆ بـــوو هەتـــا چـــاوی ســـپی بـــوو
نێرگـــس کـــە لەســـەر یـــەک قـــەدەم و دیـــدە چەقیبـــوو

ئەم شێعرە ئەوەندە جوان و بەجێ بوو کە هەموویانی سەرەڕای ماندوویەتی و برسیایەتی وەپێکەنین خست. نێرگس چەمۆڵەیەکی لە پەری نا و گوتی:

- جەرگت ڕەش بێ کچەتیوە دەم هەراشە هەر دە قسەی زەلامت کردووە. خۆڵت وەتڕ و تیتۆڵان، بۆیە تەشک و داوێنت وا جوانە... پەری پێکەنی و گوتی:

- بەســـی بڕێسە، وەرە پارووپەکمان نان بدەیە هەموو لە برسان لاترەی دەبەستین، بۆ خۆت تا ئێســـتا حەوت جەمت کردووە. ڕەنگە ئـــەوەی خەزوبەز بێ بۆ خۆت لرفت دابێ. دەک نەوست دەبەر پێت کەوێ.

پاش ئەو شـــەڕە دندووکە کە چوونە ژوورێ، ئەوان دەستیان، دەستۆی یەک کرد وەک دە ســـاڵ بێ یەکتریان نەدیبێ کەوتنە ڕامووســـینی یەک. پاش ماوەیەک نێرگس ڕووی لە پەری کرد:

- باجە پەری توخوا ئەم شێعرە جوانە ئی کام شاعیرە؟... پێکەنی و گوتی:

- ئەگـــەر پێتان دەڵێم زیاتر موتاڵا بکەن بۆ ئەوەیە. ئەگەر کەمێک شـــارەزای ئەدەبی کوردی بای دەتزانی ئەم شێعرە جوانە ئی «نالی» شاعیری مەزن و بەناوبانگی کوردە.

تـــا نەهاریان کرد و پێکەوە بوون هەر لەســـەر شـــێعری کـــوردی دوان، هەموویان لە شـــارەزایی و شێعرناسی و زەوقی ئەدەبی ئەم کچە سەریان سوڕما، زەردەی هەتاو بەحاڵ لەســـەر ترۆپکی کێوە بەرزەکان مابوو کە خواحافیزی لە خوشـــکە نێرگس و کاک شەهاب کرد و لە حاڵێکدا هێشـــتا پەری گاڵتەی بەنێرگس دەکرد و ئەویش جوابە جەنگی دەکرد بەپێکەنینەوە لێک جوێ بوونەوە.

پەری کە گەیشـــتە بەردەرکی خۆیان و شـــوێنی تەگەرە ماشـــینی دی زانی کە ئەوە ماشـــینی خوازبێنیکەرانە کە موهەندیس پیرانی ناردوونیە ســـەر پەری. دوو مانگ لەوەی پێش موهەندیس کاغەزێکی بەئەدەب و جوانی بۆ پەری نوسیبوو و داوای لێ کردبوو ئەگەر پێی خۆش بێ دەنێرێتە سەری. پەری کە دووجار زیاتر موهەندیسی نەدیبوو لە وڵامدانەوە پەلەی نەکردبوو و کاغەزەکەی بەکاک شەهاب کە دەیزانی دۆستێکی باش و بەئەزموونیەتی نیشـــان دابوو. کاک شـــەهاب بێ ئەوەی ئەم ڕازە لەکن کەس بدرکێنێ تەحقیقی تەواوی لەسەر موهەندیس کردبوو و بۆی دەرکەوتبوو کە موهەندیسیش وەک پەری خەڵکی لادێیە و لەســـایەی وریایی و زانایی خۆیەوە بۆتە موهەندیســـی کشـــتوکاڵ و ماڵی باوکی هێشتا هەر لە گوندن و وەک خۆیان کرمانجن و لە هەموو بابەتەوە لایقی هاوسەری کچێکی وەک پەرییـــە و چەند ڕۆژ پێشـــتر وای کردبوو کە بەحوزووری ئەو لـــە جێگایەک یەکتر ببینن و قســـەی خۆیان ڕووبەڕوو تەواو بکەن و هەردووک یەکتریان پەســـەند کردبوو و قەراریان دانابوو، لەو ڕۆژەدا دایک و پووری موهەندیس بچنە خوازبێنی و تامی زاری دێدئەســـتی و

موهەندیس باپیر بزانن. کاک شـــەهاب ئەو میوانییەی بەو مەبەستە کردبوو کە پەری ئەو ڕۆژە لە ماڵ نەبێ.

بەئەســـپایی دەرکەی کردەوە و چۆوە تەماشـــای کرد دایکی و خاڵە خدری و باپیر لە دیوی بەردەستان دانیشتبوون، خاڵە خدری پاش شەهیدبوونی باوکی بەسەر دووکانەکەیان ڕادەگەیشت کە وەژوور کەوت هەرسێک لە قاقای پێکەنینیان دا و دایکی گوتی:

- بیبی جان خانم چۆن کەڵەکی واشت لە بن سەریدان؟

پەری شـــەرمێکی کچانە دایگرت و ســـوور هەڵگەڕا و سەری داخست و یەکسەر چۆوە دیوەکـــەی خـــۆی و جلەکانی گۆڕین و بەخەیاڵ بوو ئەمشـــەو لـــە دیوەکەی خۆی وەدەر نەکەوێ. بەڵام زۆری پێ نەچوو دایکی هەرای کرد:

- پەری گیان! ماڵی بابم لەوێ بەتەنێ چ دەکەی وەرە ئێرە.

پەری بەشەرمەوە چۆوە دیوی بەردەستان و بەئەدەب دانیشت. دایکی گوتی:

- ڕۆڵەگیان دەتزانی ئەمڕۆ خوازبێنیکەر هاتبوونە سەرت؟

- بەڵێ دایە گیان ئاگام لێ بوو.

- وەڵڵا کچم دایکی ژنێکی وێچوو و کەیخودا ژنە، بۆ خۆشـــی کە هەر لە ماشـــیندا دیم زۆر قۆزە. جا نازانم بۆ خۆت دەڵێی چ؟ بەیانی دێنەوە تا جوابیان بدەینەوە. باپیر هەڵی دایە و گوتی:

- خوشـــکێ گیـــان! من پیرانی باش دەناســـم کوڕێکی زۆر بەئـــەدەب و پاک و چاکە، مەدرەکی تەحسیلاتی بەرزیشی هەیە، جا دڵی خۆت دەزانێ.

پەری لە بن لێوان گوتی:

- بۆ خۆتان دەزانن.

دایکی گوتی:

- ئەوە بۆ دەڵێی مانگی شـــەرمێتە. لە کەنگێوە وا شـــەرمێون بووی ڕەپ و ڕاست بڵێ مێردی پێ دەکەم و ڕزگارمان بکە.

هەموو پێکەنین و ئیدی باسی ئەو مەوزووعەیان نەکردەوە. چەند ڕۆژ پاش، باپیر، کاک شەهاب و چەند کەسی دیکەی بانگهێشتن کردبوو. لە پڕ مەلا و دوو فەقێ و پیرەپیاوێکی خاوێن و ڕەزا سووکی دێهاتی وەژوورکەوتن، یەکێک لە دوو فەقێیەکان دەفتەرێکی گەورەی لەبن هەنگڵدا بوو. لەبەریان هەســـتان، وەلای ســـەروویان خستن و لەسەر چۆک دانیشتن. مامۆستا سیغارێکی داگیرساند و ڕووی لە موهەندیس باپیر کرد و گوتی:

- ئاغا میرزا! مام ســـمایل بابی ئاغای پیرانییە و وەکالەتی شـــەرعی داوەتێ کە پەری خانم مارە بکا. ئێستا چ دەفەرمووی؟

باپیر گوتی:

- مامە گیان پڕ بەدڵ سوپاستێ دەکەم و ئێمە لە ئێوە هەر خزمایەتی گەرممان دەوێ و ئیحترامی خوشکم و هیچی دیکە.

کورتی ببڕینەوە، ئەوێ ڕۆژێ پەرییان لە موهەندیس پیرانی مارە کرد. چەند ڕۆژ پاشان خەنەبەندانێکی خۆش بوو. باو باوی نێرگس بوو. وەک کەوی شـــەڕانی پەڕبازێ لە دەوری پەری دەکرد و دابوویە بەر هێرشی لاتاو و تەوس و پللار. پەری دەستی لەبەر نەدەکردەوە، ڕۆژی پێنج شـــەمۆش هەموو لە ماڵی بووکی بوون. نێرگس وەک خولخولە هەڵدەسووڕا و پەزیرایـــی لە خەڵک دەکرد و جارجارە چەپۆکێکی بەپەریدا دەدا یا چەمۆڵەیەکی لێ دەنا و هەموویانی وەپێکەنین دەخست، لای بانگی شەوان تارای سووری جغ جغەداریان بەسەر پەری دادا و بووکیان سواری ماشین کرد و بەداب و دەستوورێکی کوردانە و موحتەرەمانە بەڕێیان کرد.

ئێوارەی جومعە بوو و ئیدارە نەبوو. لە ماڵێ دانیشـــتبووم و تەماشـــای تەلەویزیۆنم دەکـــرد. لـــە پڕ گرم و هۆڕ پەیدا بوو و تۆز و خۆڵ بەری ئاســـمانی گرت. هەواپەیماکانی بەعســـی شـــارە خونچیلانەکەیان دا بەر ڕاکێت و بۆمب. ئێمە بەپەلە خۆمان لە ژێرزەمین هاوێشـــت. هاڕە و زرمەی فڕۆکەی دوژمن و تەقەی دەســـڕێژی دژی هەوایی خۆمان زراوی دەتۆقانـــد و گوێی کەڕ دەکرد. وەک ڕۆژی قەرەوەیس بـــاب ئاگای لە کوڕی نەبوو. پاش نیو ســـەعات کە هاتمە دەر دووکەڵەشینکە لە هەموو لایەکی شار هەڵدەستا و لەبەر بۆنی باروت و تۆز و خۆڵ پشـــوو هەڵنەدەکێشـــرا. بەتاڵووکە خۆم گەیاندە ماڵی کاکە سوار. دیار بوو ســـەدەمەی نەدیبوو. بەڵام دەرکی داخرابوو، کەس لە ماڵ نەبوو. بەنێو خەڵکی سەرلێشـــێواو و چاو بەگریاندا بەغاردان چوومە ماڵە موهەندیس پیرانی. بەداخەوە خانووە تازە و جوانەکەی ئاداری بەســـەر پادارەوە نەمابوو. کاک شەهاب و نێرگس و دێد ئەستی و باپیـــر، لە حاڵێکدا بانگ لەســـەر بانگیان لێ دەدا، خەریکی لابردنی خشـــت و بەرد و گڵ بـــوون، منیش وەک ئـــەوان لە گابۆڕم دا و خەریکی کار بووم. وردە وردە خەڵک هاتە یارمەتیمان. لەلای نیوەشـــەودا جەنازەی زاوای تازە و بووکی یەکشـــەوەیان لەبن خاک و خۆڵ دەرێنا.

هەواری خاڵی

شــەو ڕاشکابوو، موسەجەلەکەمان کاری دەکرد، شــریتەکە ئارام ئارام هەڵدەوێزندرا. گۆرانییە کوردییە خۆشەکانمان یەک لە دوای یەک دەبیستن. هەر من و ئەو بووین. کەسی دیکەمان بەدەورەوە نەبوو. پیرە مات و بێدەنگ بوو، چاوە لێڵ و سیسەکانی لێک نابوون، جگەرە لەنێو ئەنگوســتە ڕەق و تەقەکانیدا دووکەڵی دەکرد و بەخۆڕایی دەسووتا. دەنگی حەسەن زیرەک و خالەقی و مەلا حوسێنمان گوێ لێ بوو.

شریت گەیشتە سەر دەنگی «ماملێ» کە دەمزانی زۆری پێ خۆشە. کەچی لەپڕ وەک گوزێکیان ئاوی ســارد پێدا کردبێ. تێکڕا بوو، داچڵەکی چاوی هەڵبڕی، دەورویەری خۆی بەســەرکردەوە و بەدەنگێکی نووســاو و لەرزۆک کە دەتگوت لە بنەبانی ئەشکەوتەوە دێ گوتی.

«کاکە بەسە تۆ خوا بێدەنگی بکە».

دەسبەجێ ئەنگوستم لەســەر دوگمەی موسەجەلەکە داگرت. بەڵام سەرم سوڕما و لە دڵی خۆمدا گوتم:

«یانی چی؟ بۆ وای بەســەرهات؟ بۆ ڕەنگی بزڕکا؟ بۆ پەشــۆکا؟ بۆ تکای لێ کردم موســەجەلەکە بکوژێنمەوە؟ خۆ ئەو دۆستی نیزیکی ماملێیە، مامڵێی زۆر خۆش دەوێ و گۆرانییەکانی گەلێک پێ خۆشــن. جاران کە گۆرانییەکانی ماملێمان لێ دەدا ســەرتاپای

دەبوو بەگوێ و مووی لێ نەدەبزووت، دەبوو ئێمەش ورتەمان لەبەر نەیەتەدەر، دەنا لێمان تووڕە دەبوو، دەیگوت: دەنگی زوڵاڵ و ئاسمانی ئەم هونەرمەندە خەمم دەڕەوێنێ، کوڵ و کۆم دادەمرکێنێ ئۆخژنم دەخاتە نێو دڵ و دەروون».

ئەدی چۆنە ئەمشەو گۆڕاوە؟ بۆ نایەوێ گوێی لە دەنگی ئەم خۆشخوانە مەزنە بێ؟

دوو مــژی توندی لە جگەرەکــە دا دووکەڵی بەزار و تفنکدا هاتەدەر، بەتووڕەیی لەژێر جگەرەکەیدا کوژاندیەوە و هەڵی پرواند. دیســان مات بۆوە، هەناســەیەکی سارد و درێژی هەڵکێشــا، لێوی کرۆشت، دەســتی وەبەر چەنەی دا و چاوی بێ ترووکان لە سووچێکی ژوورەکە بڕی خەمێکی قووڵ، ئازارێکی بێ ئامان و دەردێکی گرانی لە سیمادا بەدی دەکرا. وەک پیرە هەڵۆیەکی باڵ وەریوی چەنگ شــکاوی لە ڕاو کەوتووم دەهاتە پێش چاو. وێ دەچــوو بیر لە ڕۆژانی خــۆش و هەڕەتی لاوەتی بکاتەوە کە تازە بەهیوا نییە بگەڕێتەوە. لەمێژ بوو هاودەم و هاودەنگ بووین، باشم دەناسی و دەمزانی ئەو کاتەی کۆنە برینەکانی دەکولێنەوە و ئاسۆرەکانی تەشەنە دەبنەوە و ژان لە دەروونیدا پەنگ دەخواتەوە، تووشی ئەم حاڵە دەبێ و پێی خۆش نییە بیدوێنن.

جاری وا بەجێم دەهێشــت، لێی دەگەڕام بەتەنــێ لەنێو خەمەکانیدا بتلێتەوە و خۆی دەرمانێک بۆ دەردەکەی بدۆزێتەوە. بەڵام ئەمجارە لێم بوو بەوەسوەسە نەمدەزانی بۆ وای بەســەرهات؟ دەمەویســت هەرچۆنێ بێ لەم ڕازە بگەم، جگەرەیەکم بۆ داگیرساند و دامە دەستی.

بزەیەکی تاڵ لێوە وشک و بەبارەکانی لێک هەڵچڕین ئەم بزە غیرەتی لەبەر نام بڵێم:

«مامــە گیان! پێم ســەیرە ئەوە بــۆ لە مامڵێ زیــز بووی، خۆ تۆ جــاران مامڵێت بەهونەرمەندێکی گەورە ناو دەبرد و گۆرانییەکانت زۆر پێ خۆش بوون».

کەمێک بەتووڕەییەوە گوتی:

«من لە مامڵێ زیز بووم؟ نا ئەم تاقە گۆرانییەم پێ خۆش نییە».

گوتم: «نەکا هەوای گۆرانییەکە ناڕەسەن بێ».

- لەبیرم بوو دەگەڵ ئەو هەموو ڕێزەی بۆ مامڵێ دادەنێ ڕەخنەشــی لێ دەگرێ و پێی ناخۆشە جار جار هەوای ناڕەسەن دەڵێ کە مایەی مۆسیقای بێگانەیان پێوە دیارە.

زۆر جار دەیگوت چونکە مامڵێ خۆشــخوانێکی گەورە و بەناوبانگە و دەنگی داخوازی زۆرن و لاوەکان وەدووی دەکەون زیاتر لەو کەسانەی ناشیانە و نەزانانە ئەم کارەی دەکەن، بەڵام خەڵک پێشوازیان ناکا زیان لە موزیکی نەتەوایەتیمان دەدا.

گوتی: «کارم بەڕەســەنی و ناڕەســەنی هەوایەکەی نەداوە، دەنگی ماملێم لە هەموو حاڵێکدا پێ خۆشــە، بەڵام تەعبیرێک لە شێعری سەربەندی گۆرانییەکەدا هەیە کە ئازارم دەدا و گەلێکم ئازار دەدا».

گوتــم کام تەعبیر؟ «دەمەویســت بەوردبوونەوە لە تەعبیرەکــە ڕازەکە بدۆزمەوە و مەتەڵەکە هەڵێنم».

گوتــی: تەعبیری گەییمە هــەواری خاڵی. «ئەم تەعبیــرە بیرەوەریەکی کۆن و تاڵم دێنێتــەوە یاد، کە ڕابردنی ڕۆژگار و تاڵ و ســوێری ژیان تا ئێســتا نەیتوانیوە ژیلەمۆی فەرامۆشی بەسەردا بکا».

هەوداکــەم هێندەی دیکە لێ ئاڵۆز بوو، دڵم هێندەی دیکە کەوتە خرت و پرت خوایە! دەبێ ئەم چەند وشــە ســاکارانە چ بیرەوەرییــەک بخەنەوە یادی ئەم پیــرە، زورهانە، ڕەنجەڕۆیە؟ کە لە ژیانی درێژ و پڕ مەترســیی خۆیدا تووشــی کارەســاتی گەلێک گەورە و گــران و ڕووداوی فــرە بەســام و تاڵ هاتووە. زۆری ڕەنج و کوێــرەوەری و ئاوارەیی و دەربەدەری دیوە، سارد و گەرمی ڕۆژگاری چێشتووە و شەو و شەونخوونی کێشاوە و لەگژ بــەدکاران ڕۆچووە و لەبەر زۆرداران دای نەنواندووە و لەپێناوی ژیاندا زۆر جار تا لێواری گۆڕ ڕۆیشتووە. نەمدەوێرا بیهارووژێنم، لە خۆم ڕانەدەدی لێی پرسم، دڵنیا نەبووم وەڵامم دەداتەوە، کەم وابوو پرێســکەی دڵی بۆ کەس بکاتەوە و ڕازە کۆنەکانی بدرکێنێ، ناچار بێدەنگ بووم و چاوم لە سەروســیمای پیاوانە و پیرانە بڕی، ئەویش کڕ و مات بوو. دیار بوو دەریای دەروونی شەپۆلان دەدا و کوورەی لە جۆشی هەناوی ئاورینگان داوێ.

پاش ماوەیەک بێدەنگی شــریتەکەم لەدوو دا تــا گۆرانییەکی دیکەی ماملێم دۆزیەوە، دەنگم دایە، پیرە هۆشــی هاتەوە بەرخۆی، ســوورایی خۆشی و شادی لە کوڵمە سیس و چرچ و بێ ڕەنگەکانیدا پەیدا بوو. بەتاســەوە گوێی بۆ گۆرانییەکە هەڵخســت تا تەواو بوو.

بەزەردەخەنەوە گوتی:

«برا تۆ ئەوەم بۆ لێدە بزانە پێم خۆشە یا نا؟»

هەســتا خەریک بوو بڕوا بەڕوو هەڵماڵاوی پێشــم لێ گرت و گوتم: «پێت نەگوتم ئەم گۆرانییە چ بیرەوەرییەکت دەخاتەوە یاد و ئەوەندەت ئازار دەدا؟»

چــڕژا، لێوی لەرزین، نێوچاوانی گرژکرد و گوتی: «لــەم دنیا پان و بەرینەدا هەموو کەس هێندێکی ڕازی ئەوتۆ لە سینەدا هەن کە بۆ نیزیکترین کەسیان ناگێڕێتەوە و دەگەڵ

خۆیان دەباتە ژێر گڵ. ئەم ڕازەی منیش لەوانەیە، تا ئێستا کەس لێی نەبیستووم. تۆش بیزانی چ قازانجت پێ ناگا و نەیزانی چ زیانت لێ ناکەوێ».

زانیم زۆر قەڵس نییە، بۆیە گوتم:

«نازانم بۆ ئەوەندەم پێ خۆشــە لەو ڕازە بگەم، بــەڵام ئەگەر درکاندنی زیانی بۆ تۆ هەبێ گرنەت لێ ناگرم».

زۆر توند کۆکی، دەستی بەسنگەوە گرت و دانیشتەوە و گوتی:

«پیــاو واز ناهێنـــێ، لە کۆڵم نابیتەوە، دەوەرە بۆت بگێڕمەوە: ئەو ســەردەمەی من لە تافی لاوەتیدا بووم، هێشــتا شــەڕی دووەمی جیهانی نەقەوما بــوو. دنیا ئەو هەموو ئاڵوگۆڕەی بەسەردا نەهاتبوو، ژیان زۆر ساکارتر بوو بەتایبەتی وڵاتەکەی ئێمە لە ئێستاش پاشکەوتووتر بوو. هیچ شارێکی کوردستان بەرق و کارەبای نەبوو، هێشتا لە دێهات چرای ڕۆن گەرچــەک و چۆڵە چرا مابوون و ئاگر بەبەرد و ئەســتێ هەڵدەکرا. هەرچەند تاک و تووک ئۆتۆمبێل بەڕێگا ناخۆش و ناهەموارەکانیدا ڕابردن. بەڵام هێشــتا باشــترین ماڵی سواری ئەسپ بوو. شازدە، حەڤدە ساڵە بووم کە دەستم لە خوێندن هەڵگرت و چوومەوە دێ. باوکم ئەسپێکی زۆر جوان و باش و تفەنگێکی ڕاویی دامێ، وەک هەموو دنیام هەبێ وا بوو، زۆرم شایی بەخۆ بوو.

هەموو ڕۆژێ بەیانی زوو سوار دەبووم و بەدەشت و مەزرادا دەگەڕام، پاش نیوەڕۆیانیش دەستم دەدایە تفەنگ و دەچوومە ڕاو.

پایز داهات کاروبار لە کەمێی دا، ڕاو خۆشــتر بوو، ڕۆژێک پیرە ڕاوکەرێک پێی گوتم کەو ڕەو دەســتی پێ کردووە، کەوێکــی زۆری تەرەکەمە لە فلان کێو کۆبوونەوە کە هەم ماندوون و هەم ناشــارەزا ڕاویان خۆشــە و کوشتنیان هاســانە، ئەگەر زوو لێیان وەخۆ نەکــەوی، بــەرەو گەرمێن دەڕۆن و لە کیس دەچن. بەیانی دەســتم دا تفەنگ و لە لاقانم وەرێنا و خۆم گەیاندە چیا. ڕاستی دەکرد وەک خیز و خۆڵی کەو لێ بوو، هەرچەن ناشی بووم و ڕاوم نەدەزانی و باشم نەدەنگاوت، دیسان زۆرم کوشت. ئێوارێ ماندوو و شەکەت، بەڵام شــاد و بەکەیف بەرەو مــاڵ بوومەوە یەکەم جار بوو توورەکــەی ڕاوێم ئەوەندەی نێچیر تێدابێ، لام دا سەر کانیاوێک کەمێک بحەسێمەوە. تەماشام کرد ڕەشماڵێکی گەورە لەسەرچاوە کانیەکە هەڵدراوە. ڕێگام بەبەر دەرکی تاوڵەکەدا بوو، دیتم کیژێکی باڵابەرزی، بەژن باریکی، گەندومی کوڵمە ســوور، چاو و برۆ ڕەش و کەزێ شــۆڕی زۆر جوان و ڕەزا ســووک لەبەر دەرکی چادر ڕاوەستاوە و تەشــی دەڕێسێ. لێی نیزیک بوومەوە، بەڕاستی

حەپەســام و پێم لە بەند چوون، بەشــەرمەوە سڵاوم لێ کرد. لام وابوو جوابم ناداتەوە و خۆی لە ژووریّ داویّ. کەچی بەڕووخۆشــی جوابی دامەوە، بەگەرمی بەخێرهاتنی کردم و گوتی: فەرموو لادە چامان سازە پیاڵەیەک چا بخۆوە. گوتم: ڕۆژم لێ درەنگە، ناگەمەوە، بەزیــاد بێ. بەڵام لە دڵی خۆمدا زۆرم پێ خۆش بــوو لادەم و هیچ نەبێ تاوێک لە بەژن و باڵا و ڕەنگ و ڕووی ئەم کیژە ناســک و نازدار و شــۆخ و لەبارە بفکرم، کە هەر ئەمجار چــاوم پێ کەوتــووە و نازانم خەڵکی کوێیە و کچی کێیە؟ خەریــک بووم بڕۆم و تێپەڕم دەستی بەسوێندان کرد و گوتی: نابێ بڕۆی. چوومە ژوور لە لامێردانی، لێفەیەکی خاوێنی بۆ لەســەر لبادان ڕاخســتم. چووە کولێنێ هێندەی فووی لــە قەننەی کەی کەوڵێک نان و جامێک شــیرێژ و ڕۆن و تاســێک دۆی ترشی ســاردی لەپێش دانام. بۆ خۆشی شانی وە دیرەگی تاولێ دا و ڕاوەســتا. تا پتری تێ دەفکریم زیاترم پێ جوان بوو نەمدەتوانی چاوی لێ بترووکێنم. ئەویش چاوی لە من نەدەتروکان، گوتم بۆ ڕاوەســتاوی دانیشە. بێ پەروایانە زۆر لە نیزیکم دانیشــت، ئەو لە من باو خۆشــتر بوو، ڕەنگبوو یەک دوو ساڵ لە مــن بەتەمەنتر بێ، ئەو گەورە کچ بوو و من مێرمنداڵ، دیاربوو لە دڵداریشــدا ئەزموونی زیاترە. وردە وردە، شــەرمم شــکا و لێم پرســی: ناوت چییە؟ کچی کێی؟ بەڕاشکاوی و بەدەنگێکی ســیحراوی گوتی: ناوم هەمینە، کچی پیاوێکی مەڕداری دەوڵەمەند بوو ماڵیان ڕێــگای چــوار ڕۆژی کاروانێ لێرەوە دوور بوو بەدوای لەوەڕگــەدا گەیبوونە ئێرە. گوتی: چوار بێریم دەگەڵن ناردوومنە ئاوردووان. خۆم پێ ڕانەگیرا گوتم: خۆشم دەوێی. بەنازەوە پێکەنــی و گوتی ئەیەڕۆ! (کەنگر و قوماش نابنە وێڵداش). کورتی ببڕمەوە لە ماوەیەکی کورتدا نامۆییمان لە نێواندا نەما.

بەڵێنی پێدام هەموو ڕۆژێ پاڵێنی بۆم بێتە بن بەردێک کە لەودیوی چادرەکەیان بوو. هەموو ڕۆژێ بێ نێوبڕ بەبیانووی ڕاو دەچووم یا باشتر بڵێم دەفڕیم بۆ ژوانگەکەمان. هەموو جارێ کە دەچووم ئەو لەوێندەرێ چاوەنواڕم بوو. بەهیچ زمانێک ناتوانم خۆشــی و شادی ئەو ماوەت بۆ بگێڕمەوە کە پێکەوە ڕامانبوارد. بەڵام خۆشــترین دڵداریم بووە. ڕۆژێکیان بەعادەتی ڕۆژان دەستم دا تفەنگ و لە بەندەن هەڵبووم. هەوراز و سەربەرەژێرم نەدەزانی. وەک بــا دەفڕیم، دەمەویســت زووتر بگەمە جێ ژوان، دەمەویســت زووتر چاوم بەچاوی (هەمین) بکەوێتەوە، دەمەویســت لەشە نەرم و گەرم و گوڕەکەی لە ئامێز بگرم. چاو لە چاوە جوانەکانی ببڕم. لێوە، ناســک و ئاڵەکانی بمژم. مەمکە تورت و خڕەکانی بگوشــم. دەمەویست گوێم لە دەنگە خۆش و ناسک و خەمڕەوێنەکەی بێ. خۆی بەقوربان و سەدەقە بکەم هەرچەن زۆر نیزیک نەبوو. بەڵام زۆر زوو خۆم گەیاندێ. پشــووم ســواربوو هەناسە

بڕکەم گەیشتێ. چوومە بن بەردەکە کەسی لێ نەبوو دڵم داخورپا، بۆ نەهاتووە؟ بۆ دیار نییە؟ لێم نەتۆرابێ؟ نا نا دوێنێ بەخۆشـــی لێک جوێ بووینەوە. ئاگام لێ بوو تا ئاوابوو چەند ئاوڕی ئاسکانەی لێ دامەوە. باوکی بەکەین و بەینەکەی نەزانیبێ؟ ئەو پرسیارانم لە خۆم دەکرد و وەڵامێکم بۆ نەدەدۆزرایەوە، دەتگوت: لەســەر پۆلان دانیشتبووم، حەجمینم لێ هەڵگیرا، ئۆقرەم لێ بڕا چیدی خۆم بۆ زەوت نەکرا. بەســینگە خشــکە لە بســتۆکە ئاوابووم، ئەودەمی زانیم چم لێ قەوماوە؟ ڕەشماڵ لە جێی خۆی نەمابوو داگەڕام بۆ جێ هەوارەکەی، لەوێ دانیشــتم. لێت ناشــارمەوە تێر و پڕ گریام و شینێکی باشم گێڕا، قەت هەمینم نەدیتەوە. نازانم ماوە یا مردووە؟ ئەگەر مابێ دەبێ ئەویش وەک من پیر و کەنفت بووبێ، بەڵام هەرگیز فەرامۆشــم نەکردووە و ئێســتاش لە خەیاڵدا وەک کچە جوانەکەی ئەودەمیم دێتە پێش چاو. ناتوانم بەخۆمی بســەلمێنم پیربووە و پیری دزێو و ناشــیرینی کردووە. سی ساڵ بەسەر ئەو ڕۆژەدا ڕابواردووە. منیش دنیام زۆر قوونەکەو کردووە و لە تاڵی و ناخۆشــییان ڕاهاتووم و ڕۆژگار خاڕاندوومی. بەڵام هەرچەن جارێک بەسەر هەواری خاڵیدا کەوتووم بەخۆم نەبووە گریاوم». مامە پیرە هەستا بڕوا لە حاڵێکدا کە گریانی لە ئەوکی گیرابوو و فرمێسکی لە چاواندا قەتیس مابوون، چەند هەنگاوێک ڕۆیشت و ئاوڕێکی لێ دامەوە و گوتی: «بۆیە گوتم ئەم گۆرانییە لێ مەدە!»

مەهاباد

لەوەتی تووشـــی ئاوارەیی بووم، لەوەتی وڵاتی خۆشەویســـتی خۆم بەجێ هێشتووە، لەوەتی لە یار و دیار و کەســـوکاری خۆم هەڵبڕاوم. هەموو ئێوارەیەک بێ نێوبڕ خەمێکی گران، ئاوازێکی بێ ئامان و ژان و بڕکێکی بێ دەرمان، ڕوو لە دڵ و دەروونم دەکا، ئۆقرەم لێ هەڵدەگرێ، ئارامم پێ ناهێڵێ و بڕستم لێ دەبڕێ.

ناتوانم لە ژووری دانیشـــم، پێـــم خۆش نییە کەس بەدەورمەوە بـــێ، حەز بەتەنیایی دەکەم، بێدەنگیم پێ خۆشـــە، پێم خۆشـــە ماوەیەک دەگەڵ خۆم، دەگەڵ هەســـتی خۆم ڕایبوێرم. هەور بێ یا ســـاماڵ، گەرم بێ یا ســـارد، خۆش بێ یا ناخۆش وەدەردەکەوم. کەمێک بەپێیان دەگەڕێم و بیردەکەمەوە. خۆ ئەگەر بتوانم لە ئاوەدانی وەدەربکەوم، کە لە گوێی کەنداڵێک، لەدەم ڕووبارێک، لەسەر بەردێک، لەبن دارێک دانیشم و لە ئاسۆ ڕامێنم، زۆر زوو سووک دەبم و دڵم دەکرێتەوە و جاری وایە هەست بەشادیش دەکەم.

لەم ڕۆژانەدا وەک هەموو ڕۆژێک پەژارە ســـواری شـــانم بوو، خەفـــەت دایگرتم، ئازار هێرشـــی بۆ هێنام، حەجمینم لێ هەڵگیرا و ناچار بووم وەدەرکەوتم. هەوا نەرم و خۆش بوو، لە ئاســـمانی ســـاوی زســـتانیدا پەڵەهەورێکی پچووکیش بەدی نەدەکرا. هەتاوی بێ تیشـــک و تین وەک تەشـــتێکی پڕ لە خوێن لە ئاســـۆیەکی دوورە دەست بەرەو ئاوابوون دەچوو. کێ دەزانێ ئەمڕۆ لەو دنیا پڕ شەڕ و کێشەدا خوێنی ڕژاوی چەند کەسی بێ تاوانی دیوە و ناڵەی چەند برینداری بەجێماوی بیستووە؟

جگەرەیەکم داگیرساند. بەجادەدا ڕۆیشتم. ئەوەندەی با نەدەهات دووکەڵی سیغارەکەم داڕفێنـــێ و گەڵای دارەکانی ئەم بەر و ئەویـــەری جادەکە ببزوێنێ. لام دا کۆڵانێک کە لە جادەکە ڕاســـتتر و ئارامتر و بێدەنگتر بوو. چـــەن ژن بەجلی ماڵێوە لەبەر دەرکێک لێک هاڵابوون، هەژدەر هەژدەر قسەیان دەکرد، قاقا پێ دەکەنین. بەکێ؟ بەچی؟ بۆچی؟ نازانم بەڵام خۆ هەموو کەس وەک من ئێواران خەمبار نییە. تا پتر هەڵدەکشـــام بێدەنگی زیاتر دەبوو.

سەگێکی گەڕۆکی، وریا و قووت و ڕەوەک کلکی لە گەڵۆزی گرتبوو، مڵ و مۆی دەکرد. قەپە کۆڵێکی گەورە لەولاتر لەســـەر چینچەکان هەڵترووشـــکا بوو، گوێی خشت بڕابوون پیر و کەنەفت بوو، لەبەر لاوازی هەموو پەراســـووی دەبژێران، لەمبۆزی بۆزی و بناگوێ و نێوچاوانی شوێنی کەڵپ و کۆنە برینانی پێوە بوو، دیاربوو ڕۆژگارێک دڕ و شەڕانی بووە. دێڵـــە بەبای لە گەماڵان بڕیوەتەوە، بەچی مەعلووم گورگی نەخنکاندووە، هێلکە و ڕۆن و کولیچەی نەخواردووە و خۆشەویستی خاوەنەکەی نەبووە؟ بەڵام کە ڕەو کەوتووە و کەلاکی داوە، ئینسان، ئینسانی بێ وەفا، بەڕەڵڵای کردووە!

چاوە پرووشـــکەکانی لەســـەر یەک دانابوون، دەتگوت بیر لە ســـەردەمی گوجووکی و جحێڵی و خۆشەویســـتی و بەدەســـەڵاتی خۆی دەکاتەوە. تێی ڕامام، زگم پێی ســـووتا، خەمی ئەویش بوو بەســـەر باری خەمانم. ژنێک لە پێچی کووچەیەک وەدەرکەوت، ژنێکی شۆخ و شەنگ و جوان و چەلەنگ و کۆک و پۆشتە، قژ زەرد و چاوکاڵ و سوور و سپی و ڕوومـــەت پان، باڵابەرز و بەژن باریک، مەمکە خڕەکانی، بلووزە تەنگ و تەنکەکەی هەڵدا بـــوو، بەلەنجەولار دەڕۆیشـــت ئەو هیچ ئاوڕی وەمن نەدەدا. بـــەڵام من چاوێکی کڕیارانەم بەسەرتاپای داگێڕا، هیچ ئەندامی لەشیم نەبوارد. دەڵێن «بەندەی بێ عەیب نییە» بەڵام من نەمتوانی هیچ عەیبانی لێ بگرم. دەرفەتم هەبوو تێی فکرم، من لە ڕۆیندا پەلە ناکەم، دەگەڵ ئەوەشـــدا ئەو نەیدەتوانی جێم بێڵێ. چونکە دەســـتی کچێکی پچووکی زۆر ڕەزا سووک و ژیکەڵە و پاک و خاوێنی بەدەستەوە بوو و پێ بەپێی ئەو دەڕۆیشت.

پشـــیلەیەکی ســـووربەڵەکی کوڵکن و قەڵەو لە ماڵێک هاتەدەر. دیاربوو خۆشەویستی کابانە، تێروتەسەلە، جێی گەرمە و پارووی نەرمە. کلکی قەف کردبوو، بەفیزەوە ڕاوەستا لووتـــی بەرزکـــردەوە. لە پڕ کچەکە دەســـتی ژنە جوانەکەی بەردا و ڕای کردێ. پشـــیلە نەبزووت، دەیزانی، پەنجە نەرم و نۆڵەکانی ئەم کیژە ئازاری نادەن.

ژنەکـــە وەپەلەکەوت، بەدەنگێکی زۆر ناســـک و خۆش هاواری کـــرد، ناوێکی ئەوەندە

خۆش و پیرۆز یا هیچ نەبێ بەلای منەوە، خۆش و پیرۆزی بەزار داهات کە وەک برووسکە لێم بدا لە جێی خۆم وشــک بووم. بەچاوترووکانێک نیزیکەی نیو چەرخی ژیانم، ژیانی پڕ تاڵی و سوێری، پڕ ل ڕەنج و کوێرەوەری، پڕ هەوراز و نشێوی خۆم وەبیرهاتەوە.

(گوێم بەهەڵە نەبیســت؟) ئەمە پرســیارێک بوو لە خۆم کرد. بەڵام شــۆڕە ژنەکە نەیهێشــت چیــدی دوودڵ بم. هەرای کــرد: «مەهاباد ڕۆڵە مەچــۆ دەترنێ!» ئیتر خۆم پێ ڕانەگیرا، وەک شــێتان ڕام کرد. پشــیلەکە لەبەر من هەڵات، کچەکەم لە ئامێز گرت و تێر تێرم ماچ کرد. باش بوو ئەم فریشــتە پاکە لێم نەترســا و نەگریا بەسەیرەوە چاوە جوانەکانی لە چاوم بڕی. دایکی بەزەردەخەنەیەکی پەرییانەوە لێم نیزیک بۆوە باوەشی بۆ کچەکە کردەوە، پێی گوت: «شــەیتان»؛ ئەمجار بەزمانی خەڵکی شارەکە سوپاسی منی کرد، بەکوردی گوتم: «من سوپاسی تۆ دەکەم کە ناوی وا شیرینت لە کچەکەت ناوە».

ئیتر ئەو پیاوە پیرە هەوەسبازەی چەن دەقیقە لەوەی پێش نەبووم، بوومەوە ئەو لاوە تازە پێگەیشــتووەی سی ساڵ پێش کە ســۆفیگەری سیاسیم دەکرد، کە بەچاوی برایانە تەماشــای هەموو کچە کوردێکم دەکرد. ئیدی بەچاوی هەوەس تەماشای ئەم ژنە جوانەم نەدەکــرد و وەک خوشــکی خۆم دەهاتــە پێش چاو. حەیف ئەو نەیهێشــت زۆر بەپاکی بمێنمەوە وەک هەموو ژنێکی بەپرســیار لێی پرسیم: «مامە خەڵکی کوێی» بەدرۆ جوابم داوە. درۆکەم هیچ زیانی بۆ ئەو نەبوو. بەهاســانی بڕوای کرد بەڵام من پێم خۆش نەبوو لەم دەمەدا درۆم بەزار دابێ و پاکییەکەم گەردی لێ بنیشــێ، چەن هەنگاوی تر پێکەوە ڕۆیشتین دەرکێکی کردەوە.

- نافەرمووی؟

- ئاوەدان بێ.

- خوا حافیز.

- بەخێرچی.

ئەو چۆوە ژوورێ، منیش ڕێی خۆم گرت چوومە بن ئەو دارەی کە زۆر ئێوارەی تریش لــە بنی دانیشــتووم. ئەم دارەی لە دوور وڵات بۆ من بۆتە «ســنگ صبــور» و زۆر جار پڕێســکەی دڵم لەبن کردۆتەوە. ئەم دۆســتە بێ زمانەی ئاگای لە زۆر ڕاز و نهێنی ژیانی ئاوارەیی من هەیە و دڵنیام کە کەس لێی نابیستێ.

جگەرەیەکی دیکەشــەم داگیرســاند. مژێکی توندم لێدا و کەوتمە نێو دەریای خەیاڵ. مەهابادە بچکۆلانەکەی دەمێ دیم وەبیرهاتەوە، خەیاڵم زۆر بەئەو نەگیرســاوە. چووە بۆ

لای شـــاری مەهاباد. ئەو شـــارە خۆشەویستەی کە نیشـــتمانپەروەرانی کورد تەنانەت لە وڵاتی غەریبیش کچی بەناو دەکەن. ئەو شـــارەی نیزیکەی پەنجا ساڵی تەمەنم لەوێ و لە دەوروبەری ڕابواردووە، ئەو شارەی شارەزای هەموو کووچە و سیلە و پەسیوێکی ویم. ئەو شارەی کە زۆر ڕۆژی خۆشم تێدا کردووە بەشەو و زۆر شەوی تاڵم تێدا کردووە بەڕۆژ.

ســـەرم بەماڵە هەموو خزمەکانمدا کرد. ســـەری هەموو دۆست و ئاشناکانم دا، هەموو شـــوێنە بەناوبانگەکانی شـــار گەڕام. گومبەزان، دەشتی عەلی ئاباد، کانی مام قەمبەران، تەپکی گڕاوان، تاقەدار، باغی سیسە و سێ ئاشانم وەک خۆیان هاتە بەرچاو.

کـــە ڕوانیمە خەزایـــی بەخەیاڵ لە بن ئەم تاقەدارە فڕیم و لە بـــن تاقەدارە پیرەکەی مەحموود کانی نیشـــتمەوە. لەپڕ شـــتێکم وەبیرهاتەوە کە لەمێژ ســـاڵە نەلێی دەترسم و نەبیری لێ دەکەمەوە. «مردن!» ئەو شـــتەی پیاوە هەرە ئازاکان لێی تۆقیون. ئارەزووم کرد پاش مردن لە بن ئەم دارە بنێژرێم.

هەودای خەیاڵم پســـا، هاتمەوە سەرەخۆ، بەخۆمدا شکامەوە، ڕەخنەم لەخۆم گرت و گوتم: «ئەمە چ ئاواتێکە مەگەر ئەتۆ نەبووی دەتگوت پاش مردن پیاو هەر چۆنێک بنێژرێ و لەهەر جێگایەک بشـــاردرێتەوە فەرق ناکا. تەنانەت دەتگوت هەق نییە مردوو زەوی لە زینـــدووان داگیر بکا. ئەگەر لەباتی هەر مردووێک نەمامێـــک بنێژرێ و کەلاکی مردووەکە بسووتێنرێ و خۆڵەمێشەکە لەبن نەمامەکە بکرێ تا پێی بەقەوەت بێ خزمەتی مرۆڤایەتی زیاتر تێدایە».

جوابی خۆم داوە:

«ڕاستە من وام گوتووە و ئێستاش پاش ئەوەی بەلێرەوارەکانی کوردستاندا گەڕاوم و ئەم ڕاســـتییەم بۆ ڕوون بۆتەوە کە بەداخەوە مردووەکان لە زیندووەکان باشتر دارستانەکانمان بۆ دەپارێزن، دیسان لەسەر بڕوای خۆم هەر ماوم. بەڵام ئەم ئاواتەشەم هەیە. پاش مردن خۆڵەمێشـــی من دەبن داری مەحموود کانی بکرێ تا بەخۆڵەمێشی من ئەم دارە بەقەوەت بێ کە کەس نازانێ چەن ساڵە بەقەدی کێوە ڕووتنەکەی خەزاییوە دیارە؟»

له ڕۆژێکی پاییزیدا

بۆ مامۆستا شلّماشی

پایزه ســـارده، ڕەشـــەبای پایز وەک قەدیمیان گوتوویانە چ بەسەر دەواری شڕ دێنێ! وەک هەمیشە باری سەفەر دەبەستم، توورەکەیەک پڕ لە کاغەز و قەڵەم و دوو سێ نان... کوڕگەل پێم دەڵێن نەوســـن، وەک پیرەمێرد کە لێی دەگێڕنەوە هەمیشـــە بابۆڵەی نان و کەبابـــی لە گیرفاندا بووە. منیـــش لە دەرەوە بابۆڵەی نان و پەنیرم لە گەڵدایە و گەرچی دەزانم هێندێک دوورتر، لە لادێ، دەرگای هەرماڵێک بکەیەوە پێڵاوت لەسەر چاوی خاوەن ماڵە. نانی گەرم و پەنیر، یان ماســـت و هەر خواردەمەنییێکی دی کە شک بەرن لە میوان شاردراوە نییە.

خەڵکی ئێمە دەڵێن میوان حەبیبی خوایە و تەنانەت هێندێکیش لەســـەر ئەو بڕوایەن ئێستا میوان دانەبەزیوە، ڕۆژی ئەو لەلایەن پەروەردگارەوە هاتۆتە ماڵەکەوە. دوای هێندێک ڕێ ڕۆیشـــتن، چەند لاپەســـێو و هەوراز و نشـــێوێک و دیتنی ڕوانگەی سروشت و دیمەنی جوانی ئاو هەوەڵین قۆناغم گوندێکە کە خۆم ناوم ناوە مەڵبەندی ئازایان. (شلّماش) بەڵێ شلّماش. لە داوێنی زنجیرە چیای هومل چەند ڕەشماڵ لە پەنا یەک دان و هێندێکیش جیا لـــە یەک، وێنەی گوندەکانی لێک بڵاوی هۆڵەند و دانمارک و بێروت. لەگەڵ خەڵکێکی ئازا و نەبەزیو و هەوڵدەر، ســـاڵ دوانزەی مانگ لە هەوڵ و تێکۆشـــاندان. لە هۆڵەند و پاریس

و لبنان و وارشەو، هەرچی شوێنی جوان و بەدیمەنە بۆم مەڵێن! کە دڵگیر دەبم، چونکە شڵماش لە سەرووی هەمووانە و لە هەمووی ئەوانە جوان و ڕازاوەتر و بەدیمەنترە.

لەوانەیە هێندێک کەس بەوە تاوانبارم دەکەن کە لە نووسین زیادەڕەویم کردووە و وەک دەڵێن قەڵەم لە دەســتی دوژمندایە، بەڵام من بۆ ئیســپاتی ئەو داوایەم چەند شاهیدێکم هەن، کە یەکێک لەوانە بولبولێکی مەهجورە و بەداخەوە ئێستا دەستم پێ ناگا ئەو ئێستا لەگەڵ هێندێک لە یاران لە وڵاتی غوربەت دایە... چاوەڕوانی ڕۆژێکە ئەو سەرماوســۆڵ و ڕەشەبایە لەعنەتییە لە وڵات بارکا و سرِ سیپاڵی تێک نێ و بۆ ئەبەد لەو وڵاتە گۆڕی گوم بێ، ئاخر ئەو پەروەردەی ئەو خاکە جوانەیە.

ئەو بولبولە دەنگ خۆشــە لە (ســەربانە و سابنێ و هۆمەرە و دارنیشان و چۆم پەمۆ) لەگەڵ گوڵاندا هاوئامێز و دەس لە مل بووە و ئەغیار وەک گورگی چاوبرسی بەغیلیان پێ بردووە، وەک بۆ خۆی پێی لێ ناوە لە (سەربانە) زۆر خۆشی ڕابواردووە.

لــەو بولبولــە دوور وڵاتە کە بگوزەرێین، ئەو باڵندانە کە لە کاتی گەڕانەوە بۆ گەرمێن بەسەر شڵماشدا تێ دەپەڕن شاهیدن. سەرقافڵەکەیان وەچانێک دەگرێ و هاواری هاواڵەکانی دەکا و دەڵێ: نیوەی ژیانی ئێمە لە سیاکێو بەفیڕۆ چووە، هاواڵان دەڵێن بۆچی، سەرقافڵە دەڵێ ســەردانەوێنن و تەماشــایێکی خوارەوە کەن و ئەو دیمەنە جوان و ڕازاوە ببینن. وا چاکە بچینە خوارەوە و پشــووێک بدەین. بەڵام بەداخەوە و دیســانیش بەداخەوە، کاتێک دێنە خوار و نزیکی زەوی دەبنەوە بۆیان دەردەکەوێ کە ســەرما و سۆڵێکی چۆن بەسەر ئەو مەڵبەندەدا زاڵ بووە و لەوەش خراپتر ئەو ڕاوچییە بێ بەزەییانە کە دەستیان لەسەر ماشــەی تفەنگە و ها ئێســتا گرمەی لێ بێنن ها تاوێکــی دی، ئەوەیە کە بەگورجی تێ دەپەڕن و لەچاو گوم دەبن و بەرەو گەرمێن دەڕۆن و دەڕۆن...

بەڵام بەهیوای ڕۆژێکن کە لە گەڕانەوەدا دوور لە چاوی ڕاوچی و ســەرما و ســۆڵ و ڕەشــەبا تاوێک لەو مەڵبەندە وچانێک بدەن. بەڵام ئێســتا ڕۆژ بەڕۆژ تووشــتر دەبێ و دەرەتانی ئەوە نییە.

بــەڵام بەهــار... ڕۆژی مەوعود... ڕۆژی دیداری یــاران، ڕۆژی یەکتر دۆزینەوە و چاو لێکەوتنی هاواڵان، ڕۆژێک کە سەرما و زمهەریری زستان دەڕوا و گۆڕی گوم دەکا، خۆزگە بۆ ئەبەد بایە! گوڵەکان ســەرلەنوێ ســەر لە زەوی دێننە دەرێ، لە جاران چاتر و زۆرتر و بۆن خۆشــتر، ڕێواس و مەندۆک و بیزا و کەما و گوڵە مێلاقە و وەنەوشــە... هەریەک لەلایەک.

ئـــەو کاتە شلّماشـــیش وەک هەموو مەڵبەندێکی کوردســـتان دەبێتەوە مەکۆی یاران، بولبولی دوور ولاتیش دێتەوە ماڵ و سەرلەنوێ بەدیداری گوڵ شاد دەبێتەوە.

دەڕوانمە دەورووبەرم لەژێر چنارە گەورەی ســـەرچاوی لە پێشـــەوەم هێندێک بەولاوەتر گوڕی پیرۆزی خوالێخۆشـــبووێک دەبینم کە بێ شک ئەهلی ئیمانە. مورشیدی گەورە مەلا حەمەدەمینی هەمەوەند، هەزاران فاتیحە و ڕەحمەت پێشکەش بەڕۆحی پیرۆزی و هەزاران هێنـــدەش لە کوڕە قارەمان و نەبەزەکەی، دەمەوێ قەڵەمەکەم بشـــارمەوە و... چی دی نەنووسم تا ئەو ڕۆژە... بەهار... بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا و بەشاردنەوەی قەڵەمیش سێڵاوی ئەســـرینم بۆ ناشـــاردرێتەوە. چونکە دەڵێن کاسە کە پڕ بوو لەســـەریەوە دەڕژێ، سەرم دادەنەوێنم و بەدزیەوە فرمێســـکەکانم پاک دەکەمـــەوە، هەتا ئەغیار لە ڕازی دەروونم تێ نەگەن و بەترســـنۆک و بێ ورەم دانەنێن. نا ئەمن... هەرگیز ترســـنۆک و بێ ئیرادە نیم وەک ئەو کێوەی پشـــتم پۆلایین و سەرکەشـــم. بەڵام ئێستا لێم گەڕێن بەو فرمێسکانە کە لە نووکی خامە دەڕژێنە سەر کاغەز، فرمێسکی چاوم بلێسەی ئاگری دەروونم بۆ ماوەیەک خامۆش کەم و وەک ئاگرێک لەژێر خۆڵەمێشـــدا لە کـــورەی دڵم ڕای گرم، چونکە دەزانم بەکزەبایەک دیسان ئەو ئاگرە بلێسەی لێ دێتەوە و سەرلەنوێ گڕ دەگرێتەوە.

هەتـــا بەهـــاری مەوعود، کە زۆر جوان و بەدیمەنە و دڵرفێـــن، هەتا ئەو ڕۆژە خواتان لەگەڵ. ڕەفیقان هیچم لێ بەجێ نەماوە و توورەکەکەم هەر لە شـــاندایە و کاغەز و قەڵەم و بابۆڵە نانەکە. دەڕۆیشـــم و دەڵێن دەڕوێش لەهەر جێگایەک شـــەوی بەســـەردابێ، لێی دەنوێ.

بەڵام لە خەویشدا هەر لە بیری هاتنی بەهار و دیتنی هاوالانم... و بێ دەرپێم و دەڵێن بێ دەرپێ هەر دوو گەزی جاو لە خەوێ دی...[1]

١٣٥٦/٨/٣٠

---

١ ـ ئەم نووسینەی هێمن موکریانی لە بنەڕەتدا نامەیەکە لە ٢٠ی خەزەڵوەری ١٣٥٦ی هەتاوی (٩ی تشرینی دووەمی ١٩٧٨) بۆ مەلا محەمەدی شلّماشیی ناردووە. سدیق ساڵح، گۆڤاری ئێستا، ژمارە ١٢، ئاباری ١٩٩٨

وەرگێڕان بۆ کوردی

شیری بەدەستێکەوە بو و هەتاوی بەدەستی دیکەوە

نووسینی: دوکتۆر سادق جەلالی

چیـــرۆک لە ماڵێکەوە لە کۆڵانـــی (دو دختران) لە بن پیرە چنارێکدا کە گەلێک مۆمی سووتاوی لە دەورە کەوتبوون دەس پێ دەکا.

(هۆمیرۆس) تەنیا هەر حەماسە بێژێک بوو، بەڵام فیردەوسی حەماسە بێژی فەلسەفە، مرۆڤایەتـــی و مێژووی گەلێک بوو، حەماســـە بێژی بیری پاکی ئینســـانان: پاڵەوانەکانی مێرخاس بوون لە سەرانســـەری ئیلیادیدا هەرگیز تووشـــی قســـەیەکی ئەوەندە ئینسانانە نابین:

شـــەرابی ئـــاڵ بخـــۆوە خوێنـــی خەڵـــک مەڕێـــژە
تـــۆ خاکـــی، وەک ئاگـــر تـــونـــد و تیـــژ مـــەبـــە
ئـــەم ئـــاوە ڕەنگینـــــەی بخـــۆیـــەوە باشـــــترە
لـــــەوەی پیـــرێـــژن تـــووکـــت لـــێ بـــــکا

نەزەری (برتراند راسیل) لە هەڵسەنگاندنی شانامە و ئیلیادەدا.

ناوی مەنســـوور کونیەی ئەبولقاسم فیردەوسی بووە: لە هەرەتی لاوەتیەوە دوو هەتاو

لە دڵیدا بەجووت تیشـــکیان داوێشت. خۆشەویســـتی نیشتمان و ئەوینی کتایونی. ئێرانی دەپەرســـت کە نیشتمانی لە مێژینەی بوو، کتایونی خۆشدەویست کە وەک گورد ئافەرینی ڕۆستەم نەشمیل و شێر دڵ بوو.

زەردەپەڕی، ڕۆژێکی بەهاربوو لە بەستێنی ڕووباری (باژ) لەسەر گابەردێک دانیشتبوو. هەتاوی جەنگەی زەردەپەڕی تەماشـــا دەکرد. خوێنـــی خۆر دەڕژایە نێو ڕووبارەوە. لاوی خوراسانی لەبن لێواندا دەیپرتاند:

- دەڵێی خوێنی سیاوەشە لە تەشتی زێڕیندا.

ئەمجـــار لە ڕێگایەکی چۆڵ و پێچاوپێـــچ کە بەکێوەکەوە دیار بوو ڕاما، نەســـوارێک ڕادەبرد، نە هەســـتی پێی ڕێبوارێک دەهات. ڕێگا چۆڵ و بەتاڵ بوو، لاوکوڵەی خوراسانی کە مێزەرێکی ســـپی بەسەرەوە بوو و لفکەکانی بەنێو شـــاناندا بەردابۆوە، لەبەر خۆیەوە گوتی:

- ئەدی بۆ مێرخاســـان و شۆڕەســـواران بەو ڕێگایەدا بەپرتاو لێ ناخوڕن؟ بۆ کوڕژنی ئەسپیان لەو شێو و وەرد و لانەدا دەنگ ناداتەوە؟ بۆ هەروا هەرایان کپە؟

پرســـیارەکانی بـــێ وەڵام مانـــەوە، لەباتـــی وەڵام دەنگێکـــی ناســـک و ژنانە گوێی زرینگاندەوە:

- ئیتر مێرخاس و شۆڕەسواران نابینی، پاڵەوانان لە شیرینی خەودان، هەڕەتی لاوەتی بەفیڕۆ مەدە شێعرت پێشکەشی بەژن و باڵای من بکە.

فیردەوسی ڕووی وەرگێڕا کیژێک بەکوڵمەی ئاڵەوە، بەبرۆی کەوانیەوە، بەچاوی ڕەشی وەک چاوی کارمامزەکانی (دەشتی ئاهوان) بەرەوڕووی پێ دەکەنی، دڵی گەشایەوە:

- ئیتر مێرخاسێک نەماوە.

- کتایون چەند تەنیا بووم!

کتایون دەســـتی لەژێر چارشێو دەرهێنا، دەسبەندێک زێڕ لە مەچەکە سپی و قەڵەو و پڕەکانیدا دەبریسکایەوە:

- ها مەنسوور ئەمە ئەو کتێبەیە کە دەتویست.

فیردەوسی لاو بەپەلە کتێبەکەی لە دەستی ڕفاند، بەرگێکی چەرمی کۆنی تێ گیرابوو، لەبەر پرشـــنگی مانگ کە تازە ســـەری لەگەڵ دەرهێنا بوو و دارستانی چڕ و پڕ و چیای بەرز و ســـەوزی دەنگاوت. چاوێکی بەلاپەڕە زەردەکانیدا خشاند، بەزەحمەت چەند دێری بۆ خوێندرایەوە:

«کاتێک بیژەنیان لە چاڵاوا هاویشت،
مەنیژەی کچی ئەفراسیابی پیر،
ئاگادار بوو و...
بەخەم و ئەسرینەوە هاتە سەر چاڵاو، شەو تاریک بوو. تاریک و بێ مانگ بوو.
ئەفراسیابی پادشای تووران لە غوڕابی خەودا بوو».

کتایون گوێی هەڵخستبوو، دەیەویست بزانێ پاش ئەوەی مەنیژە چووە سەر چاڵاو چ ڕووی دا؟ لەسەرەخۆ گوتی:

ئەم کتێبە چیرۆکی چەند خۆشی تێدا هەن.

فیردەوسی لەچاوە پرشنگ تێ چەقیوەکانی کچەکە ڕاما:

- چاوڕەشی خۆم! ئەم کتێبە چیرۆکی ژیان و ئازایەتی و تێکۆشانی کەسانێکە کە لەسەر ئەم خاکە ژیاون. تۆ نازانی زۆر ئەم خاکە هەڵاڵە و شلێر و سوێسن و بەیبوونی لێ دەڕوا، ڕۆستەم لە سیستانەوە بەرەو مازندەران ئەسپی ڕادەدا ئارەش لەسەر ترۆپکی ئەلبورز زێی کەوانی دەکێشا ئاگری ئاورگەکان نێڵەیان دەهات و...

- دەزانی ئەمڕۆ خەڵک چیان دەگوت؟

فیردەوسی دەستە نەرمەکانی لەنێو دەستی خۆی گرت و گوتی:

- ئاسکۆڵەی دەستەمۆی من دە بڵێ! بزانم خەڵک چیان دەگوت؟

- دەیانگوت باوکت لە خەودا دیتوویەتی تۆ لە سەربانێکی بڵند هاوار دەکەی و دەنگت دەگاتە هەر چوار لای جیهان.

فیردەوسی دەستی بەرەو ئاسمان هەڵێنا و گوتی:

- سەیرە، دەی چی دیکەش؟

- تۆ بڕوا ناکەی؟ باوکت لە مزگەوتی گەورە تەعبیری خەونەکەی لە (نجیب الدین) پرسیوەتەوە، ئەویش وەڵامی داوەتەوە و گوتوویە:

«ئەبولقاسمی تۆ ناوبانگ دەردەکا لە هەموو جیهاندا و لە هەموو ڕۆژگارێکدا». لاوەکە گوێی لەو قسانە گرت و کەوتە بیرکردنەوە.

لەو ڕۆژەوە کە دەچوو بۆ فێرگە ئاگرێک لە دەروونیدا بڵێسەی ئەستاندبوو، ئەم ئاگرە دەیسووتاند، دەیبرژاند، دەیکردە ژیلەمۆ، ئەم ئاگرە ئەستێرە بارانی دەکرد، ئەستێرە و ئەستێرە...

فیردەوسی خۆی دەخواردەوە، ڕەنجی دەکێشا، هەستی ئاگرینی دەمێک دانەدەمرکا.

لاو بوو، داوێن پاک بوو، نیشتمانپەروەر بوو، زانا و بەرزەفڕ بوو.

ئەگەر لەنێو شـــاعیرەکانی ئێراندا بگەڕێین، کەس لە فیردەوســـی مەزنتر نادۆزینەوە. حەماســـە بێژێک بوو کە تابلۆی دڵپاکان و مێرخاسانی دەکێشا. شێری بەدەستێکەوە بوو و هەتاوی بەدەستی دیکەوە. شێرەکەی جەرگی ناپاکی دەنجنی و هەتاوی دەروونی پاکانی ڕووناکتر دەکردەوە.

وەنییە هەر من و تۆ بیناســـین، کتێبە نەمرەکەی فیردەوســـی لە سەرانسەری جیهاندا ناســـراوە. لێرەدا کە برتراند ڕاســـیل، پاش لەبەر یەک ڕانانی حەماسەکانی فیردەوسی و «هۆمیرۆس» ڕاستگۆیانە دەڵێ:

«هۆمیرۆس تەنها حەماسە بێژێک بوو، بەڵام فیردەوسی حەماسەی مرۆڤ و مرۆڤایەتی دەژیاندەوە».

فیردەوســـی فەلسەفەی گەورەی ئینســـانی دەڕازاندەوە لەپێناوی ژیاندنەوەی مێژووی گەلێکدا تێ دەکۆشا و دەگەڵ جەبری زەماندا بەربەرەکانی دەکرد.

با بچین لەســـەر گۆڕە پیرۆزەکەی فرمێسک بڕێژین، کوڵ و کۆ دامرکێنین. لە بەرامبەر ئـــەوەدا چۆک دابدەین. بەپیاوێک هەڵبڵێین کـــە پاک بوو، مەزن و لە دوایی ژیانیدا تەنیا و دەس تەنـــگ بـــوو، داخدار و ملتەبار بـــوو کەچی بەو حاڵەوە گەورەترین حەماســـەی خوڵقاند. فیردەوســـی بەوپەڕی ئەوینەوە خەریکی هۆندنەوەی شانامە بوو. هەرچەند پێش ئەو (دەقیقی) دەســـتی بەو کارەی کردبوو. بەڵام تازە دەســـتی پێ کردبوو کە بەدەستی کۆیلەکـــەی خۆی کوژرا و کارەکەی بەناتەواوی بەجێ ما و فیردەوســـی درێژەی بەو کارە دا.

ئیتر کەم کەس ڕۆڵە وەرزێری تووســـی لە کووچە و کۆڵانان دەدی ئەو لە دەریایەکی قووڵ و بێ بندا، لە باوەش شـــەپۆلان باســـکی داویشـــتن. هەرچی لە کاری شانامەدا پتر دەچووە پێش وەک پشـــکۆیەکی شنە بیگەشێنێتەوە زیاتر گڕی دەگرت، بڵێسەی بەتینتر دەبـــوو، دنیا و ژیان و هەبوون و نەبوونی ئەو لە وشـــەیەکدا کۆکرابۆوە ئەویش «ئێران» بوو...

ڕۆژێک کتایون کچی چاوڕەشی خوراسانی کە کوڵمەکانی خڕ و خاڵ و چاوەکانی بادامی بوون و دوو گۆی بلوورین لەسەر سینگی دەلەرینەوە بەئەسپایی لە پلیکانی ئەو باڵاخانەی فیردەوسی تێ خزابوو سەرکەوت. پەردەی هەڵداوە کەمێکی تێ فکری. فیردەوسی خەریکی کاری خۆی بوو هیچ ئاگای لە دەورووبەری خۆی نەبوو، کتایون بەتەوسەوە گوتی:

- تۆ...؟! خۆزگە قەت ئەم کتێبەم بۆ نەدەهێنای. فیردەوسی بەو دەنگە ناسک و شیرین و پڕ توانجە ڕاچەنی و گوتی:

- ئاخ کتایون ئەوە ئەتۆی؟ گوڵی سەد ڕەنگم، دەگەڵ ئەم کتێبە کۆنە کە دوو هەزار ساڵ لە تەمەنی دەگوزەرێ وا خەریکم کە بڕوا بکە خۆشم لە بیرچۆتەوە. ئاخ تۆ نازانی چ خەزنەیەکی دارماڵە؟

شادی لە ڕوخساری فیردەوسیدا بەدی دەکرا. کتایون سوور هەڵگەڕابوو، بەشیرینی لێوە ئاڵەکانی دەگەست و بەناز گوتی:

- مەنسوور، بەهار دەشتی (تابران)ی گوڵباران کردووە. شینکە دەڕوێ، گوڵ دەپشکوێ هەور دەگری، هەموو لایەک پڕ لە جوانی و لە چریکە و گۆرانی و سترانە، بەڵام تۆ تەنانەت ئەوین و دڵداری و ژوانیشت لەبیر کردووە.

کتایون ئەم قسانەی دەکرد و هات لەکن دۆشەکچەی فیردەوسی دانیشت و بەتووڕەیی و نازەوە کاغەزەکانی تێک وەردان، دیار بوو ئێرەیی پێ دەبردن. دیسان بەتەوسەوە پێی گوت:

- تۆ لە بیرت چۆتەوە بەهار هەڕەتی شادی و دڵداری و خۆشی و ئاهەنگە.

فیردەوسی لە چاوە ڕەشەکانی کیژۆڵەی تووس ڕاما و بەئارامی گوتی:

- گوڵەکەم! سوێند دەخۆم بەخاڵی ڕەشی گۆشەی لێوت کە دەڵێی جادووە لەسەر کانی ژیان ڕۆنیشتووە. دنیا لەبەر پێی تۆدا دەبینم، سەرتاپات بەزێڕ و زێو دەڕازێنمەوە، تۆ نازانی شەوی ئەو شەو خەو بێ و لە چاوی من نەکەوتووە، چاوم وەک چاوی ئەستێران خەوی نەدیوە ئەوییکی بەتین لە مندا دەگوورێ، حەماسەیەکی نەمر لە مندا چەکەرەی دەدا. ئەی کچی باڵا بەرزی بەژن باریک تۆ نازانی.

کتایون ئارام ئارام سەری فیردەوسی لەسەر ڕانی خۆی دانا، دەستێکی بەکاکۆڵە ئاڵۆزەکانی داهێنا و گوتی:

- ئێستا ئارام بگرە بنوو سەر وەسەرینی ڕانە نەرمەکانی من بکە.

فیردەوسی بەنارە نارە گوتی:

- کە پەردەیان لەپێش هەتاو لادا.

- بەیان ئەنگوت و خەو زڕا،

دیسان گوتی:

- کتایون ئەو کتێبە تۆ دات بە من دەریایەکی مەند و قووڵە ئەو شانامەی بەدەستی

منەوە، ئاسمانێکی بەرزی پڕ ئەستێرەیە.

ئاگری ئێرەیی لە چاوە جوانەکانی کتایوندا بریسکایەوە و بەتووڕەیی گوتی:

ئەدی ئەستێرەکانی چاوی من؟

فیردەوسی کەزیە نەرم و درێژەکانی لە چەنگی گرت و بۆ لای خۆی ڕاکێشا و گوتی:

لە ئاســمانی چاوە ڕەشەکانی تۆدا هەزار ئەســتێرەی گەش دەدرەوشێتەوە. ڕووناک، پاک و بێ گوناهـ .

چاوەکانی تۆ دوو چرای ڕۆشــنی منن کە لەبەر ڕووناکی ئەواندا مرواریيە نەسماوەکانی شــانامە دەسمم و دەیانهۆنمەوە و بەرمووریێکی نایاب دروست دەکەم و لە ئەستۆی بووکی شێعر و خەیاڵ نا، لە ملی مێژووی ئێرانی دەکەم.

کتایون بەناز و شەرمەوە گوتی:

ـ ئەدی بووک و زاوایەتی ئێمە؟

فیردەوسی پێکەنی:

ـ بیســت ڕۆژی دیکە مانگی محــەڕەم دوایی دێ، جا پەنجــە بلوورینەکانت لە خەنە دەگرم، تارایەکی حەریری ســووری تەنکت بەســەر دادەدەم، پەردووت بەگوڵ و وەنەوشە دەخەملێنم.

کتایون لە خۆشیان وەک منداڵان شاگەشکە بوو و گوتی:

ـ دەی قسان بکە دەی، ئەو قسانەی تۆ چەند جوانن چەنە شیرینن.

فیردەوسی لە دوورە دەستەکانی دەشتی خوراسان ڕاما و گوتی:

ـ چاوە جوانەکەی تــۆ دەڕوانێتە بەرەبەبانێکی دوور، دوور دەڕوانێتە ئەو ڕۆژانەی کە گزنگ کەوت. ئیتر من نەماوم مەنسووری تۆ ئیتر بۆتە خاک و خۆڵ، بۆتە تۆزی ڕێگای ئەو کاروانانەی کە شــەودرەنگان لە دەروازەی تووس دەردەکەون بەڵام شانامەی من نەمرە. نا کتایون من نامرم، نامرم لە دواڕۆژدا دەزانن ئەو پیاوەی لە خوراســان ڕابوو، مەشخەڵێکی لە ئاگری زەرتەشت بڵێسەدارتری داگیرساند، لەبەر ڕووناکی ئەو مەشخەڵە، تۆوی ئەدەب، نا مێژووی ئێرانی چاند. هەتا هەتایە زیندووە و نامرێ.

کتایون! ئەو کاتی خەڵک دەڵێن: ئەو پیاوە لە ســاڵی ٣٢٩ ی کۆچی هاتە سەر دنیا. ڕۆڵە وەرزێرێکی پاک بوو. نیشــتمانی خۆی دەپەرســت بای نەورۆزی لە شنەی بەهەشت پێ خۆشــتر بوو. بێ پەروایانە لە دەریای شێعردا مەلەی دەکرد، بەئیرادەیەکی مەحکەم، مەحکەمتر لە چیا بەدۆڵ و شــێو و ڕکە و بەردەڵاندا ڕادەبرد، لە ســەرما و گەرما لە دێو

و درنج نەدەترســا: نەبەزی تا گەنجینەی شــێعری دۆزیەوە و پێشکەشی خەڵکی جیهانی کرد!

- من ئیدی نامرم زیندووم، تۆوی شێعرم چاندووە.

ڕۆژ هاتن و ڕابردن، ســاڵ بەسەرچوون، چۆن ساڵانێک؟ ئەو ساڵانەی ژیان و تەمەن و ماڵ و سامانی فیردەوسییان وەک حەزیا هەڵدەلووشی.

ماڵ و سامان و زێڕ و زیوی نەمابوو، بەرەو پیری دەچوو بێ هێز و کەنەفت بوو، گنج و چین ڕوخســاریان داگرتبوو. بەڵام بەدەستی ئەو شوورەی کۆشکێکی بەرز داڕێژرابوو کە بەختێکی نوورانی لەسەر دەرکەکەی نووسرابوو:

«کۆشــکە بەرزەکان وێران و خاپوور دەبن، بەری با و باران و گەرما و سەرما ناگرن، من کۆشکێکی بەرزم لە نەزم دامەزراند کە با و باران زیانی پێ ناگەیەنن».

ورده ورده، تەمەنی فیردەوســی بەرەو ژوور دەچوو، پیــری پەلاماری دەهێنا، هیچی نەما بوو، بەڵام بەو حاڵەشەوە شەو و ڕۆژی لەکن نەبوو هەمیشە سەری بەسەر شانامەی (ئەبو مەنســوور)دا دادەگرت و چیرۆکە کۆنەکانی دەخوێندنەوە و دەیهۆندنەوە تا پیری و دەستەنگی بەجارێکی شپرزەی کرد:

- ئەی ئەوەی ئەو چەرخە بەرزەت ڕاگرتووە!
- بۆچی بەسەری پیری منت هەژار کرد.
- تا لاو بووم چاکترت بەخێو دەکردم.
- بەپیری سووکت کردم.
- ڕۆژگار لەباتی جڵەو، وەکازی لەدەست نام.
- ماڵەکەم بڵاو بوو و حاڵەکەم شێوا.

فیردەوســی پەنجا و هەشت ساڵە بوو کە بیستی سوڵتان مەحموودی غەزنەوی چۆتە سەر تەختی پادشایەتی، بەبیری داهات شانامەی بەناوی ئەوەوە بکا، بەڵام نەیدەزانی ئەو پادشایە زۆر بەدفەڕ و خراپ و هەق نەناسە.

لەو ســەردەمەدا ئاسمانی بەرزەفڕی فیردەوســی بەرەو تاریکی دەچوو، ئەستێرەکانی یەک یەک ڕادەخوشان بەردەبوونەوە و دەکەوتنە سەر خاکی نەهاتی و داماوی.

کارەســاتێکی تاڵ و ناخۆش بوو، پیرە وەرزێری خوڕاســانی لەسەر ترۆپکی ناوبانگ ئەوەنــدە هەژار و نــەدار ببوو کە ئیتر دووکەڵی لە ماڵی هەڵنەدەســتا و ئاورگی لە دڵی ناهومێدان ساردتر بوو، لە پێناوی نیشتماندا تۆزکاڵ تۆزکاڵ دڵ و گیانی خۆی خستە ژێر

پێی مێژوو و حەماسەوە تا تواوە.

لە کاتێک کە زمان لووسـی بێ مایە، لە بارەگای سـوڵتاندا زێڕ و زیویان وەسەر یەک دەنا، ئەو لە ئاگری نیشـتمانپەروەریدا دەسـووتا و جگە لە خەم و فرمێسـک و هەناسە بەشێکی نەبوو، بەو حاڵەشەوە هێشتا دوودڵ بوو:

- چ بکەم ئایا شانامەی بەدیاری بۆ سوڵتان مەحموود بەرم؟

- ئایا داچێندراوی سەوز و شین و جوانی خۆم بە کێ بسپێرم؟ ئەوانە نە قەدری زانست دەزانن و نەهەست دەکەن چ ئاگرێکی نەمر لە دڵی مندا بڵێسەی ئەستاندووە.

لەو سـەروبەندەدا دەردێکی گرانی دیکەی وەک نەشـتەر، لە دڵ ڕاچوو. ڕۆڵە سـی و حەوت سـاڵەکەی نەخۆش کەوت. نەخۆشییەکەی درێژەی کێشا، لەسەر سەرینی ئەو لاوە دوو دڵ دەکوڵین و دەیانکورکاند. دڵی کتایون و دڵی ئەبولقاسمی فیردەوسی.

شەوێکی ڕەش و تاڵ و گرژ و مۆن بوو، سێبەری مەرگ بەسەر سیمای لاوەکە کشابوو، کتایون یەک بەخۆی قیژاندی:

- تەماشای کە هیچ دەنگ نایە، هەموو بێدەنگن هەموو خامۆشن، هەموو مردوون، ئێمە برسین، تەواوی ماڵ و سامانی خۆت دانا تا چیرۆکی ڕۆستەم و سوهراب و بیژەن و مەنیژە و سـوودابە و سـیاوەش و کیومەرەس و هۆشەنگت کردە شێعر، تۆ چت پێگەیشت؟ چت بۆ ماوەتەوە؟

فیردەوسی هیچی نەگوت هەر چاوێکی لێ کرد، لە نیگای ئەودا تێشکان و لێقەومان و دەرد و ژان پەنگی خواردبووەوە. ئەو چی بەو ژنەی کە لەگەڵی پیر ببوو و بەو لاوەی کە مەرگ دەستی لە ئەوکی نابوو گوتبایە؟

هێشـتا شـەو پەڕ و باڵی ڕەش و شـوومی هەڵنەوێزنیبوو کە کوڕ پشووی لێ بڕا و پیرەمێرد داخدار و تازیەبار بوو:

«من تەمەنم لە شێست و پێنجی هەڵبوارد،
ڕەوا نەبوو بەزێڕ و زیوی بگۆڕمەوە،
مەگەر سوودێک لە پەندی خۆم وەرگرم،
بیر لە مەرگی ڕۆڵە خۆشەویستەکەم بکەمەوە
نۆرەی من بوو بڕۆم ئەو لاوە ڕۆیشت
لەبەر دەردی ئەو لاشەی بێ گیانم».

لێرەدا بوو کە ناچاری تەنگی پێ هەڵچنی و قورسـایی باری کارەسات شانی چەماند،

شانامەی کە ئاوێنەی ڕەنج و ئەوین و هەستی بەتینی خۆی و ئازایەتی و مێرخاسی دلێرانی ئێران بوو بەناوی ســوڵتان مەحموود تەواو کرد. لەو کارەدا ئەبولعەباســی فەزلی کوڕی ئەحمەد نەخشێکی گرنگی هەبوو.

لــە کۆڵانی (دو دختــران) لەژێر پیرە چنارێک کە گەڵێکی مۆمی نیوەســووتاوی لەبن کەوتبوون، پیاوێک کە سەر و ڕیشی هەموو سپی ببوو شەوێک دەستی کتایونی بەدەستە لەرزەکانی گرت و گوتی:

- شانامە تەواو بوو هەتاوی لاوەتی من و تۆش ئاوا بوو! ، کتایون کە کوڵمەکانی چرچ و بێ ڕەنگ و چاوەکانی پرووش ببوون گوتی:

- لەو ماڵەدا هێشتا مۆمێک دائیسێ.

- هێشتا ژیان درێژەی هەیە.

- هێشتا دڵێک لێ دەدا.

فیردەوسی زەردەیەکی خەمناکانەی هاتێ، خەمناکانە بەڵام بەرزەفڕانە و گوتی:

- ئەو مۆمە هێشتا ڕۆنەمرکاوە، ئێستا هەزار شێعر، شێست هەزار زێڕی پێ دەدەن.

بەیانی پیری چیرۆک بێژ بەرەو غەزنەین کەوتە ڕێ. فەزلی کوڕی ئەحمەد لەســەر کار نەمابوو و دەرکرابوو، خاوەنی شانامە لە بارەگای سوڵتان مەحموود دۆست و پشتیوانێکی نەبوو کێ ئەو چارەنووســە دەناســێ؟ ئایا پیاڵەی بەرزەفڕی و خۆڕاگری پیاوە نەمرەکان بەدەســتی کێ دەشکێ؟ بۆ چارەنووسی کەڵە پیاوان، زانایان و هونەرمەندان هەر تاریکی و تاریکییە؟

فیردەوســی بەپلیکانی مەڕ مەڕی کۆشکی سوڵتان مەحمووددا سەردەکەوت، سەربەرز بــوو وەک هەڵۆکانی دوندی چیا، شــانامەی وەک خەزنەیەکی دارماڵ لە گەوهەر و دوڕی نایاب لەبن هەنگڵدا بوو، شــانامە نەبوو، ئاوێنەیەک بوو کە دیمەنی ئاوات و ئارەزووەکانی لاوەتی و ڕەنج و ژان و دەرد و کوێرەوەری پیری خۆی تێدا دەبینی. تەمەنی لە هەشــتا نیزیک ببووەوە، دەســتی دەلەرزین و شــانامەش گران بوو بەقەد گرانایی مێژووی کۆنی ئێران. هێزی کەم بوو، ئەژنۆی دەلەرزین، چاوێکی بەدەوروبەری خۆیدا گێڕا:

- کوان قارەمانەکانی من؟ پاڵەوانەکانی شانامە لەکوێن؟ کوان گیو و گودەرز و ڕۆستەم و تووس تا باسکی من بگرن؟

حەکیم ئەبولقاســمی فیردەوســی لە بارەگای سوڵتان مەحموود ڕاوەستا بوو. سوڵتان بەڕێزەوە تێی ڕاما شــانامەی کە لە حەوت بەرگدا بەخەتی عەلی دەیلەمی نووســرابوو لێ

وەرگرت و چەند شێعرێکی خوێندەوە و ڕووی گرژ کرد و گوتی:

ـ ئەوەیە شانامە؟

ـ فیردەوسی وەڵامی دایەوە:

ـ ئەوەیە چیرۆکی کۆنی مێرخاسان و گەورە گەورانی ئێران.

ـ بەڵام من جگە لە باسی ڕۆستەم هیچ لەو کتێبەدا نابینم، لە لەشکری مندا هەزار پیاوی وەک ڕۆستەم هەیە.

فیردەوسی سەری هەڵێنا، ملی قەف کرد، سینگی دەرپەڕاند، ڕاستەوخۆ و بێ پەروا چاوی لە سوڵتان مەحموود بڕی و گوتی:

ـ نازانم لە لەشکری سوڵتاندا چەند پیاوی وەک ڕۆستەم هەیە؟ بەڵام ئەوەندە دەزانم دایکی ڕۆژگار ڕۆڵەیەکی وێنەی ڕۆستەم نەدیوە.

ئەوەی گوت و ئیزنی وەرگرت و ڕۆیی، سوڵتان مەحموود بەوەزیزەکەی گوت:

ـ ئەو پیاوە بەمنی گوت درۆزن، بەڵام من بەو حاڵەشەوە لەسەر ئەوەم جایزەکەی بدەمێ.

زۆر شەوان شانامەیان لە کاتی خەودا بۆ سوڵتان مەحموود دەخوێندەوە. بەڵام ئەو ناڕەحەت دەبوو، ئێرەیی ئازاری دەدا، ئازایەتی و پاڵەوانی و داوێن پاکی قارەمانانی شانامە دەیڕەنجاند هێندی ڕق هەڵدەستا وەختابوو شێت بێ.

لە ئەنجامدا دووزمانی پیاوخراپان کاری خۆی کرد. ئایا ئەوە خواجە حەسەنی میمەندی بوو کە ئەو کارە دزێوەی کرد و بەسوڵتان مەحموودی گوت: «قوربان! شاعیرێکی وا هەر دەبێ چەند درەمی بدرێتێ»، سوڵتان مەحموودیش بیست هەزار درەمی زیو جایزە بۆ نارد. ئاگری ڕەقی فیردەوسی بڵێسەی سەند، هەستی کرد ناپیاوان دەیانەوێ بیشکێنن بەڵام ئەو وەک کۆنە شوورێکی قایم خۆی ڕاگرت و هەرەسی نەهێنا. لە تووڕەیی سوڵتان نەترسا بەماندوویی و ڕق هەستاوی چووە حەمام. تەواوی دراوەکانی دا بەکیسەکێش و ئاوگر و حەمامچی و لە غەزنەین وەدەرکەوت و سەری خۆی هەڵگرت.

ئەو گەورە پیاوە شار بەشار ڕای دەکرد و سێبەری شوومی پیاوەکانی سوڵتان مەحموودی بەشوێنەوە بوو. تا خۆی گەیاندە مازەندەران ئەو مەڵبەندی کە زۆر لاپەڕەی شانامەی پڕ کردۆتەوە.

شەوی تاریک بوو، زەنگی کاروان دەشتی بێدەنگی پڕ زرینگ کردبوو، فیردەوسی لە مازەندەرانڕا بەرەو خوراسان دەچۆوە. کە گەیشتە دەروازەی (تابران) لەرزی و فرمێسکی

گەرمی بەرپیشی سپیدا هاتە خوار و لەبن لێواندا گوتی:

- کــوا لاوەتی من؟ بۆ کوێ چــوون پاڵەوانەکانی من، هەموو ئاوابوون. ئاســـمان بێ ئەســـتێرەیە و وجوودی من بەتاڵ و بێدەنگە. ئێســـتا تەمەنم نیزیک هەشتا ساڵە، هیوام بەجارێک با بردی.

ڕۆژی دیکە تێپەڕبوون، ســـاڵی تر بەســـەرچوون، تا لە بەرەبەیانی ساڵی ٤١١ یا ٤١٦ ی کۆچیدا، باڵندەی زامدار، ئەســـتێرەی شـــکاو و ئاوێنەی تۆز گرتـــوو و هەتاوی گیراو، خراپە و دووڕوویی و فێڵبازیەکانی ئەم جیهانەی لێ ون بوون و مرد. دەنگێک لە ئاسمانی خوراسانەوە هات: فیردەوسی مرد، خوای شێعر مرد! .

یـــاری ڕۆژگار ببینن، هەر لەو ڕۆژانەدا بوو کە ســـوڵتان مەحموود پەشـــیمان بۆوە و فەرمانی دا تا شێست هەزار دیناری زێڕ بۆ فیردەوسی بنێرنە تووس.

ئەمە گاڵتەی درێوی ڕۆژگار بوو، زێڕەکانیان گەیاندە بەر دەرکی فیردەوســـی کچەکەی کە لە شینی باوکیدا فرمێسکی دەڕشت و مووی دەڕنێوە کە جایزەی شانامەی چاو پێکەوت وەک شێتان پێکەنی و بەتووڕەیی گوتی:

- بڕۆن، بڕۆن نامەردینە، ئەو بەخششـــە بەرنەوە خەزنەی ســـوڵتان، من هەرگیز وەری ناگرم! لێ گەڕێن با گیانی باوکم لە ئاســـماناندا هـــەروا بەرزەفڕ بێ هەروا بەرزەفڕ بێ... بەرزەفڕ.

ئەو جۆرەی بتەوێ

شەکسپیر

ڕۆژگارێــک بــوو وڵاتی جوان و دڵگر و کانگەی ئەوین و دڵداریی فەرانســە، بەرەڵڵا و هەرکەس هەرکەس بوو، کەس سەری بۆ کەس دانەدەنواند، کەس بەرپەی کەسی نەدەپێوا، هــەر لایەی بەدەس میر و مەزن و دەرەبەگێکەوە بــوو. لە ناوچەیەکی ئەم وڵاتە میرێکی زۆرداری، داگیرکەری، دڵڕەش فەرمانڕەوایی دەکرد. کە دەســەڵاتی مەزنایەتی لەدەســت براکەی خۆی دەرێنابوو، مڵک و ماشی لێ بڕیبوو.

ئــەو میرە لەدەس پیســی و ناپاکی وماڵپەرســتیدا وێنە و هاوتــای نەبوو. براکەی خۆی کە تا ڕادەیەک لەنێو خەڵکدا ناخۆشەویســت بــوو، دەرکردبوو. برای زۆر لێکراوی، لێقەومــاوی وەدەرنراو پەنای بۆ لێرەواری دوورە دەســت و چڕ و پڕی «ئاردن» بردبوو. لەوێ دەگەڵ چەند دۆســت و ئاشــنا و لایەنگری خۆی ژیانێکی شاد و ئازاد و بێ دەردی سەریان ڕادەبوارد.

وردە وردە ئۆگــری ژیانی ســاکاری جەنگەڵ بوو، خەم و پــەژارەی بەدیتنی دیمەنە جوانەکانی خۆرســک دەرەواند. ئاوی ســارد و ڕوون و بێ خەوشی کانیاوی دەخواردەوە. هەوای خاوێن و سازگاری زەنوێرانی هەڵدەمشت، کارگ و ڕێواس و گواردە و شیر و پەنیر و لۆرک و کەرە و هەنگوێنی کوێستانی لە چێشتە چەور و سوێر و تیژەکانی کۆشک باشتر پێ دەکەوت. دەرد و دەغەزی دەپەڕاند و ئازار و نەخۆشیی نەدەهێشت ڕۆژ بەڕۆژ ژمارەی،

لێقەومــاو و دەرکراو و ڕاونراوی پتر لێ کــۆ دەبوونەوە و دەوری قەوغاتر دەبوو، وەڕەزی زیاتر دەشکا و مەترسی کەمتر دەما.

ئەو میرە دەرکراوە کیژێکی هەبوو، تا حەز بکەی نازدار و لەبار و وریا و زانا و وشیار بوو. ئەوەندە گفت و لفت خۆش و خوێن شیرین بوو کەس نەبوو بەدڵ خۆشی نەوێ، نێوی «ڕوزلیندا» بوو.

ڕۆزلینــدا لەوە ڕۆژەوە باوکی بۆ پاراســتنی پەنای بردبووە «ئــاردن» لە ماڵە مامە بەدفەڕەکەیــدا مابۆوە. تا ئاودەنگ و هاودەمی «ســلیا»ی کچی مامی بێ. ئەو گلدانەوە هەرچەند ڕۆژەکانی هەوەڵ سەخت و تاڵ و ناخۆش بوو، بەڵام ئەو جووتە کچە زوو ئۆگری یەک بوون و بوونە دۆستی چاک و پاک و گیانی یەکتر.

چیرۆکی ئێمە لێرەوە دەس پێ دەکا، «ڕوزلیندا» ڕۆژێک وەک ڕۆژانی پێشــوو، لەبەر پەنجەرەی ژووری «ســلیا» بەوەڕەزی دەســتی وەبەر چەنەی هەڵدابوو و بیری لە ژیانی پچڕاو و هەڵوەشــاوەی خێزانــی خۆیان دەکردەوە و «ســلیا»ش بەپەنجە نەرمۆڵەکانی دۆستانە پرچە خاو و جوانەکانی دادەهێنا.

لەو کاتەدا خزمەتکارێکی ئەمیر هاتە ژوور و پەیامی ئەمیری بۆ هێنان و گوتی:

ئێســتا ئەمیر دوو پاڵەوانان بەگژ یەکدا دەکا دەفەرمووێ ئەگەر وازیان لێیە ئەوانیش بێنە تەماشا.

لەو سەردەمەدا باو بوو کە پاڵەوانان لە پێش چاوی میر و گەورە گەوران زۆرانبازی بکەن و ئەوانیش بەفیزەوە لە ســوێیان ڕاوەســتن و ئەم کارە دزێوە و ناپیاوانە مایەی ڕابواردن و ســەرگەرمی و دڵخۆشی ڕەسەنزادە بەدەســەڵاتەکان بوو. «ڕوزلیندا» و «سلیا»ش کە زۆر وەڕەز و دڵتەنگ بوون بۆ تەماشــا چوون. بەڵام بەداخەوە دیمەنەکە لەباتی وەڕەزیان بشکێنێ پتری خەمبار کردن. چونکە دیتیان مێر منداڵێکی ڕیوەڵەی، باریکەڵەی شووش و گشت خەریکە ئامبازی لەندەهۆرێکی مل ئەستوور و سینگ پان و دێوەزمەیەکی بێ کلک و شاخ و بەشان و باهۆ و بێ ڕەزا بێ.

جیاوازیی تەمەن، وێک نەچوونی لەش و ئەندام، نیشــانەی کارامەیی و ئەزموون، دیار و بەرچاو بوو. هەموو کەس دەیتوانی بەهاسانی ئەنجامی ئەم بەگژیەکداچوونە نابەرامبەرە خەفەتبارە پێشــبێنی بکا. کەچی لاوەکە هیچ نیشانەی ترسان و بزرکان و تێشکانی پێوە دیار نەبوو دەتگوت، لێی ڕوون و ئاشکرایە، زاڵ دەبێ و سەردەکەوێ و ڕووسوور دەردەچێ و بزەی هەر لەسەر لێوان بوو.

«ڕوزلیندا» زۆر پەشێو و خەمبار بوو، ئارام ئارام لە کوڕەکە چۆ پێش، نیگای دڵرفێن و سیحراوی تێ بڕی. بەزمانێکی نەرم و شیرین پێی گوت:

«دەس لەم کارە منداڵانە و شێتانە هەڵگرە، چونکە ئەم کابرا زل و زەبەلاح و بەهێزە لەوانەیە نەتهێڵێ و ژیانی لاوەتی تۆ بخاتە مەترسییەوە».

لاوە نەناسیاوەکە بەئەدەبەوە گوتی:

«داخـــی گرانم ناتوانم پەنـــد و ئامۆژگاری ئەم کچە نازدارە لە گوێی بگرم. من بڕیاری خۆم داوە، بەرەنگاری دەبم، ئەگەر سەرکەوتم شانازییە و ئەگەر تێداچووم، لەم دنیا پان و بەرینەدا تاقە کەسێک نییە دەنکێک فرمێسکم بۆ بڕێژێ!» لە حاڵێکدا چاوی بەتاسەوە لە چاوە پڕ شەرم و جوانەکانی کچەکە بڕیبوو گوتی:

«تەنیا ئاواتم ئەوەیە دڵسۆزی و خەمخۆری تۆ پشتیوان و هاندەرم بێ».

زۆرەوانێ دەس پێ کرا، «سلیا بەئاواتەوە بوو لاوی نەناسیاو سەرکەوێ. ڕوزلیندا دەس بەدوعا بوو و دەپاڕاوە خودا لاوەکە لە شـــەڕی ئەم لوزەندەرە بپارێزێ. بەتایبەتی ترســـی جوانەمەرگی ئەو پەریشان و هەراسانی کردبوو. تێ گەیشتبوو ئەم لاوەش وەک ئەو بێکەس و بێ پەنایە دڵەکوتەی گرتبوو، بۆ یەکەم جار لە ژیانیدا هەســـتی بەشتێک لە دڵی خۆیدا کردبوو، ئەویش هەستی ئەوین بوو».

بەپێچەوانەی بۆچوونی تەماشـــەکەران لاوی مێر منداڵ کە لەبەر کابرای بەگەد و گیپاڵ نـــەک هەر خـــۆی لەبەر ڕاگرت و چەقی، بەڵکو بەرســـینگەی لێ بڕیـــەوە، مەچەکەی لێ ئەنگاوت، ســـەر سمتەی دا و باو لەســـەر باوی هێنایە. تا کابرا بڕستی لێ بڕا شل بوو و فێڵی پێ نەما. ئەمجار بەهەردوو دەست بەرزی کردەوە و بەڕقەوە وای لە تەختی هەردی ڕاکێشا کە چوار پەلی هاوێشت و لەجێی نەبزووت و پشووی لێ بڕا.

چەپڵەڕێزان، هۆریاکێشان، دەنگی ئافەریم، دەستت نەڕزێ، باوکم دەبەرت مرێ، ڕووی دایک و باوکت سپی بێ بەرز بۆوە. میر خۆی پێ ڕانەگیرا لاوەکەی بانگ کرد و لە ڕەسەن و بنەچەکەی پرسی:

«وەڵامی داوە کوڕە گچکەی (سیر رولاندبز)م. ئەمیر جڕژا، گرژ بوو، ڕووی لێ وەرگێڕا. باوکی دەناسی و دەیزانی یەکێک لە دۆستانی نیزیکی براکەی بوو».

بەڵام پلەی خۆشەویســـتی «ڕوزلیندا» بەرزتر بۆوە و لە حاڵێکدا کە لە بنەوە دەستی «سلیا»ی دەگوشی گوتی:

«باوکم باوکی ئەم کوڕەی زۆر خۆش دەویست و متمانەی تەواوی پێ هەبوو». ئەگەر

دەمزانی ڕۆڵەی ئەو پیاوچاکەیە بەهیچ بارێک نەمدەهێشـــت توخوونی ئەو غوولە بکەوێ. بەپاڕانەوە بەئاهـ و فرمێسک داوێنم دەگرت و وازم پێ دەهێنا.

هەردووک چوونە لای کوڕەکە کە لە بێ مەیلی میر دڵی یەشـــا بوو، زۆریان لاواندەوە و دڵخۆشـــی دایەوە. کە هاتن بڕۆن «ڕوزلیندا» زنجیرێکی لە گەردنی بلوورینی دەرهێنا و لە مستی نا و گوتی:

«ئەم یادگارە پچووکەم لێ وەرگرە. من لە ماڵی دنیا چیدی شک نابەم، دەنا تۆ بۆیە دەبووی دیاری زۆر بەنرخترت پێشکێش بکەم.»

٢

(فرەدریـــک) فەرمانڕەوای داگیرکەر کە وەفای «ڕوزلینـــدا»ی دەگەڵ لاوەکە بینی و لەلای دیکەوەش باسی چاکی و پاکی و بەبەزەیی و بێ ئازاری پێ ڕاگەیاندبوو. بەڕقدا چوو و هاتە سەر ئەوەی برازاکەی لە ماڵی خۆی دەرکا.

ڕۆژێک کە دەگەڵ «ســـلیا» دانیشتبوون وەژوور کەوت و بێ شەرمانە و ناپیاوانە پێی گوت: هەر ئێســـتە دەبێ لێرە بڕۆی! هەرچی «ســـلیا» پاڕاوە و لاڵاوە و گریا و دەست و داوێنی باوکی بوو سوودی نەبوو. ناچار تکای لە باوکی کرد مەر! بدا ئەمشەوەش پێکەوە ڕابوێرن.

شەوێ تەگبیریان کرد و هاتنە سەر ئەوە بەجووت ڕابکەن و خۆبشارنەوە. بەیانی زوو یەک لە جلی لاوێکی توند و تۆڵ و ئەوی دیکی لە بەرگی لادێییدا بەدەرکی نهێنی کۆشک دەربازبوون و بەناشارەزایی ڕوویان لە جەنگەڵی «ئاردن» کرد.

هیچ کام نەیاندەزانی چییان بەسەردێ و ڕۆژگار چ بۆسەیەکی بۆ ناونەوە. ڕێباز نادیار و دواڕۆژ ون بـــوو. تەنیـــا ئامانجیان ئەوەبوو. ڕێگای دوور و درێژ ببڕن و زوو خۆبگەیەننە لێری «ئاردن» کە بەشـــکو میر لە وێندەرێ بدۆزنەوە ژیانی تاریک و تنووک و ســـارد و سڕیان لەبەر تیشکی بەتین و لاواندنەوەی ئەودا گەرم و ڕووناک بێتەوە.

«ڕوزلیندا» بەجلی پیاوانە و «سلیا» لە بەرگی کیژێکی لادێییدا بەنێو سەدان ڕێبواردا تێپەڕین و کەس نەیناسین. کاتێ ڕۆژئاوا بوو لە یەکەم حەسانەوەدا چونکە خشڵ و دراوی زۆریـــان پێ بوو توانییـــان ژووری پاک و خاوێن بگرن و خواردنـــی باش بخۆن و ڕاحەت بنوون.

٣

«ئۆرلاندۆ» گچکەترین و لاوترین کوڕی «سیر ڕولاند» بوو. هەر لە سەرەتای ژیانەوە ڕۆژگار ژەهری ناکامی لە جامی کردبوو، هێشـــتا زارۆکێکی پچووک بوو کە باوکی هەمیشە بەجێی هێشتبوو و چارەنووسی بەبرا گەورەکەی «ئلیور» ئەسپارد بوو. «ئلیور» لاوێکی ســـووک و خۆش ڕابوێر و لە خۆبایی بوو. بەپێچەوانەی وەســـیەتی باوکی هیچ ئاگای لە براکەی نەبوو و باشـــی پێ نەگەیاند. «ئورلاندو» دەگەڵ ئاوالّی گەڕۆک و ســـووکەڵە و خوێـــڕی و هیچ و پووچ گـــەورە بوو. بەڵام چونکە بۆ خۆی چاک و دڵپاک بوو بەبێکارە و دەستەوەســـتان دەرنەچوو، باش پێگەیشت. لاوێکی بوێر و نەترس و بەهێزی لێ دەرهات. ئەوە هەســـتی ئێرەیی و بێزاری کاکی بزواند و خەریک بوو بەهەر جۆرێک بێ ســـەری لە ناخی ڕۆکا و لەنێوی بەرێ.

بەم مەبەســـتە شـــوومە هانی دەدا بەرەنگاری پاڵەوانانی بەهێز و بێ ڕەزا ببێ بەڵکو بـــەدەس ئەوان بچێ. بـــەڵام بەختەوەرانە هەموو جارێ زاڵ دەبوو و ئەوانی دەشـــکاند و دەبەزاند. کە لەم کارە ناهومێد بوو، شەوێکی ژووری نووستنی ئاگر تێ بەردا کە بەهەزار زەحمەت و ناری عەلی ڕزگاری هات.

«ئادام» کۆنە خزمەتکاری باوکی کە بەشـــی زۆری تەمەنی لە خزمەتی ئەم بنەماڵەدا بردبووە سەر، لەم ڕازەی گەیاند و واداری کرد پێش ئەوەی نەخشە ناپاکەکانی کاکی جێ بگرن، ڕابکا و خۆی دەرباز بکا و وڵات بەجێ بێڵێ. چونکە دەیزانی چ شـــک نابا و هیچ دراوی نییە، پاشەکەوتی چەند ساڵەی خۆی دایە و بۆ خۆشی ڕەگەڵی کەوت.

کـــە گەیشـــتە جەنگەڵی «ئـــاردن» پیرە پیـــاوی کەنەفت و زورهان لـــە پێ کەوت، «ئۆرلاندو» ئەوی لەبن سێبەری دارێک دانا و بۆ خۆی بەباریکە ڕێیەکی لێرەواردا ڕۆیشت تا گەیشتە جێگایەک کە میر و دۆستانی خەریکی خواردن بوون. شیری لە کاڵان دەرکێشا کە بەزۆری خواردنیان لێ بستێنێ، بەڵام میر فەرمووی دا و بەڕووخۆشی گوتی:

«وەرە دەگەڵمان بخۆ».

«ئورلاندو» لەکاری خۆی پەژیوان بۆوە و داوای لێبوردنی کرد، پاشان سەرگوزشتەی خۆی بۆ گێڕاوە و گوتی: «ناوی (ئۆرلاندو) و کوڕی چووکی (سیر رولاند)ە».

میر کە بیرەوەری زۆر خۆشـــی لە دۆستایەتی باوکی هەبوو گەلێکی بەخێرهاتن کرد و لە ناسینی ئەو زۆر شاد بوو ناردی پیرە پیاوەکەشیان هێنا و لەژێر باڵی خۆی گرتن.

٤

هێشـــتا حەوتوویەک بەسەر ژیانی «ڕوزلیندا» و «ســـلیا» لە جەنگەڵدا ڕانەبردبوو، ڕۆژێـــک «ڕوزلینـــدا» بەبن پیـــرە دارێکدا تێپـــەڕی و دیتی ناوی ئەو لـــە بەژنی دارێکی هەڵکەندراوە. بەلایەوە سەیر بوو...

هەروا دەگەڕا و تەماشـــای کرد ناوی بەدارێکی دیکەوەش هەیە، هەرچی ســـەری هێنا و بـــرد بۆی نەچۆوە ســـەر یەک ئەوە چییە؟ ئاخری هاتە ســـەر ئەوەی لـــەم لێرەوارەدا فریشتەیەکی ئەفسانەیی هەبێ کە هاوناوی ئەو بێ لەو خەیاڵەدا بوو کوتوپڕ تووشی لاوێک هات کە خەریکی ڕاو بوو، کە باشـــی تێڕاما «ئۆرلاندو»ی ناسییەوە، دڵی کەوتە لێدان و ڕەنگی بزرکا، لێی نیزیک بووەوە و گوتی:

«ناوت چییە؟»

گوتی: «ئۆرلاندو»

ئەویش ئەوینێکی شـــورت و گوم و ئاواتێکـــی بابردەڵەی لەڕەنگ و ڕووی ئەودا بەدی کرد و گوتی:

«ئەدی تۆ ناوت چییە؟»

«کانیمد»

پێکـــەوە گەڕان «ئۆرلاندو» بۆی گێڕاوە کە چۆن جارێکی لەوپەڕی ناهومێدیدا لەکاتی ملانەدا کچێکی جوانچاک و دڵپاک هومێدی وەبەر ناوە و شێت و شەیدا و گیرۆدەی خۆی کردووە لەو دەمەوە لە بیری نەکردووە و هەمیشە گۆرانی پڕ سۆزی پێ هەڵدەڵێ و ناوی لە داری جەنگەڵ هەڵدەکەنێ. «ڕوزلیندا» وەختا بوو لە هۆش بچێ و خۆی لە ئامێزی باوێ. بەڵام خودای ئەقڵ تێی ڕاخوڕی، جارێ وەختی خۆ ناســـاندن نییە، چاکی تاقی بکەوە و بزانە ڕادەی وەفاداری و فیداکاری چەندە؟ گوتی:

«من نەک (ڕوزلیندا) دەناســـم، بەڵکو خزمایەتیشـــم دەگەڵ هەیە. وا چاکە هەرچی لە دڵت هەیە بۆ منی هەڵڕێژی تا هەمووی پێ ڕابگەیەنم».

«ئۆرلاندو» هەموو ڕۆژێ دەچووە کن دۆســـتە تازەکـــەی و وێکڕا دەچوونە نێو دار و دەوەن و گوڵ و گوڵزار و تەنیشت کانیاو و جۆبار و خەمی دڵی خۆیان دەڕەواند.

بـــەرە بەیانێکی زوو تازە گزنـــگ کەوتبوو. کە «ئۆرلاندو» هەســـتا و بەرەو دیداری دۆســـتەکەی ڕۆیشت. تەماشـــای کرد کابرایەک لەسەر چەقی ڕێگا ڕاکشاوە و خرپ خەوی

لــێ کەوتـــووە. تێی فکری و برا گەورەکەی «ئلیور»ی ناســییەوە. پێی ســەیر بوو ئەو فێڵباز و ترســنۆکە لێرە دەبینێ؟ ئەو زۆر لــەوە ئازاتر و پتاوتر بوو کە تۆڵە لە دوژمنی خەواڵوو و بێ دەســەڵات بستێنێتەوە. بەڵام بەبێزاری لێی لادا و ڕووی وەرگێڕا و خەریک بوو تێپەڕێ و بڕوا و تەماشــای کرد مارێکی شــینی ئەنگێوی وەک دۆدانە دۆ، ملی قەف کردووە و گەزارەی دەرکێشــاوە و دەهاژێنێ و بەرەو ئەو دەخوشـــێ. هەستی ئینسانی و خوێنی برایەتی هەموو ڕق و قینی لەبیر بردەوە، شیری هەڵکێشا و ڕای کردە ماری، لە پڕ نەڕەی دێڵە شێرێکی سەر تووتکان جەنگەڵی لەرزاندەوە، ئەو دەستە پاچە نەبوو، لەپێشدا مارەکەی بەزەبرێکی دوو لەت کرد و پاشــان بەگژ شــێردا هات. شەڕێکی خوێناوی ڕووی دا، شــێری تووڕە پەلاماری دایە. ئەویش دای نەنواند، وەبەر شــیرانی دا و شپرزەی کرد. شــێری ڕق هەستاوی بریندار ئامبازی بوو و بەچنگاڵە تیژەکانی لایەکی شانی تا پەنجەی دادڕێ، بەڵام نووکی شــیری ئەویش جەرگ و ڕیخۆڵەی شێری وە دەشتی خست و خستی و حەیاتی ڕەشی لێ بڕی.

«ئلیور» کە ئەو دیمەنەی دی ئەســرینی پەشــیمانی بەچاواندا هاتە خوار. ئەوەندە بەخۆی داشــکاوە و شــەرمەزار بۆوە کە خۆی خستە سەر پێی براکەی و داوای کوشتن یا بووردنی لێ کرد. «ئۆرلاندو» کە دڵێکی پاک و بیرێکی ڕووناک و خاوێنی بوو لە باوەشی گرت و ڕابردووی لە بیر بردەوە و بەخشـــی. بەڵام خوێنڕێژی باســـک و ماندوویی بڕســـتی لێ بڕیبوو، نیشـــانەی مەنزڵی دۆســـتەکانی پێ گوت. ئەویش لەکۆڵی کرد و بردیەوە ماڵە «ڕۆزلیندا» و کارەساتەکەی ســـەرلەبەر بەتەواوی گێڕاوە. «سلیا» و «ئلیور» خەریکی برژاندنەوەی باسکی و حەساندنەوەی کفتوکۆی لەشی بوون «ئۆرلاندو» شەرمەزار بوو کە بۆ ئەوەندە شەکەتە. «سلیا» بەپێکەنینەوە گوتی:

«پێت وایە دەگەڵ بێچووە پشیلە گەمەت کردووە، هەتیو! تۆ دێڵە شێری سەر تووتکانت کوشـــتووە» لەم حاڵەدا «ئلیور» چـــاوی لە چاوە جوانەکانی «ســـلیا» نەدەترووکاند. دیاربوو «سلیا»ش بێ مەیل نەبوو و جارجار بەناز پەنجەی «ئلیور»ی دەکوشی و وەڵامی داخوازییەکانی دەداوە «ڕۆزلیندا» پاش تاوێک گوتی:

«ئۆرلانـــدو بێننە لای من باشـــترم ئاگا لێ دەبێ، بەڵام باســـی پەرێشـــانی منی بۆ مەکە».

ئلیور کە دڵ و دینی لە پێناوی ئەوینی ئەم کیژە نابوو بەپەلە هاتەوە لای «ئۆرلاندو» و ئەوی لە ڕازی خۆی ئاگادار کرد و گوتی:

«لەخودای دەوێ (سلیا) بێتە ژنی ئەو».

ئۆرلاندو بزەیەکی هاتە سەر لێوان و گوتی:

«بچۆ لای و هەموو قسەی خۆتی بۆ بگێڕەوە. نازانی ئێستا تەنیایە و «کانیمد» دێتە لای من»

دوو دڵدار کە بەڕواڵەت دوو دۆستی گیانی گیانی بوون بەتەنێ مانەوە. «ئۆرلاندو» باسی ئەوینی «ئلیور» و «سلیا»ی گێڕاوە. پاشان گوتی:

«خۆزگە و هەزار خۆزگە ئێستا ڕوزلیندای خۆشەویستی منیش لێرە دەبوو».

«ڕوزلیندا» پێکەنی و گوتی:

«هیوابڕ مەبە سۆزی جوانترین بەرگی خۆت لەبەر بکە، وەرە بنکەی میر. ناردوومە خۆشەویستەکەت بێ تکای لێ دەکەم بێتە ڕەزا و شووت پێ بکا».

سۆزی میوانداریێکی باش و جوان لە بنکەی ڕازاوە، میر، ئلیور «ئۆرلاندو» و ئەوانی دیکە چاوەنۆڕ بوون. لە پڕ دوو کچی جوان و چەلەنگ بەجلی خۆوڵاتییەوە دەس لەنێو دەستی یەکتر دەرکەوتن.

«ڕوزلیندا» خۆی بەسەر پێڵاوی باوکی دادا و تکای لێ کرد ئیزن بدا مێرد بە «ئۆرلاندو» بکا، میر لە خۆشی دیداری کچەکەی وەختا بوو باڵ بگرێ، دەستی دوو نۆ بووکانی لە دەستی تازە زاوا نا.

لەولاشەوە میری داگیرکەر کە تەنانەت کچەکەی خۆشی لە دەستانی ڕای کردبوو. بەری شەپۆلی تووڕەیی خەڵکی نەگرت و پەنای بۆ دەیر برد، میری پێشوو سەرلەنوێ چۆوە سەر جێگای خۆی.

خەستەخانە ١٩٧٨/١١/١٠

ڕێزی نان بگرن

پیاوێکی باڵا بەرز، موو کەژ و چاو کاڵ بوو، نموونەی پیاوێکی ئاڵمانی، پزیشک بوو، زۆر هێدی و لەسەرخۆ بوو، نیشانەی ئەندامەتی حیزبی بەیەخەیەوە دەدرەوشاوە.

ڕۆژێـــک بەمیوانی هاتە ماڵی ئێمە لە کاتی خواردندا ورکە نانێکی زۆر وردی لێ کەوت بەســـەر ســـوڕمانەوە دیتم داهاتەوە و هەڵی گرتەوە و پێش ئەوەی من چ بڵێم خســـتیە زاریەوە.

ئەگەر جاران کارێکی ئەوتۆم بەئێرانییەکەوە دیبا کە لە هەموو تەمەنیدا نان و خواردنی بەنیعمەتێکی ئاســـمانی زانیـــوە و ڕێزی لێ گرتووە، زۆرم بەلاوە ســـەیر نەدەبوو، بۆچی ئێســـتاش خۆم ئەگەر لە کۆڵان و ڕێباز تووشـــی ورکە نانێک بم کە فڕێ دراوە یا وەریوە، هەڵی ناگرمەوە و فووی لێ ناکەم و لە کۆنە دیوارێکی ڕا ناکەم؟ تا نەبێتە پێخوست. بەڵام ئەو دوکتۆرە ئاڵمانییە کە هەمیشـــە تێر و تەســـەل بووە و لە ئێروو و خۆشیدا ژیاوە. بۆ وای کرد؟ بیر کردنەوەکەم بوو بەپرسیار و گوتم:

«بۆچی ئەم ورکەت کە ڕەنگبێ پیسیش بووبێ خوارد؟»

بزەیەکـــی هاتێ بەڵام بزرکا و نیگای تاریکـــی و پەژارەی لێ باری. پاش تاوێک ڕامان گوتـــی: «دەزانـــم خواردەمەنی هەیە و دەزانم ئێســـتا لە زۆر وڵاتان گەلێک شـــت وەگیر دەکەوێ و تەنانەت لە هێندێک ماڵان بەپێی فیلانە. ئێمەش لێرە لە ئێروودا دەژین، بەڵام

من مەرجم کردووە هەتا ماوم هەرگیز هیچ خواردەمەنییێک فڕێ نەدەم و خەسار نەکەم».

دوایە ئەم سەرگوزەشتەی بۆ گێڕامەوە:

«لاو بووم تازە لە زانستگەی پزیشکیدا دەستم بەخوێندن کردبوو، یەکێک لە دۆستانی کۆنم دۆزییەوە کە لە منداڵییەوە ئاشنا بووین. دەگەڵ خۆی بردمە کۆڕی لاوانی کۆمۆنیست ئەگەرچی دەترسـام بەڵام چالاکی و هەڵسـووڕانی ئەم لاوانە سەرنجی ڕاکێشام و ویستم بەم ئاگرەی لە دەروونی ئەواندا بڵێسەی گرتبوو خۆم ببووژێنمەوە و نەک هەر خۆم گەرم کەمەوە بەڵکو گرێک لە دەروونی خۆم هەڵگیرسێنم.

ئەو دێوەزمەم ناخۆش دەویست کە وردە وردە سێبەری شوومی بەسەر وڵاتدا کێشابوو و هەموو کەلێن و قوژبنی تەنیبوو. ئەم لاوانە دەیانویست دەگژ ئەو ڕاچن. کەم کەم لەوان نیزیکتر دەبوومەوە و ئەو تاعوونە ڕەشـەم کە بریتی لە هیتلەر و حیزبی نازی بوو، باشتر دەناسـی و لە جاران پتر ڕق و قینم لێ هەڵدەگرت و تێ دەگەیشتم چ تارماییيەکی ڕەش و بەسـام و مۆتەیەکی خوێنمژ هەڕەشەمان لێ دەکا و چ چارەنووسێکی شووم و دزێومان لە پێشدایە و دوارۆژێکی چەن پڕ مەترسی چاوەڕوانمان دەکا.

ژیان و کار منی لەم لاوانە هەڵبڕی، ترس وای هەموو کەس داگرتبوو کە من نەمتوانی دۆسـتانی خۆم بدۆزمەوە. ئەوەندەی پێ نەچوو شەڕ هەڵگیرسا و منیش کە ئیتر پزیشک بووم ناردرامە جەبهە. دەڕۆیشـتین و پێمان لەهەر جێیەک دەنا. چارەڕەشـی، ماڵوێرانی، برسـایەتی و ئازار و جەزرەبە و ئاگر و سـووتمان و کێم و خوێن و نەخۆشی و مەرگمان دەگـەڵ خۆمـان دەبرد. من بەتاقی تەنێ لەنێو ئەو هەموو ئەفسـەر و سـەربازانەدا کە بەکردەوەی خۆیان دەنازین، خەفەتم دەخوارد. تەنیا کارێکی نەختێک باش کە لە دەسـتم دەهـات ئەوەبوو بەنهێنی یارمەتی گرتووەکان بدەم. یا ئەو کەسـانەی بەزۆری و بەبێگار خزمەتـی خۆمان پێ دەکردن ئازار نـەدەم و پاروە نانێک یا تۆزە دەرمانێکیان بەدزی و فزی بدەمێ.

زۆر زوو گەیشـتینە وڵاتی پان و بەرینی شـوورەوی، لەوێ جاری وا بوو چەند مانگ لـە جێگایەک دەماینەوە، من خەریک بووم لە فەرماندەکەم نیزیک ببمەوە. تا لە سـایەی دۆسـتایەتی ئەودا ئازاری پترم هەبێ و بتوانم خواردن و دەرمان بدەم بەو ژن و کچانەی خزمەتمان دەکەن و ئەوەشم بۆ کرا. ئیتر هەموویان خوویان بەو کاری من گرتبوو جاروبار سەریان داوێشتە سەرم پێیان دەگوتم دڵتەڕ، جاری واش بوو ناویان دەنام دوکتۆری سوور. منیـش بەکاوەخۆ کاری خۆم دەکرد و گوێم بەو گاڵتە و گەپانە نەدەبزووت. جونکە کارم

باش دەکرد و لە کارکردنم ڕازی بوون ئەفســەرە بەرزەکان دەگەڵم دۆســت بوون. منیش ئاگام لە دزی و دەسپیســی ئــەوان بوو، بۆیە کەس وێم نەدەڕســت و ئازاری نەدەدام و دۆســیەی بۆ دروست نەکردم. دەنا شۆفار و دووزمان و جاسووس یەکجار زۆر بوون وردە وردە زمانی ڕووسی فێربووم.

«ڕۆژێک یەکێک لەو کچانەی دەمناسی بەپەشۆکاوی و سەرلێشیواوی لێم وەژوور کەوت و گوتی: دوکتۆر دەستم بەداوێنت ئەگەر دەتوانی یاریدەم بدە. گوتم چ قەوماوە؟ چ کارێک لە دەس من دێ؟ گوتی: دایک و باوکم سەریان دێشێ و زۆر سەخڵەتن و ئێمە نازانین چ بکەیــن و چمان لە دەس نایە، ماڵەکەیان بەپەنا ماڵی ئێمەوە بوو. کارەکانم تەواو کرد و دەگەڵی چووم برێک دەرمانیشم برد. باش دەمزانی ئەم ژانە سەرە لە برسانە، چووینە نێو ماڵێک ئیتر چی تێدا نەمابوو چەن ســیپاڵ، چەن تەختەی لەت و پەت چەند قاپەشــکاو و کۆنــە ســەماوەرێک و چادانێکی گاوکراو و چەن پیاڵە نەبــێ، خانوویەکی بچووک بوو کە شــەڕی شــووم و ئێمەی داگیرکەر بێ ڕەحم گەسکمان لێ دابوو. لە تەنیشت تەندوور پیرێژن و پیرە پیاوێکی نیوە زیندوو تخێڵ ببوون. لە ڕوخســاری ئەواندا تەنیا دوو چاوی ڕۆچوو بریسکەیان دەدا. بەپەنا یەکەوە ڕاکشابوون. وەک مردووان زەرد هەڵگەڕابوون. بێ هێز و لەڕ و لاواز بوون، نەیاندەتوانی قســە بکەن یا ببزوون. دوو سێ زارۆکی ڕەشوڕووت و کز و مردەلۆخە بەترســەوە تەماشــای منیان دەکرد. تەماشــام کردن پرســیم: چەند ڕۆژە چییــان نەخواردووە؟ کچەکە بەکوڵی گریانەوە گوتی: حەوتەیەکە زەوادیان نەبڕیوە، بەنیگەرانییەوە گوتم: چما چتان نەبوو؟ بۆ زووتر بەمنت نەدەگوت؟ من ئەوشەو لە بەشی خۆم شتێکت دەدەمێ دەرخواردیان بدە.

کچەکە گوتی: دوکتۆر تۆ زۆر دڵســۆزی، بەڵام هەرچی دەکەم ئەم دووانە هیچ ناخۆن تەنیــا جار جارە چۆڕێک ئاو نەبێ. نووزەی پیرێژنەکەم گوێ لێ بوو چوومە ســەرینی تا باشتر، گوێم لێ بێ. دەیگوت ئێمە بەشی خۆمان ژیاوین نابێ پاروو لە زاری ئەم زارۆکانە بگێڕینەوە. هەرچی هەبێ با ئەوان بیخۆن، تا بژین، تا گەورە بن تا ڕۆژی خۆشــتر ببینن دایکە بێدەنگ بوو، دیتم ئەو دوو پیرە فیداکارانە دەستی یەکتریان گرتووە و چاویان لێک نــاوە، دەتگوت بەم کردەوە دڵی یەک دەدەنەوە و پێشــی ناڵــەی خۆیان دەگرن. ئەوکم گیرابــوو، زمانم لە بەنــد چووبوو، لە بەرامبەر ئەم هەموو خۆڕاگری و پێداگرییەدا چم پێ نەبوو بیڵێم. ئەوان بەگیان و دڵ بەپیر مەرگەوە دەچوون. چەند حەبی ئیسپرینم دانێ تا کەمێک ژانە ســەرەکەیان کەم بێتەوە. تەنیا ئاواتم ئەوەبوو وەک ئاڵمانییەک بێ ڕێسمەی دەرکی ئەم ماڵە خاپوورە ماچ بکەم و لە ڕاست ئەم هەموو زیبک و غیرەتەدا چۆک دادەم،

بەڵام بەداخەوە هەر ئەوەندەم توانی لەبەر ئەواندا کە ئیتر نەمابوون سەردانوێنم.

لەو ڕۆژەوە مەرجم کردووە خواردەمەنی هەرچی بێ نرخیش بێ زایە نەکەم و تا هەم لەسەر مەرجی خۆم ڕادەوەستم. من لە نیزیکەوە بەڵێ زۆر لە نیزیکەوە دێوەزمەی برسایەتیم دیوە.

١٩٧٣/١٣٥٢

کورتەی ئۆدیسە

هومێر

شـــاری ئەســـتەم و شـــوورەداری «ترِوادا» پاش گەلێک قەڵاداری و دەستەوەکەری و بەرگری و شـــەڕ و کێشـــە و خوێنڕێژی و قات و قڕی بەدەس دەگیرێ و بەجارێکی تەخت و خاپوور دەکرێ.

هێرشـــبەرانی کۆڵنەدەر، پاڵەوانان و مەردانی گەمارۆدەر و دلاوەرانی نەبەز، سەرخۆش لە بادەی زاڵبوون و ئازایەتی دەگەڕێنەوە بۆ نێو ماڵ و منداڵ و کەســـوکار و خاووخێزانی خۆیان.

لەم نێوەدا تەنیا «ئۆلیس»ی کەللەڕەق، ســـەربزێو و چاونەترسی پاتشای «ئاتاک» لە ترســـی هەڕەشـــەی «نپتۆن» خوای دەریایان هەڵوەدا و ئاوارە دەبێ. «پنلوپ» ژنە جوانەکەی و (تلماک) ڕۆڵە تاقانەکەی هەر چاوەڕوانن و چ سەر و سۆراغی نییە. ساڵ و مانگ تێپەڕین و ئەو هەر بێ سەروشوێنە. دوژمنانی «ئۆلیس» و گیرۆدەکانی ئەوینی «پنلوپ» دەرفەتیان هێناوە و مرخیان لەو نازدارە شۆخ و شەنگە و لەو ژنە جوان و چەلەنگە خۆش کردووە و هەریەکە خەریکن بەفێڵێک ئەم ژنە پاک و خاوێنە بەدەس بگرن. بەڵام «پنلوپ» ژیرانە هەر کامەی بەچەشـــنێ تەفرە دەدا و بۆ گەڕانەوەی مێردەکەی ڕۆژ ئەژمێری دەکا. لەلایەکی دیکەوە بەیارمەتی «مینروا» خوای ئەقڵ، کوڕەکەی وەدوای شووەکەی خستووە گێژاوی توند و تیژ و بێ بەزەیی دەریا جارێکی دیکەش پەلاماری شـــێتانەی بردە ســـەر کەشتی سەرگەردان و بێ پەنای «ئۆلیس» و پێش ئەوەی کەشتییەوانەکانی وەخۆکەون و

چارەیەک بدۆزنەوە. کەشـــتییەکەیان لە بەستینی «ئۆژیژی» لە قوڕ دەنیشێ ئەم دوورگە بنکەی ژنە جادووگەرێکی زۆر جوان بوو کە ناوی «کالیســـپو» بوو. هەر لە یەکەم نیگادا دڵی چوە ســـەر «ئۆلیس» و ویســـتی دەســـتی دەگەڵ تێکەڵ بکا و دەگەڵی بمێنێتەوە. بەڵام ســـەرداری مەزن دڵی لە جێگایەکی دیکە بوو. ئاواتی گەڕانەوە بۆ نیشتمان و زێدی خۆشەویست و دیداری ژنە وەفادارەکەی و ڕۆڵە نازدارەکەی دەیتواندەوە. بۆیە هیچ ڕووی نەدایــە و خـــۆی تێ نەگەیاند. جادووگەریش بەڕق داچوو و ســـوێندی خوارد تا مابێ لەم دوورگەدا زیندانی و دەسبەسەری بکا.

«ئۆلیس» ماوەی هەشـــت ســـاڵ لەم دوورگەدا دەسبەسەر بوو. ڕۆژانە لە کەنار دەریا لەسەر گاشە بەردێکی دادەنیشت و فرمێسکی هەڵدەڕشت و بەخەمناکی لە ئاسۆ ڕادەما.

پەرێشـــانی و لێقەوماوی گەییبووە ڕادەیەک کە خودایان هەموو بەزەییان پێدا دەهات بەڵام «نپتۆن» خوای دڵڕەق و ڕق ئەســـتووری دەریا، بڵێســـەی قینـــی دانەدەمرکاوە. ئاخر ئەو چۆن لە کەســـێکی یاخی و ســـەرکێش و نەترس دەبووڕێ کە خۆی لەو بەکەمتر نەدەزانی؟

ڕۆژێ «مینـــروا» خودای ئەقـــڵ پێی زانی کە «نپتۆن» ســـەفەرێکی دوور و درێژی لەپێشدایە و وا زوو ناگەڕێتەوە بەهەلی زانی و ئۆلیسی سواری تەختەیەک کرد و ناردیەوە بۆ وڵاتی خۆی. بەڵام بۆ بەدبەختی نپتۆن ئەوەندەی پێ نەچوو و گەڕایەوە کە ئەوەی دی چاوی چووە پشـــتی سەر. یەک بەخۆی نەڕاندی و فەرمانی بەگەواڵە هەوران دا. پاڵ وێک بدەن و شـــۆڕابە بەر بدەنەوە و یارمەتیش لە ڕەشـــەبا و گێژەلووکە وەربگرن. بەم جۆرە فەرتەنەیەکی نایەوە کە بەچاوترووکانێک تەختەی ئۆلیسی چارەڕەشی تێکوپێک شکاند و ورد و خاش کرد. ئۆلیسی بێچارە کەوتە نێو نێرینەی دەریای بێ ئامان و وەپەلەقاژەکەوت. بەڵام لەم جەنگەڵدا (ئینۆ) پەری دەریایی بەچاوی ئەنگاوت و زگی پێ سووتا و تیتۆڵێکی لە ڕووپۆشەکەی خۆی دڕاند و بۆی هاویشت و گوتی:

«لە نێوقەدی خۆتی ببەستە دەتگەیەنمە وشکایی»

ئۆلیس کە لە سەرەمەرگدا بوو بەقسەی کرد. بەڵام بووڕایەوە و ئاگای لە خۆ بڕا. کاتێ وەخۆ هاتەوە خۆی لە بەستێنی دوڕگەی (فیناس) دی.

ئەمشەوە «نازیکا» کچی فەرمانڕەوای (فیناس) خوای خوایانی خۆیانی لەخەو بینی: کە فەرمانی پێ دا بەیانی زوو هەســـتی جلی باوک و براکانی بەری لە دەریا بشـــوا. بەیانی زوو دایکی چێشتێکی باشی دروست کرد و گۆزەیەکی شەرابی کۆن و دەفرێکی پڕ

زەیتوونی دایە و خزمەتکاری دەگەڵ ناردن بۆ لێواری دەریا.

کیژەکان تازە لەسەردەمی کەناری دەریا دەستیان بەیاری و گاڵتە و گەپ کردبوو. کە دیتیان کەڵەپیاوێکی بەشان و باهۆ و بەدار و بار و کەڵەگەت، بەڵام شپڕزە و خوێناوی و بریندار لەبن گابەردێک هاتە دەر. خزمەتکارەکان کە چاویان پێ کەوت ترسان، زیڕاندیان و هەڵاتــن. ئەمما نازیکا ئازایانە بەپیرییەوە چوو و ماندوو نەبوونی لێ کرد ئۆلیس کە لەبەر بێ هێزی و شــەکەتی و برســایەتی توانی نەمابوو. بەسەرهاتی خۆی بەکورتی بۆ گێڕاوە. نازیــکا، نان و چێشــت و شــەرابی بۆ دانا. تا تێر و پڕی خــوارد و ئاهێکی هاتەوە بەر. ئەمجــار پیلی گرت و بردییە کن باوکی «ئالینووس» فەرمانڕەوای دڵپاک و پیر و زۆرهان پێشوازێکی گەرم و بەخێرهاتنێکی زۆری لێ کرد و لە حاڵ و ئەحواڵی پرسی. ئۆلیس پاش ڕۆژێک حەسانەوە سەرگورشتەی خۆی وا بۆ گێڕاوە:

(من ناوم ئۆلیس کوڕی «لائیرتیس» پاتشــای ئیتاکم لە سەرانســەری یۆناندا کەسێ نەبوو ناوبانگی منی نەبیســتبێ و داســتانی ئازایەتی و نەبــەزی و تاریفی هێزی باهۆی منی نەزانیبێ. شــوورەتی دلێری و بوێری من لە دنیادا نەما و گەیشــتە حەوت تەبەقەی ئاسمان. بۆیە خودایان لێم تووڕە بوون و تووشی ئەو هەموو بەڵایانەیان کردم. نەیانهێشت بگەڕێمەوە زێد و نیشتمان و نێوماڵ و خێزانی خۆم.

کاتێک گەمارۆی تروادا دوایی هات. من لەشکرەکەی خۆم گێڕاوە و ڕووم لە وڵاتی خۆم کردەوە. بەڵام هەر لە یەکەم ڕۆژدا دەریا بەگژماندا هات. چوار شەو و ڕۆژ ئێمەی وەک زلە کایەک خســتە بەر شەپۆلە بێ ئامانەکانی خۆی. ڕۆژی پێنجەم شەپۆلەکان هێوربوونەوە. خۆمان گەیاندە دوورگەیەک کە ئی هۆزی «ســیکۆن» بوو لە پێشــدا ئێمە هێرشمان بردە سەر ئەو هۆزە وەحشییە و تاڵان و دەسکەوتێکی باشمان وەگیرکەوت. بەڵام بەیانی کوڕە کوڕەی هۆزەکە لێمان وەخۆ کەوتن و کوشــتارێکی باشیان لێ کردین و بەزەحمەت خۆمان ڕزگار کرد.

کاتێک کەشتیی ئێمە کەوتەڕێ هەوا نەرم و خۆش بوو و هەتاوی بەتین و گەرم تیشکی زێڕین و جوانی خۆی بەســەر دەریای شــین و هێمندا بڵاو دەکردەوە و چاو لە دیتنی تێر نەدەبــوو. بەڵام ئەوەندە پێ نەچوو هەوا ئاڵۆز و تــووش بوو. با و تۆفان و گەردەلوول، گێژەنەیان نایەوە. پاش نۆ ڕۆژ خەبات و بەرەنگاری ئازایانە لە بەســتێنی دوورگەی «کنار خــۆران» لەنگەرمان گرت. لــەم دوورگەدا هۆزی «کنار خۆران» دەژین. بەشــێکی ئێمە دابەزین و چوونە ئاوەدانی بەشکم نان و ئاوێک پەیدا بکەن. ئەوان لەوێندەرێ بەخواردنی

میوەیەکی شـــیرین کە پێی دەڵێن «کنار» ســـەرخۆش و گێژ و وێـــژ بوون و لەبیرەخەو ڕاچوون و هێزی وەیان نەما لە جێگای خۆیان ببزوون. بەزۆرەملێ و پاڵەپەستۆ هەرچۆنێک بوو گەیاندمانەوە کەشـــتی و بەپەلە دوورکەوتینەوە نەوەک فێری خواردنی ئەم میوە بین و هەتا دەمرین لەوێندەرێ دایکوتین.

ســـەفەری ئێمە لە دەریای تۆفانیدا هەروا درێژەی بوو تا گەیشتینە وڵاتی «سکلوپ» یا ســـەرزەمینی غوولانی یەکچاو. لەنگەرمان گرت و دەگەڵ دوازدە هاوڕێ بۆ پەیداکردنی تێشـــووی ڕێگا بەرکە و هەورازەکاندا هەڵگرین. لەوێ تووشـــی ئەشـــکەوتێکی زۆر گەورە بووین. کە بەرێز، مەشکەشـــیر، پێســـتە پەنیر، خیگە ڕوونی لێ داندرابوون. لە خۆشیان شاگەشـــە بووین و هەڵپەڕین و چاوەڕێی خـــاوەن ماڵی دەوڵەمەند بووین. تا بگەڕێتەوە و ئازووخەیەکی زۆری لێ وەرگرین.

کـــە زەردە پـــەڕی و ڕۆژ ئاوابوو پیاوێکی زل و زەبـــەلاح و خوێنتاڵ و دزێو کە تەنیا چاوێکی لە نێوچاوان بوو. دەگەڵ گاڕانێک مەڕ گەڕایەوە ئەشـــکەوت. پەزەکان هەموویان لـــە خۆی قەڵەوتر بوون کە چـــاوی پێمان کەوت و بەدەنگێکی وەک هەورە تریشـــقە کە هەموو ئەندامانی لەشـــمانی لەرزاند گوتی: ئەی بێگانـــە کێن؟ لە کوێوە هاتوون؟ لێرە چ دەکەن؟ ئێمە لەســـەرەخۆ وەڵاممان داوە: ئەی خانەخوێی مەزن ئێمە پۆلێک لە لەشکری یۆنانیانین لە شـــەڕی تروادا دەگەڕێینەوە. ماوەیەکە ڕێگامان لێ گۆڕاوە و ئازووخەمان لێ بڕاوە و چمان نەماوە و ئێستا پەنامان بۆ ئێوە هێناوە کە لە ڕێگای «زئوس»دا ئەمشەو پەنامـــان بدەی و بەیانی کەمێکمان ئازووخە پێ کـــەرەم بفەرمووی. وەڵامی ئەو بەرقەوە بۆ ئێمەی لێقەوماو ئەوەبوو: ئەی چارە ڕەشـــینە ئێوە بەهەڵە چوون کە پێتان وایە ئێمە بەندەی زئوســـین خوای ئێمە نپتۆنە. ئەمجار هەستا و بەردێکی یەکجار گەورەی بەزارکی ئەشـــکەوتەکە وەنا. پاشـــان دوو کەسی لێ هەڵبژاردین و بەهاســـانی پچڕ پچڕی کردن و لەپێش چاوی ئێمە زۆر بەئیشـــتیاوە خواردنی و پێکەنی گوتی شـــێوی ئەمشەوم ناخۆش نەبوو. دوایە لەســـەر لۆدە کایەک کە لە قوژبنی ئەشکەوتەکە هەڵدرابۆوە لەسەر گازەرای پشت ڕاکشا و خرپ خەوی لێ کەوت. لەپێشدا ئارەقەیەکی ساردم ڕێ نیشت. بەڵام دوایە غیرەتم بزووت و ئاگرزی تووڕەیی هەموو لەشـــی داگرتم و مووم لێ بوونە نەشـــتەر. نیازم وابوو شـــیرەکەم هەڵکێشـــم و بەهەموو هێزی خۆم لەســـەر دڵی ڕۆکەم. بەڵام دوایە بیرم کردەوە ئەگەر بیکوژم دەبێ هەموومان لەم ئەشـــکەوتەدا بمرین و بڕزین. چونکە دەمزانی جگە لە خۆی کەس ئەم بەردەی بۆ لە دەرکی ئەشکەوت ناکرێتەوە.

بەیانی زوو هەســـتا ئاگری کردەوە، پەزەکانی دۆشین ڕسقەکەی ڕەعەمەل هێنا و دوو

کەســی دیکەی ئێمەی برژاندن و خواردنی و دەم و لەوسی لستەوە و مەڕەکانی دەرکردن و بەردەکەی بەزاری ئەشکەوتەوەنا. ئەو ڕۆژەی هەر ئەوەندەمان پێ کرا شینی دۆستانمان بگێڕین. دوای زۆر لێکدانەوە بیرێکم بەمێشک داهات. لە گۆشەیەکی ئەشکەوتەکەدا دارێکی زۆر گەورەی زەیتوون هەڵپەســێردرابوو. دەگەڵ دۆســـتان بەزەحمەت نووکمان تیژ کرد و لە ئاگرمان نا تا باش داگیرســا. شەو کە غوولی یەکچاو هاتەوە. چوومە لای و گۆزەیەکی شــەرابی تونـد و کۆنمان پێ مابوو بۆم برد و گوتم قوربان! ئـەو دیارییەت دەدەمێ بەو مەرجە بەرم بدەی. غوول وەری گرت و یەک بین بەســـەریەوە نا و گوتی: شـــەرابێکی زۆر بـاش بوو. ئەی بێگانە ناوت چییە تا من وەبیرم بێتەوە. گوتم: قوربان ناوم هیچکەســـە دۆســـتان هەر پێم دەڵێن هیچکەس. گوتی: ئافەرین هیچکـــەس بەڵێنت پێ دەدەم تۆ لە دوای هەمووان بخۆم.

شـــەراب کاری خۆی کرد، خاوی کردەوە، گێژ بوو و بەپشـــتەوەدا کەوت و لە غورابی خـــەوێ ڕا چوو. ئیتر خۆگنخاندن کەڵکی نەبوو بەیارمەتی شـــەش کـــەس لە یاران دارە زەیتوونمان لە ئاگردا سوور کردەوە و بەهەموو هێزی خۆمان لە تاقە چاوەکەمان ڕۆ کرد. چاوی ســـووتا و یەک بەخۆی نەڕاندی کێو و دەشـــت دەنگی دایەوە و ئەشکەوت لەرزی، هێنـدەی پێ نەچوو ئەو غوولانەی لـــەم دەورووبەرە بوون داوەڕووکان. ئێمە هەموو خۆمان شـــاردەوە و چاوەڕوانی چارەنووســـی خۆمان بووین. غوولەکان لێیان پرسی: چ بووە؟ کێ وای لـــێ کردی؟ ئەو کە لە تاوی ئێـــش و ژان وەک مار جینگڵی دەدا لە وەڵامدا دەیگوت هیچکەس، هیچکەس، دۆســـتەکانی وای بۆ چوون ئەم بەڵایە «نپتۆن» بەسەری هێناوە و هیچ لە دەس ئەوان نایە و ڕێی خۆیان گرت و ڕۆیشتن.

غوولی بریندار و کوێر و کوتر بەردی زارکی ئەشکەوتی لابرد. تا مەڕەکان بڕۆن. دەستی بەپشـــتی هەموویان دادەکێشا تا بزانێ خۆمان بەپشتیانەوە قایم نەکردووە؟ تا بمانگرێ و تۆڵەمان لێ بکاتەوە. بەڵام ئێمە کە خۆمان بەبەر زگی بەرانەکاندا هەڵواسی بوو ڕزگاریمان هات. مەڕەکانیشـــمان وەپێش خۆماندا و خۆمان گەیاندەوە کەشتی. من گاڵتەم پێ کرد و گوتم: من پاتشای ئاشتاکم. غوولی نیوەگیان بەردێکی گەورەی هەڵکەند و تێی هەڵکردین. باش بوو دوورتر لە ئاو کەوت، دەنا لەوانەبوو کەشتییەکەمان غەرق بکا.

لەوێـــوە بەرەو ماڵ گەڕاینەوە. بەڵام ســـەفەرەکەمان چەنـــد ڕۆژ لەبەر تۆفان درێژەی کێشـــا. ڕۆژێک گەیشـــتینە دوڕگەیەکی پـــان و پۆڕ. کە زانیمان بنکـــەی «ئایوولووس» پاســـەوانی بایەکانە. کە بەسەرهاتی سەیر و ســـەمەرەی خۆمانم بۆ گێڕاوە. هەمبانەیەکی پـــڕ لە بای دامێ. گوتی: بەهێزی خۆم بایەکانم تێـــدا بەند کردووە، بەڵام نەکەی زاربێنە

زێرینەکـــەی بەهیچ بارێـــک بکەیەوە. کە بایەکان بەرەڵڵا دەبن و دەســـبەجێ پاپۆڕەکەت تێک دەشـــکێنن زۆرمان ســـپاس کرد و بەتیشـــوو و ئازووخەیەکی تەواوەوە کەوتینە ڕێ بەڵام دوو ڕۆژ لە ســـەفەری ئارام و ئاســـوودەی ئێمە تێ نەپەڕیبوو کە: هاوڕێکانم بیریان کردبووەوە کـــە «ئایوولووس» بێگومان گەنج و گەواهیراتێکی زۆری بۆ من لە هەمبانەکە کردووە و ڕەنگبێ، بەشی وانی لێ نەدەم. خۆیان پێ ڕانەگیرابوو و زاربێنەکەیان کردبۆوە. لەپڕ هەوا گۆڕا با هەڵی کردێ تۆفان پەیدا بوو. دیســـان گەمیەکەمانم کەوتەوە فەرتەنە و داڵی مەرگ بەســـەرماندا دەخولاوە. بەهەزار ناری عەلی گەیشتینە دورگەی «سیرسە»ی جادووگەری بەدفەڕ. لەوێش گوڵمەزی وامان بەسەرهات لە گێڕانەوە نایە. هەر چۆنێک بوو لەو موڵەکەش ڕزگاریمان هات. پاشـــان چووینە دورگەی «ترزیاس» شوانی مێرخاس زۆر پیاوانە و بەڕووخۆشانە دەگەڵمان جوولاوە. بەڵام هاوڕێکانم ئەوەندە تامەزرۆ بوون. چەند مەڕی ئەویان کوشـــتەوە و خوارد. «هیلوس» خـــوای هەتاو ئەو نامەردییەی بەدڵ نەبوو گازنـــدەی بردبووە بەر «زئوس» خودای خودایان بڕیاری دابوو تۆڵەیان لێ بکاتەوە. بۆیێ کە ئەو دورگەمان جێ هێشت تۆفان کەشتییەکەمانی تێک شکاند و بەتەنێ من دەرچووم، ماوەیەک لەنێو دەریادا مەلە و پەلەقاژەم کرد تا گەیشـــتمە دورگەی «ئوژیژی» هەشـــت ساڵ لەوێ دەسبەسەر بووم تا بەتەختەیەک نەجاتم بوو و ئێستا ئەوە لێرەم دەبینن).

کاتێک سەرگوزشـــتەی ئۆلیس دوایی هات هەموو زگیان پێ ســـووتا. پاتشای فیناس کەشـــتی بۆ ئامادە کردن و پیاوی دەگەڵ خســـتن و بەڕێی کرد. کە گەیشـــتنە بەندەرگە خودای ئەقڵ خۆی گەیاندێ و پێی ڕاگەیاند کە هەر ئێستا تەواوی دوژمنانی لە کۆشکەکەی ئەون و ئەگەر بەئاشـــکرایی بچێتەوە. لەوانەیە بەهەمووان ســـواری سەری بن و بەخۆڕایی بیکوژن. وا چاکە جلی هەژارانە لەبەر بکا و بچێتە کۆخی کۆنە دۆســـتەکەی «ئۆمائوس» ئۆلیس بەقسەی کرد و لەوێ لاوێکی جوانچاک و ڕێکوپێک و بەشان و باهۆی چاو پێکەوت بەدرۆشـــم زانی کوڕەکەی خۆیەتی. باوک و کوڕ پێک شاد و شوکر بوون و پاش نیزیکەی بیست ساڵ یەکتریان لە ئامێز گرت و ماچ کرد.

شـــەوێ بەجلی شڕەوە چووە کۆشکی خۆی. کە لە دەرکی وەژوور کەوت سەگە پیر و نەخۆشەکەی «ئارتوس» کلکەسووتەی لەبەر کرد، سواڵکەرێکی خوێڕی زانی ئەو ڕێبوارە، هەژارە، ڕووتەڵە جگە لە ئۆلیس نابێ کەسی دیکەبێ. دەسبەجێ خەبەری بۆ (ئاینتووس) کە یەکێک لە ســـەرداران بوو برد. ئەو گەرچی بڕوای بەســـواڵکەرەکە نەکرد. هەســـتا و چوارپایەکی بەهێزی خۆی لە تۆقی ســـەری ڕاکێشـــا. ئۆلیس تێـــک هەڵگلا و بەتووڕەیی

هەستاوە و خەریک بوو تۆڵەی بکاتەوە. بەڵام خودای ئەقڵ تێی ڕاخوری. ناچار لە سووچێک خزا. (ئاینتووس) دڵنیا بوو کابرا بەهەڵە چووە.

لە ژووری تالار هەرا بوو. (پنلوپ) کەوانە گەورەکەی ئۆلیسی بەدەستەوە بوو و دەیگوت:

«دوا هەلتانە هەر کەس توانی کەوانی مێردەکەم بکێشێ و تیرێکی پێ باوێ شووی پێ دەکەم».

هەموو ئەم پێشنیارەیان قبووڵ کرد و بەفیزەوە ئامادە بوون. بەڵام هەرچی قەوەیان دا بەخۆ و هەوڵیان دا نەیانتوانی کەوان بکێشن. تا لە دواییدا ئۆلیس هاتە پێش هەموو بەوە پێکەنین کە هەژارێکی پیر و زورهان دەیەوێ هێزی خۆی دەگەڵ هێزی لاوانی بەناوبانگ تاقی بکاتەوە. بەڵام بەپێچەوانەی بۆچوونی ئەوان کەوانی تا ئاخر کێشا و تیرێکی توندی هاویشت.

ئەمجار جلە شڕەکانی لەبەر خۆی دارنی و نەڕاندی:

«ئەی زۆردارانی خۆپەرست ئەو کەسەی لە بەرامبەر ئێوەدا ڕاوەستاوە کەس نییە، ئۆلیس نەبێ کە پاش گەلێک ساڵ دەگەڕێتەوە ماڵی خۆی و دەبینێ دۆستانی خەیانەتی پێ دەکەن».

تلماکیش بەجلی زێرکفت و ڕەنگاوڕەنگەوە هات و لە تەنیشت باوکی ڕاوەستا. ئۆلیس کەوانەکەی ڕاکێشا و تیرێکی لە ئەوکی ئاینتوو دا و لە حاڵێکدا کە جامی شەرابی زێڕینی بەدەستەوە بوو لە خوێنی خۆی گەوزی.

کە ئەو کوژرا ئەوانی دیکە وەخۆ هاتنەوە. بەڵام هەرچی لەنێزە و شیر و مەتاڵی خۆیان گەڕان نەیاندۆزینەوە. چونکە تلماکی ژیر و وریا لێی شاردبوونەوە مێزیان شکاندن و کورسیان دەس دانێ و ڕاماڵیان بۆ ئۆلیس برد. بەڵام لە بەرامبەر هێزی باهۆ و تیری گرچوویبڕی ئەودا خۆیان نەگرت و توانایان نەبوو هێندە پێ نەچوو هەموو لە خوێنی خۆیاندا تلانەوە.

پاڵەوانی مەزن ژنە خۆشەویستەکەی لە ئامێز گرتەوە و پاش بیست ساڵ ئاوارەیی، بەختەوەری ڕووی تێ کردنەوە.

١٩٧٨/١٢/٤

وشە ونبووەکان

کاتۆل مەندیس

سـەردەمێک لە مەڵبەندێکی زەنوێر و سازگار وەک بەهەشـتی بەرین پەریزادێک رای دەبوارد کە لە شـۆخ و شەنگی و جوان و چەلەنگیدا وێنەی نەبوو. بەڵام لە بێ بەزەیی و دڵڕەقی و دەسرەشیدا کەس دەسکی لەدوو نەدەکرد. لە مەڵبەندەکەی ئەودا خەڵک ژن و پیاو، پیر و لاو، وردە و زارۆک هەموو بەشێکی باشیان لە پیتی خۆرسک پێ بڕا بوو.

کەس نەیزانی پەریزاد بۆ ڕقی لە پڕ و لە ناکاو لە دانیشتوانی ئەم مەڵبەندە پڕ خێر و بێرە هەستا؟ بۆ ئاورگی تووڕەیی بڵێسەی بەرز بۆوە؟ بۆ هاتە سەر ئەوەی بەگژیاندا بچێ؟ لەپێشدا بیری کردەوە تۆفانێکی توند و بەسام بەرپا بکا، کۆشکان بڕووخێنێ خانووبەران بڕمێنێ، کۆخان تێک تەپێنێ، کەپران ڕابێنێ، تاوڵ و ڕەشـماڵ و چیغ و چادران ڕاڕفێنێ تا شوێنەواری ژیان و مان و بوون و گوزەران لەو نێوە نەمێنێ.

پاشـی خەریک بوو، هەموو گوڵەگەش و بۆنخۆشـەکان بپڕووکێنێ، هەموو گیا شلک و تەڕەکان، هەموو دارە سـەوز و بەرزەکان، سـیس و ژاکاو و کلۆر و هلۆڵ بکا. تا کەس خۆڕسکی دڵگر نەبینێ، تا کەس دیمەنی خەمڕەوێن نەبینێ و هەموو لایەک بکا بەبیابانێکی کاکی بەکاکی و بێ ئاو و شینایی و ئیشکارۆیەکی زوورک و ڕەق و بیروونێکی چۆڵ و هۆڵ و شۆرەکاتێکی خۆێڵین و سووتاو.

دوایە هاتە سـەر ئەوە ناسک و نازدارەکان، تەسک و لەبارەکان، ڕەزا سووک و خوێن

شـــیرینەکان بکاتە ڕمووزنەی دزێو، پیرێژنی سەر بەسۆدرە، یاڵ یابووی لاجانگ بەڕشک، پورە گوڵنەتەڵەی ئەفسانەیی تا ئەوین و دڵداری، ژوان و شەوگورد و چاو بڕەکین و تاسکە تاسک، دەسبازی و ڕاز و نیازی دڵداری دوایی بێ.

بەوەشـــەوە زەرد نەبوو ویستیَ گێژەڵووکە و ڕەهێڵە و لەنگیزەیەک، لە بەرد، لە ئاگر، لە مشکی و خۆڵەمێش، لە ژیلەمۆ و پزیلک بەسەر وڵاتدا ببارێنێ و هەموو زیندەوارێکیان وەبن دا.

پاش ئەوە، خەیاڵێکی وای بەدڵی داهات هەتاو داپۆشـــێ و تیشـــکی گەرم و بەتین و ژیانبەخش بتارێنێ تا تاریکی و ســـەرما و زوقم و ســـیخوار و سەهۆڵبەندان کاری خۆیان بکەن و گیانلەبەر نەهێڵن.

ئاخرەکەی وەک کۆنـــە دزێکی دەس پیس و دیواربڕێکی چاوچنۆک کەلێنی دۆزییەوە، پاش وردبوونەوە و بیر لێکردنەوە بڕیاری دا ڕســـتەیەکی ئینســـانی و سێ وشەی ئاسمانی لەبیر هەمووان بەرێتەوە:

«تۆم خۆش دەوێ».

لە هەوەڵەوە خەڵک نەیاندەزانی چییان لێ قەوماوە، چ ڕووی داوە، تووشی چ بەڵایەک بوون، چۆنیان تانوپۆ لێ تێک چووە؟ تەنیا هێندێک دەیانزانی لەم نێوەدا شتێک بزر بووە. بەڵام هەســـتی پێ ناکرێ، کیژە جوانەکان کە جاروبار وێـــڕای دەزگیرانەکانیان دەچوونە ســـەیران و گـــەڕان و بووکە نازدارەکان کە دەگـــەڵ تـــازە زاواکان، دەچوونە نێو پەردە هەســـتیان دەکرد کە دەبێ ڕســـتەیەکیان پێ بگوترێ و بەشەرم و نازەوە وەڵامی بدەنەوە بەڵام کام ڕســـتە؟ هیچ لەبیریان نەمابوو، دەیانزانی ئەم ڕستە تەعبیرێکی شاعیرانەیە، لە چەند وشـــەی زۆر ناسک و شیرین دروســـت بووە کە پڕە لە تاسە و ئاوات و ڕاز و نیاز و هەست دەبزوێنێ و ئەوین دەجوولێنێ. ئەمما زمانیان گرێ درابوو. پەشۆکابوون، سەرسام بوون دەیانویست بپرسن، یارمەتی لە یەکتر بخوازن. بەڵام هەموو بێ هۆش و سەرگەردان بوون و چیان بەبیردا نەدەهات.

زەمان تێ دەپەڕی، کەچی خەم و پەژارەی خەڵک هەر زێدەتر دەبوو. گشـــت ئەوەندە هەراســـان و پەرێشـــان بوون. دەتگوت: خۆڵیان بەسەردا دابێشـــتوون. دەتگوت: هەموو جگەرگۆشـــەی شـــیرینی لەدەس داوە و ڕۆڵـــەی لێ ون بووە. هەرچـــی دەیانکرد ڕەمزی بەختەوەریی جاران و ڕازی شادیی پێشوویان بدۆزنەوە نەدەکرا و نەدەلوا.

وردە وردە هەودای دۆستایەتی پسا، بڵێسەی خۆشەویستی دامرکا. پشکۆی ئاشنایەتی

ژیلەمۆی نامۆیی بەسەردا کرا. لە هەموو لاوە ئینکەبەری، ئیرەیی، دڕدۆنگی و دوژمنایەتی سەری هەڵدا، وشە باو و شیرین و خۆشەکانی وەک: گیانەکەم، جەرگەکەم، ئازیزەکەم، چاوەکەم، باوکم، دایکم، ڕۆڵەم، کچم، کوڕم، مامە، کاکە، دادە، بەتەواوی لەبیر چوونەوە.

گراوی لە کوڕە حەیرانان تۆران چونکە دەیانویست ڕستە خۆشەکەیان لێ ببیسن و ئەوانیش چاریان بێچار بوو. کابان مێردانیان ڕێ نەدەدا سەرجێ چونکە پێیان وابوو، سارد بوونەوە. بۆیە ئەم چەند وشەیان بەزاردا نایە. ڕێگای کانی و دەراوان نەدەگیران و ژوانگە چۆل بوون و بەقوڕ گیران.

خوایا! ئایا لەم جیهانەی تۆدا، بێ هەستی ئەوین، هیچ شت تام و بۆنی هەیە؟ ئایا ئەگەر ئەو پەریزادە ڕق ئەستوور و خۆپەرستە، ئەو مەڵبەندەی بەیەکجاری وێران و خاپوور کردبایە باشتر نەبوو لەوەی هەستی ئەوینی تێدا بمرێنێ؟

لەو مەڵبەندەدا شاعیرێکی لاو دڵتەڕ و خاوەن هەست دەژیا. حاڵی وی نەک لە خەڵکەکە خۆشتر و باشتر نەبوو بەڵکو پەشێوتر و تاڵتر بوو. بۆ دەربڕینی هەستی ئاگرینی دەروونی خۆی، لە ڕستە ونەکە دەگەڕا. بەتایبەتی پێش ئەوەی پەری دلاواز و بەدئاکار. ئەو بڕیارە ناهەموارە بدا و ئەو کارە نالەبارە بکا. ئەو غەزەلێکی ناسک و پڕ سۆزی دەس پێ کردبوو. کە هەموو قافیەکانی بەوشە ون بووەکان تەواو دەبوو. غەزەلی شاعیری لاوی، داماوی، دڵسووتاو، ناتەواو مابۆوە چونکە ڕستە پیرۆزەکەی نەدەهاتەوە بیر.

بەرەبەیانێک شاعیری خەمناک و دڵتەنگ لە دەرەوەی ئاوەدانی لەبن دارێک لەسەر جۆبارێک دانیشتبوو و بیری دەکردەوە:

خوایا! بۆ وام بەسەر هاتووە؟ بۆ بیرم شێواوە؟ بۆ وشک بووم؟ بۆ من ئاورگی هەست، دەریای شێعر و خودای قافیە نەبووم. بۆ ئێستا ناتوانم غەزەلەکەم تەواو بکەم؟ بۆ؟ بۆ؟

بەهەڵکەوت لەم بەیانە دڵڕفێنەدا پەری تیژباڵ و بێ خەیاڵ و دڵڕەق و بەدفەڕ هاتە ئەم شوێنە، تا شنەی بەیان هەڵمژێ، تا بۆنی گوڵان بکا، قاسپەی کەوانی گوێ لێ بێ، وڕینگەی بلبلان ببیستێ، خوڕە و هاژەی شەپۆلی چۆمی خوڕێن دڵی شاد بکا.

لەپڕ چاوی بەشاعیری دڵتەنگی تێگیراو کەوت. دڵی داچڵەکی، تەزووی بەلەش داهات، دەریای ئەوینی خرۆشا، شێت و وێتی شاعیری لاو بوو. خۆی هێنا سەر ڕەنگی کیژۆڵەیەکی خونجیلانە و نەشمیلانە و خوێن شیرین و ڕەزا سووک و بەپاڵێیەوە دانیشت. بەنیگای پڕ هەوەس و بەناز و عیشوەی دڵڕفێن بەلەنجە و لاری شۆخانە، دڵی تەڕ و ناسک و جوانی پەرستی ڕفاند، دەستی ئاویشتە ئەستۆ و لێوی بەلێویەوە نا، تێری ڕامووسی و لە دەریای

خۆشـــی و کامەرانیدا نوقمی کرد. شـــاعیری بێ بەش و ناکام، بەم ئەوینە کوتوپڕە. بەم لاواندنەوە و لەزەت وەرگرتنە. یەکپارچە بوو بەکۆی ئاگر. دەتگوت: لەباتی خوێن، مســی داخـــی لە دەماران دەگـــەڕێ. پەری لە ئامێزی گەرم وەرێنا گیـــان و لەش و دڵ و دینی پێشکێش کرد.

بەفەرمانـــی پەری دەروازەی ئاســـمانی شـــین کرایەوە، پەری و شـــاعیر وەک جووتە کۆترێکی سپی تیژباڵ بەرەو ئاسۆی بێ سنوور هەڵفڕین. ئەستێرە گەش و پرشنگدارەکان، وەک خەرمانێک ئاڵماس بەگرشـــە گرشـــە بەدەورەیاندا ســـووڕان و ســـووڕان. گالیســـکەیەکی زێڕی مرواری کوت کە ئەسپێکی سپی باڵداری تێ کرابوو. ڕاگیرا، سواری بوون و بەپانایی ئاســـماندا گێڕانی. بۆ خۆشیان نەیانزانی ئەم گەشت و گەڕانە ئەم شادی و سەیرانە چەندی درێژە کێشا؟

بەجووت هاتنەوە ســـەر زەمینی خاکـــی و هەر لەو مێرگ و چیمەنـــە ئارامیان گرت، شاعیری لاو وێڕای جریوەی مەلانی سەرمەست غەزەلی ئاشقانە و پڕ سۆزی وای بۆ پەری خوێندەوە کە ئاگری لە دەروون و هەناو بەردا و ئۆقرەی لێ بڕی پەری هەرگیز دەنگی وا زوڵاڵ و قســـەی وا خۆشی نەبیستبوو. کەچی بەو حاڵەوە گەردی خەم و پەژارەی لەسەر ڕوخسار نیشتبوو و پۆلی فرمێسکی وەک مرواری لە چاوان هەڵوەری، شاعیر بێدەنگ بوو، سەری سوڕما و بەشڵەژاوی بەسەر پێیانی داکەوت و گوتی:

(ئەی فریشـــتەی جوان، ئەی ئارامی دڵان! چت لێ قەوماوە، چ ڕووی داوە؟ پاش ئەو هەموو خۆشی و ڕابواردنە بۆ دەگری و دەبارێنی؟ ئایا کەس لە گوڵ کاڵتری پێ گوتووی ئایا کەس دڵی ناسکی شکاندووی؟ ئایا کەس خەیاڵی ئارامی شێواندووی؟)

پەری لە حاڵێکدا کە فرمێسکی لەسەر کوڵمەی لە گوڵ ناسکتری دەسڕیەوە گوتی:

(بەڵێ خۆشەویســـتم، بەڵێ! لـــەم ماوەدا کە ئێمە پێکەوە ڕامانبـــواردووە تۆ هەموو شتێکت گوت مەگەر شتێک نەبێ کە هەر لە هەوەڵەوە گیانی من تینووی بیستنی بوو. تۆ لەنێو ئەم هەموو قسە خۆشانە و شێعرە تەڕانەدا، جارێک نەتگوت تۆم خۆش دەوێ).

هێشـــتا پەری قسەکەی تەواو نەکردبوو کە شاعیری دڵتەڕ هەرای شادی لێ بڵیند بوو و دەســـتی کرد بەهەڵپەڕین و ســـەما، ون بووەکەی دۆزیەوە کە ئەو هەموو ڕەنج و ئازار و مەینەت و کوێرەوەرییەی لە پێناودا کێشـــا بوو. وەک مەلێکی بەرزەفڕ بەســـەر مێرگ و چیمەن و گوڵ و گوڵزار و باخ و دارســـتاندا فڕی گەشـــتە شار و لە گۆشەیەک دانیشت و غەزەلەکەی تەواو کرد. ئەمجار بۆ خەڵکی خوێندەوە، خەڵک بەبیســـتنی شێعرەکە کەوتنە

ســـەما و هەڵپەڕکێ، ژیان دەســـتی پێ کردەوە، ئەوین لە دڵاندا پەیدا بروە. کیژە ســـرک و ڕەوەکەکان بەرەو ژوانگە بوونەوە، هەتاوی بەختەوەری تیشـــکی هاوێشـــت و تاریکی و سەرمای نەهاتی و ناهومێدی نەهێشت.

بەڵێ لەم دنیایەدا ئەگەر شێعر نەبووبا، هیوا، خۆشی، ئەوین، دڵداری و پێک گەیشتن مانای نەبوو و ئەگەر شـــاعیر نەبووبا تا پەیامی ئاســـمانیان بداتێ سەرما و سۆڵی ژیانی جیهان ڕەقی دەکردین.

لە فارسی تەرجەمە کراوە
١٩٧٨/١١/١٥

لامەزەبی خێرمەند

بلزاک

دوکتۆر (بیانشوون) شاگرد و پزشکیاری جەڕڕاح و توێکاری هەرە بەناوبانگ پرۆفیسۆر (دیپلۆن) بوو. ڕۆژێک بەڕێکەوت بەمەیدانی (سین سوولپیس)دا تێ دەپەڕی. مامۆستاکەی خۆی دی کە بۆ کلیسا دەچێ، سەعات نۆی بەیانی بوو، پرۆفیسۆر (دیپلۆن) کە هەمیشە بەگالیسـکەی تایبەتی دەگەڕا، بەپێیان بوو و لەلای کۆلانی (پووتی لیوون) ڕا دەهات کە کۆلانێکی بەدناو بوو، ڕاسـت وەک کەسـێک دەچوو کە بیەوێ خۆی لە یەکێک لەو ماڵە سووک و بەدناوانە ڕۆکا.

بیانشـوون مامۆستاکەی خۆی باشـی دەناسـی و دەیزانی پیاوێکی ماددی و لەخوا بەدوورە. بڕوای بەئایین و مەزەب و زیندووبوونەوە و دنیای دی نییە. هەر بۆیەش سـەری لەم کارە سوڕما و بەئەسپایی شوێنی کەوت و چووە کلیسا دیتی مامۆستاکەی کە بەقەدەر نووکی دەرزی بڕوای بەدین و ئایین و کلیسـا و کەشـیش و نوێژ و دوعا نەبوو، ئەوا لە سووچێکی کلیسا لە بەرامبەر کۆتەڵی حەزرەتی مریەمدا چۆکی داداوە و وا خەریکی نوێژ و پاڕانەوەیە ئاگای لە خۆی و دەوروبەری نەماوە. بەڕاستی پێی سەیر و سەمەرە بوو.

ترسا نەوەکو مامۆستاکەی ببینێ و لای وا بێ شاگردەکەی شوێنی دەگێڕێ و کێشکی دەکێشـێ. هەروەک بەئەسـپایی چووبووە ژوور ئارام و بێدەنگیش دەرکەوت و ڕێی خۆی گرت و ڕۆیشـت. ئەم ڕێکەوتە چـاوەڕوان نەکراوە بیری ئاروژاند بـەڵام گوێی نەدایە و

فەرامۆشی کرد.

سێ مانگێکی پێ چوو ڕۆژێک مامۆستایەکی زانستگا کە هاوکاری دیپلۆن بوو هاتە سەردانی و لەگەن بیانشوون دۆستانە دەستی لەسەر شان دانا و گوتی:

«هاوڕێ! تۆم لە کلیسای سێن سوولپیس دی و بەلامەوە سەیر بوو؟ بۆم نەچووە سەریەک لەوێندەرێ چ دەکەی ئاخر تۆ و کلیسا؟»

دیپلۆن وەڵامی دایەوە: «چووبووم تەماشای قەشەیەک بکەم کە ئەژنۆی ئاوی هێناوە و دەبێ عەمەل بکرێ و شازدە خانم (ئانگوولیم) بەمنی ئەسپاردووە».

بیانشوون بەوە دڵی ئاوی نەخواردەوە، دەیزانی نەخۆشی وا لە کلیسا تەماشا ناکرێ بەخۆی گوت: «دیسان بۆ نوێژ و پاڕانەوە چووە».

لەو کاتەوە بڕیاری دا هەر چۆنێک بێ سەرەدەری لەم گرێ پووچکە دەربکا. لەبیری بوو چ ڕۆژێک مامۆستاکەی لە کلیسا دیبوو. ساڵی دواتر ڕاست لەو ڕۆژەدا چووە وێ و خۆی لە پەنایەک حەشار دا. چی وای نەکێشا دیپلۆن لە پێچی کۆڵانی (پووتی لیوون) لە گالیسکەی دابەزی و بەپەنایەکی ڕێگای کلیسەی گرتە پێش و خۆی تێ کوتا. بیانشوونیش بەدوای ئەودا چووە ژوور و ڕوانی مامۆستاکەی بەچۆکدا هاتووە و خەریکی نوێژ و پاڕانەوەیە. واقی بردەو و لەبەرخۆیەوە گوتی:

«سەیرە؟ لەلایەک بێ بڕوایی و بێ دینی و خوانەناسی و لەلای دیکەوە چۆک دادان و نوێژکردن و دوعا خوێندن؟»

کە نوێژ و پاڕانەوە دوایی هات و کلیسا بەتاڵ بوو و مامۆستاکەی دەرکەوت بیانشوون خۆی گەیاندە سەرپەرشتی کلیسا و پرسی:

«ئەرێ ئەو پیاوە ماقوولەی لەو سووچە نوێژی دەکرد و دەپاڕاوە دەناسی و ئایا زۆر دێتە کلیسا؟»

وەڵامی داوە:

«ئەوە پێ لە بیست ساڵ دەنێ من بەسەر ئەم کلیسایە ڕادەگەم. دیومە کە هەموو ساڵێ دوکتۆر دیپلۆن چوارجار بێتە ئێرە و خێر و خێرات بکا بەڕاستی خێرومەندە».

دەوری شاگردی بیانشوون تەواو بوو دیسان ڕۆژێک بەبەر کلیسای گۆریندا ڕادەبرد. بەدڵی داهات کە ڕەنگبێ مامۆستاکەی لەوێ بێ. چووە ژوور، بەڵێ دیپلۆن وەک جاران چۆکی دادابوو و خەریکی نوێژ و پاڕانەوە بوو.

بیانشوونیش لە تەنیشتی چۆکی دادا. کە نوێژ بەتاڵ بوو سڵاوی لێ کرد و خۆی پێ

ناساند. پێکەوە لە کلیسا هاتنە دەر گوتی:

«مامۆستا! جەسارەت نەبێ ڕازێک لەمن بۆتە مەتەڵۆکە و بۆ خۆشت نەبێ کەس ناتوانێ هەڵیبێنێ»

نەقڵەکەی لە سەرەتاوە بۆ گێڕاوە و لەسەری ڕۆیی:

«تۆ کەسێکی لە کاتی دەرس گوتنەوە و کارکردندا بەڕاشکاوی و ئاشکرایی دەڵێی بڕوات بەو خودایەی کە خەڵک دەیپەرستن نییە. ئەدی چ بۆتە هۆی ئەوەی بەپەنامەکی دەچی بۆ کلیسا و نوێژ دەکەی و دەپاڕێیەوە و تەنانەت خێر و خێراتیش دەکەی؟»

دیپلۆن گوتی:

«دۆستە لاوەکەم! من تازە پیر بووم و پێم لەسەر لێواری گۆڕە و هیچ پێویست ناکا ئەم ڕازە کە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی لاوەتی و دەورانی خوێندنم لە تۆ بشارمەوە».

بیانشوون شان بەشانی جەڕڕاحی مەزن و زۆر بەناوبانگی پاریس کەوتەڕێ. وردە وردە گەیشتنە کۆڵانی کاتروان (چواربا) کە لە کۆڵانە هەژارنشینەکانی پاریسە. دیپلۆن لە بەرامبەر خانووبەرێکی تەنگ و تاریکدا کە وەک قەڵایەکی پڕ پێچ و لابەلا دەچوو، ڕاوەستا و گوتی: «وەرە سەر» و خۆی بەپلیکانانداا هەڵگەڕا، تا نوهوومی شەش سەرکەوتن لەوێ گوتی:

«چیرۆکی چوونە کلیسا و نوێژ و پاڕانەوە و خێر و خێراتی من لێرەوە دەسپێ دەکا. ئەو کاتە ڕۆژگارێکی یەکجار سەخت و ژیانێکی زۆر تاڵم ڕادەبوارد. هەم نامۆ و غەریب بووم و هەم برسی و ڕەشورووت کەوش و پێڵاوێکی باش و جلوبەرگێکی خاوێنم، نەبوو. ئەمڕۆ کە چل پەنجا ساڵ لەو سەردەمە تێ پەڕیوە. بیردەکەمەوە کە چۆن توانیم بژیم و بۆ لەنێو نەچووم. لە پاریسدا تەنیا و بێکەس بووم و بۆ خەرجی خوێندن و کڕینی کتێب هیچ بەهیوا نەبووم لە چ لایەک تەنانەت یەک شایی چییە پێم بگا. دەسکورتی و برسایەتی تووڕە و تۆسنی کردبووم درست و ئاواڵێکم پێوە نەمابوو و سەر و وەزعێکی واشم نەبوو کەس ئارەزووی دۆستایەتی من بکا. لەو ماڵەی لەپێش چاوتە نیشتەجێ بووم و دەرسی پزیشکیم دەخوێند و خۆم بۆ یەکەم ئەزموون ئامادە دەکرد، وام گوریس گەیبووە هیچکان، کە نە دەمتوانی بچمە پێش و نە بگەڕێمەوە دواوە و بڕیارم دابوو یا بمرم یا خۆم بگەیەنمە لای سەروو. قەرار وا بوو کەسوکارم مانگانە سی فرانکم بۆ بنێرن، بەڵام زۆر جار ئەم پوولە کەمەشم پێ نەدەگەیشت. باش دەمزانی پەیداکردنی ئەوەندووکە دراوەش بۆ ئەوان چەند دژوارە. پوورێکی پیرم بوو. سندووقێکی کۆنی جلوبەرگی کۆن

و نوێ لە سـندووقخانەکەیاندا دۆزیبووەوە و بۆی نـاردم. هیچ نەبێ خاوێن و پاکژبوون. بەڵام چونکە دراوی کرێبارم شـک نەدەبرد نەمدەتوانی ئەم جلانە وەریگرمەوە. هەمیشـە لەم دەرک و ئەو دەرکم دەدا بەڵکو بتوانم سندووقەکە وەریگرمەوە و خۆم کەمێک کۆک و پۆشـتە بکەم. تەنیا چارەم ئەوەبوو، برێک لە شتومەکەکان هەرزان فرۆش بکەم و ئەوانی دیکەم بۆ دەرچێ. لەم ژوورەی هاوسـێمدا پیاوێکی ئاوفرۆش خەڵکی (سین فلوور) دەژیا ناوی (بووژارت) بوو ئاشـنایەتی ئێمە هەر ئەوەندە بوو کە تووشـی یەک دەبووین وەک دوو هاوسـێ سـڵاوێکمان لێک دەکرد و چیدی. ڕۆژێک هەر ئەو پیاوە پێی ڕاگەیاندم کە خاوەن ماڵ ڕای ئەسـپاردووە چوونکە سـێ مانگە کرێم نەداوە. دەبێ ژوورەکەی بۆ چۆڵ بکەم. کە نیگەرانی و پەشـێوی منی هەسـت کرد گوتی: خەم مەخۆ بەتەنێ نی، منیش دەردەکا و بیانووی ئەوەیە کاری ئاوفرۆشی دەگەڵ وەزعی ئێرە ڕێک ناکەوێ و دانیشتوانی خانووەکەی وەزاڵە هێناوە. ئەو شـەوە سەختترین شـەوی ژیانی من بوو، بەیانی زوو لە خەو هەسـتام، بیرم دەکردەوە خوایا ئەم سر و سیپاڵە بۆ کوێ بەرم؟ خەریکی خواردنی نان و شـیر کە تەنیا خواردنی من بوو، بووم لە پڕ بووژارت وەژوور کەوت و گوتی: ئاغا گچکە! تۆ دەخوێنی و دەچیتە زانسـتگە. من منداڵی سـەر ڕێـگام لە هەتیوخانە گەورە بـووم و دایک و باوکی خۆم ناناسـم و قەت ئەوەنـدەم دراو نەبووە بتوانم ژن بێنم و ماڵ پێکەوە نێم. بۆیە وەک تۆ بێکەس و تەنیام داشـقەیەکم هەیە بێ شک دیوتە لەبەر دەرک ڕای دەگرم و ئاوفرۆشـی پێ دەکەم ئەم خرت و پرتەی من و شـتومەکەکانی تۆی تێدا جێ دەبێتەوە. ئێستا کە لێرەمان دەردەکەن دەڕۆین، بەڵکو بتوانین پەسیوێک بۆ خۆمان بدۆزینەوە و سـەر پێکەوە نێین. کوڕە خۆ ئێمە کۆشـکی پاتشایەتیمان ناوێ هەر هێندە تێیدا بحاوێینەوە بەسە و نوایەک بێ لە با و بارانمان بپارێزێ شوکری خوا دەکەین. گوتم زۆر سوپاست دەکەم، بەڵام من سێ مانگ کرێی ئێرە قەرزدارم و جگە لەمە سندووقێکیان کۆنە بۆ ناردووم کە دەبێ کرێباری بدەم و وەری گرمەوە و هەموو نەغدێنەم لە پێنج فرانک تێپەڕ ناکا. گوتی: گوێ مەدەیە خوا شـوکر کیسـەم بەتاڵ نییە بەشی ئەوانم هەیە، خەم مەخۆ خوا گەورەیە، هەستە خڕ بکەوە تا بڕۆین.

قەرزەکانی دامەوە و خرت و پرتەکانمان لە داشـقە نا و تەنافی هاوێشـتە شـانی و ڕۆیشـتین لە هەر جێگایەک نووسـرابوو (ژوور بۆ ئیجارە) ڕادەوەستا و پرسیاری دەکرد. کرێـی ژوورەکان زۆر گـران بـوون و بۆ ئێمە نەدەبوون هەرچی هەوڵمـان دا لە گەڕەکی (کارتیە لاتین) کە گەڕەکی خوێندکاران بوو ژوورێکی هەرزان پەیدا بکەین گیرمان نەکەوت ناچار بووین چاو لەوێندەرێ بپۆشـین درەنگانێ، ئێوارێ لە پاسـاژی بازرگانی لە بەشی

(حەوشـــەی ڕووهان) دوو ژوورمان کە لەم بەر و ئەوبەری پلیکان بوون بەشێست فەرانگ ئیجارەی ساڵانە بەکرێ گرت و بووینە ئاوماڵ. بووژارت هەرچۆنێک بوو ڕۆژانە سەد شایی پەیدا دەکرد و سەد (ئەکۆ)یەکیشی پوولی نەغد بوو و ئاواتی ئەوەبوو کە بتوانێ ئەسپێک و چەلەنگێکی ئافرۆشـــی پەیدا بکا و ببێ بەئاوفرۆشـــێکی ئابڕوومەند. کە لە حاڵ و باڵی مـــن ئاگادار بوو وازی لە ئاواتەکەی هێنا و گوتـــی: تۆ دەبێ بخوێنی و کاری تر لە کاری من واجبترە. ئیتر لەو ڕۆژەوە خەرجی منی وەئەســـتۆ گرت. هەر پێی دەگوتم ئاغا گچکە. شەوانە کە لەکار دەگەڕاوە لە ژوورەکەی من دادەنیشت و بەتاسەوە سەیری خوێندنەوە و موتاڵای منی دەکرد. ئەو پیاوە باشە کە تەمەنی خۆی لە چل ساڵ دەدا سەر تا پێ هەست و عاتیفە بوو، نەیدەزانی هەستی خاوێنی خۆی چۆن دەرببڕێ، دەیگوت لەم دنیایەدا هیچ زیندەوارێک منی خۆش نەویســـتووە ســـەگێکی بەڕەڵڵا نەبێ، ئەویش پێش ئەوەی دەگەڵ تۆ ئاشـــنایەتی پەیدا بکەم لەبەر پیری تۆپی. بـــووژارت وردە وردە، هەموو ئاواتی ژیانی لەسەر من ساغ بۆوە بەجۆرێکی وا کە تەواوی کەسوکار و هیوا و ئارەزووی بەتەنێ لە مندا کۆبۆوە. بۆ من لە دایک دڵســـۆزتر و بەبەزەییتر بوو. ئەوی باش بایە بۆ منی دەویســـت. حازر بوو خۆی هیچ نەخوا و هیچ لەبەر نەکا تا پێداویستییەکانی دەرس و کتێب و ژیانی ساکاری من جێبەجێ بکا. ئێمە پەیڕەوەکانی ئایینی مەسیح هەمیشە لەبارەی خۆپارێزی و چاکی و پاکییەوە دەدوێین. ئەم پیاوە ئاوفرۆشە هەموو ئەم سیفەتانەی تێدا کۆببوونەوە. بەڕۆژ کە لە کۆڵان و خەیابان تووشـــی یەک دەبووین لە حاڵێکدا کە تەنافی داشـــقەکەی بەشانەوە بوو و بەدوای خۆیدا دەیکێشا بەوپەڕی مەزنایەتی و دڵسۆزییەوە بزەی دەهاتێ دیاربوو کە چەند بەساغی و سەلامەتی و پاک و خاوێنی من دڵخۆش و شادە.

کەم کەم خوێندنم تەواو بوو و دەســـتم بەکاری پزیشکی و جەڕاحی کرد. دەبوو وەک پزیشـــکیارێک لە نەخۆشخانە بمێنمەوە. ئەم دووربوونەوەی بەلاوە گران بوو. بەڵام وەسەر خۆی نەدەهێنا و باســـی نەدەکرد. پتری زەحمەت دەکێشا و خەریک بوو دراوی پەیدا بکا و بمداتـــێ تا مـــن بتوانم تێزی دوکتۆرام تەواو بکەم و لەچاپـــی بدەم، بەڵێنی دابوو هەر دەرفەتی بێ، سەرم بدا.

کە چیرۆک گەیشـــتە ئێرە پرۆفیســـۆر بەشاگردی پێشـــووی گوت: بیانشانوون ئەگەر ریسالەی دوکتۆرای من تەماشا بکەی دەبینی کە ئەوم بەناوی ئەو پیاوە جوامێرە نووسیوە و پێشکێشی ئەوم کردووە. کەم کەم لە نەخۆشخانە داهاتێکم پەیدا کرد و توانیم دراوێک بۆ هێنانەدی ئاواتی لەمێژینەی ئەو پاشـــکەوت بکەم و ئاخری ئەســـپ و چەلەنگم بۆ کڕی لەلایەکەوە دەتگوت دونیایان داوەتێ کە بۆتە ئافرۆشێکی ئابڕوومەند. بەڵام لەلای دیکەوە

لەحاڵێکدا ئەوپەڕی ڕاستی و دروستی و پاکی و خاوێنی پێوە دیاربوو پرتە و بۆڵەی بەسەرمدا دەکرد و دەیگوت: ئەمە چت کردووە؟ تۆ تازە سەرەتای کارتە و پێداویستت بەهەزار شت هەیە و دراوت پێ دەوێ و لە ڕاستیدا ئێستا تۆ لە من موحتاجتری. شوکر لەشم ساغە و شانم زامی نەهێناوە و نیازم بەئەسپ نییە. کەچی دیاربوو لە خۆشیان خەنی بووە و لە پێستی خۆیدا ناحەوێتەوە کە دەبینێ من، منی بێ دەسەڵات و ڕووت بۆ خۆم بوومە پیاوێک و داهاتی خۆم هەیە. ئەمجار وازی لە من هێنا و بۆ لای ئەسپەکە چوو، دەستی بەیاڵ و بڕ و شانی و بدەوگە و پشت و کەفەڵ و لاق و لەتەریدا دەکێشا و چاوی لەخۆشیان گرشەگرشی بوو. جارێک دەیڕوانیە من و جارێک لە ئەسپەکەی دەفکری ئامرازی جەڕاحی من ئێستاش هەر ئەو ئامرازانەن ئەو بۆی کڕیبووم و بەیادگارێکی خۆشەویست هەڵم گرتوون. وردە وردە ناوبانگم دەرکرد و بەگەورەترین جەڕاحی فەرانسە و جیهان ناسرام. بەڵام ئەو پیاوە جارێک بەڕووی دانەدامەوە و لەکن کەس بەزاریدا نەهات کە لە سایەی پیاوەتی و جوامێری و فیداکاری ئەودا گەیشتوومە ئەم پایە. هەر خۆم باشم دەزانی ئەگەر دڵسۆزی ئەو نەبایە من نەک نەدەبوومە پیاو و نەدەگەییمە هیچ بەڵکو لەوانە بوو هەر نەشمێنم.

ڕۆژێک خەبەرم پێ گەیشت نەخۆش کەوتووە، دەستم لە هەموو کار و پیشەی خۆم هەڵگرت و خۆم گەیاندە سەری و دەرمان و پەرستاریم کرد. جاری یەکەم توانیم لە چەنگاڵی مەرگ ڕزگاری بکەم بەڵام بەداخەوە پاش دوو ساڵ نەخۆشییەکەی هەڵی داوە و برووزی ئەستاند. ئەوی بۆم دەکرا کردم، دەرمانی ئەوتۆم بۆ پەیدا کرد لە قوتووی هیچ عەتتارێکدا نەبوو، کاری وام بۆ ئەنجام دا لە چ کتێباندا نەنووسراوە. ئەوەندەم قەدر گرت لە هیچ پاتشا و خاوەن دەسەڵاتێک نەگیراوە. بەڵام داخی گرانم سوودی نەبوو. سەر تا پێم پڕ بوو لە قەدرزانی و نمەک ناسی و بەڕاستی حازربووم لە عومری خۆم کەم بکەمەوە و لەسەر عومری ئەوی دانێم. ئەمما بەداخەوە هەموو کار و زانستم، هەموو ڕەنج و تێکۆشانم، هەموو شەو و شەونخوونیم بەفیڕۆ چوو، بووژارت، بوژارتی خۆشەویست باوکی دووەمم یا باشتر بڵێم باوکی ڕاستیم لە باوەشمدا گیانی دا. وەسیەتنامەکەی بەخەتی عەریزەنووسێکی گشتی سەر شەقام نووسرابوو بەپێی ئەو بەڵگە هەرچی لە پاشی بەجێ مابێ ماڵی من بوو و تەنیا میراتگری من بووم دیارە ئەو وەسیەتنامە ئەو کاتەی ئامادە کرابوو کە لە گەڕەکی حەوشەی ڕووهان تازە ببووینە ئاوماڵی یەک. ئەو پیاوە نەخوێندەوارە خێوی ئیمان و بڕوایەکی یەکجار پتەو بوو حەزرەتی مریەمی گەلێک خۆشدەویست و لەبەر نەزانی و ساکاری ئەوی بەدایکی خوا دەزانی. دەگەڵ ئەوەشدا ئەو لە ئەوینی خوا و مەزەبی

کاتۆلیکی خۆیدا ســـووتابوو و دەشیزانی من بیروبڕوام دەگەڵ ئەو جیاوازە و ئیمانم بەخوا و کلیســا و ئایین سســـتە، هەرگیز لەو بارەدا نەیدەدواندم و سەری نەدەهاویشتە سەرم و وای دەنواند کە هیچ دەربەســتی بیروبڕوای من نییە. لە قووڵایی دڵمەوە دەڵێم: ئەی ئەو کەســەی پێت دەڵێن خوا ئەگەر لە عالەمدا شــوێنێک هەیە پاش نەمان پیاوچاکی بچنێ، بووژارتــی من لەبیر مەکە ئەگەر لە ژیانیدا تووشــی گوناهـــ و تاوانێکی وا بووە کە دەبێ ســەزا بدرێ. لە ســەرەمەرگدا داوای لێ کردم بەپێی ئایینی مەسیحی بینێژم. دڵنیام کرد کە داواکەی بێنمە جێ و ئەســپاردم کە لە کلیســا بۆی بپاڕێنەوە و نوێژی بۆ بکەن. لە نەخۆشیدا هەمیشە دەیگوت: دەترسم بمرم و نەمتوانیبێ، وەک پێویستە ئەرکی سەرشانم ئەنجام بدەم. بێچارە لە هەموو ژیانیدا ئازاری بۆ کەس نەبوو و لە بەرەبەیانەوە تا بوومەلێڵ ڕەنجی دەدا و ئارەقی دەڕشـــت و هێشـــتا لای وابوو خوای لە خۆی ڕازی نەکردووە. نازانم ئەگەر لە ڕاســـتیدا بەهەشتێک هەبێ و بووژارتی نەچێتێ ئەدی کێی لێ دەبێ؟ لەو پەڕی ساکاریدا مرد تەنیا کەسێکی دەگەڵی چووە سەر قەبران من بووم. منیش کاتێ گەورەترین دۆســـت و دڵسۆزترین سەرپەرشـــتی خۆمم بەخاک ئەسپارد بیرم کردەوە کە چۆن چاکەی بدەمـــەوە. ژن و زارۆک و کەســـوکار و خزم و نیزیکی نەبـــوو کە بیانخەمە ژێر چاوەدێری خۆمەوە. وەبیرم هاتەوە زۆر جار باســـی ئەوەی بۆ کردبووم خۆشە پیاو پاش مردن نوێژ و دوعـــا و خێـــر و خێراتی بۆ بکرێ. بەڵام بۆ ئەوەی بیر نەکەمەوە پێی قەرزدارم و دەبێ بۆی پڕ بکەمەوە هەرگیز خواهیش و داوای لێ نەکردبووم پاش مەرگی کارێکی بۆ ئەنجام بدەم. بەڵام خۆم هاتمە ســـەر ئەم بیرە کە تەنیا لەم ڕێگایەوە دەتوانم هەق ناســـی خۆم دەربخەم و ئەو چاکەی بدەمەوە کە هەرگیز و هەرگیز فەرامۆشی ناکەم کە ئەو ڕێوشوێنەی پاش مردنی بۆ جێبەجێ بکەم. بۆیە دەگەڵ کاربەدەستانی کلیسای سین سوولپیس قەرارم دانا کە هەموو ســـاڵێ چوار جار وەک باوە، نوێژ و دوعای گشـــتی بۆ بکەن ڕۆژی یەکەمی هەر چوار فەســـڵی ساڵ خۆشم دەچمە کلیسا و بەیادی دۆستی گەورە و لەدەسچووم نوێژ و دوعا دەکەم و من بە گیان و دڵ حازرم لەباتی ئەو سەزا بدرێم. تا ئەو زووتر بچێتە ئەو جێگایەی پێی دەڵێن بەهەشت.

کە چیرۆک گەیشـــتە ئێرە دیپلۆن تاوێکی بێدەنگ بوو و دوایە ســـەری بەرزکردەوە و گوتی:

«دۆســـتی خۆشەویست! کەسێک کە خاوەنی بیروبڕوایەکی وەک منە لەوەی زیاتری لە دەســـتی نایە. لەو بیرەدا نیم کردەوەی من لەلایەن خواوە پەســـند نەکرێ. من بەهەرچی خۆشـــم دەوێ ســـوێند دەخۆم کە ئامادەم هەموو دار و نەداری خۆم بدەم تا بتوانم ئەو

بیروبڕوایەی بووژارت لە مێشکیدا بوو لە مێشکی خۆمدا بگونجێنم».

پاش ماوەیەک دوکتۆر بیانشـــوون لە ژوور ســـەرینی مامۆستای پایەبەرزی پرۆفیسۆر دیپلۆن حازر بوو و ئەویش بەنۆرەی خۆی مرد. کێیە بتوانێ بڵێ مامۆستا دیپلۆن کە ڕۆیی بەئیمانەوە نەڕۆیی[١].

١ - ئەم چیرۆکە لە نووسینی بلزاک، گەورە نووسەری فەرانسەیە. من لە ڕووی گۆڕینی فارسی مامۆستا جەمالزادە بەدەسکاری کەمەوە کردوومەتە کوردی.

تەنیا هەمیشە تەنیا

گی دو موپاسان

پاش خواردنی ژەمێکی تێروپڕ هەموو شـــاد و دڵخۆش بوون، یەکێک لەوان دۆســـتێکی کۆنم گوتی:

«پێم خۆشە کەمێک لە شانزەلیزە بگەڕێین».

وەڕێ کەوتین بەبن ئەو دارانەدا کە هێشتا تاک و تووک گەڵایان پێوە مابوو، ڕابردین هیچ دەنگێک نەدەهات جگە لەو زەنا زەنایەی هەمیشە لە پاریسدا هەیە و نابڕێتەوە، شنەبایەکی فێنک ڕوومەتی ئێمەی دەنگاوت. کۆمەڵە ئەســـتێرەکان بەئاسمانی شین و ساماڵەوە گرشە گرشیان بوو و پڕشنگی زێوینیان داوێشت. دۆستەکەم گوتی:

«نازانم بۆ شەوانە لێرەدا لە هەموو جێیان زیاتر بەئاسوودەیی هەناسەم دێ و دەچێ؟ بیرم پان و بەرین دەپێوێ، لەپڕ برووسکێک مێشکم ڕووناک دەکاتەوە کە بۆ تاوێک دەمەوێ لە هەموو ڕازەکانی جیهان بگەم».

پاشـــان ڕۆچنە دادەخندرێ، هەموو شـــت دەبڕێتەوە. هەر وا دەڕۆیشتین جار جار دوو ســـێبەرمان دەدی کە لە ســـیلەی دیوارێک دەلەرزین یا بـــەلای تەختێکدا تێ دەپەڕین کە دوو ئینســـانی لەسەر بوون و پێکەوە نووسابوون و دەتگوت دوو پەڵەی ڕەشن. ئاواڵەکەم دەیگوت: «بێچارانە، نام ئاروژێنن، هەر ئەوەندە هەیە هەســـت بەبەزەیەکی توند و قووڵ دەکەم».

لەنێو ڕازەکانی ئەم جیهانەدا تەنیا لە یەکیان وردبوومەوە، چارەڕەشـــی هەرە گەورەی

ئێمە لە ژیاندا ئەوەیە تا هەین تەنیاین، هەمیشـــە هەموو تێکۆشانمان ئەوەیە لە دەس ئەو تەنیاییە ڕابکەین «ئەوانەی لەســـەر ئەم تەختانە دانیشـــتوون وەک ئێمە و وەک هەموو کەســـی دیکە دەیانـــەوەێ تەنانەت بۆ تاوێک بەتەنێ نەژین، کەچـــی هەتا هەتایە تەنیان، هەموو کەس کەم تا کورتێک لەوە گەیشتووە».

من ماوەیەکە ڕەنجی تەنیایی دەکێشـــم دڵنیاشـــم هیچ شتێک ناتوانێ دوایی بەم ڕەنجە بێنێ. گوێت لێیە هیچ شـــتێک، هەر کارێک بکەین هەر چەندی تێ بکۆشین قسەمان چەند نەرم بێ و باوەشمان چەند گەرم! هەمیشە هەر تەنیاین. من ئەمشەو تۆم بۆیە دەگەڵ خۆم گێـــڕا تا بەتەنێ نەچمەوە ماڵ. چونکە زۆر لـــە تەنیایی بێزارم. بەڵام قازانجی چ بوو؟ من قســـانت بۆ دەکەم تۆش گوێم بۆ ڕادەدێـــری، پێکەوەین کەچی تەنیاین، تێ دەگەی دەڵێم چی؟ لە کتێبی پیرۆزدا هاتووە: «چەند بەختەوەرن ســـاویلکەکان، ئەوان خۆ بەبەختەوەر دەزانن، ئەوان هەست ناکەن تەنیان. ئەوان لەو تەنیاییە شوومەی ئێمە ناگەن. ئەوان وەک ئێمە سەرلێشێواو نین» ڕەنگ بێ پێت وابێ کەمێک شێتم وا نییە؟

گـــوێ هەڵخە لەو کاتەوە هەســـتم بەتەنیایـــی کردووە. پێم وایە هەمـــوو ڕۆژێ بەرەو تاریکخانەیـــەک دەچم کە دیوارەکانی نابینم و نازانم بنەبانی لـــە کوێیە؟ بەو تاریکخانەدا دەڕۆم، بێ ئەوەی کەس ڕابەرم بێ کەس بەدەوروبەرمەوە بێ و کەس وەک من ئەم کوێرەڕێ باریک و تاریکە بپێوێ.

لەم تاریکخانەدا جگە لە دەســـتی خۆم هەســـت بەهیچ دەستی دیکە ناکەم. دەزانی چ دەڵێم؟ چەند کەسێک لەو ژیانە بێ ئامانە گەیشتوون. ئالفیرد دوو مووسە دەڵێ:

«کێ دێ؟ کێ بانگ دێڵێ؟ هیچ کەس تەنیای تەنیام. ئەی تەنیایی ڕەش و شووم».

بەڵام ئەوەی بر من بڕوایەکی تەواوە بۆ ئەو گومانێک پتر نەبوو، ئەو شـــاعیر بوو، ئەو تاپۆ و تارمایی دەخولقاندن ئەو بەڕاستی قەت بەتەنێ نەدەماوە کەچی من تەنیای تەنیام.

(گوستاو فلۆبیر) کە یەکێک لە چارەڕەشترین مرۆڤی جیهان و ڕۆشنبیرترین کەسی سەر زەوی بوو ئەم ڕستە کورتەی بۆ دۆستێکی خۆی نووسیوە:

«ئێمە لە چۆڵێکدا دەژین کە کەس کەس ناناسێ».

ئایا زەوی دەزانێ لەو ئەســـتێرانەدا کە ئەوەندە لە ئێمە دوورن هەر پرشنگیان دەگاتە ئێمە؟ چ ڕوو دەدا؟ بەڵێ ئینسان زۆر لەوەش کەمتر لە هەستی ئینسانێکی دیکە ئاگادارە. ئێمـــە وەک ئەم ئەســـتێرانە لێک دوورین. زیاتریـــش تەریک بووینـــەوە. چونکە ناتوانین بیرکردنەوەی یەکتر شی بکەینەوە لە ڕازی یەکتر بگەین. تۆ هیچ شتێک لەو ئینسانانەی خۆ تێک هەڵدەسوون بەڵام ناتوانن یەکتر بناسن چارەڕەشتر دەبینی؟ ئێمە ئەوەندەمان یەکتر

خـــۆش دەویٚ دەڵێی زنجیر کراوین. بەئامێزی ئاوەڵاوە لە پەنا یەکترین بۆ ئەوەی بەیەکتر بگەین. تاســـەی نیزیک بوونەوە بەتەواوی هەست دەکەین. بەڵام هەموو بۆ کەلکە. هەموو پەلەقاژەیەکەمان بێ ســـوودە، دەردی دڵمان، لە باوەش گرتنمـــان، لاواندنەوە خۆڕاییە. دەمانـــەوێ ئاوێزانی یەکتربین، لێک هەڵێین. خۆ لە ئامێز هاویشـــتنمان تەنیا دەبێتە هۆی ئەوەی تێک هەڵنگوین.

من هیچ کاتێک لەو کاتە خۆم بەتەنیاتر نازانم کە ڕۆچنەی دڵم بۆ دۆستێکم دەکەمەوە. چونکە باش ئەم پەرژینە بێ کەلێنە دەبینم کە لە نێوانماندا هەیە. ئەم دۆستەی بەرامبەرمە، چـــاوە ڕووناکەکانـــی دەبینم کە لە منی بڕیون. بەڵام گیانی لە پشـــت ئەم چاوانە نابینم. گوێم دەداتێ، بەڵام بیر لە چ دەکاتەوە؟ بەڵێ بیر لە چ دەکاتەوە؟ تۆ هەســـت بەم ئازارە ناکەی؟

ڕەنگ بێ لێم بێزاربێ، ڕقی لێ هەڵگرتبم، یا گاڵتەم پێ بکا؟ ئایا بیر لەوانە دەکاتەوە دەیانڵێم، تیزم پێ دەکا، یا بەگێژم دەزانێ؟ چۆن بزانم چۆن بیر دەکاتەوە؟ چۆن بزانم لە چی بیر دەکاتەوە؟ چۆن دەتوانم تێ بگەم ئەوەندەی خۆش دەوێم کە خۆشم دەوێ؟ و لەو ســـەرە پچووکە خڕەدا چ لێکدانەوەیەک هەیە؟ چ ڕازێکی سەر بەمۆرە بیرەکانی نەناسراوی ئینسانێک. بیری بزر و ئازاد، بیرێک کە ناتوانین سنوور و ڕێبازی بۆ دیاری بکەین. ناتوانین بەسەریدا زاڵ بین یا بیبەزێنین.

هەموو شـــتێک لە قووڵایی تاریکی (من)دا ڕادەگرین، لەو قووڵاییەدا کە کەس دەستی ناگاتـــێ، کـــەس ڕێی تێ نابا، کەس بۆی نادۆزرێتەوە. چونکـــە کەس نییە وەک من بچێ، کەسیش نامناسێ.

هیچ نەبێ تۆ ئێستا دەمناسی؟ نا بەشێتم دەزانی، تاقیم دەکەیەوە، دوورم لێ رادەوەستی لە خۆت دەپرسی:

«ئەمشـــەو بۆ وای بەســـەرهاتووە؟ ئەرێ تێـــت گەییوم؟» ڕەنگـــە بتوانی بۆ تاوێک بەختەوەرم بکەی. ژنن ئەوی دوورەپەرێزی خۆم باشتر نیشان دەدەن.

چارەڕەشـــی، داماوی، حەپەساوی، ئای چەندم ئەوانە لەدەس ژنان دیوە چونکە زۆر لە پیاوان پتریان هەستی تەنیا نەبوون بۆ پەیدا کردووم.

کاتێک پیاو تووشی ئەوین دەبێ هەست دەکا لە جاران بڵاوترە، هەست بەبەختەوەرییەکی بەرزتر لە بەختەوەریی ئینسانی دەکا. ئەم هەستەی لە کوێوە پەیدا دەبێ. لەوێڕا کە پیاو هەست دەکا ئیتر تەنیا نییە، تەرەکەمەیی دوایی هاتووە، چ هەڵەیەک؟

ژن کە تاســـەی ئەوین لە ئێمەدا تیـــن دەدا درۆیەکی گەورەیە، بیرەخەوە. من ئەوکاتە

شـــیرینەی دەگەڵ ئەو کەزەیە درێژە، کوڵمە ســـوورە، چاو جوانە کە نیگای هۆشـــی پیاو دەفرێنـــێ ڕای دەبوێرم. دەزانی چۆنە؟ چ تراویلکەیەک چـــاوم فریو دەدا؟ چ بیرەخەوێک دەمباتەوە؟ وا دەزانم من و ئەو بۆ تاوێکی دیکە دەبینە تاقە کەسێک بەڵام ئەو دەمە قەت نایە. پاش چەند حەوتە چاوەڕوانی، هیوا، شادی، خۆشی، ڕۆژێک خۆم لە هەمیشە تەنیاتر دەبینـــم. پاش هەر ماچێک، پاش هەر دەســـتەملان بوونێک، پـــاش هەر لە ئامێز گرتنێک تەنیایی پتر دەبێ. شاعیرێکی (سوورلی پرودهام) دەنووسێ:

«لاواندنەوەیان، دڵخۆشـــی دانەوەیان، جگە لە تاسەیەکی بەسام و پەلەقاژەیەکی ناکام نین کە دەیانەوێ یەکەتی نامومکین لەنێوان گیان و لەشدا پێک بێنن». پاشان خواحافیز، تەواو براوە، پیاو هێشتا ئەوەی بۆ ماوەیەک هەموو شتی ژیانی بووە، نەناسیوە و لە هەستی دەروونـــی بێ خەبەرە. لەوپەڕی نیزیک بـــوون و تێکەڵاویدا لە قووڵایی گیانی بێ خەبەرە. وشـــەیەک تاقە وشـــەیەک، هەڵەی پیاوی ڕوون دەکاتەوە. وەک بریسکێک کە لە تاریکیدا ببریسکێ ئەم کەندالە ڕەشەی کە لە نێوانماندا هەیە نیشان دەدا. دەگەڵ ئەوەشدا جوانترین دەمی ژیان ئەو دەمانەن کە شـــەوێک لە پاڵ ژنی خۆشەویســـتماندا بێ دەســـبزێوی ڕای دەبوێرین. با بەرزەفڕ نەبین، زێدەڕەویی نەکەین، چونکە هەرگیز دوو ئینسان نابن بەیەک. بەڵام بۆچی ڕۆچنەی دڵم ئاخنیوە، هەرگیز ئەوی لە دڵمدایە، مێشـــکمی خەریک کردووە، باس ناکەم چونکە باش دەزانم حوکمی تەنیایی هەتا هەتایەم دراوە. سەرنج دەدەمە هەموو شـــت بیروڕای خۆم دەردەبڕم. بیروڕاکان، کێشەکان، دیمەنەکان بۆ من گرنگ نین. ناتوانم لە هیچ کام لە زەمینەکانی فیکریدا دەگەڵ هیچ کەس هاوبەش بم. چەند وشەی زۆر ساکار و کورت بۆ وەڵامی پرســـیارەکانی ڕۆژانە بەکاردێنم جاری واشـــە زەحمەتی وەڵامدانەوەش ناکێشم و هەر بزەیەک لێوەکانم هەڵدەپچڕێ. تێم دەگەی؟ لە مەبەستم حاڵی دەبی؟

شەقامی درێژمان تا تاقی نووســـرەتی «ئەتواڵ» پێوا. چونکە دۆستەکەم ئەم قسەی بەپەراوێزەوە کە من ئێســـتا لەبیرم نەماون بۆ کردم ئەویش زۆر بەکاوەخۆ. دوایە ڕاوەستا لە پڕ دەســـتی بۆ لای ستوونی (کرانیتی) میسری کە سەرگوزەشتی وڵاتەکەی بەخەتێکی سەیر لە پایەی نووسراوە و لە پاریس لەنێو ئەستێرەکاندا بزرە، ڕاداشت و قیژاندی «ئێمە هەموو وەک ئەم بەردەین».

بێ دەنگ و بێ ماڵاوایی بەجێی هێشتم. مەست بوو، زانا بوو شێت بوو یا ژیر بوو هێشتا نازانم. جاری وایە بیردەکەمەوە هەقی بوو جاری واشە پێم وایە ئاقڵی شێوا بوو.

چیرۆکی کوولەکە

یەکێ بوو، یەکێ نەبوو، کابرایەکی گاوان بوو، لە دەرەوەی شار لە ئەشکەوتێکدا دەژیا. وا هات ژنەکەی ئاوس بوو پاش نۆ مانگ و نۆ ڕۆژ و نۆ سەعات و نۆ دەقیقە خودا لەباتی زارۆکێکـــی ژیوەڵە و خرپنە کوولەکەیەکـــی دانێ، ئەوانیش کوولەکەیان لە کەلێنە بەردێک ڕۆکرد و لێی گەڕان.

ڕۆژێ گاوان ماندوو و مردوو لە بەندەنێ هاتەوە و لە تەنیشت ژنەکەی ڕۆنیشت، لە پڕ کوولەکە وەزمان هات و گوتی: «باوکە!» گاوان تێکڕا بوو و ترسا گوتی: «خودایە ئەوە چییە؟» کوولەکە گوتی: بۆ هەترەشت[1] چوو؟

ســـبەینێ بچۆ کچی ئەمیرم بۆ بخوازە. کچی ئەمیـــر زۆر جوان و لەبار بوو بەناوبانگ بوو. کوولەکە گوتی: «لە بارەگای ئەمیر کورســـییەکی زێڕ لەم بەر و یەکێکی زیو لەوبەر داندراون، ئەوی بۆ ماڵی دونیا یا نیازێکی دیکە بچێ لەسەر ئەوی زیو و ئەوی بۆ خوازبێنی بچێ لەسەر ئەوی زێڕ دادەنیشێ».

کابرای گاوان زۆر پاڕاوە گوتی: ڕۆڵە من زۆر دەسکورتم، زۆر نەدارم داوای وا لە ئەمیر بکەم دەسبەجێ لەسەرم دەدا.

کوولەکە بەتووڕەییەوە گوتی: «من دەڵێم برۆ کچی ئەمیرم بۆ بخوازە».

---

١ ـ هەترش چوون: زەندەق چوون، ترسان.

سـبەینێ گاوان گاڕانی ئاوەدانی بەرەڵڵا کرد و ڕووی لە کۆشکی ئەمیر کرد لە تالار و سەرسـەرایان وەسەرکەوت و چوو لە بارەگا لەسەر کورسی زێڕ دانیشت و گوتی: چش با ئەمیر لەسەرم دا و ڕزگاربم.

ئەمیر بەفیزەوە هاتە بارەگا و دیتی گاوان لەسـەر کورسی خوازبێنیکەران دانیشتووە زگی پێ سووتا و گوتی: «کاکی گاوان دەزانم تەنگدەست و بێ ئیرووی[1] دەڵێم بێ بەشت نەکەن». گاوان گوتی: «هاتووم کچەکەت بۆ کوڕەکەم بخوازم» ئەمیر گوتی: زۆر باشـە مەرجێکی هاسانت دەگەڵ دەبەستم، ئەگەر بردتە سەر کچەکەمت دەدەمێ.

- فەرموو

- سۆزی چل سواری سوورپۆش بە چل ئەسپی سوورەوە و چل نێزەی سوور دەبێ لە حەوشەی سەرا ڕابگری!

- بەسەرچاو!

گاوانی داماو بەدڵی شکاو و چاوی پڕ ئاو گەڕاوە دیتی ژنەکەی بەهاوار و بانگ دەگری، پاڵی بەپاڵیەوە دا و ئەویش لە بانگی دا و گوتی: «هەر ئەمڕۆم لەسـەر ئەم دنیام ڕوونە ماوە، بەیانی ئەمیر کام لە پێستـی سەری داخنێ» ژنەکەی پرسی: چی گوت؟! گاوانەکە گوتی: «چل سـواری سوورپۆشـی بەچل ئەسپی سوورەوە[2] و لەگەڵ چل نێزەی سووردا لێ ویستم!»

- بابانم وێران بێ!

کوولەکە گوتی: «ئەوە چ شین و شەپۆڕێکە دەیکەن؟! لە فلان جێ تاتە بەردێک هەیە زۆر گەورەیە، پێی دەزانی؟»

- بەڵێ.

- کونێکـی تێدایە، بچۆ دەم بەکونەکەوە بنێ و بڵێ: «ئەحمەد خان! موحەمەد خانی برات سڵاوت لێ دەکا و دەڵێ: سبەی پێش گزینگ چل سواری بەو حاڵ و ڕەنگەوە بنێرێ بۆ حەوشەی سەرای ئەمیر، هەر نیو سەعاتیان پێ دەچێ!».

گاوان چوو، ڕاسـپێری بەجێ هێنا، بەڵام کەس وەڵامـی نەدایەوە و گەڕاوە! کوولەکە گوتی: «چووی؟»

---

١ ـ ئیروو؛ مەعیشەت، گوزەران

٢ ـ بە کوردی بە ئەسپ ناڵێن: «سوور»، بەڵکو ئەگەر ڕەنگی تاریک و کلک و یاڵی ڕەش بوو پێی دەڵێن: «کوێت»، خێ ئەگەر ڕەنگی کاڵ بوو کلک و یاڵی لە ڕەنگی خۆی یا کاڵتر بوو پێی دەڵێن: «شێ»

- بەڵێ، چووم.

- دەبڕۆ بســـرەوە، خودا کەریمە. گاوان تێ خزا، بەڵام خەو چییە لە چاوی نەکەوت تا شەو بڕاوە ئەم دیو و ئەودیوی کرد و گینگلی دا.

ئەمیر بەجەللادی گوت: «بەیانی دەچی ســـەری گاوانی گۆشاگۆش دەبڕی چونکە ئەو مەرجەی دەگەڵ ئەوم بەستووە نەک هەر بەئەو، بەکەس جێبەجێ نابێ». تاریک و ڕوونی بەیانی جەللاد شیری سوو و دەرکەوت، تەماشای کرد چل سواری سوورپۆش بەچل ئەسپی سوورەوە و چل نێزەی سوور ڕیزیان گرتووە. ئەمیر هاتەدەر بەچاوی خۆی دیتنی.

لەولاشەوە گاوان کازیوەی بەیانی لە ترسان دەرپەڕی و چوو بۆ کرشکی ئەمیر، ئەگەر چوو چ ببینێ؟ هەرچی داوای کردووە ئامادەیە، لەخۆشـــیان شاگەشکە بوو و بەهەڵەداوان گەڕاوە.

کوولەکە پرسی: «ها باوکە سوارەکان هاتوون؟»

- بەڵێ، هاتوون.

«ئەدی لە چی ڕاوەســـتاوی؟ هەســـتە بچۆ کچی ئەمیرم بۆ بێنە». گاوان چوو گوتی «میرم مەرجی خۆم بردە سەر». ئەمیر کچەکەی سوارکرد و گاوان جڵەوی کێشا و بووکی هێنا بۆ ئەشکەوت. ئێوارێ گاوان و ژنەکەی چوون بۆ ئاوەدانی، کچ بەتەنێ و بەخەمناکی لە ئەشـــکەوتدا مایەوە. لەپڕ کوولەکە شاتلۆرەی بەســـت تا بەرپێی کیژەکە. کچ ڕاچەنی و گوتـــی: «خودایـــە ئەوە چییە؟» پاش تاوێک کوولەکە قەلشـــی و لاوچاکێکی لێ هاتە دەر. کچ نەک بەدڵێک، بەســـەد دڵ ئاشـــقی بوو. موحەمەدخان گوتی: کچی ئەمیری دڵت دەمگرێ؟. کچ بەشەرمەوە گوتی: «بەڵێ». لاو گوتی: دە هەستە قاوەم بۆ لێ بنێ بەڵام وریابە هەڵنەچێ، هەڵبچێ پێک نابڕێین. کچ گورجانە هەســـتا قاوەی وەسەرنا، بەڵام وای چاو لە لاوەکە بڕیبوو هۆشی نەما و قاوە هەڵچوو لە پڕ موحەمەدخان بزر بوو، کچ حەپەسا و ئەو شەوی تا بەیانی بەبانگ و سەڵا گریا و لە خۆی دا.

بەیانی کاڵەی ئاســـنی لە پێ کرد و گۆچانی ئاسنی بەدەستەوە گرت و ڕۆیی و گوتی: «پـــاش موحەمەدخانـــی حەڵاڵی دونیام لێ حەرام بێ، حەوت ســـاڵ بەو دنیایەدا گەڕا و گەلێکی کوێرەوەری و چەرمەســـەری دی، کاڵەکانی ســـوان و گۆچانەکە شـــکا و سۆراغی دۆســـتەکەی نەکرد. ڕۆژێک بیری کردەوە و گوتی: دەگەڕێمەوە و بەباوکم دەڵێم کۆشـــک و میوانخانەیەکم لەســـەر حەوترێیانێک[1] بۆ دروست بکا، هەر ڕێبوارێک هات سەرگوزشتەی

---

[1] ـ لە فۆلکلۆری کوردیدا زیاتر چوارڕێیانم بیستووە.

خۆی پێ دەگێڕمەوە بەشـــکم ئەو کەسانەی دنیا گەڕاون خەبەرێکی موحەمەدخان بزانن و ڕەنجەڕۆ نەبم.

کچـــی ئەمیری گەڕاوە. باوکی کە وا کز و کەلـــەلای دی گوتی: «کچم گیان! بۆ خۆت تووشی ئەم ڕۆژە کرد؟»

باوکە گیان! گەڕانی ڕۆژگار و سووڕانی دەوران دەگەڵ ئازاردان یەک نییە».

ئەمیرگوتی: «کچم چت دەوێ؟».

باوکە گیان چم لەتۆ ناوێ ئەوە نەبێ کە لەســـەر حەوترێیانێک لە دەشـــتێ کۆشک و میوانخانەیەکم بۆ دروست بکەی تا هەر ڕێبوارێک بەوێ داهات چیرۆکێکم بۆ بگێڕێتەوە.

- «هەی بەســـەر چاو کچم گیان!» ئەمیر وەستا و کرێکاری وەکار خستن و کۆشک و میوانخانەیان دروست کرد. غولام و قەرەواشیشی[1] دانێ.

کـــچ هەموو ڕۆژێ لە بەیانەوە تا ئێوارەی درەنگ لە هەیوانی دادەنیشـــت و بەدووربین تەماشـــای دەکرد، هەر ڕێبوارێک بەوێندەرێدا ڕابردبا بەزۆر یا بەخواهیشت ڕایان دەگرت و میوانداری دەکرد و چیرۆکی پێ دەگێڕایەوە.

ڕۆژێک لە ڕۆژان پیاوێکی کوێر، کە کوڕێکی حەوت ســـاڵەی خۆی دەسکێشی بوو، لەم گونـــدەوە دەچوو بۆ ئەو گوند، ئێوارە بوو گەینـــە ڕووبارێک کە تاتەبەردێکی گەورەی لێ نیزیک بوو، پیرەپیاو بەکوڕەکەی گوت: «ڕۆڵە گیان! خەوم دێ ســـەرخەوێک دەشـــکێنم وریابـــە مـــار پێمەوە نەدا» کوڕەکە لەکن باوکی دانیشـــت و ئەویش خەوبردیەوە لە ناکاو دەنگێک لە تاتەبەردەکەوە هات و کوڕەکە لەخەو ڕاپەڕی، ترسا و گوتی: «ئەوە چییە؟» بینی وا مەنجەڵێک لە بەردەکە بەربۆوە و سەربەژێر هاتە خوار و لە ڕووبار کەوت و پڕ لە ئاو بوو و تێ هەڵبۆوە و چۆوەوە نێو تاتەبەردەکەوە، هەتیو چوو لە قەراغ ڕووبار ڕاوەستا و بیـــری کردەوە: ئەگەر جارێکی دیکە مەنجەڵ هاتەوە خۆی تێڕادەکەم و دەچم بزانم نێو ئەو تاتەبەردە چی تێدایە؟!

کوڕ یەشکی کێشا تا دیسان مەنجەڵ خلۆربۆوە، لەنێوی دانیشت و چووە نێو تاتەبەرد، تەماشـــای کرد ئەشـــکەوتێکی زۆر جوانە و دیوارەکانی هەموو بـــەردی مەڕ مەڕن و چل تەختی خەوی لێ داندراوە. چوو لە بن تەختێک خۆی شـــاردەوە. پاش بەینێک چل کۆتر

---

[1] - قەرەواش: وشەیەکی لێکدراوی تورکی و کوردییە، (قەرە) تورکییە، یانی ڕەش، (واش) ی کوردیش یانی ڕەنگ، واتە: کەنیزەکی ڕەش پێست.

لووربوونەوە ئەشـــکەوت، پەڕ و باڵی کۆترییان داماڵی و هەموویان بوونە لاوی جوانچاک، هەریەکە لەســـەر تەختێ ڕاکشـــا، یەکیان خەمناک بوو تەنبوورێکی دەس دایە و لێی دا و گۆرانی زۆر ئاشقانە و بەسۆز و کوڵی گوتن.

دایکی شـــیوی بۆ هێنان هەر کەسە بەشی خۆی بۆ دانان، بۆ موحەمەد خانیشی هێنا و گوتی: «ڕۆڵە! ئەوە حەوت ســـاڵ پترە بۆ خاتری پیرەژنێک خۆت بەو دەردە بردووە و هەموو شەوێ دەکرووزێیەوە و ئێمەشت وەتەنگ هێناوە، بۆ خاتری خودا شتێک بخۆ».

- دایە! شیوەکەم بۆ لەبن تەختەکەم دانێ کە هێور بوومەوە دەیخۆم.

دایکی شیوەکەی بۆ وەبن تەختەکە نا.

بەیانی هەر چل لاو بوونەوە کۆتر و ڕۆین. کوڕەکە وەرەز بوو و بیری کردەوە: خودایە! دەبێ مەنجەڵ کەی بچێتەوە بۆ ئاو تا من خۆم ڕزگار بکەم؟ بێ شـــک باوکم هەســـتاوە و دەمکوتێ.

کوێـــرەش وەخەبەر هات. بانگی کوڕەکەی کرد چ جواب نەبوو، وای خەیاڵ کردەوە کە لـــە ئاو کەوتووە و خنکاوە. هـــەر هەرای دەکرد و دەگریا. بەیانی کە مەنجەڵ لە تاتەبەرد دەرکەوت کوڕ خۆی تێ هاویشت، دیتی باوکی بەکوێرە کوێرە لێی دەگەڕێ و هەرای دەکا. بانگی کرد: باوکە! چییە؟

- لە کوێی؟

- من چوو بوومە ئەم گوندە گۆشت بکڕم. باوکی هەڕەشەی لێ کرد و گوتی: «منت لەو چۆڵە بەجێ هێشتووە و بەئەستۆی شکاوت چووی گۆشت بکڕی؟! تۆ لە خودا ناترسی؟!» کوڕەکە زۆر شـــەیتان بوو. دڵخۆشـــی داوە و خاوێ کردەوە، دەستی گرت و ڕۆیشتن. کە گەیشـــتنە ڕووبار بواری دۆزیەوە و باوکی لە کۆڵ کرد و لە ئاوی پەڕاندەوە و ڕێی خۆیان گرت، لە حەوت ڕێیان کوڕەکە کۆشکێکی دی، بوولێڵی ئێوارە بوو، کچی ئەمیر بەدووربین دەیڕوانی کوڕێکی وەبەر چاو هات کە دەستی پیرێک دەکێشێ پیاوەکە زۆر پیر بوو هەشتا ساڵ دەبوو و کوێریش بوو کچی ئەمیر گوتی: «بەخودای ئەوە بێگومان زۆر نەقل و نەزیرە دەزانێ ئەمشـــەو هەر چیرۆکانی پێ دەگێڕمەوە. کە ڕێبوارەکان نیزیک کۆشـــک بوونەوە هـــەرای کرد: «مامە پیرە! لەم نیزیکانـــە ئاوەدانی نییە ئەگەر ناتەوێ لە چۆڵی ڕابیبوێری وەرە ئەمشەو میوانی من بە».

کوێرە گوتی: ئاوەدان بێ خاتوون! وەسەرکەوتن دۆشەگیان بۆ ڕاخستن، دانیشتن.

وەختی شـــیوێ خواردنیان هێنـــا خواردیان قاوەیان هێنا خواردیانـــەوە، کچی ئەمیر

بەکوێری گوت: «مامە پیرە، تۆ دنیات زۆر دیوە، وڵاتان زۆر گەڕاوی، نەقڵێکی خۆشم بۆ بگێـــڕەوە، من زۆر وەڕەزم و دڵم گیراوە. کوێرە گوتی: خاتوون! بەخودای من هیچ نازانم، کوڕی کوێرە گوتی: لەباتی ئەو من عەرزت دەکەم، باوکی ئانیشـــکی لە کەلەکەی کوتا و گوتی: «تۆ چیرۆک چووزانی؟» کچی ئەمیر گوتی: پیرە! ئێســـتاکە بۆ خۆت بۆم ناڵێی دەڵێکەڕێ با ئەو شتێک بڵێ! کوێرە گوتی: «زۆر باشە خاتوون! با بۆت بگێڕێتەوە».

کوڕ بەباوکی گوت ئەوە چتە باوکە؟ کچی ئەمیر گوتی: «خوا بتپارێزێ دەم و کاوێژت چەند خۆشـــە» کوڕ گوتی: «کە گەیشتینە نیزیک ئاو دانیشتین باوکم خەو بردیەوە، من گوێـــم لێ بوو دەنگێک لە تاتەبەردێک هات»، کچی ئەمیـــر گوتی: «ڕۆڵە وەرە لە پەنام دانیشـــە و ڕاســـتەکەم بۆ بگێڕەوە»، کوڕی هێنا لە تەنیشـــت خۆی دانا ئەویش گوتی: «خاتوون! من دیتم مەنجەڵێک لە تاتەبەردەکە هاتە دەر سەر بەژێر خلۆر بۆوە و لە ڕووبار کەوت و پڕ ئاو بوو ودیسان لەکێو هەڵبۆوە، من چوومە لێواری ڕووبار دانیشتم کە مەنجەڵ هاتەوە من خۆم تێ هاویشـــت و چوومە ناو تاتەبەرد، ژووری ئەو تاتەبەردە ئەشـــکەوتێک بـــوو کە چل تەختی خەویان لێ دانابـــوو بوولێڵی ئێوارێ چل کۆتر هاتنەوە پەڕ و باڵیان وەراند و بوون بە چل لاوی جوانچاک هەریەکە لەســـەر جێ و بانێک دانیشت یەکێک لەوان ناوی موحەمەدخان بوو زۆر خەمناک بوو لەســـەر تەختەکەی دانیشت، تەنبوورێکی دەس دایە لێی دا و گوتنیشـــی گوت دایکی شـــیوی بۆ هێنا، بەڵام نەیخوارد، دایکی هاتە کنی و گوتی: «حەوت ســـاڵ پترە بۆ خاتری پیرەژنێک خەم دەخۆی، تۆ ئێمەشـــت بەخۆتەوە تووشـــی پەژارە کردووە. ئەو گوتـــی: دایەگیان خواردنەکەم بۆ لەبـــن تەخت دانێ دوایە دەیخۆم. دایکی وای کرد، بەڵام ئەو دەستیشی بۆ نەبرد. بەیانی هەستان و بوونەوە کۆتر و لە شەقەی باڵانیان دا. من چاوەنۆڕ بووم تا مەنجەڵ بەرەو ئاو چوو خۆم تێ هاویشتەوە و لەوێ هاتمەدەر، دیتم باوکم لێم دەگەڕێ، دەستم گرت و ئەوە ئێستا لێرەین».

کچی ئەمیر بەکوێرەی گوت: «بێڵە کوڕەکەت بێ ئەو تاتەبەردەم پێ نیشـــان بدا ئەو کۆشکە و هەرچی تێی دایە ماڵی تۆ و گەردنت ئازادبێ» بەیانی کوڕ وەپێش کچی ئەمیر کەوت و بردیە پەنا تاتەبەردەکە. تا نیوڕێ[1] لەوێندەرێ دانیشتن، لەپڕ دەنگێک لە تاتەبەرد هات و مەنجەڵ هاتەدەر و بەرەو ڕووبار خلۆر بۆوە، کچی ئەمیر خۆی تێ هاویشت و چووە نێو تاتەبەرد و کوڕیش بەرەو کۆشکی باوکی گەڕاوە.

کچـــی ئەمیر لەبن تەختی دەزگیرانەکەی خۆی شـــاردەوە و چاوەنۆڕ بوو. ئێوارێ چل

---

١ - نیوڕێ: نیوەڕۆژ، نیمەڕۆ.

کۆتــر هاتنەوە و پەڕ و باڵیــان لەخۆ کردەوە. کچ دیتی موحەمەدخــان زۆر لاواز بووە. لەسەر تەخت دانیشت و تەنبووری بەدەستەوە گرت و گۆرانی بەسۆزی تێ هەڵکرد، دایکی شێوی بۆ هێنا و گوتی: ڕۆڵەگیان! دەبخۆ حەوت ساڵە لە سوێی پیرەژنێک ئاوات لە خۆت کردووە!

دایەگیان! لەبن تەختی بنێ دوایی دەیخۆم. نیوەشەو کچ دەستی موحەمەدخانی گرت، تەماشای کرد گراویەکەی[1] خۆیەتی گوتی: لەکوێوە هاتووی؟

- حەوت ســاڵە من دەوری دنیات لێ دەگەڕێم. ســبەینێ موحەمەدخان بەدایکی گوت: ئەمڕۆ نەخۆشم ناچمە گەڕان. ئەو ڕۆژەی نەچووە دەر و خۆشیان ڕابوارد.

موحەمەدخان بەکچی ئەمیری گوت: دایکم نایەڵێ تۆ بێنم هەستە ڕابکەین! بەڵام لەوێ کەڵەشــێرێک بوو هەر شــتێک قەومابا دەیخوێند. کە قووقەی بەرز بۆوە. دایکی ڕای کرد و گوتی: دەبێ شــتێک لە موحەمەدخان قەومابێ کە ئەمــڕۆ دەگەڵمان نەهات، کە دیتی موحەمەدخان نەماوە وەشوێنی کەوت. موحەمەدخان وێردێکی خوێند بۆ خۆی بووە شوان و ژنەکەی بوو بە مەڕ.

پیرێژن لێی پرسی: «شوانە ژن و پیاوێکت نەدیوە ڕاببرن؟»

- بەڵێ پێش پێی تۆ ڕابردن، ڕێی گرت و ڕۆیشــت، بەڵام کەســی نەدی دیسان گەڕاوە بۆ لای شــوان، بەڵام شوان ون ببوو ئەمجار موحەمەدخان خۆی کردە ئاشەوان و ژنەکەی کردە ئاشــێڕ. دایک کوڕەکەی ناســیەوە و گوتی: ڕۆڵە! تۆ ناتوانی لە چنگی من دەرچی بەخودای ئەگەر ژنەکەت لەتۆ جوانتر نەبێ ســێحرێکتان لێ دەکەم هەردووک ببنە تۆز و خۆڵ، ئەگەر جوانتربێ پیرۆزت بێ. موحەمەدخان دەستی ژنەکەی گرت و هێنای، پیرێژن تەماشای کرد بووکەکەی لە کوڕەکەی جوانترە، گوتی: «پیرۆزت بێ پێکەوە بژین».

ئیشاڵڵا وەک ئەوان بەمراد گەیشتن ئێوەش بەمراد دەگەن.

---

١ ـ گراوی: یار، دۆستی کچ.

مامۆستا هێمن و دیوانی تاریک و ڕوون

شنه ئامادەی کردووه

مامۆستا هێمن مامۆستاییێکی گەورەی شێعری کوردییه هەروەها له پاڵ شاعیرێتی بەرزی خۆی وەکو ڕۆڵەیێکی کۆڵنەدەر و خەباتگێڕی کورد ناسراوه، وه هەڵکەوتنی شاعیرێکی وا بەتوانا و لەناو میللەتەکەمانا مایەی شانازی هەموو کوردێکه له هەموو لاییێکی کوردستان. شاعیری نەبەزمان هەمیشه ژیانی خۆی لەپێناوی ئازادیخوازی میللەتەکەیدا بەگران نەزانیوه، تەنانەت وازی له هەموو خۆشییێکی ژیانی تایبەتی خۆی هێناوه، وەک لەو ماوەیەی ژیانیدا که دەستی له خۆشەویستەکەی خۆی هەڵگرتووه بۆ ئەوەی زیاتر خۆی بۆ خزمەتکردنی بزووتنەوەی ئازادیخوازی میللەتی کورد تەرخان بکات (هەروەکو له سەرەتای دیوانەکەیدا ئەڵێ). ئەوەی ڕاست بێ بەهەر شێوەیەک باسی مامۆستا هێمن بکەین لەم لایەنەوه ناتوانین بەتەواوەتی مافی خۆی بدەینێ، بەڵام بەباوەڕی من ئەو دێڕەی که نازم حیکمەت وتوویێتی تا ڕادەیەک بەسەر هێمنی ئینسان و شاعیردا ئەچەسپێنرێ... نازم حیکمەت ئەڵێ: «شاعیریان برد بۆ بەهەشت وتی: ئاخ نیشتمانەکەم»، ئەوەش لێرەدا بەئاشکرایی دیاره که چۆن مامۆستا هێمن وازی له ژیانی خۆشی و ماڵ و منداڵ هێناوه و ژیانێکی ئاواره و ساکارانەی لەدوور وڵات بۆ خۆی هەڵبژاردووه. هێمن (سەید موحەمەد ئەمین شێخولئیسلامی موکری) بووه و دایکی ناوی (زەینەب) و کچی شێخی بورهان بووه.

لە ١٩٢١ز لە گوندی (لاچین) نیزیکی سابڵاخ لەدایک بووە.

خوێنەری ئازیز، ماوەیەک لەمەوبەر مامۆستا هێمن گوڵبژێرێکی لە هەڵبەستە تەڕ و پاراوەکانی کردە چەپکە گوڵێک و لەژێر ناونیشانی (تاریک و ڕوون) لە دیوانێکی قەشەنگدا بڵاوی کردەوە و خستییە بەردەستی خوێنەران. جا بۆ ئەوەی زیاتر مامۆستا هێمنی شاعیر و ئینسان و ئاوارە بەخوێنەرانی هاوکاری بناسێنین بەپێویست زانرا چاومان پێی کەوێت و گفتوگۆیەکی لەگەڵا بکەین... بەڵام دوای گەڕان و بەڵێنی و چاوەڕوانی کردنێکی زۆر، بەهەزار حاڵ مامۆستا هێمنمان بۆ دۆزرایەوە و ئەو دانیشتنەمان لەگەڵا کرد، جا وا پێشکەش بەخوێنەرانی بەڕێزی هاوکاری ئەکەین:

*لە ژیاننامەکەتا دەڵێی ئەو قازانجەی کە لە شاعیریم کردووە ناوی دوور و درێژم لە کۆڵ بۆتەوە... کەچی لە شوێنێکی تری ژیاننامەکەتا دەڵێی ناوی نهێنی حیزبیم بوو... ئایا پەیوەندی شاعیرێتی بەحیزبێتیەوە هەبوو؟

- لەو کاتەی کە بووم بەحیزبی من هەر شاعیر بووم وەلەبەر تەبیعەتی شاعیریم ناوی نهێنیم کرد بەهێمن کە بەتەبیعەت حەز لە بێدەنگی و سولم و ڕابواردنم پێ خۆشە بۆیە ناوی هێمنم هەڵبژاردووە.

* بەڵام شاعیر هیچ کاتێک هێمن نابێت...؟!

- بەتەبیعەت حەز لە هێمنی ئەکەم بەڵام ئەگەر هێمنی بۆم نییە ئەوە جیایە.

- یا وەک سالم لەبەر نەخۆشی ناوی خۆی ناوە سالم... تۆش لەبەر ژیانی ئاوارەییت ناوی خۆت ناوە هێمن.

* دوای دەرچوونی دیوانەکەت، ئایا هیچ شێعری ترت وتووە؟

- پاش دەرچوونی دیوانەکەم شێعرێکی درێژم وتووە کە کەم جار شێعری وا درێژم وتووە وە ئەم شێعرە تەئسیری شێعری فارسی تێدایە وە هۆی وتنی ئەوەبوو کە هەستم بەجودایی و غوربەت ئەکرد وە توانیم لەم شێعرەدا ئەو هەستە دەربڕم کە تیایا دەڵێم:

بشنو از نی چون حکایت میکند
واز جدائیها شکایت میکند
ساقیا وا بادەوە وا بادەوە
ڕوو لە لای من کە بەجامی بادەوە

نابێ قەت ناڵەی جودایی بێ ئەسەر
جا چ نەی بیکا چ پیاوی دەربەدەر
بۆیە ناڵەم تێکەڵی نەی کردووە
شیوەنێکم کرد کە نەی نەیکردووە
شیوەنی من شیوەنی ئینسانییە
بانگی ئازادی و گروی یەکسانییە
شیوەنی من شینی کوردی بێ بەشە
ئەو گەلەی حاشا دەکەن لێی وەهەشە

دوای ئەوەش شێعرێکم وتووە لە مناجاتی مانگدا کە لەژێر ناوی (تریفەی سارد)ەوە دەڵێم:

بەڵێنی ڕاگەیاندێ ڕاسپاردە
گوتی بۆت دێتە بن ئەم پاردە غاردە
لە جێژوانی لەمێژە چاوەڕێتم
نەهاتی کیژی جوانی هەڵبژاردە
تەزووی گەرمم بەلەشدا دێ ئەگەرچی
تەزاندی شان و پیلم بەردی پاردە
وەرە با ڕەنگ و ڕوخسارت ببینم
بەمن چی تیشکی داوێ مانگی چاردە
گڕی ئەم ڕوومەتەی تۆ جوان و گەرمە
تریفەی مانگەشەو جوانیش بێ ساردە

* لەگەڵ ئەوەی دڵداریت نەکردووە تەنیا ماوەیێکی زۆر کورت نەبێ بەڵام شێعرە دڵدارییەکانت وەکو ئەوەی کە تەجرەبەیەکی دوور و درێژت هەبێ، ئەمە بەچی لێکی ئەدەیتەوە؟

- هەرچەند لەو ماوەیەدا دڵدارییەکەم لێ تێک چووە بەڵام هەستی ڕاستەقینەی ئەو ماوەیە لە ناخمدا ماوە، چونکە بێ بەش بووم لەم نیعمەتە، (حرمان) وای لێکردم کە شێعرەکانم بەم جۆرە بێت.

* ئەگەر ئەدیب نەبوویتایە حەزت ئەکرد ببیت بە چی؟

- زۆر دڵم خۆشە کە ئەدیبم وە ئەگەر نەبوومایە بەئەدیب حەزم ئەکرد ببم بەئەدیب.

* بەڕای تۆ ئەدیبی ئێستای کورد تا چ ڕادەیەک لە مستەوای مەسئوولیەت دایە؟

زۆریان توانیویانە بگەنە ئەنجام بەڵام کەممان توانیومانە مەسئوولیەتی خۆمان جێبەجێ بکەین، زۆربەی ئەدیبانی کورد باری سیاسی ڕێگەی گرتوون واتا هەر خەریکی ئەو دۆخە نالەبارەن کە کورد تیای بووە و ویستوویانە لەم لایەنەوە بگەنە ئەنجام بۆیە باری کۆمەڵایەتییان لەبیر چووە کە لایەنێکی گرنگی ژیانە و ڕەنگە بەلامەوە عەیبە کە بڵێین لەم سەردەمە لەباری کۆمەڵایەتیدا دواکەوتووین. بەڵام ئەبێ بەرەو باشتری بەرین.

***

شنە نەبزێوی سەری بسکی ڕەشی
کە لەسەر ڕوومەتی ئارامی گرت
گوێ مەدە ئەو قسە کۆنەی کە دەڵێ
لەشکری کافرە ئیسلامی گرت

ئەم شێعرەت بە چ مناسەبەتێک وتووە؟

- ڕۆژێک لە کۆڕی زانیاری دەگەڕامەوە و سواری ئۆتۆمبێل ببووم لەگەڵ کیژێکدا وەبایەکی توند ئەهات کە هەر قژی تێک ئەدا ئەویش هەر خەریکی چاککردنەوەی بوو و بۆی نەئەکرا وە جوانی ئەو کیژە منی مەست کردبوو بۆیە ئەم شێعرەم بەدڵا هات.

* ئایا ئێمە ئەتوانین سنوور بۆ تەواوبوون و دەستپێکردنی قۆناغی ئەدەبی دابنێین؟ وە ئایا قۆناغی پاش گۆران دەستی پێ کردووە؟ وە چۆن ئەدەبی ئەو گەنجە تازە

پێگەیشتووانەی ئێستا هەڵدەسەنگێنی؟

- ئێمە ناتوانین سـنوور لە نێوان قۆناغی ئەدەبیدا دابنێین تەنیا تەبیعەت شـاعیرێک دێنێتە ناوەوە کە تازەکردنەوەیەک یا داهێنانێک لە شـێعریا ئەبێ کە جیاواز دەبێ لەگەڵ شـاعیرانی پێشـوو. بەڵام بەنەسـبەت قۆناغی گۆرانەوە تەواو نەبووە و هەر بەردەوامە چونکە تا ئێستا شاعیرێک پەیدا نەبووە کە لە مستەوای گۆراندا بێت وە تازەکردنەوەیەکی جیاوازی کردبێ لە هی گۆران. وە تا ڕادەیەک ئەم جیلە تازەیەی هەڵنەسەنگاندووە، زیاتر لەوەش گۆران لە کوردسـتانی ئێراندا زیاتر خۆشەویستترە و شێعرەکانیشی لەوێ بڵاوترە کـە بەداخەوە تاکو ئێسـتا بەڕێکی کۆنەکراونەتەوە. من وەکو خەڵکیتر سـەیری گۆران ناکەم کە تەنیا شاعیرێکە تازەکردنەوەیەکی بەسەر شێعر هێناوە، چونکە ئەو شێعرە کۆنە کلاسیکییەکانی کەمتر نییە لە هی تازەکانی، «گۆران گەڕاوەتەوە دواوە بەڵام گەڕانەوەکەی پێشکەوتووانەیە».

* ئایا کێشە هەیە لە نێوان شاعیرانی نەوەی کۆن و تازە، وە تا چ ڕادەیەک تازەکان پاش ١٩٧٠ توانیویانە هەنگاو بنێن؟

- بەڵێ کێشـە لە نێوان شـێعری کۆن و تازەدا هەیە بەڵام شاعیرانی تازە نەیانتوانیوە هەنگاو بنێن تەنیا زۆر کەمیان نەبێت لەبەر کەمبوونی تەجرەبەیان وە لەبەر مەغرووری.

* ڕات چییـە بەرامبەر بەو شـاعیرانەی کە بڵێ قۆناغی تازە دەسـت پێ دەکەم وە قوناغی گۆران بەجێ دەهێڵم وە هەنگاوی تازە دەنێم؟

ئەگەر توانی ئیقناعم بکات بەڕێزەوە سەیری دەکەم.

* هەتا ئێسـتا هەندێ کەس شـێعری (حوڕ) بەشـێعر دانانێ... ئایا تۆ ڕات چییە بەرامبەری؟ وە هەوڵدانت بۆ دانانی هەیە؟

- شێعری (حوڕ) بەلای منەوە شێعر نییە، بەڵام ئەگەر جوان بێ لەزەتی لێ وەرئەگرم وەکو پارچەیەکی ئەدەبێ بەرز. چونکە ئەبێ شێعر چوارچیوەیەکی تایبەتی هەبێ وە ئەگەر بەشێعری نەزانم هەوڵدانیشم نابێ بۆ دانانی، وە من ناڵێم شێعر هەر ئەبێ لە قالبی کۆندابێ بەڵام ئەبێ وەزن موراعات بکرێ، بەڵام قافیە زۆر گرینگ نییە.

* بەس بەلای خۆیانەوە وەزنی هەیە.

- من بەلامەوە وا نییە و کەسیش ئیقناعی نەکردووم.

* ئەگەر ناوەرۆکی شێعر گۆڕا مەرجە ڕوخساریش بگۆڕێ؟

بەلامەوە شێعر تەنیا ناوەرۆکەکەی بەرەوپێش بڕوات باشترە هەتا ئەگەر لە ڕوخساری

کۆنیشـــدا بێت، بۆ نموونە ئەم دوو شـــێعرە فارسییە هەرچەند لە کۆنترین قالبە بەڵام بیر (فکر)ی تازەترین ئینسانی تێدایە وە ئەتوانین بڵێین زۆر تازەیە:

ســـاحلی افتـادە گفــت گــرچی بســـی زیســـتم
هیــچ نــەمعلــوم شــدە کــە مــن چیســتم
موجــی فــرو فوڵتـــەء نـــرم بجنبیـــــد و گفــت
هســـتم اگـــر میـــروم گـــر نـــــروم نیســـتم

واتای دێری یەکەم:

ڕووبـــاری بـــەختـــی مـــن زۆر مـــەعلـــووم نـــەبـــوو کـــە من چیم

دێری دووەم:

شـــەپـــۆڵی ئـــارام بـــووەوە دەڵـــێ وەجـــوودی مـــن ئەوەیـــە ئەگـــەر نـــەبـــم نیـــم

* ئافرەتی کورد لە نووســـین و ئەدەبیاتدا دواکەوتووە هۆی چییە و چۆن چارەســـەر دەکرێ؟

مـــن تەجرەبـــە وا فێری کردووم کـــە جیاوازی لە نێـــوان کوڕ و کچـــدا نییە، بەڵام لەبەرئەوەی کە جنســـیان جیاوازە بەرهەمیشـــیان جیا ئەبێ، وە کـــەم دیاربوونی ئافرەت لـــە کۆڕی ئەدەبیاتدا ئـــەوە ناگەیەنێ کە لە پیاو بێ تواناترە بەڵکـــو کۆمەڵ ڕێگای نادا کـــە ئەو هەســـتەی هەیێتی دەری بڕێ وە نووســـەریش ئەو کاتە ســـەرکەوتوو ئەبێ کە هەســـتی ڕاستەقینەی خۆی بنوێنێ بۆیە هەتا کۆمەڵ ڕێگە نەدا ناتوانێ بێتە ئەم کۆڕەوە چارەسەرکردنیش لە خەباتێکی توندایە دژی پیاو.

* ئایا جگە لە شێعر بابەتی تری ئەدەبیت نووسیوە؟

- گەلێ چیرۆکی کورتم نووســـیوە بەڵام چاپ نەکراوە وە ئێســـتاش لام وانییە بڵاوی بکەمەوە هەروەها وتاری سیاسیشم هەیە وەهەوڵدانی تەرجەمەشم هەیە وە ئێستا ڕۆمانێکی

فارسـیم وەرگێڕاوە کە ئامادەیە بۆ چاپ لە نووسـینی (مارک توین)ە بەناوی (شازادە و هەژار).

* ئەدیبی سەرکەوتوو ئەبێ چۆن بێ؟

- ئەبێ سـەهلی مومتەنیع بنووسێ، واتا شـتێک بنووسێ کە خەڵکەکە تێی بگا و بەرهەمەکـەی ئەبێ جوان بێ و تەرخانی بکا بۆ کۆمەڵی خۆی وە لە گیروگرفتی کۆمەڵی بدوێ و چارەسـەری بۆ بدۆزێتەوە، وەنابێ زۆر بڕوای بەبەرهەمی خۆی هەبێ بەڵکو ئەبێ تـا ڕادەیەک دوودڵ بێ لێی، وە بەرهەمەکەی هەرچەند بەلای خەڵکەوە پەسـند بکرێ و لەلای ڕەخنەگر سەرکەوتووبێ نابێ لە خۆی بایی بێ چونکە ئەگەر لەخۆی بایی بوو ئەوە بەرەودوا ئەچێ و ئەوەستێ.

* کام شێعر لە شێعرەکانت لەوانی تر بە بەرزتری دەزانی و بۆچی؟

- ئەوەی لە خەیاڵم بێت (کاروانی خەبات)م لە شـێعرە هەرە چاکەکانمە لەبەرئەوەی هەستی ڕاستەقینەی خۆمم دەربڕیوە بەرامبەر بەڕەفیقێکی خۆشەویستم وە لام وایە تیایدا سەرکەوتووم.

ڕۆژنامەی هاوکاری، ژمارە ٢٣٤
١٩٧٤/٩/١٣

وتوویژ دەگەڵ هێمن

لەبەهاری ئەمساڵدا (١٣٧٦ی هەتاوی ـ ١٩٩٧ی زایینی) لە شاری نەغەدە، لەلای دۆستانی بەڕێز، کاک سەلاح بەیگی، کاک یوسف فازڵی و... نەواری شەوی شێعرێکم وەدەست کەوت کە لە ڕۆژی پێنجشەممە (٣٠ی خاکەلێوەی ١٣٥٨ی هەتاوی ـ ١٩٧٩ی زایینی)دا، لە شاری مەهاباد بەڕێوە چووە. لەم شەوە شێعرەدا مامۆستا هێمن، سەید کامیلی ئیمامی، مەلا غەفوور دەبباغی، حوسێن شەریف پەناهی و ژمارەیەکی دیکە لە شاعیرانی کوردستانی ئێران بەشدارییان کردبوو. لە ماوەی ئەو سێ ساعاتەی کە شەوی شێعرەکەی تێدا بەڕێوە چووە، هێندێک پرسیاری ئەدەبییان لە مامۆستا هێمن کردووە و هەمیشە بەوپەڕی دڵسۆزییەوە وەڵامی داونەتەوە.

لەژێرەوە چاوتان بەپرسیار و وەڵامەکان، دەکەوێ و لەگەڵ هێندێک بیروڕای مامۆستا هێمن ئاشنا دەبن.

دوای ئەوەی خوالێخۆشبوو مەلا غەفووری دەبباغی (حافز) شێعر دەخوێنێتەوە لە مامۆستا هێمن دەپرسن کە بیروڕای سەبارەت بەم شاعیرە چییە. مامۆستا هێمن دەفەرموێ:

بەڕاستی مامۆستا مەلا غەفوور، جێی شانازییە بۆ شارەکەمان، یەکێک لە هونەرەکانی کە دە مامۆستادا دەبینم ئەوەیە کە سەرەڕای ئەوەی کە بۆ خۆی شارستانییە و بەناشکوریش ناڵێم کوێر و ڕۆشندڵە، بەڵام لە شێعرەکانیدا، وشەی زۆر جوان و ناسک و ڕەسەنی کوردی دەبینم. حەتتا جێی تەعەجوویە بۆ من! من جارێکی لێیان پرسیم کە مامۆستای شێعری تۆ

کێ بووە؟ گوتم: ڕوودکی. من لە ڕوودکی فێر بووم، کاتێ شاعیر شتێک نەبینێ و لەمسی نەکا ناتوانێ شـێعری لەسەر بڵێ. پێم وایە هەموویان خوێندوومانەتەوە. منیش بەمنداڵی ئەو شێعرەم خوێندووە:

«بـوی جـوی مولیـان آیـد همی
یـاد یـار مهربـان آیـد همـی
ریـگ هامـون و درشـتیهای او
زیـر پایـم پرنیـان آیـد همـی»

تەماشـا دەکەن هەموو حیسی کوێرانەیە تێیدایە، لەمسە. هیچی تر نییە، بۆنی دەکا، حیسی دەکا لەبەر پێیدا. کەوابوو باسی دیتنی تێدا نییە. بەڵام مامۆستا دیارە لە ئەسەری مومارەسـەی زۆردا، یانی لە ئەسـەری زۆر خوێندنەوەی شێعری شـاعیر، گوێ لێگرتنی شێعری شاعیرەکانی دیکەدا، ئەو شتانەی کە ناشیانبینێ دەتوانێ جوانیان وەسف بکا. کە ئەوە بەعەقیدەی من هونەرێکی یەکجار گەورەیە. لێرەدا دەمەوێ نوکتەیەکتان عەرز بکەم. دوکتۆرێکی ڕۆشـنـدڵمان هەیە لە کوردستانی عێراق. کە دوکتۆرە دە ئەدەبیاتی عەرەبیدا، کەچی بەڕاسـتی بێ یارمەتی ژنەکەی هیچی بۆ ناکرێ، ژنێکی خوێندەواری هەیە کە هەم ژنیەتی و هەم مونشـییەتی... ئەگەر شێعر بڵێ بۆی زەپت دەکا، ئەگەر نەقد یا ئینتیقاد دەکا، ئینتیقادەکانی بۆ دەنووسێتەوە. ئەو دەیڵێ، ئەو دەینووسێتەوە. مامۆستا بەداخەوە لەوەش مەحروومە (هەموو خەڵک پێدەکەنن) نوکتەیەکی خۆشم لەسەر ئەو دوکتۆرە هەیە. ڕۆژێکی پێکەوە دەگەڕاین، ژنەکەشـی دەگەڵ بوو، دیارە ژنەکەی خوێندەوارە. ژنێکی زۆر ماقووڵیشـە، چاوسـاغێتی. ڕەفیقێکی کوردی ئێرانی یادی بەخێر لێی پرسیم ئەرێ ئەوە کێیە؟ ئەو ژنە چییە دەگەڵ ئێوە دەگەڕێ؟ گوتم ئەوە عەسای مووسایە بۆمە.

لێرەدا کاک شەریف حوسـێن پەناهی شێعرێک دەخوێنێتەوە و پاشان مامۆستا هێمن دەفەرموێ:

شـێعری ئەو برایەمان درێژ بوو، شـێعری (ملوانکەی شـین)، وە ئەغلەب شـاعیرە لاوەکانمان دەیانەوێ شـێعریان درێژبێ. پێیان وایە بەدرێژ و کورتێی چاکە. ئەم شـێعرە بەعەقیدەی من ئەگەرچی درێژ بوو و وەختیشـی زۆر گرت بەڵام کورت بوو، چونکە پتری دەبوو وەسفی زرێبار و شتی وا کردبا. بەوەی شێعرەکەی عەیبدار نەدەبوو. دەمەوێ لێرەدا

ئامۆژگارییەکی شاعیرە لاوەکانمان بکەم، پێیان وانەبێ شێعر بەدرێژیی چاک دەبێ، شێعر ئەوەیە کورتیش بێ وە شـاعیری چاک ئەو کەسـەیە بتوانێ مەتڵەبی گەورە لە شێعرێکی بچووک دابرێژێ. ئەمما ئەو مەوزووعە دەبێ درێژبێ، وە بەعەقیدەی من کورتە. دەنا دوێنێ ئەو شاعیرە لە منی پرسی کوتی: تۆ کام شێعری خۆت خۆش دەوێ؟

من کوتم: نزیک بەچل ساڵ لەوەی پێش شێعرێکم گوتووە، تاقە شێعرێک تاقە بەیتێک و بـۆم زیادە نەبـووە هەتا مام، چونکە پێم وابوو تەواوی ئیحساسـی دەروونی خۆم لەو شێعرەیدا کوتووە. هەر یەک شێعرە، مەنزوورم ئەوەیە شێعر فێربن، دەڵێم:

«ئـەسـیری بسـکی ئاڵۆزی کچـە کـوردێکی نـەشـمیلم
تـەماشـاکەن چ سـەیـرێکـە، بـەدەسـتی دیلـەوە دیلم»

دەوەیدا ئەوەی ئیحساسم بووە کوتوومە ئیدی چیدیکە نەماوەتەوە. کچی کورد بۆ خۆی دیلی ئیجتماعی کوردەوارییە، منیش ئەسـیری ئەوم. تکا لە شاعیرە لاوەکان دەکەم گوێ مەدەنە شێعری درێژ و کورت.

لێرەدا بەڕێوەبەری کۆڕەکە دەڵێ بڕیاربوو بەپێی تەمەن، مامۆستاکان شێعر بخوێننەوە، ئێستا کە دەمەوێ داوا لە مامۆستا هێمن بکەم کە شێعرمان بۆ بخوێنێتەوە، دەترسێم پێی وابێ کە بەپیرمان داناوە. مامۆستا هێمن دەفەرموێ:

وەڵڵا پێم واي من زۆر لە پیری ناترسـێم، مامۆسـتای گەورەمان سەید کامیل ئیمامی لە پیری دەترسـێ، چونکو لێیان پرسی شاگردەکانت کێ بوون؟ هێمنی بەشاگردی خۆی قبووڵ نەکرد. ئەو وەختی ئەو شـێعری دەگوت ئەمن منداڵ بووم. «پێدەکەنێ» عەرزت دەکەم کەوابوو منیش یەکێکم لە شاگردانی ئەو مامۆستا گەورەیە.

ئەوشۆکە ڕەفیقێک باسی ئەوەی دەکرد کە ئێوە بۆ ئەوەندە ئەهمیەت بەشێعر دەدەن. بەهونەرەکانـی تر نادەن؟ من پێـم وایە ئەوە لەبەروەی نییە ئەمـە هونەرەکانی دیکەی کوردمـان لەبەرچاو نەبێ بەڵکو لەبەر بێ دەرەتانییە. کورد پەنای بردووە بۆ شـێعر کە زووتر بەگوێی خەڵک بگا. ئەوی بەشـێعر دەیڵێین بەمەقالە نووسـیبامان نەدەگەیشـتە گوێی خەڵکـی. ئەمە ئیحتیاجمان بەڕۆژنامە هەیە هەتا بتوانین هونەرەکانی دیکەشـمان نیشـانی خەڵک بدەین. بریا ئەمەش چیرۆکنووسێکی وەک سـەمەدی بێهرەنگیمان هەبا، دەبوو ئەوپەڕی ئیفتیخاری پێ بکەین. بڵێین چی؟ ڕەنگە هەشـمان بێ، ڕەنگە لەنێو ئەو

عالەمەیدا ئی وا هەبێ چیرۆکی چاک بنووسێ. ئەمما لە ڕابردوودا لە کوێی بڵاوکردباوە؟ چۆنی بڵاوکردباوە؟ ئەوەیە کە دیسان پەنامان بردووە بۆ شێعر کە زوو لەبەر دەکرێ و زوو دەچێتە ناو خەڵکەوە.

من زۆرم کۆڕی شێعر و شاعیری دیون، چونکە شەقی ڕۆژگار گێراومی بە وڵاتاندا و دیومە، عادەتەن ئەگەر شێعرێک گوێگر پێیان چاک بوو (ئەوە بۆیە ناڵێم داوای چەپڵە بکەم ها لە بیرتان نەچێ!) چەپڵەی بۆ لێ دەدەن بۆوەی دوو جاری بخوێنێتەوە. یەکێک لە شێعرەکانی مامۆستای کە زۆر بەرز بوو چەپڵەتان بۆ لێ دا، بەڵام بەداخەوە ئەو کەمتری ئەو کۆڕانە دیوە دەنا دەبوو جارێکی دیکەشی خوێندباوە تا چاتری لێ حاڵی بن. تکا دەکەم شێعری هەر شاعیرێکتان لەوەی پاش پێ چاک بوو پێی ڕابگەیەنن دوو جاری بخوێنێتەوە، با بێتە حیفزتانەوە. من بۆ خۆم شێعری تازەم نییە بەڵام پەنا دەبەمەوە بۆ دیوانەکەی کۆنم یانی بۆ ناڵەی جودایی کە لەوێدا شێعرێکتان بۆ دەردێنم.

بێگومان مامۆستای هەموو شاعیرە نیشتمانییەکانی کورد ئەحمەدی خانی بوو کە حەقمانە پێی بڵێین نابیغە چونکە زۆر لەپێش شاعیرەکانی دەوروبەری خۆشماندا حیسی میللییەتی تێدا بزووتووە، بەڵام هەر دەردی کوتووە دەرمانی نەکوتووە. دەڵێ کورد میللەتێکی لێقەوماوە و چیتر، ئەمما ئێمە شاعیرێکمان هەبووە بەناوی حاجی قادری کۆیی کە دەبێ هەموو بەحەق ئەم شاعیرە بناسین. ئەوەڵ شاعیرە کە ئەلحەمدولیلا موجەسەمەی بۆ دروست کرا. من هەرچەند شاعیری موناسبات نیم و، لە موناسباتدا شێعر ناڵێم بەڵام ئەو کەسانەی تاریک و ڕوونیان خوێندۆتەوە دەزانن کە شێعرێکم بۆ موجەسەمەی حاجی قادری گوتووە. بەڵام بەداخەوە جارێکی پاش موجەسەمە کە چوومە کۆیێ و دیتم سەری موجەسەمەی حاجی قادری گوللەیەکی وێ کەوتبوو و کونی کرابوو. ئەوە حیسی منی زۆر بزواند و غەزەلێکم گوتووە کە ڕەنگ بێ زۆری ڕەمز تێدابێ. بۆیە لە سانسۆر دەرچووە و لە ناڵەی جوداییشدا چاپ بووە. ئەگەر زۆری ڕەمز تێدا نەبووبا پێم وایە دەرنەدەچوو. بەئیجازەی ئێوە ئەو شێعرە دەخوێنمەوە:

لە کۆ ئەسرین دەبارێنم لەبۆ کوردی پەراگەندە
لە گەرمێن غەرقی ئارەق بووم و چاوم هەر لە سامرەندە
منی زنجیر پسێن لێرە ئەسیری بسکی جوانێکم
زەمانە گەرچی ئاڵۆز و پەشێوە، کەڵ بەمەوو بەندە

کوتی ئێواره بازاڕێ وەره ماچت دەمێ ئەم ویست
هەڵۆی کوێستانی کوردستانم و ناژیم بەدەستەنده
دڵم سەد هێندی دیکانە بەناز بشکێنی دەنگ ناکەم
چ سوودێکی هەیە، کێیە بپرسێ داد و گازەنده
جیهان و هەرچی خێر و خۆشییە بۆ هەڵبژاردانە
بەقانوونی تەبیعەت پاشەڕۆکخۆره ئەوی گەنده
ئەگەر تاوانی بێ هێزی نییە بۆچی لە دنیادا
بەشی من ماتەم و شینە، بەشی خەڵکی زەماوەنده؟
بەمردوویش نیشانەی گوللەیە ئەو کەللە پڕ شۆره
ئەوێستاش دەرسی سەربازی دەڵێ ئەو شاعیره ڕەنده
سەری تەعزیم لەبەر تۆ دانواندن فەخره بۆ هێمن
بژی حاجی کە کێوی هیممەتت سەد هێندی ئەلوەنده

لێرەدا بەڕێوەبەری کۆڕ پرسیارێکی لە مامۆستا هێمن دەکا و دەڵێ:

مامۆستا تکایە بفەرموون کە جەنابتان زۆرتر دە چ حاڵێکدا، یانی زۆرتر لە چ کاتێکدا شێعر دەڵێن؟ هێندێک وەدەزانن شێعر لە وەخت و سەعاتێکی تایبەتدا دەگوترێ دەمانەوێ ئەوەی بۆ شاعیره لاوەکانمان ڕوون بکەیەوە؟

ئەو وەختی منیش لاو بووم، پێم وابوو شێعر یەعنی قسەیەک کە وەزن و قافیەی هەبێ. منیش دادەنیشتم و کاغەز و قەڵەمێکم بەدەستەوە دەگرت و وەزن و قافیەیەکەم دەنەزەر دەگرت و شێعرم دەکوت. زۆر مەمنوونی باوکی خۆمم کە دیوانەکەی منداڵی لێ سووتاندم دەنا ئەلعان بەدەست خەڵکییەوە مابا گاڵتەیان پێ دەکردم. بەڕاستی شاعیری هەروا وەزن و قافیە نییە، شاعیری دەبێ سۆز و دەروون و کوڵ و کۆێ ئەو شاعیره بێ بخرێتە قالبی نەزم و ئاهەنگەوە. من زۆر جارم گوتووە هەرچەند بۆ خۆم برێکیش قافیە سازم بەڵام زۆر ئەهمیەت بەقافیە نادەم دەشێعردا، بەڵام بۆ وەی شێعر و نەسر لێک بکەمەوە موعتەقیدم بەمۆسیقا و ئاهەنگ و وەزن دە شێعردا. من وەختێ شێعر دەڵێم کە بەڕاستی شێعر زۆریم لێ بکا. تا زۆریم لێ نەکا، تا لە خەوم هەڵنەستێنێ، تا خەو و خواردنم لێ نەتۆرێنێ،

من شـــێعر ناڵێم. چونکە من دەتوانم مەقالەیەک بنووســـم، ئەگەر بمەوێ وتارێکی سیاسی بنووســـم بەنابەرین شـــێعر شـــتێکی دیکەیە کە کوڵ و کۆی دەروونی خۆمە دەو وەختەدا دەیڵێم. نازانم توانیومە لاوەکان حاڵی کەم یا نا؟ بەڵێ، شـــێعر شوعار نییە، ئەورۆ بیڵێي و ســـبەینێ بمرێ. شێعر ئەوەیە کە هەرنەبێ پاش شـــاعیرەکەی بەینێک بمێنێتەوە. زۆر شـــاعیری وام پێ شک دێ شـــێعرەکانیان دەپێش خۆیاندا دەمرن. ئەمما زۆر شاعیری وا هەبـــووە هەروەکو نالی، ئێمە تازە دەزانین، تـــازە تێ گەییوین ئەو نامرێ و قەتیش هەتا تاریخ هەیە نامرێ، کەچی هەر شـــێعری عاشقانەشـــی کوتووە، شێعری نیشتمانی و شتی کەمتر کوتووە، ئیللا شێعرێکی زۆر گەورە نەبێ کە بەشارەکەی خۆی هەڵکوتووە:

«قـــوربانـــی تـــۆزی ڕێگـــەتـــم ئـــەی بـــادی خـــۆش مـــروور
ئـــەی پـــەیکـــی شـــارەزا بـــەهـــەمـــوو شـــاری شـــارەزوور»

کە ڕەنگبێ دە کەم زبانانداندا قەسیدەی هێندە وەسیع و جوان هەبێ.

لێـــرەدا بەڕێوەبەری کۆڕەکە داوا لە مامۆســـتا هێمن دەکا کە لە بارەی ئەو شـــاعیرە لاوانـــەی کـــە لە ماوەی چەند ڕۆژێکدا کە کۆڕەکە بەڕێوەچووە، شـــێعریان بۆ کێ بەرکێی ئەدەبی ناردووە، قســـان بکا «مامۆستا هێمن، مامۆستا هاوار (عەلی حەسەنیانی) و کاک مەجیدی نانەوا داوەری ئەم شێعرانە بوونە». مامۆستا هێمن دەفەرموێ:

ئەو ســـێ کەســـانەی کە ئێوە هەڵتان بژاردوون، شێعری شاعیرە لاوەکان تەماشاکەن، ئەو ســـێ کەسەن کە موعتەقید بەشـــێوەی نوێ و کۆنن. ئەگەرچی ئەو ئیستلاحە ڕەنگە بڕێکیـــش غەڵەت بێ «کۆن و نوێ» شـــێعر ئەگەر چاک بوو هەمیشـــە تازەیە قەت کۆن نابـــێ. بەڵام وەزنـــی عەرووزی یا غەیرە عەرووزی وا چاترە. من بۆ خۆم پێم وایە شـــێعر دەهەر قالبێکیدا شێعربێ، شێعرە، چ دە قالبێکی نوێدا و، چ دەقالبێکی کۆنی عەرووزیدا. ئەگەرچی بەئیجازەی مامۆســـتا شـــێخ کامیل ئەوەی دەڵێم هەر شـــتێکی مەوزوون دەم دنیایـــەدا تۆ بخوێنییەوە بەهـــەر زمانێک، لە فاعیلاتون فاعیلاتێکـــی بخەی. کەوابوو من دەمەوێ شـــێعر ئاهەنگێکی هەبێ کە وەختێکی خوێندتەوە دەبیســـەردا تەئسیری هەبێ. یەکێک لەو شـــاعیرانە کە شـــێعری هێنابـــوو، بەعەقیدەی من پڕ خەیاڵترین شـــێعر بوو خەیاڵێکی شاعیرانەی زۆر جوانی تێدا بوو بەڵام ئاهەنگی مۆسیقای نەبوو. لەبەروەی داوام لێ کرد کە پتر حەول بدا مۆســـیقایەک دەو شـــێعرەدا دروست بکات با کارە شاعیرانەکەی

بەخۆڕایی نەچێ. ئەوەیە نەزەری من. شـــاعیرێک کــە موعتەقیدە بەوەزن و قافیە، دەبێ هەموو ئوســـوولی کۆن ڕەعایەت بکا، دەنا بەنەزەری من شـــاعیرێک کە فەرقی ڕەدیف و قافیە نەکا و بەوەزنی کۆن شێعر بڵێ، بەعەقیدەی من دەبێ پتر بخوێنێتەوە جا ئەودەمی شێعر بڵێ. لەبەروەی هێندێکیان بۆیە ڕەدبوونەوە کە فەرقی ڕەدیف و قافیەیان نەکردووە. هێندێکیان بۆیە ڕەدبوونەوە کە ئاهەنگیان دەشـــێعردا نەبووە. هێندێکیشیان بۆیە قەبووڵ کران کە هەموو شتێکیان هەبووە. بەڕاستی من شاعیرێکی دی کە هیوای دواڕۆژم یەکجار زۆر پێیە، خەڵکی شـــارەکەی خۆشمان نییە، منەتیشی نییە، نە نانم دەداتێ و نە ئاو، نە مومکینە جارێکی دیکە بیبینمەوە، کەچی پێم شاعیرە، ئەویش کاک شەریفە کە بەڕاستی خەیاڵی شـــاعیرانە یەکجار دە شـــێعرەکەیدا هەن، وە ئەو تەوازوعەم تێدا دی. وەختێکی داوەرەکان دەیانکوت ئەو شێعرە ڕەنگبێ نەقسێکی تێدا هەبێ بۆ خۆی بێ وەی ناڕەحەت بێ، بێ وەی کێشـــە لەســـەر شێعرەکەی بکا، بەقســـەی داوەرەکانی دەکرد. شاعیر دەبێ موتەوازع بێ هەتا بتوانێ ببێتە شـــاعیرێکی بەرز. دەبێ لەوەی نەترســـێ سبەینێ یەکێک ڕەخنـــەی لـــێ دەگرێ. هیچ شـــتێک دەو دونیایەیدا تەواو نییە و هەموو شـــتێک جێگای ئینتقـــادە. هونـــەر قەت تەواو نابێ و قەتیش و قەتیش تەواو نابێ و لەبەر وەی لە ڕەخنە نابێ بترسێین ئێمە. ڕەخنەشت لێ دەگرن دەڵێن ئەو شێعرەت خراپە، بەڵام نابێ بترسێی. کەسێکی حیسی شاعیرانەی هەیە دەبێ حەول بدا چاتر خۆی نیشانی ئەو خەڵکە بدا.

گۆڤاری سروە، ژمارەی تایبەتی (بێ تاریخ)

دەگەڵ مامۆستا هێمن

پێشەکی: ئەحمەدی شەریفی

ئامادەکردن: سەید سمایلی حوسێنی

پێشەکی:

لە ساڵی ١٣٦٢/ ١٩٨٣ وە، زەمزەمەی پێکهێنانی ناوەند و پەخشخانەیەکی چاپەمەنی و دەرکردنی گۆڤارێکی کوردی، وەک کەڵە مێشکی مامۆستا هێمنی تەنیبوو. بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە گرینگە، سەرەڕای وتووێژی دوور و درێژ لەگەڵ کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی، چەند کۆڕ و کۆبوونەوەی دەگەڵ کەسەیلی فەرهەنگی، بنووس و شاعیر، قەڵەم بەدەست و ئەدیبی کورد وەک یەزدانبەخش، عەلی حەســەنیانی (هاوار)، موهەندیس فارووقی کەیخوســرەوی، سەید حەمەدەمینی بەرزنجی (خاڵە مین)ی خوالێخۆشبوو، هەژاری ڕەحمەتی، خوالێخۆشبوو مامۆستا سەید تاهیری هاشمی، خالیدی حیسامی (هێدی) و... پێک ئانی و لەم بارەوە یەک دوو جار نامەی بۆ من نووسی و چەندین ڕا تەلەفۆنی کرد و دەیگوت: کوڕینە قەت دەرفەتی وا لەبــار هەڵناکەوێ، با کات بەفیڕۆ نەدەین و بکۆشــین گۆڤارێک دەرکەین. دەیانفەرموو ئەگەر ئەو کارەی بکەین و مویەســەر بێ، بۆ هەوەڵین جار لە مێژووی کوردستانی ئێراندا، ئێمە دەبین بەئالاهەڵگری گۆڤارێکی کوردی، کە میری (دەوڵەت) بەڕەســمی ئیزنی وەشانی پێ دەدا، دەبینە خێوی وەشانخانە وگۆڤاری کوردی و دەکارین خزمەتێکی فرە بەفەرهەنگ و ئەدەبی گەلە بێ بەشەکەمان بکەین.

دەبێژن خوا کاران وەڕاست ئەگێڕێ و هەرکەسێ لەسەر سەبران بێ، خێری وەڕێ دێ. ئەوەش لە مام هێمن ڕووی دا و پاش خۆ ماندووکردنێکی فرە، سەرەنجام زۆربەی کەسەیلی کـــە لەم بارەوە پێوەندی لە تەکا گرتبوون و ڕووی تێ کردبوون، بەگیان و دڵ بەهانایەوە هاتن و بڕیاری هاوکاریان پێ دا، که یەک لەوانژێ منی ڕەبەن بووم.

قۆڵ هەڵماڵدران، قەڵەم وەگەڕکەوتن، وتارگەل نووســـران، شێعری جۆر بەجۆر ناردران بـــۆ گۆڤارێکـــی بێ ناو کە بڕیـــار بوو هێمن سەرپەرشـــتی بکا. پاش چەند دانیشـــتن و قسەوباســـکردن، تەگبیر و ڕا هاتە ســـەر وەی کە گۆڤاری بێناو وەرزانە بێ و جارێ ساڵی چـــوار هەژماری لێ بوەشـــێ هەتا بزانین خوا لە داهاتـــوودا چ دەرووییەکی تر وەدەکا. بۆ ڕاپەڕاندنی کارەکەش، مامۆستا هێمن تاقمێکی لە کوڕگەلی خاس و ژیر و ژێهاتیی ورمێ و مەهابـــاد لە دەوری خۆی گردوکۆ کردن، یەک وتاری دەخوێندەوە، یەکی تر تایپی دەکرد، یەکـــی تـــر بەرگ و ڕووبەرگی بۆ گۆڤـــاری بێناو چێ دەکرد، ئەوی دی ژێ خۆشـــخەتیی وەئەســـتۆ دەگرت... مام هێمن خۆشی بەســـەری پیری، خورتانە دەکۆشا و شەو و ڕۆژی لێ گۆڕابوون، نان و چای ببووە سیغار و گوتار و نووسراوەی هەڵدەسەنگاندن بەسەریاندا دەچۆوە، شێعری باشی شاعیرانی هەڵدەبژارد و بۆ هەوەڵین ژمارەی گۆڤارێک کە بڕیاربوو بێتە وەشـــان، ئامادەی دەکردن. هەرکات تەلەفۆنت لێ دەکرد دەیفەرموو: ســـەرن قاڵە و کاروبارن زۆرن.

پایزی ئەوێ ســـاڵێ، لە کرماشانەوە بۆ چەندەمین ڕا هاتمەوە مەهاباد و چوومە ورمێ و سەردانی مام هێمن، هەتا بزانم کاروباری گۆڤاری گۆرین بەکوێ گەییوە؟

گشـــت دامودەزگای گۆڤاری بێناو و دەرنەچوو، دوو سێ هۆدە بوو. مێز و سەندەڵی و مۆبڵ و شـــتی وا لە ئارادا نەبوون. لە هەر هۆدەیەک تەختە موکێتێک ڕاخرابوو و کوڕگەل لەسەر زگ لێی ڕاکشابوون و ملیان لێ قوت کردبۆوە و خەریکی خوێندنەوە و هەڵبژاردنی وتارەیل و شـــێعرگەل بوون. مامۆستا باڵنجێکی وەبن شانی دابوو و لەسەر تەنیشت پاڵی دابۆوە و خەریکی سیغارکێشـــان و بەوتار داچوونەوە بوو. سەرەڕای ئەوەی ژێر سیغارێکی گەورەی لەپێش بوو بەڵام دەوروبەری پڕ لە ســـووتووی ســـیغار بوو. هەر ســـەڵاوم کرد و منی دی هەستا سەر پێ و یەکدین دەباوەش گرت و سەروچاوی یەکن ڕامووسی و پاشان فەرمووی کاکە کوانێ؟ عەرزم کرد، چی قوربان؟

بەڕوو تەڵخییەوە فەرمووی ئەکا نەتنووســـیبێ؟ مەگەر نەمگوت دەبێ لەســـەر گۆرانی ناوچەی کرماشان شتێ بنووسی؟

دەستم دەگیرفانی پان و بەریني دمرقۆپان ڕاکرد و وتارەکەم لەپێش دانا بەپەلە چاوێکی پێداخشاند و فەرمووی دەیدەم بە کەریم (کەریمی قەییوومی)یش بەسەریدا بچێتەوە.

گوتم مامە ناوتان نا؟

پێکەنی و فەرمووی کورە منداڵ هەتا حەوتووی نەچێ نێوی نانێن. با جارێ ئێمەش هەموو کاروبارێکی ئامادەکەین و پاشان خۆ نێو قات نییە، خودا بۆ نێوێک کەریمە.

عەرزم کرد مامۆستا دۆستانی کرماشان سەرەڕای سڵاوی بێ پایان، زۆر ئارەزووی دیدارتن، دەیانەوێ بەرەو باشووریش بێی.

فەرمووی: کاکە ئەحمەد بەسەری تۆ. منیش دە تاسەی دیتنی سەید تاهیر و مامۆستا مەلا موحەمەد (خوالێخۆشبوو مەلا محەمەدی ڕەبیعی) و کاک مووسا (خوالێخۆشبوو مووسای گەرمیانی) و شێخ لەتیف (سەید عەبدولباقی هاشمی) و دۆستانی تر دام. خودا کارساز بێ زستانێ، یان سەرە بەهارێ دێمە زەیارەتی ئەو زاتانە.

زستان هات و هێمن نەهات. بەهاری ساڵی ١٣٦٣/ ١٩٨۴ داهات، لە سەرەتای مانگی گوڵان، ڕۆژێک لە ڕۆژان مامۆستا تەلەفۆنی کرد و فەرمووی دێمە سنە و لەوێڕا دێمە کرماشان، بڕیارمان وا دانا ڕۆژانی (١١ و ١٢) لە سنە بێ و ڕۆژی (١٣) بێتە کرماشان. فەرموویان ئێوارەی ڕۆژی (١٢)ی مانگی گوڵان لە سنە (شەوە شێعر)ێک پێک دێ. ئەگەر توانیت ئەتۆش وەرە و سەرلەبەیانی ڕۆژێ دواتر لەگەڵ من بگەڕێوە کرماشان. بەڵێن وا داندرا پاش نیوەڕۆی ئەوێ ڕۆژێ لە سنە یەکتر ببینینەوە.

شەڕی داسەپاوی ڕێژیمی بەعسی و بۆردومانی پەیتا پەیتای شاری کرماشان، ئەوێ ڕۆژێي لێ کردینە شین و گریان. هەرکەس بەلایەکدا پەرەوازەی گوندەیلی ناوچەی گۆران و هەورامان بوو، منیش ڕۆژی ڕوونم لێ بووە شەوی تار و بەرەو پشت چیای بێستوون و ناوچەی نەژیاوەران بۆی دەرچووم و نزیکەی حەوتوویەک نەمتوانی بگەڕێمەوە شار و لە دیداری مامۆستا لە سنە و کرماشان بێبەری بووم. بەڵام مامۆستا پاش تەواوبوونی شەوە شێعری سنە، سەرەڕای ئەمە کە دۆستانی وێ زۆری پێ دەڵێن مەچۆ کرماشان، دێتە ئەوێ و ڕەحمەتی سەید تاهیری هاشمی دەبینێ.

با ئەوەش بڵێم، ساڵی داهاتوو، یانی سەر لە بەهاری ساڵی ١٣٦۴ مامۆستا جارێکی تر هاتەوە کرماشان و ژمارە ١ی گۆڤاری «سروە»ی وەک دیارییەکی گرانبەها بۆ هێنابن. لەم سەفەرەدا دەرفەت هەموارتر بوو و توانیمان پێکەوە، دیدار و سەردانی

زۆر زانای گەورەی کرماشـــان بکەین و سەر لە شوێنەوارە مێژووییەکانی تاقی بوستان و بێســـتوون بدەین. مامۆســـتا بڕیاری دا لە دەرفەتێکی تردا، جارێکی تر بێتەوە کرماشان و بچینە ناوچەی هەورامان و گۆران و قەڵخانی و ســـەرپێڵی زەهاو، بەڵام مەرگ مۆڵەتی نەدا و ئەم سەفەرەی تر هەرگیز ئەنجام نەدرا. مامۆستا بەدیتنی شاری گەورەی کرماشان پڕ بەدڵ شاگەشـــە ببوو، دەیگوت: کوڕە قەت باوەڕم نەدەکرد شـــارێکی وا گەورە هەبێ کە خەڵکەکەی هەموو کوردبن و هەموو شـــێوە زاراوەیەکی تێدا بناخێڤرێ و هەموو جۆرە جلوبەرگێکی کوردی تێدا بەدی کرێ. ئارەزوومەندی ئەوە بوو دەفتەرێکی گۆڤاری ســـروە لە شـــاری کرماشـــان دابندرێ لەگەڵ زۆر ئاواتی تر کە بەدی نەهاتن. پاش کۆتایی هاتنی شـــەوە شێعرەکەی سنە برای شاعیر و نووسەرم کاک ســـەید «سمایلی حوسێنی»، ئەم وتووێژەی لە تەک ئەنجام دەدات و پاشان نەوارەکەی دەدا بەمن و، منیش ئێستا سەرەڕای ســـپاس لە کاک ســـمایل، دەقی ئەم وتووێژە پێشـــکەش بەڕەوانی پاکی مامۆستا هێمنی خۆشی نەدیو دەکەم.

ئەحمەدی شەریفی

وتوویژێکی بڵاونەکراوە دەگەڵ هێمن

- لەبارەی شێعر و شاعیریدا
- سەبارەت بەزمانی یەکگرتووی ئەدەبیی
- چۆنیەتی دامەزراندنی گۆڤاری «سروە»

* سـەید سمایل: ئێستاش پێمان خۆشـە لەم فرسەتە کە دەستی دا و ئەم هەلە کە کەوتە دەستمان (بەختەوەرانە لە خزمەت تاقمێک لە ئەدەبدۆستاندا کۆبووینەوە و بەتایبەت مامۆستا هێمن ئەستێرەی پرشنگداری ئاسمانی ئەدەب و شێعری کوردی) کەڵک وەرگرین، لام وایە ئەمانەی کە سـەروکاریان لەگەڵ ئـەدەب و ئەدەبیاتدا بێ، کەم تا فرە، گومانم نییە هیچ کەس هەبێ ناوی مامۆستا هێمنی نەبیستبێ، شێعرێکی لە مامۆستا لەبەر نەبێ و بەتێکڕایی ئەم شاعیرە پایەبەرزەمان نەناسێ...

ئەمانـەی لە خزمەتیان داین: بریتین لە ئاغای کەریمی قەییوومی و ئاغای جیهانی کە بەزاراوەی کوردی شـیمال بەحسـمان لەگەڵ ئەکا و هەروەها ئاغای ئەسەدی کەرەمی لە مەنتەقە و ناوچەی کرماشان.

مامۆسـتا هێمن لەگەڵ بەخێرهاتنتان ئەگەر ئیجازە بفەرمووی یەکەمین پرسیارمان وا مەترەح بکەین کە جەنابتان لە چەند ساڵییەوە دەستتان داوەتە شێعر؟

مامۆسـتا هێمن: لە تەمەنی ١٠ ـ ١٢ سـاڵیدا دەستم کرد بەشێعر گوتن. بەڵام شێعرم نەدەناسی کە شێعرم دەگوت، پێم وابوو شێعر ئەوەیە کە وەزن و قافیەیەکی لەباری هەبێ و ئەوی دیکە هیچ نییە. خۆشـبەختانە ئەو شـێعرانەی لەو تەمەنەدا گوتبوومن بەدەستی

باوکم دە ئاگر خران و ئەگەر مابان ئێستا خۆم دە ئاگرم دەخستن. بەڵام دە بیست و یەک ساڵیدا هەستم کرد کە شاعیر دەبێ چۆن بێ؟ لە بیست و یەک ساڵیدا، یەکەم شێعرم دە گۆڤاری «نیشـــتمان»دا بڵاوبۆوە، کە پێم وایە شێعرە، ڕەنگبێ لەباری شێوەوە نەگەیبێتە باری شێعرەکانی ئێستام، بەڵام لەباری ناوەڕۆکەوە کوڵوکۆی دەروونی خۆم بووە و دەرم بڕیوە. چونکە من پێم وایە، شـــاعیری واقیعی کەسێکە کە ئیحساس و کوڵوکۆی دەروونی خۆی دەربڕێ و بهێنێتە ســـەر کاغەز. دەنا قافیە ڕێکخســـتن و وەزن دروســـت کردنم پێ شـــاعیری نییە. دیارە وەکو کەلامێکی زیبا بەلامەوە خۆشەویســـتە، بەڵام دە ئیحساســـی خۆمدا پێی دەڵێم نەزم، نەزمی جوان، شـــێعر بەشـــتێکی دیکە نازانم. ئەوە نەزەری منە لەبارەی شێعرەوە. وەک عەرزیشم کردی لە دە دوازدە ساڵی ڕا دەستم پێ کردووە، بەڵام شێعری کرچ و کاڵم دەگوت.

* ســـەید سمایل: مامۆســـتا! کەوابوو بەمرووری زەمان، ئینسان هەرچی دە زەمینەی شـــێعردا کار بکات ئەو کرچ و کاڵی و بەئیســـتلاح ئەو خامییە، پوختە ئەبێ و ئەگەیەتە مەرحەلەی تەکامول و ڕەخسان. نەزەرتان لەم بارەوە چییە؟

مامۆســـتا هێمن: وەڵڵا نەزەرم لەم بارەشـــەوە فەرقی هەیە، شاعیریش وەکوو هەموو ئینســـانێک فەرقی هەیە، هێندێک شـــاعیر، بەجەوەڵانێک لە ژیانیانـــدا دەگەنە تەکامول. وەنەبـــێ هەر تەجرەبە بێ. دەورانێـــک لەژیانیاندا دەگەنە تەکامـــول و تەواوبوون، وەکو مامۆســـتا گۆرانی گەورە، کە لە دەورانێکی عومری خۆیدا پێم وایە شـــاعیری وا بەرز هەر نەبووە و نابێتەوە. ئەگەر بڕوا بفەرموون، زۆر جەسارەتە ئەوەی عەرز دەکەم، شێعرەکانی دەورانی ژیانی ناگاتە شێعرەکانی ناوەڕاستی ژیان...

* ســـەید سمایل: مامۆســـتا شێعر هەیە کە بۆ مەقتەعی خاس لە زەمان وتراوە، یانی بـــەدەرد مەقتەعی خاس لە زەمـــان ئەخوات، نەزەرتان لەم بـــارەوە چییە؟ باش وا نییە شاعیر شێعرەکەی بۆ هەموو زەمانێک باش بێ، یانی واقیعیەتێکی مەلمووس بێ کە هەموو زەمانێک قابیلی دەرک بێ؟

مامۆستا هێمن: عەرزت دەکەم، ئەمن ئەو شێعرەی کە بۆ زەمانێکی تایبەتی دەگوترێ بەشـــێعری نازانم، بەشـــوعاری دەزانم. ئەمن پێم وایە کە شـــێعر ئەوەیە کە پاش مردنی شـــاعیریش زیندوو بێ. هەروەکو دەزانین سێ سەد ســـاڵ لە وەفاتی ئەحمەدی خانی مە ڕابردووە، ئێســـتاش شـــێعرەکانی هەر بەتام و خوێن. هەروەک بۆ ئەو ڕۆژەی گوتبن وایە، قەتیش کۆن نابن. شێعرێک کە ئیحساسات و عەواتفی ئینسان بەیان بکا ئینسانی واقیعی،

ئەوە شــێعرە، ئینسان ئەو شێعرەی دەوێ. هەتا شێعر مابێ و ئینسان مابێ، ئینسان ئەو شێعرەی دەوێ. زۆر شاعیری وا هەن، پێش ئەوەی بۆ خۆیان بمرن، شێعرەکانیان مردوون. زۆر شاعیری واشمان پێ شک دێ با هەر باسی کورد نەکەین وەک حافزی شیرازی کە تازە ئێمە دەزانین کە شێعرەکانی چەندە لەگەڵ ژیانی ئەورۆی ئێمەن. ئەگەر ئیجازە بدەی دوو شێعری حافیزی بخوێنمەوە تا قسەکەم وەڕاست بگەڕێ:

بیــا تــا گـــــل برافشــانیم و مــی در ســـــاغر اندازیــم
فلــک را ســقف بشــکافیم و طــرح نــو در اندازیــم
اگــر غـــــم لشــکر انگیــزد کــه خــون عاشــقان ریــزد
مــن و ســاقی بهـــــم ســازیم و بنیــادش براندازیــم

ئایا ئەو شێعرە کۆن دەبێ؟ بەعەقیدەی من کۆن نەبووە.

* ســـەید سمایل: بەڵێ، مامۆســـتا ئەوەڵین شاعیری کورد کە بەکوردی شێعری وتبێ کێ بووە؟

مامۆســـتا هێمن: تەعبیری ئەوە بڕێک گرانە. بەڵام تا ئەو جێی ئەمن متالەعەم لەسەر ئەدەبی کوردی کردبێ، پێموایە ئەوەڵ دەنگێکی شێعری کوردی لە هەورامانەوە بەرزبۆتەوە، ناشزانم شـــاعیرەکەی کێ بوو. بەڵام سەیرە لە هەورامانەوە لەوپەڕی جنوبەوە، پەڕیوەتە شــیمال... شێخ ئەحمەدی جزیری و فەقێ تەیران، ئەو شاعیرە ناسراوانە پێش ئەحمەدی خانی بەزاراوەی شــیمال شــێعریان گوتووە. بەڵام ئەحمەدی خانـــی ئیتر دنیایەکی بۆمە کردۆتەوە، کە بەڕاستی دەبێ خەڵکی کورد بۆ ئەبەد ئیفتیخار بەو شاعیرە بکات.

* ســـەید ســـمایل: مامۆســـتا گیان، هەروەک خۆت ئەزانی لە مەنتەقەی کوردستانا لەهجەی فرە هەیە، کە ئەم لەهجانە، هەروەک خۆتان ئەزانن، بەعزێکی جەرەیاناتی تاریخی و بەهەرحاڵ مەوقەعیەتی جوغرافیایی بۆتە باعیسی مانی و بەعزێ لەو لەهجانە بەمرووری زەمان قابیلی ئەوەن نەمێنن، بەعزێکیشـــیان بەهەوڵ و تەقەلای خەڵکی لائەچن... جا بۆ شێعر لەناو لەهجە کوردییەکانا کامت پێ باشە؟

مامۆستا هێمن: ئەگەر بۆ خۆم موکریانی نەبام، پێم وابوو، لەهجەی موکریان باشترین لەهجەیە بۆ زمانی کوردی. بۆ زمانی یەکگرتووی کوردی، بەڵام دەترسێم ئەوەی بەتەعەسسوب دابنێن، کە ئەمن و تەعەسســـوبیان نەگوتووە. مامۆســـتا جەمیل ڕۆژبەیانی دەفەرمووێ،

موکریان بەمانای (موغ ڕێیان)ە، یانی ڕێگای ئەو موغانە بووە کە لە هەورامانەوە هاتوون، یـا لە جێگای دیکەڕا، بە (دریاس/ دریان) کە کۆنە شـاری موکریانە، بەوێدا ڕابوردوون و هەریەک لەوانە هێندێک وشـەی کوردیان بەجێهێشتووە. هێندێک تەعبیری شێعریان بەجێ هێشـتووە، ئەوانە ئێسـتاش لە موکریانا حیفز کراون (پاراسـتراون). ئەم لەهجە دەڕوا تا دەگاتە نزیک سـولەیمانی. دیارە لەهجەی سـولەیمانی تـا حەددێکی لەگەڵ لەهجەی موکریانی، یانی لەهجەی شاری سـولەیمانی نەک لەهجەی دێهاتەکانی فەرقی هەیە، یانی لەهجەی موکریانی ناوەڕاسـتە لە کوردستاندا. بەعەقیدەی من چاکترین لەهجەیە کە ئێمە بیکەینە بناغە بۆ ئەوەی زمانی یەکگرتووی کوردی لێ دروست بکەین.

* سەید سمایل: بەڵێ، کەوابوو هەم بۆ پەخشان و هەم بۆ شێعر؟

مامۆستا هێمن: بەڵێ...

* سـەید سـمایل: مامۆسـتا گیان لەناو شـاعیرە کوردەکانماندا، قەدیمەکان، یانی کلاسیکەکان، کامیانت بەلاوە باشتر و پاراوترە؟

مامۆستا هێمن: عەرزت دەکەم من زاراوەی کلاسیکم لەبارەی شێعری شەرقیدا بەکەیفێ نییە. بەڵام شێعری عەرووزی و هیجایی بڵێن باشترە...

* سەید سمایل: یان شێعری تەقلیدی!

مامۆسـتا هێمن: ... بەڵێ شـێعری تەقلیدی! عەرزت بکـەم، بەعەقیدەی من، ئێمە شـاعیرێکمان نەبوو لـە نالی بەکارتر. ئەو شـاعیرە بەبڕوای من هەر لـەو وەختەدا دە بیری دروسـتکردنی زمانی یەکگرتووی کوردیدا بووە. ئەتۆ دیوانی ئەو شاعیرە بەدیققەت بخوێنەوە، تەماشـا دەکەی وشـەی هەریەکـە لە لەهجەکانی کوردی تێدایە، جا ناسـک خەیاڵیشـی چ عەرزکەم، چ بڵێم؟! بەتایبەتی یاریی بەوشـەکردنی مامۆستا نالی قابیلی موقایەسـە نییە لەگەڵ هیچ شـاعیرێکی تر. ئەگەر ئیجازە بدەن، دوو شێعرم ڕەنگە لەبەر بێ بۆتان بخوێنمەوە:

دەروانییـــە وەک هێڵـــەگی ســـەودا ســـەری گێـــژم
بـــۆیـــە بـــەدەقیقـــی مـــەســـەلـــە هـــەرچی دەبێـــژم
هـــەر پـــەرچـــەم و پێشـــانییە فکـــری شـــەو و ڕۆژم
هـــەر گـــەردن و زولفـــە ئـــەمـــەلـــی دوور و درێـــژم

ئەو شێعرانەی بڕێک قووڵن، کە مانا لێکدانەوەیان وەختی دەوێ... بەڵام نالی بەڕاستی

شێعری (سەهل و مومتەنیع)یشی هەبووە.

ئەوەم زۆر گێڕاوەتەوە، جارێک کۆڕێکی ئەدەبی بوو، برای عەرەبی لێ بوو، پێم گوتن برا عەرەبەکان، ئەی ئەو کەســانەی بەخورما فرچکتان گرتووە، ئەی ئەو کەسانەی دەبن سێبەری دارخورمادا پەروازە بوون، ئایا بۆ خۆتان شێعرێکی وا جوانتان لەبارەی خورمادا هەیە کە نالی دەفەرموێ:

دەخیلـت بـم نـــەخیلــی یــا ڕووتــابــی
وەهــا شـــیرین و ســـینە نـەرم و دڵــڕەق

بڕوا بکە، هەموویان گوتیان نیمانە...

* ســەید ســمایل: ئەگەر ئیجازە بفەرمووی شێعرێکی هەیە کە مەتلەعەکەی: «چییە گوارە گوناهی وا بەنەستەق/ بەگوێ هەڵتاوەسیوە، سەر موعەلەق؟!»...

مامۆســتا هێمن: لەبارەی گوارەدا، شــتێکی دیکەی جوانتری هەیــە زۆر کوردانەیە:

«سەراپای گوارە زەردی ترس و لەرزە/ دەڵێی عاسیی بووە لەو جێگە بەرزە»

(بەپێکەنینەوە) ئەوە کوردانەترە.

* سەید سمایل: بەتێکڕایی نالی لە سەنعەتی بەدیعی ئیمتیازێکی زیاتری لە شاعیرانی تر هەیە. شــێعرەکانی فرە بەدیعی هاتییا، مامۆستا گیان... نیما، قسەیەکی هەیە، ئێژێ ئەشــێ ئینسان موسەلەت بێ بەســەر قافیەدا، نەک قافیە موسەلەت بێ بەسەر ئینسان. من وا دەرک ئەکەم لەم قسانە، کە حەتمەن وەزن و قافیە ئەبێ هەر هەبێ، مونتەها نەک حاڵەتی تەقلیدی و عەرووزی هەبێ، بۆچوونی جەنابتان لەم بارەوە چییە؟

مامۆستا هێمن: منیش قسەیەکم هەیە، دەڵێم شاعیر دەبێ شێعر ئازاد بکات کە خۆی بۆ خۆی قالب بدۆزێتەوە، لە «ئەزموونی شاعیریمدا» کە پێم وایە چاپکراوە لەوێدا دەڵێم ئەگەر من نالەی جودابیم لە وەزنی مەســنەویدا نەگوتبایــە، نەمدەتوانی کوڵوکۆی خۆم دابمرکێنم، بەڵام ئەگەر «پەری شێعر»م دە وەزنی هیجاییدا نەگوتبایە هیچ تامی نەدەبوو، ئەوەیە بڕوای من. من شاعیرێکم دە پێشدا چوارچێوە دروست ناکەم بۆ ئەوەی شێعرێک دە چوارچێوە و وەزن و قافیەیەکدا بڵێم، لێدەگەڕێم شێعر بۆ خۆی دەیبینێتەوە. ئەگەر شێعر بێ دەتوانێ بیبینێتەوە، قافیەش ببینێتەوە. مامۆستا گۆران شێعری کوردیی نوێ کردەوە، گۆران پەنای بردەوە بەر فۆلکلۆری کوردی. کام شــێعری گۆران تۆ هەڵدەبژێری، کە ئەو

دەناو فۆلکلۆری کوردیدا وەزنی نەبێ؟ بۆ نموونە، شیعرێکی کە زۆر بەدڵمە، نازانم لەبیرمە یان لەبیرم نییە. «کوردســـتان گەڕام، دۆڵاودۆڵ پێوام، نە لە شـــار و نە لە دێ، ئەمدی کەس، وەک تۆ جوان بێ، تۆیت و بەس، کچە کوردێک دڵ پێی شـــادبێ، وەک فریشـــتە و پەریزاد بێ...». بەڵام تۆ تەماشا دەکەی لە بەیتەکانی کوردیدا ئەم وەزنە هەیە.

* کەریم قەییوومی: بەیتی خەزێمێ...

مامۆســـتا هێمن: بەڵێ، بەیتێک هەیە بەنێوی خەزێم، ئەوانەی هەموو تێدایە. نازانم لە بیرمە یا نا؟ کەریم ئەتۆ لەبیرتە؟ بەڵام ئەگەر هەمووشـــم لەبیر نەبێ، شـــتێکم لەبیرە کە دەڵێ:

ســـەد وەســـتام بـۆ بـێ لـــەلای شـــیرازێ
دووســـــەد وەســـتا بـــێ لـــەلای دریـــازێ
کـــراســـێ بـدروون بـۆ بـــووکـــە نـــازێ
دە بـــڵا تەنـــک بـێ، نـــەرم و شـــلک بـــێ
بـــۆ بـــووکـــە نـــازێ...

ئایا ئەوە هەر ئەو وەزنە نییە؟ ئەمما دە فۆلکلۆری کوردیدا ئیتیفاقەن قافیەش مەترەح بووە. ئەگەرچی ئەمن بۆ خۆم پێموایە مەترەح نییە قافیە بۆ شـــێعر. وەزنم پێ مەرجە، قافیـــەم پێ مـــەرج نییە. ئەگەر ئەتۆ فۆلکلۆری کوردی چاتـــر متالەعە بفەرمووی دەزانی کە ئـــەوان قافیەیان ڕەعایەت کردووە. تیکراری قافیەیان، وەکو لە شـــێعری عەرووزی یا تەقلیدیدا کە ئێوە دەفەرموون، کردووە. ئەوەیان پێ عەیب نەبووە، بۆ دەربڕینی مەتڵەبی خۆیان، زۆر جاریان تیکراری قافیە کردووە.

ئومێدوارم ڕۆژێک (توحفەی موزەفەرییە) کە پێشـــکەش کراوە بە کەرترین شای ئێران یانی موزەفەرەدین شا (گشتیان پێ دەکەنن) و هەر بۆیەش ناوی توحفەی موزەفەرییەیە، بەدەستتان بگا و بزانن کە بەڕاستی فۆلکلۆری مە چەند دەوڵەمەندە.

ئـــەم ڕۆژانە ئەدەبدۆســـتێکی کـــورد بۆی گێڕامـــەوە گوتی: «دەگـــەڵ جەلالی ئالی ئەحمەد چووبووینە دەماوەند. من ئەو شـــێعرەی گۆرانییەم گوت: من و دەماوەند .... هاودەردین»...

* كەریم قەییوومی: ... شەرتێكمان بەست.

مامۆستا هێمن: بەڵێ، شەرتێكمان بەستەن... نا، (من و دەماوەند، شەرتێكمان كەردەن/ ئەو تەم و من غەم تا وەڕووی مردەن)

جەلالی ئالی ئەحمەد گوتی: ئەی خاك بەسەرمان، ئێمە لە داوێنی دەماوەند دەژین و وەك بەچكە كوردێك ناتوانین باسی دەماوەند بكەین.

* سەید سمایل: باسی وەزن و كێش و قافیەمان دەفۆلكلۆری كوردیدا كرد. مەسەلەیەكی‌تر كە بەنەزەرم لێرەدا ماوە، مەسەلەی هۆرەیە كە ئەوەیش هەروەكو بەیت ئەخوێندرێ (دەگوترێ). ئاهەنگێكی تایبەتی هەیە. مونتەها سەر بەئەوێستایە، بەشێك لە گاتاكانە. گاتاكانی ئەوێستا لە كۆنا بەئاهەنگی تایبەت خوێندراوە بەناوی (هۆرئامەنان)، كە دوایە تەسحیفی بەسەردا هاتووە و وشەی هۆرئامەنان بووە بەهۆرە. كەلیمەی هەورامانیش هەر لە هۆرئامەنانی ئەوێستاییەوە بووە. جا حەز دەكەین كە بیروڕای جەنابیشت سەبارەت بەهۆرە و مەنشەئی هۆرە بزانین كە ئەمڕۆش بەهەرحاڵ بەسوڕەتی ئاهەنگێكی قەدیمی هەر ماوە.

مامۆستا هێمن: من لە زمانەوانیدا شارەزاییم نییە. بەڵام لەبارەی ئەم كەلیمە تایبەتییەدا، بڕوام هەروەك بڕوای مامۆستای گەورەمان «زەبیحی»یە، كە پێموایە ڕاست دەكا كە دەڵێ هۆرە هەریەكێك بووە لە گاتاكان و زۆر بەئاشكرایی دیارە كە كەلیمەی هۆرە وەكو ئەهۆرومزا، ئەهۆرامزدا دێتە بەرچاو. پێموایە ئەو كەلیمە هەر ماوەتەوە.

* سەید سمایل: بەڵێ، ئەڵعانیش دە فارسیدا كەلیمەی «هوڕا» بۆ دەنگێكی مومتەد (كشاو) هەر بەكار ئەبرێ. ئەڵبەتە هۆرەش هەر دەنگێكی مومتەدە. ئەمن لەم باوەڕەدام كە «هۆڕای» ئێستای زمانی فارسیش هەر پاشماوەی هەمان «هۆرئامەنان» یان «هۆرا» بێ كە لە ئاوێستادا بووە.

مامۆستا هێمن: بەڵێ، خراپی بۆ نەچووی، بۆچی؟ دەكوردی خۆشماندا «هەرا» ماوە. «هەرا» یانی بانگكرن بۆ لای خوا. كەوابوو هەرچی ئەم «هێ»یانەی لە پێشەوەبێ و ئەو حەرفانەی تێدابێ، پێموایە مەڕبووتن بەگاتاكان. ئیتر ماون و تەحریف (سوان و جێگۆڕكێ) یان بەسەر داهاتووە و وایان لێهاتووە.

* سەید سمایل: مونتەها، ئەو هۆرە یان هۆرئامەنانی ئەو وەختە لە گاتاكاندا، بەعینوانی موناجات، بەعینوانی گاث و ستایش هاتووە.

مامۆستا هێمن: بەڵێ بەمانای دوعاكردن هاتووە. مومكینە هەر بەمانای دوعاكردن

بێ.

* سەید سمایل: ئەمڕۆ هۆرەش هەر ئەو حاڵەتی قەدیمییەی هەیە، یەعنی لە حاڵەتی شێوازی ئەمڕۆیدا نییە و هەر حاڵەتی کۆنی قەدیمییە.

* کەریم قەییوومی: شـێوازیَ گوتنی هۆرە و خوێندنی هۆرە بۆ خۆی موشەخەسە کە جەرەیانی ئەو چۆنە، یەک نەوع عیبادەتە، یەک نەوع لاواندنەوەیە، یەک نەوع پاڕانەوەیە، ئەسڵەن لەحنی سیستیمی گوتنەکەی موشەخەسە.

* سـەید سمایل: مامۆستا گیان! ئێسـتا ئەگەر ئیجازە بفەرمووی لە زەمینەی کاری ئەدەبی خۆتان پرسیار بکەین. ئێستا بەچییەوە مەشغوڵن، خەریکی کام کتێبن؟

مامۆسـتا هێمـن: عەرزت بکەم وەڵڵا ئەمـن ئەلعان کاری تایبەتیم نووسـینی کتێب نییە. ئەمن ئێسـتا خەریکم لە موجەلەیەکدا کاردەکەم کـە بەزمانی کوردی خەریکین لە ورمـێ بڵاوی کەینەوە. بەداخـەوە کادرمان کەمن. زۆرمان هاوار کـرد بۆ براکانی هەموو جێگایەک کە یارمەتیمان بدەن و بەڕاسـتی یارمەتیشیان داین. بەڵام بۆ خۆتان دەزانن کە وەزعێکی ناخۆش لەو وەختە ڕووی دا. بەداخەوە ئەو کەسانەی کە نامەیان بۆ ناردووین لە سەردەشتەوە، لە پیرانشارەوە، لە سەقزەوە، ئێمە کە جوابمان بۆ دەنووسینەوە، بەرگەشت دەبوونەوە. چونکە نازانین بۆ کوێ ئاوارە بوون. ئەمما ئەوەی کە ئێمە ئارەزوومانە ئەوەیە کـە موجەلەیەکی فەسـڵی لانی کەم بڵاوکەینەوە. دیارە ڕەنگـە دوایە ڕەخنەگرانی کورد ئەو مەسـئوولیەتەش باوێنە سەر ئەستۆی من. بەڵام دەمەوێ من ئەو موجەلەیە بەزمانی ئەدەبیی کوردی بڵاوکەینـەوە. ئەمما ئەوە دەلیل نییە کە ئێمە لە موجەلەدا، لەهجەکانی دیکەی کوردیمان لەبیر بچێتەوە. ئێمە تکا لە هەموو قەڵەم بەدەسـتان دەکەین کە شێعر و پەندی پێشـینیان، ئاداب و ڕسـومی کوردی بەلەهجەی خۆیانمـان بۆ بنێرن کە ئێمە لـە گۆڤارەکەماندا بڵاوی بکەینەوە. بەتایبەتی زۆرمان پێ خۆشـە کە وێنەی دیمەنەکانی کوردسـتان بڵاوکەینەوە. ڕەنگ بێ خوا یارمەتیمان بدا یەکەم موجەلە یا گۆڤاری کوردی بێ کە مسەوەر(ڕەنگی) دەبێ، جا ئێوە و هیمەتی ئێوە.

* سەید سمایل: بەڵێ، مامۆستا گیان موجەلەکە ناوێکی تایبەتی هەس؟

مامۆسـتا هێمن: نەخێـر، خەریک نین ناوێکی تایبەتی بۆ دروسـت کەین، ئەگەرچی هێندێک لە برایان ناویان بۆ دۆزیوەتەوە، بەڵام چونکە موجەلەیەکی فەسڵییە جارێ ناومان بۆ دانەناوە، ئومێدوارم بگاتە جێگایەکی گەورەتر لە ناو.

* سەید سمایل: مامۆستا گیان، مەجمەعە عیلمییەکەتان، یا ئینتشاراتی سەلاحەدینی

ئەیووبی جگە لەو مەجەلەیە کاری تری فەرهەنگی ئەکا؟

مامۆستا هێمن: بەڵێ، تا ئێستا پێنج کتێبمان ناردۆتە ژێر چاپ و ئەلعان لەژێر چاپدان، کە یەکێک لەوان دیوانی نالی ئەو شاعیرە گەورەیە بەشەرحەوە کە مامۆستا مەلا کەریمی مودەڕیس و کوڕەکانی لە سـەریان کردووە. ئەوی دیکە دیوانی وەفاییە کە شـاعیرێکی مەهابادییە. دوو کتێبی نەسـری هەن، یەکیش فارسـییە (کـرد در تاریخ بیگانگان) کە بەعەقیدەی من هەر دەبوو بەفارسـی بێ هەتا برا فارسەکانمان بزانن ئێمە چ زەجرێکمان کێشـاوە لە توولی تاریخدا. لەبەروەی ئەو کتێبەمان بەفارسییە. دەنا باقی دیکەمان ئەوی دەژێر چاپدان کوردین. پێموایە زۆر زوو دەکەونە دەستی خوێنەران ئینشاڵڵا.

* سەید سمایل: نیازتان هەیە کە ئیدامەی بدەن و کۆڕەکە هەر کاری ئەدەبی بکا؟

مامۆسـتا هێمن: عەرزم کردی، لەم ڕۆژانەدا لێیان پرسیم تۆ بۆ لە ورمێی، چدەکەی؟ گوتم ئەمن گەر کارمەندێکی ڕەسمیش بووبام ئەلعان بازنشستە بووم. بەڵام عیشق بەزمانی کوردی، عیشـق بەئاداب و ڕسومی کوردی، عیشق بەخەڵکی کورد، منی وادارکردووە بەو پیرییە و بەو نەخۆشـییەوە بچم و دەو مەجەلەیەدا کارێ بکەم، لەو کۆڕەدا کارێ بکەم. ئومێدەواریشم زۆر پتر سەرکەوتوو بین. بەڵام شتێکی کە لێرەدا دەمەویست بیڵێم ئەوەیە کە ئێمە کەشـف و کەرامەتمان نییە بزانین «ئاغای حوسێنی»یەک لە سەنەندەج هەیە و شاعیرە. دەبێ ئەو خۆی بەمە بناسێنێ جا ئێمە بزانین شاعیرە یان شاعیر نییە.

ئێمە دەفکری وەی داین کۆڕێکی زۆر گەورەتر تەشـکیل بدەین. جا لەهەر جێگایەکی بوو. دەبێ بزانین کێ دەعوەت دەکەین بۆ ئەو کۆڕەی، بزانین کێ دەبێ لەو کۆڕەدا خاوەن نەزەربێ. لەبەروەی تکا لە هەموو ئەو قەڵەم بەدەستانە دەکەم کە کوردییان خۆشدەوێ، کە ئەو میللەتە بێ بەشـەیان خۆشـدەوێ، کە ئەو میللەتە لێقەوماوەیان خۆشـدەوێ لە ناردنی ئاساری خۆیان درێغی نەکەن.

سـەید سـمایل: ئینشـاڵڵا، هیوادارین کە هەموو لایەک بێن بەدەنگتانەوە. ئەوانە کە مایەیـان هەیە و دەتوانن خزمەتێ بکەن بەکورد و فەرهەنگـی کوردی بەدەنگتانەوە بێن و یارمەتیتان بدەن. ئەگەر ئیسـە کەموکوڕییەکتان بێ، بەهەرحاڵ چون سـەرەتای کارە، هیواداریـن بەمرووری زەمان ئەم کەموکوڕییانـە لابچن و جەنابت لەو مەجمەعە عیلمییەدا هەر بمێنێ ئیشاڵڵا بۆ داهاتوو.

مامۆستا هێمن: مان و نەمانی من موهیم نییە، ئێوە بمێنن، زمانی کوردی بمێنێ، من دەبێ ڕۆژێک هەر بمرم، بەڵام نە کورد دەمرێ و نە زمانەکەی.

* سەید سمایل: مامۆستا گیان، من وەک بزانم ناڵەی جودایی کە ئاخرین دیوانی ئێوە بووە کە گەیوەتە دەســتمان، خەڵکیش حەتمــەن چاوەڕانن کە لە ئایندەدا کارێکی ترتان بڵاوبێتەوە ئیشاڵڵا، ئایا خۆشتان بەتەمای ئەوە نین کە لە ئایندەدا دیوانە شێعرێکی ترتان بڵاوبێتەوە؟

مامۆستا هێمن: (بەپێکەنینەوە) وەڵڵاهی ئێمە تا ئێستا هەر قسەی جیدیمان کردووە، بەڵام با شــۆخییەکیش بکەین. مریشــک ئەگەر پیر بوو لە هێلکــە دەچێتەوە، پێم وایە شــاعیریش ئەگەر پیر بوو لە هێلکە دەچێتەوە. پێم وانییە دیوانە شــێعرێکی تری منتان بەدەست بگا، بەڵام هەتا دەمرم دەنووسم، نەسر دەنووسم.

* سەید سمایل: مامۆستا، ئەو شێعرانەی کە بە بەهانە داتان ناوە بۆ بۆمبارانی بانە، بۆ بۆمبارانی پیرانشار، هەر ئەوانە بەشێوەی کتێبێک بڵاوبێتەوە باشتر نییە؟

مامۆســتا هێمــن: زۆرم کتێبی بچووک خۆش ناوێ، ون دەبــێ لەنێو قامکاندا. ڕەنگە شتێکی وەک تاریک و ڕوونیشم تازە بۆ دروست نەبێتەوە.

سەید سمایل: مامۆستا شێعری فارسیت هەیە یان نا؟

مامۆستا هێمن: نەخێر.

سەید سمایل: تا ئێستا شێعری فارسیت نەبووە؟

مامۆســتا هێمن: بەمنداڵی شــێعری فارســیم دەگوت، زۆر خراپیشم دەگوت، چونکە بەعەقیدەی خۆم تەســەلوتم بەســەر زمانی فارســیدا نەبووە. بڕواشم وایە قسەی حاجی قــادری کۆیی زۆر بەجێیە، لەبارەی ئەو شــاعیرانەی کە بەزمانێکی تر شــێعر دەڵێن کە دەفەرموێ:

وەک مــریشــکێ کە عــەقڵــی نــەهێنــێ
بێـــت و جــوجکــەی مــراوی هــەڵێنـــێ
ناگا کە هاتــوو گــەیشــتە جــۆگــەلــەیەک
ناچێتــە شــوێنــی کە بمرێ جــوجــەڵــەیەک
جێــی ئەوی ئیشـــکە، جێــی ئــەویــش ئــاوە
تێــدەگا هــەر قـــون دڕانــی ژێ مـــاوە

* کەریمــی قەییوومی: ببووره مامۆســتا، زۆر بەجێیە کە ئاغای «حوســێنی»یش شێعرێکمان لە شێعرەکانی خۆی بۆ بخوێنێتەوە.

* سەید سمایل: شێعرەکانی من ئەڵبەتە بۆ ئەوە ناشێن کە لە خزمەت مامۆستا هێمن و جەنابتانا بخوێندرێنەوە، بەڵام بەســەرچاو منیش لە شــێعرەکانی خۆم قەتعەیەکتان بۆ دەخوێنمەوە، بەڵام ئیجازە بدەن ســوئالێکی تر لە مامۆستا بکەم تا ئەندازەیەکیش خاریج لە بەحسەکەمان نییە.

مامۆستا هێمن: فەرموون.

* ســەید سمایل: بەڵێ، مامۆستا هەژارت لە نەســرا پێ بەقەوەت ترە یان لە شێعرا یان لە هەردووکیانا؟

مامۆســتا هێمن: بەعەقیدەی من ســوئالێکی برێک گرانە. هەژار لە نەزم و نەسردا، لە هەردووکیاندا زۆر قەوییە. بەڵام ئەوەی ئەمن پێی دەڵێم شێعر زۆر کەم لە شێعری هەژاردا هەیە، ئیلا لە (بەرەو موکریان)یدا نەبێ کە ســۆزی ئاشــقانە و شــاعیرانەی تدایە و تێیدا دەبینی.

* ســەید ســمایل: عیدەیەک لایان وایە کە مامۆستا هەژار لە نەسرا باشترە لە شێعر. لە نەسرا بەقەوەتترە. لەبەر ئەمە بوو ئەم سوئالەم عەرز کردن.

مامۆســتا هێمن: بێگومان، عەرزت دەکەم کە هیچکەســمان نییە لە مامۆســتا هەژار کوردیزانتر بێ، قەڵەمێکی زۆر جوانی هەیە، هەم لە نەســردا و هەم لە نەزمدا، بەتایبەتی دە تەرجەمەدا. یانی من تەرجەمەی خەییامی مامۆســتا هەژارم پێ لە ئەســڵەکەی کەمتر نییە. جا ئەگەر حەملی نەکەن بەسەر تەعەسسوبەوە، پێموایە لە ئەسڵەکەی خراپتر نییە، چونکە هەم مەفهوومی شــێعرەکانی خەیامی هێناوەتەوە و هەم خزمەتی بەزمانی کوردی کردووە کەوابوو دوو خزمەتی کردووە ئەو لەوێدا.

* سەید ســمایل: خەڵکیش تا ئەندازەیەک لەو باوەڕەدان کە خوێندنەوەی هینەکانی هەژاریان لا خۆشترە لە فارسییەکە. باوەکو عەلاقەشیان پێیەوە هەیە، بەڵام لەبەر پاراوی شێعرەکانی مامۆستا هەژار، حەز ئەکەن ئەو بخوێننەوە.

جا ئەگەر ئیجازە بفەرموون لە شــێعرەکانی خۆشــم هەرچەند قابیلی نییە، قەتعەیەک ئەخوێنمەوە:

کــوڵــی گریــان و ئــەســرینم وەکــو چــۆم دایــە نــاق ئیمشــەو

لە خەڵوەتخانەیی غەمدا من و چاوێکی زاق ئیمشەو
لە کونجی نائومێدیدا لە پێمە کۆت و بەندی غەم
چلۆن ڕێگەی ئومێد ببڕم کە ماوم پێ لە فاق ئیمشەو
کە ڕۆیی، دین و دڵمی برد بەجارێ ئەو بەبێ ڕەحمی
لە دڵدا لێ ئەدا تاسەی دیار و ئیشتیاق ئیمشەو
لە مەیدانی ژیانمدا بەرەو ئاوات و ئامانجم
چییە ئەسپی مرادی من کەوا نادا وزاق ئیمشەو
لە هیجری ئەو مەلەک شێوە بەشم هەر دەرد و ناڵینە
خودا کەی بێ، نەجاتم بێ لەدەس دەرد و فەراق ئیمشەو
غەریب و مەنزڵی هیوام نشێو و پڕ لە هەورازە
چلۆن ئەم ڕێگەیە ببڕم، بەبێ تۆشە و تفاق ئیمشەو

مامۆستا هێمن: پێموایە ئاغای حوسێنی تەوازوعەکەت بێ جێ بوو، ئەو شێعرە لە ڕیزی غەزەلە هەرە جوانەکانی کوردی حیساب دەکرێ.

* سەید سمایل: تا ئێستا شێعرم قوربان بۆ کەس نەخوێندۆتەوە، یانی لای هیچ کەس نەم وتووە کە شێعرم هەیە. مەنزوریش لە خوێندنەوەی ئەوە، ئەمە بوو کە جەنابتان ئیزهاری نەزەر بکەن کە پەسەندی جەنابتان بێ.

مامۆستا هێمن: بەڕاستی جوان بوو کاکە.

* سەید سمایل: ئەگەر ئیجازە بفەرموون، ئەمجار نۆرەی جەنابتانە کە بەدەنگی خۆشی خۆتان شێعرێکمان بۆ بخوێنیەوە.

مامۆستا هێمن: شێعرێک کە بۆ خۆم خۆشمدەوێ، شێعرێکە بەنێوی (ئێوارەی پاین). هەرچەند بەداخەوە لەگەڵ ئەم فەسڵە یەک ناگرێتەوە، دەبێ ببوورن لێم کە شێعری ئێوارەی پایز لە بەیانی بەهاردا دەخوێنمەوە، بەڵام خۆم پێم خۆشە:

لە ئاسۆیەکی دوورە دەست
ئاوابوو زەردی پایزی

دەتگــوت بــووکێکی بێ نازە
پــەردە جــێ دێڵــێ بــەزیزی
پــەڵــە هــەورێکــی چڵکنە
گرتــی ســووچێکی ئاســمان
گــەڵای زەردی دارێک وەری
زریــان بــردی بــەرەو نەمــان

(هتد)

سەید سمایل: خۆش بی مامۆستا گیان، بەڕاستی فرە بەتین و تەئسیر بوو، هیوادارین سەرکەوتووبی. مامۆستا هەروەک خۆت ئەزانی بۆ ڕێزلێنان بەبۆنەی حەفتەی موعەلیمەوە، بەشداریتان کردبوو لە ئاهەنگی شەوی شێعرێکا کە لە هونەرستانی سەنعەتیا ڕێک خرابوو، حەز ئەکەین بفەرموون نەزەرتان لەو بارەوە چ بووە؟ ئەو شـــەوە شـــێعرتان بەدڵ بوو یان نا؟

مامۆســتا هێمن: بەڵێ بەڕاســتی زۆرم بــەدڵ بوو. بۆ هەمووما‌ن خــۆش بوو، ئەوە پێشرەفتێکی زۆر گەورەیە، ئێمە دەبێ قەدری بزانین.

بەڵام لەبارەی شــێعری شاعیرەکاندا، بەڕاستی شێعری وایان هەبوو لە ئەوجی شێعریدا بوو. هەروا شــاعیری چاکیشــیان دی کە شــێعری خۆیان لەوێدا نەخوێنــدەوە، بۆمەیان خوێندەوە کە بەڕاستی شێعری زۆر چاکیان هەبوو.

بەڵام هەر ئەو شــەوە، کە دەو بەرنامەیەدا دوو شــێعری زۆر درێژی من خوێندرانەوە، وەســیەتێک دەکەم بۆ شاعیرە لاوەکان، تا پێیان دەکرێ شێعری کورت بڵێن با خوێنەر و گوێگر ماندوو نەکەن. چونکە ئەو برا کاشــانییەی کە شێعری هەوەڵێی بەڕاستی سەرنجی منی ڕاکێشا، کە داوای شێعری دیکەیان لێکرد ئیدی ئەو تام و خوێیەی نەما...

هەر ئەوە بەسە بۆ ئەوەی ئێمە عادەت بکەین شێعری کورت بڵێین. چ لەوەی چاکترە کە گوێ نەدەینە قەواعیدی عەرووزی و نازانم قەواعیدی شــێعر و لەهەر جێگایەکی ئیحساسی خۆمان براوە، قەڵەمەکە دانێین و چیدیکە نەڵێین.

دیســان نالی نەمر موبتەکیری ئەو شــتەیە کە غەزەلە جوانەکانی ئەغڵەبیان چوار یا

پێنج شـــێعرن. ئەوە وەسیەتێکمە بۆ شاعیرە لاوەکان کە حەشو دەشێعریاندا نەبێ، دیارە شێعر بەپیاوی نییە، ئیحساس بەشاعیر نییە، وا دەبێ نابڕێتەوە و درێژ دەبێ. ئەمما ئەگەر ژێیان کرا کورتی بکەنەوە.

ئەوە وەسیەتی منە بۆ شاعیرە لاوەکان.

* ســـەید ســـمایل: زۆر تەشـــەکور دەکەین لە ڕاهنوماییتان هەروا لە وتووێژەکەتان مامۆستا گیان.

تێبینی:

١ ـ لەکاتی ئەو وتووێژەدا، هێشتا گۆڤاری «سروە» ناوی لێ نەندرابوو.

٢ ـ کەریمـــی قەییوومی کـــە لەم وتووێژەدا ناوی هاتووە. نووســـەرێکی کارامەی خەڵکی مەهابادە و ماوەیەکی زۆر پیاوانە شان بەشانی مامۆستا هێمن بەنانەزگی سروەی هەڵسووڕاند. کاتێ مامۆستا هێمن کۆچی دوایی کرد، تەلەفۆنم لە کەریم کرد و پرسیم سروە چی لێ دێ؟ گوتی خوا یاریکار بێ هەتا چەند ڕۆژی دیکە وتارەکانی ژمارە ٥ی ئامادە دەکەم و دەیانهێنمە کرماشان و نیشانی مامۆستا سەید تاهیر و مەلا محەمەد و تۆیان دەدەم، ئەرخەیان بن ناهێڵم نەمانی هێمن ببێتە هۆی نەمانی ســـروە. لە زەمانی مامۆستا هێمندا، گۆڤاری «سروە» چوار ژمارەی لێ بڵاوکرایەوە.

٣ ـ سەید سمایلی حوسێنی، شاعیر و نووسەری مەریوانییە و ئێستا لە سنە دەژی.

لە گۆڤاری «گزینگ»ی ژمارە ٢٣ بەهاری ١٩٩٩ بڵاوکراوەتەوە.

لە بەهاری شیلاناوێوە تا پایزی ورمێ

هاوینی ١٩٨٥، دوای نزیکەی دە ساڵ دوورکەتنەوە، بۆ یەکەم جار گەڕامەوە بۆ کوردستان. لە ورمێ چوومە ئینتشاراتی سەلاحەددینی ئەییوبی و گۆڤاری سروە، کە ئەو دەم تازە دامەزرابوون، بۆ سەردانی مامۆستا هێمن، کە دە ساڵی ڕێک بوو چاوم پێی نەکەوتبوو. دواجار کە یەکمان بینیبوو هاوینی ١٩٧٥ بوو. ئەوەش چیرۆکێکی خۆشی هەیە، هیوادارم لە دەرفەتی دیکەدا بتوانم باسی بکەم.

ئێوارەی ڕۆژی ١٩٨٥/٧/٢٥ لەگەڵ دۆستێکدا میوانی ماڵی مام هێمن بووین. ئەو شەوە تا درەنگێ دانیشتین و قسە و باسێکی یەکجار خۆشمان کرد. ئەم گفتوگۆیەشمان هەر لەو دانیشتنەدا ئامادەکرد. ڕۆژی دواتر ٧/٢٦، ماڵاواییم لە مام هێمن کرد و چووم بۆ سابڵاغ. مامۆستا زۆری تکا کرد کە لە گەڕانەوەدا دوو سێ شەوی دیکە لەلایان بمێنمەوە، بەڵام بەداخەوە هەرگیز ڕێک نەکەوت و ئیدی چاوم پێی نەکەوتەوە. لەم ژمارەیەدا بەشی یەکەمی گفتوگۆیەکە بڵاودەکەینەوە. بەو هیوایەی پاشماوەکەی لە یەک یا دوو بەشی دیکەدا، لە ژمارەکانی داهاتوودا، بکەوێتە بەرچاوی خوێنەران.

فەرهاد شاکەلی[1]

---

١ - ئەم پێشەکییە هی ئەو کاتەیە کە کاک فەرهاد شاکەلی سەرنووسەری گۆڤاری هێژای «مامۆستای کورد» بۆ یەکەم جار وت و وێژەکەی بڵاوکردۆتەوە.

● لای میللەتانی دیکە، دەزانی شتێک هەیە پێی دەڵێن فەرهەنگی ناوداران.

- بەڵێ...

● ئەگەر لە فەرهەنگی ناودارانی کوردا ناوی هێمن بنووسرێ. دەتەوێ چی لەسەر بنووسرێ، چۆن بنووسرێ؟!

- بڕوا بکە، بنووسن شاعیرێکی لادێیی کورد بووە کە فەرهەنگی میللەتەکەی خۆی لە چوارچێوەی شێعردا بەخەڵک نیشان داوە. من بۆ خۆم پێم وایە هونەرێکی دیکەم نییە (جگە لەوەی) کە ژیانی میللەتەکەی خۆم نیشان دەدەم، ئەوەندەی توانیبم، ئەوەندەی شێعر ئیجازەی دابم، ئەوەندەی دەتوانای شاعیریمدا بێ...

● یانی لە ڕیزی شاعیراندا باس بکرێی...

- ئەگەر کورد نەبام، بەعەقیدەی من دەبوو لە ڕیزی نووسەراندا باس بکەن. بەڵام چونکە کورد هەلی وای بۆ هەڵنەکەوتووە کتێبی گەورە بنووسێ، یا ڕۆمان بنووسێ، یا داستان بنووسێ، حەتتا مەقالەی سیاسی بنووسێ... دەنا من بۆ خۆم پێم وابوو ئەگەر لە وڵاتێکی پێشکەوتوودا بام نووسەر دەبووم، لەپێش وەیدا شاعیریم.

● ئێستا بەهەر حاڵ تۆ شاعیری.

- بەڵێ ئەلئان شاعیرم.

● باشە بەلای تۆوە شێعر چییە؟!

- بەلای منەوە، شێعر کوڵ و کۆ و هەستی دەروونی ئینسانێکە. لەهەریەک لە حیسسەکانی ئینسانییەوە، یانی چ لە حاڵی شادیدا، دەربڕینی ئەم هەستە دەبێتە شێعر، چ لە حاڵی ناخۆشیدا، کە بەداخەوە، من بەشاعیری غەم مەشهوورم، چونکە ژیانیشم هەر سەرتاسەر پڕ بووە لە غەم و داخ و ئەویش هەر ئیلهامم لە نەتەوەکەم وەرگرتووە، چ بکەم؟! وەختێکی من شاعیری نەتەوەیەکی بووم کە هەمووی بۆ خۆی غەم و داخە، منیش هەر غەم و داخم دیوە. لەبەر وەی شێعرەکانم هەمووی بۆنی غەمی لێ دێ. زۆر کەمە، هەر نییە، لە تەواوی شێعرەکانی مندا خەڵک وەپێکەنین بخەن. هەر وە گریانیان دەخەن.

● تۆ باسی ئیلهاماتت کرد. بەلای تۆوە ئیلهام، بەو مەعنا کۆنەی کە دەگوترا، بەڕاستی هەیە؟!

- نازانم، ئەو ئیلهامەی کە پێت وابێ فریشتەیەک، یا پەرییەک، باوجوودێکی من ئەوەم گوتووە، یا شەیتانێک دێتە بن هەنگڵی پیاوی، وە شێعری پێ دەڵێ، من بڕوام بەوان نییە. بەڵام پێم وایە، دیتنی دیمەنێک یا بیستنی داستانێک، شتێک لە دڵی یا لە

خهیاڵی ـ شـاعیردا بهدی دێنێ، که ئهوه تهعبیری ئیلهام، لهبارهی ویدا دروسته و من بۆ خۆم، ههر ئهوهبووه، وهختێکی، مهسهلهن بۆ نموونه دهیگێڕمهوه، من بهشارێکی گهورهی وهک سـولهیمانیدا، ئێوارێکی پایز ڕۆشتم، چۆڵ چۆڵم دیوه. ئا ئهمه منی هان دا شێعری (ئێوارهی پاین) بڵێم. وه خۆت دهزانی نه باسـی سولهیمانی تێدایه و نه باسی کوردیشی تێدایه. بهڵام ئێوارهیێکی پایز بوو که من دیتم شاری سولهیمانی چۆل بوو. ههر ئهمه بوو بهباعیسـی ئیلهامی وهی ئهو شـێعره بڵێم. بهڵێ من ئهوه بهئیلهام دهبینم. له ڕاستیدا، دهناسم...

* تۆ لێرهدا بۆ تاکه تێکستێ، با بڵێین بۆ تاکه شێعرێ باس دهکهی. بهڵام بۆ دهست پێکردن، بهشێعر نووسین، ههر کابراکه دهبێته شاعیر، ئهوهیان چۆن تهفسیر دهکهی؟!

ـ بهعهقیدهی من، شـاعیری واقعیی ههر ئهو کهسـهیه که وهکو وێنه ههڵگرێک وێنه لـه شـت ههڵگرێ، بیخاته ناو خهیاڵی خـۆی و بهخهیاڵی خـۆی بیڕازێنێتهوه. بهبڕوای من شـاعیری واقعیی کهسـێکه که له ژیان ئیلهام وهرگرێ له ژیانی ئینسـانی، له ژیانی دهورووبهری خۆی. یهکێک له نهزهرییهکانی من لهبارهی شێعرهوه گوتوومه و هێندێ کهس تهئییدی دهکا و هێندێ کهس تهئییدی ناکا، من پێم وایه شـاعیر ناتوانێ له چوارچێوهی دهورووبهری خۆی بچێته دهرێ. یانی ئهڵێن من شـێعرێک لهسهر سوێدێکی، که نهمدیوه، بیڵێم، پێم وایه شێعر نییه، خهیاڵێکه بۆ خۆم کردوومه... شتێکی بێتامی لێ دهردهچێ، بهڵام وهختێکی من له وڵاتێکی دهرهوهی کوردسـتان دهمهوێ شێعر بڵێم، تهماشا دهکهم کوردستانم دێتهوه یاد. ههر وهکو لهبیرمه، له جێگایهکی شاخاوی و بهردهڵان و جهنگهڵدا، شـهوێکی نیوهشـهو، من گوێم له دهنگی بولبولان دهبوو، لای بهیان، کوردستانم هاتهوه بیری، وڵاتێکی دووریش بوو له کوردستان، ئهو شێعرهم گوت:

بهیـان ئـهنگـووت و شـهو ڕابـرد و مـن هێشـتا خـهوم نایـه
دهخوێنن بـولبـولـ و قـومـری، بـهڵام قاسـپهی کـهوم نایـه
خـهیـاڵ دهمباتـه جێـژوانـی شـهوانێ لاوهتـی ئـهمما
خـرینگـهی بازنـه و خـرخـاڵ و بـهرمـووری ئـهوم نایـه

ههرچی کـردم، نهمتوانی لهو موحیته، لهو دهورووبهرهی خـۆم ئیلهام وهرگرم بۆ ئهو شێعرهی گوتوومه، ههر خهیاڵ بردمیهوه کوردستان و بازنه و خرخاڵی کچه کوردێک.

● تۆ پێت وایە بۆچی بووی بەشاعیر. بۆ نەبووی بەشتێکی تر؟

- بەڵێ... ڕەنگبێ ئەگەر پێشـــەکی تاریک و ڕوون بخوێنیتەوە، لەوێدا نووسیومە، من تا لە مەدرەســـەی ســـەرەتاییدا دەمخوێند، هیچ پێم وانەبـــوو ئەدەبیات چییە. لە هەموو دەرسەکانیشـــمدا هەر وەک یەک بَووم، یانی دەرســـی ڕیازیش و ئەدەبیشم هەر وەک یەک بوو. بەڵام وەختێکی چوومە حوجرەی فەقێیان بۆ دەرس خوێندنێ، لەوێ زۆر باسی شێعر و ئەدەب دەکرا و من لە پێشدا ئەوە شیفتەی کردم بۆ لای شێعر و ئەدەب. لە پێشدا پێم وانەبوو شێعر چییە؟!

پێم وابوو وەزنە و قافیەیە و هەرچی وەزنەکەی لەبارتر و قافیەکەی گرانتر بێ، شێعری چاتر ئەوەیە. بەڵام زۆری پێ چوو تا تێگەیشـــتم، شـــێعر بەیانی ئیحساسی شاعیرە. وە بەختەوەرم کە ئەغڵەب لەو یانی ســـەدی نەوەد و پێنج لەو شـــێعرانەی کە لەو وەختیدا، پێش وەی بزانم شاعیری چییە (نووسیومن) بەتاڵون، وە شکور نەبوونە بەڵا بەسەرمەوە، ئەڵعانەکانێ، حاشایان لێ بکەم!

● ئەوانەی کە باوکت سووتاندنی...

ئەوانە کە باوکم سووتاندنی... دەستی خۆش بێ...

● ئێســـتا، بەهەرحاڵ، ئەگەر خۆت ویســـتبێت یا نا، یەکێکی لە شـــاعیرە گەورەکانی کورد. بەڵام کە ئێســـتە ئاوڕ بۆ دواوە ئەدەیتەوە سەیری شێعری خۆت ئەکەی، پێت وایە چیت خستۆتە سەر شێعر، چیی تازەت هێناوە؟!

- لەبارەی قالبی شێعرەوە پێم وا نییە شتێکی تازەم هێنابێتە گۆڕێ... وەکو بۆ خۆم لە جێگایەکی دیکەشـــم گوتـــووە و ئەلعانیش تیکراری دەکەمـــەوە، وەختێکی خەیاڵێکی شـــاعیرانە بەربینگم پێ دەگرێ شێعر ئازاد دەکەم بۆ خۆی قالب بۆ خۆی بدۆزێتەوە. من قەت دەپێشدا قالبم بۆ شێعر نەدۆزیوەتەوە تا شێعر لەو قالبەدا بڵێم... لەبەر وەی لەباری قالبدا تەنیا شـــێعرێکی، پارچە شـــێعرێکی کە من پێم وایە پێش من هیچ شاعیرێکی کورد دەو قالبەدا شـــێعری نەگوتووە (شـــەنگەبێری) یەکەمە، پێم وایە لەپێش مندا هیچ کەس دەو قالبەدا شـــێعری نەگوتووە... با ئەوەشـــت لەپێشدا بۆ تەشریح کەم، کە هیچ یەک لە شـــاعیرەکانی مە، قالبێکی نوێیان نەهێناوەتە گۆڕێ، من دەتوانم بەدرێژی بۆت ســـابیت بکەم، کە مامۆســـتا گۆران، کە ئێمە بەشـــاعیرێکی نوێی دەزانیـــن، هونەرەکەی ئەوەبوو گەڕاوەتەوە بۆ وەزنی هیجایی، کە وەزنی هیجایی وەزنێکی فۆلکلۆریکی زۆر کۆنی کوردە، یانی گەڕاوەتەوە بۆو وەزنەی.

• هەموو وەزنەکانی گۆران...؟!

- تەقریبـــەن، هیچی نییە لە فۆلکلۆردا نەبـــێ... یانی نەهەموو وەزنەکانی دیوانەکەی، ئەوەی پێی دەڵێن نوێیەکەی. ئەوی شێعری نوێیەکەی، ئەتۆ توحفەی موزەفەرییەی چاک بڕوانـــە، هەمـــوو وەزنەکانی تێدایە. بەڵام ئەو بڕێکی کورت و درێژ کردوونەوە. مامۆســـتا گۆران دەڵێ:

کوردستان گەڕام
دۆلا و دۆڵ پێوام
نە لە شار و نە لە دێ
نەمدی کەس
جوان بێ وەک تۆ
تویت و بەس
کچە کوردێ وەک گوڵ وابێ،
کوردستانێ پێ ئاوابێ...
بڕۆ تەماشای توحفەی موزەفەرییە بکە، دەڵێ:
سەد وەستام بۆ بێ
لە لای شیرازێ
دوو سەد شاگرد بێ لای دریازێ
کراسێ بدروون بۆ بووکە نازێ
دەبلا تەنک بێ، دەبلا شلک بێ
بۆ بووکە نازێ.

هەر ئەو وەزنە نییە؟! مولاحەزە بفەرموو هەر ئەو وەزنەیە. مامۆستا گۆران هونەرێکی کـــردووە، گەڕاوەتەوە بۆ وەزنـــی هیجایی. ئەمن تەئیدی دەکەم کە دەفەرمووێ ئەم وەزنە لەگەڵ تەبیعەتی زمانی کوردی پتر ڕێک دەکەوێ. وە بەعەقیدەی من پتریش ڕێک دەکەوێ. ئەمنیـــش عەقیدەم هەروەک وی وایە لێرەدا. ئەمما من پێم وایە مامۆســـتا گۆرانیش، ئەو کەســـەی کە پێم وایە قەڕنی بیستەم شـــاعیری لەوی چاتری تێدا نەبووە لە بیرت نەچێ،

ئەوە دەلیل نییە کە من نەقد دەگرم یان باس دەکەم، لە ئیرادەتی من نیسبەت بەمامۆستا گۆران کەم ناکاتەوە مامۆســـتا گۆران، بەعەقیدەی من، بڕیاری خراپی دا لە ژیانی خۆیدا، کە دەفەرموێ ئیدی تازە من ناچمە ســـەر قالبی کۆن، پێم وابوو دەیتوانی شێعری دیکەی وەک دەروێش عەبدوڵڵاش هەر لە قالبی کۆندا بڵێ و میللەتەکەی ئەلعان ئیســـتفادەی لێ بکا. خۆ مەحدوود کردنی شـــاعیر دەقالبێکدا، یا دە چەن قالبدا، پێم وایە کارێکی ئاقڵانە نییە، بەڵێ...

● من پرسیارەکەم ئەوەبوو کە چت هێناوەتە شێعری کوردییەوە، چیی تازەت هێناوە، تۆ باسی شەکڵت کرد، بەڵام ئەی شتی تر؟!

- چـــی تازەم هێناوە؟! وەڵڵاهـــی... ئاخر من بۆ خۆم بڵێم چی تازەم هێناوە... بەڵێ شـــتی تازەم هێناوە ڕەنگبێ لەپێش مندا هەبوون، شـــاعیرە غەریبەکانی کوردستان، کە بەداخـــەوە هەریەکـــەی کەس نازانێ لە کـــوێ مردوون، وەک حاجی قـــادر یا وەک نالی، کـــە باســـی دەردی غوربەتیان کردووە، بەڵام من پێم وایـــە زۆر نوێترم لەوانە لە (ناڵەی جودایی)دا باســـم کردووە... ڕەنگبێ، بێ تەئسیر نەبووبێ شێعری بەهارەکەی حاجی قادر یا شـــێعرەکەی نالی بۆ ســـولەیمانی ناردۆتەوە، ڕەنگە ئەوانە هیچیان بێ تەئسیر نەبووبن دەمێشکمدا جووڵەیان کردبێ، بەڵام منیش دەردی غوربەتی خۆمم لە ناڵەی جوداییدا پێم وایە زۆر چاک تەشریح کردووە. ئەوە شتە نوێیەکە کە من هێناومە. زۆر شتی نوێی دیکەشم هەیە کە نازانم، ئەلعان لەو وەختەیدا، نە کتێبم لەپێشە و نە چی... بۆ خۆم ئەلعانەکانێ، بیر دەکەمەوە و هیچ ناتوانم شێعر بڵێم، چونکە هەرچی دەبوو بیڵێم گوتوومە، وەختێکی من گەرمەشین دەڵێم بۆ شەهیدێکی کورد، ئیدی تازە هەرچەند دەکەم لەوەی چاتر ناتوانم، پێم وایە، بڵێم.

● لەوە گەرمتر...

- لەوە گەرمتر ناتوانم شـــین بگێڕم... وەختێکی من باسی بەهاری کوردستانم کردووە، پێم وایە ئیدی نەققاشـــییەکم کردووە لە بەهاری کوردســـتان، لـــەوەی چاتر ناتوانم تازە نەققاشـــی بکەمەوە. وەختێکی باســـی تەبیعەتی کوردستان دەکەم... هەموو... ئیدی لێم بڕاوە، وشـــەم لێ بڕاوە. تازە چـــی دیکە بڵێم؟! هەرچی بیڵێم تیکـــراری موکەڕەرە. وە لەوانەدا بەعەقیدەی من، نوێ... شتی زۆر نوێم هێناوە... نوێیان تێدا هەیە.

● باش بوو باســـی زمانـــت کرد، کە دەبوو زووتر بتگوتایە، بەڵام وا درەنگتر باســـت کرد. ئێســـتە زۆر کەس پێی وایە تۆ لە زماندا زۆر شـــتت تازە کردۆتەوە، یانی ئەو زمانە

شـــێعرییەی کە تۆ بەکاری دەهێنی، چ وەکو وشە، وشەی تەنهای سەربەخۆ وەری بگری، چ وەک دەربڕین. هەندێ دەربڕین هەیە، ڕاســـتە، کۆمەڵێ وشەی ئاساییە و لەناو خەڵکا هەیە، بەڵام کە بەشـــێوەیەکی تازە پێکەوەت نا، دەربڕینێکی تازەش دروســـت دەکا. تۆ ئەوەت زۆر وەستایانە کردووە. بەڵام ئەمەت چۆن کردووە؟ ئەمەت چۆن بۆ دێ؟!

- ئـــەوە هـــۆی ئەوە بوو کە من بێچووە لادێیی بووم، وە زانیومە ئەو وشـــەیە خەڵکی نەخوێندەوار لە لادێدا چۆنی بەکاردێنن. وەختێکی من لە لادێدا دەژیام زیاتر شـــێعرەکانی خۆم لە پێشـــدا بۆ پیرێژنێک دەخوێندەوە تا بۆ ڕۆشنبیرێکی بخوێنمەوە، بزانم زمانەکەم چـــاک پێکـــەوە هاتووە، یان نە. و من لێرەدا مەمنوونی دێنشـــینی خۆم بووم. یەکێک لە شێعرناســـەکانی مەهاباد لەبارەی مندا دەڵێ: هێمن شـــاعیر نییە، شـــیلاناوێ کردوویەتە شـــاعیر. بەڵێ من لە شـــیلاناوێیەکدا دەژیام کە هەر چی لە شێعرەکانمدا هەیە، لەوێشدا هەیـــە. ئاو هەڵدێـــر دەڵێم، نازانم چ دەڵێم، ئەوانە هەموو لـــە دێیەکدا هەن، دیومن. ئەو گوڵانـــەی کە باســـیان دەکەم لەنێو شـــێعرەکانی خۆمدا، هەموو لە دێیـــەکان هەن و من عەقیدەم وایە ئەگەر برایەکی زەوقی شـــاعیری هەبێ، بەقەد من گەڕیدە با، کوردســـتانی گەڕابا، ئەویش دەیتوانی وشـــەکان وا جێبەجێ بکات. ئەلعان من، نووسەرێک کە ڕەنگبێ تۆش بیناسی و هەر لەو وڵاتەش بێ کە تۆ لێی، دیم، نووسینێکم دیوە، ئەو وشانەی کە من لە شـــێعری خۆمدا بەکارم هێناوە، ئەویش بەکاری هێناوە. ئەو بەکارهێنانەش هەر ئەوەیە عەرزم کردی، دێهاتی بەکاری دێنێ. مامۆستای من دێهاتی بووە.

● لە پرســـیارێکی پێشتردا باســـی نالەی جوداییت کرد. هەڵبەت بەلای منەوە، ڕەنگە بەلای زۆر خەڵکی دیکەشـــەوە، وەک ئەو ڕۆژەش بۆم باس کردیت، تۆ ئەگەر تەنیا نالەی جوداییشـــت هەبێ، بەســـتە. بەڵام نالەی جودایی چۆن دروست بوو، یانی بڵێین بەرهەمی ساتێکی عاتیفی بوو، بەکورتی چیرۆکی ئەو شێعرە خۆی چییە؟

- ڕەنگبێ برێک گران بێ بەڵام باوەڕم پێ بکە ئەم شێعرە وەک برووسکێک بەمێشکمدا هاتووە و لە ئانێکیشدا کە من هاوارێک بۆ غەریبی خۆم بکەم. ئەویش، بەڵێ، عیللەتێکی هەبـــوو. من لە بەغدایەکـــی گەرمی هاویندا، بەتاقی تەنێ، لەگـــەڵ یەک دوو ڕەفیقی زۆر فەقیـــر بەجێ مابووم و ڕەفێقەکانـــی دیکەم، کە ئەو دەمی لە بەغـــدا دەبوون، هەمووی چووبوونـــە ئەورووپـــا بۆ گەڕان، منیان لـــە بەغدایە بەجێ هێشـــتبوو. وە ڕەفێقەکانی لە بەغدایەشـــم پەیداکردبـــوون، کوردەکانی عێراقی، ئەویش هەموو وە شـــاخ کەوتبوون. من بەتەنێ مابوومەوە. ئەو غەم و داخ و دەردە وەک برووســـکێک دە یەک ڕۆژدا بەمێشـــکمدا هات، بەڵام بۆ ساز و پەرداخ کردنەکەی شێعرەکە ماوەیەکی زۆری تووڵ کێشا.

• یەکەم جار کە نووسیت، هەموویت نووسی؟!

- نا هەمووم نەنووسیبوو، بەڵام تەقریبەن، دەتوانم بڵێم ئیسکلێتەکەم داڕشتبوو، بەڵام دوایە زۆری پێدا هاتم و چووم و، ئێستاش بڕواناکەم کە هەمووی بەدەستی خەڵک گەییبێ. بـا ئەو حەقیقەتە بڵێم، ئەگەر من لەو وەختەیەدا کە خەیاڵی ئەم شـێعرە لە مێشـکمدا هەبوو، ئەگەر من مەسـنەوی مەولەویم لە ئیختیاردا با، ڕەنگ بوو ئەو شـێعرە بەوجوود نەیە، ئەگەر مەسنەویم خوێندباوە...

• ئەو کەف و کوڵە.

- ئـەو کەف و کوڵەم دەنیشـتەوە. هەر ئەوەندە شـێعرەم لەبەر مابـوون کە لەوێ ئیستینادم پێ کردوون...

• بەکارت هێناوە...

- بەکارم هێناون... دەنا مەسـنەویم دە ئیختیار دابا ئیدی کەف و کوڵەکەم دەڕۆیی. ئەوەم بیستووە کە دەڵێن بەمامۆستا گۆرانیان گوت، گوتیان: بۆ شینت بۆ ڕەفیق حیلمی نەکـردووە، بۆ ئـەو پیاوە گەورە؟ گوتـی: وەڵڵا گریام. لەبەرئەوەی هەسـت و کەف و کوڵەکەم بوو بەفرمێسک، نەبوو بەشێعر. من بڕوام بەو حەقیقەتە هەیە کە ئەگەر پیاو بۆ شتێک گریا، ئیدی شێعری بۆ ناگوترێ.

• ئەم باسەی کە دەیکەی زیاتر پیاو بۆ ئەوە ڕائەکێشێ کە بیر لە تەکنیکی شێعر نووسین بکاتەوە، چۆنی دەنووسـی... یانی کەف و کوڵێک دێت، جـاری وا هەیە بەخوێندنەوەی مەولانایەک دەڕوا هیچی لێ نامێنێتەوە، جاری واش هەیە بەگریانێ قەرەبووی دەکەی...

- بەڵێ...

• بەڵام جاری وا هەیە ئەوانە هیچیان دادت نادەن، دەبێ بینووسی...

- دەبێ بینووسی...

• دەمەوێ زیاتر لەوە تێ بگەم، تەکنیکی نووسین لای تۆ چۆنە؟! دەنووسی و چاکی دەکەی؟! دەنووسی و وەکو خۆی دەیهێڵێتەوە، چۆنی دەنووسی؟!

- بەڵێ... من لەپێشدا کەف و کوڵەکەم دێنمە سەر کاغەز... بەڵام زۆر کەس وا بووە ئینتیقادی لێ کردووم کە تۆ زۆر دەسـت لە شـێعری خۆت دەدەی. من تا جێگایەک کە لێی بێزار دەبم هەر دەستی لێ دەدەم، هەر کەلیمەی دەبەمە پێشەوە، دەیهێنمە پاشەوە، قافیـەی جوان دەکەم، قافیەی ناهێڵم، نازانم... یەکێک لە ڕەفێقانی قەدیمم، کە ڕەنگبێ ئەلعان، ئەو دەعیەی نەهێنێ من بەڕەفیق بزانێ، دەیگوت جاری وا هەیە تۆ شێعری خۆت

خرادەکەی. هێندەی دەســت لێ دەدەی، خرای دەکەی. من بەخۆم نییە ناتوانم دەس لە شــێعری خۆم نەدەم. پێم وایە، بۆ خۆم پێم وایــە چاکی دەکەم، خەڵکی واش هەیە پێم دەڵێن خراپی دەکەی. زۆری دەس لێ دەدەم، بەڵام...

● پیاو کە «لەکوێوە بۆ کوێ»کەت دەخوێنێتەوە و، ئەو پێشــەکییەی کە بۆ تاریک و ڕوونت نووســیوە، یان ناڵەی جودابییەکەت دەخوێنێتەوە، وا هەســت ئەکا تۆ زۆر لە وڵات دوورکەوتوویتــەوە... یانــی وەک بڵێی هەزاران میل کەوتۆتــە نێوان تۆ و وڵاتەوە، کوردستانەوە... بەڵام لەهەر لایەنێکەوە لێکی بدەیتەوە، تۆ لە کوردستانی عێراق بوویتە، نــەک تەنیا لە عێراقی عەرەبا، کە ئەوەندە هەســت بەغەریبی بکەیــت. ئەی بۆچی ئەو هەســتەی کوردســتان وای لێ نەکردووی کە کەمتری بکاتەوە بابڵێین ئەوەندە هەســت بەغەریبی نەکەی، وەک پیاو لە شێعرەکە و لە پێشەکییەکەدا دەیبینێ؟!

- وەڵڵاهی، کاکە، من بەڕاســتی با ئەو هەقیقەتە بڵێم، من نە تەنیا لە کوردســتانی عێراق هەســتم بەغەریبی نەدەکرد، بەڵکە پێــم وابوو لە ماڵە خۆمم. وە بەتایبەتی ئەگەر دەچوومەوە شــارەکانی کوردســتان، ئەوە زۆر دەردی غوربەتی لە مندا دەکوشت. بەڵام عاتیفەی ژن و منداڵ... من شــاعیرێکی ڕەبەنی وەک حاجــی قادر نەبووم... تاقانەیەکم بەجێ هێشــتبوو کە زۆرم غەم بوو... دیارە هەر کوڕە کوردەکانم زۆر خۆش دەویســتن، بەڵام جێی وییان بۆ پڕ نەدەکرمەوە. خوشــکم بەجێ هێشــتبوو، برام بەجێ هێشتبوو... ئەوانــەش... پیــاو با زۆر درۆزن نەبێ، هەرچی کوڕە کوردێکم زۆر خۆش ویســتبێ، پێم وانییە بەقەد کوڕی خۆم خۆش ویســتبێ. بەڵام ئەو شــێعرانەی کە زۆریان بۆنی غەریبی لێ دێ هەر ئەو شــێعرانەن کە من دەساڵی ٧٤-٧٥ دا کوتوومن... ناوێرم... بۆچی بەنێو بڵێم... تەنیا موسەکینێکی هەمبوو، ناوەکەی نابەم، کابرایەک بوو، کوردێکی کە پێم وایە نەوێرابوو بچێتە شاخی، دەنا کێ هەبوو نەچووبێتە شاخی...

● ناوی مەحموود زامدار بوو.

- بەڵــێ... وەڵڵاهی... ئیدی ئەوە تۆ دەیڵێی... دەچووم دەردی دڵی خۆم لەکن ئەو کەســەی هەڵدەڕشــت. بەڵێ مەحموود زۆری زەرەر لە خــۆی دا، ئەگەر مەحموودیش لە شــاخی بایە شێعری چاتریشم دەکوت... ڕۆژێ دەچووم لەکن وی خۆمم دەخافڵاند... ئەو مەلعوونە نەیدەهێشت ببێتە شێعر (پێ دەکەنێ). با خاترەیەکی خۆشی خۆم و مەحموودت بۆ بگێڕمەوە. ڕۆژێک لە یەکیەتی نووســەرانی کورد دانیشــتبووم... مامۆستا عەبدوڕەزاق بیماریش لەوێ دانیشتبوو، بۆ خۆیشی لەوێ بوو... سێ چوارێک لەو بیمار و نازانم زامدار

و شـــتانە لەوێ بوون. ئەو کابرایە دەســـتی کرد بەکەرنامە خوێندنەوەی. دەپێش هەموو شـــتێکدا گوتی: کەر گیانلەبەرێکی هێمنە... کورە گوتم، هەتیوە بۆ هەژار نییە، بۆ زامدار نییە (هەموو پێ دەکەنن)، ئاخر، بۆ بیمار نییە، بۆ هەر هێمنە...؟! یەکجار زۆر خەجاڵەت بوو(هەموو پێ دەکەنن).

• بەشێکی زۆری تەجروبەی غەریبیت پێوەندی بەو ماوەیەوە هەیە کە لە عێراق، یا لە کوردستانی عێراق بووی... ئێستا ئەو تەجروبەیە چۆن دەبینی؟!

- مولاحەزە بفەرموو، شـیعرەکانم تاریخیان هەیە. من ئەو موددەتەی کە لە کوردستان بووم، لەژێر ناپاڵم و تیزابی دوژمندا بووم، یەک شـیعرم نییە کە باسی غەریبی تێدابێ... مەتەرێزی شـــەڕەفم لە شـــەڕدا گوتووە، بەڵام دەڵێم ئاوارەنیم، وا دەزانم لە ماڵم... بەڵام ناڕەحەتییەکەی من هەر ئەو وەختە بوو... ئەگەر تاریخی شـیعرەکانم بخوێننەوە، هەر ئەو وەختەیە کە من هەست بەغەریبی دەکەم، کە لە بەغدا بەتەنێ بەجێ مابووم...

• کەوابـــێ ئەم غەریبییە، ئەم غوربەتەی لێرەدا بـــاس دەکرێ، غوربەتی زمانە، یانی پێوەندی بەزمان و فەرهەنگەوە هەیە، فەرهەنگی نەتەوایەتی میللەتی...

- بەڵێ...

• یانـــی تۆ غەریبییەکەت زیاتر لەوە دابوو کە لە وڵاتێکدا بووی، لە ڕووی زمانەوە لە ڕووی فەرهەنگەوە لێیەوە دووری... وا نییە؟!

- بەڵێ... ئەوە کامیلەن وایە... من کە نێزیک بە... نازانم دە ساڵ... یا هەشت یا نۆ ساڵ لە بەغدا مام، وێستا ئەوەندە عەرەبی فێر نەبووبووم کە بتوانم ئیحتیاجاتی ڕۆژانەمی پێ ڕەفع بکەم. دیارە ئەوەش موحتاج نەبووم. ڕاستییەکەی ئەوەبوو کە دەمتوانی هەمیشە بەشی ئەوەندە کوردێک پەیداکەم کە ئەگەر قاتێک بکڕم ببێتە دیلمانج و بۆم بکڕێ. دەنا پێم وانییە هێندەش نازیرەک بم کە زمان فێر نەبم... بەڵام... وەڵڵاهی ئیســـتعدادی زیان فێربوونیشـــم کەمە... ها... ئەوەت پێ بڵێم وەدوایە بەڕاســـتی من نەمدەویســـت ئەدەبی عەرەبیـــش فێربیم، چونکە تەماشـــام کردبـــوو کە قەت نابمە ئەدیبێکـــی چاکی عەرەب، ئەدەبی عەرەبی، ئەدەبیاتی عەرەبی بخوێنمەوە، یا نووســـینی عەرەبی بخوێنمەوە، مەگەر خەبەرێـــک زۆرم ئیحتیـــاج پێ بووبێ، خۆمم عەزیەت دابێ، دەنا قەت گۆڤار و شـــتی وام نەدەخوێندەوە. عیللەتیشـــی ئەوەیە کە بۆ خۆت دەزانی ئەدەبی عەرەبی چەندی زەرەر لە زیانی کوردی داوە. با حەقیقەتێک بڵێم، دیارە ئەو دەمی من نووسینە کوردییەکانی عێراقم زۆر دەخوێندەوە. تا لە کوردستان دەبوون، بەئیستلاحی ئێرە دەبیرستان، یا بەئیستلاحی

وێ ســانەوی و شــتی واتان دەخوێند، هەمــوو کوردییەکی خالیس و جوان دەنووســرا. لەگەڵ دەبوونە دوکتۆر، ماشــاڵڵا عەرەبیتان فکر دەکردەوە و کوردیتان دەنووسی. وای چ بەدبەختێک بەسەر زبانی کوردیدا هاتبوو... ئەو عەرەبی فکر کردنەوە، هەستام بەو کارە (پێ دەکەنێ)... یەقوومو بیهازە لعەمەل... بەڕاستی زەرەری گەورەی داوە.

• با جارێکی دی بێینەوە ســەر مەســەلەی دەربەدەری، یا ئاوارەیی و دوورکەوتنەوە لــە وڵات... ئایا پیاو دەتوانێ بڵێ یەکێ لە هۆیە هەرە ســەرەکییەکان لە شــێعری تۆدا دەربەدەری و ئاوارەبوونە؟!

- نا عەرزت دەکەم ئەوە بۆ زەمانێکی مەحدوودە. شــێعری من ئەگەر غەمناکە، هەموو لەبەر لێقەوماوی، چارەڕەشی، بەدبەختی میللەتەکەمە تێیدا مونعەکەس بووە، نە ئی خۆم، وەختێکی من لە تەمەنی بیست و دوو ساڵی دەڵێم:

گەرچــی تووشــی ڕەنجەڕۆیــی و حــەســرەت و دەردم ئەمــن

باوەڕ بکەن کوڕە دەوڵەمەندێکی زۆر تێر و پڕ و پاک و خاوێن بووم، بەڵام میللەتەکەم تووشــی ڕەنج و دەرد و حەســرەت بوو... (ئەمن) لێرەدا (هێمن) نییە، (ئەمن) میللەتی کوردە.

• بەڵام ناتەوێ ئەوەش بڵێی کە جوانترین شێعرت ئەوانەن غەریبی پێی گوتووی!!

بــا... نە ئەوە لەبەر وەش بووە کاکە، لەبەر وەی بووە من تەجروبەی شــێعرم زۆرتر ڕۆیوەتە پێشــێ... هەر غەریبی نەبووە، من تەجروبەی شێعریشم زیاتر بووە... ئەزموونی شێعرم هەتا تەمەن بەرەو ژوورتر چووە، بەرەو پێشتر چووە.

• ئەی کەواتە ســەرچاوەی شێعر، لای تۆ، جگە لەوەی وتمان، کە ڕەنگە دەربەدەری جوانترین شێعری پێ گوتبی، چی دیکەیە؟!

- وەڵڵاهی... جوانیش زۆری تەئســیر لە من کــردووە، جوانی دیارە بەهەموو مەعنای کەلیمەوە. بەڵام جوانترین شــتیش لە نەزەر مندا ژن بووە، یان ئینســان بووە، کە دیارە جینســی موخالیفــە، لە هیچ شــێعرێکی مندا، تــۆ پێم وایە، بۆنێکــی وا نەکەی کە من تەمایولێکی غەیرە ئینسانیم تێدا بووبێ... بەڵێ... بەڵێ... تۆ هەر ناڵەی جودایی دەبینی لە شێعرە غەریبییەکانی مندا، ئەدی... شێعری وام هەیە کە ناڵەی جوداییش نییە، بەڵام بۆنی غەریبی لێ دێ، کە دەڵێم: یادم بکەن، زۆر سەیرە... بەڕاستی ئەو شێعرەی من کەم

کەوتۆوەتە بەر لێکۆڵینەوە و ئینتقاد. من پێم وایە لەو شیعرەیدا زۆر شتی نوێم هێناوەتە گۆڕێ. کە لە پێش مندا هیچ شاعیرێکی کورد لائەقل نەیکوتبێ. من دەڵێم:

لـەو دەمــەیــَدا گــڕ دەگـــرێ مــەیل و تــاســە
لەو دەمــەیدا تێــک هــەڵــدەنگــوون هــەناســە

پێم وایە «تێک هەڵدەنگوون هەناســە» ڕەنگبێ ئەو تەعبیرە زۆر کەم بێ لە شێعری شاعیرانێ کە من بیانناسم. ئەوەش هەر نەوعێک لە دەردە غوربەتەکەم... بەڵێ... جوانی لە هەموو شــتێکی دی... جوانیش یەکێک بووە لەو شــتانە کە منی هان داوە بۆ شــێعر گوتن... جوانی تەبیعەت... دیارە پتر لە جوانی تەبیعەت، جوانی ئینسـان... ئینسـانی جینسی موخالیف.

- تۆ بڵێی لێرە باسی تەعبیرت کرد... لەو دەمەیدا تێک هەڵدەنگوون هەناسە...

ـ بەڵێ...

- ئەمــە ئەگــەر بەراوردی بکەی لەگەڵ ئــەو دەربڕینە ئیحساســاتیەی کە لە ناڵەی جوداییدا باست کردووە، ئەوەیان زۆر بەئاشکرا پێوە دیارە کە زیاتر شتێکی ئیحساساتییە و ڕەگەزێکی ماددی تێدا بەدی ناکرێ. بەڵام «تێک هەڵدەنگوون هەناســە» شتێکی زیاتر ماددی نیشان دەدا. ئەمە بەڕەئی تۆ، دوو تەجرەبەی جیاواز نیشان نادا؟!

ـ با... با.. بەڵێ... بەڵێ دوو تەجرەبەی جیاوازە. بەعەقیدەی من لێرە مەحروومییەتێکی دیکە نیشان دەدا، لەوێ مەحروومییەتێکی دی. ئیدی پێم وایە زۆریش شکافتر نەڵێم... (پێ دەکەنێ)... چونکو هەر ماچی کچە سولەیمانیان تێری نەدەکردم بەتەنیا (پێ دەکەنێ)... چونکو باوکانە بوو... وەک عەرزم کردی، ماچیان نەئەدا بەشاعیرە لاوەکان، دەیاندا بەمن، چونکــو پێیان وابوو بێ ئازارم (پێ دەکەنــێ). بێ ئازار نەبام بۆ دەیاندا (پێ دەکەنێ)... نازانم تۆ ئەو شێعرەی منت دیوە، کە خەڵک ڕەنگبێ زۆری فکر لێ نەکردبێتەوە:

وەرە ماچــم دەیــە ماچــی خودایــی
کــە بێــزارم لــە ماچــی ســینەمایی

لێرەدا ماچی سینەمایی ئەو ماچانەن کە وەکو بابێک ئەو خەڵکە منیان ماچ دەکرد...

پێم وایە ماچی بابانە بوو (پێ دەکەنێ) کردوومەتە ماچی سینەمایی...

● جگە لە دەربەدەری جگە لە خۆشەویستی نیشتمان، دیارە ئافرەتیش ڕۆڵێکی زۆری لە شێعری تۆدا هەیە... تۆ چۆن سەیری ئافرەت دەکەی... بەلای تووە ئافرەت بۆ شاعیر دەبێ چی بێ؟!

- پرسیارێکی زۆر گرانە، ڕەنگە گوێیان لێ بێ (پێ دەکەنێ) بەڵام چ بکەم، دەبێ جوابت بدەمەوە. من پێم وایە ئافرەتێک بەڕاستی بۆ ئینسانێک... یا ژنێک... من کەلیمەی ئافرەتیشم قبووڵ نییە، لە بیرت نەچێ، پێم وانییە لە «خودای جوانی» ڕا هاتبێ، پێم وایە لە (عەورەت)ی

● منیش لەم کاغەزەدا هەردوو وشەکەم نووسیوە...

- بەڵێ... با تۆ خواکەی ئێمە بڕێک لەسەر وەی بڕۆین... کێشەم زۆر لەسەر وەی بوو، دەمکوت ئافرەت «عەورەت»ە کە لە ئەدەبیاتی فارسیدا فەوقولعادە بەکارهاتووە، بەمانای ژن و منداڵ، بەمانای... حەرەم... یەعنی ئەم کەسانەی کە نابێ خەڵک بیانبینێ... کەوتۆتە زمانی کوردییەوە. لە کوردستانی ئێراندا تەنیا ئەو کەسانەی پێیان عەیبە باسی ژنەکانیان بکەن، ئەوان بانگی دەکەن ئافرەت... دەنا ئەگەر ناوی ژنەکەی بوێرێ بڵێ: فاتم، ئایش، نازانم... گوڵێ... چی... ناڵێ ئافرەت، ئیدی بانگی ژنەکەی دەکا.

زۆر سەیرە... ڕۆژێکی دەگەڵ یەکێک لە مامۆستاکان کێشەم بوو. دەیکوت ژن بەمەرحەلەیەک لە ژیانی ئافرەت دەڵێن کە کچێتی نەمێنێ... گوتم یانی ئەگەر کەسێک بچێتە حەمامی ژنانە، حەتمەن دەبێ کچایەتی نەمابێ (پێ دەکەنێ)... یا کابرایەک کە دەڵێ کەوشی ژنانە دەفرۆشم، ئیدی ئەمە هەر دەبێ بەکچی نەفرۆشێ... نا وانییە... ژن کەلیمەیەکی دژی پیاوە. کەوابوو ژن هێندەی کەلیمە ناسکە، هێندەش بۆ خۆی لەلای من ناسکە... بەڵام بەو حاڵەوە بەلای منەوە موحتەڕەمە. یانی ئەوەندە بەلای منەوە موحتەڕەمە کە دەگەڵ ئەو هەموو خۆشەویستییەی من دەگەڵ ژنم هەیە، خۆت لە من باشتر دەزانی، یازدە ساڵ من دەربەدەر بووم، ژنێکی دیکەم نەهێنا، چونکو پێم وابوو ژنێک بۆ ئینسانێک بەسە. دەنا پێت وانەبوو ئەمن لەو کوردستانی عێراقە پیرێژنێکم وەگیر کەوێ...

● ئەگەر بە (سیغە)ش بوایە...

- (پێ دەکەنێ)... ئەگەر بەسیغەش بووبا... بەڵێ...

● ئەوە پاشان دێمەوە سەر ئەو باسە... بەڵام شتێکت باس کرد کە تۆ وا دیارە ئەوەی

خۆتت لەبیر چۆتەوە. ئەو سەرەتا دوور و درێژەی تاریک و ڕوونت نووسیبوو، لەیەک شوێنا باسی خێزانەکەی خۆتت بەناو نەکردبوو... دواییش لەسەر ئەوە ڕەخنەیان لێ گرتی...

- بەڵێ

• ئەوە چی بوو...؟

- عـــەرزت دەکەم... من لەو ڕەخنەدا جوابم داوەتەوە، دەڵێم ئەوە پاشـــماوەی ژیانی چینایەتی بووە کە تەئســـیری کردووە لەمندا و بەئیســـتلاحی فارســـی، نازانم بەکوردی بڵێـــم چی، (ناخودآگاه) من باســـم نەکردووە، دوایە لـــە مەقالەیەکی بچووکدا مەعزەرەتم خواستووە...

• دەڵێی «نەچووە بچێ»...

- نەچـــووە بچێ... بەڵێ... بەڵێ... ئەوە پاشـــماوەی... جـــا ئەلعان کە ئەوە لەمندا نەماوە... ئیســـتاکە زەمان وای کردووە پێک گەیشـــتووینەوە، دیســـان هەر لە شارێکی غوربەتین ئیدی...

• بەڵێ...

- ئەگەر من جارێکی بمەوێ کۆمەکێکی... وەکو دەزانم ئەتۆ لە ئەورووپایە... ڕەنگبێ... بەماڵە خۆت بکەی... ئەگەر من بمەوێ... ئەو ماڵ دەماڵێ، بڵێم بیدە بەمن بڕێک گەسک لێ دەم، ئەو پاشـــماوەی چینایەتی تێدا ماوە، دەڵێ تۆ چۆن کاری ژنانە دەکەی؟! (پێ دەکەنێ)... دەنا من پاشماوەی چینایەتیم تێدا نەماوە...

• باشـــە... ئەگەر وابێ باشـــە... بەهەڵسوکەوت لەگەڵ ژندا، بابڵێین بۆ شاعیرێک... پێت وایە لە ڕێگەی دڵدارییەوە پیاو باشتر ژن دەناسێ، یا ژن هەر وەکو خۆی لە تەبیعەتدا هەیە...

- وەڵلاهي، کاکە، من وەکو کوردێک تووشی ژن بووم. بۆ خۆت دەزانی داب و ڕەسوومی کوردی، دڵدارییەکی... دڵدارییەکەش هەر مەحدوودە، وەکو ئەو دڵدارییەی کە دەزانم ئەتۆ دەڵێی چی... و من بەو شکافتەیە بڵێم... وەڵلاهی پێم وایە، پیاو تەنیا وەختێک دەتوانێ ژن دەرک کا، کـــە ئیزدیواجی کردبێ، یانی ژنـــی هەبێ، ئەو دەمی دەتوانێ دەرکی کا... پێم وا نییە لە دڵداریدا پیاو بتوانێ ئەو تەجروبەی بێتە دەستی وەکو ژندارێک هەیەتی... عیشـــقێک، ئەوینێک یا عیشـــقێک پایەدارە کە ئەخلاقیشی لەگەڵ بێ. گوایە... ئەگەر تۆ سەیری دیوانەکانی من بکەی، من لە ساڵی ١٣٢٥ ی هەتاویدا ژنم هێناوە...

ئەگەر تاریخەکان بەهی زایینی بڵێی... کە دەکەنە تەقریبەن چل و شـــەش، ١٩٤٦ من

ژنم هێناوە. ئەگەر تەماشـــای تاریخی شـــێعرەکانم بکەی، شێعرە دڵدارییەکانی من هەموو پاش ژن هێنان گوتراون، ئەوانی کە تام و بۆنییەکیان هەیە.

• کەواتە بۆ کێت وتوون...؟!

- کە وابوو زۆری شـــایی بەخۆ دەبێ، قسەکانمان توندە (پێ دەکەنێ)... کە وابوو پێم وا نییە بۆ شتێکی دیکەم گوتبێ...

• هەندێ بیروڕای جیاواز لە بارەی پێوەندی ژن و پیاوەوە هەیە، ســـێکس بەردەوامی دڵدارییە، لووتکەی دڵدارییە یا دڵدارییە، یا دڵداری لەگەڵ سێکســـدا دەمرێ... تۆ چۆنی دەبینی؟!

- من پێم وایە دڵداری لەگەڵ سێکسدا پەروەردە دەبێ و دەڕواتە لای سەروو...

• یانی بەلای تۆوە لووتکەیە؟!

- بەلای منەوە، بەڵێ، لووتکەیە... من زۆرم بڕوا بە عیشقی ئەفلاتوونی نییە.

• ئەم جارە لەو گشتییەوە دێمەوە سەر تۆزێ تایبەتیتر، دەربارەی تەجرووبەی خۆت. دایکی سەلاح، با بڵێین خێزانەکەت بۆ تۆ چی دەگەیەنێ؟! ئەمن ناویم لەبیر نییە...

- نێوی ئایيشە... بەڵێ...

• بەڵێ...

- وەڵڵاهی لە هەموو کەس خۆشەویســـتترمە لە ژیاندا، بێ ئەولا و ئەولای، با گوێشـــی لێ نەبێ...

• بۆ ئەمەیان گوێی لێ نەبێ ها...؟!

- بەڵـــێ گوێی لێ نەبێ، زۆر غـــوروور دەیگرێ (پێ دەکەنێ)... با غوروور نەیگرێ... بـــەڵام بەلای منەوە لە هەموو کەس بۆ من خۆشەویســـتتر بووە لە ژینمدا... و ئەلعانیش تەحەککومێکـــی کە گاڵتەم بەگیانی خۆم کـــردووە لە تەواوی ژیانمدا، دەگەڵ زۆر ملهوڕی گەورەدا موبارەزەم کردووە، خەباتم کردووە، لە موقابیلی ویدا، ئەلعان، زۆر بێ دەسەڵاتم. لە حاڵی حازردا زۆر بێ دەسەڵاتم... بەڕاستی دەبێ لەسەرم بکەنەوە (پێ دەکەنێ).

• ڕەنگـــە هەر تـــۆ وانەبی... تەجروبەی تـــۆ... نازانمَ ئێوە چەند ســـاڵ بوو یەکتان نەدیبوو؟!

- ئێمە... پتر لە دە ساڵ و نیو...

• بەڵێ...

- دەڵێن کە نازم حیکمەت... نازم حیکمەتیش تەجروبەیەکی وای هەیە...

• بەڵێ... دوای، وابزانم، یانزدە یا دوانزدە ساڵ کە مونەووەری بینییەوە... ژنەکەی...

- بەڵێ...

• هەمووی هەر چوار مانگ لەلای مایەوە... ناردییەوە... ئیدی نەشیدییەوە... تۆ چۆن بووی؟!

- وەڵڵاهی... من پێم خۆش نییە تازە لێک جوێ بینەوە... تا ئەوەی پێی دەڵێن مەرگە و هادیمولـلـەزات (هادم اللذات) لە یەکمان جوێ نەکاتەوە، پێم خۆش نییە، لێی جوێ ببمەوە، ڕاستییەکەی ئەوەیە. بەڵام بەڕاستی وەکو من، پاش گەڕانەوەشم ئیتر شێعری دڵداریم نەگوتووە و هەر مانایشی نەماوە بۆ من و ڕەنگبێ بڕانی کەلیماتە. یانی، بەڕاستی کەلیمەم بۆ جوانی لەدەست چوو. ئیدی هیچم نەماوە پێی بڵێم. ڕەنگە ئەوەش مەسەلێک بێ، کە ئیتر من چ بڵێم... من کەلیمەی کلاسیکم لەبارەی شێعری کوردیدا پێ غەڵەتە، بەڵام لە شێعری ئەو ڕۆژەدا ئەوەی من لە بارەی ژندا دەڵێم:

بەڕیشی بۆزەوە سوجدەی دەبەم من بۆ جەماڵی تۆ
ئەدی بۆچی دەیانگوت دار کە پیر بوو تازە دانایە

تازە ئیدی تەماشا دەکەم شتی وا لەتیفم نایەتەوە خەیاڵ و لەبەر وەی دەستم لێ هەڵگرتووە... بەهەزار زەحمەت توانیومە لەو بەینانەدا شێعرێک لەسەر حیجابی ئیسلامی بڵێم کە پێم وایە شێعرێکی خراپ نەبێ، ئەمما لەبەرم نییە ئەلعان بۆت بخوێنمەوە.

• ئەمە پیاو بۆ پرسیارێکی تر ڕادەکێشێ... بەڵام مەبەستم تۆ خۆت، وەکو مام هێمن، نییە. بەڵکو شاعیر بەگشتی، ژن هێنان بەلای تۆوە چۆنە، یەعنی شاعیر دەبێ ژن بهێنێ؟!

- وەڵڵاهی، کاکە، ئاخر وەکو عەرزم کردی، من پێم وایە هێندێ کەس، دەگەڕێمەوە بۆ پرسیارەکەی تۆ، هێندێ کەس پێی وایە ئەگەر ژنی هێنا دادەمرکێ و هێندێ کەس... من بۆ خۆم ئەگەر ژنم هێنا بوومە شاعیر، بەڵام نازانم خەڵکی دیکە چۆنە؟

• تۆ پێت وانییە مامۆستا گۆران پاش وەی دایکی ڕووناکی بوو (دەبێ مەبەستی دایکی هێرۆ بێ، نەک دایکی ڕووناک ف.ش) ئیدی شێعری دەربارەی جوانیدا کەم گوتووە؟!

- جوانترین شێعرەکانی ئەوانەن کە لە بەینی ژن هێنانەکانی و دوای ژن هێنانەکانی گوتوونی...

گوتوویەتی...

بەڵێ...

● نازانم، چونکو تاریخیان نییە... بەداخەوە شـیعری مامۆستا گۆران عەیبێکیان هەیە کە پیاو نازانێ... بیسـتوومە ژنە عەرەبەکەی زۆر جـوان بووە، من کە نەمدیوە. پێت وا نییە دامرکابێ پاش وەی ژنە عەرەبەکەی بووە؟!

ـ وەڵڵاهی، وەک تۆیش باسـت کرد، نازانم، یانی لەبەرئەوەی تاریخەکەی پێوە نییە، پیاو نازانێ...

● بەڵێ... بەڵام من شـاعیرێک دەناسـم، ئەلعان دەتوانم لێرە باسی بکەم، ئەمما پێم خۆش نییە لە زمان منەوە، ئەوە بکوترێ بۆ خۆت قسـەی لەگەڵ دەکەی. ئەمن پێم وایە مامۆسـتا هەژار لەگەڵ ژنی هێنا ئیتر شـیعری جوانی نەگوت. لەگەڵ ژنی دووەمی هێنا شێعری عاشقانەی جوانی نییە... بەڵێ، لەبەرەو موکریاندا، کە دووربۆتەوە، بۆ ماوەیەکی لە براژنم دووربۆتەوە، برێک شێعری عاشقانەی جوانی تێدا هەیە، کە ئەویش بۆ ماوەیەکی موختەسـەر بووە. یا لە بابا هەژاری موکریاندا برێک عاشـقانە شێعر دەڵێ، بەڵام تۆ پێت وا نییە زۆریان تەقلیدین؟!

ـ وایە... ڕاستە...

●بەڵێ...؟!

ـ ڕاستە وایە

بەڵێ... و من لەبیرمە کە هەژارێکی زۆر منداڵ پێش وەی ڕەنگبێ ئەو شـێعرانەی لە ئاڵەکۆکدا بڵاوبووبنەوە، پێش وەی ژن بێنێ دەیتوانی شێعری عاشقانە بڵێ...

چـاوت کە گۆشـەدارە وەکو ڕۆژی نیشـتمان
پەیـدا دەکا هـەرایـەکی لـەو کـوردەوارییە

ئەو شـێعرەی زەمانی زۆر منداڵی مام هەژارییە، زۆریش جوانە. ئەوە مەربووتە بەئەو ڕۆژەی کە لە پشـتی گۆڤاری نیشـتماندا چاپ دەکرا، تەماشـا دەکەی ئەو شێعرەی زۆر جوانە...

● وایە...

ـ بەڵێ...

• ئەم دوو سێ پرسیارەی دوای هەستێکی وا بەپیاو دەدات، وەکو بڵێی شاعیر، کۆمەڵێ قانوون هەیە کە دەیگرێتەوە، یا کۆمەڵێ چوارچێوە هەیە کە تەنیا بۆ شاعیرە و ڕەنگە بۆ خەڵکی تر نەبێ. من بەش بەحاڵی خۆم ئەوەندە باوەڕم بەوە نییە قانوونی تایبەتی هەبێ بۆ شاعیر، کە خەڵکی دیکە نەگرێتەوە.

- بەڵێ...

• بەڵام، بەهەرحاڵ، دیسان یەک دوو پرسیاری لەو بابەتەت لێ دەکەم. بەلای تۆوە پێوەندی نێوان شاعیر و ئازادی چییە و... چۆنە؟ ڕەنگە وا ڕاستتر بێ بڵێین نووسەر و ئازادی، چونکە مەسەلە تەنیا شاعیر نییە... (ئەگەر ئەم پرسیارەم ئەمڕۆ بکردایە دەمگوت هونەرمەند و ئازادی - ف.ش).

- بەعەقیدەی من... بەڵێ... ئەفسووس... لەوەتی من قەڵەمم بەدەستەوەیە قەتم هەست بەئازادییەک نەکردووە کە قەڵەمی خۆم بەکەیفی خۆم بەردەم... پێم وایە قەید و قیوودێک هەمیشە هەیە کە شاعیر یا نووسەر ناتوانێ ئەو ئازادییەی حیسسی دەکا...

هەرچی دەکەم ئەو خەیاڵەی پێی مەستم (لەڕاستیدا - هەرچەند - ف.ش) بۆی بێتە سەر کاغەز. سەیرە... ئێوە پێتان وایە شاعیرەکانی غەربی یا ئەورووپایی، نووسەرەکانی غەربیش توانیویانە بەو هەموو ئازادییەی، بەرەڵلایی، یا... نازانم چی شێعر بنووسن؟ ڕەنگبێ هەموو کەس پێی وابێ ئیعترافاتی ڕۆسۆ زۆر سەریحە.

بەڵام تۆ فکر دەکەیەوە ڕۆسۆ شتی شاردۆتەوە یا نە؟! من پێم وایە زۆر شتی شاردۆتەوە... لە هەموو کەس سەریحتری نووسیوە، بەڵام ئایا شاعیرێک ئینسان نییە؟! ئینسانێک جارێک، بڵێی ڕۆسۆ، دەعومری خۆیدا جارێکی زگەشۆرەی نەگرتبێ... تۆ تەواوی ئیعترافاتەکەی بخوێنەوە، قەت باسی وەی تێدا هەیە...؟! (پێ دەکەنێ)...

- جوانە...

- کەوابوو، کاکە بەڕاستی قەت ئەو ئازادییەی کە ئیدەئالە بۆ شاعیر و نووسەر... بەتایبەتی شەرقی، ئیدی بۆ خۆت دەزانی شەرق ئەوپەڕی... بەعەقیدەی من، ئەو ئازادییە، هەڵنەکەوتووە. جا ئەو جار بۆ من پترە، چونکو من...

- بەڵێ... لەپێش هەموو شتێکدا چونکو کوردم... ئەو جارەکانە ماوەیەکی دوور و درێژ، خۆت دەزانی... ئەوەشت با پێ بڵێم، ئەگەر نەکەوتبامە عێراق و، چاپەمەنییەکانی عێراق شێعرەکانیان بۆ چاپ نەکردبام و هەر دە مەتبووعاتی حیزبدا چاپ کرابایە. زۆر لە شێعرکانم دەفەوتان. من ناڵەی جودایيم دەدا بەئۆرگانی حیزبەکەمان، دەیگوت بەمن چ

مهریووته تۆ مهشــرووب دهخۆیهوه یا نه... (ههموو پێ دهکهنن)... و ڕهنگبێ له ناڵهی جودایی چاتر من شــێعرێکم ههیه به نێوی (ســووڕی دهوران)، بهڕاستی ههر له ناڵهی... ناڵهی جودابیدایه...

تێیدایه...

• بهڵێ...

- من لهوێدا پێشــبینی ڕووخانی شــام کردووه... دوو سێ ساڵ پێش ڕووخان... پێم وابوو...

به ئــهفسانهی دهزانــن ســووڕی دهوران
غـــولام و ورتکـــهخـۆری دهرکـــی گـــهوران
بـــهلام ڕۆژێـــک دهبـــێ دهوران بـــدا ســوور
لهبـــهر گـــهوران نهبـــێ پشـــتی خهڵـــک کـــوور

• ببووره... پێش ئهوهی بچمه سهر پرسیارهکهی تر...

- بهڵێ... من لهوهیدا زۆر...

• بۆچی پێت وایه ئهمه پێشبینییه؟! خۆ ههر زۆر کهس وای وتووه و واش دهڵێ که زۆرداری نامێنێ، ههر دهبێ بڕووخێ و... یانی بووه بهقسهیهکی که ههموو کهس دهیڵێ... (ههموو پێ دهکهنن)...

- وهڵــلا... ئهلعان ئهوهیه، ئیــدی... من حهیاتم داوهتێ، خهڵکی دیکه... ئی خهڵکی دیکه با بردوویهتی... (پێ دهکهنێ)... بهڵێ، ڕاسته... ئهوه مهسهلهیهکی دیکهیه، بهلام من دهمزانی که زۆردار ههر دهڕووخێ... بهڕاســتی هێنده نیزیکیشم پێشبینی نهکردبوو... ئهم ڕۆژانه برایهکی عێراقم دی، گوتی ئهتۆ وهسیهتنامهیهکت لهکن خوشکهکهی من ههیه، که وهســیهتت کردووه، نووســیوته که ئهگهر مردم چی لێ بکهن. یانی من پێم وابوو له کوردســتانی عێراق دهمردم و تازه کوردســتانی ئێران نابینمــهوه... یانی ڕووخانی ئهو زۆردارهی بڕێک دوورتر بوو... پێم وابوو دوورتره... بهڕاســتی ئینقلابی ئێرانی وهکو من دهخهیاڵی خۆمدا پێشبینیم کردبوو، پێم وانهبوو وا هاسان و وا زوو ئیمپریالیزمی پاشهکشه دهکا... ئهگهرچی ئێستاش نهیکردووه، بۆ خۆت دهزانی... ئهوهی زوڵم و زۆره ههر دهیکا، بهلام نیوه بهزیوێکی، بهڵکه بهزیوه ئیدی...

● دیسان یەکێ لەو شتانەی کە زۆر باسی لێوە دەکرێ، شاعیر و سیاسەت، یا نووسەر و سیاسەت. تۆ پەیوەندی ئەو دووانە چۆن دەبینی؟! سیاسەت شێعر ناکوژێ؟

- وەڵا بەعەقیدەی من، زۆر زەرەر دەدا لە شاعیر، زەرەری زۆر گەورەش دەدا، موقەییەدی دەکا، بەڵام بۆ کوردێک چ بکا؟!پێی وایە ئەوەش ئەرکێکە لەسەر شانی کە دەبێ بۆ ڕزگاری خۆی هەوڵ بدا... ئەمن لە وڵاتێکدا کە ژیانێکی نەتەوایەتی سەربەخۆم هەبا، پێم وایە قەت نەدەچوومە ناو سیاسەتەوە. یانی من پێم وانییە ئەدەب لە سیاسەت دووربێ... ئەوە شتێکی سەیرە... کە هەر کەس دەتوانێ نەوعێک لە ئەدەب بۆ خۆی هەڵبژێرێ... و ئەدەب، هەموو ئەدەبێک، کەم و زۆر لە خزمەتی سیاسەتدا هەر هەیە، بەڵام خۆبەستنەوە بەحیزبێک زۆر زەرەر لە شێعر دەدا. تۆ ڕەنگ بێ هەموو ژمارەکانی ڕۆژنامەی کوردستانت، کە لە عێراق دەردەچوو و ئێمە دەرمان دەکرد، هەمووت...

● بینیومە... بەڵێ...

- بینیوتە و لەوێ کەم شێعری من دە ڕۆژنامەدا چاپ کراوە. ئەو شێعرانەی بێ ئیمزان زۆریان هی منن ئیدی. ئەو دەمەی من حەقم نەبوو هێمنیان لەبن بنووسم. ئەگەر ڕۆژگارێکی «تاریک و ڕوون» بڵاو نەبووباوە تۆ نەتدەزانی «گەرمەشین» هی کام شاعیرە، یا «کاروانی خەبات» هی کام شاعیرە، جا وەرە بەدوایدا بگەڕێ. دەبێ کێ بێ «کاروانی خەبات»ی گوتبێ، دەبێ کێ بێ «ئارەق و تین»ی گوتبێ... مەسەلەن شێعرێکی کە من بۆ تەرمی حاجی قادری کۆییم گوتبوو، ڕۆژنامەکەی خۆمان حازر نەبوو چاپی بکا ئیدی. دەیگوت تۆ تازە ئاشکرابووی و شاعیری ئەو شێعرەی، ئێمە دەمانەوێ شاعیری ئەو شێعرە ئاشکرا نەبێ. تەنیا شێعرێ کە من بەتەواوی، وەکو خاتیرەیەکی، لەززەتم لە شێعری خۆم بردووە، چونکو تەئسیری ئانی کردۆتە سەر خەڵک، ئەو شێعرە بوو کە من بۆ تەرمی حاجی قادری گوتوومە، بۆ کۆتەڵی حاجی قادر گوتم. لەو کۆبوونەوەی کۆیەدا، کاکە، تەئسیری ئانیی هەبوو لەسەر خەڵکەکەی کە لەوێ بوو. زۆرم ئەودەمی خۆ خۆشەویست کە دەتوانم شێعرێکی وا بڵێم...

بەڵام شاعیری کورد، وەک گۆران دەیگوت:

لەپێش هەموو شتێکا چونکو کوردم
چۆلەکەی ناو هەزاران داوی وردم

• هەرچۆنێ بێ، خۆ دەبێ کوردایەتی بکا...

- بەڵێ...

• کوردایەتی لە پارتایەتی جیا دەکەیتەوە؟!

- نەخێر... ئەوەیە عەرزت دەکەم... بەڵام پارتێک کە لە خزمەتی کوردابێ. وەختێکی مــن پارتێکم دیت کە لە خزمەتی کوردا نەبێ، ئیدی بۆ دەبێ جاش بم کە من دەخزمەتی ئەو پارتییەدا نەبم؟! من دەتوانم لە ڕێگایەکی دیکەدا خزمەتی ئەو کوردە بکەم. بەداخەوە ســەرکردەکانی مــە زۆر بێ ئینســافن، پێیان وایە هەر کەس دەگــەڵ وان نەبێ دوژمنی وانە...

• بــەڵام ئەگەر مەســەلەکە لەو چوارچێوەیە ببەینە دەرەوە کە مەبەســت هەر تۆ یا شــێعری کوردبێ، با هەر باسی شاعیر بەگشتی بکەین... ئایا شاعیر پێویستی بەوە هەیە لە ژیانیدا فەلسەفەیەکی هەبێ؟ خۆی بەفەلسەفەیەکەوە ببەستێتەوە؟!

- نەوەڵڵا... من زۆرم فەلسەفە لە شێعردا..خۆش ناوێ. من پێم وایە شێعر هەر ئەوەیە کە ئیحساســاتی ئەو ئینســانەی بێ کە خۆی پێ شاعیرە... بەڵام وا دەبێ هێندێک هەن شــاعیری باش کە فەلســەفە بەئەندازەیەکی باش دێننە بەرهەم. عەرزت دەکەم مولاحەزە بفەرموو فەلســەفە ناسکی شێعر دەکوژێ. حاجی قادری کۆیی ئەو شاعیرە مەزنەی ئێمە ئیتر ویســتوویەتی فەلســەفەی کوردایەتی، ڕزگاری کورد، بخاتــە چوارچێوەی، چونکو وەســیلەیەکی دیکەی نەبووە ئەو بیروڕای خۆی بەکورد بگەیێنێ، ئیللا شێعر نەبێ، یەعنی نــەزم نەبێ... لەبیرت نەچێ... من شــێعر و نەزمیش فەرق دەکەم... حاجی قادر ئەگەر تەماشــا دەکەی... تەماشای شێعرە غەرامییەکانی دەکەی شاعیرێکی تەواو بووە... بەڵام وەختێکی تەماشای شێعرە سیاسییەکانی دەکەی ئیدی گوێی نەداوەتە جوانی شێعر، هەر ویســتوویەتی ئەو پەیغامەی پێیەتی، ئەو ڕیسالەتەی پێیەتی بەخەڵکی ڕابگەیەنێ. تەنیا کەسێکی کە من پێم وایە فەلسەفەشی هەبووە و شێعریش... حافزی شیرازییە، بەعەقیدەی من لە عەینی حاڵدا شێعرەکانی یەکجار زۆر جوان و پڕ مەعنان، شێعریشن، فەلسەفەیەکی زۆر گەورەش لە شــێعرەکانیدا هەیە. نوێخوازییەکی زۆر گەورە لە شــێعرەکانیدا هەیە کە ئێستاش بۆ من نوێن. مولاحەزە بفەرموو پاش نیزیک بەحەوتسەد ساڵ شێعرەکانی نوێن، ئەوڕۆکانەش نوێن... کەچی (مەسنەوی) کە بەلای ئێمەوە زۆر کتێبێکی گەورەی فەلسەفی یا عیرفانییە، هەریەک شــاعیر کوتوویەتی... دیوانی شەمس و مەسنەویش هەر شاعیرێک کوتوویەتی. لە دیوانی شەمسدا لەبارەی قالب و کەلیمات و ئەوەدا زۆر گەورەترە، بەڵام لە

مەســـەویدا فەلسەفەکەی گەورەترە... نازانم... لێرەش دەبێتە دوو ئینسان لە جێگایەکی توانیویەتـــی قالبی جوان، کەلیماتـــی جوان، فکری جوان لە شـــێعری خۆیدا بگونجێنێ. دەمەســـەویدا زۆری گوێ نەداوەتە قافیە و وەزن و کەلیماتی جوان، هەر ویســـتوویەتی فەلسەفەکەی نیشان بدا، عیرفانەکەی نیشان بدا...

• باشـــە ئەم ئیمتیازە بۆ تەنها دەدەیت بەحافز خۆ شاعیرە سۆفییەکان، بەگشتی یا بڵێین ئەدەبی ســـۆفی، ئەگەر هەمووشی نەبێ، ئەوا بەشـــێکی زۆری، شتی زۆر جوانیان وتووە، ئەوجا ســـۆفیگەری نەک هەر لای ئیســـلام بەڵکە ئەوەی بەزمانانی ئەوروپایی پێی دەڵێن mysticism دەورێکی گەورەی لە ئەدەبدا بینیوە...

- جا ئەوە ســـەیرە کە منیش بەخیلافی، بەپێچەوانەی هەموو کەس حافزم پێ سۆفی نییە.

• من مەبەستم بەستنەوەی فەلسەفەیە بەشێعرەوە...

- بەڵێ...

• خۆ سۆفیزمیش...

بەڵـــێ بۆ خۆی فەلســـەفەیەکە. جـــا ئەو جار بێتە ســـەر ئەوە. ئەگەر بێیتە ســـەر سۆفیزمیش... هەن، شـــاعیری وا کە بەڕاستی سۆفیزمیان لە شێعردا زۆر جوان کوتووە، وەکو مەحوی خۆمان... یا مەولەوی خۆمان، ســـەید عەبدولڕەحیمی مەولەوی بەڕاســـتی توانیویەتی؛ سۆفیزمی بەشتێکی مومتاز دەزانم، دەنا دیوانی شاعیرەکانی دیکەی فارسیش هی وای زۆر تێدایە... سەنایی باس دەکەی، عێراقی باس دەکەی، بەڕاستی ئەوانەش زۆریان هەن، شاعیری زۆر بەرز، سۆفیزمیان زۆر چاک هێناوەتە ناو چوارچێوەی شێعرەوە... بەڵام حافیز من پێم وایە زۆر بەرزترە لە سۆفیزمیش، پێم وایە عارفێکی زۆر گەورەیە کە دەڵێ:

بیـــا تـــا گل برافشـــانیم و مـــی درســـاغر اندازیـــم
فلـــک را ســـقف بشـــکافیم و طـــرح نـــو در اندازیـــم
اگـــر غـــم لشـــکر انگیـــزد کـــه خـــون عاشـــقان ریـــزد
مـــن و ســـاقی بهـــم ســـازیم و بنیـــادش براندازیـــم

کوا ئەوە لەگەڵ شێعری سۆفییەکی وەک یەک دەچێ، ئەوە شێعرێکە نازانم لە کوێیە. هەتا مەسەلەن خەڵک پێی وایە... خەییام زۆر مەشهوورە، کەچی، من سەیرە کە هیچ...

پێم وایە خەییام نە فەلسەفەی هەبووە و نە هیچ... پێم وایە شک و دوودڵی و تەردیدێک لە شێعرەکانیدا گونجاوە، کە بۆ خۆشی ئینسانێکی شەککاکە، کە نازانێ... من فەلسەفەی خەییامم هیچ بەلاوە فەلسەفەیەکی عەجایب و غەرایب نییە. ئیدی ئەوە عەقیدەی شەخسی خۆمە. خەڵکی دیکە نازانم تۆ چ بەراوردێکی لەوەی دەکەی کە من فەلسەفەی خەییامم زۆر پێ فەلسەفەیەکی سەیر نییە.

● ئەی جەلالەددینی ڕوومی؟ تۆ لە باشترین شێعرتا کە ناڵەی جودابیە، لە دوو شوێنا پەنات بردۆتە بەر جەلالەددینی ڕوومی... بۆچی؟

- بەڵێ... من پێم وایە عارفێکی یەکجار زۆر گەورەیە...

● لەبەر عارفییەکەی یا لەبەر شێعرەکانی؟

- عەرزت دەکەم... عەرزم کردی لە شەمسدا... لە دیوانی شەمسدا شاعیرێکی زۆر گەورەیە... لە مەسنەویدا ئەو شاعیرە نییە، یان ساحیبی ئەو قالبە کە لەوێدا ئیستیفادەی لێ کردووە، مەسەلەن «خود» و «بەد - بد» کە ئێمە ئەلعان تەلەفوزی دەکەین، زۆر جاری کردۆتە قافیە، کە ئەودەمی زۆر عەیب بووە، بەڵام گوێی نەداوەتە قافیە... ئەگەر تەنیا موقەدیمەکەی کە من... منیش هەر زۆر لە موقەدیمەکەی موتەئسیرم: بشنو از نی چون حکایت می کند.

کاکە، ئیدی ئەوە... ئەلعانیش ئەمن هەر تێیدا حەبسم... لە موقەدیمەی بەولاوەتر ناچم... پێم وایە موعجیزەیە، شێعر نییە... لە موعجیزەش گەورەترە... بەڵام لە دیوانی شەمسدا کە دەڵێ... تەماشای ئەو شتە جوان و تازەی، کە ئەلعانیش هەر تازەیە:

دی شیخ با چراغ همی گشت گرد شهر
کز دیو و دد ملولوم و انسانم آرزوست

لەو دەمێوە لە ئینسان دەگەڕێ، ئێمە ئەلعانیش لە قەڕنی بیستەمدا... ئاخر و ئۆخری قەڕنی بیستەمدا هەر لە ئینسان دەگەڕێین...

● بەڵام دیۆجین، ئەوەی یۆنانی، پێش ئەو، دەڵێن بەچراوە دەگەڕا، دەیگوت لە ئینسان دەگەڕێم...

- بەڵێ... ئیدی ئەو... بەڵام ئەو خستوویەتە ئەو زوبانە جوانەوە... لە ئینسان دەگەڕێ... بەڕاستی لە ئینسان دەگەڕێ...

• باشە پێت وانییە ئەم ئیعجابەی تۆ، ئەم خۆشەویستنەی تۆ، بۆجەلالەددین مەسەلە ئەوەیە تۆ زیاتر فارسی دەخوێنیتەوە...

ـ بەڵێ... جا من چ بکەم... غەیری فارسی و کوردی چ دیکە نازانم... زبانی دیکە نازانم غەیری فارسی و کوردی و... کوردییەکانیشمان... بەخوای... کاکە... مامۆستای وا هەیە دەڵێ... مێژووی ئەدەبی شەش هەزار شاعیرم کۆ کردۆتەوە، بەڵام ئەمن هەرچەند دەیانبژێرم هەر قامکەکانم بەسن بۆ شاعیرە گەورەکانمان... بۆ شاعیرە گەورەکانی پێشوومان و لەنێو لاوەکاندا دەبینم هەن و ئەمما ئیدی وێستا کاڵ و وێستا مەجالیان نییە شێعر بڵێن و... چووزانم، هەزار دەرد و گرفتاری کە بۆ خۆت دەزانی بۆ شاعیری کورد هەیە. بەڵام شاعیرە گەورەکانی مە... مامۆستا عەلائەددین سەجادی، هێندەی گڵ لەسەر وییە، هێندە عومری لاوەکانمان بن کە دەیانەوێ مێژووی ئەدەبی کوردی ئینشائەڵڵا بنووسن... ئەو کتێبە زەلامە، پێم وایە دوازدە شاعیرە باسیان دەکا، کە هیچیشیانی نەتوانیوە بەخەڵک بناسێنێ ئەوەیە کە... کاکە چ بکەین... لەبەر وەی ڕوو دەکەمە ئەدەبی فارسی، بڵێم چی، ئەدەبی فارسی ئەدەبێکی دەوڵەمەندە.

• تۆ باسی حافز و مەولانات زیاتر کرد، ئەدەبی فارسی هیچی تری تیا نییە؟!

ـ هاهـ... شاعیری زۆر گەورەی تریش هەیە... مەسەلەن گەنجەوی، کە کەسیش نازانێ میللەتی چییە.

• دەڵێن کوردە...

کوردە دەڵێ کوردە، چونکو دایکی:

گر مادر من رئیسهٔ کرد
مادر صفتانه پیش من مرد

ئەوە گومان لەوەیدا نییە دایکی کوردە. ترکیش دەڵێن ترکە، چونکو قەبری لە گەنجەیە و ژنێکیشی هەبووە بەنێوی «ئافاق» ترک بووە. بەڵام من عەقیدەم وایە نە لاوانەوەی ڕەئیسە خانمی دایکی کردوویەتییە کاژیک (پێ دەکەنێ)، نە ئافاق خانم کردوویەتییە پانتورکیست، نە... پیاو نازانێ بابیشی کێیە و بەڕاستی... بۆ خۆی... ناوی دەبا، بەڵام میللییەتەکەی ناڵێ بۆ خۆشی بەمیللییەتی نەنازیوە، وەک فیردۆسی دەڵێ:

بسـی رنـج بـردم در ایـن سـال سـی
عجـم زنـده کـردم بدیـن فارسـی

بەعەقیـدەی من ئەو عەجەمی زیندوو کردۆتـەوە بەپێنج گەنجەکەی، بەڵام نەیگوتووە زیندووشـم کردۆتەوە... بەزمانی فارسـی چاک دەردەبڕێ. ڕەنگبێ تورکیشی زانیبێ، تۆ پێت وایە پیاو دایکی کوردبێ و کوردی نەزانێ، بەعەقیدەی من زانیویەتی...

● دەبێ زمانی دایکیشی زانیبێ...

- ژنیشی کورد (بێگومان مەبەستی مامۆستا هێمن تورکە، نەک کورد. ف.ش) بێ، ئیدی چۆن، چۆن نازێ ئەو خانمەی هێندەی خۆشویسـتووە... پێم وانییە بەلالی ئەویش ڕازی بـکات... بەزیانی بەینەلمیلەلی (بین المللـی) ئەوە کوا جێبەجێ دەبێ (پێ دەکەنێ)... بەڵام «فارسـی» پێی وا بووە موناسـیبترە بۆ شـێعرەکەی، بۆ ئیحساساتەکەی. و لە هیچ کوێ ناڵێ من بۆیەم ئەو شـێعرە بەفارسـی گوت پێم وایە فارسـی چاترە لە تورکی یا لە کوردی. بەڵام تەواوی ئاسـارەکەی، حەتتا بۆ نموونـەش ئێمە نابینین ئەم کابرایە میسـرەعێکی کوردی کوتبێ، وەکو هێندێک بۆ خۆت دەزانی، شاعیرەکانیمە، هی قەڕنی، نۆزدەمان، بۆوەی کە بڵێ فارسـی دەزانین، ئەقەللـەن... باوەڕ بفەرموو وەختێکی دیوانی مەحوی بڵاوبۆوە من زانیم مامۆسـتا گۆران فارسـی باش نەزانیوە، چونکو کاکەی فەللاح بۆی گێڕامەوە کوتی: مامۆسـتا دەڵێ ئێوە شـێعرەکانی مەحـوی مەعنا نازانن، هونەری مەحوی لە فارسـی گوتنەکەیدایە، وە حاڵێکی من دەزانم، فارسـییەکانی بەداخەوە هەر کاوێـژی کوردییەکانێتی (پێ دەکەنێ)... وە لە کوردییەکەیـدا زۆر چاکی پتر دەربڕیوە، کەوابوو...

● ئەی مەولانا فارس بوو، تورک بوو، چ بوو، بەلای تۆوە؟!

- وەڵلاهـی، کاکـە، ئەویش... بـڕوا... نازانم... لە بەڵخەوە هاتـووە، بەڵخیش ئەو دەمی... فارسی زوبانێکی... ڕەواجی هەبووە، نووسین بەفارسی بووە، تۆ بۆ خۆت، کاکە فەرهاد، پێت وایە تاران بەقەد سـولەیمانی تۆ فەرەیدوون و ئیرەج و نازانم گەرشاسـب و... ئەوی تێدان... ئەسفەندیار و... وەڵلاهی ڕەنگبێ، تاران بەقەد سولەیمانی سی ساڵ لەوەی پێش ئەسـفەندیاری تێدا نییە... ئەدەبی فارسـی ڕۆییوە کاکە... ئەدەبی فارسی ڕۆییوە، وای لێ کردوون کە پادشـایەکانی عوسـمانی، کە بۆ خۆت دەزانی خەلیفەکانی

عوسمانی ویستوویانە، هەمیشە شەڕیان بووە لەگەڵ فارس، کەچی بەفارسییان شێعر گوتووە بۆ خۆیان. من زۆر بەزەحمەت، لە بولغاریا بووم، فێری ئەو خەتە عەجایب و غەرایبەی بووم کە ئەوان پێیان دەنووسی، بۆ ئەوەی تابلۆیەکی بخوێنمەوە. ڕۆژێکی بەبەر دەرکێکدا ڕۆیشتم، تەماشام کرد لێی نووسراوە «مەیخانە» ئەوپەڕی تەعەجوبم کرد، گوتم کاکە مەیخانە چ دەکا لە بولغارستانێ؟! تەماشا دەکەم لێرەڕا ڕۆییوە، چۆتە تورکیە و لە تورکیەڕا، لەگەڵ تورکان چۆوەتە بۆ بولغارستان و لەوێ بە «باڕ»ێ کە تەواوی ئەورووپایی دەڵێن باڕ...

- لەوێ بۆتە مەیخانە...

ـ لەوێ بۆتە مەیخانە... کەوابوو ئەدەبی فارسی ڕۆییوە ئیدی... ئێمەی کورد، سەیرە، دیوانی خانای قوبادیت نازانم بەنەزەر گەییوە یا نا؟ ئێستاش، ئەمن مەم و زینێکی کۆنم، ئەلعان، لێرە لەکن ڕەفیقەکەت هەیە، کە ئەودەمی هەمزە بڵاوی کردۆتەوە، سەر بەحسەکانی هەموو بەفارسی نووسیوە...

- ڕاستە...

ـ کەوابوو ئێمە پێمان وا نەبووە کوردی... بابی مە پێی وا نەبووە کوردی نەسری پێ دەنووسرێ. هەر پێی وابووە شێعری مومکینە پێ بکوترێ، ئەمما نەسری نابێ پێ بنووسرێ، حاڵێکی ئەمە دەزانین کە بەڕاستی دەتوانین پەخشانی زۆر بەرز بەزمانی کوردی بنووسین. من «شازادە و گەدا»م لە فارسیڕا، دیارە، تەرجەمە کردووە، هی مارک تۆینی. لەبیرمە بەموتەرجیمە فارسییەکەی، کە بەڕاستی جێی فەخری ئێران، وە ناتوانم بڵێم جێی فەخری کوردە، با وجوودی کە کوردە، چونکو خزمەتی بەزمانی فارسی پتر کردووە، بەداخەوە. کوردی وا باش نازانێ ئەگەرچی کوردیش دەزانێ، ئاغای محەمەدی قازی، کە ئەگەر ئیشائەڵڵا ڕێت لە تارانێ کەوتووە بەخزمەتی بگە، بەڕاستی پیاوێکی زۆر گەورەی کوردە... ئەو... نازانم لە چ زەمانێکڕا وەری گێڕاوەتە سەر فارسی، منیش لەسەر فارسییەکەی وێڕا کردوومەتە کوردی. بەداخەوە ئێستاش چاپ نەکراوە. هەر لە عێراقیشم کردبووە کوردی. وە لێرەدا بەحسێکی دیکە دێتە گۆڕێ. من دەعەینی حاڵدا کە ناڵەی جودابیم دەگوت، بۆ ئەوەی کە برێکیش دڵی خۆم خۆش بێ و پێکەنینێک بێتە دڵم، شازادە و گەداشم تەرجەمە دەکرد کە کتێبێکی تەنز و... ڕۆژێکی عەرزم کرد، کوتم مامۆستا من شازادە و گەدام لەسەر فارسییەکەی تۆ تەرجەمە کردووە، دە زۆر جێگایاندا پێم وایە ڕەتم کردووە لە تۆ، بەڵام لە جێگای واشە زۆر دەست کورتم... کوتی-

تەوازوعـــی فەرموو ـ فەرمـــووی تۆ نەخێر هەر چاترت کردووە . بەڵام واقعییەت ئەوەیە، لە جێیەکی من گەیشـــتوومە باســـی هەژاری، فەقیری، نەداری، باســـی هەژاری و فەقیری و نەداری و چارەڕەشی و بەدەبەختی دەکەم، بەبێ شک چاکم کردووە، چونکو ئەوەندەم لە ئیختیاردایە و فرمێسک و ڕۆندک و نازانم چم لە ئیختیاردایە.

• لای فارس نەبووە...

ـ لای فارس نییە. بەڵام وەختێکی دەگەمە تەخت و تاج و پادشـــا و تالاری پادشـــایی و پەردەی پادشـــایی و سفرەی پادشایی، تەماشـــا دەکەم منێکی کە لەسەر کەوڵی ڕەق نانـــم خواردووە، چۆن دەتوانم، ئەو کەلیماتانەی لە کوێ بێنم کاکە... منێکی کە بەنان و ماســـت و لۆرک و شـــیرێژ پەیدا بووم، کوا دەزانم باسی خۆراکی پادشایانە بکەم و لەوێدا زەعیفم. من خۆم ئیعتراف دەکەم زەعیفم... لەباتی ئەعلا حەزرەتی قەدەر قودرەتی نازانم هومایەنفـــەڕی نازانم چـــی، ئێمە هەمانە و نیمانە خاوەن شـــکۆیە (پێ دەکەنێ)، ئەویش دروست کراوە بۆ خۆت دەزانی.

• باســـی نەسر و شێعر و ئەوەت هێنایە پێشەوە، باسێکی چاکە! زۆر کەس پێی وایە تۆ نەسرت لە شێعرت جوانترە!

ـ وەڵلاهی منیش... هەر لە ئەوەڵی موساحەبەکەمدا کوتم، ئەگەر کورد نەبام، مەجبوور نەبووم ئیحساســـاتی خۆم بەشـــێعرەوە بەخەڵک ڕابگەیێنم، منیش پێم وایە نەسر نووسینم خۆشترە. وەنەبێ بۆ خۆم موخالیفی ئەو کەسانە بم کە وا دەڵێن.

• بێجگە لە ئەدەبی فارسی، ئەدەبی میللەتانیتر چی و چەندت خوێندۆتەوە، مەبەستم لە ڕێگەی فارسییەوە...؟!

ـ بەڵێ... هەر لە ڕێگەی فارســـییەوە... وەڵلاهی، کاکـــە، من تەقریبەن ڕەنگبێ دوو ســـاڵ بێ، موتالەعەم لە کەمـــی داوە، چونکو کاری دیکەم هەیـــە، بەداخەوە موتالەعەم کەمە، دەنا پێم وایە تەواوی شـــاکارەکانی ئەدەبی غەربی کە بەفارســـی تەرجەمە کرابن خوێندوومەتەوە. مەســـەلەن پێم وایە هیچی چیخۆف و تۆلســـتۆی و شـــۆلۆخۆف و ئەوە نەمابێ نەمخوێندبێتەوە.

• ئی دیستۆفسکی و شکسپیر؟!

ـ شکسپیر کاکە، من بەڕاستی لە شێعری تەرجەمە... شێعری شکسپیرم خوێندوونەوە، بەڵام من لە شێعری تەرجەمەکراو ئەو لەززەتە نابەم کە... وەختێکی هاملێت دەخوێنمەوە نازانم، بەڕاستی ناتوانم گەورەیی شکسپیرێک کە بۆ منی تەشریح دەکەن، بەو هاملێتەی...

دۆنی ئارام دەخوێنمەوە و شـــۆلۆخۆفی وا دەناسم. وەختێکی جەنگ و سوڵحی تۆلستۆی دەخوێنمـــەوە، وەختێک ئاناکارنینای دەخوێنمـــەوە، وەختێکی چیرۆکەکانی جەک لەندەن و ئەوی دیکە، نێوی چییە پیاو!! (خوشـــەهای خشـــم) هی کێیـــە، نازانم، دەخوێنمەوە، بەڕاســـتی ئەو نێوە ئەوروپاییانەش هێندە ناخۆش دێتە بەر گوێی پیاوی نازانم بیانڵێم. ئەمما، بەڵێ شاکارەکانی ئەدەبیاتی غەریم هەموو...

- جۆن شتاینبێکی ناوە...

ـ بەڵێ... بەڵێ... وەختێکی (خوشـــەهای خشم) دەخوێنمەوە دەزانم چی گوتووە... بەڵێ... بەڕاستی... باسی دۆمای کرد... ئەلیکساندر دۆما منی زۆر کێشا بۆ لای... دیارە بـــۆ خۆت دەزانی زۆر ڕۆمانتیکن نووســـینەکانی. بەڵام بەڕاســـتی پیاوی بەزەوق دەکەن، یانی پیـــاو ناتوانێ... فێری خوێندنـــەوەی دەبێ... وەختێکی ســـێ چەوەندەری دۆمای دەخوێنییەوە ئیدی ناتوانی دەســـت لە خوێندنەوەی هەڵگری. پێم وایە حەتا من لەبیرمە بەجەوانی چیرۆکەکانی پۆلیسیشم دەخوێندەوە و زۆریشم بەلاوە خۆش بوو...

- شەرلۆک هۆلمز و شتی وا...؟!

ـ بەڵێ... ئەوانەشم دەخوێندەوە و زۆریشم بەلاوە خۆش بوو. ئەم ڕۆژانە باسی ئەوانەم بەوانە کرد، دوایە دەســـتم بەخوێندنەوەکانی دۆما و نووسەرانی ڕۆمانتیکی فەرانسەیی... زیاتر ئەودەمی لە فەرانســـەوە شت دەکرا بەفارسی... باوەڕ دەکەی تۆ، من (بینوایان)ی: فیکتۆر هۆگۆم لە سێ ڕۆژاندا خوێندبێتەوە چونکو ڕەفیقەکەم بەئەمانەتی دامێ، گوتی لە ســـێ ڕۆژان زیاتر نابێ و هەمووشـــم خوێندۆتەوە و ئەلعانیش کە دەیکەمەوە، ڕەنگبێ چل ساڵ ڕابردبێ بەسەر ئەو خوێندنەوەی مندا، ئەگەر دەیکەمەوە، تەماشا دەکەم دێتەوە بیرم، ئەودەمـــی هێندە بەدیققەتم خوێندۆتەوە. ئەلعان وا نیم، بەداخەوە، کتێبێکی دەخوێنمەوە لەبیرم دەچێتەوە. ئەمما بەمنداڵی خوێندوومەتەوە، بەجەوانی خوێندوومەتەوە، تازە ئیدی تازەگی بۆ من نەماوە.

- باش بوو هێناتە ســـەر باســـی خوێندنەوە، تۆ چیت خوێندۆتەوە، چ دەخوێنیتەوە؟ یانی خوێندنەوەکانت زیاتر لە چ مەجالێکدان؟!

وەڵڵاهی کاکە، من بەڕاستی عەلاقەیەکی زۆرم بەداستان هەیە، ڕۆمان هەیە...

- تۆ خۆت شاعیری و داستان زۆرتر دەخوێنیتەوە...

ـ زۆرتر دەخوێنمەوە... زۆر سەیرە، باوەڕ بفەرموو وەختێ دیوانی شاعیرێکم وەدەست دەکـــەوێ، لە پێشـــدا موقەدیمەکەی دەخوێنمـــەوە. پێم وایە لە پێشـــدا موقەدیمەکەی

بخوێنمەوە تا بچمە سەر شێعرەکانی. پێم خۆشە بزانم نەسرەکە چۆن نووسراوە لە بارەیدا، ئەو شـاعیرە چۆن بەمن ناسـێنراوە بەڵێ، ڕۆمان و داستان دەخوێنمەوە. بەڵام تۆ نازانی بەڕاستی لە فارسیشدا، بێجگە لەوەی تەرجومە کراون، ئەمجار خۆشیان، فارسی بەڕاستی نووسـەر و شـاعیری گەورەیان هەیە، نووسـەری گەورەیان هەیە. باوەڕ بکە ئەو بەینانە کتێبێکـم خوێندەوە، (از صبا تا نیما) ئەدەبی کوردی لە بەینی دوو شـاعیردا، شـاعیرێک کە...

- ئەدەبی فارسی...

- بەڵێ... ئی فارسـی...، بەڵێ... باوەڕ بفەرموو پیاو تەعەججوب دەکا، ئەو ئینسانە چەندی موتالەعە کردووە بۆ نووسـینی ئەو کتێبە، وە چۆنی توانیوە نەسـر نووسەکان و شـاعیرەکانی لە (صبا) وە تا (نیما) - پێم وایە قەڕنێک یا قەڕن و نیوێکی بەینە هەمووی بەخەڵک ناساندووە. نە ئەوەی کە مەسەلا عیشقی هەمەدانی بابی نێوی سەید ئەبولقاسمی کوردسـتانی بووە، ئەوە موهیم نەبووە لە نـەزەر ویدا، چی کوتووە ئەو کابرایە، ئەوە بۆ وی موهیم بووە، وە تەحلیلی کە ئەو کردوویەتی لەسەر ئەوە، کە بەداخەوە ئێمە وێستاش شـتێکی وامان لە ئەدەبی کوردیـدا نییە. ئەوەش هی چییە... من خودای نەخواسـتە، پێم وابێ کورد بێ ئیسـتیعدادە؟! نا... خودای نەخواسـتەش نییە، چونکو بڕوام بەوەی هەیە کە کورد بەئیسـتیعدادە، بەڵام مەجالی نییە کاکـە. ئەلعان ئایە ئەگەر محەممەدی قازی مەجالی با، ئەو هەموو کتێبەی کە بەفارسـی تەرجەمە کردووە - ڕەنگبێ بۆ خۆشی حیسابیان نەزانێ چەندی کتێب تەرجەمە کردووە - بەفارسی تەرجەمە دەکرد؟! نا... پێم وایە ئەگەر لە کوردسـتانێکدا با بۆ کوردی تەرجەمە دەکرد. وە ئەلعان تەسمیمی گرتووە کە ئەوەی تەرجەمەی دەکا، حەددی ئەقەل حەول دا شـتێ تەرجەمە بکا لەسـەر کوردی شت تێدابێ، کە ئەلعان کورد و کوردستانەکەی نیکیتینی لەبەر تەرجەمە دایە و ئەو ڕۆژانە پێم وایە، ئینشـائەڵلا دەگاتە دەستمان و ئەگەر منیش بمێنم یا خۆم تەرجەمەی دەکەمە سـەر کوردی یا یەکی دیکە وادار دەکەم کە تەرجەمەی بکاتە سـەر کوردی. یەکێک لە مامۆستاکان کتێبێکی عەرەبی... من نەمدی، ئەو دەمی چاپ نەکرابوو، گوایە، دەبێ پاش من چاپ کرابێ... قەتم لەبیر ناچێ و، ئەوە داخێکە لە دڵما. کوتم تۆ بۆ لەسەر ئەحمەدی خانی بەعەرەبی دەنووسـی، خۆ وێسـتا کـورد ئەحمەدی خانی نەناسـیوە، بۆ عەرەبی دەناسێنی؟!... کوتی وەڵڵاهی کاکە ئەوە پوولی پتر تێدایە... باوەڕم پێ دەکەی، بۆ خۆم لێم بیستووە، ئایا من دەبێ چ بکەم ئەحمەدی خانی ناناسم وەکو... وەک ئەو دەیناسێ، یا وەک هەزار دەیناسـێ، من نایناسم. وە لەبەری پاڕامەوە، کوتم بریا تەرجەمەت نەکردبا

شێعر بەشـــێعر پێت ناساندباین... پێت ناساندباین خانی چییە، بەڕاستی خانی ناناسین، بەڕاستی نازانین چ بلیمەتێک بووە... بەخۆڕایی نییە کاکە، ڕەنگبێ لە جێگایەکی دیکەشدا نووســـیومە کە کاکە ئێوە چ هەرا و هۆریایەکتانە. شـــێعر هەر بەکوردی بڵێن و کەلیمەی عەرەبی تێدا نەبێ و... خۆ بۆ مەم و زین دەبێ تەماشـــای قاموســـی فیرووزئابادی بکەی تا لە کەلیمەکانی بگەی، بەڵام تا وێستا، بۆ خۆت دەزانی، بەچەند زمانی دنیایە تەرجەمە کراوە مەم و زین...

- بەزۆر زمان...

ـ بەڵێ... کەوابوو بەوەی کە: (ســـەرنامە بەنامی تۆیە ئەڵڵا) بەوەی پێم وا نییە خانی لەبەر چاوی دنیایە کەوتبێ، شاعیرێکی گەورەیە.

ڕاستە... خانی... ئەڵبەتە دوایی دێینە سەر خانی... خانی تەنیا شاعیر نییە، موفەککیرە، خاوەن بیرە، بیریارە، دەردی کاک مەسعوود دەڵێ... وە باوکی کوردایەتیشە...

- بەڵێ...

ـ یەکەم کەسە کوردایەتی کردووە و بەپرۆگرامیش کردوویەتی...

بەڵێ بەپرۆگرامیش... وە من... با ئەوەشـــت عەرزکەم، کە کوردایەتی، یا ناسیۆنالیزم لە شـــێعری خانیدا، دیفاع لە هەژارترین، چارەڕەشترین قەومی دنیایە بووە، وە حەتا ئەو کەســـانەی کە موعتەقید بەناســـیۆنالیزمیش نین، ئەگەر لە موقابیلی ئەوەیدا، ئەگەر بڵێم ئەوە ناسیۆنالیستە زوڵمە... ئەوە ناسیۆنالیستی نییە... دیفاع لە...

- بۆ خۆت دەزانی... ئەو باسەی کە زۆر جار خەڵک وای باس دەکەن... شەڕی نێوان، یا بڵێین پێوەندیی نووســـەر و ڕەخنەگر... تۆ چۆنی دەبینی؟! بۆ خۆت تەجروبەی خۆت لەو بارەیەدا چۆن بووە؟

ـ وەڵڵاهی، کاکە من، بەداخەوە، کەم ڕەخنەگری وام دیوە، کە لە کوردستاندا، لە خۆم ڕەخنەی باش بگرێ... بەڵام زۆر بڕوام بەڕەخنەگر هەیە. من پێم وایە ڕەخنەیە نووسەر و شـــاعیر دەکاتە نووسەر و شاعیر. وە هەر شاعیرێکی یا نووسەرێکی، لە ترسی ڕەخنەگر، دەســـتی بەقەڵەمەوە نەلەرزیبێ وەختی نووسینێ پێم وایە قەت ناگاتە... نازانم لە کوێدا خوێندوومەتەوە دەڵێ شاعیرێک بەڕەخنەگرێکی کوت، گوتی ئەمن دەچمە هەر جێگایەکی پەیکەری شـــاعیرێکی لێیە، بەڵام تا ئێســـتا پەیکەری ڕەخنەگرێکم نەدیوە لە هیچ کوێ. گوتی ئاخر لە سایەی ئێمەیە کە ئێوە...

- پەیکەرتان بۆ دەکرێ...

- پەیکەرتـــان بـــۆ دەکرێ... بەڵێ... من پێم وایە ڕەخنەگر زۆر باشـــە، وە بەداخەوە کـــورد... من... لە کوردســـتانی عێراق دەگەڵ مەتبووعات ســـەروکارم بووە، خەڵک زۆر دوژمنایەتـــی لەگـــەڵ پیاوی پەیدا دەکرد ئەگەر ڕەخنەی لێ دەگرت. تەنیا کەســـێکی کە ڕەخنەیـــان لێ گرت و ڕەخنەیەکی بەعەقیدەی من بەجێش نەبوو، هی دڵشـــاد محەممەد ئەمینە لەسەر من. خۆی لێ شاردمەوە، ڕۆژێکی لێی گەڕام، ماچم کرد، کوتم کاکە گیان، تۆ بوویە باعیسی ئەو هەموو هەرایەی...

● لەسەر تاریک و ڕوون کرا...

- لەســـەر تاریک و ڕوون... نەخێر، وەڵڵاهی بەکەیفی خۆتم لەسەر بنووسە... زۆریشم پـــێ خۆش بوو... ئەلعانیش هـــەر پێم وایە کە ڕەخنەگـــر زۆر زۆر دەورێکی گەورەی لە بووژاندنەوەی ئەدەب و فەرهەنگی میللەتێکدا هەیە.

● ئـــەی بڵاوکردنەوە چۆنە بەلاتەوە؟ زۆر کەس پێی وایە کە پیاو مەجالی هەبوو بڵاو بکاتەوە، شـــتی خراپیش دەڵێ... وای لێ دەکا، حەز لە بڵاوکردنەوە کردن وای لێ دەکا کە شتی کاڵ و کرچیش بخاتە سەر لاپەڕان...

- وەڵڵاهـــی، کاکە، ئیـــدی،... من هەر ئەو ڕۆژانەش دەگەڵ مامۆســـتا هەژار لەبارەی وەیدا موناقەشـــەیەکمان بوو. من پێم وایە هەموو نووســـینەکانی ئەو کەسانەی دە پازدە کتێبیان نووسیوە، بەئەندازەی شێعری «شوکری فەزڵی»م بەلاوە موهیم نییە... هەر ئەو غەزەلەیشـــم لێ دیوە، ئەو پێنج شـــەش شێعرەی بۆ کوردی گوتووە. کار کە ڕووی ئێستە لە هەورازە سەرەولێژی نەکەی... (ڕاستییەکەی: ئیش کە ڕووی ئەمرۆ...ف) من پێم وایە کـــەم و پوخت زۆر چاکترە، وەک زۆر و... لەگەڵ زۆر و بۆری یەکجار موخالیفم. پێم وایە کەمی بنووسی و چاکی بنووسی باشە.

● سانسۆرت پێ چۆنە؟!

- وەڵڵاهی لێی بێزارم...

● سانسۆری سیاسی ئەڵبەتە...

بەڵێ... بەڵێ... ئیدی... وەڵڵاهی لە هەموو نەوعە سانسۆرێکی بێزارم...

● ئەی هەندێ جار پیاو خۆیشی دەبێ بەسانسۆری خۆی...

- بەڵێ، لێی گەڕێ بۆ خۆی، یا نووسەر بۆ خۆی سانسۆری خۆی بکا...

● باشترە...؟!

- باشترە... دەزانی، سانسۆر زۆر لە زەوق دەدا! لە حەتتا سانسۆری ئەخلاقی، حەتتا

سانسۆری نازانم عەقیدەتی. بەعەقیدەی من لێی گەڕێ، پێی بڵێ خۆت خۆت سانسۆر بکە نووسەرا! نووسەرێکی عەقلی وەی نەبێ خۆی خۆی سانسۆر بکا حەیفە هەر قەڵەم بەدەسەوە بگرێ.

● یانی لە کوردستانێکدا ئەگەر تۆ وەزیری ڕاگەیاندن بی، چ دەکەی...

- وەڵڵاهی ئەگەر (پێ دەکەنێ)...

● کە ناشبێ...

- بەڵێ... دیارە... (آرزو بر جوانان عیب نیست)، لە فارسیشدا شتی وا هەیە... بەڵام قەت ئەوەی نابینم. ئەمما ئەگەر بیبینم... ئیللا شتی خراپ نەبێ... ها... (پێ دەکەنێ).

● شتی خراپ چییە؟!

- شتی خراپ، لە باری ئەدەبییەوە ئەرزشی نەبێ، دەنا لە باری دیکەوە هەرچی دەیڵێ من سانسۆری ناکەم. بەڵام کەسێکی بەڕاستی ئەرزشی نەبێ و بیەوێ خۆ بەسەر خەڵکیدا بسەپێنێ ڕەنگبێ (پێ دەکەنێ) نەیەڵم شتی وی چاپ بکرێ...

● ئەی باشە، باشتر نییە ئەوەش بکەوێتە بەرچاوی خەڵک و خەڵک بۆ خۆی بڵێ تۆ خراپی...؟

- کاکە هێند دواکەوتووین، بەداخەوە. مامۆستا زەبیحی دەیکوت، بۆ خۆی هەزار جاری کوتووە، لە کتێبەکەشیدا نووسیویەتی. نووسیویەتی، من نامەیەکم لە بەرواروە بۆ هاتووە، وەختێ کۆمەڵەی ژێ. کاف بووم، نووسیویەتی بەرواری...

● ئەوەندەی ئەوەندە...

- ئەوەندەی ئەوەندە... دەڵێ پەنجا ساڵە... من بۆ خۆم ئەودەمی بەتەئریخم زانیوە، پەنجا ساڵە خەریکم لەبیر خەڵکی بەرمەوە لەبیری ناچێتەوە. وە باوەڕم پێ بکە لەو نامانەی کە ئێستا بۆمان دێ، بۆ سروە دێ، ئەغڵەبی بەرواری نووسیوە... بڵێن چی... وەختێکی غەڵەت هاتە گۆڕێ... نازانم بۆ ئەو کوردە ئەو نەخۆشییەی هەیە، شتی غەڵەتی چاتر دێتە بیر...

● تۆ، ئەڵبەتە، سانسۆرت تووش بووە، سانسۆری داگیرکەرانی کوردستان...

- تەواوی ژیانی خۆم من لەژێر سانسۆردا بووم...

● ئەی سانسۆری کورد...؟!

- لەژێر سانسۆری کوردیشدا بووم.

• ئەوەیان چۆن...؟

- وەڵڵا، کاکە، ئەوەم دەتوانی ڕەفع بکەم. سانسۆری کوردم دەتوانی ڕەفع بکەم، بەوی دەوێرام. لەولایە، وەکو عەرزم کردی، وەختێکی ئەندامی حیزب بووم، سانسۆریان دەکردم، دەچووم لە جێگەیەکی دیکە بڵاوم دەکردەوە، یا ئەقەللەن دەمدایە دەسی خەڵکی...

• ئەی ئەو شـێعرانەت کە بەبێ ناو لە کوردسـتاندا بڵاوت دەکردنەوە، مەبەسـتم لە ڕۆژنامەی کوردستاندا...

- بەڵێ ئیدی، ئەوە سانسـۆرەکە بوو، بەڵام لە تاریک و ڕووندا شـێعرێکم هەیە، کە دیارە ئەوەش دەبێ لەبیر نەچێ کە مەحەللییە. لە مەهابادا وەختێک کە من ئەو شـێعرەم بڵاوکردەوە بەنێوی (ڕاوە بەران)، ئەوەڵا شـوجاعەتێکی سـەیرم کرد، کە چەکی ڕاویان، تفەنگی ڕاویان لە هەموو کەس ستاندبۆوە و کە لە عێراق تەقە هەیە، نابێ لێرە تۆ تفەنگی ڕاویان بەدەسـتەوە بێ، من وێرام، بۆ خۆشـم ڕاوکەر بووم، ئەودەمی، ئەو ئیحساساتەی خۆم بڵاو بکەمەوە. لەوێدا برێکیشـم گاڵتە کردووە. لە کوردسـتانی عێراق ئەو شێعرەی من زۆری دەنگ نەداوە، بەڵام لە کوردستانی ئێران ئەو وەختی، دەنگێکی عەجایبی داوە، چونکـو ئـەوەلا کەس نەیدەوێرا بڵێ بۆ شـا چەکی لە خەڵکی ئەسـتاندەوە. من ئەوەم بڵاوکـردەوە، بەڵام دە لیباسـی جەفەنگ و شـتی وادا ونم کرد. حەتـا وایان لێ هاتبوو زابتەکان، ئەفسـەرەکان، ئەفسـەرەکانی ڕاوکەر، بۆ خۆیان هەموو لەبەریان بوو، ئەوانی کورد. مەسەلا دەوێدا دەڵێم:

ئیتـــر مـــەحمـــوود بانـــادا سـمێڵی
سـمێڵ بادانـــی بـێ عـــەیبـە بـەدێڵـی
کـە ڕاوکـەر بـێ تفەنـگ ئەڵبەتـە دیڵـە
لـە هەمـووان دێلتریـش مەحمـوود سـمێڵە

لەوانەدا دوو سـێ شـێعری وای تێدا بوو کە پسـاوە، ئەلعان دێمەوە، پاش ئەوەی هاتوومەوە مەهابادێ، پێم دەڵێن بۆ ئەو شـێعرەی تێـدا نییە. خەڵکی مەهاباد لەبەریان ماوە، بەڵام سانسـۆری حیزب ئەو شـێعرانەی لێ پەڕاندن. هەرچـی حەولم دا کە باوکم ئەقەللـەن نوختەیان لە جێگا دانێن... گوتیان نا. کەچی شـێعرەکە لەبیر خەڵکی ماوە. ئەوە سانسـۆری حیزب بوو کە ئەمە کەلیمەی سـووکی تێدایە. برێکم گاڵتە کردبوو، دوو

سێ کەلیمەی، ڕەنگبێ، دەگەڵ ویقاری (ئەلفەکە بەشێوەیەکی گاڵتە ئامێز درێژ دەکاتەوە.
ف) سیاسی یەکی نەگرتباوە، لێیان فڕێ داوە.

• ئێستە کە ئەندامی پارتی نیت، یا ئەندامی پارتییەک نیت، زۆرتر باسی سیاسەت و باشتر باسی سیاسەت دەکەی. ئەودەم بۆ نەتدەکرد...؟ لە تاریک و ڕوونیشدا وات نەگوتووە، یا پێشانت نەداوە کە سانسۆری حیزبیش و کوردایەتیش تەئسیری لێ کردووی...

- ئەوەش هەر سانسۆری حیزبە کاکە (پێ دەکەنێ)، مەگەر تاریک و ڕوون کێ بڵاوی کردۆتەوە؟! حیزب بڵاوی کردۆتەوە، خۆ من بڵاوم نەکردۆتەوە.

• ئەی ئێستە چۆن سەیری تەجروبەی سیاسی خۆت ئەکەی؟!

- قەرار وا نەبوو لە سیاسەت قسە نەکەین...؟!

• نا... مەبەستم ئەوە نییە بەدرێژی باسی بکەی، تەنیا وەک یەکێ لە تەجروبەکانی، سەرچاوەکانی شێعر لای تۆ، هەڵبەتە سیاسەتیش دەورێکی بینیوە. ئێستە چۆن سەیری ئەو ژیانە دەکەی کە لە سیاسەتدا بردووتە سەر؟!

- وەڵڵاهی من ئەلعانیش بەجێی شانازی خۆمی دەزانم، چونکو پێم وایە کورد هەر بەشێعر ڕزگاری نەدەبوو... لە ڕژێمی تاغووتیدا، پێم وابوو کە دەبوو سیاسەتیشی بۆ بکەی، حەتتا چەکداریشی بۆ بکەی. لەشەڕی سێ مانگەی لەگەڵ لیبرالیزم و بەنی سەدردا من چەکداریشم کرد، بەو پیرییەی خۆمەوە. ئەلعان «بەردە هێمن» مەشهوورە کە لەبن بەردێکی دانیشتووم و هێلیکۆپتەرم وەبەر تفەنگان داوە. بەدەست و تفەنگیش خوێڕی نیم، ئەمما پێم وابوو بەنەفعی ئیمپریالیزم کورد نابێ دەست بداتە چەک ئیدی. من دەو بڕوایەدام، ئەلعانیش هەر دەو بڕوایەدام کە ئیمپریالیزم دەیتوانی لە شەڕی ئەووەڵی جیهانیدا کوردستانێ بەوجوود بێنێ، زۆر بەئاسانی دەیتوانی، نەیکرد، بەتایبەتی ئەو ئیمپریالیزمەی فەرەنسە، کە بەحاڵەتێکی برا کوردەکانی سووریەمان بەلەش و خوێن هەموو شتێکی خۆیانەوە، ئیحساسیان کردووە. تاریخ نیشانی داوە ئەگەر ئیمپریالیزمی فەرەنسە یاریدەی کەمال ئەتاتورکی نەدابا، بەو زووانە شۆڕشی کوردی تورکیەی دانەدەمرکایەوە. ئێمە چۆنمان هیوا بەوەی بێ. ئەوەیە کە من، ڕاستییەکەی، وەکو ئینسانێکی دژی ئیمپریالیزمی ئەلعان لە سیاسەتدام.

• ئەوجا با بچینە سەر شێعری کلاسیکی کوردی یا هەر ئەدەبی کلاسیکی کوردی...

- بەڵێ...

• چهند شارهزاییت لێ ههیه؟

ـ بهڵێ، وهڵڵاهی ههر له پێشداش گوتم من کلاسیک نالیم، کاکه، چونکو... من دهڵێم، عهرووزی، کۆن، نازانم... ههرچی دهڵێ... وهڵڵاهی زۆر شارهزام من.

• کلاسیک که دهڵێم، لێرهدا مهبهستم تهنیا شهکل با بڵێین فۆرمی شێعر نییه، بهڵکه ههر وهک قۆناغێکی تاریخی ناوی کلاسـیک دهبهم... ههر ئێمهش نین، میللهتی دیکهش ههموو وان...

ـ ئێمه دوو نهوعمان ئهدهب ههیه، بهڕاسـتی... ئهدهبیات، شێعر ههیه... نابێ بڵێین ئهدهبیاتمان ههیه بهتهواوی مهعنای کهلیمه... دوو نهوعمان ئهدهبیات ههیه، نووسـراو و نهنووسـراو، یانی ئهوانهی وهک شـاعیرهکانی له جزیری، فهقێ تهیران و له جزیر ڕا دێیه خوارێ... ئهگهر ئهوانه دهڵێی من شاعیری زۆر گهوره دهنێو وانهدا دهبینم. ئهگهرچی زۆر چـاک لهحجهی گۆرانی نازانم من ـ با ئـهو حهقیقهتهش بڵێم بهڵام وهختێکی بهراوردێکم کردووه له بهینی شـیرین و خوسـرهوی خانای قوبادی و نیزامیدا هیچ بهکهمی نازانم له نیزامـی، له نیزامی بهکهمترم نایهته بهرچاوی. وهختێکی مهم و زینی له موقابیلی یهکێک له پێنج کتێبهکانی نیزامیدا دادهنێم، ئهگهر مهم و زین ده موقابیلی لهیل و مهجنوونی که ههر لهسهر ئهو وهزنه دانراوه، موقابیلیان بکهین، ئهمن پێم وایه له باری مهعناوه، مهم و زین چێتر و فهیلهسووفانهتره. وه بۆیهش زۆری بهموهفهق دهزانم قارهمانهکانیشی کوردن، سـهحنهی داستانیشی ههر کوردسـتانه، فهرههنگ ههر فهرههنگی کوردییه. داب و ڕهسم ههر داب و ڕهسـمی کوردییه، بهڵام نیزامییهکی له گهنجهڕا دهچێ بۆ خۆڵی عهرهبستانی نهیتوانیوه ئاداب و ڕوسـوومی عـهرهب وهکو عهرهبێک بهیان بکا. دیاره فارسـییهکهی زۆر ڕێک و دروسـتره له کوردییهکهی خانـی. دهگهڕێینهوه بۆ نالی و مهحوی و ئهوانه، بهڕاسـتی پێم وایه شـاعیری زۆر گهورهن وه زۆرم ئیمان پێیانه... شـاعیرهکانی قهڕنی بیستوممان...

• ئهی شێخ ڕهزا...؟!

ـ وهڵڵاهی کاکه، شێخ ڕهزا بهڕاستی نازیمێکی چاکه...

• نازیم...؟!

ـ نازیـم، فهرقی ههیه بهعهقیدهی مـن. یهعنی توانیویهتی وهزن و قافیه و قالبی زۆر جوان دروست بکا. بهڵام شێعرهکانی سهرفی نهزهر لهوهی ههجون، تهنز نین...

• ئهی ئهوه، بهڕهئی تۆ، تازه نییه؟ شتێکی تازه نهبوو له ئهدهبی کوردیدا؟!

ـ نەخێر... دە ئەدەبی کوردیدا تازەن، بوچی...

• ئەی زمانی شێخ ڕەزا، بۆچی پیاو باسی ئەوەش نەکا...؟!

ـ ئای... زۆر، زۆر... بەڕاستی ڕەوانە...

• زمانێکی زۆر سوارە...

ـ زۆر ڕەوانـــە... زۆر ســـوارە... عـــەرزم کردی، من لەبارەی وەزندا شـــێخ ڕەزای زۆر بەگەورە دەزانم و لەباری وەیدا کە تەعبیری کوردانەیشـــی هێناوەتە ناو شێعری خۆیەوە، کە لە پێش ویدا دیارە لە شێعری نالیدا کەم تا کورتێک دەبینرێ، لەبیرت نەچێ، بەڵام:

کارێ کـــە غـــەم و دەردی فەراقـــت بەمنـــی کرد
ســـەرما بـــەهـــەتیـــو، بـــا بـــەدەواری شـــڕی ناکا

ئیدی کوردی کوردییە. لەبەرەوەی شـــێخ ڕەزاشم... بەڵام بەداخەوە شێعرەکانی زۆریان ڕووی مەجلیســـیان نییـــە ئیدی... دەڵێی چی... تۆ خوداکـــەی... ئەوە لەکن خۆمان بێ ئیشائەڵڵا، خۆ ئەوەی بۆ هەموو کەس لێنادەی... ڕۆژێکی کچەکانی تەلەبەی بەشی کوردی دانشکەدەی بەغدا هاتنە لام هەموویان پێدەکەنین...

• جا کوا کچمان هەبوو...؟!

ـ بەدی، سێ چوارێکمان هەبوو...

• نیوەیان لەپیاو دەچوون.

ـ هاهـــا... وا... هاتنە لام، پێدەکەنین ســـەیر. کوتم بەچی پێدەکەنن؟! کوتیان وەڵڵا مامۆستا عەلائەددین سەجادی ئەوڕۆ لەسەر دەرسی باسی شێخ ڕەزای بۆ کردووین و ئەو شێعرەشی بەنموونە خوێندۆتەوە:

بـــەو جووتـــە گـــونە مـــن کە دەڵێـــی عەنتـــەری نێرم
لێـــم لادە نـــەوەک بتخەمـــە بـــەر حەملەیـــی کێـــرم

دەیگـــوت مامۆســـتامان بۆ خۆمـــان وەک عەنتەری نێر هاتبووە بەرچـــاو (هەموومان پێدەکەنین)... هەموو پێدەکەنین، بەڕاســـتی ئەگەر لەبیرت بێ ڕەنگبێ، مامۆســـتا ئەگەر

ڕووتت کردباوە، ڕەنگبێ لە شتێکی سەیری بکردایە... بەڵێ... شێخ ڕەزا، بەداخەوە، شێعرەکانی، بڵێم چی، بۆ پێکەنین دەبن، بۆ خۆشی دەبن. بەڵام کاکە، شێخ ڕەزا، ئەو کەسەی شارەزای ئەدەبی فارسی بێ، زۆر شاگردی عوبەیدی زاکانی بووە، زۆریش لەوی شاعیرتر بووە، یانی، موسەللەتتر بووە بەسەر وەزن و قافیە... بەڵام ئی شێعری عوبەیدیزاکانی دەعەینی حاڵدا کە جنێوی داوە، کە هەجوی کردووە، نەتیجەیەکی موسبەتی لە شێعرەکانی وەرگرتووە، بەداخەوە شێخ ڕەزا هەر جنێوی داوە، بۆ خۆت دەزانی... ئەم جنێودانە وە نەبێ بۆیە بووبێ ئیسلاحی جامیعەی بکا... دەنا حاجی قادری کۆییش جنێوی گەورەي هەیە. بەڵام هێمن لە موقابیلی وەیدا دەڵێ: وەکو باڵی پەری پاکە جنێوت... چونکو جنێوەکەی موسبەت بووە. لەوبەری ئەم نەقدەم لە شێخ ڕەزا هەیە... و پێم وایە، با ئەوەش دەربارەی شێخ ڕەزا بڵێم: هیچ کوردێک لە شێخ ڕەزای ئەلعانیش فارسی چاکتر نازانێ...

- فارسی؟

ـ بەڵێ بەعەقیدەی من، ئەلعانیش، لەو کوردستانەی ئێرانیدا، کە هەموومان بەفارسیمان خوێندووە، هیچمان ناتوانین شێعری فارسی وەکو وی بڵێین. مەحشەرێکە لە شێعری فارسیدا کە پیاو هەر سەری... تەعەججوب دەمێنێ. ئەڵبەتە من دەگەڵ فیکرەکەی یەک نیم، بەڵام تەماشای ئەو دوو شێعرە دەڵێ:

رسم فرنگیان کله از سر فکندن است
تعظیم چون کنند خداوند جاه را
من اکتفا بشیوەی ایشان نمی کنم
هم سر به پایت افکنم و هم کلاه را

کە ڕەنگبێ شاعیرە مەدداحەکانی فارس بۆ خۆیان مەدحی وای پادشایان نەکردووە، ئەمما پێم وایە هیچی نەداوەتێ چونکو کورد بووە... (پێدەکەنێ)... بەڵێ...

- ئەی مەلای جەزیریت پێ چۆنە؟

ـ وەڵڵاهی کاکە، توخواکەی من شتێکی نازانم بۆ دەبێ بەزۆری... من کرمانجی وا نازانم... حەتتا کاک هەژارم ئینتقاد کرد، کە تۆ دەڵێی ئەوە لەگەڵ مەولانای ڕۆمی هاوشانە... پێم وایە برێک زێدەڕەویت کردووە لەوەیدا. بەڕاستی شێعرێکی بۆ خوێندمەوە

کـــە من موتەوەججیهی نەبووم، ئەلعانیش لەبیرم نییە، هۆ وەتا دیوانەکەشــی، بەداخەوە فرســـەتی وام نییە تەماشـــای بکەم، بۆم نابینرێتەوە. تەماشـــام کرد بەڕاستی عارفێکی گەورە بووە. ڕەنگبێ جەلالەددین شـــێعری وای نەبووە. کە وابوو هەژار بەخۆڕایی هێندەی پێ هەڵنەکوتووە. بەڵام ئەوەی ئەگەر مامۆســـتایەکی کرمانجی چاتر دەزانن لە من، ئەگەر بەوان بڵێی... من گۆرانی چاتر دەزانم لە کرمانجی... بەڕاستی لە کرمانجیدا زۆر کۆڵم... ئەگەر عەرزت دەکەم بڕێک لە خانیدا شارەزاترم ئەوەیە کە ئەوەڵا زۆر پترم خوێندەوە... دە بێکاریدا توانیم مەم و زین چاکتر بخوێنمەوە.

• بەکرمانجییەکەی یا ئەوەی هەژار؟

ـ بەکرمانجییەکـــەی. هی هەژاریش یارمەتی دام، پیاو حەق بڵێ، ئەویش یارمەتی داوم ئیدی. وەختێکی شێعرێکی تێ نەگەیشتووم چووم تەماشای هەژارەکەشم کردووە. تەماشام کردووە، ئەگەرچی ئەگەر تەماشـــای پێشـــەکی توحفەی موزەففەرییە بکەی هەژارم نەقد کردووە کە نەیتوانیوە فەلسەفەکەی خانیمان پێ نیشان بدا.

ئەو ڕۆژانەش تووشی ئەدیبێکی زۆر گەورەی کورد بووم بەنێوی سەید تاهیری هاشمی، کە ئێوە نایناســـن... بەڕاســـتی گەورەیە. ئەو، حەتتا ئینتقادی لە مامۆستا مەلا کەریمی بوو کە بەخۆڕایی شـــەرحی لەســـەر نالی کردووە. دەبێ شـــاعیر لێی گەڕێی، هەر کەسە وەکو دەریایێک، بەشـــی خۆی لێ هەڵێنجێنێ. حەیفە... حەیفە ئەو کەسەی لە نالی ناگا، تێی بگا... لێی گەڕێ با تێی نەگا... بەڕاســـتیش ئەوەندەی جوان فەرموو. حەتتا لەسەر مەلای جزیری کاک هەژاریش ئەو نەقدی هەر هەبوو. دەیکوت مامۆســـتا هەژار دەبوو ئەو کەلیمانەی بۆ ئێمەی گۆران موشـــکیلە بۆمان بکاتە فارسییەک، یا کوردییەکی سۆرانی، با تێی گەیشتباین، ئیدی لازم نەبوو ئەو شەرحەی لەسەر بکا. ئەو عەقیدەی وایە...

• سەیید تاهیری هاشمی...

ـ بەڵێ... بەڕاستی ئەدیبێکی گەورەی کوردە. ئەدەبناسێکی گەورەی کوردە.

• ڕەخنەگرێکی باشیشە وا بزانم...

ـ ڕەخنەگرێکی باشە...

وتارەکانی لە ڕادیۆ کرماشـــانەوە دەیخوێندنەوە شـــتێکی بەڕاستی نایاب بوون. بەڵێ، عەرزت دەکەم، ئەو جار کتێبخانەیەکی زۆر عەزیمی کوردی هەیە. دەیگوت پتر لە بیســـت دیوانی مەولەوی...

• دەستنووس مەبەستت...

- دەستنووسـی هەیـە. بەڵێ وە دەیگوت وەختێکی مامۆسـتا مـەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس خەریکی مەولەوی بوو، لە منی نووسـی کە ئەتۆ عەقیدەت چۆنە... بنووسـە، ئەو شـتانەی کە مەشـکووکی هی مەولەوین، یا هی مەولەوی نین. گوتی وەڵا هەمووم بۆ نووسی، بەداخەوە هەمووی چاپ کردووە (پێ دەکەنێ)... کوتی ئەوەی ئێوە لە سروەتاندا چاپ کردووە یەکێک لەوانە بوو کە ئەمن بەمەشـکووک پێم موعەڕڕەفی کردبوو و من دڵم نەهات دەو مەجلیسە خوسووسییەیدا بڵێم کە کتێب لە عێراقێدا هەتا ئەستوورتر بێ پتری پـووڵ لێ وەگیر دەکەوێ... دڵم نەهات ئەوەی عـەرز بکەم (پێ دەکەنێ) بەڵێ، گوتی، زۆریان بەمەشکووک دەزانم ئەوەی ئەو هەیەتی. من شتی چاترم هەیە. وە ئەوەی کە ئێمە لە سەفحەی دووەمی...

● سروە.

- لە سروەدا نووسیومانە: هەرچەن مەواچان...

● ئەوە هی خانای قوبادییە...

- خانـای قوبادییە، خەڵـک بەنەوعی دیکەی بۆ ناردوویـن: «مەحزوورەن هەر کەس وەزوان خوێش»، ئەو دەڵێ: دڵشادەن... عەرزت دەکەم، دەڵێن «ئەوڕەنگ» وای دروست کردووە. ئەوەمان لە زمانی مامۆستا تاهیری بیستووە، دەڵێ من دەستم لێ نەداوە، وەرن نوسخە ئەسڵییەکەتان نیشـان دەم خۆی وای نووسیوە. ئەم کەسانەی تەسەڕوفیان تێدا کردووە پاش وی تەسەڕوفیان کردووە...

● ئەی مەولەوی...؟! سەید عەبدولڕەحیم.

- بەڵێ... سەیید عەبدولڕەحیمیش هەر ئەو چاکی دەزانێ.

● نا، مەبەستم وەکو شاعیرێک چۆنی دەبینی؟

- من زۆر بەگەورەی دەزانم. زۆر سەیرە، بارەها، لە بیرتە کە لە عێراقیش ئەگەر دەیانکوت بەموناسـەبەتی، مەسەلەن، وەفاتی (ئەلفەکە بەشێوەیەکی گاڵتەئامێز درێژ دەکاتەوە. ف) تەوفیق وەردی شـێعرێک بڵێ (پێ دەکەنێ)، من شـێعرم بۆ نایێ بەموناسەبە، دەمکوت من شـاعیری موناسـەبات نیم، کەچی ئەم کابرایە هەموو شێعرەکەی موناسەبەتە، کەچی دەهەموویدا، بۆ خۆت دەزانی، گەییوەتە ئەوج، پێم وایە...

● ڕاستگۆ بووە، ئەوەیە مەسەلە...

- بەڵێ زۆر ڕاستگۆ بووە...

● بەڵام ڕەنگە لە هەمووی جوانتر ئەوانە بن کە بۆ عەنبەر خاتوونی نووسیون؟!

ـ پــەک، پەک، پەک... بەڵێ، بەڵێ، پێم وانییــە... دیارە لە بیرت نەچێ کە، نازانم شــێعری کامەیانە، پێش وەی، حەمەغای دەربەند فەقەرەیە، نازانم چی، کە ئەویش لەسەر گڵکۆی تازەی لەیلێ...

● ئەحمەد بەگی کۆماسی...؟

ـ کۆماســی بێ، یا نازانم، بەڵــێ... گڵکۆی تازەی لەیلێ دەپێــش عەنبەر خاتووندا کوتراوە. ئەگەر ئەوە نەبا، یانی ئەوەشــمان لە ئیختیاردا نەبا، دەبوو بەقەتعە شــێعرێکی عالەمی ناسرابا، بەڕاستی. پێم وانییە کەس شینی بۆ خۆشەویستی خۆی گێڕابێ، وەک ئەو دووانە هەردووکیان گێڕاویانە. هەردووکیان زۆر چاکن... بەڵێ... و خۆشەویســتی عەنبەر خاتوونی هەر لە مەرگەکەیدا دیار نییە. ئیدی، لە نەخۆشییەکەیدا کە جەرگی بۆ دەکاتەوە، دڵی بۆ دەکاتە هەنار و دەڵێ کون کونی کەو بۆنی پێوەکە، هەنار بۆ هەڵامەت...

● ئەویشی هەر بۆ عەنبەر خاتوون نووسیوە؟!

ـ بەڵێ. ئەویشی هەر بۆ عەنبەر خاتوون نووسیوە... بەڵێ... نەخێر، شتێکی سەیرە. باوەڕ بفەرموو شــێعرێکمان... قەرار وایە مامۆستا تایەر بۆمان بنووسێ، ئەگەر ئیشائەڵڵا سروە گەیشتە فەسڵی زستانێ. بۆی، خوێندینەوە مەفهوومەکەم لەبیرە ئەگەر شێعرەکانم لەبیــر نەبێ، مەفهوومە بۆ خۆت دەزانی، کــە... ئەگەر بیکەینە زبانێکی دیکەش ئەو تام و بۆنەی هەر هەیە، دەڵێ زســتانە و عوزری هەیە بۆ دیتنی... بچێتە خزمەت شێخەکەی، شێخی سەراجوددین، زستانە. ناتوانم بێم، پیرم، نازانم چم، ئەمن ناتوانم بێم، بەفر ڕێگای گرتووم، بەڵام ئەو کەســانەی شەوقی زیارەت زۆری بۆ هێناون، من ڕێگەکەیان پێ نیشان دەدەم زۆر بەئاســانی بڕۆن بۆ لای وی، ئەویش ئەو ڕێگایەیە کە هەناسەی من بۆ خزمەت شــێخ کردوویەتیەوە، ڕەشانگە... هێند گەرمە هەناسەکەم، بەڕەشانگەکەیدا بڕۆن دەگەنە تەوێڵە... ئایا تا ئێســتا فکری وا ناســکت... پێم ئایە زۆر کەم هەیە. لەســەر زستانی ناشیرینی چەند جوان... ئەوی کردووە، بەڵێ...

نامە بۆ کەریم قەیوومی (١)

نووری چاوم کەریم گیان:

بەم نیوەشەوە ساردە، سڵاوێکی گەرمت پێشکێش دەکەم. وەبیرم دێ کە تازە عەلائەددین پەیدا ببوو کاک مامەندی شەختانێ هەزار ڕەحمەت لە گۆڕی بێ و دەگەڵ نووری خودای وەخەبەربێ، خەبەر دەزانێ و بەپەلە پیاوێک دەنێرێ بۆی بکڕێ و بیهێنێتە شەختان. سەرتان نەیەشێنم زۆری پێدەچێ عەلائەددین دەگاتێ. بەداب و دەستوور لە دیوەخان هەڵدەکرێ کاک مامەندی ڕەحمەتی خۆی پێ دەخا و تەماشا دەکا تینێکی ئەوتۆی نییە دەڵێ: «ئەوەیە عەلائەددین؟» دەڵێن: «بەڵێ». دەفەرمووێ: «هەر سێک تەلاقی دە مامەندم کەون و کچی خۆم... بێ تسی مامەندی گەرمترە» منیش ئێستا وام بەسەرهاتووە. منێکی بەمنداڵی لەبن کورسی ڕەژی کوورانێدا پەروازە بووم، بەمێر منداڵی و لاوی و ئەکابری لە لاچین و شیلاناوێ لە تەنیشت کوورەی سووربۆوەی سەختەداری بەتین دەنوستم، بەپیریش تووشی گەرمای بەغدا بووم و لەو ئاخرانەشدا دیسان لە کورسی بەرکەمران خزاوم. ئەمساڵ ئەوە تووشی ورمێ بووم. گوتیان بابم ئەتۆ لەو قەلاتووچکەدا بەکوورەی نەفتی ئەم زستانە نەک مەقاوی دەگری بەڵکو تووشی ئیپلیگیش دەبی و سەکەت دەبی. وا چاکە خانوویەکی شووفاژدار بگری. پاش هەوڵ و تەقەلایەکی زۆر شووفاژم پەیدا کرد. هەر ئێستاکە ئەم نووسراوەت بۆ دەنووسم سەعات سێ و نیوی پاش

نیوەشـــەوە کە لە سەرمان دەرپەڕیوم و پاڵم وەئاسنی شوفاژ داوە. بەڵام ئەگەر لەترسی دایە خانم وێرابام «بەقوربانی بەژن و باڵای بم» سێ بەسێ تەڵاقم دەخوارد تسی خانباغی گەرمترە لەو شووفاژە.

کەریم گیان! مزگێنیت دەمێ دیزەی ســـەروپێمان لەسەر سێ کوچکان دامەزراند، بەڵام جارێ ئاورمان کەم وەبەر داوە. هیوادارم ئەگەر لەســـەرمان ڕەق نەبم و لەبرســـان بەلادا نەیـــەم و بەکلکەلەقـــە بگەمە بەهارێ وای بکوڵێنم هەل و پەل بێ. بەڵام کوا ئەوە بەتەنێ بەمنی پیری سەرمابردەڵە دەکرێ. باوی ئێوەیە ئەی نووری چاوی هەموو کوردێکی ڕاست و دروســـت و ئەدەبدۆســـت بگەنە هانام. ئێوارەی ڕابردوو لەلام بوون دەیانگوت هازا گۆ و هازا مەیدان. پێشـــنیارم کرد لەپاش دیوانی حەریق کتێبێکی شـــێعری بەناوی «تەبیعەت لە شـــێعری کوردیدا» ئامادە بکەین. بیرم کردەوە بـــۆ خۆم بەتەنێ چم پێ ناکرێ، واش دەستەوەستان نیم. ئەمما دەمدی شتێکی باش دەردەچێ بۆیە پەنام بۆ ئێوە دۆستانی لاو هێنا. تکایە بێ هەدادان خەریک بن لە بەهاری «سێمان» و «نالی» و «حاجی قادر» و «پایزە»وە دەس پێ بکەن، تا دەگاتە زســـتانی سەیف هەر کەس لەبەر خۆیەوە خەریک بێ نەواران بێنێتە ســـەر کاغەز، دیوانان بپشکنن. ســـەفەران بکەن، خەڵکی تازە ببینن. پێویســـت ناکا هەر شێعر بێ. نووســـینی تۆم دیوە ڕەنگە زۆری وەک تۆ هەبن نەیانناسم بەپەخشـــانی جوان وەســـفی جوانی تەبیعەت بکەن. کاک عەلی حەسەنیانی بێ ئەزموون نییە ببینن. بۆ خۆتان خۆپەســـەندی وەلا بنێن، لێک هاڵێن. دیارە هەر بەوەندەوە زەود نابین. خەریکی کۆکردنەوەی هەموو جۆرە فۆلکلۆرێک بن. پەندی پێشینیان، گۆرانی باش، حەیران، گەلۆ و چیرۆکی منداڵان، کوڕە ئەگەر خۆ سەخڵەت بکەین زۆر هەزار نین. ئاغای خانباغی خوا ڕاوەستاوی بکا، قسەی خۆشی قسەخۆشەکانی سابڵاغێ و خۆی ئامادە بکا، ئەحمـــەدی بەحـــری خەریکی کۆکردنەوەی پەندەکان بێ، هەر کـــەس بەقەد خۆی. دیارە من چاوەڕوانی یارمەتی پیاو و ئینســـانانم، لە باڵندە و دڕندە و بڕندە داوای هیچ ناکەم. ڕەش ئەحمەدی «تحفه مظفریه»ی پێ شـــک دێ. دەکرێ خاوەنەکەی ئەوەندە، پیاوەتی بکا و یارمەتیان بدا. دەســـبەجێ دەگەڵ عەلی تەماس بگرە. بۆ خۆت و هەر کەسی دیکە پاش جێژن دەتوانن ســـەرم بدە و کەڵلەپاچە تەماشـــا بکەن. من بەهیوای ئێوە خۆم لەو قاڵمەقاڵە هاویشـــتووە. وەباڵی کوردتان بەئەستۆی ئەگەر خۆتان ماندوو نەکەن. قاسم و ســـمایلی پاکزادت لەبیر نەچێ. لە ئێستاوە دیمەنێکی بەهاری کوردستان بۆ پشتی کتێب ئامادە بکەن. کە هاتی زۆر قسە دەکەین.

برات هێمن

نامە بۆ کەریم قەیوومی (۲)

کاک کەریم

نووســـینەکانت لەبارەی شـــاعیری پایەبەرزی کورد (ســـالم) دا پەسندکراو و ئەوە لە گۆوارەکەماندا چاپ بوو و سوپاســـت دەکەین. ئێمـــە وامان دانابوو کە لە هەر ژمارەیەکدا شـــاعیرێکی مەزنی کورد بناسێنین. بۆ خۆمان مێژووی ئەدەبی مامۆستا مەلا عەلائەددینی خوالێخۆشـــبوومان لە دەســـدا بوو بەڵام زۆرمان پێ جێگای موتمانە نییە. چەند کەســـی دیکەش نووســـینی ئاماڵ جوانیان لەســـەر شاعیرەکانی کورد بۆ ناردبووین. بەڵام چ بکەن هەر ئەو ســـەرچاوەیان پێ شـــک هاتبوو و کەڵکیان لێ وەرگرتبوو. بۆیە بەدڵمان نەبوو. ئەوەی تۆ هەرچەند بەداخەوە ســـەرچاوەی وات نەبووە کە ســـالم باشتر بناسێنی دیسان کەلین پڕکەرەوە بوو.

بەڕاســـتی سالم شاعیرێکی مەزنە و باش نەناســـراوە. کەسێکی زۆر شارەزای ئەدەبی دەوڵەمەندی فارسی نەبێ ئەگەر سالمیش باش نەناسێ عەیب نییە. وا دیارە ئەگەر دیوانی ســـالمت لەدەسدابایە بۆ تۆیەکی کە شـــارەزای ئەدەبی فارسیی، ناســـاندنی سالم دژوار نەبوو.

کەســـێکی لە وردەکاری شێعر بگا و دیوانی تەواوی شاعیریشی لە دەسدابێ چۆن ئەو شێعرە جوانە بەڵکو کەم وێنەیەی سالمی لەبیر دەچوو کە دەڵێ:

قــەراری ئاشــق و قانوونـــی حیکمــەت زیــددی یــەک هاتـــن
کــە تەســکینی برینـــی دڵ بەنفحــەی زولفـــی موشـــکین بوو

یا:

بەعیشـــوە و غەمزەیـــی مەعشـــووقە ئاشـــق کێـــو لەبـــن دێنـــێ
بـــە لای ســـالم کەننـــدەی بێســـتوون موژگانـــی شـــیرین بـــوو

چ بنووسم، کوڕە بەگیانی تۆ هێندەم نووسیوە چم لە «نووسیندان»دا نەماوە دیسان بۆ خاتری تۆ بۆ خاتری کەسێکی بەدڵ خۆشم دەوێ و هیوادارم خزمەتکارێکی باشی گەلە بێ بەش و چارەڕەشـــەکەمان بێ، بۆ کەریمی ئازیزم ئەم چەند دێرە دەنووســـم و ئەم دوو شێعرەی خۆم کە زۆرم خۆش دەوێن تۆمار دەکەم:

تـــەک و تەنیـــام و عەزیرانـــم کـــوان؟
بۆنـــی گـــۆڕخانەیـــی لـــێ دێ جـــێ ژوان
نامـــەوێ پاشـــی نەمـــان بـــۆم بگـــری
ئێســـتە ماچـــم بدەیـــە کیـــژی جـــوان!

٦٤/٧/١٧

نووسینەکانی بەرایی

خۆت بناسە

خۆشەویستەکەم: خۆت بناسە بزانە تۆ کێی؛ مێژوو بخوێنەوە و تێبگە لە چ ڕەگەزێکی، ئەگەر بڕوا بەمێژوونووســـەکانی خۆمان ناکەی، ئەگەر وەکو جۆلاکە بەسەردڕی خۆت ڕازی نی، بڕوا بەبێگانەکان و بەڕۆژهەلاتناســـەکان بکە بزانە ئەوانە دەربارەی تۆ، باب و باپیری تۆ، خاک و نیشتمانی تۆ، چی دەڵێن و چی دەنووسن.

ئازیزەکەم: تۆ کــوردی، تۆ لە نەتەوەکی خاوێنی، تــۆ ڕەگەزێکی پاکی، باپیرەکانی پێشووی تۆ هەر لەم خاکەدا (کە کوردستانی پێ دەڵێن و ئێستا تۆی تیا دەژی و داخەکەم هەر لەتەی بەدەست کەسێکەوەیە) ژیاون، بەڵام چۆن ژیانێک؟ وەک تۆ دیل و ژێردەستی دراوسێکان بوون؟ نە بەخوا ئەوان سەربەست و سەربەخۆ بوون و ئازاد ژیاون.

گیانەکەم؛ کوردەگیان بەقســـەی برای خۆت بکە، لە خەوی نەفامی هەڵســـە تۆزێ لە حاڵی خۆت وردبەوە هۆشت بینەوە بەر خۆت، قوڵت هەڵماڵە بەهەموو هێزی خۆت بقیژێنە بڵێ: ئەمنیش ئادەمیزادم، حەقی ژیانم هەیە ئەمەوێ وەکو خەڵک ئازاد و سەربەست بژیم سەربەخۆییم دەوێت و حەقی مەشروعی خۆم داوادەکەم، لە دیلی و ژێردەستی دراوسێکان جارس بووم و ئەمەوێت ڕزگاربیم.

گۆڤاری نیشتمان، ژمارە ٢، خەزەڵوەری ١٩٤٣/١٣٢٢

ڕۆژی کاره

چاکه بەرژەوەندێکی لە حاڵی خۆمان بکەین و بزانین بۆچی وەپاش کەوتووین؟ بۆ چما ئێمە لە ڕەگەزی ئەو میللەتە نەجیبە نین کە بەگوێرەی مێژوو ئیقراری هەموو مێژووزان و ڕۆژهەڵاتناسـێک یەکێک لە میللەتە هەرە گەورە و لەمێژینەکانی ڕۆژهەڵاتە، مەگە ئێمە لە نەتـەوەی ئەو قەومە غەیور و دلێرە نین کە لاپەڕەکانی مێژوو پڕن لە شـەرحی ئازایەتی ئەوەوە بەعالەم دەسـەلمێنن کە قەت لە چ دەور و زەمانێکدا هیچ دراوسـێک نەیتوانیوە ئاسـوک پەڕێنی و بچێتە نێو سـنووری موڵک و نیشتمانی ئەو. ئەدی بۆچی ئێستا وامان بەسـەرهاتووە؟ بۆچـی هێندە وەپاش کەوتووین و بووینە ژێـر چەپۆکەی هەموو کەس؟ ئەگـەر کەمێک بیر بکەینەوە و تۆزێـک لە حاڵی خۆمان وردبینەوە بۆمان دەردەکەوێ کە مایەی چارەڕەشی و بەدبەختی ئێمە هەر ئەم نیفاق و دووبەرەکییەی ناو خۆمانە، کە وابێ لەسـەر هەموومان لازم بەڵکو واجبە بۆ ڕێکخسـتنەوەی براکانمان تێکۆشین ڕەگوڕیشەی دووبەرەکیی لەبن بهێنینەدەر و یەکیەتی و برایەتی لە هەموو کوردستاندا دامەزرێنین.

ئەی برا خۆشەویستەکان، ئەی لاوە بیر ڕووناک و خوێندەوارانی کورد؛ مایەی ئومێدی ئـەو قەومە لێقەوماوە ئێوەن، ئەوڕۆ ڕۆژێک نییە ئێوە بێدەنگ و هەسـت دابنیشـن و لە قوژبنێـک بخزن. کاتی ئاسایشـت و تەمبەڵـی ڕۆیی، جەنگەی هەوڵدان و تێکۆشـان و ماندووبوونە، بەڵێ ئەمڕۆ ڕۆژی کارە و نابێ قەت لە کارکردن ڕاوەستن، دەنا ئەو هەولەتان لەکیس دەچێ و زەحمەت وگیرتان دەکەوێتەوە.

لازمە بەدڵێکی پڕ هیواوە بەهەموو هێزی خۆتان بۆ ڕزگارکردنی نیشتمان وە نەجاتدانی هاوخوێنەکانتان کۆشــش بکەن هیچ شتێک نابێ ببێتە پێشگری کارتان بەنەیروی یەکێتی و برایەتی ئەو کەســانەی کە دەبنە بەرهەڵستی پێشکەوتنی ئێوە و حەز بەلەناوچوونتان دەکەن، لەناویەرن.

ئەگــەر ڕۆژگار یارمەتــی ئێوەی نەدا ئەگەر چەرخی چەپگــەرد بەمرادی ئێوە نەگەڕا مەبەزن و مەیدان بەتاڵ مەکەن و دڵنیابن بەســـەر هەموو قۆرت و تەگەرێکدا زاڵ دەبن و لە هیچ کەس و هیچ شــتێک مەترسن خوا پشتیوانتانە و هەمیشە ئەم وتارەی پێغەمبەری گەورەی ئیسلام و ناردراوی خۆشەویستی یەزدان کە دەفەرمووێت:

«کار بکە و دڵنیابە بەئاوات دەگەیت!»

لەبیر بێت و بیکەنە سەرمەشقی هەموو کارێکتان تا یارمەتی یەزدان حەقی مەشرووعی خۆتان لە بێگانە دەستێننەوە.

گۆڤاری نیشتمان، ژمارە ٥، ڕێبەندانی ١٩٤٤/١٣٢٣

سکاڵایەک لەگەڵ نیشتمان

ئەی نیشتمانی خۆشەویستم، بۆیە هێندەم خۆش دەوی چونکو ئەمن ئێستا کە لاوێکی توند و تۆڵم لە پێشـــا کۆرپەیەکی لاواز و ســـاوا بووم لە دامێنی تۆدا گەورە و پەروازە بـــووم و گەیشـــتوومە ئەم ڕۆژە گەورەی وەک (حەزرەتـــی محەمەد «ص») و گوێیان لە قورئان خوێندنی دەبوو ئیمانیان پێهێنا، یا لە حاڵێکا کە کتێبە ئاســـمانییەکەی ئەم زاتە پەردەیەکی ئەســـتووری لە نێوان خۆیان و هەوا و هەوەســـی ناپاکەکەیان ئەکێشا و پیاوە زانا و تێگەیشتووەکانی لەوان بەزیاتر دەزانی و دەیفەرموو:

«هل یستوی الذین یعلمون والذین لایعلمون»!؟

خوێنەرە خۆشەویســـتەکان ئەگەر نموونەیێکو لە ژیانی عەســـری خۆمان نیشان بدەیْن ســـەرتان سوڕنامێنێ ئەویش ئەمەیە: ئاغاییێکی کوردی عێراق، بەڵکو سەردار عەشیرەتێک یەک دوو ساڵ لەمەوبەر نامەییێکی بۆ ئاغاییێکی کوردی ئێران نووسیبوو: «کە دەستی من و دامانی تۆ نەکەی بەهیچ بارێک لەپێناوی کوردایەتیدا تێبکۆشی چونکو کوردایەتی مانای ئەمەیە هەموو لاوە خوێندەوار و گەنجە تازەپێگەیشتووەکان بێنە سەرکار و ئێمە لە ژووری دیوەخانا دابنیشین».

ئێمـــە نازانین خوێنەرە بەڕێزەکانمان چەندە فەرق لەنێـــوان ئەم ئاغا کوردە عێراقییە خۆشەویســـتە و (ئەبو جەهل) و (ئەخنەس) دائەنێـــن بەلام ئێمە ئەڵێین: ئەی بەبڕین چی دەستێکی بۆ زیانی نەتەوەی خۆی داوێنی مەردوم ئەگرێت ئێوەش بڵێن ئامین.

گۆڤاری نیشتمان، ژمارە ۶، ڕەشەمەی ۱۳۲۲/۱۹۴۳

شێخ یوسف شمس الدین البرهانی

«چەندێک لەمەوپێش بەسەرهاتێکی دوور و درێژی ئەم زاتەم نووسیبۆوە و پێشکەشی ئیـــدارەی ناوەندیم کردبوو تا بۆ چـــاپ بنێرنە دایرەی چاپەکانـــی کۆمەڵە، بەڵام عەینی ڕیســـالەیان بۆ ڕەدکردمەوە تا چاوێکی تری پێدا بخشـــێنم، ئێســـتا خەریکی ئەو کارەم بەڵام تا حازربوونی بەســـەرهاتی موفەسەڵی شێخ، چەند دێرێک دەربارەی ژیانی ئەم زاتە دەنووسم».

کە میری گەورەی ڕەواندز لە داگیرکردنی وڵاتانی (سۆما و برادۆست بووەوە ۱۲۴۱ هـ)، بەوڵاتی لاجاندا دەگەڕاوە ڕەواندز، بەگوندی (نەڵۆس)دا کە گوندێکی زل و دارای قەڵاتێکی بڵیندە ڕادەبرد خەڵکی ئەم گوندە کە بە (بەگزادە) نێویان کردبوو، پێیان وابوو میر شکاوە و بەشپرزەیی هاتوونەوە، دەســـتیان کردە گەپ پێدان و «قەبو، قەبو»یان لێداناوە؛ میر ڕقی هەڵســـتا گەڕاوە کوشتارێکی زلی لێکردن، تەنیا ژنێک بەکوڕێکی ساوای مەمک مژەوە ڕزگاری بوو بۆ لای (ســـابڵاخ) هەڵات لە گوندی (عیساکەند) جێگیر بوو، کوڕەکەی (وسوو) بەخێوکرد تا گەورە بوو کرا بەگوێلکەوانی (ئاغا). بەڵام (وسوو) کە دیتبووی لە مزگەوتێ فەقێیـــان دەخوێنن ئەویش ئارەزووی خوێندنی کرد، هەمـــوو بەیانێک دەچووە کن مەلای ئاوەدانی دەرسی دەخوێند تا ببێتە (مەلا!).

ئاغا کە زانی (وســـوو) دەرســـی دەخوێنێ بانگی کرد و لێی تووڕە بوو گوتی: ئەگەر جارێکی دیکە بزانم دەرست خوێندووە دەتکوژم، بەڵام هەڕەشەی ئاغا گیانی پاکی (وسوو)

ی لــە خوێندن نەگێــڕاوە و ئیجازەی لە دایکی وەرگرت و ڕۆیشــتە شاری (ســابڵاخ) لە مزگەوتی (ڕۆســتەم بەگ) دەســتی بەخوێندن کرد. چەندێک علومی دینی خوێند پاشان ســەودای تەسەوفی کەوتە مێشــکی، وەکو دەگێڕنەوە خەونێک دەبینێ پێی دەڵێن وەرە شێخ عوسمان بانگت دەکا، ئەویش لەبەر سادەیی خۆی وا دەزانێت شێخ فەقەت لە (مەکە) و(مەدینە)ی دەبن، دەســت دەداتە گۆچان و توورینی نان و ملی ڕێگا دەگرێت، نازانم لە چی شارێکی کوردســتانی عێراق پیاوێک پرسیاری لێ دەکا: «بۆ کوێ دەچی؟» وەڵامی دەداتەوە دەڵێ: دەچم بۆ (مەکە)ی خزمەت شــێخ عوســمان، کابــرا پێدەکەنی و دەڵێ: «فەقێ، شێخ عوسمان وا لە تەوێڵە»، ئەو نێزیک بوونەوەی ڕێگا دڵخۆشییێک بۆ (وسوو) سازدەکا، ڕێگای تەوێڵە دەگرێتە پێش دەخزمەت حەزرەتی شێخ عوسمان (سراج الدین)دا تا چەند ساڵ ڕیازەت دەکێشێت پاشان لەلایەن ئەم زاتە موعەزەمە ئیرشادی بۆ موکریان دەدرێتێ، پاڕانەوە و تکای زۆریش نەیتوانی باری ئەم وەزیفە قورسە لەسەر شانی (وسوو) یاوەکو حەزرەتی ســیراجوددین فەرموویانە (مەلا وسوو) لابەرێت، بەناچاری دێتە موکریان لە گوندی (بورهان) دادەنیشــێت مەشــهور دەبێ بە (شمس الدین البرهانی)، دوای چەند ساڵێک دەچێتە گوندی (شەرەفکەند) لە زەوییێکی بێ کەلک خانەقاییێک بینادەنێ و دەست دەکا بەئیرشــاد. لە ســاڵی (١٢٢٨ هـ) دەتەمەنی ٩٧ ساڵیدا لەم جێگایە وەفاتی کردووە و نێژراوە.

شــێخ یوسف پیاوێکی زۆر موتەعەســیب بووە بۆ قەومی کورد، هەمیشە بەکوردییێکی پەتــی دواوە، بەفەرمانی ئەم زاتە موقەدەســە گەلێک کتێبی شــەرعی وەکو (ابن حجر) لەلایــەن مەلاکانەوە کراوەتە کوردی، ماڵ و دراو نەیتوانیوە هیز بخاتە ســەر مێشــکی، دەوڵەمەند و هەژار لەبەرچاوی وەکو یەک بووە خوای لێ خۆش بێ.

گۆڤاری نیشتمان، ژمارە ٩.٨.٧، بەهاری ١٩٤٤/١٣٢٣

نامەی کچێکی دیل

هەڵبەستەی: ئارکاد

خۆشەویستەکەم

غەم و دەردی من یەکجار زۆرە، لە درێژایی شەقامی مژوایدا گۆڕاییەکانی ئێمە لەپێش چاو ون دەبن، ئەمن بەخڕ و دۆڵاندا دەبەن و بۆ لای شـــاری مەرگم ڕادەکێشـــن، بەتەنێ هـــەر ئەمن نیم بەڵکە هەموو کچانی گوندەکەم دەگەڵن. خواهی نەخواهی لە کەســـوکار و ماڵـــی خۆمان دووربووینەوە، ئاواڵەکانم هەموو بەتـــاو دەگرین، بەڵام ئەمن لەبەر زۆربەی غەم و فرمێســـکم لە چاویدا قەتیس ماوە. ئاواتم هەر ئەوەندەیە کە کاریەکانی خۆم وەبەر ئەو چەرخانە بدەم کە هەمیشـــە دەسووڕێن، بەڵام سوودی نییە، دەگەڵ ئەو کێشکچیانەی ئاگاداریمان دەکەن هیچ ناکرێ!

خۆشەویستەکەم

لەو کاغەزە ژاکاوە نامەت بۆ دەنووسم، ناتوانم بڵێم ئەو وتانە بەخوێنی خۆم دەنووسم چونکو خوێن دەرەگ و دڵی مندا بەستوویەتی. بەڵکە ئەو نامەت بەو میدادە بۆ دەنووسم کـــە لە گیرفانمدا شـــاردوومەتەوە و ئەتۆش تکا دەکەم بـــۆ خزمەکانمی بخوێنیەوە. ئەتۆ چوویتە جەبهەی جەنگ و ئەمن تا وێســـتا لە تۆ بێ خەبەرم، تەنانەت ئادرێسیشت نازانم، ئـــەدی بۆ کوێ؟ بۆ کوێ دەنووســـم؟ تەنیا مەوزووعێکی دەدەمە دەســـتی دوژمن تا پێم پێکەنی!، ئەمن بەقەولی گۆرانیبێژانی شارەکەمان وەڵامم بەئاسماندا دەنێرم.

نامەکـــەی من کە بەدوای بادا بۆ لای هەوران دەڕوا، شـــایەد ڕۆژێک دەگەڵ پریشـــکە

پریشکی بارانێ وەدەس تۆ بکەوێ.

خۆشەویستەکەم: ئێمە بەبەستێنی چۆمە بەرینەکانی خۆماندا تێپەڕین و چەپکە گوڵێکمان لە چۆمی هاویشت[1] ، شەپۆلی ئاوێ چەپکە گوڵەکانی مەی قوم کرد، ئاواڵەکانم هەموو هیوا براوبوون، تەنها چەپکە گوڵەکەی من قوم نەبوو و ئاو بردی. لەوکاتەدا ئەتۆم بەجلکی سەربازییەوە هاتە پێش چاو، لەسەر بەردێکی ڕاوەستابووی و کڵاوەکەت بۆ لای من ڕادەوەشاند و بزەت پێم دەهاتێ، گوولـلە بەهەوادا دەڕۆیشتن بەڵام وەتۆ نەدەکەوتن و ئەگەر وێشت کەوتبان نەیان دەبڕی و بریندارییان نەدەکردی. لە پاشان ئێمە بەدابی جاران دەگەڵ یێکتر وەڕێ کەوتین، ئەمن لەو کاتەدا پێم وابوو کە بەدبەختی بۆمە لە خەو و خەیاڵێک زیاتر نییە، چونکو لەتەنیشت یەکترین و خۆشبەختین. ئەدی هیچ پێمان وانییە کە عڕابەکانی دوژمن بەنێو زەمەند و گیاوگژ و دەخڵودانڈا ڕێگامان بۆ دەکەنەوە.

لەو عانەدا ئەمن پێم وابوو خێزانی تۆم، یێکترمان لە ئامێز دەگرت و قاقا پێدەکەنین. چەپکە گوڵەکەی من هەروا بەسەر ئاوا دەڕۆیشت، بەڵام بیرکردنەوەی من لەو بابەتەوە بێ کەڵکە، چونکو بەڕاستی ئەمن بڕوام بەفاڵ نییە.

خۆشەویستەکەم: تاو پەڕیوە، تارمایی بەسەر لێرەوارەکاندا کشاوە، بەسەر چلوکی دارەکانی کاج دا و بەپەڕپەڕۆچکەی ئاسماندا مانگی هەنگوینی منی لێقەوماو، دەچێتە پێش. لە پەنجەرە گوڵی عال دەبیندرێن کە ئاونگیان لەسەر دەدرەوشێ.

هەر دەڵێی چاوی کاڵە دەگری، بەڵێ دەگری تا ئەنگی من نەبینێ و دەزانی چ شەوێکم لەپێشدایە!، شەوێکە کە نازانم لە ئامێزی پیاوێکی بێگانەدا یا لە باوەشی خاکی شاردا دەبێ بنووم. ئەمن بەندەیەکی شەرمەزار زیاتر نیم تا دەژیم، لەباتی وەی دەگەڵ تۆ جووت بم دەگەڵ خەم و کوێرەوەری بوومە ئاواڵ. بەسە ئەو شکایەتە خۆڕایانە، ماڵئاواییت لێدەکەم و نازانم ئەو نامە نووشتاوەوەت لە کوێ پێدەگات. ئەگەر ئەو نامەیەت پێنەگەیشت، دەبێ نامە درێژەکەی دیکە بخوێنیەوە، کیهە نامە؟، ئەو نامەی کە فرمێسکی دەسگیرانەکەت لە ڕێگای ئاسنی نووسیویە. ئەگەر ئی منیش نەبێ هی ئەو کچانەیە کە لەسەر هەموو شەقامێک و هەموو ڕێگایەکی ئاسن فرمێسکیان ڕشتووە.

بیخوێنەوە و وڵامەکەت ئامادە بکە و بەنووکی سەر نیزەتەوە بیهێنە بەرلین. گوێت لە دەنگم بێ و بەدرێژایی ئەو ڕێگایانە فرمێسکەکانی من بەخوێنی دوژمنان بشۆوە. ئەمن

---

١ ـ تۆکرانی و هێندێک لە شارانی دیکەی ڕوسیە لە ڕۆژی جەژنی... دا (ناوی جەژنێکە ناخوێندرێتەوە) کچان هەریەکە چەپکە گوڵێکی دەبەستن و بەئاوێی دادەدەن، ئەگەر گوڵ قوم بێ نیشانەی بەدبەختییە و ئەگەر قوم نەبوو ئەوە باشە.

لە تۆ دەنووســـم، لە تۆ دەپاڕێمەوە و دەڵێم بەو چەشنە ناتوانم بژیم، ئەنگی من بشۆوە، پەلەی بکە تۆڵەم بســتێنەوە، بەتایبەتی تۆڵەی خاکەکەم بستێنەوە، ئی کێهە خاکی؟ ، ئی ئەو خاکەی لەژێر پێماندا نەرم و ڕەحەتە.

گۆڤاری کوردستان، ژمارە ٢، ٣٠ سەرماوەز ١٣٢٤، ٢١ دیسەمبەر

ئیقتیباس لە ڕۆژنامەی ئارەزوو

ئازایەتی سمایل ئاغای سمکۆ

دەگێڕنەوە دەڵێن سمایل ئاغای سمکۆ سەرداری ڕەشید و بەنێوبانگی کورد لە چاخێکدا کە شـــاری ڕەزائیەی داگیرکرد لەپێش ئەوەدا بچێتە نێو شـــاری، گەورە گەورەکانی وڵات بەپیریەوە چوون و لە دەرەوەی شار دیدەنییان لێکرد. سمایل ئاغا دەهات و دەچوو گەفی لێدەکـــردن، لـــەو کاتەدا مارێک لەو مارانەی کە بە بەبێ ڕەزای لەو وڵاتەدا مەشـــهوورن بۆ لای هات. ســـمایل ئاغا بۆ ئەوەی ئازایەتی خۆیان پێ نیشان بدا و بەیەکجاری بیانتۆقێنێ، داهاتـــەوە و مارەکەی گرت. ماوەیەک هەر هاتووچوو و هەڕەشـــەی لەوان کرد و مارەکەی دەدەســـتەوەدا، لە ناکاو ڕەنگی بزرکا و لێوی بەددان گەســـت و مارەکەی لە هەردی دا و کوشـــتی. لەدوایە خەنجەری هەڵکێشـــا و ئەو قامکەی کە مارەکە پێوەی دابوو پەڕاندی و دەگەڵ ئەوەشـــدا کە خوێنی قامکی وەک پلوسک هەڵی دەداشت وازی لە قسەکردن نەهێنا تا قسەکەی تەواوبوو.

وام بیســـتووە لە پاش کوشتنی ئەو مەردە نەبەزە و ئەو پیاوە نەبەزە و ئەو سەردارە بەجەرگە کە لە ســـاڵی ١٣٠٩ دا بەدرۆ و دەلەســـە هەڵیان خەڵەتاند و هێنایانە ناو شاری شـــنۆ و لەوێ بەفێڵ شەهیدیان کرد، کەلاکیان لەنێو کەلاکی سائیری شوهەدادا بەو قامکە بەڕیوە ناسییەوە، چونکو هێندە شپڕزە کرابوو ئەو نیشانەی نەبوایە بەزەحمەت دەناسراوە.

ڕۆژنامەی کوردستان، ژمارە ٣، ٢٦ بەفرانباری ١٣٢٤/ ١٥ ژانویە ١٩٤٦

ئازادیمان دەوێ

شەش ســاڵ جەنگ بوو، شەش ساڵ خوێن ڕژا، شەش ساڵ کوشتارکرا، شەش ساڵ، بەڵێ شــەش ساڵی تەواو ئاڵا هەڵگرەکانی دیموکراســی بێ وچان و پشوودان، بێ دامان و ڕاوەســتان هەوڵیان دا و تێکۆشـــان و خەو و خواردنیان لە خۆیان حەرامکرد. بۆچی؟ هــەر لەبەرئــەوەی بناغەی زوڵم و زۆرداری بڕووخێنن و ڕەگوڕیشــەی جــەور و بێداد لە بنەڕەت دەربێنن و ئــازادی و دیموکراتی لە گێتیدا بڵاوبکەنەوە و نەهێڵن چیدی زۆرداران ماڵی هەژاران بخۆن و بەدەســتەڵاتان حەقی بێ دەستەڵاتان پاماڵ بکەن. لەپاش کێشە و هەرایەکی زۆر، لەپاش جەنگ و کوشتار و خوێنڕێژییەکی بەسام، لە دوای زەرەر و زیانێکی بێ ئەندازە ئازادیخوازەکان زاڵبوون و دەس لە کوشتار هەڵگیرا، خوێنڕێژی نەما، کۆشکی زوڵم و ئیستیبداد ڕووخا، نەمامی جەور و بێداد هەڵکێشرا، مۆسۆلینی کوژرا هیتلەر مرتەی لێبڕا گوڕنیک گیرا و دنیا حەساوە.

جــا ئەوجا باوی هــەژار و زۆرلێکراو و لێقەوماوانە و کاتــی هاوارکردن هاتووە و ئەو نەتەوانەی کە هەمیشــە لەژێر پێی دوژمندا ناڵاندوویانە هاوار دەکەن و دەڵێن: «ئازادیمان دەوێ»!

ئێمەش واتا میللەتی کورد یەکێکین لەو نەتەوانەی کە لەمێژە دیل و یەخســیر و ژێر چەپۆکی و تامی ئازادیمان لەبیر چۆتەوە و دەمێکە دەربەدەر و قوڕبەســەر و زۆرلێکراو و تێشــکاو و داماوین. ئێســتاکە کولاوکەی هەویامان بۆ کراوەتەوە و تا ڕادەیەک ژیاوینەوە،

هـــاوار دەکەین و دەڵێین ئازادیمـــان دەوێ، بەڵێ ئازادیمـــان دەوێ و نابێ چیدی دیل و ژێردەســـت بین و ئامادەین لە ڕێـــگای ئازادیدا فیداکاری بکەیـــن و دەس لەگیان و ماڵی خۆمان هەڵگرین.

ڕۆژنامەی کوردستان، ژمارە ٥، ٢٩ بەفرانباری ١٣٢٤/ ٢٠ ژانویە ١٩٤٦

نامەیێکی سەرئاوەڵە

برای هەرە خۆشەویستم: مەجدی گیان

لەپێشدا تکات لێدەکەم لووتم لێ خوار نەکەی و ڕووم لێ وەرنەگێڕی و قەڵس و تووڕە و زیز و دڕدۆنگ نەبی و وەپەڵەنەکەوی و پێت وانەبێ ئەمن لینگەبەریت دەکەم و ناخۆشم دەوێیی و ناتناسم و نازانم چ شیرین کوڕێکی.

خۆشەویســـتەکەم: بڕوام پێبکە ئەتۆم بەقەدەر چاوی ڕاستم خۆش دەوێیی و باشیشت دەناسم و دەزانم:

ئەتــۆ لاوێکـــی خوێنـــدەوار و دانا و تێگەیشـــتوو و بیرڕوون و پیتۆڵـــی، ئەتۆ زۆرت کوێرەوەری دیوە و سخلەتت کێشاوە بەدوی خوێندندا هەڵوەدای وڵاتان بووی، ئەتۆ ئێستا کە «مودیری و مامۆســـتای هەرە گەورەی دەبیرستانی مەهابادی». وە تەنانەت ئەوەشم بیستووە کە ئەوساڵ چوویە تاران و لەوێ لە تاقیکردنەوەدا وریایی و زرنگی خۆت نواند و ڕووی کوردانت ســـپی کردەوە و بێجگە لەوانە دەزانم کوڕی زانایەکی بەنێوبانگ و ماقوولی کوردستانی و تێگەیشتن و زانینی بۆ تۆ بەمیرات گەییوە.

بەڵام داخی گرانم نازانی بەزمانی کوردی و واتا زمانی دایک و بابی خۆت بنووسی!، یا دەزانی و بەئانقەســـت وا خراپ و تێکەڵ و پێکەڵی دەنووسی. ئەگەر نایزانی ئەوە هەوڵدە تێبکۆشە خۆت ماندوو بکە فێربە جا ئەوجار بنووسە، خۆ ئەگەر دەزانی و هەر بەئانقەست

وا دەنووســـی، پێویســـتە بزانی و تێبگەی کە بەو کردەوە ناشیرینە دڵی هەموو نەتەوەی کورد لە خۆت دێشـــینی و دەبیتە نیشـــانەی تەوس و پڵلار و تووکی کوڕەکانی هاوخوێن و هاونیشـــتمانت، براکـــەم، هەر کوردێکی خونگەرم و نیشـــتمانپەروەر و کوردیزان چاوی بەنووســـراوەکانی تۆ بکەوێ نێوچاوانی گـــرژ دەکات و تووڕە دەبێ و مل دەنێ لە پرتە و بۆڵە و... بڕوات بێ ئەمن کە خۆم بەبرایەکی بەئەمەگ و...[1] و بەکەوچکە ئاوێکی وەمەلە دەکەوی، پێم خۆشـــنەبوو کێشـــەت دەگەڵ بکەم و بەخۆتدا بشکێنمەوە و دڵت بێشێنم. لەبەرئەوە گوێی خۆم لێ ئاخنی و قوڕوقاپ دانیشـــتم و چاوەنۆڕ بووم کە بۆ خۆت ئەغیار بیەوە.

ئەمـــە پێی چوو هەتا ئەوشـــۆ لە ژمارە ١٥ ی کوردســـتاندا نووســـراوێکی تۆم لەژێر ســـەرەتای (ئاتۆم)دا چاوپێکەوت بەڕاستی کە خوێندمەوە وەختابوو لەداخان شەق بەم و بدڕێم! وەیەکجار زۆر تووڕە بووم و گەلێکم پیش خواردەوە و تارماییم بەســـەرچاوی کشا، دەســـبەجێ دەرهەڵ بووم و دەســـتم دا قەڵەم و ئەم نامەیەم بۆ نووســـی: ترووسکەکانم، بەبەلەی چاوانم مەجدی گیان بەقوربانت دەبم ئاخر پێم بڵێ ئەتۆ ئەو نووســـراوانە بۆ کێ دەنووســـی؟ لەکنە خۆت بۆ کوردانی نانووســـی؟ بۆیەی نانووســـی خەڵک بیخوێنێتەوە و کەلکی لێوەرگری، بۆیەی نانووســـی هەموو کوردێکی خوێندەوار و نەخوێندەوار تێی بگا؟ ئەدی بۆچی وا تێکەڵ و پێکەڵی دەنووســـی؟ بۆچی بەکوردییێکی پەتی و پاک و خاوێن و بەڕێوەجێ نانووسی؟ کە بۆ خەڵکی قازانجی هەبێ.

براگیان، ئەو چەشنە نووسینە، بێجگە لەوەی هیچ قازانجێکی بۆ کوردان نییە زیانیشی یەکجـــار زۆرە، چونکو ئەو ڕۆژنامەیە بەدنیـــادا بڵاودەبێتەوە و دەکەوێتە دەس دوژمنان و ئەوانیش لە بیانوو دەگەڕێن کە نووســـراوەکانی تۆیان خوێنـــدەوە دەیکەنە هەرا و لێمان لەچەپڵـــە دەدەن و دەڵێـــن: چۆن ئەوەیـــە زمانی کوردی! ئەوەیە ئـــەو زمانەی هێندیان پێهەڵدەگوت و شـــاخ و باڵیان بۆ دروســـت دەکرد؟ و دەیانگوت هێندە هێندە باش و بەر ئاوەڵەیە، بەو بۆنەیەوە هیوام هەیە لەوەی پاش زۆر بەشـــێنەیی بنووسی و هەتا دەتوانی وتارەکانت پەتی بن. ئیدی بەخوام ئەسپاردی.

ڕۆژنامەی کوردستان، ژمارە ٧، ڕەشەمە ١٣٢٤/ ٢٠ فوریە ١٩٤٦

---

١ ـ ئەو شوێنە لە دەقە ئەسڵیەکەدا ناخوێندرێتەوە.

ئەی دنیا بزانە کورد سەربەخۆیی دەوێ

زۆر کەس بەتایبەتی ئەو کەسانەی کە سەریان لە سیاسەت دەخورێ پێیان وایە کە هەڵپەڕینەوە و قیامی نەتەوەی کورد و داوای ئیستیقلال و ئازادی و سەربەخۆئی کردنی ئەو میللەتە هەر لە تاوی جەزرەبە و زۆری کاربەدەستانی مچومۆڕ و زۆردار و بلەوەزی بێگانەیە، ئاشکرایە کە بێگانەکان یانی فارس و عەرەب و تورک لەو ماوە دوور و درێژەدا کە دەستەڵاتیان بەسەر کورداندا هەبووە هەرچی نەدەبوو بکرێ دەگەڵ ئەو میللەتە دڵپاکەیان کردووە و خۆیان لە هیچ خراپەیێک نەپاراستووە.

ئێستاش خوێنی شەهیدانی ڕێگای سەربەستی کورد کە بەدەستی کەمالی بێ کەماڵ و دەستوپێوەندە خوێنمژەکانی ڕژاوە هەر دەکوڵێ. ئێستاش گوڵاڵە سوورەکانی کێوی ئاگری خوێنی نەوجەوانانی ڕەشید و ئازای کورد وەبیر پیاو دێننەوە. ئێستاش قاژ و قووژ و زیڕ و هۆڕی ژن و منداڵ و هاوار و ناڵە ناڵی لاوانی برینداری کوردی مەریوان کە لە ساڵی ڕابردوودا بەدەستی سەرتیپ هۆشمەندی دیکتاتۆر قەتل و عام و تارومار کران لە گوێیان دەزرینگێتەوە، ئێستاش بەندیخانەی ئەو دژمنە زۆردارانە پڕن لە لاوی بێ سووچ و تاوانی کورد و هەر ڕۆژە ناڕۆژێک یەکێک لەوان بەسێدارەوە هەڵداوەسرێ.

خۆ حاڵی زاری کوردی هەژاری بارزان کە چەند مانگ لەوەی پێش دەوڵەتی ئیستیعماری عێراق تالان و بێ خانومان و دەربەدەر و ماڵوێرانی کردن لە هەموو کەس مەعلوومە و ئاشکرایە، دروستە کە ئەو کردەوە ناشیرنانە ڕۆژ بەڕۆژ هەستی تۆڵە ئەستاندنەوە لە دڵی لاوانی خوێن گەرم و مللەتپەرستی کوردا بەهێزتر دەکەن. دروستە ئەو ڕەفتار و ئاکارە

وەحشیانە سات بەسات لاوان وەگەنجانی کورد بۆ لای ڕزگاری و ئازادی هان دەدەن بەڵام ڕاستێکەی ئەوەیە ئەوانە هیچیان نەبوونە هۆی هەڵپەڕینەوە و قیامی نەتەوەی کورد، ئەوانە هیچیان کوردیان وادار نەکردووە کە داوای ئیستیقلال و سەربەخۆیی بکا بەڵکو کورد میللەتێکی ١١ ملیۆنییە و بەهەموو شەرع و قانوونێک حەقی ئیستیقلال و سەربەخۆیی هەیە و داوای ئەو حەقە مەشروعەی خۆی دەکا.

ئەی دنیا، ئەی دنیای ئازادی تەلەب، ئەی دنیایێکی شەش ساڵ تەواو دەگەڵ زۆرداران ملەت کرد و لەو پێناوەدا بەشی زۆری لاوانی خۆت بەکوشت دا، بزانە: کورد ئیستیقلالی دەوێ. بزانە: کورد زوڵمی لێکراوە حەقی خوراوە موڵکی لێ داگیرکراوە و دەیەوێ بەحەقی خۆی بگا. بزانە: کە سیاسەتی شوومی ئیستیعماری بۆ قازانجی خۆی ئەم میللەتەی لە ئازادی بێ بەش کردووە و لە ئەنجامدا بزانە کە کورد ڕوشدی ئەوەی هەیە کاروباری ماڵە خۆی بەچاکی هەڵسووڕێنی و پێداویستی کۆمەگی کەس نییە قیوومی ناوێ و تا تاقەتی لێدەبڕێ سەر وەباری کەس ناهێنێ و بۆ ئەستاندنی سەربەخۆیی هەوڵ دەدا.

ڕۆژنامەی کوردستان، ژمارە ٢٩، ١٠ خاکەلێوە ١٣٢٥/ ٣٠ مارس ١٩٤٦

ژوانی دوو خوێنمژ

لەو کاتەدا کە پاش شەش ساڵ شەڕ و کوشتار، پاش گەلێک ڕەنج و ئازار و خوێنڕژان و پیاوکوژان، دوای زۆر کوێرەوەری و دەربەدەری و تاڵان و بڕۆ، ئادەمیزاد دەیەوێ لە بەرووبووی کردەوەی خۆی بخوا و لەژێر سێبەری داری ئازادیی کە بەخوێنی خۆی پەروەردەی کردووە و چەند ساڵان بەدیارییەوە دانیشتووە، دانیشێ و بحەسێتەوە و ماندوویی ئەو دەورەی شەڕی لەبیر بچێتەوە. لەو ڕۆژانەدا کە لە هەموو جێگایەک قسە لە سولح و ئاشتی دەکرێ. ڕادیۆ و ڕۆژنامەکان بڵاویان کردەوە کە دوو جەردەی پیاوکوژ، دوو زەرووی خوێنمژ، دوو ماری بێ ڕەزا، دوو زۆردار و دیکتاتۆر دوو دوژمنی خوێنی کورد! یەعنی نوری سەعید پاشا و سیراج ئۆغلۆ بۆ بەستنی پەیمانێکی نوێ یا تازەکردنەوەی پەیمانی شوومی (سعد آباد) لە ئانکارا کۆبوونەوە، ئایا ئەو پەیمانە چییە؟ ئایا ئەو پەیمانە بۆیە بەستراوە کە قازانجی بۆ ئادەمیزاد بێ؟ ئایا ئەو پەیمانە بۆیە بەستراوە کۆمەگ بەڕاوەستانی ئاشتی و سولح بکا؟ نەء نەء ئەو پەیمانە ... قڕدانی ئادەمیزاد.......... تێک دانی......... چونکو ئەو کەسانەی........ ڕێگر و شەڕانی و.........[1] ئەوانە لەوانەن بۆ دەسڕێکی قەیسەرییێکی ئاور تێبەردەن، ئەوانە دوژمنی سولح و نەتەوەی ئادەمیزادن و ئەو پەیمانە شوومەیان بۆیە بەستووە کە تۆوی کورد لەسەر زەوی نەهێڵن و ئەو نەتەوە بەیەکجاری نابوود و حەقی مەشرووعی وی پاماڵ بکەن. وەکو بیستوومە سیراج ئۆغلۆ

---

١ ـ ئەو شوێنانە لە دەقەکەدا ڕەشبوونەتەوە و ناخوێندرێنەوە.

بەنوری سـەعیدی گوتووە هەنگینێ ئێمە دەتوانین دەگەڵ ئێوە ببینە دۆست و هاوپەیمان کـە ئەو نەختە حەقەش کە عیبارەتە لە نووسـین و خوێندنـەوەی زمانی کوردی ئەویش لەژێر سانسۆرێکی قەویدا، بۆ کوردان قائیل نەبی و ئەلبەتە ئەویش لە خودای دەوێ کورد نینۆکی نەبێ خۆی پێ بخورێنێ، بەڵام داخوا ئەوانە دەتوانن کوردان بەجارێکی لەنێو بەرن و تۆویان لەسەر زەوی هەڵگرن.

داخوا دەتوانن کوردان وادار بکەن واز لەو حەقە مەشـرووعەی خۆیان بینن! نەء نەء پێویستە ئەوانە بزانن و باش تێبگەن کە کورد میللەتێکی نەمر و نەبەزە و بەباوەش بمرن ناتوانن لەنێوی بەرن و بێدەنگی بکەن.

کورد هەیە و لە مەیدان دەرناچێ و بەهەرۆگیف ناپەشۆکێ و واز لە حەقی خۆی ناهێنێ و هەتا تنۆکێکی خوێن دەبەردابێ لە ڕێگای ئازادی و سەربەخۆییدا کۆشش دەکا و حازر نییە چیدی نۆکەری بێ جیرە و واجب و سـووک و چرووکی تورک و عەرەب و فارس بێ و ئەو هاوار دەکا و دەڵێ: ئەی ئەو کەسـانەی موقەدەراتی دنیا دەبەر دەستی ئێوەدایە، ئەی ئەو کەسانەی کە بۆ هەڵکەندنی نەمامی زوڵم و بێداد ئەو هەموو فیداکاریو کرد، ئەی ئەو کەسانەی کە دەتانەوێ..........[1] کە بەشادی و ئازادی بژی، سەرنجێکی بدەنە حاڵی ئێمە و مەیەڵن چیدیکە ئەو زۆردارانە لەژێر پێی خۆیاندا بمان تولخێننەوە، قەبوول مەکەن لـەوەی پاش ئەو خوێنمژانە خوێنی ئێمە بمژن و ئەگەر هاوارێکمان کرد یا لەجێی خۆمان جووڵاینەوە لێمان لەهەرا بدەن و مەڵێن کورد ڕێگر و شەڕانییە.

توبی خودا ئەوە ئینسافە کابراییێک بێ بەزۆری مڵکت لێ زەوت بکا و ئەگەر پێت گوت ئـەوە موڵکی باب و باپیری خۆمە و دەبی بۆخۆم بەجێ بێڵی، لەباتی بەجێهێشـتن پێت بڵێ ڕێگر و شەڕانی و کێشەم پێدەفرۆشی.

هەویـام هەیە ئاڵا هەڵگرەکانی ئازادی چیدی ئـەو ناحەقیانە قبووڵ نەکەن و نەهێڵن بەتەنها لە دنیادا مللەتی کورد لە ئازادی بێ بەش بێ.

ڕۆژنامەی کوردستان، ژمارە ٣٢، ١٧ خاکەلێوە ١٣٢٥/ ٦ آوریل ١٩٤٦

---

١ ـ ئەو شوێنانە لە دەقەکەدا ڕەشبوونەتەوە و ناخوێندرێنەوە.

پەڕنامەی مەردی مللی

بۆچی کوردستانو لەبیر کردووە؟

بەقەڵەمی: ئەحمەد حەمروش

کــورد ئێرانیــن و بێجگە لە ئێران حەشــارگەیەکیان نییە میللەتی ئــازا و لەمێژینەی کورد کە لەبەر هێندێک شــت لە نیشــتمانی ئەســڵی خۆی دوورکەوتۆتەوە و ئەوڕۆ لەژێر چەکمەی نۆکەرانی ئیســتیعمار و تەرفەدارانی سیاســەتی (پان تورکیسم) ژیانێکی تاڵ و پڕ لە ناخۆشــی ڕادەبوێرێ، ئاخری ڕۆژێک دەبێ ڕاســتەوەبێ و شێرانە زنجیری ئەسارەت بپســێنێ و تۆڵەیەکی زۆر بەســام و پیاوانە لەو کەســانەی دەستدرێژییان بۆ حقوقی وی کردووە و ئازاریان داوە و ئازادییان لێ ســەلب کردووە بســتێنیتەوە و زیندوو و نەبەزی خۆی بەدانیشــتووانی سەر زەوی بســەلمێنی و دەدوژمنانی خۆی بگەیەنێ کە کورد هەر زیندووە پایەدارە و بەهیچ جۆرێک نامرێ و ســێڵاوی حەوادیس بناغەی عەزم و غیرەتی وی ناڵەقێنێ.

تێفکــرن، کیهە میللەتە لە بەرابەر ئەو هەموو کۆششــەی کە بۆ لەنێوبردنی وی کراوە وەدەکرێ هێندە بەهیمەت و خۆڕاگر و پایەداربێ.

کیهە میللەتە بۆ پاراستنی میللەتی خۆی بتوانێ دەگەڵ میللەتی غالیب وە بەدەستەڵات و زۆردار ملە و مبارەزە بکات.

چ نەتەوەیــەک بەقەدەری ئــەو نەتەوە لە ڕێگای ئازادی و سەربەســتیدا فیداکاری و جانبازی کردووە و قوربانی داوە و زیانی دیوە و ئاوارە و دەربەدەرکراوە.

میللەتی غەیورتر و ئازاتر و نەبەزتر لە برا کوردەکانی ئێمە، کە داخەکەم ئێستا لەژێر پەنجەی بێ ڕوحمی بێگاناندا ئەسیرن، کەمتر وەگیر دەکەوی بەڵکە هەر نابیندرێ. هێندێک لە دەوڵەتە ئیرتیجاعییەکانی عێراق، کە بەیارمەتی و مەبەستی ئیستیعماری و بەپێچەوانەی مەیل و ڕەغبەتی میللەتی عێراق هاتوونە سەرکار و هەمیشە لاگری سیاسەتی ئیستیعماری بوون و قازانجی میللییان چاوەدێری نەکردووە، بۆ پەیداکردنی دووبەرەکی و دوژمایەتی لە بەینی کورد و عەرەبدا ڕفتاری یەکجار بێ شەرمانە و خراپیان دەگەڵ کوردان کردووە.

دیسان دەوڵەتی تورکیاش ئەو ڕەفتارەی دەگەڵ ئەو میللەتە ئازایە کردووە و بەکوشتار و قەتل و عامی وان سەحنەیێکی خوێنینی لە دونیادا هێنا ڕوو کە ڕووحی بەشەریەت و نەوع دۆستی لەو کارە بێ شەرمانە بێزارە.

تاریخ زوڵم و زۆرێکی کە دەوڵەتە ئیرتیجاعییەکانی عێراق و تورکیا لە برا کوردەکانی ئێمەیان کردووە قەت فەرامۆش ناکا. میللەتی قارەمانی کورد بەخوێنی گەش و سووری خۆی نێوی بڵیندی خۆی بۆ ئەبەد لە لاپەڕەکانی مێژوودا سەبت کردووە و هەتا ئادەمیزاد لە دونیادا دەژی نێوی ئەو جەللادە بێ ڕوحمانەی کە دەستە دەستە و پۆل پۆل لاوانی کوردیان سەر بڕیوە و زیندوو زیندوو دەئاوریان هاوێشتوون بەخراپە دێنێ. بەڵام هەرچی زووتر زۆری بۆ میللەتی کورد بهێندرێ و زیاتر جەزرەبە بدرێ ئەو ئاورە مقەدەسەی کە لەنێو دڵی پاکی ویدا لەمێژە دایسێ پتر بڵێسە دەستێنی و بێگومان سەرتاپای دوژمنانی دەسووتێنی. سەردانەواندن و چاوسۆرکردنەوە لە قامووسی کوردیدا نییە. ئەوە حەقیقەتێکە کە مێژووی خوێنین و پڕ ئیفتیخاری کوردستان شاهیدی لەسەر دەدا.

وەنەبێ کوردان هەر لە دەرەوەی نیشتمانی خۆیاندا تووشی کوێرەوەری و سەختڵەت و ناڕەحەتی بووبن بەڵکە لە نیشتمانی ئەسڵی خۆیان یەعنی لە ئێرانیشدا لە زەمانی حکومەتی ڕەزاخانی پەهلەویدا تووشی گەلێک مەینەت و کوێرەوەری بوون و حەقی ژیانیان نەبووە.

پەیمانی سەعد ئاباد کە هەموو کەس دەزانێ سەرفەن بۆ لەنێوبردنی کوردان ئیمزا کراوە، ئیمزای دەوڵەتی (ظل الله)ی ئیرانیشی پێوە بوو. ڕەفتار و ئاکارێکی ڕەزاخان دەگەڵ کوردانی دەکرد بەڕاستی یەکجار زۆر ناپیاوانە بوو، هەڵپەڕینەوەی ئێستای کورد عەکسولعەمەلی ئەو زوڵم و زۆرەی پێشووە.

ئەوڕۆ تەواوی ئەو کوردانەی کە لە وڵاتاندا بڵاوبوونەوە و لەژێر پەنجەی تورک و عەرەبدا، دیسان چاوی ئومێدیان دە نیشتمانی ئەسڵی خۆیان بڕیوە.

تەهزەتی دیموکراتیکی کوردستان کە بناوانی لە نێوەڕاستی نیشتمانی ئەسڵی کورداندا

هەڵگیراوە هەموو کوردی دنیای متەوەجیهی ئێران کردووە ئەگەر دەوڵەت لە ئیحساساتی پڕ شۆری کوردان ئیستیفادە بکا و تۆڵەی بێ بەشی و چارەڕەشی زەمانی ڕەزاخانیان بەچاکی بۆ بکاتەوە و دەگەڵ جەنابی قازی محەمەد ڕەهبەری مەحبوب و مەزنی کوردستان، کە بێ شک لە ڕیزی پیاوە هەرە گەورە و زانایەکانی ڕۆژهەڵات حیساب دەکرێ، واریدی موزاکەرە بێ و مەسئەلەی کوردستان بەقازانجی ئازادی ببڕێتەوە، قووەتێکی وا بەهێز و نەبیندراو لە ئێراندا پەیدا دەبێ کە گرێی پشتی ئیستیعمار تێک دەهاڕێ و دەیشکێنێ.

ئەگەر کوردان لە دەرەوەی نیشتمانی خۆیاندا بەدەستی عەرەب و تورک گرفتارین هیچ نەبێ دەبێ لە نیشتمانی ئەسڵی خۆیاندا حەقی ژیانیان هەبێ و بەئازادی ڕابوێرن.

داخەکەم ڕەفتاری ڕەزاخان هیچ لە ڕەفتاری تورک و عەرەبان کمتر نەبوو ئێستاش خوێنی برا کوردەکانمان لە دەشتە پان و بەرینەکاندا شەپۆل دەدا، ئێستاش زنجیری دیلی لە دەست و پێی میللەتی ئێران دانەڕندراوە، ئێستاش دەستی بێ ڕەحمی حاکمی نیزامی لە کۆبوونەوە و ئیجتماعات لە سنەدا جلۆگیری دەکا و نایەڵێ شکایەتی کەس بەگوێی ئەولیای ئوموور ڕابگا. گرانی هەڕەشە لە سەقز دەکا، کوردستان لە حاڵی تۆقین دایە.

ئەگەر دەوڵەتی ئێستاکە ئازادیخوازی و تێگەیشتنی سیاسی خۆی لە جێبەجێ کردنی مەسئەلەی ئازەربایجان و لە ڕووناک کردنی ئاسۆی تاریکی سیاسەتی خارجیدا نیشان داوە، دەگەڵ ڕەهبەرانی فرقە دیموکراتی کوردستان واریدی موزاکەرەبێ بەشەرتێکی عەناسیری ئیرتیجاعی و بەکرێگیراو لێبگەڕێن، مەسئەلەی کوردستان پێش بەتەقەدومی ئازادی و قازانجی ئێران تەواو دەبێ.

ئێمە لە جەنابی ئاغای (قوام السلطنه) تەمەنا دەکەین کە هەرچی زووتر ئاغای (مظفر فیروز) کە لاوێکی موتەرەقی و زانای موعاسیرە بۆ کوردستان بەڕێبکات تا مەسئەلەی کوردستان حەڵ بکرێ.

کورد برای ئێمەن، یادگاری باب و باپیری ئێمەن، دەبێ بۆ داوا مەشروعەکانی وان گوێ ڕادێرین، ئەوان بێجگە لە ئازادی و عەدالەت چی دییان ناوێ.

ئەمن پێم وایە ئەو چرا ڕووناکەی کە ئێستا لە کوردستاندا هەڵکراوە بەو زووانە سەرتاسەری ڕۆژهەڵات ڕووناک دەکا و ئازادیخوازانی ئێران کە لە خوزستان و ئازەربایجان و کوردستان و سایری نوقاتی ئێراندا هەن، کارێکی وا دەکەن کە ڕۆژێ سەربلاییێکی کە هەرگیز ڕۆژێ لێ ئاوانەبووە، بیلئاخیرە لێ ئاوابێ و میللەتی ئەسیری ڕۆژهەڵات نەجات دەدەن!

ڕۆژنامەی کوردستان، ژمارە ٧٩، ٢٩ گەلاوێژی ١٣٢٥/ ١٩٤٦

بۆدابەزاندنی جۆرەها کتێب:سەردانی: (مُنْتَدى إقْرَأ الثَقافِي)

لتحميل انواع الكتب راجع: (مُنْتَدى إقْرَأ الثَقافِي)

براي دانلود كتابهاى مختلف مراجعه: (منتدى اقرأ الثقافى)

www. iqra.ahlamontada.com

منتدى إقراء الثقافي

www.iqra.ahlamontada.com

للكتب (كوردى ,عربي ,فارسي)

قەرار بوو بێی لەگەڵ خۆت شادی بێنی

نەهاتی، گەرچی پێت دابووم بەڵێنی

لەناو کوردا نەبوو پەیمان شکاندن

لە کوێ فێر بووی گوڵم پەیمان شکێنی

* * *

ئەگەرچی ڕۆیی، قەت ناچی لە یادم

دەکەم یادت، بەیادی تۆوە شادم

کە بارگەت بۆ هەوار تێک نا عەزیزم

شکا ئەستووندەکی تاوڵی مرادم